**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١١٣

سالْی/ ٢٠٢٠ – بەرگی سەدو سێزدە

---

چاپی یەکەم/ سالْی ٢٠٢٢

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

---

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی(٢٠٢٠)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: ١١٣
چاپی یەكەم: ٢٠٢٢
تیراژ: ٢٥٠
پێداچوونەوەونەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات كردن: نەورۆز شێرزاد، دلێر اكرم، شوان محمد، كۆڤان خسرو، تارا رشاد، رێبین رشاد، ارام كمال، ڕەنجدەر ڕەقیب.
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە ٢٠٢٠/١/١٢ ل ٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە ٢٠٢٠/١/١٣ ل ٢١٧
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە ٢٠٢٠/١/١٦ ل ٤٢٣
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە ٢٠٢٠/١/٢٣ ل ٤٦٣
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە ٢٠٢٠/١/٣٠ ل ٤٧٥

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣)ی
یەك شەممە رێکەوتی ١٢\١\٢٠٢٠
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٣)
# یەك شەممە رێكەوتی ٢٠٢٠/١/١٢

كـاتژمێر (١١)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی یەك شـەممە رێكەوتـی ٢٠٢٠/١/١٢ پەرلەمـانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. رێواز فائق حسێن سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامـادەبوونی بەڕێـز هـێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمـارە (١٣)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٠) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی بڕگەی (یەكەم)ی مـاددەی (١٦) و مـاددەی (٤٧) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنـامەی كـاری دانیشـتنی ژمـارە (١)ی ئاسایی ساڵی یەكەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی یەك شەممە رێكەوتی (٢٠٢٠/١/١٢) بەم شێوەیە بێت:

١- دەنگـدان لەسـەر پـرۆژە یاسـای مـاددە هۆشـبەرەكان و كـارتێكەرە عەقڵیەكـان لە هەرێمـی كوردستان ـ عیـراق بە پێـی حـوكمی ماددەكـانی (٩٠ ەو ٩١ و ٩٢ و ٩٦ و٩٧) لەپەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی كوردستان ـ عیراق.

٢-دەنگدان لەسەر پێشنیازە بڕیاری ڕۆژانی بۆنە فەرمیەكـانی نەتەوەی توركمـان بەپێـی حـوكمی ماددەكانی (٩٠ وە ٩١ و ٩٢ و ٩٦ و ٩٧) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ـ عیراق.

٣-خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە یاسای چاكسازی لە خانەنشـینی مـووچە و دەرمـاڵە و بەخشـینی ئیمتیازاتەكـانی تـر بەپێـی حـوكمی ماددەكـانی (٨٧ی و ٨٨ و ٨٩ و ٩٢) لەپەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی كوردستان ـ عیراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ژمـارە (١٣)ی ئاسـایی، خـولی پـاییزە، سـاڵی یەكەم لە خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنـی پەرلەمـانی كوردسـتان دەسـت پـێ دەكەیـن، سـەرەتاش داوا لە بەڕێـز سـكرتێری پەرلەمـان دەكەم پـوختەی كۆنووسـی كۆبـوونەوەی پێشـوو و بەرنـامەی كـار لەگەڵ ئامـادەنەبووانی كۆبوونەوەكـانی پەرلەمـان و لیژنەكـان بە مـۆڵەت و بـێ مـۆڵەت بخـوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەر لەمان.**

بەرنامەی كار

بەپێـی حـوکمی مـاددە (٥) و بڕگەکـانی (١ و ٢) لە مـاددەی (١٦) بـڕگەی (٣) لە مـاددەی (١٨)، بڕگەکـــانی (١ و ٢و ٣و ٤و ٥) لە مـــاددەی (٢٠)، ماددەکـــانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیـراق، دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان بڕیـاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٣) ی ئاسایی، خولی پاییزەی ساڵی یەکەم لە خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١) ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ڕێککەوتـی ٢٠١٠/١/١٢ بەم شێوەیە بێت:

٤-دەنگـدان لەسـەر پـڕۆژە یاسـای مـاددە هۆشـبەرەکان و کـارتێکەرە عەقڵیەکـان لە هەرێمـی کوردستان ـ عیـراق بە پێـی حـوکمی ماددەکانی (٩٠ ەو ٩١ و ٩٢ و ٩٦ و٩٧) لەپەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق.

٥-دەنگدان لەسەر پێشنیازە بڕیاری ڕۆژانی بۆنە فەرمیەکانی نەتەوەی تورکمان بەپێـی حـوکمی ماددەکانی (٩٠ وە ٩١ و ٩٢ و ٩٦ و ٩٧) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق.

٦-خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشـینی مـووچە و دەرمـاڵە و بەخشـینی ئیمتیازاتەکـانی تـر بەپێـی حـوکمی ماددەکـانی (٨٧ی و ٨٨ و ٨٩ و ٩٢) لەپەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی ڕۆژی سێ شەممە ڕێککەوتـی ٢٠١٩/١٢/٢٤ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١. دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
٢. خوێندنەوەی بەرنامەی کـار و پـوختەی دانیشـتن و نـاوی ئامـادەنەبوون و ئامـادەبوونی ئەندامانی دانیشتنی پێشوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سـکرتێری پەرلەمـانی کوردستان.
٣. دەست پێ کردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
٤. خوێنـدنەوەی دووەم گفتوگـۆ و پێشـنیازی بڕیـاری ڕۆژانە بـۆنە فەرمیەکـانی نەتەوەی تورکمان.
٥. دەنگـدان لەسـەر درێژکـردنەوەی خـولی پـاییزەی سـاڵی یەکەم لە خـولی هەڵبژاردنـی پەرلەمانی کوردستان پەسەندکردنی بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان.
٦. پەسـەندکردنی دەسـت لەکارکێشـانەوەی ئەو ئەنـدام پەرلەمـانە بەڕێـزانەی لەم لیـژنەی خوارەوە:
٧. ١/عثمان علی سمایل/ لە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان.
٨. ٢/هەورامان حمە شریف/ لە لیژنەی شەهیدان وجینۆساید و زیندانیانی سیاسی.
٩. پەسەند کردنی دانانی ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە بۆ ئەم لیژنانەی خوارەوە:

١/عثمان علی سمایل/ بۆ لیژنەی شەهیدان و جینۆسایدی زیندانیانی سیاسی.

٢/ هەورامان حمه شريف بۆ لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان.

١- خستنەڕووی بیرۆکەی بەڕێز (مەم بورهان قانع) پەیوەست بە سیاسەتی بەگەڕخستنی داهاتەکان.

٢- کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بە بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی خولی پاییزە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/٢٤ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

ابوبكر عمر عبدالله/ مۆڵەت

ارشد حسين محمد/ مۆڵەت

کۆبوونەوەی لیژنە: باپیر کاملا سلیمان / ئامادەنەبوو

کۆبوونەوەی لیژنە: بهجت علی ابراهیم/ مۆڵەت

کۆبوونەوەی لیژنە: بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم/ مۆڵەت

راهی رەهبەر ابراهیم/مۆڵەت/ کاری تایبەت

ئەوانەی کە بەشداری کۆنگرەیان کردبوو مۆڵەتیان پێدراوە:

رۆژان محمد كريم، زياد جبار محمد، سلمه فاتح توفیق، سەرکۆ ئازاد حسين، سۆران عمر سعيد/ مۆڵەت

کۆبوونەوەی لیژنە:

شنۆ اشقی عبدالله/ مۆڵەت/ کاری تایبەت

شێرکۆ جودت مستەفا/ مۆڵەت

کۆبوونەوەی لیژنە:

صباح محمود محمد/ ئامادەنەبوو

عباس فتاح صالح/ مۆڵەت/ کاری تایبەت

عثمان كريم سواره/ مۆڵەت

کلارا عودیشو یعقوب/ مۆڵەت

لەنجه ابراهیم عبدالرحمن/ مۆڵەت/ لەدەرەوەی وڵات

لقمان حمد حاجی/ مۆڵەت/ کاری تایبەت

لیزا فلك الدين صابر/ مۆڵەت/ کۆبوونەوەی لیژنە

لیلی عبدالجبار حدو/ ئامادەنەبوو

محمد سعدالدين انور/ مۆڵەت/ کۆبوونەوەی لیژنە

نجات شعبان عبدالله/ مۆڵەت/ کۆبوونەوەی لیژنە

هاوڕێ بنا محمد/ مۆڵەت/ کاری تایبەت/ بەشداری کۆنگرەی کردبوو

ناوی ئەو ئەندامانەی کە بە مۆڵەت یان بە بێ مۆڵەت لە کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان ئامادەنەبوون:

ناوی لیژنە:

لیژنەی ووزە و سامانە سروشتیەکان و پیشەسازی لە ۲۰۱۰/۱/۷:

سەرکۆ ئازاد حسین/ مۆڵەت

شێرکۆ جودت/ مۆڵەت

سۆران عمر/ مۆڵەت

چنار جبار بۆیان/ مۆڵەت

فرید یعقوب ایلیا/ مۆڵەت

لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:

فرید یعقوب/ مۆڵەت

لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا:

هەژان حسن احمد/ مۆڵەت

سەروان محمد علی/ ئامادەنەبوو

راهی رەهبەر ابراهیم/ ئامادەنەبوو

لیژنەی کاروباری پێشمەرگە:

سەروان محمد علی/ مۆڵەت/ بۆ کاری خۆی

باپیر کاملا سلیمان/ مۆڵەت

بژار خالد عبدالله/ مۆڵەت

لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری:

شوان کریم محمد/ مۆڵەت/ لە دەرەوەی وڵات

هەڵز احمد محمد/ مۆڵەت/ بۆ کاری خۆی

لیژنەی شارەوانی گواستنەوەو گەیاندنی گەشتوگوزار لە ۲۰۲۰/۱/۸:

نجات شعبان عبدالله/ مۆڵەت

کلارە عودیشو یعقوب/ مۆڵەت

لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگەی مافی بەکاربەر ۲۰۲۰/۱/۸:

زانا خالد سمایل/ مۆڵەت

جلال محمد امین/ مۆڵەت/ لە لیژنەی یاسایی کۆبوونەوەی هەبوو

لیژنەی پەیوەندیەکانی رەوەندی کوردستانی ۲۰۲۰/۱/۸:

بەڵێن اسماعیل حاجی/ مۆڵەت/ لە لیژنەی دارایی کۆبوونەوەی هەبوو

محمد سعدالدین/ مۆڵەت/ لە لیژنەی دارایی کۆبوونەوەی هەبوو

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستا دەست بە بڕگەی یەكەمی بەرنامەی كارەكەمان دەكەین كە بریتییە لە دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای مادده هۆشبەرەكان و كارتێكەرە عەقڵیەكان لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق، بەپێی حوكمی ماددەكانی (٩٠،٩١،٩٢،٩٦،٩٧) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان بۆ ئەو مەبەستە داوا لەبەڕێزان سەرۆك و جێگری لیژنە تایبەتمەندەكان و لیژنەی یاسایی دەكەین فەرموون بۆ شوێنی خۆیان، ئەگەر جێگر لێرە نییە دەتوانن بڕیاردەر لەگەڵ خۆتان بێنن، كاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ٢٠١٩/١٠/١٦ بە نووسراوی ژمارە (٢١٩) دەستەی دەستپاكی هەمواری یاسای دەستەی دەستپاكی ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی بەڕێز كردووە، داواكارم ڕوونكردنەوەیەكمان بەنێ چۆن تا ئێستا نەخراوەتە بەرنامەی كار و ئاراستەی لیژنەی یاسایی نەكراوە؟ زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمەی كە باسی دەكەن كێشە و پرسێكە پەیوەندی بە كۆی پەرلەمانتارانەوە هەیە پێموایە، پاڵپشت بە ماددەكانی ( ٥٨ و ٥٩ و ٦٠ ) ڕەنگە من زیاد لە (٣٠) پرسیار و نووسراوم ئاراستەی لایەنی پەیوەندار كردبێ، تا ئێستا وەڵامی حكومەتمان بۆ نەهاتۆتەوە، نووسراوەكان ڕۆشتوون یان پرسیارەكان؟ وەڵام نەهاتۆتەوە هیوادارم گرۆتینێكی زیاتر بەوە بدرێ لە دانیشتنەكانی ڕابردووش دا قسەمان لەسەر كردووە ئەو كێشە چارەسەر بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، كاك كاروان فەرموو.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٦٩) بڕگەی (٢) هەر پەرلەمانتارێك بۆی هەیە كە داوای پرساندنی ئەندامێكی ئەنجومەنی وەزیران بكات، بەواژووی یەك لەسەر شەشی ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە بەواژووی (٢١) ئەندامی پەرلەمان داوامان كردووە كە بەڕێز وەزیری دارایی ئامادەی پەرلەمان بێ بۆ لێپرسینەوە، لە ١٢/٩ یاداشتەكەمان ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان كردووە لە ماددەی (٧٠) لەبڕگەی (٣) باس لەوە دەكات ئەگەرهاتوو نەیتوانی یاخود پێویستی بە ڕوونكردنەوە یان

پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەبوو (٧) رۆژ مۆڵەتی هەیە بۆ وەڵامدانەوە، ئەم مودەیەش تێ پەڕیوە تا ئێستا بەڕێزیان ئامادەنەبوون داواکارم ڕوونکردنەوە بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سەبارەت بەوەی جەنابتان نووسراوی جەخت کردنەوە دەکەین، سەبارەت بە پرسیارەکەی کاك سۆران لەڕاستی دا وایە ئێمە بۆمان هاتووە، بەڵام لەبەرئەوەی هەموو ئەو دەستانەی کە لەژێر چاودێری پەرلەمانی کوردستانن، ئێستا ئیشکالیەتی بەسەرچوونی ماددەکە، مودەکەیان هەیە، ئێمە بیرمان لەوە کردەوە کە هەموو ئەو دەستانە دەبێ سەرۆکی تازەیان بۆ دابندرێت، وتمان ئەیخەینە ئەو کاتەی کە سەرۆکێکی تازە دێت، بۆ ئەوەی کە بتوانین بە ئاسانی مامەڵەی لەگەڵ بکەین، لیژنەی یاسایی حازرن، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە وەکو خۆمان لەگەڵ پرساندنی هەموو وەزیرێك داین، لەگەڵ پرساندنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیشداین، بەڵام هەر بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ پێش پرساندن، پرسیار هەیە، پرسیار دەکەی، وەڵامت بۆ دەگەڕێتەوە، وەڵامەکەت موقنع نییە، واژووی دیاری کراوی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان کۆدەکەیتەوە، ئەگەر نا بۆ نموونە تۆ پرسیارت هەیە لەسەر بابەتێك وەڵامت وەرنەگرتۆتەوە تەحقیقاتی تیا نەکردووە، لە کوێ بووە یەکسەر بچیتە مەرحەلەی پرساندن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ مەبەستت چییە لەو پرسیارە؟ مەبەستت پرساندنی وەزیری داراییە؟ بەڵێ ئەو مەرحەلانەی تێپەڕاندووە، بۆیە ناردوومانە ئێمە، پرسیاریان کردووە، کاکە تۆ ناتوانی ڕاستەوخۆ وەڵامی ئەندامێکی پەرلەمان بەیتەوە، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ناوی هیچ بەڕێزێکم نەهێناوە، یاداشتەکەم بینیوە، تۆ دایرێکت، ڕاستەوخۆ ڕۆیشتووی بۆ پرساندن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەوە سەرۆکایەتی قەرار دەدات ئسوڵی خۆی بڕیوە یان نەبڕیوە، ئەوان پرسیاریان کردووە وەڵامیان وەرگرتووە، وەڵامەکەیان بەدڵ نەبووە، جارێکی تر پرسیاریان کردووەتەوە وەڵامیان بۆ نەهاتۆتەوە، بۆیە پرساندنیان کردووە، کاك کاروان لێرە ئێمە دەرفەتی ئەوەمان نییە جواب و جواب دانەوەی تیا بێ، دەست بە بەرنامەی کار دەکەین، دەرفەت نییە، تەواو، وەڵامم دایەوە لەجیاتی تۆ بەگوێرەی پەیڕەو، کاك سەروان فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کۆبوونەوەی لیژنە، مۆڵەت دراوم، نەك نەهاتووم، ئەگەر ئەوە چاك بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەسەرچاو، فەرموون بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار؟ کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە دەقی ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەشە:

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ ڕاپۆرتی هاوبەش

لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ و لیژنەی کاروباری تەندورستی و ژینگە و مافی مرۆڤ، لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان، ڕۆژی سێ شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/١/٧ کاتژمێر ١٢ کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا، بە مەبەستی نووسینی ڕاپۆرتی هاوبەش، بۆ تاوتوێ کردن و دارشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کەلەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراون تایبەت بە پێشنیازە پرۆژەی یاسای مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵیەکان لە هەرێمی کوردستان - عیراق لە خوێندنەوەی دووەمدا لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

سەبارەت بە ناونیشان دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم/ وەك خۆی پرۆژە یاسای مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵیەکان لە هەرێمی کوردستان - عیراق.

پێشنیاری دووەم/ پێشنیاری لیژنەی هاوبەشە، پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقڵیەکان لە هەرێمی کوردستان - عیراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئێمە پێشنیاری یەکەم دەخەینە دەنگدان وەکو خۆی، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە دوو پێشنیارمان هەیە یەکیان وەك خۆی، یەکێکیان هی پێشنیاری لیژنەی هاوبەشەکانە، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی ناونیشانی پرۆژە یاساکە وەك خۆی هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ناونیشانی پرۆژە یاسایەکە وەکو خۆی بێ با بفەرمووێت دەنگی پێ بدات؟ کەس نییە، پێشنیاری دووەم پێشنیازی لیژنەی هاوبەشە هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ناونیشانی پرۆژەکە بەو شێوەیە بێ کە لیژنە هاوبەشەکان پێشنیاریان کردووە، بەڵێ بەڕێزان بە دەنگی (٩٤) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، بەڕێزان بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی فکرەیەکی هەیە، ئەو ماددانەی پرۆژە یاسایەکە کە وەك خۆیەتی ئەسڵ ئەوەیە کە جەنابتان ڕاپۆرتی لیژنەکانتان لەبەردەستە ئەوەی کە گفتوگۆی لەسەر کرا،

پێشــنیارێکی هەیە کە مەرج نیــیە هەمــووی بخــوێنردێتەوە، لەبەرئەوەی زۆر زۆرن، تەنهــا ئیزافاتەکان بخرێتە دەنگدان و بخوێندرێـتەوە، ئەوەش پێشـنیاری ئەم لیـژنە بەڕێـزانەیە، کەس ئیعترازی هەیە؟ کاك بژار ماددەی یەکەم فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی یەك دوو پێشـنیار هەیە، پێشـنیاری یەکەم/ وەك خـۆی، پێشـنیاری دووەم/ پێشنیاری لیژنەی هاوبەشە، بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی مادده (٩١) بـڕگەی (٤) لەپەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی کوردسـتان کە بەلیـژنەی یاسـایی و لیـژنە تایبەتمەنـدەکان دراوە، ئـێمە کۆبەنـدی ئەو بژاردانەی کە پێشنیار کراون لەلایەن ئەنـدامانی پەرلەمـان لە دانیشـتنی خوێنـدنەوەی دووەم دا ئەم پێشنیارانە دەخەینە ڕوو و داوا دەکەین بخرێـتە دەنگدان:

ماددەی/١

وەك خۆی تەنها پێناسەیەك بۆ گەڕانەوە بە زنجیرەی (٢٢) زیاد بکرێت، گەڕانەوە، دووبارە کردنی هەمان تاوان یان زیاتر لە تاوانێك کە لەم یاسایەدا دەق نووس کراوە، دوای دەرچـوونی حـوکمی کۆتایی لەسەر تاوانی پێشتر.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سـوپاس، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، ئـێمە دوو پێشـنیارمان هەیە، یەکێکیـان وەك خـۆی، یەکێکیشـیان وەك خـۆی لەگەڵ ئەو ئیـزافەیەی کە لیـژنە هاوبەشـەکان داییاننـاوە بـۆ پێناسەیەکیان ئیزافە کـردووە بـۆ گەڕانەوە بـۆ تـاوان کە لەنـاو یاسـایەکەدا عقـوبەکەی بەهێزتـر دەبێ یان زیاتر دەبێ، تەعریفیان کردووەتەوە، ئێستا هەردووکی دەخەینە دەنگدان، یەکەم جـار هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە وەك خـۆی وەك ئەوەی کە لەڕاپـۆرتی لیـژنە هاوبەشەکان هاتووە، دەنگ بە ماددەکە بدات با دەست بەرز بکاتەوە؟ وەك خۆی بەبێ ئەوەی کە لیژنەی هاوبەش ئیزافەی کـردووە، وەك خـۆی ئەوەیە کە لە ڕاپـۆرتی لیـژنەی هـاوبەش، تەبعەن دوای پیــاچوونەوەی زمــانەوانی، بــۆ خۆتــان دەزانــن ئــێمە کێشــەی زۆرمــان هەبــوو لەڕووی زمانەوانی، بەڕێزان بابیخوێنێتەوە بەڕاستی ئاوا بەو شێوەیە نازانم بۆ خۆم زۆر قەنـاعەتم پێـی نییە، وەك خۆی بخوێننەوە لەگەڵ ئیزافەکەی، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەك دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم/ وەك خۆی، بۆ مەبەسـتەکانی ئەم یاسایە ماناکانی ئەم دەستەواژە و زاراوەکانی بەرامبەریان دا دانراون:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عیراق

٢- وەزارەت: وەزارەتی تەندروستی هەرێم ـ عیراق

٣- وەزیر: وەزیری تەندروستی هەرێم ـ عیراق

٤- سەندیکای دەرمانسازان: سەندیکا دەرمانسازانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

٥- سەندیکای پزیشکان: سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

٦- مادده هۆشبەرەکان: هەر ماددەیەکی سروشتی یان پێکهێنراو لەو ماددانەی کە لە خشتەکانی یەکەم و دووەم و سێ یەم و چوارەمی هاوپێچی ئەم یاسایەدا هاتوون

٧- کارتێکارە عەقڵیەکان: هەر ماددەیەکی سروشتی یان پێکهێنراوە لەو ماددانەی لە خشتەکانی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم و هەشتەمی هاوپێچی ئەم یاسایەدا هاتوون

٨- پێشینە کیمیاییەکان: ئەو توخم یان پێکهاتە کیمییانەیە کە دەچنە ناو دروست کردنی دەرمانی پزیشکی خاوەن کاریگەری دەروونی وردەکارییەکانی لە هەردوو خشتەی نۆیەم و دەیەمی هاوپێچی ئەم یاسایە دا هاتوون

٩- بازرگانی پێکردنی ناڕەوا: چاندنی مادده هۆشبەرەکان یان بازرگانی پێکردنیانە یاخود بازرگانی پێکردن بە کارتێکارە عەقڵی یان پێشینە کیمیاییەکانە بەپێچەوانەی ئەو حوکمانەی لەم یاسایەدا هاتوون

١٠- هاوردەکردن: هێنانی ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقڵی و پێشینە کیمیاییەکانە بۆ ناو هەرێم

١١- هەناردەکردن و بردنەوەی یان گواستنەوەی مادده هۆشبەر و کار تێکارە عەقڵی و پێشینە کیمیاییەکانە بۆ دەرەوەی هەرێم، چ لەناوەوەی عیراق یان بۆ وڵاتانی دیکە، یاخود بەڕێگای تێ پەڕبوون یان ترانزێت مانای زاراوەی هەناردە کردن سەر لەنوێ هەناردە کردنیش دەگرێتەوە، تەنها مەگەر بەڵگینەیەك قەرینە هەبێ لەسەر پێچەوانەکەی

١٢- دەستدار: حیازە و خاوەنداریّتی دەستداری مادده هۆشبەر و کارتێکارە عەقڵی و پێشینە کیمیایەکانە، بەهەر سیفەتێك بێت و بەهەر مەبەستێك بێت

١٣- دروست کردنی گشت پرۆسەکانی بەدەستهێنانی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکارە عەقڵیەکان کە بەفاڵتەکردن و گۆڕینیان لەشێوەیەك بۆ شێوەیەکی دیکە دەگرێتەوە، پرۆسەی گۆڕینیش واتا گۆڕینی ماددەیەکە لە شێوەی یەکەمیەوە بۆ دروست کردنیەتی لە شێوەی دووەمی دا

١٤- بەرهەمهێنان: جیاکردنەوەی مادده هۆشبەر یان کارتێکارە عەقڵی یان پێشینە کیمیاییەکانە لەبنەچە ڕووەکیەکانیان

١٥- گیراوە: هەر تێکەڵەیەکی رەق یان شل یاخود گازی کە ماددەی هۆشبەر لەخۆ بگرێت بە پێی ئەوەی لە بڕگەکانی ٦ و ٧و ٨ ی ماددەی یەکی ئەم یاسایەدا هاتووە

١٦- بازرگانی پێکردن: بەرهەمهێنان و دروست کردن و دەرهێنان و گرتنەوە و دەستداری و پێشکەش کردن و خستنەڕووە بۆ فرۆشتن و رەواج پێدان و دابەش کردن و کرین و فرۆشتن و ڕادەست کردن بەهەر سیفەتێك دەلالی کردن و ناردن و پێدارۆیشتن و بەترانزێت گواستنەوە و

هـاوردەکردن و هەنـاردەکردن و نێوەنـدگیری کـردنە لە نێـوان دوو لایەن دا کەلە یەکێـك لەو کردانەوەی لەم بڕگەیەدا هاتوون

١٧- ڕووەکـی هۆشـبەری هەمـوارکراو لەڕووی بـۆهێلەوە (جینیـا) ئەو ڕووەکە خۆرسـکانەن کە بە مەبەستی لێ دەستکەوتنی مادده هۆشبەرەکان لەڕووی بۆهێلەوە هەموار دەکرێن

١٨- پزیشـك: پزیشـکی مـۆڵەت دراوە بە پێـی یاسـای بەرکـاری سـەندیکای پزیشـکان کەلایەنـی کەم بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە پزیشکی دا لە زانکۆیەکی عیراقی یان هاوتاکەی بەدەست هێنابێت

١٩- دەرمانساز: دەرمانسازی مۆڵەتدراوە بەپێـی یاسـای بەرکـاری سـەندیکای دەرمانسـازان کەلایەنـی کەم بڕوانـامەی بەکالۆریۆسـی لەدەرمانسـازی دا لە زانکـۆیەکی عیراقـی یـان هاوتـاکەی بەدەستهێنابێت

٢٠- ڕادەست کردنی چاودێری کراو: ڕێگەدانە بە تێ پەڕبوونی باری شەحنە ناڕەوا یان گومان لێکراو لە مادده هۆشبەر یان کارتێکارە عەقڵی یان پێشینە کیمیاییەکان لە هەرێمەوە بەرەو دەوڵەتێکی دیکە بە ئاگاداری دەسەڵاتە تایبەتمەنـدەکان و لەژێـر چاودێرییانـدا بـۆ مەبەسـتی زانینـی کۆتـا شوێنی مەبەستی بارەکە و بەدوا گەڕان لە تاوانەکە و ئاشکرا کردن و دەستگیر کردنی ناسنامەی ئەنجام دەرانی ئەو کەسانەی دەستیان لەم کارەدا هەیە

٢١- لیژنەی باڵا: لیژنەی بـاڵا نەهێشـتنی مـادده هۆشـبەر و کارتێکـارە عەقڵیەکـانی پێکهێنـراو بەپێـی حوکمەکانی ئەم یاسایە

پێشنیاری دووەم/ پێشنیاری لیژنەی هاوبەش

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتانەی مـادده ٩١ بـڕگەی ٤ لەپەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان کە بەلیژنەی یاسایی و لیژنە تایبەتمەندەکان دراوە ئێمەلە کۆبەندی ئەو بژاردانەی کە پێشنیار کراون لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم دا ئەم پێشنیارانە دەخەینە ڕوو و داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان:

ماددەی/١ وەك خۆی تەنها پێناسەیەك بۆ گەڕانەوە بە زنجیرەی ٢٢ زیاد بکرێت.

٢٢- گەڕانەوە، دووبارە کردنی هەمان تاوان یان زیاتر لە تاوانێك کە لەم یاسایەدا دەق نـووس کـراوە، دوای دەرچوونی حوکمی کۆتایی لەسەر تاوانی پێشتر.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ زۆر سـوپاس، وەك خـۆی بـۆ خوێنـدنەوە، لەگەڵ پێشـنیاری لیـژنە هاوبەشـەکان کە وەك خـۆیەتی لەگەڵ ئیزافەکردنـی پێناسـەیەك گەڕانەوە، ئێسـتا هەردووکیـان دەخەیـنە دەنگـدان، یەکەم وەك خـۆی هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە کە وەك خـۆی ببێـتە مـادده یەك؟ لیژنەی هاوبەش وەك خۆی دایناوەتەوە تەنهـا یەك پێناسـەی ئیـزافە کـردووە کە پێـی وایە زەرورە، ئەمەی ئێسـتا دەیخەیـنە دەنگـدان وەك خـۆیەتی بەبـێ ئەوەی کە لیـژنە هاوبەشـەکان ئیزافەیان کردووە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی زیاتر تێ بگەین، وەك خـۆی ئەوە بـوو

كە كاك بژار بۆ جەنابتانی خوێندەوە، ئەمە وەك خۆی یەكێكە لە موقتەرەحەكان بەبێ هیچ ئیزافەیەك، شتێكی تر هەیە كە لیژنەی یاسایی بە تایبەتی پێیان وابووە مادام باسی گەڕانەوە دەكات واتا كەسێك كە ماددەی هۆشبەر بەكاردێنێت حوكم دەدرێ حوكمەكەی تەواو دەكات، جارێكی تر دەیفرۆشێ بۆ نموونە موتاجەرەی پێ دەكات، جارێكی تر دەگەڕێتەوە سەر هەمان تاوان لەناو یاسایەكەدا، لەناو پرۆژەكەدا سزاكەی زیاترە، لیژنەی یاسایی پێیان وایە گەڕانەوە بۆ تاوان دەبێ پێشتر پێناسە بكرێ ئینجا باس بكرێ لەناو پرۆژە یاسایەكە، ئێمە ئێستا لەبەردەم دوو پێشنیارین یەكەم وەك خۆی بەبێ، پێناسەكردنی گەڕانەوە، هەركەسێك لەگەڵ ئەوەیە كە وەك خۆی بەبێ پێناسەكردنی زاراوەی گەڕانەوە ئەو ماددەیە بێتە ماددەیەكی یەكەم لەناو ئەم پرۆژە یاسایە با بفەرموی دەنگ بدات، لیژنەی هاوبەش گەڕانەوەی تێدایە كاك زانا، وەك خۆی بەبێ ئەوەی لیژنەی هاوبەش، بەڵێ بەڕێزان (٢٥) دەنگ، ئەوەی دووەم وەك خۆی لەگەڵ ئەو ئیزافەیەی بەڕێز لیژنە تایبەتمەندەكان و لیژنەی یاسایی ئیزافەیان كرد، ناتوانن دووجار دەنگ بدەن جەنابتان، فەرموون زۆر سوپاس، (٦٨) دەنگ ئەوەی لیژنەی هاوبەش پەسەندكرا، ماددەی دواتر، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢) هیچ پێشنیارێك نییە، كەواتە وەك خۆی بەم شێوەیە:

ئامانجەكانی ئەم یاسایە ئەمانەی خوارەوەیە:

١-خۆ پاراستن لە ئاڵوودەبوون بە هەر یەكێك لە مادده هۆشبەر یان كارتێكەرە عەقلییەكان و خارپ بەكارهێنانیان و چارەسەركردنی كەسانی ئاڵوودەبوولە نەخۆشخانەكانی تایبەتكراو بە چارەسەری.

٢-پەرەپێدانی دەزگاكانی هەرێم ئەوانەی پەیوەندیدارن بە نەهێشتنی بازرگانی پێكردنی ناڕەوا بە مادده هۆشبەر یان كارتێكارە عەقلی یان پێشینە كیمیاییەكان یاخود خراپ بەكارهێنانیان.

٣- چڕكردنەوەی ڕێكارەكانی نەهێشتنی بازرگانی پێكردن و ئاڵوگۆڕیكردنی ناڕەوای ماددەی هۆشبەر یان كارتێكارە عەقلی یاخود پێشینە كیمیاییەكان و سنووردار كردنی بڵاوبوونەوەیان.

٤- مسۆگەركردنی جێبەجێ كردنی كارای پەیماننامەی نێودەوڵەتییەكانی پەیوەندیدار بەو مادده هۆشبەر و كارتێكارە عەقلی و پێشینە كیمیاییانەی كۆماری عیراق پەسەندی كردوون یان تیایاندا ئەندامە باوەی لە هەرێمیش دا كارپێكراو بن.

٥-فەراهەمكردنی دروستی مامەڵە كردن بە مادده هۆشبەر و كارتێكارە عەقلی و پێشینە كیمیاییەكان بۆ مەبەستی پزیشكی و زانستی و پیشەسازی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەم ماددەیە هیچ پێشنیارێكی لەسەر نییە، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ئەم ماددەیە وەكو خۆی كە بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە پەسەند بكرێ با بفەرموێ دەنگ بدات؟ بەڵێ زۆر سوپاس، بە (٩٨) دەنگ پەسەند كرا، مادده (٣).

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) چوار پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم:

وەك خۆی تەنیا لە بڕگەی (سێیەم)دا نوێنەرێکی وەزارەتی ئەوقاف بۆ لیژنەی باڵا زیاد بکرێ.

پێشنیاری دووەم:

وەك خۆی تەنیا لە بڕگەی (سێیەم)دا نوێنەرێکی وەزارەتی پەروەردە و نوێنەرێکی وەزارەتی ڕۆشنبیری زیاد بکرێ.

پێشنیاری سێیەم:

وەك خۆی:

یەکەم/ لیژنەیەك لە وەزارەت بە ناوی لیژنەی باڵای نەهێشتنی مادده هۆشبەر و کارتێکارە عەقلییەکان پێك دەهێنرێت.

دووەم/ لیژنەی باڵا بە سەرۆکایەتی وەزیر دەبێت و جێگرەکەشی جێگری ئاسایشی گشتی هەرێم دەبێت.

سێیەم/ ئەندامانی لیژنەی باڵا لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

١- بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی کاری هونەری لە وەزارەت.
٢- بەڕێوەبەری چاودێری تەندروستی دەروونی.
٣- بەڕێوەبەری پەیمانگای پزیشکی دادی.
٤- بەڕێوەبەری دەستەی گومرگەکان.
٥- بەڕێوەبەری پۆلیسی گومرگ.
٦- نوێنەرێکی هەر یەك لەم لایەن و وەزارەتانەی خوارەوە کە پلەی هیچ کامیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ:

أ- دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.
ب- وەزارەتی داد.
ج- وەزارەتی دارایی و ئابووری.
د- وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی.
ه- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.
و- وەزارەتی ناوخۆ.

ز-دەزگای ئاسایش.

ح- نوێنەرێ هەر یەك لە سەندیكاكانی پزیشكان و دەرمانسازان.

چـوارەم/ وەزیـر فەرمـانبەرێكی وەزارەت لە پـلەی وەزیفـی لە بەڕێـوەبەر كەمتـر نەبێـت وەك بڕیاردەری لیژنەی باڵا دەستنیشان دەكات.

پێـنجەم/ سـەرۆكی لیـژنەی بـاڵا بـۆی هەیە بانگهێشـتی هەر شـارەزایەك لە بـواری نەهێشـتنی بازرگـانی پێكردنـی نـاڕەوا بە مـاددە هۆشـبەر یـان كـار تێكـارە عەقلییەكـان بكـات بە مەبەسـتی وەرگرتنی بۆچوونی بێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.

پێشنیاری چوارەم:

پێشنیاری لیژنەی هاوبەش وەك خۆی بڕگەی چوار بەم شێوەیەی لێ بكرێت:

چـوارەم/ وەزیـر فەرمـانبەرێكی وەزارەت كە پـلەی وەزیفـی لە بەڕێـوەبەر كەمتـر نەبـێ وەك بڕیاردەری لیژنەی باڵا دەستنیشان دەكات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لە چوارەم كاك بـژار چـوارەم (وەزیـر فەرمـانبەرێكی وەزارەت) ئەو ئەهـا ئەوەی لە (پلەی بەڕێوەبەر كەمتر نەبێ) ئەوە بكوژێننەوە لای خۆتان، تەنها ئەوە، چونكە ئەوە لە خوارەوە پێشنیار كراوە، هەڵەیەكی تەبعە، بەڕێزان ئێمە ئێستا لەبەردەمی چوار پێشنیاردایـن، یەكەم/ وەك خـۆی تەنهـا لە بـڕگەی سـێیەم نـوێنەرێكی وەزارەتـی ئەوقـاف بـۆلیژنەی بـاڵا زیـاد بكـرێ، هەر ئەنـدامێكی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە كە نـوێنەرێكی وەزراەتـی ئەوقـاف زیـاد بكـرێ بـۆ لیـژنەی بـاڵا بـا بفەرمـوێـت دەنـگ بـدات، بەڵـێ، (٥) كەس، بەڵـێ ڕۆژان خـان، فەرمـوو، نـوقتەی نیزامی؟ پەیوەندی بەو ماددە هەیە؟.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلاهی لەسەر كۆی پڕۆژەكە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

با دەنگدان تەواو بكەین.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

سەبارەت بە بڕگەی یەكەمـیش بەرنـامەی كـاری سـەر دەنگـدانا پـڕۆژە یاسـای مـاددە هۆشـبەر و كارتێكارە عەقلییەكان، وەكی پێشـتر كـو پەخشـی ڕاسـتەوخۆ ڕاگـرتبین، نـوكەش دەنگـدانە، ئەز دبینم دیسان باشترە بێتە ڕاگرتنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، تەنها بۆ دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای مـاددە هۆشـبەر و كارتێكـارە عەقلییەكـان، تەنهـا بـۆ بڕگەی یەكەم پەخش ڕابگرێن تا دەنگ دەدەین لەسەر قانونەكە، بەس بۆ بڕگەی یەكەم، لە بڕگەی

دووەم دا پەخش دەکەینەوە، چەند ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە تەنها بۆ بڕگەی یەکەم پەخش ڕابگرین؟ پێشتریش دەنگمان لەسەر داوە، دروستە تەنها پەخش، پرۆتۆکۆڵ تەسجیل دەکات، بەڕێز بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن تەنها بۆ بڕگەی یەکەم، لە بڕگەی دووەم دا دەکرێتەوە پەخشەکە.

دووەم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پێشنیاری دووەم وەك خۆی تەنها نوێنەرێکی وەزارەتی پەروەردە و نوێنەرێکی وەزارەتی ڕۆشنبیری زیاد بکرێ، چەند ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە نوێنەری ئەو دوو وەزارەتە بەڕێزەش لەوێ بن؟ بەڵێ زۆر سوپاس، (٣٢) دەنگ.

پێشنیاری سێیەم وەك خۆی، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە وەك خۆی بێ؟ بەڵێ، کەسی لەگەڵ نییە.

دوای ئەوە پێشنیاری چوارەم ئەوەیە کە یەك ئیزافەیان بۆ کردووە لیژنە هاوبەشەکان کە وەزیر فەرمانبەرێکی وەزارەت کە پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەر کەمتر نەبێ وەك بڕیاردەری لیژنەی باڵا دەستنیشان دەکات، وەك خۆی لەگەڵ ئەو زیاد کردنە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە وەك خۆی لەگەڵ ئەو زیادکردنە ماددەکە پەسەند بکرێ بفەموێ دەست بەرز بکاتەوە، غەڵەتێکی تەبعە کاك بەڵێن، لایدا تەواو، وەك خۆی ئیزافەی تێدایە لە چوارەم دا لاییەن، غەڵەتی تەبعە، زۆر سوپاس، پێشنیاری لیژنەی هاوبەش پەسەند کرا بە (٤٠) دەنگ.

ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى میران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤) دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم:

وەك خۆی تەنیا لە بڕگەی دووەم و سێیەمدا ڕێژەی یاسایی کۆبوونەوەکان دەنگدان بکرێتە (٥٠% + ١).

پێشنیاری دووەم:

وەك خۆی:

یەکەم/ لیژنەی باڵا بەلایەنی کەم مانگی جارێك لەسەر بانگهێشتی سەرۆکەکەی کۆدەبێتەوە و سەرۆك بۆی هەیە لە هەر کاتێکی دیکەی پێویست دا بانگهێشت بۆ کۆبوونەوە بکات.

دووەم/ ڕێژەی یاسایی کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا بە ئامادەبوونی (٣/٢)ی ئەندامانی تەواو دەبێت و لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی سەرۆك یان جێگرەکەی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکە دەکات.

سێیەم/ بڕیارەکانی لیژنەی باڵا لە ڕێگای دەنگدان و بە زۆرینەی ژمارەی ئامادەنەبووانی دەنگدەر وەردەگیرێت و ئەگەر دەنگەکان یەکسان بوون ئەو لایەنەی دەنگی سەرۆکی لەگەڵ دایە پێش دەخرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەم ماددەیە هیچ پێشنیارێكی لەسەر نییە، ئێمە بۆ ماددەی (٤) لەبەردەی دوو پێشنیارین:

یەكەم/ بڕگەی دووەم و سێیەم وەك خۆیان بن، بەڵام ڕێژەی پێویست بۆ كۆبوونەوە بكرێتە (٥٠%+١) یەكەم جار ئەوە دەخەینە دەنگدان هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە با دەنگ بدات، بەڵێ زۆر سوپاس، (٣) كەس.

ئەوەی دووەم خۆی هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ماددەكە وەكو خۆی پەسەند بكرێ با بفەرموێ دەنگ بدات، بەڵێ زۆر سوپاس، بە (٨٢) دەنگ وەك خۆی پەسەند كرا، فەرموون.

**بەڕێز شاخەوان ڕؤوف مصطفى میران:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٥) سێ پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەكەم:

وەك خۆی تەنیا بڕگەی (حەوتەم) بەم شێوەی لێ بكرێت:

ساڵانە سوود وەرگرتن لە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەكان بە ئامانجی بڵاوكردنەوەی هۆشیاری لە بواری سیمینار و ۆركشۆپی و بایەخدان بە ئاستی ڕۆشنبیری و عەقلی و فیكری گەنجان و بڵاوكردنەوەی نامیلكەی ساڵانە لەچوارچێوەی خۆپاراستن لە مەترسییەكانی ئاڵودەبوون.

پێشنیاری دووەم:

وەك خۆی تەنیا لە هەردوو بڕگەی حەوتەم و دەیەم بكرێتە یەك بڕگە و دەستەواژەی (لە ڕووی ماددییەوە) لە بڕگەی دەیەم لابرێت و ئەم ڕستەیە زیاد بكرێت بۆ بڕگەی (چواردەیەم) (نوێكردنەوەی ئەو خشتانەی كە هاوپێچی ئەم یاسایەن لە خشتەی (١) تا (١١) بە جۆرێك كە بگونجێت لەگەڵ ئەو ڕێككەوتنە نێودەوڵەتیانە لەلایەن كۆماری عیراقی فیدراڵەوە واژوو كراون و پەیڕەو دەكرێن، هەروەها سوود وەرگرتن لە ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی.

پێشنیازی سێیەم:

وەك خۆی:

لیژنەی باڵا ئەم ئەركانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

یەكەم/ دانانی سیاسەتی گشتی بۆ هاوردەكردنی هەر جۆرێك لە ماددە هۆشبەر و كارتیكارە عەقلی و پێشینە كیمیاییەكان و هەناردەكردنی گواستنەوە و بەرهەم هێنان و دروستكردن و گرتنەوە و شیكردنەوە و چاندن و خاوەنبوون و دەستداری و دەستهێنانی (إحراز) بازرگانی كردن و كڕین فرۆشتن و ڕادەستكردن و وەرگرتن و نووسینی بەڕاچێتەی پزیشكی و پێدانی لە

دەرمانخانەکان و هینانی بە هەر ڕێگایەك یان نێوەندگیری کردن لە هەر یەکێك لەم کردانە بە مەبەستەکانی پزیشکی یان زانستی یاخود پیشەسازی بەو مەرجەی بە پێی مۆڵەتی وەزیر بێت لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی هەرێم دا.

دووەم/ هەماهەنگی گرتنی هاوکاری لەگەڵ وەزارەت و لایەنەکانی دیکەی تایبەتمەند لە کاروباری مادده هۆشبەر و کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێم بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم یاسایە.

سێیەم/ هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە تایبەتمەندەکانی حکومەتی فیدراڵ بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم یاسایە.

چوارەم/ دانانی ستراتیجی نیشتیمانی گشتگیر بۆ نەهێشتنی بازرگانی کردنی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان و خراپ بەکارهێنانی کارتێکارە عەقلی و پێشینە کیمیاییەکان سەرەڕای ئامادەکردنی پلان و پرۆگرام بۆ جێبەجێ کردنیان.

پێنجەم/ گرتنەبەری ڕێ و شوێنی پێویست بۆ نەهێشتنی دیاردەی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و خەراپ بەکارهێنانی کارتێکارە عەقلییەکان بە پێی میتۆدێکی زانستی چاکسازی و چارەسەرکاری کەسانی ئاڵودە بوو.

شەشەم/ دیاریکردنی بڕی ئەو مادده هۆشبەر و کارتێکارە عەقلی و پێشینە کیمیاییەکان کە دەبێت ساڵانە هاوردە بکرێن یان هەناردەبکرێن یان بگوازرێنەوە یان بەرهەم بهێنرێن یاخود بە مەبەستەکانی زانستی و پزیشکی بچینرێن.

حەوتەم/ ساڵانە سوود وەرگرتن لە ڕۆژی جیهانی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان بۆ مەبەستی بڵاوبوونەوەی هۆشیاری گشتی سەبارەت بە مەترسییەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان یان بازرگانی کردنی ناڕەوا پێیان یاخود خراپ بەکارهێنانی مادده هۆشبەر و کارتێکارە عەقلی و پێشینە کیمیاییەکان.

هەشتەم/ هاندانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی لە بوارە جیاجیاکان تایبەت بە نەهێشتنی بازرگانی کردنی ناڕەوا بە مادده هۆشبەر و کارتێکارە عەقلییەکان و خراپ بەکارهێنانیان و ئەنجامدانی پێشبڕکێی ساڵانە و بەخشینی پاداشتی ماددەی و هاندانی پەخشینی خەلاتی نەختینە بە سەرکەوتووان.

نۆیەم/ پێشنیازکردنی بۆ دامەزراندن و پەرەپێدانی دامەزراوە تەندروستی تایبەت بە چارەسەرکردنی کەسانی ئاڵودەبوو بە مادده هۆشبەر و کارتێکارە عەقلییەکان و دەستەبەرکردنی پێداویستی یە بنەڕەتییەکان لە فەرمانبەرانی لێهاتوو بۆ ئەم چارەسەرییە لەگەڵ ئامێر و کەرەستەی پێویست.

دەیەم/ هانـدانی ڕێکخراوەکـانی کـۆمەڵگەی مەدەنـی پەیوەندیـدار بە پرسـەکانی نەهێشـتنی بازرگانی کردنـی نـاڕەوا بە مـاددە هۆشـبەر و کارتێکـارە عەقلییەکـان یـان خەراپ بەکارهێنـان و کۆمەك کردنیان لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە.
یازدەهەم/ گرێبەست کردنی لەگەڵ شارەزایانی خاوەن لێهاتووی زانستی و پراکتیکی بـۆ سـوود وەرگتن لێیان لە هەر بوارێك لەو بوارانە هاوکار دەبێت لە هینانەدی ئامانجەکانی ئەم یاسایە.
دوازدەهەم/ پێکهێنانی لیژنەی تایبەتمەنـد لە هەر کاروبارێـك لە کاروبارەکـانی مـاددە هۆشـبەر و کارتێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان.
سـێزدەهەم/ هانــدانی کــادیرە پزیشــکی کۆمەڵایەتییەکــان بــۆ کــارکردن لەو دامەزراوانەی پەیوەندیـدارن بە نەهێشـتنی مـاددە هۆشـبەر و کارتێکـارە عەقلییەکـان و چارەسـەرکردنی ئاڵودەبووان بە ماددە هۆشبەرەکان.
چواردەیەم/ نوێکردنەوەی ساڵانەی خشتەکانی ژمـارە (١) تـا (١١) کە هـاوپێچی ئەو یاسـایەن بە هەمــاهەنگی لەگەڵ وەزارەتــی تەندروســتی فیــدراڵ بە جۆرێــك کە بگونجێــت لەگەڵ ئەو ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتیانەی لەلایەن کۆماری عیراق پەسەند کراون.
سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە مـاددەی (٥) سـێ پێشـنیار هەیە، یەکەم ئەوەیە کە خوێندیانەوە بەڕێزیان، (ساڵانە سوود وەرگـرتن لە ڕۆژی جیهـانی بەرەنگـاربوونەوەی مـاددە هۆشـبەرەکان بە ئامـانجی بڵاوکـردنەوەی هۆشـیاری لە بـواری سـیمینار و وێرکشـۆپ و بایەخدان بە ئاستی ڕۆشـنبیری و عەقلـی و فیکـری گەنجـان و بڵاوکـردنەوەی نـامیلکەی سـاڵانە لەچوارچێوەی خۆپاراستن و مەترسییەکانی ئاڵودەبوون) پێشنیاری یەکەم دەڵێ وەك خۆی تەنها بڕگەی حەوتەم بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەکە وەکو خۆی لەگەڵ داڕشتنەوەی بڕگەی حەوتەم بەو شێوەیە کە خوێنـدرایەوە بـا دەنـگ بدات، بەڵێ (٢) دەنگ.
پێشنیاری دووەم وەکو خۆی هەردوو بڕگەی حەوتەم و دەیەم بکرێتە یەك بـڕگە و دەسـتەواژەی (لەڕووی مـاددییەوە) لە بـڕگەی دەیەم لابـرێ و ئەم ڕسـتەیە زیـاد بکـرێ بـۆ بـڕگەی چـوارەم (نوێکردنەوەی ئەو خشتانەی کە هاوپێشـی ئەو یاسـایەن لە یەك بـۆ دە بە جۆرێـك کە بگـونجێن لەگەڵ ئەو ڕێککەوتنـامە نێودەوڵەتییـانەی لەلایەن کۆمـاری عیراقـی فیـدڕاڵەوە واژوو کـراون و پەیڕەو دەکرێن و هەروەها سوود وەرگرتن لە ڕێکخراوی تەندروسـتی جیهـانی، هەر ئەنـدامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ماددەکە بەم شێوەیە پەسەند بکرێ با دەنـگ بـدات، (٨٤) دەنـگ زۆر سوپاس، دوای ئەوە وەك خۆی هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە وەکـو خـۆی ماددەکە پەسەند بکرێ با دەنگ بدات، بەڵێ بە (٨٢) دەنگ پێشنیاری دووەم پەسەند کرا.

فەرموون ماددەی (٦).

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى ميران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی:

بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی هۆشبەر لە دەزگای ئاسایش ئەم ئەرکانەی لە ئەستۆ دەبێت:

١- بەرەنگاربوونەوەی ئەو تاوانانەی ئەم یاسایە سزای لەسەر دانــاون و دەستگیرکردنی ئەنجامدەرانی.

٢- گرتنی زەبت ئەو مادده هۆشبەر و کارتێکارە عەقلی و پێشینە کیمیاییانەی بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بازرگانیان پێوە دەکرێت.

٣- هاوکاریکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێم و کۆماری عیراق و ئەوانەی تایبەتمەندن بە کاروباری مادده هۆشبەر و کارتێکارە عەقلییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی باڵا.

٤- دۆکیومێنت کردنی داتای تایبەت بەو کەسە عیراقی و بیانیانەی لەسەر تاوانی بازرگانی کردنی نـارەوا بە مـادده هۆشـبەر و کارتێکـارە عەقلـی و پێشـینە کیمیاییەکـان حـوکم دراون و بەدواداچوونی چالاکییەکانی ئێستایان بۆ خۆپاراستن لە دووبارە گەڕانەوەیان بۆ ئەنجامدانی تاوانی نوێ و گرتنەبەری ڕێ و شوێنی یاسایی پێویست بۆ ئەم خۆپاراستنە.

٥- چـاودێری کردنـی ئەم کەسـانەی بە پێـی ئەو یاسـایە مـۆڵەت دراون بە هـاوردەکردن یـان هەنـاردەکردن یـان گواسـتنەوە یـان دروسـت کـردن، یـاخود دەسـتداری مـاددەی هۆشـبەر یـان کارتێکاری عەقلی بۆ دڵنیـابوون بـۆ پابەنـدبوونیان بە سـنوورەکانی ڕێ و شـوێنە دیاریکراوەکـان ئەو مۆڵەتـانە و گـرتنەبەری ڕێ و شـوێنی یاسـایی بەرامـبەر بە سـەرپێچیکاران ئەنجامـدانی ئەو پرۆسەی چاودێری کردنەش کە لەم بڕگەیەدا دەقنووس کراوە بە هەماهەنگی نێـوان وەزارەت و سەندیکای دەرمانسازان دەبێت.

٦- چـاودێری کردنـی نێوەنـدەکانی گواسـتنەوە بـۆ زامـن کردنـی بە کارنەهێنـانی ئامرازەکـانی گواستنەوە لە ئەنجامدانی تاوانێك بە پێی ئەم یاسایە سزای بۆ دانـراوە ئەوەش بە هەمـاهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەبێت.

٧- ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە عیراق و وڵاتانی دراوسـێ و عەرەبـی و نیودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان بە کاروبـاری مـادده هۆشـبەرەکان بـۆ بەدەسـت هێنـانی زانیـاری سەبارەت بە تۆڕەکانی بازرگانی کردن بە مادده هۆشبەر و کارتێکارە عەقلییەکان.

٨- جێبەجێ کردنی حوکمە دادوەرییەکان لەگەڵ فەرمانەکـانی دەسـتگیرکردن کە لەلایەنە عیراقـی یە ڕێ پێـدراوەکان لە ڕووی یاسـاییەوە دەرچـوون وتـایبەتن بەو تۆمتبـار و حـوکم دانەوەی لە هەرێمن.

٩- جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنامەکانی هاوکاری یاسایی دادوەری و ئەمنی و ڕادەستکردنی تاوانباران لە نێوان عیراق و وڵاتانی دیکەدا سەبارەت بە تۆمەتباران و حوکم دراوانی ناعیراقی کە لە هەرێم دا لەسەر پرسەکانی بازرگانی کردن بە مادده هۆشبەر و کارتێکارە عەقلییەکان یان خراپ بەکارهێنانیان دەستگیرکراون بە پێی ئەو ڕێسایانەی لەم بارەیەوە پەیڕەو دەکرێن، بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە فیدراڵیە پەیوەندیدارەکان.

١٠- هاوکاری کردن لەگەڵ وەزارەت لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی ستراتیجیەتی نیشتیمانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەر و کارتێکارە عەقلییەکان بە مەبەستی ڕێکخستنی خولی ڕاهێنان بۆ کارمەندەکانی بواری ئاسایشی ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە گشتیە لە بواری نەهێشتنی بازرکانی پێکردنی ناڕەوا یان خەراپ بەکارهێنانی کارتێکارە عەقلییەکان لە پێناوی پەرەپێدانی لێوەشاوەی و گەشەپێدانی ئەزموونیان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ئەم ماددەیە وەکو خۆی پەسەند بکرێ با دەنگ بدات؟ تەنها ئەو پێشنیارە هەیە، ماددەکە وەك خۆی، بەڵێ بە (٩١) دەنگ پەسەند کرا، دوای ئەوە فەرموون، بەڵێ کاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵێن إسماعيل حاجى إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژە یاسایە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە چۆتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان، خوێندنەوەی دووەمی بۆ کراوە و موناقەشە ئەوە جەلسەی دەنگدانە، تکا دەکەم لە پێناو گێڕانەوەی کات ئەو ماددانەی کە پێشنیازی ئیزافەیان نییە وەك خۆیەتی، پێویست ناکات بخوێندرێتەوە بەڕاستی، یەعنی بەس بۆ ئەو ماددانەی کە وەك خۆیەتی پێشنیازی ئیزافەی نیە یەکسەر بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك شاخەوان، فەرموو.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى ميران::**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧) سێ پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم:

وەك خۆی تەنیا بڕگەی چوارەم بەم شێوەی لێ بکرێ:

سەنتەرەکە لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتی دا بێت و فەرمانبەرێکی خاوەن شارەزایی و پسپۆری لە ساڵانی خزمەتی لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت و هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێ لە زانستی کۆمەڵایەتی سەرۆکایەتی دەکات.

پێشنیاری دووەم وەك خۆی:

یەکەم/ وەزارەتـــی کاروبـــاری کـــۆمەڵایەتی بە هەمـــاهەنگی لەگەڵ وەزارەت ســـەنتەرێکی شـیاندنەوەی کەسـانی ئـالودەبوو بە بەکارهێنـانی مـاددە هۆشـبەر یـان کارتێکـارە عەقلییەکـان دادمەزرێنێت و بە پێی پێویست سەنتەری دیکە لە پارێزگاکان دەکرێتەوە.

دووەم/ ئەو سـەنتەرەی لە بـڕگەی یەکەمـی ئەم مـاددەیەدا دەقنـووس کـراوە تـایبەت دەبێـت بەوانەی بە بڕیاری دادوەر ئازاد (إفراج) دەکرێن، یاخود لە فەرمانگەی چاکسازی نەوجەوانـان بە کۆتـایی هێنـانی حوکمەکانیـان ئـازاد دەکـرێن، لە نەخۆشـخانە دەهێنـرێنە دەرەوە یـان هامشـۆ کردنیان بۆ نۆرینگەی دەروونی و کۆمەڵایەتی ڕادەگیرێت لیژنەکانی پەیوەندیـدار بە بارەکانیـان بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەت بڕیـار لەسـەر بارودۆخیـان و پابەنـدکردنیان بە پرۆگرامەکـانی شیاندنەوە دەدەن.

سێیەم/ (سەنتەری) لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا دەقنووس کراوە پرۆگرامێکی گونجـاو بـۆ شیاندنی ئارەزوومەندان بۆ فێبوونی پێشەکییەکی گونجاو لەگەڵ لێوەشـاوەییان و خستنەسـەر کاریان دادەنێن بە جۆرێك کە داهاتی گونجاویـان بـۆ مسـۆگەر بکـات، سـەرەڕای بەدواداچـوونی جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی دیکە چاودێری بڕیارلێدراویان بۆیان.

چوارەم/ سەنتەرەکە بۆی هەیە بۆ جێبەجێ کردنی پرۆگرامەکەی پشت بە پسـپۆری دەروونـی و کۆمەڵایەتی و ڕێنوێنکاری ئاینی و لێهاتوو ببەستێ.

پێـنجەم: سـەنتەرەکە لە ئاسـتی بەڕێـوەبەرایەتی دەبێـت و فەرمـانبەرێکی خـاوەن شـارەزایی پسپۆری کەساڵانی خزمەتی لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت سەرۆکایەتی دەکات.

پێشنیاری سێیەم پێشنیاری لیژنەی هـاوبەش، وەك خـۆی تەنهـا بـڕگەی یەکەم بکـرێتە دووەم وە بەو شێوەیە جێبەجێبکرێت، بکرێتە دوو بڕگە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان بۆ ماددەی (٧) سێ پێشنیار هەیە وەکو خۆی، تەنها یەك شت ئیزافە بکرێـت لە بڕگەی چـوارەم سـەنتەرەکە لە ئاسـتی بەڕێوەبەرایەتیـایە و فەرمنبەرێکـی خـاوەن شـارەزایی و پسپۆری کە ساڵانی خزمەتی لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت و هەڵگری بڕوانـامەی بەکـالۆریۆس بێـت لە زانسـتی کـۆمەڵایەتی سـەرۆکایەتی دەکـا، هەر ئەنـدامێکی بەرێــزی پەرلەمــان لەگەڵ ئەم پێشنیازەیە با دەنگ بدا؟ زۆر سوپاس، کەسی لەگەڵ نییە.

پێشنیاری دووەم وەك خۆی هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە وەك خۆی بێ.

سـێیەم پێشـنیازی لیـژنەی هـاوبەش تەنهـا بـڕگەی یەکەم بکرێـت بە دوو بـڕگە هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە بـا دەسـت بەرز کـاتەوە؟ سـوپاس، بەدەنگـی (٧٥) ئەنـدامی پەرلەمان پەسەند کرا. بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەو گۆرانکاریانەی لە وەك خۆی کراون تەنهـا گۆرانکاری لە رووی زمانەوانی تەرجەمەی هەندێك زاراوەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەوەێکمان هەیە

تەرەدوودێکمـــان هەیە لەوەی کە نەخـــوێنرێتەوە ئەگەر رەزامەنـــد بـــن ئەو گۆرانکاریـــانەی کردوومانن تەنها بە ئیزنی خۆتان دواومانن بە دوو زمانەوان وە کاك (مم)یش هاوکاری کردووین تەنها لە رووی زمانەوانییەوە گۆرانکاری لە وەك خۆی کردووە، لەبەر ئەوەی ئەو پێشنیارەی کـاك (بەڵێن) جارێکی تریش وتمان و جارێکی تریش هاتینەوە سەر ئەوەی بیخـوێنینەوە قەلەقیـیەکە بۆ ئەوەیە دوایی ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمان بڵێ ئەو ماددەیە کە ئێستا داتان نـاوە وەکـو ئەوە نییە کە لە نـاو راپـۆرتی لیـژنە هاوبەشـەکانایە، ئـێمە لە رووی زمـانەوانیی و ئیعـادەی سـیاغەوە کردوومانەتەوە لەسەر دوای خۆتـان، ئەگەر رەزامەنـدن ئـێمە هـیچ موشـکیلەمان نـیـیە ئـو کەس ئیعترازی نییە، کەس ئیعترازی هەیە؟ ئەیخەینە دەنگدان بەرێـز ئەو گۆرانکـارییە زمانەوانیـانەی کە لە ئیعادەکردنەوەی سیاغە و زاراوەکان بەبـێ دەسـتکاری کردنـی بـابەتی لەوەك خـۆی کـراوە رەزامەندن بەبێ خوێندنەوەی وەك خۆیانە ئێمە پرۆسەی دەنگـدان بـبەین بەرێـوە؟ هەرکەسـێك رەزامەندە دەنگ بدا. کاك (امید)، فەرموون.

**بەرێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە کات دەگەرێتەوە زۆر ئاساییە لەو بارە کـات بگەرێـتەوە، بەڵام خوێنـدنەوەی هەر دەقێـك پرۆتۆکۆل تۆماری دەکا دەنگ لەسەر ئەوە دەدرێت، نـاکرێ دەنـگ بە دەقێـك بـدەین کە ئەنـدامی پەرلەمان نەزانی دەنگ بە چ دەدات، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

دەقیقە، خۆی مشکیلەکە ئەوەیە سیاغەك لەسەر ئەساسی ئەم راپـۆرتە نـاکرێ، سیاغەکە لەسـەر ئەساسی ئەوە دەکرێ کە لە انصات ئەوان دەیخوێننەوە و ئەوان سیاغەی دەکەنەوە، بە راسـتی من موتەرەدیدم، بیخوێننەوە، فەرموون.

**بەرێز شاخەوان رؤوف مصطفی میران:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨) سێ پێشنیار هەیە:

ماددەی (٨):

پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی تەنها حکومەت خۆی مـاددە هۆشـبەرەکان و کارتێکـارە ئەقلییەکـان بهێنن نەك بازرگان.

-پێشنیاری دووەم: وەك خۆی، بەشی سێیەم مۆڵەتی هاوردە کردن و هەناردەکرن و گواستنەوە و مەرجەکانی:

١-هـاوردەکردنی مـاددەی هۆشـبەر و کارتێکـارە ئەقلـی و پێشـینە کیمیاییەکـان و هەنـاردەکرن و گواسـتنەوەیان بە مـۆڵەت یـان بە رەزامەنـدی وەزیـر دەبـێ دوای ئەوەی رەزامەنـدی لایەنە تایبەتمەندەکانی ئاسایش وەردەگیرێت.

٢- مۆڵەت بۆ ماوەی یەك ساڵ دەكرێ نوێ بكرێتەوە لە رێكەوتی (٣١)ی كانونی یەكەمی هەموو ساڵێكیش كۆتایی پێدێت.
٣- لە پێدانی مۆڵەتدا بڕی دیاریكراوی ئەو مادده هۆشبەرە یاخود كارتێكارە ئەقلیانە پێشینە كیمیاییەكان رەچاو دەكرێ كە لیژنەی باڵا رەزامەندی لەسەر هاوردەكردنی یان هەناردەكردنی یان گواستنەوەی داوە لە هەمان ئەو ساڵەدا كە مۆڵەتەكەی تێدا دەدرێت.
-پێشنیاری سێیەم: پێشنیاری لیژنەی هاوبەشە، وەك خۆی تەنها بڕگەی دووەم بەم شێوەی لێبكرێت:
مۆڵەت بۆ ماوەی یەك ساڵە و دەكرێ نوێ بكرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێمە لەبەر دەمی سێ پێشنیارین، یەكەمیان وەك خۆی بێت بە تەنها حكومەت بۆی هەبێ ماددەی هۆشبەر و كارتێكارە ئەقلییەكان بێنێ نەك بازرگانان، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ دەقی ماددەكەیە بەو شێوەیە با دەنگی پێبدا؟ (١١) دەنگ. وەك خۆی هەر ئەندامێكە بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە وەك خۆی بێ با دەست بەرز كاتەوە؟ كەسی لەگەڵ نییە. سێیەم پێشنیاری لیژنەی هاوەش لەگەڵ ئەوەیە كە وەك خۆی بێت تەنها بڕگەی دووەم بەو شێوەیە لێبكرێت كە مۆڵەت بۆ یەك ساڵە و دەكرێ نوێ بكرێتەوە، هەر ئەندامێكی بەڕێزە پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە با دەست بەرز كاتەوە؟ زۆر سوپاس بە دەنگی (٦٥) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا، ماددەی (٩)، فەرموون.

**بەڕێز شاخەوان رۆوف مصطفی میران:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٩) پێشنیارێك نییە وەك خۆی
ماددەی (٩):
نابێ ماددەی هۆشبەر یان كارتێكاری ئەقلی یان پێشینەی كیمیاوی هاوردە یان هەناردە یان بگوازرێتەوە یاخود بچێنرێت یاخود بەرهەم بهێنرێت یاخود دروست بكرێ یاخود خاوەنداریەتی بكرێت یان بەكاربهێنرێت یاخود دەستبەردار بكرێ یان بە دەست بهێنرێ یان كرین و فرۆشتنی پێوە بكرێ یان رادەست بكرێ یان بازرگانی پێوە بكرێ یان لە رووی پزیشكییەوە سەرف بكرێ یان بە نوسینی رەچەتە بە نوسینی رەچەتەی پزیشكی بدرێت یاخود سەودای پێوە بكرێ یان بەهەر سیفەتێك بێ دەستی لێ هەڵبگیرێ یان نێوەندگیری لە یەكێك لە و كردانەی سەروە بكرێ، بێجگە لە مەبەستەكانی پزیشكی یان زانستی و تەنها بەپێی ئەو حاڵەت و مەرجانەش لەم یاسایەدا دەق نووس كراون.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی (٩) وەكو خۆی هیچ پێشنیارێك نییە، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەو ماددەیە با بفەرموێت دەنگ بدا؟ بە دەنگی (٦٦) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا ماددەی دوای ئەوە، فەرموون.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى میران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٠) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی:

ماددەی (١٠):

یەکەم: ئەو مۆڵەتەی کە لە ماددەی (٨)ی ئەم یاسایەدا دەق نووس کراوە تەنها بەم لایەنانەی خوارەوە دەدرێت:

١-فەرمانگەکانی هەرێم و پەیمانگا زانستییەکان و ناوەندەکانی تـوێژینەوەی زانستی دانپێدانراو کە پسپۆرەکانیان پێویستی بە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەر یان کارتێکارە ئەقلییەکانە.

٢-خاوەنی کارگەکانیش شیکردنەوەی کیمیایی یا پیشەسازی یا خۆراکی یا هەر شتێکی دیکە کە کارەکانیان پێویستی بە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر یا کارتێکاری ئەقلییە.

٣- خاوەنی ئەو کارگە و شوێنانەی مۆڵەت دراون بە دروستکردنی ئەو دەرمانانەی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری ئەقلی دەخرێتە ناو پێکهاتەکانیانەوە.

٤- نووسینگەکانی راگەیاندنی تایبەت بە دەرمانی مۆڵەت پێدراو.

دووەم: وەزیر بە بڕیارێی هۆدار بۆی هەیە بەخشینی مۆڵەت رەت بکاتەوە ئەگەر ئەو مەرجانەی لەو یاسایەدا هاتوون دەستەبەر نەبوون.

سێیەم: بڕیاری وەزیر بە رەتکردنەوە شیاوی تانە لێدانە بەپێی حوکمەکانی یاسایی بەرکاری ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان-عیراق یان هەر یاسایەکی دیکە کە جێگەی دەگرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (١٠) وەك خۆی هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵیەتی با دەنگی پێبدا؟ بە دەنگی (٧١) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (١١)، فەرموون.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى میران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١١) دوو پێشنیار هەیە:

ماددەی (١١):

پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی تەنها بڕگەی دووەم بەم شێوەی لێبکرێت:

وەزیر بە هەماهەنگی لە گەڵ لیژنەی باڵای بەرەنگار بوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان بۆی هەیە داواکارییەکە قبووڵ بکات یان رەت بکاتەوە.

پێشنیاری دووەم، وەك خۆی:

١-پێویستە ئەو کەسەی مۆڵەتی هاوردەکردن یان هەناردەکردن یان گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکارە ئەقلی یان پێشینەی کیمیاوی پێدراوە داواکارییەك پێشکەشی وەزارەت بکات و تێدا کاری خۆی و ناونیشانی کارەکەیی و ناوی ئەو ماددە هۆشبەرە یان کارتێکارە

ئەقلیـیە بخـاتە روو کە بە نیـازە هـاوردەی بکـات یـا بیگـوازێتەوە لەگەڵ سروشـت و پێکهـاتە و بڕەکەی، هەروەها ئەو مۆڵەتی هاوردە کردن یان هەناردە کـردن یـاخود گواسـتنەوەی کە لەلایەن حکـومەتی ئەو وڵاتەوە پێـی دراوە کە مـاددەی لـێ هـاوردە کـراوە سـەرەرای ئەو هۆکـارانەی کە بوونەتە پاساو بۆ ئەو کارەی هەروەها ڕێکەوتەکەی بە نزیکەی لەگەڵ تەواوی ئەو زانیاریانەی کە وەزارت لێی داوا دەکات.

٢- وەزیر بۆی هەیە داواکارییەکە قبوڵ بکات یان ڕەت بکاتەوە یاخود ئەو بڕەی تێیدا دیاری کراو کەم بکاتەوە بە ڕەچاو کردنی ئەو مەبەست و حاڵەت و مەرجانەی لەم یاسایەدا هاتوون.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دوو پێشنیارمان هەیە، پێشـنیاری یەکەم وەك خـۆی بەڵام ئەمە زیاد بکرێ بەم شێوەیەی لێبکرێ، بە هەماهەنکی لە گەڵ لیژنەی بـاڵای بەرەنگـار بـوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان بـۆی هەیە داواکـارییەکە قبـووڵ بکـات یـان ڕەت بکـاتەوە. هەر ئەنـدامێکی بەڕێـز پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە کە بەم شـێوەیە پەسـەند بکـرا بە (٦٣) دەنـگ. مـاددەی (١٢)، فەرموون.

**بەڕێز شاخەوان ڕۆوف مصطفی میران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٢) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی:

ماددەی (١٢):

یەکەم ئەم مـاددە هۆشـبەریە یـان کارتێکـارە ئەقلیـیە یـاخود پێشـینە کیمیاییـانەی دەگەنە فەرمانگەیەکی گومرگی نابێت رادەست بکرێن تەنها بەو مـۆڵەتی راکێشـانەی (اجـازە السـحب) نەبێـت وەزیـر یـان ئەوەی وەزیـر رای دەسـپێرێ دەری دەکـا دەبێـت تەواوی زانیـارییە پێویستەکانیشی لەسەر نووسرابێ.

دووەم: پێویسـتە فەرمانگەکـانی گـومرگ لە دەروازە سـنوورییەکان و فرۆکەخانەکـان لە حاڵەتەکانی هاوردەکردن یان هەناردە کردن یـاخود گواسـتنەوە بە تێپەربـوون ترانزێـت مـۆڵەتی هاوردەکردن یان هەنـاردەکردن یـاخود گواسـتنەوە لە کەسـانی پەیوەندیـدار وەربگـرن ڕەوانەی وەزارەت بکەنەوە وینەێکیش لەو مۆڵەتە لە لای فەرمانگەکانی گومرگ یان فرۆکەخـانە کەسـانی پەیوەندیـدار بپارێزرێـت بەو مەرجەی هێنـانە نـاوەوەی بـۆ لایەنـی هاوردەکـار بە پاسـەوانی گومرگی بێت.

سـێیەم: ئەگەر لە مـاوەی (٩٠) رۆژدا لە ڕێکەوتـی دەرچـوونییەوە کـاری پێنەکـرێ مـۆڵەتەکە بە هەلوەشاوە دادەنرێ لەکاتی پێویستیشدا وەزیر بۆی هەیە ئەو ماوەیە بۆ ماوەیەکی هاوتـا درێـژ بکاتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بوڕێزان هەر کەسێك لەگەڵ ئەوەیە ماددەی (١٢) بەم شێوەیە پەسـەند بکـرێ بـا دەنـگ بـدا؟ زۆر سوپاس، بە دەنگی (٧٦) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. ماددەی (١٣)، فەرموون.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى میران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی:

ماددەی (١٣):

دووەم: ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەر ئەقلی یان پێشینەی کیمیاوی تەنها لەو بارەدا هاوردە دەکرێ کە لە رێکەوتی دەرچوونی مۆڵەتی هاوردەکردنەکەدا لە تۆمارنامەکە وەزارەتدا تۆمار کرابێت و شیاو بوونی و بەکارهێنانی سەلمێنرابێت و وەك یەك بێت لەگەڵ ئەو خەصلەت و زانیارییانەی لە مۆڵەتی هاوردەکردنەکەدا هاتوون بەپێی راپۆرتی تاقیگەکانی چاودێری کردنی دەرمان.

دووەم: وەزارت رێکارەکانی دڵنیابوون لە شیاو بوون و وەك یەکی بە رێنماییەك رێك دەخات کە وەزیر دەری دەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەی (١٣) بەو شێوەیە پەسند بکرێ کە بەڕێزیان خوێندیانەوە با بفەرموێ دەنگ بدا؟ زۆر سوپاس بە دەنگی (٧٤) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. ماددەی دوای ئەوە، فەرموون.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى میران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٤) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی:

ماددەی (١٤):

نابێت ماددەی یان کارتێکاری ئەقلی یاخود پێشینەی کیمیاوی لەناو پاکێجێکدا ماددەی دیکەی تێدابێت هاوردە یان هەناردە یاخود بگوازرێتەوە، بەڵکو دەبێ ناردنی تەنانەت ئەگەر وەك نمونەش بێت لەناو پاکێجی دڵنیایی لەسەر کراودا بێت و تێیدا ناوی تەواوی ماددە هۆشبەر یان کارتێکارە ئەقلییەکەی لەسەر نووسرا بێت سروشت و پێکهاتە وبڕ و رێژە و رێکەوتی بەکار هێنان و بەسەر چوونیشی لەسەر بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە بەو شێوەیە پەسەند بکرێ کە بەڕێزیان خوێندییەوە با بفەرموێت دەنگ بدا؟ زۆر سوپاس، بە دەنگی (٧٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. داوی ئەوە، فەرموون.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى میران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٥) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی:

ماددەی (١٥):

یەکەم: ئەو مۆڵەتانەی لە ماددەی (٨)ی ئەم یاسایەدا دەقنووس کراوە بە مانەی خوارەوە نادرێ:

١-ئەوەی لەسەر تاوانێك یان کەتنێکی ئابرۆبەر حوکم دراوە.

٢- ئەوەی بە یەکێ لەو تاوانەی لەم یاسایەدا دەقنووس کراوە حوکم دراوە.

دووەم: ئەوەی لەم مـۆڵەتەی لە مـاددەی (٨)ی ئەم یاسـایە دەق نـووس کـراوە بە هەڵوەشـاوە دادەنـرێ ئەگەر خـاوەنەکەی بە حـوکمێکی بنەبـڕ یـا یەکێکـی لەو تـاوانەی یـان ئەو سـزایانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیەدا هاتوون لەسەری دەربچێت.

سێیەم: مۆڵەتی بازرگانی کردن بە ماددەی هۆشبەر کارتێکارە ئەقلی و پێشینە کیمیاییەکان تەنها دەدرێتە کەسێکی دەرمانساز مۆڵەتدراو یان کارگەیێکی دەرمان یـاخود ئەو لایەنـانەی لە مـاددەی (١٠)ی ئەم یاسایەدا دەق نووس کراوە.

چـوارەم: خـاوەنی ئەو شـوێنانەی مـۆڵەت دراون بە بازرگـانی کـردن بە مـاددەی هۆشـبەر یـان کارتێکاری ئەقلـی یـاخود پێشـینەی کیمیـاوی یـان بۆیـان نیـیە شـوێنەکانیان یـان ئەو مـاددانەی تیایاندا بفرۆشن یان رادەستی بکەن یاخود بە دەستی بیهێڵنەوە تەنها بۆ ئەو لایەنانە نەبێـت کە لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (١٠)ی ئەم یاسایە دەق نووس کراوان یان ئەو کەسـانەی بەپێـی یاسـا پەیرەو کردن پیشەی دەرمانسازی بەرکار ژمارە (٤٠)ی سـاڵی (١٩٧٠) یـا هەر یاسـایەك کە جـێگەی دەگـرێتەوە مـۆلەت پێـدراون بازرگـانی بـکەن بەو مـاددانەی وە بەو مەرجـانەی کە لایەنـی پەیوەندیـدار لە وەزارەت ئاگـادار بکـرێتەوە و وە ئەو لایەنـانەش کە لەم مـامەلانەدا بەشـدارن بخرێنە روو.

پێنجەم: وەزیر بە رێنمایی مەرجی پێویست ئەو شـوێنە دەری دەکـات کە بـۆ بازرگـانی کـردن بە ماددە هۆشبەر و کارتێکارە ئەقڵی و پێشینە کیمیاییەکان مۆڵەت پێ دەدرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٥) هەر وەك بەڕێزیان خوێنـدییەوە، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵیەتـی بـا دەنگ بدا؟ زۆر سوپاس، بە (٦٧) دەنگ پەسەند کرا. ماددەی دوای ئەوە، فەرموون.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى ميران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٦) دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی تەنها بڕگەی یەکەم بەو شێوەی لێبکرێت:

پزیشکی تایبەتمەند بۆی هەیە ماددە هۆشبەرەکان کارتێکارە ئەقلییەکان بۆ نەخۆش بنووسێت و بە مەبەستی چارەسەری پزیشکی تەنها لەناو نەخۆشخانەکاندا.

پێشنیاری دووەم: وەك خۆی:

بەشی چوارەم ڕەچەتەی پزیشکی سەرف کردنی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە ئەقلییەکان لەلایەن دەرمانسازەوە:

١-جگە لە مەبەستی چارەسەر کردنی بزیشکی و تەنها بەپێی ئەو ڕێنماییانەی ڕێ و شوێنانەی کە وەزارەت لەم بارەیەوە دەریان دەکات بزیش بۆی نییە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری ئەقلی بۆ هیچ نەخۆشێك بنوسێ.

٢- پزیشك نابێت هیچ برێك لە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری ئەقلی بە مەبەستی بەکارهێنان تایبەت بە خۆی بنوسێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پێشنیاری یەکەم وەکو خۆی تەنها برگەی یەکەم بەو شێوەی لێبکرێت کە بەڕێزیان خوێندییەوە هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە بەو شێوەیە بێت ماددەکە با دەنگ بدا؟ کەسی لەگەڵ نییە. پێشنیاری دووەم وەك خۆی بۆ ماددەی (١٦) هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە با دەست بەرز کاتەوە؟ بە دەنگی (٧١) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. دوای ئەوە، فەرموون.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفی میران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٧) سێ پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی تەنیا وشەی کەسەکان بگوردرێ بۆ وشەی نەخۆشەکان.

پێشنیاری دووەم: وەك خۆی کەسەکان بۆیان هەیە لە چارەسەری تەواوی پزیشکیدا ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە ئەقلییەکانیان هەبێت یان بە دەستی بیهێنن ئەمەش بە تەنیا بۆ لەبەر هۆکاری تەندروستی دەبێت و لە چوارچێوەی ئەو پرسەشدا دەبێت پزیشك بنوسێت ناشبێت لەبەر هەر هۆکارێك بێت دەستبەرداری بن بۆ کەسێکی دیکە.

پێشنیاری سێیەم: پێشنیاری لیژنەی هاوبەش لابردنی ماددەی (١٧)یە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە لەبەر دەمی سێ پێشنیارین، یەکەم وەکو خۆی تەنیا وشەی کەسەکان بگوردرێ بۆ وشەی نەخۆشەکان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە با دەست بەرز کاتەوە؟ زۆر سوپاس، (٢٤) کەسی لەگەڵە. وەك خۆیمان هەیە لەگەڵ ئەوەی لیژنەی هاوبەش، وەك خۆی چەند کەس لەگەڵ ئەوەیە؟ (٤) کەس. چەند کەس لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەکە بە تەواوی لاببرێت؟ (٤١) ئەندام لەگەڵ ئەوەیە ماددەکە بە تەواوی لاببرێت. ماددەی (١٨)، فەرموون.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٩١) دەنگدان بە روونی لە پەیرەویشدا نەهاتووە، بەڵام عورفی وا جێبەجێکرایە کە ئەندام دەتوانێ لەسەر یەك ماددە دەنگ بدا لەسەر یەك را دەنگ بدا، بەڵام چەند جارە ئەو

حاڵەتە دووبارە دەبێتەوە پێویست دەکا سەرۆکایەتی پەرلەمان روونکردنەوە بە ئەندامانی پەرلەمان بدرێ بە تەنها دەتوانێ لەسەر یەك را دەنگ بدا نەك لەسەر چەند رایەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زیاتر لە جارێك ئەوەمان وتووە هەر ئەندامێکی پەرلەمان دەتوانێ لەسەر یەك پێشنیار دەنگ بدات تکایە راستە دروستە، کاك (زانا)، فەرموون.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە دەیڵێین زۆر زەرورە و ئەو ماددەیە لەناو بڕگەکانی ئەم یاسایەدا بمێنێتەوە نازانم چ بەڕێزێك لە رابردوودا پێشنیاری کردییە، تا چەند پشتگیری بەدەست هینایە هەتا وەکو لیژنەی هاوبەش بڕیار بدا ئەو ماددەیە هەڵبگیرێ داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی هاوبەش دەکەم کە روونکردنەوە لەسەر ئەو ماددەیە بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

موناقەشە لە کاتی دەنگدانا ناکرێ، لیژنە هاوبەشەکان بێگومان ئەگەر گومانیان لەلا نەبووبێ داوای لابردنی ماددەکە ناکەن بەڕێز کاك (بژار) قسەیێکتان هەیە لەو بارەیەوە، وەلەو دەنگمان داوە بەڵام، وەزیری تەندروستی بۆ خۆی پێی باش بووە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری وەزیری تەندروستی بوو، کاك (د.سامان) لەسەر پێشنیاری ئەو بوو، کمن لێرە نەبووم لەو جەلەسە نەبووم بەس بە قسەی هاورێیان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

قسە لە دەنگدان ناکرێ ماددە (١٨)، فەرموون.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان سەبارەت بە ماددەی (١٨) دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی تەنیا بڕگەی یەکەم بەم شێوەی لێبکرێت:

دەرمانساز بۆی نییە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکارە ئەقلییەکان سەرف بکا تەنها بە پێی رەچەتەی پسولی نووسراو لەلایەن پزیشکێکەوە یان بەپێی پسولەی مۆڵەتی بەخشراو لەلایەن وەزارەتەوە نەبێت کە تێیدا ماددە هۆشبەر و کارتێکارە ئەقلییەکە و بڕەکانیان دیاری دەکات وە پێویستە وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان پسولە و رەچەتەکان بە یەك شێوە رێك بخەن لە نەخۆشخانە و نۆرینگەکانی حکومی و ئەهلی.

پێشنیاری دووەم: وەك خۆی:

١-دەرمانساز بۆی نییە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکارە ئەقڵییەکان سەرف بکا تەنها بە پێی ڕەچەتەیێکی ئسولی نوسراو لەلایەن پزیشکێکەوە یان لەلایەن پسولەی مۆڵەتی بەخشراو لەلایەن وەزارەتەوە نەبێت کە تێیدا ماددە هۆشبەر و کارتێکارە ئەقلیەکە و بڕەکانیان دیاری دەکات.

٢- وەزیر بەیانێك دەردەکات بەو مەرج و زانیاریانەی پێویستن بۆ بەدەست هێنانی پسوولەی مۆڵەتی دەق نووسکراو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا لەگەڵ ئەو لایەنە کارگێرییەی تایبەتمەند دەبێت پێدانی پسوولەی مۆڵەتەکە و ئەو بڕە دیاریکراوانەی کە نابێت لێیان زیاتر بۆ خاوەنی پسوولەکە سەرف بکرێ.

٣- پسوولەی مۆڵەت تەنیا بەو کەسانەی خوارەوە دەدرێت:

١-پزیشك.

٢- ئەو پزیشکانەی نەخۆشخانە و سەنتەرەتەندروستییەکان بەهۆی نەبوونی دەرمانساز تێیاندا دەست نیشانیان دەکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێمە بۆ ماددەی (١٨) دوو پێشنیارمان هەیە، یەکەمیان داڕشتنەوەیە بڕگەی یەکەمە بەو شێوەیەی کە بەڕێزیان خوێندییەوە هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەکە وەکو خۆی لەگەڵ دارشتنەوەی بڕگەی یەکەم وەك ئەوەی بەڕێز (د.شایان) خوێندییەوە با بفەرموێت دەنگ بدا؟ بە (٦١) دەنگ پێشنیاری یەکەم پەسەند کرا، وەك خۆی هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بێت با دەنگ بدا؟ (١) دەنگ، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی لەگەڵ دارشتنەوەی بڕگەی یەکەم بەو شێوەیەی کە پێشنیار کرا بوو پەسەند کرا. ماددەی (١٩)، فەرموون.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٩) دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: ئەم ماددەیە لابرێت.

پێشنیاری دووەم: وەك خۆی:

وەزیر ڕێنمایی دەردەکا تێیدا دەستنیشانی ئەو زانیاری و مەرجانە دەکا کە دەبێت لە ڕەچەتە پزیشکییەکان و پسوولەکانی مۆڵەتدا دەستەبەر بن وە بەپێی ئەو ڕەچەتە و پسوولانەش وەصفی ماددە هۆشبەر یان کارتێکارە ئەقلییەکان لە دەرمانخانەکان بۆ سەرف بکرێت و دەستنیشانی ماددەکە و ئەو بڕەش دەکرێ کە نابێت مانگانە لەوە زیاتر بۆ نەخۆش سەرف بکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێشنیارێك هەیە کە ئەو ماددەیە لاببرێت هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو ماددەیە لاببرێت با دەنگ بدا؟ کەس لەگەڵ ئەوە نییە ماددەکە لاببرێ. پێشنیاری دووەم ماددەکە وەکو خۆی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ماددەی (١٩)، زۆر سوپاس بە دەنگی (٦٤) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ئەوەی کە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە. مادده (٢٠)، فەرموون.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٠) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی:

ماددەی (٢٠):

بە بەیانێك کە وەزیر دەریدەکا، چۆنیەتی ئاڵوگۆر پێکردنی مادده هۆشبەر و کارتێکارە ئەقلییەکان لە نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان و ئەو یەکانەی سەر بەوانن لە کەرتی گشتی و تێکەڵاو تایبەت یان سەر بە ڕێکخراوێکی ناحکومین و خزمەتگوزاری و تەندروستی پێشکەشی نەخۆش دەکەن دیاری دەکرێن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بۆ ماددەی (٢٠) هیچ پێشنیارێك نییە بەو دارشتەی کە بەڕێز (د.شایان) خوێندییەوە هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵیەت با دەنگ بدا؟ زۆر سوپاس، بە دەنگی (٦٥) ئەندامی پەرلەمان ماددەی (٢٠) پەسەند کرا. مادده (٢١)، فەرموون.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢١) دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: ناونیشانی ماددەکە لاببرێت هەردوو برگەی یەکەم و دووەم بکرێتە یەك برگە بەم شێوەیە:

کارگەکانی دەرمان تەنها دوای وەرگرتنی ئەو مۆڵەتەی کە لە ماددەی (٨)ی ئەم یاسایەدا دەق نووسکراوە دەتوانن ئەو گیراوە پزیشکیانە دروست بکەن و بەکار بهێنن کە ماددەی هۆشبەر یا کارتێکاری ئەقلی یاخود پێشینەی کیمیاوی دەچێتە ناو پێکهاتەکانەوە.

پێشنیاری دووەم: دروستکردنی ئەو گیراوە پێشینە کیمیاوی مادده هۆشبەر و کارتێکارە ئەقڵی و یا پێشینەی کیمیایی لە خۆ دەگرن:

١-کارگەکانی دەرمان تەنها دوای وەرگرتنی ئەو مۆڵەتەی کە لە ماددەی (٨)ی ئەم یاسایەدا دەق نووسکراوە دەتوانن ئەو گیراوە پزیشکیانە دروست بکەن و کە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکارە ئەقلی یان پێشینەی کیمیاوی دەچێتە نێو پێکهاتەکانیانەوە.

٢- کارگەکانی دەرمان بۆیان نییە ماددەی هۆشبەر یا کارتێکاری عەقلی یاخود پێشینەی کیمیاوی بەدەست هاتوو بەکاربهێنن تەنها لە دروستکردنی گیراوی پزیشکیدا نەبێت بەپێی رێنمایی وەزارەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ماددەی (٢١) یەکێکیان پێشنیارێك هەیە کە ناونیشانی ماددەکە لابرێت هەردوو بڕگەی یەکەم و دووەم بکرێتە یەك بڕگە بەو شێوەی کە بەڕێزیان خوێندییەوە هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە با بفەرموێت دەنگ بدا؟ کەسی لەگەڵ نییە. دووەم وەك خۆی هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە وەك خۆی پەسەند بکرێ با دەنگ بدا؟ زۆر سوپاس بە دەنگی (٦٥) ئەندامی پەرلەمان وەکو خۆی پەسەند کرا. ماددەی (٢٢)، فەرموون.

**بەرێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویست بوو پێشەکی هەر برادەرەکی هەر ئەندامەکی بەڕێز کە ماددەکان دەخوێنیتەوە ناوی خۆی بڵێ، سەبارەت بە ماددەی (٢٢) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی:

بەشی شەشەم: ئەو رووەکانەی چاندنیان قەدەغەیە

ماددەی (٢٢):

جگە لە مەبەستەکانی پزیشکی یان زانستی تەنها لەسەر ئەو حاڵەتانەی کە بەپێی ئەم یاسایە رێگە پێدراون چاندنیان یان هاوردەکردنیان هەناردەکردن یاخود خاوەنداری کردن یا بەدەستهێنان یان دەستداری یان کرین یان فرۆشتن یان گواستنەوە یان رادەستکردن یان ئاڵوگۆڕ کردن، یاخود دەست لی هێکردن یان نێوەندی کردن لە هەر گرتیەك لەوانەی سەرەوە ئەو رووەکانِە قەدەغە کە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەرە عەقلی هاتووە لە خشتەی یەکەمی هاوبەشی ئەو یاسایە یان لەبەر هەم دێت لە تەواوی قۆناغەکانی گەشە کردنیان و تۆەکانەوەش خشاش و ئەفۆین و رەوەکی گۆشت و ئەو رووەکانەشی ئەوانە لە خۆ ئەگرن و لە رووی بۆهۆێلەوە هەموار کراوەن و کاریگەری هەمان ماددەی هۆشبەریان هەیە.

**بەریز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ماددەی (٢٢) هیچ پێشنیارێك نییە، کێ لەگەل ئەوەیە؟ (٦٥) کەس لەگەڵدایە، ماددەی (٢٣).

**بەرێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٢٣:

دوو پێشنیار هەیە:

١ وەكـو خـۆی تەنیـا بـرگەیەك زنجیـرەی بـرگەی دوو زیـاد بكـرێ بەو شـێوەیە (٢- لە وەزارەت داتابەیسێك رێكبخرێ سەبارەت بە رەسید و بڕ و پِی مادده هۆشبەرەكان و كارتێكەرە عەقلیەكان و پێشینە كیمیاییەكان بۆ رێكسختنی برگەی یەكەمی ئەو ماددەیە)

٢- وەكو خۆی.

بەشی حەوتەم:

تۆمار كردنی مـاددەی هۆشـبەر و كـارتێكەری عەقلـی و پێشـینە كیمیاییەكـان و خـاوەن كـردن و چاودێری كردن و پشكنینیان.

ماددەی ٢٣:

پێویستە لەسەر بەرپرسانی دەرمانخانە و ئەو شـوێنانەی مۆڵەتـدارن بە هـاوردە كردنـی مـاددەی هۆشبەر و كارتێكەری عەقلی یـان پێشـینە كیمیاییەكـان یـان بەكارهێنـان دەرخسـتەیەكی واژوو كراو بە وردەكاری رێیەوە بهێندرێن بۆ ئەو لایانە كارگێریانەی وەزارەت دیاری ئەكات، سـەبارەت بە مادده هۆشبەر یان كارتێكەرە عەقلیـانەی وەریـان گرتـووە و و سـەرفیان كـردووە و ئەوەشـی مـاوەتەوە بە مـاوەی (٧) رۆژ لە رێكەوتـی بەسـەر چـوونی وادەی ئەو (٩٠) رۆژەی لە بـرگەی سـێیەمی مـاددەی (١٢) ی ئەو یاسـایە دەقنـووس كـراوە بەپێـی ئەو كلێشـانەی وەزارەت بـۆ ئەو مەبەسـتە ئامـادەی ئەكـات، ئەوەش بەسـەر تەواوی دامەزراوە تەندروسـتییە حكومییەكـان و ناحكومی و نۆرینگەكانی پزیشكی پیادە ئەكرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سـوپاس، پێشـنیاری یەكەم داوا ئەكـرێ بـرگەیەك زیـاد بكـرێ بـۆ مـاددەی دووەم بەو شـێوەی خوێنـدرایەوە، كـێ لەگەلە؟ (٥٥) كەس، وەكـو خـۆی كـێ لەگەڵە؟ (٣) كەس، پێشـنیاری یەكەم پەسند كرا، فەرموو ماددەی (٢٤).

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی ٢٤: سێ پێشنیار هەیە:یەكەم:

وەكی خۆی یان لە برگەی یەكەم داتابەیس بكرێتە ببانكیی زانیاری.

دوو: وەكو خۆی تەنیا برگەیەك بە زنجیرەی برگەی چوارەم زیاد بكرێ بەو شێوەیە:

٤- هەمـان ئەو بـانكی زانیـاریەی لە بـرگەی یەكەمـی ئەو مـاددەی ئامـاژەی پێكـراوە لە خـاڵە سنووریەكان دابنرێ.

سێیەم: وەكو خۆی:

١ لە وەزارەت بـانكی زانیـاری دروسـت ئەكرێـت و تـایبەت ئەبـێ بەو كەس و لایەنـانەی مـۆلەت دراون بە هـاوردە كـردن و هەنـاردەكرن و گواسـتنەوە و دروسـت كردنـی مـاددەی هۆشـبەر و كارتێكەری عەقلی و پێشینە كیمیایەكان.

٢- ئەو زانیاریانەی لە برگەی یەکەمی ئەو ماددەی دەقنووس کراون هەریەکە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ لە ڕێکەوتی دواین تۆمارەوە ئەپارێزرێ.
٣- ئەو ڕەچێتە پزیشکیانەی لە ماددەی ١٨ ی ئەو یاسایە دەقنووس کراون بۆ ماوەی ٥ ساڵ لەو ڕێکەوتەی لەسەریی جێگیر کراوە ئەپارێزرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سێ پێشنیار هەیە، یەکەم دتابەیس بکرێتە بانکی زانیاری، فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری یەکەم خۆیان جێ بەجێیان کردووە لە سێیەم، بۆیە ئەوەی یەکەم هەر نەخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە، پێشنیاری دوو، هەمان ئەو بانکە زانیاریەی لە برگەی یەکەم ئاماژەی پێکراوە لە خاڵە سنووریەکانیش دابنرێ، کێ لەگەڵە؟ ٣ کەس، سێیەم وەکو خۆی، ٦١ کەس، پەسند کرا، ماددەی ٢٥.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٢٥: دوو پێشنیار هەیە:

یەکەم: وەکو خۆی تەنیا برگەی یەکەم لابرێ.

دوو: وەکو خۆی:

١ وەزارەت پابەند ئەبێ بە ئاگادار کردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار لە دەروازە سووریەکان و دەستەلاتی گومرگی لە هەرێم سەبارەت بە سروشت و جۆری ئەو مادده سروشتیانەی خواست لەسەر هاوردە کردنیان هەیە لەگەڵ ڕاسپاردنی دەرمانسازێك لە هەر دەروازەیەکی سنووری بۆ پشکنینی ئەو مادده و بەراوردنیان لەگەڵ مۆڵەتی هاوردە کردنەکە، ئامادە کردنی کۆنووسێك لە بارەیەوە کە وێنەیەکی هەر یەك لە لایەنی پەیوەندیدار لە دەروازەکان و دەستەلاتی گومرگی لە هەرێم و وەزارەتیش ئەکرێ.

دوو: ئەو مادده هۆشبەرانەی بەپێی ئەو ڕێکارانەی لە برگەیەی یەکەمی ئەو ماددەیە وەرگیراوە ڕەوانەی کۆگاکانی وەزارەت ئەکرێن و دواتریش ڕادەستی لایەنە هاوردەکارەکان ئەکرێن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو پێشنیار هەیە، یەکەم وەکو خۆی برگەی یەکەم لابرێ، کێ لەگەڵە؟ کەس نییە، وەکو خۆی؟ (٦٤) کەس لەگەلیەتی، پەسند کرا، مادده سزایەکان.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٢٦: سێ پێشنیار هەیە:

یەکەم: وەکو خۆی تەنیا برێك دیاری بکرێ بۆ ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە عەقلی و پێشنینە کیمیاییەکان بە مەبەستی هەژمار کردنی وەکو بازرگانی پێ کردنی نارەوا.

دوو: وەکو خۆی تەنیا سزای لەسێدارەدان نەمێنێ.

سێ: وەکو خۆی.

ماددەی ٢٦:

هەر کەسێك یەکێك لەو کردەوانەی خوارەوە ئەنجام بدات بە لە سێدارەدان یان زیندانی کردنی هەتاهەتایی سزا ئەدرێ:

١ ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقلی یان پێشینەی کیمیایی هاتوو لە خشتەی ژمارەی یەکی هاوپێچی ئەو یاسایە یان روەکێك لەو روەکانەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکەری عەقلی لێ بەرهەم دێت بە مەبەستی بازرگانی پێ کردن بەدەر لەو حاڵەتانەی یاسا مۆلەتی پێداون هەناردە یان هاوردە کردبێت.

٢- ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقلی بە مەبەستی بازرگانی پێکردن بەرهەمهێنابێ یان دروستی کردبێ بەدەر لەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتی پێداون.

٣- بەمەبەستی بازرگانی پێکردن روەکێکی چاندبێت کە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقلی لێ بەرهەمدێت یان روەکێکی لەو روەکانە لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشە کردنی هێنابێ یان هاوردە یان هەناردە کردبێ یان بازرگانی بە تۆوەکەی کردبێ بەدەر لەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتی پێدوان.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سێ پێشنیار هەیە، یەکەم، وەکو خۆی، تەنیا برێك دیاری بکرێ بۆ بازرگانی پێکردنی نارەوا، کێ لەگەڵە؟ کەس نییە، دووەم وەکو خۆی تەنیا سزای لە سێدارەدان نەمێنێ، کێ لەگەڵە؟ (٨) کەس، وەکو خۆی؟ (٦٠) کەس، پەسند کرا، ماددەی (٢٧).

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٢٧: سێ پێسشنیار هەیە:

یەکەم: وەکو خۆی تەنیا سزا ماددییەکان لە بڕگەکانی یەکەم و دووەم سێ ئەوەندەی لێ بکرێ بەو شێوەیە:

١ پێبژاردن کەمتر نەبێ لە (٣٠) ملیۆن دینار و زیاتر نەبێ لە (٩٠) ملیۆن دینار.

٢- پێبژاردن کەمتر نەبێ لە (١٥) ملیۆن دینار و زیاتر نەبێ لە (٣٠) ملیۆن دینار.

دووەم:
١ هەر کەسێك یەکێ لەو کردارانەی خوارەوە ئەنجام بدات بە زیندانی کردنی هەتاهەتایی یان کاتی و بەپێ بژاردنی بڕێك کەمتر نەبێ لە (١٠) ملیۆن دینار و زیاتر نەبێ لە (٣٠) ملیۆن دینار سزا ئەدرێ.
١ ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقلی یان پێشینەی کیمیایی هاتوو لە خشتەی ژمارە یەکی هاوپێچی ئەو یاسایەی بەدەست هێنابێ یان دەستکاری کردبێ یان کڕیبێ یان فرۆشتبیتی یان رادەستی کردبێ یان وەریگرتبێ یان گواستبێتیەوە یان دەستی لێ هەڵگرتبێ یان ئالوگۆری پێ کردبێ یان سەرفی کردبێ بە هەر سیفەتێك یان نێوەندگیری کردبێ لە یەکێ لەو کردانە بە مەبەستی بازرگانی پێ کردن بە هەر شێوەیەك بێ بەدەر لەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتی پێداون.
٢- ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقلی بۆ بەکارهێنان پێشکەشی کەسێکی دیکە کردبێ یان بەشدار بووبێ یان هاندەر بووبێ لەسەر بەکارهێنانی بەدەر لەو حاڵەتانەی یاسای مۆڵەتی پێداون.
٣- مۆڵەت درابێ بە دەستداری ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقلی یان پێشینەی کیمیایی هاتوو لە خشتەیەك لە خشتەکانی ژمارە یەکەم و دووەم و سێیەمی هاوپێچ لەگەل ئەو یاسایە بۆ بەکارهێنانی لە مەبەستێکی دیاری کراو بەڵام بە پێچەوانەی ئەو مەبەستە رەفتاری کردبێ.
٤- شوێنێکی بۆ بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر یان ارتێکەری عەقلی بەڕێوەبردبێت یان ئامادەی کردبێ یان رەخساندبێت.
٥- ناوجەوانێکی هەڵنابێت یان کەسێکی هاندابێت بۆ ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقلی.
دوو: هەر کەسێك بە مەبەستی بازرگانی پێ کردن بە هەر شێوەیەك بێت بەدەر لەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتی پێداون ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقلی لە خشتەکانی دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم و دەیەمی هاوپێچ لەگەل ئەو یاسایە یان روەکێك لەو روەکانەی کە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقلی لێ بەرهەم دێت بە خاوەن بووبێ یان بەدەستی هێنابێ یان دەستداری کربێ یان کرییێتی یان فرۆشتبێتی یان راستی کردبێ یان وەریگرتبێ یان گواستبێتیەوە یان دەستی لێ هەڵگرتبێ یان ئالوگۆری پێ کردبێ یان سەرفی کردبێ بە هەر سیفەتێك بێ یان نێوەندگیری لە هەر کردەیەك لەوانەی سەرەوە کردبێ بە بەند کردنی توند بوون و بە پێ بژاردنێك کەمتر نەبێ لە (٥) ملیۆن دینار و زیاتر نەبێ لە (١٠) ملیۆن دینار سزا ئەدرێ.
سێیەم: پێشنیاری لیژنەی هاوبەشە:
وەکو خۆی تەنیا خاڵی (٥) لە برگەی یەکەمی ئەو ماددەیە لابرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سێ پێشنیار هەیە، یەکەم، چەند مەبلەغێك زیاد کراوە، کێ لەگەڵە؟ (٣٨) کەس، وەکو خۆی گە لیژنەی هاوبەش پێشنیاری کردووە خاڵی (٥) لابرێ؟ (٢٧) کەس، پێشنیاری یەکەم پەسند کرا، فەرموو بۆ (٢٨).

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٢٨: سێ پێشنیار هەیە:

یەکەم: وەکو خۆی تەنیا لە برگەی سێیەم وشەی باندی ناوخۆی زیاد بکرێ.

دووەم: وەکو خۆی:

ئەمانەی خوارەوە بە باری توند کردن بۆ ئەو سزایانەی لە هەردوو ماددەی ٢٦ و ٢٧ ئەو یاسایە دەقنووس کراون دائەنرێ.

١ گەڕانەوە بۆ تاوان بۆ سەلماندنی تاوان گشت ئەو حوکمە دادوەریە نیشتیمانی و بیانیانە ڕەچاو ئەکرێن کە بە تاوانبار کردن بەو تاوانانەی لەو یاسایە دەقنووس کراوان دەرچوون.

٢- ئەگەر بکەر فەرمانبەر یان کەسێکی راسپێردراو راژەی گشتی بێ لەوانەیە بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی پێکردن یان بەکارهێنانی نارەوا بە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقلی یان چاودێری کردنی ئالوگۆریان دەستداریان پێ سپێردراوە.

٣- ئەگەر بکەر بەشدار بوو بێت لە باندێکی نێودەولەتی یان کردارێکی هاوکات بێت لەگەل تاوانێکی پێشێلکار (مخل) بە ئاسایشی هەرێم.

٤- ئەگەر بکەر توندو تیژی یان چەك لە ئەنجامدانی تاوانەکەی بەکاربێنێ.

٥- ئەگەر تاوانەکە لە شوێنی خواپەرستی یان دامەزراوەیەکی فێرکاری سەربازی یان مەدەنی لە زیندان یان گرتووخانە یان شوێنی راگرتن یان چاکسازی ناوجەوانان یان پەناگەیەکی لەخۆ گرتن کەسانی بێ لایەن و بێ سەرپەرشت یان شوێنی چاودێری کردنی بێ باوك و دایکان یان یانەیەکی وەزرشی یان دامەزراوەیەکی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەنجام درابێ.

سێیەم: پێشنیاری لیژنەی هاوبەش:

وەکو خۆی تەنیا برگەی دووەم بەو شێوەیە بێ:

٢- ئەگەر بکەر فەرمانبەر یان کەسێکی راسپێردراو بە راژەی گشتی بێ یان پۆلیس یان ئاسایش بێ لەوانەی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی پێکردن یان بەکارهێنانی نارەوا بە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقلی یان چاودێری کردنی ئالوگۆر یان دەستداریان پێ سپێردراوە، لە برگەی پێنجەمیش وشەی فێرکاری لابرێ، قوتابخانە یان فەرمانگە و دەزگاکانی حکومەت زیاد بکرێ بەو شێوەیە.

٥- ئەگەر تاوانەکە لە شوێنی خواپەرستی یان دامەزراوەیەکی سەربازی یان مەدەنی لە زیندان یان گرتووخانە یان شوێنی راگرتنی چاکسازیەکی ناوجەوانان یان پەناگەیەکی لەخۆ گرتنی کەسانی بێ لانە و بێ سەرپەرشت یان شوێنی چاودێری کردنی بێ باوك و دایکان یان قوتابخانە یان فەرمانگەی و دەزگاکانی حکومەت یان یانەیەکی وەزرشی یان دامەزراوەیەکی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەنجام درابێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سێ پێشنیار هەیە، یەکەم، وەکو خۆی تەنیا لە بڕگەی سێیەم ووشەی باندی ناوخۆی زیاد بکرێ، کێ لەگەڵە؟ (١) کەس، دووەم، وەکو خۆی، کەس نییە، سێیەم پێشنیاری لیژنەی هاوبەشە، (٦٩) کەس لەگەڵە، پەسند کرا، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی مادده سزاییەکان بەڕێزت بیخوێنەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٩) هیچ پێشنیار نیە وەکو خۆی،

١ هەر کەسێك دەستدرێژی بکاتە سەر فەرمانبەرێك یان راسپێردراوێك بە راژەی گشتی لەوانەی ئەو یاسایە جێ بەجێ ئەکەن یان بە هێز یان بە توندوتیژی یان بە چەك لە کاتی بەجێ گەیاندنی وەزیفە یان بە هۆیەوە بەرنگاری بێتەوە ئەوە زیندانی کردنی کاتی سزا ئەدرێ و سزاکە ئەبێتە زیندانی کردنی تاهەتایی لەو حالەتانەی خوارەوە:

١ ئەگەر ئەو دەست درێژیە کە لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەی دەقنووس کراوە پەکەوتەی هەمیشەیی لێ بکەوێتەوە.

٢- ئەگەر بکەر لەو فەرمانبەرانە بێ کە نەهێشتنی تاوانی یان پاراستنی ئاسایشیان پێ سپێدراوە.

٣- ئەگەر ئەو دەستدرێژیەی لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە دا دەقنووس کراوە بووە هۆی مردنی تاوانلێکراو ئەوا سزاکە ئەبێتە لە سێدارەدان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٢٩) وەکو خۆی، کێ لەگەڵە؟ (٦٤) کەس لەگەڵە، پەسند کرا، فەرموو دواتر.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٠) چوار پێشنیار هەیە:

یەکەم: وەکو خۆی تەنیا سزا ماددەیەکە بەو شێوەی لێ دێ، بە پێبژاردنێك لە (٢٠) ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە (٤٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێ.

دوو: وەکو خۆی تەنیا سزای بەند کردنەکە بەو شێوەیە بێ، لە سێ ساڵ کەمتر نەبێ.

سێ: وەکو خۆی، هەر پزیشکێك راچێتەیەکی بۆ سیەرف کردنی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقلی جگە لە مەبەستی چارەسەری پزیشکی بنووسێ بە بەند کردن بۆ ماوەی (٦) مانگ کەمتر نەبێ و پێبژاردنێك لە (٣) ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە (٥) ملیۆن دینار زیاتر نەبێ بەیەکێ لەو دووانە سزا ئەدرێ و هاوکات پیادە کردنی پیشەکەی بۆ ماوەی (١) ساڵ لێ قەدەغە ئەکرێ، هەر دەرمانسازێکیش ئەم ماددانە بێ راچێتەی پزیشکی هاورێك لەگەڵ حومکەکانی ئەو یاسایە سەرف بکات هەمان سزا ئەدرێ.

چـوارەم: پێشـنیاری لیـژنەی هاوبەشـە، وەکـو خـۆی تەنیـا لە سـزا مـاددیەکە بەو شـێوەیە، پێشبژاردنێك لە (١٠) ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و (٢٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێ.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان چوار پێشنیار هەیە، وەکو خۆی تەنیا سزا ماددەیەکە بەو شێوەی لێ دێ، بە پێبژاردنێك لە (٢٠) ملیـۆن دینـار کەمتـر نەبـێ و لە (٤٠) ملیـۆن دینـار زیـاتر نەبـێ، کـێ لەگەلە؟ (٢) کەس، پێشنیاری دووەم، وەکو خۆی تەنیا سـزای بەنـد کـردنەکە بەو شـێوەیە بـێ، لە سـێ سـاڵ کەمتـر نەبێ، (١) کەس، سێیەم، وەکو خۆی، (٢) کەس، چوارەم، (٥٦) کەس لەگەلە، پەسند کـرا، فەرمـوو دواتر.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣١) دوو پێشنیار هەیە:

یەکەم: وەکو خـۆی تەنیـا سـزا مـاددیەکە بەو شـێوەیە بـێ، پێبژاردنێـك کە لە (٥٠) ملیـۆن دینـار کەمتر نەبێ و لە (١٠٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێ و سزای بەند کردن لە (١٠) سـاڵ کەمتـر نەبـێ و لە (١٥) ساڵ زیاتر نەبێ.

دووەم: وەکو خۆی، هەر کەسێك بە مەبەستی وەرگرتن و بەکارهێنانی کەسـی مـاددەی هۆشـبەر یان کارتێکەری عەقلی یان پێشـینەی کیمیـایی هـاوردە بکـات یـان بەرهەم بهێنـێ یـان دروسـتی بکات یان دەستداری بکات یان بەدەستی بهێنێ یان بە خاوەنی بهێنێ یان بیکرێ یـان رووەکێـك لە رووەکەکانی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقلی بەرهەم بهێنـێ یـان بچێنـێ یـان بەرهەم بهێنێ، ئەوا بە بەند کردن بـۆ مـاوەیەك لە (١) سـاڵ کەمتـر نەبـێ و لە (٣) سـاڵ زیـاتر نەبـێ و بە پێبژاردنێك لە (٥) ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە (١٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێ سزا ئەدرێ.

**بەرێز د. رێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو پێشنیار هەیە، یەکیان سزاکە زیاد کراوە، یەکیان وەکو خۆی، یەکەم، کێ لەگەڵە؟ (٤) کەس، وەکو خۆی؟ (٦٠) کەس، پەسند کرا، ماددەی (٣٢).

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٣٢: دوو پێشنیار هەیە.

یەکەم : وەکو خۆی، برگەی سێیەمی ئەو ماددەیە بەو شێوەی لێ ئەکرێ:

٣- هەر کەسێك بزانێ ئەو روەکە هۆشبەرانەی لەو یاسایە هاتوون یان روەکی هۆشبەری هەموار کـراو لە رووی بـۆهێلەوە بە نـارەوایی لە شـوێنەکە چێنـراون و دەسـت پێشـخەری نەکـرا بـۆ هەواڵدان بە دامەزراوە پەیوەندیدارەکان ئەوا ەو سزایەی بەسەر جێ بەجێ ئەکرێ کە لە خـالی یەکەمی برگەی دووەمی ئەو ماددەیە دەقنووس کراوە.

دووەم: وەکو خۆی:
١ بە بەند کردن بۆ ماوەیەك لە (٦) مانگ کەمتر نەبێ و لە (٢) ساڵ زیاتر نەبێ و پێبژاردنێك لە (٣) ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە (٥) ملیۆن دینار زیاتر نەبێ سزا ئەدرێ.
١ هەر کەسێك لە شوێنی خۆی ڕێگە بە کەسی دیکە بدات ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقلی بەکاربێنێت تەنانەت ئەگەر بێ بەرامبەریش بێت.
٢- هەر کەسێك لە شوێنێکی ئامادە کراو یان ڕەخسێندراو بۆ بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقلیەکان بگیرێت و بە ئاگاداری ئەو ماددە بەکاربهێندرێ.
دووەم: حوکمی برگەی یەکەمی بەسەر هاوسەر و بنەچەو لقەکانی ئەو کەسەی ئەو شوێنەی ئامادده کردوە و ڕەخساندووە یان ئەوەی لەگەلیان نیشتەجێ بووە جێ بەجێ ناکا بە مەرجی ڕەچاو کردنی حوکمەکانی یاسای سزادان دەربارەی بەشداری کردن لە هەوالدان لەسەر تاوانەکان.
سێیەم:
بە پێبژاردنێك لە (٢) ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە (٥) ملیۆن دینار زیاتر نەبێ هەر کەس ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقلی دەستبەر بکات یان بەدەست بێنێ بە بڕی زیاتر لەو بڕانەی کە دەرنجامی فرەیی پرۆسەی کێشانن یان کەمتر بێ لەو مەرجە جیاوازانەی لەوانەی خوارەوە زیاتر نەبن:
١ ڕێژەی ١٠% لەو برانەی لە (١) گرام زیاتر نین و ڕێژەی ٥% لەو بڕانەی لە (١) گرام زیاترن تا (٢٥) گرام بەو مەرجەی برەکە ڕێگە پێدراوە لە (٢٥) گرام زیاتر نەبێ.
٢- ڕێژەی ٢% لەو بڕانەی کە لە (٢٥) گرام زیاتر نین دال/ لە سەدا پێنج لەو ماددە هۆشبەرانە یان کار تێکارە عەقلییانە شل جا بڕەکەی هەر چەندێك بێت، دووەم لە حاڵەتی گەرانەوە بۆ تاوان سزایەکە دەبێت بە بەندکردن و پێبژاردنێك لە پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت یان بە یەکێك لەم دوو سزایە.
چوارەم: هەرکەسێك بزانێت ئەو ڕووەکە هۆشبەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون بە ناڕەوا لە شوێنێك جێندراون دەست پێشخەری نەکات بۆ هەواڵدان بە دامەزراوە پەیوەندیدارەکان ئەوا سزایی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت کە لە خاڵی یەکەمی بڕگەی سێیەمی ئەم ماددەیەدا دەق نوسکراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ماددەی (٣٢) دوو پێشنیار هەیە، یەکەمیان داڕشتنێکی تری بۆ بڕگەی سێیەم کردووە کە بەڕێزیان خوێندیانەوە، دووەمیش وەك خۆی، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە کە داڕشتنەوەی ماددەی بڕگەی سێیەمی ماددەکەیە کە بەو شێوەیە خوێندرایەوە با بفەرموێت دەنگ بدات؟ بەڵێ کەسی لەگەڵ نییە، پێشنیاری دووەم وەك خۆی؟

بەڵـێ زۆر سـوپاس بەدەنگـی (٦٤) ئەنـدامی پەرلەمـان وەك خـۆی جێبەجێكرا،مـاددەی (٣٣) بخوێنەوە.

**بەرێز جلال محمد امين:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣٣) هیچ پێشنیارێك نییە

١-پێویستە دادگای تایبەتمەند بڕیـاری گلدانەوەی مـایەی هەمـوار گوێزرانەوەو نەگوێزرانەوەی هەر كەسێك بدات بە پێی یاسا یەكێك لەو تـاوانەی ئەنجـام دابێـت كە لە هەردوو مـاددەی (٢٦و ٢٧)ی ئەم یاسایەدا دەق نووسكراون.

٢-پێویستە لەسەر دادگا لەسەرچاوەی راستەقینەی ئەو مایانەی لە بڕگەی یەكەمی ئەم مـاددەیە دەق نوسكراون بە لێكۆلینەوە لێكۆلینەوەكەش مایەی گوێزراوەو نەگوێزراوەو هاوسەرو منالّ و كەسانی دیكە جگە لەوانەی لە ناو دەرەوەی هەرێم دەیان گرێتەوە.

٢-دادگـا بڕیـاری دەسـت بەسـەرداگرتنی مـایەی تۆمەتبـارو هەروەهـا هاوسـەرو منالّەكـانی یـان كەسانی دیكە جگە لەوان دەدات، ئەگەر بۆی سەلمێندرا ئەو مایانە بەرهەمی ئەنجامدانی یەكێك لەوانەن كە لە هەردوو ماددەی (٢٦ و ٢٧) ئەم یاسایەدا دەق نووسكراون.

٣-بان كە عێراقی و بیانیەكان ئەوانەی لە هەرێم كار دەكەن پابەند دەبـن بە پێـدانی گشـت داتـاو بە دادگا تایبەتمەندیەكان بۆ زانینی بڕی رەسید و پاشەكەوت و پێسپاردەو پشكو سـەنەدوو هەر مایەكی دیكە كە خاوەنداریەتی دەگەرێـتەوە بـۆ ئەو كەسـانەی لەسـەر ئەو تـاوانەی لەم یاسـایە دەق نوسكراون لێكۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەكرێت و جێبەجێكردنی بڕیارەكانی دادگا بە گلدانەوەی یان دەست بەسەرداگرتنیان.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەرێزان بۆ ماددەی (٣٣) هیج پێشـنیارێك نیـیە، هەر ئەنـدامێكی بەرێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە وەك خـۆی پەسـەند بكـرێ بـا بفەرمـێ دەنـگ بـدات؟ بەلـێ زۆر سـوپاس بە دەنگـی (٦٥) ئەندامی پەرلەمان پەسەندكرا، ماددەی (٣٤) بخوێنەوە.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣٤) سێ پێشنیار هەیە

پێشنیاری یەكەم: وەك خۆی تەنیا لەبڕگەی دووەمدا لەكۆتایدا دەستەواژەی لە ناو دەبرێـت زیـاد بكرێ.

پێشنیاری دووەم: سزای دەسـتكردن الشـروع بە ئەنجـامی تـاوان وەك مـاددەی (٣١ و ٣٢) یاسـای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) بێت.

پێشنیاری سێیەم: وەك خۆی

١-لە هەموو بوارێکدا حوکوم بە دەست بەسەرداگرتنی مادده هۆشبەرو کارتێکارە عەقلی و پێشینە کیمیاوییەکان و ئەو رووەکانەی مادده هۆشبەر یان کارتێکارە عەقلی لێ بەرهەم دێت و ئەو کەرەستەو ئەو ئامێرو کەل و پەل و ئامرازی گواستنەوەو ئەو گواستنەوانەی لە ئەنجامدانی تاوانەکە بەکار هاتوون دەدرێت بە بێ پێشێلکردنی مافی کەسانی دیکەی نیاز پاك.

٢-گشت ئەو ماددەو هۆشبەرو کارتێکارە عەقلییانەی هۆکارە عەقلی و پێشینە کیمیاوییانەی گیراون راستەوخۆ بۆ ئەو لایەنانەی تایبەتمەندن بە پاراستنیان دەنێردرێت.

٣-حکومەت بە داخستنی هەر شوێنێکی مۆڵەت دراو پاڵپشت بە حوکمەکانی ماددەی (٨)ی ئەم یاسایە بە هاووردەکردن یان بە هەناردەکردن یان گواستنەوەی یان دەستداری ماددەی هۆشبەر یان کار تێکارە عەقلی یان پێشینە کیمیاوییەکان دەدرێ بۆ ماوەیەك لە یەك مانگ کەمتر نەبێت و لە یەك ساڵ زیاتر نەبێ داخستنەکەش قەدەغەکردنی خودی کارەکەی یان بازرگانیەکەی یان خودی دروستکردنەکە لە هەمان شوێن بە دوای خۆیدا دەهێنێت و چ لە رێگەی خودی حوکومدراو یان لە یەکێك لە تاکەکانی خێزانەکەی یان هەرکەسێکی دیکە کە حوکوم دراو لە دوای رووداني تاوانەکە شوێنەکەی بکرێ تێدابێت یان دەستی لێ هەڵگرتبێت و قەدەغەکردنەکەش خاوەن شوێنەکە یان هەر کەسێك مافی عایلی بەسەردا هاتبێت ناگرێتەوەو ئەگەر پەیوەندی بە تاوانەکەوە نەبێت.

٤-پێویستە لەسەر دادگا سەرباری ئەو سزایانەی لەم یاسایانەدا دەقە دادنوسکراون حوکم بدات بە بێ بەشکردنی کەسی حوکم دراو لە پیادەکردنی کارەکەی بۆ ماوەیەك لە یەك ساڵ زیاتر نەبێت، ئەگەر گەڕایەوە بۆ هەمان تاوان لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەی دەکەوێتە دوای دەرچوونی حوکمی کۆتای قەدەغە کردنەکەی، ئەوا دادگا بۆی هەیە فەرمان بکات بە قەدەغەکردنی بۆ ماوەیەك لە سێ ساڵ زیاتر نەبێت و قەدەغەکردنەکەش لە رێکەوتی کۆتایهێنانی جێبەجێ کردنی سزاکەی یان کۆتایهاتنی بە هەر هۆیەك بێت دەست پێ دەکات.

پێنجەم:

١-بۆ سزای دەستکردن الشروع بە ئەنجامدانی هەر تاوانێك لەو تاوانانەی لەم یاسایەدا سزایان بۆ دانراوە سزای تاوانی تەواو جێبەجێ دەکرێت.

٢-بەژداری کردن (المساهمە) لەو تاوانانەی لەم یاسایەدا سزایان بۆ دانراوە چ بە هاندان بێت یان رێکەوتن یان یارمەتیدان یان هەر شێوەیەکی دیکەی بەشداریکردن سزای بکەری تاوانەکەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێزان ماددەی (٣٤) سێ پێشنیارمان هەیە، پێشنیاری یەکەم وەکو خۆی تەنها لە بڕگەی دووەمدا لە کۆتاییدا دەستەواژەی لە ناو دەبرێ زیاد بکرێ، هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە با دەست بەرز بکاتەوە؟ بە دەنگی (٥١) ئەندامی بەرێز.

پێشنیاری دووەم: وەك خۆی، بەڵام سزای دەستكردن بە ئەنجامی تاوان واتا الشروع وەك ماددەی (٣١ و ٣٢) یاسای سزادانی عیراقی(١١١) ساڵی (١٩٦٩)ی لێ بكرێ هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە با دەست بەرز بكاتەوە؟ (١) دەنگی بەدەست هێنا.

وەك خۆی بەڵێ زۆر سوپاس پێشنیاری یەكەم پەسەندكرا فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣٥): دوو پێشنیار هەیە

پێشنیاری یەكەم: وەك خۆی تەنها بڕگەكانی یەكەم و سێیەم بەم شێوەیەی لێبكرێت

بڕگەی یەكەم: نابێت ئەوانەی تۆمەتبارن بەو تاوانانەی لە ماددەكانی (٢٧و ٢٨و ٣٠ و ٣١)ی ئەم یاسایە دەق نوسكراون دەستەبەری ئازاد بكرێن تا وەكو دەعواكە یەكلایی دەكرێتەوە.

لە بڕگەی سێیەمیشدا بەم شێوەیەی لێبكرێت ئەو تاوانانەی لە ماددەكانی (٢٦ و ٢٧ و ٣٠ و ٣١)ی ئەم یاسایە دەق نوسكراون بە تاوانی ئابروبەر دادەنرێن.

پێشنیاری دووەم: وەك خۆی

١-نابێت ئەوانەی تۆمەتبارن بەو تاوانانەی لە ماددەكانی (٢٦ و ٢٧ و ٣٠) ی ئەم یاسایە دەق نووسكراون بە دەستەبەری ئازاد بكرێن تا وەكو داواكەی یەكلای دەكرێتەوە.

٢-ئەو تاوانانەی لەم یاسایەدا دەق نووسكراون لەو تاوانانەدا كە پابەندن بە رادەستكردنەوەی تاوانباران بە پێی یاسا دەیان گرێتەوە.

٣-ئەو تاوانانەی لە هەردوو ماددەكانی (٢٦ و ٢٧)ی ئەم یاسایەدا دەق نوسكراون بە تاوانی ئابروبەر دادەنرێن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٣٥) دوو پێشنیارمان هەیە، پێشنیاری یەكەم وەك ئەوەی بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵە با دەستی خۆی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس (٥) كەس.

پێشنیاری دووەم وەكو خۆی هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە با دەستی خۆی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس بەدەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان وەك خۆی پەسەندكرا،فەرموون ماددە (٣٦) بخوێنەوە.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٦) دوو پێشنیار هەیە

پێشنیاری یەكەم: بڕگەی یەكەم بەم شێوەیەی لێ بكرێ:

١-هەر کەس لە سزاکانی ئەم یاسایە دەبورێت ئەگەر بە بەڵگە سەلمێندرا دەستپێشخەربووە بە پێدانی زانیاری بە دەسەڵاتە گشتیەکان لەسەر تاوانەکە بەر لەوەی دەسەڵاتەکان بە دوای بگەڕێن و گەڕان لەو بارەیەوە ئەنجام بدەن.
پێشنیاری دووەم:
١-هەرکەسێك لە نێو تاوانبارەکان دەست پێشخەربێت بە هەڵدان بە دەسەڵاتە گشتییەکان لەسەر تاوانەکە بەر لە ئەنجامدان و پێش ئەوەی دەسەڵاتەکان دەست بە گەڕان و بە دوا داگەرانی ئەنجامدانی زانینی بکەرەکانی دیکە بکەن لەو سزایانەی لەم یاسایەدا دەقنوسکراون دەبوردرێت، بەڵام ئەگەر هەوڵدانەکە لە دوای دەستپێکردنی دەسەڵاتەکان بێت بەو کارانە ئەوا تەنها ئەوکاتە لە سزاکە دەبوردرێت کە هەواڵدانەکەی دەستگیرکردنی ئەو تۆمەتبارانەی ئاسانکردبێت.
٢-هەر هەوڵدانێك بە دەسەڵات تا گشتیەکان سەبارەت بە تاوانەکە لە کاتی لێکۆلینەوە یان دادگایکردن کە بێتە مایەی گرتنی تاوانبار یان ئاشکراکردنی کەسانێك بەشداریان کردبێت لە تاوانەکەو پەیوەندییان هەبێت بە باندی تاوانکاری نێو خۆی یان نێو دەوڵەتی بە پاساوێکی سەوکەر دا دەنرێت بۆ ئەوەی ئەو هەوڵدانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ماددەی (٣٦) دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم ئەوەیە کە بڕگەی یەکەم بەو شێوەیەی لێبکرێ کە بەرێزیان خوێندیەوە، هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمانی لەگەڵە با دەستی خۆی بەرز بکاتەوە؟ بەلێ سوپاس کەسی لەگەڵ نییە.
پێشنیاری دووەم هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمانی لەگەڵە با دەستی خۆی بەرز بکاتەوە؟ بەلێ زۆر زۆر سوپاس (٧٣) دەنگ وەکو خۆی پەسەندکرا، فەرموون ماددەی (٣٧) بخوێنەوە.

**بەرێز جلال محمد امین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٧): هیچ پێشنیارێك نیە وەك خۆی حوکمەکانی یاسای سزاکانی بەرکار ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی یان هەر یاسایەکی دیکە جێگەی بگرێتەوە بەسەر هەر تاوانێك یا سەرپێچیەك کە لەم یاسایەدا نە هاتوە جێبە جێ دەکرێت.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەرێزان هیچ پێشنیارێك نییە بۆ ماددەی (٣٧) هەر بەرێزێك لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو ماددەیە بەو شێوەیە پەسەند بکرێ کە بەرێزیان خوێندیەوە با بفەرمێ دەنگ بدات؟ زۆر سوپاس بە دەنگی (٧١) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، فەرموون ماددەی (٣٨) بخوێنەوە.

**بەرێز شاخەوان رؤوف مصطفی میران:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣٨) هیچ پێشنیارێك نییە، وەك خۆی بەشی نۆیەم رێ و شوێنەکانی چارەسەرکردنی کەسی ئالوودەبوون ماددەی (٣٨)

یەکەم: دادگا لە جیاتی سەپاندنی ئەو سزایەی لە ماددەی (٣١)ی ئەم یاسایە دەق نوس کراوە بۆی هەیە بڕیار بدات بەوەی بە گونجاو دەزانێ لە مانەی خوارەوە.
١-دانانی ئەو کەسەی کە دەسەلمێندرێن کە ئاڵوودەی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری ئەقلیە لە یەکێك لەو دامەزراوە تەندروستییانەی بۆ ئەم مەبەستە دروست دەکرێن، بۆ ئەوەی تێیدا چارەسەر بکرێن تاکو لیژنەی تایبەتمەند بە لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ئەو کەسە راپۆرتێك دەربارەی حاڵەتەکەی بۆ دادگا بەرز دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بڕیاری ئازادکردن یان درێژە دان بەمانەوەی بۆ ماوەیەکی دیکە بدات.
دووەم: پابەندکردنی ئەوکەسەی دەسەلمێندرێت ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی بەکار دەهێنێ بەسەردانی کردنی نۆرینگەیەکی دەروونی کۆمەڵایەتی بۆ ئەم مەبەستە دروست دەکرێن هەفتانە یەك جار یان دووجار یارمەتیدانی لەسەر دەربازبوون لە بەکار هێنان تاکە پزیشکی راسپێردراو بە یارمەتیدانی راپۆرتێك دەربارەی حاڵەتەکەی بۆ دادگا بەرز دەکاتەوەو بۆ ئەوەی بڕیار لە راگرتنی سەردانی کردن یا درێژە پێدانی بۆ ماوەیەکی دیکە بدات،و نابێت بەس کردنەوەی ئەم راپۆرتە لە (٩٠) رۆژ زیاتر بێت لە رێکەوتی دروستکردنی نەخۆش بە سەردانی کردن ئەم نۆرینگەیە دوا بکەوێت.
سێیەم: پابەندکردنی ئەو کەسەی بڕیاری ئازادکردنی لە دامەزراوەی تەندروستی کە سەردانی نۆرینگەیەکی دەروونی کۆمەڵایەتی بکات.
دووەم: لە وەزارەت لیژنەیەکی پزیشکی جێبەجێکردنی ئەو رێکارانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەق نووس کراوە پێك دەهێندرێت و ئەرکی ئەو لیژنەیە بە رێنمایی دیاری دەکرێ کە وەزیر دیاری دەکات.
٣-ئەگەر کەسی حوکم دراو ئەو چارەسەرییەی لەو ماددەیەی بڕیاردراوە رەتکاتەوە ئەوە دادگا بۆی هەیە لە شوێنی بەندکردن دایبنێت بۆ ماوەیەك لە ماددەی (٣١)ی ئەم یاسایە دەق نوسکراوە سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ماددەی (٣٨) هیچ پێشنیارێکی لەسەر نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵ ئەو ماددەیە بەو شێوەیە پەسەند بکرێ با دەستی خۆی بەرز بکاتەوە فەرموێ دەنگ بدات؟ زۆر سوپاس بە دەنگی (٧٦) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا،فەرموون ماددەی (٣٩) بخوێنەوە.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفی میران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣٩) دوو پێشنیار هەیە:
پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی:

١-ئەو کەسەی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری ئەقلی بەکار دەهێنێت و لە خۆیەوە دێتە پێش و بۆ چارەسەرکردن لە نەخۆشخانەی تایبەت بە چارەسەرکردنی کەسانی ئالودەبوو سکاڵای تاوانکاری لەسەر ناکرێت.
دووەم:
١-ئەو نەخۆشەی حوکمی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەیگرێتەوە لە ژێر چاودێری دامەزراوەیی تەندروستی دادەنرێت بۆ ماوەیەك لە (٣٠) ڕۆژ زیاتر نەبێت.
٢-ئەگەر بۆ دامەزراوەی تەندروستی سەلمێندرا کە نەخۆشەکە ئالودەیەو پێویستی بە چارەسەر هەیە، بۆی هەیە بۆ ماوەیەك لە (٩٠) ڕۆژ زیاتر نەبێت بهێلرێتەوە.
٣-دامەزراوەی تەندروستی ماوەی مانەوەی نەخۆش تیایدا بۆ ماوەی (١٨٠) ڕۆژ درێژ دەکاتەوە، ئەگەر بۆی دەرکەوت چارەسەرکردنی پێویست بەو ماوەیە هەیە.
سێیەم: لێژنەی پزیشکی تایبەتمەند بۆی هەیە ئەوکەسەی بڕیاری دەرچواندنی لە دامەزراوەی تەندروستی دەدرێت پابەند بکا بە سەردانی کردنی نۆرینگەی دەروونی کۆمەڵایەتی بەو مەرجەی پزیشکی چارەسەرکراو راپۆرتەکەی بۆ لیژنە بەرز بکاتەوە و بۆ ئەوەی بڕیار لە راگرتنی سەردانی کردنی نۆرینگەی باسکراو یا بەردەوام بوونی بدات.
چوارەم: لە کاتی پابەند نەبوونی نەخۆش لە پرۆگرامی چارەسەری لەلای دامەزراوەی تەندروستی یان نۆرینگە، بە گوێرەی حاڵەتەکە دادگای تایبەتمەند لەم بارەیەوە ئاگادار دەکاتەوە بۆ گرتنەبەری رێکاری یاسایی بە پێی ماددەی (٣١)ی ئەم یاسایە،
پێشنیاری دووەم پێشنیاری لیژنەی هاوبەش:
وەك خۆی تەنها دەستەواژەی نەخۆشخانەی تایبەت بکرێتە نەخۆشخانەی تایبەتمەند.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بۆ ماددەی (٣٩) دوو پێشنیار هەیە، یەکەمیان وەك خۆی، دووەمیان پێشنیاری لیژنەی هاوبەشە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ماددەکە وەکو خۆی پەسەند بکرێت با بفەرموێ دەنگبدات؟ بەلێ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە کە بەو شێوەیە پەسەند بکرێ کە لیژنەی هاوبەش داوایان کردووە با دەنگ بدات؟ بەڵێ زۆر سوپاس ماددەکە بە (٧٦) دەنگ پەسەندکرا بەو شێوەیەی کە لیژنەی هاوبەش پێشنیاریان کرووە، ماددەی (٤٠) بخوێنەوە فەرموون.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى میران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٠):
ماددەی (٤٠) هیچ پێشنیارێك نییەو وەك خۆی ماددەی (٤٠) پێویستە ئەو کەسانەی ئالودەبوون بە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی چارەسەر دەکرێن نهێنیان پارێزراو بێت، بە

پێچەوانەوە هەر فەرمانبەرو کارمەندو راسپێردراوێك بە چارەسەری نهێنیان ئاشکرا بکا بە پێی یاسا بەرکارەکان سزا دەدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس ماددەی (٤٠) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی، وەك ئەوەی بەڕێزیان خوێندییەوە هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با دەست بەرز بکاتەوە؟ بەلێ زۆر سوپاس بە دەنگی (٨١) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، فەرموون ماددەی (٤١) بخوێنەوە.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤١):

سەبارەت بە ماددەی (٤١) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی، بەشی ددەیەم حوکمە گشتیەکانی کۆتایەکان ماددەی (٤١).

یەکەم: لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی دادوەرێکی بۆ پۆلێنکراوی پێك دەهێندرێت کە ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێم دەست نیشانی دەکات بە نوێنەری ئەم لایەنانەی خوارەوەش ئەندامی لیژنەکە دەبن.

١-دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.

٢-بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر.

٣-بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکان.

٤-پەیمانگای پزیشکی داد لە هەرێم.

٥-لیژنەی باڵا.

٦-لیژنەی پاراستن و زانیاری.

دووەم: ئەو لیژنەیە لە بڕگەی یەکەم ئەم ماددەیە دەق نووسکرا ئەرکی بە دواداچوون و سەرپەرشتیکردن و پشکنین و پاراستن و عەمبارکردن و لە ناوبردنی مادده هۆشبەر یان کارتێکارە عەقلی یان پێشینە کیمیاییەکان، ئەوانەی حوکمی دەست بەسەر داگرتنیان دراوە لە ئەستۆ دەگرێت.

سێیەم: کاری ئەو لیژنەیە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەق نووسکراوە بە پەیڕەوێك رێك دەخرێت کە سەرۆکی لیژنەی باڵا دەری دەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ زۆر سوپاس ماددەی (٤١) هیچ پێشنیارێك نییە، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمان لەگەڵیەتی بەو شێوەیەی بەرێزیان خوێندیەوە با بفەرموێ دەنگی پێبدات؟ بەلێ زۆر سوپاس بە دەنگی (٧٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا،فەرموون ماددەی (٤٢) بخوێنەوە.

**بەڕێز گلوستان سعید حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٢):

سەبارەت بە ماددەی (٤٢) چوار پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی تەنها لە بڕگەی یەکەم خاڵی چوارو پێنج بەم شێوەیەی لێ بکرێت، چوارهەم فەرمانبەرانی سەر پشککراو لە وەزارەتی کشتوکاڵ، پێنجەم فەرمانبەرانی وەزارەت لەوانەی پیشەی پزیشکیان هەیەو ئەوانەی دیکە کە وەزیر بۆ چاودێری کردنی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دایان دەنێت.

پێشنیاری دووەم: وەك خۆی تەنها لە بڕگەی یەکەم خاڵێك بە زنجیرە شەش زیادبکرێ؟ شەشەم موختار.

پێشنیاری سێیەم: وەك خۆی یەکەم بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی بەدوا داگەران لەم تاوانانەی لەم یاسایەدا سزایان بۆ دانراوە کۆکردنەوەی ئەو بەڵگانەی پەیوەندیدارن پێیانەوە هەر یەکێك لەمانەی خوارەوە بە ئەندامی بەرزەفتی دادوەری دادەنرێت:

١- ئەفسەران و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

٢- دووەم ئەفسەران و کارمەندانی پاسەوانی سنورەکان.

٣- فەرمانبەرانی گومرگوو فرۆکە خانە و بازارە ئازادەکان و پۆستە.

٤- فەرمانبەرەنی وەزارەتی کشتوکاڵ ئەوانەی ڕێپێدراون.

٥- فەرمانبەرانی وەزارەت ئەوانەی خاوەن پیشەی پزیشکین و ئەوانەی دیکە کە وەزیر بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دایان دەنێت.

دووەم: هەر یەکێ لەوانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەق نوسکراون پابەند دەبن بە پیادەکردنی حوکمەکانی یاسای بنەما دادوەریە تاوانکاریەکان ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١).

سێیەم: فەرمانبەرانی وەزارەتی کشتوکاڵ ئەوانەی ڕاسپێردراون بە جێبە جێکردنی ئەوەی تایبەتە بە وەزارەتەکەیان لەم یاسایەدا ڕێپێدراون بە هەڵکەندنی ئەو جێندراوانەی بە پێی حوکمەکانی یاساکە قەدەغەن و کۆکردنەوەیان لەگەڵ پەلکە گەڵاو ڕەگەکانیان لە سەر تێچوی خاوەنەکانیان و لە کۆگاکانی و وەزارەتی کشتوکاڵیشدا دەپارێزرێن تا ئەو کاتەی داواکە بە شێوەی کۆتایی لە لایەن دادگای تایبەتمەندەوە یەکلایی دەکرێتەوە لەگەڵ لەبەر چاوگرتنی ئەمانەی خوارەوە:

١- ئەو ڕێکارانەی فەرمانبەرانی وەزارەتی کشتوکاڵ وەك دەزگاکانی بەرزەفتی دادوەری جێبەجێی دەکەن بە ئاگاداری لایەنە دادوەریە تایبەتمەندەکان دەبێت.

٢- هەڵکەندنی جێندراوە قەدەغەکراوەکان بە هەمەهەنگی دەبێت لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی هۆشبەرو کۆنووسەکانی پشکنین و لێکۆلینەوە ئاراستەی لیژنەی پێکهێنراو بە

پێی ماددەی (٤١)ی ئەم یاسایە دەکرێت و عەمبارکردنەکەش لە ژووری توندو تۆڵ دەبێت کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کراوە، یا بە پێی ڕێنمایی کە وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەری دەکات لە ناو دەبرێن.

پێشنیاری چوارەم: پێشنیاری لیژنەی هاوبەش وەك خۆی تەنیا لە بڕگەی یەکەمدا بەم شێوەیەی لێبکرێ خاڵی سێ لابرێت لە خاڵی پێنج وشەی پزیشکی بکرێتە تەندروستی سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ سوپاس گلوستان خان، بەڕێزان بۆ ماددەی (٤٢) چوار پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی تەنها لە بڕگەی یەکەم خاڵی چوار و پێج بەم شێوەیەی لێ بکرێ، بۆیە بۆتان ئەخوێنمەوە نەکا لە بیرتان چووبێ، زۆرە پێشنیارەکان چوار فەرمانبەرانی سەرپشك کراو لە وەزارەتی کشتوکاڵ پێنج فەرمانبەرانی وەزارەت لەوانەی پیشەی پزیشکیان هەیەو ئەوانەی دیکە کە وەزیر بۆ چاودێری کردنی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دایان ئەنێت هەر بە ڕێزێك لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە با بفەرموێ دەنگ بدات؟ بەلێ کەسی لەگەڵ نییە.

پێشنیاری دووەم: موختاری بۆ زیاد بکرێ کێ لەگەڵە؟ بەلێ کەسی لەگەڵ نییە.

پێشنیاری سێیەم: وەك خۆی کێ لەگەڵە؟ زۆر سوپاس (٢٩) دەنگ.

پێشنیاری چوارەم: پێشنیاری لیژنەی هاوبەشە فەرموون کێ لەگەڵە؟ بەلێ پێشنیاری لیژنەی هاوبەش بە (٣٦) دەنگ پەسەندکرا،فەرموون ماددەی (٤٣)بخوێنەوە.

**بەڕێز گلوستان سعید حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٣):

سەبارەت بە ماددەی (٤٣) دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی تەنها بڕگەکانی سێیەم و چوارەم بەم شێوەیەی لێ بکرێ لە بڕگەی سێهەم پاداشتی ماددی ببێتە پاداشتێکی مەعنەوی، لە بڕگەی چوارەم لە جیاتی دەزگای ئاساسیش وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی یا وەزارەتێکی تایبەتمەند یا لیژنەیەکی تایبەت ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت.

پێشنیاری دووەم: وەك خۆی:

١- ئەو لایەنەی لە ماددە هۆشبەرەکانی گرتوە لە هەر جۆرێکی بێت بڕی یەك ملیۆن دیناری بەرامبەر بە هەر یەك کیلۆ گرامێکی دەست بەسەرکراو پێ دەبەخشرێ.

٢- ئەو بڕە پارەیەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەق نوسکراوە دەکرێتە دوو هێندە لە حاڵەتی دەستگیرکردنی تۆمەتبار لەگەڵ ماددە هۆشبەرەکان.

٣- پاداشتێك بە ڕێژەی سەدا (٤٠)ی بە های ئەو پاداشتانەی لە هەردوو بڕگەکانی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە دەق نووسکراون دەبەخشرێتە ئەو کەسانەی لەسەر تاوانەکانی

بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان هەواڵ دەدەن ئەگەر هەواڵ دانەکە بوە هۆی ئاشکراکردنی تاوانەکەو دەستگیرکردنی تاوانباران.

٤- ئەو یاداشتەی لە بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی ئەم ماددەیە دەق نووسکراون لە ڕێگای دەزگای ئاسایش رادەستی ئەو کەسانە دەکرێت کە دەیانگرێتەوە میکانزمی خەرجکردنیشی بە ڕێنمایی دیاری دەکرێت کە وەزیری دارایی دەری دەکات سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان بۆ ماددەی (٤٣) دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم ئەوەی بەڕێزان گلوستان خان خوێندییەوە هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵە با بفەرموێ دەست بەرز بکاتەوە؟ بەڵێ (٦٣) دەنگ.

پێشنیاری دووەم وەك خۆی کێ لەگەڵە؟ (٢) کەس، پێشنیاری یەکەم پەسەندکرا فەرمووون ماددەی (٤٤) بخوێنەوە.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٤):

سەبارەت بە ماددەی (٤٤) دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی جێگری سەرۆکی دەزگای ئاسایش بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی بۆی هەیە پاڵپشت بە مۆڵەتی دادوەری لێکۆڵینەوە بە مەبەستی ئاشکرا کردنی باندەکانی تاوانکاری ئەوانەی مامەڵە بەم ماددانە دەکەن شێوازی رادەستکردنیشی چاودێریکراوی مادده هۆشبەرو کارتێکارە عەقلی و پێشینە کیمیاوییەکان بەکار بهێنێت.

پێشنیاری دووەم: پێشنیاری لیژنەی هاوبەش ماددەی (٤٤) لا بدرێت سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان بۆ ماددەی (٤٤) دوو پێشنیار هەیە، یەکێکیان وەك خۆی، یەکێکیشیان پێشنیاری لیژنەی هاوبەشە، سەرتا وەك خۆی کێ لەگەڵە با دەست بەرز بکاتەوە؟ (٢٨).

پێشنیاری دووەم: ماددەکە لابرێ پێشنیاری لیژنەی هاوبەشە هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە ماددەکە لابرێ با دەستی خۆی بەرزبکاتەوە وەك ئەوەی لیژنە هاوبەشەکان پێشنیاریان کردوە؟ بەڵێ (٣٦) کەس لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەکە لابرێ (٢٨) لەگەڵ ئەوەبوون ماددەکە لادەدرێ، بەڵێ فەرموون ماددەی (٤٥) بخوێنەوە.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤٥) دوو پێشنیار هەیە:

پێشـنیاری یەکەم: وەك خـۆی پاداشـتی ئەو لیـژنەیە لە بـڕگەی یەکەمـی مـاددەی (٤١) و بـڕگەی دووەمـی مـاددەی (٣٨)ی ئەم یاسـایەدا دەقنـووس کـراوە، بەڕێنمـایی ڕێـك دەخرێـت کە وەزیـر دەریدەکات.

پێشنیاری دووەم: پێشنیاری لیژنەی هاوبەش ماددەی (٤٥) لابدرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەرێـزان ئەوەی پێشـوو مـاددەی (٤٤) بـوو کە لادرا، ئێسـتا مـاددەی (٤٥)، دوو پێشـنیارمان هەیە، یەکەمیان وەکو خۆی، دووەمیان پێشنیاری لیژنەی هاوبەشە کە لابـدرێ، یەکەمجـار وەکـو خۆی دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاس (٢) کەس، پێشنیاری دووەم ماددەکە لابدرێ ماددەی (٤٥) پێشنیاری لیـژنەی هـاوبەش، کـێ لەگەڵە؟ بەدەنگـی (٦٧) ئەنـدامی پەرلەمان، پەسەند کرا، ماددەی دوای ئەوە فەرموون.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

سەبارەت بە مـاددەی (٤٦) دوو پێشـنیار هەیە، پێشـنیاری یەکەم وەك خـۆی تەنیـا دەسـتەواژەی (ڕێـك دەخرێـت) زیـاد دەکرێـت، پێشـنیاری دووەم وەکـو خـۆی رسـوماتی ئەو مۆڵەتـانەی لەو یاسایەدا دەقنووس کـراون بەپێـی خشـتەکانی رسـوماتی ژمـارە (١١) دەبێـت، کە هـاوپێچی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان پێشنیاری یەکەممان هەیە، کێ لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ رسوماتی ئەم مـۆڵەتەی لەم یاسـایە دەقنـووس کـراون بەپێـی خشـتەکانی رسـوماتی ژمـارە (١١)، ڕێـك دەخرێـت و کە هاوپێچی ئەم یاسـایە، دووەم: رسـوماتی ئەم مۆڵەتـانەی لەم یاسایە دەقنـووس کـراون بە پێـی خشتەکانی رسوماتی ژمارە (١١) دەبێـت، کە هـاوپێچی ئەم یاسـایە وەکوخـۆی، بە (٦٦) پەسـەند کرا. ماددەی (٤٧).

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (٤٧) سـێ پێشـنیار هەیە، پێشـنیاری یەکەم وەك خـۆی تەنیـا لە بـڕگەی یەکەمـدا مـاوەکەی کەم بکـرێتەوە، پێشـنیاری دووەم: وەك خـۆی تەنیـا لە بـڕگەی دووەمـدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕابگەیەنرێـت لەدوای کـۆمەڵگەی مەدەنـی، پێشـنیاری سـێیەم: وەك خـۆی، یەکەم لەمـاوەی دوو سـاڵ لە ڕێکەوتـی بەرکـاربوونی ئەم یاسـایە وەزارەت ئەمـانەی خـوارەوە جێبەجێ دەکات:

١-دامەزرانـدن و پەرەپێـدانی چارەسـەری تـایبەت بە چارەسـەرکردنی کەسـانی ئـاڵوودە بـوو بە ماددە هۆشبەرو کارتێکارە عەقلییەکان لە چوارچێوەی دامەزراوە تەندروستییەکاندا.

٢-دابین کردنی نۆرینگەی دەروونی – کۆمەڵایەتی بۆ چارەسەرکردنی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان و کارپێکارە عەقلیەکان و ئەوانەی ئالوودەیانن.
٣-شیاندن و راهێنانی فەرمانبەران و کارمەندان لە پزیشك و دەرمانساز و پەرستار و فەرمانبەران و هاندانیان لەرووی ماددی و مەعنەوییەوە بۆ چارەسەرکردنی کەسانی ئالوودە بوو بەکارهێنەری مادده هۆشبەر و کارتێکارە عەقلییەکان، بۆ ئەوەی تەواویش شیاوی تەندروستی خۆیان لەرووی جەستەیی و عەقلییەوە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بەدەست بێننەوە.
برگەی دووەم: وەزارەت بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندارەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پلان و پرۆگرامی پێویست بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك دادەنێت و جێبەجێیان دەکات، دەربارەی مەترسییەکانی بازرگانی کردن یان خراپ بەکارهێنانی مادده هۆشبەر و کارتێکارە عەقلییەکان، بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە و کاریگەری لەسەر تەندروستی تاکە کەس و ئاسایشی کۆمەڵگا و مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، سێ پێشنیار هەیە بۆ ماددەی (٤٧) وەك خۆی تەنیا لە برگەی یەکەمدا ماوەکەی کەمبکرێتەوە، بەڵام دیاری نەکراوە چەند بێ، دووەم وەك خۆی تەنیا لە برگەی دووەمدا دەزگاکانی راگەیاندن دابندرێ لەدوای کۆمەڵگەی مەدەنی، ئێستا یەکەم ئەخەینە دەنگدان وەکو خۆی تەنیا ماوەکەی کەمبکرێتەوە؟ (٢) کەسی لەگەڵە، پێشنیاری دووەم، دەزگاکانی راگەیاندن دابنرێ لەدوای کۆمەڵگەی مەدەنی؟ (٦٦) دەنگ، وەك خۆی؟ کەسی لەگەڵ نییە پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤٨) دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی تەنها لە برگەی یەکەمدا دەستەواژەی مایا بگۆردرێت بە موڵك و ماڵ، پێشنیاری دووەم وەك خۆی، یەکەم سندوقەك دادەمەزرێت بۆ ئەوەی ئەو برە پارانەی لە بژاردنانەی لەم یاسایەدا دەقنووس کراون و ئەوەی لە فرۆشتنی ئەو مایانەی بە پێی ئەو یاسایانە دەستیان بەسەردا دەگرێت، تیادا سپاردە بکرێت.
دووەم: ئەو سندووقەی لە برگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەقنووس کراو و بۆ پارەدار کردنی ئەو دامەزراوە تەندروستیانەی لە ماددەی (٣٨)ی ئەم یاسایەدا هاتوون تەرخان دەکرێن.
سێیەم: لیژنەی باڵا بەرێوەبردنی سندووق لە ئەستۆ دەگرێت.
چوارەم: وەزیر بە هاوبەشی لەگەڵ وەزیری دارایی رێنمایی تایبەت بە بەرێوەبردنی ئەم سندووقە دەردەکات.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ماددەی (٤٨) تەنها دوو پێشنیار هەیە، یەکەمیان مایا بگۆرێ بە موڵك و ماڵ، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە با بفەرموێ دەنگ بدات؟ بەڵێ کەسی

لەگەڵ نییە، دووەم وەك خۆی فەرموون، زۆر سوپاس بەدەنگی (٦٩) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، فەرمووو.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤٩) سێ پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی تەنیا لە بڕگەی دووەم وەزیر دەسەڵاتی هەمواری خشتەکانی ئەبێت، تەنها پێشنیار بنێرێ بۆ پەرلەمان بۆ هەموارکردنی، پێشنیاری دووەم وەك خۆی، وەزیر بۆی هەیە ئەمانەی خوارەوە دەربکات:

١-رێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

٢-بەیانێك کە هەموارکردنی خشتەکانی هاوپێچ بەم یاسایە لە خۆ بگرێت جگە لە خشتەی یازدەیەمی تایبەت بە رسومات ئەویش بە سڕینەوە یان زیاد کردنی یان گۆڕینی رێژەکانی هاتوو تیایاندا، بەو شێوەیە بگونجێ لەگەڵ هەموارکردنی خشتەکانی هاوپێچ بە تاکە رێککەوتنامەی ساڵی ١٩٦١ و هەموارەکانی و رێککەوتنامەی کارتێکارە عەقڵییەکانی ساڵی ١٩٧١ هەموارەکانی و رێککەوتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردنی ناڕەوا بە ماددەی هۆشبەرو کارتێکارە عەقڵییەکانی ساڵی ١٩٨٨ و هەموارەکانی یان بەو شێوەیەی لەگەڵ دەرەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی وەزارەت ئەنجامیان دەدات و یان بەسەر مادده هۆشبەر یان کارتێکارە عەقڵییەکان پێڕەویان دەکات، بگونجێ بەو مەرجەی بەیانەکە لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان بڵاوبکرێتەوە.

پێشنیاری سێیەم: پێشنیاری لیژنەی هاوبەش وەکو خۆی تەنها لە بڕگەی دووەم ناوی رێکخراوی تەندروستی جیهانی زیاد بکرێ بەم شێوەیە.

دووەم: بەیانێك کە هەموارکردنی خشتەکانی هاوپێچ بەم یاسایە لەخۆ بگرێت، جگە لە خشتەکانی یازدەیەمی تایبەت بە رسومات ئەویش بە سڕینەوەی یان زیاد کردنی یان بە گۆڕینی رێژەکانی هاتوو تیایاندا، بەو شێوەیە بگونجێ لەگەڵ هەموارکردنی خشتەکانی هاوپێچ بە تاکە رێککەوتنامەی ساڵی ١٩٦١ و هەموارەکانی و رێککەوتنامەی کارتێکارە عەقڵییەکانی ساڵی ١٩٧١ هەموارەکانی و رێککەوتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردنی ناڕەوا بە ماددەی هۆشبەرو کارتێکارە عەقڵییەکانی ساڵی ١٩٨٨ و هەموارەکانی و رێکخراوە تەندروستی و جیهانی یان بەو شێوەیەی لەگەڵ دەرەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی وەزارەت ئەنجامیان دەدات و یان بەسەر مادده هۆشبەر یان کارتێکارە عەقڵییەکان پێڕەویان دەکات، بگونجێ بەو مەرجەی بەیانەکە لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان بڵاوبکرێتەوە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ماددەی (٤٩) سێ پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە با بفەرمێ دەنگ بدات؟ کەسی لەگەڵ نییە، دووەم وەك خۆی کێ لەگەڵە با دەستی بەرزبکاتەوە؟

(١) کەس، سێیەم پێشنیارەکەی لیژنەی هاوبەش کێ لەگەڵە؟ بەڵێ بەدەنگی (٦٥) ئەندامی بەڕێز پەسەند کرا، ماددەی (٥٠) فەرموو.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٥٠) دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی، یاسای ماددە هۆشبەرەکان ژمارە (٦٨) ساڵی ١٩٦٥ کاری پێ ناکرێت و ئەو پەیڕەو رێنمایی و بەیاننامانەی بە پێی ئەو یاسایەی دەرچوون بە بەرکاری دەمێننەوە بەمەرجێك ناکۆك نەبن لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە تاکو هەڵدەوەشێنرێنەوە، یان ئەوانەی جێگایان دەگرێتەوە دەردەچوێندرێن، پێشنیاری دووەم، پێشنیاری لیژنەی هاوبەش وەك خۆی تەنیا برگەیەك بە زنجیرەی دووەم زیاد بکرێ بەم شێوەیە:

دووەم: کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ کە ناکۆك بن لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ماددەی (٥٠) دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی، هەر ئەندامێکی بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە وەك خۆی بێ؟ (٣) کەس، پێشنیارەکەی لیژنەی هاوبەش، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە؟ بەدەنگی (٧١) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەند کرا. فەرموو.

**بەڕێز حكمت محمد عبو زيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٥١) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی، پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجومەنی دادوەری و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ماددەی (٥١) هیچ پێشنیارێك نییە، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با بفەرموێ دەنگ بدات؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش دەنگ بدەن، ئەوە لە ئەصڵی یاساکە نییە، دەبێ لیژنە بڵێ ئێمە زیادمان کردووە، سوپاس.

بەڕێز د. رێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ راستە دەبێ وابوترێ، مادام لە ئەصڵی یاساکە نییە کاك بژار زیادتان کردووە، ماددەیەکی پرۆتۆکۆلییە وەکو پێویستی زیاد کراوە، بەڵێ، فەرموون دەنگ بدەن؟ بەدەنگی (٧٢) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان زیاد کرا، بەڵێ ماددەی دواتر.

**بەڕێز گولستان سعيد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٥٢) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی، ئەم یاسایە لەدوای تێپەڕبوونی ماوەی (٩٠) رۆژ لە رێککەوتنی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان ماددەی (٥٢) هیچ پێشنیارێك نییە، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـانی لەگەڵە بـا بفەرموێ دەنگ بدات؟ بە (٦٨) دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پەسەند کرا، فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری لیژنەی هـاوبەش کە لە خوێنـدنەوەی دووەمـدا، لیـژنە هاوبەشـەکان ئەم پێشـنیارەیان کرد کە ئەم ماددەیە بە زنجیرەی ماددەی (٥٣) زیاد بکرێ بۆ ئەو پرۆژەیە، بەم شێوەیە:

حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر ئەوانەی پێش پەسەند کردنی ئەم یاسایە حوکم دراون جێبەجـێ دەبێت ئەگەر لە بەرژوەندی ئەواندا بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ لەگەڵ زیاد کردنی ئەو ماددەیە کە لیژنە هاوبەشەکان داوایان کردووە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ناو قانوونی ئصولی موحاکمات ماددەی جەزائی (القانون الاصلح للمتهم) بەرکـارە و پێویسـت ناکات ئەو ماددەیە زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، لەراستیدا ئەواشمان پێگوتن، ئەوان بۆ تەئکید دەیانەوێ زیاد بکرێ، پێشتر ئەو قسەیەمان کردبوو لەگەڵیان بۆ تەئکید دەیانەوێ زیادی بکەن، ئەگینا هەیە ئەو (قانونی اصلح للمتهم) ساری مەفعـولە، بەڵـێ دەیخەیـنە دەنگـدان، فەرمـوو هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـانی لەگەڵە بـا بفەرموێ دەنگـی پـێ بـدات؟ ئەگەر ئەم قـانوونە باشـتر بـوو بـۆ یەکێـك کە ئێسـتا حـوکم دراوە ئەوەیان لەسەر جێبەجێ دەکرێ، ئەوانەی لە صالحی نەبوون هەر بە قانوونە کۆنەکە، بەڵـێ (٥٣) کەس، چەنـد کەس دژییەتـی؟ سـوپاس (١٤) کەس دژییەتـی، پەسـەند کـرا مـاددەکە، هۆیەکـانی دەرچوواندن.

**بەڕێز د. شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

هۆیەکانی دەرچوواندن

بە لەبەر چاوکردنی پەسەندکردن و ئەندام بـوونی کۆمـاری عێـراق لەچەنـدین پەیماننـامەی نێـو دەوڵەتی پەیوەندار بە ماددە هۆشبەرو کارتێکارە عەقڵییەکان، بەمەبەستی رووبەرووبـوونەوەی بڵاوبوونەوەی بازرگـانی کردنـی نـاڕەوا بە مـاددە هۆشـبەر و کارتێکـارە عەقڵییەکـان لە هەرێمـی کوردسـتان، لەپێنـاو لەنـاو بردنـی بانـدەکانی تاوانکـاری، ئەوانەی هـانی هاووڵاتیـان دەدەن بـۆ بەکارهێنـــانی ئەم مـــاددانە کە هەڕەشـــەیەکی ترســـناکە لەســـەر تەندروســـتی مـــرۆڤ و خۆشگوزەرانیان و زیان دەگەیەنێت بە بنەماکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و رەوشت

لەناو كۆمەڵگەدا و بەمەبەستی پەیڕەوكردنی ڕێسای زانستیانە لە چارەسەركردنی ئەو كەسانەی كە ئالّوودەی ماددەی هۆشبەر و كارتێكارە عەقڵییەكانن، بۆ پتەوكردنی هاوكاری نێو دەوڵەتی لەو بـوارە و بە مەبەسـتی ڕێـگە نەدان بە چانـدنی مـاددە هۆشـبەرەكان یـان ئەو رووەكـانەی كە كارتێكاری عەقڵییان لێ دەردەهێنرێـت و یـان سـنووردار كردنیـان وەك ئافـاتێكی مەترسـیدار كە هەرەشە لە قەوارەی كۆمەڵگە دەكات و دانانی سـزای پێشـگر، بـۆ ئەو كەسـانەی دەیـانچێنن یـان بازرگانیان پێوە دەكەن ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان هەر ئەندامێكی بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە كە هۆیەكـانی دەرچوواندن بەو شـێوەیە پەسـەند بكرێ كە بەڕێز د. شایان خوێنـدیەوە، بفەرمـوێ دەنـگ بـدات؟ بەدەنگی (٧٢) بەڕێـزی پەرلەمـان پەسەند كرا، پەخش بـكەنەوە راگەیانـدن، بەڕێـزان ئـێمە لە كۆبـوونەوەی موناقەشـە بەڕێـزان لە لیژنەی تەندروستیمان راسپاردبوو بۆ حازر كردنی راپۆرتێك سەبارەت بە خشـتەكانی تـایبەت بە ئەم پرۆژە یاسایە، ئەوان بە راپۆرتێك كە ئیستیعانەیان بە خەڵكـی شـارەزای بـوارەكە كـردووە و راپۆرتێكیان ئامادە كردووە كە هاوپێچی ئەم راپۆرتی لیژنە هاوبەشەكانە بۆ پەسەند كردنی ئەو شـتانەی كە لەنـاو پـرۆژە یاسـاكەدا هـاتوون بەو شـێوەیەی كە لیـژنەی تەندروسـتی تایبەتمەنـد پەسەندی كردوون، هەر ئەندامێكی بەڕێـزی پەرلەمـانی لەگەڵە بـا بفەرمـوێ دەنگـی پـێ بـدا؟ بە دەنگی (٧٨) ئەنـدامی پەرلەمـان خشـتەكانیش پەسـەند كـران، ئێسـتا ئـێمە كـۆی پـرۆژە یاسـاكە دەخەیـنە دەنگـدان، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، هەر ئەنـدامێكی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ پەسەند كردنی كۆی ماددەكانی پـرۆژە یاسـای مـاددە هۆشـبەرەكان و كارتێكـارە عەقڵییەكـان لە هەرێمی كوردستان – عێـراق بـا بفەرمـوێ دەنـگ بـدات؟ زۆر سـوپاس بە دەنگـی (٨٨) ئەنـدامی پەرلەمـان كـۆی یاسـاكە پەسـەند كـرا، پیرۆزبـایی لە خۆمـان و پیرۆزبـایی لە گەلـی كوردسـتان دەكەین، بەهۆی پەسەند كردنی ئەم پرۆژە یاسایە، بەڕێزان ئەنـدامانی پەرلەمـان ئێسـتا دەچیـنە سـەر جێبەجێكردنـی بـڕگەی دووەمـی بەرنـامەی كارەكەمـان كە بریتـی یە لە دەنگـدان لەسـەر پێشنیازە بڕیاری رۆژانی بۆنە فەرمییەكانی نەتەوەی توركمان، بە پێـی حـوكمی ماددەكـانی ( ٩٠، ٩١، ٩٢، ٩٦، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، سوپاسی لیژنەكان دەكەیـن، لیژنە تایبەتمەندەكان، لیژنەی یاسایی بمێننەوە، لیژنەی رۆشنبیری فەرموون بێنە سەر منەصەكە، بڕگەی دووەمـی بەرنـاكەی كـارەكە جێبەجـێ دەكەیـن كە بـریتییە لە دەنگـدان لەسـەر پێشـنیازە بڕیاری رۆژانی بۆنە فەرمییەكانی نەتەوەی توركمان لە هەرێمی كوردستان – عێراق، فەرموون.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان

بابەت/ راپۆرتی هاوبەش

لیژنەی كاروباری یاسایی و لیژنەی رۆشنبیری و كۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش ولاوان، رۆژی سێ شەممە رێككەوتی ٢٠٢٠/١/٧ كاتژمێر (١٠،٣٠) سەر لەبەیانی كۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامـدا بـۆ تـاوتوێ كـردن و داڕشـتنەوەی ئەو پێشـنیارانەی كە لەلایەن ئەنـدامانی پەرلەمـانەوە پێشـكەش

کرابوون، سەبارەت بە پێشنیاری بڕیاری ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی پێکهاتەی تورکمان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، لە خوێندنەوەی دووەمدا، دوای گفتوگۆ کردن و تاوتوێ کردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

سەبارەت بە ناونیشان هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

پێشنیاری ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی پێکهاتەی تورکمان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ناونیشانی بڕیارەکە بەم شێوەیە دەبێ (ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی پێکهاتەی تورکمان لە هەرێمی کوردستان – عێراق)، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ناوونیشانەکە بەم شێوەیە بێت، بفەرمێ دەنگی پێ بدات؟ بە (٧١) دەنگ پەسەند کرا، ماددەی یەکەم.

**بەڕێز سارا دڵشاد بکر:**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی،

١-١١/١٧ هەموو ساڵ بە ڕۆژی زمان و کەلتووری پێکهاتەی تورکمان دادەنرێت.

٢-٢/٢٥ ی هەموو ساڵێك بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری پێکهاتەی تورکمان دادەنرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی یەکەم بەو شێوەیەی سارا خان خوێندیەوە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی لەگەڵە با بفەرمێ دەنگی پێ بدا؟ بە (٧٠) دەنگ پەسەند کرا، ماددەی دووەم.

**بەڕێز ازاد اکرام بهرام:**

سەبارەت بە ماددەی دووەم هیچ پێشنیارێك نییە، وەك خۆی.

ماددەی دووەم: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدار ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە دووەم بەو شێوەیە پەسەند بکرێ کە کاك ئازاد خوێندیەوە با بفەرمێ دەنگ بدات؟ دووەم بە (٦٩) دەنگ پەسەند کرا، سێیەم.

**بەڕێز ازاد اکرام بهرام:**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

ماددەی سێیەم: ئەو بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستاندا بڵاودەکرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە سێیەم پەسەند بکرێ کە بەڕێزیان خوێندیانەوە با دەنگ بدات؟ بە (٧٢) دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز ازاد اکرام بهرام:**

هۆیەکانی دەرچوواندن

بۆ پتەوکردنی گیانی یەکتر قەبووڵ کردن وپێکەوە ژیان وکەلتووری لە هەرێمی کوردستان ئەم بڕیارە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سێ پێشنیارە هەر سێکیان بخوێنەوە.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

پێشنیاری دووەم: بۆ ئەوەی هەموو چین و توێژەکانی شارەزای کلتووری پێکهاتەی تورکمان و بن و پتەوکردنی کلتووری لە هەرێمی کوردستان ئەم بڕیارە دەرچووێندرا.

پێشنیاری سێیەم: وەك خۆی

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێمە سێ پێشنیارمان هەیە بۆ هۆکارەکانی دەرچوون، یەکەم بەو شێوەیەی کە خوێندیەوە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵیەتی با بفەرموێ دەنگی پێ بدات؟ کەس، پێشنیاری دووەم فەرموون بەڕێزان، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە با دەنگی خۆی بدات؟ کەسی لەگەڵ نییە، پێشنیاری سێیەم کێ لەگەلە؟ بەدەنگی (٧٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، بەڕێزان ئێستا کۆی بڕیارەکە دەخەینە دەنگدان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پەسەند کردنی کۆی بڕیارەکەیە با دەنگی بدات؟ بەڵێ بە (٧٣) دەنگی ئەندامی بەڕێز پەسەند کرا، پیرۆزبایی لە پێکهاتەی تورکمان دەکەین لە هەرێمی کوردستان، بەڕێزان زۆر سوپاس بۆ لیژنە تایبەتمەندەکان بۆ وەرگرتنی پشوویەك ئێمە ئیسراحەتێك وەردەگرین، دوایی لەسەعات (٣) ونیوە کۆبوونەوە دەست پێ دەکەینەوە.

**پاش پشوو**

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان یارمەتیمان بدەن، دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەینەوە، زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیرە بەڕێزەکان و سەکۆی دیوان، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، هەموو ئامادەبووانی ئازیز، وەکیل وەزیرەکان، ستافەکانیان بە گەرمی بەخێرهاتنیان دەکەین، ئێستا دەست دەکەین بە جێ بەجێ کردنی بڕگەی سێیەمی بەرنامەی کارەکەمان کە بریتیە لە خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر بە پێی حوکمی ماددەکانی تری ( ٨٧ و ٨٨ و ٨٩ و ٩٢ ) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عیراق، بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە بەڕێزان سەرۆك و جێگری لیژنە تایبەتمەندەکان دەکەین بێنە سەر مەنەسەکە و بێنە شوێنی خۆیان، ئەوەندەی کە جێگایان دەبێتەوە، ئەولەویەت بۆ سەرۆکەکانە دواتر دەتوانن جێگرەکان ئەگەر جێگا بووەوە ئەوانیش کەرەمکەن و دابنیشن، بەڵێ بەڕێزان ئاماژە بە ماددەی ٨٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، خوێندنەوەی دووەم بە خوێندنەوەی دەقی پرۆژە پێشنیازەکە دەست پێ دەکات، دواتر ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند دەخرێتەڕوو، فەرموون بەڕێزان، دەقی پرۆژەکە وەك چۆن لە حکومەتەوە هات بوو بیخوێننەوە.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای ساڵی ٢٠١٩ چاکسازی لە خانەنشین و مووچە و دەرماڵە و بەخشین لە ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان - عیراق

بەشی یەکەم/

ئامانجەکانی یاساکە

ماددەی/١

١- بەرجەستە کردنی بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەری و شایستە بوون لە خەرجی، لە خەرج کردنی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان لە هەرێمی کوردستان و نەهێشتنی سوودمەندبوونی نا شایستە لە بووجەی گشتی و ڕێ گرتن لە بەهەدەردانی سامانی گشتی.

٢- بە دامەزراوەیی کردن و یەکخستنی بەڕێوبەرایەتی فەرمانگە و یەکە جیاجیاکانی خانەنشین لە بواری شارستانی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە یەك دەستەی خانەنشینی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان.

٣- چالاك كردن و پێوانەكردنی دارایی سەندوقی خانەنشین و ڕێ گرتن لە هەر خەرجیەك لەسەر سەندوقەكە جگە لەو مەبەستانەی لە یاسای خانەنشینی كارپێكراو لە هەرێم ئاماژەیان پێكراوە.

٤- ڕێكخستنەوەی خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاكان و پلە تایبەتەكان لەسەر بنەمایەكی تەمەن و بڕوانامە و ساڵانی خزمەت.

بەشی دووەم

بواری خانەنشینی

ماددەی/٢

١- یەكخستنی خانەنشینی ئەوانەی كە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدراوە لە ڕووی مەرج و پێداویستیەكانی خانەنشین بوون بە هەمان مەرج و پێوەرەكانی خانەنشینی فەرمانبەران لە پلە گشتیەكانی وەزیفە لەسەر میلاكی شارستانی سەربازی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ، سەرۆكی هەرێم، سەرۆكی پەرلەمان، سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، جێگرەكانیان، ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەكان و ئەوانەی بە پلەی ئەوان و بریكارەكانی وەزارەت ئەوانەی بە پلەی ئەوانن، ئەوانەی مووچەی بریكاری وەزیر وەردەگرن و خاوەن پلە تایبەتەكان و بەڕێوبەرە گشتیەكان و ئەوانەی بە پلەی بەڕێوبەری گشتی، ئەوانەی مووچەی بەڕێوبەری گشتی وەردەگرن، سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاكانی هەرێم و گشت ئەو كەسانەی كە بە پێی خشتەی كارپێكراو مووچە لە هەرێمی كوردستان، مووچە و دەرماڵەی هەردوو پلە باڵای (أ وب) وەردەگرن لە سەر میلاكی شارستانی، سەربازی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ.

٢- مووچەی خانەنشینی هەژمار دەكرێت بۆ هەژمارپێدراوان لە بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١/ ٢٥% ی لە كۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵەی ئەوانەی لە كاتی خزمەت دا وەری دەگرن، ڕێژەی (٢،٥% دوو و نیو لە سەد) لە كۆی دوا مووچە دەرماڵە ئەوەی لە كاتی خزمەت دا وەری دەگرن دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی بۆ هەر ساڵێكی خزمەت.

٣- شایستەی مووچەی خانەنشین نابێت لەڕێژەی ٧٠% تێ پەڕێت لە كۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە و ئەوەی لە كاتی خزمەت دا وەری دەگرێت.

٣ ـ ئەوانەی لە بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێدراوە و پێشتر فەرمانبەری حكومەت بوون، كە دەگەڕێنەوە بە ئارەزوومەندانە بۆ سەر وەزیفەكانیان دەست لە كاركێشانەوەیان هەڵدەوەشێتەوە و ڕاژەكانیان بۆ هەژمار دەكرێ بۆ مەبەستی سەر مووچە و پلە بەرز كردنەوە و خانەنشینی لایەنی پەیوەندار پابەند دەبێ بە دابین كردنی پلەی پێویست بۆیان و سەرپشك دەبن لەوەرگرتنی مووچەی خانەنشینی دیاری كراو لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە یان مووچەی وەزیفەی پێشووی كە دووبارە گەڕاوەتەوە سەری.

٤- هەژمارکردنی ماوەی خزمەتی خولی پەرلەمانی بۆ هەموو مەبەستەکانی سەر مووچە و بەرزکردنەوەی پلەی خانەنشینی بۆ ئەو پەرلەمانتارانەی بە ئارەزوومەندانە دەگەڕێنەوە بۆ سەر وەزیفەکانیان.

٥- ئەحکامەکانی ئەم ماددەیە ئەو پۆست و وەزیفانە ناگرێتەوە کە بە پێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان مافی خانەنشین بوون دەستەبەر ناکەن لەم پۆستانەدا.

٦- ڕاستکردنەوەی مووچەی خانەنشینی ئەو کەسانەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێدراوە کە بە پلەی بەرزتر لە پلەی وەزیفی شایستەی خۆیان لە پێش جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە خانەنشین کراون بۆ ئەو مووچەی خانەنشینیەی کە شایستەی دەبن بە پێی هاتوو لە بڕگەی دووی ئەم ماددەیە.

٧- حوکمەکانی ئەم ماددەیە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە بڕگەی یەکەمی سەرەوەی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێدراوە، لە پێش بەرکاربوونی ئەم یاسایە خانەنشین بوون و پێویستە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم یاسایە، بۆ ئەوانەشیان کە خزمەتی خانەنشینیان نەگەیشتووەتە ( ١٥ ) ساڵ ئەوا تاوەکو ( ٣ ) ساڵ دەخرێتە سەر خزمەتەکەیان بۆ ئەوەی بگەنە تەمەنی خانەنشینی.

ماددەی/٣

فەرمانبەر بەو پێناسەیەی لە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی بەرکار لە هەرێم هاتووە بە وانەشەوە کە لە بڕگەی یەکەم و دووەمی ئەم یاسایە ئاماژەیان پێدراوە و شایستەی مووچەیەکی خانەنشینی دەبن ئەگەر خزمەتی خانەنشینیان لە ١٥ ساڵ کەمتر نەبێت، ئەو مووچەی خانەنشینیەیان بۆ خەرج ناکرێت تاوەکو ٤٥ ساڵ لە تەمەنیان تەواو نەکردبێ لە هەموو حاڵەتێك دا هیچ مووچەیەکی خانەنشینیان بۆ ماوەی پێش تەواو کردنی ئەم تەمەنە بۆ خەرج ناکرێ جگە لە حاڵەتەکانی مردن یان شەهید بوونی یان خانەنشین بوون بەهۆکاری تەندروستی، ئەو حاڵەتانەی دیکە بەدەرکردن کە لە یاسای خانەنشینی بەرکار داهاتووە.

ماددەی/٤

هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوبەرایەتی گشتی خانەنشینی لەسەر میلاکی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم هاتووە لە ماددەی ١٢ لە یاسای وەزارەت ژمارە ٥ ی ساڵی ٢٠١٠ دامەزراندنی دەستەی خانەنشینی نیشتمانی هاتووە لە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی بەرکار لە هەرێمی کوردستان کە بە پەیڕەوێك لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستانەوە پێك دێت، کە جێگەی بەڕێوبەرایەتی گشتی هەڵوەشاندنەوەی ناوبراو دەگرێتەوە.

٢/ گواستنەوەی گشت ئەو بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگە و هەر یەکەیەکی دیکە کارگێڕی کە مووچەی خانەنشینیان لێ خەرج دەکرێ شارستانی، سەربازی، هێزەکان ئاسایشی ناوخۆ بۆ دەستەی خانەنشینی نیشتمانی هاتوو لە بڕگەی یەکەمی سەرەوەی ئەم ماددەیە لەگەڵ

گواستنەوەی گشت میلاك و موڵك و ماڵی گواستراوەی ئەو بەڕێوبەرایەتیە و یەکە کارگێڕیـانە و دۆسیە و بەراییەکانی ئەو کەسانە و ئاماژەیان پێدراوە.

ماددەی/٥

هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی بە پلەی وەزیر و بریکاری وەزارەت و ڕاوێژکار و بەڕێوبەری گشتی هەر پلەیەکی تری تایبەت بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە لە ڕیزی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بوون و پێش ڕێککەوتنی ٣/٥ /١٩٩١ وەك ڕێز لێنانێك مـووچەی خانەنشـینیان بەو پـلانە پێـدراوە لەبری ئەوە پێویستە لەدوای دڵنیابوون لە هەبوونی مەرج و پێداویستیەکان و ووردبینی کردنـی لە پـاككردنەوەی لیسـتی نـاوی ئەو پێشـمەرگانە نـاوی کەسـانی ناشایسـتە ئیمتیـازێکی دارایـی شایستەیان بۆ دابین بکرێ لەبەر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (٣٣) ی ساڵی ٢٠٠٧ و یاسـای ٣٤ ی سـاڵی ٢٠٠٧ و یاسای ژمارە (٣٨) ی ساڵی ٢٠٠٧ بە پێی تایبەتمەندی.

ماددەی/٦

ڕاستکردنەوەی مووچەی خانەنشینی سـەرجەم ئەو کەسـانەی کە بە شـێوەی نـا یاسـایی یـان بە پلەی بەرز تر لە پلەی شایستەی خۆیـان خانەنشـین کـراون یـان لەسـەر بنەمـای ئەژمـارکردنی نـا یاسایی ساڵانەی خزمەتی وەزیفی خانەنشین کراون، ڕاستکردنەوەی مووچەی خانەنشـینیان بـۆ ئەو مووچەیەی بە پێی یاسا کارپێکراوەکان شایستەی دەبن وەك لە یاسا ئاماژەی پێکراوەن.

بەشی سێیەم

ڕێکخسـتنەوەی مـاف و ئیمتیازەکـانی میراتگرانـی کەسـوکاری شـەهیدان و ئەنفـالکراوان و زیندانیان و ڕاگیراوانی سیاسی.

ماددەی/٧

یەکەم/ ڕاگرتنی کۆکردنەوە لە نێوان ئیمتیازاتی هەر دوو یاسای ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٠٧ هەمـوار کراو تایبەت بە ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شـەهیدان و ئەنفـالکراوان و یاسـای ژمـارە (١١) ی سـاڵی ٢٠١١ هەمـوارکراوی تـایبەت بە ئیمتیـازاتی زینـدانیان و ڕاگیراوانـی سیاسـی لە هەرێمـی کوردستان بەدەر لە کەسوکاری پلە یەکی شایستە کە زیـاتر لە یەك شـەهید یـان ئەنفالیـان هەیە، بەڕەچاوکردنی شایستە بوونیان بە گوێرەی یاسای خانەنشینی بەرکار.

دووەم/ یەکخسـتنی مـاف و ئیمتیـازاتی کەسـوکاری شـەهیدان ئەنفـالکراوان و زینـدانیان و ڕاگیراوانی سیاسی لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان.

سێیەم/ لە کاتی مردن یان بڕینی مافی دارایی سەرجەم میراتگرانی شـەهیدان و ئەنفـالکراوان و قوربانیـانی جینۆسـاید کە بـۆ لەمەودوا بە گـوێرەی یاسـای خانەنشـینی بەرکـار ئەو میراتگـرانە دەست نیشان دەکرێ، ئەوا ئەو مافە داراییە کۆتایی پێ دێت و ناگوازرێتەوە بـۆ کەسـانی دیـکە، جـگە لە سـوودمەندان بە پێـی یاسـای ژمـارە (٩) ی سـاڵی ٢٠١٥ ی یاسـای مـاف و ئیمتیـازاتی تاقانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

چوارەم/ بڕگەی سێیەمی ئەم ماددەیە بەسەر میراتگرانی زیندانی و ڕاگیراوانی سیاسی جێ بەجێ دەکرێ بە پیادەکردنی یاسای خانەنشینی بەرکار لە هەرێمی کوردستان.
پێنجەم/ پێوستە لەسەر وەزارەتەکانی دارایی وئابووری و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و پەروەردە و تەندروستی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ڕێنمایی دەربکەن بە مەبەستی ڕێکخستنەوە و لەئەستۆ گرتنی حکومەت بۆ خەرجی و چارەسەری تەندروستی خوێندنی کوڕ و کچ و هاوسەری شەهید کە هاوسەرگیری نەکردبێ، لە قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆ حکومی و ئەهلیەکان لە ناو هەرێم دا و دەست نیشان کردنی شایستە بوون لەبەر رۆشنایی بڕگەی دووەم لە ماددەی ( ٧) لە یاسای ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٠٧.
شەشەم/ پاککردنەوە و هەڵوەشانەوەی ماف و ئیمتیازاتی میراتگری ئەو کەسانەی کە بەدەر لە ئەحکامەکانی یاسای ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٠٧ ی هەموار کراو یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان سوودمەند بوون.
حەوتەم/ پاککردنەوە و هەڵوەشانەوەی ئیمتیازاتی زیندانیانی ڕاگیراوانی سیاسی و بەناوی زیندانی و ڕاگیراوی سیاسی بە پێچەوانەی ئەحکامەکانی یاسای ژمارە (١١) ی ساڵی ٢٠١١ ی هەموار کراو سوودمەند بوون.

بەشی چوارەم

نەهێشتنی سوودمەند بوون لە جارێك زیاتر لە بوودجەی گشتی.

ماددەی/٨

یەکەم/ هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو بەخشین و ئیمتیازاتە داراییانەی کە خەرج دەکرێن بۆ ئەو کەسانەی کە بەناوی سوودمەندی تەرخان کراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و خاوەن پێداویستی تایبەت و کەم ئەندامان خۆیان تۆمارکردووە، بەدەر لە یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان، ڕاستکردنەوەی ئەو سوودمەندییە بە پێی پێوەرەکانی سوود وەرگرتن لەو بەخشین و ئیمتیازاتانەی لە ناونیشان دا ڕیژەی پەککەوتەیی و بە پێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی ڕاستێنراون.
دووەم/ کار لەسەرجەم ئەو ڕێسا و ڕێنماییانە ناکرێت کە ڕێگە دەدەن بە سوودمەند بوون لە وەرگرتنی زیاتر لە یەك مووچە و بەخشین و هەر ئیمتیازێکی دارایی تر لە بودجەی گشتی لەناو هەرێم و دەسەڵاتی فیدراڵی بۆ سەرجەم سوودمەندان لە بوارەکانی شارستانی، سەربازی، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و سوودمەندانی تەرخان کراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و ئیمتیازاتی زیندانیان و ڕاگیراوانی سیاسی و خانەنشینی بەهەموو جۆرەکانی و جگە لە ئیمتیازاتە داراییەکانی میراتگران و کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە ڕەچاوکردنی حوکمەکانی یاسای خانەنشینی بەرکار.

سێیەم/ سەرپشك كردنی ئەو كەسانەی كە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە، بە پێی یاسا و ڕێنماییەكان، سەرەڕای مووچە سوودمەندن لە وەرگرتنی مینحە و ئیمتیازاتی دارایی تر لە پارەی گشتی لەناو هەرێم و لە دەسەڵاتی فیدراڵی كە دەبێ تەنها لە یەك لەو مووچانە و مینحە و ئیمتیازاتانە سوودمەند بن.

چوارەم/ كەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت لە كەسانی فەرمانبەر لە جیاتی ئەو بەخشینەی لە تەرخان كراوەكانی چاودێری كۆمەڵایەتی دەرماڵە لەبری پەككەوتەیی یان پێدەدرێ بە ڕێژەیەك كە لە مووچەی بنەڕەتیان كە ئەو ڕێژەیە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەست نیشان دەكرێ و بەڕەچاوكردنی ڕێژەی پەككەوتەیی لەلایەن لیژنەیەكی پزیشكی پسپۆڕەوە.

پێنجەم/ لە كاتی گەڕانەوەی فەرمانبەری خانەنشین كراو بۆ وەزیفە، سەرپشك دەكرێ لە وەرگرتنی مووچەی خانەنشینیەكەی یان مووچەی ئەو وەزیفەیەی كە پێی دامەزراوەتەوە لە هیچ كاتێك دا نابێ سوودمەند بێ لە دوو مووچە.

بەشی پێنجەم

بواری پێشمەرگە و هێزەكانی ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆ.

ماددەی/٩

یەكەم/ یەك خستن و ڕێكخستنەوەی یەكەكانی ژمێریاری لە گشت یەكەكانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان و ڕێكخراو و ڕێكنەخراو لە چوارچێوەی هەیكەلیەتی وەزارەتی كاروباری پێشمەرگە لە یەك یەكەی ژمێریاری كە بەڕێوبەرایەتی گشتی بوودجە و بەرنامەكان ژمێریاری سەربازی سەر بە وەزارەتی كاروباری پێشمەرگەی هەرێمی كوردستانە.

دووەم/ یەكەكانی ژمێریاری پێویستە لەژێر وردبینی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی كوردستان و فەرمانگەی چاودێری دارایی هاتوو لە ماددەی (٣) لە یاسای ژمارە (١٩) ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای وەزارەتی كاروباری پێشمەرگە لە هەرێمی كوردستان، هاوشێوەی هێزە ڕێكخراوەكانی سەر بە وەزارەتی ناوبراو بێت.

سێیەم/ پێویستە وەزیری كاروباری پێشمەرگە دەسەڵاتی تەواو بە پێی یاسا بەركارەكان بداتە فەرمانگەی چاودێری دارایی سەر بە وەزارەتی كاروباری پێشمەرگە بۆ وردبینی كردنی لیستی پێشمەرگە و دروست كردنی دۆسیەی كەسی بە پێداویستیە یاساییەكانیەوە و پێداچوونەوە بە خزمەتی پێشمەرگایەتی لە گشت یەكەكانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان ڕێكخراو ڕێك نەخراو لە چوارچێوەی هەیكەلیەتی وەزارەتی كاروباری پێشمەرگە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی میلاكی سەر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی بوودجە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری.

چوارەم/ پێویستە دەست نیشان كردنی ژمارەی پاسەوانان بۆ بارەگا و دامەزراوە حزبیەكان و هەروەها پاسەوانی پارێزگاری خاوەن وەزیفە باڵاكان و بەرپرسانی ئاسایشی ناوخۆ بە پێی

پەیڕەوێك ڕێك بخرێت کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێ ئەوانەی زیاد دەبن لە ژمارەی دیاری کراو لەو پەیڕەوە لە چوارچێوەی میلاکی سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و بە پێی شایستە بوونی خۆیان ڕاژەیان ڕێك دەخرێتەوە.

پێنجەم/ گواستنەوەی گشت پاسەوانەکان بۆ سەر میلاکی هێزەکانی یەکەی پاسەوانی لە وەزارەتی ناوخۆ بە هیچ جۆرێك نابێ پاسەوان لەسەر میلاکی هیچ یەکەیەکەی تری سەربازی یان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێت جگە لە یەکەی پاسەوانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ و خەرج کردنی مووچەی پاسەوانی تەنها لەلایەن بەڕێوبەرایەتی ژمێریاری وەزارەتی ناوخۆوە دەبێ دوای هاوتاکردن و یەکخستنیان.

شەشەم/ پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی لیستی سوودمەندانی خانەنشینی و کەم ئەندامانی پێشمەرگە لەبەر رۆشنایی یاسای ژمارە (٣٤) ی ساڵی ٢٠٠٧، هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی ئەو کەسانەی بە پێچەوانەی یاسای ناوبراو خانەنشین کراون.

بەشی شەشەم

دەرماڵەکان

ماددەی/ ١٠

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان دەرماڵەکان لەسەرجەم دامەزراوە دەستووریەکانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق لەبەر رۆشنایی یاسا بەرکارەکان لە هەرێم دا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە ڕێك بخاتەوە.

بەشی حەوتەم

ڕێکخستنەوەی هەژمارکردنی خزمەت

ماددەی/١١

یەکەم/ پێداچوونەوەو ڕێکخستنەوەو پلە و ناونیشان و مووچەی وەزیفی سەرجەم مووچە خۆرانی هەرێم لە بوارەکانی خزمەتی شارستانی پێشمەرگایەتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە پێی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە کارپێکراوەکان، ڕێکخستنەوەیان لە چوارچێوەی وەزیفەی گشتی لەسەر بنەمای بڕوانامە وساڵانی خزمەتی فعلی و خزمەتی هەژمارکراوی یاسایی، بە پێی هەژمارکردنی ئەو خزمەتەی کە بە نایاسایی لە دەرەوەی یاسا کارپێکراوەکان بۆ مووچە خۆر هەژمار کراوە.

دووەم/ یەکخستنی ناونیشان و پلەی وەزیفی لەگەڵ مووچەی وەزیفی بە پێی حوکمەکانی یاسای میلاکی ژمارە ٢٥ ی ساڵی ١٩٦٨ ی هەموارکراوی کارپێکراو لە هەرێم یان هەر یاسایەکی تر کە جێگەی ئەم یاسایە دەگرێتەوە، هەڵوەشاندنەوەی ئەو ناونیشان و پلە وەزیفیانەی کە هاودژن لەگەڵ یاسای ناوبراو.

سێیەم/ هەڵوەشاندنەوەی گشت پلە و مەرتەبەی زێدەکی کە بەدەر لە یاسا کارپێکراوەکان دراوە بە مووچەخۆران، چ لە رۆژی یەکەمی دامەزراندنیان یان لە دوای دامەزراندنیان.

چوارەم/ هەڵوەشاندنەوەی ساڵانەی خزمەتی هەژمارکراو بۆ خزمەتی وەزیفی شارستانی یان پێشمەرگایەتی یان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بۆ ئەو ماوانەی کە لەگەڵ ماوەی خوێندنی مووچەخۆر یەك دەگرنەوە جگە لە حاڵەتەکانی مۆڵەتی خوێندن یان خوێندنی ئێواران یان تەمەنی ئەو کاتە لە خوار ١٦ ساڵ بێت، جگە لە زیندان و ڕاگیراوانی سیاسی.

پێنجەم/ هەر پێگەیەکی یاسایی بورای ڕادەی گشتی پشت بەستن بە بڕیاری کارگێڕی هاتووەتە دی لەسەر بودجەی گشتی مووچەیان وەرگرتووە ئەوا ئەو پێگانە پارێزراو دەبن لە مەرجێك لێبوردنی خانەنشینیان بدەن و پشت بەستن بە بڕیارێکی کارگێری دامەزراندنیان، پێویستە پلە و ناونیشانی وەزیفی و مووچەی شایستەیی داراییان لە چوارچێوەی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکار ڕێك بخرێتەوە و خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم یاسایە.

بەشی هەشتەم

حوکمەکانی کۆتایی

ماددەی/ ١٢

یەکەم/ دەبێ وەزیری پەیوەندار و سەرۆکی پەیوەندیداری لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت و فەرمانبەری تایبەت حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

دووەم/ دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێ بە پشکنین و وردبینی کردن و بەدواداچوون و جێ بەجێ کردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە و یاسا پەیوەندیدارەکانی تر و ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەبەر رۆشنایی یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان ـ عیراق ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٨.

سێیەم/ دەستەی دەست پاکی و داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق بە پێی تایبەتمەندی و پابەند بوون بە وەرگرتنی ڕێنمایی کاری یاسایی، پێویستە بەرامبەر هەر کارمەند و بەرپرسێك کە بەربەست و ئاستەنگ دروست بکات لەبەردەم جێ بەجێ کردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی/ی ١٣

یەکەم/ دامەزراندن لەهەر وەزیفەیەکی پلە باڵا بەڕێوبەری گشتی و ڕاوێژکار و سەرووتر لە هەر سێ سەرۆکایەتیەکە وەزارەتەکان لایەنی نەبەستراو بە وەزارەتەکان ڕادەگیرێت مەگەر تەنها لەو کاتەی پلەی چۆڵ هەبێت.

دووەم/ خانەنشین کردنی فەرمانبەر بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و سەرووتر کە پێکهاتەی دیاری لە ئاستی بەڕێوبەرایەتی گشتی و سەرووتر بەڕێوە نابات بە پێی ئەحکامەکانی هەردوو ماددەی دوو و سێی ئەم یاسایە دەبێت یان دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تر لە کاتی هەبوونی شوێنی

وەزیفی بەتاڵ کە لەگەڵ ناونیشانی وەزیفی شایستەی خۆی دەگونجێت و بەرازی بوونی ئەو شوێنەی بۆی دەگوازرێتەوە.
سێیەم/ حوکمەکانی برگەی دووەمی ئەم ماددەیە، سەرۆکی یەکە ئیدارییەکانیش پارێزگار، قایم قام و بەرێوبەری ناحیە دەگرێتەوە، کە هیچ یەکەیەکی ئیداری بەرێوە نابەن.
چوارەم/ مەرجەکانی دامەزراندن، بە پلەی بەرێوبەری گشتی و بەرەو ژوور جگە لە مەرجەکانی فەرمانبەرێتی وەزیفەی گشتی بە پەیرەوێك دەست نیشان دەکرێت کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت کە تێیدا رەچاوی بروانامە و پسپۆری و ساڵانەی خزمەت و شارەزایی و لێهاتووی بکرێت.
ماددەی/١٤
یەکەم/ جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئاسەواری دارایی و دادوەری لێ ناکەوێتەوە و بۆ حاڵەتەکانی پێش کەوتنە بواری جێ بەجێ کردنی یاسایەکە لەسەر ئەو کەسانەی کە دەیانگرێتەوە.
دووەم/ ئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، مافی ئەوەیان هەیە بە پێی حوکمەکانی یاسای بەرکار تانەی یاسایی بدەن.
ماددەی/ ١٥
نابێ هیچ کەسێك خانەنشین بکرێت یان ئیمتیازێکی دیکەی دارایی لەژێر هیچ پاساوو ناونیشانێك دا پێ بدرێ ئەگەر پێشتر بە شایستە بوونی یاسایی لە تۆمارەکانی داتابەیس و سیستمی بایۆمەتری پەیرەو کراو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تۆمار نەکرابێ و بەرایی نەبێت، مووچەی خانەنشینی بۆ میراتگری یاسایی، موستەحەق خەرج ناکرێ تاوەکو تۆمار نەکرێت لە داتا بەیسی سیستمی بایۆمەتری.
ماددەی/١٦
یەکەم/ ئەحکامەکانی ئەم یاسایە هەموو حاڵەتەکانی پێش بەرکار بوونی ئەم یاسایە دەگرێتەوە، پێویستە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەم یاسایە.
دووەم/ کار بە هیچ دەقێکی یاسایی، بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێت و هەڵوەشاندنەوەی یاسایی خانەنشین و خاوەن وەزیفە باڵاکانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق ژمارە (٣٦) ی ساڵی ٢٠٠٤.
ماددەی/١٧
پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پەیرەو دەربکات بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، لە ماوەیەك کە لە (٦٠) رۆژ تێ پەڕ نەکات لە رۆژی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە.
ماددەی/ ١٨

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.
ماددەی/ ١٩
ئەم یاسایە لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە و لە دوای تێ پەڕبوونی (٩٠) رۆژ لە رێککەوتی دەرچوونی ئەم پەیڕەوە هاتووە لە ماددەی (١٧) ی ئەم یاسایە دەکەوێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە.
هۆیەکانی دەرچوواندن
لە پێناوی رێکخستنەوە و بواری وەزیفەی گشتی و خانەنشینی لەسەرجەم بوارەکانی شارستانی و پێشمەرگایەتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و هەروەها تەرخان کراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و بەرپاکردنی دادپەروەری و یەکسانی لە خەرج کردنی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتە داراییە گشتیەکان و رێگری کردن لە سوود وەرگرتنی نارەواو نا یاسایی لە تەرخان کراوەکانی بوودجەی گشتی لە پێناوی زامن کردنی مووچەخۆر و خانەنشین و سوودمەندی چاودێری کۆمەڵایەتی شایستە ئەم یاسایە دەرچووێنرا.
زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان هەموارێك هەیە لەناو ئەو پرۆژە یاسایە کە ئەنجومەنی وەزیران کردوویەتی، ئێستا دەقەکەیمان لەلایە، با بفەرموون ئەو دەقەیەمان بۆ بخوێننەوە، کاك هێڤیدار فەرموو.
**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەندامانی بەڕێز، ئەو ماددەی کە هاتووە هەموارەکە دوای موناقەشە بووە لە لیژنەی دارایی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران، ماددەی (١٤) ئەنجومەنی وەزیران ناردوویەتی کە هاوپێچە لەگەڵ ئەمەی کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی دارایی خوێندییەوە.
ماددەی/١٤
یەکەم/ وەزارەتی دارایی و ئابووری لە چوارچێوەی رێکخستنەوەی بواری بانکی لە هەرێم و بە ئەلیکترۆنی کردنی خزمەت گوزاریە بانکیەکان ئەژمارێکی تایبەت دەکاتەوە بۆ هەر مووچە خۆر و سوودمەندێك لە بوودجەی گشتی لە پێناو زامن کردن و پاراستنی گشت شایستە داراییەکان بە شایستە داراییە خەرج نەکراوەکانیشەوە.
دووەم/ چۆنیەتی کردنەوەی ئەو ئەژمارە سوود وەرگرتنی مووچەخۆر و سوودمەند لە ئەژمارەکە بە رێنماییەکی دارایی رێك دەخرێت کە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە دەردەکرێت لەبەر رۆشنایی برگەی یەکەمی ئەم ماددەیە.

دووەم/ لەبەر رۆشنایی ئەو بڕە پارەیەی کە بە فعلی لە خەرجیەکان دەگەڕێتەوە لە ئەنجامی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە دەبێت ئەنجومەنی وەزیران ئەولەویەت بدات بە پێداچوونەوە بە کەمترین مووچەی خانەنشینی لە هەرێم بە ئاراستەی زیاد کردن و بەرەچاوکردنی بژێوی گوزەرانی ئەو کەسانەی کە کەمترین مووچەی خانەنشینی وەردەگرن.
تێبینی/ زنجیرەی ماددەکانی پرۆژە یاساکە ڕێك دەخرێتەوە بە پێی زیاد کردنی ئەم ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش فەرموون بیخوێننەوە، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە دەقی ڕاپۆرتی هەر شەش لیژنەیە هاوبەشە.

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ ڕاپۆرتی هاوبەش

لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا و لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان و لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی، ڕۆژی پێنج شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/١/٩ کاتژمێر (١١) کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجام دا، بە مەبەستی نووسینی ڕاپۆرتی هاوبەش تایبەت بە خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان -عیراق، دوای گفتوگۆ کردن و تاوتوێ کردن، لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

ناونیشان

پرۆژە یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق

بەشی یەکەم

ئامانجەکانی یاساکە/

ماددەی/١

١- بەرجەستە کردنی بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەری و شایستە بوون لە خەرج کردنی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان و نەهێشتنی سوودمەندبوونی نا شایستەیی و ڕێ گرتن لە بەهەدەردانی بوودجەی گشتی.

٢- به دامەزراوەیی کردن و یەکخستنی بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگە و یەکە جیاجیاکانی خانەنشینی لە بوارەکانی شارستانی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە یەك بەڕێوبەرایەتی خانەنشینی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان.
٣- کارا کردن و پشتیوانی کردنی دارایی سەندوقی خانەنشین و ڕێ گرتن لە هەر خەرجیەك لەسەر سەندوقەکە جگە لەو مەبەستانەی لە یاسای خانەنشینی کارپێکراو ژمارە ٢٧ ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێم ئاماژەیان پێکراوە.
٤- ڕێکخستنەوەی خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکان و پلە تایبەتەکان.

بەشی دووەم

ڕێکخستنەوەی ماف و ئیمتیازاتەکانی میراتگرانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانی کراو و گیراوانی سیاسی

ماددەی/٢

یەکەم/ ڕاگرتنی کۆکردنەوە لە نێوان ئیمتیازاتی هەر دوو یاسای ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٠٧ هەموار کراو تایبەت بە ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و یاسای ژمارە (١١) ی ساڵی ٢٠١١ هەموارکراوی تایبەت بە ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستانی بەدەر لە کەسوکاری پلە یەکی شایستە کە زیاتر لە یەك شەهید یان ئەنفالیان هەیە، بەڕەچاوکردنی شایستە بوونیان بە گوێرەی یاسای خانەنشینی بەرکار.

دووەم/ یەکخستنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان ئەنفالکراوان و زیندانی کراو و ڕگیراوی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان.

سێیەم/ لە کاتی مردن یان بڕینی مافی دارایی سەرجەم میراتگرانی شەهیدان و ئەنفالکراوان و قوربانیانی جینۆساید کە بۆ لەمەودوا بە گوێرەی یاسای خانەنشینی بەرکار ئەو میراتگرانە دەست نیشان دەکرێن، ئەوا ئەو مافە داراییە کۆتایی پێ دێت و ناگوازرێتەوە بۆ کەسانی دیکە، جگە لە سوودمەندان بە پێی یاسای ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠١٥ ی یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

چوارەم/ بڕگەی سێیەمی ئەم ماددەیە بەسەر میراتگرانی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی جێ بەجێ دەکرێ بە پیادەکردنی یاسای خانەنشینی بەرکار لە هەرێمی کوردستان.

پێنجەم/ پێوستە لەسەر وەزارەتەکانی دارایی وئابووری و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و پەروەردە و تەندروستی بە هەماهەنگی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ڕێنمایی دەربکەن بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی لەئەستۆ گرتنی حکومەت بۆ خەرجی و چارەسەری تەندروستی خوێندنی کوڕ و کچ و هاوسەری شەهید کە هاوسەرگیری نەکردۆتەوە، لە قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆ حکومی و ئەهلیەکان لە ناو هەرێم دا و دەست نیشان کردنی مەرجەکانی شایستە بوون لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی دووەم لە ماددەی (٧) لە یاسای ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٠٧.

شەشەم/ پاككردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ماف و ئیمتیازاتی میراتگری ئەو کەسەی کە بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٠٧ ی هەموار کراو یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان سوودمەند بوون، لەلایەن لیژنەیەکەوە بەسەرپەرشتی وەزیری شەهیدان و ئەنفاکراوەکان ئەنجام دەدرێت.

حەوتەم/ پاككردنەوە و هەڵوەشانەوەی ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی و کە بەناوی زیندانی کراو گیراوی سیاسی بە پێچەوانەی حوکمەکانی یاسای ژمارە (١١) ی ساڵی ٢٠١١ ی هەموار کراو سوودمەند بوون، لەلایەن لیژنەیەکەوە بەسەرپەرشتی وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ئەنجام دەدرێت.

بەشی سێیەم

نەهێشتنی سوودمەند بوون لە جارێك زیاتر لە بوودجەی گشتی.

ماددەی/٣

یەکەم/

١- هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو بەخشین و ئیمتیازاتە داراییانەی کە خەرج دەکرێن بۆ ئەو کەسانەی کە بەناوی سوودمەندی تەرخان کراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و خاوەن پێداویستی تایبەت و کەم ئەندامان خۆیان تۆمارکردووە، بەدەر لە یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان، ڕاستکردنەوەی ئەو سوودمەندییە بە پێی پێوەرەکانی سوود وەرگرتن لەو بەخشین و ئیمتیازاتانە لە ناویشیان دا ڕێژەی پەککەوتەیی و بە پێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی ڕاستێنراون.

٢- کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت لە کەسانی فەرمانبەر لە جیاتی ئەو بەخشینەی لە تەرخان کراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی دەرماڵەی لەبری پەککەوتەییان پێدەدرێ بە ڕێژەیەك کە لە مووچەی بنەڕەتیان کە ئەو ڕێژەیە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەست نیشان دەکرێ و بەڕەچاوکردنی ڕێژەی پەککەوتن لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕەوە.

دووەم/کار بە ئەو یاسا و بڕیار و پەیڕەو و ڕێنماییانە ناکرێت کە ڕێگە دەدەن بە سوودمەند بوون لە وەرگرتنی زیاتر لە یەك مووچە و بەخشین و هەر ئیمتیازێکی دارایی تر لە بودجەی گشتی لەناو هەرێم و دەسەڵاتی فیدراڵی بۆ سەرجەم سوودمەندان لە بوارەکانی شارستانی، سەربازی، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و سوودمەندانی تەرخان کراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و ئیمتیازاتی زیندانی کرا و گیراوانی سیاسی و خانەنشینی بەهەموو جۆرەکانی و جگە لە ئیمتیازاتە داراییەکانی میراتگران و کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە ڕەچاوکردنی حوکمەکانی یاسای خانەنشینی بەرکار.

سێیەم/ سەرپشك کردنی ئەو کەسانەی کە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە، کە بە پێی یاسا و ڕێنماییەکان، سەرەڕای مووچە سوودمەندن لە وەرگرتنی مینحە و ئیمتیازاتی

دارایی تر له بوودجەی گشتی لەناو هەرێم و له دەسەڵاتی ئیتحادی که دەبێ تەنها له یەك لەو مووچانه و مینحه و ئیمتیازاتانه سوودمەند بن.

چوارەم/ له کاتی گەڕانەوەی فەرمانبەری خانەنشین کراو بۆ وەزیفه، سەرپشك دەکرێ له وەرگرتنی مووچەی خانەنشینیەکەی یان مووچەی ئەو وەزیفەیەی که پێی دامەزراوەتەوە له هیچ کاتێك دا نابێ سوودمەند بێ له دوو مووچه.

بەشی چوارەم

بواری پێشمەرگه و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆ

ماددەی/٤

یەکەم/ یەك خستن و رێکخستنەوەی یەکەکانی ژمێریاری له گشت یەکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و رێکخراو و رێکنەخراو له چوارچێوەی هەیکەلیەتی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگه له یەك یەکەی ژمێریاری که بەرێوبەرایەتی گشتی بوودجه و بەرنامەکان ژمێریاری سەربازی سەر به وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانه.

دووەم/ یەکەکانی ژمێریاری پێویستە لەژێر وردبینی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان و فەرمانگەی چاودێری دارایی هاتوو له ماددەی (٣) له یاسای ژمارە (١٩) ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای وەزارەتی کاروباری پێشمەرگه له هەرێمی کوردستان، هاوشێوەی هێزە رێکخراوەکانی سەر به وەزارەتی ناوبراو بێت.

سێیەم/ پێویستە وەزیری کاروباری پێشمەرگه دەسەڵاتی تەواو به پێی یاسا بەرکارەکان بداتە فەرمانگەی چاودێری دارایی سەر به وەزارەتی کارووباری پێشمەرگه بۆ وردبینی کردنی لیستی پێشمەرگه و دروست کردنی دۆسیەی کەسی به پێداویستییە یاساییەکانییەوە و پێداچوونەوە به خزمەتی پێشمەرگایەتی له گشت یەکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان رێکخراو رێك نەخراو له چوارچێوەی هەیکەلیەتی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگه به هەماهەنگی لەگەڵ بەرێوبەرایەتی میلاکی سەر به بەرێوبەرایەتی گشتی بوودجه له وەزارەتی دارایی و ئابووری.

چوارەم/ پێویستە دەست نیشان کردنی ژمارەی پاسەوانان بۆ بارەگا و دامەزراوە حزبیەکان و هەروەها پاسەوانی پارێزگاری له خاوەن وەزیفه باڵاکان و بەرپرسانی سەربازی و ئاسایشی ناوخۆ و به هەماهەنگی و به پێی پەیرەوێك رێك بخرێت که لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێ ئەوانەی زیاد دەبن له ژمارەی دیاری کراو لەو پەیرەوە له چوارچێوەی میلاکی سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و به پێی شایستە بوونی خۆیان ڕاژەیان رێك دەخرێتەوە.

پێنجەم/ گواستنەوەی گشت پاسەوانەکان بۆ سەر میلاکی هێزەکانی یەکەی پاسەوانی له وەزارەتی ناوخۆ به هیچ جۆرێك نابێ پاسەوان لەسەر میلاکی هیچ یەکەیەکەی تری سەربازی یان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێت جگه له یەکەی پاسەوانی سەر به وەزارەتی ناوخۆ و خەرج

کردنی مووچەی پاسەوانی تەنها لەلایەن بەڕێوبەرایەتی ژمێریاری وەزارەتی ناوخۆوە دەبێ دوای هاوتاکردن و یەکخستنیان.
شەشەم/ پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی لیستی سوودمەندانی خانەنشینی و کەم ئەندامانی پێشمەرگە لەبەر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (٣٤) ی ساڵی ٢٠٠٧، هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی ئەو کەسانەی کە بە پێچەوانەی یاسای ناوبراو خانەنشین کراون.

بەشی پێنجەم

دەرماڵەکان

ماددەی/ ٥

ئەنجومەنی وەزیران گشت دەرماڵەکان لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە ڕێك بخاتەوە.

بەشی شەشەم

ڕێکخستنەوەی هەژمارکردنی خزمەت

ماددەی/٦

یەکەم/ پێداچوونەوەو ڕێکخستنەوەو پلە و ناونیشان و مووچەی وەزیفی سەرجەم مووچە خۆرانی هەرێم لە بوارەکانی خزمەتی شارستانی پێشمەرگایەتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە پێی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە کارپێکراوەکان، ڕێکخستنەوەیان لە چوارچێوەی وەزیفەی گشتی لەسەر بنەمای بڕوانامە وساڵانی خزمەتی فعلی و خزمەتی هەژمارکراوی یاسایی، بە بێ هەژمارکردنی ئەو خزمەتەی کە بۆ مووچە خۆر هەژمار کراون.
دووەم/ یەکخستنی ناونیشان و پلەی وەزیفی لەگەڵ مووچەی وەزیفی بە پێی حوکمەکانی یاسای میلاکی ژمارە (٢٥) ی ساڵی ١٩٦٠ ی هەمواركراوی کارپێکراو لە هەرێم دا، یان هەر یاسایەکی تر کە جێگای ئەم یاسایە دەگرێتەوە، هەڵوەشاندنەوەی ئەو ناونیشان و پلە وەزیفیانەی کە هاودژن لەگەڵ یاسای ناوبراو.
سێیەم/ هەڵوەشاندنەوەی گشت پلە و مەرتەبەی زێدەکی کە بەدەر لە یاسا کارپێکراوەکان دراوە بە مووچەخۆران، چ لە ڕۆژی یەکەمی دامەزراندنیان یان لە دوای دامەزراندنیان.
چوارەم/ هەڵوەشاندنەوەی ساڵانەی خزمەتی هەژمارکراو بۆ خزمەتی وەزیفی شارستانی یان پێشمەرگایەتی یان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بۆ ئەو ماوانەی کە لەگەڵ ماوەی خوێندنی مووچەخۆر یەك دەگرێتەوە جگە لە حاڵەتەکانی مۆڵەتی خوێندن یان خوێندنی ئێواران یان تەمەنی لەو کاتە لە خوار (١٦) ساڵ بێت، جگە لە زیندان و ڕاگیراوانی سیاسی.
پێنجەم/
١- هەر پێگەیەکی یاسایی بورای ڕاژەی گشتی پشت بەست بە بڕیاری کارگێڕی هاتوونەتە دی لەسەر بودجەی گشتی مووچەیان وەرگرتووە ئەوا ئەو پێگانە پارێزراو دەبن بە مەرجێك

لێبرینی خانەنشینیان بدەن و پشت بەستن بە بڕیاری کارگێری دامەزراندنیان، پێویستە پلە و ناونیشانی وەزیفی و مووچەی شایستەیی دارابیان لە چوارچێوەی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان ڕێك بخرێتەوە و خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم یاسایە.

٢- حوکمی خاڵی ١ ی بڕگەی ٥ ئەم ماددەیە تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە تا پەسەند کردنی ئەم یاسایە مووچەیان وەرگرتووە.

بەشی حەوتەم

بواری خانەنشینی

ماددەی/٧

١- یەکخستنی خانەنشینی ئەوانەی کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدراوە لە ڕووی مەرج و پێداویستیەکانی خانەنشین بوون و بە هەمان مەرج و پێوەرەکانی خانەنشینی فەرمانبەران لە پلە گشتیەکانی وەزیفە لەسەر میلاکی شارستانی سەربازی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ (سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، جێگرەکانیان، ئەندامانی پەرلەمان، وەزیرەکان، ئەوانەی بە پلەی ئەوانن و بریکارەکانی وەزارەت و ئەوانەی بە پلەی ئەوانن، ئەوانەی مووچەی بریکاری وەزیر وەردەگرن و خاوەن پلە تایبەتەکان و بەڕێوبەرە گشتیەکان و ئەوانەی بە پلەی بەڕێوبەری گشتی، ئەوانەی مووچەی بەڕێوبەری گشتی وەردەگرن، سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم و گشت ئەو کەسانەی کە بە پێی خشتەی کارپێکراوی مووچە لە هەرێمی کوردستان، مووچە و دەرماڵەی هەردوو پلە باڵای (أ و ب) وەردەگرن لە سەر میلاکی شارستانی و سەربازی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ).

٢- مووچەی خانەنشینی هەژمار دەکرێت بۆ ئاماژەپێدراوان لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١/ ڕێژەی ٢٥% ی لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە ئەوەی لە کاتی خزمەت دا وەری دەگرێت.

٢/ ڕێژەی (٢،٥% دوو و نیو لە سەد) لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە ئەوەی لە کاتی خزمەت دا وەری دەگرێت دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی بۆ هەر ساڵێکی خزمەت.

٣/ شایستەی مووچەی خانەنشین نابێت لەڕێژەی ٧٠% تێ پەڕێت لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە و ئەوەی لە کاتی خزمەت دا وەری دەگرێت.

٣- هەژمارکردنی ماوەی خزمەتی خولی پەرلەمانی بۆ هەموو مەبەستەکانی سەر مووچە و بەرزکردنەوەی پلە و خانەنشینی بۆ ئەو پەرلەمانتارانەی بە ئارەزوومەندانە دەگەڕێنەوە بۆ سەر وەزیفەکانیان.

٤- حوکمەکانی ئەم ماددەیە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە بڕگەی یەکەمی سەرەوەی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێدراوە، لە پێش بەرکاربوونی ئەم یاسایە خانەنشین بوون و پێویستە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم یاسایە، بۆ ئەوانەشیان کە خزمەتی

خانەنشینیان نەگەیشتووەتە (١٥) ساڵ ئەوا تاوەکو (٣) ساڵ دەخرێتە سەر خزمەتەکەیان بۆ ئەوەی بگەنە تەمەنی خانەنشینی بە مەرجێك بڕی خانەنشینی ئەو ماوەیە بدات.

ماددەی/٨

فەرمانبەر بەو پێناسەیەی لە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی بەرکار لە هەرێم دا هاتووە بە وانەشەوە کە لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٧) ی ئەم یاسایە ئاماژەیان پێدراوە و شایستەی مووچەیەکی خانەنشینی دەبن ئەگەر خزمەتی وەزیفەیان لە (١٥) ساڵ کەمتر نەبێت و (٤٥) ساڵ لە تەمەنیان تەواو نەکردبێت، جگە لە حاڵەتەکانی مردن یان شەهید بوونی یان خانەنشین بوون بەهۆکاری تەندروستی، ئەو حاڵەتانەی دیکە بەدەرکردن کە لە یاسای خانەنشینی بەرکار داهاتووە.

٢/ ئەوانەی بە خزمەتی گشتی ڕاسپێردراون لە بڕگەی (١) ی ماددەی (٧) ئاماژەیان پێکراوە مەرجی یەکەمی ئەم ماددەیە نایانگرێتەوە، بەڕێژەی ٤٠% لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە خانەنشین دەکرێن تاوەکو خۆ گونجاندنیان لەگەڵ بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە.

ماددەی/٩

ئەوانەی لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٧) ئاماژەیان پێدراوە و پێشتر فەرمانبەری حکومەت بوون، کە دەگەڕێنەوە بە ئارەزوومەندانە بۆ سەر وەزیفەکانیان دەست لە کارکێشانەوەیان هەڵدەوەشێتەوە و ڕاژەکەیان بۆ هەژمار دەکرێ بۆ مەبەستی سەر مووچە و پلە بەرز کردنەوە و خانەنشینی لایەنی پەیوەندار پابەند دەبێ بە دابین کردنی پلەی پێویست بۆیان و سەرپشك دەبن لەوەرگرتنی مووچەی خانەنشینی دیاری کراو لە بڕگەی دووەمی ماددەی (٧) و بڕگەی (٢) لە ماددەی (٨) یان مووچەی وەزیفەی پێشووی کە دووبارە گەڕاوەتەوە بۆی.

ماددەی/ ١٠

هەموارکردنی ماددەی (١٢) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠١٠ بەم شێوەیە دەبێت:

بەڕێوبەرایەتی گشتی خانەنشینی لەسەر میلاکی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق هاتووە دەبێت گواستنەوەی گشت ئەو بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگە و هەر یەکەیەکی دیکە کارگێڕی و دارایی کە مووچەی خانەنشینیان لێ خەرج دەکرێ شارستانی، سەربازی، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و یەکە رێك نەخراوەکانی هێزەکانی پێشمەرگە و گواستنەوەی گشت میلاك و موڵك و ماڵی گواستراوەی ئەو بەڕێوبەرایەتیە و یەکە کارگێڕیانە و دۆسیە و بەراییەکانی ئەو کەسانە و ئاماژەیان پێدراوە بۆ سەر ئەو بەڕێوبەرایەتییە هەیکەل بەندیەکی تازە بۆ بەڕێوبەرایەتی گشتی خانەنشینی لەلایەن وەزارەتی داراییەوە ئامادە دەکرێت و لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران پەسەند دەکرێت.

ماددەی/١١
هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی بە پلەی وەزیر و بریکاری وەزارەت و ڕاوێژکار و بەڕێوبەری گشتی هەر پلەیەکی تری تایبەت بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە لە ڕیزی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بوون و پێش ڕێککەوتنی ٣/٥ /١٩٩١ وەك ڕێز لێنانێك مووچەی خانەنشینیان بەو پلانە پێدراوە لەبری ئەوە پێویستە لەدوای دڵنیابوون لە هەبوونی مەرج و پێداویستیەکان و ووردبینی کردن و پاککردنەوەی لیستی ناوی ئەو پێشمەرگانە لە ناو کەسانی ناشایستە ئیمتیازێکی دارایی شایستەیان بۆ دابین بکرێ لەبەر رۆشنایی یاسای ژمارە (٣٣) ی ساڵی ٢٠٠٧ و یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە زێرەڤانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق، یان یاسای ژمارە (٣٤) ی ساڵی ٢٠٠٧ و یاسای خانەنشینی کەم ئەندامانی پێشمەرگە زێرەڤانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق یان یاسای ژمارە (٣٨) ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای ڕاژە و خانەنشینی پێشمەرگە زێرەڤانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق بە پێی تایبەتمەندی.
ماددەی/١٢
ڕاستکردنەوەی مووچەی خانەنشینی سەرجەم ئەو کەسانەی کە بە شێوەی نا یاسایی یان بە پلەی بەرز تر لە پلەی شایستەیی خۆیان خانەنشین کراون یان لەسەر بنەمای ئەژمارکردنی نا یاسایی ساڵانی خزمەتی وەزیفی خانەنشین کراون، ڕاستکردنەوەی مووچەی خانەنشینیان بۆ ئەو مووچەیەی بە پێی یاسا کارپێکراوەکان شایستەی دەبن وەك لەم یاسایەدا ئاماژەی پێکراوە.
بەشی هەشتەم
حوکمەکانی کۆتایی
ماددەی/ ١٣
یەکەم/ دەبێت وەزیری پەیوەندار و سەرۆکی پەیوەندیداری لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت و فەرمانبەری تایبەتمەند حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.
دووەم/ دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان پابەندە لە پشکنین و وردبینی کردن و بەدواداچوون و جێ بەجێ کردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە و یاسا پەیوەندیدارەکانی تر و ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەبەر رۆشنایی یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان ـ عیراق ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٨.
سێیەم/ دەستەی دەست پاکی و داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق بە پێی تایبەتمەندی و پابەندن بە وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی پێویست بۆجێ بەجێ کردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە.
ماددەی/ ١٤
یەکەم/ دامەزراندن لەهەر وەزیفەیەکی پلە باڵا بەڕێوبەری گشتی و ڕاوێژکار و سەرووتر لە هەر سێ سەرۆکایەتییەکە وەزارەتەکان لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت ڕادەگیرێت مەگەر تەنها لەو کاتەی پلەی چۆڵ هەبێت.

دووەم/ خانەنشین کردنی فەرمانبەر بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و سەرووتر کە پێکهاتەی ئیداری لە ئاستی بەڕێوبەرایەتی گشتی و سەرووتر بەڕێوە نابات بە پێی ئەحکامەکانی هەردوو ماددەی حەوتەم و هەشتەمی ئەم یاسایە دەبێت یان دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تر لە کاتی هەبوونی شوێنی وەزیفی بەتاڵ کە لەگەڵ ناونیشانی وەزیفی شایستەی خۆیان دەگونجێت و بەڕازی بوونی ئەو شوێنەی بۆی دەگوازرێتەوە.
سێیەم/ حوکمەکانی بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە، سەرۆکی یەکە ئیدارییەکانیش پارێزگار، قایمقام و بەڕێوبەری ناحیە دەگرێتەوە، کە هیچ یەکەیەکی ئیداری بەڕێوە نابات.
چوارەم/ مەرجەکانی دامەزراندن، بە پلەی بەڕێوبەری گشتی و بەرەو ژوور جگە لە مەرجەکانی فەرمانبەرێتی وەزیفەی گشتی بە پەیڕەوێك دەست نیشان دەکرێت کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت کە تێیدا ڕەچاوی بڕوانامە و پسپۆری و ساڵانەی خزمەت و شارەزایی و لێهاتووی بکرێت.
ماددەی/١٥
یەکەم/ وەزارەتی دارایی و ئابووری لە چوارچێوەی خستنەوەی بواری بانکی لە هەرێم و بە ئەلیکترۆنی کردنی خزمەتگوزارییە بانکییەکان هەژمارێکی تایبەت دەکاتەوە بۆ هەر مووچە خۆر و سوودمەندێك لە بودجەی گشتی لە پێناو زامن کردن، پاراستنی گشت شایستە داراییەکانیان بە شایستە داراییە خەرج نەکراوەکانیشەوە.
دووەم/ چۆنیەتی کردنەوەی ئەو ئەژمارە، سوودوەرگرتنی مووچەخۆر و سوودمەند لە ئەژمارەکە بە ڕێنماییەکی دارایی ڕێك دەخرێت کە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە دەردەچێت لەبەر رۆشنایی بڕگەی یەکەم، خاڵی یەکەمی ئەم ماددەیە.
دووەم/ لەبەر رۆشنایی ئەو بڕە پارەیەی کە بە فعلی لە خەرجیەکان دەگەڕێتەوە لە دەرئەنجامی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە دەبێت ئەنجومەنی وەزیران ئەولەویەت بدات بە پێداچوونەوە بە کەمترین مووچەی خانەنشینی لە هەرێم بە ئاراستەی زیادکردن و بەرەچاوکردنی بژێوی و گوزەرانی ئەو کەسانەی کە کەمترین مووچەی خانەنشینی وەردەگرن.
ماددەی/ ١٦
یەکەم/ جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئاسەواری دارایی و دادوەری لێ ناکەوێتەوە و بۆ حاڵەتەکانی پێش کەوتنە بواری جێ بەجێ کردنی یاسایەکە لەسەر ئەو کەسانەی کە دەیانگرێتەوە.
دووەم/ ئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، مافی ئەوەیان هەیە بە پێی حوکمەکانی یاسای بەرکار تانەی یاسایی بدەن.
ماددەی/ ١٧
نابێ هیچ کەسێك خانەنشین بکرێت یان هەر ئیمتیازێکی دیکەی دارایی لەژێر هیچ پاساوو ناونیشانێك دا پێ بدرێ ئەگەر پێشتر بە شایستە بوونی یاسایی لە تۆمارەکانی داتابەیسی

سیستمی بایۆمەتری پەیڕەو کراو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمار نەکرابێ و بەرایی نەبێت، مووچەی خانەنشینی بۆ میراتگری یاسایی، (المستحق) خەرج ناکرێ تاوەکو تۆمار نەکرێت لە داتا بەپێی سیستمی بایۆمەتری.

ماددەی/١٨

یەکەم/ ئەحکامەکانی ئەم یاسایە هەموو حاڵەتەکانی پێش بەرکار بوونی ئەم یاسایەش دەگرێتەوە، پێویستە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەم یاسایە.

دووەم/ کار بە هیچ دەقێکی یاسایی، یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت و یاسای خانەنشینی و خاوەن وەزیفە باڵاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣٦) ی ساڵی ٢٠٠٤ هەڵدەوەشێتەوە.

ماددەی/١٩

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەو دەربکات بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، لە ماوەیەك کە لە (٦٠) رۆژ تێ پەڕ نەکات لە رۆژی دەرچواندنی ئەم یاسایە.

ماددەی/ ٢٠

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

ماددەی/ ٢١

ئەم یاسایە لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە و لە دوای تێ پەڕبوونی (٩٠) رۆژ لە رێککەوتی دەرچوونی پەیڕەوی هاتوو لە ماددەی ( ١٩) ی ئەم یاسایە دەکەوێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە.

هۆیەکانی دەرچوواندن

لە پێناو رێکخستنەوە و بواری وەزیفەی گشتی و خانەنشینی لەسەرجەم بوارەکانی شارستانی و پێشمەرگایەتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و هەروەها تەرخان کراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و بەرپاکردنی دادپەروەری و یەکسانی لە خەرج کردنی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتە داراییە گشتیەکان و رێگرتن لە سوود وەرگرتنی ناڕەواو نا یاسایی لە تەرخان کراوەکانی بوودجەی گشتی لە پێناوی زامن کردنی مووچەی مووچەخۆر و خانەنشین و سوودمەندی چاودێری کۆمەڵایەتی شایستە ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئاماژە بە ماددەی (٨٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لەبەرئەوەی راپۆرتەکەی لیژنە هاوبەشەکان هەندێ گۆڕانکاری کردووە لەوەی لە ئەسڵی پرۆژەکە

ئێستا بۆ ئەوەی بکرێتە بنەمای گفتوگۆ دەبێ بیخەینە دەنگدان، چەند ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش کە ئێستا بەڕێز کاك بژار خوێندیەوە بکرێتە بنەمای گفتوگۆ بۆ ئەم دانیشتنە؟ زۆر سوپاس، (٩٧) ئەندامی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش بکرێتە بنەما، بەڵێ کاك سۆران نوقتەی نیزامی، فەرمووو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٧٨) برگەی (یەکەم) دەسەڵاتی جێبەجێ کردن پرۆژە یاسا پێشکەش دەکات لە ڕاپۆرتی هاوبەش خوێندنەوەی دووەم بە پێشنیازی یاسا هاتووە هیوادارم ئەوە چاك بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دروستە، بە پرۆژە خوێندوویەتییەوە لە وەرەقەکەیان چاکی دەکەن، بەڵێ بفەرموون، لیژنەی هاوبەش دەست بە ناونیشانی پرۆژە یاساکە، فەرموون دەست بە گفتوگۆ دەکەین، ناونیشان بخوێننەوە، فەرموون، وەکو ئەوەی لە ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش دا هاتووە.

**بەڕێز هێڤیدار أحمد سلمان:**

**بە ناوی خودا.**

ناونیشانی پرۆژی یاساکە ئاوهای لێ دێت:

(چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان – عیراق).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کێ دەیەوێ لە بارەی ئەو ناونیشانەوە گفتوگۆ بکات؟ بەڕێزان ئەو بەڕێزانە ناویان نووسیوە: (د. ڕێبوار، کاك سروان، د. کازم، د. محی الدین، بدریە خان، کاك بەڵێن، کاك کاروان، کاك سۆران، روپاك خان، کاك دابان، کاك یاسین)، بەڕێزان ئاماژە بە ماددەی (٨٨) لە پەیڕەوی ناوخۆ ئەو ئەندامەی ناوی تۆمار دەکرێت دەتوانێ لەسەر هەر ماددەیەك تەنیا یەك جار بدوێ و نابێ لە دوو خولەك تێپەڕ بکات و هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان کە قسە دەکات ناوی سیانی خۆتان بڵێن، لەبەر ئەوەی لە ئەنسات دەیانەوێ تۆماری بکەن بە ناوی سیانیتان و دەچێتە ناو پرۆتۆکۆڵەوە، فەرموون کاك د.کاظم.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مەعلومە کە ناونیشان دەبێ تەعبیر بکات لە ناوەڕۆکی پرۆژەکە یان پێشنیازە یاساکە، ئەوەندەی کە هەردوو ڕاپۆرتەکە خوێندرایەوە لە ناوەڕۆکەکەش دا دەردەکەوێ کە ئەوە ڕێکخستنەوەییە، چاکسازی نییە، تەنانەت یەکجاریش وشەی چاکسازی لە ناو ڕاپۆرتەکە

نەوتراوە، لە هۆیەکانی دەرچوواندنیش دا باس نەکراوە، لەبەر ئەوە باسی ئێمە ڕێکخستنەوەی دەرماڵە و مووچە و ئەو بابەتانەیە، بۆیە ئێمە پێشنیاز دەکەین کە وشەی چاکسازی لابرێت، چونکە چاکسازی بوعدێکی گەورەتری هەیە، چاکسازی لە کەرتی نەوت دا هەیە، لە داهات دا هەیە، لە صەرف دا هەیە، لە بودجەدا لە کۆمەڵێ کەرت دا هەیە، لە کەرتی پێشمەرگەدا هەیە، ئەوە تەنها ڕێکخستنەوەی دەرماڵەکانە، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئێمە تەنها ڕێکخستنەوەیە چاکسازی نیە، بۆیە پێشنیاز دەکەین ئەو وشەی چاکسازی یە بگۆڕدرێ بۆ ڕێکخستنەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك د.محی الدین، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم کە پرۆژە یاساکە بکرێتە پرۆژە یاسای هەموارکردن لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازەکان، لەبەر دوو هۆکار:

یەکەم/ یاسای ئەم بوارە بە پێی گۆڕینی بار و ئاستی گوزەرانی ژیان بەردەوام لە ئەگەری گۆڕانکاریدایە و لە کاتی هەمواركردنی ئەو یاسایە ناشێ بگوترێ یاسای چاکسازی هەمواردەکەین.

دووەم/ خودی چاکسازی یەك پرۆژە نیە تەنیا بواری خانەنشینی و مووچە ناگرێتەوە، بەڵکو پرۆژەیەکی گشتگیرە دەبێ هەموو بوارەکان بگرێتەوە، بۆیە گرنگە ئەو پرۆژەیەی لەبەر دەستمانە بەشێك بێت لە پرۆسەیەك بە ناوی پرۆژەی چاکسازی و گەشەپێدان کە دەکرێ لەو کابینەیە و کابینەکانی دوای ئەوەش بەردەوام بێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بدریە خان فەرموون.

**بەڕێز بدریە إسماعیل محمود:**

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر هەمان پێشنیاری کاك د.کاڤمم هەبوو لەسەر ناونیشانی پرۆژە یاساکە، ناونیشانی تەشریعەکە تەبعەن چاکسازی یە لە زۆربەی ماددەکان دا بە ڕێکخستنەوە هاتووە، بۆیە من پێم باشە بکرێت بە ڕێکخستنەوە، پاشان ژمارە و بەرواری ساڵ بۆ تەشریعەکە ڕاست بکرێتەوە بۆ ساڵی (٢٠٢٠) زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کاروان فەرموون.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**
**بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵـبەت مـن هەمـان بۆچـوونم هەیە لەوەی کە ئەم ناونیشـانە بە هـیچ شـێوەیەك تەعبیـر لە ناوەڕۆك و بە تایبەت لە هۆیەکانی دەرچوواندنی پرۆژە یاساکە ناکات، چونکە ئەوە زیاتر باس لە ڕێکخستنەوە دەکات و لە هەمان کاتیش دا بـاس لە ڕێکخسـتنەوەییە مـووچە و دەرمـاڵە ناکـات، چونکە ئەوەی کە ئەم بڕگەیەی کە باس لە دەرماڵە دەکات تەفویز کردن ئەنجـومەنی وەزیـرانە و پێکهێنانی لیژنەیەك، بۆ ئەوەی کە بتوانێت ئەو کاتە دەرماڵەکان ڕێك بخاتەوە، بۆیە من پێشـنیاز دەکەم سەرباری لابردنی مووچە و وشەی مووچە و دەرماڵە بەم شێوەی لێ بکرێت:

ڕێکخسـتنەوە لە خەرجـی و بەخشـین و ئیمتیازاتەکـانی خانەنشـینی لە هەرێمـی کوردسـتانی عیراق، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك بەڵێن، فەرموون.

**بەڕێز بەڵێن إسماعیل حاجی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەشێك لە هاوڕێکانیشـم باسـیان کـرد دەبـێ ناونیشـان تەعبیـر بکـات لە نـاوەڕۆکی پـرۆژە یاساکە، بۆیە ئێمە تێبینی جیدیمان هەبوو لەسەر ئەوەی لە لیژنەش بـاس کـرا لەسـەر مەسـەلەی وشەی چاکسازی لە ناونیشانی یاساکە، بەڵام لەبەر ئەوەی تەوەقوعاتی جەمـاوەر و خۆشـمانمان وا بەرز کـردۆتەوە کە ئەوە هەنگـاوی یەکەمە لە پرۆسـەیەکی چاکسـازی، ئەوە کێشـەیەك نـابێ، بەڵام مەسەلەی دەرماڵەکان ئەوەی ئێسـتا کـاك کـاروانیش باسـی کـرد، لەبەر ئەوە بە یەك مـاددە دەسـەڵاتمان داوە بە ئەنجـومەنی وەزیـران خـۆی ڕێکـی بخـاتەوە، بـۆیە پێشـبینی دەکەم بەو تەخەوفەش کە لەلای خەڵـك هەیە لەسـەر بڕینـی دەرمـاڵە نەمێنـێ، ناونیشـانی یاسـاکە وشـەی دەرماڵەی لێ دەربهێندرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك د.ڕێبوار فەرموون.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت ئەوە خۆی لەخۆیدا پرۆژەیەکە ناوی لێنراوە چاکسـازی، ڕێـك وایە کە ئەوە پرۆژەیەکـی چاکسازی یە، ئەگەرچی لێـرەدا ووشـەی چاکسـازی بە تەعبیرێکـی مەجـازی هـاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە دیقەت بدەین زۆر لێی وردبینەوە لە دەق و بڕگەکانی ئەو پـرۆژە یاسـایە هـاتووە کە بەشێك لە گەندەڵی لە هەندێك بواردا هەبووە، لە بـواری خانەنشـینی، لە بـواری پێـدانی زیـاتر لە

یەك مووچە، ئەوانە هەموو دەكرێ بڵێین كە بە نایاسایی یە و جۆرێكە لە گەندەڵی، كەواتە ئەگەر ووشـەی گەنـدەڵی هەبـێ و نایاسـایی هەبـێ نـاڕەوایی هەبـێ دەبـێ لە بەرامـبەر ئەوە ووشـەی چاكسـازی هەبـێ، بەڵام مـن لەگەڵ ئەوەدا پاڕالێـل لەگەڵ ئەوەدا مـن پێشـنیار دەكەم ووشـەی ڕێكخستنیش زێدە بكرێ لەگەڵ چاكسازی، بەو شێوەی خوارەوەی لێ بكرێ:

پـرۆژە یاسـای چاكسـازی و ڕێكخسـتنەوەی مـووچە و دەرمـاڵە و بەخشـین و ئیمتیازاتەكـان و خانەنشینی لە هەرێمی كوردستان – عیراق.

سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك سەروان، فەرموون.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بۆ پرۆژە یاساكە پێشنیار دەكەم كە بەو شێوەیەی لێ بكرێت:

چاكسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەكان و خانەنشینی پلە باڵاكـان لە هەرێمـی كوردستان – عیراق.

لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژە یاسایەش شمولی فەرمانبەری ئاسایی ناكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەلێ، زۆر سوپاس، كاك سۆران، قسەت نیە؟ ڕووپاك خان، فەرموون.

**بەڕێز ڕووپاك أحمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هاوشێوەی خوشك و براكانم ناونیشانی پرۆژەكە بە ناوی چاكسازیە، بەڵام نـاوەڕۆكەكەی ڕێكخســتنەوەییە، بــۆیە دەبــێ ناونیشــان و نــاوەڕۆك هاوتــا بكــرێ و هەروەهــا بەرواری تەشریعەكەش، چونكە پرۆژەكە لە ساڵی ٢٠١٩ هاتووە، بەڵام ئێستا كەوتووینە ٢٠٢٠، بۆیە ئەوەش ڕاست بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، كاك دابان، فەرموون.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە لە ناوەڕۆكی پرۆژە یاساكەدا هاتووە ڕاست كردنەوەی كۆمەڵێ بڕیـاری كـارگێری یە لە ماوەی ڕابردوودا، بەپێچەوانەی یاسا بەركارەكانی هەرێمی كوردستان كراوە و ئەوەی لەم پرۆژە یاسـایەدا هـاتووە ئەنجـومەنی وەزیـران خـۆی یـاخود وەزارەتـی دارایـی دەیتـوانی بە بڕیـار و ڕێنمایی چاكی بكات و یان ئەوەی كە پێویستی بە یاسا یان هەمواری یاسا هەبوو تایبەتمەند بوو

به پەرلەمانی کوردستان پەرلەمان دەیتوانی ئەوە بکات، من تێبینیم لەسەر دەرماڵەکان هەیە، بەتایبەتی خودی دەرماڵەکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی قانونی رەواتبی دەولەی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ی حکومەتی عیراقیە، تاوەکو ئێستا ئەو قانونە لە پەرلەمانی کوردستان ئینفاز نەکراوە، لە ماددەی (٥)دا بە یەك فەقەرە ئاماژەی پێکراوە کە صەڵاحیاتەکانی بۆ خودی حکومەت لەوێ دەستکاری دەرماڵەکان بکات، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کە ووشەی دەرماڵەکان هەڵبگیرێ لەگەڵ خودی ماددەکەدا کە ماددەی ژمارە (٥) بە تایبەت یاسا بۆ دەقێکی عام و موجەرەدە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ، زۆر سوپاس کاك دابان، کاك یاسین فەرموون.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری کاك دابانی دەکەم، قسەکانی من هەمووی کرا، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ، زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیرەکان، قسەیەکتان هەیە لەو بارەیەوە؟

**بەڕێز ڕێبەر احمد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئەو بابەتەی کە ئاماژەی پێکرا لە ناوەڕۆکی پرۆژەکە باس لە چاکسازی دەکرێت، باس لە ڕێکخستنەوەش دەکرێت، لە بەرنامەی یەکێك لە خاڵە سەرەکییەکانی کابینەی نوێ چاکسازی یە، ئەوەی کە لێرە پێشنیار کراوە هەندێك لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئاماژەیان پێکرد کە جۆرێك لەلادان لە یاسا و لە پەیڕەو و لە ڕێنماییەکانی دامەزراندن و بەخشینی مووچە و ئیمتیازات بە هەندێك خەڵك لە ساڵانی ڕابردوو کراوە، بۆیە پێویستە کە چاکسازی بکرێت لەو بوارە، پێمانوایە کە ناونیشانەکە وەکو خۆی تێبپەڕێت و سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ، زۆر سوپاس بۆ جەنابت، فەرموون ماددەی یەکەم ئامانجی یاساکە.

**بەڕێز هێڤیدار أحمد سلمان:**

بەشی یەکەم: ئامانجەکانی یاساکە

ماددەی یەکەم:

یەکەم/ بەرجەستەکردنی بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەری و شایستەبوون لە خەرج کردنی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان و نەهێشتنی سوودمەندبوونی ناشایستەیی و ڕێگەگرتن لە بەهەدەردانی بودجەی گشتی.

دووەم/ بەدامەزراوەیی کردن و یەکخستنی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە و یەکە جیاجیاکانی خانەنشینی لە بوارەکانی شارستانی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە یەك بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستان.

سێیەم/ کاراکردن و پشتیوانی کردنی دارایی سندووقی خانەنشینی و ڕێگەگرتن لە هەر خەرجییەك لەسەر سندووقەکە جگە لەو مەبەستانەی لە یاسای خانەنشینی کارپێکراو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێم دا ئاماژەیان پێکراوە.

چوارەم/ ڕێکخستنەوەی خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکان و پلە تایبەتەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، هەر بەڕێزێك دەیەوێ لەو بارەیەوە قسە بکات، کاك شێخ ظاهر، فەرموو نوقتە نیزامی.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عورفی تەشریعی وایە کاتێ کە یاسایەك دەردەچووێندرێ لە سەرەتای یاساکە پێناسەی زاراوەکان دەکرێ، واتا هەر زاراوەیەك لە بەرامبەری واتاکەی دەنووسرێ، ئەو یاسایە دەبوایە لە سەرەتاکەی پێناسەی زاراوەکان بکرایە، بۆنموونە باس لەوەی دەکات کەس و کاری سەر بەرزی شەهیدان، کێن کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان؟ باس لەوە دەکات خانەنشینی، خانەنشینی کێیە؟ کەواتە دەبێ لە سەرەتای یاساکە پێناسەی زاراوەکان بکرێ بۆ ئەوەی ئەو واتایانەی لە ناو یاساکەدا هەیە بەڕوونی دیاری بکرێت و تەفسیر و تەحلیلی جیا جیا هەڵنەگرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، لەبەر ئەوەی موتەقاعید خۆی تەعریف کراوە، لەبەر ئەوەی کەس و کاری شەهیدان لە قانونی خۆیان تەعریف کراوە، ڕەنگە زۆر زاراوە بەکار نەهاتبێ لە ناو ئەو پرۆژەیە کە پێویستی بە پێناسەکردن بێ، یان زۆر زاراوە بەکار نەهاتبێ کە لە قانونێکی تر تەعریف نەکرابێ، ئەوەی لە قانونێکی تر تەعریف کرابێ ئەوە هیچ جیاوازی نەی وەکو ئەوەیە لێرەش تەعریف کرابێ، لەبەر ئەوە تەصەور دەکەم هەر لەبەر ئەوە بێ، دەرفەتیش دەدەین بە حکومەت لەو بارەیەوە قسە بکات، بەڕێز وەزیری هەرێم قسەیەکتان هەیە لەو بارەیەوە؟

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید إبراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو موستەلەحانەی کە لە ناو ئەو یاسایەدا هاتووە لەبەر ئەوەی چاکسازی یە لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستانی عیراق، هەر هەموویان یاسای تایبەتمەندیان هەیە، هەموو موستەلەحەکان لە یاسای تایبەتمەندا تەعریف کراون، بۆیە پێویستیان بە تەعریف کردن نییە، لەسەر عینوانی یاساکەش ئێمە تەئکید دەکەینەوە لەسەر

ئەوەی کە ئەو پرۆژە یاسایە پرۆژە یاسای چاکسازی یە، بە ڕێکخستنەوە و بە هەڵوەشاندنەوە و بە پاککردنەوەی لیستەکان، زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێزان ئەم ناوانە ناوی خۆیانیان نووسیوە: ( د. شێرکۆ، د. اسماعیل، کاك سیروان، کاك کاوە، کاك ابوبکر، کاك سۆران، هلز خان، سەرچنار خان، کاك مەم، موژدە خان، د. کازم، د، هەورامان، کاك سیپان، کاك سەرکۆ، کاك عوسمان، کاك کاروان، کاك زانا، د. ڕێبوار، کاك پێشەوا، شیرین خان، کاك عبدالستار، ژیان خان، کاك بەهمەن، خدیجە خان، کاك ئومێد، کاك یاسین، کاك هاورێ، روپاك خان، د. عوسمان، د. شایان، کاك علی، رۆژان خان، گولیزار خان، گوڵستان خان)، بەڵێ بەڕێزان لێرەوە دەست پێ دەکەین، کاك بەهمەن، فەرموو.

**بەڕێز بەهمەن کاکە عبدالله:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەم بەشە بەشی ئامانجەکانی ئەم یاسایەیە، تەبعەن ئاماژە بەوە دراوە کە بە دامەزراوەیی کردن و یەکخستنەوەی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە و یەکە جیاجیاکانی خانەنشینی، بەڵام ئاماژە بەوە نەکراوە کە من پێشنیار دەکەم خاڵێکی تری بۆ زیاد بکرێ یەکخستنەوەی هەموو بەڕێوەبەرایەتی و یەکە کارگێری و سەربازیەکان ئەوانەی کە هەتاکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان دا یەك نین، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاکپێشەوا،فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئامانجەکانی یاساکە کە لە بەشی یەکەم دا هاتووە، یەعنی ئەگەر لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن دا سەیری بکەی هەست دەکەی لە یەکچوونێك هەیە، یەعنی نازانم بۆچی ئامانجی یاسا هەندێك شتی باس کردووە لە هۆیەکانی دەرچوواندنیش دا هەیە بەتایبەت لە ماددەی یەکەم خاڵی یەکەم و دووەمی زۆر بە وازحی ئەوە دەردەکەوێت، حەز دەکەم ڕوون کردنەوە هەبێت، ئایا پێویست بوو ئەوە یان نەبوو لە هۆیەکانی دەرچوان دا؟ ئەگەر نەقصێکیش هەیە یان زیادەیەك هەیە هەر لە هۆیەکانی دەرچوواندن دا جێگەی بکرایەتەوە پێموایە یەعنی کێشەیەکی ئەوتۆی نەبوو، سوپاس.

**بەڕێزد. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بۆ جەنابت، کاك عثمان سێدەری،فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم بڕگەی دووەمی بەدامەزراوەیی کردن و یەکخستنی بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگە و یەکە یەکە جیاکانی خانەنشینی لە بوارەکانی شارستانی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی

ناوخۆ لە یەك بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستان بکرێت ب یەك دەستە، دەستەی خانەنشینی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستان باشترە لەبەر ئەوەی خۆی چەندین بەڕێوەبەرایەتی هەیە ئێستا بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە هەموو بوارەکان دا هەیە هی خانەنشینی، بۆیە هەموو بکرێ بە یەك دەستە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك د.عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ڕاستی بێ خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی هەر ئەوە نییە حکومەت پارە و مووچە لە خەڵك بگێڕێتەوە، چاەڕوانی ئەوەی دەکرد شایستە داراییەکانی فەرمانبەران و خەڵك بە پێی هۆکارەکانی دەرچوونی ئەو یاسایە بێ بەڕاستی تەنها وەرگرتن و سەندنەوەی ماف و مووچەی خەڵك و هاووڵاتیانی کوردستانە، نەك زیاتر پێدان و پێداچوونەوەی مافی موەزەفەکان، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێزد. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١) بڕگەی (٣) یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ کارپێکراوە کە ئاماژەی پێدراوە لە هەرێمی کوردستان (١٢) یاسای خانەنشینی هەیە، لە کاتێك دا ئەو یاسایەی ئێستا کاری پێ دەکرێ بۆ خانەنشینی یاسای ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێم بەرکار نەکراوە لە عیراقیش هەڵوەشاوەتەوە، پێشنیار دەکەم یاسای خانەنشینییەکی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان دەربکرێت کێشەی سەرجەم خانەنشینان چارەسەر دەکات، سوپاس.

**بەڕێزد. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك سۆران عمر فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی شیرین خان دەکەمن لە هەرێمی کوردستان خانەنشینان بە یاسایەك خانەنشین دەکرێن کە ئینفاز نەکراوە لەعیراقیش هەڵوەشاوەتەوە، ئەوە ناوێکی چی بۆ بدۆزینەوە کە خەڵك لە هەرێمی کوردستان بە یاسای ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ی هەڵوەشاوە لە عیراق و بەرکارنەکراوە لە هەرێم خانەنشین دەکرێ؟ بۆیە ئەوە کەم و کوڕییەکی زۆر گەورەی تەشریعی یە و کاریشی پێ دەکرێ، سندووقی خانەنشینیش کە تا ئێستا دروست نەکراوە جارێکی تر هەر

بەو یاسایە دروست دەکرێ دیسانەوە کەم و کوڕییە، بڕگەی چوارەم ڕێکخستنەوەی خانەنشینی وەزیفە باڵاکان، پێویستە وەکو ئەوەی پڕۆژەکەی حکومەتی لێ بکرێتەوە و لەسەر بنەمای تەمەن و ساڵانی خزمەت و بڕوانامە هەژمار بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا أبوبکر فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم وشەی (یەکسانی) لابرێ، هەر بۆ بنەمای دادپەروەری و شایستەبوون کافی یە، یەعنی شتێك نیە بە ناوی یەکسانی ئێمە تاوەکو ئێستا لە هەرێم دا سندووقی خانەنشینیمان نییە و کەس نازانێ پارەی (٢٨) ساڵی ڕابردوو کە وەردەگیرێ لە فەرمانبەران بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟ بۆیە بکرێت بە دامەزراندن و پشتیوانی کردنی سندووقی خانەنشینی، بە هەمان شێوە پشتیوانی لە کاك سۆران دەکەم لە بڕگەی چوارەم ئەوەی بۆ زیاد بکرێ (لەسەر بنەمای گەیشتن بە تەمەنی یاسایی دیاریکراو بۆ خانەنشینی و ساڵانی خزمەت)، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم ئامانجەکانی پێشنیازە یاساکە لە بڕگەی یەکەم دەڵێ بەرجەستەکردنی بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەری، بەڵام لە چوارەم دەڵێ ڕێکخستنەوەی خانەنشینی و خاوەن وەزیفە باڵاکان و پلە تایبەتەکان، ئێمە پێمانوایە لە هەرێمی کوردستان ناعەدالەتییەکی زۆر زۆر گەورە هەیە، لەنێوان خانەنشینی پلە باڵا و تایبەت لەگەڵ خانەنشینی ئاسایی مەدەنین، بۆیە من پێشنیار دەکەم بڕگەی چوارەم کە دەڵێ ڕێکخستنەوەی خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکان و پلە تایبەتەکان بکرێتە هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکان و پلە تایبەتەکان، چونکە بەڕاستی خانەنشینی وەزیفە باڵاکان و پلە تایبەتەکان لە ئێستادا بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ بەرجەستەکردنی بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەری ناگونجێ، بۆیە ناکرێت وەزیرێك یان پەرلەمانتارێك یان پلە باڵایەك بە پێنج تا شەش ملیۆن خانەنشین بکرێ، بەڵام خانەنشینێکی مەدەنی بە (٢٢٠) هەزار دینار کە (٣٠) ساڵ خزمەت دەکات خانەنشین بکرێت، من ڕەتی دەکەمەوە و پێموایە ئەوە دەبێ بگۆڕێ و خانەنشینی پلە باڵا نەمێنێ زائیدەن لە بڕگەی دووەم کە باس لە بەدامەزراوەیی کردنی یەکخستنی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە و یەکە جیاجیاکانی خانەنشینی لە بوارەکانی شارستانی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ

له یەك بەڕیوەبەرایەتی خانەنشینی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستان دەکرێ، لێرە پێشتر بە پێی ئەو یاسایەی کەوا بە پێی ئەو پرۆژە یاسایەی لە ئەنجومەنی وەزیـران هـاتووە پێشـتر دەسـتەی سـەربەخۆی خانەنشـینی نیشـتیمانی بـوو لە هەرێمـی کوردسـتان، تێنـاگەم بـۆچی گۆڕانکـاری بەسـەردا هـات، بـۆیە مـن پێشـنیار دەکەم ئەوە وەکـو خـۆی لـێ بکـرێتەوە و بکـرێتە دەسـتەی سەربەخۆی خانەنشینی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك زانا،فەرموو.

**بەڕێز زانا مەلا خالد إسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بــڕگەی دووەم لە مــاددەی یەکەم، بــاس لە دامەزرانــدنی بەڕێــوەبەرایەتی خانەنیشــینی نیشتیمانی دەکات، لە ماددەی (١٠) هەمان یاسـادا ئامـاژە بەوە دەکـات کە هەیکەلبەنییەکـی تـازە لەلایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەندرێت بـۆ بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی خانەنشینی هەرێم، بۆ ئەوەی ئێمە دووچاری گرفتێکی ئیداری نەبینەوە، پێویستە لێرەدا ڕاسـتی بکەیـنەوە بیکەیـنە بەڕێـوبەرایەتی گشـتی خانەنشـینی نیشـتیمانی، بـۆ ئەوەی لە دوایـی دا لە ماددەی (١٠) تووشی هەمان گرفت نەبینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، خدیجە خان فەرموو.

**بەڕێزخدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێك لە قسـەکانی مـن کـرا و هەروەهـا پشـتگیری لە کـاك زانـاش دەکەم، بـۆ ئەوەی کە لێـرەدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی یەعنی وشەی (گشتی) بۆ زیاد بکەین، لەبەر ئەوەی کە هەموو یەکەکـان، هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکـان سـەر بەو بەڕێـوەبەرایەتییە دەبـن و دەبێـتە بەڕێـوەبەرایەتییەکی گشتی، سوپاس.

**بەڕێزد. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی یەکەم کە باسی مەرجەکانی یاساکە دەکات مـادام باسـی ئامـانج دەکـات، ئـێمە بەڕای مـن دەبێ یەکێك لە ئامانجەکانمان کە تێبگەین لەم پـرۆژە یاسـایە ئەوە بـێ لە دەسـتکاری کردنـی و ڕێکخستن و ڕاست کردنەوەی خانەنشینی نایاسـایی یـان هەر ئیمتیـازاتێکی تـری نایاسـایی بـڕە پارەیەك دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە من پێم باشە ئامـانجێکی دیکەش زیاد بکەین، بۆ ئەوەی کە بتـوانین لە نێـوان مـاددە و بڕگەکـانی ئەم یاسـایەدا ئـێمە ئەم

هەوڵە بـدەین و ئەم قسـانەی خۆمـان بکەیـن تێـدا هەبـێ و، بنووسـین یەکـێ لە ئامانجەکـانی دیـکەش ئەوەیە کە باشـتر کردنـی ژیـان گـوزەرانی مووچەخـۆران و خانەنشـینانی هەرێمـی کوردسـتان، یـان لە مـاددەی یەکەم لە بـڕگەی یەکەم دا جێـی بکـرێتەوە کە بەرجەسـتەکردنی بنەماکانی یەکسانی لەوێدا جێی بکرێتەوە، یان ئەوەتا بڕگەیەکی سەربەخۆ بێ و پشتگیری ئەو پێشنیارەی شیرین خان و کاك سۆرانیش دەکەم کە فیعلەن مادام ئەم یاسایە لێرە بەرکار نیە بە چ یاسایەك تۆ ئەوە جێبەجێ دەکەیت؟ سوپاس.

**بەڕێزد. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە لە برگەی(٤) ڕێکخستنەوەی خانەنشـینی خـاوەن وەزیـفە باڵاکـانە، پـلە تایبەتەکـان وای لێ بکرێـت (ڕێکخسـتنەوەی خانەنشـینی خـاوەن وەزیـفە باڵاکـان و چاکسـازی لە مـووچە و دەرماڵەیان بە پێی سالانی خزمەت و تەمەن و بڕوانامەیان) و، پشتیوانی لە قسەکانی بەڕێز کاك بەهـمەن دەکەم بە یەکخسـتنی یەکەی کـارگێری و حیسـابی هێـزە سـەربازییەکان لە هەرێمـی کوردستان و پشتیوانی لە کاك عبدالستار دەکەم بە باشترکردنی بژێـوی و ژیـانی مووچەخـۆران، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان إبراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (١) برگا (٢) بەحسی بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی نیشتیمانی دێ هـاتی هەمـان مـادده (١٠) بەحسی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی هاتی کرنێ کـو هاودژیـت ببیـت، دگەل جـا پێشـنیار دکەم ئەوسا بێتە دارشتنێ بە دامەزراوەیی کردن و یەکخسـتنی بەڕێـوەبەرایەتی و فەرمـانگە و یەکە جیا جیاکانی خانەنشینی لە بوارەکانی شارستانی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی نـاوخۆ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی و پشتگیریا ئاخافتنێت کاك زاناش دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی یەکەم بـڕگەی (چـوارەم) ڕێکخسـتنەوەی خانەنشـینی خـاوەن وەزیـفە باڵاکـان و پـلە تایبەتەکان بۆی زیاد بکرێ بەم شـێوازە، زیـادکردنی کەمتـرین مـووچەی خانەنشـینی، چـونکە لە حوکمەکانی کۆتایی ماددەی (١٥) بـڕگەی (دووەم) دەڵـێ لەبەر ڕۆشـنایی ئەو بـڕە پـارەیەی کە بە فیعلـی لە خەرجییەکـان دەگەڕێـتەوە، لە دەرەنجـامی جێبەجـێ کردنـی ئەم یاسـایە دەبێـت ئەنجومەنی وەزیران ئەولەویەت بـدات بە پێـداچوونەوە بە کەمتـرین مـووچەی خانەنشـینی لە

هەرێـم بە ئاراسـتەی زیـاد کردنـی و بەرچـاوگرتنی بژێـوی گـوزەرانی ئەو کەسـانەی کەمتـرین مووچەی خانەنشین وەردەگرن لەگەڵ ئەوەشـدا بـۆ مـاددەی یەکەم بەشـی (دووەم) پشـتیوانی قسەکانی کاك سۆران و شیرین خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی یەکەمـی ئەم پـرۆژە یاسـایە و بـڕگەی یەکەمـی، مـن پێشـنیازم هەیە لە دێـری یەکەم دا کە دەڵێ بەرجەستە کردنـی بنەماکـانی یەکسـانی و دادپەروەری لە کۆی ئەم یاسـایەدا بەداخەوە نە یەکسـانی فەراهەم دەبـێ، نە دادپەروەری، دادپەروەریـش بـۆ خـۆی چەمکێکـی لاستیکییە هەر یەکە لەدیدەکی خۆیەوە خوێندنەوەی بۆ دەکات، هەرچەندە لە مـاددەیەکیش دا هەیە باسـی دادپەروەری دەکـات دەبـێ حکـومەت جێبەجێـی بکـات، دواتـر قسـەی لەسـەر ئەو مەسەلەیە دەکەین، کە پێویسـتە بە یاسـا دەرچـێ، بـۆیە مـن پێشـنیازم هەیە، یەکەمیـان بـڕگەی یەکەم بەم شێوەی لێ بکرێت:

بەرجەستەکردنی بنەمای یاسای و شایستە بوون لە خەرجی و مووچەدا.

یەعنی واتا ئەو دوو دەستەواژەیە لاببرێ، ئەوە یەك، چونکە تیای نییە لە کۆی یاساکەدا.

پێشـنیازیش دەکەم بڕگەیەکـی تـر بـۆ ئەوە زیـاد بکرێـت وەکـو لە مـاددەی (١٥) ی یاسـاکەدا ئەو هەژمــارە حیســابی یە کە دەکــرێتەوە بــۆ فەرمــانبەران کە پەیوەندیــدارە بە پاشــەکەوتی مووچەکەیان لە کابینەی پێشوودا لێیان بڕاوە، مـن پێشـنیار دەکەم لە ئامـانج دا جێگیـر بکرێـت، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

گەڕاندنەوەی مافی خوراوی مووچەخۆران کە بە بڕیاری پاشـەکەوت کردنـی مـووچە بەشـێك لە مووچەکانیان لە کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا لێ بڕاوە، ئەوە جێگیر بکـرێ و دواتـر چـۆنیەتی سـەرف کردنـی هەژمـارەکە، چـۆن مـامەڵەی لەگەڵ بکـرێ؟ سـەرەڕای ئەوە پشـتگیری لە پێشـنیازەکانی گوڵسـتان خـان دەکەم ئەوەی کە پەیوەندیـدارە بە بـڕگەی چـوارەم پشتگیری لە پێشنیازی کاك أبوبکر دەکەم بۆ بڕگەی سێیەم، پشـتگیری لە پێشـنیازی کـاك سـەرکۆ دەکەم بۆ ئیزافەرکردنی کەمترین مووچەکە دەبێ بەرز بکرێتەوە لە ناویدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە بۆچوونەکەی شیرین خان و کاك سۆران و مامۆستا أبـوبکر هەڵەدنـی دەکەم، بە بوونی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی هەرێم، هەروەها بۆ بڕگەی سێهەم کە بووترێ دامەزرانـدن و کاراکردن و پشتیوانی کردنی دارایی سندووقی خانەنشـینی، هەروەهـا بـۆ بـڕگەی چـوارەم کە

بلێـین ڕێکخسـتنەوە و یەکخسـتنی خانەنشـینی خـاوەن وەزیـفە بـاڵا و پـلە تایبەتەکـان و فەرمـانبەرانی ئاسـایی، بـۆ ئەوەی کە بە یەك سیسـتەم ڕێکبخـرێتەوە، نـاکرێ پێوەرەکـانی پـلە باڵاکان لەگەڵ پێوەرەکانی فەرمانبەری ئاسایی بۆ خانەنشینی جیاواز بن، ئەوەی بۆ ئیزافە بکـرێ (بە ڕەچاوکردنی بڕوانامە و تەمەن و ساڵانی خزمەت)، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەشـی یەکەم ئامانجەکـانی یاسـاکە، مـن پێمـوایە هەمـوو لایەك کـۆکین لەسـەر ئەوەی کە ئامانجی ئەو چاکسازی ناونرێ یـان پاکسازی نـاونرێ هەر شـتێکی نـاونرێ، ئامـانجەکەی ئەوەیە خزمەت بە هاووڵاتیان بکات، لەبەر ئەوە من پێشـنیاز دەکەم بڕگەیەکـی تـری بـۆ زیـاد بکرێـت لە دوای چوارەم و پێـنجەم کە مەرجـی ئەم نەهێشـتنی بـۆ نمـوونە لە ڕێکخسـتنەوەی خانەنشـینی خاوەن وەزیفە باڵاکان و پلە تایبەتەکان بە مەرجـی ئەوەی بخـرێتە سـەر مـووچە و خانەنشـینی کەسانی تر و دیاری بکرێت بەلایەنـی کەمەوە وەکـو هاوشـێوەی عیـراق بەلایەنـی کەمەوە (٥٠٠) هەزار بێت، لە بڕگەی چوارەمیش دا من پێموایە مادام دەڵێ ڕێکخستنەوەی خانەنشینی، کەواتە نادادپەروەرییەك و گەندەڵییەك هەبووە لەمەوپێش کەسانێك هەبـوون بەداخەوە لەم وڵاتەدا بە بـێ ئەوەی ڕۆژێـك لە ڕۆژان وەزیـر بووبێـت بە پـلەی وەزیـری خانەنشـین کـراون، کەواتە هەڵوەشانەوەی ئەو سیستەمە بە کۆمپلیتی چارەسەر دەکـات، هەروەهـا پشـتگیری لە پێشـنیازی کاك سۆران و کاك مەم و کاك کاوە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێزد. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی یەکەم (یەکەم) بەرجەسـتەکردنی بنەماکـانی یاسـاکان و دادپەروەری شایسـتە لە خەرجییەکانی مووچە و دەرماڵە و بەخشین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمـان، ئـێمە هەتـا ئێسـتا چـوار وەزیر لێرەنە هیچمان ئەو پرسیارەمان لێ نەکردوون، یەکەمیان لە وەزیری ناوخۆ چەند پـۆلیس و ئاسایشت هەیە؟ دووەمیان لە وەزیری پێشمەرگە چەند پێشمەرگەت هەیە؟.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یاسین دەرفەت دێ ئەو پرسیارانەی لێ بکەی، لەسەر ئامانجەکان چیت هەیە؟ بـۆیە هـاتووە بۆ ئەوەی لێی بپرسی.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەمـوو دونیـادا وڵات بە دوو شـت بەڕێـوە دەچـێ، یەکیـان بە یاسـا، یەکیـان بە بڕیـارن، ئەو ماددانەی لەو پڕۆژە یاسایەدان ئەو بەڕێزانە هەموویان دەتوانن بە یەك بڕیار هەمووی جێبەجـێ

بکەن، خۆ ئەوە بە یاسا نەکراوە کە دوو خانەنشینی هەبێ، یان دوو هێزی پێشمەرگە هەبێ، بە یاسا نەکراوە، بە بڕیار کراوە دوو هێزی پێشمەرگە هەبێ، لە ئەنجامی شەڕی نەگریسەی ناوخۆدا ئەو دوو هێزە دروست بووە، ئێستا وەزیری پێشمەرگە دەتوانێ بە یەك بڕیار هێزی پێشمەرگە بکاتەوە یەك، وەزیری ناوخۆش دەتوانێ بە یەك بڕیاری هەموو ئاسایش و پۆلیس بکاتەوە یەك، بۆیە من پێشنیار دەکەم بە بڕیار ئەو شتانە جێبەجێ بکرێن نەك بە یاسا، بۆ ماددەی چوارەمیش ڕێکخستنەوەی خانەنشینی خاوەن وەزیفە پلە باڵاکان و تایبەتەکان، من پێشنیار دەکەم کەمترین مووچە لە کوردستان لە (٥٠٠) هەزار کەمتر نەبێ، بەرزترین مووچەش لە دوو ملیۆن و نیو زیاتر نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك هاوڕێ فەرموو.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم بڕگەی (٣) کاراکردن و پشتیوانی کردنی دارایی سندووقی خانەنشینی و ڕێگرتن لە هەر خەرجییەك لەسەر سندووقەکە جگە لەو مەبەستانەی کە لە یاسای خانەنشینی کارپێکراو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێم ئاماژەیان پێکراوە، پێشنیار دەکەم یاسای خانەنشینی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان دەربکرێن پشتیوانی بەڕێزان شیرین خان، کاك سۆران، کاك بەهمەن، کاك سەرکۆ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، گولیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گولیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هیچ تێبینیم نییە، دەستم بەرز نەکردۆتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ کاك دابان فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم بڕگەی (دووەم) بە دامەزراوەیی کردنی یەکخستنی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە و یەکە جیاجیاکانی خانەنشینی بوارەکانی شارستانی، دیارە خانەنشینی بوارەکانی شارستانی یاسای خانەنشینی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ی حکومەتی عیراقی ئینفاز نەکراوە کەم و کورپەکی یاسایی و دەستوری یە لە هەرێمی کوردستان، تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٧ گشتاندنێکی بۆ کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوەن ئەوەی تایبەتە بە هێزەکانی سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ئەوە کارێکی زۆر باشە، چونکە لە ئێستادا تەنیا لە ناو وەزارەتی پێشمەرگەدا مامەڵەی خانەنشینی لە (١٠) بەڕێوەبەرایەتی جیا دەکرێ، بەڵام یەك پرسیار داوای ڕوونکردنەوە لە بەڕێزان ئەنجومەنی وەزیران دەکەم، ئەویش ئەوەیە ئایا بەڕێزان لە ئەنجومەنی باڵای دادوەری و دەسەڵاتی دادوەری و فەرمانبەرانی زانکۆ و ڕاژە و خانەنشینی لە پێشمەرگە کە ئەوانە بە یاسای (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ و (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ و یاسای (٣٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ خانەنشین دەبن، لە ناو ئەم ڕێکخستنەوە دەیانگرێتەوە یان نا؟ ئەگەر نایانگرێتەوە بۆچی وا؟ ئەگەر دەیانگرێتەوە بۆچی لە ناو یاساکەدا باس لە ئەوانە نەکراوە و باس لە دەستکاری کردنی مووچەی خانەنشینی ئەوانە نەکراوە، سوپاس بۆ بەڕێزتان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك د.إسماعیل فەرموو.

**بەڕێز إسماعیل علی طە:**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ تێبینیێت هەین، یا یەکی پشتگیریا کاك عثمان و کاك کاوە دکەم، کو ببیتە دەستە نە بەڕێوەبەرایەتی بیت، دەستەیەکا تایبەت بیتن، تێبینیا یەکێ، تێبینیا دووێ لە خالا (٣) کاراکردن و پشتیوانی کردن ئەز لەگەل هەندێمە بێتە جێبەجێ کردن چونکی موقابیلیش ٢٠٠٦ ئەوە چواردە ساڵە نزیکی (١٥) ملیار هەتا (٢٠) ملیار نەزانین کێڤە چووینە نەهاتیە تەئسیس کرن، چاوا هاتە کارەکرن دڤێت بێتە تەئسیس کرن ئەز لەگەڵ هەندێمە ببێتە جێبەجێ کردن دوای وی ببێتە جێبەجێ کردن و پاشی کاراکردن، پشتیوانی کردن و دیسان بوڤێیە سەر پشتگیریا د.شێرکۆ و کاك أبوبکر و کاك سۆرانی دکەم، خالا (٤) تێبینیا من لەسەر هەندێیە ئەز لەگەڵ هەندێمە ببێتە ڕێکخستنەوەی خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکان و پلە تایبەتەکان و گشت پلەکان وەکو عیراق فەرقی نەبی لە ما بەینا تەقاعودا خانەنشینا پلەی تایبەت و پلەی نزم، هەمی وەکی یەك بن، جارەکا دی سیستەمی عیراقێ سەر وی ئەساسێ ڕەواتب دەرکەون فەرق و جودایی نەبیت دەڤەرا پلە بەرز و پلە بلند و دیسان لەگەل هەندێمە ئیزافە ڤی هەر بێتە کرن لەسەر بنەمای

تەمەن و بڕوانامە و ساڵانی خزمەت، ئەڤە دەبێتن لەسەر هەر ئەساسێ مووچەی خانەنشینی دەرکەویتن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، هەڵەز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز أحمد محمد:**

**ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

سەبارەت خالا (٤) لە ماددا (١) پشتگریا مامۆستا أبوبکر و د.شێرکۆ و د.إسماعیل و سۆران عمر دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك د.هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لە ماددەی یەکەم لە ئامانجەکانی یاساکە ماددەی یەکەم بڕگەی یەکەم، ئێمە دڵخۆشین کە باسی دادپەروەری دەکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا بەرجەستەکردنی دادپەروەری کە ئەم یاسایە دەیەوێ بەشێکی ئەو دادپەروەرییە لە کوردستان دا جێبەجێ بکات، من پێموایە لێرە ئەوەی کە گرنگ بێ ئەوەیە کە میللەتەکەمان ئەم دادپەروەرییە لە دوای جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە بە چاوی خۆی ئەگەر بەشێکی کەمیش بێت ببینێت، خۆشبەختانە لە ماددەی (١٥) باسی ئەوە کراوە ئەو پارەیەی کە بە هۆی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەگەڕێتەوە چۆنی لێ دەکرێ؟ بەڕاستی زۆر زۆر مەتاتیە، زۆر ڕوون نییە، زەمانەتی تێدا نییە، دەتوانم بە دەستەواژەیەکی تر بیڵێم ئەم یاسایە باسی ئەوە دەکات کە ئەندازەیەکی کەمیش بێت لە گیرفانی ئەوانەی کە بە نایاسایی خانەنشین کراون یان پلە باڵاکان، یان ئەوانی دیکە باس کراوە کە لەشکرێکی گەورەیە لە کوردستان دا، باسی گیرفانی ئەوانە کراوە کە ئەندازەیەك لەم پارەیەی لێ دەبهێنرێت، بەڵام باسی گیرفانی دووەم نەکراوە کە دەخرێتە گیرفانی کێوە؟ ئەم یاسایە دەبێ زۆر بە ڕوونی تێیدا بێ، دوو شتی بچووکی تێدابێ، بەڕاستی خەڵك دڵی پێ خۆش دەبێ، یەکەم ئەو بە ناو پاشەکەوتەی مووچە دەبێ بە هەر جۆرێك بێ لەو پارەی کە دەگێڕدرێتەوە لە دوای جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە شتێك بۆ ئەوان دابنرێ، ئەوەی کە بە ناوی پاشەکەوتی مووچەوە کراوە لە کوردستان دا، هەروها کەمترینی خانەنشینی، بەڕاستی بە مەتاتی هاتووە، دەبێ کەمترینی خانەنشینی لێرە دیاری بکرێ دەقی لەسەر بکرێ، ئەگەر ئەوە کرا ئەو کاتە بەڕاستی بەشێك لەو بنچینەی کە خوای گەورە فەرموێتی: (کی لا یکون دوله بین الأغنیاء منکم) بۆ ئەوەی پارە و سەروەت و سامانی وڵات تەنها لە بەینی دەوڵەمەندەکان دا وەرنەسووڕێ و نەیێ و نەڕوات و

ئەوەی کە پێغەمبەری ئیسلام (ص) فەرموویێتی (تۆخژ من أغنیائهم فترد علی فقرائهم) دەبێ لە دەوڵەمەندەکانیان وەربگیرێتەوە بخرێتە گیرفانی فەقیرەکانیان بەڕاستی، ئەگەر تۆ تەنها لە گیرفانی دەوڵەمەندەکان و پلە باڵاکان وەریگریتەوە و دووبارە بیخەیتە ناو تونێلێکی مەجهول ئەو سەری دیار بێ و ئەو سەری دیار نەبێ بەڕاستی سوودێکی نابێ، بەو هیوایەی ماددەی (١٥) لە کاتی خۆی دا ئەو بابەتە چارەسەر بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك علی حەمە صالح فەرمووو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نامەوێ بچمەوە ناو ناوەڕۆکی ماددەکانی تر، چونکە زۆرێك لە موناقەشەکان موناقەشەی ماددەکانی تر بوون، ئەوەی کە دەڵێ یاسای خانەنشینی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٨ من پێموایە دەقیق ئەوەیە بنووسن یاسای بەرکار، چونکە ئیحتیمالی بەهێز ئەوەیە، هەمووومان کار بۆ ئەوەی دەکەین قانونێکی موەحەد لە هەرێمی کوردستان دا دەربکەین، کە قانونە موەحەدەکەمان دەرکرد نابێ ئاماژە بەم یاسایە بکەین کە ئینفاز نەکراوە، دەقیق ئەوەیە بنووسین یاسای بەرکار لە هەرێمی کوردستان دا، خاڵی چوارەم بنووسین پێداچوونەوە بە سیستەمی خانەنشینی، چونکە ئێمە لە ماددەکانی ئایندە دەمانەوێت پێداچوونەوەیەکی دادپەروەرانە بە پلە باڵاکان بکەین، لە ماددەیەکی تریش دا جێگیری دەکەین کە ئەوانەی مووچەیان نزمە لە خانەنشینی لەم پارە دەگەڕێتەوە مووچەکەیان بەرز بکەینەوە، کەواتە ئەوە پێی دەووترێت ڕێکخستنەوە یاخود پێداچوونەوە بە سیستەمی خانەنشینی، خاڵی پێنجەم ئیزافە بکرێت بە دیدی ئێمە من بە تێبینی خۆم ئەوە گرنگترین بابەتی یاساکەیە بۆیە دەبێ ڕەنگدانەوەی هەبێ، تێبینی دووەمیش ئەوەی پێداچوونەوە بە سیستەمی پاسەوانی کە گرفتی گەورەی ئەم وڵاتەیە لەگەڵ ڕێکخستنەوەی سەرجەم یەکە ژمێریاری هێزەکانی ئەمنی و سەربازی و خازیع بوونی بۆ دیوانی ڕەقابەی مالی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بینووسن جەنابتان بۆ لیژنەکە ئەو ئیزافەیە، د.کاظم فەرمووو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز کاك کاوە عبدالقادر دەکەم، دیارە تێبینی من لەسەر ئەم ماددەیە لە چەند خاڵێك دا زۆر بە کورتی عەرزی جەنابتانی دەکەم، یەکەمیان بەڕاستی سندووق لە هەرێمی کوردستان دا بە شێوەیەکی گشتی سومعەی زۆر باش نییە، یەعنی مولاحەزە

بفەرمـوون ئەو سـندووقی کـۆمەکی تووشـبووانی شـێرپەنجە کە زیـاتر لە (١١٠) ملیـار دینـاری تێدابووە حکومەت دەری هێنا کە من هیوادارم بەڕێزان بەڕێوەبەری دیـوان و سـکرتێر کە ئێسـتا لێرە وجودیان هەیە وەڵامێکمـان بـدەنەوە کە ئەو پـارەیە چـی لێهـات؟ بـۆ کـوێ ڕۆیـی؟ کە هـی تووشـبوانی شـێرپەنجەیە، ئەوە ئەو سـندووقە، سـندووقێکی تـر لە (٢٠١٥/٥/١٠) دا بە نـاوی سـندووقی کوردسـتان بـۆ داهـاتە نەوت و گازیەکـان لەم پەرلەمـانەوە بە یاسـا دەرچوویـنـدرا تـا ئێسـتاش دروسـت نەکـراوە، لەبەر ئەوە بەڕاسـتی لە خـاڵی سـێیەم دا کە باسـی سـندووقی خانەنشینی دەکرێ هەر لە ئێستاوە مەترسییەك کە ئەم سندووقە چۆن دەردەچـێ؟ لەبەر ئەوە دەبێ بەڕاستی زامن بکرێت، چونکە تا ئێستا هەر فەرمانبەرێك لە هەرێمی کوردستان دا مانگـانە مووچە وەردەگرێ بڕی لە ٧%ی مـووچەکەی دەبڕدرێـت بـۆ خانەنشـینی و تـا ئێسـتا ئەو پـارەیە نـازانین لە کـوێ یە؟ یەعنـی هیـوادارم جەنـابی بەڕێـز وەزیـری دارایـی لێـرە پێمـان بڵـێ کە لەم کابینەیەش و لە کابینەکانی پێشوودا ئەو پارەیە کە لە فەرمانبەران بردراوە پارەکەی چەندە و لە کوێ یە؟ بۆ ئەوەی ڕاستەخۆ لە دوای دەرچوواندنی ئەو یاسایە بیکەیـنە نـاو ئەو سـندووقەوە، ئەوە نوقتەی یەکەم، نوقتەی دووەمیـان وەکـو عەرزم کـردن پشـتگیری بەڕێـز کـاك کـاوە دەکەم لەوەی کە بــۆ ئەوەی جیــاوازی چینــایەتی لە هەرێمــی کوردســتان دا نەمێنــێ و تەبەقە و تەبەقەکاری نەمێنـێ و تەبەقەیەك خـۆی بەبەرزتـر و تەبەقەیەك خـۆی بە نزمتـر نەبینـێ، شـتێك نەمێنێ بە ناوی پـلە بـاڵا و تـایبەت و ئەوانە، هەمـووی یەك بخـرێ، هەر هەمـوو فەرمـانبەران لە سـەرۆکی هەرێـم و سـەرۆکی حکـومەت و جێگرەکانیـان، وەزیـرە بەڕێزەکـان، پەرلەمانتـارە بەڕێزەکـان و مـودیر عـام و ڕاوێژکـار و فەرمـانبەرانی ئاسـایی هەر هەمـووی بە یەك یاسـای موەحەدی نیشتیمانی خانەنشین بکرێن، خاڵی کۆتاییم ئەوەیە کە وەکو چـۆن لە ناوەڕۆکەکەیـدا باس کراوە لە ماددەی (١٥)دا، لێرەدا وەکو ئامانجێك بنووسرێ کە بە مەبەستی زامن کردنـی ئەو بڕە پارەیەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا لە مووچە خۆران و خانەنشینان بڕدراوە بە زۆرەملێ لە ژێر ناوی پاشـەکەوتی مـووچەدا بـۆ ئەوەی پارەکەیـان زامـن بکـرێ و لەو ڕێـگەیەوە بە میکانیزمێـك بۆیان بگێردرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، هیوادارم هەمووتان پابەندی دوو دەقەکە بن، سەرچنار خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئامانجی یاساکە، منیش هەر لەسەر خاڵی سێهەمی کاراکردن و پشتیوانی کردنـی دارایـی سندووقی خانەنشینی، بەڕاستی ئەم سندوقە لەسەری منیش وترا ئیزافەیەك بۆ ئەو قسـانە، ئەو یاسایە یاسایەکی بەرکارە ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ تا ئێسـتا ٢٠٢٠ تەبـعەن (١٠) سـاڵ دەکـات، (١٤) ساڵ هەموو فەرمانبەرێك لە (٧%) زیاتر و کەمتری وەکو خانەنشینی لێ بـڕاوە و خـراوەتە سـەر

ئەو مووچەیە ناو ئەو سندووقەوە کە نزیکەی دەیان و سەدان ملیار دینارە کە تا ئێستا پـرۆژەکە پـرۆژەی حکـومەتە، بەداخەوە لە ئامانجەکـان دا هێنـاویتیەوە جـارێکی تـر دەڵـێ کـاراکردن و پشتیوانی کردن ئێ کێ دەستی گرتـووە حکومەت (١٤) ساڵە پـارەی ئەم سـندووقەی چـی لـێ کردووە؟ بۆ دیار نیە؟ ئەسڵ وایە بە پێی ئەو یاسایەش هەر مووچەی خانەنشینی لەو سندووقە بـدرێت، نەك ئێسـتا بیـر لەوە بکـرێتەوە بکـرێتە ئامـانج لە یاسـاکە کـاراکردن و دامەزرانـدنی سـندووقەکە، ئەوە کەم و کـورتییەکە لە ئەدای حکـومەت دا، لە بـواری جێبەجـێ نەکردنـی ئەو یاسـایە لە ئامـانجێکیش بیهێنـین بـۆ یاسـای چاکسـازی دایبنـێن، خـاڵی چـوارەم ڕێکخسـتنەوەی خانەنشینی ئەوەی خاوەن وەزیـفە و پـلە تـایبەت و پـلە بـاڵا و ئەوانە، ئەگەر ئەو پـلە بـاڵا مـادام پێشتر هاتووە پلە باڵا دوایی بە دەقێك هەڵدەوەشـێتەوە، بەڵام ئەوە لەسـەر بنەمـای تەمەن بـێ، لەسەر بنەمای بڕوانامە و ساڵانی خزمەت بێ، یەعنی ئەو ئیزافەیەی بۆ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هیوادارم ئەگەر قسەی دووبـارە دەکەن هەر بە گـوێرەی پەیـڕەو بەسـە بڵـێن پشـتگیری فڵان دەکەم، ئیتر ئەوان نووسیویانە بەڕێزان لیژنە تایبەتمەندەکان، بۆ گەڕانەوەی وەخت لە نـاو پەیڕەودا بە وازحی هەیە دووبارە کردنەوە نـابێ، یەعنـی ئەو تەحلیلاتـانەی نـاوێ، هەر کەسـێك قسەیەك دەکات پشتگیری کەسێکی تر دەکات، پێویست ناکـات عەیـنەن مـوبەریراتی ئەو کەسـە دووبارە بکاتەوە، کاك د.ڕێبوار ئەگەر قسەکەت نوقتە نیزامیە، فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هاتووە کە کاتێك ماددەیەك خوێندنەوەی دووەمی بـۆ بکـرێ دەبێ گفتوگۆکان لە چوارچێوەی ناوەڕۆکی ئەو ماددەیە بن، بەشێك بەو گفتوگۆیانە لە دەرەوەی ئەو مـاددەن، تکـا دەکەم بە هـیچ شـێوەیەك ڕێـگە نەدرێ هـیچ بەڕێزێـك لە دەرەوەی مـاددەکە گفتوگۆ بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ئەوە ئامانجەکانە بەڕێزان پەرلەمانتاران هەموویان دەگرێتەوە، بەڕێزیان ئیلتیزام دەکەن، جەنابت سڕەی قسەشتە، بۆ هەر قسەش ناکەی؟.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە کاتێك کە هەر پرۆژە یاسایەك بێ بە دوو بەشە بەشی یەکەم پێی دەڵێین (من حیپ الشـكل و الهیکلیە) و بەشی دووەمی پێـی دەڵـێن (مـن حیـپ المحتـوی) واتـا لە ڕووی شـێوە و لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، ئەوەی کە ئێستا هـاتووە سـەبارەت بە مـاددەی یەکەم لە ڕووی شـێوەیە، ئەگەر لـێ وردبوونەوەیەکی لـێ بکەیـن لەگەڵ هۆکارەکـانی دەرچوواندن یەك شـتە، بەڵام لە هۆکارەکـانی

دەرچوواندن بە کورتی هاتووە، لێرە بە موفەصەلی هاتووە، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە ئەو ماددەیە لابدرێت، سەبارەت بە بڕگەی چوارەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی ئامانجەکان هەمووی؟

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبداللە:**

بەڵێ، چونکە لە هۆیەکانی دەرچوواندن هاتووە، دائیمەن لە هەموو پرۆژە یاسایەکیش ئەوە کاریگەری ناکاتە سەر ناوەڕۆك، ناوەڕۆك کاریگەری دەکاتە سەر بە شێوەیەکی پێچەوانەوە، سەبارەت بە بڕگەی چوارەم ئەگەر گریمان مایەوە ئەو ماددەیە، نووسراوە ڕێکخستنەوەی خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکان، بەڵام نەنووسراوە لەسەر چ بنەمایەك، بۆیە پێشنیار دەکەم بنەماکان و پێوەرەکانیش دیاری بکرێ، سەبارەت بەوەی کە ئایا حکومەت دەتوانێ کەمترین مووچە بکات بە (٥٠٠) هەزار و ئەو ی تریش بکات بە دوو ملیۆن و نیو وەزیری دارایی لێرەیە، داوا دەکەین کە ڕوون کردنەوەیەکمان بداتێ ئایا کە حکومەت دەتوانێ یان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبداللە:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی کاك د.ڕێبوار دەکەم کە ئەم ماددەیە خۆی لە ئەساس دا زیادە لابرێت لەبەر چەند هۆکارێك، یەکەم ئەوە تەبعی قانونی قەدیمە خۆی لە ئەساسدا لە قانونی ئێستادا بە هیچ شێوەیەك باس لە ئامانجەکان ناکرێت و یاسا خۆی دەبێ تەعریفی خۆی بکات کە ئەو پرۆژە یاسایە خۆی تەعریفی خۆی کردووە، هەر یەکێك لەو بڕگانەی کە لە ئامانجەکان هاتوون لە ڕاستی دا فەصڵێکی تایبەتی بۆ تەرخان کراوە، بۆ ئەوەی کە موناقەشە بکرێت و ئەو موناقەشەی کە ڕەفیقەکانمان کردیان دەکرێ لە فەصلەکان دووبارە گوێمان لێ بێتەوە، لە کۆتاییش دا ئەوانە نوقتەی گەرمی گفتوگۆی ناو قانونەکەن، بۆیە پێشنیاز دەکەم تەواوی بڕگەکە تەواوی ماددەکە لابرێت و ئەگەر بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ ماددەی (٩١) بڕگەی (٣) ئەگەر ئەخیر کەی بم پێموایە خۆی پێویست بە پشتیوانی ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەخیر کەس نیت، د.شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری کاك مەم دەکەم سەبارەت بە ئاماژەدان بە گەڕاندنەوەی مووچەی مووچەخۆران، لە بڕگەی چوارەم پشتگیری گوڵستان خان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ڕووپاك خان فەرموو.

**بەڕێز رووپاك أحمد رحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له مـاددەی یەکەم بـڕگەی یەکەم پشـتگیری مامۆسـتا أبـوبکر هەڵەدنـی دەکەم لەسـەر وشـەی (یەکسانی) لابیرێت و، له بڕگەی سـێیەم که زۆربەی هاوکـارانم باسـیان کـرد یاسـای خانەنشـینی ئیتیحادی لێرە بەرکار نییه و له بەغداش ئیلغا بۆتەوە، پشتگیری ئەو بەڕێـزانه دەکەم که باسـیان کردووە، بڕگەیەك بۆ ئامانجەکان زیـاد بکـرێ ئەوەش به باشـتر کردنـی بـار و گـوزەرانی خەڵـك و زیادکردنی کەمترین مووچەی خانەنشینی، بۆ ئەوەش پشتگیری له قسەکانی مامۆستا عبدالستار و کاك سەرکۆ دەکەم، هەوەهـا له چـوارەم بـڕگەش ڕێکخسـتنەوەی خانەنشـینی خـاوەن وەزیـفه باڵاکان و پله تایبەتەکان پشتگیری قسەکانی د.شێرکۆ دەکەم که وەزیفه تایبەتەکان و پله باڵاکـان هەروەها فەرمانبەران خۆی جیاوازی تەبەقه و چینایەتی نەبێ و سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، موژده خان فەرموو.

**بەڕێز مژده محمود محمد:**

**به ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وتەکانی من وتران، پشتیوانی له قسەکانی بەڕێز کاك عبدالقادر دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

باشه، کاك سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گوتنی من دڤیا یکەم هاتنه گوتن لەلایەن زۆربەی هەڤالا مه، پشتگیری کاك سۆران و عمـر و کـاك عبالقادر و د.إسماعیل دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ زۆر سـوپاس، بەڕێـزان وەزیرەکـان قسـەیەکتان هەیه لەسـەر قسـەی ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمان؟ جوان خان، فەرموو، پێش ئەوە ببوورن جوان خان نوقته نیزامی هەیه.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به پێـی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان بـڕگه (٣) له مـاددەی (٩١) ئەگەر هەر پەرلەمانتارێـك پێشنیارێکی کرد دەبێ سێ پەرلەمانتار پشتگیری لێ بکات ئینجا ئەو پێشـنیاره دەدرێـته لیـژنەی

یاسایی و دواتر دەنگی لەسـەر دەدرێ، ئەو پێشـنیارەی کە تـازە کـرا و جەنابـت داوات کـرد هـیچ پشتگیرییەکی نەبوو و داوات کرد بدرێتە لیژنەی یاسایی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، تەنها وتـم بینووسـە ئەگەر خۆیـان دواتـر قەناعەتیـان پـێ بـوو، یەعنـی ئەوەی بڕگەیەکـی ئیزافە کردووە نەك هەر ئەوەی کاك علی، هەر کەسـێکی تـر داوای زیـاد کردنـی بـڕگەیەك دەکـات بۆیان بنووسێ، ئەگەر خۆیان قەناعەتیان پێی هەبـوو وەکـو خۆیـان بڕیـاری لە بـارەیەوە دەدەن دواتـر نەك وەکـو موقتەرەحێـك بـیخەنە دەنگـدان، کـاك ئومێـد مـاوە؟ بیـرم چـووە نـاوەکەی بخوێنمەوە، فەرموو کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتیوانی لە بۆچوونەکەی بەڕێز مامۆستا هەڵەدنی لە بابەتی لابردنی وشەی (یەکسانی) دەکـــرێ لە بەرجەســـتەکردنی دادپەروەریـــش دا ببێـــتە چەســـپاندنی دادپەروەری نەك بەرجەســتەکردنی دادپەروەری، بــڕگەی دووەم ســەبارەت بەو دامەزراوانەی کە یەکخســتنی بەڕێـوەبەرایەتی و فەرمانەگەکـان و یەکە جیاجیاکـانی خانەنشـینی ئەوانە خۆیـان دامەزراوەن، نـاکرێ بە دامەزراوەیـی کـردن دەکـرێ وشـەی (بەدامەزراوەیـی کـردنەکە) لابـدرێ چـاککردن و یەکخسـتنی بەڕێـوەبەرایەتی و فەرمـانگە و یەکەکـان تـا کۆتـایی دێـرەکەی، لە بەشـی چـوارەم پشتیوانی لە بۆچوونەکەی د.ڕێبوار دەکەم، ئەگەریش هەر ئەو خاڵە مایەوە بەو جۆرەی لێ بکرێ (ڕێکخستنەوەی خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکان و پـلە تایبەتەکـان و بە ئارەزوومەنـد کردنـی خانەنشین بوونی پلە باڵا و تایبەتەکان، چونکە لەم پەرلەمـانە بەڕێـزە دڵنیـاین لەوەی لە مـاددە و بڕگە و بە ماددەکانی داهاتوودا، دەکرێ ئێستا ڕۆژی ئەوەیە ئەوە بە یاسـاوە ڕێـك بخەیـن، ببێـتە ئارەزوومەنــدانە فۆرمێــك پــڕ بکــرێتەوە، هەر بەڕێزێــك بــیەوێ خانەنشــین نەبێــت ناکرێــت زەمیلەکەی خۆی بشکێنێت، با خۆی ئیعلانی ئەوە بکات ئەوجا قسە لەسەر ئەو بابەتە بکـات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێزان وەزیرە بەڕێزەکان فەرموون.

**بەڕێز اوات شیخ جناب/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

من سەرەتا لەوەوە دەست پێ دەکەم کە ئامانجی هاتنی ئێمە وەکو نوێنەرانی حکومەت تەنها بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو پـرۆژە یاسـایەیە کە لە حکـومەتی هەرێـم هـاتووە، مـافی زیـاد کـردن و کەم کردنی مافی پەرلەمانی بەڕێزە، ئێمە هاتووین تەنها ڕوونکردنەوە بدەین بە ئێـوەی بەڕێـز، پـێش

ئەوەی بچمە ئەوەی کە خانەنشینی جواب بدەمەوە، پێشنیاری ئەوەش دەکەم ئێمە مادده بە مادده موناقەشەکان لێرە جەنابتان بیکەن بە موحەدەدی بۆ ئەوەی ئێمە لە کاتی خۆیدا بە موحەدەد جوابتان بدەینەوە، ئەوەی کە بەڕێزتان باستان کردووە لە ئامانجەکانی یاساکەدا هەبووە ئەوەی کە باستان کردووە ئێستا وەڵامتان دەدەمەوە، ئەوەی کە لە باقی ماددەکانی تردا هەڵی دەگرێن بۆ ئەو کاتەی ماددەکە دێتە پێشەوە لەو وەختە بەڕێزەوە ئەوەی لە توانامان دا بێ پێشکەشتانی دەکەین، بە نیسبەتی سندووقی خانەنشینی بە پێی یاسای ژمارە (٢٧) لە ساڵی ٢٠٠٦ ئەم سندووقە بڕیاری یاسای دەرچوونەکەی دەرچووە، وەکو یاسا هەیە، تەفعیل نەکراوە، ئامانج لەم یاسایەش کە باسی دەکەن لە ئامانجی ئەو یاسایەدا باسی تەفعیلی ئەو ماددەیە دەکەن، باسی ئەوەتان کرد کە هینی تەقاعودی بۆ کوێ چووە، پارەکانی بۆ تەقاعودی بۆ کوێ چووە؟ چەند ساڵی ئەزمەی ئیقتیصادی لێرە هەبووە بۆ ئەوەی مەشاکیلی ناوخۆی ئیقتیصادی و سیاسی لەگەڵ بڕینی بودجەی هەرێم لەلایەن عیراقەوە ئەو نەقصانە بووە کە جەنابتان بە ئەنواعی چارەکە مووچە و نیوە مووچە و پاشەکەوت بیستووتانە، بەشێکی زۆری ئەوە پارەی بنوك لەگەڵ پارەی خەڵکی موقاویلیش دا چووە بۆ مووچە ئەوەی کە لە خانەنشینیش دا بووە بەشێکی زۆری چووە بۆ مووچە، لایزالیش ئەوەی کە وەردەگیرێ تەعویزی ئەو نەقصی بودجەی پێ دەکرێ کە ئێستا هەیە، هەموو ئەوانەش مەحفوزە، بە ناوی تەوقیفاتی تەقاعودییەوە لە وەزارەتی مالیە تەسبیت کراوە وەکو ئەوانە دانراوە، لە گەنجینەی حکومەت تۆمار کراوە، وەکو عەرزیشم کردن بۆ دەعمی مووچە ئێمە ئەو فەترەیە بەکار هاتووە، لە ئامانجی ئەم یاسایەش کە دامانناوە باسی دروست کردن و پارێزگاری ئەو ئیستیحقاقاتانەی کە خانەنشینان هەیانە لە مەودوا دەستکاری سندووقی خانەنشین و ئەو ئیداعاتانەی کە لە ناو سندووقی خانەنشین دەکرێ نابێ دەستکاری بکرێ، تەعلیقێکیشم لەسەر ئەوە هەبوو باسی ئەوە دەکەن ئەوە پێویستی بە یاسا نیە، موزاعەفاتی ئەو گلەیی و گازندەیەی کە ئێوە لەسەر ئاستی مووچە لەسەر دەرماڵە لەسەر پلە باڵا، خوارتر، خانەنشینی هەتانە، بەشێکی زۆری بە یاسا هەر لەم پەرلەمانە موحتەرەمەوە دەرچووە، لەبەر ئەوە خۆتان دەزانن یاسا بە یاسا دەگۆڕێ، یاسا تەعدیل دەکرێ، لە دەرەنجام دا دروستکردنی یان دەرکردنی قانونی تەقاعود موەحەدە لە کوردستان دا کە باقی هەموو ئەو یاسانەی کە باسمان کرد کە لەلای ئێمە بە پێی زانیاری من (٩) یاسای خانەنشینی دەرچووە، پێشموایە ئەکسەریەتی لەم پەرلەمانە بەڕێزەوە دەرچووە، ئەوە موختەسەری ئەو هینە بێ ئەوەی کە من تەئکیدی دەکەمەوە لەسەر ئیستیحقاقی تەقاعودی یان غەیری تەقاعودی بە مووچە و پاشەکەوتی مووچەشەوە ئەو رەقەم حیسابیانەی کە دەردەچێ بۆ دڵنیای هاووڵاتیان هەموو ئەوانەی تێدا تەسبیت بکرێ، لەبەر ئەوە لەو بارەیەوە هەموو خەڵك دەتوانێ دڵنیا بێ و پەرلەمانی بەڕێزیش دڵنیا بێ، ئومێدەوارم لەگەڵ دەرچوونی ئەو قانونەدا ئەم دۆخە ناهەموارەی کە لەمەو پێش دیتمان هەمووی تێپەڕێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ جەنابت، فەرموون.

**بەڕێز ڕێبەر احمد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هەبوونی یان نەبوونی ماددەیەك بە ناوی ئامانجەکان وە هەبوونی هۆیەکانی دەرخستنی ئەو پرۆژە یاسایە، بە رای ئێمە بڕیار بۆ جەنابتان دەگەرێتەوە ئێمە پێمان وایە هۆیەکانی دەرچوون بەشێك نینە لە یاسا هەروەکو جەنابتان دەزانن، وە ویستوومانە لێرە ناوەرۆکی یاساکە گرینگی و ئیلتیزامێکی زیاتر بۆ حکومەت دروست بکەین کە ماددەیەك تایبەت بێتن بەوەی کە ئامانج لە دەرکردنی ئەو یاسایە چییە، بۆیە گرینگە بەرای ئێمە بمێنێتەوە، بابەتی تر کە گرینگە ئیشارەتی پێ بدەین بابەتی دەتەیکی خانەنشینی نیشتمانی ئێستا لە زۆربەی وەزارەت لە چەندین دامەزراوەی تر بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە، بەڕێوەبەرایەتی هەیە، دەمانەوێ هەموو ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە لە شوێنێك کۆ بکەینەوە وەو هەموو مومتەلەکات و ئەو خەڵکەی کە سەبارەت بەو بەڕێوەبەرایەتییانە بچێتەوە سەر دەستەی خانەنشینی، بۆیە زۆر گرینگە کە دەستەی خانەنشینی نیشتمانی زیاد بکرێتەوە وەکو ئەوەی کە پرۆژەی حکومەت هاتووە، بابەتێکی تر کە لە برگەی چوارەم لە ماددەی یەکەم حکومەت ئیشارەتی پێکردووە کە رێکخستنەوەی خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکان و پلە تایبەتەکان، ئێمە ئاماژەمان بەوە کردووە کە لەسەر بنەمای تەمەن و بڕوانامە و ساڵانی خزمەت بێت، ئەگەر ئەمەی تێدا نەبێتن پێویست ناکات ئەوەی تر هەر ئیشارەتی پێبکرێت، چونکە خوودی ئاماجی یاسایەکە ئەوەیە لەسەر چ بنەمایەك ئەو بابەتی رێك دەخرێتەوە، بنەمایەکان وابزانم ئەوەی (د.شێرکۆ) ئیشارەتی پێکرد پشتگیری ئەو رایەی جەنابیان دەدەین، ئەو بابەتە وەکو خۆی لەسەر بنەماکان ئیشارەتی پێبکرێت، ئەوەی تر بابەتی یاسای ژمارە (٢٧)ی ساڵی (٢٠٠٦) دەکرێت ئەوە وەکو کاك (علی) ئیشارەتی پێکرد یاسای (بەرکار) بکرێتە (بنەما)، هەر ئەوە دەگرێتەوە کە یاسای (٢٠٠٦)ە کە ئاماژەیان پێکراوە، خاڵێکی تر کە ئەکە هەموو پرۆژەی چاکسازی نییە ئەمە هەنگاوێکە لەسەر رێگای پرۆژەی چاکسازی کە هەنگاوێکی دوور و درێژە بەرفراوانە زیاتر چەندین سێکتەری تر دەگرێتەوە، بەڵام بۆ چاکسازی ریشەیی لە هەموو بواری خانەنشینی حکومەتی هەرێم پرۆژە یاسایەکی لەبەر دەستە، بۆ ئەوەی پرۆژە یاسایەکی خانەنشینی یەکگرتوو هاوشێوەی ئەوەی کە لە عیراق هەیە شتێك کە بۆ کوردستان بگونجێتن لە ئایندەیێکی نزیکدا پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

وەزیرە بەڕێزەکان قسەی تریان نییە بۆ ئەوەی لیژنەکانیش قسەی خۆیان بکەن، پرسیارێك بەراستی کاك (زیاد) زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان قسەیان لەبارەوە کرد لە پرۆژەکەی حکومەت

بـۆ خـۆی کە ئەوان خیبرەیێکیـان هەیە، لەو رووە وە داوا دەکەن دەسـتە بێـت، ئێـوە لە لیـژنە تایبەتەکان بۆ کردووتانە بە بەڕێوەبەرایەتی، فەرموون.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوە جەنابت ئیشارەتت پێکرد پـرۆژەکەی حکومەت بە دەسـتە هـاتووە، بەڵام ئەمە دوای گفتوگۆیەکی زۆر موناقەشەیێکی زۆر کە ماددەی (١٠) تەسبیت کراوە لای ئێمە، پێمان بـاش بـووە کە لە چوارچێوە بەڕێوەبەرایەتییێکی گشتیا ئەمە ریك بخرێت، هەر لێـرەش لە ئامانجەکـانی ئەو دەستەیە کراوەتەوە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی، دووەم روونکردنەوە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (زیاد) موبەریرێکی زیاد چی بووە؟ لەبەر چی ئەوەتان کردووە پێتان باش بوو؟

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە پرۆژەکەی حکومەت بە دەستە هاتووە، بەڵام لە کاتێکا کە ئـێمە گەیشـتووینەتە گفتوگـۆ کــردن لەســەر دوای موناقەشــەیێکی زۆر کــراوە، کە بیــانووی ئەوە هەبــووە کە بــۆچی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی ئەمە رێـك بخرێـت، بـۆیە لە مـاددەی (١٠) بە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی هاتووە، بۆیە لە ئامانجەکانیشـا ئەوەمـان گۆڕیـوە کردوومـانە بە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی، زیـاتر بیـانووەکە ئەوە بـووە کە بـارگرانییەك بـۆ حکـومەت دروسـت نەکەیـن، دەسـتەیەك کە لەئاسـت وەزارەت و ئەوانەوە بێت، بەڵام پێمان باش بووە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بێت سـەربە وەزارەتـی دارایی و ئابووری، ئەوە لە پێشـنیاری مـاددەی (١٠) بەو شـێوەیە ئـێمە رێکمـان خسـتووە، دووەم ئێمە دیارە ئەرکی پەرلەمان بێجگە لە دەرچواندنی یاسا بـریتییە لە چـاودێری کـردن، ئـێمە لەوە تێئەگەین کە هەرچی ئەو یاسایانەی دەردەچن لە حکومەتی هەرێم و چاودێری ئیش و کارەکانی حکـومەت لەلایەن پەرلەمـانەوە ئەرکـی سـەرەکی خۆمـانە، بەڵام بـۆ تەئکیـد کـردنەوە ئـێمە ئەو کۆبــوونەوەی کە لەگەڵ جەنــابی ســەرۆکی حکــومەت و جێگــرەکەی وەزیــرە بەڕێزەکانــا کۆبوونەوەمان کرد، ئێمە تەئکیدمان کردەوە بۆ جدی بوونی چـاودێریکردنی جێبەجێکردنـی ئەم یاسایە، داوامان لە حکومەت کرد لەو کاتەیا سێ مانـگ جارێـك جێبەجێکردنـی ئەم یاسـایە سێ مانـگ جارێـك راپۆرتێـك بـدات پەرلەمـانی کوردسـتان، بـۆ ئەوەی بتـوانین باشـتر چـاودێری جێبەجێکردنی ئەم یاسایە بکەین، سێیەم باسی قانوونی خانەنشینی موەحەدی یەکگرتوو کرا لە هەرێمی کوردستان، هەر هەمان رۆژ ئێمە پێشنیاری ئەوەمان بـۆ حکـومەت بەڕێزانـی حکـومەت کرد کە ئەوان ئاگاداریان کردینەوە نارد کە ئێستا خەریکی ئامـادەکردنی ئەو پـرۆژە یاسـایەن بـۆ قانوونی خانەنشینی یەکگرتووی هەرێمی کوردسـتان کە لە داهـاتووێکی نزیکـدا ئامـادە دەبێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێزتان، کاك (هێڤیدار) فەرموون.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی ووشە بە ووشە خوێندنەوەمان بۆ ئەو راپۆرتە کردووە، دوای کە گەیشتوینەتە قەناعەت دوایی ئەو راپۆرتە هاوبەشە نووسراوە لەگەڵ لیژنەی دارایی، قسەمان کردووە لەگەڵ حکومەت بەڕێز حکومەت خۆتان ئەم هەموو شتە نایاساییەتان کردووە، ئێستا دەکەنە قانوونێك بە ملی پەرلەمان دادەهێننەوە، حکومەت وتی وەختی خۆی ئەو حوکمانەی کە بەشدار بوون لە حکومەتدا هەندێك شتیان بۆ خاتری ئەم و بۆ خاتری ئەو کراوە پلە بەوە دراوە پلە بەم دراوە، ئێستا ناتوانین حزبەکان ڕێگە بە حکومەت نادەن بە قووەت کار بکەن، ئێمە داوا لە پەرلەمانی بەڕێز دەکەین ئەم قانوونە دەربکەن قوەتێك بداتە حکومەت ئەو شتانەی کە بە ناقانوونی کراوە بە ڕێگەی پرۆژەی چاکسازی بکەین، بۆیە ئەم قانوونە لە پەرلەمانەو ئێمەش پشتگیری حکومەت دەکەین ئەو چاکسازییە بکات، ئەگەر جەنابی سەرۆکی لیژنەی دارایی ڕێگە بدات لەسەر دوو دەستە لادراوە کراوەتەوە بەڕێوبەرایەتی گشتی ئێمە خۆمان وتومانە قانوونی چاکسازییە لەگەڵ ئەوە نین زۆر خەرجی بکرێت زۆر پۆستی تر بدرێت و هەیکەلیەتی تر دروست ببێت، پەلە بکرێتن بەڕێوەبەرایەتییەکە خۆی هەیە ئی خانەنشینی سندوقەکەشی ببێتە بەڕێوەبەرایەتییەك سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەزارەتی دارایی چاودێری بکات وە بەڕێوەبەرایەتی بکات، ئیشرافی بکات، ئەم بەڕێوەبەرایەتییە دروست ببێت کارەکە پەلە تر دەبێت، ئەگەر سندوق بێت درەنگ دەکەوزێت و ڕەنگە گومانیش هەبێت نەکرێ ئەسلەن، ئەو ڕوونکردنەوەمان هەبوو گلەیشمان لە حکومەت کرد کە بۆ (١٢) قانوونی تەقاعودی هەیە لە کوردستان، بەڕێزیان کە ئەوانەی لێرە دانیشتوون قانوونەکە حازرە لەدوای چاکسازی ئەو قانوونەش دێتە پەرلەمانی کوردستان، سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (د. ئامانج) دەیەوێت قسە بکات ڕاستە (د. ئامانج) لەو وەزیرانە نییە کە لە پەرلەمان متمانەی پێدراوە، بەڵام لەناو ئەم پرۆژە یاسایە خیبرەێکی هەیە، لەبەر ئەوە دەرفەتی پێدەدەین قسە بکات، فەرموون.

**بەڕێز د. ئامانج رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها یەك تەوزیح لەسەر ئەو قسانەی بەڕێز کاك (ڕێبەر) باسی کرد بەپێی قانوونی وەزارەتی دارایی (١) مارە (٥)ی سڵی (٢٠١٠) بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی هەیە پێی دەڵێن بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی ئێستا بەپێی ئەم پرۆژە یاسایە ئەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینییە

ئەرك و چالاكييەكانی گەورەتر دەبێت فراوانتـر دەبێـت لەوەی كە ئێسـتا هەيە وەكـو ئەوە ئـێمە تێگەیشتووین من خوێندومەتەوە باسی بەڕێوەبەرایەتی دەكرێت، بەڵام حكومەت داوی كردووە كە دەستەی خانەنشینی نیشتمانی دروست بكرێت، چونكە ئەرك و چالاكییەكانی گەورەتر دەبێت بە خۆی ئەو دەستەی خانەنشینییە نیشتیمانییە لە كویَ هاتووە لە قـانوونی ژمـارە (٢٧)ی سـاڵی (٢٠٠٦) هـاتووە، بـۆیە لێـرە تەفصـیلەكەی بـاس نەكـراوە ئەم هەیـئە سـەر بە وزارەتـی دارایـی ئابووریی ئەبیَ وە هیچ زیادەیێك نـاكریَ، چـونكە ئەو بەڕێـوەبەرایەتییە گشـتییە خانەنشـینییەی ئێستا هەیە بۆ مومتەلەكاتی مەوقول و غەیر مەوقول و میلاكی نەقل ئەبێت بـۆ ئەم هەەیـئەیە، بە نسبەت سندوقەكەوە كە بەڕێز كاك(د.كاڤم) باسی كرد سـندوق فەرقـی چیـیە لەگەڵ حیسـاب سندوق بە ئینتیهـای سـاڵی دارایـی كۆتـایی پێنایـت، یەعنـی واریـداتەكانی تەودیـر ئەبێـتەوە لە سـندوقەكە ئەپـارێزریَ بەپێـی قەوانینـی مەوازەنە سـاڵانە لە (١٢/١٣)ی هەر سـاڵێك كە كۆتـایی دارایی دێت دەبێت داهات هەمووی تەدویر نابێتەوە بۆ ساڵێك دەچێتەوە گەنجیـنە، بەڵام لەبەر ئەوەی تەوقیفاتی تەعاقودی ئەخرێتەوە ئەو سندوقە ئەو سـندووقە بەردەوامـی خـۆی دەبێـت، یەعنـی داهـاتەكە تەدویـر نـاكرێتەوە بـۆ خەزێـنە لە كۆتـایی سـاڵی دارایـی ئەمە فەرقـی بەینـی حیسابێكی كە قەیدی تێـدا دەكـریَ لە وەزارەتـی دارایـی یـاخود سـندوق دەبێـت، ئەو سـندووقە تەفاصیلێكی زۆر زۆری هەیە (٦) مادده قانوونی تەقاعوودی موەحەدی ساڵی(٢٠٠٦ ) بە تەفصیل باسی كـردووە مەجلیسـەكەی ئیـدارە دەدا كە نـوێنەری وەزارەت پێشـمەرگەی تێـدایە، نـوێنەری وەزارەتــی پــلان دانــانی تێــدایە، نــوێنەرری وەزارەتــی داخیلــیەی تێــدایە، چــونكە ئێســتا بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەی كە لە وەزارەتی داراییە ئەرك و چـالاكییەكەی تەحدیـد كـراوە، تەنهـا بە زیاتر بۆ مۆزەفی مەدەنی ئێستا وەكو خۆتان باستان كرد هەر لە پێشمەرگە چەندین فەرمانگە و یەكە هەیە كە لەناو وەزارەتی پێشمەرگە سەربەخۆیانە تەقاعوودیەكە دەكـا، بـۆ ئەوەی ئەوانە دامەزراوە بكرێنەوە لە یەك سندوق كۆ بكـرێنەوە، یەعنـی هەر كەسـێك كە تەوقیفـاتی تەقـاعوی دەدا لە سەربازی بیَ هێزەكانی ئاسایشی مەدەنی بێت دەچێتەوە ناو ئەم سندوقە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، كاك (سروان) نـاوت نووسـیبوو كە ئـێمە نـاوی جەنابتـان دەنووسـین، نـاوی هەمووتان ئەخوێنینەوە ئەڵێین كەسمان لەبیر نەچووە، فەرموون.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن دروسـت هـاورای بەڕێـز (د.ڕێبـوار)م بـۆ لابردنـی مـاددەی یەكەم، ئەگەر ئەو مـادەیەش بە تەواوی لانەبـردرا، مـن بەراسـتی وشـەەی یەكسـانی دادپەروەری لە بـڕگەی یەكەمـدا دەمەوێـت لابدرێت چونكە بڕگەی یەكەم و بڕگەی چوارەم خـۆی پـێچەوانەی یەكتـرن لە یەك مادەیـا خـۆی بەرجەسـتەكردنی بنەماكـانی یەكسـانی دادپەروەری داوادەكەیـن كەچـی لە بـڕگەی چـوارەم

ڕێکخستنەوەی خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکان، خۆمان کۆمەڵگامان کردۆتە دوو بەش، پلە باڵا و پلە نزم، بۆیە یەکسانی و دادپەروەری لابدرێت وە یەك، ئەوەی تریش دروست هارای برای بەڕێزم کاك (اومید) خۆشناوم کە داوای ئەوەی کرد کە هەموو پەرلەمانتاران ئەوانەی بۆ شکاندنی یەکتر ئێمە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا شوێنی ئەم ماددەیە نییە.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك شت ئەگەر ڕێگە بدەن، چونکە پێم خۆشە ئەورۆ ئەو مێژووە و ئەو جوانییە و ئەو پیرۆزییە، من وەکو پێشمەرگەیێك بۆ خۆمی تۆمار بکەم ئەگەر روخسەت بدەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سوپاسی خوا دەکەم کە یەکەم کەسم لەسەر مایك و لەپێش چاوی هەر هەمووتان و بە ئامادەبوونی هەر هەمووتان ئەو پێشمەرگەیەم کە نامەوێت وەکو پەرلەمانتار خانەنشین بکرێم لەگەڵ خانەنشین کردنی پێشمەرگە نیم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڵێ زۆر سوپاس دەچینە سەر ماددەی دووەم، فەرموون.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی دووەم: ڕێکخستنەوەی ماف و ئیمتیازاتەکانی میراتگرانی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانی کراو و گیراوانی سیاسی.

ماددەی (٢):

یەکەم: ڕاگرتنی کۆکردنەوە لەنێوان ئیمتیازاتی هەردوو یاسا ژمارە (٩) ساڵی (٢٠٠٧)ی هەموار کراو تایبەت بە ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١)ی هەموارکراو تایبەت بە ئیمتیازاتی زیندانی کراو گیراوی سیاسی کوردستانی بەدەر لە کەس و کاری پلەیێکی شایستە کە زیاتر لە یەك شەهید یان ئەنفالیان هەیە بە ڕەچاو کردنی شایستە بوونیان بە گوێرەی یاسای خانەنشینی بەرکار.

دووەم: یەکخستنی مافی ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوان و زیندانیان و گیراوی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان.

سێیەم: لە کاتی مردن یان مافی دارایی سەرجەم میراتگرانی شەهیدان و ئەنفالکراوان و قوربانیانی جینۆساید کە بۆ لەمەودوا بە گوێرەی یاسای خانەنشینی بەرکار ئەو میراتگرانە دەستنیشان دەکرێن ئەوە ئەو مافە داراییە کۆتایی پێدێت و ناگوازێتەوە بۆ کەسانی دیکە جگە لە سوودمەندان بەپێی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠١٥) یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

چوارەم: بڕگەی سێیەمی ئەو ماددەیە بەر میراتگرانی زیندانیانی کراو گیراوی سیاسی جێبەجێ دەکرێت بە پیادەکردنی یاسای خانەنشینی بەرکار لە هەرێمی کوردستان.

پێنجەم: پێویستە لەسەر وەزارەتەکانی دارایی و ئابووری و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و پەروەردە و تەندروستی بە هەماهەنگی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوان رێنمایی دەربکەن بە مەبەستی رێکخستنەوەی لە ئەستۆ گرتنی حکومەت بۆ خەرجی چارەسەری تەندروستی و خوێندنی کوڕ و کچ و هاوسەری شەهید کە هاوسەرگیری نەکردۆتەوە لە قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆ حکومی و ئەهلییەکان لەناو هەرێمدا و دەستنیشان کردنی مەرجەکانی شایستە بوون لەبەر رۆشنایی بڕگەی دووەم لە ماددەی (٧) وە یاسای ژمارە (٩) ساڵی (٢٠٠٧).

شەشەم: پاککردنەوە و هەڵوەشانەوە و ماف و ئیمتیازاتی میراتگری ئەو کەسانەی کە بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی هەمواركراو یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوان و سوودمەند بوون لەلایەن لیژنەیێکەوە بە سەرپەرشتی وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان ئەنجام دەدرێت.

حەوتەم: پاککردنەوەی و هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتی زیندانی کرا و گیراوی سیاسی کە بەناوی زیندانی کرا و گیراوی سیاسی بەپێچەوانەی حوکمەکانی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١١)ی هەمواركراو سوودمەند بوون و لەلایەن لیژنەیێکەوە بە سەرپەرشتی وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ئەنجام دەدرێت.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا هەر بەڕێزێك دەیەوێت ناوی خۆی تۆمار بکات، بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە بکا، با دەست بەرز کاتەوە تا لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان بنوسرێ، تکاتان لێ ئەکەین ئەوەی ئەیەوێ گفتوگۆ بکات ئێستا ناوی خۆی تۆمار بکات دەستیش دانەنێ تا ناوەکان دەنوسێ بەڕێزان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئەم بەڕێزانە ناویان تۆمار کردووە تا گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە بکەن، تکاتان لێ ئەکەین هەر بەڕێزێك ناوەکەی ئەخوێنینەوە دواتر ئەگەر ناو نەنووسرابوو پێمان بڵێن، کاك (علی)، کاك (عبدالستار)، کاك (د.محی الدین)، کاك (د.شێرکۆ)، (بدریە) خان، کاك (سۆران)، (ئاشنا) خان، (شنۆ) خان،(شیرین) خان، کاك (بەڵێن)، (روپاك) خان، کاك (عثمان سێدەری)، کاك (ملا ناصر)، کاك (هێرش)، کاك (سەرکۆ)، کاك

(شاخەوان)، (د.شایان) کاك (گۆران)، (شیرین) خان، (گلوستان) خان، کاك (کاروان، کاك (هاورێ)، (شـنۆ) خـان، (هەژان)خـان، (رۆژان) خـان، کـاك (بهمـن)، کـاك (پێشـەوا) کـاك (د.رێبـوار)، کـاك (د.سعید)، کـاك (سـەروان)، کـاك (حـاجی سـفین)، کـاك (د. زیـدان)، کـاك (زانـا)، کـاك (نـزار)، کـاك (هیمداد)، کاك (رزگار)، کاك (جـلال)، کـاك (رزگـار عیسـا)، کـاك (عبدالسـلام)، (سـلمی) خـان، کـاك (راهی)، (کلستان باقی)، کاك (مسلم)، کاك (رزگار) نوقتە نیزامە، فەرموون.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم چ عورفەکە مـۆلەتی قسـە کـردن وەك سـەعات وایە، لەوبەرەوە دەسـت پێـدەکات لێـرەوە خلاص دەبیت، ئەگەر بکرێتن یەك ناو لەوبەر یەك ناو لەم بەر، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تەنزیمی ئەکەین، بەڕێزان بەپێی مـاددەی (٨٨)ی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان بۆی هەیە (٢) دەقە گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە بکات بابەتی گفتوگـۆ کردنە، بۆیە ئێستا کات ئەگرینەوە رێگە نادەین لە دوو دەقە زیاتر بێت، تکایە پابەنـد بـن پێـوەی، کاك (بهمن) فەرموو.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن لای ئێمە ئاشکرایە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان هەموومان قەرزاریانین لەم وڵاتە وە ئەوانە خەڵکـی بەنـاز و رێـز لێگیـراوی ئەم وڵاتەن وە دەبـێ لە هەمـوو شـتێکا ئەوان حـاڵەتی ئستیسنایان بۆ بکرێت، قسەێك هەیە کە کاتی خۆی وەزیری شەهیدان لەگەڵ جێگـرەکەی هـاتنە لیژنەی شـەهیدان ئەوان روونکردنەوەێکیـان دا بە ئـێمە، دوایـی کە ئـێمە لەگەڵ لیـژنەی دارایـی قسـەمان کـرد وتیـان بەڕێـز کـاك (ئامـانج رەحـیم) و بـرادەری وەزارەتـی دارایـی وتوویـاانە ئەو رێنماییە وا نییە کە لە خاڵی سێیەما هاتووە کاتی مردنی وارس، یەعنی وارسی یەکەمی شەهید گواستنەوەی بۆ سەر وارسیکی تر دەچێتە سەر تەقـاعوودی دەبـڕێ، ئەگەر وایە داواکـارین ئەوە نەبڕێ بۆ وارسی یەکەم کە بەپێـی یاسـای ژمـارە (٩) و ژمـارە (١١) دیـاری کـراوە، خـاڵێکی تـر کە گرینگە لێرە لە خاڵی پێنجەما هاتووە ئەڵێ (وەزارەتەکانی دارایی و خوێندنی باڵا و تـوێژینەوەی زانستی و پەروەردە و تەندروستی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزراەتی کاروباری شەهیدان رێنمـایی دەردەکەن بە مەبەسـتی رێکخسـتنەوە و لە ئەسـتۆ گرتنـی حکـومەت) پـێم وایە ئەم جـوملەیە تەواو نییە لە ئەستۆ گرتنی حورمەت چییە، خۆیان حکومەتن بابنووسرێ (لە ئەسـتۆ گرتنـی ئەو پێداویستیانەی کەس و کاری شەهیدان هەر یەکێك لەلایەن وەزارەتە تایبەتمەندەکەی خـۆیەوە) ئێمە دەزانین لە ساڵانی رابردووا وەزارەتی شەهیدان بەدەست ئەو گرفتەوە گیری خواردبـوو کە وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا داوای پـارەی لێـدەکرد، وەزارەتـی تەندروسـتی داوای پـارەی لێـدەکرد،

وەزارەتەکانی تر کە منداڵە شەهید لەوێ سوودمەند دەبوون داواکاریان لە وەزارەتی شەهیدان بوو قەرزێکی زۆر دەهاتە سەریان، بۆیە دەکرێ ئێستا لەم یاسایە ئەوان لە ئەستۆی بگرن راستەوخۆ وەزارەتەکانی دارایی و پەروەردە و خوێندنی باڵا و تەندروستی، خاڵێکی تر کە داواکارم ئیزافە بکرێ لەگەڵ خاڵی شەشەم و حەوتەم کە لە هەردووکی لیژنە دروست دەکرێ بۆ پاکتاو کردنی لیستی شەهیدان و لیستی زیندانیانی سیاسی مووده دیاری بکرێ خۆی یاساکە (٦٠) رۆژ دیاری کراوە بۆیە پێشنیار دەکەم (١٢٠) رۆژ دیاری بکرێت (٦٠) بۆ جێبەجێکردنی یاساکە (٦٠) رۆژی تر دیاری بکرێت ئەو دوو لیژنەیە بەپەلە دروست بکرێ بۆ پاکتاو کردنی لیستی شەهیدان، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (عثمان سێدەری) فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی (٢) بڕگەی سێیەم لەکاتی مردن یا بڕینی مافی دارایی سەرجەم میراتگرانی شەهیدان و ئەنفال کراوان و قوربانیانی جینۆساید کە بۆ لەمەو دوا بەگوێرەی یاسای خانەنشینی بەرکار ئەو میراتگرانە دەستنیشان دەکرێ، کە نووسیویەتی دەستنیشان دەکرێن لێرە نووسیویەتی ئەوە ئەو مافە داراییە کۆتایی پێدێت و ناگوێزرێتەوە بۆ کەسانی دیکە جگە لە سوودمەندان بەپێی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠١٥) یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان، بۆیە پێویستە لێرە ئیشارەت بەوە بدرێت کە کچ و کوڕ دایك و باوك خوشك و برا بگرێتەوە ئەو واریسانە بە روونتر ئیشارەتی پێبدرێت، لەبەر ئەوە ناروونییەك لە دەستەواژەکەیا هەیە، هەروەها لە لەبەر چاو گرتنی باشکردنی مووچەکانیان وە هەروەها بە لەبەرچاو گرتنی یەکسانی لە ماف و ئیمتیازاتەکانیش زۆر جار هەیە خەڵك خانووی بۆ کردراوە هەر شەهیدە خەڵك هەیە مووچەکەی زۆر زیاتر لە شەهیدێکی تر لە هەمان کاتیشدا ناوی پیرۆزی شەهید هەر شەهیدە و ئەنفال هەر ئەنفالە، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (علی حمە صالح) فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم ئەوە کە دەڵێت یاسای خانەنشینی بەرکار قەڵەقییەکی لای کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان دروست کردووە کە ئەمە ئەوەی کە بەتەمەنە لە کەیەوە ئەیگرێتەوە نایگرێتەوە، فیکرەکەی ئێمە ئەوەیە ووە زۆر بەروونی پێویستە لێرە وەڵام وەربگرین، ئەوەی کە پێی ئەوتریت وارسی شەهیدان عیبارەتە لە بەڕێزان دایك باوك کوڕ خوشك برا و کچ و کوڕ، ئەوەی کە ئێستا مووچە وەردەگرن تا وەکو لە ژیانا مابن بە هیچ شێوەیێك مووچەکانیان

نابڕدرێت، ئەوەی کە پەیوەندی بە تاقانەی ئەنفالەوە هەیە، ئەوە یاسایەکی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە ئەوە دەبێت روون کرێتەوە وە ئەو قەلەقییەش نەمێنێ، قەلەقییەك هەیە من پرسیار ئەکەم ئایا لە راستیا هەیە کە معاشی شەهیدان بۆ نەوە نەقل ببێت لە ئێستا، بۆ نمونە معاشی باپیری وەرگرێ (٧٠) ساڵ پێش ئێستا شەهید بووبێ، شتی واهەیە یان نییە؟ بۆمان روون کەنەوە، خاڵێکی کە گرینگە باس بکرێت لە چەند شوێنێك وشەی پاککردنەوە بەکار هاتووە، جارێ لە خاڵی شەشەم وشەی پاککردنەوەکە هەر زیادە کە دەڵێ (هەڵوەشانەوە) تەواو، لە خلی حەوتەمیشا پاککردنەوەکە بکرێت (پێداچوونەوە)، پرسیارێکی تریش لە بەڕێز وەزیری شەهیدان، تەیعەن ئەمە زۆر گرینگە بە دەرهێنانی خەڵکی ناموستەحەق هەندێك خەڵك هەیە چووە بۆ دزی لەکاتی دزیا کوژراو ئێستا کراوە بە شەهید هەیە، میکانیزمیکتان دیاری کردووە کە شەهیدی حەقیقی و شەهیدی ساختە لە یەك جیا ئەکەنەوە، یەعنی میکانیزمێك هەیە یان ئێمە تەنها ئەم کەسانە رێك دەخەین، چونکە ئەوە من پێم وایە ئەرکێکی زۆر گەورەیە وە یەکێك لە خاڵە گرینگەکانی ئەم یاسایە کە ئەمە خواستی شەهیدان و ئەنفالکراوانی فعلیشە، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (د.شیرکۆ) فەرموو.

**بەڕێز شیرکو جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکم لەسەر ماددەی دوو، باس لە بڕگەی دووەما بێگومان تاوانەکە دەوڵەتی عیراق کردوویەتی وە لە هەموو دونیایا دەوڵەت کە تاوان دەکا بە تایبەتی جینۆساید و پێشێلکاری ماف و مرۆڤ ئەبێت دەوڵەتیش تەعویزەکە بداتەوە وە دەوڵەتیش حەقەکە دابین بکات، بۆیە من ئەمەوێ ئیزافەی ئەوە بکەم یان پێشنیاری ئەوە بکەم کە ئەوە ئیزافە بکرێ لە بڕگەی دووەما دوای کە ئەڵێت رێکخستنی ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکگان و زیان لێکەوتووەکان و زیندانیانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، لەبەر رۆشنایی یاسا بەرکارەکان و لێرەوە ئیزافە بکرێت پەیوەست کردنی بە سیستەمی بەخشی عیراقی بۆ لەبەر ئەو بوو بیست و پێنج ساڵی تر درێژ کراوەتەوە برەکەشی زیاترە کە حەوت سەد و پەنجا هەزارە، لەکاتێکا ئەوەی هەرێم تا ساڵ و شتێکی ماوە وە بڕەکەشی پێنج سەد هەزارە بەپێی قانوونی دەولیش بێ تاوانبار دەبێت تەعویزەکە بداتەوە کە دەوڵەتی عیراقییە نەك ئەوەی کە بە شێوازێکی تر چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (هیمداد) فەرموو.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێر هاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم روونکردنەوەی من لەلایەن چەند پەرلەمانتارێك گفتوگۆی لەبارەوە کرا، دەمەوێت پشتگیری لە کاك (بهمن) کاك (علی حمە صالح) و کاك (عثمان سێدەری) بکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (سعید) فەرموو.

**بەڕێز سعید مصطفی تەتەرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینی لەسەر بڕگەی پێنجەم هەیە کە باس لە خۆگرتنی خەرجی پەروەردەیی تەندروستی دەکرێتن ئیشارەت بە وارسی شەهید دەراوە کە کوڕ و کچی شەهید هاوسەری ئەگەر شووی نەکردبێتەوە، بەڵام وارسی شەرعی شەهید دایك و بابیشە خاستەن لە مەجالی تەندروستی حەقە ئیشارەت بە وارسی شەهیدی دایك و باوکیش بدرێتن، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (شاخوان) فەرموو.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ماددەی دوو وە بڕگەکانی ماددەی (٢) تێبینیم زۆر بەتایبەتی ئەوەی کە ناوی شەهید ئەنفال بکرێتە ناو لیستێکەوە کە مناقەشەیێکی زۆر دەکرێ، لێرەیا بە لیستی چاکسازی یان بە پاککردنەوەی ئەو لیستە ناو ئەهێنرێت، لە راستیا ئەتونم بڵێم غەدرێکی گەورەیە لە کەس و کاری شەید و ئەنفال ئەکرێ دوو کەس و کاری شەهید ناکرێ بەپێی یاسای خانەنشینی بەرکار تەعامولی لەگەڵ بکرێ وەکو قەرمانبەر سەیر بکرێ لە کاتێکا بە خوێنی خۆی ئەوەی کردووە سێ لەبەینی فەرمانبەر و حکومەتدا عەقدێك هەیە بەپێی یاسای خانەنشینی تەعامولی لەگەڵ ئەکرێ، بەڵام پێشمەرگە هیچ عەقدێکی نەبووە، لەراستیا هەڵگرتن و لابردنی بڕگەی سێ لە ماددەی (٢) چونکە ئەو بڕگە لەراستی بڕگەیێکی مەتاتییە، یەعنی دەکرێ ئەم بڕگەیە لابرێت، چونکە لە مەصلەحەتی شەهید و ئەنفال نییە وە پێشنیار ئەکەم بە لابردنی یاسای خانەنشینی بەرکار، چونکە یاسای خانەنشینی بەرکار ئەوەش ئەتوانم بڵێم لە مەصلەحەتی شەهید و ئەنفال نییە وە ئێستا من تکا ئەکەم هەم پەرلەمان و هەم ئەنجومەنی وەزیران قسەی جدی یان وەزارەتی شەهیدان لەسەر ئەم بابەتە بکرێت، چونکە بە بڕوای ئێمە لە ماددەی (٢) ناحەقییەکی گەورە ئەکرێ بەرامبەر بە کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (د. محی الدین) فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەزانین هەمووومان حالی حازرا دەیان شاندی کەس و کاری ئەنفال و زیندانیانی سیاسی سەردارنی فراکسیۆنەکان و پەرلەمانیتان کردووە، ئێستا لە دلە راوکێیەکی گەورەدان وە یەکێك

له بڕیارەکانی دادگای تاوانی عیراقی قەرەبوو کردنەوەی کەس و کاری ئەنفال و جینۆسایدەکانە، دووەم شت حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی هەشت و لە کابینەی نۆیەمیش ئەو شاندانەی کە دەستیان بە وتوویژ دەکرد لەگەڵ بەغدا بۆ ئەوە بوو بە تایبەتی لەگەڵ وەزیری شەهیدان و ئەوانەی کە بەشێك لەو شەهید و زیندانیانی سیاسی و کەس و کاری قوربانیانی ئەنفالەکان مووچەکانیان شایستە داراییەکانیان بخرێتە سەر دەوڵەتی عیراقی، بۆیە لە حالی حازردا لەو وەختەیدا ئەگەر بێت و ئێمە ئەو مووچە و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال و جینۆساید ببڕین، یاخود کەم بکرێتەوە رەنگە کەس و کاری شەهیدێك هەبیت دوو یان سێ زیاتر وەربگرێ، پێم وایە لە حالی حازر ئەو هەوڵە لەبار دەبات وە بارودۆخی کوردستان پێم وایە لەبار نیە لەو کاتەیدا کە ئێشستا بێن ئێمە دەستکاری ئەوانە بکەین، بۆیە بمینێتەوە تا ئەو کاتەی ئەو کێشەیە لەگەڵ بەغدای یەکلا دەکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك نزار فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناوەرۆکی بەشی دووەم رێکخستنەوەی ماف و ئیمتیازاتەکانی میراتگرانی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و زیندانیکراوان و گیراوانی سیاسی، ئێمە لێرە ئامانجمان دوو خاڵە خاڵێکیان رێکخستنەوەی ئەم بەشەیە، خاڵی دووەم دەمانەوێ خۆشگوزەرانی بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان هەبێ، بۆیە من پێم باشە سەبارەت بە ناوەرۆکەکە بەم شێوەی بێ (رێکخستنەوە و باشتر کردنی ماف و ئیمتیازاتەکانی میراتگرانی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و زیندانیانی کراوان و گیراوانی سیاسی) بێم باشە باشتر کردنی لە نێوان رێکخستنەوە و مافە کە دابنرێت، زۆرسوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (پێشەوا) فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەتایبەتی ئاراستەی پەیامم بۆ وەزیری شەهیدانە، کە بایەتی شەهیدان بابەتێکی زۆر هەستیارە دەبێت هەموومان زۆر بە هەستارییەوە مامەلەی لەگەڵ ئەم پرسە بکەین، شتێك نەکەین کە ببێتە هۆی حاجزکردنی دڵی ئەوان نارەزایی ئەوانی لێبکەوێتەوە، ئەوان نوێنەریان هاتنە پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی رابردوودا ئێمە لەگەڵیاندا دانیشتین بەبێ دووبارەکردنەوەی قسەکانی پاڵپشتی لە برای بەڕێزم کاك (بهمن) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (سلمه) خان فەرموو.

**بەڕێز سلمه فاتح توفيق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی دووەمدا لە بڕگەی یەکەم، هەروەها لە بڕگەی سێیەمی ماددەکەدا ئاماژە بە یاسای خانەنشینی بەرکار دەکا پێشتر هەڤاڵانمان ئاماژەیان بەوە کرد کە ئەم یاسایە هەڵوەشاوەتەوە، ئەگەر مەبەست لە یاسای ژمارە (٢٧) ی ساڵی (٢٠٠٦)ی عیراق بێت، هەم بەرکار نییە لە کوردستان هەم ئەم یاسایە هەڵوەشاوەتەوە، لەبەر ئەوە پشتیوانی لە کاك شاخەوان دەکەم ئەوە لاببرێت وە لەبری ئەوە بڵێ بەگوێرەی یاسای ژمار (٩)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان وە قەلەقییەکی زۆر هەیە، نازانم بەداخەوە نەدەکرا کەس و کاری شەهیدان لەناو پڕۆژەی چاکسازی هەبن سەرەرای ئەوەیمن هەندێ قسەی هین ناکەم خوانەخواستە نەوعێك تێبگەن، بەڵام بەداخەوە کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان لەناو پڕۆژەی چاکسازیا دادەنرێت، لەکاتێکدا پێویست دەکات چاکسازی لە داهات و لە خەرجییەکاندا بکرێت، هەروەها لە بڕگەی پێنجەمدا پشتیوانی لە قسەکانی بەڕێز کاك (بهمن) دەکەم بۆ ئەوەی ئەو وەزارەتانەی یەکسەر خۆیان بتوانن ئەرکەکە لە ئەستۆی بگرن، چونکە ئەمەش دیسانەوە کێشەیێکی زۆر دروست دەکات لە کاتی خەرجی خوێندنی خوێندکاران، هەروەها لە تەندروستیشدا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پرسیارەکە ئاستەی بەڕێز وەزیری شەهیدان دەکەم لەوەی کە ئێستا ئەم ماددەیە ئەم بڕگەیە وا لەناو کەس و کاری شەهیدانا هەیە، ئەگەر ئێستاکە زۆربەی وارسی شەهیدەکە با بڵێین هاوسەری شەهیدەکەیە وە دەڵێن لەدوای کۆچی دوایی هاوسوری شەهیدەکە کە دەکاتە دایکی منداڵەکان وە ئەم وتەیە ناگەرێتەوە بۆ کوڕەکانی وە بۆ کچەکانی ئێمە تا ئێستا نازانین لە بەینی هەندێك ماددەیا، ئەگەر وایە ئەمە خەتەرێکی گەورەیە وە دەست بردن بۆ قوتی کەس و کاری شەهیدان شتێکی مەترسیدارە، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (سوران) فەرمووو.

**بەڕێز سوران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو بڕگەی یەك ئیمتیازاتی زیندانی سیاسی بە دوو مووچە وەکو هەژمارکراو هژمار ئەکرێ وە رای ئەگرێ، ئەگەر هاتوو لەگەڵ ئیمتیازاتی شەهید و ئەنفالا کۆبۆوە لە کاتێکا پێنج هەزار و دوو سەد و حەفتاو پێنج زیندانی سیاسی لە (٧/١) ئەم ساڵ کۆتایی بە مینحەکەیان دێ هەزار و پێنج سەد و سی و شەش راگیراو سیاسی کە لە شەش مانگ کەمترن لە (٢٠٢١/١١/٤) کۆتایی دێ وە هەژدە هەزار زیندانی سیاسی تریش شەش ساڵە دۆسیەکانیان تەواو بووە تا ئێستا هیچ مینحە و ئیمتیازاتێکیان وەرنەگرتووە تۆ کە لێرە ئەمە ئەم کۆکردنەوەیە رائەگری داوا ئەکەم بەڕیز وەزیری شەهیدان دڵنیایمان باتێ کە ئەو هەژدە هەزارەش چارەنووسیان چی لێدێت دێنە شوێنی ئەم پێنج هەزارەوە ئەگەر ئەم پێنج هەزارەی زیندانی سیاسی لە مانگی

(١١)ی ساڵی داهاتوو له (٧/١)ی ئەم ساڵ کۆتایی دێت بۆ چی کۆکردنەوەکەی رائەگری، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم لەکاتی مردن یان بڕینی مافی دارایی سەرجەم میراتگران دەچیتەوە سەر خانەنشینی بەرکار داوا ئەکەم ئەم بڕگەیە لابرێت چونکە بەراستی خانەوادەی شەهیدان قەلەقیەکی زۆریان هەیە لەکاتی گواستنەوەی ئیمتیازەکە لە میراتگرێکەوە یان لەکاتی مردنی یاسای خانەنشینی بەرکار کۆتایی پێدێنێ ئەمە بۆ سرینەوەی کۆتایی پێهێنان بە ناسنامەی شەهید کارێکی باش نییە بۆیە بڕگەی چواریش کە میراتگری زیندانی سیاسییە بەهەمان شێوە داوا ئەکەم لابرێت، بەڕێز وەزیری شەهیدان هەشت هەزار کەسی تر هەیە وەکو بەڕێزتان باستان کرد داوای مینحەی چارەسەر ئەکەن لە بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (سروان) فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دروست هاورای برای بەڕێزم کاك (بهمن)م بۆ نەهێشاندنی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان بەراستی، چونکە بەدیهێنەر و پارێزەری پیرۆزییەکان و ئەوان وە بەنسبەت ماددەی دووەم بڕگە پێنجەم ئەوە پرسیار لە وەزارەتی شەهیدان و زیندانی سیاسی و پێشمەرگە دەکەم پێشمەرگە نا، چونکە ئەوەی شەهیدیش هەتانە، بەڵام ئەوانەی زیندانی سیاسین لە وانەیە لەماڵدا چوار کور یان دوو کچ، وەلحاصل چەند کەسێك بن لە ماڵەوە بۆ گرتنی خەرجی خوێندنی ئەوان تەنها یەك کەس بۆی هەیە یەك کەس بخوێنێت لەسەر ئەرکی وەزارەت ئەوا گوتەی ئەو کەسانەیە کە باوکەکانیان زیندانی سیاسین، ئەگەر پێداچوونەوە لەسەر ئەوە بکرێت زۆر باشە، لەبەر ئەوەی زیندانی سیاسی یەك منداڵی نییە باوکی یەك کەسیش نییە ئەوە یەك پرسیاریشم هەیە لە وەزیری شەهیدان و پێشمەرگە لەسەر کۆی ماددەکە بۆ ئەوەش دروست هاورای برای بەڕێزم کاك (علی حمه صالح)م، چونکە هەبووە دیسان دەڵێن ئەو وتی چووە بۆ دزی کوچراوە کراوەتە شەهید بەڵام هەشە لەسەر دزی گیراوە کراوە زیندانی سیاسی ئەگەر ئەو شتانە لێك بکرێتەوە زۆر باش دەبێت بۆ ئێمە، ئەوەی تریش لە بڕگەی حەوتەم پێشنیار دەکەم کە هەڵوەشاندنەوە لابدرێت، پاککردنەوە بهێڵدرێتەوە، چونکە ئەوانەی زیندانی سیاسین ئەوان بەدیهێنەرن دیسان دەڵێمەوە، بۆیە هەڵوەشاندنەوە لابدرێت تەنها پاککردنەوە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (عبدالسلام) فەرموو.

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم لە ماددەی (٢)ی پرۆژە یاسایەکە بڕگەیەك زیاد بکرێت تێیدا حکومەتی هەرێمی کوردستان مولزەم بکرێت، بۆ ئەوەی بە زووترین کات خزمەتگوزاری بگەیێنیرێتە ئەو پارچە زەوییانەی کە تێیدا وەزارەتی تایبەتمەند بۆ خانەوادەی سەربەرزی ئەنفالەکان دیاریان

کردووە کە خۆشیان نازانن لە چ هەسارەیێکە، دواتریش بڕی پارەیێکیان دیار کردبـوو بـۆ دروسـت کردنی خانوو لەسەر ئەو پارچە زەوییانە کە بریتی بوو لە بیست و حەوت ملیۆن تا ئێستا چەنـد خانەوادەیێکی کەم ئەو بڕە پارەیان وەرگرتووە ئەوانەی دیکە وەریان گرتووە، داوا کارین ئەوەش لێرە جیی بکرێتەوە، بەپێـی بـڕگەی پێـنجەم لە مـاددەی دووەمـی راپـۆرتی هاوبەشـی لیژنەکـان هـاتووە کەوا کـچ و کـوڕ و هاوسـەری شـەهید مـوقەیەج کـراوە بەوەی حکـومەت خەرجـی چارەسەری تەندروستی خوێندن تەنها لەنـاوەوەی هەرێمدا لە ئەسـتۆ دەگرێـت، لێـرەدا پێشـنیار دەکەم کە بەم شـێوەیە دابڕێـژرێتەوە (پێویسـتە لەسـەر وەزارەتەکـانی دارایـی و ئـابووری و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پەروەردە و تەندروستی بە هەمـاهەنگیوەزارەتی کاروبـاری شـەهیدان و ئەنفـالکراوان رێنمـایی دەربـکەن بە مەبەسـتی رێکخسـتنەوەی لە ئەسـتۆ گرتنـی حکـومەت بـۆ خەرجـی چارەسـەری تەندروسـتی خوێـندنی کـور و کچـی هاوسـەری شـەهید کە هاوسەرگیری نەکردۆتەوە لە قوتابخانە و پەیمانگاکان و زانکۆ حکومی و ئەهلییەکان لەنـاوەوەی هەرێـم و لە دەرەوەی هەرێمیشـدا وە دەستنیشـان کردنـی مەرجەکـانی شایسـتە بـوون لەبەر رۆشـنایی بـڕگەی دووەم لە مـاددەی (٧) لە یاسـای ژمـارە (٩)ی سـاڵی (٢٠٠٧)) واتە خەرجـی چارەسەری تەندروستی وە خوێندیش بە تایبەتی بەتایبەتی خوێـندنی بـاڵا لە دەرەوەی وڵاتـیش لە ئەستۆ بگرن بۆ خانەوادەی.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (شنۆ) خان فەرموو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی دووەم، پێشـنیار دەکەم هەریەك لە بـڕگەی یەکەم و سـێیەم و چـوارەم لابرێت، لەبەر ئەوەی ئەم بڕگانە خزمەت بە کەس و کاری شـەهید و زینـدانی کـراون وم ئەنفـال کـراوان ناکـات ئەوەی لە نـاوەرۆکی ئەو مـاددانە هـاتووە، تەنهـا بەخشـینە کە حکـومەت چـاوی لەوەیەتی بیبڕێت ئەمانە کەمترین مافە کە تاوەکو ئێستا کەس و کاری شەهید و ئەنفـال کـراوان و زیندانیانی سیاسی بەدەستیان هیناین، لەبەر ئەوە بەڕوایی من ئەوە هەوڵێکە بـۆ سـڕینەوەی ئاسەواری شەهید و زیندانیانی سیاسی، سەبارەت بە بڕگەی پێنجەم لە ئەستۆ گرتنـی حکـومەت بۆ خەرجی چارەسەری تەندروستی خوێندن بۆ کوڕ و کچ و هاوسەری شـەهید کە هاوسـورگیری نەکـردۆتەوە لە قوتابخـانە و پەیمانگـا و زانکـۆ حکـومەدی و ئەهلییەکـان لەنـاو هەرێمـدا و وە ناوچەکـانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێمـدا زیـاد بکرێـت، لەبەر ئەوەی بیرمـان نەچێـت لەوێـش شەهیدمان هەیە و کەس و کارمان هەیە وە زیندانی سیاسی هەیە وە پشتیوانی قسـەکانی کـاك (سروان)، (سلمی) خان، کاك (شاخەوان) و کاك (سۆران) دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (بدریە) خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، زۆربەی قسەکانی من کرا، بەڵام دەمەوێت پشتگیری ئەو بەڕێزانە بکەم، بڕگەی دووەم پێم باشە بکرێتە پێش بڕگەی یەکەم بخرێت، لەبەر ئەوە لەرووی تەشریعییەوە بایەخێکی سەرباسە و گرینگە وە پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز کاك (شاخەوان) دەکەم لەسەر ماف و ئیمتیازاتی شەهیدان و ئەنفاکراوان و زیندانیانی سیاسی وە پشتگیری لە بەڕێز کاك (علی حمە صالح) دەکەم لە بڕگەی شەش و حەوت کە باس لە پاککردنەوەی دەکات، ئێمە پێمان باشە وشەی پاککردنەوە لابدرێت هەڵوەشانەوە بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ شکۆ و کەسایەتی پێشمەرگەیا ناگونجێت، ئەم وشەیە پێویستە هەڵوەشێتەوە و بەکار نەهێنرێت، بڕگەی حەوتەمیش بەهەمان شێوە پشتگیری لە قسەکانی هاوکارانم دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (حاجی سفین) فەرموو.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەرەو میهرەبان، پێشەکی بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ماددەی (٢٩ بڕگەی یەکەم یاسای ژمارە (١١) ساڵی (٢٠١١)ی هەمووارکراو تایبەت بە ئیمتیازاتی زیندانی سیاسی گیراوی کوردستانی، لێرە پێم باشە گیراوی سیاسی گیراو هەڵبگیرێ، لەبەر ئەوەی زیندانی کراوانی سیاسی کوردستانی لێرە ئەو یاسایە زیندانییە زۆر زیندانی دەگرتەوە، پێم باشە بکرێتە (زیندانیکراوانی سیاسی کوردستانی) وە پشتگیری کاك (بهمن) و کاك (علی حمە صالح) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (راهی) فەرموو.

**بەڕێز راهی راهبر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو مهرەبان، تێبینیەکانم زۆر بوون، بەڵام بەشی زۆریان کران بەتایبەت لەسەر بڕگەی سێیەمی ماددەی دووەم وە هەروەها بڕگەی شەشەمی ماددەی دووەم، بۆیە پاڵپشتی خۆم رادەگەێنم بۆ (شنۆ) خان و (سلمە) خان و (رۆژان) خان و کاك (علی) وە هەروەها کاك (عثمان) و کاك (سۆران)، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (مسلم) فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەس و کاری شەهیدان جێگای ڕێز و تەقدیرن هەمووومان ئەو دەزانین قسەکەی من لەسەر ماددەی (٢) بڕگەی پێنجەمە کە دیارە هەماهەنگی هەیە لەنێوان وەزارەتە مەعنییەکان کە ئیشارەت پێدرا وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان سەبارەت بە خەرجی، هەم بۆ چارەسەری تەندروستی، هەم بۆ چارەسەری خوێندنی کوڕ و کچی شەهید و هاوسەری شەهید لە قوتابخانەو خوێندنگا ئەهلییەکان، ساڵانە بڕێکی زۆر پارە لەم بوارەوا تەرخان کراو سەرف دەکرێ، ئەوەی جێی باس کردنە کە بەراستی ڕێژەیێکی زۆری لە کەس و کاری شەهید و ساڵانە سوودمەند لەم ڕێکارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەیێکی زۆر خەڵکیش هەن کە بەراستی بە نایاسایی یان شایستە نین هەن لەناو ئەم لیستانە خەرجێکی زۆریان لێ سەرف دەکرێ بوونەتە بارگرانی، بۆیە پێویستە لە ڕێگەی ئەو ڕێنمایی و مەرجانەی لەم یاسایە ئیشارەتی پێدراوە ئەم لیستانە پاك بکرێنەوە کەسانێك دابنرێنەوە لەو شوێنانە کە مەرجی یاساییان تێدابێت ئەم لیستە دووبارە ڕێك بخرێتەوە، پشتگیری لە بڕای بەڕێزم کاك (بهمن) دەکەم کە پێویستە هەر وەزارەتێك خەرجی کەس و کاری شەهیدان لە وەزارەتەکەی خۆی مامەڵکە رایی بکات کە زۆر جارجار بەراستی کێشەی زۆر هەیە لەنێوان وەزارەتەکان لە چۆنیەتی رایی کردنی مامەڵەکان بۆ کور و کچ و وارسی شەهید کە گرفت بۆ ئەو کەسانە دروست دەبێت کە لە چۆنیەتی مامەڵەی یاسایی نێوان وەزارەتەکان انشاء الله بەو جۆرە گرفتەکە چارەسەر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (د.زیدان) فەرمووو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە تیبینییەکیان بە گشتییە بۆ ئەم یاسایە چەند وشەیێکیان تێدا دووبارە بۆتەوە، بەتایبەت لە سەرەتای زۆربەی بڕگەکاندا ئەویش لە شێوی ڕێکخستنەوە پاککردنەوە پێداچوونەوە یان یەکخستن یان هەلوەشانەوە ئەم هەموو وشانە دەتوانین هاوتا بکەین لەگەڵ ناونیشانی یاساکەمان هەموو ئەو وشانە بکەینە چاکسازی، بۆ ئەوەی لەگەڵ ناونیشانەکە ڕێك بکەوێت وە وشەکانیش گونجاو تر بێت لە بەکارهێنانیان، تێبینی دووەمیشم لەسەر بڕگەی پێنجەمە لە بڕگەی پێنجەم پێویستە وشەی سەرەتا کە نوسراوە، پێویستە لابدرێ بەڵك و بکەینە وەزارەتەکانی دارایی و ئابووری و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و پەروەردە و تەندروستی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتیی شەهیدان و ئەنفالکراوان ڕێنمایی دەربکەن بە مەبەستی بەخشینی چارەسەری تەندروستی لەنێوان دوو کەس تەندروستی گشتی و تایبەت واتە نەخۆشخانە تایبەتی و گشتییەکان وە خوێندنی بەرایی و باڵا ئیزافە بکرێت، لێرە

مەبەستمان لەوەیە ئەو خوێندنانەی قوتابخانەكانن زانكۆ و خوێندنی باڵای ماستەر و دكتۆراش بگرێتەوە بۆ كچ و كوڕ زو هاوسەری شەهید و وە ئەو هاوسەرەی هاوسەرگیری نەكردۆتەوە لە قوتابخانە و پەیمانگا و زانكۆ حكومیەكان لەناو هەرێم و دەرەوەی هەرێمیش لێرە ئیزافە بكرێ، بۆ ئەوەی بتوانن سوودمەەد بن لە ڕێنماییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا (عبدالستار) فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵا من وێرای ئەوەی پشتگیری ئەو بەڕێزانە دەكەم كە باسی لابردنی ووشەی پاككردنەوەیان كرد، فیعلەن منیش پێم وا بوو ئەو وشەی گونجاو نییە دەكرێت، باش ئەوەی دەكرێت هەڵوەشانەوە دەڵێین هەڵوەشاندنەوە و ڕێكخستنەوەی ماف و ئیمتیازاتی میرات گری ئەو كەسە تا دوایی، سەرنجێكم هەیە بەراستی بۆ هەموو لایەك ئێمە هەندێك لەو بەڕێزانەی ئێرە هەندێك پەرلەمانتارانی بەڕێز باسی خانەنشینی پلە باڵاكان و باسی پاشەكەوتی مووچە و باسی كەمترین خانەنشینی كرا، من پێم وایە كاتی خۆی دێ ئێمە پەلە نەكەین با هەركاتێك كاتی خۆی هات هەر كەسێك ئازادە لەوەی كە خۆی چۆن قەناعەتی خۆی دەخاتە روو چۆن ناخی خۆی باس دەكات، نەك هەر دەتوانێ خانەنشینی پلەكەی خۆی خانەنشینی خۆی رەت كاتەوە دەتوانێ موڵك و ماڵی خۆشی ببەخشێ بە فەقیر و هەژار و خاوەن پێداویستی تایبەتی ئەم وڵاتە با بڵێی ئیعتیادییە، بەڵام با لەكاتی خۆیدا بێت كە ئێستا ئێمە قسەمان نەكردووە، مانای ئەوە نییە كە ئێمە قسەمان پێ نییە، مانای ئەوەیە كە بەراستی ئێمە رێزمان لە ڕێكارەكانی بەڕێوە چوونی ئەم پەرلەمانە گرتووە وەرێزمان لە تەعلیماتەكەی گرتووە رێزمان لە پەیرەوەی ناوخۆ گرتووە، ئەگەر وای لێ بێ هەر كەسە و بە ئارەزووی خۆی بێ قسە بكا و ئەوی دیكەش دابنیشێ وا بێتە بەرچاو لە راگەیاندنەكانا لێرە ئەو پاڵەوانە و ئەوەی تر شتی پێ نییە ئەوە شتێكی چاك نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (لقمان) فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمە حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەموومان دەزانین شەهیدان شكۆی نیشتمان و كەس و كاریشیان خانەوادەكانیان گەورەترین سووتەمەنی و قوبانی دان و قۆناغە جیاجیاكانی نیشتمانی بە ئێستاشەوە، بۆیە كەس و كاری شەهیدان چاوەروانن حكومەتی خۆمان پاداشت و ئیمتیازاتی زیاتریان بۆ دەستەبەر بكات نەوەك بەزۆر زانینی ئەو ماف و ئیمتیازاتانەی كە پێشووتر لە چوارچێوەی رێنمایی و یاسا

بەرکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆیان دەستەبەر کراوە ئەگەر بەپێی جێبەجیکردنی ماددەی (٢)ی ئەم یاسایە بێت کەس و کاری شەهیدان بەشێکی زۆریان زەرەرمەند دەبن، ئەمەش دەبێت ئازادانی رۆحی نەمری شەهیدانمان لە بەهەشتی بەریندا، بۆیە من پێشنیاز دەکەم بە لابردنی بڕگەی سێیەم و چوارەم لە ماددەی دووەم کە تایبەتە بە شەهیدان و وە ئەوەی تریشیان تایبەتە بە زیندانیانی سیاسی کە زیندانیانی سیاسیش بە شەهیدانی زیندوو هەژمار دەکرێن وە بەتایبەت پاداشتێکی کاتیان پێدەدرێت کە لە حکومەتی فیدراڵی بیست و پێنج ساڵە، بەڵام لە هەرێمی خۆمان دە ساڵە وە پاداشتەکەش کەمە، بۆیە پێشنیاز دەکەم هەردوو بڕگە لابرێن وە پێشنیاز دەکەم وە بە پێویستی دەزانم پاکسازی لیستی شەهیدان بکرێ هەمووومان دەزانین ژمارەیێکی زۆر شەهید هەن شەهیدی فیعلی نین لە لیستی شەهیدان تۆمار کراون دەکرێ هەموو ئەوانە پێناسەی شەهیدان نایان گرێتەوە بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی شەهیدان هەموو ئەوانە لە لیستی شەهیدان دەردەهێنرێن وە مووچەیان بە رێژەیێک لە مووچەکانیان بۆ دیاری بکرێت لە چوارچێوەی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی نەك مووچەکانیان ببڕدرێت بگوازرێنەوە، لەم حاڵەتەدا بڕێکی زۆر داهات بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەرێتەوە، چونکە حکومەت کە ئەمان لە چوارچێوەی لیستی شەهیدان تۆمار کراوەن خەرجی خوێندن خەرجی چارەسەری وە هەروەها خەرجی پێدانی زەوی و کۆمەڵێك ماف و ئیمتیازاتی تریان پێدەدرێ ئەمانە ئەمانە هەموو بۆ حکومەت دەگەرێنەوە، ئەمەش لە چوارچێوەی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی رێك بخرێنەوە، هەروەها پشتیوانی لە کاك (سۆران) و کا (سعید) و (سلمە) خان، کاك (شاخەوان)، (شنۆ) خان و کاك (مسلم) دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، (کلستان)، فەرموو، پێتان چۆن ئێمە دەرفەتێك بدەین بە وەزیری شەهیدان بۆمان روونکاتەوە بزانین، ئایا شتێك هەیە بەناوی بڕین لەناو ئیمتیازاتی شەهیدان دواتر ئەو بەڕێزانەی قسەتان نەکردووە قسە بکەن پێتان باشە ئەوە؟ با تەواو بێت ئەوانە، (کلستان) خان فەرموون.

**بەڕێز گلوستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاورای ئەو هاورێیانەم بڕگەی سێیەم و چوارەمم پێباشە لابرێت، کاك (شاخەوان) کاك (لقمان)، (سلمی) خان، ( شنۆ) خان، کاك (علی) وە هەروەها پشتیوانی لەوە ئەکەم بڕگەی شەشەم لەگەڵ بڕگەی حەوتەم هەڵوەشانەوەکە لابرێت تەنها پاککردنەوەی ئەو لیستانە بێت وە بەردەوام بوونی ماف و ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی هەبێت بەتایبەتی کە ئێستا

چەند قائیمەیـك حـازر كـراوە لە چـاوەڕوانی ئەوەدان مـوودەی ئەوانەی كە ئێسـتا وەری ئەگـرن تەواو بێن ئەوان بخرێنە بری ئەوانی تر كەوا تەواو دەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، كاك (گۆران) فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ مافەكانی شەهید و ئەنفال لە ماددوە (٢) پشـتیوانی لە بەڕێـز كـاك (شـاخەوان)، كـاك (بهمـن) دەكەم وە هەروەها لە بڕگەی دووەم پشتیوانی لە بەڕێز كاك (سۆران) بـۆ ڕاگیراوانـی سیاسـی و وە هەروەها (د.شێركۆ) دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، (هەژان) خان فەرموو.

**بەڕێز هەژان حسن احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڤاڵانم دیارە پێشنیارەكانی منیان وت، من تەنها بەس پشتگیری لە (شنۆ) خـان، (سـلمە) خـان، كاك (سۆران)، كاك (شاخەوان)، كاك (لقمان)، دەكەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (د.ریبوار) فەرموو.

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وتەیێك هەیە ئەڵێت (ذوي الشهداء أعز الناس)، واتە كەس و كاری شـەهیدان عەزیزتـرین كەسـن، لەبەر ئەوەی عەزیز ترین كەسن، چونكە عەزیز ترین كەسیان لەدەست داوە لەم سـۆنگەیەوە مـن پرسیارێكم هەیە لە بەڕێز وەزیری شەهیدان موداخەلەیێكم هەیە لەسەر بـڕگەی (٥) لە مـاددە (٢) پرسیارەكەم ئەوەیە دایكە شەهیدێك لە دەڤەری بـارزان پەیوەنـدی پێـوە كـردم وتـی مـن وەكـو دایكە شەهید مووچەی شـەهیدانە وەردەگـرم، مینحەیێكیشـم هەبـوو لە كاروبـاری كـۆمەڵایەتی، بەڵام مینحەكە بڕاوە ئێستا من بەو مووچەیە ناتوانم نەوەكانی خۆم بەخێـو بـكەم، بـۆیە داوا لە بەڕێز وەزیری شەهیدان دەكەم روونكردنەوەیەكمان بداتێ كە ئایـا بـۆچی ئەو میـنحەیە بـڕاوە؟ سـەبارەت بە مـوداخەلەكەم پەیوەسـت بە بـڕگە دوو بـڕگە پێـنج مـاددەی (٢) هـاتووە كە دەڵـێ (حكومەت خەرجی خوێنـدن لە زانكـۆیە ئەهلییەكـان و حكومییەكـان لە ئەسـتۆ ئەگـرێ )، بەڵام نەهاتووە كە بلێ حكـومەت خەرجـی تەندروسـتی لە نەخۆشـهان ئەهلییەكـان و حكومیەكـان لە ئەستۆ ئەگرێ، ئەوە پێویستە دەستەواژەی نەخۆشخانە ئەهلییەكانیش ئیزافە بكرێت، بۆ ئەوەی روون بێت تەفسیری جیاواز هەڵنەگرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، (كلستان)، فەرموو.

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مە ڕێزەك مەزان بۆ خانەوادەی شەهیدا هەیە، بەس روونكردنەكا بچیك من هەیە لڤێرە، هەندەك كەس هەنە ل زیندانا گەلەك هاتینە ئەشكەنجەدان ئو ئافرەت هەیە لە زیندا زارۆك پەیدا بوونە هەر ئەڤە ناشایستەی، لەبەر هەندێ هاریكاریەكا باش بێتە كرن، لڤێرێ ئەز دەبێژم لبەر هەندێ هەندەك كەس هەبوونە كچ و كوڕێن هاتنە گرتن وشەهید كرن نووكە ژێ ناڤێ وان دگەل زیندانێن سیاسی ئێستا مووچە وەردگرن، مادەم دێ چاكسازی دێتە كردن دڤێت دیڤچوونەكا جدی بێتە كردن بۆ هەندێ ناڤێ وان كەسانا دەربینن ئو هاوركاریەكا باش بۆ ڤان بكەن، بۆ ئەوەی حەقی وانا بەرزەف نەبیتن ئە پشتگیری لە برادەرێ خوە كاك (عبدالسلام) دكەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (جەلال) فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر باسی كرێ خوێندن و باسی موعالەجەی كەس و كاری شەهیدان كرا، هەموومان دەزانین زیندانیانی سیاسی لە عائیلەێك كاك (سروان) باسی كرد یەك منداڵ شمولی دەكا، كەس بیری لەوە كردۆتەوە دەیان خێزان دەناسم كاتێك ئافرەتەكەی ئەنفال كرایە، ئافرەتەكە منداڵی لە زگی بووە ئەو كاتە ئەو منداڵ بووە، لەبەر هەر هۆیەك بێت ئەو كات نەیتوانیوە خوێندن تەواو بكات، زوڵمێكی گەورەیە ئەگەر ئێمە نەتوانین لێرە وەكو حكومەت لێرە وەزیرە بەڕێزەكان دانیشتینە لەگەر وەزیری شەهیدان، بە شەخصی قسەم كردووە لێرەیە لەگەڵ وەزیری پەروەردە قسەم كردووە دەكرێ حكومەت لە ڕێگەی ئەو دوو وەزارەتەوە، بەراستی ئەگەر زانكۆكان هی حكومەتە دەتوانێ كورسییەكیان بۆ دابین بكرێ، ئەهلییەكان كە لەسەر حیسابی ئەم وڵاتە لەسەر حیسابی خوێنی ئەم شەهیدانە بووینە ساحێبی ملیۆنان دۆلار لەسەریان فەرز كرێ هەرە یەك لەوانە لە باخچەی ساوایان تا دەگاتە زانكۆ، یەكێك لەو نەوەی ئەنفالانە یان نەوەی شەهیدەكان هەڵبگیرێ ببێتە ئەمرێكی رەسمی دەشكرێ بەخاوی، ئێمە هەموو كوڕی ئەو وڵاتەین ئەوان زۆر موستەفید بوونە، ئەوی تر سەبارەت بە زەوی ئەنفالكراوان كە كاك (عبدالسلام) باسی كرد پێنج ساڵە وەریان گرتووە كاك (عبدالسلام) باسی خزمەت گوزاری دەكات كاكە خزمەتگوزاریان ناوێت بەس بەناویان بكەن، هەتا ئێستا رەقەمە هەر كەس نازانێ عەردەكەشی لەكوێیە، یەعنی ئەوە وەفادارییە بەرامبەر خوێنی ئەنفالكراوان ئەو هەموو قوربانییەیان داوە ئێستا ئەو كارەیان بۆ نەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، (ڕۆژان) خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد كريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لەگەڵ ئەوەی باشتر وا بوو ناوی شەهید و ئەنفال لە پـرۆژەی چاكسـازیدا نەهێنـرێ، بەڵام هەموومان ئەزانین لیسـتی شـەهیدان و ئەنفـالكراوان پێویسـتی بەوەیە كە پێـداچوونەوەی تیـا بكـرێ و پاكسـازی بكـرێ، سـەبارەت بە بـڕگەی یەكەمـی مـاددەی (٢) باسـی ڕاگرتنـی كـۆكردنەوە دەكات لە نێوان هەردوو ماف و ئیمتیازاتەكانی یاسای ژمارە (٩) ساڵی (٢٠٠٧) و ژماری (١١) ساڵی (٢٠١١) وە ئیستسنایەكی تیاكراوە كە ئەوانەی كە زیاتر لە شەهیدێك یان ئەنفالێكیان هەیە ئەوانە ناگرێتەوە، بەڵام من داوای ڕوونكردنەوەیەك لە بەڕێز وەزیـری شـەهیدان دەكەم، ئەی سـەبارەت بەو زیندانی سیاسیانەی كە شـەهیدی دەرەجە یەكیـان هەیە و خۆشـیان زینـدانی سیاسـین ئایـا ئەمانەش دەگـرێتەوە؟ وە داواكـارم ئەوانەش بەدەر بكـرێن، چـونكە ئەوانـیش هەر وەكـو ئەوان كەسی دەرەجە یەكیان شەهید بووە، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم پەیوەندی نێوان فەرمانبەران و حكـومەت پەیوەنـدییەكی تەنـزیمییە، بەڵام شـەهیدان و ئەنفـالكراوان ئەمـانە گیـانی خۆیـان بەخشیوە وە سونبوولی ڕزگارین بۆ كوردستان گیانی خۆیان بەخشیوە لەپێنـاوی ئازادیـا وە ئەو بـڕە پـارەی كەس و كارەكانیـان وەری ئەگـرن ئەوا پاداشـتە نەك مـووچە، بـۆیە پێشـنیار دەكەم بڕگەی سێیەم لابرێت نـا بـێ شـەهیدان بەپێـی یاسـای خانەنشـینی بەركـار كەس و كارەكانیـان میراتگرەكانیان دەستنیشان بكرێن ئەگەر بكرێ بەپێی یاسای پێویستە بەپێی یاسای ژمـارە (٩)ی سـاڵی (٢٠٠٧) كە میراتگـری شـەهیدان دەستنیشـان بكـرێ، بـۆ ئەوەی هـیچ میراتگرێكـی دەرەجە یەكی شەهید بێبەش نەبێ، سەبارەت بە بڕگەی پێنج پشتیوانی لە قسەی كاك (د.ريبوار) دەكەم، سـەبارەت بە بـڕگەی چـوارەمیش داوا ئەكەم هەردوو ئەو بـڕگەیە بـڕگەی سـێیەم و چـوارەم لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، (شیرین) خان، فەرموو.

**بەڕێز شيرين امين عبدالعزيز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە كەس و كاری ئەنفال كراوان و شەهیدان شكۆی وڵاتـن و گەورەتـرین قوربانیـان لە پێنـاوی وڵات و نیشتیمان داوە، بە حوكمی ئەوەی یاسای تایبەت بە كەس و كاری ئەنفال هەیە كە یاسای ژمارە (٩) ی ساڵی (٢٠٠٧) ە، ئەكـرا هەر پرسـێك پەیوەسـت بە بـواری ئەنفـال ئەو پـرۆژە یاسـایە هەموار بكرایە نەك لە نێوەندی پرۆژەیەك یان پرۆژە یاسای چاكسازی كەس و كـاری ئەنفـال یـان پرۆسی ئەنفال هاوتا كرایە، لەو ڕوانگەش نـوێنەری (٢٠) ڕێكخـراوی بـواری ئەنفـال و شـەهیدان

هاتوونەتە پەرلەمان و نارەزایەتی خۆیان لەسەر ئەو ماددەیە دەربڕیووە، لە روانگەی پرۆژە یاساکە رەنگە ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری ئەنفا کراوان بەر تەسك بکرێتەوە، کەس و کاری شەهید و ئەنفال چاویان لە دەستی پەرلەمانی کوردستانە کەبالاترین دەسەڵاتی تەشریعیە بە خوێنی شەهیدان و ئەنفال کراوان دروست بووە، بۆیە تەمانا ئەکەین پەرلەمانی کوردستان ئەو حەقە بە خۆی نەدات دەست بۆ قوتی کەس و کاری شەهیدان ئەنفال کراوان ببرێ، بەداخەوە ئەلێم ئەگەر ئێستاش بەراورد بکرێ لە نێوان کەس و کاری ئەنفال و جاشێك چ لە روانگەی ماددی و مەعنەوی و پۆستەوە بە دەیان قات و زۆرترین ئیمتیاز لەو جاش و موستەشارانە دراوە، لەو روانگەوە پێشنیار ئەکەم ماددەی دووەم برگەی یەك و سێیەم وچوارەم لابرێ و بە پێی ئەو یاسایە واریسی ئەنفال یان میراتگرانی ئەنفال کە بریتیە لە ژن و مێرد و دایك و باوك و کچ و کور و خۆشك و برا بەهیچ شێوەیەك مووچە و مینحەی کەس و کاری ئەنفال نەبرێ، پشتگیری لە بەرێزان کاك عەلی و کاك شاخەوان و کاك سۆران و کاك لوقمان ئەکەم و شنۆ خانیش.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زانا.

**بەرێز زانا خالد سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ماددەی دووەم لە برگەی سێیەم و چوارەم نا روونیەك هەیە، تایبەت بە لێبرینی ئیمتیازاتی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و شەنفال و زیندانیانی سیاسی، بۆیە ئەگەر وابێ گومان لەودا نییە کەسمان لەگەڵ ئەو بابەتە نین، پێشمان وایە بابەتێکە ناکرێ جێگەی بکرێتەوە بە یاسا رێگە بدرێ ئیمتیازاتیان ببردرێ، ئەگەر وا نییە ئەبێ روون کردنەوە بدرێ لەو پەرلەمانە، بۆیە داوا لە بەرێز سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران ئەکەم بەو پێیەی بەرێزتان وتتان ئاگاداری وردەکاری ئامادە کردنی راپۆرتەکەیە، روون کردنەوەی پێویست لەسەر ئەو بابەتە پێشکەش بکات، تێبینی دووەمم، دیارە لە هەرێمی کوردستان کچ و کوری شەهید و ئەنفال لە زانکۆ ئەهلیەکان و قوتابخانەکان بری ئەو پارەیان بۆ سەرف ئەکرێ کە پێویستە بیدەن، لە پرسی چارەسەری تەندروستیش لە نەخۆشخانە گشتیەکان ئەو ئیشکالیەتە نییە، لە رێگەی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم رێنمایی بۆ ئەو مەبەستە دەرکراوە، ئەوەی گرفت هەیە نەخۆشخانە تایبەتەکانە، دایکە شەهید و باوکە شەهید یان کور و کچی دووچاری نەخۆشیەك ئەبێتەوە چارەسەری تەنیا لە نەخۆشخانە تایبەتەکان ئەبێ بە داخەوە بەشێکی زۆر ئەبینین لە میدیاکان کور و کچێکی شەهید دێتە سەر شاشەی تیڤی و ئیمکانیەتی نییە، گومانمان لە جدیەتی حکومەتی هەرێم نییە، دلسۆزی حکومەتی هەرێم، بۆیە واباشە لە برگەی پێنجەم لە ماددەی دووەم بابەتی نەخۆشخانە تایبەتەکان ئیزافە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەلا ناسر.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی دوو بڕگەی سێ هەڤاڵان باسیان کرد، بۆیە پێشنیار ئەکەم میراتگرانی شەهیدان و ئەنفال پێویستە بە پێی یاسای تایبەت بە ماف و ئیمتیازاتی کەسانی شەهیدان و ئەنفال کراوان ژمارە (٩) ی (٢٠٠٧) دیاری بکرێ، ناکرێ بخرێتە چوارچێوەی یاسای خانەنشینی، چونکە ئەو بڕە پارەی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال وەریئەگرن پاداشتە نەك مووشە، بۆیە داوا ئەکەم ئەو چاکسازیە لە خانەنشینی کەس و کاری شەهید ئەکرێ ئەو بڕە پارەیە بۆ کەس و کاری شەهیدان بە تایبەتی بۆ ئەو کەس و کارە نەخۆشانە سەرف بکرێ کە لە نەخۆشخانە تایبەتەکانە، پشتیوانی لە بڕگەی سێ و یەك و پشتیوانی ڕۆژان خان و کاك لوقمان و سەلما خان و برادەران، پشتیوانی لە قسەکانی کاك سۆران ئەکەم بۆ مەبەستی زیندانیانی سیاسین پێویستە لە ڕووی زیندانیانی سیاسی ژمارەیەکی زۆر تا ئێستا مووچە وەرناگرن، (٥) هەزار کەس مووچە وەرئەگرێ (١٨) هەزار کەس مووچە وەرناگرێ، ئەبێ و داوا ئەکەین لە وەزیری شەهیدان و ئەنفال ڕوون کردنەوە لەو بارەوە بدەن، بۆیە پێشتر بڕیار بوو زیندانی سیاسی مووچەیان بخرێتە سەر عێراق، تا ئێستا هیچ وەڵامێك نیە، کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال و زیندانی سیاسی موستەمیر پەیوەندی ئەکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هاورێ.

**بەڕێز هاورێ بنا محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی دوو بڕگەی یەکەم زیندانیانی سیاسی مینحەکەیان لە (٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢١) کە ئەمساڵ کۆتایی دێ، لە (٢٠١١ ) بۆ ماوەی (١٠) ساڵ ئەو مینحەیان بۆ دیاری کراوە، لە بەغدا هەم مووەدەی زیندانی سیاسی بۆ ئەو مینحەیە زیادە و هەم ئەو بوودجەی تەخسیس کراوە بۆ ئەوان زیاتر، لە مووچەیان مانگانە (٧٥٠) هەزارە لە هەرێمی کوردستان (٥٠٠) هەزار، لێرە (١٠) ساڵ لەوێ (٢٥) ساڵ، بۆیە پێشنیار ئەکەم بڕگەی سێ و بڕگەی چوار لادرێ بۆ ئەوەی زیندانیانی سیاسی بە شێوەی زیندوو لە قەڵەم بدرێن، نەبنە قوربانی ئەوپڕۆژە یاسایە، پرسیار لە وەزیر ئایا چارەنووسی ئەو (١٨) هەزار زیندانی سیاسیە چی لێ دێ ئەگەر ئەوانە کۆتایی هات کە هەموویان مامەڵەیان تەواو کردووە، تەنانەت هەویەشیان بۆ کراوە، پشتگیری لە کاك لوقمان و ڕۆژان خان و کاك سۆران و سەلما خان و کاك شاخەوان و شنۆ خان و کاك مسلیم و هەژان خان و شرین خان ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو شادیە خان نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٦٨) ی پەیڕەو و ماددەکانی دواتری ڕێککاری پرساندن دیاری کراوە، بۆیە پێشنیار ئەکەم زیاد لە جارێ ووشەی پرسیار ئەکەم لە وەزیری تایبەتمەند لێرە دووبارە کرایەوە، وەزیرە بەڕێزەکان هیچیان بە مەبەستی پرساندن لێرە نین، بۆ پێشکەش کردن و روون کردنەوە لێرەن، بۆیە پێشنیار ئەکەم لە پرۆتۆکۆل بسڕێتەوە یان بگۆردرێ بە داوا کردن و روون کردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك بەلێن.

**بەڕێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی دارایی لە پەرلەمان زۆر باسمان لەوە کرد لەو لەمپەرانەی لەبەردەم تێپەراندنی یاساکە دروست ئەبێ هەڵیان گرین، لەبەر ئەوە زۆر بە وردی ئەو برگە و ماددانەی پەیوەندە بە کەس و کاری شەهیدان تاوتوێ کرا لەگەڵ بەڕێز وەزیری شەهیدان، ئێمە ئەو تەوافوقەی لەسەر کەس و کاری شەهیدان هەبوو لەلای لیژنەی دارایی و ئەندامە بەڕێزەکانیش هەبوو، ئەمەوێ بلێم بۆ ئەوەی ئیشەکە تێکەڵ نەکەین لەو ماددە و برگانەی لەو یاسایە هاتووە، ئەوەی کەس و کاری ئەهیدان ئەیانەوێ ئەوەیە کەس و کاری شەهید شایستە داراییەکانیان پارێزراو بێ، حکومەتیش ئەو دڵنیاییەی دا بە لیژنەی دارایی، لە کۆتاییەکانی نووسینی راپۆرتەکە حکومەتی هەرێم مەسجێکی نارد کە چۆن پێمان باشە وادایبرێژین بۆ ئەوەی ئەو ترسە نەمێنێ، بۆیە پێشنیار ئەکەم برگەی سێیەم لە ماددەی دوو بەو شێوازە دابرێژرێ (مافی دارایی سەرجەم شەهیدان و ئەنفال کراوان پارێزراو ئەبێ، بەڵام لە کاتی مردنی سەرجەم میراتگران ئەوە ئەو مافە داراییە کۆتایی پێ دێ و ناگوازرێتەوە بۆ کەسانی دیکە) واتە نەوەکانی تر بە گوێرەی یاسای خانەنشینی بەرکار مامەڵەی لەگەل ئەکرێ جگە لە سوودمەندان بەپێی یاسای ژمارە (١٩) ی ساڵی (٢٠١٥) یاسای ماف و ئیمتیزات و جینۆساید لە هەرێمی کوردستان، خاڵی دووەم ئەوەی کاك سۆان باسی کرد پشتیوانی ئەکەم، بەشێ لەو زیندانیە سیاسیانەی کە ئێستا مینحەکە وەرئەگرن لە (٤-١١-٢٠٢٠) کۆتاییان پێ دێ، هێشتان بەرچاومان روون نییە، ئایا بە دەرچوونی ئەو یاسایە ئەوانەی کە هێشتان ماون نەك ئەو رەقەمەی تر باس ئەکرێ، ئەوانەی ئێستا ماون ئایا مینحەکانیان ئەبرێ یان نا؟ پشتیوانی لە کاك ڕێبوار ئەکەم بۆ زیاد کردنی نەخۆشخانەی تایبەت بۆ بڕگەی پێنجەمی ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هێرش.

**بەرێز هێرش حسن حمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی سێیەم لە دوای نەمانیان ئەو مافە داراییە ناگوازرێتەوە، پێشنیار ئەکەم لە دوای نەمانیان ئەو مافە داراییە کۆتایی پێ نەیەت، سەندوقێك دروست بکرێ بە ناوی ئەو شەهیدانەی میراتگرانیان لە ژیان ماون، لە هەر بەرێوەبەراتیەك بۆ ئەوەی لە پڕۆژەی خزمەتگوزاری خەرج بکرێ لە داهاتوو، سەبارەت بە بڕگەی پێنجەم لە دوای لە ئەستۆ گرتنی خەرجی چارەسەری تەندروستی و خوێندن بۆ کچ و هاوسەری شەهید کە هاوسەرگیری نەکردووە لەگەڵ کور و دایك و باوك، مەرجەکانی شایستە بوون لابرێ، لەبەر ئەوەی مەرجی شایستە بوون تەنیا ئەوەیە کەس و کاری شەهیدە، پێم وانییە پێویست بێ، پشتیوانی لە کاك عوسمان و کاك سۆران و کام ناصر و کاك لوقمان و سەلمان خان و شنۆ خان و هەموو ئەو هەڤاڵانەی تێبینیان هەبوو.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشنا خان.

**بەرێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تێبینیەی منیش لەسەر ماددەی دوو بڕگەی سێیەمە، هاورێیان بە جوانی باسیان کرد، بەڵام بۆ ڕەواندنەوەی و نیگەرانی لای کەسو کاری شەهید و زیندانیان و ئەنافال هەیە ئەکرێ بەو شێوە دابرێژرێتەوە (ماف و ئیمتیازات و مینحەی میراتگرانی قوربانیانی ئەنفال و شەهید و جینۆساید پارێزراو ئەبێ بۆ هەر یەك لە دایك و باوك و هاوسەر و کور و کچ و خوشك و برای قوربانی) دواتر ماددەی سێیەم.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ڕوپاك خان.

**بەرێز ڕوپاك احمد رحمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەهەمان شێوەی کاك عەلی داوای ڕوون کردنەوە لە وەزیری شەهیدان ئەکەم لەسەر ئالیەتی کاریان بۆ شەهیدی حەقیقی چۆن جیا ئەکرێتەوە؟ هاوکارانم باسیان لە زیندانی سیاسی کرد کە (١٨) هەزار زیندانی سیاسی ماوە، ئایا کە ئەو یاسای کۆتایی پێ دێ و ئەو (٥) هەزارەی سوودمەند بوون ئایا ئەو (١٨) هەزارە ئەخرێتە شوێنیان؟ پشتگیری لە قسەکانی شیرین خان ئەکەم بۆ ماددەی یەکەم بڕگەی یەکەم، پشتگیری لە قسەکانی ڕۆژان خان ئەکەم بۆ بڕگەی

سێیەم، بۆ برگەی شەشەم وشەی پاك كردنەوە بۆ بنەماڵەی شەهیدان لە ئاست ئەوان جوان نیە، هەڵوەشاندنەوە بەسە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو شایان خان.

**بەڕێز شایان كاكە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كران، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو شرین خان.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كرا، پشتگیری ڕۆژان خان و كاك سۆران و سەلما خان و شنۆ خان و كاك موسلیم و كاك لوقمان وشیرین خان و كاك هاوڕێ ئەكەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك كاروان.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئەوە نوقتەی نیزامیم هەیە لەسەر ماددەی (٥٤)ن لە برگەی سێیەم زۆر بە وازیحی هاتووە ئەندامان چۆن شێوازی ئاخاوتنیان چۆنە، هیوام وایە پابەند بن بە ماددەی (٥٤)، لەمەر بەشی دووەم لەو فەسڵە باس لە چوار شەریحەی زۆر گرنگ ئەكات، ئەو شەریحەیە وەكو شەهیدان كە شكۆی نیشتیمانی و زینندانیانی سیاسی كە قەڵایەكی خۆراگری و كەس و كاری ئەنفالیش شەهیدی زیندوون، بۆیە نەدەبوو ئەوە لە یاسای چاكسازی هەبوایە، ئەبوایە بە شێوازی تر بووایە كە چەند تەرحێكم لەسەر هەیە، هەموو ئەو برادەرانەی پێشنیاری ئەوەیان كرد برگەی یەكەم و دووەم و سێیەم لابرێ، پشتیوانیان ئەكەم، لە هەمان كات ئەوانەی كاك سۆران ئاماژەی پێ كرد كە خاڵێكی زۆر گرنگە، خەڵكی زۆرمان هەیە لە هەرێمی كوردستان تا ئێستا حیساب نەكراوە گیراوی سیاسی یان راگیراوی سیاسی بوون، پێشنیار ئەكەم لە بری برگەی سێیەم برگەی تر زیاد بكرێن هەژمار كردنی سالانی زیندانی كردن بۆ ئەو كەسانەی زێندانی سیاسی بوون و سوودمەند نین لە هیچ شتێكی دەوڵەت، داوا ئەكەم چەسپاندنی ئەو ماددە دەستوورییەی كە باس لە قەرەبوو كردنەوەی كەس كاری ئەنفال و شەهیدان ئەكات لە دەستووری عێراقی لەو یاسایە بچەسپێندرێ، بۆ ئەوەی بتوانن قەرەبووی ئەوە بكرێتەوە، لەو

خاڵەش باس لە پاکسازی لەلیستی شەهیدان بکرێ، پێم وایە ئەو تەعریفە مەعروفە، موناقەشەی زۆر هەڵناگرێ، هەرکەس پێناسەی شەهیدی نەبێ نەیگرێتەوە، ئەتوانین لای بدەین، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك رزگار.

**بەرێز رزگار محمد محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی باس لە میراتگرانی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی، ئەگەر ئەو برگانەی لە دوایە جێ بەجێ بکرێ، بە دڵنیاییەوە زۆربەی واریسی شەهید و زیندانیانی سیاسی و ئەنفال مووچەکانیان ئەبرێن، لەبەر ئەوەی ئێستا خەڵك هەیە مووچەی خوشك و برا و دایك و باوکی وەرئەگرێ، خۆی مینحەیە، خۆشی زیندانی سیاسیە، مووچەی کەس و کاری ئەنفال خوشك و برا و دیاك و باوك وەرئەگرێ، ئەگەر لێرە ئەوە بە مینحە حیساب بکرێ یەکیان وەرئەگرێ، یان خۆی یان خوێنی دایك و باوك و خوشك و برا، بۆیە لێرە پێشنیار ئەکەم ماددەی دوو ئەو برگانەی باسی لە میراتگیری شەهید و ئەنفال و زیندانی سیاسی ئەکات هەڵگیرێ، پشتگیری لە کاك شاخەوان و کاك لوقمان ئەکەم، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سوسن خان وەزیری شەهیدان، فەرموو کاك باپیر.

**بەرێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەشە گرنگە کە چوار توێژی گرنگە و مافیان لەسەرمان هەیە، ئەبێ بە هەستیارییەوە ئەو مادده و برگانەی پەیوەندە بەوان تەعامولیان لەگەڵ بکەین، دەربارەی ماددەی دووەم برگەی دووەم بەرچاو روون نییە، یەکخستنی ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوان و زیندانی کراو و گیراوی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەبەر رۆشنایی یاسای بەرکار، ئایا یەکخستنی مەبەستی ئیدارەی هەولێر و سلێمانی کە هەبووە ئەو یەکخستنەیە؟ یان یەکخستن و هاوتا کردنیەتی لەگەل بەغدا؟ یان هەموویان بە یەك شێوە بێ پلە یان پلەکان رێکئەخرێتەوە، ئەو یەکخستنە زۆر روون نییە، دەربارەی برگەی سێیەم و چوارەم قسە کرا، برگەی پێنجەم باس لەوە ئەکات بۆ خەرجی و چارەسەری تەندروستی، ئێمە ناوی وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردە بێنین کە بیگرێتە ئەستۆ، لەبەر ئەوەی کور و کچی ئەنفال و زیندانی سیاسی هەیە کە پارەیان نادرێ، زۆرجار هەیە کاتی تاقی کردنەوە کێشەیان بۆ دروست ئەبێ، بۆ ئەوەی ئەو خەرجیەش نەکەوێتە سەر حکومەت زانکۆی حکومی لە ئەستۆی بگرێت و بێ قەید وەرگیرێن بەپێی ئەو بوارەی لێ دەرچوون، مەسەلەی هاوسەرگیری کە ئەڵێ هاوسەرگیری نەکردۆتەوە، کە هاوسەرگیری ئەکات بێگومان گرێبەستی هاوسەرگیری ئەکات، راستەوخۆ

میراتگـر نـامێنێ، بـۆیە ئەو ووشـەی لـێ لابـرێ، بـرگەی شەشـەم و حەوتەمـیش پـێم باشـە پێداچوونەوە هەڵوەشانەوە بێت لە جیاتی پاکردنەوە، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جەلال.

**بەرێز جلال محمد امین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیـارە ئەبینـین لە نەتـیجەی پەرۆشـی سـەرجەم فراکسـیۆنەکان و ئەنـدامان بـۆ کەس و کـاری سەربەرزی شەهیدان، بەو پێیەی ئێمەش بەشێکین لە ئازار و کێشەکانی ئەوانین، ئەکید بیر لەوە ئەکەیـنەوە هەسـت ئەکەیـن لە مـاددەی دوو بـرگەی سـێیەم نـاروونییەك هەیە و پێمـان وایە ئەگەرچی بەرێز وەزیری شەهیدان وەڵام ئەداتەوە، بەڵام نـاروونییەك هەیە ئەبێـتە هـۆی ئەوەی بەجۆرێك دڵی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال زویر بکات، بۆیە پێم باشـە لە بـرگەی سـێیەم لە ماددەی دوو پارێزگاری لە ماف و ئیمتیازاتی میراتگرانـی کەس و کـاری شـەهیدان و قوربانیـانی ئەنفال و جینۆساید ئەکرێ، بـۆ هەر یەکە لە هاوسـەر و کـچ و کـور و خوشـك و بـرا ئەوە ئیـزافە بکرێتە سەرین پشتگیری قسەکانی کاك عەلی و کـاك هـاورێ و کـاك عبدالسـلام دۆڵەمەری و کـاك زانا و ئاشنا خان و شنۆ خان و رۆژان خان ئەکەم، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بژار.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل سەر ماددا ئێك و دوو بەحس هاتە کرن کو یاسایەکی ل عێراقێ نەمایە و کـاری پـێ نـاکرێ، لە هەرێمی کار پێ کریە، ئەز دیفاع لە حکومەتێ هەرێمێ نـاکەم کـو کـار پـێ کرنـا یاسـایە عێراقـی بێـتن، گومـان نـیە جـیهەت و ئـالیەت و قـانوونی و قەرارە تەشـریعی و قەرارا پەرلەمـانێ کوردستانێ و دەستوورێ عێراقیش لە پەرلەمانی کوردستانێشە جهێ پەسـند کـردن و دەرکردنـا یاسایان، هەر وسا ئینفازا قانونێت ئیتیحادین بەس ئەگەر قانوونەك ل عێراقێ ئیلغا بیـت ئەم ل ڤێرێ نابیت کار پێ بکەین ئەڤە قیودێـت قـانوونی نیـیە، نمـوونە ل برگـا دووێ دانیشـتنا ئەڤـرۆ قانوونا تایبەت بە ماددێت هۆشبەر، ئەڤ قانوونا ژمارە (٦٨) ی ساڵای (١٩٦٥) ە، بەری دووساڵە ل عێراقێ کاری پێ ناکرێ و یاسایەکا نوێ دەرکـری، تـا نـوکە پەرلەمـانی کوردسـتانێ ئەڤ یاسـایە پەسـند کـری، چ قیودێـت قـانوونی نیـنە ئەگەر قانوونەکـا عێراقـی ل بەغـدا کـو قانوونەکـا دی دەرکەت لازمە ل ڤێرێ بهێتە گۆرین، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سوسن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ئەوەی لیژنەی تایبەتمەندین لە سەر ماددەی دووەم زۆرترین نیگەرانی لای پەرلەمانتاران و ڕێکخراوەکانی تایبەت بەو مەسەلەیە، تەنانەت هاتوونە لیژنەی ئێمەش و زۆر قەلەق بوونە، ئێمە وەکو لیژنەی شەهیدان چەندین جار لەگەڵیان و لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان دانیشتووین و خۆشمان وەکو لیژنەی شەهیدان تەقەبوولی ئەوە ناکەین ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و زیندانیانی سیاسی کەم بکرێتەوە، بەڵام ئەم چاکسازیە زۆر پێویستە، لە ئێستا (١٨) هەزار زیندانی سیاسی چاوەڕێی وەرگرتنی مینحەی خۆیانن، زیندانی سیاسی هەیە هاتووە ئەڵێ زیندانی سیاسی حەقیقم تا ئێستا ئەو مینحەیەم پێ ڕەوا نەبووە، بەڵام زیندانی سیاسی ناحەقیقی بەبەرچاوی من ئەو مینحەیە وەرئەگرێ، بۆیە ئەبێ پشتیوانی ئەوە بین پێداچوونەوە بە لیستی زیندانیانی سیاسی و لیستی شەهیدان بکرێ، ئێمەش قبوڵ ناکەین مافیان کەم بکرێتەوە، هەندێکیان پرسیاریان ئاراستە کرد، پێم باشە وەڵام بدەمەوە...........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر وەزیر وەڵام بداتەوە، ئەگەر ئاراستەی لیژنەی کراوە.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

.......... ئێمەش وەکو لیژنەی شەهیدان پێمان باشە وەزارەتی پەیوەندیدار روون کردنەوەی پێویست بدات، چونکە ئێمەش کەس و کاری شەهیدین، زۆربەی ئەوانەش لە لیژنەی شەهیدین کەس و کاری شەهیدن، ئێمەش تەقەبولی ئەوە ناکەین مافیان کەم بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەڕێز وەزیری شەهیدان.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد/ وەزیری شەهیدان و ئەنفال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا ئەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بەو حوکمی ئەوەی قسە زۆر کرا، دەرفەت بە روون کردنەوە و هەم پرسیاریان کرد لە دەرەوەی پرۆتۆکۆڵە، بە تەسەوری من ئەگەر جواب وەرنەگرن ڕەنگە بەرچاو روونی نەبێ، سوپاسی پەرلەمانتاران ئەکەم کە بە جۆشەوە ئەکسەریەتیان خەڵکی شۆرش گێر و خاوەن شەهید و کەس و کاری زیندانیانی سیاسی و لە قۆناغی رزگاری ڕۆلی بەرچاویان هەبووە، پەیەکانی هەم تەشریعی و قەزائی و تەنفیزی بە خوێنی شەهیدان و زیندانی سیاسی و بەری ڕەنجی خەباتی گەلی کوردستانە، ئەو دلسۆزی بەڕێزتان حەقی خۆیەتی لەسەر مەسەلەیەکی حەساسی وا رابوەستن و روون بێ لاتان، چونکە کەس و کاری شەهید و زیندانی سیاسی هەرچیان بۆ بکرێ حەقی خۆیانە، بەرکەوتەی کیمیایی، نایشارمەوە لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران خودی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و

ستافی نوێی حكومەتی هەرێمی كوردسان جەختی كردۆتەوە لە خزمەتكردنی كەس و كاری شەهید و زیندانیانی سیاسی، بەڵام ئەوەی راست بێ بۆ ئێوە بە هۆی قەیرانی دارایی لە هەرێم ئەو رەوشەی سیاسیەی لە كابینیە پێشوو هاتە پێش، بارگرانی گەورە بۆ سەر كابینەی رابردوو دروست بوو، وەزارەتی شەهیدانیش پشكی گەورەی بەركەوت بە تایبەتی ئەو بەشانەی لەقۆناغی خەباتی رزگاری نیشتیمانی خەباتیان كردووە حەق و مافین پێ نەدراوە، زۆربەی پەرلەمانتارانیش ئاماژەیان پێ كرد كە راستیشە، بەڵام شتێكی تر هەیە كە گرفت هەیە یان نییە؟ زوربەی پەرلەمانتارە بەرێزەكان ئاماژەیان پێ كرد، بەڵێ هەیە، ئەبێ دەرچەیەك بدۆزینەوە بۆ ئەوەی راست و ناراست لێك جیا بكەینەوە، كاتی خۆی بە یاسا ئەوە رێكخراوە، هیچ شتێی نیە لە وەزارەتی شەهیدان لە دەرەوەی یاسا كرابێ، بە یاسا كراوە، بەڵام ئەبێ جارێكی تر واقیعی كوردستان خۆتان ئەزانن چۆن بوو، ئەبێ ئەو عەمەلیە بە وردی و لەسەر خۆیی و دوور لە وەی قەناعەتمان پێ هەیە كاری لەسەر ئەكەین، لێرەوە پێش ئەوەی بچمە ناو پرۆژەكە دڵنیایی ئەدەمە كەس و كاری شەهیدان و زیندانی سیاسی نە لە پرۆژەكە نە لە هیچ شوێنێكیش باسی بڕینی نە مینحە كراوە نە مووچە كراوە، تەنیا تەنزیم كردنە، دادپەروەریە، ئەوەش هەموومان كۆكین لەسەر ئەوە تەنیزم بكرێ، ئەو پرۆسیارانەی كردیان لە دەرەوەی، یەكەم بەركەوتووی چەكی كیمیایی پرسیاریان كرد، لیژنەیەكمان داناوە بەركەوتەی چەكی كیمیایی بۆ بەرچاو روونی بەرێزتان نزیكی (٨٠٠) كەس مینحەیان هەیە، (٨) هەزار كەسیش ئێستا مەلەفیان لای ئێمە، داوا ئەكەن ئێمە پێداچوونەوە بكەین و ئیشیان بۆ بكەین، حەقیقەتی ئەو هەرێمە ئەزانین و ئەبێ بایی ئەوە خەمخۆر بین و ئەوەی حەقە حەقی بدرێتێ و ئەوەی حەقی نیە پێی بلێین شمولی ناكات، لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی لیژنەیەكمان دروست كردووە بە كەسانی پسپۆر و خەبیر لە بواری تەشخیس كردن و دیاری كردنی بەركەوتەی چەكی كیمیایی و خۆشبەختانە ئەنجومەنی وەزیران فەرمانی دەركردووە و لیژنەكەشمان دیاری كردووە لەلایەن هەردوولاوە، هەم ئەچینەوە بەو (٨٠٠) كەسە، هەم بەدواداچوون ئەكەین بۆ ئەو (٨) هەزارە، یەهنی بۆی هەیە ئەگەر یەك كەسیش لەو (٨) هەزارە حەقی خۆی بێ حەقی مافی خۆیەتی، سولفەی خانووی خۆكرد، راستە، بەهۆی قەیرانی داراییەوە راوەستاوە، نیوەی وەریگرتووە و نیوەی ماوە، نیوەشی قەرزاربای شیش فرۆش و دوكاندارە، بە هۆی قەیرانی داراییەوە بوو، سولفەی زەواجیش بەهەمان شێوە، زیندانی سیاسی، بەپێی ئەو یاسایەی لە پەرلەمانەوە دەیرچووە بە ژمارە (١١)ی (٢٠١١) مامەڵە لەگەڵ زیندانی سیاسی ئەكەین، (٥) هەزار قسور مینحەی هەیە، بە سەراحەت بە ئێوەش رائەگەیەنم مینەحەكە كۆتایی پێ هاتووە لە (١-٧-٢٠١٩)، لە (٢٠٢٠) یش ئەوانیش كۆتاییان پێ دێ، حكومەتی هەرێم و پەرلەمانمان هەیە، یاسای خۆشمان هەیە، وەزارەتەكان مامەڵە لەگەڵ ئەو یاسایانە ئەكەن كە لە پەرلەمانەوە دەرئەچن و یان تەبەنی یاسا كارپێكراوەكان ئەكەن كە لە ناوەندەوە دێت، (١٨) هەزارەكەش نایشارمەوە هەیانە (٦، ٤، ٥،

٣) ساڵە هەویەی بۆ کراوە و پشتراست کراوەتەوە، کراوە بە زیندانی سیاسی، تا ئێستا نە خزمەتگوزاری بۆ کور و کچی ئەکرێ، نە خۆشی مینحەی هەیە، جا ئەوە گرفتێکی زۆرە، بۆیە لەو یاسای چاکسازییە ئەو بەندو و خاڵانەمان هێناوە بۆ ئەوەی دەست کراوە بین، ئەوەی بەپێی یاساکە کۆتایی هاتووە تەواو، ئەوەشی حەقی خۆیەتی لەو (١٨) هەزارە حەقی خۆی پێ بدرێ، مەسەلەی عێراق و هەرێمی کوردستان لە راستی دا وەفدی پێش و وەزارەتی شەهیدان و ستافی ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەی زۆر کراوە، دوو کابینە بەدواداچوون و چەندین کۆبوونەوە کراوە لەگەڵ حکومەتی عێراقی، ئەوەی تا ئێستا روونە جگە لە حکومەتی هەرێم و وەزارەتی دارایی و وەزارەتی شەهیدان هیچ هاوکارییەك بۆ کەس و کاری شەهید و زیندانی سیاسی و مینحەکان لە لایەن حکومەتی عێراقیەوە بۆ ئێمە نەهاتووە، لە ئاخیر وەڵامیش هەفتەیەك دوای ئەوەی مـن بووم بە وەزیر جوابێکی دوور لە پرۆتۆکۆلیش و ناشیرینی دراوەتەوە، لاتان روون بێ جگە لە بودجە هیچ هاوکاریەك بۆ وەزارەتی شەهیدان تا ئێستا نەیناردووە، لە داهاتووش نایێرێ، تۆماری زۆری نوێمان لایە هەرچەند بەپێی یاسا موخالیفین، بەڵام بە حوکمی ئەوەی تازە بووم و بە حوکمی قەیرانی داراییش تا ئێستاش تەقریبەن (١٠ بۆ ١٢) هەزار تۆماری نوێی شەهید ئێستا لە وەزارەتی شەهیدانە، ئەوە خۆی قسە هەڵئەگرێ، لە ئێستا نە شەر هەیە نەکێشە، بەدەر لە شەهیدانی شەری داعش کە بەرێز وەزیری پێشمەرگە حزووری هەیە کە مەلەفیان هەر لە سەر وەزارەتی پێشمەرگەیە، وەکو خۆی مووچەیان سەرف ئەکرێ وەکو پێشوو، تەحویلی ئێمە نەبووە، بەدەر لەوە (١٠، ١٢) هەزار مەلەف هەیە لای ئێمە تۆماریان بکەین، ئەگەر لیژنەیەکی تازە دروست نەکرێ و پێداچوونەوە نەکرێ ئەو حکومەتە ناتوانێ بچێتە ژێر بارگرانی ئەو فایلەوە، خۆ ئەگەر شەهید بێ حەق بێ حەقی خۆیەتی، بەڵام پێداچوونەوەی ئەوێ و ئەبێ کۆك بین بۆ ئەوەی دادپەروەری بێتە ئاراوە، مەسەلەی نەخۆشی بەراستی حکومەتی هەرێم درێخی نەکردووە، لە خزمەتگوزاری خوێندن، کور و کچی زیندانی سیاسی، بۆ نەخۆشخانە حکومیەکان، لە کابینەکانی پێشوو بە هۆی قەیرانی دارایی ئێستا حکومەتی هەرێم مانگانە برێك پارەی زۆر ئەداتە وەزارەتی شەهیدان، ئێمە تەحویلی بەرێوەبەرایەتیەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆکی ئەکەین و قەرزەکانی (٢٠١٤، ٢٠١٥، ٢٠١٦) ئەداتەوە هی نەخۆش و کەس و کاری شەهید و زیندانی سیاسی، بەدەر لەوە ئێستا نەخۆشخانە حکومیەکان بە پشتگیری و پشتیوانی بەرێوەبەرایەتیەکانی وەزارەتی شەهیدان کارئاسانی ئەکەن و بەبەلاش چارەسەری کەس و کاری شەهید ئەکەن، ئەوەی لە توانا هەبێ، بەڵام بۆ مەسەلەی ئەهلی ئەزانن پارەیەکی زۆری ئەوێ، تەسەور ئەکەم حکومیەکانیش دکتۆری زۆر باشی لێیە، خزمەتگوزاری باشی لێیە، رەچاوی کەس وکاری شەهید و ئەنفالیش ئەکەن، ئەکرێ لە داهاتوو ئەگەر باری دارایی هەرێم باش بوو بخرێتە بەرنامەوە، زەوی، وتوومە دوای ئەوەی وەزارەتی شەهیدان دەست بەکار بوو دەست بەجێ هەرچی مەلەفی شەهید و زیندانی سیاسی

هەیە دەرم کردووە لە خانوویان و زەویان و ئەوەی زەوی تۆمار نەکراوە و ئەوەی خانووی تۆمار نەکراوە لەگەڵ وەزیری داد و وەزیری شارەوانی و بەرنامەمان داناوە و سوپاسیان ئەکەم زوو هاتن بە دەنگی پێشنیاری ئێمەوە و ئێستا چۆتە بواری جێ بەجێ کردن، خانوو تاپۆ ئەکەن، هەر زەویەکیش کێشەی بۆ هاتبێتە پێش لیژنەی بۆ دانراوە، هەندێ موشکیلە هەیە لە ئیفرازی زەوی پەیوەندیدارە بەوەزارەتی زراعەوە، ئەبێ سرینەوەی بۆ بکرێ، وەختی ئەوێ، خوێندن، خوێندنی ئێمە لە هەرێمی کوردستان پشتگیری کردووە، وەزارەتی شەهیدان و سوپاسی خوێندنی باڵاش ئەکەین رێژەیەکی دیاری کردووە بۆ کەس و کاری شەهید بەدەر لە رێنمایی کە لە ناوخۆیان کێبرکێ ئەکەنن ئێمە بۆ خوێندنی دەرەوە حکومەتی هەرێم تا ئێستا نەیتوانیوە و بارگرانی دارایی دروست ئەکات، ئەکرێ ئەگەر قەیران نەما، ئەچمە سەر ئەسلی پرۆژەکە.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزتان بۆ هەر ماددەیەك دوو دەقەتان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی پرسیاریان زۆر کردووە دەرفەتی زیاترت ئەدەینێ.

**بەرێز عبدالله محمود محمد/ وەزیری شەهیدان و ئەنفال:**

......... ماددەی دووەم لە هەموو برگەکان پرسیاریان کردووە، ماددەی یەکەم ئەڵێ راگرتنی کۆکردنەوە لە نێوان هەردوو یاساکە، هەم یاسای زیندانی سیاسی و هەم یاسای شەهیدان، یەعنی راگرتنی کۆکردنەوەی هەردوو ئیمتیاز لە نێوان هەردوو یاساکە بەدەر لە کەس و کاری شەهید، ماددەی دووەم برگەی دووەم کاك باپیر بە وردی قسەی لەسەر کرد، ئێمە تەسنیفی شەهیدمان هەیە، لە عێراق وا نیە، لە (٢٥٠) هەزاریەوە تەسنیف کراوە تا (٦) ملیۆن، داواشم کردووە لە هەردوو لیژنەی دارایی و لیژنەی شەهیدان پشتیوانیمان بکەن بەپێی ئەو خەملاندنەی ئێستا ناتوانین بێین، چونکە دوای ئەو چاکسازیە ئەبێ وەزارەتی دارایی هەڵسەنگاندن بکات بۆ خۆی و حکومەتی هەرێم بەگشتی و وەزارەتی شەهیدان پێکەوە ئەو جیاوازیە نەهێلین، خۆم لەگەڵ ئەوەم ئەو جیاوازیە نەمێنێ، لە (٢٥٠) هەزار بۆ (٦) ملیۆنی تێدایە، ئەم جیاوازیە، شەهید هەر شەهیدە، لە هەر ئاستێك بێ فەرقی نیە، پلە و مەسئولیات بمێنێتەوە، بەڵام مینحە سابیت بکرێ لەو پەرلەمانە یان ئەنجومەنی وەزیران بە بریار سابیتی بکات شەهید لە هەرێم شەهیدانەی ئەوەندەیە بێ فەرق و جیاوازی، بەڵام دەرفەتێکمان ئەوێ دوای ئەوە برگەی شەش و حەوت کە پاکتاوی هەردوو زیندانی سیاسی و هەم شەهیدانە، چونکە ئەگەر ئەوە نەکەین ناتوانین وەك پێویست کارەکان بکەین، برگەی سێیەم ئەڵێ لەکاتی مردنی برینی مافی دارایی، مافی دارایی تەعیناتە، یان تەواو کردنی خوێندنە، لە ئێستا دڵنیایی ئەدەم باسی برینی نە شەهیدان و نە مینحە و هیچی تێدا نیە، ئەوەی وتراوە لێك تێنەگەیشتن هەیە، ئەو یاسایە بۆ ئێستا بەدواوەیە، دوای ئەوەی هەر گۆرانکاریەك هات بەسەر واریسی شەهید لە یاسای خانەنشینی بەرکار مامەڵەی لەگەڵ ئەکرێ، نەئیستایە، سوپاس بۆ خوا ئێمە

پێشبینی بکەین هەمووی ئەمرێ، هەڵسانگاندنەکە بە خراپ تەفسیر کراوە، ئەم یاسایە باسی بڕین و سرینەوە کەس و کاری شەهیدی تێدا نییە، لە ئێستا بە دواوە لە دوای ئەو یاسایە هەر گۆرانکاریەك هات بەپێی یاسای خانەنشینی بەرکار مامەڵەی لەگەڵ ئەکرێ، یاسای خانەنشینی بەرکاریش ئەتوانن سەیر بکەن ئەو دەق و بەشانەی پەیوەندی هەیە بە بەشەکەی خۆمان وازیحە، ئەوەی وتراوە رەتی ئەکەینەوە، باسی بڕین نەکراوە، هیچ کەسێ حەقی نابرێ، بەڵام بۆ واریس لە دوای ئەو یاسایە هەر گۆرانکاریەك بکرێ بەسەر واریسی شەهیدان ئیشی پێ ئەکرێ، یەعنی دوای یاساکەش نییە، بۆ گۆرانکارییە لە واریسەکە لە دوای ئەوە ئەویش بەپێی یاسای خانەنشینی بەرکار شمول ئەکات هەر شمولی بکاتەوە، ئەگوازرێتەوە بۆ یەکی تر، بەڵام ئەویش مەرجی خۆی هەیە، یاسای خانەنشینی بەرکار وازیحە........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

با بەڕێز وەزیر قسەکانی بکات، ئەگەر روون نەبوو درەفەتی تر ئەدەین، بۆ ئەوەی زیاتر روون بێ.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد/ وەزیری شەهیدان و ئەنفال:**

..... برگەی چوارەم، برگەی سێیەم ئەم ماددەیەش بەسەر میراتگرانی زیندانی سیاسیش، زیندانی سیاسی ئەوەی مینحەی نیە پاکتاو کراوە و لیژنەمان دروست کردووە و حەقی خۆی وەرئەگرێ و بەپێی یاسا ئەو حەقەی هەیە ئەیدرێتێ، خزمەتگوزاریەکانیش بەردەوام ئەبێ، بەڵام بە پێی یاسا پرسیار کرا بۆ دوو منالی تێدا نیە، بەپێی یاسا زیندانی سیاسی یان خۆی یان یەکێ لە منالەکانی، ناتوانین لە دەرەوەی یاسا مامەڵەی لەگەڵ بکەین، خاڵی پێنجەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکان گرفتمان هەیە لەسەر خزمەتگوزاری، لە هەندێ شوێن خزمەتگوزاری وەکو خۆی ناڕوا، کەس و کاری شەهیدان گلەیی ئەکەن کە کەس و کاری شەهیدان لە هەندێ لە نەخۆشخانەکان کار ئاسانیان بۆ ناکرێ، ئەکید ئەکەینەوە لە خزمەتگوزارییەکان ئەو وەزارەتانە کۆ ئەبینەوە و رێنمایی تازە دەرئەکەین لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆی کوردستان بگونجێ و خزمەتگوزاری باشتر و کار ئاسانی باشتر چ خوێندن و چ نەخۆشی و چ ئەوانەی پەیوەندی بەو وەزارەتانەوە هەیە کە ناویان هاتووە، خزمەتگوزاری باشتر و بەردەوام بوونیان، مەسەلەی ماددەی شەشەم هەڵوەشاندنەوە، ئەگەر هەڵینەوەشێنیتەوە نا ئاساییە، پاکی نەکەیتەوە نائاساییە چۆن هەڵیبوەشێنیتەوە؟ ئەگەر ئێمە پاکی نەکینەوە ناتوانین هەڵیوەشێنینەوە، بە حوکمی ئەوەی کاتی خۆی نەمویست وەزیری شەهیدان لە ناو ئەو مەلەفە بێ خۆمان ئامادەی بکەین، وەزارەتی شەهیدان و خۆشم وەزیرم بریاری لێ بدەم رەنگە لە رووی دادپەروەریەوە قسە بێتە سەر ئەو مەسەلەیە، پێشنیارمان کرد لەگەڵ لیژنەی موختەس هەم لیژنەی دارایی و شەهیدانیش پێشنیاری ئێمە بەو شیوە بوو، ئەندامێکی ئەنجومەنی وەزیران، ئەندامێکی لیژنەی دارایی، ئەندامێکی وەزارەتی شەهیدان، ئەندامێکی وەزارەتی پێشمەرگە، سەرۆکایەتی دادوەرێك، بەچاودێری دارایی گشتی و پەرلەمانی کوردستان، دواجار بریارەکە وەزیری

شـەهیدان بیـدات، ئەوە ئیختیساسـیە، ئەو هەمـوو مەلەف و فـایلە وەزیـری شـەهیدان نـاکرێ بەسەرئەو فایلە بچێـتەوە، دواجـار تەحـویلی منـیش بـکەن هەرئەبـێ لیـژنەیەك دابنـێم، چـونکە هەندێکی ئیختیساسیە، هەندێکی قانوونییە، ئینجا بەربڵاون، مەلەفی زۆری زینـدانی سیاسـی و شەهید لە هەرێمی کوردستانە، ئەگەر لیژنەیەکی موختەس نەبێ دواجار وەزارەتـی شـەهیدان و وەزیری شەهیدان بریاری لێ نەدات کۆتـایی نـایەن، بـۆیە وەزیـری شـەهیدانم لەنـاو ئەو مەلەفە دەرکرد خۆمان ئامادەی بکەین و ئیمزاشی لەسـەر بکەیـن هەر لە رووی دادپەروەریەوە قسـەمان بێتە سەر، جا بۆیە زیندانی سیاسیش بەهەمان شێوەیە، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

وەزیـرە بەرێزەکـان و کـاك دکتـۆر ئامـانج، پرسـیاری پەرلەمانتـاران ئەوەیە کە باسـی راگرتنـی کۆکردنەوە ئەکات لە نێوان ئیمتیازاتی کەس و کـاری شـەهیدان و زینـدانی سیاسـی، بـۆ نمـوونە وەکو چی؟

**بەرێز عبداللە محمود محمد/ وەزیری شەهیدان و ئەنفال:**

دوو مینحەن لە نێوانی زیندانی سیاسی و شەهیدان یەکیان هەڵئەبژێرێ، زیندانی سیاسی بەدەر لە کەس و کاری شەهید.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس و کاری شەهیدی پلەیەکی شایستە زیاتر لە یەك شەهیدیان هەیە.

**بەرێز عبداللە محمود محمد/ وەزیری شەهیدان و ئەنفال:**

بۆ نموونە زیندانی سیاسی ئیعدام کراوە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی میراتگیری شەهید.

**بەرێز عبداللە محمود محمد/ وەزیری شەهیدان و ئەنفال:**

زیندانی سیاسی کە ئیعدام کراوە، زیاتر ئەوە ئەگرێتەوە، ئەلێ لە نێـوانی هەردوو یاسـاکە ژمـارە (٩) ی ساڵی (٢٠١١) یەك ئیمتیاز وەرئەگـرێ، بەدەر لە کەسـوکاری شـەهید لە یەك شـەهید زیـاتر، ئیتـر شـەهید بەدەرە لەوە، بەس بۆ زیندانی سیاسی.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

روون کردنەوەتان هەیە کاك دکتۆر ئامانج.

**بەرێز عبداللە محمود محمد/ وەزیری شەهیدان و ئەنفال:**

یەك تیبینی تر ماوە، بۆ بەرچـاو روونـی، ئەوەی میـنحەی خـۆی وەرئەگـرێ لەدوای تەواو بـوونی مینحە ئیختیاری یەکیان هەڵئەبژێرێ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەلی نوقتەی نیزامی.

**بەرێز عەلی حمە صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر بە روونی ئەو تەوزیحە گرنگە، وترا بۆ نموونە دایك واریسی شەهیدە، ئەمرێت و منالْ ئەمێنێتەوە، منالْ وەرئەگرێ یان نا واریسی مێردەکەیەتی، بە روونی بیڵێ، ئایا ئەو واریسە تا لە ژیان بن ئەم مووچەیان ئەمێنێ بە خوشك و براشەوە، زۆر بە روونی بیلێ، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر وەڵامێك هەیە، ئەزانم برسیاری ئەوانی تریش هەمان شتە، فەرموو کاك دکتۆر.

**بەرێز د.ئامانج رحیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بەشە بەشی سێیەم زۆر حەساسە، هاوڕاتانم کە ناوی شەهید و کیمیاباران و تاقانەی جینۆسایدو زیندانی سیاسی دێ بەراستی لە ئاستی ئەبێ بە وریایی سەیر بکرێ، پێش ئەوەی باس لەوە بکەم بەراستی ئەو بابەتە ئەکرێ بە دوو بەش، یەکیان بریتیە لە بابەتی ئیستیحقاق و شایستەی کەس و کاری شەهید و ئەنفال و جینۆساید و کیمیا باران، هیچ کەس بەپێی ئەو مەشروعە قانوونە یەك دینار کەم ناکاتەوە، واریسی شەهیدێك لە بەغدا (١٢٠٠٠٠٠) وەرئەگرێ، لای ئێمە ٠٥٠٠) هەزار وەرئەگرێ، زیندانی سیاسی لە بەغدا (٧٥٠) هەزار وەرئەگرێ لای ئێمە بەپێی گیراوی سیاسی و سالانی زۆر کەمتر وەرئەگرێ، لەوێ (٢٥) ساڵە لێرە (١٠) ساڵە، ئەبێ حکومەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران، ئەو پرۆژە یاسایە راستە تیمی من و کاك دکتۆر ئومێد، بەڵام هەر وەزیرێکی بەرێز بەرپرسە لە چاپتەرەکەی خۆی، ئەوە بابەتێکە تایبەتمەندی ئیشی برای بەرێزمان کاك عبدالله یە کە وەزیری کاروباری شەهیدانە زۆر بە ووردی لەسەر بابەتەکان قسەی کرد، من بەرپرسی کابینەی پێشوو دۆسیەی هاوتایی کردنی شایستەی دارایی کەس و کاری شەهید و ئەنفال و زیندانی سیاسی بووین لەگەل بەغدا، ئەگەر بە بیرتان بێ لە خولی پێشووتری ئەنجومەنی وەزیران بریاری نیابی دەرچوو ژمارە (٦) ی سالی (٢٠١٨)، بە دەست خۆشی لە ئەو برا بەرێزانە لە فراکسیۆنی کوردستانی بە یەك دەنگ توانیان ئەو بڕیارە دەربکەن، ئەڵێ چی، هاوتا کردنی شایستەی دارایی زیندانی سیاسی و کەس و کاری شەهیدانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا، لە (٢٠٠٥) ەوە تا (٢٠٢٠) شایستەی دارایی زیندانی سیاسی و کەسوکاری شەهیدانی بەغدایان ئەخستە ناو جەدوەلی نوقاتی سیادی، واتە هەرێمی کوردستان لە (٢٠٠٥) ەوە لە (١٧%) ەی راتبی شەهیدی عێراقی داوە، راتبی زیندانی سیاسی داوە، ئەمساڵ لەگەڵ ئەو تیمە بەرێزەی لە بەغدا بووین توانیمان موستەنەدەن، ماددەی (١٣٢) ی دەستوور زۆر وازیحە وەکو کاك دکتۆر شێرکۆ زۆر جوان باسی کرد، کاك سۆران و کاك لوقمان و شنۆ خان باسیان کرد لە دەستوور هاتووە حکومەتی ئیتیحادی بەرپرسە لە ریعایەت کردنی کەس و کاری شەهیدان و زیندانی سیاسی، ئێمە بەم مەبدەئە دەستووریە تونیمان موناقەشە بکەین، بەڵام ئەمساڵ بۆ

یەکەمجار لە (٢٠٢٠) هەستان تەخسیساتی زیندانی سیاسی و شەهیدانیان لە ناو جەدوەلی سیادی دەرهێنا، بە ئێمەیان وت ئەمساڵ مادام ئێوە ئەو قەرارە نیابیەتان هەیە بەداخەوە لە ناو جەدوەلی سیادی دەریانهێنا، بۆیە هەم رەئی شەخسی خۆم و بەڕێز وەزیر و کابینەکە هەمووی لەگەڵ ئەوە بووە نابێ دینارێك لە موستەحەقات و شایستەی دارایی شەهیدان و زیندانی سیاسی کەم بکرێتەوە، لێرەشەوە دڵنیایی ئەدەمە کەس و کاری شەهید و زیندانی سیاسی هیچیان لێ کەم ناکرێتەوە، بەڵکو کار ئەکەین لەسەر ئەساسی ئەو مەبدەئی مساوەتەی لە دەستوور هاتووە بتوانین شایستەی دارایی زیندانی سیاسی و شەهیدان هاوتای بەغدا بکرێ، چونکە شەهید لە عێراق هەمان شەهیدەلە هەرێم، بەڵام شەهیدی شایستەیە، هەمووەمام کۆکین خەڵکێکی زۆر ناوەکانیان خزێندراوەتە ناو خشتەی کەس و کاری شایستەی شەهیدان و ئەبێ و ئەبێ رێکبخرێتەوە، بەشی دووەم قانوونێك هەیە حیمایەی حەقی شەهید ئەکات ژمارە (٩) ی ساڵی (٢٠٠٧)، هی زیندانی سیاسی ژمارە (١١) ی ساڵی (٢٠١١)، بەو دوو قانوونە حیمایەی شایستەی دارایی زیندانی سیاسی و کەس و کاری شەهید ئەکرێ، شەهیدێك ئەمرۆ شەهید بێ واریسەکانی لەسەر ئەساسی قانوونی (٢٠٠٧) ئەبێ نەك تەقاعودی، ئەم قانوونە هەڵنەوەشاوەتەوە، مەسەلەی واریس هەر بە قانوونی (٢٠٠٧) دەستنیشان ئەکرێ کە وەکو سەیری بکەی باس لەوە کراوە بگۆردرێ؟ نەخێر، ئەوەی باس کراوە و وەزارەتی شەهیدان هیناویەتیە کۆبوونەوەی ئەنجوومەتی وەزیران ئەوەیە کە واریسی وارس، لێرە زۆر تایبەتە، تا ئێرەی باسم کرد روونە، کە دێتە سەر واریسی وارس ئەو پرسیارەی کاك عەلی کردی کەسێ دایکی وەفات ئەکات، منداڵەکە واریسە، چی ئەبری؟ حەقی ئەمێنێ، ئینجا لە یاسای (٢٠٠٧) یش مەرجەکانی دەستنیشان کراوە، بەڵام رەئی شەخسی خۆم ئەوەیە بۆ ئەوەی ئەو گومان و رارابییە نەمێنێ، ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان پێی باش بێ لیژنەکەی حکومەت کە وەزیر دەست نیشانی ئەکات و کاك بەلێن باسی کرد ئەخیر جار ئەوەم وت ئەوە مەبدەئەکانە بۆخۆتان لە پەرلەمان، ئەگەر نا روونی هەیە دەسەڵاتان هەبێ ئیعادەی سیاغەی بکەنەوە، دواتر سەرۆکی لیژنەی مالی و سەرۆکی لیژنەی شەهیدان لەگەڵ حکومەت دابنیشین، بۆ ئەوەی ئەو وزوحیەتەی هەیە لە ناو سیاغەکەی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاروان نوقتەی نیزام.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٦) برگەی دووەم، پێم وایە تەناقوزی زۆر هەیە لەگەڵ ئەوەی بەڕێز وەزیری شەهیدان ئەیڵێ و ئەوەی لە ماددەی دووەم برگەی یەکەم هاتووە، ئەگەر بەو شێوەیە بێ کاك دکتۆر ئامانج باسی کرد ئەوەی لە یاساکە هاتووە زۆر جیاوازن، خاڵی دووەم، موناقەشەیەکی

باتڵمان کرد لەسەر ئەو ماددەیە، بۆیە ئەگەر بەڕێز وەزیر مەبەستی لەو دەربرینە بوو کە هەیبوو ئەو ماددەیە ئەوە نالێ و پێویستی بە سیاغە کردنەوە هەیە، هاورام لەگەڵ دکتۆر ئامانج، ئەگەر ئەوە نییە ماددەکە زۆر ئالۆزە و دووەمیش برگەی سێیەم دووبارە روون نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕێزم بۆ روون کردنەوەی دکتۆر ئامانج، ئەزانین گرنگ بوون، بەڵام بیر ئەخەمەوە وانەزانی بەسەرمان تێپەریووە، ئەوەی کردت پێچەوانەی پەیڕەو بوو، دووجار پێچەوانەی ماددەی (٥٣)ی پەیڕەوە، کەسێ کە ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران ئەتوانن فەرمانبەرانی وەزارەتەکانیان بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمان بنێرن بە مەبەستی راوێژ بێ ئەوەی مافی قسە کردنیان هەبێ، لەبەر ئەوەش سەرەتا قسەم نەکرد، چونکە ئەمزانی روون کردنەوەکانی پێویستن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆمان ئەو ئیحتیاتەم کرد، ئێمە لە پەرلەمان دەنگمان پێ نەداوە وەکو وەزیر، بەڵام بیرمە لە خولی پێشووش دەرفەتمان دا قسە بکات، لەبەر ئەوەی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانە، قسەکەت تەواوە، فەرموو دکتۆر ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبەر احمد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو ئەوانەی لێرەن بە دەعوەتی پەرلەمانی کوردستان هاتوونە، ڕێز لە پەیڕەوی ناوخۆش ئەگرین، لەسەر داوای خودی پەرلەمان بووە قسە بکرێ، ئێمە ڕێزمان هەیە بۆ ئەو پەیڕەوە، بەڵام پرسیارێکم هەیە رەنگە لە پرۆتۆکۆل جائیز نەبێ، بەڵام ئەم پرۆژەیە هی ئێوەیە کە ئێوە ئێستا دەیخەنە دەنگدان، راپۆرتی هاوبەشە، دەقی ئەو شتەی هەیە هاتۆتە خوار، پێشنیاری ئێوە چییە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە؟ ئەوە پرسیاری جەوهەریە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر هەر پەیوەندی بەو بابەتە هەیە تێگەیشتین شتێکە و ئەوەی خۆشمان تێگەیشتبووین شتێکی ترە، بۆ زیاتر روون کردنەوە ئەتوانین سوود لە یەکتر ببینین، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزانە میوانن لە پەرلەمان، هەڵبەت ئەندامن لە کابینەی ویزاری و نوێنەری حکومەتی هەرێمن، پێویستە راو سەرنجیان، رای حکومەت بێ، نەك رای شەخسی بێن یەك، دوو جار کاك دکتۆر ئامانج وتی بە رای شەخسی خۆم، ئەوە پرۆتۆکۆلی نییە، پێویستە رای حکومەت بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك رزگار.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوا لە بەڕێز وەزیری شەهیدان ئەكەم بەرچاو روونی زیاتر بدات لەسەر ئەوەی ئایا كەسێ واریسی شەهیدە، بەڵام خۆشی زیندانی سیاسیە، خۆی مووچەی هەیە وەكو زیندانی سیاسی، مووچەی شەهیدیش وەرئەگرێ، یان خوشكێك زیندانی سیاسیە مووچەی برا شەهیدەكەی وەرئەگرێ، هاوسەرگیریشی كردووە، ئایا مووچەی ئەبرێ یان ئەمێنێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەی تەواو، فەرمووو لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر قسەتان هەیە.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەسەر ماددەی دوو برگەی سێ مولاحەزەم هەیە، ئەوەی بەڕێز وەزیر باسی كردن بڕگەی سێ ئەلێ میراتگیری شەهید باوك و دایك و كچ و كوری شەهید، لە دوای تەمەنی (١٨) ساڵ، ئەوە مەتاتیە، لە دوای (١٨) ساڵی كچ و كوری شەهید مووچەكەیان ئەبڕێ، ئەوەی بەڕێزتان باستان كرد كاك دكتۆر ئامانج باسی كرد، پێویستە سیاغەیەكی باش یان هەڵگرتنی ماددەكە ئێستا زیاد لە (١٥) ئەندامی پەرلەمان پێشنیاری هەڵگرتنی برگەكەیان كردووە، ئەگەر برگەی سێ ئەوەندە گومانی لەسەرە بۆ هەڵیناگرن، بۆ لانابرێ؟ ئەگەر لەمەسلەحەتی كەس و كاری شەهیدە لابرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەڕۆینە سەر ماددەی سێ، فەرمووو بەڕێز وەزیر.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد/ وەزیری شەهیدان و ئەنفال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو وەزارەتی شەهیدان لەگەڵ پڕۆژەكەی حكومەتی هەرێمی كوردستانین كە هاتووە بۆ پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك ئومێد نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوای لێبوردن دەكەم، نوقتەی نیزامی نییە، فراكسیۆنی پارتی هەم پرسیاریان ئاراستەی وەزیر كرد و بەڕێزانیش لە چوارچێوەی پەیرەو قسەیان كرد، ئێمە روون كردنەوەیەك ئەدەین وەكو

فراسکیۆنی پارتی، لەخولی رابردووش هەمیشە دکتۆر ئامانج یەکێ لە ئەندامە کاراکانی ناو ئەنجوومەنی وەزیران بووە لە لیژنە پەیوەندیدارەکان سوودمان لێ بینیوە، لە کۆبوونەوەی پەرلەمانیش سوودمان لێ بینیوە، تکایە بە جۆرێ وەرنەگیرێ کە ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی بە جۆرێك ئەو دەربڕینەی هەبووە، من نووسینێکیشم نووسیبوو، هەمیشە حەز ئەکەین وەکو فراکسیۆنی پارتی روون کردنەوەی هەبێ، چونکە یەکێکە بە ئاگایەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانە، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەلما خان.

**بەڕێز سەلمی فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله نوقتەی نیزامی نییە، هەر بۆ قسەکانی کاك ئومێد خۆشناو کە ئاراستەی بەڕێز دکتۆر ئامانج کردبوو، جوابی دایەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك ئاوات فەرموو.

**بەڕێز اوات شێخ جەناب/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێ ئێمە ئەو ماددەیەمان لە ئەنجومەنی وەزیران پاش موناقەشەیەکی زۆر تەسبیت کرد، لای ئێمە و ئەگەر لەلای جەنابتان زۆر وازح نەبێ، لای ئێمە زۆر وازح بوو، کە ئەوەی پەیوەندی بە کەس وکاری شەهیدان و ئەنفال و ئەوانەوە هەیە، دەرەجە یەکی هیچ نەوعە گۆڕانکارییەکی بەسەردا نائەهات، یانی ئەگەر باوکە، ئەگەر دایکە، ئەگەر خوشکە، ئەگەر برایە، ئەگەر کوڕە، ئەگەر کچە، ئەم قانوونە لەدوای زازاکانەوە دەست پێدەکات، دوای ئەوە دەچێتە سەر ماددەکەی تر، یانی لەبەر ئەوە تکایە هیچ هینێکی موعەقدی تێدا نییە، تەنها کە دەچێتە سەر قانونی تەقاعودی مەدەنی بابڵێم لەو وەختەوە دەچێ کە زازاکانی کوڕ دەست پێدەکات، بۆ ئەوەی لاتان وازح بێ لەهەموو ئەنجومەنی وەزیراندا بەهەموو ستافەکەی مەجلیسی وەزەرا، یەك کەس نەبووە لە غەیری دیفاع لە کەس وکاری شەهید و ئەنفال و سجنی سیاسی، زیاتر کەس نەبووە غەیری ئەوە شتێکی تر بکات، ئەوەش جانبێکی فەنی صرف صرفە، تکایە بە قەدەر خۆی و حەجمی خۆی هینی بەنێ، بۆ ئەوەی کەس وکاری شەهیدان هەموو دڵنیا بن هەموو حەق و حقوقیان وەکو جاران و باشتریش لە جاران، و مەحفوز دەبێ بەیاسا، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، با بچینە سەر ماددەیەکی تر، بەپێی نوقتەی نیزامی ئەبێ بڵێین بەپێی ماددەی ئەوەنە لە فڵان قانوون، یان ئاماژە بە ماددەی ئەوەنە لە پەیڕەوەی ناوخۆ، ئەگینا نایەڵم قسە بکەی، فەرموو کاك هاوڕێ.

**بەڕێز هاوڕێ بنا محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە قسەکانی من رد فعل نییە، هەموو ئەو وەزیرانەی لێرەن، لە کابینەی حکومەتی ئێمەن، و ئێمە لە فراکسیۆنێکین بەتایبەتی بەشداری حکومەتین، بەڵام بۆ ئەو پرۆژە یاسایە بەپێی پەیڕەوەی ناوخۆ بڵێی ئەو پرۆژانەی کە لەلایەن حکومەتەوە دێن، کە رەهەندی داراییان هەیە، لە پەیڕەوی ناوخۆ ئاماژەی پێدراوە، بەپێی ماددەی (٨١) کە پرۆژە یاسایەك لە پەرلەمانی کوردستان ئامادە بکرێت، ئەگەر رەهەندی دارایی هەبوو، ئەنێردرێت بۆ حکومەت، بەڵام بەڕێز کاك رێبەر وەزیری ناوخۆ ئاماژەی بەوەدا وتی ئەم پرۆژە یاسایە هی ئێوەیە، وەکو روونکردنەوەیەك، راستە ئەم پرۆژە یاسایە جێی شانازییە بۆ ئێمە، کە کۆمەڵە چاکسازیەکی تێدایە، بۆ بەرچاوو روونی بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی لەوە تێبگەن کە ئەم پرۆژەیە پرۆژەی حکومەتە، و ناردوویەتی بۆ پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مەبەستی کاك رێبەر ئەو راپۆرتەی کە ئێمە کردوومانە بە بنەما بۆ موناقەشە، هی لیژنە و بەشەکانی پەرلەمانی کوردستانە، کاك رزگار نوقتەی نیزامیە، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ئێمە لە ماددەی دووەمین، لەبەر ئەوەی ئەوەندە درێژەی خایاند، چونکە ئەمە پابەندی ئەم راپۆرتە هاوبەشە نین، هەروەك بەڕێز جەنابی وەزیری ناوخۆش ئیشارەی پێدا، ئەمە یەکلایی بۆتەوە، ئەگەر موناقەشەیەکیش هەبێت، دەبێتە دەوڵەمەند کردنی دەقی ئەو راپۆرتە هاوبەشە بێت و بنووسرێت و دوایی بخرێتە دەنگدان، ئەگەر بەم شێوازە بەردەوام بین بەراستی زۆر درێژە دەکێشێت و داوا لە بەڕێزتان دەکەم پابەندی دەقی راپۆرتی هاوبەش بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی سێ، فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

بەشی سێیەم

نەهێشتنی سوودمەند بوون لە جارێك زیاتر لە بودجەی گشتی

ماددەی (٣):

یەکەم:

١-هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو بەخشین و ئیمتیازاتە داراییانەی کە خەرج دەکرێن بۆ ئەو کەسانەی کە بەناوی سوودمەندی تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان خۆیان تۆمار کردووە بەدەر لە یاسا و رێنماییە کارپێکراوەکان، و

راستکردنەوەی ئەو سوودمەندییە بەپێی پێوەرەکانیسوودوەرگرتن لەو بەخشین و ئمتیازاتانە و لە ناویشیاندا رێژەی پەککەوتەیی بەپێی راپۆرتی لیژنەی پزیشکی راستێنراو.

٢-کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە کەسانی فەرمانبەر لە جیاتی ئەو بەخشینەی لە تەرانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی، دەرماڵەی (لەبری پەککەوتەیی)یان پێ دەدرێت بە رێژەیەك لە مووچەی بنەڕەتیان کە ئەو رێژەیە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەستینشان دەکرێت، بەرەچاوکردنی رێژەی پەککەوتن لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆرەوە.

دووەم: کار بە ئەو یاسا و بڕیار و پەیڕەو رێنماییانە ناکرێت کە رێگە دەدەن بە سوودمەندبوون لە وەرگرتنی زیاتر لە یەك مووچە و بەخشین و هەر ئیمتیازێکی دارایی تر لە بودجەی گشتی لەناو هەرێم و دەسەڵاتی فیدراڵی بۆ سەرجەم سوودمەندان لەبوارەکانی شارستانی، سەربازی، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، سوودمەندانی تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی و خانەنشینی بەهەموو جۆرەکانی جگە لە ئیمتیازاتە داراییەکانی میراتگرانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە رەچاوکرادنی حوکمەکانی یاسای خانەنشینی بەرکار.

سێیەم: سەرپشککردنی ئەو کەسانەی کە بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە کە بەپێی یاسا و رێنماییەکان سەرەڕای مووچە سوودمەندن لە وەرگرتنی مینحە و ئیمتیازاتی دارایی تر لە بودجەی گشتی لە ناو هەرێم و دەسەڵاتی ئیتحادی، کە دەبێت تەنها لەیەکێك لەو مووچە و مینحە و ئیمتیازاتانە سوودمەند بن.

چوارەم: لەکاتی گەرانەوەی فەرمانبەری خانەنشینکراو بۆ وەزیفە، سەرپشك دەکرێت لە وەرگرتنی مووچەی خانەنشینیەکەی یان مووچەی ئەو وەزیفەی کە پێی دامەزراوەتەوە، و لەهیچ کاتێکدا نابێت سوودمەند بێت لە دوو مووچە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بۆ ئەوەی وەکو بەشی دووەم برادەران کە هەندێك شت گومانی لێ هەیە وەکو پێشنیار بۆ بەڕێزتان ئەگەر وەزیرە مەعنییەکان روونکردنەوە لەسەر ئەوە بدەن، کە ئەمە چییە ئەم بابەتە دەقەکەی، ئینجا برادەران دەتوانن پرسیار ئاراستەی بەڕێزتان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارەتان پێ چۆنە؟ ئەوەی کە کاك هێڤیدار دەیڵێ؟ وەزیری تایبەتمەند یەکەم جار تەوزیحێك بدا و دواتر.

**بەڕێز رێبوار عبدالرحیم عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە پەیڕەوی نییە، ئەوەی لە پەیڕەودا هاتووە ئەوەیە ئەولەویەت بۆ ئێمەیە، ئێمە دەبێ موداخەلات بکەین، دوای ئەوە سەرنج و ڕای وەزیرە بەڕێزەکان وەربگرین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە یانی قەبوول نییە، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ لەسەر ماددەی (٣) قسە بکەن، بەڵێ ئەو ناوانە دەخوێنمەوە، هەر بەڕێزێك ناوەکەی تێدا نەبوو، ئێستا بڵێ ناوەکەمی تێدا نییە، (کاك علی، کاك پێشەوا، دکتۆر محی الدین، دکتۆر شێرکۆ، کاك سیپان، دکتۆر اسماعیل، بدریە خان، مژدە خان، هەڵز خان، سەرچنار خان، کاك مەم، کاك سۆران، کاك ابوبکر، کاك عبدالستار، شنۆ خان، کاك کاروان، کاك هاوڕێ، کاك بەڵێن، کاك دابان، دکتۆرکازم، رووپاك خان، شادی خان، رۆژان خان، کاك یاسین، کاك شوان، کاك زانا، دکتۆر ڕێبوار، کاك هیمداد، کاك رۆمیۆ، کاك کاوە، کاك مسلم، کاك سیروان)، ئیتر ئیزافە نییە دوای ئەوە، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە من تێبینیم لەسەری هەیە، خاڵی دووەم لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٣)، کاتێك باسی ئەوە دەکات دەڵێ (کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە کەسانی فەرمانبەر لە جیاتی ئەو بەخشینەی لە تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی دەرماڵەی لە (بڕی پەککەوتەیی)یان پێ دەدرێت بەرێژەیەك لە مووچەی بنەڕەتیان کە ئەو ڕێژەیە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەستنیشان دەکرێت بە رەچاو کردنی ڕێژەی پەککەوتن لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆریەوە، تۆزێك ناروونە، ئەمەوێ ئەوەمان بۆ روون بێتەوە، کەسێك کە کەمئەندامە، بەڵام فەرمانبەریشە، ڕێژەی کەمئەندامییەکەی لەسەر مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەریەتییەکەی بۆ دەستنیشان دەکرێت، کە لیژنەکە دیاریدەکات، یان لەپاڵ مووچەی فەرمانبەریەتییەکەی مینحەیەکی وەکو کەمئەندام پێی دەدرێت، ئەو مینحەیە لەسەر ئەساسی بنەڕەتی دەستنیشان دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی سێیەم نەهێشتنی سوودمەند بوون لە جارێك زیاتر لە بودجەی گشتی، دووبارە نەدەبوو کەمئەندامان لێرە جێگایان بۆ بکرێتەوە، بۆ خۆی لەئەساسدا مووچەکەیان ئەوەندە کەمە، کە ئەگەر بشبڕدرێت هیچ بۆ خەزینەی دەوڵەت ناگەڕێتەوە، بەڵام من چەند تێبینیەکم هەیە سەبارەت بەوەی کە ئەگەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، لە بڕگەی دووەم کاتێك دەڵێ کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە کەسانی فەرمانبەر لە جیاتی ئەو بەخشینەی لە تەرانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی، دەرماڵەی (لەبڕی پەککەوتەیی)یان پێ دەدرێت بە ڕێژەیەك لە مووچەی بنەڕەتیان کە ئەو ڕێژەیە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەستینشان دەکرێت، بەرەچاوکردنی ڕێژەی پەککەوتن لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕەوە. ئەم بڕگەیە ئەمەی بۆ زیاد بکرێت (

جگە لەو خاوەن پێداویستیانەی کە رێژەکەیان لەسەرووی سەدا حەفتایە)، چونکە ئەگەر کەسێك لە سەرووی ٧٠% بێت حەق نییە ببڕدرێت، و پێشنیاز دەکەم دوو بڕگەی تری بۆ زیاد بکرێت بەو شێوەیە (بڕگەیەك پێداچوونەوە و رێکخستنەوە لە لیستی کەمئەندامی و زیادکردنی ناوی ئەو کەسانەی بەهیچ یاسایەك سوودمەند نین لە راژەی گشتی)، ئێمە کەمئەندامێکی یەکجار زۆرمان هەیە لەهەرێمی کوردستان، تا ئێستا تۆمار نەکراوە، ئەگەر خەڵکانێك هەبن دوو مووچە وەربگرن و قەرار بێ کە ببڕدرێن، با ئەو خەڵکانە تۆمار بکەین کە تا ئێستا دەرفەتی سوودمەند بوونیان لە راژەی گشتی نەبووە، و پێشنیاز دەکەم کە حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت، کە ئەم یاسایە ئەو کەمئەندامانە نەگرێتەوە کە رێژەی کەمئەندامیان لەسەرووی ٧٠% یە، دووبارە ئەگەر کەسێك هەبێ دوو مووچەش وەربگرێت، بەڵام رێژەی کەمئەندامی لەسەرووی ٧٠% یە بێت، بەباشی دەزانم کە نەبڕدرێت، بۆئەوەی پێم وابێ شتی وا دووبارە بۆ خەزێنەی دەوڵەت ناگێرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەشی سێیەم نەهێشتنی سوودمەند بوون لە جارێك زیاتر لە بودجەی گشتی، لەناونیشانەکەی من تێبینیەکم هەیە، داوا دەکەم لە بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی و هەروەها ئەگەر پاڵپشتیش هەبێ، ئەوەی بۆ زیاد بکرێت لە بودجەی گشتی بە نایاسایی، چونکە ئەکرێت مەسەلەن ئەگەر کەسێك کورە شەهیدێك بێت، مووچەی شەهیدانەی باوکی وەربگرێت، بەڵام مامۆستاش بێت، یانی دەبێ هەردوو مووچەکە وەربگرێ، ئەبێتە دووجار، بەڵام لێرە نووسراوە زیاتر لە جارێك قبووڵکراو نییە، تەنها ئەو نایاساییە زیاد بکرێت، پێم وایە ئەوە حەلی ئەو مەوزوعە دەکات، ئەوی تریش لەمەسەلەی کەمئەندامان، یانی وازیحە لای هەموو خەڵك کە مووچەی کەمئەندامان مووچەیەکی زۆر کەمە، لەوانەیە کە کەمترین مووچەیان هەبێ لەناو هەموو پێکهاتەکانی دیکەی کۆمەڵگایە، بۆیە ئەوانەی بە نایاسایی مووچەی کەمئەندامی وەردەگرن و بەنایاساییش مووچەی کەمئەندامی وەردەگرن، ئەگەر پارەکە لەوان بڕدرا بخرێتە سەر ئەوانەی کە مووچەکەیان کەمە، بۆ ئەوەی بتوانن هیچ نەبێ کەمێك هەناسەیەك پێیاندا بێتەوە و بتوانن پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەیان دابین بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێویستی دەزانم ئەوەی ماددەی سێیەم پەیوەستە بە کەمئەندامان، زۆرترین مووچەی کەمئەندامان لە هەرێمی کوردستان (١٥٠) هەزار دینارە، بەراستی بەرەواژییە لەگەڵ یاسا و

ڕێنماییەکانی هەموو دنیا، لە ئەوروپا ئیمتیازی کەمئەندامێك لە مینحەی پەرلەمانتارێك زیاترە، یانی حەق وایە چاوی پێدا بخشێنرێتەوە، ئەگەر لە پلە باڵاکانیش شتێك کەمبکرێتەوە و بخرێتە سەر مووچەی کەمئەندامان، بەراستی جێگای خۆیەتی، لەبەر ئەوەی پلە باڵاکان مووچەیەکی زۆر وەردەگرن، کابرای کەمئەندام لەوانەیە تووشی دەرۆزە دەبێ، زۆرمان دەبینین لە بازاڕەکان بە گاگۆڵە دەڕواتن و دەرۆزە دەکات، لەبەر ئەوەی هیچ کارێکی پێ ناکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەئکید لەسەر کەمی مووچەی کەمئەندامان دەکەمەوە، ئەوەی برای بەڕێزم کاك شوان باسی کرد، بەڵام ئێمە تێبینیەکمان هەبوو، کاتی خۆی وەکو لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ، بەشی هەرە زۆری ئەوانەی کە پەیوەست بوون بە ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت، گلەییەکی زۆریان هەبوو لە لیژنە پزیشکیەکانەوە، باسی زیاتر لە لیژنەیەکیان دەکرد و باسی زیاتر لە ڕێژەیەکیان دەکرد، کەواتە دیارە زیاتر لە لیژنەیەك کە بۆ هەر لیژنەیەك ڕێژەیەکی تایبەت بەخۆی دانابوو بۆ ڕێژەی پەککەوتەیی، بۆیە داوا دەکەین کە لیژنەیەکی یەکگرتوو هەبێت و بەتەنها ئەو هەبێت، هەروەها ئەم لیژنەیە ڕێژەی پەککەوتەیی دیاری بکات، ئەمەش لە داهاتوودا ئێمە وا تێگەیشتووین کە دیارە لیژنەکانیش هەندێ جاریش بە مەزاجی کاری خۆیان کردووە، و لە خاڵی یەکەم لە کۆتایی خاڵی یەکەم دەڵێ لیژنەی پزیشکی راسپێردراوە و مەبەستی، بەڵام ووشەکە بە تەواوی نەهاتووە، و لە کۆتایی خاڵی دووەمی هەمان بڕگەی لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕ، ئینجا هەردووکیان یان بکرێن بە پسپۆڕ یان بە تایبەت، یان لیژنەی پزیشکی راسپێردراو، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، گولیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گولیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی سێیەم نەهێشتنی سوودمەندی لە جارێك زیاتر لە بودجەی گشتی، منیش هەمان بۆچوونی کاك شوانم هەیە، ڕێژەی کەمئەندامان کە ڕێژەکەیان زۆر کەمە و پێویستیان پێ هەیە، ئێمە زیاتر ئیهتیمامیان پێ دەدەین، پێویستیان بە موعالەجەت هەیە، پێویستیان بە پشکنین هەیە، هەروەها من لە ماددەی سێیەم بڕگەی چوارەم، لەکاتی گەڕانەوەی فەرمانبەرانی خانەنشینکراو بۆ وەزیفە، لێرەدا داوای ڕوونکردنەوەم دەوێ، ئایا چۆن ئەو کەسەی کە خانەنشینکراوە دیسان دەگەڕێتەوە وەزیفەکەی خۆی؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئیعادەی تەعیین خۆی ماددەیەكە لەناو قانوون، هەموو كەسێك ئەتوانێ بگەڕێتەوە، یانی ماددەیەكی قانونییە، سوپاس، كاك باڵانبو فەرموو.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەسەر ماددەی (٣) تێبینیم هەیە بڕگەی (٤)، لەكاتی گەڕانەوەی فەرمانبەری خانەنشینكراو بۆ وەزیفە، سەرپشك دەكرێت لە وەرگرتنی مووچەی خانەنشینیەكەی یان مووچەی ئەو وەزیفەی كە پێی دامەزراوەتەوە، و لەهیچ كاتێكدا نابێت سوودمەند بێت لە دوو مووچە. دیارە ئەمە لە رووی ئیداریەوە هەڵەیەكی گەورەی تێدایە، ئەگەر كەسێك مووچەی خانەنشینی وەربگرێت لە دام و دەزگایەكی حكومیدا ئیش بكات، چۆن ئەتوانرێ سزا بدرێ، لێپرسراوی ئەو دەزگایە چۆن دەتوانێ سزایەكی دارایی ئەو كابرایە بدات كە خانەنشینە و لەدەزگاكەی ئەویش دا كاردەكات، لەبەر ئەوە ئەمە لە رووی داراییەوە هەڵەیە، و من پێشنیار دەكەم ئەوەی بە مووچەی پلە باڵا خانەنشین دەكرێ، بەهیچ شێوەیەك ڕێگەی پێ نەدرێت لە كەرتی تایبەتیش ئیش بكات، لەبەر ئەوەی هەوڵ بدەین ئێمە هەلی كار بۆ خەڵك بدۆزینەوە، نەك هەلی كار قۆرخ بكەین كە هەزارەها خەڵك لە بوارەكاندا، خاوەنی شەهادەی بەرز بەرزە، ئەوانە بڕۆن ئەو جێگایانە پڕ بكەنەوە، هەروەها ئەو كەسانەش بگرێتەوە كە لە كەرتە تایبەتەكاندا و لە پلە باڵاكان خانەنشین بوون و لە كەرتە تایبەتەكاندا ئیش دەكەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك یاسین فەرموو، لێرە نییە، كاك موسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی قسەكانم لەسەر ماددەی (٣) بڕگەی (١)، هەڵوەشاندنەوەو راستكردنەوەی سوودمەندی بەدەر لە یاسا و ڕێنماییەكان، ئەمە چەندین ساڵە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران هەیە، بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام ناحەقی دەرحەق بە سوودمەندانی چاودێری كۆمەڵایەتی كرا، لەبەرز كردنەوەی ڕێژەی كەمئەندامی و لە بڕینی مووچەی تۆڕی كۆمەڵایەتی، بەراستی هەمیشە لە رابردوودا ئەم لیستی تۆماری پێداویستی تایبەت كە كێشەی دروست كردووە، خەڵكانێك هەبوونە كە لەو ڕێژەیەش زیاتر بوونە كە دیاریكراوە لەلایەن لیژنە تایبەتمەندەكەوە، بەڵام بەداخەوە ناویان نەخراوەتە ناو لیستی تۆمارەكە، بەپێی ڕێنمایی ئەو لیستی تۆمارە ڕێكبخرێتەوە، ئەوەشی كە شایستەن تا ئێستا داخل نەكراون، لەمەودوا سوودمەند بكرێن، لەو بەخشین و ئیمتیازاتانە هەرچەندە بڕی پارەكەشیان زۆر كەمە، پێویستە ئەو بڕگەیە نەبێتە هۆی بڕینی هاوكارییەكانیان و هاوكاری سوودمەندی تۆری خێزان، كە نزیكەی (٨٠) هەزار كەسە بۆیان صەرف بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) بڕگەی (١)، بەراستی ئەمە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٥) كە لە٥/٤/ ٢٠١٦ داویەتی، كە لەماوەی (٦٠) رۆژی كارا پێداچوونەوە بكرێ لە لیستی تۆماری سوودمەندانی تۆڕی كۆمەڵایەتی و كەمئەندامان، لە بڕگەی دووەمدا تۆماری نوێ و سوودمەندی نوێ داخل بكرێ، وەزارەتی دارایی لە (١٥) رۆژ ڕێنماییەكان دەربكات، یەكەمیان كە پێداچوونەوە بە سێ ساڵ كرا، كەمئەندامێك بەو دۆخەوە بیهێنە بۆ لیژنەی پزیشكی و بیبەرەوە، بەراستی موعاناتێكی گەورەیان چێشتووە، ئەوەی دووەمیان كە تۆماری سوودمەندی نوێ چوار ساڵە، نەكراوە و چوار ساڵە نەكراوە بڕیارەكەی ئەنجومەنی وەزیران، بۆیە بەراستی جێبەجێ كردنی ئەم یاسایە جارێ شتێكی زۆر قورسە، ئومێد دەكەم بكرێ، ئەمە یەك بڕگەیە لە ماددەیەك چوار ساڵە ئەمە نەكراوە، لەكاتێكدا كەمئەندام لە ٢٠١٧ و ٢٠١٨ شەست هەزار دیناری دراوەتێ مانگانە، لە ساڵی ٢٠١٩ كە ئێستا مووچەی مانگی چەند دەدرێ ئەوان مووچەی مانگی دووی ساڵی ٢٠١٩یان وەرگرتووە، مووچە نییە هاوكارییە، پێشنیار دەكەم هاوكاری چاودێری تۆڕی كۆمەڵایەتی كە هەشتا هەزار بێ باوك و بێ هاوسەرو راگیراو سزادراو و هەموو ئەوانەن كە لەكۆمەڵگە تووشی دەرۆزە بوون، چوار ساڵە پارەكەیان بڕاوە، تۆ ئێستا دێی ئیعادەی دەكەیتەوە و پێداچوونەوە دەكەیت و ناسوودمەند دەردەكەی تۆ، هەشتا هەزاریان هەر چوار ساڵە پارەیان نەدراوەتێ، بۆیە پێشنیار دەكەم هاوكارییەكانی چاودێری كۆمەڵایەتی تۆڕی خێزان دەست پێ بكاتەوە و هاوكاریەكەشیان لە (١٥٠) هەزارەوە بكرێتە بە (٢٠٠) هەزار دینار، كە بۆ هەر هەموویان (٢٠٠) هەزار ئینسانن، دە ملیار دینار زیاد دەكات، ئەگەر یەكی پەنجا هەزاریان بۆ زیاد بكەین، و ناكرێ ئێمە هەر خەریكی ئەوە بین پاكی كەرەوە و بیهێنەرەوە و لیژنەی بەسەردا بكەوەو، بەڵام هاوكارییەكەیان بڕدراوە، هەر بڕدراوە، ئێستا كە تۆ دێی سوودمەندی راستەقینەی لێ دەستێنیشان دەكەی، پشتیوانی كاك موسلم و كاك شوان زراری و كاك پێشەوا هەورامی دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددێ (٣) ئێكەم و دووەم هاڤكاتێ لگەل چەندی كو ئەڤرۆكە ژمارەكا ئەندام خوداپێدڤێ تایبەت لەبەردەم پەرلەمانێ كوردستانێ خرڤەبوون و چەند داواكاریت و هەم دڤێت لەناڤا ڤان خالا تایبەتیا خالا یەكێ و خالا دوویێدا، ئەوان داواكاری ئەڤرۆكە پێشكەشی مە

کردینه، ئەمانەت بین و جهێ وان بکەین و ڤێ وێ خالادا چونکی خودا پێدەڤی تایبەت وی پارەکی وان دێت تە دیانەوێ بەخشینەك و ڤان بێتە دان، نەشێن پێدەڤێ خوین رۆژەکی ژبو چارەسەریێ دابین بکەن، لەو را خالا یەکێ دوێ رەنگین بی وەکو دوماهیا بی رەنگی لسەر بێتە زێدەکرن، هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو بەخشین و ئیمتیازاتە داراییانەی کە خەرج دەکرێت بۆ ئەو کەسانەی کە بەناوی سوودمەندی تەرخانکراوەکان و چاودێری کۆمەڵایەتی و خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامەکان بۆیان تۆمار کردووە خۆیان تۆمار کردووە بەدەر لە یاسا و رێنماییە کارپێکراوەکان، و راستکردنەوەی ئەو سوودمەندییە بەپێی پێوەرەکانی سوودوەرگرتن لەو بەخشین و ئمتیازاتانە و لە ناویشیاندا رێژەی پەککەوتەیی بەپێی راپۆرتی لیژنەی پزیشکی راسپێنراو. بە مەرجێك لە (٣٠٠) هەزار دیناری عێراقی کەمتر نەبێت، کەواتە ئەوانەی فەرمانبەری حکومەت نین، ئەو بەخشینە پێیان ئەدرێ لە (٣٠٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت، خاڵی دووەم لە ماددەی (٣) یەکەم: کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە کەسانی فەرمانبەر لەجیاتی ئەو بەخشینەی لە تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی دەرماڵەی لە بڕی پەککەوتەیان پێ دەدرێت بەرێژەیەك لە مووچەی بنەڕەتییەکە و ئەو رێژەیە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەست نیشان دەکرێ، بەرەچاوکردنی رێژەی پەککەوتن لەلایەن پزیشکی پسپۆرەوە بەمەرجێك لە (١٥٠) هەزار دیناری عێراقی کەمتر نەبێت، کەواتە ئەوانەی فەرمانبەری حکومەتن ئەو رێژەی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دیاردەکرێت لە (١٥٠) هەزار کەمتر نەبێت، بۆ ئەوەی بتوانن ببێت بە بەشێك لەو پارەی کە بچێتە سەر خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، کە ئەوەش داواکاری فەرمی ئەوان بوو، بۆیە ویستم لەو شوێنە جێیان بکەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شادی خان فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وەهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەوڵ دەدەم تێبینیەکانم کورت بکەمەوە، سەرەتا پشتگیری کاك مسلم و کاك سۆران و کاك رومیۆ دەکەم، بۆ ئەو خاڵانەی کە باسیان کرد، و لەگەڵ کاك پێشەوا، لە ماددەی سێیەم، یەکەم لە خاڵی دووەمیدا لە بڕی پەککەوتەیی کە لە ئەنجومەنی وەزیران بۆیان دیاریکردووە، بەڵام ئێمە بەخێوکەری کەمئەندامیشمان هەیە، بۆیە من پێم باشە کاك سۆران وتەنی تەنیا بڕین و بڕین و پاککردنەوە و پاکسازی نەبێت، ئێمە دەرماڵەیەك زیاد بکەین بۆ بەخێوکەری پەککەوتە کە دایك و باوك و موزەف بن یاخود مووچەیەکیان هەبێ لە حکومەتەوە، بڕێك دەرماڵەیان هەبێت، لە موقابیلی ئەوەی کە مناڵەکەیان بەخێو دەکەن، و پەککەوتەیە لەماڵەوەو تاکو ئێستا بڕێکی زۆر زۆر، ئێمە لەو فۆرمانەمان هەیە کە خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان پڕیان کردۆتەوە و

موعامەلاتیان تەواو کردووە، بەڵام هیچ هاوکاریان پێ نەگەیشتووە، بۆیە من پێشنیاز دەکەم لە خاڵی دووەم فەقەرەیەك زیاد بکرێت (دابین کردنی دەرماڵە بەناوی بەخێوکەری پەککەوتە)، هەروەها لە خاڵی سێیەمدا ئەوەی کە کاك پێشەوا باسی لێوە کرد، ئەگەر کەسێك خۆی زیندانی سیاسی بووە و ئێستا مووچە خۆری حکومەتە، ئایا ئەو مووچەیە ناکرێت دەرماڵەیەك وەکو لە بڕی پەککەوتیەکە دەرماڵەیەك بەناونیشانی ............

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە چ پەیوەندی بەو ماددەوە هەیە.

**بەڕێز شادی نوزاد وەهاب:**

با، ئەگەر کەسێك موزەف بێت، پێشتر خۆی زیندانی سیاسی بێت و ئێستا دوو مووچەی هەبێت و یەکێکیان ئیختیار بکرێ و ببڕێ، ئەمە پەیوەندی بەو ماددەوە هەیە بەڕێزم، ئەکرێت ئەو بکرێتە دەرماڵە بڕەکەی کەمبکرێتەوە و بکرێتە سەر مووچەکەی خۆی، چونکە حەقی خۆیەتی ئەو کەسەی کە زیندانی سیاسی بووبێ یاخود تووشی ئەشکەنجە بووبێ، یاخود گیراو راگیراو بێ، حەقی خۆیەتی کە دەرماڵەیەکی بەو ناوەوە هەبێت و بچێتە سەر مووچەکەی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ تۆش، رۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکی دیارە پرۆژەی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستاندا، و لە ماددا سێدا چەند جارا ووشەی مینحە هاتۆتەوە، دام توشێ ڤێ گرفتێ نەبن دیسان وەکی کەلیمە بگۆرن هەر ئێستا پێشنیار دکەم وەصا بێ دارشتنێ ( سەرپشك کردنی ئەو کەسانەی کە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە کە بەپێی یاسا و رێنماییەکان و سەرەڕای مووچەی سوودمەندن لە وەرگرتنی بەخشین و ئیمتیازاتی دارایی تر لە بودجەی گشتی) لەلایەن هەرێم و دەسەڵاتی ئیتحادی کە دەبێت تەنها یەکێك لەو مووچە و بەخشین و ئیمتیازاتانە سوودمەند بن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك علی حمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی دووەم کە پەیوەندی بە کەمئەندامانەوە هەیە، لێڵیەك هەیە، غامزیەك هەیە، خۆزگە وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لێرە بوایە، رەبتی بەوە هەیە، ئایا هەمان بڕ

دەكرێتەوە بە دەرماڵە، چونكە مەجالێكی تێدایە، لەم سەد هەزارە بیستی دەكرێ، دەی دەكرێ، حەفتای دەكرێ، هەرچەندە وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتی لێرە نییە، ئێمە پرسیارەمان لێكردیە و وتویەتی هەمان بڕ، ئەوەی كە پەیوەندی بە زیندانی سیاسی هەیە كە فەرمانبەرە، بۆ نموونە كە زیندانێكی سیاسی مامۆستایە، موزەفە، ئەمە حەقی ئەو كاتەیتی كە زیندانی سیاسی بووە، و هەمووشی ساڵێكی ماوە، یانی بۆ ببڕێ، ئەمە وەكو شەهیدانەكە وایە، گریمان حەقی خۆیەتی، من پێم وایە ئەو ساڵەی تریش بەردەوام بێت، خاڵی چوارەم پێویستی بە روونكردنەوە و تەوزیحات و چاككردنیش هەیە، كە ئەڵێی لە كاتی گەرانەوەی فەرمانبەری خانەنشینكراو بۆ وەزیفە، لە قانون فەرمانبەری خانەنشین كراو ناتوانێ بگەڕێتەوە بۆ وەزیفەكەی خۆی، ئەگەر وایە ئێستا هەرچی پۆلیس و ئاسایشی هەیە، ئەگەر دەرفەت هەیە لە حكومەتی هەرێمی كوردستان رۆژانە هەزار پۆلیس و ئاسایش ئەڵێن با بگەرێینەوە بۆ سەر وەزیفە، من پێم وایە ئەوە مەبەستەكە لەوەیە ئەو پلە باڵایانەی كە ئەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ سەر وەزیفە لە نێوان دوو مووچەكە یەكێكیان هەڵبژێرن بەویستی خۆیان، بەڵام پرسیارەكە لێرە ئەوەیە ئەو سیستەمی ئیداری تێك نادات، بۆ نموونە یەكێك خانەنشینە بە پەرلەمانتاری ئەبێ بە مامۆستای زانكۆ، ئەگەر دەوامی نەكرد بە چی ئیجرائاتی لەگەڵ دەكەی؟ كە سیستەمی مووچەكەت لەدەستی بێ كوانێ، بەراستی دەبێ ئەم برگەش رێك بخرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم، برگەی دووەم، كەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە كەسانی فەرمانبەر لە جیاتی ئەو بەخشینەی لە تەرخانكراوەكانی چاودێری كۆمەڵایەتی، دەرماڵەی (لەبری پەككەوتەیی)یان پێ دەدرێت بە رێژەیەك لە مووچەی بنەڕەتیان، پێشووتر كە كەسێك فەرمانبەر بووبێت سەد هەزار دیناری بۆ براوەتەوە لە چوارچێوەی بابڵێین خاوەن پێداویستی تایبەت و كەمئەندامان كە لەو چوارچێوەی تۆمار كراوە، پێویستە هەمان بڕ، ئاماژە بەوە بكرێت كە هەمان بڕ بخرێتە سەر مووچەی بنەڕەتی، ئەوە یەك، خاڵی دووەم ئەوەیە هەموو ئەو پارانەی كە لە چوارچێوەی ئەو فەقەرەیە ئەگەڕێنەوە، كەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و كە توێژێكی هەرە هەژارن لە كۆمەڵگادا، و لە چوارچێوەی ئامانجەكانی ئەم یاسایە باس لە دادپەروەری دەكات، ئەگەر بە دروستی بمانەوێ دادپەروەری پیادە بكەین، ئەبێ لە پێشی پێشەوە مووچەی خاوەن پێداویستی تایبەت وئەو كەمئەندامانە با بڵێین زیاد بكرێت كە لە چوارچێوەی تۆڕی كۆمەڵایەتی و وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی تۆمار كراون، بۆیە من پێشنیاز دەكەم ئەو پارەیەی كە لە چوارچێوەی ئەم ماددەیە زیاد دەكرێت، مووچەی خاوەن پێداویستی و كەمئەندامانی پێ زیاد بكرێت كە هیچ سەرچاوەو بژێوی تریان نییە و بۆ ئەو مەبەستە

پشتیوانی له بۆچوونی کاك کاروان و کاك موسلم و کاك پێشەوا و کاك شوان و کاك سۆران و کاك سیپان و رۆژان خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە ماددەی (٣) کە باس دەکات یەکسەر دێتە سەر یەکەم و ئینجا یەك، من پێم وایە لە ئەصڵی پرۆژەکەی حکومەت کە هاتۆتە پەرلەمان، زۆر رێك بوو، یانی خاڵ بەخاڵ ئاماژەی پێدابوو، ئەمە کە دەڵێ یەکەم و یەك، ئینجا دوو دیسان دەچێتەوە سەر دووەم، ناروونیەك هەیە لەوەدا، بڕگەی یەکەم، یەکەم دەبێت تەعریفی بکەین و ئینجا بچینە سەر خاڵی یەك و دوو، یەکەم بەو شێوەیەی لێ بکرێ (رێکخستنەوەی سەرجەم بەخشین و ئیمتیازاتە داراییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان بەو شێوەیەی خوارەوە)، ئینجا بچینە سەر یەك و دوو، دوای یەك و دوو بڕگەیەك زیاد بکرێ بۆ ئەوەی زامنی مافی خاوەن پێداویستی تایبەت و مووچە خۆران یان ئەوانەی کە هاوکاری چاودێری خێزانیان وەردەگرن و کەمئەندامن، یان ئەو کەمئەندامە ئازیزانە کە فەرمانبەرن لەسەر میلاکی حکومەت، خاڵێك بۆبڕگەی سێیەم زیاد بکرێت بەم شێوەیە (ئەنجومەنی وەزیران بە پێی پەیڕەوێك کە دەریدەکات بۆ پێداچوونەوە و دیاری کردنی بڕی هاوکاری چاودێری خێزانی و خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان بەشێوەیەك کە لەگەڵ باری دارایی هەرێمی کوردستان بگونجێت و بەرەچاوکردنی بژێوی ژیانیان)، لەم بڕگەیەدا لەم خاڵەدا ئێمە دەتوانین زامنی مافی ئەو بەڕێزانە بکەین کە سەد هەزار دیناریان هەبووە لە بڕی پەککەوتەیی، ئەو کات ئێمە ناگەڕێینەوە سەر ماددەی پێنجەم لەوێدا وەکو دەرماڵەکانی تری مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان حکومەت بێت، دەرماڵە بۆ کەمئەندامان دابنرێت، رەنگە ئەو کاتی بەپێی رەچاوکردنی رێژەی پەککەوتەیی نەگاتەوە سەد هەزار دینار، بۆیە لێرەدا ئەم یاسایەش یاسایەك نابێت تەنها بۆ ئەم ساڵە، یاسایەك دەبێ بەردەوامی دەبێ، بۆیە ئەم دەسەڵاتە بیدەینەوە ئەنجومەنی وەزیران، واباشترە کە بەپێی پەیڕەوێك رێنماییەکان دەربکات، و گومانیشمان لە جدیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو کابینە نییە بۆ خزمەت کردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆرە گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز د. گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم، بڕگەی یەکەم، دووەم کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە کەسانی فەرمانبەر، لێرە دەڵی ئەو رێژەیەی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەستنیشان دەکرێت، ئایا

ئەو ڕێژەیە بەپێی بڕیارێکە یان بە پێی ڕێنماییە، بۆ خۆی جێگای خۆشحاڵیە بڕیاری ژمارە (١٥) لە ٢٠١٩/١١/٢٧ کە ئەنجومەنی وەزیران داوای لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی کردووە، کە ڕێکخستنەوە بۆ شایستە داراییەکانی کەمئەندامانی دابنرێت، ڕەچاوی ڕێژەی کەمئەندامیان بکات، لە کاتی دەستنیشان کردنی ئەو هاوکارییە، بۆیە من پێم باشە، ئێستا هەموو کەمئەندامانی یەك مووچە وەردەگرن کە (١٥٠) هەزار دینارە، ئەوەی سەداسەدە، ئەوەی سەدا حەفتایە، ئەوەی سەدا پەنجایە، بەڕاستی ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیران جێگای خۆشحاڵیە، و لێرەش کە ئەنجومەنی وەزیران کە ئەو بڕیارە دەدات یان بە ڕێنمایی، ڕێژەی پەککەوتە لەلایەن لیژنەی پزیشکییەوە دیاریدەکرێت، پێمان باشە کەمترینەکەی (١٥٠) هەزار دینار بێت وبەپێی ڕێژەی کەمئەندامیان زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك هیمداد فەرموو.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەبوو، ئەویش لەلایەن دوو ئەندام پەرلەمان گوترا، بە پشتیوانی بەڕێز کاك سۆران عمر و بەڕێز کاك ڕۆمیۆ هەکاری دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم بورهان قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی سێی ئەم پرۆژە یاسایە، بەنیسبەت خاڵی یەکەمەوە من پێشنیاز دەکەم، ئێمە تەبعەن یاسا دادەنێین، ئێمە لە جیهەتی پرسیارکردندا نین، بڵێین زەحمەت نەبێ جەنابتان چ حەلتان هەیە، بزانین حەلی ئێمە چییە، چارەسەری ئێمە چییە بۆ ئەم مەسەلەیە، من پێشنیاز دەکەم و چارەسەری من بۆ ئەو مەسەلەیە بەنیسبەت خاڵی یەکەمی بڕگەی یەکەمەوە ئەوەیە، دەستنیشانی ڕێژەکە بکرێ و دەستنیشانی ئەو پارەیە بکرێ کە ئەدرێتە کەمئەندام، یان ئەوانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن، ئەگەر ڕێژەکەی ٦٠% زیاتر بوو ڕێژەی کەمئەندامیەکەی، مووچەکەی لە (٣٠٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت، ئەگەر لە ٤٠% زیاتر بوو لە (٢٥٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت، واتە بەم شێوەیە جێگیر بکرێت، کە بڕەکەی دیاری بکرێت، بەنیسبەت خاڵی یەکەمەوە، بۆ خاڵی دووەمیان ئەوەی پەیوەندی بەوە هەیە کە یەکیان خاوەن پێداویستی تایبەتە و فەرمانبەری میریە، ئەبێ ئەو دەرماڵەی پەککەوتەیی کە ئەخرێتە سەر مووچەکەی بەشێوەیەك بێ ئەبێ ڕێژەکەی دەستنیشان بکرێ، ئەم ئازادیە نەدرێ بە حکومەت، ئەنجومەنی وەزیران دەستنیشانی بکات، دەبێت لەناو یاساکە ئەمە جێگیر بکرێت، بەشێوەیەك من پێشنیازم هەیە پێویستە بۆ

نموونە ٤٠% مووچە بنەڕەتیەکەی، خاوەن پێداویستی تایبەت هەیە فەرمانبەری میریە، مووچە بنەڕەتیەکەی (١٨٠) هەزارە، ئەگەر ١٠% بێت، (١٨) هەزار دەچێتە سەری، ئەگەر ٢٠% بێت (٣٦) هەزار دەچێتە سەری، یانی پارەکە کەمە، بۆیە دەستنیشان بکرێت، بۆ نموونە ٤٠% مووچەی بنەڕەتیەکەی بۆ زیاد بکرێت، ئەگەر ڕێژەی کەمئەندامیەکەی لە سەرووی ٥٠% بوو و ڕێژەی ٣٠%یشی، مووچەی بنەڕەتیەکەی بۆ زیاد دەکرێت، ئەگەر ڕێژەی کەمئەندامیەتی لەسەرووی ٤٠% بێت، بەم شێوەیە پێم وایە حەلێکی گونجاو دەکەین بۆ خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان، چ ئەوانەی فەرمانبەری میرین و کەمئەندامن، چ ئەوانەی تر کە فەرمانبەری میری نین، بۆ ئەوەی مووچەکەیان بەرزبکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، موژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری کاك سیپان و کاك سۆران و کاك مسلم و هەموو ئەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پشتگیری کەمئەندامان دەکەن، من پێشنیاز دەکەم هیچ مینحە و ئیمتیازێکی کەمئەندامان نەبڕێت، چونکە یەکەمیان ئەوان (١٥٠) هەزار مووچەیانە و پاشەکەوت لە مووچەکەیان کراوە، دووەمیان توانای کارکردنیان نییە، خاڵی سێیەم بیمەی تەندروستیان نییە، کە بەشێکی زۆرینەیان نەخۆشن، پێداویستی کەمئەندام بوونیان هەیە وەکو عەرەبانە و دارشەق و بەشێك لە پێداویستیەکانی تر، کە گونجاو نییە ناویان بهێنین، هەروەها ئەم خاوەن پێداویستیە تایبەتیانەی و کەمئەندامانە لە وڵاتان وەکو منداڵی نازدار بەخێو دەکرێن، وەکو گوڵ بەخێو دەکرێن لەلایەن حکومەتەوە، چونکە (١٥٠) هەزار بەشی هیچ شتێك ناکات، ئەمە یەك دووەمیان، هاوکاری چاودێری کۆمەڵایەتی پێویستە بە یاسا ڕێك بخرێت، کە پێم وایە ئەو چاودێری کۆمەڵایەتیە نەماوە، خانم هەیە خوێندنی تەواو کردووە و دایك و باوکێکی نەخۆشی هەیە چاودێریان دەکەن، نە تەعین دەبێ و نەدەتوانێ کار بکات، ئەگەر کار بکات ناتوانێ چاودێری دایك و باوکە نەخۆشەکەی بکات، پێویستە بە یاسا ئەو ئیمتیازاتەیان پێ بدرێت، یانی خێزان هەیە بە تەنها ئەوە بژێوەی ژیانی بووە، خاڵێکی تر ئەگەر ڕێگەم پێ بدەن پێشنیازم هەیە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پێشنیازی یاسای مافی ئیمتیازاتی کەمئەندامان هەیە، هیوادارم بە زووترین کات بخرێتە بەرنامەی کارەوە، سەرجەم ئەندامە بەڕێزەکان پشتگیرم بن بۆ ئەوە، لەبەر ئەوەی هەر کامێکمان ئێستا بڕۆینە دەرەوە، چاومان بە کەمئەندامێك بکەوێ هەر (١١١) مان دەڵێین بەهەموو جۆرێك پشتیوانتانین، ئەوە عەرزی واقیعەکەیە، پێویستە بە زووترین کات ئەم یاسایە بخرێتە بەرنامەی کارەوە و بتوانین پشتیوانیان بین، دکتۆرە وەزارەت هەیە یەك تاکە شەخص هەشت مووچەی هەیە لەو وەزارەتە، بەناوی جیا جیاوە، ئەگەر یەك تۆز چاکسازی لەو

وەزارەتەدا بکرێ، پێم وایە دەتوانرێ هەم ژیانی کەمئەندامی پێ چاك بکرێ و هەم دەتوانرێ هاوکاری چاودێری کۆمەڵایەتی پێ بخرێتەوە گەڕ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك دکتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی سێ و بڕگەی چوار ئەوەی تایبەتە بە ڕێگەگرتن بە کەسانێك کە سوودمەند دەبن هەم لەناوەوەی هەرێم و هەم لە ناوەوەی عێراقدا، دەمێکە ئێمە مشتومڕ دەکەین لەسەر ماف و ئیمتیازاتی ئەنفالکراوەکان و جینۆساید و هەوڵ و تێکۆشانی کابینەی هەشت و کابینەی نۆش، و وەفدی وتوێژکار لەگەڵ بەغدا، و جەختکردنەوە لەسەر دەقە دەستوریەکان، بەڵام نەمانتوانی شتێك لە بەغدا هەڵکرێنین، ئەگەر کەسانێك بەهۆی شوێنی نیشتەجێ بوونیان، یاخود بەهۆی ئەوەی کە تۆماری ناسنامەکەیان لە شارەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی لە موسڵن، لە مەخمورن، لە شەنگالن، لە کەرکووکن، لە خانەقینن، لە شوێنەکانی ترن، ئەگەر زیندانی سیاسیە یان شەهیدێکە، لە بەغدا مووچەیەك یان مینحەیەك وەردەگرێ، چ پای ئەوەیە کە ئێمە داوای ئەوەی لێ بکەین کە یەکێك هەڵبژێری لەگەڵ ئەو مووچەیە، ڕەنگە فەرمانبەر بێت لە کوردستاندا، بەڵام زیندانی سیاسی بێ، مامەڵەکەی لە بەغدا کردبێ، ئەو پارەیەی کە لە بەغدا ببردرێ هیچ بۆ کوردستان سوودی نابێ، دووەمیان ئەوەی پەیوەندی بە بڕگەی چوارەوە هەیە، سەرپشکردنی کەسێك کە دەگەڕێتەوە سەر وەزیفەکەی لە نێوان مووچەی خانەنشینی لەگەڵ ئەو مووچەیەی کە وەریدەگری، ڕاستە دەکرێ لەرووی یاساییەوە کەسێك خانەنیشینە ئەگەر وەزیفەکە پێویستی پێ بوو بگەڕێتەوە، بەڵام ئۆتۆماتیکیەن مووچەی خانەنیشینیەکەی دەبڕدرێت، وەکو هاوڕێیانیشم کاك علی حمە صالح وکاك بالانبو ئاماژەیان پێکرد، لەرووی کارگێڕی و داراییە ناتوانێ کەسێك سزا بدرێ کە هیچ ئیلتیزامێکی دارایی لەگەڵ وەزیفەکەی نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر اسماعیل فەرموو. کاك ڕێبوار نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئێمە لەگەرمە گەرمی و وگەنگەشە کردنی یەك بەیەکی ماددەکان چووینەتە نێو قوڵاییی، بەڵام تکا دەکەم جەنابتان ئاگاتان لەو وشە و لەو گوزارشتانە بێ کە لەپرۆتۆکۆلی نێو وشەی (چەوسانەوە) وشەیەکی شیاو نییە، تکا دەکەم کە بسرێتەوە لە پرۆتۆکۆل، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك مەلا وەیسی فەرموو.

**بەڕێز وەیسی سعید وەیسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ئەو تێبنیەی بەڕێز دکتۆر ڕێبوارم هەبوو، بەهیچ شێوەیەك حكومەت کەمئەندام و هیچ کەسێك ناچەوسێنێتەوە، بۆیە پێویستە ئەو ووشەیە لە پرۆتۆکۆل بسرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دەسرێتەوە ئەو وشەیە، فەرموو کاك دکتۆر.

**بەڕێز د. اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ مولاحەزەکا هەین، یەکێ ئەز بینم ئەڤ کەلیمە بێتە گۆرین وگهشتی داهات و خەرجی گشتی، چونکی هەتا چەن سالا بودجەیا دیارە موستەلیحەکا کو موازەنەیە، وموازەنە ژنینە، نەهاتیە موازنە، فە کیشا موازنە بودجەی گشتی ببێتە داهات و خەرجی گشتی، دوو ئەز پشتڤانیا وانا ڤێت بێژن ڤێ هاریکاریا خودان بێتەڤیا بەتایبەت بەرز ببیتن، خاصەتەن ئەڤ یاسایە ان شاْ الله چشتەك بۆ حكومەتێ بکەوێتە دەستی واندا، ئەولەویەتا بدەنە هەندێ کە بێتە هێدی کرن و پشتەڤانیا کاك سیپان و حاجی شوان و کاك رومیو و کاك سۆران و کاك موسلم و ئەو برایانەی ئەویدی گوتن، سێ ئەز پشتەڤانیا دکتۆر محی الدین دکەم فعلەن مە گەلێ کورد تەین نەفی کردبوون لجنوبی، موزەف بوون لڤێرێ و لسەر قەزایا سیاسی نەفی کرینە لڤێرێ، لەوێری موزەفا تەقاعود بوی، هاتە ڤێرێ موستەحەقە مینحەیەك وەربگری، چونکە وی نەفی کری لسەر کوردایەتێ، ڤێگەڤیا بێژی ناوالله یەکێ ئیختیار کریە یان ڤێری یان وێری، ئەز بێژم گەلەك هەندێ ئەڤ گەلا وانا نەیەتە کرن نا حەقیە ئەز بێژم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەشێکی قسەکانمدا پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز دکتۆر اسماعیل دەکەم، لەسەر ناونیشانی گۆڕانی بودجەی گشتی بۆ داهاتی گشتی، لەبەر ئەوەی بەپێی ماددەی (٩٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئەبێ حكومەت لە مانگی دەی هەمووساڵێکدا پرۆژە یاسای بودجە بنێرێتە پەرلەمان، پێنج ساڵە نەنێردراوە، و هیچ زەمانیەتێکیش نییە کە ئەمساڵیش بنێرێ، لەبەر ئەوە ئەو بودجە گشتیە بکرێ بە داهاتی گشتی، ئەمە خاڵێك خاڵی دووەم، کەمئەندامان ئەوەی لە خاڵی دووەندا باسی دەکات کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت، لە خاڵی سێیەمدا ئەڵێ ( لە بڕی پەککەوتەییان پێ دەدەرێ بە ڕێژەیەك لە مووچەی بنەڕەتیان کە ئەو ڕێژەیە) لەوانەیە قسەیەك هەیە لە داڕشتنەکە، ئەو مولاحەزەیەم بۆ جەنابتان، لە مووچەی بنەڕەتیان هاتۆتەوە

سەر ئەو ڕێژەیە، یانی دیار نییە زیاتر بێ یان کەمتر بێ، من پێشنیار دەکەم ئەبوایە کەمئەندامان نەخراتانــایە بەر نەشــتەرگەری یاســای چاکســازی، لەبەر ئەوەی ئەو میــنحە و مــووچەیەی کە وەریدەگرن ئەوەندە نیـیە بـای ئەوەنـدە نیـیە کە چاکسـازی تێـدا بکـرێ، لەبەر ئەوە ئەبـێ ئەگەر مینحەکەشـیان لەبەر ئەم مـاددەیە بکـرێ بە دەرمـاڵە، ئەگەر میـنحەکە زیـاتر بـوو لە دەرمـاڵەکە، بکـرێ بە دەرمـاڵە، بـۆ ئەوەی مەرتەبەیەك بچێـتە پێشـەوە دەرمـاڵە لە پـێش میـنحەوەیە، بەڵام ئەگەر دەرماڵەکە کەمتر بوو لە مینحەکە ئەوا مینحەکەیان بۆ بکرێ بە دەرماڵە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر کازم فەرموو.

**بەڕێز د. کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من بە کورتی پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز کاك سیپان ئامێـدی دەکەم، دەرحەق بە هەردوو خاڵی یەکەم و دووەم لە بڕگەی یەکەم، لە ماددەی سێ بەوەی کە کەمترین مووچەی یان ئەو بڕە هاوکارییەی دەدرێت بە خاوەن پێداویستیەکی تایبەت لە (٣٠٠) هەزار دینـار کەمتـر نەبێـت و کە ئەمە داواکــارییەك بــوو، بــووە یاداشــتێك خۆیــان هــاتنە بەردەم پەرلەمــان و پێشــکەش بە پەرلەمانیـان کـرد و پێشکەشـی ئەو فراکسـۆنانەیان کـرد کە چـوونە لایـان، دووەمیـان بـۆ ئەو خاوەن پێداویستە تایبەتانەی کە فەرمانبەرن، ئەو دەرماڵەی کە دەخـرێتە سـەر مووچەکەیـان لە (١٥٠) هەزار دینـار کەمتـر نەبێـت کە دووبـارە خۆیـان داوایـان کـردووە، بەراسـتی جەختـیش دەکەینەوە لەسەر ئەوەی ئێستا خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان مـووچەی مـانگی دووی پارسـاڵ وەردەگـرن، کە مـووچەکە (١٢٠) هەزار دینـارە، کە مـن لێـرەوە دەڵـێم (١٢٠) هەزار دینـار بیـدەینە دەست هەر کەسێکمان، ئێمە خۆمان لێرەین و بەشـێك لەوەزیـرە بەڕێزەکـانیش لێـرەن، نـاتوانین ئیدارەی حەفتەیەکی ماڵی خاوەن پێداویستی تایبەتی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەموومان دەزانین کە کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت پێویسـتیان بە دڵنەوایـی و پێویستیان بە دڵدانەوە هەیە، ئەمڕۆ بەم سەرمایە کۆمەڵێ هاتوونە بەردەرگـای پەرلەمـان، لەوێ دانیشتوون و یادداشـتیان پێشـکەش کـردووە، داواکـاری خۆیـان کـرد و قسـەی خۆیـان کـردووە تەبعەن، ئەم چین و توێژە پێم وایە کە دەیبینن ئێستا ڕەنگە ئەوانیش تەماشای کەناڵەکان بکەن، کە دەبیـنن باسـی کەمئەنـدام و مەسـەلەن ئەو بەخشـینەی کە هەیە تەرخـانکراوە لە چـاودێری کـۆمەڵایەتی، دەرمـاڵەکەی لە بـڕی پەککەوتەیـی پـێ دەدرێـت، بە ڕێـژەیەك دوایـی ئەنجـومەنی وەزیران دیاریدەکات، من پێم وایە ئێستا دڵیان لەسەر دەستیانە، بۆیە بەرای من یەکەم ئێمە زۆر

بەرِوونی ئەو خاڵە بنووسین و بڵێین (ئەو بەخشینەی کە هەیە ئەو مینحەی کە هەیە بە مووچە حساب نەکرێ و بۆی بخرێتە سەر مووچەکەی) چونکە چەندە، ئەگەر فەرمانبەرە چەندی پێ دەدرێت، (١٠٠) هەزاری پێ دەدرێت، خۆی مووچەکەی زۆر نییە بەراستی، بۆ ئاوا دوو دڵیان بکەین و ئەو هەموو کێشەو بەراییەیان بۆ دروست بکەین لەسەر (١٠٠) هەزار بە حەقیقەت، ئێمە پێم وایە هەر سێ و دووی لێ نەکەین لەو مەوزوعەی، ئەوەی تر من رام وایە کەمئەندام پارەکەی یەکێ لەو بەرێزانە بوو باسی کرد پارەکەی لە (١٥٠) هەزار کەمتر نەبێ، بەڵام دواتر بە پێی رێژەی کەمئەندامیەکەی با بۆی زیاد بکرێ، ئەوەی تریش ئەو ساڵی کاك دکتۆر ئامانج کە هەر موجودە ماوە لەوێ کاك دەروون و کاك رابەریش هەر مەوجود بوو، ئێمە لە ساڵی ٢٠١٦ بڕیار درا کە پێداچوونەوەیەك بە کەمئەندامان بکرێ، بڕیار درا بەراستی پارەکەیان لێ راگیرا، بەڵام ئەو پێداچوونەوە نەکرا، بۆیە پێویستە بەراستی لێرە ئاماژە بەوە بکەین کە پێویستە ئەو پارەی کە راگیراوە پێیان بدرێ، بەڵام بە پێی ئەحکامەکانی ئەو پڕۆژە یاسایە، سبەینێ ئەوەی کە پەسند دەکرێ، ئەوانیش بکەونە بەر ئەحکامەکانی ئەم پڕۆژە یاسایە، بۆ خاڵەکانی تریش من پشتگیری لە کاك شوان و لەکاك سۆران و کاك مسلم و کاك علی و کاك سیپان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز رۆژان حەمە رەش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دووەمی ماددەی (٣) بەشی کۆتایی، ئەو بڕگەیە دەڵێ جگە لە ئیمتیازاتە داراییەکانی میراتگرانی کەس وکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان، بەرەچاوکردنی حوکمەکانی یاسای خانەنشینی بەرکار، پێشنیار دەکەم بەرەچاوکردنی حوکمەکانی یاسای خانەنشینی بەرکار لابرێ و بنوسرێ بە رەچاوکردنی حوکمەکانی یاسای ژمارە (٩) ی هەموار کراوی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بە بڕگەی چوارەم لە کاتی گەڕانەوەی فەرمانبەری خانەنشینکراو بۆ وەزیفە سەرپشك دەکرێ لەو وەرگرتنی مووچەی خانەنیشینی و یان مووچەی ئەو وەزیفەیەی کە پێی دامەزراوەتەوە و لە هیچ کاتێکدا نابێ سوودمەند بی لە دوو مووچە، ئەگەر ئاماژە بدەی بەوە کە تەمەنی نەگەیشتبێتە تەمەنی خانەنشینی باشترە، بۆ بڕگەکانی تریش پشتیوانی لە بەڕێزان کاك سۆران و کاك کاروان و کاك مسلم و کاك لقمان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەدەر لە ئەندام پەرلەمانەکان باسی شتێکی دیکە دەکەم، ئەوەی من پێشنیارە، یانی وەکو وان نا بڵێین پشتگیری ئەوە وئەو دەکەم، من دەڵێم بۆ ئەو کەمئەندامانە لەو یاسایەدا جێگا

بکـرێتەوە هەر کۆمپانیـایەك کە لە کوردسـتان هەبێـت، ئینجـا چەنـد هەزار کۆمپانیـا هەیە، ئەو کۆمپانیایەی لەو پرۆژە یاسایەی جێی بکرێتەوە، هەموو کۆمپانیایەك بتوانێـت کەمئەنـدامێك لە خۆی بگرێت، هەم بارگرانی لەسەر حکومەت نـامێنێ و هەم ئەو کۆمپانیـایەش پابەنـد بکـرێ کە ئەگەر کۆمپانیات دەرهێنا دەبێ کەمئەندامێکی بەخێو بکەی، ئەوە پێشنیارێك، پێشنیارێکی کەم ئەوەیە بـۆ هەر نەخۆشـخانەیەکی ئەهلـی بـۆ وەزارەتـی پێشـمەرگە و وەزارەتـی شـەهیدان و وەزارەتی ناوخۆ، یانی هەموو خەستەخانەیەکی ئەهلی مانگانە چەند پێشمەرگەیەك یـان چەنـد ئاسایشێك یـان چەنـد پۆلیسـێك بە بەلاش چارەسـەر بکـرێن، لەبەر ئەوەی لەسـایەی سـەری ئەو پێشمەرگانە ئێمە ئێستا لەو پەرلەمانە قسان دەکەیـن، و لەسـایەی سـەری ئاسـایش و پۆلیسـیش من شەوێ لە ماڵی خۆم دەخەوم، ئەو کابرایەی کە لە کوردستان ئـیش دەکـات، بـا مانگـانە پێـنج عەملیات، شەش عملیات بکات، من پێشنیار دەکەم ئەوە جێ بکرێتەوە لەو یاسـایە، پرسـیارێکی ترم لە وەزیری دارایی هەیە، ئێمە هەمووومان دەڵێین مەعاشی ئەوەی کەم بکە، مەعاشـی ئەوەی زیـاد بکـا، ئایـا جەنـابی وەزیـری دارایـی بـودجەی حکـومەتی هەرێـم چەنـدە؟ ئـێمە تەخشـان و بەخشانی ئەو پارەیەی دەکەین، پشتگیری لە کاك علی حمه سالح و کاك لقمان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بودجەی گشتی کە بگۆڕدرێ بە داهاتی گشتی، من پشـتیوانی لە بەڕێـزان قسـەکانی دکتۆر اسماعیل و سەرچنار خان دەکەم، ئەگەر ئەمە ڕاست نەکەینەوە پێنج ساڵە بودجە نیـیە لە هەرێمی کوردستان و ناشزانین بودجە ئەبێ لە هەرێمی کوردسـتاندا یـان نـا، ئەگەر ئەمە ڕاسـت نەکەیـنەوە ئەم ئیصـلاحە قفـل دەبێـت، چـونکە بە نەص دەڵێـین بـودجەی گشـتی، بـودجەش مەعلومە کە ئەو تەخمینەیە کە حکومەت دەینرێ بۆ پەرلەمان، پەرلەمـان موناقەشـەی دەکـات و ئیقراری دەکات، کە ئەمە نەبوو ئەبێ مەجبور بین بیکەین بە داهات و خەرجی گشتی، بـۆ ئەوەی نەجاتمان بێت لەو مەوزوعە، هەرچەندە بودجە نەناردن خـۆی موخـالەفەی یاسـاییە، لەبەر ئەوە ناچارین بودجە گشتیەکە بگۆڕین بە داهات و خەرجی گشتی، بـۆیە پشـتیوانی لەوە دەکەم، و لە هەموو ئەو یاسایەدا لە هەر شوێنێکدا بودجەی گشتی هەبـووبێ بیگـۆڕین و بـیکەین بە داهـاتی گشـتی، لەبەر ئەو عـیللەتە، داهـات و خەرجـی گشـتی، خـاڵێکی تـر بـۆ مەسـەلەی کەمئەنـدامان، کەمئەندا‌امان لێرەدا لە بڕگەی یەکەم، دووەم، کە باس لەوە دەکات دەڵێ بۆیان بکرێ بە دەرماڵە، دیارە کە سولەمی سەرفیات، ئەمە ڕەواتبە ئینجا دەرماڵەیە و ئینجا مینحەیە، لێـرە ئەمـانەوێ لە مینحەوە تەرفیعی پێ بکەین و بیکەین بە دەرماڵە، کێ موستەفیدە لەمە ئەوەی کە موستەفیدە لەمە ئەو کەمئەنــدامەیە کە زینــدانی سیاسیشـــەو فەرمانبەریشـــە، ئەو کـــاتە میـــنحەی

کەمئەندامیەکەی دەبێ بە دەرماڵە، زیندانی سیاسیەکەشی دەتوانێ وەربگرێ چونکە مووچەی فەرمانبەریش وەردەگرێ، لەبەر ئەوە لە دوو سێ لاوە موستەفید دەبێ، چۆن ئەمە عیلاج بکەین بە ئیزافەی ئەوەی دوو کەلیمە ئیزافە بکەین بۆ ئەوەی کە دەڵێ یان پێی دەدرێت بە ڕێژەیەك لە مووچەی بنەڕەتیان کەمتر نەبێ، یانی ئەگەر مووچەی بنەڕەتیەکەی (١٥٠) هەزار بوو، ئەگەر (٢٠٠) هەزار بوو (٢٠٠) هەزاری بۆ بچێتە سەر، وەکو وتم ئەوانەی کە مینحەی تریان هەیە لەو کەمئەندامانە ئەتوانن سوودمەند بن لە وەرگرتنی مینحەکە و مووچەکەشیان بەو شێوەیە بەرز دەبێتەوە، بۆیە لە دوو لاوە کەمئەندام موستەفید دەبێ لەبەرزبوونەوەی ئەو دەرماڵەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە غەدرێکی گەورەمان کرد لە کەمئەندامان، بەوەی کەوا ئەزانین خێریان پێ ئەکەین یان قوربانیان لەدەستی ئەو کۆمەڵگایە، بەڵکو کەمئەندام توێژێکی چالاکی ئەم میللەتەیە و لە هەموو دنیاشدا کەمئەندام قیمەتێکی زۆر زۆر تایبەتی هەیە، دوو سێ نموونەی بەسیتتان لۆ دەهێنمەوە، لە ئەڵمانیا ئەگەر کەسێك بێ کار بێ ئەو شتەی کە پێی دەڵێن سۆشیال یارمەتی کۆمەڵایەتی وەربگرێ (٣٥٠) یۆرۆ وەردگرێ، کەمئەندام بە پێی ڕێژەکەی (٥٠٠ هەتا ١٠٠٠) یۆرۆ وەردەگرێ، یانی لە کەسێکی ئاسایی، ئاسایی تر و باشترە، نموونەیەکتان بدەمێ ئێمە کەسێکمان لە هەڵەبجە ناوی وشیار کەمئەندام نییە بە قەد سەد کەس ئیش دەکات، یانی ئەو حکومەتەی ئێمە یان ئێمە وابزانین خێریان پێ دەکەین، بەهەڵەدا چووین، کەمئەندام دەبێ پشتگیری بکرێ، پاڵپشت بڕوا و ئیش بدۆزێتەوە، لێرە لە بڕگەی دوو هاتووە کە من زۆر بە ئیهانەی دەزانم، خۆم قاچێکم نییە کەمئەندامم یەك ڕۆژ نییە لە ژیانم وەتەی فامم کردووە ئیشم کردووە، ئامادەشم تا هەمیشە ئیش بکەم، ئەو هاوڕێیانەی کە ئەمڕۆ هاتبوون و یادداشتنامەیان هێنا، نیوەیان پێشمەرگەی سەنگەر بوون و قاچ و دەست و چاویان لەبەر خاتری ئێوە، لەبەر خاتری ئەو خاکە بەخشیوە، باسی (١٠٠) هەزار بکەین، لەم ماددەیەدا هاتووە دەڵێ (کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە کەسانی فەرمانبەر) یانی کەمئەندامێك لەسەنگەردا قاچی داناوە، هاتووە ئەبێ بە فەرمانبەر و بچی هێشتا نوقرچی لێ بگری، نەخێر ئەبێ دوو ئەوەندە مووچەکەی بدەیتێ، و دەشبێ بیدەیتێ، ئەمڕۆ نا سبەینێ، ئەم دیباجەی پارەمان نییە و، خۆ ئێمە بەتەما نین شەڕێکی ترمان تووش بێ خوا نەخواستە سەد هەزار شەهید بدەینەوە، لە جەزائیر لەوەتەی ملیۆن شەهیدیان داوە، هەتا ئێستا بنەو بنەماڵەیان وەچانێکیان هەیە و باپیریان شەهید بووە و ئێستا باپیری لە قەبردایە نازانم لە شەست و چەندەوە و ئێستاش مووچەیان بۆ دەبڕنەوە،

ئێستا هاتووین باسی سەد هەزار دەکەین، والله شەرمە بۆمان، بەهەر حاڵ من پێشنیازێکی تر دەکەم کە من وەختی خۆی لە ئەڵمانیا بووم ئیشم دەکرد، فەرمانگە هەیە و شەریکە هەیە، لەسەر قسەکەی کاك یاسین، هەموو فەرمانگەیەك و هەموو دائیرەیەك و هەموو کەرتێکی تایبەت ئەبێ بەلایەنی کەمەوە بەیاساوە وا نەکەی بە رێژەی ١٠% کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و خاوەن ئەو کەسانەی کە دەرەجەی رێژەیان هەیە تەعینی بکەن، لە زەریبە خۆش دەبن و هەم دوو لایەنە ئیستیفادە دەکەن، ئەو کەسانە چالاکانە دێنەوە ناو کۆمەڵگە پێویستیان بەو خێرو بەرەکەتەی ئێمە نییە، هەم کەسانێك دەبن کە بەخشندە دەبن و لە کۆمەڵگە دەبن بە کەسانی چالاك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، دکتۆر رێبوار فەرموو.

**بەڕێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت وەك پرەنسیب من لە کانگای دڵمەوە لەگەڵ ئەوەم کە ئەو شەریحەیە گرنگی کۆمەڵگای کوردستان کە بە هۆی تایبەتمەندی فیزیکی و جەستەیی لە ئێستادا کە پێی دەڵێن کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت، لەگەڵ ئەوەم دوای ئەوەی ئەو پرۆژە یاسایە پەسند دەکرێ و باری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان باشتر دەبێ مووچەیە یان منحەیە بۆیان زیاد بکرێت و، من دڵنیاشم ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شیانی دارایی دابێت بەو پەڕی دڵسۆزی و پەرۆشیەوە ئەوە دەکات، ئەمە پێشنیارێ منە، روونکردنەوە و تەوزیحێکم هەیە سەبارەت بە برگەی یەکەمی مادده (٣) هەموو بەخشین و ئیمتیازاتێکی دارایی بە رێنمایی رێکخراوە یا بە یاسا رێکخراوە ئەسڵ وایە بڵێین هەڵوەشاندەوەی ئەو یاسایانە یا ئەو رێنماییانەی کە بوونە هۆی پێدانی ئەم بەخشینە داراییە یا ئیمتیازاتە داراییە نەك هڵوەشانەوەی خودی ئیمتیازاتە داراییەکە و، سەبارەت بە خاڵی دووەم دەستەواژەی لە بڕی پەککەوتەیی هاتووە کە حکومەت دوایی ئەوەی رێژەیەك دیاری بکا پێموایە ئەگەر ئەو رێژەیە دیاری بکرێت باشترە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها لە مادده (٣) تێبینیم لە سەر برگەی یەکەمە تێبینیم لە سەر سێ برگەکەی تر نییە، پێموایە بە هەڵە باسی کەمئەندامان هاتۆتە ناو نەهێشتنی سودمەندبوون لە جارێك لە بودجەی

گشتی هیچ پەیوەندیەکی بەم ناونیشانەوە نییە ئەم وەزارەتە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی کە من نازانم بەڕێز وەزیری کۆمەڵایەتی بۆ لێرە نییە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

خەتای ئێمەیە بانگمان نەکردووە.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو وەزارەتەکە (١٤) ملیار دینار مەعاشەکەیەتی لە (٢٠١٥) هەشت فیئە کە پیر و پەککەوتە، کچانی قەیرە، ئافرەتانی بێ هاوسەر، نەخۆشی شێرپەنجە، نەخۆشی تەلاسیما پێنج ساڵە مووچەکانیان بڕاوە و لە خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان لیژنەی هاوبەش لە هەردوو وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کۆمەڵایەتی پێکهێنرا دوو ساڵ خەریك بوون کە لە (١١٤٠٠٠) سودمەند (١٢٠٠٠) نەهاتنە بەردەم پشکنینەکان کە با بڵێین خەڵکانی ناشایستە بوون ئەم پرۆسەیە تەواو بووە و بەداخەوە پێنج دانە ساڵە هیچ سوودمەندێکی نوێ وەکو زیندانی سیاسی تۆمار نەکراوە، من لەگەڵ ئەوەدام ئەو بڕگەیە هەر هەڵگیرێت، خاڵی یەکەم هەڵگیرێت هیچ پەیوەندییەکی بەم یاسایەوە نییە و ئێمە دەبێت لە هەمواری یاسایی کاروباری کۆمەڵایەتی دا باس لەم شەریحەیە بکەین و ماف و ئیمتیازاتەکانیان بکەین، ئەگەر یەك بڕگە باس بکەین لە ئەخیری ئەم ماددەیە کە چۆن باسی خانەنشینی مەدەنیمان کردووە خاوەن پێداویستیانی تایبەتیش یەکێك بن لەم توێژانە کە سوودمەند بن لەم داهاتەی کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەگەڕێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، شنۆ خان فەرموو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بەشی سێیەم نەهێشتنی سوودمەندبوون لە جارێك زیاتر لە بودجەی گشتی هاوشێوەی بەشێك لە هاوپیشەکانم، پیموایە نەدەبوو ناوی خاوەن پێداویستی تایبەت لەم بەشە و هەم لەم پرۆژە یاسایەدا هەبێ، بەڵام کە هاتووە چەند سەرنجێکم هەیە لە سەر ناوەڕۆکەکەی، سەبارەت بە ماددەی سێیەم بڕگەی یەکەم خاڵی دووەم کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە کەسانی فەرمانبەر لە جیاتی ئەو بەخشینەی لە تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی دەرماڵەی لە بری پەککەوتەیی پێیان دەدرێت بە ڕێژەیەك لە مووچەی بنەڕەتیان کە ئەو ڕێژەیە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران دیاری دەکرێت، لێرەدا ناڕوونییەك هەیە ڕەنگە حیلەیەکی شەرعی هەبێت، بۆ ئەوەی ئەو بەخشینەی کە ئەوانیش هەیانە هاوشێوەی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی ئەوانیش لێیان ببڕێت، لەبەر ئەوەی

روون نییه، ئایا ئەو گۆڕانکارییە دەبێتە هۆی بژێوی ژیانیان و باری داراییان باشتر دەبێت یا خود خراپتر دەبێت؟ و سەبارەت بە بڕگەی دووەم کار بەو یاسا و بڕیارو پەیڕەو و ڕێنماییانە ناکرێت کە ڕێگەدەدەن بەوەرگرتنی زیاتر لە سوودمەند بوون لە یەك مووچە و بەخشین و هەر ئیمتیازێکی دارایی تر لە بودجەی گشتی لە ناو هەرێم و دەسەڵاتی فیدراڵی بۆ سەرجەم سوودمەندان لە بوارەکانی شارستانی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایش و ناوەخۆ و سوودمەندانی تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و هەتا دوایی، لێرەدا سوودمەندانی تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی کە مەبەست لێی دووبارە خاوەن پێداویستی تایبەتە پێشنیاردەکەم ئەمەش لێی دەربهێندرێت و ئەو مووچەو و ئەو هاوکارییەی کە هەیانە بەشی ئەوە ناکات نە چاکسازی تێدا بکرێت نە ڕێك بخرێتەوە، بەڵکو دەبا هەوڵ بدرێت ئەو چاکسازیەی کە لە موچەی پلە باڵاکانە دەکرێ وەکو بەشێك لە هاوڕێکانم ئاماژەیان پێدا مووچەی خاوەن پێداویستە تایبەتی پێ بەرز بکرایەوە نەك ڕێکبخرێتەوە، پشتگیری هەڤاڵەکانم کاك کاروان و کاك لقمان و کاك پێشەوا و ڕۆژان سلێڤانەیی و ڕۆژان شەهید حەمە رەش و کاك لقمان و کاك موسلم دەکەم و کاك باڵانبۆ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك هاوڕێ فەرموو.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەر هەڵکەوتەی ڕێزبەندی ناوەکەم کەوتۆتە پشتەوە زۆربەی قسەکانم کران و پشتگیری هاوڕێکانم کاك کاروان و کاك پێشەوا هەورامی و کاك سۆران عمر کاك لقمان و کاك زانا مەلا خالید و سەرچنار خان و کاك عبدالسلام و کاك عبدالستار و کاك ابوبکر و کاك سیروان و هە ردوو ڕۆژان خان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك دابان فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەشێکی قسەکان هاوڕێیانی خۆشەویستم کردیان، بەڵام یەك تەوزیحی بچووك لە سەر ماددەی (٣) بڕگەی یەك خاڵی دووەم ئەوەی کە تایبەتە بە خاوەن پێداویستی تایبەتە، ئەوان دوو خولی پەرلەمانی کوردستانە، یاسایەکیان هەیە چاوەڕێی هەموارکرنەوەی ئەو یاسایە دەکەن، ئێوە خۆتان شاهێد بوون لە خولی پێشوودا ئەو بەڕێزانەش کە لێرەن بەشێکیان هی خولی پێشوون چاوەڕوانی هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە دەکەن، دیارە ئەمە هەوار نەکرایەوە، لەم ماوەی چەند مانگی پێشوودا پرۆژەیەك هاتە پەرلەمانی کوردستان کە خوێندنەوەی یەکەمی

بۆ کرا تەنیا گۆڕانکاری کە لەو پڕۆژەیە ئەوە کە کورتە بالاکان خرا بوونە ناو پڕۆژەکە، ئەمە لە ئاستی تموحی ئەوان دا نەبوو و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیش بەوە رازی نەبوو ئەوان خۆیان وتیان ئێمە خۆمان پڕۆژەیەك حازر دەکەین، قسەکە ئەوەیە ئەو پڕۆژەیەی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی حازری دەکات، ئایا ئەو رێژەیە دیاری دەکات بۆ نمونە ئەو هاوکاریەی کەمئەندامان پێیان دەدرێت، یاخود نەخێر، ئەگەر لەوێ دیاری نەکراوە کە بریا وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی لێرەبوایە، بۆ ئەوەی کۆمەڵێك پرسیار لە سەر زەرب و تەقسیمی ژمارە و رێژە و کۆمەڵێك شت بکردرایە ئەگەر لەوێ نەکراوە لێرە لە ماددەی هەشت دا کە خواستی بەشێکی زۆری پەرلەمانتارانە کەوا دیفاعێکی جددیان لە کەمئەندامان کرد جێ بکەینەوە بە تایبەتی ئەوەی کە پاشەکەوتی فەرمانبەران تەسبیت بووە لەوێ بەتایبەتی ئەوەی کە پارەیەکی زۆر لەم یاسایە دەگەڕێتەوە سەقفێك بۆ خانەنشینی دیاری دەکات لەوێش سەقفێك بۆ ئەو هاوکاریەی کە دەدرێت بە کەمئەندامان دیاری بکرێت لە ماددەی (٨) دا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، روپاك خان فەرموو.

**بەڕێز رووپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٣) یەکەم هەڵوەشانەوەی سەرجەم ئەو بەخشین و ئیمتیازاتانەی تەواوی ناکەم، لە دوای یاسا و رێنماییە کارپێکراوەکان پێم باشە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت لە جێی دانانی ئەو کەمئەندامانەی کە تا ئێستا موچەیان نییە، و هەروەها بڕگە (٢) دووەم پێموایە ئەو بڕگەیە هەر زیادە، مەسەلەی کەمئەندامان نەخرێتە ناو یاسای چاکسازی من لە ژێر هیچ ناو و پاساوێك لە گەڵ ئەوە نیم کە دست ببردرێت بۆ مووچەی کەمئەندامان، چونکە کەمئەندام کە فەرمانبەرە لە سەر ئەرکی خۆی کە ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات مووچەیەك وەردەگرێت و ئەو مافەی کەهەیەتی وەکو کەمئەندام ئەو مافەش بۆی هەیە مووچەیەکی کەمئەندامی وەرگرێت و هەروەها پشتگیری لە رەئی کاك سۆران و مامۆستا عبدالستار و کاك کاروان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ جەنابت، بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، لە بڕگەی یەك لە ماددەی (٣) پشتگیری لە بەڕێزان مامۆستا عبدالستار کاك سۆران عمر کاك موسلیم و موژدە خان و کاك لوقمان و روپاك خان وە هەردوو رۆژان و کاك سیروان دەکەم، منیش زۆر پێم خۆش بوو بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لێرە ئامادە بوایە، بەنیسبەت بڕگەی یەك بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەراستی لە

چوارچێوەی چاودێری کۆمەڵایەتی زۆر لە بێ هاوسەران چاوەڕێی ئەو رۆژە بوون چوار پێنج ساڵە بەراستی دەست خراوەتە قوتی بێ هاوسەران کە چاوەڕێی پرۆژەی چاکسازین بەداخەوە ئیشارەتی پێ نەدراوە لە چوارچێوەی ناوەڕۆکی یاساکە بە هیچ ماددەیەك من لێرەوە دەڵێم سوودمەندانی تۆری چاودێری کۆمەڵایەتی پاش پاککردنەوەی سوودمەندان هاوکاریەکەیان بۆ بگێڕدرێتەوە کە ئەمە قوتێکی کەمە، بەراستی مافێکی سەرەتایی خۆیانە کە زۆر دەمێکە چاوەڕێی ئەمەن کە لە (٢٠١٤) وە مووچەکەیان بۆ سەرف نەکراوە و هیوای زۆریان لە سەر ئەم پرۆژە یاسایە هەڵچنیوە، بە نیسبەت خاڵی (٢) لە ماددەی (٣) ئەو رێژەیە پێویستە لەناو یاساکە جێی بۆ بکرێتەوە بۆ نموونە ئەو رێژەیەی دیاری کراوە بە غامزی نەمێنێتەوە رێك رێژەکە لە ناو یاساکەدا جێگای بۆ بکرێتەوە، برگەی (٣) لە ماددەی (٣) دەپرسین، ئایا ئەم دەقە دروستە؟ ئایا چۆن دەبێت کەسێك بگەڕێتەوە بۆ سەر وەزیفە و بەردەوام بێت؟ چۆن دەبێت خانەنشین بکرێت؟ و مافی هەڵبژاردنی پێ بدرێت بۆ کامەیان کە زۆرترە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك کاوە و هلز خانمان بیر چوو بوو، هلز خان فەرموو، تکایە دووبارە نەبێ بۆ ماددەی چوار دلنیابن دووبارە رێگا پێ نادەین، چونکە زۆربەی قسەکان دووبارەن و خۆشتان دەزانن دووبارەن.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ب ناڤ و نیشانێت بەشێ (٣) پشتگیریا دکتۆر شێرکۆ و دکتۆر اسماعیل و سەرچنار خانێ دکەم سەبارەت ماددا (٣) یەکەم پشتگیریا مامۆستا ابوبکر هەلەدەنی دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بۆ جەنابت، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیری کردنی بەڕێز کاك سیپان ئامێدی و خاتوو موژدە محمود لەسەر مەسەلەی کەمئەندامان، منیش پێموایە ناکرێت بە هەر بیانۆیەك بێت، ئینجا بە ناوی چاکسازی یا خود بە هەر بیانۆیەك دەست بۆ مووچە و ئیمتیازاتی کەمئەندامان ببردرێت، لە بەر ئەوەی کەمئەندامان چینێکی پێویست و چینێکی ماف خوراوی کۆمەڵگەن، پێویستە رێزیان لێ بگیرێت وە پێویستە لەم چاکسازییە مشووری زیاتریان بۆ بخۆین و مووچەکانیان باشتر بکرێت، لێرە لە ماددەی (٣) لە برگەی دووەم کاتێك کە دەڵێت کار بە ئەو یاسا و بڕیار و پەیڕەو رێنماییانە ناکرێت کە رێگا دەدەن بە سوودمەند بوون زیاتر لە یەك مووچە و بەخشین هەر ئیمیازاتێکی دارایی تر لە

بودجەی گشتی، مولاحەزەکەم لە سەر بودجەی گشتییە دیارە لە چەند شوێنێك بودجەی گشتی هاتووە دیارە لە هەرێمی کوردستان بەداخەوە حەوت هەشت ساڵە شتێك نییە..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دووبارەیە کاك سیروان وتی کاك شێرکۆ وتی کاك ابوبوکر وتی.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

ببورە من مولاحەزەی خۆم هەیە لە سەر بودجەی گشتی کە جیاوازە لە هی ئەوان، خۆت ئاگاداری من لەم پەرلەمانە لە مانگی (١٠) بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ بە پێی مادده (٩٨) داوام کرد کە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان داوا لە حکومەت بکات کە بە زووترین کات بودجە بنێریت بۆ پەرلەمانی کوردستان بەڕێزیشتان داواتان کرد، بۆیە ئێستا بەڕێزان ستافی ئەنجومەنی وەزیران لێرەن بەڕێز وەزیرەکان و بەڕێز سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران لێرەن ئەوەی ئێستا دەکرێت لە هەرێمی کوردستان نەهێنانی بودجە بۆ پەرلەمان و نەکرانی بە یاسا پێشێلکاری یاساییە بە تایبەتی لە ئێستا ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابت پیاوێکی قانوونی سوور دەزانی ئەوەی ئێستا جەنابت باسی دەکەیت هیچ پەیوەندی بەم ماددەیەوە نییە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

من یەك رستەم ماوە ئەگەر بەهانەکە ئەوە بووە بودجە لە بەغدا پەسند نەکراوە، خۆ ئێستا بە پێی

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو، بەڵێ بەڕێزان وەزیرە بەڕێزەکان ئەگەر قسەیەکتان هەیە لە سەر تێبینی پەرلەمانتاران، هەر چەندە بەڕێزتان دەزانن دەبوایە بەڕێز وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتیمان بانگ بکردایە ئەمە قسوورێکە لەلایەن ئێمەوە ئەو بەشەی کە پەیوەندی بە جەنابتانەوە هەیە نەك ئەو بەشێکە پەیوەندی بە بەڕێز وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتیەوە هەیە، ئەگەر قسەیەکتان هەیە لەو بارەیەوە دوایی دەرفەت دەدەین بە لیژنە پەیوەندیدارەکان، فەرموو.

**بەڕێز ئاوات شێخ جەناب/ وەزیری دارایی و ئابووری.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، خوشك و برایانی بەڕێز، من وەکو جاری پێشووش قسەم کرد ئێستاش لە چوارچێوەی ئەو پابەندبوونەی ئێمە بەو تەسەلسولەی کە پڕۆژە یاساکەی پێی دەخوێندرێتەوە لەو چوارچێوەیە جواب دەدەمەوە، ئەوەی کە پەیوەندی بە ماددەکانی ترەوە بێت هەڵی دەگرم بۆ کاتی خۆی، تەبعەن خۆزگە خوشکی بەڕێزمان کوێستان خان وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لێرە ئامادە بوایە، بۆیە ئەگەر جوابەکانی من زۆر دەقیق نەبن لە ئێستاوە

پێتـان بڵـێم لە مـن ببـورن، چـونکە تەفسـیلاتەکە زیـاتر لە لای جەنابیـانەوە هەیە، ئەوەی کە مـن حەزم کرد بیزانم ماددەی یەکەم کە بەردەوامی یا تیکرارە یـا تەئکیـدە لە سـەر بـاقی ماددەکـانی ترە کە ئیعادەی نەزەرە وەکو چۆن پلە تایبەتەکان وەکو چـۆن لە شـەهیدانە لە زینـدانی سیاسـی هەیە لەم بەشـەش عەینـی شـت تەئکیـدێکی تێـدایە بـۆ ئەو ئیمتیازاتـانەی کە بە نایاسـایی وەرگیراون وە حاشا لە رووی ئێوە و ئەو بەرپێزانەی مەسئوولبوون و بە نایاسایی ئەو ئیشـانەیان بـۆ جێبەجـێ کـردووە و راسـتکردنەوەیە، خۆشـی وەکـو لە مـاددەکە نووسـراوە ئەو مەوزووعە، بەداخەوە هەندێك لەو رەفیقانەی جەنابتان بە دیقەت رەنگە نەیانخوێنـدبێتەوە مـاددەی دووەم بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە کەمئەندامانی سەنگەروە نییە بە هـیچ شـێوەیەك کەمئەنـدامانی سەنگەر ناگرێتەوە، کەمئەندامی سەنگەر یاسایەکی تایبەت بە خـۆی هەیە، ئەوە مـاددەی ژمـارە (٣٤) تەنانەت بە شەهیدی زیندووش ناوی بردوون ئیمتیازاتیشیان بە پێی تەسەلسولی سولەمی بەپێی پلەکەی خۆیانبیت، بەپێی ئەمە ئیمتیازاتیان پێ دەدرێت، من خـۆم شەخسـی وەك ئـاوات گـوێم لە گلەیـی نەبـووە بەو مەعنـایە، ئەم خـاڵە ئـێمە لەو نەزرەیە یـا لەم بیرکـردنەوەی کە حکومەتی توێژێکی کـۆمەڵایەتی هەیە نـاوی لێـرە بە کەمئەنـدام و خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت هـاتووە حەسـرە لە سـەر ئەوە ئـاوردانەوەیەکی حکـومەتە بـۆ ئەوەی زرووفیـان بە پێـی ئەو ئیمکانیەتەی لە بەر دەستیە بە پێی ئەوە چاك بکات، هەر بۆیە هاتۆتە ئێرەوە لە فەترەی پێشوودا خۆتـان دەزانـن بە داخەوە ئەم کەمئەنـدامانە یـا ئەم خـاوەن پێداویسـتیە تایبەتـانە بە چەنـد قۆناغێکدا رۆیشتوون وە قەیدکراون، مووچەیـان وەرگرتـووە، راگیـراون، ئیعـادەی نەزەری تێـدا کراوەتەوە بەعزێکیان دەرچوون و ژمارەیەکی گەورەیان کە ماوەتەوە لەم چەنـد مـانگەی ئـێمە هـاتووینەتە نـاو حکـومەت ئیعـادەی نەزەری پێـداکراوەتەوە و حکـومەت بە راسـتگۆیی لە گەڵ وەعــدەکانی خــۆی لە بەرنامەکەیــدا کە ئیعــادەی نەزەری پێــداکردۆتەوە لە حــدودی (١٢٠٠٠) کەمئەنـدام کە ئیعـادەی مـووچەی بـۆ کـراوەتەوە وە جـارێکی دیـکەش (٣٥٠) کەسـی دیـکەش چـاککراوە و کەوتـۆتەوە ئـیش و پێمـوایە لیژانەکانمـان بـۆ ئیعـادەی نەزەر بەردەوامە واشـمان کـردووە لە هەر مەحـافەزەیەك، بـۆ ئەوەی دیقەتـی باشـتری تێـدا بکرێـت خەڵکـی مەحـافەزەکە نەچووە بۆ تەدقیق و تا رادەیەکی باشـیش بە خێرایـی دەڕوات، لە سـەر مەوزووعـی ئیمتیـازات لیـرە نووسـراوە یەك مـووچە و بەخشـین وەکـو لە پێشـەوە هـاتووە کەس لە دوو ئیمتیـازات سوودمەند نابێت لێرە تەئکیدە لە سـەر ئەوە هـیچ کەسێك لە دوو ئیمتیـازات زیـاتر سـوودمەند نابێـت لە سـەر ئەوەی ئەو رێـژەیەی دەخـرێتە سـەر مـووچەکەی هەریەك لەم کەمئەنـدامە یـان پەککەوتە و خـاوەن پێداویسـتی تایبەتیـانە فەرمانبەریشـن حکـومەت وای بیـر لێکـردۆتەوە، بـۆ ئەوەی هەوڵ بدات بە پێی ئیمکانیەت بوون ئەو رێژەیە بەرز بکاتەوە، ئەگەر لە سەر مووچەکەی بێت قابیلی ئەوەیە رێژەی وەرگرتنەکەی بەرزتر بێت، بۆ نموونە ئەگەر ئێسـتا (١٢٠٠٠) یـا (٨٠٠٠) لە کاتێکدا ئەگەر مووچەکەی (٣٠٠٠٠) بوو بە میسال، ئەگەر رێژەی کەمئەندامیەکەی (١٥٠٠٠) بوو

له (٨٠٠٠) یا له (١٢٠٠٠) زیاتر وەردەگرێت ئەوە ئەساسی فکرەکەیە بۆ چاککردنی بارودۆخی ژیانی ئەوان، یەك نوقتەی تر کە گرنگە کە هەمیشە جەنابتان ئەو جیهەتەن و بەشێکن لەو موئەسەسەیە کە مەسئوولیەتی بەڕێوەبردنی وڵاتی لە ئەستۆیە لەگەڵ باقی سەرۆکایەتیەکانی تر کە هەیە، دەبێ ئەوە تێبگەن کە ئێمە دەجوڵێینەوە لە چوارچێوەی ئیمکانیەتەی کە هەمانە پێمان خۆشە، پێمان ناخۆشە، رازین، لێی نارازین ئەمەیە کە ئێستا مەوجوودە ئەوەی کە مەوجوودە، ئێمە لە سەر ئەوە دەجوڵێینەوە، فەقەرەیەکی تر باسی ئەوەتان کردووە یەکێك بگەڕێتەوە بۆ وەزیفە مەقسەد لە کێ؟ مەقسەد لەوەیە بۆ نموونە یەکێکمان هەیە، ئەگەر کەمئەندامە ئەگەر غەیری کەمئەندامە ئەگەر خاوەن پێداویستی تایبەتە کەفائەتێکی بەرزی هەیە ئەگەڕێتەوە بۆ حکومەت چۆن موعامەلەی لەگەڵ دەکرێت بۆ ئەو خەڵکە تایبەتانەیە کە چۆن تەعامولیان لەگەڵ بکرێت ئەوە بۆ موەزەفێکی ئیعتیادی نییە کە بەو تەریقەی کە خۆی تەقاعد بووە جارێکی تر ئیعادە دەبێتەوە ئینجا قانونیش تەنزیمی کردووە هەتا ئیعادە بوون بۆ وەزیفە قانونێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە تەنزیمی کردووە، چەند مەسەلەیەك هەیە تەمەن درێژن بن ژمارەتان زۆرە و تەدەخولەکانیشتان یەکجار زۆر بوو، ئەگەر فرسەتێکم بدەنێ موراجەعەیەك بکەم بۆ ئەوەی هەمووتانم بیر نەچێ بۆتان دووبارە دەکەمەوە حکومەت عەتفی لە سەر ئەم فیئەی موجتەمەع هەمان ئەوعەتفەیە کە جەنابتان هەتانە لە بەر ئەوەشە ئیقدامی کردووە بەو خەتەواتانەی کە لەوەو پێش بۆ چاککردنی زرووفی ئەو (١٢٠٠٠)هەزارە و ئینجا ئەو (٣٥٠)، ئەخیر کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانیش وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ تەسجیلی خەڵکی تازە لەم کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەتیانە تەرحی کرد و پێش نیارەکەی قبوڵ کرا کە ئێمە بێن ئیعادەی دیراسەی بکەین و لە چوارچێوەکەی بسووڕێنەوە، تەئکید لە سەر یەك شت دەکەمەوە کە ئەم داخلکردنە بۆ چاککردنی وەزعی ئەوانە بۆ دروست کردنی شانسێکی ترە بۆ ژمارەیەکی زیاتر لە رێگای ئەم قانونەوە سودمەنبێت وە سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، لیژنە تایبەتمەندەکان.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی کە لە سەر ئەو بابەتە موناقشەیەکی زۆرمان کرد لە سەر مووچەی کەمئەندامان کاتێك بەڕێز وەزیری دارایی هاتە لیژنەی ئێمە گەیشتنە ئەو قەناعەتە کە هەموو ئەندامانی لیژنە لەوێ کە روونکردنەوەکە دروست گەیشت، چونکە ئەوەندە لە سەر ئەو بابەتە بە تایبەت ماددەی یەکەم و دووەم کە بڕگەیەکی تایبەت بوو چوارەم هێناومانەتە ئێرە لە بیرمە ئەندامانی بەڕێزی لیژنەی دارایی کە بەڕێزیشیان لێرە حزووریان هەیە بەڕێز دکتۆر شێرکۆ بەڕێز

كاك سۆران ليزا خان وتی مادەم بەو شێویەیە دیارە زۆر لە مەسڵەحەتیانە، ئێمەش داوا دەكەین هەتا ئەم قسانەی كە داوای زیادكردنی مووچە دەكەن بە پێی ماددەی (٧٩) بڕگەی دووەم كاری پەرلەمانی ئەوەیە كاتێك داوای پارە دەكەیت دەبێت حكومەت رەزامەندی لە سەر هەبێت ئێمەش داوای یەك ملیۆن دۆلار دەكەین بۆ هەر كەمئەندامێك، بەڵام ئەوە حكومەت قەرار دەدات، لە سەر ناو نیشانی بابەتەكە بڕیارمان داوە ئێمە وەكو لیژنەی دارایی سەرۆكایەتی لێرەنە و ئەندامانیش بە گومان نین لە حكومەتی خۆمان ئەگەر وابێت هەموو مووچە و ئیمتیازات لە بودجە دەبێ بێت كە تۆ بودجەت نییە حكومەت دبێ مووچە و ئیمتیازاتەكانی هەموو خەڵك ببڕێت، ئێمە بە گومان نین لەو حكومەتەی لێرە متمانەمان پێی داوە، ئەوەندە گوشارمان كرد لەو بەڕێزانەی كە لێرە دانیشتبوون لە سەر زیادكردنی مووچەی كەمئەندامان و ئەوانەی مووچەیان كەم زەختەكە ئەوەندە زۆر بوو گەیشتە ئەوە بەڕێز وەزیری دارایی كە وتی بە گۆڕی شەهیدان پارە نییە زیاد بكەین، زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ئێستا دەڕۆینە سەر ماددەی چوارەم و دوا ماددە دەبێت بۆ ئەم شەو دوا ماددە دەبێت سبەینێ سەعات دەو نیو دەست پێ دەكەینەوە، بەردەوام دەبین ماددەی چوار بیخوێننەوە فەرموون.

**بەڕێز ریڤینگ محمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بناڤێ خودێ بەشی چوارەم بواری پێشمەرگە و هێزەكانی ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆ

ماددەی چوارەم:

یەكەم: یەكخستن و رێكخستنی یەكەكانی ژمێریاری لە گشت یەكەكانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان رێكخراو و رێكنەخراو لە چوارچێوەی هەیكەلیەتی وەزارەتی كاروباری پێشمەرگە بە یەك یەكەی ژمێریاری كە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بودجە و بەرنامەكانی ژمێریاری سەربازی و سەرپەرشتی وەزارەتی كاروباری پێشمەرگەی هەرێمی كوردستانە.

دووەم:  یەكەكانی ژمێریاری پێویستە لە ژێر وردبینی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی كوردستان و فەرمانگەی چاودێری دارایی هاتووە و لە ماددەی (٣) لە یاسایی ژمارە (١٩) ی ساڵی (٢٠٠٧) یاسایی وەزارەتی كاروباری پێشمەرگە لە هەرێمی كوردستان هاوشێوەی هێزە رێكخراوەكانی سەر بە وەزارەتی ناوبراو بێت.

سێیەم: پێویستە وەزیری كاروباری پێشمەرگە دەسەلاتی تەواوی بەپێی یاسا بەركارەكان بدات بە فەرمانگەی چاودێری دارایی سەر بە وەزارەتی كاروباری پێشمەرگە بۆ وردبین كردنی لیستی پێشمەرگە و دروست كردنی دۆسیەی كەسی بە پێداویستییە یاساییەكانەوە و پێداچوونەوە بە خزمەتی پێشمەرگایەتی لە گشت یەكەكانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان رێكخراو و رێكنەخراو

لە چوارچێـــوەی هەیکەلیەتـــی وەزارەتـــی کاروبـــاری پێشـــمەرگە بە هەمـــاهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی میلاکی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بودجە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری.

چوارەم: پێویستە دەستنیشانکردنی ژمارەی پاسـەوانان بـۆ بارەگاکـان و دامەزراوە حزبیەکـان و هەروەهـا پاسـەوانی پارێزگـاری لە خـاوەن وەزیـفە باڵاکـان و بەرپرسـانی سـەربازی و ئاسایشـی نـاوخۆ بە هەمـاهەنگی بە پێـی پەیڕەوێـك ڕێكبخرێـت كە لە لایەن ئەنجـومەنی وەزیـرانەوە دەردەچێـت ئەوانەی زیـاد دەبـن لە ژمـارەی دیـاری کـراو لەو پەیـڕەوە لە چوارچێـوەی میلاکـی سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە پێی شایستە بوونی خۆیان راژەیان ڕێك دەخرێت.

پێـنجەم: گواسـتنەوەی گشـت پاسـەوانەکان بـۆ سـەر میلاکـی هێزەکـانی یەکەی پاسـەوانی لە وەزارەتی ناوخۆ بە هیچ جۆرێك نابێت پاسەوان لە سەر میلاکی هیچ یەکەیەکی تـری سـەربازی یان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێت جگە لە یەکەی پاسـەوانی سـەر بە وەزارەتـی نـاوخۆ خەرج کردنی مووچەی پاسـەوانی تەنهـا لەلایەن بەڕێـوەبەرایەتی ژمێریـاری وەزارەتـی نـاوخۆ دەبێـت دوایی هاوتاکردن و بە یەکخستنیان.

شەشـەم: پێـداچوونەوە و ڕێکخسـتنەوەی لیسـتی سـوودمەندانی خانەنشـینی کەم ئەنـدامانی پێشمەرگە لە بەر رۆشنایی یاسایی ژمـارە (٣٤)ی سـاڵی (٢٠٠٧) و هەڵوەشـاندنەوەی خانەنشـینی ئەو کەسانە کە بە پێچەوانەی یاسایی ناوبراو خانەنشین کراون.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەم بەڕێزانە ناوی خویان تومار کـردووە ئەگەر یەکیـان لەبیرمـان چووبـوو پێمـان بڵـێ، مامۆستا عبدالستار، کاك باپیر، کاك زانا، کاك رزگار عیسی، دکتۆر ڕێبوار، کاك کاروان، کاك هـاورێ، کاك عثمان سێدەری، کاك سەرکۆ، کاك بەڵێن، شیرین خـان، کـاك بـالانبۆ، کـاك یاسـین، کـاك لقمـان، شیرین خانی تر، کاك کاوە، مژدە خان، کاك مەم، کـاك سـیپان، دکتـۆر کـازم، کـاك رۆمیـو، خـدیجە خان، دکتۆرە گەلاوێژ، کاك شەمول، کاك ئەبوبەکر، کاك دابان، کاك رۆمیو فەرمووو: ئێـوەش مـاوە، کاك سەروان ئەڵێت من یەکەم کەس بووم، ئەوە مونا خـان بیـری ئەچـێ، کـاك شـاخەوان، سـەڵما خان، کاك کاوە، دکتۆر زێدان بەسەر چاو، گولیزار خان، کاك گوران، گوڵستان خانی تر، کاك رۆمیو فەرمووو:

**بەڕێز رۆمیو حزیران نیسان هەکاری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن دوای ئەوەی پشـتگیری لە سـەرجەم بڕگەکـانی ئەم مـاددەیە دەکەم کە هەموویـان بـۆ ئەوە هـاتوون لەسـەر یەکخسـتن و ڕێکخسـتنء تەنـزیم کردنـی ئـیش و کـار و، هەروەهـا یەکخسـتنی لایەنـی ژمێریـاری بـۆ سـەرجەم یەکەکـانی هێـزی پێشـمەرگە، ئەوانەی کە سـەر بە وەزارەتـی پێشـمەرگەنء ئەوانەی لە دەرەوەی وەزارەتـی پێشمەرگەشـن، بەڵام مـن دوو پرسـیارم لا گەڵالە بووە لە برگەی یەکەم یەکخستنء ڕێکخستنەکانی یەکەکانی ژمێریاری لە گشت یەکەکانی هێـزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕێکخراوء ڕێکنەکخراو لە چوارچێوەی هەیکەلیەتی وەزارەتی کاروبـاری

پێشمەرگە لە یەك یەكەی ژمێریاری كە بەڕێوەبەرە گشتی و لە هەموو شوێنێك لە هەموو دونیا دەبێت یەكەكان یەكەم جار بێ سەرەڕای ئەوەی دەبێت تا ئێستا یەك نەخستنی هەموو یەكەكانی پێشمەرگەی كوردستان دەزانم، بەڵام خۆی دەبێ یەكەكان یەكەم جار ڕێك بخرێتەوە دواتر یەكە ژمێركاریەكانی هەر ئۆتۆماتیكییەن ڕێك دەخرێتن، دووەم من پرسیارێكم هەیە هیواداریشم وەڵامەكەی وەربگرمەوە لە بڕگەی چوارەم پێویستە دەستنیشانكردنی ژمارەی پاسەوان بۆ بارەگاء دامء دەزگا حزبییەكانء هەروەها پاسەوانی پارێزگاری لە خاوەن وەزیفە باڵاكان و بەرپرسانی سەربازیء ئاسایشء ناوخۆ هەندێك بەرپرسانی سەربازیء ناوخۆ هەندێك یەكەن دەتوانن لەوێ پاسەوانانی خۆیان هەیە ئەوانە جیاوازن بە رای من لە بارەگا حزبییەكان و شوێنەكانی تر، نازانم بۆچی تێكەڵاو كراون ئەم لایەنانە. زۆر سوپاس

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەروان فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پرسیارێكء پێشنیارێكم هەیە سەبارەت بە ماددەی چوارەم، پرسیارەكەی من لە ئەنجومەن وەزیرانە بە گشتی، بەڵام بە تایبەت وەزارەتی پێشمەرگە، چونكە لە خولی پەرلەمانی كوردستان بڕیارێك دەركرا بڕیاری ژمارە (١٩) كە مووچەی پێشمەرگە هاوتای مووچەی ئاسایشء ئەوانەی لێبكرێت، كە چی تا ئێستا جێ بە جێ نەكراوە، دەمەوێت هۆكارەكە بزانم بەڕاستی، چونكە پێشمەرگە چەند ساڵە چاوەڕێی جێبەجێكردنی ئەو بڕیارەیەء خۆشمان دەزانین پەرلەمانء حكومەت هەیە هۆكار هەبوونی پێشمەرگەیە ئەوە یەك، ئەوەی تریش بە نیسبەت پێشنیار، من پێشنیار دەكەم بۆ ماددەی چوارەم بڕگەیەك زیاد بكرێت ئەویش دانانی لیژنەیەكی ئینسانیء ویژدانی بێت بۆ چی بۆ ئەوانەی حەقی پێشمەرگە دەخۆن، پێشمەرگە پیروزیء سەروەرییە ئەوەی كە بە ناحەق كراوەتە پێشمەرگە، بۆ ئەوەی بن دیوارەكان بە كۆرتی، ئەگەر ئەم لیژنەیە دابنرێت كە ویژدانیء ئینسانی بێت، پێشمەرگەكان جیا بكرێنەوە لە بن دیوارەكان لەوانەیە ئەوەی كە لە بن دیوارەكان دەبڕدرێت بۆ یەعنی ببێتە بار ئاسانیەكیش بۆ حكومەت ئەگەر لەو فیلتەرە ویژدانیە بدرێت دەبێتە كار ئاسانیەك بۆ حكومەت كە مووچە ئەوەی دەبڕێت كە بن دیوارە بێتە سەر مووچەی پێشمەرگە كە دروست پێشمەرگەیەء دروست پێشمەرگایەتی خۆی دەكاتء زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك باپیر.

**بەڕێز باپیر كاملا سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشی چوارەم ماددەی چوارەم من داوا دەكەم بەرچاو روونی بدەنێ لە هێزی ڕێكخراو ڕێكنەخراو، مەبەستیان چییە؟ چەند جارێك دووبارە بۆتەوە با ئێمە بەرچاو روونیمان هەبێ

لەوە، مەبەسیتان لیواکانن کە رێك خراوە یان ئەوانەی دەرەوەی لیواکانن یـان هێزێکـی تـر هەیە رێکنەخـراو نادیـار بێـت، دووەم دەربـارەی بـڕگەی پێـداچوونەوەی خانەنشـینیی کەمئەنـدامانی پێشـمەرگە لەبەر روشـنایی یاسـای ژمـارە (٣٤) هەڵوەشـاندنەوەی خانەنشـینی ئەو کەسـانەی کە پـێچەوانەی یاسـا نـاوبراوە، مەبەسـتی بەس کەمئەنـدامی خانەنشـینییە یـان هـی خانەنشـینی پێشـمەرگە بە شـێوەی گشـتی ئەوانەی کە بە پێـی راژەی خزمەتیـان هـاتوون خانەنشـین بـوون ئەوەش زۆر روون نییە لەوەیدا تیکڕارە، خاڵەکی تر کە بە شێوەیەکی تر دەمەوێـت باسـی بـکەم کە پەیوەندی بە وەزارەتی نـاوخۆء هێـزی پێشـمەرگەوەیە، لە کـاتی ئەرکء وەزیـفەدا پێشـمەرگە مەغدوورە لە کاتی خانەنشینیدا هێزەکانی ناوخۆ مەغدوورن، ئایـا دەتـوانین ئـێمە لەم یاسـایەدا چارەسەری بکەین؟ یان پەنا بەرینە بە بڕیاری ژمارەی (١٩)ی خولی چـوارەم کە لە بـڕگەی (١٧) دا بەداخەوە هات کە دەبێ تا حکومەت باری دارایی باش دەبێت، ئایا بارودۆخی حکـومەت چـاکتر بووە بتوانین هاوتای مووچەکانیان بکەین لە ئەرکـدا و لە خانەنشـیندا هاوتـا بـن هەم هێزەکـانی ناوخۆ، بۆ ئەوەی وەکـو یاسـاکە هـاتووە کە بنەمـای لەسـەر دادپەروەری پەیـرەو بکەیـن، یـاخود دادپەروەری بهێنیـنە دی لە نێـوان ئەو دوو هێـزە کە پـارێزەری ولاتەکەمـانن، لەهەمـان کاتیشـدا باسی ئەوەی دەکەن کە پێم وایە تۆزێـك بـاری دارایـی بە تـایبەتی پێشـمەرگە باشـتر بـووە، یەك ئەگەر بـودجەی سـیادی بێـت کە بەشـێکە لە مەنـزوومەی دیفـاعی عێراقـی کە هەمـوو دەبێـت سوودمەند بێت ئەوەی تریش کە ماوەی چەند ساڵێکە بەشە بودجەیەك کە تەرخانکراوە لەلایەن هێزی هاوپەیمانان کە تەقدیر دەکرێت بە (٢٥) مليـار دينـار يـان (٢٥) ملّيـۆن دۆلار نـازانم بزەبـت چەندە، ئەوە دەبێتە هۆکارێك بتوانین ئەو کەلێنانەی پێ پڕبکەینەوە ویـڕای ئەو چاکسـازییانەی کە دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك رزگار.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پیشتگریێ راپۆرتی هاوبەشی تایبەتمەنـدەکان دەکەم و هەروەهـا پشـتگیری کـاك رۆمیـو دەکەم تەنیا لە بڕگەی چوارەم حەز دەکەم یەك شت زیاد بـکەم ئەگەر بکرێـت پێشـنیاز دەکەم پێویسـتە دەستنیشانکردنی ژمارەی پاسەوانەکان بۆ بارەگا و دامەزراوە حزبیەکانء هەروەها پارێزگاری لە خاوەن وەزیفە باڵاکانء بەرپرسانی سەربازیء ئاسایشی ناوخۆ یـان هەر کەسـێکی تـر ئەمە زیـاد بکرێت یان هەر کەسێکی تر لەسەر ئەساسی مەترسی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەرکۆ.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە کۆتایی لیژنەی دارایی لەگەڵ هاورێیانمان ئەوەندەی ئیمزایان کرد تێبینی هەبوو من لە کاتی نووسینەوەی کۆتا ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی تێبینیم لەسەر دوو خاڵ هەبوو نووسیومە لەسەر ڕاپۆرتەکە یەکیان ئەوە بوو کە پلە باڵاکان ئاستی مووچەیان نزم بکرێتەوەو ئەوە لە راپۆرتەکە نووسیومانە، دووەمیش پەیوەستە بە ماددەی چوارەم، دەڵێن: یەکخستنء رێکخستنی ژمێریاری لە گشت یەکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان رێکخراو و رێکنەخراو لە چوارچێوەی هەیکەلیەتی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە لە یەکێکی ژمێریاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بودجە و بەرنامەکان ژمێریاری و سەربازی سەر بەوەزارەتی کاروباری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانە، پێویستە لێرە بڕگەیەك زیاد بکرێت بۆی کە لەبەر ئەوەی وەزیری پێشمەرگە خۆی لێرەیەء هەم روونکردنەوەیەك بمانداتێ کە بتوانین رێنماییەك ء سەلاحیەتی وەزارەتی پێشمەرگە بێتء ئەو خەمانەء کێشانەی کە لەناو یاساکە توش دەبێت کە وەزارەتی پێشمەرگە بە خۆیان دەزانن چۆن چارەسەر بکرێتء، پێشنیاز دەکەین بڕگەیەك زیاد بکرێت بۆ ئەوەی وەزیری پێشمەرگە رێنماییەك دەربکات بۆ ئەو خاڵە، خاڵێکی دیکە گرنگە بەراستی ئەو کێشانەی لە ناو هێزی پێشمەرگە هەیەء ئەم پرۆژەیە ناونراوە پرۆژەی چاکسازی کە ئێمە ئەفسەرمان هەیە لە کاتی شەڕی داعشدا لە شەڕدا بووە لە جەبهەدا بووەء کاتی پلە بەرزکردنەوە هەبووە، بەڵام تاکو ئێستا پلەکانیان بەرز نەکراوە، ئەگەر ئێمە بمانەوێت هێزەکانی پێشمەرگە رێکی بکەین ء بیکەین بە رێکخراوی بکەین بەڕاستی پێویستی بە پلە بەرزکردنەوە هەیە، ئەفسەرانء کارمەندان بە هەمان شێوەی وەزارەتی ناوخۆ بێت کە ئێمە لە حکومەتێك داین دوو وەزارەتی هەبووە یەك لە رابردوو یەك وەزیری هەبووەء پلە بەرزکردنەوەی وەزارەتی ناوخۆ لە کاتی خۆیدا نەکراوە، بەڵام لە کاتی پلەبەرزکردنەوەی وەزارەتی ناوەخۆ لەکاتی خۆیدا کراو هی وەزارەتی پێشمەرگەش لە کاتی خۆیدا نەکراوە، گرنگە بڕگەیەك زیاد بکرێت کە وەزارەتی پێشمەرگە مولزەم بکرێت بەوەی کە بەو شێوازە بێت لە چوارچێوەی رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە پێویستە بە پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەرانء کارمەندانی هێزی پێشمەرگە لە کاتی وەرزی خویاندا بێت، خاڵی پێنجەم گواستنەوەی گشت پاسەوانەکان، گواستنەوەی گشت پاسەوانەکان بۆ سەر میلاکی یەکەی ئەوانەی لە وەزارەتی ناوخۆ ئەمە پرسیارە لە جەنابی وەزیر کە وەڵاممان بداتەوە جیاوازی مووچە هەیە لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگەء پاسەوانەکانء ناوخۆ و پۆلیس، بۆیە پێویستە لەم گورانکارییە دیسان جیاوازیء مەحسوبیەت و مەنسوبیەت ناکرێت بۆ گواستنەوەی ئەوانەی لە پێشمەرگایەتی لە ئێستادا بە یاسا رێکخراوە کە گواستنەوە نەکرێ لە ناو هێزی پێشمەرگەء ناوخۆدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عثمان سێدەری،

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی چوار بڕگەی پێنج و بڕگەی شەشە من تەحەفوزم لەسەر ئەو دووانە هەیە، کاك سەرکۆ باسی بڕگەی پێنجەمی کرد کە پاسەوانانی هێزی پێشمەرگەء پاسەوانانی هێزەکانی ناوخۆ هەمووی لەویٚ ڕێکدەخرێنەوە، بەڵام ئایا لە رووی مووچەوە یەکسانء هاوتا بکرێت ناکرێت پاسەوانێك مووچەکەی پێنج سەد هەزار بێتء ئەوی تر یەك ملیۆن بێت ئەوە بۆ جەنابی وەزیری ناوخۆء هەروەها لە بڕگەی شەشەم پێداچوونەوە ڕێکخستنەوەی لیستی سوودمەندانی خانەنشینی کەمئەندامانی پێشمەرگە لەبەر رۆشنایی یاسای ژمارە (٣٨) ساڵی ٢٠٠٧ء هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی ئەو کەسانەی کە بە پێچەوانەی یاسای ناوبراو خانەنشین کراون، ئەمە لێرە روونء ئاشکرایە، بەڵام هەندێك لەم کەم ئەندامانە پێشتر لە لیوا و فەوجەکان لە دەوام کردندا بوون، ئەگەر هاتوونە سەر ئێرە ئەم مافە لێیان وەردەگیرێت، پێویستە بگەڕێنەوە سەر یەکەی سەربازییەکانی پێشووتریانء لێرە بە روونی ئەو مافەیان پێ بدرێتء، هەروەها ئەو کەم ئەندامانەش کە کەمئەندامی سەنگەرن، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا بە هۆی قەیرانی داراییەوە نەیان توانیوە ئەم مافەیان بۆیان فەراهەم بکرێت بۆ ئەوانیش رەوا بێت کە لە ئێستا بەدواوە ئەژمار بکرێن وەك کەمئەندامی سەنگەر و ئەو مافانەیان پێ بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ جەنابت، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی چوارەم سەبارەت لە بڕگەی چوارەم لە ماددەی چوارەم کە دەڵێ پێویستە دەستنیشانکردنی ژمارەی پاسەوانان بۆ بارەگا و دامەزراوە حزبیەکان یاخود بۆ خاوەن پلە و وەزیفە باڵاکان، بە داخەوە لە هەرێمی کوردستان دەبینرێت ئەندامی مەکتەبی سیاسیەك یان خاوەن وەزیفەیەك یان پلەیەکی سەربازی بە (٣٠٠) بۆ (٥٠٠) پاسەوانی هەیە وە بەدەر لە وە رێژەیەکی زۆر وەهمی بەدی دەکرێت لە نێو ئەو ریزبەندە لەو پاسەوانانە، بۆیە من پێم باشە یا خود تێبینی ئەوم هەیە سەبارەت بە ژمارەی پاسەوانان بۆ بارەگا و دامەزراوە حزبییەکان هەروەها پاسەوانی خاوەن وەزیفە باڵاکان وە بەرپرسانی سەربازی بە غامزی لەم یاسایەدا تێنەپەڕێنرێت وە دیاری بکرێت وەکو چۆن لە نێوەندی هەموو دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها پەرلەمان بە یاسا رێکخراوە بۆ ژمارەی پاسەوانەکان، بۆیە پێویست دەکات لێرەدا ژمارەی پاسەوانەکان تەحدید بکرێت و روون بێت، وە بۆ بەڕێز وەزیری پێشمەرگە

داوای دوو روونکـردنەوەی لـێ دەکەم سـەبارەت بەوەی بە لیسـتی پێشـمەرگە ئەگەر بکرێـت روونکـردنەوەیەکم بـداتێ وە هەروەهـا ئێسـتاش بەداخەوە ئەمە بەدی دەکرێـت لە نێوەنـدی پێشمەرگەکاندا سزادەدرێن بە هۆی ئەوەی پابەند نابن یاخود بە هۆی پێـدانی ئـابوونەی حیزبـی بە داخەوە ئەوە بەدی دەکرێت، داوا لە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە دەکەم روونکردنەوەمان بـداتێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لێرە لە ماددەی چوار باسی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان رێکخـراو و رێکنەخـراو کـراوە، بەراستی دەبێت لێـرە دیـاری بکرێـت تەحدیـد بکرێـت رێکخـراوە، لێـرە دیـارە ئەو لیـوانەی کەوا هاوبەشن و لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگە مەشقیان پـێ دەکرێـت و سەرپەرشـتی دەکـرێن، بەڵام رێکنەخـراو ئـێمە هەموومـان دەزانـین دوو هێـزن هێـزی حەفتـا و هەشـتا بە داخەوە کە تـاوەکو ئێستاش دوو هێزی حزبین و حزب سەرپەرشتیان دەکەن و بە هیچ شێوەیەك لە ژێـر هەیـمەنەی وەزارەتی پێشمەرگە نین و لە ژێر فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگە نین، بۆیە من پێشنیار دەکەم بە راستی من حەز دەکەم بە تەحدیدی یەکەی حەفتا و هەشتا بە فاسیلەیەك لە تەنیشتی رێکخـراو و رێکنەخراو بنووسرێت، بـۆ ئەوەی لە دوای پەسـند کردنـی ئەم پـرۆژەیە وەزارەتـی پێشـمەرگە مولزەم بکرێت بەوەی کە بە زووترین کات ئەم دوو هێزە بخاتەوە سەر وەزارەتی پێشمەرگە و لە ژێر دەستی حزب دەربێت، خاڵی دووەم پێشنیار دەکەم ماددەیەك زیـاد بکرێـت لە دوای مـاددەی پێنجەم کە بڵێت پێویستە خانەنشینکردنی هێزەکـانی نـاوخۆ و ئاسـایش هاوشـێوەی هێزەکـانی وەزاتی ناوخۆی عێراق بێت، واتا ئەو یاسایەی لە عێراق سەبارەت بە خانەنشینکردنی هێزەکانی ناوخۆ جێبەجێ دەکرێت هەمان یاساش لە هەرێمی کوردستان جێبەجـێ بکرێـت، چـونکە وەکـو دیارە لە ئێستا دا کەمترین مووچەی خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایشن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، رۆژان خان فەرموو.

**بەریز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بەشی چوارەم هەر لە سەر ناونیشانەکە من تێبینیەکم هەیە دەڵێ بواری پێشـمەرگە و هێزەکانی ئاسایش پـۆلیس و نـاوخۆ، بەڵام لە نـاوەڕۆکەکەدا باسـی هێزەکـانی ئاسایشـی تێـدا نیـیە بەو جـۆرەی کە پێویسـتە و ئەمە یاسـای چاکسـازییە و خانەنشـینی و دەرمـاڵە و مـووچە دەگرێتەوە، پێشـنیار دەکەم هێزەکـانی ئاسـایش کە ناونیشـانەکە دەربکرێـت یـان بـڕگەیەك زیـاد

بكرێت بە خانەنشینكردنی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ وەك ئەوەی كاك كاوە پێشنیاری كرد و پشتیوانی پێشنیارەكەی ئەو دەكەم وە پێشنیارێكی ترم ئەوەیە كە بڕگەیەكی تر زیاد بكرێت، سەبارەت بە مووچەی پێشمەرگە دوایی وردبینی كردن و ڕێكخستنەوەی لیستی پێشمەرگە و دروستكردنی دۆسیەی كەسی بە پێداویستییە یاساییەكانەوە مووچەكانیان هاوتا بكرێت بە هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ و دەرماڵەی بڕوانامە و هاوسەرگیری و منداڵیان بۆ ئەژمار بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو پێشنیارم هەیە یەكەم، سەبارەت بە ماددەی چوار بڕگەی یەكەم ڕێكخستنەوە تەنیا یەكەكان لە یەكەیەكی ژمێریاری نەبێت، بەڵكو بۆ مەسەلەی كارگێریش بێت كە ئەو هێزە ڕێكخراو و ڕێكنەخراوانە لە ڕووی كارگێڕی و ژمێریاریەوە یەك یەكەی تایبەتیان هەبێت لە ژێر ئاڕاستەی وەزارەتی پێشمەرگەدابێت خاڵێكی ترم ڕاستیەكەی زۆرێك لە هاوڕێكانم ئاماژەیاندا مەسەلەی یەكخستن و هاوتاكردنی مووچە وخانەنشینی و ئیمتیازاتی پێشمەرگە و هێزەكانی ناوخۆ و پۆلیس و ئاسایش بێت كە نابەرانبەریەكی زۆر هەیە لە ڕووی مووچەوە، دوایش لە ڕووی خانەنشینكردنیان داواكارییەكی زۆریش لەمە هەیە كە لە پەرلەمان ئەمە ڕێك بخاتەوە، هیوادارم ئەمە پەسند بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، كاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەم یاسایە بە چاك دەزانم و دەست خۆشیشیان لێ دەكەم، بەڵام چەند پێشنیارێكم هەیە یەك هێزی پێشمەرگە بكرێتە هێزێكی نیشتیمانی هێزی حزبی نەمێنێت هیچ حزبێك لە كوردستان بۆی نەبێت هێزی پێشمەرگەی هەبێت حەفتا و هەشتا یەعنی چی؟ با ببێتە هێزی پێشمەرگەی نیشتیمانی، دوو هیچ كەسێك حیزبی بۆی نەبێت فەوجی هەبێت فەوجی فلان كەسی یەعنی بەراستی بێتام بووە، هەر كەسێك دەبێتە ئامێر لیوا چەند مێكزەمینی لە دوای دەڕۆن ئاسایش و پۆلیس یەعنی ئێستا ئەو قسەیەی دەكەم زۆرتان پێ بەسیتە، بەڵام بە جددی ئاسایش و پۆلیس لەگەڵ پێشمەرگەی هی ناوچەی سەوز و زەرد ڕەنگی جلەكانیشیان جیایە ئاسایشی كوردستانە بەڕێز وەزیری ناوەخۆ دەبێت یەك جۆرە جل و بەرگ هەبێت ناكرێت ئەو نەوعەك بێت ئەوی تر نەوعێكی تر بێ پیاو لێی تێك دەچی، پێشنیار دەكەم بە هیچ شێوەیەك

سزای سیاسی نەمێنێت کاتێك پۆلیس یان ئاسایش دەنگ بە لایەنێك دەدات لە کاتی هەڵبژاردن بەرپرسەکان بەکاریان دێنن لەبەر سزای سیاسی ئێستاش ئێمە وەك بزووتنەوەی گۆڕان زیاتر لە (٣٥٠) کەسمان هەیە کە نان بڕاو کراوە، یەعنی بەراستی نابێ بمێنێ ئەوە دەبێ لەو یاسایەدا جێی بکرێتەوە، شتێکی تر زۆر ناشرینە پێشمەرگە زۆر پیرۆزە داوا لە وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم بەهیچ شێوەیەك جاش و موستەشار کە ئەنفالیان کردووە حیمایەیان نەبێ بە ناوی پێشمەرگە ئەوە نابێ حیمایەی جاش و موستەشارەکان بن، پشتگیری لەکاك سەرکۆ و کاك عوسمان و کاك کاوە و گولستان خانی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، خەدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی شەشەم پێم وایە بویتە جێی نیگەرانی ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگە بەرێزەکان بۆ نموونە پێشمەرگەمان هەیە کە چل بۆ پەنجا ساڵ خزمەتی پێشمەرگایەتی هەیە، پێشتریش بریندار بووە وەك کەمئەندامی سەنگەر خانەنشین بووە، پێشتر لە راپۆرتی پزیشکی دەرچووە بەرێژەی بۆ نموونە لە ٦٠% یان ٧٠%، بەڵام دووبارە پێش فەترەیەك لیژنەی پزیشکی پێکهێنراوە لە وەزارەتی پێشمەرگە بە هۆی تێپەربوونی کات، برینەکەی وەکو خۆی نەماوە ئەوەش تەئسیری لێکردیە، وەی لێکردیە کە ئەو رێژەیە کەمببیتەوە ببێتە خاریێ لە ٥٠% ئەمەش بوویتە هۆی ئەوەی کاریگەریەکی زۆر خراپ لێ بکات مووچەکەی بە رێژەیەکی زۆر بێتە خاریێ و، هەیە نەگەیشتۆتە ئەوە بە نسبەت ئەوانەی کە خزمەتیان زۆرە وتەمەنیان ئەوەیە خانەنشین بوون، بەڵام هەندێکیش هەیە بە هۆی کەمئەندامی خانەنشین بووینە ئەوانەش تەئسیریان لێکردووە وای کردووە کە گەیشتوونە خوار رێژەی پەنجا داوایان لێکراوە بگەڕێنەوە سەر دەوامی خۆیان و لە وەحدات سابیتە بە پێی یاسای ژمارە (٣٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ لەوێ دەوام بکەن، بۆیە پێم باشە ئەگەر جەنابی وەزیری پێشمەرگە روونکردنەوەیەك لەسەر ئەم حاڵەتەدا بکات، کە ئایا ئەو راپۆرتە پزیشکانە کە بەم شێوازە تەئسیر لەو پێشمەرگە برینداڕانە کردیە؟ ئایا بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرێت ئەو بابەتە یان بە تێپەربوونی کات بەو شێوازە تەئسیریات لێ کردییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا مەلا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوو گرفتی ئەساسیمان هەیە کە باسی بکەین تایبەت بە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی ئاسایشی و پۆلیسی ناوخۆ، یەکەمییان ئەوەیە کە بەشێك لە یەکەکانی هێزەکانی

پێشمەرگە مووچەکانیـان هاوتـا نیـیە تـاکو ئێسـتا، بـۆیە پـێم باشـە لە بـڕگەی یەکەمـدا کە بـاس یەکخستن و ڕێکخستنی یەکەکانی ژمێریاری لەگشـت یەکەکـانی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان دەکەیـــن ریکخـــراو و ڕێکنەخـــراو لە دوای ئەمە وشـــەیەك ئیـــزافە بکرێـــت و هاوتـــاکردنی مووچەکانیان، چونکە ناکرێـت لە نێـوان دوو یەکەدا لە نێـوان دەزگـای پێشـمەرگەدا تـاکو ئێسـتا مـووچەی هیزەکـانی پێشـمەرگەی کوردسـتان وەك یەك نـین و هاوتـا نەکـراون و، لەگەڵ هەمـان برگەدا دێڕێك زیـاد بکرێـت لەگەڵ هەمـان بـڕگەی یەکەم لە مـاددەی چـوارەم کە دەڵێـت بـودجە وبەرنامەکان ژمێریاری سەربازی سەر بە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەی هەرێمی کوردسـتان کە بە پێـی پەیڕەوێـك لە لایەن ئەنجـومەنی وەزیـرانەوە دیـاری دەکرێـت ئەمە ئیـزافە بکرێـت و، خالێکی تر کە گرفتە تـاکو ئێسـتا پرسـی خانەنشـینیە لە هێزەکـانی ئاسـاییش و پۆلیسـی نـاوخۆ ئەمە ئەگەر لەم یاسایەشدا ئێمە ناتوانین جێگای بکەین، ئەوا جێگـای خـۆیەتی کە بە یاسـایەکی تایبەت لێرە لەم پەرلەمانە بەرێزەوە دەربچێت، چونکە ناکرێت کارمەندێکی ئاسایشی ناوخۆ یان پۆلیس دوای (١٥) سـاڵ خزمەتکـردن جـارێکی تـر بگەرێـتەوە خانەنشـین بکرێـت بە (٢٥٠) هەزار دینار کە ئەمە جێگـای خـۆیەتی کە ئەمە موعـالەجە بکەیـن، لێـرە بـڕگەیەك زیـاد بکرێـت بـۆ ئەم ماددەیە، جگە لەم دەزگا و کەسانەی کە لە برگەی چوارەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە هیچ کەسێکی تـــر بـــۆی نیـــیە پاســـەوانی هەبێـــت، چـــونکە لە بـــرگەی چوارەمـــدا باســـکراوە کە پێویســـتە دەستنیشـانکردنی ژمـارە پاسـەوانان بـۆ بارەگـاو دامەزراوە حزبیەکـان و هەروەهـا پاسـەوانی پارێزگاری لە خاوەن وەزیفە پلە باڵاکان و بەرپرسانی ئاسایشی نـاوخۆ تـا ئێـرە ئەو بـڕگەیەی کە مەبەستمە زیادبکرێت جگە لەمانەی کە ناویان هاتووە و هـیچ کەسـێکی تـر بە بیـانۆی ئەوەی بە هەر ناوێك ناوی لێدەنێی ژمارەیەك پاسەوانی هەیە، پێویستە پاسەوانی لێوەربگیرێـت، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت. مامۆستا عبدالستار فەرموو،

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله مـــن دەستخۆشـــی دەکەم بە تـــایبەتی لە یەکخســـتن و هاوتـــاکردنی مـــووچەی یەکەی پاسـەوانەکان کە تـا ئێسـتا جیـاوازیەکی زۆر هەبـووە، هەم رێـك دەخـرێن و هەم هاوتـاکردنی مووچەکانیان دلخۆشیە بۆ ئەوان، بەڵام لە هەمان کاتدا دیارە ئـێمە لەو رێکخسـتن و یەکخسـتنە کۆمەلێك پاسەوان دەردەکەوێـت کە تـا ئێسـتا دەوامییـان نەکـردووە، بـا بەو تەعبیـرەی بیلـێم و لەوانەیە بەرپرسـێك سـوپایێك پاسـەوان و حیمـایەی هەبێـت خزمەتـی خـۆی و دار و ڤـێلا و باخەکەی پێبکات ئەوانە دەگەرێننەوە، بە راستی من پێشـنیاریکم هەیە پێشـنیارەکەم ئەوەیە کە لەم وڵاتەی ئـێمە ئێسـتا (٦٤) کۆمپانیـای سـکیوریتی هەیە بـۆ پاراسـتنی کێلگەکـانی نەوت بـۆ مۆلەکان، ئەگەر ئێمە بێین ئەم پاسەوانانە رێکخەین لەم بەرپرسانە و لە شوێنەکانی کە بێ کەڵك هەیە مەسـەلەن یـان لە مـاڵی خـۆیەتی بیـانهێنین و ئەم کارەیـان پێـبکەین داهـاتێکی بـاش بـۆ

حکومەت دەگەڕێتەوە دەچێتە خەزینەی حکومەت دەتوانین بۆ شتێکی دیکە بەکاری بینین ئەمە یەك ووردەکاریەکە با دوای باس بکرێت، دوو ئێمە لێرەدا باس کرا باسی هێزی رێکخراو وهێزی رێکنەخراو کراوە، هەموومان دەزانین یەعنی چی هێزی رێکخراو هێزی رێکنەخراو، بە راستی من بە دروستی نازانم ئێمە یاسا دەردەکەین لێرەدا دان بەوە بدەین کە هێزی رێکنەخراودا هەیە، بۆیە ئێمە لێرە لە جیاتی ئەوە یاسا دەردەکەین کە ئیجباریان بکەین کە پێویستە ئەم هێزە رێکبخرێت نەك ئێمە تەکریسی بکەین شەرعیەتی پێ بدەین، نەك بلێین ئەم هێزە با رێك بخرێت، بەراستی ئەمن لەگەڵ هەندێك لە سەرنجەکانی کاك یاسینم و لەگەل برادەرەکانی تر باسیان کرد کە پێویستە ئەمە ئەوە بکرێت، پشتگیری ئەم پێشنیارەش دەکەم رەنگە موزاعەفاتی دارایی هەبێت، بەڵام ئەوە داواکاری هەموو هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش و پۆلیس و ناوخۆیە کە خانەنشین وەك عیراق لێبکرێت، بەراستی ئەمن پێشنیار دەکەم کە وەك عیراقی لێبکرێت مووچە و خانەنیشینیان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ زۆر سوپاس فەرمووو کاك لقمان.

**بەرێز لقمان حمد حاجی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوار یەکخستنەوە و رێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایشی و ناوخۆ کارێکی دروستە و هەنگاوێکە جێگای دەستخۆشییە، بەڵام لە چوارچێوەی ئەو هێزانەدا برادەرانمان لە پێشتر ئاماژەیان بە دوو وەحدە دا کە فەرمانـدەی هێزەکانی (٧٠) و فەرماندەی هێزەکانی (٨٠) حەز ئەکەم بۆ هەموو لایەك روون بێت کە ئەم هێزانە هێزی نیشتمانین و ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ قۆناغەکانی شەری داعش زۆرترین شەهیدەکانی پاراستنی خاکی هەرێمی کوردستان لە ریزەکانی هێزەکانی فەرماندەی (٧٠ و٨٠) بوون، بۆیە ناکرێت لێرە وەك دوو هێزی حزبی ناوبنرێن بۆیە پێشنیاز دوکەم هێزی حیزبی لە پرۆتۆکۆل بسرێتەوە، دوو سەبارەت بە پێشمەرگە دوای یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە چوارچێوەی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە پێشنیاز دەکەم لە ئێستادا لە چوارچێوەی فەرماندەیی هێزەکانی (٧٠ و٨٠) دا پێشمەرگە بێ بەشە لە زەوی، پێشمەرگە دەرماڵی هاوسەرگیری بۆ نابەسترێت، پێشمەرگە دەرماڵەی منداڵەکانی بۆ نابەسترێت، پێشمەرگە بروانامەی بۆ حساب ناکرێت، بۆیە وەزارەتی پێشمەرگە مولزەم بکرێت کە لەچوارچێوەی دوای یەکخستنیان هەموو ئەو ئیمیازاتانەی بۆ رێکبخات، هەروەها پێشمەرگە ئەو هێزەیە کە زۆرترین خەتەری لەسەرە، بەڵام دەرماڵەی مەترسی بۆ سەرف ناکرێت ئەمە بەراستی ناحەقییەکی گەورەیە بەرامبەر بە پێشمەرگە ئەکرێت سەرەڕای ئەوەی برادەرانمان باسیان کرد هێزەکانی ناوخۆش لە روی خانەنشینییەوە زۆر مەغدوورن، پۆلیسێك ئەگەر (٣٠) ساڵ خزمەتی هەبێت بە (٢٣٠) هەزار خانەنشین دەکرێت کە

ئەمە غەدرێکی گەورەیە، ئومێدەوارم راست بکرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە پشتیوانی لە بۆچوونی هەڤاڵەکانمان کاك سەرکۆ گەلاڵی کاك عوسمان سێدەری و رۆژان خان و کاك زانا مەلا خالید دەکەم و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك شەمۆل فەرموو.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادده (٤) مادام ناونیشانی پرۆژەکە ووشەی خانەنشینی تێدایە و، ئەو ماددەیەش پەیوەستە بە هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ، بە پێویستی دەزانم یاسای خانەنشینی پۆلیس و ئاسایش چارەسەر بکرێت، چونکە پۆلیس و ئاسایشمان هەیە لە دوای چەندین ساڵ خزمەت ئینجا بە (٢٤٠) هەزار بەرەو سەرەوە خانەنشین دەکرێن و، جگە لەوانەش هاوتا کردنی مووچەکانی هێزەکانی پێشمەرگە بە هێزەکانی بەرگری عێراق بەخشینی کور و کچی پێشمەرگەی دێرین لە کەرتی خوێندن و تەندروستی و، جگە لەوانەش پشتیوانی لە وتەکانی کاك سەروان کاك سەرکۆ کاك عوسمان سێدەری، رۆژان خان، کاك زانا کاك لوقمان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە بەراستی سێ رەهەندی هەیە، یەکەمیان دروستکردنی یەکەیەکی ژمێریاری موەحەد و، یەکەیەکی پاسەوانی موەحەد هەنگاوێکی زۆر باشە، بەشی دووەم ئێمە باسی چاکسازی دەکەین چاکسازی لە بواری پێشمەرگە وئاسایش دوو رەهەندی گرنگ ئەگرێتەوە، یەکەم دەبێت ئێمە ئایا حکومەت تەحدیدی ژمارەی پێشمەرگە و هێزەکانی مەنزومەی سەربازی گشتی بە ئاسایش و بەدژە تیرۆر و بە هەمووە بکەین، ئایا هەرێمی کوردستان پێویستی بەچەند کەس لەم ژمارەیە هەیە؟ کە من قسەی وەزیرێکی بەرێز ئەگێرمەوە کە ئێستا لێرە ئامادەیە ناوەکەی ناهێنم کە ژمارەی هێزی چەکدار لە کوردستان لە قواتی بەری عیراق زیاترە، دووەم ئەم هێزانە دەبێت خۆمان نەشارینەوە ئەبێت بە پیشەیی بکرێن و دەبێت بە نیشتمانی بکرێن و بەدامەزراوەیی بکرێن بە نیشتمانی کردنی هێزی پێشمەرگە مەنزومەی سەربازی لایەنی کەم پێویستی بە (٤) بۆ (٥) مەرج هەیە دەبێت ئەم هێزانە لە ململانێ و رکابەری حیزبی وسیاسی بەکار نەهێنرین، دەبێت فەرماندەکانیان خۆیان تەرشیح نەکەن بۆ هەڵبژاردنەکان، دەبێت دەرگای کۆلیژەکانی پۆلیس بەردەم رۆلەکانی نیشتمان کراوە بن، نەك ئێستا لەسەر بنەمای مەحسوبیەت و تەزکیەی حیزبی ئەفسەرەکانیان وەردەگیرێن، چوارەم دەبێت پێشمەرگە و

هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لەسەر بناغەی عەقیدەیەکی نیشتیمانی کوردستانی جارێکی تر پەروەردە بکرێتەوە و پێویستیان بە پەروەردە کردن هەیە، بە داخەوە ئەم یاسایە باسی ئەو دوو رەهەندە گرنگەی نەکردووە، باسی خانەنشینی کەمئەندامی سەنگەری کردووە، بەڵام باسی یاسای ژمارە (٣٣) و یاسای ژمارە (٣٨) نەکردووە کە هەردووکیان لەسالی ٢٠٠٧ دەرچوون، دەبوایە لێرەش باسی کردبایە چ پێوەرێك هەیە کە ئەم ووردبینییە دەکرێت کە پێشمەرگەی راستەقینە وەك کاك یاسین باسی کرد ئەوانەی کە تێی خزێنراون هاتونەتە ناو ئەو هێزانە پاککردنەوەیەکی راستەقینە رووبدات و ئەوەی کە پەیوەندی بە یەکەی پاسەوانی هەیە، من هەر قسەی وەزیرێك ئەکەم حیزبی سیاسی هەیە لەم هەرێمە لە قەزایکدا ( ٥٠٠ ) دەنگی هێناوە کەچی (١٨٠) پاسەوانی بۆ تاعین کراوە هەر یەك لە وەزیرە بەرێزانەی لێرە دانیشتوون، بۆیە دەبێت هەم مووچەکانیان رێك بخرێت و پلە بەزر کردنەوەکەشیان بۆ ئەنجام بدریت کە چەند ساڵانێکە راگیراون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ زۆر سوپاس، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەرێز بەڵێن اسماعیل حاجی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ماددەیە هەموو ماددەکان گرنگی خۆی هەیە، بەڵام ئەم ماددەیە یەکێکە لەو ماددەیە هەرە گرنگەکانی ئەم پرۆژە یاسایە، دەستخۆشی لە وەزیری پیشمەرگە و وەزیری ناوخۆ دەکەم بەتاییەت لە وەزیری ناوخۆ کە لە لیژنە ئامادەبوو روونکردنەوەی زۆر پێویستی دا، زۆر تێبینی هەبوو لەسەر بڕگەو ماددەکان، بەڵام روونکردنەوەکانمان یەعنی بەرچاومان ڕوون بوو، ئەم ماددەیە بەڕێزت دەرفەتت دا بۆئەوەی کە ئەگەر هەندێك قسە کراوە بەڕاستی پەیوەندی بەو ماددەوە نەبوو، چونکە لە ماددەکەدا هیچ شتێك نابینم دەربارەی مووچەو ئەوانە، بەڵام هەروەکو باسکرا ئێمەش مەجبوورین ئەو تێبینیانەی کە هەیە بیلێین، ئەویش ئەوەیە وەکو کاك زاناش باسی کرد پەیوەندی بە ناوەرۆکی ئەو ماددەیەوە نییە، بەڵام مەسەلەن هاوتاکردنی مووچەی کارمەندانی مەدەنی و کارمەندانی سەربازی لە وەزارەتی ناوخۆ بەرزکردنەوەی مووچەی خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، هاوتاکردنی مووچەی پێشمەرگەو هێزەکانی ناوخۆ، ئەمە هەمووی داواکاری خەڵکە هی ئەو هێزانەیە کە داوا لە ئێمە دەکەن رێکی بخەین، بەڵام بەڕاستی زۆر تەرکیزمان نەخستبووە سەر، لەبەرئەوەی پەیوەندی بەو ماددەیە نییە، بەڵام بەشێکی زۆر هاورێیان باسیان کرد، بۆیە ویستم تەرکیزی بخەمە سەر، ماددەی چوارەم کە ئەمن کاتی خۆشی لەگەڵ بەڕێز وەزیری ناوخۆ باسمان کرد مەسەلەی ئەو پەیڕەوەی کە لە ئەنجومەنی وەزیران دەردەچێت، بەس بۆ بیر خستنەوە باسی ئەوە دەکەم کە ئەو بارەگە حیزبیانە ئەمە کە لێرە ئیشارەتی پێداوە دەست نیشان کردنی ژمارەی پاسەوان بۆ بارەگە

حیزبیەکان، لەڕاستی پێویستە تەحدید بکرێت، یەعنی کوچەو کۆڵانی هیچ شارێك، لە هەرسێ شارە گەورەکە بێجگە لە قەزا و ناحیەکان پڕکراون لە دەیان بارەگای حیزبی بەناوی جیاجیاوە، کە ئەوە کولفەیەکی زۆر زۆری حکومەت دەبات بۆ دابین کردنی پاسەوان بۆ ئەو هەموو بارەگا حیزبیانە، لەبەرئەوە من پێشنیاری ئەوە دەکەم لەو پەیڕەوەی کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت هەر حیزبەو بەپێی قورسایی و سەنگی خۆی، ژمارەی پاسەوانەکانی بۆ دیاری بکرێت. بڕگەی پێنجەم پێشنیاز ئەکەم بکرێتە دوو بەش بەشێکی خاڵی یەکەمی ئەوەی کە لە بڕگەکە هاتووە خاڵی دووەمی بۆ زیاد بکرێت ئەویش دامەزراندنی کۆمپانیایەکی سکیورتی بۆ حکومەت کە لەو ڕێکخستنەوەیەی کە ئەیکات بێگومان بەشێکی زۆری لە میلاکات لە پاسەوان دەگەڕێتەوە ئەوە بەکاربهێندرێت، بۆ ئەوەی کۆمپانیایەکی تایبەت سەر بە حکومەت بۆ سکیورتی دابمەزرێت لەبەر ئەوەی بە ڕاستی یەکێك لە گەندەڵییە گەورەکان کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە مەسەلەی کۆمپانیا سکیورتییەکانە کە ئەوانە بە راستی ئێ مەسئولن یان یان هی کوڕە بەرپرسەکانن نەك بوون بە سەرچاوەی گەندەڵی بوون بە سەرچاوەی نائیستیقراری ئەمنی و هەڕەشە لە خەڵك ئەکەن، سەرانە لە خەڵك دەستێنن لە ژێر ناوێکی یاساییدا. کۆتا خاڵ کە دەمەوێت باسی کەم ئەوەیە کە ئێمە هەموومان ئەزانین هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ڕێکخراو و بە ڕێکنەخراوییەوە هەموومان ئیعتیراف لەسەر ئەوە ئەکەین ئەمانە هێزێکی نیشتیمان پەروەرن هێزەکانی (٧٠و٨٠) ش، من کوڕی پیاوێکم کاك شۆرش کە جەنابی وەزیری پێشمەرگە ئەزانێت، کاك عوسمان سێدەریش لێرەیە دەزانێت (٣٠ یان ٤٠) ساڵە خەباتی پێشمەرگایەتی هەیە، فەرماندە بووە لە شاخ، بەڵام ڕاستییەك هەیە ئەبێ دانی پێدا بنێین هێزەکانی (٧٠ و٨٠) ڕاستە هێزی نیشتیمان پەروەرن، بەڵام بیرمان نەچێ هێزی حیزبین، هەتا ئیعتیراف نەکەین لەسەر ئەوەی هێزی حیزبین و ئەمانە لە پرۆتۆکۆڵ بسڕێتەوە ناتواندرێت برینەکە ساڕێژکەین هێزێکی نیشتیمان پەروەرن، بەڵام لە ژێر فەرماندەی حیزبەکانن وەکو مامۆستا ئەبوبەکر هەڵەدنی ڕوونی کردەوە، پێویست دەکات ئەم ئیعتیرافە بکەین، ئەم ماددەیە لێرە هەنگاوێکی گرنگە بۆ ئەو مەسەلەیەو دەستان خۆش بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت. کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەوانەیە خۆمان بە دڵسۆزتر نالێین دەزانین، بەڵام هاوڕێکانیشمان وەکو ئێمە دڵسۆزن، بەڵام ئەبێت لە هەڵبژاردنی ووشەکان کەمێك بە حەزەر و بە وریاییەوە مامەڵە بکرێت، یەکەم ناوهێنانی یەکەی حەفتا و هەشتا بەم جۆرە بە ڕاستی لای ئێمە قابیلی قبوڵ نییە، شەهیدەکانی ئەوان هێشتا کفنەکانیان زەرد نەبووە، ئەمێنێتەوە ئەوەی کە کاتێك باسی پێشمەرگە ئەکرێت با

نەوترێت هێزی نانیشتیمانی، پێشمەرگە هەمووی نیشتیمانییە، بەڵام ئەکرێت بڵێین ئەم هێـزە بە دامەزراوەیی بکرێت، دامەزراوەیی کردن فەرقە لەگەڵ نیشتیمانی بوون داواکارم لە بەڕێزت ئەو ووشانە بسڕیتەوە لە پرۆتۆکۆل کە پێشمەرگە بە نانیشتیمانی ناو بنرێت، چونکە بە هیچ جۆرێك قبوڵی ناکەین ئەمە قابیلی قبوڵ نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت. کاك پێشەوا فەرموو.

لە هەر شـــوێنێك وشـــەی نانیشـــتیمانی بەکارهاتبێـــت بێگومـــان دەیســـڕینەوە، بەڵام وشـــەی نانیشتیمانیمان گوێ لێ نەبووە.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

ئەگەر سەیری بکەنەوە بە کارهاتووە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بێگومان تەماشای دەکەینەوە، ئەگەر بەکارهاتبوو دەیسڕینەوە، سوپاس بۆ جەنابت، کـاك سـیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك کاوە عبدالقادر دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر کاظم فەرموو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە قسەکانی کاك کاوە عبدالقادر دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای دکتۆر کـاظم، فەرمـوو نـوقتەی نیزامیتـان هەیە؟ دوو کەس لێـرەوە وەردەگـرین، فەرمـوو قسە بکە، کاك کاروان.

**بەڕیز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەداخم لە پەرلەمانێك کە بەخوێنی شەهیدان و بازو گیـان بـازی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان دەپارێزرێت، باس لە هێزی راستەقینەو هێزی ڕێکخـراو ڕێکنەخـراو دەکرێـت، هێـزی (٧٠) و (٨٠) ئەو هێزە بوون کە قوربانیان دا بۆ ئەم خاکەو، لەکاتی داعشیش ئەم هێـزە بـوو کە تـوانی خـاکی کوردستان بپارێزێت، وجودی ئەو پەرلەمانەی کە ئێستا ئێمە قسەی تێدا دەکەین بتوانێـت وەکـو خۆی بمێنێتەوە، بۆیە تکایە هەموو وشەکان لە پرۆتۆکۆل بسـڕنەوە، تکـا دەکەم وەکـو سـەرۆکی

پەرلەمان، وەکو سەرۆکی گەل لێرە ڕێگا بەوە نەدەی کە کەسانێك هەبن موزایەدە بە خوێنی شەهیدان و پێشمەرگەکانمان بکەن، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم دووفیئەی زۆر گرینگ لە هەرێمی کوردستان وجودیان هەیە، کە فیئەی پێشمەرگە و فیئەی هێزی ئاسایشی ناوخۆن، لەحالەتێکدا ئێمە لە مەنتیقەیەك دەژین، لە مەنتیقەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە کە مەنتیقەیەکی گەرمە، هەمیشە ئەم دوو هێزە بە فریای گەلی کورد کەوتوون، پارێزگاری مەنتیقە جیاکانی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستانیان کردووە، بۆیە ناکرێت نادیدە بگیرێن، من پێشنیار دەکەم وەکو برایە بەڕێزەکانم پێشتر ئاماژەیان پێکرد، کار بکرێت لە ڕێگای وەزیری پێشمەرگەو تیمی وەزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٩ بۆ هاوتاکردنی مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، کە ئەمە خاڵێکی زۆر گرینگ و وەرچەرخان دەبێت بۆ ژیانی پێشمەرگە، دووەم پێشنیار دەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێت، کە زۆر بە پێویستی دەزانم کە ژیان و گوزەرانی پێشمەرگە لە حالەتێکی زۆر خراپ دایە، ئەم بڕگەیە ئیزافە بکرێت بۆ ماددەی چوار، ڕێکخستنەوەو زیادکردنی مووچەی پێشمەرگەی کوردستان، لە ئەنجامی هەر چاکسازیەکی گشتی گەڕاندەوەی هەر بڕێك بۆ خەزێنەی گشتی لە ئەولەویەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت، سەرباری ئەمانەش فیئەی دووەم کە فیئەی ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆیە بەگشتی، ناکرێت بەمشێوەیە مووچەکانیان بەوشێوەیە بێت، کاتێك کە خانەنشین دەکرێن پلە باڵایەك (٥) ملیۆن مووچەی بێت، بەڵام ئەندامێکی ئاسایشی ناوخۆ ماوەی (٣٠) ساڵ خزمەت کردن مووچەی (٢٥٠) هەزار بێت، حەقە ئەم ناعەدالەتیە کۆتایی پێ بهێندرێت، لەم یاسایە بە فیعلی جێگای بکرێتەوە یانیش بگەڕێنەوە بۆ پرۆژە یاسایەی کە لەلایەن پەرلەمانتارانەوە واژووی فیعلی بۆ کراوە، بۆ چاککردنی ئاسایشی هێزەکانی ناوخۆ و خانەنشین کردنیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بالانبۆ فەرموو.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی ئەمەویێت باس لەسەر ئەوە بکەم، ئەم بابەتە ئەوەندەی لەسەرەوە باسکراوە، بواری پێشمەرگەو هێزی ئاسایش و پۆلیس و ناوخۆ، ئەوەندەی گرینگی بە بواری دارایی دراوە، ئەوەندە بە بواری نەتەوەیی نەدراوە، بۆیە من پێشنیاردەکەم ماددەی یەکەم بەمشێوەیەی لێ بێت، یەکخستن و ڕێکخستنی یەکەکانی ژمێریاری لە گشت یەکەکانی هێزە چەکدارەکانی کوردستان، لەبەرئەوەی ئێمە تەنها هێزی پێشمەرگەمان نییە کە یەکی نەگرتووە، ئێمە ئەنجومەنی ئاسایشمان هەیە سەر بە سەرۆکایەتی هەرێمە، باشە ئێمە ئاسایشمان هەیە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، ئێمە پۆلیسی پاسەوانیمان هەیە، بەرگری فریاکەوتنمان هەیە،

زێرەڤانیمان هەیە، ئەوانە هەتا ئێستا یەکلانەبوونەتەوە ئایا سەر بە وەزارەتی ناوخۆن یان سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن، بۆیە باشتر وایە دەوڵەمەند بکرێت بەوەی کە سەرجەم هێزە چەکدارەکان یەك بخرێنەوە، هەم لەڕووی ژمێریاری، هەم لەڕووی یەکەی سەربازی، بۆ خاڵی چوارەمیش پێویستە دەست نیشانکردنی ژمارەی پاسەوان بۆ بارەگا و ئەوانە، دیارە ئێمە نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت، ئەم ئازادیەو ئەم پەرلەمانەی کوردستان، کە ئێمەی تێدا دانیشتووین بەرهەمی تێکۆشەرە دێرینەکانە، بەرهەمی خوێنی کەمئەندامانە، بەرهەمی خوێنی شەهیدانە، ئێمە خەلکمان هەیە بەداخەوە کە دەیڵێم لەسەر کێشەی حیزبایەتی تووشی کێشەی حیزبی بووە، ئەمڕۆ هیچ زەمانەتێك نیە کە لە داهاتوودا ئەگەر هاتو ئێستا پاسەوانی لەلایە سبەینێ لێی سەندرایەوە، تووشی کوشتنەوە نابێ، یان تووشی ئەوە نابێت کە بەشێوەیەك لە شێوەکان زەرەری پێ بگەیەندرێت لەڕووی مەعنەوی بێ یان هەر روویەکی ترەوە، بۆیە من پێشنیاردەکەم لێرە ئەوە زیاد بکرێت، بۆ ئەو تێکۆشەرە دێرینانەی کە بەهۆی شۆرشە یەك لە دوایەکەکانی کوردستانەوە تووشی کێشە بوون، پاسەوانیان بۆ دابندرێت، پێشنیاریش دەکەم خاڵێك لێرەدا زیاد بکرێت، هێزە چەکدارەکان، رێکخستنەوەی سەرجەم هێزە چەکدارەکان بەپێی میلاك و هەیکەلی سەربازی نەك تەنها ژمێریاریش بێت، ببورە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لێرە کە دەڵێت گواستنەوەی سەرجەم پاسەوانەکان، من پشتگیری کاك بەڵێن دەکەم، تەبعەن ئێستا بەداخەوە کۆمپانیا سکیوریتیەکان ئەوانیش بوون بە یەکەی پاسەوانی بەس لەژێر ناونیشانێکی تردا، ئەوانە یەکەی پاسەوانی، ئەوە کۆمپانیای سکیوریتی نین، ئێمە پۆلیسی نەوت و غازمان هەیە، پۆلیسی کارەبامان هەیە، پۆلیسی پارێزگاکانمان هەیە، کە ئەم پۆلیسانە هەبوون، ئایا ئەو کۆمپانیا سکیوریتانە ئیشیان چیە، بۆ دەبێ ئەم کۆمپانیا بیانیانە کە دێن لەلای ئەوانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو ئاخیر نوقتە بوو، کاك د. ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لەو چاپتەرە باس لە مێرخاسان و عەگیدانی کوردستان دەکەین، کە هەتا ئەو لەحزەش لێنەگەڕاون کوردستان بکەوێتە بەر هیچ مەترسییەك، کوردستانیان پاراستووە لە هەموو مەترسیەك، بۆیە زۆر بەڕاشکاوانە دەڵێم ئێمە لە هەمبەر قوربانیەکانی ئەو هێزە گەورەیە دەبێ شەرم بمان گرێت، دەبێ زۆر وریا بین لە بەکارهێنانی ووشەکان، هەڵبەتە هێزی پێشمەرگەی کورستان، هێزی (٨٠) و (٧٠) و هێزی نیشتمانین، بەڵام ئەو پرۆژە یاسایەش بۆ ئەوەیە کە بەدامەزراوەیی بکرێت، هەڵبەت لە بڕگەیەکی ئەم پرۆژە یاسایە خاڵێکی گرینگی تێدایە کە ئاماژەیە بۆ رێکخستنەوەی یەکە وەحدە حیسابیەکان و میلاکاتی هەردوو هێزی (٧٠)

و (٨٠)، ئەوەش ئاماژەیە بەوەی کە ئەمە هەنگاوێك و دەست پێکێکی گرینگە بۆ یەکخستنەوەی ئەم دوو هێزە گەورەیە، واتا بە دامەزراوەیی کردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەپاڵ ئەوە، مـن پێشـنیار دەکەم کە لەڕاسـتیدا ئەو نـاڕێکیەی هەیە، ئەو نـاعەدالەتیەی هەیە لەنێـوان مووچەکانی هێزی پێشمەرگە یەك بخرێتەوە هەوڵ بدرێت مووچەی هێزی پێشمەرگە زیاد بکرێت، هەڵبەت لەپاڵ ئەمەشدا کارمەندەکانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ ئەوانیش بە گیان فیدایی توانیویانە کوردستان بپارێزن لەناوخۆی هەرێمی کوردستان، بۆیە بۆئەوانیش پێویستە پێداچوونەوە بە مووچەکانیان بکرێت، چونکە زۆر زۆر گرینگە، هەڵبەت سەبارەت بە بڕگەی یەکەم دێمەوە سەرئەوەی کە بۆ مەسەلەی دەرچوواندنی بڵێن ڕێنمایی چۆنیەتی بۆ ڕێکخستنی وەحداتی حیسابی لەڕووی هەیکەلیەوە لە نێوان هێزی (٧٠) و (٨٠)، من پێشنیاردەکەم پاڵپشتی لە قسەکانی کاك زانا دەکەم، کە بەپێی پەیڕەوێك لە ئەنجومەنی وەزیران ئەوە ڕێك بخرێتەوە، پاڵپشتی لە قسەکانی برای بەڕێزم کاك کاروان دەکەم، لەپاڵ ئەوەشدا ڕەخنەیەکیشم هەیە لەسەر ئەو قسەیە هەیە، جەنابت سەرۆکی پەرلەمانی، سەرۆکی گەل نی ئەوە پرۆتۆکۆلی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نزار فەرمووو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بە حوکمی ئەوەی ئەندامی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکانین، بۆیە دەمەوێ تۆزێك باس لە ماددەی بەشی چوارەم بکەم بواری پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس، سەبارەت بەو سکاڵاو داواکاریانەی کە ڕۆژانە لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش و پۆلیس دەگەنە لیژنەکەمان، پێویستە ئێمە لێرە تۆزێك ڕوونکردنەوە لەسەریان بدەین، سەبارەت بە پلە بەرزکردنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، ماوەیەکە پلەکانیان ڕاوەستاوە، بۆیە ئەم پرسیارەم ئاڕاستەی بەڕێز جەنابی وەزیری پێشمەرگەیە، تاکو کەی ئەم پلەیەی پێشمەرگانە یاخود ئەفسەرەکان ڕادەوەستێت پلەکانیان بەرز ناکرێتەوە، پرسیارێکی تریشم ئەوەیە سەبارەت بە پێشمەرگە کەمئەندامەکان، ئێمە پێشمەرگەمان هەیە ئێستا کەمئەندامە لە ماڵەوە کەوتووە لە شەڕی داعش تاکو ئێستا مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە وەردەگرێت، بەو بڕە مووچەیەی ناتوانێت بژێوی ژیانی دابین بکات، بۆیە پێویستە ئاوڕێك لەو پێشمەرگە برینداران بدرێتەوە بەتایبەتی من لە سنوورێکم کە زۆر خەڵکمان هەیە لەو سنوورە ئێستا پەککەوتووە لەسەر جێگا کەوتووە، توانای بژێوی ژیانیان نییە بە مووچەی پێشمەرگایەتی، سەبارەت بە خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆش پێم باشە بەڕاستی ئەو سکاڵا و داواکارییانەی کە لە ئێمە دەکرێن بگەیەنینە لایەنی پەیوەندیدار یاخود جەنابی وەزیری ناوخۆ، کە ڕۆژانە پۆلیس و ئاسایش داواکاری

پێشکەش دەکەن بۆ لایەنی ئێمە، کە داوا دەکەن خانەنشینیان هاوتای خانەنشینی نەك هەر پێشمەرگە بەلکو داواکارین مووچەکان و یاخود خانەنشینیەکانی هاوتای هێزەکانی عیراقی لێ بکرێت، بۆیە پێم باشە جەنابیان لەگەڵ حکومەتی عیراق لەسەر خەت بن، بۆئەوەی بتوانن خانەنشینەکانیان وەکو خانەنشینی هێزەکانی عیراقی لێ بکرێت، لەهەمان کاتیشدا پشتگیری برای بەڕێزم کاك زانا، دکتۆر ڕێبوار، خدیجە خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم فەرمووو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند جارێکی تریش باسم کردووە، پێویست دەکات بڕگەی سێیەم لە ماددەی (٥٤) بسڕێتەوە، لەبەرئەوەی زۆر پێشەڵی پەیڕەو دەکرێت، ئێمە بەپێی ئەو تەسەلسولەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان دەینووسێ، ڕێزی ئەو تەسەلسولە ناگیرێت بەداخەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

پێش ئەوەی قسەکەت بکرێت لەسەر وەقتەکەت حیسابی ناکەین، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان کە ناوەکان بۆمن دەنووسێت یەکەمجار سەیری ئێوە دەکات، ناوی هەر هەمووتان دەنووسێت، ئینجا دێتە گروپی ناوەڕاست هەر هەموویان دەنووسێت، ئەگەر من یەکەمجار هەموو ئەوانەی کە بە تەسەلسولەکە دێتە خوارەوە هەر هەمووی بخوێنمەوە، هەمووی ئەو بەر قسە دەکات، ئینجا دوای ئەوبەر، ئنجا ئەوێ، ئنجا ئێرە، ئەوەش هیچ عەدالەتێکی تێدا نییە، لەبەرئەوە دوو سێ کەس لێرە هەڵدەبژێرین، دوو سێیەکیش لێرەوە، گرینگیش نییە ئینسان کەی قسەی دەکات، گرینگ ئەوەیە فکرەکەی دەگات، ناتوانم هەمووتان بەیەکەوە وەرگرم.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستم ئەو بڕگەیە، یەعنی ئیحترامی پەیڕەو بگرین، ئەو بڕگەیە با نەمێنێت ئەوە یەك، سێ دەقیقەشمان هەیە بۆی هەیە، چونکە لە هەمان بڕگەدام باشە وەزیرانی دارایی و وەزیرانی پێشمەرگە و کاروباری پێشمەرگە و وەزیری ناوخۆ لێرەن، تەبعەن من دەمەوێ جارێك ڕوونکردنەوەیەك بدەم ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە مەسەلەی پێشمەرگە، من ڕەخنە لە دۆخی ئێستای پێشمەرگە دەگرم، بەڵام مانای ئەوە نییە کە من پێشمەرگە سووکایەتی پێ دەکەم، باوکم لە هەشتایە دەبێتە پێشمەرگە نیوەی خێزانەکەمان زیندانی دەکرێن زیندانی سیاسین، ماڵمان موسادەرە کراوە قوربانی سیاسین، بەڵام من بریندارم بەو دۆخەی ئێستای پێشمەرگە، ئەوەی کە ئێستا دەیبینین دۆخی ئێستای پێشمەرگە بەداخەوەی تەماشی بکەن لەناو ماددەی چوار بڕگەی یەکەم یەعنی ئێمە کە دەیڵێین هێزێکی ڕێکنەخراو شەرعیەت بدەین بە هێزێکی ڕێکنەخراو

لەناو یەکەیەکی ژمێریاری نابێت، دەبێت یەکەیەکی ژمێریاری بۆ هێزی ڕێکخراو لەناو یەکەکیش ژمێریـاری هێـزی ڕێکخـراو بێـت، فرسـەتێك بـدەین سـەقفەکی زەمەنـی دابنێـین دەبـێ هێـزە ڕێکنەخراوەکان ڕێك بخرێنەوە، یەعنی ئەوانەی کە ئێمە ڕەخنە دەگرین لەنـاو ئەو هێـزانەی تـر، کە دەزانین پێشمەرگەکان خەلکانێکی تێکۆشەرن، خەلکانێکن قوربانیان داوە، بەڵام بریندار دەبن کەوا هەژموونی حیزبی بەسەر پێشمەرگە زاڵ بێت، کاراکتەری حیزبـی ئاڕاستەیان بکـات ئەوە یەك، دەمێنێـتەوە سـەر ئەوە کە لەو مەسـەلەیە ڕێکنەخـراو بـن لەو چوارچێـوەیە جێگایـان بکرێتەوە، بۆ بڕگەی چوارەمیان ئێمە ئەزموونمان هەیە هاوڕێیان ئەزمـوونی هەشـت کابینەمـان هەیە لەسەر ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە هێزی پێشمەرگە، بـۆیە من پێم باشە ئەو مەسەلەیە نابێـت بیـدەین بە پەیڕەوێـك ئەنجـومەنی وەزیـران دایبنـێ بـۆ ئەو مەسەلەیە دەبێت بە یاسایەك ئەوە ڕێك بخرێت، یەعنی پاسەوانان بۆ بارەگەکان و بۆ دامەزراوە حیزبیەکان یەعنی ئێستاکە حەز دەکەم وەزیری کاروباری پێشمەرگە وەڵامـی ئەوەمـان بـداتەوە، چەند هەزار پێشمەرگە، چەند لیوا، چەند فەوج لە خزمەتی ئەجێندای هێزە سیاسیە حیزبیەکانە، حەزدەکەین بە داتا ئەوانەمان بە سـەراحەت بـۆ ڕوون بکـاتەوە، لەنـاو داهـاتی گشـتیدا وەزیـری دارایی لێرە دانیشتووە وەڵاممان بداتەوە چەندیان لەسەر داهـاتی گشـتی مووچەیـان دەدرێتـێ، بەداخەوە پێشمەرگە شکۆی کە برینـدار دەکرێـت نابێـت بکـرێتە پاسـەوان لەنـاو باخەکانـدا، ئەم کێشانە دەبێت من بریندار دەبم کە دەبیـنم شـکۆی پێشـمەرگە برینـدار دەکرێـت لە وڵاتەکەمانـدا ئەوە نوقتەیەك، نوقتەیەکی تر کە پەیوەندیدارە بەوەی کە ئێمە لەناو خاڵی بـڕگەی پێنجەمـدا لە نـاو بـڕگەی پێنجەمـدا دەبێـت ئەوە بە تەحدیـد ئەو مـاددەیە ئیـزافە بکرێـت نابێـت پاسـەوانی بەرپرسانی حیزبی لەسەر میلاکی گشتی بن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دابان فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەوڵ دەدەم قسـەکانم زۆر بە کـورتی بـکەم، تەبـعەن ئەوەی کە پەیوەسـتە بە یەکخسـتنی هێزەکـانی پێشـمەرگە و بە دامەزراوەیـی کردنیـان، تەمەننـا دەکەم هـیچ کەسـێك ئەو پرسـە بە حەساسیەت وەرنەگرێت، چـونکە لەمـاوەی ڕابـردوو بڕیـاری سـەرۆکایەتی هەرێـم بـۆ ئەوە بـوو سـەرکەوتوو نەبـووە، لە ئێسـتادا ناوهێنـانی هێزەکـانی پێشـمەرگە بـۆئەوەی کە ژمێـری سەربازیەکانی یەك بخرێـتەوە بۆئەوەی کە ئەو هێزە بە دامەزراوەیی نەکراوە، بـۆیە تەشـکیلی لیواکـان لەنـاو وەزارەتـی پێشـمەرگە، خـۆی دیسـانەوە جـارێکی تـر ئیعتـراف کـردنە بەوەی کە کۆمەڵێك لیوا ڕێکخراوەتەوە، بەڵام کۆمەڵێکی تر هێشتا ڕێکنەخراوەو، بۆیە تەمەننا دەکەم هیچ کەسێك بە حەساسیەتەوە وەری نەگرێت، ئەگەر ئیرادەیەکی جدی هەیە بۆئەوەی کە ئەم هێزانە

ڕێـك بخـرێتەوە، سـەبارەت بە بەشـی چـوارەم خـاڵی چـوارەم پێویسـتە دەسـت نیشـان کردنـی ژمــارەی پاســەوانان بــۆ بارەگــا و دامەزراوە حیزبییەکــان، بەداخەوە لێــرە دیســانەوە بارەگــاو دامەزراوە حیزبیەکان خـراوەتە پـێش پاسـەوانی پارێزگـاری لە خـاوەن وەزیـفە و پـلە باڵاکـان و یەعنی ئەو وەزیفانەی کە تایبەتن بە حکومەت، ڕەنگە لەچوارچێوەی قسەکانم چەنـد پرسـیارێك ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ بکەم بەوەی کە لە ماوەکانی ساڵانی رابردوو باس لەوە کـراوە کە ژمارەی یەکەی پاسەوانی نزیك دەبێتەوە لە (٦٤) هەزار پاسەوان کە ئایا ئەو عەدەدە ڕاستە یـان نـا؟ بەڵام لە هەرێمـی کوردسـتان حیـزب هەیە تەواوی هێـزەکەی سـەر بە یەکەی پاسـەوانیە لە وەزارەتــی نــاوخۆ، هەروەهــا ئەم فەقەرەیە کە داڕێــژراوە زۆر دەڵەمەیە، یەعنــی زۆر جەخــت کردنەوەی تێدا نییە کە باس لەوە دەکات بۆ بارەگاو دامەزراوە حیزبیەکان پاسـەوانی پارێزگـاری لە خاوەن وەزیـفە باڵاکـان و بەرپرسـانی سـەربازانی ئاسایشـی نـاوخۆ، ئەی ئەوانـی تـر، ئەی بـۆ نموونە کەسایەتیەکان، ئەی بۆ نموونە کۆمپانیاکان، ئەی بۆ نموونە دامەزراوە بیانیەکان، ئەی بـۆ نموونە تەکیە و باخ و کۆمەڵێك شتی تر هەیە، ئایا سیغەو ئالیەتەکان چـۆنە بـۆئەوەی کە ئەوانە وەربگیرێتەوە، لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەی کە شانازی پێوە دەکرێـت و ئەوەی کە هەمووەمـان شـانازی پێـوە دەکەیـن ئەمنیەتە لەو هەرێمـی کوردسـتاندا یەعنـی ئەو (٦٤) هەزارەی کە بـاس دەکرێت کە ئێستا عەدەدەکەی زۆر زیاترە، دەتوانێت سـنووری وڵاتێـك و وڵاتێکـی پـێ بپـارێزی، لەکاتێکدا ئەوانە هاتنەوە بۆ سەر وەزارەتی ناوخۆ، ئیزافەکانیان چـی لـێ دەکرێـت، بـۆ ئەوە مـن پشـتیوانی ئەو بۆچـوونەی کـاك بەڵـێن دەکەم، کۆمپانیـا نـا، چـونکە کۆمپانیـا نابێـت سـەر بە حکومەت بێت، دەبێت لە چوارچێـوەیەك ئەوە ڕێـك بخـرێتەوە، هەروەهـا پشـتیوانی قسـەکانی بەڕێز کاك ئەبوبکر هەڵەدنی و کاك عبدالستاریش دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هاوڕێ فەرموو.

**بەڕێز هاوڕێ بناْ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕاستی پشتگیری قسەکانی کاك مەم دەکەم بۆ ئەو دابەشکاریەی لە خوێندنەوەی ناوەکان، بـۆ ئەوەی کە بتــوانین پەیامەکانمــان بگەیەنــین پشــتگیری و ئەو قســانەی هەمــانە، لەبەرئەوەی زۆرترین جار من بۆ خۆم گومانم لە شوێنەکە کردووە، قەناعەتێکم بۆ دروسـت بـووە شـوێنەکەم بگـۆڕم، هەمیشـە لە کۆتایـدا ناومـان دێـت، مـن نـامەوێ عـاتیفەی کەس ڕابکێشـم ئەو قسـانەم هۆکارێك نین بۆ راکێشانی عاتیفەی خەلك، ئەو کەسانەی کە لە هۆڵی پەرلەمان نین ئێستا لەسەر ئەوەی کە هێزی (٧٠) و هێـزی (٨٠) سـەر بە چ حیزبێکـی سیاسـین یـان نـا، بەڵام یەك حەقـیقەت هەیە زۆربەی زۆرمـان ئەوانەی کە پێشـمەرگە بـووین، ئەو برادەرانەمـان کە شـەهید بـوون یـان کەمئەندام بوون، یان بەشێکی جەستەیان لەدەستداوە بریندار بوون، کەسیان ئاڵایەکی زەرد یان

سەوز یان هەر ڕەنگێکی تریان پێ نەبووە لە ڕەبیەکان، ئەمەیان ڕۆیشتوون بۆئەوەی داکۆکی لە خاکی هەرێمی کوردستان بکەن، دووەم ڕاستیەکەی من پێشنیاردەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێت، دواتر داوای ڕوونکردنەوە لە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە دەکەم، ڕاستیەکەی لە ٢٠١٦ لە ماوەکانی پێشوو هەموو ئەو ئەفسەرانەی کە ڕوتبەکانیان مەرسومەکانیان تاخیر بوون، لە٢٠١٧ و ٢٠١٨ ئەوە لە ٢٠٢٠ داین ئێستا، هەتا ئێستا تەرقیەی ڕوتبەیان بۆ نەکراوە، ئایا سەبەب چیە و چی دەکرێت بۆیان ئەوە یەك؟ دووەم زۆربەی زۆری ئەو پێشمەرگانەی کە پلەکانیان بەرزکراوەتەوە لە جندی ئەوەلیەکەوە هەتا دەست پێ دەکات هەتا دەگاتە نائیب زابتی دەرەجە مومتاز، هەموو ئەوانە کە بە موستەحەقی خۆیان پلەکانیان بەرز کراوەتەوە مووچەکیان بۆ سەرف ناکرێت، هەڵبەتە زۆرن ئەو نموونانە لە هەموو هێزەکان هەن، بۆیە داوا دەکەم وەڵام بداتەوە ئەگەر دەکرێت بە بڕگەیەك ئیزافە بکرێت، ڕاستیەکەی بڕیارێکی پەرلەمانیمان هەیە لە ساڵی ٢٠١٤ بڕیاری ژمارە (١٩) کە یەکێك بوو لە بڕیارە گرینگەکان زۆرجار لە هزری پێشمەرگە گومانێك دروست بوو کە لەسەر ئەوەی کە هەمیشە دەیوت تەمەننا دەکەم شەڕ بێت بەس نیيە لە بیری حکومەت و پەرلەمان و دام و دەزگا ئەساسیەکانی هەرێمی کوردستانین، ئەو بڕیارە سەبەب چیە جێبەجێ ناکرێت، داوا دەکەم کە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە ڕوونکرنەوەمان لەسەری بدات، سوپاسی دەکەین، یەك دێری ترم ماوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سلمە خان فەرمووو.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە وتەی ئەو هاوڕێیانەمان دەکەین، بەتایبەتی کاك سەرکۆ کە پێویست دەکات وەزیری پێشمەرگە ڕێنمایی پێویست و ئاسان دەربکات، بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی ماددەی چوارەم بڕگەی یەکەم، هەروەها هاوتا کردنی مووچەی هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش لەگەڵ پێشمەرگە یەکێکە لەو خاڵە گرینگانەی کە هێزی پێشمەرگە بە ئەمەلێکی گەورەوە چاوەڕێی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەکەن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دوو بابەتی زۆر زۆر گرینگ هەیە کە لەم یاسایە ئاماژەی پێ نەکراوە، ئایا نیەتی حکومەت چیە لەسەر ئەو دوو بابەتە یاخود دەتوانین لەناو ئەو پرۆژە یاسایە جێی بکەینەوە، یەکێك لەو بابەتانە چاککردنی خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایشە کە زۆر لە هاوڕێیانم باسیان کرد، دوو بابەت هەیە لەناو خەڵك زۆر گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، یەکەم خانەنشین کردنی پلە باڵاکان لە بەرامبەردا نموونە بەهێزەکانی ناوخۆ دەهێندرێتەوە، ئێمە لە ماددەکانی داهاتوودا ئەوەی پلە باڵاکان چارەسەر بکەین، ئایا ناکرێت ئێمە بتوانین هێزەکانی ناوخۆو ئاسایشیش چارەسەرێکیان بۆ بدۆزینەوە، هاوتاکردنی مووچەی فەرمانبەرانی ناو وەزارەتی ناوخۆ، کە یەك وەزیرن یەك حکومەتن ناو یەك وەزارەتن،

بەڵام جیاوازیەکی زۆر زۆر هەیە، هەندێك ئەو کەسانەشی کە کەسی سەربازین عەسکەرین هەندێ کاروباری مەدەنی دەکەن لەناو فەرمانگەکاندا، بەڵام لەگەڵ فەرمانبەری هاورێکەی کە یەك کارو یەك ئەرك دەکەن، مووچەکەیان زۆر زۆر فەرقە، پرسیارەکەم بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆیە، بۆئەوەی ئەگەر دەتوانن ئەو بابەتە چارەسەر بکەن یان هیچ پێشنیارێك هەیە لەسەر ئەو بابەتە، بەشێوازێکی گشتی پشتگیری لەو بەڕێزانە دەکەم کاك سەروان کاك لقمان رۆژان خان کاك شەمۆل کاك کاروان و کاك باڵانبۆ و کاك هاورێ و کاك سەرکۆ لەگەڵ کاك زانای مەلا خالید، یەك داواکاری ترم هەیە لە کۆتاییدا قسەکەم دەکەم، داوا لە بەڕێزتان دەکەم ڕێگری بکەن لەو تەشهیر کردنانەی کە بە هێزو لایەنە سیاسیەکان دەکرێت، چونکە بەڕاستی وەك دەبینین نیگەرانن، بەڵام کە جواب نادەینەوە یان لە هەندێك بابەت خۆمان ڕادەگرین، هەم لەبەر ئیحترامی جەنابتانەوە، هەم ئەو پەرلەمانە بەڕێزەیە، هیوادارم ڕێگری لەو تەشهیرانە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرە ڕیزەکەمان ئاخیرە لە قسەکردنیش ئاخیر دەبین، پێشمەرگەی کوردستان ئەفسانەی تێکشکاندنی شەڕی داعشە، جێگای خۆشحاڵیە لەو چاکسازیە پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت و پێداچوونەوە بە مووچەکانیان دەکرێت بۆ هاوتا کردنیان، من لێرە لەناونیشانەکەوە دەست پێ دەکەم، بواری پێشمەرگە پێم باش نییە، پێم باشە بکرێتە ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆ و یەکەی پاسەوانی، چونکە باسی یەکەی پاسەوانیش دەکات، پێم باشە بەشی چوارەم ناونیشانەکەی وای لێ بکرێت، ماددەی چوارەم یەکەم پێم باشە کە ڕێنماییەك دەربکرێت بەپێی پەیرەوێك لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران ڕێکی بخاتن، بۆ یەکخستنی یەکەی ژمێریاری هێزی پێشمەرگە، لە ماددەی چوارەم لێرە باسی پاسەوانی پارێزگاری لە خاوەن وەزیفە باڵاکان کرایە، پێم باشە لەناو قەوسێك دیاری بکرێت مەبەستی کێیە وەزیفە باڵاکان؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە زۆربەی برادەران و هاوڕێیان باسیان کرد، کە لە یاسای چاکسازیدا بەداخەوە باسی هێزی ئاسایش و ناوخۆ نەکراوە، هیوادارین پرۆژە یاسای کە هەیە تایبەت بە هێزی ناوخۆ و ئاسایشە بەزووترین کات حکومەت دوای یاسای چاکسازی بیهێنێت، لەبەرئەوەی مەعاناتیان زۆر

زۆرە، بەردەوام ڕۆژانە پەیوەندیمان پێوە دەکەن و بزانن چیان لێهاتووە لە خانەنشینەکەیان، پرسیاریشم بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئەوەیە هێزی ناوخۆ تا ئێستا یەعنی جل و بەرگەکەی خۆی لەسەر حیسابی خۆی دەکڕێت، هیچ مەعقول نییە ئەوە، پێویستە جل و بەرگیان بۆ دابین بکرێت، برادەرانیش هەندێك باسی هێزی پێشمەرگەیان کرد، یەعنی چی بکەین خوا وای کردووە ئەو دوو هێزە زوو لە دایك بوونە ئەوان تاخیر بووینە، بە داوای لێبوردنیشەوە کە وا دەڵێم، پشتیوانی لە قسەکانی کاك سەرکۆ و کاك زاناو کاك عوسمان و ڕۆژان خان و گولستان خان دەکەم، بە تەواوی تەفسیرەکەیان باس کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکم هەیە پێم وایە هەر پێشمەرگەیەك کە بەشداری لە شەڕی داعش کردبێت، هەر ساڵێکی خزمەتی بۆ بە دوو ساڵ ئەژمار بکرێت، وەکو ئەو پێشمەرگە بەڕێزانەی کە لە پێش ڕاپەڕین خزمەتیان هەبووە، هەر ساڵێکی خزمەتیان بە دوو ساڵ حیساب بووە، پێشنیار دەکەم کە ئەو پێشمەرگە بەڕێزانەی کە لەشەڕی داعش بەشداریان کردووە ئەم خزمەتە بیانگرێتەوە، هەر ساڵێکیان بۆ بە دوو ساڵ ئەژمار بکرێت، لەبەرئەوەی بە گیرفان بەتاڵ، بە زۆرترین قوربانی ئێمەیان پاراستووە ئەوە بڕگەیەك، بڕگەیەکی تر چاوخشاندنەوە بە خانەنشینی کارمەندانی ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆ، کە پێویستە ئەوانیش خانەنشینەکەیان چاو پێداخشاندنەوەی بۆ بکرێت، بەو بڕە کەمە خانەنشین نەکرێن، پشتگیری لە وتەکانی کاك کاوە کاك بەڵێن کاك یاسین کاك ئەبوبەکر هەڵەدنی کاك سەرکۆ لەو بڕگەی کە باس لە پلە بەرزکردنەوەی پێشمەرگە دەکات، یەك پرسیاریشم بۆ بەڕێزت و بەڕێز کاك ئاوات هەبوو، من لە جەلسەکانی پێشووتر پێشنیارێکم بۆ بەڕێزتان کرد، کە لەسەر فەرمانبەرانی گرێبەست، داوا لە حکومەت بکەن کە فەترەیەکی زەمەنی دیاری بکات، وەڵامی حکومەت ئەوە بوو بە بیانووی کۆکردنەوەی زانیاری، هەموو فەرمانبەرێکی گرێبەست هەموو مانگێك زانیاری لێوەردەگرێت لە فەرمانگەکەیەوە، زائیدەن هەموو ساڵێکیش زانیاری لێوەردەگیرێت، چ لە بەڕێزتان چ لە کاك ئاوات ئەگەر بکرێت ئەو (٣٠) هەزار فەرمانبەری گرێبەستە لە چاوەڕوانی دان، تکایە فەترەیەکی زەمەنیمان پێ بڵێن، بۆ ئەوەی ئەوانیش لەو قەلەقیە نەمێنن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەیە؟ گولیزار خان فەرموو، ببورە گولیزارخان فەرمووو؟

**بەڕێز گولیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، هەروەها پشتگیری دکتۆرە گەلاوێژ و کاك زانا و کاك سەروان و کاك ڕزگار دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی حەمە صالح فەرمووو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە، ئەم بەشە گرینگترین و حەساس ترین بەشی ئەو یاسایەن، تکایە با وای لێ نەکرێت ئەوەندەمان باسی ڕێکخستن و یەکخستنەوەو باشتر کردنی دۆخی پێشمەرگە دەکەین، لە خەمی ئەم نیشتمانەمان بەدەر نەبین، بەشێك شۆڕشگێڕ بوو بێت، ئەمە زۆر خراپە، هاوڕێمان هەیە (١٩) ساڵی لە ژووری ئیعدام هاتووەتە دەریەوە، بۆیە کاتێك کە ڕەخنە لە واقیعی پێشمەرگە دەگرین دڵسۆزیە بۆ نیشتمان، دڵسۆزیە بۆ پێشمەرگە، بۆیە دەبێتە بەو نەزرەوە وەری بگرن، واقیعەکە هەیە دەبێ ئیعترافی پێ بکەین بۆئەوەی چاکی بکەین، ئەوەی کە خۆی هەر حکومەت دەڵێ هێزی ڕێکخراو ڕێکنەخراو هەیە ئەو ئیعترافێکی باشە، ئەوەی کە هەیە ئێمە پێشنیار دەکەین بکرێتە گشت هێزە ئەمنی و سەربازیەکان، چونکە لەڕووی واقیعیەوە من لەوەزیری ناوخۆ و وەزیرەکانی تر دەپرسم، جارێ ئەوە دوو بەشە، بەشێکی ئەوەی مالیەکەیەتی کە یەکخستنەوە خازعە بۆ ریقابەی مالی، بەشێکی تری ئەوەی تەنزیمەکەیەتی کە لە چوارچێوەی موئەسەساتی دەوڵەتە یەك دەخرێتەوە، گشت یەکەکانی هێزی پێشمەرگەکە یەك دەخرێنەوە هێزە ئەمنیەکان، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا حیساباتی هێزەکانی بۆ نموونە ئەنحومەنی ئاسایش پاراستنە، زانیاریە، دژە تیرۆرە، بەرگری و فریاکەوتنە، زێرەڤانیە هەمووی خاسە بۆ ریقابەی مالی، چونکە هەموو ئەو هێنانە ئێمە خۆمان واقیعەکە دەزانین چۆنە ئەوە بەشە ژمێریاریەکەی ئێمە پێمان وایە، بەشەکەی تری بەراستی واقیعیەك هەیە کە دەبێ کۆی هێزە سەربازیەکان لە چوارچێوەی موئەسەساتی دەوڵەت ڕێك بخرێنەوە بە فیعلی نەك بە شکلی، بۆ نموونە لە وەزارەتی ناوخۆ ئێمە هێزی بەرگری و هێزی فریاکەوتنمان هەیە، هێزی زێرەڤانیشمان هەیە، تاڕادەیەك وەزیفەیان وەکو یەکە، بەڵام ڕێك نەخراونەتەوە، تەنزیم نین، هەر یەکە لە جیهەتێکەوە ئاڕاستە دەکرێت ئەوە ئیتر واقیعەکەیە، دەبێ ئیعترافی پێ بکەین، هیچ کەسێك دەتوانێت بەبێ تەزکیەی حزبی کەسێکم بۆ بکات بە ئاسایش، بە دڵنیاییەوە نەخێر، بۆیە تەنزیم کردن ڕێکخستنەوە ئەرکێکی گرنگە لەم چوارچێوە، بابەتی پاسەوانی بابەتێکی ووردە و ووردەکاری زۆرتریش دەوێ، من پێشنیاز دەکەم ئەوەی دەڵێ بە پەیڕەو بە یاسا ڕێك بخرێت، لەبەر ئەوەی قوەتی زیاترە، چۆن پەرلەمانتار بە یاسا پاسەوانی هەیە با بارەگاکانیش بە یاسا پاسەوانیان هەبێت بەرپرسانیش بە یاسا پاسەوانیان هەبێت، ئەنجومەنی وەزیران سێ مانگە شەش مانگە چەندیان پێویستە یاساکەمان بۆ بنێرن و، خاڵێکی تر ژمارەی بارەگاکانی حیزبەکانیش دیاری بکەن لە شارەکاندا خۆتۆ حیزبێك بۆ نموونە لە شارێکدا (٥٠) بارەگای هەبوو هەر بارەگایەکیش (٥) پاسەوانی بۆ دابنێی ئەوا هەر ئەم شارە (٢٥٠) پاسەوانی ویست و ئەمە زیاتر دەکات ئەوەکەی تری هاوتاکردنی هێزەکانی ناوەخۆی مووچەی ناوخۆ و مەدەنی کە ژمارەیان (٥٠٠٠) هەزار کەسە بابەتێکی گرنگە من ئاگام لێیە وەزارەتی ناوخۆ ئیشی تێدا دەکات، ئەوەی لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە باسمان کرد ئێستا سەیر بکا لە واقیعدا مووچەکانی هێزی

پێشمەرگە کەمترە لە هێزەکانی ناوەخۆ، بەڵام کە خانەنشین دەبن پێشمەرگە زیاترە لە هێزەکانی ئاسایش و ناوەخۆ و ئەمە پێویستی بە تەنزیماتێك هەیە لە چوارچێوەی تەنزیماتی خانەنشینی گرنگترین بابەت ئەوەی پاسەوانییە من هەندێ پێشنیازم هەیە لەرووی واقعیەوە، کە ئەلێی رێکخستنەوەی سەرجەم پاسەوانەکان لە وەزارەتی ناوخۆ، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، مەسەلەن فەوجێکی هەیە لە هێزێکی دیاریکراوا ئەم فەوجە لەسەر ئەو هێزەیە بەس بۆ پاسەوانییەکە بەکاردێت بەناوی یەکەی پاسەوانی نییە، بۆ نموونە لە هێزی (٧٠) یا هێزی (٨٠) لەبەرگری و فریاکەوتن لە زێرەڤانی، بەڵام فەوجێکی ئەو وەزارەتە یا لیوایەك بۆ پاسەوانی خۆی بەکار ئەهێنێت و لە رووی واقعیەوە ئەمە هەیە، خاڵێکی تر لە هەمووی گرنگتر هیوادارم بەرێز وەزیری ناوخۆ من بە حسابات ئەمەی بۆ ئەسەلمێنم فکرەی ئەم یاسایە ئەوەیە پارە بگەرێتەوە بۆ دەوڵەت، وانییە بە دروست کردنی دامەزراوەیەك لە وەزارەتی ناوخۆ تایبەت بەو زیادانەی کە ئەکرێت بۆ پاسەوانی ئەوەی کە کۆمپانیاکانی نەوتە، شەریکەی سکیوریتیە چییە، دڵنیابە مانگی (٣٠) ملیۆن دۆلار ئێمە بەم بەشە ئەگەرێنینەوە بۆت ئەسەلمێنم، بۆت ئەسەلمێنم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك علی وەختەکەت تەواو بووە.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یارمەتیم بدە ئاخیر کەس بووم، بۆ نموونە کێڵگە نەوتییەکان پاسەوانی کۆمەڵێك بەرپرسن بە ئیجباری سکیوریتی ٤٨% موازنەی ئەم وڵاتە بۆ هێزی ئەمنی و ناوخۆیە، بەڵام نەتوانی کێڵگە نەوتیەکان بپارێزێ بدا بەوە کۆمپانیا هەیە بەزەبری هێزی ئەمنی ئەڕوا لە بازگەکان و هینەکان سۆنەر دائەنێ ئەم کۆمپانیا سکیوریتیانەن، بۆیە بە دڵنیاییەوەش شەریکەیەکی سکیوریتی دانێین، ئەوەی کاك عبدالستاریش ئاماژەی پێدا ئەتوانین نزیکەی (٣٠) ملیۆن دۆلار مانگانە بگەرێنینەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێ بەراستی ماددەی (٤) ماددەیەکی زۆر دڵخۆشکەرە بۆ هەموو لایەك، چونکە خواستی هەموومانە بەراستی کە بە نیشتیمان کردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە و بە شێك لە قسەکانیشم کاك علی حمە ساڵح کردی، بەڵام لەناو ئەوانەیا پێشنیازێکم هەیە بۆ ئەو پەربرسە حیزبیانەی کەوا پاسەوانی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەگەر ناوی ئەو پاسەوانانەیان بخرێتە سەر یەکەی پاسەوانی بۆ بنبڕکردنی بندیوار و، هەروەها روون کردنەوەیەکیش لە بەرێز وەزیری

نـاوخۆ داوا ئەكەم كە ليواكـانی هێـزی پشـتيوانی كەلە سـەر وەزارەتـی نـاوخۆيە چـۆن رێـك ئەخرێـت، چـونكە ئەوان لەگەڵ هێزەكـانی پێشـمەرگەی كوردسـتاندا شـان بە شـانی ئەوان لەسەنگەرەكاندا شەريان كردووە و وەزيفەيان چی ئەبێت لەناو وەزارەتی ناوخۆيا و چۆن رێـك ئەخرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك بهمن.

**بەڕێز بهمن كاك عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەراسـتيدا مـن پێمـوايە دوای خـانەوادەی سـەربەرزی شـەهيدان وپێشـمەرگە، ئەو چيـنەيە كە هەمووومان قەرزاريانين و بەراستيش هەموومان كە رۆژێك لە رۆژان پێشمەرگە ئەبينـين شـەرم دەكەين لەخۆمان كە ئەوان هەميشە يەخەی ئێمە ئەگرن كوا ژيانمان گوزەرانمـان چـی لێهـات لە كاتی شەرو ناخۆشيا هەموومـان دەلێـين هەموومـان پێشـمەرگەين، يەكەم شـت تەبـعەن ئەوەی بـرای بەريــزم كـاك نـزار پێشـنياری كـرد داوا لەوەزيـری پيشـمەرگە ئەكەم هـيچ نەبيـت پـلە بەرزكـردنەوەی پيشـمەرگە جـێ بەجـێ بكرێـت لەم قۆنـاغەدا، هـيچ نەبێـت هەنـدێك دڵنەوايـيە بۆيان، دوو ئەو پێشمەرگانەی لە شەری داعشدا لە كاتی واجبدا گەڕاونەتەوە بە حاديسەی سەيار تياچوون، تا ئێستا من ئەزانم شەهيدانی شەری داعش نەخراونەتە سەر وەزارەتـی شـەهيدان لە داهاتوودا هەوڵ بدرێت ئەوانەش بە شەهيد حيساب بكـرێن، چـونكە لە كـاتی واجـب و لە كـاتی شەری داعشيشدا لەسەيارە وەرگەراون ژمارەيەكی لەوانەمـان هەيە، سـێيەم: پێشـنيارێكم هەيە كـاتی خـۆی لە ئـيعلام زۆر وتـوومە لە سۆشـيال ميـدياش بڵاومكـردۆتەوە بـۆ هەردوو بەرێـزان وەزيری پێشمەرگەو وەزيری ناوخۆ، ئەو كەسانەی تكايە بـا وەكـو پێشـمەرگەكانی كـۆن وشـاخی لێنێـيەت، ئێسـتا لە تەقاعـدی و پێشـمەرگەی شـاخ و كەمئەنـدامی سـەنگەر دونيـايەك گەنـدەڵی خـزاوەتە نـاوی پێشـمەرگەكە ليسـتێك دروسـت بـكەن ئەو سـەربازانەی كە لەشـەری داعشـدا ئوستوڕەی داعشيان تێكشكاند هيچ نەبێت ئێستا ئێمە لە قەيرانی داراييـن ئەتـوانين لە داهـاتوو كۆمەڵێـك شـتيان بـۆ بكەيـن، ئەگەر قەيرانـی داراييـی نەمـا ئەوا دەتـوانين لە رووی داراييـەوە هاوكاريان بكەيـن، بەڵام لەم قۆنـاغە ئەتـوانين هـيچ نەبێـت لەگەڵ وەزارەتـی شـارەوانی سـەرو پـارچەيەك زەوييـان بـدەينێ لە شـارەكەی خـۆی گەورەتـرين هەديەيە بـۆ ئەوان دوو دەتـوانين منداڵەكانيان وەك منداڵە شەهيد ئيمتيازيان پـێ بـدرێت لە پـۆلی شـەش كە دەرئەچـن دوو سـێ دەرەجەيەك ئيمتيازيـان پێبـدرێت بـۆ ئەوەی منـداڵەكەی هەسـت بە شـانازی بكـات كە كـچە پێشمەرگەيەك يا كـورە پێشـمەرگەيەك لە قوتابخانەكەيـان، سـێ دەتوانێـت هەنـدێك ئيمتيـازاتی بچوكتريان بدەنێ كە ئەم ئيمتيازانە پارەيان تێنـاچێ لە زانكۆكانـا لە زانكـۆ ئەهليەكانـا هەنـدێك حسـاباتی خـاس بـۆ منـداڵە پێشـمەرگەی فيعلـی بكرێـت ئەوانەی بەفيعلـی پێشـمەرگەی شـەری

داعش بوونە نەك ئەوانەی كە خزاونەتە نـاوی مەسـەلەی پاسـەوانەكان تەبعەن مـن هەمـان مـن رەئیم وایە ئەم یاسایە لای هەڤاڵەكانی خۆشمان ووتومە ئەندامانی پەرلەمـانی بەرێـز ئەگەر ئەم یاسـایە بەس بریتـی بـوایە لەم بەشـە ئەوە هەر یاسـایەكی زۆر گەورەو بە مەعنـا بـوو، چـونكە بەڕاســتی یەكخســتنەوەی هێــزی پێشــمەرگەی كوردســتان كە مــن پــێم وایە هۆكــاری یەكنەخستنەوەی هەتا ئێستا ئەو یەكە ژمێریـاریە بـوو كە لەم یاسایەدا هـاتووە دوو هێزەكـانی نــاوخۆ كە یەكەی پاســەوانی یەك بخــرێتەوە، پێمــوایە گەورەتــرین گەنــدەڵی لەیەكەی پاسەوانیەكاندا هەیە ئەمە زۆر گرنگە ئەگەر ئیجازەم دەی ئاخر خاڵ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

نا كاتەكەت تەواو بـوو، ئەتـوانن جەنابتـان ئەنـدامانی پەرلەمـان هەمـوار ئامـادەبكەن بـۆ یاسـای شەهیدان، چـونكە بە راسـتی ئەوانەی لە كـاتی واجـب شـەهید ئەبـن بە شـەهید ئەژمـار نـاكرێن زوڵمێكی گەورەیان لێدەكەین، بە قانوون حەقـی خـۆیەتی هەموارێـك ئامـادە بكەیـن، بـۆ ئەوەی ئەم كێشەیەمان چارەسەر بێت ئێ نوقتەی نیزامی؟ فەرموو رۆژان خان.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیڤ مادده (٥٤) پەیڕوی ناڤخۆ برگە (٥) دەسـەڵاتی جەنـابیتەنە هەر ئاخـافتنەك بێـت كرنـێ بەر هندێ سەلماخانی ئاماژە پێكر كو ل دیڤ ماددا (٥٥) بڕگە (٢) تو بریاری ل سەر بدەی ئەو وشـە ل پروتوكۆلی بهێتە سرینێ ئەم نابینن ئەو جنابتە بڕیار ل سەر دا ئەم بزانن ئەو وشە هات سرینێ، ببورە بەس ووشە سەرۆكایەتی هەریم سەركەوتوو نەبوو هات گووتنێ مە نەدیت، جەنابت بڕیار ل سەر بداتن، ببـورن ئەم مەجبـوور بـوین خـالی پەیـرەوی وەرگـرن، چـونكە وەكـی دەزگـایەكی دەستوورییە ئەم حەز دكەم جەنابت بڕیار ل سەر بدەن دیڤ مادده ( ٥٥ ) برگە (٢)، زۆر سوپاس

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شاخەوان.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەریز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە بەشێك لەو هاورێیانە باسی خانەنشـینی هێزەكـانی نـاوخۆ و ئاسایشـیان كـرد وە ئـێمە بە حوكمی ئەوەی لە لیژنەی ناوخۆ وئاسایشین، هاورێیان باسیان كرد زۆرترین تەلەفۆن و زۆرتـرین داخوازی، یەعنی خواستیان هەیە بۆ مەسەلەی خانەنشینی هێزەكانی ناوخۆ ئاسـایش، مـن لێـرە پێشنیار ئەكەم لە مادەی (٤) بڕگەیەك زیاد بكرێ بۆ خانەنشین كردنی هێزەكانی ناوخۆ ئاسـایش، لەبەرئەوەی ئەوانە شــەریحەیەكن لە راســتیدا زۆر مانــدوون وە پێویســتیان بەوەیە كە لە تەمەنێكی تەقریبەن مامناوندا خانەنشین بكرێن و، چونكە لەم پرۆژە یاسایەی كە هـاتووە باسـی خانەنشینی هێزەكانی ناوخۆو ئاسایش ناكات، ئەوانەی كە لە پلەی كارمەندێك بـا بڵێـین دەسـت

پێدەكات تاكو پلەی عمید و ئەوانە زیاتر لە مادەی (٤) ئەوەی كەهاتووە پەیوەندی هەیە بە لیوا بۆ سەرەوە، یەعنی یاسای چاكسازییەكە ئەیگرێتەوە لە پرۆژەكە هاتووە، لەبەرئەوە پێشنیار ئەكەم لە مادەی (٤) بڕگەیەك زیاد بكرێت بۆ خانەنشین كردنی هێزەكانی ناوخۆو ئاسایش، ئەوە گرنگە زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەك دەستان خۆش بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ڕێڤینگ.

**بەڕێز ڕێڤینگ محمد محمد:**

**بناڤێ خودێ.**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راستی بومن ئەڤ بابەتە گەلەكی خوش بوو سوپاس بۆ هەمیا كو ئەوە پەسندە پێشمەرگا كرو دلسۆزیا خو بۆ پیشمەرگا دیار كر، هەر چەندە ئەز دەردەسەرییێن هەڤاڵین مە بەرێز وەزیری ناڤخۆ وەزیری پێشمەرگەش د زانم كو گەلەك معاناتێت وان ژ هەنە، بەلی ئەز باوەر دكەم گەر ئەم هەمی بزانین پیشمەرگە چەند مەغدوورە كەس مە هەندی پیشمەرگە خۆ دەردێ پێشمەرگا نزانیتن حەتا نووكە هەڤالان بێ دادیەكە گەلەك مەزن ل ناڤ سیستەمێ پێشمەرگەیێدا چێ بوویە گەلەك پێشمەرگەت هەین پێشمەرگێت شاخن بەلی حەتا نووكە بی رووتبەنە ئیحتیمالە گەلەك ژ وان پێشمەرگا هێشتا زێرەڤانێت بەر دەرگەهێ سەیدایەكن كو رۆژەكێ پارەوەكی نانێ رەق ژی نەخواریە ژ بەر ڤێرێ داخازێت كەم بلا هێزێت پێشمەرگە بێنە ناڤ ڤێ رێكخستنێدا یا تێتە كرن هەنگاوا یەكەم بۆ یەكەی ژمێریاری هەنگاڤەكا گەلەكا باش بوو پرۆژە بەرەو چاكسازیێ دچیتە ناڤ وەزارەتا پیشمەرگە ژدا بەلی دیسان بلا ئەم شكۆیا پێشمەرگاتیێ بپارێزین هێشتا گەلەك پێشمەرگە مانە بلا ئەوی ناڤێت پێشمەر گە بێتن نە مینت باخچەڤان بەر دەرێ كەسەكی پێشمەرگە بیت بتەنی تفەنگا ل ملی بێت بۆ پاراستنا كوردستانی و سنووری كوردستانێ گەلەك ئەڤێت هەینێ ئەڤێت دێ تەقاعدبن یاخانەنشین بن نووكە دێینە سەر وەزارەتا پێشمەرگەڤە رجا دكەم بلا بۆوی ناڤەكی تری بۆ بهێتە دانانێ، چوونكی ب سەدان كەس هیچ رۆژەكێ نە تفەنگ هەڵگرتیە نە پێشمەرگە بوین نە پاریەكی نانی ژ رەق خواریە نە سەرمایی دیتیە بناڤێ پێشمەرگەش هاتیە خانە نشینكرن، بلا ڤانا ناڤەكی دیتری بۆ بهێتە دانان چ دەنێ بلا بدەنێ بەس شكۆیا پێشمەرگەی بلا بێتە پاراستن نووكەژی مرۆڤ بریگەدا دچی لە هەولێرێ تا دهوكێ (١٠٠) پێشمەرگا دبینن سەر جادێنە تفەنگێت وان ل ملیڤەنە ل هێڤیا تەكسیەك ب راستی ئەڤە دەردەسەریەكا مەزنە داخازێت كەین وەختەكێ زۆر رێكخستنەك بۆ پێشمەرگا بێتە كرن، چوونكی پێشمەرگە رۆژانە گلەیێت وان بۆمە تێن هەم مە بەحسێن یەكەێن (٧٠و ٨٠) كر ب راستی شتەكی باش نینە، ئەگەر مرۆڤ بێژێت ئەو نە پێشمەرگەكێ نیشتمانیە دەنگێ مژیت دگەڵ هەڤالێت خۆ بەلكی نەهاتنە دامەزراوەكرن، ئەگەر قوربانیا هەرە مەزن وانە

حەتا ڤێ گاڤێش ل ناو یەکەیێن (٧٠ و ٨٠) زۆربەی پێشمەرگا ب سیلاح و چەکێن خۆنە زۆر بەیێ وان ب جلکێ خۆیە گەلەکێ رەنگێ جلکێ وان هەیە نا بەینی وادا نەرێکخستینە مەعاشی وان ژی هەر کەسەکێ کەمترە پلە بەرزییێت وان نینن هەمیێ ئەم خەلکێ فەقیرن یت بووینە پێشمەرگە ژ هەمی کەسەکی ژ مەغدوورترن ژ بەر هەندی ِژی داخازی دکەین وەزارەتا پێشمەرگە سەرۆکێ هەرێمێ کو سەرۆکی هێزێن لەشکرێ کوردستانێ گشتییە خەمەکێ لێ بخۆن لەزەکی بکەن بۆ رێکخستنا پێشمەرگە ژلایێ مووچەی ژلایێ خانە نشینیەڤە ژلایێ پلە بەرزیەڤە، چوونکی ب راستی ژی پێشمەرگە گەلە گەلەکێ مەغدوورە و ئەز دووبارە بیژم ئەوی پێشمەرگە نەبت چەك لە ملی نینە بەناڤێ پێشمەرگاتیا نەهێتە خانە نشین کرن، چوونکێ ب راستی شکۆیا پێشمەرگاتیا بپارێزین مە وەختەکێ ل پێشیا مەو ئەمی ژ ولاتەکێ دا دژین هێشتا بەلکێ ئەم ژ شۆرشەکا دژین ل ڤی وەلاتێدا مە پێویستی بە پەپێشمەرگەی هەیە، گەلەك سوپاس بۆ هەمیا ژی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هێڤیدار ئەگەر پرسیارەکەت بکەی.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی لەگەل حکومەت گفتووگۆمان کردبوو، هەموو شەرەکەمان ئەوەبوو ئەو (٢٢٠) هەزارەی هێزی ئاسایش و ناوخۆ مەدەنی بێت بە ئێمەیان گووت (٨٠) هەزار، ئێستا کەوتوونەتە گومان، بۆیە داوا لە وەزیری دارایی دەکەین ئایا ئەمە هێزی ئاسایش و ناوخۆش دەگرێتەوە؟ یان تەنیا مەدەنیەکانە؟ داوا لەبەڕێز وەزیری ناوخۆش دەکەین ئەو روون کردنەوانەی لەسەر پاسەوان بۆ ئێمەیاندا لە لیژنەی دارایی لێرە روون کاتەوە کە روئیایان چیە، ئەم بابەتە چارەسەر دەکەن، سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەر لەمان:**

بەرێزان وەزیری پێشمەرگەو وەزیری ناوخۆ ئێمە کە ناوەکان ئەنووسین دوایی ئەیخوێنینەوە، کە خوێندمەوە بۆ قسەت نەکرد، فەرموو د. زێدان.

**بەڕێزد. زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا دەکەم هەمووکات ئاخیر کەس بم کێشەم نییە لەسەر شێوازی قسەکردن، تێبینیەکانی منیش لەو بەشە گرنگەیە بەراستی زۆربەی هاوکارانم بە پوختی باسی ئەو بەشەیان کرد، ئێمەش هەمووومان داکۆکیکارین لە مافی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆ، من تێبینیەکانم زۆر کورت دەکەمەوە، چونکە بەشی هەرەزۆری ئاماژەی پێکراوە، یەك لە تێبینیەکانم ئەوەیە کە خالی چوارەم ئاماژە بەوە کراوە پێویستە دەستنیشان کردنی ژمارەی پاسەوانان بۆ

بارەگـاو دامەزراوە حیزبیەکـان، ئەوەی کە زۆر گـرنگە لێـرە کە ژمـارەی بارەگاکـان و حەجمـی بارەگاکـانیش جیـاوازی هەبێـت لە نێـوان بارەگـای هەرە گەورەو تـا دەگـاتە بارەگـای خـوارەوە، ژمـارەی پاسـەوانەکان دیـاری بکرێـت وە شوێنەکانیشـیان دەسـت نیشـان بکرێـت و، هەروەهـا ژمارەی پاسەوانی پارێزگاری لە خاوەن وەزیفە باڵاکان و بەرپرسانی سەربازی و ئاسایشی ناوخۆ لێـرە زۆر گـرینگە، ئـێمە لەنێـوان دوو کەوانە ئەو بەرپرسـە باڵایـانە بنووسـین کە هەر سـێ سەرۆکایەتییەکە زائیدەن وەزیرەکان، بریکاری وەزیران و ئەنجوومەنی وەزارەتەکـانی نـاوخۆ و پێشـمەرگە و دادوەرەکـان، ئەگەر هەر لایەنێکـی تـریش هەبێـت کە زۆر گـرینگە، پێویسـتە لێـرە ئاماژەی پێبکرێـت کە بـۆ ئەو چیـنە پاسـەوانی تـایبەت دابـین بکرێـت و، خـاڵێکی تـر کە ئێجگـار گرینگە بەراستی پێمخۆشە بکرێتە بـڕگەی دووەم لەم خـاڵەدا ئەویـش گەڕانەوەی سـەرجەم ئەو پێشـمەرگەو پۆلیسـانەی کە دراوە بەکەسـە تایبەتەکـان، بەنـاوی هەر پـایەکی کـۆمەڵایەتی بـۆ خزمەتکردنی تایبەت بە کاری دەهێنن، بۆیە پێویستە ئەو پێشمەرگەو پۆلیسانە بەکارهێنانیان بۆ خزمەتـی گشـتی بێـت نەك بـۆ خزمەتـی تـایبەتی و بگەڕێـنەوە سـەر میلاکـی یەکەی پاسـەوانی، چـونکە ئـێمە دەبینـین لە دەیـان شـوێن و لەدەیـان کەسـایەتی چەنـدین پاسـەوانی بـێ ژماریـان پێدراوە بۆ بەرژەوەندی تـایبەتی خۆیـان و هـیچ کێشـەیەکی کـۆمەڵایەتی و سیاسیشـیان نیـیە، بـۆیە وا پێویسـتە سـەرجەم ئەو پاسـەوانانەو پێشـمەرگانە بگەڕێـنەوە سـەر یەکەی پاسـەوانی، لێرەدا پشتگیری لە قسەی کاك یاسین دەکەم سـەبارەت بە جـل و بەرگ، پێویسـتە جـل و بەرگـی پێشمەرگەو پۆلیس لە هەموو کوردستاندا رێك بخرێت و پشـتگیری لە هەڤـاڵانم کـاك زانـاو کـاك لقمان و کاك پێشەواو کاك نزارو کاك کاروان سەلما خان و دکتۆرە گەلاوێژ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

وەزیری پێشمەرگە و وەزیری ناوخۆ کەرەم کەن.

**بەڕێز شۆرش اسماعیل عبدالله/ وەزیری کاروباری پێشمەرگە:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێوارەتان باش یا شەوتان باش، هەموو ماندوون ئەزانم لەشتان ساغ بێت، پەرۆشی دلسـۆزیتان بۆ ئەو مداخەلەو پێشنیارە جوانانەی بۆ هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتان و هێزەکـانی نـاوخۆ کـرا جێـی تەقـدیرە، مـن ئەمەوێ لەوەوە دەسـت پێـبکەم ئەم بەشـی چـوارەم، یەعنـی جـوزئێکە لە پرۆژەیەکی فراوانی چاکسازی کە لەوەزارەتی پێشمەرگە بە هاوکاری و هەماهەنگی و پشتیوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و دۆستەکانمان کە چوارچێوەی فراوانی لە خۆی گرتووە بەرێوە ئەچێت وە هەنگاوی جـدیش لەو بەرنامەیـا چـۆتە پێشـەوە ئەو خاڵانەشی کە لێرە باس کراوە لە خاڵی یەکەمدا لەمادەی یەکەمدا، مەسەلەی شتێك رێکخرابێ یا رێکنەخرابێ، هیچ عەیب نییە ئینسان کە مەسەلەی هێزی رێکنەخراو شتێکی عەیبە نییە، عەیبە

ئەوەبوو کە ئەو هێزانە وەکو هێزی نیشتیمانی نەیاتوانیبایە ئەو ئەرکە پیرۆزەی کە لەسەر شانییانە جێ بەجێ ی بکەن، هێزەکانی حەفتاو هەشتا لە قۆناغێکی زۆر ترسناکا، لە قۆناغێکی زۆر سەختدا ئەوانەو هاورێکانیان لە هێزەکانی پێشمەرگە وە پشتیوانەکان و خۆبەخشەکان توانیوویانە گەورەترین شانازی بۆ خەڵکی کوردستان تۆمار بکەن وە دنیا شانازیان پێوە بکات وە لە جیاتی دنیاش شەری تیرۆرستانی داعش کردووەو، ئەو مەترسیە گەورەیان لەکۆڵ مرۆڤایەتی کردۆتەوە وە لە هەر شوێنێك کە باسی ئەو هێزانە ئەکرێت ئەبێ بە تەقدیرو ئیحترامی زۆرەوە باسیان بکرێت، بەڵام بێ گومان ئەو هێزەشی ئەرکی قورسی لەسەر شان بوو بەدەر نییە لە رەخنەو کەم و کوری، لەبەرئەوە ئەم پرۆژەی چاکسازیە بۆ ئەوەیە کە ئێمە هەوڵ بەین هێزێکی یەکگرتووی کوردستانیمان هەبێت، چونکە ئێمە هەمیشە باسمان کردووەو و ئەم پرۆژە چاکسازییە بەشێکە لەوەی کە کوردستان لە حیزب گەورەترە، لە یەکێتی گەورەترە، لە پارتی گەورەترە، لە هەموو هێزەکانی کە گەورەترە، پیشمەرگەیەك کە خۆی بە کوشت ئەدا لە پێناوی حیزبێکدا، خۆی بە کوشت نایا، بەڵکو ئەوانە کوردستانیان لا پیرۆز بووە، پارێزگاریان لێکردووەو گیانیان بەخشیوە، ئەوانە کەرامەتی تاکی کوردیان بەلاوە موهیم بووە، پاراستنی کەرامەتی تاکی کوردبووە گیانیان بەخشیوە، بۆیە ئەبێ ئێمە لەو چوارچێوەیە باسی ئەم هێزانە بکرێ، ئەوی تری کە وەکو وتم ئەمە یەکەم هەنگاوە لەوەیا کە ئەمە ئەبێ بە رێنمایی، ئەبێ بە یاسایەك بکرێ، هاتۆتە ناو ئەم چوارچێوە یاسایە و، ئێوە بەرێزتان قسەتان زۆر بە جوانی و بە فراوانی و بە قوڵی لەسەر کرد، ئەو خاڵانەی تری کە باستان کرد مەسەلەی من ئەمەوێ پێتان بلێم لێرەوە بە هەموو پێشمەرگەی کوردستان بڵێم کە فیعلەن ناهەقیان بەرامبەر کراوە وە حەقی خۆیان پێنەدراوە، کێشەیان زۆرە نارەحەتییان زۆرە، پێویستیان بەوە هەیە کە کێشەکانیان چارەسەر بکرێت، ئیرادەیەکی بەهێزیش هەیە، هەم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەم لە سەرۆکایەتی هەرێم، ئەو کۆبوونەوانەی کە ئێمە وەك وەزارەتی پێشمەرگە کردوومانە ئەو ئیرادە بەهێزە هەست ئەکرێ کە چارەسەر کردنی کێشەکانیان لە جێگای حەوانەوەیان لە بنکەو شوێنی مەشقیان، لە چەکیان، لە جل و بەرگیان، لە میزانیەیان، هەموو ئەوانە خراوەتە چوارچێوەی ئەو پرۆژانەوە کە تۆ هێزێك بیەوێ ئەرکێکی قورسی پێ بسپێری کە پاراستنی خاکی کوردستانە، بێ گومان مافیشی هەیە کە پێویستە بەیاساش ئەو مافانەی رێکخرێت، مەسەلەی بۆچی مووچەی پێشمەرگە بەو یاسایە جێ بەجێ نەکراوە، لەمەودا مووچەی پێشمەرگە هاوتا بکرێت کە خۆشبەختانە لە بەشی شەشەمی ئەم پرۆژە یاسایە لە مادەی (٦) پێداچوونەوەو رێکخستنەوەی پلەو ناونیشان و مووچەی وەزیفی سەرجەم مووچە خۆرانی هەرێم لە بوارەکانی خزمەتی شارستانی پێشمەرگایەتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە پێی یاسا پەیرەو رێنماییە کارپێکراوەکان رێکخستنەوەی لە چوارچێوەی وەزیفەی گشتیدا، یەعنی لەمەشدا تاکید کراوەتەوە، کە خۆ رێکخستنەوە بەشێکە لە چارەسەر کردنی کێشە، چونکە کوردستان پێویستی

بەم هێزە فراوانەو زەبرو زەبەنگەی پێشمەرگە نییە، بڕیارێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە لە کابینەی پێشوودا کە هێزی پێشمەرگەو پێویستە، هێزی پێشمەرگەی کوردستانی دیاری کردووە، یەعنی بۆیە ئەم خۆ ڕێکخستنە بەشێکە لەوەی کە ئەچێتە ئەو هێزەی دیاری کراوە بە پێی پێویستی جوگرافیای کوردستان، چەند پێشمەرگەی پێویستە بەو شێوەیە ڕێك ئەخرێتەوانێ وە بەو شێوەیە ئەوی تری کە زیادەیە کە باس کرا، پاسەوان لەسەر هێزی پێشمەرگەیە، یەعنی لەم پرۆژە یاسایەیا ڕێزێکی زۆر لە پێشمەرگە گیراوە کە پاسەوان جیا ئەکرێتەوە ئەرکی پاسەوان لەئەرکی پێشمەرگە زۆر زۆر جیایە، بۆیە ئەو پیرۆزیەی پێشمەرگە کە ئەرکی پاراستنی خاکی کوردستان جیا کراوەتەوە لەگەڵ ئەوەی کە ئەرکیەتی کە مقەرێکی حیزبی یان مقەرێکی ئەمنی یان پارێزگاری لە کەسایەتیەکی پلە باڵا ئەکا، ئەوانە ئێستا خۆیان هەمان وەزیفە ئەکەن بە ناوی پێشمەرگەوە هەر پێشمەرگەیە، بەڵام پاسەوانە، بۆیە ئەبێ پاسەوان و وە هەموو ئەوانەی کە ئەرك خراوەتە سەر وەزارەتی پیشمەرگە و هێزی پێشمەرگە لە پێشمەرگە جیا ئەکرێتەوە، ئەوەی کە تەرقیە مـن ئەوانەی ڕاستە هی ٢٠١٧ تا ئێستا نەکراوە، دڵنیایان ئەکەم سەرۆکایەتی حکومەت بەلێنیان پێداوین کە لەم حەفتەیە پلەکانیان بۆ ئەگەڕێتەوە، خاڵێك کە باس کرا لەسەر مەسەلەی ئابوونەی حیزبی خۆشەویستان بیست، سی ساڵە ئابوونە لە پێشمەرگە وەرئەگیرێت، بێگومان فەترەیەکی ئەوێت ئێمە کە دەست بەکاربووین بریارمانداوە ئەوەی ئابوونەی حیزبی بکات چوارچێوەیەکی یاسایش دیاری کراوە کە سزا ئەدرێ و ئەیدەین بە دادگای سەربازی، لەبەرئەوە یەعنی ئەبێ پشوو درێژ بین لەگەڵ ئەمەیا خۆ یەکی کە ئابوونەی حیزبی وەرگت ئیعدامی ناکەین، بەڵام ئێمە ئینزارمان کردووە کە ئەمە ئەبێت کۆتایی پێبێت لە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا وە سزادانی سیاسی موتلەقەن قبوڵ ناکرێت نەش بووە، چەند حاڵەتێك بووە نەمانهێشتوە ئەوە ببێ چارەسەرمان کردووە، لەبەر ئەوە ئەرکەکە قورسە کێشەکانیش زۆر بووە کەڵەکە بووە پێویستمان بە هەموو دلسۆزانی ئەم نیشتیمانە هەیە، بە پەرلەمان هەیە، بەهەموو موئەسەساتی تر هەیە کە هاوکارمان بن، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو هێزە کوردستانیەی کە لە ئاستی داخوازی خەڵکی کوردستان و لە ئاستی ئەرك و پێویستیەکانی ئەمڕۆی کوردستان دابێت بە هەمووومان پێکەوە وە بەشێوەیەك هەوڵی جدی بدەین دوور لە ئیستیفزاز، دوور لەوەی کە هێزەکانی تر وا لێبکەین ئەو چوارچێوە یاساییەی کە دائەنرێت، بۆ ئەوەی هێزێکی کوردستانیمان هەبێت، یەکگرتوو بێت وە ئەو هێزە وە پێشتریش وتم دروشمە ئەساسیەکەی لە پێناوی خاکی پیرۆزی کوردستانا گیان بەخشی بکات، ئەوی تری ئێمە لەگەڵ هەموو ئەو هێزانەی کە ئێستا ڕێکخراون لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا، ئەوەی کە کاك بکریش باسی کرد کەهەموو جوزئی بچوکن لە ناو ئەو پرۆژە چاکسازیەدا، بێگومان ئەو عەقیدەیە ئەبێ دروست بکرێ و بەردەوام پەرەمان پێداوە کە پێشمەرگە یەعنی وەکو ووتمان حیزب میکانیزمێکە بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان

پێشـمەرگەش لە چوارچێـوەی وەزارەتـی پێشـمەرگەدا ئەرکەکەی قورسـترو فراوانتـرە، یەعنـی حیـــزب لە شـــوێنێکی کەیە، ئەرکـــی پێشـــمەرگە لە شـــوێنێکی کەیە، حیـــزب ئەرکەکەی پەروەردەکردنی تاك و وشیارکردنەوەی تاکی خەڵکی کوردسـتانە، بەڵام پێشـمەرگەی کوردسـتان ئەبێ لە چوارچێـوەی وەزارەتـی پێشـمەرگەدا رێـك بخرێـت وە لە ژێـر دەسـەڵاتی حکـومەتێکی مەدەنی دیموکراتی دابێت، بۆ ئەوەی هیچ کاتێك یاساکانیش هاوتا بکرێن بەخـزمەت بکـرێن، بـۆ ئەوەی ئەم هێـزە لە هـیچ ململانێکـی سیاسـی لە نـاوخۆدا نەتوانرێـت ئاسـان بەکاربهێنرێـت و بەشداری پێ بکرێت رەنگە پێم وایە بەشی زۆری خاڵەکان من باسم کردووە، یەعنی رەنگە ئەگەر شتێك ئەگەر باسی نەکەم دڵنیابن ئەوانەی کە هەموو ئەوەی ئەو ئەرکەی گرتۆتە ئەسـتۆ شـەو و رۆژ بە پشـــوو درێـــژیەوە هاوکـــارو پشـــتیوانی زۆریشـــمان هەیە، ئەوە لە دڵ و دەروونـــی هەموماندایە لە دڵ و دەروونی هەموو تاکێکی کوردستاندا هەیە کە هێزێکی مەشق پێکراوی پـر چەکی یەکگرتووی کوردستانی بتوانێ، بێ گومان ئەو هێزانەی پێشـووتریش شـانازی گەورەیـان فیداکاری گەورەیان بەرکەوتووە لەوەی خاکی کوردستانیان پاراسـتووە، ئـێمە ئەمـانەوێ ئەوەی کە بە (٢٠٠) هەزار (٣٠٠) هەزار پێشـــمەرگە کوردســـتان پـــارێزراوە، لەمەودوا بەکەمتـــر لەوە بە هێزێکی مەشق پێکراوی بە توانای پر چەککراو بتوانێ ئەو ئەرکە نیشتیمانییە بگرێتە ئەسـتۆ وە هەموو ئەو مووچەو هاوتاکردنی مووچە و دەرماڵە و ئەوەی کە شەهادەی هەیە، راستە قسەیەك کـرا کە پێشـمەرگە لە کاتێکـدا کە خانەنشـین ئەکـرێن رەنـگە شـەهادەی بـۆ حسـاب دەکـرێ، یـان دەرمـاڵەی بـۆ حسـاب دەکـرێ، کە ئەمە بەراسـتی پـێچەوانەی هەمـوو یاسـاو رێسـایەکە، نـازانم حیکمەت و عیبرەت چییە لەوەی لە ئێستایا خۆی پێویستی پێیەتی، مناڵی پێویستی پێیەتی بـۆ بەهێز کردنی هێزەکەت پێویستی، یەعنی بۆچی بۆ ئێستا بۆی سەرف ناکرێـت؟ کە تـۆ پێویسـتە ئەم هێزەت هێزێکی ئەمەنە بەهێزو یەکگرتوو بێـت کە نەك شـەری پێبکەی، ئـێمە نامـانەوێ ئەو هێزە یەکگرتوو بۆ شەڕ، بەڵکو دەمانەوێ شەڕو مەترسیەکانما لێ دوورخاتەوە، چونکە ئەم هێـزە چەند یەکگرتوو بێت، چەند بەهێز بێت، چەنـد پـرچەك بێـت مەترسـیەکانت لـێ دووردەخـاتەوە، بەڵام چەند بەم شێوەیە بێت رەنگە تووشی مەترسی گەورەو بکـا، بـۆیە ئەبێ ئەمـانە هەمـووی بەیاسـا چارەسـەر بکرێـت وە هەمـوو ئەو نارەحەتییـانەی پێشـمەرگە بەدەسـتییەوە ئەنـاڵێنێ، ئومێدم وایە لە ساڵی ٢٠٢٠ ئیرادەی بەهێز هەبێت، بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێـت، کیشـەی زۆری تـر هەیە کە مـن نـامەوێ باسـی بـکەم، دەسـتان خـۆش بێـت ئێـوە زۆرتـان بـاس کـرد، بەڵام ئەوە پرۆژەیەی کە لە وەزارەتی پێشمەرگە هەیە (٣٩) پرۆژەیە، یەعنی ئەم دروست کردنی یەکەیەکی یەکگرتـوی ژمێریـاری یەکـێکە لە پرۆژەکـان، یەعنـی ئەگەر ئەوانـیکە شـان بە شـانی ئەمە تەواو نەکرێت، ئەوا دروست کردنی یەکەیەکی حیسابی سیحرێك نیـیە بەمە هێزێکـی تـۆکمەی نـازانم چی هەبێت، رەنگە هەنـدێك کێشـە چارەسـەر بکـات، بەڵام کـۆی کێشـەکانی هێـزی پێشـمەرگەی

کوردستان و هێزێکی ئایندەی کوردستانی چارەسەر ناکا، بۆیە جارێکی کە سوپاس تـان ئەکەم و دەستان خۆش.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمـوو وەزیـری نـاوخۆ، بە دیـاریکراوی لە یەکخسـتنی یەکەکـانی پاسـەوانی ئالیەتەکەتـان ئەوەمان بۆ باس بکەی سەرەتا ببورە.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو کاتەتان باش، بەڕێزان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان، هەر کەسـێك لەسـەر بەشـی چوارەم قسـە بکـات ئەگەر بـاس لە پێشـمەرگە نەکـاتن مـافی خـۆی پێـنەدات، ئەوە غەدرێـکە لە مێژوو، ناوی پێشمەرگە دەکا، ئێمە هەمووومان یان کوری پێشمەرگەین یان کچ و کـوری شـەهیدو ئەنفـال و جینۆسـایدو کیمیابـارانین، کەس لەسـەر کەس شـتێك زیـاد ناکـات، ئەوانەی لەو هـۆڵە دانیشتوون هەمووومان یەك راین وە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پرۆژەیەکی رێك و پێك هاتوینەتە خزمەت ئێوە، بۆ ئەوەی وەکو یەك تیم هەردوولامان شتێکی رێك و پێـك دەرچـوێنین کە خزمەتـی ئەو درووشـمانە بکـات کە هەمومـان بەرزمـان کـردۆتەوە وە خزمەتـی ئەو چـین و توێژانەش بکات کە ئێمە لە سایەی خەبات و ماندووبوون و دڵسۆزی ئەوان ئەمڕۆ بە ئازادی لێرە دانیشتووین، کە موومارەسەی ماف و ئەرکەکانی خۆمان دەکەین، بۆیە رێزو تەقدیرمان هەیە بۆ هەمـوو ئەو بۆچوونـانەی کە ئەمـڕۆ لێـرە بـاس کـران وە دلسـۆزی هەمـولایەك بـۆ بەرامـبەر بە پێشمەرگەو بنەماڵەی شەهیدان و پەککەوتەو جینۆسایدو زیندانیانی سیاسی، هەمووومان لەیەك خـانەین وە بەیەك ئاڕاسـتە ئـیش دەکەیـن، بـۆ ئەوەی کە خزمەتێکـی زیـاتر بکەیـن، سـەبارت بە بابەتێك کـاك شـۆرش رەنـگە لەبیـری چـوبێتن ئـێمە لە سـەر بـابەتی پێشـمەرگە لەگەڵ بەغـداش قۆناغی بـاش چـووینە پـێش وئەو شـاندەی کە چـوو بـوو بـۆ موناقەشـەکردن لەسـەر میـزانیەی عێراق، هەرچەندە لە میزانییەی لە ٢٠١٩ (٦٨) ملیار دینار چەسـپێندرا بـوو، بەڵام هیچیـان خەرج نەکرد بۆ ئەم ساڵی ٢٠٢٠ خۆشبەختانە توانراوە (٧٦) ملیار دینار لە میزانییەکە تەسبیت بکرێت و، هیوادارین پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا لە ئاستێکی وادابن و بارودۆخ گونجـاو بێـت، بـۆ ئەوەی شایستە داراییەکان برایانی پێشمەرگە لە کـاتی خـۆی بگـات وە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان پابەندە لەوەی کە بەجدی لەسـەر ئەو بـابەت ئـیش بکـات وە کـاری بـۆ بکـات، بەرێـزان پرۆسـەی چاکسـازی پرۆسـەیەکی بەرفـراوانە، ئـێمە هەمـوو بـابەتی چاکسـازیمان لە بەشـی چـوارەم کۆنەکردۆتەوە، ئەگەر باس چ لە بواری پێشمەرگە بکەین، چ لەبواری هێزەکانی ئاسایشـی نـاوخۆ بکەین، پرۆسەکە بەر فراوانتـرە لەوە ئەو پـرۆژەیەی کە ئێسـتا لە وەزارەتـی پێشـمەرگە هەیە لە سەرچاکسـازی گەورەتـرە لەوەی کە تەنها باسـی کـراوە، لێـرە تەنهـا باسـی یەکخسـتنەوەی یەکە ژمێرکارییەکان کراوە، کە هۆکاری سەرەکی چاکسازییە لە نـاو هێزەکـانی پێشـمەرگە، هەرکاتیـك بواری ژمێریاری یەك خرایەوە، سـەرچاوەی داهـاتی پێشـمەرگە و پێشـمەرگە تەرەف بـوو لەگەڵ حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان لە وەرگـرتن لە ئەرك و فەرمـان، ئەو کـاتە چاکسـازی بنەرەتـی

دروست دەبێتن و جێگایی خۆیەتی کە دەست خۆشی لە هەموو ئەو یەکانەی حەفتاو هەشتا هەموو ئەو هێزانەی کە ڕێکنەخراون، بێجگە لە یەکەی حەفتاو هەشتا هێزی تریش هەیە ڕێکنەخراون و هەموویان بەشدار بوون بە ئاستی خۆیان لە پارێزگاری کردن لە هەرێمی کوردستان لە شەری نەگیرسی سەپێندراو لەلایەن گروپەکانی تیرۆرستی، بابەتی کە پەیوەندە بە وەزارەتی ناوخۆ گفتوگۆی زۆرمان کرد لەگەل لیژنەی دارایی و ئەو ئەندامە بەرێزانەی کە لەویَ بوون پرسیارەکانی کە ئێستا دووبارە ورووژێندرانەوە لە هەمان سەرچاوە کە پرسیار دەکرێتن نیگەرانی ئێوە کە لە جێگای خۆیەتی و نیگەرانی ئێمەش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە بەرێزتان ئاماژەتان پێکرد بۆ ڕێکخستنەوەی بواری پاسەوانی لە هەرێمی کوردستان، بەحەقیقەت ڕەنگە ئێستا پرسیار لە هەریەکێك بکرێتن ئێمە بکرێتن ئێمە نەتوانین وەڵامی ئەوە بدەینەوە کە چەند پاسەوان لە هەرێمی کوردستان هەیە، یەکێك لە ئەندامانی بەرێز باسی شەست و چوار هەزاری کرد من نازانم ئەو ژمارەییەی لە کویَ هێناوە، بەلام ئێمە ناتوانین ئێستا ژمارەیەکی دروست بە ئێوە بدەین کە بە خەڵکی کوردستان بلێین کە ئەوەندە پاسەوانە هەیە، چونکە ئەرکی پاسەوانیەتی و پێشمەرگەیایەتی کرێکاری و خزمەتکاری تێکەلاو کراوە مەبەستی ئێمە لە پێشکەشکردنی ئەو برِگەیە لە پرۆژەی لە چاکسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەیە کە ئەرکی پێشمەرگاییەتی و پاسەوانی و لەگەل خزمەتکار لێك جیا بکەینەوە وە شکۆی پێشمەرگەو شکۆی پاسەوانیش ئێمە خەلکێکی زۆرمان هەیە پاسەوانە لە بەرەکانی شەرِ شەهید بووە لە بەرەکانی شەری دژی تیرۆرستان خەلکێکی زۆری پاسەوان شەهید بووە، خەڵکێکی زۆری خۆبەخش شەهید بووە، نە پاسەوانە، نە پێشمەرگەیە موجەرەد هاوڵاتییەکی ئەو کوردستانەیە بە ئەرکی خۆی زانیوە بەشداری ئەو شەرە بکات، بۆیە ئێمە لێرە هاتووین ئەو بوارە ڕێك بخەینەوە وە جیاوازی بخەینەو نێوان هەموو ئەو ئەرکانە وە بە تەئکید ئێمە پێتان دەلێین ئەرکێکی قورسە و پێویستیمان بە پشتگیری ئێوە هەیە لە پەرلەمانی کوردستان لە نیگەرانییەکانی ئێوە تێدەگەین کە بە شێك لە هەڤاڵان لە برادەران باسی ئەوەیان کرد کە یاسایەك وەکو ئەوەی کە پاسەوانانی پەرلەمانتاران بە یاسا ڕێك خراوە بە یاسایەك ڕێك بخرێت، ئەگەر ئێمە بچینە ئەو بوارە ئەوە ڕەنگە کاتێکی زۆری بوێتن ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان جدیین کە پێشنیارمان کردووە بە پەیرەوێك لە ئەنجوومەنی وەزیران ڕێك بخرێت، دەمانەوێت بە پەلە ئەو بوارە دەست پێبکرێت، هێشتا ئێمە یاسایەك ڕێك بخەین هەر یاسایەك کە لەسەر بنەماییەکی دروستی زانیاری و داتای دروست نەبێتن ئێمە چۆن بتوانیین ئەو یاسایە ڕێکبخەین، کەس دەتوانێت پێم بلێت چەند بارەگای حیزبی، چەند کەسایەتی، چەند شوێنی ڕەسمی نارسمی لەو ولاتە پێویستی بە پاسەوانی هەیە، کەس دەتوانی پێم بلێتن چەند شوێن لەو وڵاتە چەند هاولاتی لەو وڵاتە پێویستی بە پاسەوان هەیە، ئێمە نابێت ئەوە لەبیر بکەین کە هەر پلە باڵاکانن خەلکێك هەیە لە دادگاوە بریاری بۆ دەردەچێت، ئەبێت پارێزراو بێت، ئەوە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە پاسەوانی بۆ دابین بکات، ناکرێتن تۆ بیدەیتە دەستی عشاییرو گروپ و خزم و خزمین وای لێبیتن بۆ بە کارهێنانی چەکی خۆیان و تێکدانی

بارودۆخی ناو شار بۆ پاراستن لە خۆیان تواناکانی شەخصی خۆیان بەکار بهێنن، ئەمەش یەکێکە لە ئەرکەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە بەبێ هەبوونی داتا بە حەقیقەت چوون بۆ پرۆژە یاسایەك بۆ ریکخستنی پاسەوانی رەنگە نەتوانیین ئامانجەکە بپێکین، بۆیە ئێمە داواتان لێ دەکەین پشتگیریمان بکەن لەوەی کە ئەو پەیڕەوە لە ئەنجوومەنی وەزیران دەربچێت دواتر هەروەك لە لیژنەی دارایی کە ئێمە باسمان کرد بەڵێنمان داوە کە ئێمە لە کاتێکی نزیکدا بۆ ئێمە خۆشترە هەموو شتێك بە یاسا رێك بخرێت، چونکە ئەرکی حکومەتیش سوکتر دەبێت و ئیحراجیش بەرامبەر خەلکیش بۆ ئێمە ئاسانترە وەکو حکومەتی هەرێم بە یاسا مامەلە لەگەڵ هەموو شتێك بکەین، بەڵام کاتیکی زۆری دەوێت ئێمەش دەمانهەوێت بە حەقیقەت رێکی بخەین و لە ئەنجومەنی وەزیرانیش دوای ئەوەی کۆبونەوەکان کرا لە بەینی حکومەت و پەرلەمان جارێکی تر لە دوایین کۆبوونەوەی ئەنجوومەن، ئێمە باسمانکردەوە وە تەواوی ئەندامانی کابینە پشتگیریی ئەو بابەتەیان کردووە کە لە کاتێکی نزیك و گونجاودا ئەو بەڵێنەی کە خۆمان دەبەینە سەرو کە بە یاسایەك دێینە پەرلەمان و بۆ رێکخستنی ئەو بابەتە، کاك رۆمیۆ باسی ئەوە دەکات کە بەرپرسان و سەربازی و ئاسایشی ناوخۆ و پاسەوان لە یەکەکانی خۆیان رێکبخەن، حەقیقەت ئێمە ئێستا نازانین کێ لە کوێ؟ چەند پاسەوانی هەیە؟ ئێمە بۆیە دەلێین پەیڕەوەکە بۆ ئەوەی بزانین کێ؟ لە کوێ؟ چەند پاسەوانی هەیە؟ بۆیە دواتر ئێمە تەحدیدی بکەین چی لێ بکەین؟ بابەتی مووچەی پێشمەرگەو ئاسایشی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هاوتا بکرێت، حەقیقەت وەزیری دارایی لێرە دانیشتووە ئەوە رەنگە ئەرکێکی دارایی قورس بخاتە سەر شانی وەزارەتی دارایی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەموومان تەمەننای ئەوە دەکەین کە ئەو مووچانە یەك بخرێن، هەڤالان نەك تەنها لە بەینی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ لە ناو وەزارەتی پێشمەرگە لە ناو وەزارەتی ناوخۆ مووچەی ئەم یەکەیە لە گەل ئەو یەکەی تر جیاوازە، بێجگە لەوەی مووچەی فەرمانبەری شارستانی لە گەل مووچەی سەربازی جیاوازە، بۆیە ئێمە کە باس لە چاکسازی دەکەین لە بواری خانەنشینی و مووچەی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ، ئێمە نەمانویست لێرە جێی بکەینەوە پێش هەموو شتێك دەمان هەوێت کە بەرێزتان ئاگاداربن کە کە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە پێی یاسای ژمارە (١٨) ی سالی ٢٠١١ی عێراق وە بەکارخراو لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٥) ی سالی ٢٠١١ خانەنشین دەکرێن، واتا بە پێی یاسایەك کە لە عێراق دەرچووە بەم شێوەیە خانەنشین دەکرێن یاسایەك هەیە شتێك نییە کە نەی بێت، بەڵام دواتر لە عێراق یاسایکی تر دەرچوو لە سالی ٢٠١٤ و ٢٠١٩ش تەعدیلاتی بۆ کرایەوە، هەمووتان ئاگاداری ئەوەن بەوەیی کە یاسایکی یەکگرتویی خانەنشینی لە عێراق دەرچوو بە شارستانی بە سەربازی و بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەمووی یەك خستەوە ئەلێرەیە کە جیاوازییەك دروست دەبێت لە نێوان هێزەکانی ناوخۆ وە لەگەل ئەوانەی بەغداد بە جیاوازیی ئەوەی کە میزانییەی عیراق لە چ حالێك دایە، کێشەکانی دارایی ئێمەش لە چ حالێکدایە، هەموو بەرێزان باس لەوە دەکەن کە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کە پەییوەندیتان پێوە دەکەن تەلەفۆنتان پێوە دەکەن دێنە بەردەرگاتان، ئێمە دەزانیین ئەگەر بۆ ئێوە هەریەکێك

له ئێوه تەلەفۆنێك بێت ڕەنگە من ڕۆژانە ڕەنگە بەدەیان تەلەفۆن پەیوەندیم پێوە دەکرێ، سکالا ئۆنلاینمان هەیە، لەوەزارەتی ناوخۆ داواکارییم بۆ دێتن ئەفسەرە باڵاکان تا پۆلیسی سەر پیادەی شەقام هەموویان ئەو گلەییان هەیە، بەڵام گلەییەکە هەر ئەوەنییە کە دوو سەدو بیست هەزار وەردەگرێت، ئەوەی کە پلەی نەقیبە چەند وەردەگرێت ئەوەی کە عقیدە چەند وەردەگرێت، من لە لیژنەی دارایی خشتەیەکم دا بەبرادەران لە لیژنەی دارایی، یەعنی ئێمە تەنها ئەوەی سەرێ و خوارێ دەبینین، بەلام ناوەراستەکە نابینین ئەوانیش کێشەی گەورەیان هەیە لە بواری خانەنشین کردن، بۆیە ئەگەر ئێمە بتوانین لە رووی بارقورسایی دارایی یەوە خانەنشینی ئاسایشی ناوخۆو مووچەی پێشمەرگە لە یەك بگۆرینەوە ڕەنگە کێشەیەکی گەورەمان لە کۆڵ دەبێتەوە، بەڵام ئەوە موتەئەکید بن لەم ساڵە ناتوانین بیکەین تەنها لە کاتێك ئەگەر باریی دارایمان باشتر بێت، بۆیە ئێمە چاکسازیش تەنها لە مووچە نابینینەوە کە دەستمان بە ئیش کرد لە کابینەی نوێ سەیر دەکەین کە تەنها ئێمە لە بواری مووچەدا نییە، لە بورای هەیکەلیەتیشەوە لە بواری دامەزراندنەوە لە بواری پلە بەرزکردنەوە هەموو ئەو بابەتانەی کە لێرە باسی لێوە کراوە لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ڕەنگی داوەتەوە، تەبعەن ئێمە کە دەڵێین هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەموو دەزگا ئەمنیەکان دەگرێتەوە، بە پۆلیسەوە، بە ئاسایشەوە، بە دەزگای پاراستن و زانیاریشەوە، بە دژە تیرۆرەوە، بە هەرچی هێزی ئاسایشی ناوخۆیەوە، بە هەموویان غەدرێکی گەورەیان لێ دەکرێت، من بۆ خۆم کە یەکێك بوومە لەو هێزانە وە بەشدار بوومە و ساڵانیکی زۆر ئەندام بوومە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئیشم کردووە مووعاناتی ئەو خەلکە تێدەگەین و لە خولی پێشتری پەرلەمانیش ئەوانەی کە ئەندام بوون، لە خولی پێشتر پرۆژە یاسایکمان پێشکەش کرد و خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ کرا، بۆ ئەوەی خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ رێك بخرێت، چونکە بەراستی کە سانێك هەنە لە شۆرش و لە راپەرین و دواتریش لە دەزگا ئەمنیەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەموو ژیانی خۆیان کردۆتە قوربانی ئەم ولاتە، بەڵام کە خانەنشین دەبن هیچ ئیمتیازێکی وایان نیە کە سەر بەرزبن بە رامبەر خێزان و مندالەکانیان ئەوە کێشەیەکی گەورەیە بۆیە ئێمە هەموو پرۆسە چاکسازییەکە لە مووچە نابینینەوە چاکسازییەکە لەهەیکەلیەت و لە ئیدارەو لە دامەزراندن و لە دابەش کردنی ئەرك و فەرمانەکانیش دەبینینەوە، ئەوەی کە کاك علی ئاماژەی پێکرد بەلێ هێزی جیاواز هەیە لە سنووری وەزارەتی ناوخۆ مووچەیان جیاوازە، شکلیاتیان جیاوازە، ئەرك و فەرمانیان تا رادەیەك جیاوازە، بەڵام من دەمەوێت پێتان بلیم کە هەموو ئەو هێزانە فەرمان لە وەزارەتی ناوخۆ وەردەگرن بە زیرەڤانی و بەرگریی و فریاکەوتنیشەوە، راستە هەندێك لینکی تر هەیە، بەڵام فەرمانیان ئیداراتیان هەرچییەکی وەزارەتی ناوخۆ داوایان لێبکات جێ بەجێ ی دەکەن وە هیزەکانی سەر بەوەزارەتی ناوخۆ زیرەڤانی وبەرگریی و فریاکەوتن شان بە شانی حەفتا و هەشتاو هەموو هێزەکانی تری هەرێمی کوردستان لە شەری دژ بە تیرۆرستان لە رێزی هەرە پێشەوە بوونە وە ژمارەیکی یەکجار زۆر شەهیدیان داوە، برینداریان داوە، چەککەوتەشیان داوە، بۆیە جێگای خۆیەتی کە دەست خۆشی لە هەموو ئەو قارەمانانە بکەین و سەری ریز و

نەوازیش بۆ هەموو شەهیدان دابنوێنین، کاك رزگار عیسا سوار باسی ئەوەی کرد کە کە لەبڕگەی چوارەم هەر کەسێکی تر زیاد بکرێت، من لەگەر ئەوەمە هەر کەس و شوێنی تر، چونکە ئێمە لە هەولێر ئەو هەموو قونسولخانەمان هەیە نوێنەراییەتی وڵاتانمان هەیە ئەرکی وەزارەتی ناوخۆیە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆیە پاراستنی، ئەوە لێرە هیچ باسی لێ نەکراوە زۆر شت و شوێن و کەسایەتر هەیە کە پێویستە ئێمە لە داهاتوودا پاسەوانی بۆ دابین بکەین، بۆیە ئەگەر ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت شتێکی باشە، باس لەوەکرا کە چۆن ئەوە رێك دەخرێت، هاوتا کردنی مووچەکانیان بەرێزان ئەوە لەبەرژەوەندی هەموو ئەو خەڵکەیە کە ئیشی پاسەوانی دەکات، زۆر بەروونی لە بڕگەیەك ئاماژەیی پێکراوە کە دەبێت مووچەو شایستە دارییەکانیان هاوتا بکرێت، تەبعەن رەنگە لەوەزارەتی ناوخۆ هەموو ئەوانەی کە بێنە ژێر چەتری وەزارەتی ناوخۆ مووچەو شایستە دارایەکانیان زیاد دەرکرێت، ئەگەر ئەوە بکرێت وە بژاردە بکرێن کە چەند پاسەوانمان دەوێت و لە کوێ پێویستیمان پێیە ئەوەی کە زیادە بخرێتەوە ژێر دەستەلاتی وەزارەتی پێشمەرگە، یان ئەو ئۆرگانانەیی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پێویستیان پێ هەیە، ئەو کات هەم بارودۆخی پاسەوانەکان باشتر دەبێت لە رووی دارایی، هەم لە رووی ئەمنیەتەوە دەتوانن ئیشێکی باشتر بکەن، یەکێك لە بەرێزان وتی دیاریی کردنی ژمارەیی پاسەوانان، بە حەقیقەت ئێمە لەو جەلسەیە و لەو پرۆژەیە ناتوانین ژمارەی پاسەوان نەبۆ ئەحزاب دیاری بکەین، نە بۆ حکومەت، نە بۆ پلە باڵاکان، چونکە وەکو وتم بابەتێکی زۆر ئالۆزە ئەوەندە ئاسان نییە، دەبێت پشوو درێژبن و پشتگیری پەرلەمان دائیم لەگەل ئێمە بێت لەو مەوزووعە، بابەتی کە فەرمانبەرانی شارستانی سەربازی لە وەزارەتی ناوخۆ، حەقیقەت ئێمە لە عێراق کاتی خۆی لێك جیابووین لە ٢٠١٣ یان ٢٠١٤ ئەگەر کاك ئامانج بە هەڵە دا نەچووبم بۆم راست بکەیەوە لەو ساڵانە لە عێراق شتێك پێشکەشی پەرلەمان کرا فەرمانبەرانی شارستانی لە وەزارەتی ناوخۆ هەمان ماف و ئیمتیازاتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆیان پێدار، ئێمە لە هەرێمی کوردستان هەمان شتمان ئامادە کردووە و ناردوومانەتە بۆ ئەنجوومەنی وەزیرانیش چاوەریی ئەوە دەکەین دیراسەیەکی باشتر بکرێتن بتوانین لەگەڵ وەزارەتی دارایی و هەموو بابەتە دارایی کە هەمانە کێشە دارییەکان ئەگەر بتوانین پێنج هەزار و هەشت سەدو شتێك نەفەرە ئەگەر بتوانین چارەسەریان بۆ بکەین، بەڵام ئێمە لە خودی ئەو پرۆژە چاکسازییە یەکێك لە بڕگەکان ئەوەیە تەعریفی ئەوە دەکەین کێ دەبێت شایستەی دارایی مەترسی وەربگرێت، رەنگە هەموو کەسێك کە چەکی هەڵگرت وەکو پێشمەرگەییەك نەبێت کە لەبەرەکانی چەنگە یان وەکو پۆلیسێکی ئەفسەرێکی پۆلیس نەبێت کە لەسەر شەقامە ئەو پۆلیسەی کە لەسەر شەقامە زۆر جیاوازە هەتا لەگەل ئەو پۆلیسەی کە لەدائیرەیەکی تر دا ئەنیشێت، ئەوەی کەلەسەر شەقامە مەترسی زیاترە لەوەی کەلەپشت مێزیك دادەنیشێت، بۆیە ئێمە لەو پرۆژە یاسایەی بەردەستان خەریکین تەعریفی پێناسەیێکی مەترسی دەکەینەوە کێ دەبێت لەو وڵاتە ئەو شایستە داراییەیان بۆ حیساب بکرێت، بۆیە رەنگە لە هەموو فەرمانبەرانی مەدەنی ئەگەر بریاریش بدرێت ڕەنگە شمولیان نەکرێت، چونکە ئەمە هەندێك شتی مەترسی یە ناکرێتن وەکو ئەوەی کە لە بابەتی

پەککەوتە باسی دەرکرێت، پەککەوتە ڕێژەی هەیە یەکێک دەستێکی لە دەست داوە، یەکێک هەردوو چاوو دەستی لە دەست داوە، ناکرێت پەککەوتەیەك دەستێکی لە دەست دابێت ئەوەش هەردوو چاووی لە دەست دابێت وەکو یەك ئیمتیازی پێبدرێت، من نەم ویست کە ئەوەی بەشداری بکەم، بەڵام شێخ ئاوات ئیشارەتی پێکرد کە ئەوەی کە بە لیژنەی پزیشکی ئەو بابەتانە یەکلایی دەکرێتەوە، ئەمەیی ئێمەش لە رووی مەترسیەوە لیژنەیەکی تایبەت دادەندرێت بۆ ئەوەی بزانیین کێ دەبێت لەرووی مەترسییەوە ئیشی لەسەر بکرێت، ئێمە لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کە داوامان لێکرا کە لەسەر ئەوەی گلەیی گەیشتۆتە هەموو لایەك پاسەوان بۆ کاری تر بەکاردێت بۆ مەزرەعەو بۆ ناو ماڵ و بۆ هەموو ئەو شتانە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە داوامان لێ کراوە کە گشتاندنێکمان کردووە بۆ هەموو ئۆرگانەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کە هیچ کەسێك نابێت ڕێگا بدات پاسەوان بۆ غەیری ئیشی پاسەوانی بەکاربهێندرێت و لێرەشەوە بە هەموو خەلکی کوردستان رادەگەیینین ئەگەر بابەتێکی لەم شێوەیە هەبێت ئێمە سکالا ئۆنلاینمان هەیە دەکرێت پەیوەندیمان پێوە بکاتن ئەو بوارە رێك دەکرێت، واتا ئێمە دەستمان پێ کردووە بەجێ بەجێ کردنی ئەو پرۆسەی چاکسازییە، یەك لە بەرێزان باسی لیواکانی هێزەکانی پشتیوانی کرد هەر بۆ ئاگاداری جەنابتان هێزەکانی پشتیوانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن وە لە چوارچێوەیی یەکەکانی حەفتا و هەشتا رێکخراون پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆ نییە، بابەتێك کە حەقیقەت ئاماژەی پێکرا کە دەمویست ئاماژەی پێ بکەم لەسەر بڕگەی شەشەم پێداچوونەوەو رێکخستنەوەی لیستی سوودمەندانی خانەنشینی کەمئەندامانی پێشمەرگە بەرێزان ئەو بڕگەیە بڕگەیکی زۆر هەستیارە خەلکێکی زۆر بەناوی کەمئەندام باوەرتان هەبێت لە شەری بە ناو دووبنەماڵە بریندار بووە لە ساڵانی رابردوو، من نالێم لە چ شەرێك چی لێ هاتووە لە کوێ چی لێ هاتووە، بەڵام بە هۆکاری جیا جیا کە هیچ پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی و بە خەبات و بە تێکۆشان نییە بریندار بووە و رێژەی پەککەوتەی لەوە زیاتر بۆ نووسراوەو لەوەی کە بەفیعلی لە پێشمەرگایەتی بریندار بووە، ئەم بڕگەیە مەبەستی ئەوەیە مەبەستی رێکخستنەوە و گەڕاندنەوەی شکۆی کەمئەندامانی پێشمەرگەیە، بۆ ئەوەی بە هەڵە تێ نەگەن وە برایانی پێشمەرگەو بە هەڵە لە بڕگەیە تێنەگەن هەمووی خزمەتە بە ئەو کەمئەندامانەی پەککەوتانانەی بەراستی لەسەر شۆرش و کوردایەتی و بۆ پارێزگاری کردنی لە کوردستان تووشی ئەو نەهامەتیانە بوون زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی بەرێز وەزیری دارایی، کاك رێبەر قسەیەکتان هەیە؟

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵی هەمە، من لەسەر بابەتی سکیوریتی نوسیبووم لە شوێنێك نوسیبووم تەبعەن (٦٦) کۆمپانیای سکیوریتی لەو وڵاتەدا هەیە، ئێمە رامان گرتووە بە فەرمانی سەرۆکی حکومەت

رامانگرتووە، چی تر مۆڵەت بە کۆمپانیای سکیوریتی نادەین وە من داواشم لە ئەندامانی بەڕێزی لیژنەی ناوخۆ لە پەرلەمان کردبوو، نازانم سەردانێکی فەرمی یان نافەرمی بوو یەکترمان بینی لە وەزارەتی ناوخۆ کە بیرو بۆچوونەکانی خۆمان پێ بدەن، ئەگەر کاك شاخەوان بۆم راست بکاتەوە، وابزانم بابەتێکی وامان باس کرد کە ئەگەر بیرو بۆچوونێك هەبێت دەمانهەوێت پێداچوونەوە بۆ بابەتی سکیوریتی بکەینەوە و، ئەو کۆمپانیایانە حەقیقەت وای لێهاتووە بونەتە هێزی شەخسی و بەهیچ شێوەیەك ئێمە رێگا نادەین ئەو کۆمپانیایانە کە بەو شێوەییەی هەیە بەردەوام بن وە دەستمان پێ کردووە وخۆشمان لە وەزارەتی ناوخۆ خەریکی رێکخستنەوەین و، رەنگە پێویست بکات ئەویش بە یاساییەك، هەتا ئێستا ئێمە پەیرەوێکمان هەیە، رێنماییمان هەیە، لە وەزارەتی ناوخۆ، پێم باشە لە ئایندەیەکی نزیکدا بەیەکەوە ئیش لە سەر ئەوە بکەین کە بە یاساییەك ئەرکی کە بە ئەو یاسایە رێکبخەینەوە، هەندێك لە ئێوە باستان لەوە کرد کە لە کێلگەکانی نەوت و کۆمپانیاکانی نەوت، ئێمە لە کوردستان لە سنووری وەزارەتی ناوخۆ پۆلیسی نەوتمان هەیە نەوت و دامەزراوەکانی نەوتیمان هەیە، دوو لیوامان هەیە ئێستا خەریکی خۆ رێکخستنەوەی ئەو لیوایانەشین و، لە هەندێك شوێن کۆمپانیای سکیوریتی رەنگە رێگاش بە کۆمپانیای نەوت نەداتن، لە هەندێك شوێن کێشەش دروست بووە لەسەر ئەو بابەتە وە ئێستا خەریکی رێکخستنەوەی لیواکانی نەوتین و کابینە سەرۆکی حکومەت زۆر جدییە لەو مەوزووعە کە دەبێت هەرچی بابەتی پەیوەندی بە نەوت و کۆمپانیای نەوتە ئەبێت رادەستی پۆلیسی نەوت بکرێت، بۆیە ئەو بابەتە بابەتی کۆمپانیاکانی سکیوریتی ناکرێتن ئێمەی حکومەت ببینە خاوەنی کۆمپانیا لەگەڵ ئەوە نین، بەڵام ئەگەر ئێمە ئەو پرۆسانەمان هەموو رێکخستەوە کە بەتەسەوری ئێمە کاتێکی زۆری دەوێت و پشتگیری و خەمخۆری زۆری دەوێتن و هاوکاری هەموو لایەکی دەوێت نەك هەر پەرلەمان و حکومەت بە حەقیقەت هاوکاری هەموو خەلکی کوردستانی پێویستە ئەو پرۆسەیە چونکە پرۆسەیەکە رەنگە لە قۆناغی ئێستا لە بەرژەوەندی هەندێك خەلك بدرێت، بەڵام لە قوناغی دوور مەوداو ستراتیجی لە خزمەتی هەموو هاوڵاتیانی کوردستانە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوباس کاك ئاوات بەرێزتان قسەتان هەیە.

**بەڕێز ئاوات شێخ جەناب / وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بیدایەت بەوە دەست پێ دەکەم کە چەند روونکردنەوەیەکی بەسیت عەرزی جەنابتان بکەم، یەکەم باسی تەقاعودی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ کرا، پرسیار لەسەر ئەوە کرا بۆچی وایە؟ لەسەر ئەم قاعیدەیە ئەوان مامەلەیان لە گەڵدا دەکرێت، ئێ لە کاتی تقاعد بوونا ئینجازاتی تەراکومیان بۆ کۆدەکرێتەوە لە دائیرەکەی خۆیان وەری دەگرن نزیکەی شەش مانگیان بۆ

حساب دەكرێت، ئینجا لە هەمان كات پاداشتی خانەنشینیان هەیە ئەویشیان بۆ خەرج دەكرێت ماوەی دوانزە مانگ ئەو دووبابەتە بە قانوون لەو پەرلەمانە دەرچووە لە ژمارە (١١) ی سالی ٢٠١١، كاك هیڤیدار پرسیاری كرد ژمارەی خانەنشینەكان چەندە؟ خانەنشینی مەدەنی ئاسایش نزیكە هەشتا هەزار كەسمان هەیە ئێ هەندێ پرسیار كرا مووچەی پێشمەرگە بۆچی كەمە، لە خیلالی ئەمە جوابی رەفیقێكی تر ئەدەمەوە كە دەڵێت كە لەگەل حكومەت ناتوانیین هیچی لێ هەلكرێنیین لەگەل حكومەتی عێراقی كە ئەمەی كردوومانە بیست بیست وەكو كاك رێبەرو ئەو كاكانە باسیان كرد سەر بگرێت قابیلی ئەوەیە گۆرینێك دروست بكات، ئەگەر نا بەو تەریقەییەی ئێستا لە ٢٠١٩ ئێمە ئەوەی بۆمان دێت چوار سەدو سێ ملیارە هەمووومانگێك فەقەت بۆ مووچەی فەرمانبەرانە، ئێمە هەموو مانگێك لە عێراقەوە نەقص كە ئیستحقاقی خۆمان كە بۆمان نانێرن بە سەریعی بیتان دەڵێم رەنگە رەقەمەكە دەقیق نەبێت چوار سەدو سی و یەك ملیارو دینار عیراق هەموو مانگێك لە ئێمە دەبرێت، لەبەر ئەوە ئەو زاتەی كە باسی یەك لەسەر دوانزدەی كرد ئێمە قەت یەك لەسەر دوانزدەمان بۆ نایيەت، لەبەرئەوە لەسەر قاعیدەی یەك لەسەر دوانزدە تەقدیمی بودجە، ئەوە یەعنی بەداخەوە وا ئەلێم، یەعنی وەكو دالغەیەكی خۆش وایە بە تاقی تەنها لەسەر چوار سەدو پەنجا و سی و یەك ملیارو دینار میزانیە دروست ناكرێت، بە خۆتان دەزانن باقی مەشاكیلەكانی تر چۆنە، ئێمە مەسەلەیكی گرینگ ئەوەیە مووچەی پێشمەرگە كەمە لەبەر ئەوەی لە عێراقەوە هیچی بۆ نایيەت هەرچییەكیش وەردەرگرێت بەو ئمكیانەتە متەوازعەی ئەم مەملەكەتە وەری دەگرێت ئو بەرەكەتیان تێ بكەوێت زۆر زۆریشن ماشاءالله، لەبەر ئەوە لەوە زیاتر ناتوانی زیاتریان بۆ بكەی، ئەوەی من لە نیهایەتی قسەكانما عەرزی ئەو برادەرانەی بكەم ئێمە لەلای ئێمە وەكو حكومەت ئەم پرۆژە یاسایە یەك پاكێجە هەمووی بەیەكەوە، من تكام وایە ئینتیقائی موعامەلەی لەگەڵدا نەكەن، چونكە مەردوودی ئیجابیەكانی هەمووی لەسەر بەندەیە فەقەرەكانی ناو ئەو ماددەیە تەئسیری لەسەریەك دەكرێت ئەو دوو فەقەرییەی بە موشتەرەكی زیادمان كردووە لە وەحی ئەو دینامەكیەیە كەلەناو بەندەكانی ئەم پرۆژە یاسایە هەیە كە لەبەر ئەوە كە تەعامولتان لە گەڵدا كرد وەكو چۆن موناقەشەتان لەسەر تا ئەم ساتە موناقەشەتان لەسەر بەندو فەقەرەكانی تر كردووە دەبێت لەسەر باقیەكەشی لەسەر هەمان شتدا بكەن وە هەروەها هەمووی بەیەك پاكێج سەیر بكەن بە ئینتیقائی لە میان زیاد بكەی لەویان زۆر دەست دابگری دەست هەڵبگری لەویان دەستت سوك بكەی، نابیت بە عەینەن عەقلیەت بە عینەن مەنتق تەعامول لەگەڵ هەمویان بكرێت ئێمە لە ناو حكومەتی هەرێم وەكو عەرزمكردن زۆر بە ئومێدەوە چاوەروانی تێپەربوونی ئەم قانوونە دەكەین وە پیشمان وایە هەنگاوی یەكەم لەسەر پرۆسەیكی گەورەو موهیمی چاكسازی كە لەم وڵاتە بەرێوەییە بە پشتیوانی ئێوە، بە پشتیوانی خوا سەركەوت و بێت سوپاس. كاك رابەر پێی خۆشە رەقەمەكان بە زۆری لای ئەوە پێی خۆشە من مەزموونی ئەو دوو فەقەرەیەتان بۆ دووبارە بكەمەوە مەزموونەكەی ئەوەیە مەردوودی ئیجابی جێبەجێكردنی ئەم قانوونە

ئینعیكاس دەخاتە سەر هەموو ئەم پڕۆژەیە بە گشتی وەكو من عەرزم كردن لەم پاكێجە و ئـێمە زۆر بە تەفائولەوە چاوەڕوانی نەتیجەكانین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵی زۆر سوپاس كاك ئاوات، بەدیاری كراوی ئەو بڕگەییەی كە لە نەتیجەی تەعدیلەكە نێردرا بۆ كە لەو بـرگەیەیەی كە دەڵێـت لەبەر رۆشـنیایی ئەو بـڕە پـارەییەی كە بەفیعلـی لە خەرجیەكـان دەگەڕێتەوە لە دەرئەنجـامی جـێ بەجـێ كردنـی ئەم یاسـایە ئیلائـاخیریهی ئەوە بـۆ مەبەسـتان هێزەكان ئاسایشی ناوخۆ یان بە تەنها خزمەتی شارستانی.

**بەڕێز ئاوات شێخ جەناب /وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ هەمـوو ئەو تەسـمیانەی لە نـاو ئەو یاسـایە هـاتووە، ئەو پـرۆژە یاسـایە دا هـاتووە هەمـوو ئەوانە دەگرێتەوە، سوپاس .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ كاك زیاد قسەیەكتان هەیە؟

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زیاد جبار سەرۆكی لیژنەی دارایی، مـاددەی چـوار ئەوەی سـەبارەت بە مـاددەی چـوار ئەوەی كە بەلای ئێمەوە گرینـگ بـوو كە بەداخەوە نە لە پـرۆژەكەی حكـومەت كەهـات تیـا بـوو نە ئـێمەش نەمان توانی لەراپۆرتەكەی خۆمانەوە جێـی بكەیـنەوە كە بریتـی بـوو لە خانەنشـینی هێزەكـانی ئاسایشی ناوخۆ كە بەرێـزان بە وردی باسـیان كـرد، بە داخەوە ئەو رۆژەش كە جەنـابی وەزیـری ناوخو لە لیژنەی دارایی من لەوی ئامادە نەبووم نەمتوانی ئامادەبم، ئەوەی كە ئەمـن دەمەوێـت باسی بكەم ئەو یاسایە نەمانتوانی بیر لەوە بكەینەوە كە لەداهاتوو جارێكی تـر قسـەمان لەسـەر ئەوە كرد گرینگە بەلامانەوە یاسایەكی تایبەت بە خانەنشینی هێزەكانی ئاسایشی نـاوخۆ، ئەمـن باسـی موعـادەلاتێكی ریازیـاتی دەكەم، ئێسـتا هەم لە وەزارەتـی پێشـمەرگە، هەم لە وەزارەتـی ناوخۆش ژمارەیەكی زۆر لە پلە باڵا سەربازییەكان هەیە كە ئەمان لە راستیدا راستە لەوەزارەتی ناوخۆ كە خانەنشین دەبێت مووچەیەكی كەم وەردەگرێت، بەڵام ئێستا كە لە كارایە بە فیعلی لە ئیشـكردندایە مـووچەیەكی زیادیـان هەیە، ئەو پـلە بـاڵا سـەربازیانە ئەمـانە ژمـارەییەكی زۆرن ئەگەر بكریت من باسی ئەو موعادەلاتە ریازیاتیە دەكەمەم كە ئەگەر بكریت ئێمە كە بتوانین ئەم یاسایە دەربكەین ئەمانە خانەنشـین بـبن بە پـارەییەكی باشـتر لەوەی كە ئێسـتا هەیە، ئەكـرێ لە دوایـدا ئەو پـلە بەرزكـردنەوە زۆرەی هەم لە وەزارەتـی پێشـمەرگە، هەم لەوەزارەتـی نـاوخۆش كراوە ئەمە ئیتر بە پێ میلاكات بە پێ ی بـوونی پـایە لە رووتبەكـانی عەمیـد و لیـواو تـا دەگـات فەریقیش لە وەزارەتی پێشمەرگە هەیە تا دەگاتە ئەمانە بە پێی پایەكان پلەكـان بەرز بكـرێتەوە، پـێم وایە لە روی مـالییەوە بـارگرانێكی زۆر بـۆ حكـومەت دروسـت ناكـات، ئەگەر ئەمە رێـك بخرێتەوە ئێستا ژمارەیی ئەمانە زۆرن ئەگەر ئەمانە خانەنشین بێن دوای هەم وەزارەتـی نـاوخۆ

وەزارەتی پێشمەرگە بتوانن ئەمە رابگرن بە پێی پایەکانیان، ئیتر دواتر پلە بەرز بکەنەوە مەرج نییە خەڵك هەر بگاتە پلەی فەریق ئەوسا خانەنشین بێت بە پێ ی پایەکان رەنگە خەڵك لە پلەی عەقیدایە لە عەمیدیش لە داهاتووا خانەنشین بکرێن پلەکەی نەتوانی بەرزبکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئەرشەد وەکو ئەندامیکی لیژنەی دارایی تەعقیبێکی ئاخیر کەسە، دوای ئەوەی دانیشتنەکەمان هەڵەگرین بۆ سبەینێ سەعات دەو نیو فەرمو کاك ئەرشەد.

**بەڕێز ارشد حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی لەماددەی نۆزدە لە حوکمە کۆتاییەکان ئاماژە بەوە کراوە کە ئەنجوومەنی وەزیران پەیڕەوێك دەربکات، بۆیە بۆ ئاسان کردن و جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بۆیە رێنمای نەدراوەتە وەزیری پێشمەرگە هەر بۆ روونکردنەوە، زۆر سوپاس رونکردنەوە نەدراوەتە ئەنجوومەنی وەزیران تا قوەی قانونی زیاتر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بەرێزان ئێستا دانیشتنەکەمان هەلەدەگرین تا سبەینێ سەعات (١٠:٣٠) دەو نیو.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤)ی

دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠\١\١٣

خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٤)
## دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٣

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٣ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١/١٣) بەم شێوەیە بێت:

١ بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنیشنی مووچە و دەرماڵە و بەخشینی و ئیمتیازاتی تر بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان_عێراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەڕێزان دەست بەدانیشتنەکەمان ئەکەین، دانیشتنی ژمارە (١٤) ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردن دەست پێ ئەکەین، دوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەم پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو و بەرنامەی کار لەگەڵ ئامادە نەبووان بخوێنێتەوە.

**بەڕێز منى نبى قهوەچى/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار، بەپێی حوکمی ماددەی (٥) برگەی (١، ٢) لە ماددەی (١٦) و ماددەی (١٨) برگەی (١، ٢، ٣، ٤، ٥) لە ماددەی (٢٠) و ماددەکانی (٤٧، ٤٨، ٥٢، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧٩ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان_عێراق دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بریاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (٣٠-١٠) بەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (١٣-١_٢٠٢٠) لەو شێوەیە بێت:

١ بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنیشنی مووچە و دەرماڵە و بەخشینی و ئیمتیازاتی تر بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان_عێراق.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٣) ی ئاسایی رۆژی یەکشەم لە رێکەوتی (١٢_١-٢٠٢٠) بەو شێوەی خوارەوە بوو:

١- دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە.

٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و ناو ئامادە نەبووانی دانیشتنی پێشوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت و ناوی ئامادە نەبووان لە کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەیەکان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەرێز سکرتێری پەرلەمان.

٣- دەست پێکردنی برگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

٤- دەنگدان و پەسند کردنی پرۆژە یاسای مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلیەکان لە هەرێمی کوردستان.

٥- دەنگدان و پەسند کردنی پێشنیارە بریاری بۆنە فەرمیەکانی نەتەوەی تورکمان.

٦- پەسند کردنی راپۆرتی لیژنەی هاوبەش تایبەت بە پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتی تر بە دەنگی (٩٧٩ پەرلەمنتار بۆ بنەمای گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای ناوبراو.

٧- گفتوگۆ کردن و خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە یاسای چاکسازی.

٨- دواخستنی دانیشتن لەلایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت دراون یان بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (١٣٩ ی ئاسایی خولی پایزە لە رێکەوتی (١٢-١-٢٠٢):

١ بهجت علی ابراهیم- مۆڵەت

٢- دیاری انور حمه – مۆڵەت

٣- عباس فتاح صالح- مۆڵەت

٤- فیصل عباس عولا- مۆڵەت

دوێنێ لە پرۆتۆکۆل تۆمار کراوە بەرێز صباح محمود ئامادە نەبوو ئەژمار ئەکرێ، بەڵام مۆڵەتی وەرگرتبوو.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەرنامەی کار بریتییە لە بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتی تر، داوا لە لیژنە تایبەتمەندەکان ئەکەین بێنە شوێنی خۆیان، فەرموو دکتۆر.

**بەرێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشت بە ماددەکانی (٥٨، ٥٩، ٦٠) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دوو مانگە رەنگە زیاتریش پرساندنێکمان ئاراستەی بەرێز وەزیری دارایی کردووە، تا ئێستا وەڵامی نەهاتۆتەوە،

داوا له بەرێزتان ئەکەین یان بەرێز وەزیر روون کردنەوە لەسەر ئەو بابەتە بدات، تا ئێستا بۆچی وەڵام نەهاتۆتەوە؟

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسیارە یان پرساندنە؟

**بەرێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

چەند پرسیارێکمان ئاراستە کردووە بەپێی ماددەی (٥٨، ٥٩، ٦٠).

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا لە سکرتێری پەرلەمان ئەکەین جەخت کردنەوە بکات لەسەر وەڵامدانەوەی پرسیاری بەرێزت، فەرموو لیژنەی تایبەتمەند ماددەی پێنج.

**بەرێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی پێنجەم:

دەرماڵەکان.

ماددەی پێنج:

ئەنجومەنی وەزیران گشت دەرماڵەکان لەبەر رۆشنایی یاسا بەرکارەکان بە شێوەی دادپەروەرانە رێکبخاتەوە.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو کاك ئومێد.

**بەرێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەرنامەی کار و خاڵی پەیرەوی لە چەند رۆژی رابردوو حەسەن نەسرولا پەلاماری هەرێمی کوردستانی داوە و ناو زراندنێکی بۆ ئەزموونی کوردستان و سەرکردەکانی ئێمە کردووە، داوا ئەکەین پەرلەمانی کوردستان وەکو نوێنەری گەلی کوردستان لەو بابەتە هەڵوێستی فەرمی هەبێ و وەڵامی ئەو چەواشەکاریە بداتەوە کە دەرهەق بەئەزموونی کوردستان و خەڵکی کورد کراوە.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

یاداشتێك بنووسن، ناوەکان ئەخوێنینەوە (بەدریە خان، دکتۆر شێرکۆ، دکتۆر محی الدین، دکتۆر اسماعیل، کاك مەم، کاك عەلی، شیرین خان، دکتۆر هەورامان، دکتۆر کازم، کاك سیروان، ئەبو بەکر، کاك کاوە، ئاشنا خان، کاك راهی، کاك سەرکۆ، کاك عوسمان، کاك کاروان، دکتۆرە شایان، کاك پێشەوا، کاك بەهمەن، دکتۆر رێبوار، کاك سەعید، دکتۆر سەروان، کاك جەلال)، فەرموو نوقتەی نیزام.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەك هەبوو ل سەر شێوازێ کۆم بوونێ ئەڤرۆکە بۆ زانینا هەموو برادەران کە ئەڤ راپـۆرتە هـاتبوو حەواڵە کـرن بـۆ (٦) لیژنێـت تایبەتمەنـد، نزیکـی (٦٦) ئەنـدام پەرلەمـان بەشـداری ڤـێ راپۆرتێـت هەبیـت، بەس مخـابن ئەڤ کەسـێت موداخەلێـت کەن هەمـان ئەو کەسـن کە ئەڤ راپۆرتە ئامادە کری، ئەز دبینم کو موداخەلە وان کەسا هەمان کەس بوون بەشداری کـۆم بـوونێ کرن، ئەڤ راپرۆتە ب ئامـادە بوونـا هەر (٦٦) ئەنـدام پەرلەمـانێ بـوویە، ئەز دبیـنم ئەڤ کەسـێ موداخەلە کریە هەمان ئەڤ کەس بوون راپرۆتیا دای، باوەری ب ڤێ راپۆرتێ نینە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوەی پرۆژەکەمان بەش، بەش کردبوون، بۆ نموونە لیژنەی شەهیدان بەس ئەو بەشـەیان بینیبوو کە پەیوەندی بە شەهیدان هەیە، لیژنەی پێشمەرگە بەس ئەو بەشەی بینیووە پەیوەندی بە پێشمەرگە هەیە، بۆیە دەرفەت ئەدەین، هیچ خاڵێکیش لە پەیرەو نییە ئەو حەقە بـدات، بلـێ ئەگەر یەکێ لەسـەر راپۆرتێـك ئیمـزای کردبـوو بـۆی نیـیە قسـە بکـات، بـۆیە هەمووومـان حەقـی ئەوەیان هەیە لە گوێرەی پەیرەو قسەی خۆیان بکەن، فەرموو بەدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی پێـنجەم یەك مـاددەیە، ئایـا یەك مـاددە لە یەك بەش دروسـتە؟ بـۆچی دەرماڵەکـان وەکـو تەواوی مووچە و خانەنشینی لە بودجەی گشتی بە چەنـد بـرگە و مـاددەیەك رێکنەخـراوە و ئەو پرسە لە پەرلەمان سەندراوەتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك راهی.

**بەڕێز راهی راهبر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی پێنج ئامـاژە بە یاسـا بەرکارەکـان کـراوە، ئەگەر مەبەسـت لە یاسـا بەرکارەکـان ژمـارە (٢٢)ی (٢٠١٨) یە کە پەیوەنـدی بە راتبـی مـوەزەف هەیە و لە پەرلەمـانی کوردسـتانەوە ئینفـاز نەکراوە و، بەڵکو راستەوخۆ حکومەتی هەرێم ئینفازی کردووە، بەهەمان خەلەلـی دوێنـێ ژمـارە (٢٧) ی (٢٠٠٦) خانەنشینی یەکگرتـووی عێراقـی کە هەڵوەشـاوەتەوە، ئەوەش خەلەلێکـی تـرە لە بواری ئـێمە، دوو ئەبـێ چارەسـەر بکـرێن سـەبارەت بە مـاددەی پێـنج راسـتە روونە، بەڵام ئەبـێ مەرجی تێدابێ، ئەو کێشانەی روویداوە لە کوردستان دەربارەی دەرماڵە کە (٤٢) جۆر دەرماڵە بە پێناسەی یاسای (٢٢) ی (٢٠٠٨) کۆمەڵێ دەرماڵە یەکیان دەرماڵەی تایبەتە، بە بۆنەی ئەوەوە زیـاد کراوە، بـۆیە ئەبـێ پێناسـیەك دیـاری بکەیـن بـۆ دەرمـاڵەی تـایبەت بـۆ ئەوەی یەك جـۆر بـێ نەك

چەندین جۆر بێ، مـن بە شـێوازێکی تـر دامڕشـتووە بـۆ ئەوەی مەرج لە خـۆ بگـرێ، روونە بەڵام ئەبێ کاملتر بێ، وام دارشتووە (ئەنجـوومەنی وزیـران گشـت دەرماڵەکـانی ژێـر رۆشـنایی یاسـا بەرکارەکان بە شێوەی دادپەروەری رێکدەخاتەوە و ئەو مەرجانەی خوارەوە لە خۆی ئەگرێ:
١ دەرماڵە زیاتر نەبێ لە مووچەی گشتی، ئێستا دەرماڵە (٥٦%) ە مووچە (٤٤)ە.
٢- دەرمـاڵەی تـایبەت بـریتیە لە یەك جـۆر دەرمـاڵە کە هاوکـار و پاداشـتی ئەو فەرمـانبەرانە ئەکاتەوە کە کاری تریان ئەنجامداوە.
٣- بە هیچ شێوەیەك مووچەی فەرمانبەر کەم نەکرێتەوە، واتە مووچەی گشتی.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەرێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنج:

ئەنجومەنی وەزیران گشت دەرماڵەکان لەبەر رۆشنایی یاسا بەرکارەکان بە شێوەی دادپەروەرانە رێکبخـاتەوە، روون نیـیە، داوا ئەکەم نـوێنەری ئەنجـوومەنی وەزیـران روون کـردنەوە بـدات، مەبەست لە دەرماڵەکان کامانەن، لەبەر رۆشـنایی یاسـا بەرکـار، کامـانەن؟ پشـتگیری کـاك راهـی ئەکەم.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەعید.

**بەرێز سعید مصطفی تەتەرخان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو لایەك هەست ئەکەین ناعەدالەتی زۆر لە دەرمـاڵەی فەرمـانبەران هەیە لە وەزارەتێـك بـۆ وەزارەتێك، ئەو ماددەی دەست نیشان کراوە مەتاتیە، پێم وایە ئەبێ سەقفی زەمەنی هەبێ و بە شێوەی قانوونی حکومەت مولزەم بکرێ بە زووترین کات جێ بەجێی بکـات، بـۆ نمـوونە وشـەی پێویستە لەسەر حکومەت زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بەهمەن.

**بەرێز بهمن کاك عبدالله احمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو خـاڵە زۆر پێویسـتە وەکـو خـۆی بمێنـێ و، ئەو دەسـەڵاتە بـدەینە حکـومەت، بە مەرجـێ حکومەت لە داهاتوو چ رێنمایی چ بە یاسا ئەو دەرماڵانە رێك ئەخـات، پەرلەمـان ئاگـار بکـاتەوە، ئێستا ناعەدالەتی گەورە لە دەرماڵە هەیە، هەتا لە ناو یەك وەزارەتیش هەیە، کەسێ زۆر مانـدوو

ئەبێ و تووشی ختووره ئەبێن کەسێکیش لە شوێنی خۆیەتی وەکو یەك دەرماڵە وەرئەگرن، یان هەندێ وەزارەت هەیە دەرماڵەکانیان فولە و وەزارەتی تر وەك ئەو نییە، هیواداریین دادپەروەی لە نێوانیان و لە نێو وەزارەتەکانیش لەنێو فەرمانبەران هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەلی.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیدی من وایە ئەو ماددەیە هیچ وەزیفەی دەقیقی نییە، چونکە ئەگەر هیچ دیاری نەکراوە دەرماڵەیەك بە قانوون بێ تا بە قانوون تەعدیلی بکەین، ئەگەر بە ڕێنمایش دانرابێ ئەبێ بە ڕێنمایی دەستکاری بکەی، ئەگەر دەرماڵەیەکیش تەنفیزی ڕێنماییەکە خراپ بێ ئەوە ڕێنمایشی ناوێ ئیجرائاتی ئەوێ، بۆ نموونە درەماڵەی مەترسی بۆ فیئەیەك دانراوە، بەڵام لە دەوروبەری شەش فیئەی تر لێی سوودمەند بوون، کەوایە ئیجرائاتی ئەوێ، ئەم برگەیە ئەگەر ئەمێنێتەوە بەڕێزان لە ئەنجوومەنی وەزیران تەوزیحات بدەن، بۆ نموونە مامۆستا قەلەقە، کارمەندی تەندروستی قەلەقە، مامۆستای زانکۆ قەلەقە، ئێمە لەگەڵ ڕێکخستنەوەی درەماڵەین، بۆ نموونە ژمێرکارێك (١٠) ساڵ خزمەتی وەزیفی هەبێ بە هەمان پلە و ساڵی خزمەت لە سەرۆکایەتی هەرێم بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا تا وەزارەتێکی وەکو کار لەوانەیە مەعاشیان دوو قات و سێ قات بێ، لە کاتێکدا خزمەت و تەمەنیان وەکو یەکە، منداڵیان وەکو یەکە، شەهادەیان وەکو یەکە، ئەبێ ڕێکبخرێتەوە، ئەوەی ئیسعاف لێ ئەخورێ و تووشی حادیسە ئەبێ و ئەگەری مردنی هەیە لەگەڵ ئەوەی واریدە و سادیرە ئەکات لە کەرتی صەحە بە دڵنیایەوە نابێ وەکو یەك بێ، بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆ کێیە؟ چونکە لە (٥٦) ی مووچە دەرماڵەیە ئێستا هەموو فەرمانبەران قەلەقن، منی بەرئەکەوێ؟ بۆیە هیواداریین ئەو بابەتە روون بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هەورامان.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە کە ماددەی پێنج، ئەنجوومەتی وەزیران دەست واڵا ئەکات بە شێوەی یاسایی، چونکە لە پەرلەمانە و سەربەخۆیە بتوانێ دەستکاری لە (٦٥) ی مووچەی فەرمانبەران بکات، ئەوەش مەخالیفی دروست کردووە، حوکم نادەین، بەس مەترسی دروست کردووە لای مووچە خۆران بەوەی کە هەمان پاشەکەوتی مووچەن بەڵام ئەمجارە بە شێوەی یاسایی، یەعنی بەرگی یاسایی لەبەر بکەی، ئەوەش مەخالیفی دروست کردووە، پێشنیار ئەکەم ئەو ماددەیە لابرێ، ئەنجومەنی وەزیران ئەتوانێ پرۆژە بریاری تر پێشنیار بکات لە پەرلەمان کۆمەڵی قەواعید و بنچینەی زۆر ڕێك و ێك دەربچێ بۆ دەرماڵەکان دوایش ئەنجومەنی وەزیران ئەتوانێ بە ڕێنمایی تەکمیلەی

بکات، ئەوە بەو جۆرە بمێنێتەوە و دەست والاَ کردنی ئەنجومەنی وەزیرانە بتوانێ هەرکات بیەوێ دەستکاری (٥٦%) مووچە بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنج، گشت دەرماڵەکانی هێناون، ئێمە دوو جۆر دەرماڵەمان هەیە کە بە شێوەی یاسایی دانراوە و دەرماڵەش هەیە بە نایاسایی، بۆ ئەوەی ئەو دڵە راوکێیە نەبێ لای فەرمانبەران کە دەرماڵەیان ئەبرێ ئەو دادپەروەرانە وشەیەکی مەتاتیە، ناتوانی گرەنتی بدەی بەوەی چۆن تەنیزم ئەکرێ، ئەو دەقەی بۆ زیاد بکرێ بە شێوەیەك ئەو دەرماڵانەی یاساین دەستکاری نەکرێ و پاکسازی بکرێ لە دەرماڵە نایاساییەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر کازم.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرنجی من ئەوەیە ئێستا خەڵکی زۆر ترسیان هەیە مووچەیان کەم بکرێتەوە، مەبەستم لە فەرمانبەری حەقیقیە، مەبەستم لەو کەسانە نییە بندیوارن، خۆی لە خۆی ئەو بابەتە جۆرێ ترسی لە بازار دروست کردووە و هەندێ بازاری سارد کردۆتەوە، لەبەر ئەوە ئەو ماددەیە ببێتە هۆی ئەوەی کە داهاتی فەرمانبەر کەم ببێتەوە ئەوەندەی تر تارمایی قەیرانی دارایی بەسەر بازارەکان ئەبێ، داهاتی تاك ئەوەندە کەم ئەبێتەوە خەڵك ترسی ئەبێ لە ژیانی خۆی، لەو پەیوەندیەی لە دوێنێوە پێمان کراوە لەلایەن فەرمانبەرانەوە بە تایبەتی و هاووڵاتیان بەگشتی داوا ئەکەن ئەو ماددەیە نەبێتە هۆی ئەوەی مووچەیان کەم بێتەوە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەو پرۆژەیە بتوانێ ئەو مووچانەی ناحەقن و نایاساین و بندیوارن ببرێ، بەڵام ئەو فەرمانبەرانەی بە راستی لە فەرمانگەکان دەوام ئەکەن مووچەی خۆیان وەرگرن، پیشنیار ئەکەین دێرێك زیاد بکرێ بە مەرجێ لە هیچ حاڵەتێك نەبێتە هۆی کەمبوونەوەی مووچەی مووچە خۆرانی حەقیقی لە فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە دەستەڵاتدانە بە ئەنجوومەنی وەزیران بەو ئارەزووی خۆی چاوخشانەوە بە دەرماڵەکان بکات، ئەزانین دەرماڵەکان بە یاسا رێك ئەخرێ، بۆیە باشترە ئەنجومەنی وەزیران ئەگەر بیەوێ دەستکاری دەرماڵەکان بکات ئەبێ بە پرۆژە یاسایەك ئاراستەی پەرلەمانی بکات و لە پەرلەمان

بریاری لەسەر بدرێ، ئەگەر پەیوەندی بەو درەماڵانەوە هەیە لە ساڵانی رابردوو بە رێنمایی و بریار دراوە بە کۆمەڵە کەسانێك ئەوە ئەنجومەنی وەزیران ئەتوانێ بە بریار ئەو دەرماڵانە ببڕێ، چونکە جۆرێ لە ترس لای مووچە خۆران هەیە بەوەی مەترسی لەسەر برینی بەشێ لە مووچەیان هەیە، وەك برادەران ئاماژەیان پێ کرد لە هەندێ وەزارەت دەرماڵە زۆرە هەمان پلەی وەزیفی و بروانامەیان هەیە، بەڵام جۆرێك جیاوازی هەیە، کەسێ مومارەسەی دەرماڵەی مەترسی ئەکات بەڵام کەسی تر لە فەرمانگەکە دانیشتووە وەریناگرێ، پێم وایە ئەوە ئەتوانرێ لە رێگەی بریارەوە جێ بەجێ بکرێ، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك لوقمان.

**بەرێز لقمان حمد حاجی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە روون نییە، بە شێوەی دادپەروەرانە نازانم جۆرێك ئەکرێ بە هاوسەنگی بێتە کایەوە، بەڵام ئەو مەتاتیە جۆرێ ترس لە کوردستان دروست ئەکات، پێویستە ئەوە بە روونی ئاماژەی پێ بدرێ، چونکە دوای مەترسی کەس و کاری شەهیدان و زیندانی سیاسی و کەمئەندامان توێژی فەرمانبەران مەترسیان لەو پرۆژە یاسایە هەیە کە دەرمالەیان مەم ئەبێن بۆیە پێویستە روون تر بێ، بۆ پشتیوانی لە رای کاك راهی و مامۆستا هەورامان ئەکەم، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گولستان خان.

**بەرێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە بە پرۆژە یاسایەك دەرماڵە رێکبخرێتەوە، ناکرێ بە یەك دێر ئاماژەی پێ بدرێ، لەکاتێکدا دەستەڵاتی رەهای داوەتە ئەنجوومەتی وەزیران، ئەزانین لە رابردوو ژمارەیەکی بەرچاو لە فەرمانبەر هەیە کە بروانامەیان هێناوە و حەقیقی نین، گلەیی زۆر هەیە، لە هەندێ فەرمانگە تەسدیق کراوە، گلەیی زۆر هەیە، خەڵك هەیە بروانامەی راستەقینەی هێناوە، بەڵام بۆی تەعدیل ناکرێ کە ئەوە کاریگەری لەسەر جۆری دەرماڵە دروست ئەکات، بۆیە پێم باشە ئەو ماددەی بکرێ بە پرۆژە یاسایەك لە پەرلەمان جۆری دەرماڵە دیاری بکات بە رێژەیەك کاریگەری دورست نەکات لەسەر مووچەی فەرمانبەران و ئەوەش کاریگەری ئەبێ لەسەر وەزعی بازار، پشتیوانی لە بەرێز کاك راهی و دکتۆرە شایان و کاك عەلی ئەکەم، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاروان.

**بەرێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت ئەو ماددەیە یەکێکە لە قسەکانی شەقامی کوردستان و هیچی کەمتر نییە لەو ماددانەی موناقەشەمان کردن، گەرم و گوری زۆری لەسەرەن بەو پێیەی لەهەرێمی کوردستان

ملیۆن و چوارسەد فەرمانبەرمان هەیە کە ملیۆن و دووسەد هەزاری تا ئێستا لە بایۆ مەتری تۆمار کراوە، مووچەیان نۆسەد ملیار دینارە، (٥٠%) بەرەو سەرەوە دەرماڵەیە، ئەگەر دەست بەرین بۆ ئەو شەریحە رەنگە دووچاری گرفتی زۆر گەورە ببینەوە، حکومەتی هەرێم خۆی بە بریار کردونیەتی، ئەکرا بە بریارێك لای بدات، چونکە لە ماددەی (٧٩) لە پەیرەوی ناوخۆ ئاماژە بەوە ئەکات کام بابەت پێویستی بە دەرکردنی یاسا هەیە، پێم وایە هەبوونی دەرماڵە و لابردنی و رێکخستنی پێویستی با یاسا نیە و پێویستی بە بریاری حکومەتی هەرێمە، بەڵام ئەگەر ئەو ماددەیە بمێنێتەوە ناکرێ وەکو ئەوەی لە پرۆژەکە تەسبیت بکرێ، پیشنیار ئەکەم برگەیەکی کۆتایی بۆ زیاد بکرێ، ئەنجوومەنی وزیران گشت دەرماڵەکانی ژێر رۆشنایی یاسا بەرکارەکان بە شێوەی دادپەروەری رێکدەخاتەوە بە رەچاو کردنی باری ئابووری هەرێمی کوردستان و دۆخی ژیانی فەرمانبەرانی دەوڵەت، ناکرێ لە کاتی رێکخستنەوەی دەرماڵە حکومەتی هەرێم دەستکاری درەماڵە و قوتی خەڵك بە ناوی رێکخستنەوە بکات، پشتیوانی کاك لوقمان و کاك راعی و کاك محی الدین ئەکەم، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك پێشەوا.

**بەرێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاتنی ئەو پرۆژەیە ئامانجی ئەوەیە عەدالەت بەدی بێت، بەڵام لەو ماددەیە سەرەرای پاڵپشتیم بۆی، بەڵام پێویستی بە روون کردنەوەی زیاتر هەیە، ئایا ئەو ترس و دڵە راوکێیەی لەلایەن خەڵك و فەرمانبەرانەوە دروست بووە لە جێی خۆیەتی یان بە جۆرێك دەستنابرێ بۆ قوتی ئەوان کە کاریگەری خراپ لەسەر ژیانیان دروست بکات، لای هەمووتان روونە کە هەرێمی کوردستان بە چەندین بەرز و نزمی دارایی رۆیشت، پێم وانییە خەڵکی بەرگەی ئەوە بگرێ دەست بۆ مووچەی ببیەی کە کاریگەری لەسەر ژیانی دروست بکات، ئەمانەوێ زەمانێك بدرێ کە کاریگەری خراپ لەسەر ژیانی هاووڵاتیان دروست نابێ، یان بەرێز وەزیری دارایی تەوزیحی باشتر بدات کە چۆن دەست بۆ دەرماڵە نابرێت، ئەزانین موستەحەقە ناموستەحەق هەیە، ئامانجی ئەوەیە، بەڵام روون کردنەوەمان ئەوێ، ئەنجوومەنی وزیران گشت دەرماڵەکانی ژێر رۆشنایی یاسا بەرکارەکان بە شێوەی دادپەروەری رێکدەخاتەوە بە مەرجێ کارگەری سلبی نەخاتە سەر گوزەرانی فەرمانبەران، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جەلال.

**بەرێز جلال محمد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای پشتیوانی، بەڵام داوا ئەکەم لە ئەنجومەنی وەزیران تێکرای فەرمانبەران دڵنیا بکەنەوە لەمەودوا دادپەروەری ئەبێ لە پێدانی دەرماڵە تایبەت ئەوانەی مەترسی لەسەر ژیانیان هەیە، بۆ

نموونە هەموو ئەزانین کوردستان لە رووی کارەباوە چەند نالەبارە بەو سەرمایە، کارمەندێکی کارەبا شەو تا بەیانی لەسەر عامودی کارەبایە، شوفێرێکی ئەمبولانس لەگەڵ ستافەکەی مەترسی زیاتریان هەیە، بۆیە ئەکرێ تەوزیحی زیاتر بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هاورێ.

**بەڕێز هاورێ بنا محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماوەی پێشوو پێش هاتنی ئەو پرۆژە یاسایە، لای کۆی گشتی فەرمانبەران دوو دڵی زۆر دروست ببوو کە لە پرۆژە یاساکە کەمکردنەوەی دەرماڵەی ئەوانی تێدابێ، سەرەرای ئەوەی دوتر لەلایەن پەرلەمانتارانەوە روون کردنەوە درا کە دەست بۆ دەرماڵەی ئەوان نابرێن بەڵام ئێستا بە شێوەی مەتاتی لە پرۆژە یاساکەی لەبەر دەستە حکومەت دەست کراوەبێ لەسەر ئەوەی ئایا چۆن مامەڵە ئەکات لەگەڵ دەرماڵەی مووچە خۆرانی هەرێم، داوای روون کردنەوەی لە نوێنەری حکومەت ئەکەین ئایا ئەوانە کێن دەرماڵەیان کەم ئەکریتەوە، یان کەس هەیە دەرماڵەی زیاد بکرێ؟ دەرمالەی مەترسیە یان ئاساییە؟ پشتگیری بەڕێز کاك هەورامان و کاك محی الدین و کاك راهی و کاك لوقمان و سەرچنار خان و کاك کاروان و هەموو ئەڤاڵان ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو روپاك خان.

**بەڕێز روپاك احمد رحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتی دەرماڵە وەکو هاورێیان باسیان کرد زۆر مەتاتیە، لە ئەنجامی پرسیارێك ئاراستەی وەزیری داراییم کردبوو وەڵامەکەی بەو جۆرە هاتۆتەوە، لەوانەیە لەلای بەشێکمان روون بێ کە (٤٤%) ی مووچە بنەرتیە و (٥٦%) ی دەرماڵەیە، ئەو یاسایەی دەرماڵەی پێ خەرج ئەکرێ ئاماژەی بە (٧) یاسا داوە باقی تر بە فەرمان و بریار بووە، بۆیە دەست بردن بۆ (٥٦) ی مووچەی فەرمانبەران ئەستمە، ئەبێ بەیاسایەکی ورد بکرێ، بە یەك مادده پێم وانیە موعالەجە بکات، پێم باشە ئەو ماددەی لابرێ، پشتیوانی قسەکانی دکتۆر محی الدین و دکتۆر هەورامان و سەرجەم هاڤاڵان ئەکەم ئەو بەشە لابرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا ئەبو بەکر.

**بەڕێز ابو بکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیشکالەکە لە هەندێ لە فەرمانبەران و مووچەی بنەڕەتیە، بۆیە بە دەرماڵە ژیانیان باش کراوە، دەرماڵەی جێگیر کە بڕوانامەیە و زەوجیە و ئەتفاڵ هەیە ئەوە دەست کاری ناکرێ، بەڵام

دەرماڵەی ناجێگیر کە ترسناکیە بە دڵنیایەوە ناهاوسەنگی تێدایە، منیش پشتگیری دکتـۆر محـی الدین و کاك لوقمان و روپاك خان و کاك کازم و کـاك عەلـی و کـاك هەوارمـان و سـەرچنار خـان و کاك راهی لەگەڵ ئەوەم ئەو ماددەیە هەڵگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فیعلەن ئەو ماددەیە ترسەکا دلێ فەرمانبەرا چـێ کـری، ئەز دبیـنم ئەڤ مـاددە نەمینـی، یـان ژی ئیزافەك بێتە کرن کوفیعلەن ئەو موخەسەساتێت جێگیر دەستکاری ناکرێن پشتیوانی سـەرچنار خـان و دکتـۆر کـازم دکەم مەرج هەبیـتن، ئەم مـاددە نەمینیـت، یـان مەرج بیـتن دەسـتکاری دەرماڵێت سابیت نەکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شرین خان.

**بەڕێز شرین یونس عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەبێ حکومەت زەمانەتی ئەوە بدات ئایا دەرمالەی فەرمانبەران ئەبرێت یان نا؟ ئەبێ حکـومەت خۆی تەعامولی ئەوەش بکات کە دەرماڵەکە ئەبردرێ یان نا؟ پێشـنیار ئەکەم ئەو مـاددەی لادرێ، پشتیوانی کاك راهی و کاك عەلی و کاك محی الدین و دکتۆر هەورامان و سەرچنار و کاك لوقمان و گولستان خان و هەموو برادەران ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەروان.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم پرۆژەکەمان ناو ناوە پرۆژەی چاکسازی کەچی ئەبینم ترسمان لەو پرۆژە هەیە، حکـومەت لەماددەی پێـنج نەیگوتـووە دەرمـاڵە ئەبـرم، بە شـێوەی دادپەروەرانە رێکـی بخـات، بـۆ ترسـمان لەدادپەروەری هەبـێ، هەمووەمـان داوای ئەوە ئەکەیـن عەدالەت هەبـێ، بـا لێگەرێـین حکـومەت ئەوە بکات، لەوە هاورام کە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە هەولی چاکسـازی ئەدەیـن و تـرس هەبێ خۆی رێگری کردنە لە چاکسازی، بۆیە لەگەڵ مانەوەی ئەو ماددەیەم، بەڵام ئەوەی ئەمەوێ ئەبـێ دەرفەت بە حکـومەت بـدەین بـۆ ئەو چاکسـازییە، ئەگەر نـارێکی و ناعەدالەتیمـان بینـی ئەتوانین داوای گەرانەوەی ئەو ماددەی بکەین، ئەوەی تر داوا لە حکومەت ئەکەم دادپەروەری لە دەرماڵەی پێشمەرگە بکات، چونکە ئەرکی قورس لەسەر شانییان هەیە لەسەر شـانی هـیچ کەس

نیە، ئەمرێ بۆ ئەوەی ئێمە بژین، تەنیا دەرماڵەی پێشمەرگە رێك بخرێتو کاری باش بکرێ بۆیـان، وەکو مووچەی پلە باڵای لێ نەکرێ مووچەمـان زۆرە دەرمـاڵەش بـۆ ئـێمە زۆرە، بەڵام مـووچەی پێشـمەرگە خـۆی کەمە، هەشەدەرماڵەشـی نیـیە هـی منـداڵ و ئەوانە، بەراسـتی داوای ئەکەم برواش هەیە یەکەم پرۆژە چاکسازی بێ بۆ ئەو مـیللەتە، وەکـو خـۆی بمێنێـتەوە ئەو مـاددەیە، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هاورێ نوقتەی نیزام.

**بەرێز هاورێ بناء محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی نـاوخۆ مـاددەی (٥٤) بـرگەی چـوار خـالی دوو، هـیچ ئەنـدام پەرلەمانێـك مـافی ئەوەی نییە تانە و توانج لە قسەی ئەندامی تر بدات، ئومێد ئەکەم رێـگە نەدرێ، ئەو نـادڵیە هەیە حەقی خۆیەتی، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەم.

**بەرێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنـێ شـەو لە مـاددەی (٤) بـاس کـرا پەیرەوێـك نـابێ ئەنجـومەنی وەزیـران دایبنـێ، جۆرێـك لەدەستەڵات ئەدان بەگشتی کۆی ئەو پرۆژەیە و ماددەی پێنج، ئەو پرۆژە یاسـایە بـاس لە پێـنج تەوەری گرنـگ ئەکـات ئەوەی ئەنجـومەنی وەزیـران، مـووچەن دەرمـاڵە، بەخشـین، ئیمتیـازات، خانەنشینی، لە (٢١) مـادده یەك مـاددەی (١٠) وشـەیی هـاتووە باسـی دەرمـاڵە ئەکـات، لەکاتێکـدا دەرماڵە (٥٦%) ی مووچەیە، لەگەڵ بەشی زۆر رەئی جیـاوازم هەیە، یەکەم، پێشـنیار ئەکەم ئەو مەسـەلەیە ئەبـێ روون بکـرێتەوە پـێم باشـە هاوتـاو یەکسـان بـێ ئەو دادوەریـیە، مەسـەلەی دادپەروەرانە وشەیەکی لاستیکیە، ئەکرێ بە شێوەی تر بەکاربێ، دواتر ئەچینە نـاو موناقەشـەی ترەوە، رەنگە ماددەی (٧) زۆرترین رەئێ جیاوازی تێدا بێ، هەمـوو رەئە جیاوازەکـان هەر یەك لە دیدی خۆیەوە پێـی وایە ئەوەیە دادپەروەری، واتە دادپەروەری هەرکەس ئەتـوانێ بە مەزنـدەی خۆی بیپێوێ، مەسەلەی هاوتا و یەکسان، یەعنی وەزارەتی داد، وەزارەتی دارایی و خوێندنی باڵا و پەروەردە و نـاوخۆ دەرماڵەکـانی خـاوەن بروانـامەی بەکـالۆریۆس جیـاوازە لە وەزارەتـی رۆشنبیری و کاروباری کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵ، ئەو مەسەلەیە چەند گلەیـی ئەکەن ئەوانەی ئەو دەرماڵەیان هەیە بە دیوی تر ئەوانەی لە ناو وەزارەتن ئەڵێن ئێمەش خـاوەن بروانـامەی دبلـۆم و بەکالۆریسین بۆچی نیمانە، حەز ئەکەم ئەو روون کـردنەوە بـدرێ، مەسـەلەی دادپەروەری لابـرێ هاوتا کردن جێگەی بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەركۆ فەرموو.

**بەڕێز سەركۆ ازاد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باسی دەرماڵە لە پێشووتر یەكێ لە هاوڕێیانمان لەسەری نووسیوە من بووم، ئەمەوێ یەكێ لە ئەساسیەتەكانی هێنانی دەرماڵە بۆ ناو ئەو پرۆژەیە لە كابینەی پێشووتر و ئەو كابینەیە بۆ ئەوە داهاتێك بۆ حكومەتی هەرێم بگەڕێتەوە، ئەوكاتە باسی دەرماڵەی تێدا بوو بەو شێوازەی دیار بوو حكومەت ئەیوت ئەوەندە داهات ئەگەڕێتەوە، بەڵام دوای دەرهێنانی ئەو دەرماڵەیە لە نووسینەوەی ئەم پرۆژەیە ئێستا حكومەتی هەرێم نازانی چەنێ پارەی بۆ ئەگرێتەوە، بۆیە وەكو ئەوەی مووچەخۆران پەیوەندی ئەكەن حەلێكی وەسەتمان لایە بۆ ئەو پرۆژەیە، ماددەی پێنج، ئەنجومەنی وەزیران گشت دەرماڵەكان لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەركارەكان بە شێوەی دادپەروەرانە ڕێكبخاتەوە، بە هیچ شێوەیەك كۆی كشتی مووچەی فەرمانبەران و مامۆستایان و پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە كەم نەكاتەوە لەكاتی ریكخستنەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستی زۆربەی قسەكانم كرا، پشتگیری ئەو هاوڕێیانە ئەكەم داوای لابردنی ئەو ماددەیان كردووە، بۆرەوانەی ئەو مەترسیەی لەسەر مووچە دروست بووە لە(٥٦%) ڕێژەیەكی كەم نییە لە مووچە تا دەستی حكومەت واڵا بكەین، بۆیە لابرێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان كريم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی پێنج ناڕوونە، لەبەر ئەوەی ئەبوایە هەموو ئەو برگانە كە خۆی لە (٤٠) خاڵ ئەبینێتەوە كە پێیان ئەوترێ دەرماڵەی مەترسی جگە لە دەرماڵەی خێزان و منداڵ ئەبوایە لای كەم ئەوانە نووسرایە و بەرامبەریشیان ئیشارەت بەوە درایە ئەوانە مەترسیان ڕێژەی چەندە بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونی زیاترمان هەبووایە، داواكارم ئەوە نەكرێ بە كەمكردنەوەی مووچەی فەرمانبەران كە لە ئێستا چاوەڕێن مووچەیان زیاد بكات، پشتیوانی لە ڕای كاك ڕاهی و كاك عەلی مامۆستا هەورامان و كاك لوقمان و كاك محی الدين و گولستان خان و كاك سەركۆ و كاك سەروان و شیرین خان و كاك هاوڕێ، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر هاورێ.

**بەرێز هاورێ بناء محمد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە گرنگە، لەبەر ئەوەی جەخت لەسەر داهاتێكی شەریحەی مووچەخۆر ئەكات بە ناوی دەرماڵە كە جیاوازی ئەوتۆی نییە بۆ دروست كردنی داهات، ئەو سیغەیە زۆر روونە، لە كۆبەندی ئەو گفتوگۆیانەی لەسەر ئەو ماددە كرا بەشێ لە پەرلەمانتاران نیگەرانی ئەوەیان دەربری كە لابرێ یان بە شێوەیەك مەتاتیە، لێرەوە ئەڵێم بابەتی برینی تێدا نیە، رێكخستن بۆ ئەوەیە كە لە هەردەرماڵەیەك كە جۆرێ لە نا هاوسەنگی هەبێ لەوێ رێكئەخرێتەوەن لەگەڵ ئەوەی هەیەڵەیە بڵێین دەستەڵاتی رێكسختنی دەرماڵە بدرێ بە وەزارەتەكان، چونكە ئەنجومەنی وەزیران تاكە دەستەڵاتە هەم رەزامەندی دەرئەبرێ لەسەر دەرماڵە و هەم دەستەلاتی ئەوەی هەیە رێكی بخات، بۆیە دەستەواژەی دەرماڵەی گشتی و رێكخستنی حەسریەن بۆ ئەنجوومەنی وەزیرانە ناكرێ بۆ وەزارەتەكان بێ، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شاخەوان.

**بەرێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی پێنج باس كرا، بە بڕوای من گومان ئەكرێ ئەم ماددەیە ببێتە هۆی كەمكردنەوەی مووچە، لەبەر ئەوە پشتیوانی لابردنی ئەكەم، بە بڕوای من زەمینە خۆش ئەكات و تەئسیراتی هەیە لەسەر ماددەی دوو، بەتایبەتی لە برگەی سێی ماددەی دوو كە پەیوەندی هەیە بەكەسوكاری شەهیدان و ئەنفالەوە، لەبەر ئەوە لە ماددەی دوو برگەی سێ ئێمە موناقەشەی ئەوەمان كردووە كە بەپێی یاسای خانەنشینی بەركار مووچەی شەهید ئەبرێت، لە دوای ئەوەی كچ و كوری شەهید (١٨) ساڵ تەواو ئەكات بەپێی یاسای خانەنشینی بەركار مووچەی میراتگری ئەبرێت، ماددەی پێنج زەمینە خۆش ئەكات، ئەبێ بە پشتیوانیەك بۆ ماددەی دوو، لەبەر ئەوە تكا وایە ئیعادەیەك بكرێ، دوێنێ زۆر موناقەشەمان كرد لەگەڵ كاك ئامانج و وەزیری شەهیدان كە یاسای خانەنشینی بەركار لە ماددەی دوو لە برگەی سێ هەڵگیرێ، چونكە بەراستی مووچەی كەس و كاری شەهید و ئەنفال ئەبرێ، ئەكید لەوە ئەكەم ئەبێ ئەو ماددەیە هەڵگیرێ، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ناسر.

**بەرێز عبدالناصر احمد علی كاكەولا:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی پێنج پێشنیار ئەكەم لە بەرژەوەندی گشتی فەرمانبەران هەندێ لە دەرماڵەكانبە یاسایەك رێكبخرێتەوە بۆ ئەوەی كەمبكرێتەوە، بەڵام بە مەرجێ مووچەی بنەرەتی زیاد بكرێ،

بـۆ ئەوەی لە کـاتی خانەنشـین بـوونی فەرمـانبەر سـوودی لـێ ببینـین، بـۆ ئەوەی لە (٢٢٠) هەزار ئەگـاتە نزیکـی (٥٠٠) هەزار، بە ڕای مـن دەرمـاڵە کەمکـرێتەوە مـووچەی بنەڕەتـی زیـاد بکـرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرای مـن ئەوە دەسـت والا کردنێکـی تـرە، ئەزمـوونی (٢٨) سـاڵمان هەیە بەداخەوە نیگەرانـی هاووڵاتیان و نیگەرانـی کەسـانی دلسـۆز وای کـردووە دائـیمە بە چـاوی تـر سـەیری ئەو کەسـانە بکەیـن ئیمزایـان بە دەسـتە (١٠) ملیـۆن دۆلار وەرئەگـرن، نمـوونەی ئەوەی لەو کـابینەیە هـێلکە، بەپێی ماددەی (٥٥) برگەی یەکەم ئەندام بۆی هەیە لە (٣) دەقە زیـاتر قسـە نەکـات، ئەمەوێ (٣) دەقەی خۆم قسە بکەم..........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

دەرفەت ئەدەم قسـەی خـۆت بـکەی، مـاددەی (٨٨) ی پەیـرەو بـکەرەوە، سـەیری بـکە، ئەڵـێ خوێندنەوەی دووەم بەخوێنـدنەوەی دەقـی پـرۆژە یـان پێشـنیارەکە دەسـت پـێ ئەکـات، دواتـر ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند ئەخرێتە ڕوو، دوو، ئەو ئەندامەی ناوی تۆمار کـراوە ئەتـوانێ لەسـەر هەر ماددەیەك تەنیا یەکجار بدوێ و نابێ لە (٢) دەقە تێپەر بکات، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

.......... ئەم ماددەیە ڕێ ئەکاتەوە بۆ ئەوەی گەندەلی ببێ بەداخەوە لەو کابینەی ئێستا گەنـدەلی زۆرە، هێلکە بەئیمزایەك دێ چەندین ملیۆن دۆلار وەرئەگیرێ، کێ ئەلێ لێـرە دەسـت واڵا نـابێ و ماوەیەکی تر یەکی تر گەندەلی تێـدا بکـات، لەگەڵ ئەوەم ئەو مـاددەیە لابـرێ، بـۆ نمـوونە ئەگەر دەرماڵە بۆ ختتوورە بێ هەر ئەو کەسانەی لەسـەر عامووودەکـانن ختتوورەیـان لەسـەر نـیە، هەنـێ کەس وەکو پۆلیس حیمایەی ئێمە ئەکەن پارەی ئەوەیـان نـیە قەمسـەلە بکـرن، کـێ زامنـی ئەوە ئەکات دەرماڵەی مووچە خوارەکان نزم بێتەوە و ئەوانەی شەهادەیان تەزویرە زیاد بێ،پشتگیری هەموو ئەوانە ئەکەم داوای لابردنی ئەو ماددەی ئەکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پێنج ئەوەی قەلەقی دروست کردووە ئەوەیە، بۆ نموونە لەو ڕۆژانە دەیـان مامۆسـتا وتوویـانە دەرماڵەیـان (١٥٠) هەزارە، بـاس لەوە ئەکەن ئەبـڕدرێ، نـاکرێ لە پرۆسـەیەك

بەنـاوی چاکسـازی دەرمـاڵەی چینـی گرنگـی مامۆسـتا ببـردرێ، بەپێـی ئەو زانیاریـانەی لەبەر دەستمانە نازانین راستە یان نـا حەق وایە سـتافی ئەنجـومەنی وەزیـران روون کـردنەوە بـدات، حکـومەت تەرفیعـاتی فەرمـانبەران قەرزارەن، پـێم وایە دوو پـلە قەرزارە، ئەیەوێ لە کـاتی رێکخسـتنەوە ئەو دوو پـلەیەی فەرمـانبەران بەرز بکـاتەوە و لە بەرامـبەر دەرمـاڵە ببـڕێ، ئەگەر پلەکان بەرز بکرێتەوە دەرماڵەش ببرێ مووچە وەکو خۆی ئەمێنێتەوە فەرمانبەر هەسـت ناکـات مـووچەی کەم بـووە، بەڵام لە ئاسـاس دەرمـاڵە نـامەوە لەکاێتکـدا حەقـی خـۆیەتی کە بەرز کراوەتەوە، بۆیە پێمان خۆشە روون کردنەوە وەرگرین، پشتگیری قسەکانی دکتۆر کازم و دکتۆر محی الدین و روپاك خان و برادەرانی تر ئەکەم، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو رۆژان خان.

**بەرێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرجارەکی پەرلەمانتارەك ئاخافتنەك نەشیاو دکاتن دیـڤ مـاددا (٥٤) برگـا (٥) پەیـرەوی نـاوخۆ دەستەلاتێ تەنە وێ ئاخفتنا بەرامبەر دامەزراوەیەکی دەسـتووریە، جەنـابێتە بریـار بـدەتن بێـت لابردنێ، ئەڤ گەلەك چافەرێ بـووم بەرێـزت ڤـێ بریـار نەدا، دیـڤ مـاددا (٥٥) برگـا دوو داخـازێ جەنابێتە دکەم ناڤ پرۆتۆکۆلێ ئەو وشە گەندەلی بسریت، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زانا.

**بەرێز زانا خالد سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمـان رای رۆژان خـانم هەیە، نـاکرێ ئەو کـابینەیە بە گەنـدەل نـاوی ببـرێ، یـان ئەبـێ ئەو پەرلەمانتـارە بۆمـان روون بکـاتەوە کە تەشـهیری بەکـابینەی حکـومەت کـرد، ئەبـێ ئەو وشـە لە پرۆتۆکۆل بسرێتەوە، چونکە نییەتی ئەو کابینە پرۆژە یاسای چاکسازییە، دەستپێکی چاکسـازیە لەو کابینەیە، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەروان.

**بەرێز سەروان محمد علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان رەئی خوشکە رۆژان و کاك زانام هەیە، حکومەتێك یەکەم کاری بۆ لابردنـی گەنـدەلی بـێ بەگەندەل ناوی بهێندرێ، پرۆژەی چاکسازی بۆ نەمانی گەندەلی، بۆیە بەپێی مـاددەی (٥٥) ئەبـێ ئەو وشەیە لابرێ، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

حکومەت خۆی لێرەیەن ئەتوانێ دیفاع لە کابینەی خۆی بکات، ئەگەر قسەی ئەوان بسڕمەوە هیچ لە ناو پرۆتۆکۆل نامێنێ، چونکە ڕۆژانە دووبارە ئەبێتەوە، زۆربەی قسەکانیشی شەخسیە، قبولم کردووە، ئەوەی عیلاقەی بەحکومەتیش هەیە ئەتوانێ دیفاع لە خۆیان بکەن، فەرموو دکتۆر شێرکۆ، سوپاس.

**بەرێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەعلومە کە حکومەتی بەهێز، یەعنی ئیدارەی بەهێز، ئەو ئیدارەیە بتوانێ سەرچاوەی مرۆیی باش بەڕێوە بەرێ، بەڕێوە بردنی سەرچاوەی مرۆیش بەندە بە شایستەی داراییەکانیان، نیزامی دەرماڵە لەهەرێمی کوردستان تەشویر بووە، بەمەعنای ئەوەی لە هەر شوێنە بە نەوعێك جێ بەجێ ئەکرێ، ئەوە پێویستی بە تەنزیمە، تەخەوف هەیە لە دەستکاری کردنی دەرماڵە شایستەکان ئەوەی بە یاسا هاتووە ترسەکە لەوە هەیە، بۆیە ئەو نیزامە کە تێکچووە پێویستی بەوە هەیە تەنزیم بکرێتەوە، بۆیە کە دەڵێت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ڕێکبخاتەوە بە مەعنای ئەوە کە نیزامێکی موەحەدی دەرماڵە دیاری بکات، بەڵام بۆیە ئەو تەخەوفە بروێنینەوە کە هیچ مەترسییەك نەمێنێت لە دەستکاریکردنی دەرماڵە بە شایستە ئیستحقاقی یاساکان، کەلیمەی ڕاستکردنەوە بە مەعنای تەعدیل، بۆ ئەوەی ببێتە (تنظيم و تعديل) نیزامەکە دائەنرێت و ئەوەی کە لێی لاداوە ئەهێنرێتەوە سەر نیزامەکە، ئەو کاتە هیچ تەخەوفەك نامینێت برینی لە دەرماڵی شایستەکان، چونکە لە ئەصلا ئەم ماددە پێنجە بۆ چاکسازیە، چاکسازی بە مەعنای ئەوەی کە بە مخالەفەی یاسا ئەوەی کە بە مەحسوبیەت و مەنسوبیەت بە هەر شێوازێکی تر بەدەر لە یاسا کراوە پاك بکرێتەوە و لێی دەربکرێت بگەڕێتەوە بۆ داهاتی گشتی، بۆیە پێشنیاری ئەوە ئەکەم کە یەك کەلیمە زیاد بکرێت بۆ ماددەی (٥) کە لە دوای ئەوی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ڕێکبخاتەوە و ڕاستبکاتەوە، یەعنی تەنزیمی بکات و تەعدیلی بکات بەم شێوەیە هەموو مەترسییەکان پێم وایە تێدەپەڕێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك حاجی سەفین.

**بەرێز سەفین اغا عمر اغا:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی (٥) دەربارەی دەرماڵەکان، پێم باشە وەك خۆی بمێنێتەوە، دەسەڵات بدرێتە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ڕێکخستنەوەی دەرماڵەکان بەشێوەییەکی دادپەروەرانە ڕێکبخاتەوە و زەمانەتی ئەوەش بکرێت دەرماڵەکان نەبرێتن، هەروەها پشتیوانی لە قسەکانی کاك پێشەوا و کاك سەروان و وکاك جەلال پەرێشان و د.ڕێبوار دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت خەدیجە خان.

**بەڕێز خديجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا ئێمە دەزانین خۆی جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو دەرماڵانەی کە بۆ فەرمانبەران دیاری کراوە لە سێکتەرە جیاجیاکاندا، پێویستە حکومەت ئەوە ڕێکبخاتەوە، چونکە ئەوە خۆی داوا لە فەرمانبەر کردییە هەست بە بێ عەدالەتی بکات، فەرمانبەرێك هەیە لە وەزارەتی پەروەردە ئەو دەرماڵەی نییە کە لە وەزارەتێکی تر دەوام دەکات، بۆ نموونە لە وەزارەتی تەندروستی کار دەکات یان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، یەعنی بەو شێوەییە جیاوازییەکی یەکجار زۆر هەیە لە نێوان ئەم هەموو دەرماڵانەی کە دیاری کراون لە لایەن حکومەت بۆ فەرمانبەران، بۆ ئەوەی کە ئەو دادپەروەرییە دەستەبەر بکرێت، پێویستە حکومەت یەعنی پێچداچوونەوە بکات پشتگیری لە دەقی ئەم ماددەیە ئەکەم کە وەك خۆی بمێنێتەوە، بەڵام ئەم دەرماڵەیەش کە دیاری کراوە دەبێت ئەوەمان لە پێشەوە بێت کە بەشێکی ئەوەیە حکمەتەکەی ئەوەیە کە بژێو و گوزەرانی ئەو فەرمانبەرە چاکبکرێتن، بۆیە ئەوە بابەتێکی زۆر هەستیارە، بابەتێکی گرنگە کە حکومەت پێداچوونەوە بکات، دەبێت زۆر بە وریایی تەعامول لەگەڵ ئەم بابەتە بکاتن، چونکە لە لایەکی تریش دەتوانین بڵێین وەك مافێکی بەدەستهاتووە ئەو فەرمانبەرە، بۆیە بە پێویستی دەزانم حەتمەن دەبێت حکومەت ڕێکیبخاتەوە پێداچوونەوە پێبکات، بەڵام زۆر بە وریایی تەعامول بکات و زۆر ئاگاداری ئەم بابەتە ببیت و بەشێوەیەکی وا ڕێکی بخات تەئسیرێکی سلبی لەسەر بژێو و گوزەرانی فەرمانبەران نەکاتەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بەڕێزان وەزیرەکان کاك جەلال نوقتەیەکی نیزامی هەیە فەرمووو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشت بە ماددەی (٩١) برگەی (٣) من وەك بڕیاردەری لیژنەی یاسای ئەمەوێت ئەو قسەیە بکەم لە کاتی موناقەشەکردن، پێویستە هەر کەسێك دوو را پشتیوانی لێبکات، دواتر ئێمە لە لیژنەی یاسایی ئەو ڕەئییە تەسبیت بکەین، بەڵام ئەوەی جێی داخە گرفتە دەبینین چەند لە ئەندام پەرلەمانتارە بەڕێزەکان پشتگیری (٦-٧) ڕەئیی دەکات ئەم (٦-٧) ڕەئییە هەمووی جیاوازە خۆی لە ئەصلدا پشتیوانی بۆ ڕەئیەك کە هاوشێوەی ئەو ڕەئییە بێت کاتێك ئەوەی کە دەبینی مەسەلەن ئەوەی تێبینمان کردووە کە ئێستا پشتیوانی چەند کەسێکی کردووە ئەو کەسانە ڕەئییان جیاوازە، دواتر بۆ ئێمە لە لیژنەی یاسایی گرفت دروستدەکات، لە کاتێکدا دەڵێت پشتیوانیم هەیە بۆ ئەم قسەیە، بەڵام پشتیوانی بەم جێشنە ناکرێت، من داواکارم جەنابت پێش ئەوەی تێپەڕێت دەقاودەق وەك ئەو قسەیەی کە ئەیەوێت پشتیوانی ئەو دەقە بکات ئەوکات

ئێمە دەتوانین، بۆیە لە ئێستاوە رایدەگەیەنین لە لیژنەی یاسای ئەگەر بەو چەشنە بێت ئەو پشتیوانیانە ناچارین بە پشتیوانی هەژمار نەکەین یان نازانین چ رەئیەك تەسبیت بکەین، چۆن ئێستا من ئەوەی تێبینیم کرد هەبوو پشتیوانی دوو کەسی دەکرد یەك دەیوت ماددەکە لابرێت، یەك هدەیوت ماددەکە با وەك خۆی بمێنێتەوە، باشە من ئەو پشتیوانی تۆ بەکام هەژمار بکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

شیرین خان شیرینێك نووسرابوو خوێندمەوە ؟ بەڵی فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازێکم بۆ بەرێزتان کاتێك ناوی من یان شیرین خان ئەخوێنرێتەوە ناوی باوکمانی لەگەڵدا بێت، هەتا دڵنیابین ناومان تێدایە وکامیشمان قسە دەکەین.

لە راستیدا ئەم بەشە خەمی چینی فەرمانبەرانە، ئێستا زۆرینەی فەرمانبەران سترێسن بەوەی چۆن دەرماڵەکان رێکدەخرێتەوە وکێن دەرماڵەکانیان دەبردرێت، ناکرێت بەو رەهایە کە لەپرۆژە چاکسازەکە هاتووە بەششێوەیەکی غامز کۆی رێکخشتنەوەی دەڕمالەکان بدرێتە ئەنجومەنی وەزیران، وجۆری دەڕمالەکان پەیوەست دەکات لە پرۆژەکەدا تەحدید بکرێت و ناوی بهێنرێت، سەبارەت بە بڕوانامەی دەڕماڵە زۆر ناعەدالەتی هەیە، دەیاها بڕوانامەی لە ئاستی باڵا داهەن کە بڕوانامەی ساختەو لەهەمان کاتیشدا دەرمالەی بڕوانامە وەردەگیرێتی، وەکو وەزیفەیەك، بۆیە پێشنیاز دەکەم لەکاتی رێکخستنەوەی دەرمالەکاندا ووردبینیەکی زۆر پێویست لەم دەرمالانە، یاخود بڕوانامەی دەڕماڵەدا بکرێت، ئەو بڕوانامانەی لە چوارچێوەی بڕوانامەی ساختەن لابدرێت، و پشتگیری لە بەرێزان شایەن خان وگلستان خان وسەرچنار خان وشیرین خان وکاك هاورێ وکاك راهی وکاك شاخەوان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

لەچی پشتگیریان ئەکەی؟

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

یان ئەوەی ئەو ماددەیە لابدرێت، یان بەشێوازێك ریکبخرێتەوە کە دڵنیای بدرێت فەرمانبەر کە بەشێوازێکی یاسای دەڕماڵە وەردەگرێت نەبڕدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ زۆر سوپاس، کاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە لیژنەی دارایی کە موناقەشەیان لەسەر ئەو ماددانە کرد، ئێمە بەپشت بەستن بەو یاسایانە کە بەیاسا بەرکارەکانن، یەکەم بە پشتن بەستن بە هەشت یاسای بەرکاری کە لەم پەرلەمانە بەرێزە دەرچووە، دەرماڵەیان رێکخستووە بە پێی یاسا معامەلە لەگەل دەکرێت، یەکەم یاسای ژمارە

(٢٢) ی سالی ٢٠٠٨ دووەم یاسای ژمارە (٣) ی ٢٠٠٨، یاسای سێیەم یاسای ژمارە (٤) ی ٢٠١٥، چوارەم یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١١، پێنجەم یاسای ژمارە (٢٧) ی ساڵی ٢٠٠٨، شەشەم یاسای ژمارە (٢٣) ی ٢٠٠٨، حەوتەم یاسای ژمارە (١٨) ی سالی ٢٠٠١، هەشتەم یاسای (٣٨) ی سالی ٢٠٠٧ هەموو پەیوەندیان بە دەرماڵەوە هەیە، زوو دەبێت بە جورئەتەوە پشتگیری حکومەت بکەین ئەو دەرماڵانەی کە خەلکی ناشایستە بەردەم یاسایانە حکومەت رێکبخاتن، بۆ ئەوەی ئەو دادپەروەریەی کە لەم بابەتەدایە بەرێز سەرۆکی پەرلەمان هەتا لە ناونیشانی ئەم پرۆژە یاسایەش چاکسازی لە مووچە لە دوای مووچە دەرمالەیە، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ سوپاس بۆ جەنابت بەلێ فەرموو کاك زیاد.

**بەرێز زیاد جبار محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ روونکردنەوەی زیاتر، لەراستیدا ئێمە پێش ئەوەی پرۆژەکە بێتە پەرلەمان، بیرمە مشتومڕێکی زۆر هەبوو لە پرۆژەی چاکسازیدا، باسی برینی دەرماڵە دەکرێت و، حکومەت دەیەوێت مناقەشەکان لەسەر ئەوە دەکات کە جارێکی دیکە ئەوەی لە ٥٦% ی مووچەی هەرێمی کوردستان و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بە دەرماڵە رێکخراوە، حکومەت دەیەوێت بەیاسا جارێکی دیکە پاشەکەوتی مووچە بکات، بەم شێوە قسە ئەکات، کاتێك کە پرۆژەکە هات ئەوەی تیایە بە دڵنیایەوە هەموو جارێکیش وتوومانە بەشی زۆری ئەم دەرماڵانە بەرێنمایی و تەعلیماتی حکومەت یان هەمووی بە رێنمای و تەعلیماتی حکومەت لە چوارچێوەی ئەو (٨) یاسایەی کە ئێستا کاك هێڤیدار خوێندەوە لەبەر رۆشنایی ئەم یاسانە حکومەت بە رێنمای وتەعلیمات ئەمەی رێکیخستووە، ئێستا دەیەوەێت بە یاسا ئەمە ببرێت دیارە دەرماڵە (٢٤) جۆر دەرماڵە هەیە وەك ئەوەی کاکا ئەبوبەکر وتی سییانیان دەرمالەی جێگرن و بیست یەکی نا جێگیرە لەبەر ئەوە ئێستا ئەم دەرماڵانە ئێمە کاتی خۆی رامان وابووە کە حکومەت چۆن بە رێنمای و تەعلیمات لەبەر رۆشنایی ئەم (٨) یاسایە ئەم دەرماڵانەی رێکخستوون ناکرێت، ئێمە لەم یاسایەدا قسە لەسەر برینی دەرماڵە بکەین، ئەو یاساییانە کۆتایی پێبێنین لەم یاسایە ئەو ترسە هەبوو، لەبەر ئەوە ئێستاش کە دەڵێت لەبەر رۆشنایی یاسا بەرکارەکان دیارە حکومەت لە خۆییەوە نییە ئەو دەسەڵاتانە وای ناداتێ رێنمای و تەعلیمات بە پێی ئەو یاساییانە دەر دەکرێت، زۆر سوپاس ...

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ سوپاس بەرێز وەزیری دارایی.

**بەرێز اوات شێخ جەناب/ وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، دەستپێکەکەم هەروەك کاك هیڤیدار قسەی کرد وەك عەرەب دەلێت (الکتاب یقرأ من عنوانە) عنوانی ئەم پرۆژە یاسایەی ئێمە ووشەی دووەمی

دەرماڵەیە، پیم وایە کە لەدوای ئەوەی گەیشتونەتە ماددەی پێنجەم گەڕانەوە بۆ مادەی یەك بۆ عینوانی پرۆژەکەمان کارێکی نەگونجاوە، حەقە لە بیدایەتی موناقەشەکەدا ئەو قسەیە بکرابا، دەرماڵەی تێدا بێت یان تێدا نەبێت ئەمە خاڵی دووەم ئەمەی کە ئێمە باسی دەکەین مەزوعێکە عیلاقەی بە خەرجییەکانی حکومەتەوە هەیە کە جەنابتان دەزانن چاکسازی بەشێکی گرنگی چاکسازی لە خەرجییەکاندایە خەرجییەکان بە نسبەتی حکومەتەوە لەم فەقەرەیەدا لە سەدا ٥٦ی داهاتی ولاتەکەیە ناکرێت تۆ پرۆژەیەك بۆ چاکسازی دەرکەی لەسەدا ٥٦ی داهاتی وڵاتەکەیە بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگری و فەرامۆشی بکەی ئەمە خالێکی تر نوقتەیەك هەیە کە ئساسی رەنگە نوقتەی جەوهەری دروستکردنی ئەم پرۆژەیە یاسایە بە نیسبەتی حکومەت لەسەر ئەم قاعیدەیە وابزانم فقهیە دەڵێت (أَعْطِ كُلَّ ذِي حَقٍّ حَقَّهُ) هەر کەسێك مافی هەیە مافەکەی خۆی بدێ لەسەر ئەساسی ئێوە ئێمە هاتووین لو مووچە باڵاکانەوە بۆ خانەنشینی بۆ پلە تایبەتەکان بۆ چی چی هاتوین تا پێداویستی تایبەت پیا هاتووین خاوەن پێداویستە تایبەتکان پێ هاتووین ناکرێت لە بابی موخەساتە هەموو چین وتوێژە کۆمەڵایەتییەکان کە من ناوم هێنان بە دەربکەین، بۆ نموونە هەندێك لەو رەفیقانە باسی ئەوەیان کرد ئەوەی قەتع بکە ئەوەی لابە ئەم ماددەی پێنجە بە وجهە نەزەری من بەقەدەر هەموو ماددەکانی پێش خۆی گرنگیەکەی زیاتر نەبێت کەمتر نییە، چونکە جارێکی دیکە دووبارەی ئەکەمەوە پەیوەندی بە لە٥٦% خەرجییەکانی ئێمەوە هەیە ئەو قسەیەی کە کراوە، بە سەریحی زۆر بە موحەدەدی شارەزای یاساکانی، ئێمە بەرێزەوە ئەم خوشك وبرایەنانەی کە ئێستا لەگەل ئێمە حازرن بە دەقیقی تەواو پێواویانە کە ئەمە بەهیچ شێوەیەك مەسی مەسائلی ئەساسی موەزەفین و مووچەخۆررانی حکومەت نەکردووە، رێك مەسی ئەو یاسایانە دەکات کە تجاوز کراوەتەوە سەر ئەو قانونانەی کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرکراوە، بەشێکی لە مخاسەتەکانی ئێمە جێگیرە کە هیچ نەوعە گۆڕانێکی بەسەردا ناهێت بیست و یەکێکیان ناجێگیرن، ئەم بیست و یەکە ناجێگیرە عنوانەکەی خۆی بەخۆیەتی قابلی ئەوەیە بەپێی زروفی زمان ومکان ئەمانە گۆرانی لەسەردا بێت، لەبەر ئەوە مراجعەت بەسرداکردن بۆ ئەوەی بە وازحی بە موحەدەدی نووسراوە، لەبەر رۆشنای یاسابەرکارەکان واتا لەحالەتی نەهێشتنی ئەم ماددەیە، حکومەت دەستی والا دەکەیتەوە نەك دەستی دەگری بە عەکسەوە کە ئەم ماددەیە نەمینێت حکومەت دەستی کراوەتەوە، تەسەروف بکات وەکو پێشك کردوویەتی بیکات، ئێستا حکومەت دەیەوێت بە ئاللیەتێك جارێکی دیکە اعادەی نەزەر بە هەموو ئەمانەیدا بکاتەوە، تەکید دەکەمەوە لەبەر رۆشنای یاسا بەرکارەکان، یەعنی هیچ یاسایەکی تازە استحداث ناکرێت، هیچ یاسایەك لەمەجالی ئەم مخەساتە جێگیر یان ناجێگیرەکان هیچ یاسایەکی دیکە استحداث ناکرێت، فەقەت مراجعە کردنەوەیە، هەندێك حاڵەت هەیە کە پێویستە جەنابتان بیزانن زۆر جار لە مەوزوعی ئەم دەرمالانە وەکو (کلمة حق یراد بها باطل) معامەلە کراوە، یەکێك لەو رەفیقانەی کە لێرە دانیشتووە باسی ئەوەی کرد کە ئەوەی دەچێتە سەر عامود وا تەعمیم بووە، ئەوەی کە بەحەیاتی ناچێتە سەر عامودیش

دەگرێتەوە، مەفروزە ئەم حالەتانە راست بكرێتەوە یان لە هەندێك دەزگای ئەمنی بە میسال مەجموعی پارەی خواردنەكەی یەكێك لەو نەفەرانە لەگەڵ ختورەكەی كە بۆی سەرف دەكرێت مساویە بە مەعاشەكەی ئەگەر زیاتریش نەبێت، یەعنی مەفروزە ئەمە موراجەعیەكی تیدابكرێتەوە، یان رەفیقێكی دیكە باسی ئەوەی كرد كە بۆ نموونە بەكالۆریۆس لەم مەجالی ئەم وەزارەتەدا لەگەل وەزارەتی س بۆ وەزارەتی ص فەرقی هەیە ئەو مراجەعاتانەی كە پێویستە بكرێت هەتا لە ئەنجومەنی وەزیران لەوێ موخەسات نییە، بەڵام بەرێوەبەرایەتیەكی تابع بە ئەنجومەنی وەزیران موخەساتی هەیە ئەم حالەت نەشازانە مەفروزە حەدێكی بۆ دابنرێت ئەویش بە چاكسازی ناكرێت، بەوەش نەبێت بە سەبغەیەكی قانونی رێك و پێك كە پەسەندكراو لەلای پەرلەمانی بەرێزی كوردستانەوە پەسەند بكرێت، ئەو ئیشە جێبەجێ نابێت یەك نوقتەی زۆر گرنگ هەیە ئێمە باسی حكوەمتی رەشید یان حكومەتێكی كارا حكومەتێكی چالاك دەكەین بەم تەریقەی كە موخەساتمان تەوزیع كردووە مەبدەئی سەواب و عیقاب چاكە وخراپە بەهیچ شێوەیەك پەیرەو ناكرێت، هەموو موەزەفێك لا على التعين ئەوەی كە ئیش بكات یان دەوام بكا یان دەوام نەكات موخەساتەكانی وەك خۆی رۆشتووە كە ئەمانە هەندێك شتن كە بێ دەنگ بوون لەسەری تاسەر نە دڵسۆزییە بۆ فەرمانبەران، نە دڵسۆزییە بۆ كەسوكاری شەهیدان، ببورن وا دەڵێم نەدلسۆزییە بۆ حكومەتی هەرێم، بەڵام جێبەجێكردنی عەكسەكەی دڵسۆزییە بۆ حكومەتی هەرێم، بۆ كەس و كاری شەهیدان بۆ پێشمەرگەكان بەخێرو بەركەتیش دەگەرێتەوە بۆ هەموو لایەك، سوپاستان دەكەم لە رووی قانونیشەوە هەندێك تەوزیح هەیە دكتۆرە ڤالا باس ئەكات.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس كاك علی نوقتەی نیزامی.

**بەرێز علی حمە صالح:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی قانون پەرلەمانتار كە دەنگ لەسەر ماددەیەك دەدات، ئەگەر ماددەكە غامز بوو ئەگەرێتەوە سەر نییەتی موشەرع، تا ئێستا غامزیەك هەیە، جەنابی وەزیری دارایی دەبێت روونی بكاتەوە بەشێكی دەرماڵە قانونی نییە بە رێنمایی نییە بە رێنمایی دیاری كراوە ئێستا ئێوە دەتانەوێ رێنماییەكان دەستكاری بكەن یان ناعەدالەتیەكان لابەن یەعنی ئەم دووانە جیاوازە بۆ ئەوەی كەدەنگ ئەدەین نییەتی موشەرع وەك خۆی تەسبیت بكات.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، فەرموو.

**بەرێز اوات شێخ جەناب/وەزیری دارایی:**

كاك عەلی پرسی، بەڵێ ئێمە دەمانەوێت ناعەدالەتییەكەی لابەین، چونكە لە ئەساسە بە داپەروەری و یەكسانی دەستمان پێكردووە بۆیە زیاتر لەمە ئیشێكی ترمان نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

پرسـیارێکی دیاریکراومـان هەیە، د.ڤـاڵا قەرارێکـی تەشـریعی بە ژمـارە (١٥) لە سـاڵی ٢٠٠٢ لە پەرلەمانی كوردستان دەرچووە، دەڵێت برگەی یەكەمی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان دەسترۆی پێدان و هەمواری دەرماڵەی فەرمانبەران لە فەرمانگاكانی هەرێم هەیە، كار بەهیچ دەقێك ناكرێت كە لەگەل حوكمەكانی ئەو بریارە ناكۆك بێت. واتـا بە گـوێرەی ئەم بریـارە تەشریعیە لە پەرلەمان دەرچووە دەسەڵاتی پێـدان وهەمـواری دەرمالەكـان دراوە بە جەنابیـان و وپێش ئەو كەسەی كە دەبێتە سەرۆكی حكومەت یـان ئێسـتا سـەرۆكی حكـومەتە و بەگـوێلاەی دەستووری عیراقی هەموو ئەوانەی پێش ٢٠٠٥و پەسەندكردنی دەستوورەكە دەرچوون ئیشـیان پێدەكرێت پرسیارەكە ئەوەیە تا ئێستا ئەم بریارە ئیشی پێ دەكرێت، فەرموون.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو بڕیارە بڕیاری پەرلەمانە و ئەنجومەنی وەزیران كاتێك كە كۆبوونەوەی خۆی كردووە لەسـەر پرۆژە یاسای چاكسـازی بریـاری داوە كە بە پێـی یاسـا و دەسـەڵاتی رێكخسـتنەوەی دەرماڵەكـان بـدرێت بە ئەنجـومەنی وەزیـران، هەمـوو ئەنجـومەنی وەزیـران بەشـداری بكـات بەهەمـوو ئەو ئەحزابـانەی كە وەزیرییـان هەیە و پێكهاتەی حكـومەت پێكـدێنن بەشـداربن لە رێكخسـتنەوەی دەرماڵەكـان، بـۆیە نییەتـی ئەنجـومەنی وەزیـران ئەوەیە كە بـابەتی رێكخسـتنی دەرماڵەكـان بەشێوەیەكی دادپەروەرانە تەنها سـەرۆكی ئەنجـومەنی وەزیـران ئەنجـامی نەدا، بەڵكـو هەمـوو ئەنجومەنی وەزیران بە هەموو ئەو پێكهاتانەی كە هەیە پێكەوە موناقەشە بكەن وبەشێوەیەكی دادپەروەرانە ئەنجــامی بــداتن، ئەوە وەلامــی پرســیاری جەنابتــان بــوو دێیــنە ســەر ئەو روونكردنەوانەی كە پێویستە بیدەین لەرووی یاساییەوە پەیوەستە بە ماددەی (٥) لەو یاسای كە موناقەشـەی دەكەیەن ئەوەلەن لە رووی شـكلەوە بەشـی پێـنجەم دەرماڵەكـان مـاددەی (٥) ئایـا لەرووی شكلەوە واریدە فەصـلێك لە یەك مـاددە پێكهاتبێـت، زۆر ئاسـاییە كە فەصـلێك تەنهـا لە یەك ماددە پێكهاتبێت وماددەكەش تەنها لە دە ووشە پێكهاتبێت هسچ كێشەیەكی نیـیە لە رووی صیاغەی تەشـریعییەوە لەرووی ئەوەی كە چـی نووقسـانە ئـێمەش تەئیـدی ئەو رایـانە دەكەیـن پێویســتە زیــاد بكرێــت دەرمالەكــان ...... لەبەر رۆشــنایی یاســا بەركارەكــان بەشــێوەیەكی دادپەروەرانە رێكبخـات ئەوەی كە گـوترا كە حكـومەت دەسـت واڵا دەبێـت، نەصـەكە نەصـێكی متاتیە، نەصەكە بەهیچ شـێوەیەك نەصـێكی مەتـاتی نیـیە، حكـومەت دەسـت واڵا نابێـت، لەبەر ئەوەی حكومەت ناتوێنێت لە خارجی یاسا بەركارەكان دەستكاری هیچ دەرمالەیەك بكـات، یاسـا بەركارەكـان كە پەیوەسـتن بە دەرماڵەكـان بـریتین لە ١ــ یاسـا مـووچەی فەرمـانبەرانی دەولەت ژمارە ٢٢ی ٢٠٠٨ ٢ـیاسای دیوانی چاودێری دارایی ژمارە (٣)ی سـاڵی ٢٠٠٨ ٣- یاسـای كۆمسـیۆنی سەربەخۆی هەلبژاردن و راپرسی ساڵ٢٠١٥ ٤ـ یاسای دەستەی دەسپاكی ژمارە (٣)ی سالی ٢٠١١ ٥ـ

یاسای مووچەی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی ژمارە ٢٧ی ٢٠٠٨ ٦ـ یاسای راژەی زانکۆی حکـومەتی عیراقـی فیـدرالژمارە ٢٣ی سـالی ٢٠٠٨ی بەرکـار لە هەرێمـی کوردسـتان. ٧ــ یاسـای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ١٨ی ساڵی ٢٠١١ ٨ـ یاسای وەزارەتی پێشمەرگە ژمـارە ٣٨ی سـاڵی ٢٠٠٧ بـۆ دلنیای کردنەوە و تاکیـد بـوونی ئەنـدامانی پەرلەمـان کە بەهـیچ شـێوەیەك حکـومەتی هەرێمـی کوردستان ئەوەی بەو یاسایانە دەرماڵەکـان تەسبیت بـووە بـۆ ئەو خەڵکـانەی کە موسـتەحەقن وەك خـۆی دمێنێـتەوە، بەڵام ئەوانەی کە لە خـارجی ئەو یاسـایەن وبەشـێوەیەك کە تەحقیقـی عەدالەت ناکـات و ئەرکەکەی خـۆی جێبەجـێ ناکـات، ئەوانە رێکـدەخرێنەوە و پێـداچوونەوەی پێــدەکرێت ئەگەر دیــقەت بــدەن نەشــوتراوە دەبــڕێ گــوتراوە بەشــێوەییەکی دادپەروەرانە رێکدەخرێنەوە، بۆ ئەوەی هەموو صاحب حەقێك حەقی خۆی وەربگـرێتن پـێم وایە پەرلەمـانی کوردســتانیش هەدەفەکەی هەر تەحقیقــی عەدالەتە ئــێمە وەکــو حکــومەت لەگەل مــانەوەی ماددەکەین وەك خۆی ودلنیایش دەدەیـنەوە پەرلەمـانی کوردسـتان کە نەصـەکە مەتـاتی نیـیە و حکـومەت دەسـت واڵا نیـیە، اولا حکـومەت دوو قەیـدی لەسـەرە یەکەمیـانئەوە بەپێـی یاسـا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان دراوەتە فەرمانبەر و مامۆستایان بە هیچ شێوەیەك حکومەت ناتوانێت دەستکاری بکات، قەیدی دووەم مخەصەصاتی خۆ وەرگرتوە بەردەوام دەبێت، ئەوە بە پــێچەوانەی یاســا و بە پــێچەوانەی مەبــدەئی عەدالەتــیش مخصەصــاتی وەرگــرتییە ئەوا پێداچوونەوەی پێدەکرێت و رێکدەخرێتەوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیـران، هەمـووی نەك تەنهـا لەلایەن سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیـران ئەوەشـی کە پەیوەندیـدار بـوو بەو مـاددەیە، هـیچ ترسێکتان نەبێت بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان و ئێمە وەکـو حکـومەت لەگەل ئەوەیـن مـاددەکە وەکـو خـۆی پەسـەند بکرێـت، ئەوە لەلایەك، لە لایەکـی تـر ئەوەی پەیوەنـدی هەبـووە بەوەی کە حکومەت بە خۆی دیفاع لە خۆی بکات لەو تەشهیرەی کرا لەلایەن پەرلەمانتارێکی بەرێز، گرفتی خـالە سـنوورییەکان گرفتێکـی (٢٤) سـاڵەیە لە هەرێمـی کوردسـتان، بالفعـل ئەو گـرفتە هەیە و ئدراکی پێکراوە وحکومەت خۆی کار لەسەر ئەو بـابەتە دەکـات، خۆتـان دەزانـن لەنـاو پەیـرەوی پەرلەمانی کوردستان رێوشوێنی خۆی هەیە، بۆ نموونە چەند پەرلەمانتارێك توانیویانە راپۆرتی بنووسن وبینێرن بـۆ حکـومەت، یەك لەوانە بەرێـز عەلـی حەمە صالح هەمـوو خورقاتەکـانی بە چاوی خۆی دیاری کردووە لە راپۆرتەکە و ناردوویەتی بۆ حکومەت و ئەو پەرلەمانتارە بەرێـزەی دەیتوانی بە هەمان شێوە ئەو خورقاتانە لە رێگایە ئەو پیـرەوە کە رێگـای پێـداوە دیـاری بکـات، راپۆرتێــك بینێرێــت وحکــومەت ئێســتا حالیــا وەزیــری نــاوخۆ و وەزیــری دارایــی و دیــوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی راسپاردووە کە بە زوترین کات نەهێشتنی ئەو خروقاتـانە لە خالە سنوورییەکان رودەدا، بەڵێ حکومەت ئدارکی بەوە کـردووە، تەبـعەن وەڵامـدانەوە ودیفـاع کردن منـیش لێـرانە بـۆ ئەو بـابەتەم خەرقـی بـابەتی پەیـرەوی بـوو، بەرێـز سـەرۆکی پەرلەمـان ئاراستەی حکومەتی کـرد لەبەر ئەوەی ئـێمە بـۆ ئەو دانیشـتنە دیفـاع بکەیـن، بەڵام لەبەر ئەوەی

سەرۆکی پەرلەمان داوای لێکردین ناچار بووین کە بەو شێوەیە وەڵام بدەینەوە و هیـوادارین کە خروقاتی پەیـرەوی دائما کێشـەی لێـدەکەوێتەوە پابەنـدبوون بە پەیـرەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردستان هەم حکومەت وهەم پەرلەمانتاران دەتوانن بە شێوەیەکی عیلمیانە ئەوتۆ کارەکانیان رایی بکەن کە نەبێتە هۆی پێشێل کردن و زۆر سوپاس..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مـن پـێم وانیـیە خەرقـی پەیـڕەوم کـردووە و جەنابتـان لێـرەن قسـەکە ئاراسـتەی جەنابتــان کــراوە، زۆر ئاســاییە ئێــوە وەڵام بــدەنەوە لە جیــاتی حکــومەت و ئەو بــابەتی خــاڵە سنوورییەکان ئێمەش لە دەستەی سەرۆکایەتی و منیش بە شخصی دەزانم بەڵـێ خروقـاتی زۆر لە خــاڵە ســنووریەکان هەیە و دەبێــت بە پەیــرەو ئیشــی لەســەر بکرێــت و ئەوەی لە خــاڵە سـنووریەکان دەکرێـت بە مانـای کەلـیمە ناشـرینی گەنـدەلیە وجـۆریکە لە قاچـاخی کە دەبێـت حکـومەت پەرلەمـان هەمـوو دامەزراوە فەرمییەکـانی ئەم وڵاتە رووبەڕووی ببـنەوە وە رێگـری لێبکەن، بەڵێ ماددە دواتر ماددەی شەشەم کاك جەلال.

**بەرێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە منیش ناوم نوسیبوو، بەڵام ئەوە نەبوو کە ناوەکەم بخوێنرێتەوە، بۆیە نەمتوانی قسەکانم بـکەم، بەلام ئەوەی هەیە تەنهـا پیویسـت بـوو یەك روونکـردنەوەیەك لە بەرێـز وەزیـری دارایـی وەرگرم وەك ئەوەی دەزانرێت هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پارێزەری سەرو ماڵی هەموو هاوڵاتیان و ئەم پەرلەمانی کوردستانەی ئێمە وسەرجەم هاوڵاتییانی ئەم هەرێمەن، بۆیە ئەوەی کە دیسان دەچمە سەر ئە و خاڵە دەنگۆیەك هەیە لەسـەر برینـی دەرمـالەی خـواردنی هێزەکـانی ئاسایشـی نـاوخۆ و بەرێـز وەزیـری دارایـی بە جۆرێـك لە جۆرەکـان غیـر مباشـر ئامـاژەی پێـدا، بەلام مـن نەمتوانی بەراسـتی ورد لێـی تێـبگەم کە ئایـا دەرمـاڵەی هێزەکـانی ئاسایشـی نـاوخۆ بەتـایبەتی دەرماڵەی خواردنیان دەبردرێت یان نـا و ئەگەر بەرنـامەیەکی وا هەبێـت داواکـارین ومـن پێشـم وایە وتەوەقع ناکەم، لەبەر ئەوە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و هێزە ئەمنیەکان، داواکـارم مـاف و ئیمتیازاتیان پارێزراو بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز اوات شێخ جەناب/ وەزیری دارایی:**

ئەوەی لای جەماعەت خەیاڵە، لای ئێمە تـاڵە، بەراسـتی ئەو مەوزوعـانە لای ئـێمە وجـودی نیـیە، بەعەکسەوە ئێمە دەمانەوێ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە و ان شأ الله ئەگەر تەصدیقتان کرد ببێ بە خێرو بەرەکەت بۆ هەمـووی، یـانی ئـێمە گرفتمـان لەسـەر ئەوە نیـیە کە ئەمە بچێـتە شـوێنی راستی خـۆی، یـانی ئەم دەرمـاڵانە بگـاتە شـوێنی راسـتی خـۆی، حەقـی خـۆی، بەداد پەروەرەی

بەیەکسانی ئێمە، ئیش بۆ ئەوە دەکەین، ئیش بۆ عەکسەکەی ناکەین، یانی فەقەت بەنیسبەتی حکومەتەوە جێبەجێ کردنی ئەم قانونە لای ئێمە، ئەوەندە تەحقیقی عەدالەت لای ئێمە ئەوەنە یەکسانەکە موهیمە لای ئێمە ئەوەنە لایەنە مادیەکە بەتەئکید با دیباجەکی هەبێ بۆ خەڵك و بۆ حکومەت، ئەوەی کەمایتەوە بەلامانەوە گرنگ نییە، دڵنیا بن لە پلانی ئێمە و ئەصڵەن هەر بیرمان لێ نەکردۆتەوە و باسیشمان نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شوان فەرموو، نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەبەر ئەوەی پێشتر ناوی خۆم نەنوسیبوو، بۆیە بە پێی ماددەی (٥٦) بە نوقتەی نیزامی داخل بووم، والله من پێم سەیرە سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی ئەو فراکسیۆنەی کە بەشدارن لە حکومەت و نوێنەریان لەناو حکومەت هەیە وەکو جەنابی دکتۆرە ڤاڵا ئاماژەی پێدا، ئەو پرۆژەیە بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران هاتووەتە ئێرانە، کەچی نازانم ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان لە پرۆژەکە ئاگادار نین لە سیاسەتی حزبەکانی خۆمان، نازانم بڵێم چی، بەشی پێنجەم یەك ماددەیە ئێمە با دەرفەت بە حکومەت بدەین بە روون ئاشکرایش باس لە دادپەروەری دەکات......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان نوقتەی نیزامی نەبوو دەرفەتیشم دای، ماددەی (٦).

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی شەشەم

ڕێکخستنەوەی هەژماری کردنی خزمەت

ماددەی (٦):

یەکەم: پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی پلە وناونیشان و مووچەی وەزیفی سەرجەم مووچە خۆرانی هەرێم لە بوارەکانی خزمەتی (شارستانی، پێشمەرگایەتی، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ) بە پێی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە کارپێکراوەکان، و ڕێکخستنەوەیان لە چوارچێوەی وەزیفەی گشتیدا لەسەر بنەمای بڕوانامە و ساڵانی خزمەتی فیعلی و خزمەتی هەژمارکراوی یاسایی، بەپێی ئەژمار کردنی ئەو خزمەتەی کە بە بۆ مووچەخۆر ئەژمار کراون.

دووەم: یەکخستنی ناونیشان و پلەی وەزیفی لەگەڵ مووچەی وەزیفی بە پێی حوکمەکانی یاسای میلاکی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموار کراوی کارپێکراو لە هەرێمدا یان هەر

یاسـایەکی تـر کە جـێگەی لەم یاسـایە دەکـرێتەوە و هەڵوەشـاندنەوەی ئەو ناونیشـان و پـلە وەزیفیانەی کە هاودژن لەگەڵ یاسای ناوبراو.
سێیەم: هەڵوەشاندنەوەی گشت پلە و مەرتەبەی زێدەکی کە بەدەر لە یاسا کارپێکراوەکـان دراوە بە مووچەخۆران، چ لە رۆژی یەکەم دامەزراندنیان، یان لەدوای دامەزراندنیان.
چوارەم: هەڵوەشاندنەوەی سـاڵانی خزمەتـی ئەژمـارکراو بـۆ خزمەتـی وەزیفـی شارسـتانی یـان پێشـمەرگایەتی یـان هێزەکـانی ئاسایشـی نـاوخۆ بـۆ ئەو مـاوانەی کە لەگەڵ مـاوەی خوێنـدنی مووچەخۆر یەکدەگرێتەوە جگە لە حاڵەتەکـانی مـۆڵەتی خوێنـدن، یـان خوێنـدنی ئێـواران، یـان تەمەنی لەو کاتەدا لە خوار (١٦) شازدە ساڵ بێت، جگە لە زیندانی و راگیراوانی سیاسی.
پێنجەم:
١-هەر پێگەیەکی یاسایی بواری راژەی گشتی پشتبەسـت بە بڕیـاری کـارگێری هـاتوونەتەدی و لە سەر بودجەی گشتی مووچەیان وەرگرتووە، ئەوا ئەو پێگانە پارێزراو دەبن بە مەرجێك لێبڕینـی خانەنیشان بـدەن پشتبەسـت بە بڕیـاری کـارگێری دامەزرانـدنیان، و پێویسـتە پـلە و ناونیشـانی وەزیفـی و مـووچە و شایسـتەی داراییـان لە چواچێـوەی یاسـا پەیـڕەو و رێنمـاییە بەرکارەکـان رێکبخرێتەوە و خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم یاسایە.
٢-حـوکمی خـاڵی (یەکـی) بـڕگەی پێنجەمـی ئەم مـاددەیە تەنیـا ئەو کەسـانە دەگـرێتەوە کە تـا پەسەند کردنی ئەم یاسایە مووچەیان وەرگرتووە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ناوانە ئێستا دەخوێنینەوە (کاك سۆران، کاك مەم، دکتۆر کـازم، کـاك سـیپان، سـەرچنار خـان، دکتۆر اسماعیل، موژدە خان، کاك مسلم، دکتۆر شێرکۆ، کاك کاوە، کاك علی، کاك عبدالستار، ئاشنا خان، کاك بالانبو، رووپاك خان، کاك جلال، کـاك سـەرکۆ، سـلمی خـان، کـاك عوسـمان، کـاك رزگـار، دکتۆرە شایان، کاك هاوڕێ، کاك لوقمـان، کـاك کـاروان، شـنۆ خـان، کـاك یاسـین، کـاك بەلـێن، کـاك شاخەوان، کاك بەهجت، کاك حکمت، حسیبە خـان، کـاك زانـا، د. رێبـوار، کـاك زاهیـر، کـاك شـوان، گولستان خان، د. گەلاوێژ، کاك سەروان، کـاك مەلا ویسـی، بەرێـزان لێـرە یەك کەس وەردەگـرم و لێـرە دوو کەس، لێـرەش یەك کەس بەگـوێرەی تەسەلسـولەکە، ئەڵـێن لە تەبـع یەك شـتیان لەبیـر چووە لیژنەی موختص با ئیزافەکە بکەن ئینجا کاك سۆران قسە بکات، کاك هێڤیدار فەرمووو؟.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لێبوردن دەکەم، چونکە تەبعەکە هەمووی خۆم نووسیومە ئەو راپـۆرتە، مـاددەی شەشـەم بەشی یەکەم رێزی کۆتایی (بەبـی ئەژمـارکردنی ئەو خـزمەتەی کە بە شـێوەیەکی نایاسـایی ئەو وشەیە نەنووسراوە (بۆ مووچەخـۆر ئەژمـار کـراون) ئەگەر ئەو وشـە نەبێـتن هـیچ مەعنـایەکی نـامینێ مـاددەی شەشـەم بەشـی یەکەم ریـزی چـوارەم ئـاخیرەکەی بەبـی ئەژمـارکردنی ئەو

خزمەتەی کە بە شێوەیەکی نایاسایی ئەو وشەیە نەنووسراوە (بۆ مووچەخۆر ئەژمار کراون)، (بە)یەکی نەقصە، سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەروکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە بڕگەی یەك و دوو و سێ و چوار پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی پلە و ناونیشان و مووچەی وەزیفی، لەگەڵ ڕێکخستنی ناونیشان و پلەی وەزیفی، پاشان هەڵوەشاندنەوەی پلە و مەرتەبەی زێدەگی وە هەڵوەشاندنەوەی ساڵانی خزمەتی ئەژمارکراو بۆ هەموو فەرمانبەران و مووچە خۆرانی شارستانی و پێشمەرگە و ئاسایش وناوەخۆ، واتە ئەم چوار بڕگەیەی ئەم ماددەیە دەست ئەدات لە ملیۆنێك و (٢٠٠) هەزار دۆسییە، بەبێ ئەوەی هیچ ڕێکار و میکانیزم و لیژنەیەك دیاری کرابێت بۆ پێداچوونەوە بە ڕێکخستنەوە و پیداچوونەوە و هەڵوەشاندنەوە و بەساڵی خزمەت و ناونیشان و مووچەی ملیۆنیك و (٢٠٠) هەزار مووچەخۆر لەکاتێکا لیستی شەهیدان و لیستی زیندانی سیاسی بە لیژنە دیاری کرا پێدا پێداچوونەوەی پێدا دەکرێ، بۆیە بەڕاستی ئەمە هەموو حکومەت ئەم چوار ساڵە خەریکی ئەم بێت ئەوجا ناتوانێ ئەمە بکات، بۆیە پێشنیاری لیژنەیەك دەکەم لە وەزیری دارایی لە داواکاری گشتی لە بایۆمەتری لە بەڕێوبەری گشتی خانەنشینی لە نوێنەرانی وەزارەتی ناوەخۆ و وزارەتی پێشمەرگە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان ناکرێت تۆ دەست لە مووچە و پلە و ناونیشان و هەموو شتێکی ملیۆنێك و (٢٠٠) هەزار مووچەخۆر بدەی بەبێ ئەوەی لیژنەیەك دیاری کرابێت، من داوا دەکەم حکومەت ڕوونکردنەوەیەکمان بداتێ، تۆ دەست لە پلە ئەدەیت، چوار ساڵە بە نایاسای پلەت ڕاگرتووە تا ئێستا حەقێکی یاساییە نەتخستۆتەوە بەرکار، پلەت نەداوتەوە دەست پیکردنەوەی پلە کە مووچەخۆرێك لە چوار ساڵ یەکجار پلەیەکی بەرز ئەبێتەوە ڕاتگرتووە، بەنایاسایی و دەچی دەستیش لێدەدەیتەوە، بۆیە زەرورە ئەوەش یەکلایی ببێتەوە مادەم ئەمە چاکسازییە، بڕگەی پێنجەم بەڕێزان من داوا ئەکەم لابرێت، چونکە پێچەوانەی تەواوی بڕگەی (٢ و ٣ و ٤) و هەموو ئەم یاساییە، بوونی بڕگەی (٥) مانای ئەم یاساییە ڕەتدکاتەوە بۆ؟ چونکە هەر پێگەیەکی یاسایی ڕاژەی گشتی پشت بەستوو بە بڕیاری کارگێریی هاتونەتە دی لەسەر بودجەی گشتی مووچەیان وەرگرتووە ئەم پێگانە پارێزراو بن، یەعنی هەرچی بڕیاری دامەزراندن هەیە، هەرچی بڕیاری مووچە هەیە، تۆ دێیت ئەیپارێزیت، ئەی چاکسازی لەچی دەکەی ئەگەر وایە؟ بۆیە هەرچی نایاسایی کراوە بەبڕیار ئەم بڕگەیە ئەیپارێزیت و ئەیخاتە ژێر ئەو ناونیشانە و دێت ئیستحقاقی خانەنشینی لێ دەستێنێ و هەندێ پلە و دەستکاری ئەکات و ئەیهێڵێتەوەت، واتە

ئەوەی بە نایاسای کراوە بەبریاری کارگێری کراوە هەمووی ئەپارێزی و مانا بۆ ئەم پرۆژەیە نامینێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەروکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك سۆران بەشی هەرە زۆری قسەکانی منی کرد، بەڵام من تەنیا پێشنیازی من بۆ حەلی جیاوازە هەر وەزارەت خۆی فایلی وەزارەتی خۆی پێداچوونەوە بکات، بۆنموونە وە زارەتی تەندروستی خۆی بیکات، دارایی خۆی بیکات، چونکە دارایی مۆزەفانی خۆی هەیە و ئەو موشکیلانەیان هەیە، هەر وەزارەتەو فایلەکانی خۆی چارەسەر بکات، خاڵی (٥) زۆر بەتەواوەتی و سەد لە سەد پێچەوانەی خاڵی یەکەمە، خاڵی (٣) و خاڵی (١) تۆ ئەڵی ئەوەی بە نایاسایی بێت و ئیستحقاق بێ دەبردرێ لە خاڵی (٥) هەر بریارێك دەرکرابێت، واتە یاسایی بێت یان نایاسایی بێت، لێرە ئێمە قالبی یاسایی پێدەدەین، واتە خراپترمان کرد، ئەوەشی خراپ بووە لەبڕی ئەوەی بێین چاکی بکەین شەرعاندمان و قانوونی بۆ دەردەکەین، بۆیە منیش تەئیدی کاك سۆران دەکەم کە خاڵی (٥) لابرێت و ئەوەش ئیزافە بکرێت هەر وەزارەتێك خۆی جا ئەتوانێ شۆرشیکاتەوە کە گوتت وەزارەت واتە مودیریەتیش خۆی پێداچوونەوە بە فایلەکانی خۆی بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەروکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، م/ عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی منیش هەر ئەوە بوو کاك سۆران و کاك علی کردییان، بەڵام من رایەکی جیاوازم هەیە بەنیسبەت خاڵی (٥)، خۆی ئەوە بەشێك لەو خەڵکانە دەگرێتەوە کە ئێستا مووچەیان پێدەدرێ و بەشێکی نایاسایی تێدایە بەڕاستی، بەناوی ڕێکخراوەکانەوە، بۆیە من پێموایە لەم سینفەدا خەڵکێك هەیە بۆخۆی پێشمەرگەی دێرین بووە، وە خەلکێك هەیە ئێستا دەکرێ بگەڕێتەوە سەر وەزیفە، بۆیە بەرای من دەکرێ خاڵێکی بۆ ئیزافە بکرێت (ئەوانەی کە پێشمەرگەی دێرین بوون یاسایی (٣٤) مان هەیە، یاسای (٣٣) هی ٢٠٠٧ پەرلەمانی کوردستان بۆ خانەنیشینی پێشمەرگەی دێرین، ئێستا مووچەی وەردەگرێ پێشی عەیبدار بووە، خەڵکێکی زۆریشە، ئەوەی کە ئەحکامەکانی پێشمەرگەی دێرین ئەوەی کە خانەنشینی سەربازییە، یان خانەنیشینی شارستانی دەیگرێتەوە، بەپێی یاسا بەرکارەکان بچێتە سنفی ئەوە، ئەوەی تر عیلاج بکرێ بەشێوەیەکی تر، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك بهجت فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر مادده (٦) بڕگە (٥) خاڵا (١) من تێبینیم هەن، من پێم باشه ڤێ شکلێ وەی لێ بێته کرن، بێژتن هەر پێگەیەکی یاسای بواری راژەی گشتی پشت بەست به بریاری کارگێری هاتوونەته دی سەر بودجەی گشتی موچەیان وەرگرتووه ئەوا ئەو پێگانه پارێزراو دەبن به مەرجێك لێبرینی خانەنشینیان بدەن پشت بەست به بریاری کارگێری دامەزراندنیان وە پێویسته پله و ناونیشان وەزیفی مووچه و شایسته دارایی له چوارچێوەی یاسا و پەیڕەو و رێنماییه بەرکارەکان رێکبخرێتەوە، پێشنیار دەکەم ئەوەهای لێ بێت رێکبخرێت و بگونجرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایه، واته ئەحکامەکان بکرێته حوکمەکان، بگونجێن بکرێته بگونجرێن، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك حکمت فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستی من دڤێتن خاڵێك بێته زێده کرن یا پێشمەرگه کو شەری تیرۆرستن دژی داعشدا شەرتکرن تەنیشت وان خەلکەك هەبوون خۆبەخشانه ئەوان ژی بەهەمان شێوه پێشمەرگا بام گەلەك وانه شهیدیش بوونه، بریندارێش بوونه گەلەکی ژی وانه موزەفیش بوون کەلەکیش پاشی وین هاتینه تەوزیف کرن بەرێ هەندێت داخازین ئەو مودیەت کو لێرەت پێشمەرگه شەرت کرن خزمەت ببێته حساب و هەر ساڵ و به دوو ساڵا، ودیسا پشتگیریا هەڤال کاك بهجت دکم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان پشتگیری لەو بۆچوونه ئەکەم که بڕگەی (٥) هەڵبوەشێتەوە، لەبەر ئەوەی بڕگەی (٥) سحری ئەو هەڵوەشاندنەوانه ناهێڵێت، شەرت نییه هەموو بریارێکی کارگێڕیش بریارێکی مەودایەکی قانونی هەبووبێت، ئەموێت پێشنیازی ئیزافەکردنی برگەیەکی تر بکەم، برگەی شەشەم زیاد بکرێت (له ساڵی ٢٠١٥) ەوە بەرزکردنەوەی مووچه نەبستراوە، ئەوەی پێ دەگوترێ تەرفیع بۆ فەرمانبەران که پێویست دەکات له رووی قانوونییەوە هەمووی ببێت بەسەره مووچه، بەڵام بەرزه مووچه نەبەستراوە، بۆیه پشنیازی من ئەو داڕشتنەوەیه بۆ ئەندامانی بەڕێزی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و لیژنەی پەیوەندیدار بەوە، (پله بەرزکردنەوەی مووچه

بۆ هەموو ئەو مووچەخۆرانەی لە ساڵی ٢٠١٥ بەرزە مووچەیان بۆ نەکراوە) کە راگیراوە لە ٢٠١٥ واتە لەگەل جێبەجێکردنی ئەم یاسایە ئەم پلە بەرزکردنەوەیان بۆ جێبەجێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال حوێز مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦) برگەی (١) دیارە باس لە رێکخستنەوەی پلە و مووچەی وەزیفی و ئەوانە دەکات، دیارە لە زۆربەی وەزارەتەکان شێوازی دیاریکردنی مووچە بۆ مووچەخۆران جیاوازی زۆری هەیە، ناهاوسەنگە، بە نموونە من وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی ناوخۆ دەیهنمەوە، فەرقێکی ئیجگار زۆر هەیە لەبەینی ئەو دوو وەزارەتە، بەڵام لەکاتی خانەنیشینی دەبینین شتەکە عەکس دەبتەوە، مووچە پێشمەرگە بەرزترە لە هێزەکانی ناوەخۆ، ئەوەش پرۆژەمان بۆ دیاریکردبوو، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا دیارە حکومەت ئیمکانی نییە ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکات، پێشمەرگە تا ئێستا مووچەی خێزانی بۆ نابەسترێ، جیاوازی هەیە وەزارەتەکانی تر بۆیان دەبەسترێ، ئەوەش غەدر لە پێشمەرگە دکرێ، مادەم باس لە رێکخستنەوەشە پێم باشە شێوازی دابەشکردنی مووچەش برادەرانی حوکمەت لێرەن گۆرانی لێبکرێت لە (٥) مانگ دەست بە دابەشکردنی مووچە دەکرێ تا ....

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال ئەوە پەیوەندی بەم ماددەیە نییە، فەرموو.

**بەڕێز جمال حوێز مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخیر رێکخستنەوەیە، ئێستا دوو حەفتە پێدەچی، بۆ ئەوەی هەموو مووچەخۆران پێکەوە مووچە وەربگرن، سوپاس.

**بەڕێزد. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایبەت بە بەشی شەشەمی ئەم یاسایە، بەڕێز وەزیری دارایی ئێستا لیرە نییە، ئەگەر برادەرانی تر روونکردنەونەیکم لێیان هەیە بینووسن و پێ بڵێن سوپاسیان دەکەم، لە ساڵی ٢٠١٥ پلە بەرزکردنەوە بە هەموو شێوەیەك وەستاوە کاتێك کە قەیرانی دارای دەستی پێکرد بۆیە ئێستا زەرورە بۆمان روونبکرێتەوە کە ئایا بۆچی جارێکی تر دەست ناکرێت بە پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران دوای ئەوە ی کە قەیرانی دارایی کۆتایی هاتووە، تایبەت بە برگەی ٥ من پێموایە

دەبێت لابرێت، چونکە بە ئاشکرا دیارە و لە برگەکە ئەڵێت هەر پێگەیەکی یاسایی بواری راژەی گشتی پشت بەست بە بریاری کارگێری هاتۆتە دی، یەعنی ئەو دامەزراندنانەی کە کراون بە بریارکراون، برگەی ٥ باس لەو فەرمانبەرانە دەکات لە دەرەوەی یاسا، یەعنی هیچ بنەمایەکی یاسای نییە بۆیە زەرورە ئەم برگەیە یان لابدرێت یان ئەمە ئیزافە بکرێت ( هەر پێگەیەکی یاسایی راژەی گشتی پشت بە بریاری کار گێری هاتوونەتە دی بنەمایەکی یاسایی هەبێت) یەعنی فەرمانی دامەزراندنیان هەبێت یان شهادەیان هەبێت خزمەتیان هەبێت بەم شێوەیە، وە ئەگەر ئەوەش نەکرا با بەتەواوی برگەکە لابرێت، چونکە بەتەواوی پێچەوانەی برگەی (١ و ٣) یەمە و بەتەواوی پشتیوانی قسەکانی کاك سۆران و کاك علی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی (٦) برگەی (١) باس لە ڕێکخستنی پلە و ناونیشانی مووچەی وەزیفی سەرجەم مووچەخۆرانی هەرێم لە بوارەکانی شارستانی و پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایش و ناوەخۆ کراوە بەپیی یاسا، من پێشنیار دەکەم لەو فەقەرە کاتی بەرزکردنەوە یاخود پلە پێدان پێشمەرگە قارەمانەکان لێی بەدەر بکرێت و بڕوانامەکانیان هەمووی لەکاتی بەرزکردنەوە پلە هەژمارنەکرێ، هەمووومان دەزانین کە برا پیشمەرگە قارەمانەکان خوێنیان بۆ پاراستن و شەرف کوردستان ڕێشتووە و دەرفەتی ئەوەیان نەبووە کە خوێندن تەواو بکەن، بۆیە تا ئەم ساڵانەی دواییش هەژمار دەکرێتن ساڵانی پێشوو پێداچوونەوەیەکی بۆ بکرێت لە لایەك، لەلایەکی تریش کە باس لە ڕێکخستنەوە دەکرێت هەروەها گەڕانەوەی دادپەروەری ئایا باس لەوە کرایە کە ئەوانەی کە بەناحەقی پلەیان پێدراوە پلەکانیان لێوەردەگیرێتەوە بەگوێرەی ساڵانی خزمەت پلەیان پێ ئەدرێ، بەڵام باس لەوە نەکرایە پێشمەرگەیەکی قارەمان کە لە ساڵی ١٩٦١ یاخود پێشمەرگەکانی شۆرشی رابردوون، ٥٧ ساڵ خزمەتیان هەیە یاخود زیاتر لەم ساڵانە بە پلەی مولازم تەقاعود کراینە ئایا لەو یاسایە خزمەتی ئەوانیش هەژمار دەکرێتن و پلەکانیان بەرزدەکرێتەوە یان تەنها لەوانە دەستێندر ێتەوە کە ئێستا پلەیان بە نایاسایی پێدراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالید سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە برگەی (٤) ئەم ماددەیەدا نا روونییەك هەیە و تێکەڵاویەکیش هەیە، پێم وایە پێویستی بە راستکردنەوە هەیە، چونکە خزمەتی شارستانی وە زیفی تێکەڵکراوە لەگەڵ پێشمەرگایەتی یان

هێزەکانی ئاسایش و ناوەخۆ، چونکە لە دێری کۆتایی باس لە تەمەن دەکات کە دەڵێت (یان تەمەنی لەو کاتەدا لە خوار (١٦)ساڵی بێت ئەمە دیارە و روونە پێچەوانەی قانونی خدمەی مەدەنییە، (١٦) ساڵی دەبێ بکرێتە (١٨) ساڵ لۆ وەزیفی شارستانی، بۆ پێشمەرگایەتی و هێزەکانی ئاسایش و ناوەخۆ زۆر ئاساییە ئەگەر لە (١٦) ساڵ بێت بۆیە ئەم (٢) بابەتە دەبێ لێك جیا بکرێتەوە، لە برگەی (٥) بەراستی ناروونی هەیە، دڵنیاین لەوەی کە خەڵکانێك هەن بە پلەی باڵا خانەنشین کراون لەو ولاتەدا کە یەك رۆژ وەزیفەیان نەدیتیە، تەقدیرمان بۆ خەبات و ماندبوونی هەموو ئەو بەڕێزانە هەیە کە لە ئێستادا خانەنشینی وەردەگرن، بەڵام کە دەڵێین دەبێ خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم یاسایە نابی بڵێین پێگەکانیان پارێزراو دەبیت، کە پارێزراو بوو ئێمە شەرعیەتیان پێدەدەین، لە ماددەکانی دوای ئەوە دێینە سەر خانەنشینی پلە باڵاکان و وەزیفەکانی پلەی تایبەت و باڵا، ئەگەر قەرار بدەین خانەنیشینی پلە باڵاکان کەم بکەینەوە، لێرەش پلەی وەزیفی ئە وانە خانەنشینیەکانیان پارێزراو دەکەین ئەمە دژ بە یەکە، بۆیە دەبێ هەم روونکردنەوە هەم بەهیچ شێوەیەکیش قبول نەکرێت کە خەلکانێك یەك رۆژ وەزیفەیان نەدیتیە و بە پلەی باڵا خانەنشین بکرێن هەر رەنگە بەدرێژایی تەمەنیشیان لە دژی بزوتنەوە رزگاری خوازی میللەتەکەمان بووبن وئێستا بە پلەی باڵا خانەنشین کرابن، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی (٦) لەسەر برگە (٥) ئاخافتنا خۆ دکەم راستی نوکە لە هەرێما کوردستانێ هەزارەها فەرمانبەر هەنە معاشیش حوکما وەردەگرن کو یەك بیتە رۆژ دەوام نەکرن، بەلکو ئەو کەسە لە بارەگا حزبی دەوامی دکەن،÷ ئەڤەشی بەلگە وی چەند هەزارەها ئەو ناوە ئەڤیت کو لە بارەگایی حزبی دوامت کەن لێ معاشیش لە حکومت وەردەگرن بتەنێ لە رۆژا هاتنا معاش دەچنە گەنجینە حوکمەتێ معاشت وەردگرن یان لە فەرمانگا حوکمەتێ وەردگرن هەر لە ناڤا ئەوان لیستادا هەیە بێ بەرنامە لە (٦٠٠) هەزار دینار مووچەوییە بنەرەتییە لە حکومەتێ وەردەگرن، ئەڤیش پێچەوانەی وی لە خالا (٥) دیتە دیارکرن، کو ئەگەر برێکارین کارگێری دێنە سەر بودجە گشتی کەواتە معاشی خۆ وەردەگرن بتنی خانەنشینی خۆ بدەن لیرەش داخازی وەزیری دارایی دکەم روونکردنەك لەسەر وەی بدات ئایا چەن کەسن مووچەخۆری حوکمین لەسەر بودجە گشتینا، لەیەك خولی حوکمە تدا دەوام نەکرییە یان فەرمانبەری حوکمینتە نینە لەسەر بودجا گشتی و لەسەر داهاتی ئەڤی ولات لە بارەگاین حزبیا یان لە راگەهاندنی حزبیا دەوام دکەتن بۆیە داخازا روونکردنەوەیەك وەزیری دارایی دکەم ئایا ئەڤ کەسان چی لێ دێن، چونکە بارگرانییەکی زۆرە لەسەر داهاتی ولات و بارگرانییەکی زۆرە لەسەر بودجەی گشتی ولاتی، ئگەر

کادری حزبینە ئاساییە لە حزبێ خۆ معاش وەرگرن نەك لە بارەگای حزبا دەوام بکەن معاشیش لە حوکمەت وە رگرن، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك باڵانبۆ فەرموو.

**بەرێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی من پشتگیری لە رایەکەی کاك سۆران دکەم و لە برگەی (٤) پشتگیری لە حسیبە خان و کاك زانا دەکەم دیارە لە برگەی (٣) هەڵوەشاندنەوەی گشت مرتبەکانە لیرە حوکمەت حەقی خۆیەتی کە ئەو مافەی کە خەڵك بە ناروا لە حوکمەت وەریگرتووە، حوکمەت ماوەی ٤ ساڵە پلە بەرزکردنەوەی راگرتووە و خەڵکیش مافی لەلای حوکمەت هەیە، پێویست وایە لێرە جێگا بۆ بکرێتەوە، لەو حاڵەتەی کە حوکمەت مافەکەی خۆی لەو کەسانە وەردەگرێت، کە خاوەنی ماف نیین و مافیش بگەرێنێتەوە بۆ ئەوانەی کە خاوەنی مافن، برگەی (٤) باس لە هەڵوەشاندنەوەی خزمەت دەکات دیارە لەگەل خوێندن ئێمە هەموومان دەزانین لەم چەند ساڵانەی رابردووە ولاتەکەمان تووشی قەیران سیاسی و دارایی زەغت تێپەڕی ئەمەش وای کرد کە خەلك نەتوانی ئەوانەی کە لە ریزەکانی پێشەوەی ئاسایش و ناوەخۆ کار دەکەن بتوانن پەرە بە خوێندنی خۆیان بدەن یان بەهۆی واجبەکەیانەوە کاتی خوێندەکەیان گۆریبێ، ئێستا حەق وایە لەجێی پاداشت ئەو مافەشیان لێ زەوت کەین، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم هێزی پێشمەرگە و هێزی ناوەخۆ لەو کاتی خوێندنە ببەخشرێ وە ساڵانی خزمەتیش کە (١٦) ساڵە بۆ هیزی پێشمەرگە لابرێت لەبەرئەوەی ئەمە ئەزانین لە شۆرشە یەك لە دوای یەکەکانی کوردستان خەلکانێك پێشمەرگە بوون تەمەنیان (١٥) ساڵ بووە، ئەمانە بە خۆشی خۆیان نەبوون بە پێشمەرگە بگرە لەوانەیە زروفی ئەو کاتەی ئەم ولاتە وای لێکردبن، بۆیە حق وایە ئەمە لابرێت بکرێت بە لەگەل ئەوەی کە جگە لەوەی زیندانیانی سیاسی و راگیر اوانی سیاسی ئەو کە سانەی کە پێش (٩٣) چونەتە ریزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك جلال رموو.

**بەرێز جلال محمد امین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەسەر ماددەی (٦) برگەی (٥) منیش هاوڕای بەرێزم ئاشنا خان و کاك سۆرانم کە ئەو برگەیە زیادە و لابدرێت و، پێویستە لە حاڵەتی لانەبردنی پێم وایە دەبێت وای لێبکرێت هەر پێگەیەکی یاسایی بواری راژەی گشتی پشت بەست بە بریاری کارکگیری هاتوونەتە دی لەسەر بودجەی گشتی مووچەیان وەرگرتووە ئوە بەپێ یاسا بەرکارەکان مامەڵەیان لەگەل دەکرێت،

هەر وەها پێم وایە وە کو بەشێك لە هاوڕییان باسییان کرد سەبارەت بەوە ی کە ماوەی ٤ ساڵ ترفیعی فەرمانبەران ڕاگیراوە لە هەر ێمی کوردستان ڕاگیراوە بۆیە برگەیەکی بۆ زیاد بکر ێت و تیایدا پیویستە لەسەر حوکمەت کار بکات بۆ پێدانەوەی یاخود بڵێن کار بکات بۆ ئەوەی ترفیعی ئەو فەرمانبەرانە ڕاوەستاون بەپیی یاسا بەرکارەکان تەرفیعیان بۆ بگەرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، د. ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من دەست خۆشی لە حکومەتی هەرێم دەکەم کە ئەم بابەتە گرنگەیان بەدەر نەکردووە لە پرۆژە یاسای چاکسازی، چونکە لەراستیە ئەو کاتە یەکێکە لەون کاییانەی کە زۆری تیایە پیویستە بە یاسا بەرکارەکان چارەسەر بکرێن بابەتی پلەی وە زیفی ناوەنیشانی وەزیفی بابەتێکی گرنگە، هەلبەت جۆرێك لە عشوائیەت و بێسەروبەری هەیە لە وەی کە جاری وا هە بووە کەسێك پسپۆر یەکەی شتێك بووە، بەلام ناونیشانی وەزیفیەکەی شتێکی تر بوو ئەمە بەراستی ئەم بێ سەروبەییە دەبێت بە یاسا رێك بخرێت و چارەسەر بکەین ئومێد دەکەین کە بەم یاسایە چارەسەر بکرێت کەس وا هە بووە راویژکار بووە لە بوارێکی گرنگ بەلام پسپۆرییەکەی هەونەبووە، لەوێیا نووقسانیەك هەیە بڵێین کەموکورتیەکی تیایە کە ئەبێ ئەمەی بۆ ئیزافە بکرێ کە کە بە نایاسایی لە دەرەوەی یاسا کارپێکراوەکان هەر وەکو کاك هێڤیدار احمد ئامازەی پێکرد منیش پشتگیری لە ڕایەکەی دەکەم بەنسبەت بڕگەی پێنجەمیشەوە بڕگەی پێنجەم منیش هەر لەگەڵ ئەو ڕایەم کە لابرێت چونکە لەگەڵ بڕگەی سێیەم و چوارەم نایەتەوە کە ئەوان باسی هەڵوەشانەوە ئەکەن باسای پشتگیری پاراستن ئەکات، لەبەر ئەوە لە کاك سۆران و کاك مەم و ئاشنا خان ئەکم لەسەر لابردنی ئەم بڕگەیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم

یەکەم / پێداچوونەوەی ڕێکخستنی پلەو ناونیشانی مووچە و وەزیفی سەرجەم مووچەخۆرانی هەرێم لە بوارەکانی خزمەتی شارستانییەت و پێشمەرگایەت و هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ بەپێی یاسا و پەیڕە و ڕێنماییە کارپێکراوەکان و ڕێکخستنەوەیان لە چوارچێوەی وەزیفی گشتی تا ئێرە گۆرانکاری تیا بێ دوای پێداچوونەوە و وردەکاری دۆسییەی کەسی فەرمانبەران

هەر فەرمانبەرێك پلەو ناونیشان وەزیفیەکەی بەرزتر بوو لە مافی خۆی ئەوا سەرموچەو و پلە بەرزکردنەوەی بە هەموو جۆرێك رابگیرێت تا ساڵی خزمەتی دەگاتە ئاستی ئەو پلەیەی ئێستای بەو مەرجەی بڕوانامەکەی رێگەی پێ بدات بۆ بەشی دووەمی هەڵوەشاندنەوەی، ئەوەی باسی ئەوا ئەکرێت کە پرسیارمان ئەوەمان هەیە کە مۆڵەتی خوێندنیان هەیە بێ مووچە بوونە ئەوانەی خوێندنیان هەبووە بێ مووچە ئایا ئەمانە ئەگرێتەوە، لە بڕگەی دووەم وە بڕگەی پێنجەم بۆئەوەی داواکەین کە لای هەمووان ڕوون بێت وە دیاربێت کەم بڕگەیە کە ئەڵێ هەر پێگەیەکی یاسایی لە بواری ڕاژەی گشتی بڕیاری کارگێری هەیە بۆ هاتنە ناو سەر بوودجەی گشتی وە لێبڕینی خانەنشینی ئەدەن ئەمان دەڵێت پشت بەستن بە بڕیاری کارگێری دامەزراندنیان، ئەمانە بریاری دامەزراندنی کارگێرییان هەیە وە پلە و ناونیشان وەزیفی مووچەو شایستە داراییەکان لە چوارچێوەی یاسا پەیڕەو و رێنماییە بەرکارەکان رێکدەخرێتەوە، بۆیە لەگەڵ مانەوەی ئەم بڕگەیەدام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە رێکخستنەوە هەمواری خزمەت لە بەشی شەشەمی ئەم پرۆژە یاسایە زۆر گرنگە وە زۆر ئاڵۆزە، بەراستی بەنسبەت جێبەجێکردنیەوە یەعنی پێداچوونەوە و رێکخستنی پلە و ناونیشانی وەزیفی هەڵوەشانەوەی گشت پلە و مەرتەبەی زێدەیی و هەڵوەشانەوەی ساڵانی خزمەت کە یەکبگرتێتەوە لەگەل ماوەی خوێندنی بەیانیان هەموو ئەوانە بەراستی من پشتیوانی لەو رەئیەی کاك سۆران ئەکەم کە میکانیزمێك بۆ جێبەجێکردنی و هەرچەندە ئەحکامەکانی کۆتایی هاتووە کە ئەنجومەنی وەزیران بە پێڕەوێك ئەحکامەکانی ئەم ماددەیە جێبەجێ ئەکا، بەڵام بەراستی لێرە حەقە بەرچاو ڕوونتربین لەسەر چۆنیەتی ئالیەتی جێبەجێکردنی ئەو ماددانە وە ئەوەی دیکە پێویستە بە بڕگەی پێنجەم کە لە راستیا یعنی لەمەهامی یاساکە زۆر داوە لە ئامانجی یاساکەی زۆر داوە بەداخەوە وە ئێمە تێئەگەین لەسەر ئەساسی لەسەر چ ئەساسێکدا داندراوە، بەڵام پێویست ئەکا ئەم ماددەیە بەشێوازێك تەنزیم بکرێ کە ئامانجەکانی یاساکە کاڵ نەکاتەوە وە لە ئەهدافی ئەساسی خۆی کە مەسەلەی چاکسازییە لا نەدا، بۆیە من پێشنیاز ئەکەم کە ماددەی پێنجەم خالی یەکەمی بەم شێوازە دابرێژرێتەوە هەر پێگەیەکی یاسایی بواری راژەی گشتی پشت بەست بە بڕیاری کارگێری هاتونە دی لەسەر بودجەی کشتی مووچەیان وەرگرتووەو پێویستە پلە و ناونیشانی وەزیفی مووچە و شایستە داراییان لەچوارچێوەی یاسا و پێڕە و رێنماییە بەرکارەکان رێکبخرێتەوە و خۆیان بگونجێنن لە گەڵ ئەحکامەکانی ئەم یاسایە واتا ئەوەی کە من ئەیڵێم ئەم دەقانەن ئەمانە

لابرێن ئەوا ئەم پێگانە پارێزراو دەبن بەمەرجێك لیبرینی خانەنشین بدەن پشت بەست بە بڕیاری کارگێری دامەزراندنیان ئەوەی کە خوێندمەو ئەوە لا بریێ، ئەگەر لیژنەی قانونی ئاگایان لێمان بێ و ئەگەر ئەوە لا نەبرێ من پشتیوان لەو رایە ئەکەم مادەکە برگەیەکە بەتەواوەتی هەڵبگیری و زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی زۆر سوپاس، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینییەکانی من هەمووی لەلایەن کاك زاناوە باسکرا، تەنها من داوادەکەم هێزەکانی پێشمەرگە بەدەر بکرێن لە هەبوونی بڕوانامە، لەبەر ئەوەی زۆرینەی هێزی پێشمەرگە دەرفەتی خوێندنیان نەبووە وە پاڵپشتی کاك زانا دەکەم، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی زۆر سوپاس د. گەلاوێژ، گوڵستان خان.

**بەڕێز د. گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رێکخستنەوە و هەژمارکردنی خزمەتی میلاکات بەشێکی گرنگی ئەو پرۆژە یاسایەیە، بۆیە من لە ناونیشانەکەوە دەسپێدەکەم کە ناونیشانی بەشی شەشەم و پێکهاتەکەی باسی میلاکاتیش دەکات، بۆیە رێکخستنەوەی هەژمارکردنی خزمەتی فعلی و میلاکات لە هەرشوێنێك کە ئاماژە بە خزمەت کرابێت پێویستە بنووسرێت خزمەتی فیعلی، واتا پارەی خانەنشینی و دەستە بەری کۆمەڵایەتی داوە، بەنسبەت ماددەی شەشەم / دووەم یەکخستنی ناونیشان و پلەی وەزیفی لەگەڵ مووچەی وەزیفی بەپێی حوکمەکانی پێم باشە لێرە بنووسرێ حوکمەکانی هەمواری بیستەمی یاسای میلاکاتی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٦٠ی کارپێکراوی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٨ی هەرێمی کوردستان، سوپاس

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز د. اسماعیل علی طە:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

من دوو تێبینیت هەی، تێبینی ئێکێ ماددەی شەشێ یەعنی ماددەی شەشێ رێزا چارێ وەکی دبێژن ئەو خزمەتەی کە زروریە بێتە کرن کە بە نایاسایی لە دەرەوەی یاسای کارپێکراوەکان دئاشکرا بیتن دنیا رەسمی بوو تێبینیا دووێ ماددەی پێنچێ ئەز لگەڵ وان برایەما پشتگیری

ئەوانە دکەم ئەوانە گوت ئە ئەف ماددە نەمینن، چونکە بەرەڤاژی ئارمانجێ ڤێ پـرۆژەینە نەکـو چاکسازیە و ئەڤ ماددەیە یەکجار نەمێنیـتن وجهـێ وێ مـادەکی دی بێـتە دانانـدن یعنـی فعلـن ترفیعاتێت موەزەفا ئەڤە چەنداهاتنا راوەستاندن فەرمانبەر بـۆ ئیتلاقـاتە تەرفیعـاتێن وانە بێـنە کرن، سوپاس

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ، زۆر سوپاس کاك کاروان.

**بەرێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە ئەو ماددەی من پێشنیاز دەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە، مـاددەی شـەش بـڕگەی یەکەمـی پشتیوانی کاك سەرکۆ دەکەم، بەلاَم لە بڕگەی پێـنجەم ئەگەر دەرفەت بفەرمـووی ڕونکـردنەوەی بدەم، مولاحەزەیەکی قانونی کە بۆچی ئەو برگەیە وەك خۆی بمێنێتەوە. پێمـان باشـە لە بـڕگەی پێـنجەم بە وازحـی بـاس لەوە دەکـات کە ئەمـانەی کە لەم بـڕگەیەدا ناویـان هـاتووە بڕیـاری کارگێریان هەیە کە ئەمە خـۆی لەخۆیـدا خـاڵێکی گـرنگە وەلەهەمـان کاتیشـدا لێبـڕین دارایـی و خانەنشینیان هەیە، کەواتە خۆیان لەگەڵ ئەحکامەکـانی یاسـاکەدا دەگـونجێنن وە مەرکەزیەتـی قـانونی هەیە ئەم کەسـانەی کە لەم یاسـایەدا ئاماژەیـان پێکـراوە وە لەهانکاتیشـدا خـاڵێکی زۆر گرینگ رەنگە لە یاساکەدا تۆزێك غامز بێت، ئەمانە تعدیلی وەزیفیـان بـۆ دەکرێـت، ئینجـا لەگەڵ ئەحکامەکانـدا بە نەتـیجە خۆیـان دەگـونجێنن، بـۆیە پـێم وایە ئەم دارشـتنەی صـیغەی مـادەکە بەگشـتی و بـڕگەی پێـنجەم صـیغەیەکی تەواو قـانوونیە، بـۆیە پێشـنیاز دەکەم وەکـو خـۆی بمێنێـتەوە، بـۆ ئەمەش پشـتیوانی کـاك بەهـجەت دەکەم، ئەگەر ئەحکامەکـانیش بگـۆڕێ بـۆ حوکمەکان، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د. شایان فەرموو.

**بەرێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی چوارەم لە یاساکەدا دیارە کێشەیەك هەیە لەویادا ناڕوونیەك هەیە لە بڕگەی چوارەمی ماددەکەدا کە سالانی خزمەت هەژمار نەکرێ، سالانی خـزمەت هەژمـار نەکـرێ ئەوەی خوێندویەتی جگە لەوانەی مۆڵەتی خوێندنیان وەرگرتـووە یـان بەو مەرجـانەی کە لە یاسـەکەدا باسکراوە، بەلام ئەوانەی کە خوێندوویانە مووچەی کۆکراوە وەهەروەها ببورە مۆڵەتی کـۆکراوە وە مـۆڵەتی بـێ مووچەیـان وەرگرتـووە زەحمەتیـان کێشـاوە، مـن پێشـنیار دەکەم یاسـاکە بەم شێوەیەی لێبکرێتەوە برگەی چوارەمی ماددەی شەشەم بەم شێوەیەی لێ بکرێ سالانی خزمەتی ئەژمارکراو بۆ خزمەتی وەزیفی شارستانی یا پێشمەرگایەتی یان هێزەکانی ئاسایشی نـاوخۆ بـۆ

ئەو ماوانەی کە لەگەڵ ماوەی خوێندنی مووچەخۆر یەکدەگرێتەوە جگە لەحالەتەکانی مۆڵەتی خوێندن یان خوێندنی ئێواران یان خوێندنی لەوکاتەدا لە خوار شازدە ساڵی بێت بۆ لەمەو دوا هەڵدەوەشێتەوە، جگە لە زینداني و ڕاگیراو سیاسی وە هەروەها سەبارەت بە سزادراوانی سیاسی دەزانین بوونیان هەیە لە هەرێمی کوردستان لەم ماددەیەدا باس نەکراوە، بۆیە پێشنیار دەکەم بە زنجیرەی بڕگەی شەشەم بڕگەیەك زیادبکرێ بەم شێوەیە ئەحکامەکانی ئەم ماددەیە بەسەر سزادراوانی سیاشیدا جێبەجێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، گلستان خان فەرموو.

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز گلستان باقی، ئاخافتنا ژ هەڤالان هاتیە کرن من پشتگیریە حەسیبە خان و کاك زانا دکەم، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەروان فەرموو.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێ یەکەم جار لە پشتگیری دەستپێبکەم بۆ ناو بابەتەکەی خۆم، ئەویش ئەوەیە کە پشتگیری کاك حیکمەت دەکەم بۆ هەژمارکردنی خزمەت بۆ ئەو خۆبەخشانەی کە دوێنیش شەرەف و کەرامەتی میللەتی کوردیان پاراست، بەرگریان لە کورد و کوردستان کرد دژی داعش وە پشتگیری لە کاك بالانبۆ دەکەم بۆ گەڕانەوەی مافی خاوەن ماف کە ئەوەی مافیان لای حکومەتە پشتگیری لە کاك زاناش دەکەم بۆ بڕگەی پێنج وە دەمەوێت لەسەر ماددەی شەش ئەوە بڵێم کە پێشمەرگە هەر دیسان دەگەڕێمەوە سەرپێشمەرگە، چونکە بەدڵ و بە گیان لەگەڵیانم، دەمەوێت ئەوە بڵێم پێشمەرگە شەری کرد مرد فی سبیلی ئەوەی دیسان پەرلەمان و کوردستان و حکومەت هەبێت، کەچی پلەی پێشمەرگە ڕاگیراوە پلەیان نابەسترێت خزمەتیان بۆ هەژمار نەکراوە، وەزارەت بۆ وەزارەتێکی تر لە وەزارەتی پێشمەرگە پلە بەرزکردنەوە نییە ڕاگیراوە کە بەرگریان کردووە ومردوون بۆ ئەوەی ئەو وەزارەتانە هەبێ کەچی وەزارەتەکانی تر وەك خۆی دەڕوات بەڕێوە، لەگەڵ ئەوەم کە حکومەت پێداچوونەوە بکات لەوە و ئەو هەژمار نەکردنەی یان ئەو کاتەی کە روویشتووە لەسەر پلەکانی ئەوان ئەی ئەوانیشیان بۆ بگەڕێندێتەوە بۆ هەژمار بکرێت ئەوەی تریش بۆ پێشمەرگەی شاخ، چونکە ئێستە لەناو هۆڵی پەرلەمان ڕەنگە زۆر پێشمەرگەی شاخمان لەگەڵ بێت ئەوان نەیان خوێندووە، بۆئەوە پەرلەمان و حکومەتی خۆمانمان هەبێت ساردی و گەرمی و تاڵی زۆریان چەشت بۆ ئەوەی ئەمڕۆمان

هەبێت دروستکەری ئەمرۆن بنیاتنەری ئەمرۆن، بۆیە ئەمن دەڵێم پێشنیار دەکەم لەهەموو پەرلەمانتارە بەرێزەکانیشدا داوادەکە کە پشتگیر بن لەوە پێشمەرگایەتی ئەوان بە بڕوانامە هەژمار بکرێت و بەرگری کردنی پێشمەرگەی ئەمرۆی کە شەری لە جیاتی هەموو مرۆڤ و هەموو جیهان کرد کە پێشمەرگەیە ئەویش ئەویش بە بڕوانامە هەژمار بکرێت و زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

مژدە خان، فەرموو.

**بەرێز مژدە محمود محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند تەرحێکم هەیە، یەکەمیان پلە بەرزکردنەوە مافی یاسایی هەموو فەرمانبەر و پێشمەرگە و هەموو مووچەخۆرێکە کە بە نایاسایی ڕاگیراوە، پێویستە پێش دەستدان لە پلەی مووچە خۆران بەرزکردنەوەی پلەیان بۆ بکرێت کە ئەمە مافێکی شەرعی خۆیانە ئەمە یەك دوهەمیشیان لە برگەکانی یەك و دوو سێ و چواری ماددەی شەشەم ئەم یاسایە دەست دەدات لە پلە و موچە و ناونیشان و خزمەتی ملیۆنێك و دووسەد هەزار مووچەخۆر کە لە بایۆمەتری ئەو ژمارەیە تۆمار کراوە چۆن دەتوانی ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدەیت، هەروەها هیچ لیژنەیەك دیاریکراوە کە جۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم بڕگانە ڕوونبکاتەوە یاخود بە هەر میکانیزمێك بێت هیوادارم بەرپرسانی حکومەت کە لێرە ئامادەن وەڵامی ئەوەمان پێبدەنەوە خاڵی سێیەم ماددەی شەشە برگەی پێنجەمی هەرکەسێك بە بریارێکی کارگێری دامەرزرابی یاسایی بێ یان نایاسایی دەپارێزرێ بەپێی ئەم بڕگەیە ئەمە پێچەوانەی یاسای چاکسازییە، کەواتە ئەم بڕگەیە دیفاع لەوانە دەکا کەبەنایاسایی دامەزراون پێویستە بڕگەی پێنجەم لابرێ پێشنیاز دەکەم لاببرێ وە پشتیوان لە قسەکانی کاك سیپان و کاك سۆران دەکەم، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەلمی خان فەرموو.

**بەرێز سلمی فاتح توفیق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامانجی گرنگی ئەم یاسایە چاکسازییە، نەك بڕینی مووچەی خەڵك ئێمە لە مدەکەی پێشوترا لەسەر دەرماڵە زۆرترین گفتوگۆ، زۆرترین پرسیارمان ئاراستەی بەرێزان لە حکومەتی کوردستان کردووە، ناکرێ لەئێستادا پشتیوانی بکەین بۆ بڕینی مووچەی سەدان کەس کە حوکمەت خۆی پێی داون و خۆی ئەو ئیستحقاقەی پێداون وە دایمەزراندون و فەرمانی کارگێریان هەیە، بۆیە پشتیوانی قسەکانی کاك سەرکۆ دەکەم لە ماددەی یەکەم هەتاوەکو لەچوارچێوەی وەزیفی گشتیداو ولە دوای ئەوە دەکرێ بەم جۆرەی لێ بکرێ، لەدوای پێداچوونەوە و وردبینی دۆسییەی کەسی فەرمانبەران هەر فەرمانبەرێك پلە و ناونیشانی وەزیفیەکەی بەرزتر بوو لە

مـافی خـۆی ئەوا سـەرمووچە و پـلە بەرزکـردنەوە بە هەمـوو جۆرێـك ڕادەگیرێـت تـا سـاڵانی خزمەتی دەگـاتە ئاسـتی ئەو پـلەی ئێسـتای بەو مەرجەی بڕوانـامەکەی ڕێـگە پێبـدات، ئەمە لەو ڕوانگەیەوە دا پێشنیارمان کردووە لەوەی کە ئەو مووچە خۆرە کە گەندەڵی نەکـردووە وە هـیچ شتێکی نایاسایی نەکردووە، ئەگەر بێت و فەقەرەیەکی نا یاسایی هەبووبێ ئەوا حکومەت بـۆی کـردووە و خـۆی بەرپرسـیار نیـیە لەسـەر ئەم بـابەتە وە دەکـرێ پـلە و ناونیشـانی وزیفەکانیـان پـارێزراو بـن، بەڵام بـۆ ئەوەی ڕێکـی بخەیـنەوە رای دەگـرین هەتـا وەکـو ئەوکـاتەی کە پـلە و ناونیشانی دەگاتە ئەو ئەو پـلە و ناونیشـانەی کە حکـومەت پێـی داوە بەو مەرجەی بڕوانـامەش ڕێگەی پێبدا وە لە ماددەی چوارەمی ببـورە لە بـڕگەی چـوارەم دا کە باسـی هەڵوەشـانەوە دەکـا، بەراستی کەسانێکی زۆر هەیە بەهەمان شێوەز ناکرێت مەسەلەن بەرێوەبەری فەرمانگەکەی یان دائیــرەکەی دەخوێنێــت ئاگــای لێبــوو و چاوپۆشــیان لــێ کــردووە، بــۆیە مــن پێشــنیار دەکەم هەڵوەشاندنەکە بکرێت بە غەرامەیەك، بۆ ئەوەی بتـوانین ڕێـگە چارەسـەرێك بـۆ بـدۆزینەوە وە لەمەودوا ڕێگری بکرێ وەلەگەڵ ئەوشـدا پشـتیوانی قسـەکانی بەرێـز د شـایان دەکەم لە بـرگەی چوار بەهەمان شێواز کە لەمەودوا ئەمە جێبەجێ بکرێ، چونکە بەراستی ناحەقێکی زۆر دەکرێ بەرامبەر بەوانەی کە هەندێ کەس هەیە لەوانەی بێ ئاگا لەوەی کە ئەم بابەتـانە هەیە، مۆلەتـانە هەیە، خوێندبێتی لە برگەی پێنجەمدا بەهەمان شێواز قسەکانم لە برگەی یەکەمدا کرد کەنـاکرێ ئێمە بەڵێ پشتیوانی قسەکانی بەرێزان کاك بەهجەت کاك سەرکۆ و کاك کاروان دەکەم، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەش بـاس لەوانە ئەکـا کە ڕێکخسـتنەوەی پـلەی وەزیفـی ڕوونە سـەدو حەڤـدە هەزار خانەنشینی لەسەر وەزارەتی پێشمەرگە هەیە، واتا هەشتا هەزار لەسەر وەزارەتـی نـاوخۆ هەیە، تەبـعەن ئەمـانە کـاتی خـۆی بە نـاوی پێشـمەرگەی دێـرین خانەنشـین کـراون، ئێسـتا لێـرە بە چ میکانیزمێك ئەتوانی پلەی ئەمانە هەڵوەشێنیتەوە زۆربەی ئەمـانە بە پـلەی ئەفسـەر خانەنشـین کراون

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رزگار ئەم ماددەیە بەس باسی فەرمـانبەر ئەکـا، هەژمـارکردنی خـزمەت بـۆ فەرمـانبەر دوای ئەوە باسـی خانەنشـینیە، مـاددەی دوای ئەوە یعنـی لە هـیچ شـوێنێکا باسـی ئەوە ناکـا باسـی وەزیفیەت ئەکا، یەکێکە لەو وەزیفایا.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

یەعنـی هەیە ئێسـتا سـاڵی خزمەتـی پێشـمەرگایەتی دێرینـی بـۆ کـراوە کە ئەفسـەرە، ئایـا بە چ میکانیزمێك دەتوانیی ئێستا ئەو روتبەیەی لێ کەم بکەیتەوە پشتگیری لە قسەکانی کاك سـۆران

عمر دەکەم بۆ خاڵی پێنج هەڵگیرێ پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك علی حمەصالح ئەکەم، هەر وەزارەتێك لیژنەیەکی موختەسی بۆ دیاری بکرێت و پشتگیری لە قسەکانی حەسیبە خان ئەکەم، پێشنیار ئەکەم پڕوانامە نەکرێتە مەرج بۆئەفسەرانی وەزارەتی پێشمەرگە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی زۆر سوپاس، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ڕێکخستنەوە و هەژمارکردنی خزمەت لەئێستادا لە هەرێمی کوردستاندا کێشەیێکی زۆر هەیە، چونکە وکو ئاگادارین لە سالانی رابردوو بە هەزاران کەس بە یەك بریار و بە یەك فەرمان تەعین کراون لە مەسلەکی حزبی خراونەتە ناو بواری حکومی و وە دامەزرێندراون وە پلەیان پێدراوە، بۆیە رەچاوی شیاوی یاخود بڕوانامەی بکرێ، بۆیە گرنگە لێرە لەو پێداچوونەوەیە بەرێزان ئەوەمان بۆ رونبکەنەوە، ئایا ئەوانە چەند دەگرێتەوە بەراستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆجەنابت، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لەسەر ماددەی شەش، برگەی یەکەم و چوارەم قسەم هەیە، چاکردنی مووچەی پێشمەرگە واتا هاتا بکرێت بە هێزەکانی مووچەی هێزەکانی ناوخۆ وە بەپێچەوانەوەی باشکرنی مووچەی خانەنشینی حەقیقی کە ئێستاکانە ئەو هێزانەی پێشمەرگانە دێرینانەی کەوا ئێستا ژیانی خۆیان لە پێناو میللەتەکەی خۆیان ناوە، بەڵام بەداخەوە ئێستا مووچەیەکی کەم وە هەروەها ئێمە ماف و ئمتیازاتێکی زۆر زۆر کەمیان هەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عوسمان لەم ماددەیا بەس پەیوەندی بە هەژمارکردنی خزمەت هەیە بۆ فەرمانبەران.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

نا ئاخر ناوی پێشمەرگەش تیا هاتووە، چۆن ئۆتە لێروکانە ئیشارەت بە پێشمەرگە دراوە بە هێزەکانی ناوخۆ و بە پێشمەرگەش دراوە وەهەروەها ئە تێکۆشەرە دێرینانەی پێش ٣/٥ کە خەباتیان کردووە، پێویستە بەشێوەیەك ئمتیازاتێکی تایبەتی یان مووچەکانین بۆرێك بخرێت کە لە ئاستی ژیان و گوزەرانیان بێت وە هەروەها لەلایەن حکومەتەوە شەهادەیەکی رێزلێنان بدرێت، وەکو برادەران ئیشارەتیان بە شەهادە دا شەهادەیەك رێزلێنان وە مەدالیایەکی رێزلێنان بکرێت و وە ئەمە لەجیات شەهادەش بۆ خزمەتی خانەنشینییان هەژمار بکرێت وەهەروەها هێزی بەرگری وە خۆبەخشانی شەری داعش ئەو ماوەیان بۆ بە خزمەت حساب بکرێت، وەکو هێزی بەرگری لەسەردەمای شۆرشە یەك لەدوا یەکەکانی میللەتەکەمان خەباتیان کردووە وە

ئەوانەش کە خۆبەخشانە شەری داعشیان کردووە، لە حاڵەتێکا فرسەتی دامەزراندن ئەگەر لە حاڵەتێکا ببێ بۆ ئەوان بێ وە بۆ شیان بە خزمەت حساب بکرێت وەهەروەها باشکردنی خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ کە لەئێستادا (٢٤٠) هەزار دیناریان هەیە، یەعنی مووچەی هێزی پێشمەرگە باشە، بەڵام بەداخەوە خانەنشینی هێزی پێشمەرگە کوردستان باشە، بەڵام خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ......

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ وەختەکەت تەواو بوو، کاك هاورێ فەرموو کاك عوسمان وەختەکەت تەواو بوو، کاك هاورێ قسە بکە.

**بەڕێز هاوڕێ بناْ محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی شەشەم ماددەی شەشە لە بڕگەی یەکەم پشتیوانی قسەکانی کاك سەرکۆ سەلمی خان کاك بهجت ئەکەم وە لە بڕگەی پێنجەم پشتیوانی قسەکانی کاك کاروان ئەکەم، ئەم برگەیە مەرکەزی یاسایی تێدایە وە لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم یاسایەدا خۆی ئەگونجێنێ لەگەڵ مانەوەی ئەو برگەیەم، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی سوپاس، کاك موسلیم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی من قسەکەم لەسەر ماددەی شەشەمە لە برگەکانی یەکەم و دووەم وسێیەم و چوارەم بەراستی من بە مادەیەکی زۆر باشی دەزانم وە بەراستی ئەوە دەسپێکێکی باشە بۆ نەهێشتنی و هەڵوەشاندنەوەی زۆرێك لەو کارانەی کە بەنایاسایی کراون لەم پرۆژە یاسایەدا، کە هەدەف و ئامانج لێی رێکخستنەوەی پلە و ناونیشانی وەزیفیە بۆ فەرمانبەران و مووچەخۆران، کە لەناو چینی فەرمانبەرانە خەڵکانێکی زۆر هەن کە بە نا یاسایی و بەدەر لە حەقیشا تائێستا وساڵی خزمەتیشیان وە بەبێ بوونی خزمەتی فیعلی لە پلەو مەرتەبە و ناونیشانێکدا داندراون کە ڕەنگە شایستە نەبێ پێی وەهەم بارگرانی لێرەدا دروستکردوە لەسەر حکومەت وە لەسەر وەزارەتی دارایی ونادادپەروەرانە هێناوتە کایەوە لەنێوان فەرمانبەران، بۆیە ئۆمێد دەکەم بەراستی لەرێگەی ئەم چوار برگەیەوە ئەم نا دادی و گرفتە وەزیفیە چارەسەر بکا، بەڵام لێرەدا بە میکانزمێکی وازح بە لیژنەیەکی دیاریکراو کە بەتەئکید ئەرکێکی قوس دەکەوێتە سەر حکومەت بۆ چارەسەرکردنی و جێبەجێکردنی ئەم ماددانە وە ئەمەوێ لێرە پشتگیری خۆشم برگەی پێنجم بۆبرای بەرێزم کاك سۆران و کاك علی دربەڕم بە لابردنی ئەم بڕگەیە و، بەراستی زۆر زەروریشە پێویست دەکا پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران کەلە ٢٠١٥ ەوە وەستێنراوە، بگەرێندرێتەوە کە حەقێکی شایستەی فەرمانبەرانە کە ئێستا نەماوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودا ولاهی مـن هیچیـان بـۆمن نەهێشـتووە ئەو بـرادەرانە، بەڵام دەمەوێ لە پشـتگیری دەسپێبکەم پشتگیری کاك سۆران دەکەم کاك علی، کـاك عبدالسـتار، کـاك مەم، کـاك حکمـت، کـاك زانا، کاك سیپان، حەسیبە خان، سەرچنار خان، بەڵام من دەمەوێ دوو تەرحـی دیـکە بـکەم، زیـاد بــکەم بــۆ ئەم یاســایە هەمووشــیان ووت پێوســت ناکــا لە مــاددەی شــەش ڕێکخســتنەو و هەژمـارکردنی، بەڵام ئەوانەی مـن پرسـیارەك لە وەزیـری دارایـی دەکەم ئەوانەی کە خزمەتیـان هێناوەتەوە، بەڵام لە ئەساسیشدا خزمەتەکەیـان نیـیە، بەلام لایەنیکـی سیاسـی بـۆی هێنـاونەتە ئەوجە ئایا پێـنج سـاڵە هەیە دە سـاڵە لە خـاڵی دووەمـدا دەمەوێ شـتێکی دیـکە پێشـنیار بـکەم فەرمانبەرێك هەیە لە وەزارەتێك و فەرمانبەرێکی دیکە هەیە لە وەزارەتێکی دیکە هەردووکیـان شــەهادەی ســەرەتاییان هەیە، بەڵام لەو وەزارەتەی بـۆ نمـوونە خوێنـدنی بـاڵایە معاشـەکە زۆر بەرزە، بەلاًم لە وەزارەتەك کە خانەی ڕۆشنبیرییە مندالانە، لە وەزارەتی ڕۆشـنبیری مەعاشـەکەی زۆر کەمە، شتێکی دیکە دەمەوێ پێشنیایر بـکەم ئەو پێشـمەرگانەی کە هەمووەمـان دەزانـین ئەو لێـرە چەن پێشـمەرگەی کـۆنی تێـدایە ئەو پێشـمەرگە تـاجی سـەرە، بەلام بەراسـتی قـائیمە کە وەختی خۆی هەبووە پێش (٥ی ٣) ئی هەموو لایەنە سیاسییەکان هەق وایە معامەلە لەکەل ئەو قـائیمەیە بکـرێ، نەك خەڵـك هەیە پێشـمەرگە نە بـووە بەنـاوی پێشـمەرگەی نـاوی پێشـمەرگەی ناشیرین کـردووە خانەنشـین کـراوە، یەعنـی ئەوانەش لابـدرێن نـاڵیم مەمعاشـیان ببـردرێ بـا لە کاروباری کـۆمەڵایەتی بیانـدرێتێ نەك بەنـاوی ئەو پێشـەرگەی کە هەمـوو سـەروەت و سـامان و ژیانی خۆی لەناو بن بەردان بردووەتە سەری، شتێکی دیـکە پێشـنیار دەکەم بـۆ وەزیـری دارایـی ئەو پارەیەی کە پاشەکەوت کراوە هەم بۆ حکومەت باشە هەم میللەتیش باشە ئەو فەرمـانبەران چەکیان بۆ بکرێ، بەڵام لە وەزارەتی دارایی لە باتی پارەی ئاو و کارەبا و زەریبە لێیان وەربگیـرێ یعنی گوێم لێبوو ولله بۆیان کراوەتە چەك، بەڵام ئەگەر چەگ با هەر هەبێ یەعنی چی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك لوقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مـاددەی شـەش لە بـرگەی یەك پشـتیوانی لە بۆچـوونەکەی کـاك سـەرکۆ ئەکەم، کە ئەمانە پلەکانیان ڕابگیرێ سەرمووچەو ئەوانەی بۆ نەبەسترێ تاکو پلەکەیـان ئەگـاتە ئاسـتی ئەو پلەی بەدەسـتیان هێنـاوە وە سـەبارەت بە بـرگەی پێـنجەم لە مـاددەی شەشـەم ئەم بـرگەیە زۆر ڕوونە کە ئاماژە بەوە ئەکـا کە ئەمـانە پـێگەی یاسـاییان هەیە وە مـوولزەمیش کـراون کە لەگەڵ ئەحکامەکـانی ئەم یاسـایە خۆیـان بگـونجێنن، ئـێمە مـادام نـوێنەری خەڵکـی کوردسـتانین وە

ئامانجمان ئەوە نییە بێین با بڵێین مووچەی خەڵك ببرین یاخود ئامانجی ئێمە لە پەرلەمانی کوردستانوە ئەبێ پشتیوانی لە هەنگاوێك بکەین بە کە تەنها ئامانجمان مووچە برینی خەڵك بێ، بەڵام ئامانجمان چاکسازیە مادام مولزەم کراینە لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم یاسایە بگونجێنین، کەواتە ئەمانە ئەم کەسانە نین کە دەوام نەکەن یان فرسەتی دەوامکردنیان پێ نەدرێ وەکو بەشێك لە برادەرەکان ئاماژەیان پێدرا ئەوە نوقتەیەك نوقتەیەکیتر بەداخەوە بەشێك لە برادەرەکان زۆر هێرشێك ئەکەن بۆ سەر کادری حزبی کادیری حزبیش رۆلەی ئەم وڵاتەن، بۆیە ئەمە کارێکی ناڕەوایە، بۆیە بۆ مانەوەی برگەی پێنجەم پشتیوان لە بۆچوونی کاك بەهجەت کاك سەرکۆ کاك کاروان سلمی خان کاك هاورێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی شنۆ خان فەرموو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بەشی شەشەم رێکخستی هەژمارکردنی خزمەت پشتگیری لە هاورێکانم کاك سەرکۆ کاك کاروان کاك بهجت سلمی خان و کاك عوسمان وکاك لوقمان ئەکەم، وەهەروەها پرسیارێکم هەیە لە بەرێزان لە ئەنجومەنی وەزیران، سەبارەت بە ئەوەی کە ئایا بەپێی یاسا راوێژکرا و مدیر عام یەك تعریفیان هەیە، بەڵام بۆچی جیاوازی هەیە لەنێوان ئەو راوێژکارانەی کەلە ئەنجومەنی وەزیرانن و لە دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمن و ئەوراوێژکارانەی کە لە پەرلەماندا هەن لەرووی مووچە و ئمتیازەوە چیاوازی هەیە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ چیاوازیان نییە.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

زانیاریمان هەیە کە جیاوازیان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ جیاوازیان نییە، پەرلەمان من ئەزانم هیچ جیاوازیان نییە زۆر سوپاس، د شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مەوزوعی عەلاوە و تەرفیع زۆر باسکراوە، من پشتگیری لەوە ئەکەم کە بگێردرێتەوە و دەستپێبکاتەوە، چونکە ئەوە جۆرێکی ترە لە پاشەکەوتا لە راستیا ئێستا حکومەتی هەرێم دوو جۆر پاشەکەوتی لە ئەستۆ دایە یەکێکیان ئەوەی کە رایگرتوە کە پاشەکەوتی مووچەیە ئەمەی تریان کە بەردەوامە پاشەکەوتی عەلاو و تەرفیعە بەراستی ئەمە ئەگەر تەقدیراتی بۆ بکەی بۆ داهاتوو ئاوا بەردەوام بێ ئەو برە پارەیە چەند کەڵکە ئەبێ بەرەو داهاتوو کە نازانین کەی

ئەوەستێ واتە کەی ئەوەستێ پێنەدانی عەلاوە و تەرفیع، بۆیە لە مادەی شەشا بڕگەی یەکەم زەرووورە کە ئێرە پێم وایە جێی خۆیەتی تەئکید لەسەر کێرانەوە و دەستپێکردنەوەی عەلاوە و تەرفیع بکرێتەوە سەبارەت بە بڕگەی پێنجەم رێك پێچەوانەی مەبادئی ئەم یاسایەیە، یەعنی رێك پێچەوانەی ئامانجەکانیەتی کە باس لە دادپەروەری ئەکا بۆ کە لەبەرئەوەی بەڵی ئامانە بڕیاری کارگێریان هەیە، بەڵام شوێنی دەوامکردنیان نییە کە ئەو مخالەفەی یاسایە، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەیام پشتگیری لە بۆچوونەکەی سەرچنار خان و کاك سیپان و کاك سۆران و کاك علی و کاك جلال و د . اسماعیل دەکەم بۆ لابردنی بڕگەی پێنجەم، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی زۆر سوپاس، کاك شاخەوان.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پێشنیاز ئەکەم بۆ قەرەبووی چوار ساڵی قەیرانی دارایی فەرمانبەران وە هێزەکانی پێشمەرگە مامۆستایان لەگەڵ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، لەرۆژی یعنی میکانیزمێك بدۆزرێتەوە بۆ پێدانی پلەیەك وەزیفی یان وەکو قەرەبوویەك، چونکە باس لەوە ئەکرێ کە قەرەبووە ماددیەکە تاکو ئێستا تەنها وەکو شتێکی حسابی و ئەوانە ئەوە ئەکرێ لە داهاتوودا، بەڵام ئەوی کە هەیە، بۆیە پشتیوانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پێشمەرگە و لەگەڵ فەرمانبەرانی مەدەنی زائیدە مامۆستاین بۆپشتیوانی ئەمانە یا بۆ قەرەبووی ئەمانە وا بکرێ کە میکانزمێك بدۆزرێتەوە بۆ پێدانی پلەیەکی وەزیفی وە پشتگیری قسەکانی کاك علی و کاك سۆران ئەکەم، بۆ لەسەر ئەوەی هەر وەزراەتێك لیژنەیەکی تایبەتی هەبێ بۆدواداچوون و متابەعەکردنی یا چاودێری کردنی ئەو ماددە و برگانەی کە پەیوەندی هەیە بە وەزارەتەکانیانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر کازم بەڵی ئاخیر کەسە.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تێبینیانەی من هەمبوو لەلایەن ئەم بەڕێزانەوە تەرح کرا، لەبەر ئەوە پشتگیری ئەم بەڕێزانە ئەکەم هەریەك لە بەڕێز مژدە خان و کاك سیپان و کاك سۆران و کاك دکتۆر شێرکۆ و کاك کاوە و سەرچنار خان و کاك دکتۆر اسماعیل، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

رووپاك خان ناومان خوێندەوە لێرە نەبووە و ئێستاش لێرە نییە ئاخیر کەسیشە، بەڵێ بەڕێز وەزیرەکان بەڕێزان جەنابیشت لێرە نەبووی کاك وەیسی.

**بەڕێز وەیسی سعید وەیسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە بەنسبەتی ئێمەوە گرنگ بووبێ لەم ماددەیە بە موختەسەری من عەرزتان کەم، هەر لەم ماددەی یەکەمەوە بەرەو دوواوە ئەو خاڵانە یا حالەتانەی کە لە ماددەی یەکەما تەحدید کراوە، پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی پلەیە بۆ نموونەتان بۆ باس بکەم مەسەلەن هەمانە جارێ بەپێی یاسا ساڵی خزمەت بۆنسبەتی پێشمەرگە لە شانزە ساڵیەوە دەستپێئەکرێ، هەیە ساڵی پێشمەرگایەتی هێناوەتەوە ڕەنگە عمری (١٠) ساڵ بووبێ، بۆ نموونە مەسەلەن بۆ ساڵی ئاوارەیی لە (١٨) سالەوە حساب دەکرێ وەختێك کە ئەو هێناوەتەوە، ڕەنگە عمرێکی یەکجار کەمی هەبووبێ، مەبەست لێرە ڕاستکردنەوەی ئەو نەوعە حاڵەتانەیە ئەمەش کە ڕاستئەکرێتەوە تەبعەن ئەبێ قاعیدەیەکی قانونی هەیە، (من استقبل شیئاً قبل اوانە عقب بحرمانە) یعنی قاعیدەیە ئەبێ بیخەیتە سەر ئەسلەکەی معامەلەکەشی، بۆیە ئەبێ وەکو خۆی لێبکەیتەوە ئەوەی لەو ماددەیە هاتووە لەسەر ئەو ئەساسەی ئەو قاعیدەیە هاتووە، مەسەلەن حالەتێکی ترمان هەیە لەم ماددەیادا کە ئەیەوێ ڕاستیکاتەوە ئەوەیە فرزنا کەسێکمان هەیە لە وەزیفەیەکی معەیەنە بە دە ساڵ ئەبێ بووبێ بە فەرمانبەری پلە بۆ نموونە پێنج ئەم کراوە بە فەرمانبەری پلە دوو، یعنی لە ئستیحقاقی خۆی کە جانبە قانونییەکەی خۆی زیاد بازێکی یاوە چۆتە پێشتر، قسەکە لەسەر ئەوەیەی کە ئەوانە ڕاستکرێتەوە لەسەر مەوزوعی خوێندن و ئەوانە بە وازحی بەپێی تەعلیماتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوانەی لە ئیجازەیان هەبووە بۆیان حساب ئەکرێ بە خزمەت بۆیان حساب ئەکرێ، بەڵام بەهۆی ئیجازەی خوێندنی نەبووە خۆی ڕۆیشتووە ئەوانە بۆیان حساب ناکرێ بۆچی؟ چونکە لەو فەترەیە ئەوەی کە ئیجازەی کردووە استحقاقی لەسەر مووچەکەی و لەسەر هەموو شتێك لێی بڕاوە بە مستەمری لێ بڕاوە، بەڵام ئەوەی کە دەوامی نەکردووە لێی نەبراوە، بە ئیجازەی، بە بێ مووچەی کردووە یا اجازەی خوێندنی کردووە بە بێ هین، مەسەلەن حالەتمان هەیە خۆی موزەفە دەوامی بەیانیانی کردووە ئەم دووانە تەعاروز ئەکا لەکەڵ یەکتری ئگەر موەزەف بووە چۆن دەوامی بەیانیانی کردووە یائەگەر وەزیفەکەی بۆ نموونە لە سلکی ئەمیایە ئێواران دەوامی کردووە لەگەڵیشیا خوێندویەتی، ئەو دووانە تەعاروز ئەکا بەیەکەوە، ئەو حاڵەتانە حسابی بۆ نەکراوە ئەساس فکرەکە ئەوەیە هەر پلەیەك بەنایاسایی وەرگیرابێ ڕاستبکرێتەوە، یعنی ئەمە جەوهەری ئەو مادەیە بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی پێم وابێ لە هەموو وەزارەتێکیش بڕیارێکمان هەیە کە لیژنەیەك موراجەعەی هەموو ئەوانە ئەکاتەوە تەنانەت نەك هەر ئەوە، تەنانەت بە هەیکەلی ئیداری هەموو وەزارەتەکاشا ئەکرێ هەیئەتێکە کە هەم وەزارەتەکان ڕاسپێرداو هەم لە ئەنجومەنی وەزیرانیش هەیئەتێکی بۆ دروستکراوە، لەبەر ئەوە من پێمان باشە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە سوپاس بۆ ئێوەش

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بۆ جەنابت، بەرێزان پشوویەك وەرئەگرین سەعات (٣) دێینەوە.

**پاش پشوو**

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـی بەڕێـزان دەسـت بە دانیشـتنەکەمان دەکەیـن، فەرمـوون لیـژنە تایبەتمەنـدەکان، مـاددەی حەوتەم، .

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی حەوتەم

بواری خانەنشینی

ماددەی حەوت:

یەکەم: یەکخسـتنی خانەنشـینی ئەوانەی لە خـوارەوە ئاماژەیـان پێـدراوە، لەڕووی مەرج و پێداویستییەکانی خانەنشین بوون، بە هەمان مەرج و پێوەرەکانی خانەنشینی فەرمانبەران لە پلە گشتیەکانی وەزیفە لەسەر میلاکی شارستانی سەربازی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، جێگرەکانیـان، ئەنـدامانی پەرلەمـان، وەزیرەکـان، ئەوانەی بە پـلەی ئەوان و بریکـاری وەزارەت و ئەوانەی مـووچەی بریکـاری وەزیـر وەردەگرن و خاوەن پلە تایبەتەکان و بەڕێوەبەری گشتییەکان و، ئەوانەی بە پـلەی بەڕێـوەبەری گشـتی و ئەوانەی مـووچەی بەڕێـوەبەری گشـتی وەردەگـرن، سـەرۆك و ئەنـدامانی ئەنجـومەنی پارێزگاکانی هەرێم و گشـت ئەو کەسـانەی کە بەپێـی خشـتەی کـارپێکراوی مـووچە لە هەرێمـی کوردسـتان، مـووچە و دەرمـاڵەی هەردوو پـلەی بـاڵای (أ و ب) وەردەگـرن، لەسـەر میلاکـی شارستانی و سەربازی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، دووەم:

خانەنشینی هەژمار دەکرێت بۆ ئاماژە پێـدراوان لە بـڕگەی یەکەمـی ئەو مـاددەیە بەمشـێوەیەی لای خوارەوە،

١- ڕێژەی لە ٢٥% لە کۆی دوا مووچە و دەرماڵە، ئەوەی لەکاتی خزمەتدا وەری دەگرین.

٢- ڕێژەی ٥،٢% لە کۆی گشـتی دوا مـووچە و دەرمـاڵە، ئەوەی لەکـاتی خزمەتـدا وەردەگیرێـت و دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی بۆ هەر ساڵێکی خزمەت.

٣- شایستەی مووچەی خانەنشین نابێـت لە ڕێـژەی ٧٠% لە کـۆی گشـتیدا دوا مـووچەو دەرمـاڵە ئەوەی لەکاتی خزمەتدا وەری دەگرێت.

سێیەم: هەژمارکردنی ماوەو خزمەتی خولی پەرلەمانی بۆ هەموو مەبەستەکانی سەر مـووچەی بەرزکـردنەوەی پـلەو خانەنشـینی بـۆ ئەو پەرلەمانتـارانەی ئارەزوومەنـدانە دەگەڕێـنەوە سـەر وەزیفەکانیان.

چـوارەم: حوکمەکـانی ئەو مـاددەیە هەمـوو ئەو کەسـانەش دەگـرێتەوە کە لە بـڕگەی یەکـی سەرەوەی ئەو ماددەیەدا ئاماژەیان پێدراوە، لەپێش بەرکاربوونی ئەم یاسایە، خانەنشین بـوون، پێویستە بگونجێن لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەو یاسایە، بـۆ ئەوانەشـیان کە خزمەتـی خانەنشـینیان نەگەیشتوەتە (١٥) ساڵ تاوەکو ٣ سـاڵ دەخـرێتە سـەر خزمەتەکەیـان، بـۆئەوەی بـگەنە تەمەنـی خانەنشینی، بە مەرجێك بڕی خانەنشینی ئەو ماوەیە بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێکی بەڕێز دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە گفتوگۆ بکات، دەستی هەڵبڕێ، بەڵێ بەڕێزان، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسیوە (د. کازم، د. شێرکۆ، د. محی الدین، د. اسماعیل، کاك سـیروان، کـاك ابوبکر، کاك کاوە، هلز خان، سەرچنار خان، کاك مەم، مـژدە خـان، کـاك سـیپان، کـاك سـۆران، کـاك عبدالستار، کاك علی، کاك جمال، د. هەورامان، ئاشنا خان، کاك باڵامبۆ، کاك عوسـمان، کـاك بەڵـێن، کاك جلال، کاك سەرکۆ، سلمی خان، کاك عوسمان سێبەری، کاك کاروان، کاك دابان، دکتۆرە شایان، گولستان خان، کاك یاسین، شـیرین خـان، کـاك گـۆران، کـاك لقمـان، کـاك ئومێـد، کـاك جـلال، کـاك بهجت، کاك باپیر حسیبە خان، د. ڕێبوار، کاك زانا، د. زێدان، ڕۆژان خان، کاك پێشەوا، کاك سروان، کـاك حـاجی سـفین، کـاك نـزار، جـوان خـان، کـاك شـوان، گـوڵیزار خـان، کـاك شـێخ زاهیـر، کـاك عبدالسلام، کاك محسین، کاك هیمداد، کاك مەلا وەیسی، کاك ئازاد، کاك شاخەوان)، بەڵـی د. کـازم فەرموو.

**بەڕێز د. کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی حەوتەم، ئێمە پێشنیار دەکەین، کە زۆر بەڕوونـی پێشـنیار دەکەیـن، کە ئەو مـاددەیە بەم شـێوازەی لـێ بکرێـت، کە کۆتـایی بێنێـت بە خانەنشـینی پـلە باڵاکـان، هەر لە پەرلەمانتار هەتا وەزیر و سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیـران و سـەرۆکی هەرێـم و جێگرەکانیـان و ڕاوێژکـار و مـودیر عـام و هەمـوو پـلە باڵاکـان، خانەنشـینەکەیان کۆتـایی پـێ بهێنـدرێت، یەك خانەنشینی موەحەد هەبێت بۆ سەرجەم فەرمـانبەران بە ئەوانەشـەوە کە ئێسـتا نـاو دەبـرێن بە پلە باڵا، کە گەیشتنە تەمەنی خانەنشینی کە ئێستا (٦٣) ساڵە، ئەوکاتە خانەنشین بکـرێن، ئەوەی کە لە بڕگەی دووەمدا باسکراوە ڕێژەی لە ٢٥% لەکۆی مووچەو دەرماڵە و ڕێژەی لە ٥،٢% بۆ هەر ساڵێك و ئەوانە، کە دەگاتە ئەو لە ٧٠% ڕێژەیەی کە داندراوە بۆ ئێستا دەکاتە نزیکی (٥) ملیۆن و (٧٥٠) هەزار دینار، لەبەرئەوەی ئێمە پێمان باشە کۆتایی پـێ بهێنـدرێت، ئەو بـڕگەیەش لابـرێـت، سەبارەت بە سێیەم: وای لێ بکرێت کە هەر پەرلەمانتارێك یان پلە باڵایەك یان وەزیرێك یان ئەو فیئـانەی کە لە بـڕگەی یەکەمـدا بە پـلە بـاڵا ناویـان بـراوە، ئەگەر پێشـتر فەرمـانبەر بـوو بێـتن بگەڕێنەوە سەر کارەکانی خۆیـان، ئەگەر کـارێکی تریـان هەبـوو بێـت بگەڕێـنەوە سـەر کـارەکەی خۆیـان، مـاددەی چـوارەمیش کە باسـی حوکمەکـانی ئەو مـاددەیە دەکـات، کە سـیفەی ئەوەی

هەبێـت، کە بگەڕێـتەوە بـۆ پـێش خۆشـی بە هەمـان شـێوە، ئەو پـلە باڵایـانەش کە لە سـاڵانی ڕابردوودا، بە هەموو فیئەکـانەوە، لە پەرلەمانتـار و لە وەزیـر و لە سـەرۆکی هەرێـم و سـەرۆکی حکومەت و جێگرەکانیان و موستەشار و مودیر عـام و ئەوانە هەر هەموویـان خانەنشـینەکەیان هەڵبوەشـێندرێتەوە بە هەمـان یاسـای خانەنشـینی کە فەرمـانبەرێکی ئاسـایی، مامۆسـتایەك، پێشمەرگەیەك، پزیشکێك، کارمەنـدێکی فەرمـانگەی کارەبـا ئەوانەی پـێ خانەنشـین دەکـرێن، بە یەك یاسا بۆئەوەی کۆتایی بێنین بە شـتێك بەنـاوی خانەنشـینی پـلە بـاڵا و جیـاوازی چینـایەتی، چـونکە ئێسـتا بەپێـی ئەو بـڕگەیە کە دانـدراوە، بەپێـی ئەو مـاددەیە دانـدراوە، خانەنشـینی پەرلەمانتار و وەزیرێك بۆ نموونە دەکاتە (٥) ملیۆن و (٧٠٠) هەزار، بەڵام خاوەن پێداویستیەکی تایبەت (١٢٠) هەزار دینار وەردەگرێت، خانەنشینیەکی هێزەکـانی نـاوخۆ و ئاسـایش و پـۆلیس و ئەو چـــین و تـــوێژانە (٢٢٠) هەزار دینـــارە، کە نـــزیکەی (١٦) ئەوەنـــدەی خانەنشـــینی ئەوانە، لەبەرئەوەی پێمـان وایە کۆتـایی بە خانەنشـینی پـلە تـایبەت بهێنـدرێت بە هەمـوو شـێوەیەك، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرمان.**

دیـارە بـابەتی خانەنشـین بـوونی پـلە باڵاکـان زۆرتـرین موشـتومڕی لەسـەرە، لەنێـو کـۆمەڵگەی کـوردەواری، ئەوەش بەڕاسـتی بەشـێکی بـۆ ئەوە دەگەڕێـتەوە، کە نـادادگەریەکی زۆر هەیە لەنێـوان مـووچەی پـلە باڵاکـان و فەرمـانبەرێکی ئاسـایی و خانەنشـین بـوونی پـلە بـاڵایەك و فەرمـانبەرێکی ئاسـایی، مـن پـێم وایە بـێجگە لەوە کە مـن ڕەئـی خۆمـان دەڵێـین، بـێجگە لەوە پێویسـت دەکـات، کە ئـێمە چـاو خشـاندنەوەیەك بکەیـن، دواتـر لە ماددەکـانیکە بە کەمتـرین خانەنشـینی، بـۆئەوەی کە بەڕاسـتی، چـونکە خەڵکێـك ئەگەر وەزع و گـوزەران و بژێـوی ژیـانی باشتر بێت، لەوانەیە ئەویش هەندێك شت تەحەمول و تەقەبولی زیاتر دەکـات، بـۆیە لەگەڵ ئەو کە ئەو بابەتە خانەنشینی ئاسایی هەر فەرمانبەرێك لە (٤٠٠ تـا ٥٠٠) هەزار کەمتـر نەبێـت، ئەوەی کە پاشـەکەوتی مـووچە هەر چۆنێـك بێـت ئـێمە لە دواتـر کە دێـتە پێشـەوە، بەشـێوەیەك لە شێوەکان حکومەت بچێتە ژێر باری ئەوەی کە بگێردرێتەوە، بەڕاستی بـۆ چەسپاندنی دادگەری، بەهیچ شـێوەیەك لەگەڵ ئەوەیـن لەو پـرۆژەیە هەیە، بەمشـێوەیەی ئێسـتا ئـێمە کە ڕای خۆمـان دەڵێین لەگەڵ داین، کە هێناندنەوەی دادپەروەری زیاترە، کەم کـردنەوەی مـووچەی خانەنشـینی پـلە باڵاکـان بەڕێژەیەکـی زۆر بگـاتە ئاسـتێك، کە خەڵـك پێـی بـاش بێـت و مەعقـولیش بێـت، مەنتیقیش بێت، یەکەم: پلە باڵاکان ئەوانەی کە تەمەنیان ساڵانی خزمەتیان هەیە یان تەمەنیـان لە (٤٥) سـاڵ کەمتـرە پـێکەوە بە ١٥%ی کـۆی دوا مووچەیـان (٥،١) بـۆ هەر سـاڵێکی خزمەتیـان

بەپێـی بڕوانامەكانیـان دەبێـت ئەوە یەك، دوو ئەوانەی تـا خـولی پێنجەمـی پەرلەمـان تەمەن و سـاڵانی خزمەتیـان ناگـاتە (٤٥) سـاڵ و (١٥) سـاڵێ خـزمەت، نابێـت كـۆی خانەنشـینیان لە ٢٥% تێپەڕێـت، خـاڵی یەكەم ئـێمە لەگەڵ ئەوەشـداین كە نابێـت ئەم خانەنشـین بـوونە، مـووچەی خانەنشـینەكەی لە ٥٠% تێپەڕێـت، خـاڵی سـێیەم نابێـت كـۆی خانەنشـینی ئەوانەی تەمەنیـان گەیشـتووەتە (٤٥) سـاڵ (١٥) سـاڵ یـان زیـاتر خزمەتیـان هەیە لە ٥٠%ی كـۆی دوا مووچەیـان كە ئێستا باسم كرد تێپەڕێـت، بـۆیە بەمشـێوەیە لەگەڵ ئەو پـرۆژەیەداین، بەڵام ئەگەر بەمشـێوەیە نەبێـت ئێمە لەگەڵی نین، پشتگیری ناكەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

د. شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لە دوو دەقیقەكەی خۆمدا بەكورتی مەوزووعی خانەنشینی باس دەكەم، چـونكە زەرووری تێگەیشتنمان بۆ مەوزووعی خانەنشینی ڕوون بكەینەوە، كە بریتیە لە ئیستیقتاعاتی مانگانە، كە دەبڕدرێـت لە مـووچە خـۆر، دواتـر وەكـو دەینێـك كە شـروتی خانەنشـینی تێـدا هـاتەدی پێـی دەدرێـــتەوە، واتە ئەوەی كە (٤٠) ســاڵە مــۆزەفی كــردووە دوای ئەوە خانەنشــین دەكرێــت، لەبەرئەوەی كە تەمەنی هەیە، خزمەتی پێویستی هەیە، ئەو ئیستقتاعی مانگانەی لـێ بـڕاوە لەو (٤٠) سـاڵەی خـزمەتەی، ئەگەر بێـت و ئـێمە خەرقـی ئەوە بكەیـن، كەسـێك بێنـین بە (٤) سـاڵ خانەنشـینی بكەیـن، بە هەر عـوزرێكەوە لە هەر مەرتەبە و مەكانێـك بێـت، وەكـو ئەوە وایە لە پارەی ئەومان وەرگـرت بێـت، بۆمـان بـڕی بێـت و دابێتمـان بەو كەسـە، سیسـتەمی خانەنشـینی نیزامێكی موەحەددە بەڕێـزان، ئـێمە وەكـو فراكسـیۆنی یەكگرتـوو دەمـانەوێ بە هەمووممـانەوە بیپارێزین، بە هەموو فراكسیۆنەكانەوە بیپارێزین، لە بڕگەیەك لە ماددەی حەوتدا بـڕگەی یەكەم، مەوزووعـی خانەنشـینی عیراقـی مـوەحەد، ئـێمە جەخـت دەكەیـنەوە لەسـەرئەوەی كە یەك سیسـتەمی خانەنشـینی لەنێـوان مـۆزەفێكی ئاسـایی و پـلە تایبەتێكـدا هەبێـت، یەعنـی ئەو پێوەرانەی مۆزەفێكی ئاسایی خوارەوە پێی خانەنشین دەبێت، بە هەمان پێوەر پلە تایبەتەكان و پەرلەمانتـار و وەزیـر و بەرەو ژوور خانەنشـین بكـرێن، لە بـڕگەیەك لە مـاددەی حەوتـدا بـڕگەی یەكەم، پێمـان باشـە لە پـلە تایبەتەكانـدا بەڕێـزان دادوەران و داواكـارانی گشتیشـی تێـدا بێـت، چـونكە سـەرۆكی هەرێمـی تێـدا بێـت و سـەرۆكی حكـومەتی تێـدا بێـت، سـەرۆكی پەرلەمـانی تێـدابێت، وەزیـرو پەرلەمانتـاری تێـدا بێـت، تەبعەن لەگەڵ ڕێزمـدا بـۆ بەڕێزیـان كە دادوەران و داواكارنی گشتی، بێگومان تەقدیری جهودیان دەكرێت، بەڵام وەكـو هەمـوو پـلە تایبەتەكـانی تـر بێنە ناو فەقەرەی (أ)، لە چواردا لە بڕگەی چوارەمدا كە باس لە ئیزافەی (٣) ساڵ دەكـات، دیـارە (٣) سـاڵ بـۆ ئەوانەیە كە دەگەنە سـنی تەقـاعودی كە (٦٣) سـاڵە بە ئیجبـاری، ئەگەر (١٢) سـاڵ

خزمەتی هەبوو ئەوە (٣) ساڵی بۆ ئیزافە بکرێت، ئێمە لەگەڵ ئەو بـڕگەیەدا نـین، ئەمـانەوێ ئەو دوو دێرە لابرێت، لەو شوێنەی کە دەڵێـت ئەوانەش کە خزمەتـی خانەنشـینیان نەگەیشـتووەتە (١٥) سـاڵ، هەتـاوەکو ئـاخیر، کە دەڵێـت بـڕی خانەنشـینی ئەو مـاوەیە بـدات، ئەوەش لابرێـت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە تەقاعودی لە دونیادا هەم سیسـتەمە، هەم مەبـادیئە، هەم کۆمەڵێـك پێـوەری دیـاریکراوە، یەکێـك لە دیـارترین پێوەرەکـانی تەقـاعودی لە دونیـادا جیـاوازیە لەنێـوان پێـوەری مـووچەش تەبعەن نەك تەقاعودی، کەمترین مووچە و زۆرتـرین مـووچە، بەداخەوە ئەوەی کە لە ڕابـردوودا گـوزەراوە بـۆ نمـوونە ئەگەر شـەهیدان وەرگـرین زۆرتـرین (٦) ملیـۆن و کەمتـرین (٢٥٠) هەزار فروقاتەکە (٢٤) هێندەیە، بەدڵنیاییەوە بۆ بەرزترین تەقاعودی پلە بـاڵا و نزمترینـی نـزیکەی (٤٠) هێندەیە، ئێستا بە خۆشحاڵییەوە ئێمە دەور دەبینین، بۆئەوەی ئەو فروقـاتە تـا ئەتـوانین کەمـی بکەینەوە، واتە ئەوەی کە لە ماددەی ئایندا زیادی بکەیـن ئەوەی (٢٠٠)، ئەوەشـی زۆرە، ئەوەشـی مەشـمولە تەبـعەن نەك مەشـمول نـیە، تەمەن و سـاڵێ خـزمەت تـا ڕادەیەکـی بەرچـاو کەمـی بکەیـنەوە، بەڕێـز مامۆسـتا عبدالسـتار کۆمەڵێـك پێـوەری باشـی بـاس کـرد، سـەرباری تەئیـدی بۆچوونەکانی، ئەگەر ئێمە عامتری بکەین، ئەوە مامۆستا وتی بۆ پلە باڵاکان بێت، بۆ کۆی پلە باڵا و تایبەتەکـان قـانونی دیسـان تەئکیـد دەکەمەوە ئەو خـاڵەی زۆر گرینـگ بـوو، قـانونی خـدمەی مەدەنی بەسەر هەموویدا جێبەجێ بکەین بە دادوەرەکانیشەوە، قانونی خدمەی مەدەنی فکرەی ئەوە، ئەوە دوو، سـێ فکـرەیە هەمـوو بگـرێتەوە، ئەگەر لە ئاینـدە جەنابتـان ئامـادەی قـانونی مەدەنی خدمەی عام، ئەوەی مۆزەفێك و قانونی تەقاعودیە عەفو، ئەوی بۆ خدمەی عـام ئەوەی خزمەتی گشتی کردووە بۆ مۆزەفێك و مامۆستایەکی زانکـۆ و مـودیر عامێـك و فەرمانبەرێـك و خزمەتگوزارێك، فکرەکەی من ئەوەیە ئێوە خۆتان وتتان کەوا بکەین قـانونێکی مەشـمول بێنـین هەمـووی بگـرێتەوە، ئەگەر هەمـووی بگرێـتەوە ئەو ئۆتۆمـاتیکی بکەوێـتەوە زمنـی ئەوەوە، ئیزافەتـان بـۆ خاڵەکـانی بەڕێـز مامۆسـتا عبدالسـتار ڕەنـگە زۆر کەس پێیـان وابـوو بێـت نابێـت تەقاعودی بـێ لە چ تەمەنێکـدا، چ لەو خـولە، چ لە خـولی پێشـوو، بـۆیە پێمـان باشـە فـۆرمێکی تایبەت پڕ دەکرێتەوە بۆ هەمـوو ئەو بەڕێـزانەی دەیانەوێـت بگەڕێـنەوە سـەر کـاری پێشـوویان، یاخود دەیانەوێ خانەنشین نەبن، فۆرمەکەش لەگەڵ دەرچوواندنی ئەم یاسایە، خـاڵێکی تـریش کە لای من گرینگ و چارەنووس سازە، ئەگەر لە خـوولی سـێیەمدا ئەو بکـرایە ئێسـتا موناقەشـە نەدەبـوو، لە خـوولی چـوارەم بکـرایە ئەو موناقەشـەیە نەدەبـوو، لە خـوولی ئاینـدە، لە خـولی

شەشـەمی پەرلەمانـدا تەقـاعودی بـۆ ئەوانەیە کە مەرجـی تەمەن، سـاڵی خـزمەت، هەمـوو ئەو پێوەرانەی تێدایە باسمان کرد بۆئەوەی لە ئێستاکەوە ئەوەی خـۆی هەڵـدەبژێرێت ئاگـادار بێـت، ئێمە بۆ ئەوەمانە خۆمان تەقاعود بین خەڵکی تر تەقاعود نەبێـت، بەدڵنیـاییەوە ئـێمە مانـان ئەو سیسـتەمەش باوەڕمـان وایە بەسـەر خۆمـانی ئێستاشـدا جێبەجێـی بکەیـن، بـۆیە دڵنیاتـان دەکەمەوە فەلسـەفەکە ئەوەیە کەمترینـی بکەیـنە زۆر، زۆرەکە بەرەو ئەوە بـڕۆین مەشـمولی بکەیـن بە قـانونی خـدمەی مەدەنـی عیـراق، سـەرباری بۆچـوونە باشـەکانی بەڕێـز مامۆسـتا عبدالستار، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی حەوت بڕگەی دووەم، ئێمە پێش هەموو شتێك بڕگەی دووەم بە تەواوەتـی ڕەت دەکەیـنەوە، کە سـەرەڕای جوهـد و مانـدی بـوونی لیـژنەی دارایـی ئەو پـڕۆژەیەی کە لە حکومەت هاتووە، هەموو حیساباتەك و دیراساتەکی تێدا کرایە، بەڵام بە تەواوەتی بڕگەی دووەم ڕەت دەکەیـنەوە بـۆ ڕەتکـردنەوەی بـڕگەی دووەم، بە تەواوی پشـتیوانی لە بۆچـوونی هەردوو بەڕێزان مامۆستا عبدالستار و کاك علی حەمە صالح دەکەم، کە دەکرێت لە بۆ بەرجەستە کردنـی دادپەروەری لە بـڕگەی دووەمـدا ئەو پێـوەرانەی بەڕێزیـان باسـیان کـرد ببـنە ئەسـاس و بنەمـا، ئەوکات ئێمە دەتوانین قسە بکەین لەوەی کە ئێسات پلە باڵاکان بە ٨٠%ی مووچەیان خانەنشین دەبـن بە یاسـاکانی بەرکـار لە هەرێمـی کوردسـتان، بەڵام لەوکاتیـدا لە ١٥% خانەنشـین دەبـن ئەوانەی کە مەرجەکانیشـیان تێـدایە لە ١٥%، ئیتـر لە بـۆ بەرجەسـتە کردنـی عەدالەت ئەوکـاتی ساڵانی خزمەت هەروەها بڕوانامە ڕەچـاو دەکـرێتن تەئکیـد لەسـەر ئەو بۆچـوونەی دوێنێشـمان دەکەینەوە، کە ئێستا ئێمە بەڕێزان پەرلەمانی کوردسـتان، ئەو پەرلەمـانە بەڕێـزەو ئەنـدامەکانی گفتوگۆ لەسەر پرۆژەیەك دەکەن پرۆژەیەکی حەیاتی ئەو وڵاتەیە، ڕەبت نـیە بەو (١١١) بەڕێـزەی کە ئێستا لەم هۆڵە دانیشتینە، بۆ دوورکەتنەوەمان لەوەی کە بەلا ڕێـدا بردنـی شـەقامیش بێتـە ئـارا باشـترین ڕێگـا ئەوەیە کە ئەو قـانونە شـمولی نـزیکەی یەك ملیـۆن مووچەخـۆری ئەو وڵاتە دەکـاتن بـۆ بەرجەسـتە کردنـی دادپەروەریـش تێیـدا بـا پەرلەمانتـار نەبێـت بە بەشـێك هەم لە شکاندنەکەی، هەمیش ئەو هێرشەی لەسـەری، بەخۆشـی نەبێـتە بەشـێك دەسـت لە بـۆ مـووچە خەڵکـی تـر ببـات ئەو ئـازایەتیەی تێـدا هەیە، ئـێمە دیسـان تەئکیـد لەسـەر بۆچـوونی فۆرمێـك دەکەینەوە، لەچوارچێوەی ئەو یاسایەدا ببێتە یاسا هەر ئەندامێکی پەرلەمان نایەوێ خانەنشـین بێتن ئەو فۆرمە پڕ بکاتەوە، پشتیوانی لە بۆچوونی هەردوو بەڕێزان کاك عبدالسـتار و کـاك علـی حەمە صـالح دەکەیـن بـابەتێکی دیـکەش ئەگەر جێگـای ئەو مـاددەیەش نـیە، بەڵام ئەمـن زیـاتر

داوای ڕوون کردنەوە لە بەڕێزان لە حکومەت، بەتایبەت لە بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم، خەڵکی کوردستان و ڕای گشتی ئێستا ڕاهێندراون لەسەر ئەوەی کە مووچەی پلە باڵاکن موقارنە دەکرێتن بە مووچەیەکی پلە نزم ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێمە دوو خولە لەم پەرلەمانە بەڕێزە دوو ڕۆژیشە هەر لەو پەرلەمانە بەڕێزە ئەو پرسیارە دەکەین، لە تواناتان دا هەیە مووچەی پلە نزمەکان بەرز بکەنەوە، تا مومکین بێتن بتواندرێتن کەمترین مووچەی هەر خانەنشینێك لە کوردستان (٦٠٠) هەزار بێتن، بەڵام دەبێت زامنی ئەوە بکەین لەو یاسەیە ئەو پارەیەی کە دەگەڕێتەوە گەڕاندنەوەی ئەو پارەیە ئەفزەلیەت بدرێتە مووچە ئەوانەی کە خانەنشینن بە پلەی نزم و مووچەکانیان نزمە، دووبارە زۆر سوپاس و پشتیوانی لە بۆچوونی هەردوو بەڕێزان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرمووو.

**بەڕێز جمال حوێز مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مووچەی خانەنشینی پەرلەمانتاران بووەتە بابەتی پرۆژەی هەموو کەنال و ڕای گشتی خەڵك، دیارە پێشتر وەکو هەموومان دەزانین بەبێ فەرق و جیاوازی هەر هەموویان بە ٨٠%ی کۆی دوا مووچەکانیان خانەنشین دەکران من دەست خۆشی لە لیژنەی دارایی دەکەم ڕاستی زۆر هیلاك بوون، ماندی بوونی زۆریان چەشت، هەتا گەیشتنە سیغەیەك، بەڵام بۆئەوەی عەدالەت لە کۆی ماددەکان و پرۆژە یاساکە بەرجەستە بکرێت من پێم باشە تەئیدی ڕەئیەکانی برای بەڕێزم مامۆستا عبدالستار و کاك علی و کاك ئومێد دەکەم، ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە خولی پەرلەمانی تەواو دەکەن وەکو لێرەش ئاماژەی پێدرایە ئەوانە سەرپشکن ئەوانەی دەگەڕێنەوە سەر پۆستەکانی پێشویان یان خانەنشین دەکرێن، بەڵام بۆ ئەوانەی کە لە ئێستاوە باسی ئەوە دەکەن دەڵێن ئێمە لەگەڵ خانەنشین کردن نین، پێم باشە فۆرمەکیان پێ پڕ بکرێتەوە، بۆئەوەی لەدوایی کە کۆتایی بە خولەکە دێتە ئەو ڕەئیەیان بەسەردا جێبەجێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هیمداد فەرمووو.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەو ماددەیە ماددەی حەوت خۆی لە خۆیدا ماددەیەکی گرینگە شەقام هەموو چاوەڕوانی ئەوەیە کە بە حەقیقەت خانەنشین چۆن ڕێك دەخرێت دادپەروەری چۆن دەچەسپێت ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین یەعنی ببینە تەرەفێك یەعنی زۆری کەم بکەین کەمی زۆر

بکەین، بەڵام دەبێت چاکسازیەکیش بکرێتن، چونکە بە حەقیقەت تەوازنێك هەیە ئەمڕۆکە لە مووچە و پلە بەرزان و لە ئەوەی ئاساییدا ئێمە دەمانەوێ ئەوە بڵێین هەیە (٢٠، ٢٥) ساڵ خدمەی هەیە، چ لە سلکی ئاسایش و پۆلیس، بەداخەوە (٢٥٠) هەزار یان کەمێك زیاتر خانەنشین دەبێتن، بۆیە لەبەرئەوە ئێمە پاڵپشتی کاك ئومێد و کاك علی حەمە صالح دەکەین، بەڵام لەگەڵ ئەو تێبینانە لەگەڵ ڕێز و سڵاو، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

د. محی الدین فەرموو.

**بەڕێز د. محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ تێبینیم هەیە لە سەر ماددەی حەوت، کارێکی باشە حکومەتی هەرێم هەڵبستێت بە یەکخستنەوەی خانەنشینی ئەوانەی کە لە بڕگەی یەکەم ناویان هاتووە، یەکێك لە ئامانجەکانی ئەو پرۆژە یاسایە بریتیە لە بەرجەستە کردنی یەکسانی و دادپەروەری و شایستە بوون، بەڵام کت و مت ئەو بڕگەیە پێچەوانەی یەکسانی دادپەروەریە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت دادپەروەری و یەکسانی دروست بکەین پێم وایە دەبێت هەر سێ دەسەڵاتەکەی هەرێم دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێ کردن، دەسەڵاتی دادوەری بە هەموو پلە باڵاکانیانەوە لەناو ئەو پرۆژە یاسایە ناکرێت دەسەڵاتەکیان بکرێت سەرۆکی هەرێمیان تێدا بێت، سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرەکان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، پەرلەمانتارانی تێدا بێت، بەڵام دەسەڵاتی دادوەری لە دەرەوەی ئەو پرۆژە یاسایەیە بێ پێم باشە بخرێتە ناو ئەو ئەوەیە، خاڵێکی تر ئەوەیە کە هەندێك لە پلە باڵاکان بەتایبەتی بەڕێوەبەری گشتی و شارەزایان و ڕاوێژکاران ئەوانەی کە بە بڕوانامەی خۆیان و بە خزمەتی ساڵانەیان گەیشتوونەتە ئەو پۆستە، حەق وانیە بخرێنە ناو ئەوەی کە یەکێك دەبێتە ئەندام پەرلەمان بۆ ماوەی (٤) ساڵ یان زیاتر ئەوەی تری پەیوەندی بە بڕگەی خانەنشینی پلە باڵاکانەوە هەیە، من لەگەڵ کەمکردنەوەی ئەو ڕێژەیەم کە لەناو ئەو بڕگەیە دا هاتووە، بۆئەوەی ئاستی جیاوازی هیچ چینایەتی، جیاوازی لەنێوان پلە باڵاکان و ئەوانەی مووچە نزمەکان بکاتەوە پشتگیری ڕەئیەکانی د. شێرکۆ و مامۆستا عبدالستار و کاك علی دەکەم لەسەرئەوەی کە ڕێژەیەك دابندرێت بەتایبەتی لەگەڵ ئەوەم کە یاسای خانەنشینی عیراقی ژمارە (٩)ی ساڵێ ٢٠١٤ی هەموار کراو لە ٢٠٠٩ جێبەجێ بکرێت، سەبارەت بە بڕگەی چوارەم خستنە سەر (٣) ساڵە بۆ پلە باڵاکان بۆئەوەی بگەنە تەمەنی خانەنشینی پێم وایە ئەوە پێچەوانەی یەکسانی و دادپەروەریە ئەگەر ئەو (٣) ساڵە دەدرێت، پێم وایە دەبێت بۆ هەموو موچەخۆرانە و فەرمانبەرانبەرانە بێ، کە پێویستیان بەو (٣) ساڵەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕیواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

د. هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حەمە شریف گێچێنەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا وەك پێغەمبەری خوا (ص) فەرموویەتی (خیر کلام ماقل ودل) باشترین قسە ئەوەیە کە کورت بێت و پڕ مانا بێت، ئێمە ئەوەی کە لوتبی ئەو بابەتە بێ، ئەوەیە کە تاکو ئێستا لە بابەتی خانەنشینی بەڕاستی ناعەدالەتی هەیە جیاوازییەکی زۆر زۆر بەرچاو هەیە بەجۆرێك کە هەموو کەس هەستی پێکردووە لەنێوان زۆرترین خانەنشینی و کەمترین ڕێژەی خانەنشینی، بۆیە لە ڕاستیدا ئەم یاسایەش ئەو پڕۆژە یاسایە، بۆیە هاتووە بۆ ئەوەی کە دادگەری دادپەروەری بچەسپێنێت دادگەریش بەوە دەچەسپێندرێت کە پێویست دەکات ئەو ڕێژە بەرزە بێتە خوارەوە زۆر خوار ئەم ڕێژە نزمەش بێتە سەرەوە، بۆئەوەی کە ئەو جیاوازییەی نەمێنێت ئیتر، بۆیە ئێمە بەڕاستی من وەکو خۆم و فراکسیۆنەکەشمان تەئیدی ئەوە دەکەین کە خانەنشینی پلە باڵاکان بەڕێژەیەکی زۆر زۆر بێتە خوارەوە بەجۆرێك هێندە نابێت کە خەلکێك یەعنی ئەگەر سەیری بکات هەست بکاتن جیاوازییەکی زۆر نییە وەکو لەمەو پێش، لەڕاستیدا ئەمەش هەتاوەکو ئەو پارەیەی کە من دوێنێش دووپاتم کردەوە کە دەبڕدرێت لە پلە باڵاکان و لە خانەنشینە نەیاسایی دەرئەنجام ئەو یاسایە دەکەوێتەوە ئەوانەی کە خانەنشینیان نزمن نەگاتە ئاستێك لە (٤٠٠) هەزار کەمتر نەبێت، هەروەها مووچەخۆران ئەوانەی کە مووچەکانیان بڕدراوە بەناوی پاشەکەوتی مووچەوە پێیان نەدرێتەوە، دادگەری ناچەسپێت، بۆیە ئێمە تەئیدی ئەم مەدلول و ئەم کاکلە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

مەبەستی مامۆستا د. هەورامان ئەوەیە کە خانەنشینەکانیان نزمە، فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستییەکەی ئەم بەشی حەوتەمە وابزانم وای لێهات بەداخەوە وا کەوتەوە هەموو قیمەت و قورسایی پڕۆژە یاساکە لەمە چڕ کرایەوە کورت کرایەوە خۆزگە بەو شێوەیە نەبووایە، چونکە ئەم یاسایە ئەگەر بەڕاستی بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە یاسایەکی زۆر زۆر باشە، ئەوەیە کە ئەو حزبانەی حکومەتیان تەشکیل کردووە بۆ چوونەتە حکومەتەوە هەمووەمان هەدەفمان بووە، ویستوومانە هەنگاوێك بنێین بۆ چاکسازی بەداخەوە جارێکی تر دەیڵێم، ئەوەی کە هەیە تایبەت بە خانەنشینی پلە باڵاکان بەڵێ بە دڵنیاییەوە ئەوەی کە هەبووە لە ماوەی ڕابردوودا نادادپەروەر بوو جیاوازیەکی زۆر هەبووە لەنێوان مووچەی پلە باڵا بەهۆیەوە ئەوانەی کە مووچەکیان مووچەیەکی ئاساییە بۆیە بە دڵنیاییەوە، کە دیقەتی ئەو قاعەیەمان دا زۆربەی زۆری ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان دەستیان بەرز کردووەتەوە بۆئەوەی قسەی لەسەر بکە لە فراکسیۆنە جیاوازەکان چ ئەوانەی کە لە ئۆپۆزسیۆنن، چ ئەوانەی کە لە دەسەڵاتن، ئەوەی کە

دەستی بەرز کردووەتەوە، بەدڵنیاییەوە داوای ئەوە دەکات کەم بکرێتەوە، چونکە دڵنیام هیچیان ناڵێن بەرزتر بکرێتەوە یان وەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆیە گرینگە هەمووومان لەسەر سیغەیەك رێك بکەوین ئەو شتەی کە زەمیری خۆمان شەقامیش ڕأزی دەکات لەنیەتی یاساکەش کەم ناکاتەوە و تەتبیقــی بکەیــن، ئەوە بەشــێوەیەکی گشــتی ئەوەی تــریش کە هەیە، پێویســتە دادوەرە بەڕێزەکانیش بگرێتەوە، چونکە بەڕاستی ئەوانیش مووچەیەکی گەورەیە، دەبێت کەم بکرێـتەوە، بۆ نموونە حاکمێکی کە لەسەدا سەد بە مووچەکەی خانەنشین دەبێت، لەکاتێکدا ئەوە ناعەدالەتیەکی زۆری تێدایە، بۆخۆی ئەگەر موچەکەی دوو ملیۆن و ٢٥٠ هەزار بێ، بەهۆی موخەسەساتەوە چووەتە ٦ ملیۆن و نیو، بەو ٦ ملیۆنەوەش خانەنشین دەبێـت، بـۆیە زەرورە کە ئەو قـانونە دەربچێـت، سـەرۆکی حکـومەت، سـەرۆکی هەرێـم، ئەنـدامە بەڕێزەکـانی پەرلەمـان دەگرێـتەوە، حاکمە بەڕێزەکانیش بگرێـتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بهجت فەرمووو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەزیش پێشنیارێت دکەم، ماددەی دوو ئەو ڕێـژە هـاتنە دیـاریکرن بەشـێوەیەکی گشـتی کە کـاك ئومێد وتی نەمێنێت، لێ بەدیل کو ئەڤ تەوازنە بێتە ڕاگرتن، ئەو پێشنیارە مامۆستا عبدالستاری و کاك علی حەمە صالح و کاك ئومێدی کری، تەواویە ئەز پشتیوانی دکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حکومەتی هەرێم لەچوارچێوەی ئەو یاسایەی چاکسازی ماددەیەکی دانـاوە بـۆ خانەنشـینی پـلە باڵاکان یاساکە لە (٢١) ماددە پێك دێت ئەوەی کە لە میدیاکان و لە زۆر جێگـا باسـکرا، باسـی ئەو ماددەیە کـرا، هەرچەنـدە لەنـاو پێشـنیاری یاسـاکە بـۆ رێکخسـتنی کاروبـاری کـارگێڕی و دارایـی حکـومەتی هەرێـم لە چوارچێـوەی ئەو پیشـنیازی یاسـای چاکسـازی مـادەیەکی دانـاوە بـۆ خانەنشینی پلە باڵاکان یاساکە لە (٢١) مادە پێك دێتن ئەوەی کەلە میدیاکان و زۆر جـێ باسـکرا، باسی ئەو ماددەیە کرا، هەرچەندە لەناو پێشنیازی یاسـاکە بـۆ رێکخسـتنی کاروبـاری کـارگێری و دارایی حکومەتی هەرێم زۆر ماددەو بڕگەی باشی تێدایە کە خـزمەت بە هـاووڵاتی و فەرمـانبەر دەکات، ئەو ماددەیەش کە باسی خانەنشینی پلە باڵاکان دەکات، ئەگەر تەماشـای پلەکـان بکەیـن دەبینـین هەمووی‌ـان ووڵات بەرێـوەدەبەن، سیاسـی دادەرێـژن، نـوێنەرایەتی خەڵـك دەکەن لە هەمـوو ئەنـزیمەی عـالەمی دەولـی شـتێکی زۆر زۆر ئاسـاییە، ئەوانەی کە لە پـلە بـاڵان دەوڵەت بەڕێوە دەبەن، نوێنەرایەتی سیاسەت دادەرێژن، خەڵك دەکەن، ئەوانـیش پێوەرێـك هەبێـت، بـۆ

ئەوەی مووچەی خانەنشینیان هەبیت وە هیچ شێوازێك نابیت لە قسەکردن و موناقەشات، لە هیچ سیستەمی وڵاتێك کە موقارەنەی ڕێژە دەکرێت بە گوێرەی سولەمی وەزیفی دەکرێت، بۆ نموونە فەرمانبەرانی لایەنێك لەگەڵ فەرمانبەرانی لەیەکی دی، بەڵام فەرمانبەرو پلە باڵا بە هیچ شێوازێك لە شێوازی موچەدان و شایستە دارایی موقارەنە ناکرێت، سەرەرای ئەوەش حکومەتی هەرێم معیارێکی داناوە، بۆ ئەوەی پلە باڵاکان بۆ نموونە سەرۆك حکومەتە وەزیرە پەرلەمانتارە چۆن خانەنشین دەکرێن معیارەکە زۆر زۆر باشە پێوەرەکە زۆر باشە پاڵپشتی دەکەین، بەڵام لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان پاڵپشتی بەرێز ماموستا عبدالستار دەکەین کە ڕێژەکە بکرێتە ٥٠% و پاڵپشتی ئەو بەرێزانەش دەکەین کاك علی و کاك ئومید، نا ٥٠% بەرز نەبێت، سەقفەکە ٥٠% بەرز نەبێت، بەو معیارەی کە داندراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز د. اسماعیل علی طە:**

**بسم الله الرحمن الرحیم**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمان.**

تێبینیێت من اولا ل سەر مادێ (٧،١) ئەم دگەل هندێینە دادوەرو دادوەری گشتی ژی ل گەل بن گەل رێزو حورمەتەکا مەزن بۆ دادوەرا هەیە، ئەم دزانین هنگیت وەزیفەیێ دابن دبیتە راتبێ وانە گەلەکی بەرز بێت دبی وانە وەزیفەیێ وانە هەستیارە بس وەکو تەقاعد بوون تبیعیە پشتی تقاعدبونی وەك ئەڤی دی لێبێن پلە بەرزا نەك وە ئەمە دڤێتن ئەم ئێ تشتەکێ نەیێ جوان دەرحەقێ دادوەرادا بێژین دوو یا دوویێ ئەز دگەل نینم لەگەل ئەڤ رێژەیە ئەزی دگەل هەندێمە دیڤ سیستەمێ عێراقێ چ فەرق و جودایێ ناڤبەرا یا موزەفێ فەرمانبەرێ پلە بەرزو پلە نزم دانەمینێت سەرڤی ئەساسی موچەیێ بنەرەت لێك دان دونیڤ لێکدان هەیڤێت خزمەت کردنێ دابەش کرن سەر دوازدێ کۆی نەتیجە دابەش کرن سەر سەدێ ئەڤە قاعیدێ عامێ عێراقێ یە وی وەختی بۆچی ئەم دبێژین ڤێ دا حەفتا بێت دگەل عێراقێ فەرق و جودایی نەبێت نافبەرا وەزیری وە رەئیس وزرائیدا وە یێ پلە ٧ ژی ئەوەلی تعین بیت هەمی وەکی ئێك بن وی وەختی شارع ژی جادەژی کەس نابێژیتن ئە پلە بەرزە ئەڤە پلە نزمە هەمی هندێ وەك یەك دی وەرگرن ازی دگەل ڤێ بۆچونێمە وە یا ئەخیر زێدەکردنێ ٣ ساڵان ئەز دگەل نیمە وە پشتەڤانیا بۆچونا د. شێرکۆ دکەم .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك باڵانبو فەرموو.

**بەڕێز بالانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە مادەی یەکی برگەی یەکی ئەم یاسایە باس لە یەکسانی و دادپەروەری و شایستە بوون دەکات، بەڵام من پێم وایە ئەم یاسایە هیچ کام لەو بەهایانەی نییە، لەبەرئەوەی ئەگەر کاتێك

دێت پاككردنەوە ئەكرێت بۆ خزمەتی سالأنەی كەسێك كە بەپێی شایستەی خزمەتی خۆی گەیشتۆتە پلەیەك ئەمە بۆ ناوی نراوە پلەی باڵا، پلە باڵا ئەو كەسانەیە منم پەرلەمانتارم پلەی باڵام كە دەنگی خەڵكم بەدەست هێناوە، وەزیرە پلەی باڵایە لەپەر لەمانەوە دەنگی بەدەست هێناوە بۆ ئەبێ ئەمانە تێكەڵی ئەو كەسانە بكرێن كە خۆیان بە پێی خزمەتی خۆیان بە وپێی شایستەبونی خۆیان پلەكانیان بەدەست هێناوە دیارە هەمووممان لەگەڵ ئەوەیاین بە بەرژەوەندی گشتی كە مووچە وای لێبكرێت كە فەرقێكی زۆر نەبێت لەگەل نزمترین مووچە وە بەرزترین مووچە، بەڵام پێویستە حكومەتیش پا بەند بێت بەوەی كە ئەم پاشەكەوتە ئەكرێ لەمووچە ببێت بەداهات بۆ حكومەت لە ئایندەدا حكومەت بە شەفافی پیشانی بدات و بلێت من لەم چاكسازیە چیم بۆ گەراوەتەوە وە ئەبێ مولزەم بێت لە چ بەشێكا لە چ سێكتەرێكدا بە كاری ئەهێنێت، باسی ئەم مادەیە جەنابی سەرۆك تەبعەن ئەگەر ئێمە سەیركەین لە موازنە لە پەرلەمان تەنها دەسەڵاتی گواستنەوەی هەیە نەك دەسەڵاتی كەمكرنەوە، لێرە دەسەڵاتی كەم كردنەوە دراوە بە پەرلەمان، بۆ ئەوەی كە پاشەكەوت لە موچەی خەڵك بكات، بەڵام دەسەڵاتی گواستنەوەی پێنەدراوە، من بۆیە دەلێم داوا ئەكەم گواستنەوە لەمە ئەو گواستنەوەش دەسەڵات بە پەرلەمان بدرێت ئەم داهاتەی كە بۆ پەرلەمان ئەگەرێتەوە بنێردرێتە صندوقی خانەنشینی یان بنێردرێتە صندوقێكەوە خەڵك بزانێت چی لێدێت سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر عثمان فەرموو.

**بەڕێز د. عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەرێز سەرۆكی پەرلەمان من عوسمان علی سەرەتا خۆم بەخۆشحاڵ دەزانم كە حكومەتی هەرێمی كوردستان ئیرادەیەكی بەهێزی هەیە بۆ چاكسازی چاكسازیەك نەك هەر بۆ چاو بەستەكی سوپاس بۆ خوا چاكسازیەكە ریشەییە ئومێدمان وایە هەنگاوێكی زۆر بەهێز بیو چاكسازی تەواو لە دوای ئەم هەنگاوە بێت پاڵپشتی قسەكانی كاك عبدالستارو كاك علی و كاك ئومێد دەكەم ئی بەراستی زۆر حەزدەكەم لەوەی كەوا ئەو عینوانەی كەوا هەیە پلە باڵاكان نەمێنێت خەڵكی خەباتگێری دەرەوەی پەرلەمان بەراستی جاری وا هەیە لە پەرلەمانتارە بەرێزەكان لە هەندێكیان بەراستی ماندوترن خوێنیان رژاوە ئەوە نەمێنێو سوپاستان دەكەم بەوەی كەوا زەمانێكیش هەبێت بۆ دانانی ئەم پاشەكەوتە لە مووچەی پلە باڵاكان بۆ سەر خانەنشینی مامۆستایان و سەرجەم كارمەندان و فەرمانبەرانی ئەم حوكمەتە و ئەگەر بێتوو ئەوەندەشم لێ قبوڵ بكەن پاشان ئەم پەرلەمانە بەرێزە كە سەرچاوەی یاسادانانە، ئومێد دەكەم لێرەوە ئەم یاسایە جێ بەجێ بكرێت ئی لە خۆمان و لە كارمەندەكانی خۆمان ئەم یاسایە پەیرەو بكرێت ئەوەی كەوا پلە باڵایەو بە خزمەتی سالأنەیە ئەو خزمەتە شمولی

سەرجەم کارمەندانی پەرلەمانی کوردستان بکات کە بەداخەوە خەلکێکی زۆرمان هەیە لە ناو ئەم پەرلەمانە لە خزمەتە مەحرومەو و خەلکێکیشمان هەیە بەداخەوە بە ئیمزایەك پلەیەکی بەرزی پێدراوە لەوانەیە ئەو خزمەتەی وەك و پێویست نەبوبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك ئاشکرایە پێشتر لە کاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن هەرهەموومان بەڵێنی نوێنەرایەتی راستەقینەمان بە هاووڵاتیانی کوردستان داوە، کار بکەین بۆ باشتر کردن و بنیاتنانی بناغەی دادپەروەری لەسەرجەم سێکتەرەکاندا، بۆیە بەرای منیش ماددەی حەفتەم ئەو رێژانەی کە لە برگەی دوەم داندراوە پێویستە سەرلەنوێ دابرێژرێتەوە فەرق و جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوان هاووڵاتیانی تر لە سێکتەرەکانی تر نەمێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش تەئیدی رەئی بەرێزان کاك ئومێدو کاك علی و هەروەها کاك عبدالستار ئەکەم بەوەی کە رێژەی خانەنشینی پلە باڵایەکان لە (١٥) وە دەست پێبکات و لە پەنجاش تێپەر نەکات هەروەها لە برگەی چوارەمدا لە حوکمەکان پێمباشە کە (٣) ساڵی خزمەت هاوڵاتی نەتوانێت وەری بگرێت کە واتە لێرەدا بە رای من هەر هاوڵاتیەك کە کاتی خانەنشینی دێت (١٥) ساڵی خزمەتی خۆی تەواو کردبێت لەگەڵ (٤٥) ساڵی تەمەنی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧) کە تایبەتە بە خانەنشینی پلە باڵاکان ئاماژەی پێکردووە لەگەڵ ئاماژەی بەهێزەکانی سەربازی و ئاسایشیش کردووە، لێرەدا من پێمـوایە شتێکی زیادەیە هێزەکانی سەربازی و ئاسایشی تێدابێت بۆ، لەبەر ئەوەی ئەوانە بە پێی خزمەتی خۆیان بە پێی پلەی خۆیان پلەکانیان بریوە قوناغ بەقۆناغ بە خزمەتی خۆیان بە چ رێگەیەك ئێمە پێوەرێکیان بۆ دانێین کە قانونی تایبەتی خانە نشینیان هەیە، ئەوەی یەکەم خاڵی یەکەم، ئی دووەم دەربارەی پلە باڵاکان ئەو تەفاوت و تەبەقەی کە دروست بووە جێگای سەرنجی هەمولایەکە، من دەست خۆشی لەهەموولایەکیان دەکەم، ئەوانەی کە دەیانەوێت ئەو جیاوازییە چینایەتیە نەمێنێت ئەوەی کە پلە باڵاکان کەم بکرێتەوە، بەڵام لەگەڵ نەهێشتنیم بۆ، لەبەر ئەوەی خولی یەکەم پلە تایبەت کە لەدوای راپەرین هاتووە کۆمەڵێك تێکۆشەر بوون چل پەنجا ساڵ خزمەتی فعلیان هەیە تەمەنیان چۆتە سەرێ ئایا کە تۆبی لە کوێی دادەنێی ئەوە جێگای وایە لەسەر دەستی ئەوانیش

شۆرش دروست بووه لەسەر دەستی ئەوانیش پەرلەمان دروست بووه حکومەتیشی تێدا لە دایك بووه بۆیە ئەوە کارێکە پلە باڵاش بە شێوەیەکی گشتیش نابێ شەرم بکەین لە پلە باڵا پلە باڵا بۆ شمولی لە فیئەیەکن لە کۆمەڵگادا بۆ شمول نەکەن بە خانەنشینی بەپێی خۆی بەپێی خزمەتی ساڵانەی خۆی بروانامەی، بەڵام خانەنشینێك بێت کە جیاکاری تەبەقەی تێدا نەبێت بۆیە من پشتیوانی لەهەموو ئەو رەئیانە دەکەم کە رێژەی خانەنشین بوون دێنێتە خوارێ پلەباڵاکان هەموو ئەو پلانەی دەبێتە مایەی جیاکاری تەبەقی وە لەگەڵ ئەوەشدامە کە ئەو پارەیەی کە دێتەوە لە مادەکانی داهاتودا زەمانەتێك دروست کەین بۆ ئەوەی کە ئەوانەی مووچەیان کەمە خانەنشین بوون (٣٠) ساڵ خزمەتیان کردووە لە بوارە جیاجیاکاندا بخرێتە سەر ئەوان لەبرگەیەکدا جێگەی بکەینەوە، ئەگەر لەئێستاشدا نەتواندرێت ماددەیەکی دیاری کراوی بۆ دابنێین ئەمەلیان بدەینێ و سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر رێبوار فەرموو.

**بەڕێز د. رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، هەڵبەت بابەتی خانەنشینی هەم سیستەمەو، هەم مافێکە لە شێوەی مافە مەدەنیەکانی تاك، بەڵام کام سیستەم، کام سیستەمی خانەنشینی؟ هەڵبەت هەموو سیستەمێکی خانەنشینی تەندروست مەعقول و رەوا دوو رەگەزی سەرەکی تێدایە یەکیان دادپەروەریە ئەوی تریان ئەوەیە کە استسنائی تێدا نەبێت ئەگەر فلاش باکیك پێداچونەوەیەك بکەین بە سیستەمی خانەنشینی لەهەرێمی کوردستان لە راستیدا ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت کە زۆر ئازار بەخشن هەم نادادپەروەری تێدایە و هەم استسنائاتی تێدایە نادادپەروەری لەوە سەرچاوەی گرتووە کە خانەنشینی پلە باڵاکان یان وەزیرو پەرلەمانتار ئەگەر باسی خۆمان بکەین لە خولەکانی رابردوو وەك پەرلەمانتار بۆچی دەبێت بە (٦) ملیۆن خانەنشین بکرێت لەکاتێکدا کەمترین خانەنشین (٢٢٠) هەزار بێت، بەراستی ئازار بەخشە استسنائیش لەوە کراوە کە دادوەرە بەرێزەکان استسنا کراون بۆ بە سیستەمێکی رەواو مەنتیقی تیابێت ئەو دوو رەگەزەی تیا بێت، داوا ئەکەم برگە دووی ئەو مادەیە بەتەواوی لابرێ بە هیچ شێوەیەك قابیلی قبوڵ نەکرێت کە لە ٧٠% پلە باڵاکان بە ٧٠% خانەنشین بکرێن پێویستە ئەو رێژەیە کەم بکرێتەوە لە پاڵئەوەشدا پێویستە دادوەرەکانیش تیادا مەشمول بن وە ئەگەر باری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش باش بوو لە دوای پەسەند کردنی ئەم پرۆژە یاسایە داوا لە حکومەتی بەرێز ئەکەم خانەنشینە کەمەکان ئەوەی کە (٢٢٠) هەزارە بەرز بکرێتەوە بۆ رێژەیەکی مەعقول، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاشكرایە كە ئامانج لەم پرۆژەیە پرۆژە یاسای چاكسازی هێنانە كایەی دادپەروەریە كە لە دەقی مـادەی یەك لە بـڕگە یەكـی ئەم پرۆژەیاسـایەدا هـاتووە لە ئامانجەكانـدا هەیە بـۆیە دروسـت پشتیوانی لە رایەكەی بەڕێز كاك جمال و كاك ئومێدو علی حمە سالح و كاك عبدالستار دەكەم بە هەڵگرتنــی بــڕگەی دووەمــی ئەم مــادەیە وە جیــاكردنەوەی ئەم فروقــاتە زۆرەی كە لە نێــوان خانەنشینی پـلە باڵاكانی ئەم وڵاتەدا هەیە لەگەڵ مـووچە خـۆرانی دی كە لە نێـوان (٢٢٠) هەزار دینار و ئەو شەش ملیۆنەی برایانی ئاماژەیان پێیدا بەوەوە دەكرێت كە رێـژەی خانەنشـینی كەم بكەیـنەوە لە ٨٠% بینـین لە ١٥% كـۆی مـووچەو دەرماڵەكـان دەسـت پێبكـات، ئەم خـاڵە ئیـزافە بكرێت لە شوێنی ئەم بڕگەیەدا وە، خاڵێكی تر كە جێگای خۆیەتی ئاماژەی پێبكەین ئەو فۆرمەی كە برای بەڕێز كاك ئومێد باسی كرد، ئەو بەڕێزانەی كە مووچەی خانەنشـینی رەتـدەكەنەوە، مـن پێشــنیار دەكەم ئەمـڕۆ لەنـاو ئەم جەلسـەیەدا داوا لە سـەرۆكایەتی پەرلەمـانی بەڕێــز دەكەم فۆرمەكە بێننە ناو جەلسەی پەرلەمان، لێرەوە فۆرمەكـان دابنـدرێن، هەر بەڕێزێـك كە مـووچەی خانەنشینی رەتدەكاتەوە بۆ ئەوەی بۆ هەموو خەڵكی كوردستان روون ببێـتەوە لێـرەوە ئیعلانـی ئەوە بكەن، نەك ئەو كاتەی كە جەلسەكە تەواو دەبێت بەهەر بیانویەك باس لەوە بـكەن كە ئـێمە مـووچەی خانەنشـینیمان رەتكـردەوەو فراكسـیۆنێكی جیـاواز مـووچەی خانەنشـینی بـۆ پـلەی باڵاكان دەست نیشان كرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، سەبارەت بەو بابەتە بابەتی پڕكردنەوەی فـۆرم، بەڕێـزان ئەوەی كە لەنـاو ئەم پـرۆژەیە هاتووە وە تەصوریش ئەكەم لە ئاییندەدا ببێتە یاسـا، مەسـەلەی ئەوەی كە كەسـێك تەمەنـی (٤٠) ساڵ بێت و (١٥) ساڵ خزمەتـی هەبێـت، خانەنشـین بـوونێكی ئارەزوومەنـدانەیە، ئەوەی ببـورن (٤٥) ســاڵ تەمەنــی تەواو كردبــی و (١٥) ســاڵ خزمەتــی هەبێــت خانەنشــین بــوونێكی ئارەزومەندانەیە، بۆی هەیە خانەنشین ببێت و بـۆی هەیە خانەنشـین نەبێـت، بەڵام ئەوەی (٦٣) ساڵە بە ئیجباری خانەنشین ئەبێت وە ئەوەی كە لە نێـو ئەم مـاددەیە هەیە تەنهـا پەرلەمانتـاران ناگرێتەوە، بەڕێزان لە سەرۆكایەتی هەرێم جێگرەكانی لەگەڵ سەرۆكی حكومەت جێگرەكەی وە وەزیرە بەڕێزەكان، وەكیل وەزیرەكان چەندین فیئە ئەگرێتەوە، كە بە پلە باڵا ئەژمـار ئەكـرێن وە هەندێكیان پۆستی سیاسین وە هەندێكیان پۆستی تایبەتن بە هەنـدێك اختصاصـات و هەنـدێك پیشـە یـا بـابڵێین پۆسـتی پیشـە و میهەنـین زیـاتر بـۆیی وەپركـردنەوەی فـۆرمێكی لێـرە لە نـاو پەرلەمان لەراستیدا ئەرزشێكی قانونی ئەوتـۆی نابێـت، چـونكە لە حەقـانەی كە بە پركـردنەوەی فۆرمێك سقوت ناكا بەهیچ شێوەیەك سقوت ناكات وە هیچ كەسێك بە ئەم قـانونە ئیجبـار ناكـا، بـۆ ئەوەی كە دوای ئەوەی كە پەرلەمـانی تەواو كـرد كـاری پەرلەمـانی تەواو كـرد، یـا لەوەزیـری

تەواو بوو تەنها دەبێت خانەنشین ببێ و ئیجبارە ئەتوانێت بگەرێتەوە بۆ وەزیفەکەی خۆی، هیچ شتێك رێگر نییە سەبارت بەوەی کە یەکێك دەیەوێت دەستبەرداری ئەم حەقە ببێت، تەنیا بە ماددەیەکی قانوونی دابندرێت دەست بەرداری بێت، ئەگەر نا ئێمە ناتوانین هیچ جۆرە فۆرمێك لێرە دابەش بکەین وە دانانی ماددەی قانونیش بە تصوری خۆم بابڵێین جۆرێکە لە تاکید کردنەوە، وەیان جۆرێکە لە رەنگە جۆرێکیش بێت لە حەش و زیاد بێت، چونکە ئەوەی (٤٥) ساڵە دەتوانێت تەقاعد نەبێت هیچ شتێك رێگر نییە لێی، لەبەر ئەوە ئێمە ئەمڕۆ فۆرم پرناکەینەوە، بەڵام ئەگەر بوو بەمادەیەکی قانوونی ئەوکاتە ئێمە اجبار ئەبین پابەندی ماددە قانونییەکە ببین وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بەڵێ زۆر سوپاس بۆ جەنابت، فەرموو کاك موحسین.

**بەڕێز محسن حسين مصطفى:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بناڤێ خودایا مەزن، بەریز سەرۆکا پەرلەمانی دەربارەی برگا (٢) ئەو مادەیی رێژا ٧٠% ئەز پشتگیریا بوچوونا کاك عبدالستار کاك ئومێد، کاك علی دکەم، کو ئەڤ رێژەیە دابەزیت بۆ ٥٠% بۆ بەرێز سەرۆکا پەرلەمانی ئەڤ یاسایە نە بۆ خولێت بتەنییە، بەڵکو بۆ هەر چوارخولێت بورییە هەمێت کابینێت حکومەتێیە لێرە هەندێك هەڤال بوونە ئەندام پەرلەمان هیچ سالەکا خزمەتێت نینە، ئایا ئەڤ (١٥) ساڵێ خزمەت پشتی تەخەروجێ پاشی پەرلەمانی خزمەتی ژ کیڤە بینن تا تقاعدبن حکومەت کو ل ڤیرە حازرە ریگە چارەیەکی ببینیتن هەندەك هەڤالی دی هەنە ئەڤ (٤) ساڵە خزمەتێ وەزیفییێت هەی، ئایا ئەو خزمەتە دچیتە کیڤێ ببەنە جێهەکی دامەزراندن بو هندەك ژ هەڤالێت خولێت چوو ژی کادرێت حیزبانن کادرێت حیزبا ژی دێتە تەرشیح کردن هاتیە، بویە ئەندام پەرلەمان کو رولی وان ژ رۆلێ پیشمەرگەهەکی کەمتر نەبوەو هەم دشۆرشدا هەم د بەرگری کردنێدا ئایا کادرێت حیزبێ سالی خزمەت ناو حیزباخۆدا هەبن ئەندام پەرلەمان ئەگەر خزمەتا وەزیفی نەبت چەوا دێ ئەندام بێتە خانەنشین کردن پێدڤیە عیلاجەکێ وان کادرێت حیزباژی بکەن ئەوێت کو ژ لایێ پارتا خۆ بونە ئەندام پەرلەمان وە سبەی تەخەروجێ پەرلەمان چەوا دبێ خانە نشین کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سيروان فرج محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان،**

دیارە لە کێشەی سیستەمی جیاوازی چینایەتی دروست دەبێت، یەکێك لەو شتانەی کە جیاوازی تەبەقە و چینایەتی کە دروست ئەبێت شۆرش بەرپا ئەبێت، لە ولاتی ئێمە شۆرش کرا شۆرشێکی تر بەرپا نابێت ئەو چاکسازیە لە خانەنشینی یان لە سیستەمی خانەنشینی وای

کردووە کە هەلێکی زور لە هاوڵاتیان لە چینێکی زۆر خراپا بارێکی زۆر خراپا مووچەیەکی زۆر خراپیان هەیە، لەبەر ئەوە زۆربەی قسەکانم کرا بەتەواوی پشتگیری لە دکتۆر شیرکۆ ئەکەم، ئەبێت تاك سیستەمانە ئەگەر ئەم یاسایە کە دەری ئەکەین بۆ ئەمرۆ نییە بۆ دوێنێش نییە، بەڵکو بۆ چەندەها ساڵی ترە، دەبێت رەچاوی ئەوە بکرێت دادپەروەری بە شێوازێکی راستی زانستییانە بێت، زیاتر پشگیری د. شێرکۆ دەکەم لە سەر ئەم یاسایە هەر ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بلێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بواری خانەنشینی ئێمە، بوارێکی بەرفراوان بوارێکی تارادەیەك لە سیستەمی ئیدارەدانی وڵات ئاڵۆزە، بۆیە مەسەلەی چەسپاندنی عەدالەت لە سیستەمی خانەنشینی بۆ بەرێوەبردنی هەموو هەرێم یان دەولەتێك کارێکی زەرورو گرنگە ئەوەی کە ئێمە دوێنێش و ئەورۆش وە لەماوەکانی رابردووش کە خوێندنەوەی یەکەم و، ئێستاش لە خوێندنەوەی دووەمی ئەم پرۆژە یاسایەین هەستمان بە مەسئوولیەتێکی گەورە کرد لە نێوان فراکسیۆنەکان ئەوا لە مەسئوولیەتەی کە ئێستا دابەش بووە لە نێوان ئەندامانی پەرلەمان، بەراستی جێگەی دەستخۆشی و شانازیە کە هەمووومان لەسەر ئەوە کۆکین عەدالەت لە سیستەمی خانەنشینی بەتایبەت جیاوازی لە نێوان موزەفین و پلە باڵاکان کارێکی زۆر باشەو من پشتیوانی لە بۆچونەکانی مامۆستا عبدالستار و هەموو ئەو هاورێیانەی کە پشتیوانی لە مامۆستا عبدالستاریش کردووە کە رێژەکە بە شێوازێك کەم بکەینەوە بتوانین دادپەروەری تیا بچەسپێنین لەبرگەی یەکەما بەراستی پشتیوانی لە هەموو ئەو هاورێیانە ئەکەم باسی ئەوەیان کرد کە مەسەلەی دادوەرە بەرێزەکان داواکاری گشتی لە برگەی یەکەمدا مادام ئێمە دەستمان بردووە بۆ مووچەی لە سەرۆکی هەرێمەوە کە بەرزترین دەسەڵاتی تەنفیزیە لە هەرێمی کوردستان بۆیە پێویست ئەکا هیچ کەسێك لە پلە باڵاکان بەدەر نەکرێن لە دادوەرە بەرێزەکان کە جێگای ئیحترامی ئێمەن لەم مادەیە جێگایان بکرێتەوە، یەك پرسیارم ئەوەیە ئەوی کە تایبەتە بەبرگەی چوارەم مادده (٧) نووسراوە بۆ ئەوانەشی کە خزمەتی خانەنشینیان نەگەیشتۆتە (١٥) ساڵ لیژنەی قانوونی، یا هاورێیانی ئەنجومەنی وەزیران بۆمان روون بکەنەوە، کە ئایا خزمەتی وەزیفیان نەگەیشتۆتە خانەنشینی یان نەگەیشتۆتە (١٥) ساڵ و، ئایا ئەوە بە هەڵە هاتووە کە نووسراوە خزمەتی خانەنشینیان نەگەیشتۆتە (١٥) ساڵ، ئەگەر هەڵە نییە، بەلی لەبەر ئەوە کۆتا قسەم ئەوەیە پێویستە دادپەروەری جێ بەجێ بکەین، مووچەی پلە باڵاکان کەم کەینەوە بەو رێژانەی کە مامۆستا عبدالستار باسی کردووە، زور سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە منیش هاوڕای ئەوەم بڕگەی دووەم ماددەی (٧) گرفتێکی زۆری تێدایە، بەتەواوەتی لەگەڵ ئەوەم لابدرێت، چونکە جیاوازییەکی زۆری دروست کردووە لە نێوان مووچەی پلە باڵاکاندا، ئەگەر بەراووردی بکەی لەگەڵ مووچەی ئەوانەی کە ئاستی بژێوی ژیانیان نزمە، جیاوازییەکی زۆر هەیە، بۆیە لەم خاڵەدا بەتەواوەتی پشتیوانی لە بۆچوونی بەڕێز مامۆستا عبدالستار دەکەم کە لەو ئاستەدا بگیرێت بۆ ١٥% وە ئەو ١٥% پێموایە جۆرێك لە عەدالەت و ڕەوایەتی تێدایە، ١٥% نیسبەتێکی گونجاو دروست دەکا کە پێموایە هاووڵاتیان هاونیشتیمانیانی هەرێمی کوردستان دڵخۆش دەبن، ئەمڕۆ لە پەرلەمانی کوردستان کە پەرلەمانتاران لەسەرجەم فراکسیۆنەکان دەست بۆ ئەو بابەتە ببا، لەبڕی ٨٠% ببێتە ١٥% ئەوا هەنگاوێك و خاڵێکی وەچەرخانە، سەبارت بە خاڵی یەکەم من هاوڕای ئەو برادەرانەم ئەو هەڤاڵانەم کە پێیان وایە دەبێ دادوەرە بەڕێزەکان ئەندامانی داواکاری گشتی تێدابێت، ئەمە خاڵێکی گرنگە وە پێویستە بە یەك نیزام بێت وە دادوەرە بەڕێزەکانیشی تێدابێت وە هەروەها سەبارت بە خاڵی سێ زیادکردنی ئەو (٣) ساڵە جۆرێك لە ناحەقی تێدایە کە کەسێك خزمەتی خانەنشینی گەیشتبێتە (١٥) ساڵ دەتوانێت خۆی خانەنشین بکات لەوەی زیاتر ئەگەر نەگەیشتبێتە (١٢) ساڵ و (٣) ساڵ بەو جۆرەی کە لە یاساکەدا هاتووە، پێم وایە جۆرێك لە ناحەقییە، هیچ کەسێك (٣) ساڵی پێبدرێت، سەبارت بە خاڵی چوارەم من پێم وایە بۆ ئەوەی جۆرێك لە هاندان بۆ هەموو ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە، یا ئەو کەسە بەڕێزانەی کە دەیانەوێ بچنەوە سەر وەزیفە لە خاڵی چوارەم کە دیارە ماوەی کاری پەرلەمانتاریان بە خزمەت بۆ ئەژمار دەکرێت وەکو ئەوە کە زۆرترین کەس بگەڕێتەوە سەر خزمەت، پێم باشە امتیازێك بۆ ئەوانە هەبێت کە دەگەڕێنەوە بەچاوێکی ڕێزەوە زیاتر، نەك پلەیەکی وەزیفی، پێم وایە دەتوانێت پەرلەمانتارە گەنجەکان بگەڕێنەوە سەر وەزیفەکەیان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك د. زێدان فەرموو.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمڕۆ ئێمە لەسەر بابەتێکی ئێجگار گرینگ وە هەستیار تاوتوێی چەند بوارێك دەکەین، یەکیان خانەنشینیە، منیش لەسەر ئەو بوارە چەند تێبینیەکم هەیە کە گرینگترینیان لە ماددەی حەوتەم خاڵی یەکەمە، پێم باشە کە هەرچەندە برادەرانیش ئاماژەیان پێکرد، دادوەرانیش زیاد بکرێ لە ناو ئەو پلە باڵایانەی کە ئاماژەی پێکراوە، لەگەڵ پلەی (خەبیر) شارەزا کە پێشتر لە یاسای ساڵی

٢٠٠٤ یاسای ژمارە (٣٦) لە ماددەی یەکەم لە خاڵی پێنجەمدا ئاماژەی پێکراوە شارەزا (خبیر)، بەڵام لێرە لەو ماددەیەدا ئاماژەی پێنەکرایە وە لە هەمان کاتیشدا وەکو ئاماژەمان پێکرد حاکمەکانیش زیاد بکرێت وە لە برگەی دووەم لەگەل ئەوەداین کە رێژەی ٧٠% بکرێتەوە ١٥% وە لە هەمان کاتیشدا بڕگەی چوارەم ئەو (٣) ساڵەی کە ئیزافە دەدرێ، ئەو (٣) ساڵەش لابدرێ، بۆ ئەوەی بەرژەوەندی گشتی بۆ هەمولایەك وەکو یەك بێت، بۆیە پاڵپشتی لە کاك ئومێدو کاك علی و دکتۆر شێرکۆ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەم حەزدکەن دادپەروەری بێت، بەرجەستە کرن وەکی پرۆژەی داهاتی ئامانجێت پرۆژێت چاکسازی داهاتی وەکی بەرێزان بەحس کری کاك ئومیدیش بەحس کری، برگە (٢) ژ مادە (٧) بێت لادان، برگەهیت دی بێت دارشتن، تا دادپەروەری بێتە بەرجەستە کرن، پشتگیری لوان حەمی برێزان دکەم ئەڤ پێشنیارە زۆر گرنگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئازاد اکرام فەرموو.

**بەڕێز ازاد اکرام بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەو بابەتەی خانەنشین (٣) خاڵم هەیە، یەکەم من رام وابوو لەو پرۆژەیەدا خانەنشینی نەێیتە ناو ئەو پرۆژەیە هەتا حکومەت یەکلایی نەکردباوە، نزمترین خانەنشینیش چەند بایە ئەوجا بهاتبایە ناو ئەو پرۆژەیە باشتر دەبوو، دووەم ئێستا هاتییە، پاڵپشتی کاك عبدالستارو کاك علی و کاك جمال و کاك ئومێد دەکەم، نوقتەکی دیش بەراستی لەو پرۆژەیەدا ئێستا لەسەر داواکاری شارەزاکان، شارەزاکان داوا دەکەن ببنە پلەی تایبەت، لەبەر ئەوەی لە هەموو دنیادا شارەزاکان باشترین پلەنە، تەئیدی هەر پرۆژەیەکی دەبێ ئەوان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی د. شێرکۆ ئەکەم، کە یەك قانونی تقاعدی هەبێت قانونی تقاعدی موەحەدی عێراق لە هەرێم بەرکار بکرێت وە لەگەڵ کەم کردنەوەی مووچەی پلە باڵاکانین لەسەر هەرسێ بنەمای وە پێوەری عەدالەت و هاوسەنگی و پاراستنی شکۆی دامەزراوەکان، من

چەند پرسیارێکم هەیە لەگەڵ ئێمە لەگەل ئەوەشداین بۆ ئەوەی ئەو عەدالەتە دروست بێت، هەمووان خوازیارین هەمو فراکسیۆنەکان پەرلەمان لێرە اقرای ئەوە بکەین کە کەمترین مووچەی خانەنشینانی مەدەنی (٤٠٠) هەزار دینار بێت، دوو پرسیارم هەیە لەسەر ئەسەری رەجعی هیوادارم وەڵامم بدەنەوانێ ئی خولەکانی پێشوو وە مەسەلەی پەرلەمانتارێك کە لە خولەکانی پێشووی پەرلەمان ئەگەر وەفاتی کردبێت مردبێت ئەوەی لە پاش مردوو بەجێدەمینێت لە رووی شەرعی و قانونی بە میرات لە قەلەم ئەدرێت بە پارەی خانەنشینیشەوە، میراتیش بەشێکە لە نیزامی عام نابێ موخالفە بکرێت، ئەبێ وریای ئەم سەرنجە بدرێت، سەر پێچی یاسا لەم رووەوە نەکرێت، دووەم پرسیاریشم لە راستیا ئایا ئەو ماوەی کە پەرلەمانتارێك لە خولەکانی پێشوو بۆ نموونە پەرلەمانتارێك لە خولی یەکەم یان دووەم تقاعد بووە ئەو خزمەتەی تا ئێستاکە ئەو قانونەی انفاز دەکرێت؟ ئایا ئەسەری رجعی بۆ ئەوانیش هەیە ئەو ماوەیە بە خزمەت بۆیان هەژمار دەکرێت یان نا؟ زۆر زۆر سوپاس لەگەل لابردنی برگەی چوارەم و دووەمدام.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرکۆ ئازاد گەڵاڵی کە ئەندامی لیژنەی دارایم کە لە راپۆرتی کۆتایی لیژنەی دارایی تەحەفوزم هەبوو لە مادەی (٧) پرۆژە یاساکە، چونکە باوەرمان وابوو کە خانەنشینی پلە باڵاکان بە شێوازێك بوو لە پێشوتردا وە ئەو یاسایەی کە ئێستا بەرکارە ناعەدالیەتێکی زۆر هەیە لە نێوان پلە باڵاکان لە وەزیر لە پەرلەمانتارئەوانەی کە لەو پلە تایبەتیانەن یان پلە باڵایانەن وە لەگەڵ ئەوەشدا دەبوایە دادوەرەکان جێگای بکرێتەوە وە ئەو جیاوازیە و ناعەدالەتیە بوە هۆی ئەوەی هەموومان کار لەسەر ئەوە بکەین مووچەی خانەنشینی کەم بکرێتەوە وە بۆ ئەوەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لەناو ئەو یاسایەدا هەبێت هەروەها دادپەروەری تێدا هەبێت بە هەموو شێوەیەك لەگەڵ ئەوەدام پرۆژە یاسای پلە باڵاکان هەڵوەشێتەوە وە خانەنشینی پلە باڵا نەمێنێت ببێتە فەرمانبەرێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵا بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دابان فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، تەبعەن ئەوەی کە لەم پرۆژە یاسایە هاتووە پەیوەندی بەدارایی گشتیەوە هەیە وە دارایی گشتیش ئەبێتە دووبەش، تەبعەن بۆیە ئەم قسانە ئەکەم روونکردنەوانە ئەدەم

بـۆ ئەوەی بـزانین لە چ گۆشـەنیگایەکەوە موناقەشـەی ئەم بـرگەیە ئەکەیـن، دارایـی گشـتیش پێکهاتووە لە خەرجی گشتی لە بواری مووچە ئەوەی ئەو قـانوونەی لەسـەر بنیـاتنراوە خەرجـی وەبەرهێنان و پرۆژەکان گرێبەستەکان هەیە کە ئەمانە دەسـتیان بـۆ نەبـراوە، وەکـو ئیصـلاح وە داهاتیشـمان هەیە داهـاتی غەیـرە نەوتـی کە پەیوەنـدی بە خـاَلە سـنوورییەکان و زرائـب هەیە دەسـتیان بـۆ نەبـراوە، دێـمە سـەر ئەو خـاڵە سـەبارەت مـادەی یەکەم لێـرەدا بـۆ ئەوەی هـیچ ئیستسـنائێك نەکرێـت، دەسـەڵاتی دادوەری لـێ بەدەر کـراوە لەکاتێـکدا دەسـەڵاتی دادوەری بە گوێرەی مادەی (٢٣) یان یاسای ژمارە (٢٣) ساڵی ٢٠٠٧ تقاعد دەبـن وە بەگـوێرەی مـادەی (٤٦) لە یاسای (٢٣) سـاڵی ٢٠٠٧ تەواوی مـوچەو دەرماڵەکانیـانەوە خانەنشـین ئەبـن، پشـتگیری ئەو رایە ئەکەم کە دەسـەڵاتی دادوەریـش بێـتە نـاو ئەمەوە ئەوەی کە پەیوەسـتە بە پـلە باڵاکـان و پـلە تایبەتەکان و پەرلەماتاران بەرێز سـەرۆکی پەرلەمـان بەرێـزان ئەوانەی کە قـانونین ئاگـادارن کە پەرلەمانتاریان کۆمەلێك ئەوانەی کە لە پلە باڵاکانن موکەلەفن کە لەو شوێنەیابن یەعنی بەشێك نـین لە وەزیـفە بـۆ مـاوەیەکی کـاتی نـوێنەرایەتی ئەکـا ٤ سـاڵە یـان زیـاترە یـان کەمتـرە لەو شوێنەیابن زۆر باسی ئەوە ئەکا کە هاوشێوەی بەغدای لێبکرێت، یەعنی بە چی حەقێـك بە چـی مافێك تۆ کەسێك ئەخەیـتە نـاو سیسـتەمی مـوچەو داخلـی مەنـزومەی حکـومەت و دەولەتـی ئەکەی لە کاتێکدا نوێنەرایەتیە بۆ ماوەی (٤) ساڵ، دووهەم ئەوەی کە بـاس لە تەقاعـدی دەکـات ئەوەی ئەوروپا یا وڵاتێکی تر خەڵك لەکەرتی تایبەتا ئیش بکا یا لەکەرتی گشتیدا ئیش بکا لە وێ باج ئەدا، زەریبە ئەدا بەدرێژایی ئەو ماوەیە ئەمە ئەکا، بەڵام لە هەرێمـی کوردسـتان تەنـانەت لە عێراقیشـدا ئەمە نیـیە وە ئەوەی کە پەیوەنـدی بە عەدالەتەوە هەیە لەگەل ئەو بۆچوونەیـام تـا زۆرترین ئاست کە نزیـك بێـتەوە لە رێـژەی ٨٥% ئەوەی کە ئێسـتا هەیە ئەوە کەم بکـرێتەوە، بـۆ ئەوەی عـدالەت و دادپەروەریەك هەبێـت وە بـۆ ئەوانەشـی کە خانەنشـینیەکەیان کەمە (٢٢٠) هەزارە ئەمە لە ئێستایا پرسیار لەبەرێز وەزیری دارایی ئەکەم، ئێمە زیاتر لە هەشت سـەد ملیـۆن دۆلار لای بازرگان و سەرمایەدارو و وەبەرهێنەران و بەلیندەرانە یعنی ئەم وەکو قەرز ئەگەر ئەم پارەیە بگەرێتەوە وە هاوشان لەگەل ئەو پارەییەی لە چوار چێـوەی ئەم قـانونەیە دەگەرێـتەوە، ئێمە دەتوانین تا ئاستێکی باش مووچەکانی ئەوان چـوار سـەد بـۆ پێـنج سـەد هەزار دینـار ئەوە بکەین، ببورە یەك خالی بچووکم ماوە کاتت تەواو زۆر سوپاس یەك خـالی بچـووکم مـاوە ببـورە دکتۆرە یەك خـالی بچـووکم مـاوە ئەوەی کە پەیوەنـدی بە پـلە بالاکـانەوە هەیە مـاددەی دووەم بەهەمـوو شـێوەیەك رەفـزە، نەك ئەمە ئەوەشـی کە حکـومەت نـاردوویەتی لەمـاوەی رابـردووە ئەوەی کە پەیوەندی بەخالی سێیەمەوە هەیە عەفو خالی چوارەمەوە هەیە سێ سـاڵ خـزمەت، ئەمە جۆرێکە لەگەندەلی ببورە بە قانون لێرەیا جێگەی کراوەتەوە، یەعنی کەسێك کە خزمەتـی نەبێت چۆن بە ماددەیەکی قانونی خزمەتی بۆ ایزافە ئەکەیت وە لە لەگەل لابردنی ئەو مادەیەم زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاجی سەفین بەرێز فەرمووو.

**بەڕێز سفين اغا عمر اغا:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـادەی حەفـت بـڕگەی چـوارەم بـۆ ئەوانەی خزمەتیـان نەگەیشـتۆتە پـازدە سـاڵ، سـێ سـال خزمەتیان دەخرێتە سەر لە پلە باڵاکان، پێم باشە ئەم بڕگەیە فەرمانبەری فەرمـانبەرانی گشـتی بگرێتەوە، چونکە فەرمانبەر هەیە تەمەنی شێست سالە خزمەتـی نەگەیشـتۆتە پـانزدە سـاڵ وە سەرەرایی پشتگیری لە د.محی الدين دەکەم بۆ ئەم بڕگەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەروان فەرمووو.

**بەڕێز سروان محمد علي:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سروان هەرکی بە نسبەت نازناو ناو هێنانی پلە باڵاو پلە نـزم باسـی نەشـیاوە نیـازم ئەورۆیە دکتـۆرە نیـازم ئەو رۆیە دکتـۆرە مـووچە زۆرو مـووچەکەم بڵێـین هێشـتا جـوانترە، بـۆ ئەوەی ئەوانەی بە دیار تەلەفزیۆنەکانەوەن هەست بە نەقس نەکەن لە زاری ئێمە، ئێمە خۆمان پـلە بـاڵا بکەیـن و ئەوان پـلە نـزم بکەیـن، چـونکە چەنـد سـالێکە چاویـان لە ئـێمەیەو لە زاری ئـێمەیە، بە نسبەت وەکو پشتگیری دەمەوێ پشتگیری کاك ئومێدو کاك علی حمە صالح و جەمـاعەت دەکەم ئەوانەی کە لەگەل لابردنی بڕگەی دووەمن، وەکو خۆشـم وەکـو سـەروان هەرکـی بەتەنها نـا بـۆ نەمانی خانەنشینی من لەگەل ئەوەم چۆن، چونکە من لە پێشمەرگایەتییەوە هاتووم بگەرێـمەوە شوێنی خـۆمەوە، چـوار سالی ئێـرە بە خـزمەت بـۆم هەژمـار بکرێـت بەڵـی هەموومـان وای لـێ بکرێت چـونکە ئەوەی کە بـۆتە پەرلەمانتـار و ئەوەی بـۆتە وەزیـر لە شـوێنێکی واوە هـاتووە کە لەوێش مەعیشەتی باش بـووە بگەرێـتەوە ئەوێنـدەرێ لەوێ خـانە نشـین بکرێـت چـونکە ئەگەر وابروات چل سال بۆ پەنجا سالی تر بودجەی هەموو هەرێم بەشی پەرلەمانتـارو وەزیراەکانمـان ناکـات، بـۆیە لەگەڵ ئەوەم ئەگەر بە موزاییدەشـی دەزانـن، مـن وەکـو سـەروان ئەمـرۆ ئامـادەم فۆرمەکە پربکەمەوە، با هەموو میللەتی کوردیش شاهێد بێت کە خانەنشینی پەرلەمانتاری ڕەت دەکەمەوە، بەلێ زۆر سوپاس، بەنیسبەت کەمی و زۆری خانەنشینیش بەراستی مـن لە هەشـتاو نۆ وە بیرم دێت بانەیکەمە شتێکی بوختان لە دەمی خۆم بگێرمەوە کەسێك لە زینـدانی بەعـس بەربوو بە عەفوێکی عـام، بەلـێ ئەوکـات هەمـوو ئـێ لە کۆمەلگـای بەسـتۆرە ئەوەی کەسـنەزان بووین، ئەو کات هەموو خەلکـی کەسـنەزان هـات پـێ ی بلـێن بـۆ ئەوەی بچێـتە لای کەسـێك، لە

هەولێر خەیاتێك هەبوو بچێت قاتێك بۆ خۆی بدورێت، کورتەك و شەلوار نەی دەوێرا بێتە هەولێر لەبەر زابتێکی حزبی بەعس، ئێستا ئەو پێشمەرگەیە یان ئەو زیندانی سیاسیە بە رائید خانەنشین بووە، ئەو حیزبانە ئەو زابتە ئەمنە کە ئەو لێی دەترسا پێشمەرگەکە لێی دەترسا، ئێستا لیوایە بەلێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

(بروابکە دوو دەقەو ئەوەتا پەنجا سانیەت قسە کردووە فەرمو)،کاك مەلا وەیس فەرموون.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بوونی ئەو ماددەیە ماددەی خانەنشینە زۆر بایەخی گرینگی خۆی هەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان جارێکی تر، جارێکی تر مووچەی پلە باڵاکان ڕێك دەخرێتەوە، بۆیە بەراست ئێمە پشتگیری پالپشتی قسەکانی برای بەڕێز کاك ئومێد خۆشناوین کە پێشوتر قسەی کردووە، بۆیە بەتایبەت لەسەر بڕگەی دووەم کە ئێمە دەمان هەوێت لەوبڕگەیەدا داد پەروەری ڕەچاو بکرێت، جیاوازیکی زۆر هەست پێنەکرێت لە نێوان مووچەی خانەنشێنێکی کە ئاسایی و پلەباڵاکان وە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت بەڕێز کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموومان ئەو ڕاستییە دەزانین کە لە ئیستادا لە هەرێمی کوردستان جیاوازییەکی زۆر لەنێوان مووچەی پلە باڵاکان و کەمترین مووچە هەیە وە ئەمەش جۆرێکە لە نا عەدالاەتی وە نا یەکسانی لە نێوان ئەو موچە پلە بالانەو ئەو مووچە پلە نزمەکان، بۆیە منیش داوا دەکەم کە مووچەی پلە بالاکان بە قەتعی نەمێنێت وە ئەو ئەو بڕە پارەییەی کەوا لە مووچەی پلە بالاکان دەمێنێتەوە دەچێتەوە سەر بودجەی حکومەتەوە مووچەی پلە نزمەکان یاخود مووچەی پلە کەمەکان کەمترین مووچەی پێ زیاد بکرێن، بۆ ئەمەش چەند پێشنیارێکم هەیە کە پێشنیار ئەکەم کە لەماددەی حەوتەم لە خالی یەکەم کە باس لە یەکخستنی خانەنشینی دەکات، باس لە خانەنشینی هەرسێ سەرۆکاییەتییەکانی هەرێم و وەزیرو پەرلەمانتارو مدیر عام و وەکیل وەزیرو پلە سەربازییە باڵاکان دەکا، ئێ ئەوەی بۆ زیاد بکرێ کە هاوشێوەی فەرمانبەرانی ئاسایی خانەنشین دەکرێن، ئەگەر مەرجەکە مەرجە یاساییەکان بیان گرێتەوە وەخالێکی تر زیاد بکرێت، خانەنشینی پلە بالاکان و پلە تایبەتەکان هەلدەوەشێتەوە بە خاڵ بنووسرێ، ئینجا ئێ خالێکی تری بۆ زیاد بکرێت کە ئەم یاسایە ئەسەر ڕەجعی دەبێت، واتا هەموو ئەوانەی کە لە لە دوای ڕاپەرینەوە کە خانەنشین کراون بە پلەی باڵای جیاواز هەمووی هەڵدەوەشێتەوە وە ئەم پلە

بالایانە قەتعیەن ئێ نامێنێ و، دەمەویت شتی تر ئێ زیاد بکەم دیارە برادەران لێرە زۆر باسی فۆرمیان کرد وەك جەنابیشتان وەك سەرۆکایەتی پەرلەمان دەزانن کە ئێمە بەر لە جەلسەکە وەکو فراکسیۆنی نەوەی نوێ داوای ئەوەمان کرد کە ئەگەر ئەم فۆرمە بەردەستە ئێمە پێش هەموو کەس فۆرمەکە پر دەکەینەوە، چونکە ئێمە هەر قسە ناکەین، دەمانەوێت بە عەمەلی ایسپاتی بکەین کە ئێمە خانەنشینی پلە باڵاکانمان ناوێت بۆ خۆمان و وە دەشمان هەوێت هەلبوەشێتەوە وە من ببورە دەمەوێت، بەڵام برادەران کە باس لە فۆرم دەکەن خۆتان دەزانن من خۆم لە لیژنەی یاسایم ئیستا فۆرم پرکردنەوە شێوازێکی نا یاساییە وەك جەنابت باست کرد، بەڵام بۆ ئەوەی ئێ قالبێکی یاسایی وەربگرێت، من پێشنیار دەکەم ئەو برگەیە لەو ماددەیە زیاد بکرێت، تکایە زیاد بکرێ کە خانەنشین ئەگەر خانەنشین تەبعەن ئێمە لەگەر ئەوەین کە نەمێنێت، بەلام ئەگەر ما داوا دەکەین کە ئەو برگەیە زیاد بکرێت کە بلێ خانەنشینی پلە بالاکان فراکسیۆنی نەوەی نوێ ناگرێتەوە، بۆ ئەوەی نەك لەم خولە لە خولەکانی داهاتووش هەر کەسێك لەسەر ناوی نەوەی نوی بەلی زۆر سوپاس، زۆر سوپاس مافی ئەوانە نییە لە شوێنی خۆیان قسان بکەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاوە ئەمە پەرلەمانە، کاك کاوە بەسە بەس کاك کاوە جەنابت قسەت کرد دەستت خۆش بێت رەئیی خۆتت وت، لە ماوەی سێ دەقەیە جەنابت پیاوێکی قانوونیت و لە لیژنەی قانونیت، باش دەزانی سەرۆکایەتی پەرلەمان ناتوانێت هیچ فۆرمێك تەوزیع بکات، چونکە هیچ ماددەیەکی قانونی لەبەر دەستی ئێمەیا نییە، ئەو ریچگەیەمان پێ بدات، ئەسلەن ئەوە ئیشی ئێمە نیە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان وە ئیمە کاتێکی دیاری کراومان داناوە بۆ قسە لەو کاتە جەنابت بە ئارەزووی خۆت دەتوانی هەر شتێك بلێی کە کاتەکە تەواو بوو بۆ هەموو فراکسیۆنەکان بە هەمان شێوەییە، بەڵام لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتیش خەلکێك هەیە ووتویەتی من نامەوێت خانەنشین ببم، لە فراکسیۆنی یەکیتی نیشتیمانی کوردستانیش خەلکێك هەیە ووتویەتی من نامەوێت خانەنشین ببم، لە فراکسیۆنی گۆرانیش خەلکێك هەیە وتویەتی من نامەوێت خانەنشین ببم وە لە پێکهاتەکانیش رەنگە هەبێت وەکاکا دکتۆر شێرکۆش دەلێ دەبێت لە سەر عێراق بێت وە کاك دکتۆر کازم کە سەرۆکی فراکسیۆنەکەی جەنابتە رەئێکی هەیە، ئێمە رێز لە رەئی هەر هەمووتان دەگریین وە رەنگە لەناو کۆمەلی ئیسلامیش دا پەرلەمانتار هەبێت کە پێشتر پێش ئەم کۆبوونەوە هاتوونەتە لای من ووتویانە کە ئێمەش نامانهەوێت خانەنشین ببین، کەواتە جەنابیشت کە پیاوێکی قانونی ئەتزانی کە ئێمە ناتوانین هیچ مادەیەکی قانونی دابنێین بلێن فلان فراکسیۆن نایهەوێت خانەنشین ببێت یان خانەنشینی فلان فراکسیۆن ناگرێتەوە، چونکە رەنگە لە دوو ساڵی داهاتوو، چوار ساڵی داهاتوو اینتیخابات دەکرێت فراکسیۆنی نەوەی نویێ ناوێکی تری هەبێت، رەنگە حیزبێکی تر هەبێت

قانوون بۆ هەموو خەلك دائەنێت، قانون بـۆ هەمـوو پەرلەمانتـاران دادەنـدرێت، منـیش و تـۆش دەزانین ئەو قسەییەی جەنابت دەیکەی قسەی قـانوونی نیـیە، مـن تقـدیرت دەکەم زۆر زۆریـش رێزت دەگرم، بەڵێ نا رەنگە فراکسیۆنی یان فراکسیۆنی یەکێتی فراکسیۆنی سەوز بـووە، جـاری واش هەبووە ناوی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بووە، تەواو ئینشـاالله هەتـا ئێـوە فراکسیۆنی نەوەی نوێ دەمێننەوە، بەلێ بەلێ تەواو دەرفەتی خۆتانتـان وەرگـرت زۆر سـوپاس، کاك جلال گیان باسەرەت بێت، باسەرەت بێت، بەلێ کاك عوسمان سێ دەری فەرموون.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێ دیارە ماددەی حەوت برگەی سێ کە رێژەی سەدا حەفتا دیاری کراوە بۆ پـلە باڵاکـان، ئـێ مـن بە هەموو شێوەیەك رەتی دەکەمەوە ئەو رێژەییە زۆرە و، پشتیوانی لەو هەڤـالانە دەکەیـن کەوا لەگەل کەم کردنەوەی ئەو رێژەییەن و، هەروەها لەگەل ئەوەشـین ئەو داهـاتە ئـێ داهـاتی کـۆی پـرۆژەی چاکسـازی بگەرێـتەوە بـۆ دامەزرانـدنی دەرچـووانی زانکـۆ بێـت یـان پەیمانگاکـان و، هەروەها ئەو کەسانەی کەوا خانەنشینەکانیان بە رێژەی رێژەیەکی کەمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شایان فەرموون.

**بەڕێز د. شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـا دوێنـی خۆپیشـاندەران هـاتبوونە بەردەم پەرلەمـان بە شـانازییەوە تەبەنـی داواکارییەکانیـان دەکەم، کە ئەمانەی خوارەوەن مووچەی بنەرەتی تەواوی پلە بالاکان بۆ سەدا پەنجای ئێستا کەم بکرێتەوە، دووەم هیچ خانەنشینیەك لە سێ ملیـۆن دینـار زیـاتر نەبێـت لە هەرێمـی کوردسـتان، سێ لایەنی کەمـی مـووچەی خانەنشـینی لە پێـنج سـەد هەزار دینـار کەمتـر نەبێـت لە هەرێمـی کوردستان، چوار مووچەی کەم ئەندامان چاودێری کۆمەڵایەتی بەرێژەی سەدا سەد زیاد بکرێت، پێنج دەسکاری ئیمتیازاتی بنەماڵەی ئەنفال و شەهیدان و زیندانیانی سیاسـیی نەکرێـت، شـەش لیستی ناوی شەهیدان و قوربانیان زیندانیانی سیاسـی پێشـمەرگەی دێـرین بـڵاو بکـرێتەوە، بـۆ ئەوەی شەفاف بێت و لە داهـاتوودا پـاك بکـرێتەوە، بەڵـی حەفـت ئەو پەرلەمانتـارانەی تەمەنـی خانەنشینی نایان گرێتەوە کارێکی شەرفمەندانەیان دوای تەواوکردنی خولەکە بۆ دابین بکرێـت و خانەنشین نەکرێن، هەشت پێشینەی دامەزراندن تەنها بۆ ئەو کەس و خێزانـانە بێـت کە هـیچ سەرچاوەیەکی داهاتیان نییە، کۆتایی بە دامەزراندنی تەسکییەی حزبی بهێندرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە بـۆ نـایکەیتە یاداشـتێك بیـدەیتە سـەرۆکایەتی پەرلەمـان، ئـێمە بینێـرین بـۆ حکـومەت، چونکە هیچ پەیوەنـدیێکی بە مـاددەی حەوت نیـیە، یەك فەقەرەی نەبێـت ئەوەی پەیوەنـدی بە ماددەی حەوتەوە هەیە تەنها ئەوانەمان بۆ باس بکە.

**بەڕێز د.شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری دووەمم، بڕگەی یەکەم پشتگیری ئاشنا خان و کاك جلال دەکەم لە زیاد کردنی بەڕێزان دادوەرو داواکاری گشتی، دووەم لابرێت و صیاغەیەکی دادپەروەرانە دابرێژرێتەوە کە ڕێژەکە لە سەدا پانزدە زیاتر نەبێت، بڕگەی چوارەم بکرێت بە دوو خاڵ و بەم شێوەیە دابرێژرێت بڕگەی چوارەم بۆ ئەوانەی خزمەتی خانەنشینیان کەمە بەم شێوەیە مامەلەی لەگەل بکرێت، خالی یەکەم حوکمەکانی ئەو ماددەیە هەموو ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە لەبرگەی یەکەمی ئەو ماددەییەی سەرەوە ئاماژیان پێدراوە وە تا دەگاتە ئەم یاسایە لەوێوە خالی دووەم دەست پێ بکا بۆ ئەوانەی ئیشیان کەخزمەتی خانەنشینیان نەگەیشتۆتە پانزدە ساڵ ئەوە تاوەکو سێ ساڵ دەخرێتە سەر خزمەتەکەیان، بۆ ئەوەی بگەنە تەمەنی خانەنشینی، جگە لەوانەی برگەی یەکەمی ئەو ماددەییەی تێدا ئاماژەیان پێدراوە بە مەرجێك بری خانەنشینی ئەو ماوەییە بدات، بەلێ زۆر سوپاس تەوەری سێ یەمم ئەگەر دەرفەتم بدەی پێویستە هەرێمی کوردستان یاسایەکی خانەنشینی یەکگرتووی هەبێت، چ لە پەرلەمانەوە، چ لە حکومەتەوە سەرجەم پلە وەزیفەکان بەیەك سستەم خانەنشین بکرێن، ئەگەر حکومەت ئەم پرۆژەییەی نییە ئەوا ئەرکی پەرلەمانە ئەم یاسایە دەربکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك جەلال ئێستا فەرموون.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوای مەزن دەفەرموویت دادپەروەری لە کوێیە رەحمەت لەوێیە، جا من هەمووشمان خودا پەرستین، ئەگەر ئەو دادپەروەریە لە دابەش کردنە، بەراستی لە تەقاعدی یان خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان بۆ نموونە لە خێزانە شەهیدێك، خێزانە ئەنفالێك، پێشمەرگەیەك کە تا ژیانی مایە هەر پێشمەرگەیە، هەموومان کە شەر دەبێت داعش هجومی کرد، هەر چوار دەورەی کوردستان بە دوژمن دەورە دراوە، مەترسی دەکەوێتە سەر کوردستان، هەموومان دەبینە پێشمەرگە، پێشمەرگە هاو پێشمەرگە هاورێز لە پێشمەرگە دەگرین، بەڵام پێشمەرگە کە خۆشی دەبێتەوە، کەس پێشمەرگەی لەبیر نامینێت، پێشمەرگەیەك بە پێنج سەد هەزار ئێستا لەو سەرماو سۆلەیە لە جەبهەکانی پێشەوەییە بە شەش سەد هەزار دیاریش نییە تقاعد دەبیت یان تەقاعد نابێت، هەتا دونیا ماوە پێشمەرگەیە وەکو ووتم خێزانە ئەنفالێك، خێزانە شەهیدێك، یانی چ رەوای حەقە ئەو بە پێچ سەد هەزار بێت لە کاتێکیشدا ئێمەی پەرلەمانتارو وەزیرو لەسەرەوە بەرێوەبەری گشتی و لە هەموویان بە پارەیەکی باش تەقاعد بکرێن ئەمن وەك جەلال پەرێشان بەراستی ئەو تقاعدیە رەت دەکەمەوە هەمووشمان براو خوشکی یەکین، هیوادارم

کەس دڵـی زویـر نەبێـت، چـونکە هەرکەسـەو رای شەخسـی خـۆی هەیە، دیسـان دەڵـێمەوە ئاسایشێك بە دوو سەدوو بیست هەزار تقاعد بێـت یـانی سـی سـاڵ خزمەتـی هەیە، سـی و دوو ساڵ کەی ئەوە ئـێمە برادەرانـی حکومەت هەمـووی لێـرەن رێـز و خۆشەویسـتیم بـۆ هەمـووان ئەگەر ئەوان رۆژەك دەتوانن یاخو وەزعی حکومەتی هەرێم بـاش دەبـی یـاخود دەتـوانن شـتێك بکە، بۆئەوەی ئەوانیش بەراستی هەرچ نەبێت راتبی پۆلیسێك ئاسایشـێك پێشـمەرگەیەك بگـاتە پێنج سەد هەزار، شەش سەد هەزار، بۆ ئەوەی ماڵ و منداڵەکەی بە خێـو بکـات، بەراسـتی ئەمـن وەکــو ووتــم رەتــی دەکەمەوە خەڵکــی کوردســتان چــاوەرێی هەڵوێســت و جــوامێری ئەو پەرلەمانتارە بەرێـزانەیە، چـونکە لێـرە یاسـاکان لێـرە دەردەچێـت هەمووم‌ـان بەرەو چاکسـازیی لەناوبردنی رەگی گەندەڵی دەرۆین، هەنگاوی کردەیی بە کوردستانێکی جوانتر هەنگـاو دەنێـین، خـــودای گەورە هەمـــوولایەك بپـــارێزی، بەڵام یەك تێبینـــی رەئـــیم هەیە لەگەڵ هەمـــوو پەرلەمانتارەکان جودا بێت حاکمەکان، چونکە حاکم کەسێکی زۆر تایبەتە بەراسـتی ناتوانـدرێت تـێکەڵ بێـت و ژیـانێکی زۆر تـایبەتە، بە ئـارەزووی خـۆی ناگەرێـت و ناسـورێت، بە کـورتی و بە کوردی ئیسراحەت و ئاسوودەیی ریگا نادەن، بگـرە ئەگەر کەش و هەواش ئارامبێـت لەبـار بێـت نەخۆی نە مـاڵ و منـداڵی بە ئاسـودەیی ژیـان نـابەنە سـەر، چـونکە بریـاری مەترسـی دار دەدات لەسەر سێدارەدان زیندانی تا هەتایی، بۆیە حاکمەکان بە مەزنـدەیی مـن ئەگەر رەئیشـم جیـاواز بێت پێم خۆشە ئەوان بەدەربن لەو یاسایە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلی زۆر سوباس بۆ جەنابت، کاك نزار فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەناوی خودای گەورەو میهرەبان.**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو دەنگـۆییەی ئێسـتا چەنـد رۆژێـکە لە شـەقام لەسـەر ئەو پـرۆژە چاکسـازییە دێـتە پەرلەمان، خۆتان دەزانن دەنگۆییەکی زۆر گەورە هەیە و خەڵـك چـاورێ دەکـات لە ئەو بریـارەی ئەمـرۆی پەرلەمـان، بـۆیە بەرێـز سـەرۆکی پەرلەمـان دەمەوێـت یەك شـت بە ئەو دنگـدەرانە رابگەییەنم کە دەنگ و متمانەیان بەئێمە داوە، ئێمە نەك لەو دانیشتنە یـاخود لەو پـرۆژە یاسـایە بەلکو ئێمە لە هەموو دانیشتنەکانی پێشـتری پەرلەمـان نـوێنەرو پـارێزەری خەڵـك بـووینە، لێـرە کەباسـی مەعانـات و داواکـاری خەڵکمـان کـردووە ئـێمەین کە رۆژانە سـکاڵاو نووسـراوی خەڵـك وەردەگرین، لێرە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، بۆیە حەزمان لێ نییە هـیچ کەسـێك موزایـدەمان بەسـەرەوە بکـات، بەرێـز سـەرۆکی پەرلەمـان زۆر سـوپاس دەسـت خـۆش بـۆ ئەو روونکردنەوەبییەی سەبارەت بەو فۆرمەکەدات، بەڵێ راست دەکەیی ئێمە هیچمـان ئێسـتا فـۆرم

لێرە نییە کەسیان فۆرم پرکەنەوە، بەڵام تا سێ ساڵی تر دەیان هەویێت لێرەش جارێکی تر خەلك بە شێوازێکی تر تێبگەیەنن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك نزار دەست خۆش بێت تەواو، نابێت قسە لەسەر ڕەفیقەکانت بڵێی بە پێی مادەی (٥٤) بەس ڕەئی خۆت بڵی فەرمووو كاك نزار فەرمووو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من مەبەستمە لێرە دەمەوێت پشتگیری لە برای بەڕێزم كاك ئومێد خۆشناو، كاك علی حمە صالح و كاك جمال بکەم، بەراستی وە دەشم هەوێت بە ماددەی حەوت بڕگەی سێ یەم، سەبارەت بەو ڕێژەییەی سەتا حەفتا کە دیاری کراییە دەمەوێت کەم بکرێتەوە، بۆ ئەوەی خەڵك بزانێت بڕیاری کابینەی نوێ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بڕیاری سەرۆکی هەرێم بوو کە لەو پەرلەمانە هێلە گشتییەکانی ڕاگەیاند ئەوە دوای سەدو چەند ڕۆژێك ئەوە دەست کرا بە چاکسازیی و ئەوە پەرلەمانە بڕیار لەسەر چاکسازی دەکا و مووچەکان هاوتای یەکتر دەبن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك شاخەوان فەرمووو وەکو خۆت قسە دەکەی وەکو لیژنە نییە وانییە كاك شاخەوان.

**بەڕێز شاخەوان ڕؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من ئەمەوێت لەراستی لەسەر ماددەی حەوت قسە بکەم، ئەوەی کە تایبەتە و پەیوەندی هەیە بە ماددەی حەوت، من لەگەڵ ئەوەم لەراستیە ئەو پڕۆژەی کە هاتۆتە ئێرە هینی پڕۆژەییەکە کە دەتوانم بڵێم تارادەیەکی زۆر باش یانی کاری لەسەر کراوە وە ئەو پڕۆژەی کە هاتووە لەراستیە کەم کردنەوەی کار لەسەر کەم کردنەوەی مووچەی پلە بالاکانە دەکات کە کەم کردنەوەی موچەی پلە بالاکان لەڕێژەی لە سەدا هەشتا یان نەمانی ڕێژەی لە سەدا هەشتا ئەمە ئەمە لەراستیا هینی حالە تیچکی زۆر باشە وە کەم کردنەوەی پلەی موچە بالاکان زیادکردنی مووچەی خانە نشینی با بلێین ئەوانەی لە رابردوو خانە نشین کراون بە دوو سەدوو بیست هەزار دینارو زیاد کردنی مووچەی ئەمانە یان با بلیم کەم کردنەوەی مووچەی پلە باڵاکان و نەمانی موچەی پلە بالاکان و زیاد کردنی مووچەی دوو سەدو بیست هەزارەکە ئەمە لەراستیا ئەمە ئمتیازو دەست کەوتێکی گەورە ئەبێت بۆ پەرلەمانی کوردستان لەبەر ئەوە ئەمەئەمە کارێکی زۆر گەورەیە مووچەی شەریحەکانی دیکە کە زیاد بکرێ و مووچەی پلە باڵاکان لەراستیا نەمێنێت، یان زۆر زۆر کەم دەرکێتەوە، ئەوانە ئەوە شتێکی زۆر باشە بەلێ وە من لەراستیا ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە ماددەکانی دیکە کە کە پەیوەندی هەیە بە برگەکانی دیکە وە

برگەی دوو لەماددەی حەوت یانی ئەمە ئەمە لەراستیا هینی حالەتێکە ئێمە کە کاری لەسەر بکەین یانی ئەم برگە هەلبگیرێت لابرێت، ئەوانە کارکردن بۆ زیاد کردنی مووچەی خانەنشینەکانی بابلێین ئەوانەی لە دوو سەد هەزار، بابلێین شتێك زیاترە، ئەمە من دلنیام ئینجاز و دەستکەوتەکەی بۆ پەرلەمانی کوردستانە، لەبەر ئەوەی پێویست دەکات لە ماوەی شەش مانگدا یاسای خانەنشینی یەکگرتوو سەرجەم فەرمانبەران و پلەکان، یانی بێتە پەرلەمانی کوردستان، ئەوانە هەموان بەیەك سیستەم خانەنشین بکرێت لە داهاتووە، لەبەر ئەوەی جۆرێك لە عدالەتی کۆمەلایەتی هەرێمی کوردستان پەیرەو بکریت وە من لەگەل ئەوەم بەراستی جیاوازی چینایەتی نەمێنێت وە جیاوازی ئەو مووچانەی کە لەرابردووە هەیە نەمێنێت وەدەستان خۆش بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، هەلەز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی حەفت یەکەم زێدەکردنا دادوەران و داواکاری گشتی پشتگیریا دکتۆر محی الدین و دکتۆر شێرکۆ ئاشنا خان و دکتۆر ایسماعیل دەکەم، سەبارەت ماددە دوو ماددە چار ئەو ئاخافتنە من گوتنێ پشتگیری د.اسماعیل و د. شێرکۆ مامۆستا هەلە دینی دکەم، بەس من ڤێری داخازا روون کردنەوەیەکێ لە جەنابێ وەزیری ئایا ئەگەر برگە دوویێ هاتا جێ بەجێ کرن؟ کیمترین موچێ خانەنشینا پەرلەمانتار یان وەزیرەکی چەند بیتن، چونکە حەتا نوکە بۆ خەلکەکی دیار نینە کانی دێ چەندی وەردەگرێتن ئەڤ پەرلەمانتارێ هەنە پشت مەرجێ یاسایی تێدا بن کو ژیویا ئەو سالت خزمەتینا وە زۆر مەمنونم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سەلما خان فەرموو.

**بەڕێز سلمی فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەکەمدا هاوڕام لەگەل ئەو بەرێزانە، ببورن داوای لیبوردن دەکەم، ماددەی حەوتەم خالی یەکەم کە دێتە سەر پلە بالاکان، سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەگەل جێگرەکانیان، ئەندامانی پەرلەمان، وەزیرەکان لەوێوە دادوەرانی ئەنجومەنی دادوەریی و داواکاری گشتی و مشرەف قەزاییەکان، هەروەها ئەندامانی ئەنجوومەنی بالای سەربەخۆی هەلبژاردنەکان و راپرسی و کۆمسیاران، پێم باشە لێرە داخ بکرێت لێرە بە نەبوونی داخل کردنەکەیان کە ئەمان یاسایی تایبەت بە خۆیان هەیە ئەوە هەریەکێك لەم فیئانە بەتایبەتیش پەرلەمان بۆ خۆی یاسایییەکی تایبەت بە خۆی هەیە، کەواتە

دەکرێت ئەمانیش لێرەدا جێگە بکەینەوە، چونکە ئەمـانیش پـلە تـایبەتن وە مووچەکانیـان زۆرە وە بەتـــایبەتی ئەوانەی ئەنجـــوومەنی دادوەریـــی و ئەنجـــوومەنی قەزاو ئەوە لە سەداســـەد موچەکانیان خانەنشین دەبـن لە بـڕگەی دووەمـدا لە سـەدا حەفتـای کـۆی مـووچە یـان لە سـەدا هەشتا هیچ جیاوازییەکیـان دروسـت ناکـات، بەرسـتی لەبەر ئەوەی ڕێـژەکە زۆر زۆرە وە لەگەڵ ئەو بەڕێزانەدام کە داوای کەم کردنەوەیـان کـردووە وە لەمـاددەی چوارەمـدا ئەو بەڕێـزانە کـاك بـاڵامبۆ د.محـی الـدین و کـاك ڕێبـوارو کـاك زانـا پشـتیوانیان دەکەم د.محـی الـدین باسـی سـێ سالەکەی کرد، بەراستی ئەوانەی کە پێشتر پلە تایبەت بـوون قـانون هەبـووە کە پانزەیـان تەواو نەکردووە هیچ دەستەلاتێکی خۆیانیان نەبووە، لەبەر ئەوە مـن سـێ سـاڵەکە بە گونجـاو دەزانـم بەو مەرجەی کە بۆ سەرجەم فەرمانبەران بێت، چونکە فەرمانبەرێکی زۆریش هەیە کە تەمەنـی یاسایان تەواو دەکەن، بەلام پانزە سال خزمەتیان نییە وە خانەنشین نـابن، تەنهـا ئیکرامـی کۆتـا وەردەگرن بەرێز سەرۆکی پەرلەمان من جـارێکی دیـکە داوا لەبەرێزتـان دەکەم تکاتـان لێـدەکەم ڕێگری بکەن لەو هێرشە ناڕەوایانەی کە دەکـرێتە سـەر پەرلەمـانی کوردسـتان وە سـەر بەرێـزان دەستەی سەرۆکایەتی وە ئەندامانی پەرلەمانی تـر، هەمووم‍ـان دەزانـین لێـرەدا کۆمەلێـك کەس هەن کە بەداخەوە قسە لەسەر خەلکی تر ناکەی قسە ناکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلی سوپاس زۆر سوپاس، گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز گلوستان سعید حمد:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـودا، مـن گولسـتان سـەعید دیـارە ئـێمە لەکـاتی بانگەشـەی هەلبژاردنەکـان بەگشـتی هەموومان بانگەشـەی دادپەروەریمـان کـرد، بـۆیە ئەم هەنگـاوە بە ئاراسـتەی بەرجەسـتەکردنی دادپەروەری بە هەنگاوێکی گرینگی ئەزانم، سەبارەت بەوەیی کە ڕێژەیەك نزمترین ڕێژە بێت کە ئەو ڕێژەییە جێگیر بکرێت لەم یاسایەدا بە مەبەستی ئەوەی کە ئەو ڕێـژەیە ببێـتە بنەمـایەك کە لە سەدا ١٥% زیـاتر نەبێـت بـۆ خانەنشـینی سـەرجەم ئەو پـلە باڵایـانەی کە ئامـاژەی پێـدراوە لە یاساکەدا، لەپال ئەوەی کە دەستەلاتی دادوەریش بگـرێتەوە لە حاکمەکـان و داواکـاری گشـتی و سەرۆکی کۆمیسیارانیش، هەروەها پشتیوانی لەوە دەکەم لەمـادەی چـوار لەبـڕگەی چوارەمیـان ببـــورە حوکمەکـــانی ئەو مـــاددەیە بە هەمـــوو ئەو کەســـانە دەگـــرێتەوە کە لەبـــرگەی یەکەم و سەرەوەی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێدراوە، پێش بەرکـار بـوونی ئەم یاسـایە خانەنشـین بـوون و پێویسـتە خۆیـان بگـونجێنن و لەگەل ئەحکامەکـانی ئەم یاسـایە، ئەوەی تـری کە ئامـاژە بە سـێ سالەکە ئەدرێت بەبروای من زیادەیە لابرێت، هەروەها داواکـارم لەبەرێـز ئەنجـومەنی وەزیـران کە نوێنەرانیان لێرەن، بەراستی رونکردنەوەییەکمـان بـاتێ لەسـەر ئەوەی ئایـا نیەتێـك هەیە بـۆ ئەوەی کە پرۆژە یاسایەك بێتە پەرلەمانی کوردستان و سەبارەت بە یەکگرتـووی خانەنشـینی بـۆ سەرجەم هەموو گروپ و دەستە جیاوازەکانی هەریمی کوردستان و پـلە وەزیفیەکـان کە بەیەك سیستەم خانەنشین بکرێن؟ سوپاستان دەکەم، سوپاس بۆ جەنابت بەلێ پشـتگیری لە هاوریـانم

کاك عبدالستار کاکا عەلی حەمە صالح وە سەرجەم ئەو هاورێیانە کە ئاماژەیـان دار بە ڕێـژەی لە ١٥% کە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە کە ئەمڕۆ لێرە ئێمە کە کۆبوینەتەوە هەندێك لەو قسانەی کە لەرابردوو کردوومانە، ئەمـڕۆ بیان کەینە عمل ئەگەر گوێم لێ نەگیرێت قسە ناکەم، گوێت لێـدەگرین فەرمـوو ئەو قسـانەی کە لە رابردوو کردوومانن بیانکەینە عەمەل، بەیانی نە هەلبژاردنە نە سالێکی دیکە هەلبژاردنە وە نە ئێسـتا بانگەشـەی هەلبـژاردنە وە دلنیاشـم هەمـوو لایەنەکـان هەمـوو پەرلەمانتـاران بەرادەیەك دلسـۆزن لەم پرسـەیەدا وەئەگەر حکـومەت و پەرلەمـان پـێکەوە بەمەبەسـتی ئاشـکردنەوەی خەلکـی کوردسـتان بە مەبەسـتی جـارێکی دیـکە رازیـی کـردنەوەی دلـی خەلکـی کوردسـتان کۆببنەوە، بە نیەتێکی باش دلنیام ئەو متمانەیەی کە لە دەست درابوو ئەو گلیەیانەی کە لە ئـێمە هەبوون لە حکومەت و لە پەرلەمان هە بوون جارێکی دیکە ئەرەوێنەوە وە ئەوان باوەش بۆ ئەو خەلکــانە دەکەنەوە کە خۆیــان متمانەیــان پــێ کــردوون چ لە حکــومەت و چ لەپەرلەمــانی کوردسـتان، بـۆیە ئەگەر ئەمـرۆ بە موزایـدە وەردەگیرێـت و وەکـو موزایـدە سـەیری ئەم قسـانە دەکان با هەمووومان ئەو موزایدەیە بکەین، با هەمووومان لەو جۆرە موزایدانە بکەیـن، سـی سـەد هەزار کەمتر مووچەی خانەنشینێکە کە ژنێکی بە تەمەنە یـان پیـرە پیـاوێکە زۆرجـار لەسـەرەی وەرگتنـی مـووچە دەکەویـتە ژێـر پـێ وە لەپـال پـالینی وەرگرتنـی مـووچە دەکەوێـتە ژێـر پـێ، هەتـاوەکو دەگـاتەوە مـالەوە پـارەکەی هەر لە رێگـا تەواو ئەکـات بە دوکانـدارو دوکـانی سـەر سووچەکەیان و ئەو قەرزو قۆلەی کە لەکاتی مانگێکدا کردوویەتی، من خانەنشیم بینیوە بۆیە ئە یکەم دەزانم خەلکێکی زۆر گوێی لێیە وە بەر پرسان ئەوانەی کە شت بە دەستن، هەموو گوێتان لە ئێمەیە، بۆیە سبەینێ دیسان بۆ ئەوەی شەرمەزار نەبینینەوە وە خەلـك نەلـێن نوێنەرەکانمـان بەرگریان لە ئێمە نەکـرد، خانەنشـین هەبـووە داوای ئەوەی کـردووە کە بە قیسـت تەلەفزیۆنێـك بکرێت پشتگیری بکەم، بۆ ئەوەی بچێت بیفرۆشێتەوە پارەکەی ئیش پێبووە بۆ نەخۆشـی، ئـێمە لەناو هەموو ئەو ئێش و ئازارانەین، بـۆیە لەمـاوەی چەنـد رۆژی رابـردوو هەمـوو پەرلەمانتـاران لەسەرجەم فراکسیۆنەکان بە ئامانەتەوە بە شایدیەوە دەلێم شەری ئـێمە لەسـەر کەم کـردنەوەی مووچە بووە و، پێدا گیری هەر هەموومان لەسـەر ئەوە بـووە کە چەنـدێك زیـاتر بێـتە خـوارەوە چەندێك زیاتر ئەو مووچەیە کەم بکـرێتەوە، مـن شـاهیدی بـۆ هەموویـان دەدەم کەس لە کەس زیاتر نییە، موزایـدەش لە هـیچ کەس و لایەنێـك قبـول نـاکەین وە کەس لە خۆمـان بە دلسـۆزتر

نازانین، وەرن ئەگەر فۆرم ئەلێن من فۆرم پڕ ئەکەمەوە وە ئەگەر هەر شتێك ئەلێن رەزامەند بوونی خەلکی لێبکەوێتەوە بە هەموومان ئەیکەین، سوپاس من دڵنیام لەوە، رێگەم بدە قسەکانم تەواو بکەم بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، قسەکانم تەواو نەبووە، ئەمڕۆ دوو دەقە بە قەرز بدە بە من رۆژانی دیکە بە سی سانیە تەواوی ئەکەین، یەك دەقە یانی رۆژی موزایدەو ئەوە نییە با بەهەموومانەوە شتێك بکەین بە خزمەتی خەلکی کوردستان تەواو بێت رێژەی سەدا حەفتا رێژەیەکی زۆر نا مەعقول و موبالەغەیە، پێشتر وەرگیراوە لەماڵەوە ئیشی تریشی کردووە، کاری تریشی کردووە، شەش ملیۆن، حەوت ملیۆنی تریشی بۆ چوویتە ماڵەوە، ئەی ئێمە پیش ئەوەی بینە ناو پەرلەمان بێ ریز نەبووین،بۆیە هاتوینەتە ناو پەرلەمان رز لێگیراو بووین، ئەگەر بەبێ پلەکەش، بەبێ پاریز بەندیەکەش بگەرێینەوە ناو خەڵك ریز لێگیراو دەبین، جارێکی دیکە خەلك باوەشمان بۆ دەکاتەوە وە بەتایبەت ئەوانەشی کە گەنجن، دونیا کاوڵ نەبووە، دونیا تەواو نەبووە، دەتوانین ئیشی دیکەش بکەین، دەتوانین لە شوێنی دیکەش خزمەتی خەلکی کوردستان بکەین، بۆیە من وەکو خۆم چۆن ئەگونجێت، چۆن لەبەرژەوەندی خەلکا بێت وە ئەو پارەیەشی کە ئەمینێتەوەی من ئەوەم بۆ ئەوە ووت کە گوتم مووچەی خەڵك کەمە، ئەو پارەییەی کە لەم پرۆژەییە کۆدەکرێتەوە تکایە تکایە با لەخزمەتی پەکەوتەکان سەرف بکرێت، ئەوانەی کە مووچەیەکی خێرو سەدەقیان پێ دەدرێت، ئەوانەی زۆر زۆر بە کولە مەرگی ئەژین، بەو خانەنشینان بدرێت کە مووچەیان زۆر کەمە، سوپاس یەك دەقەکەش تەواو بوو تەواوم نە کردبوو، بەس قەینا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی حەوت کە بواری خانەنشینیە، بڕگەی یەکەمی منیش ئەو ئیزافەیەم هەیە کە دادوەران و داواکاری گشتی ئیزافە بکرێن لە بڕگەی دووەمی برگەی دووەم لابرێت، بەم شێوەیە صیاغە بکرێتەوە کە خانەنشینی پلە باڵا و پلە تایبەتەکان هاوتای سیستەمی خانەنشینی عیراق بکرێت، چونکە ئەم سیستەمە یەکان گیری دەکات لە نێوان سیستەمی خانەنشینی فەرمانبەرانی ئاسایی و پلە باڵاکان و زیاتر داد پەروەری بەر قرار دەکات و، هەر لێرەوە ئەیلێم ئەو داهاتەی کە دەگەرێتەوە بۆ حکومەت لەرێکخستنی پلە بالاو پلە تایبەتەکان ئەولویەتی پێ بدرێت بۆ زیاد کردنی مووچەی خانەنشینی فەرمانبەرانی ئاسایی کە رێژەکەی لە چوار سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت، سەبارەت بە برگەی چوارەمیش حوکمەکانی ئەوماددەیە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لەبرگەی چوارەمی سەرەوەی ئەو ماددەیە کە ئاماژەیان پێدراوە لەپێش بەرکار بوونی ئەم یاسایە خانەنشینی پێویستە خۆیان بگونجێنن لەگەل ئەحکامەکانی ئەم یاسایە، هەتا ئێرە بمێنێتەوە وە دوایی ئەوانەشی کە خزمەتی خانەنشینیشیان نەگەیشتۆتە پانزدە سال کە سێ

سالی بۆ ئیزافە دەکرێت ئەوە لابردرێـت وە ئـێمە لەگەڵ ئەوەیـا نـین کە سـالی زیـاتر بـدرێت بە کەسـێك کە خزمەتـی خانەنشـینی تەواو نەکـردووە وەکـو ئەوەی کە ئەم سیسـتەمە عـامەی کە داندراوە پانزە سال خزمەت چلو پینج سال تەمەن، هەرئەوان بگرێتەوە وە لە کۆتایی پشتیوانی وتەکانی د.شیرکۆ وە د.اسماعیل مامۆستا ئەبـو بەکـر هەلەدنـی لەگەڵ مامۆسـتا هەلـز دەکەم وە سەرنجێکیشم هەیە، یەعنی بەراسـتی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان ئەبێـت بە پـێ ی ئەو پەیـرەوەی نـاوخۆ کە دانـدراوە کە پەرلەمانتارێـك لەسـەر چ ئەساسـێك یەعنـی دەلێـت قبـولی نـاکەین، روونکردنەوە بدات لە کێ ی قبول ناکات، یان دەلێـت ئـێمە ئێـوە کـێن ئەو وەکـو پەرلەمانتارێـك قسە ئەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

جاری ئەوە تۆ ئێستا پەیرەوەکە دەشکێنی، نابێت قسە لەسەر قسەی پەرلەمانتارانی دیکە بکەی.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە سـەرۆکایەتی بێـدەنگ بـوو کە ئەو پەیـڕەوی شـکاند، ناچـارین ئـێمەش پەیـڕەو بشـکێنین کە پەیرەو شکان هەبوو ناچارین ئێمەش پەیرەو بشکێنین، یانی دوو سێ جـار موزایـدە دەکرێـت و ئێمەش کە فراکسیۆنێکین کە لە هەمووی کارا ترو خۆمان بە دلسۆزتر دەزانین، بەڵام ناڵێین ئێمە کە قبولی ناکەی،ن یەعنی ئەمانە بەراستی لە شوێنی خۆیا بوەستێندرێن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

وازحە بەلێ مەبەستی ئەوەیە، من دڵنیام مەبەستی ئەوەیە، دەرفەت بدە ئەگەر وای لێبیت ئێوە بەرامبەر یەکدی قسە بکەن، ئەوە یعنی خەڵك گوێمان لـێ دەگرێ، کـاك پێشـەوا بە بـێ ی ئەوەی ئیزنت بدەم قسە مەکە، بەرێزان من ئەزانم هەمووتان هیلاکن، رۆژێکی درێژە، دونـێش رۆژێکـی درێژبـوو ئەمـرۆش رۆژێکـی درێـژ دەبێـت هەموومـان دەزانـین هەموشـمان جۆرێـك فشـاری نەفسیمان لەسـەرە لە دۆخێکـی نـا سروشـتییان، مـن دەزانـم پێشـەوا پـێش ئەوەی خـۆی وەلام بداتەوە مەبەسـتی لە قبـول نـاکەم ئەوەنیـیە کە شـتێك دەکـا، بـۆیە ئەویـش خـۆی پـێ دلسـۆزە ئەویـش خەمـی خەڵکیەتـی وەکـو تـۆ چـۆن خەمـی خەڵکتە، وەکـو چـۆن هەر ئەنـدامێکی تـری فراکسیۆنەکانی دیکە خەمیی خەلکیانە ئێ من دەرفەتان نادەم لەسەر یەکتری قسە بکەن، نابێت قسە بکەی پێشەوا کامە نانا کاك شێرکۆ جارێ بزانین چیبوە دەلێ ووتومە توزێك لەسەر خۆ خـۆ تۆ نەت بینیوە کاك دکتۆر شێرکۆ جەنابت پیاوێکی موسولمانی کە شتێك نەت بینیی بـێ مەیلـێ چیبوو هێڤیدار بەلێ دەیلا وەرە ئارام بن ئارام بن، مامۆستا ئەبو بەکـر بە نـوقتەی نیزامـی دوای دەرفەتت دەدەم با ئێستا کاك ئەبو بەکر با نوقتەیەکی نیزامی بکات فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پـێ ی مـاددەی بیسـت و چـواری بـرگەی دووەم لە پەیـرەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان ئەنـدام ئـازادی و ئاخـاوتنی رادەربرینـی تەواوی هەیە لە کـاتی ئەنجامـدانی کـاری پەرلەمانیـدا،

رەجائەن ئەم ووشەی موزایدە بە لەم پەرلەمانە بسرێتەوە هەریەکەمان تەعبیر لە رایی خۆمان دەکەین، کێش موزایدە دەکات خەلکی کوردستان دەزانێت باوی موزائیدە نەماوە بەراستی با ئەم ووشەیە هیچ پەرلەمانتارێك بەراستی قسەلەسەر پەرلەمانتاری تر نەکات هەریەکەمان تەعبیر لە رایی خۆمان دەکەین لەم پەرلەمانە، رێگە نەدە جەنابت بەراستی پەرلەمانتاران لەسەر یەك قسە بکەن، دروستە مەعقول نییە فەرهاد ئینجۆ لە پەرلەمانی تورکیا لە من ئازاتر بێت، پەرلەمانتارانی رۆژهەلاتی ئێران لەمن ئازاتر بێت، قسە بکەن، ئێمە تەعبیر لە رایی خۆمان دەکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆتان هەیە بە ئازادی قسە بکەن، بێگومان ئێمە دوێنی ووشەی موزایدەمان سریەوە لە پرۆتۆکۆل، بەڵام ئەم ووشەیە زۆر بەکاردێت، مەگەر من ئیشم ببێتە ئەوە هەر بلێم ووشەی موزایدە بسرنەوە، کاك پێشەوا دەرفەتت دەدەم بە تەنها روون بکەیتەوە ماناچی یان شتیی تر بلێ قبول ناکەم.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دکتۆرە هەر روونکردنەوەیەکی عام دەدەم، منیش قبول ناکەم هەر لە چوارچێوەی ئەوە من کە دەستم بە قسەکانم کرد هەموو ئەو بەرێزانەی لەم هۆلەن وتم شەری ئەوەیان کردووە کە مووچەکانیان کەم بکرێتەوە، خانەنشینی کەم بکرێتەوە من پەیامەکەشم بۆ کەسێك نەبووە بەدیاری کراوی تەنها ووتومە موزایدە لەکەس قبول ناکەم، واتا منیش خۆم بە دلسۆز دەزانم، تەنها شێوانی ئەم بەرێزانە یەك شتە جاران پێیان وابوو کە ئەوان بەم موزایدەی کە دەی کەن خۆل بکەنە......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتون گیان رامانگرت، رامانگرت بۆ ئەوەی قسە نەکات، ئارام بن ئارام بن ئارام بن رۆژێکی درێژە ئارام بن بەلێ بەلێ هێڤیدار وەرە شوێنی خۆت هێڤیدار، لە شوێنی خۆت دانیشە، دانیشن هێڤیدار تۆ قبولی کە تەواو تەواو تەواو کۆبونەوەکە هەڵەگرین کۆبونەوەکە هەلەگرین رایگرن رایگرن.

## پاش پشوو

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەینەوە، هیوادارم ئەمە یەکەم جار و کۆتا جاری ئەم خولە بێ، هەموومان بە عەسابێکی سارد دڵی دوژمنانی کوردستان خۆش نەکەین، ئێمە تا ئێستا زۆر بەجوانی هێناومانە، پێکەوە جیاوازی لە بیروبۆچوونیشمان هەبێ، جیاوازی لە بەرژەوەندیەکان و ڕاو سەرنجەکانیشمان هەبێ، پێویست دەکات لەسەر هەموو لایەکمان بە عەسابێکی سارد بە گیانێکی تیم ۆورکی بە گیانێکی پەرلەمانی پێکەوە لە پێناوی خەڵکی کوردستان بین، کەسمان لە کەسمان دڵسۆز تر نیە بۆ ئەم وڵاتە، بۆیە تکاتان لێ دەکەم بەڕێزان داواتان لێ دەکەم بەڕێزان ڕووی دەمم یەکەم جار لە فراکسیۆنە زۆرینەکانی ناو دەسەڵاتە ئینجا لە برایانی بەڕێزی معارەزەش هەمووماڕ پێکەوە جوانین کەسیشمان لەسەر ئەوانی ترمان موزایەدە ناکەین، سەرکەوتنی ئەم پرۆژەی چاکسازییە، سەرکەوتنە بۆ هەر هەمووماڕ، دۆڕا و براوە لەمەیا نییە، گەلی کوردستان براوەیە، هەمووماڕ براوەین، کەسیش دۆڕاو نییە تیایا، هەمووشماڕ لەیەکتری دڵسۆزترین بۆ خەڵکی کوردستان، بۆیە تکاتان لێ دەکەم، هەمووتان لە گۆشە نیگایەکی خوشك و برایانە و زەمیلی ئێمە سێ ساڵی تر پێکەوە دەبین بەڕێزان، سێ ساڵی تر پێکەوە دەبین بەڕێزان تەحەدیاتی گەورەتر لەبەردەم ئەم میللەتە دا هەیە، وەزعی ناوچەکە ئەمە هەڵناگرێ ئێمە ئاوا مامەڵە لەگەڵ یەکتری لەناو پەرلەمانی کوردستان بکەین، بۆیە من داواتان لێ دەکەم وەکو برایەکتان وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ئەو فراکسیۆنە بەڕێزانەی کە ئێستا لێرەن بە عەسابێکی سارد بە هێوری ئێمە بگەڕێینەوە بۆ گفتوگۆیەکی دیموکراسیانە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، وابزانم ئەوە ئیتر ئەوەش کە لە دڵ و دەرونی هەر یەکێك هەبووە تەقریبەن هاتۆتە دەرێ، بۆیە حەز دەکەم وەکو خوشك و برایەك بە گیانێکی وەرزشی ئەگەر ئیجازە بدەن دەست بە جەلسەکە بکەینەوە، ئەگەر ئیجازە ئەدەن بەڕێزان من جارێ ڕووی دەمم لە فراکسیۆنە بەڕێزەکانی تری دە سەڵات، فراکسیۆنەکانی کە لە ئۆپۆزسیۆنن داواتان لێ دەکم بە هێوری بۆ ئەوەی دەست بە جەلسەکە بکەین، زۆر سوپاس، زۆر سوپاس بۆ ئەو هاوکاریەش کە کردتان بۆ هەر هەموو لایەکتان، بۆ خۆم داوا ئیعتزار لە هەر هەمووتان دەکەم، ئەگەر هاتە سەر ئەو بابەتە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك لوقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، سوپاس بۆ ئەو هەوڵەی دەستەی سەرۆکایەتی کە ئەم دۆخەی هێور کردەوە، سەبارەت بە ماددەی (٧) پشتیوانی ئەو بۆچوونە دەکەم کە مامۆستا عبدالستار دەری بڕی،

برادەرانی تریش دواتر پشتیوانیان لێی کرد، هەروەها لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٧) دادوەرە بەڕێزەکان و ئەندامانی داواکاری گشتیش زیاد بکرێن، واتا حوکمەکانی ئەم یاسایە بیانگرێتەوە، هەروەها بە هەمان شێوەی ئەندامانی پەرلەمان لە فراکسیۆنە جیاوازەکان پشتیوانی ئەوە دەکەم کە بڕگەی (٢) ڕێژەی ٧٠% لاببرێ و بۆ بەرچاو ڕوونیش ویستم ئەمە بە بیر هەموو لایەك بخەینەوە کە لەگەڵ ڕێز و سوپاسمان بۆ بەڕێزان لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان، کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا لیژنەی دارایی و لیژنە تایبەتمەندەکانی تریش هەموومان سەرقاڵی ئەوە بووین گەنگەشەی ئەوەمان دەکرد کە چۆن دەرچەیەك بدۆزینەوە بۆ ئەوەی هەموو لامان ڕێك بکەوین لەسەر کەم کردنەوەی ئەم ڕێژەیە، بۆیە ئەم ڕێژەیە ٧٠% یی کە دیاری کراوە، ئەمە بیروبۆچوونی لیژنەی دارایی پەرلەمان و لیژنە تایبەتمەندەکان نییە، بەڵکو ئەمە پرۆژەیەکە کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نێردراوە، ئێمەش لە پەرلەمانی کوردستان پشتیوانی دەکەین بۆ ئەوەی هەنگاوی چاکسازی دەست پێ بکات، بۆیە ڕێژەی ٧٠% بۆ خانەنشینی پلە باڵاکان لەسەرۆکایەتی هەرێم تاکو بەڕێوبەری گشتی ڕێژەیەکی زۆرە پشتیوانی ئەو بۆچوونە دەکەین کە ئەم ڕێژەیە دەبێت کەم بکرێتەوە، بەشێوازێك کە ٥٠% تێپەڕ نەکات، هەروەها سەبارەت بە خاڵی سێیەم، ئەو سێ ساڵی خزمەتەی کە هەژمار دەکرێ داوا دەکەم کە تەواوی فەرمانبەران لە توێژی خانەنشینی بگرێتەوە، هەروەها ئەو پارەیەی کە دەمێنێتەوە یان دەگەڕێتەوە لە چوارچێوەی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە داواکارین کە مووچەی خانەنشینی پێ زیاد بکرێ، خانەنشینی مەدەنی و هەروەها مووچەی توێژی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان بکات و پێویستیان پێیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی کاتەکەت تەواو بوو، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بە پێی ئەم پرۆژە یاسایە لە ماددەی (٧) ڕێگە پێدانە کە پلە باڵاکان لە تەمەنی گەنجێتی دا خانەنشین بکرێن بە اختیار، بۆ نموونە من نوێنەری گەلم بە ئەرکێکی کاتی کە با بڵێین چوار ساڵ دەبێت بۆ بە مووچەیەکی زەبەلاح بە تەمەنێکی گەنجەوە خانەنشین بکرێم، من لێرەوە خانەنشینی خۆم ڕەد دەکەمەوە پابەندیشم بە پڕکردنەوەی ئەو فۆرمەی کەخانەنشین بوون ڕەد دەکەمەوە و پابەندیشم بە بەڵێنی خۆمەوە، پێشنیاز دەکەم خانەنشینی پلە باڵا هەڵبوەشێنرێتەوە، خاوەن پلە باڵاکانیش پاش تەواو بوونی ئەرکەکەی بگەڕێنەوە سەر وەزیفەی پێشووی خۆیان، ئەگەر بەراورد بکەین لە نێوان خانەنشینی پلە باڵا و خانەنشینی شارستانی بەداخەوە جیاوازیەکی زۆر بەدی دەکرێت، بە حوکمی ئەوەی ئەم پرۆژە یاسایە ناوەرۆکەکەی چاکسازییە و پێویستە هاوسەنگی مووچە لەم پرۆژەیەدا جێ بەجێ بکرێ، بە تایبەت لە بواری

خانەنشینی شارستانی کە کەمترین مووچەی خانەنشینی شارستانی لە (٥٠٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت، بۆ ئەوەی دادپەروەری بچەسپێت لە بواری خانەنشینی، خانەنشینی پلە باڵاکانیش تا ئاستی بەرپا بوونی عەدالەت کەم بکرێتەوە کە ڕێژەکەی ١٥% بێت، پێویستە دادوەرەکان ئەندامانی داواکاری گشتی بەدەر نەبن لەم پرۆژە یاسایە بە هەمان ئەم یاسایە خانەنشین بکرێن، ئەگەر یارمەتیم بدەی، پشتگیری لە ڕەئی کاك علی و کاك عبدالستار و کاك جلال دەکەم بە هەڵگرتنی بڕگەی دووەم و چوارەمی ئەم ماددەیە و پشتگیری لە شایان خان و گولستان خان دەکەم کە یاسایەکی یەکگرتووی خانەنشینی بهێنێتە پەرلەمان، بۆ ئەوەی جیاوازی لە نێوان چینایەتی یاخود یەکسانی و عەدالەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو شیرین خان سوپاس، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشتی بەڕێزان کاك عبدالستار و کاك علی حمە صالح و کاك جمال و کاك ئومێد دەکەم، هەروەها پێشنیار دەکەم ئەو بڕە پارەیەی لە پلە باڵاکان کەم دەکرێتەوە خانەنشینی (٢٢٠) هەزار بەرز بکرێتەوە بۆ لایەنی کەم (٣٥٠) هەزار دینار، مووچەی کەم ئەندامان ١٠٠% زیاد بکرێ، حەق وایە ئەو یاسایە حاکمەکانیش بگرێتەوە، جگە لەو حاکمانەی مەحکەمەی جینایات لەو یاسایە بەدەر بن، ئەوانی تر بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جوان خان فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بێمە سەر ئەو خاڵانەی کەتێبینم هەیە لە ماددە (٧) خاڵێکم کە باسی لێوە بکەم وەکو نوقتەی نیزامی، ......... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ناتوانی نوقتە نیزامی قسە بکەی بە تەنها قسەی خۆت بکە ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی ٧ ەوە هەیە، فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٧) بڕگەی (٢) من لەگەڵ ئەوەم کە بڕگەی (٢) لابردرێت لەو ماددەیە، کە باسی خانەنشینی دەکەین کە کەمترین ڕێژەی (٢٢٠) هەزارە ئێمە ئەو خانەنشینی پلە باڵاکان کەم دەکەینەوە فی سبیلی ئەوەی دوای ئەوە حکومەت دارشتنی خۆی بکات و خانەنشینەکانی تر

لەو پارەیەی کە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت زیادی بکات، بۆیە پێموایە کە ئەو ٧٠% یەی کە دیاری کراوە بۆ خانەنشینی پلە باڵاکان زۆر زۆرە لە ٥٠% تێپەڕ نەکات، ئەوە خاڵێکیان، خاڵێکی تر بڕگەی (٤) لە ماددەی (٧) باسی ئەو سێ ساڵە دەکات کە ئەگەر هاتوو (١٥) ساڵ خزمەتەکە نەگەیشتە (١٥) ساڵ سێ ساڵی دەدرێتی ئێمە لێرە کە باسی دادوەری دەکەین، ئەو سێ ساڵە بۆ بەخۆڕایی بخرێتە سەر خزمەتی فەرمانبەران، دەبێ سێ ساڵی خۆی بە تەواوەتی بە خزمەتی فعلی تەواو بکات، ئینجا خانەنشین بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم فەرمووو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماوەی ئەم دوو دەقیقەدا ڕێگەم بدەی پێش ئەوەی قسە لەسەر ئەم یاسایە بکەم، ڕوونکردنەوەیەکی هەر پەیوەندار بەو مەسەلەیە... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بە تەنها لەسەر ئەو ماددەیە، کاك مەم بە تەنها لەسەر ماددەی (٧) قسە دەکەین، فەرمووو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ لەسەر ماددەی (٧) دەیبەستمەوە بە کێشەیەکی هاووڵاتییەکەوە، تەبعەن ئێمە لە نهۆمی چوارەم باجیەکمان هەیە چایچییە نزیکەی (٣٠) ساڵ خزمەتی هەیە، پێش دانیشتنەکە بە منی وت ئەم یاسای خانەنشینیە چی لێ دێت؟ دەتوانین ئێمە بە چەند خانەنشین دەکرێین، یەعنی مەجموعەیەك منالی هەیە باجیەکی لەو شێوەیە بە (٣٠) ساڵ خزمەت بە دوو سەد هەزار خانەنشین بکرێت، بەڕاستی ئەوە ترۆپکی ناعەدالەتە کە من دەیبینم، جا قسەکەی من لەسەر چ شتێکە دەیگەڕێمەوە بەسەر مەسەلەی عەدالەت و ئەم دادپەروەریەی کە ئەم یاسایە داوای دەکات، لەناو ئەم یاسایە ئەگەر بمانەوێ دادپەروەری بکرێ من پشتیوانی لە هەموو بۆچوونەکان دەکەم ئەوانەی پلە نزمن بە داوای لێبوردنەوە مەبەستم پلە نزمن، ئەوانەی مووچەکانیان نزم دەبێ بە ڕادەیەك یەکجار زۆر بەرز بکرێنەوە، بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییەی کە هەیە لە نێوان پلە بەرزەکان و مووچە بەرزەکان و مووچە نزمەکان لە خانەنشینیەکانیان دا کەم بکرێتەوە، هەتا ئەو سپەیسە کەم بکرێتەوە ئەو کاتە دەتوانین قسە لەسەر دادپەروەری ڕاستەقینە بکەین، بە نیسبەت بڕگەی دووەم، تەبعەن من پشتیوانی لە بۆچوونەکانی پەرلەمانتار د.شێرکۆ جودت دەکەم هەروەها خاتوو سەرچنار و هەروەها کاك ابوبکر ئەوەی کە پەیوەندارە بە مەسائیلی خانەنشینی دەبێ بە پێی ئەو سیستمە بێ، ئەمەوێ پێداگری دەکەم لەسەر ئەوەی دەبێ بە پێی عیراق بێ کە بەشێکی زۆری لە دادپەروەری و عەدالەتی تیایە، لەسەر ئەو ڕێژەیەی کە لە خاڵی

یەکەم دا هاتووە ٢٥% چەندێکە پێشنیازیان کرد ١٥% من پێشنیاز دەکەم ئەمە کەم بکرێتەوە بۆ ٥% ئەم مووچەیە ئەگەر ٥% بێت خانەنشینی بۆ نموونە وەزیر و پەرلەمانتار تەنیا لەم ٥% دەکاتە (٤٠٠) هەزار دینار دواتر ساڵانی خزمەتی بۆ هەژمار دەکرێت، ئەوە بەشێك لەو سپەیسە کە ئاماژەم پێی کرد کەم دەکرێتەوە، ئەوە خاڵێك خاڵێکی تر ئەوەی کە من دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم بە نیسبەت بڕگەی (٤) بەڕاستی لەناو بڕگەی (٤) دا لە ئەو خاڵەی کە دەڵێ دەبێ (١٢) ساڵی هەبێ و ئەبێ سێ ساڵی بۆ هەژمار بکرێ، پێموایە موجامەلەیە و ئەوە بنەمای، ئەم سێ ساڵەش نەهێڵرێت، بە نیسبەت مووچەی خانەنشینی پەرلەمانتار تا چەندە مەجالی تیایە ئەوانەشی کە موستەحەقن (١٥) ساڵ و (٤٥) ساڵیان تەواو کردبێ کە بە پێی یاسای خانەنشین، چەند مەجالی تیا هەیە کەم بکرێتەوە، من پشتیوانی دەکەم و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو هەموومان ئاگادارین لە ئێستادا تەمەنێکی زۆر نییە کە قەیرانمان بەجێ هێشتووە لە هەرێمی کوردستان و دۆخێکی ناهەموار لەپێشە وەکو ڕەفیقەکانم پێشتر باسیان کرد، سەرباری ماندووبوون و هەوڵ و جۆش و خرۆشی هەموو لایەنێك بە تایبەتی لیژنەی دارایی و لیژنە تایبەتمەندەکان، بەم پرۆژە یاسایەوە توانرا زۆربەی زۆری خواستی گەلی کوردستان لێرەدا جێگەی بکرێتەوە، سەرباری ئەمانەش من وەکو خۆم وەکو پەرلەمانتارێك هێشتا باوەڕم وایە کە بڕگەی دووەم لە ماددەی (٧) بڕگەیەکی زیادەیە و ناعەدالەتیەکی یەکجار زۆر لە پرۆژە یاسایەکەدا بەدی دێنێت، بەو پێیەی کە مووچەکان ئەوەی کە ئێستا وازحە و وجودی هەیە، بە ٧٠% و هەروەها ئاسایشێکی هێزەکانی ناوخۆ بە (٢٥٠) هەزار دینار پێموایە نا عەدالەتیە، یەکجار زۆرەو پێموایە لە هەمان کاتدا ئەمە جیاوازیەکی یەکجار زۆرە، بۆ دەستەبەر کردنی عەدالەت و دادپەروەری وەکو یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی یاسایەکەدا هاتووە لە سەرەتا دا من سەرلەبەری ماددەکە ڕەد دەکەمەوە، لەگەڵی نیم بە هیچ شێوەیەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٧) بۆ ڕێژەی مووچەی خانەنشینی پلە باڵاکان، پشتگیری لە وتەکانی بەڕێز مامۆستا عبدالستار و کاك علی حمە صالح و کاك جمال دەکەم، هەروەها پشتگیری بەڕێز کاك ئومێد خۆشناو دەکەم لەوەی کە خانەنشینی ئەوانەی کە خانەنشینیەکەیان کەمە، داوا لە حکومەت

دەکەیـن کە بەو ڕادەیەی کە توانایـان هەیە زیـادی بـکەن، هەروەهـا بـۆ مـووچەی خانەنشـینی دادوەرەکان هیوادارم ئەویش بکرێتە نا ئەم پرۆژەیەوە و پشتگیری لە وتەکـانی بەڕێـز د.شـێرکۆ جودت دەکەم لەگەڵ د.محـی الـدین، هەروەهـا پشـتگیری لەبەڕێـز کـاك دابـان محمـد دەکەم، بـۆ ئیـزافە کردنـی مـاددەیەك کە ئیـزافە بکـرێ لەم پـرۆژەیە بـۆ وەرگـرتنەوەی قەرزی حکـومەت لە کۆمپانیاکـان، هەروەهـا پشـتگیری بەڕێـز د.شـایان دەکەم بـۆ هێنـانی یاسـایەکی یەکگرتـووی خانەنشینی سەرجەم پلە وەزیفیەکان بە یەك سیستم خانەنشین بکرێن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گولیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی چاکسازی مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، پەیڤەکە لەسەر زاری هەمی خەڵکێت کوردسـتانێ هەیە، ئەم دشێت بێژین ڕۆژانە وێ بەحسێ تێتە کرنێ ئەڤە چەندین سـاڵە ئەم بێـژین چاکسـازی دکەیـن، ئەڤـرۆ ئەو رۆژایـا هەنـدێیە ئەم چاکسـازیی لڤـێ پـرۆژێ دا دەسـت بەسـەر بکەیـن و بچەسـپینین، عەدالەتیـی بەینـا کۆمەڵایەتیـا و ئیجتمـاعی ئەم بەرجەسـتە بکەیـن، عەدالەتیـێ بەرجەسـتە بکـین، ئەڤـرۆ ئەو ڕۆژە ئەڤـرۆ دڤێـت ئەم هەمـی یەك دەسـت و ب شـەفافیەت و بە عەدالەت و براستی و درستی ئەم عەدالەتێ بزڤرینەڤە و خەڵك باوەڕیا خەڵکـی ب حکـومەتێ و پەرلەمانێ بزڤریتەڤە، ئەز تەئیدا ئاخافتنێـت کـاك ئومێـدی و کـاك علـی و کـاك عبدالسـلام دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیری تەواوم بۆ بۆچوونەکـانی بەڕێـزان کـاك ئومێـد و کـاك جمـال و کـاك علـی و کـاك عبدالسـتار، لەبەرئەوەی ئـێمە ئامانجمـان لە پـرۆژە یاسـایەی چاکسـازیە دا تەحقیـق کردنـی دادپەروەرییە، بۆیە لێرەدا من پێشنیار دەکەم کەوا ئەو جیاوازیە زۆرەی کە لە نێوان خانەنشینی پلە باڵاکان و خانەنشینی فەرمانبەران لە پـلە گشـتیەکانی وەزیـفە لەسـەر میلاکـی شارسـتانی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشـی نـاوخۆ و پێشـمەرگە دا هەیە نەمێنێـت، منـیش پێشـنیار دەکەم مووچەی هەموو زەمیلەکانم هاوپیشەکانم بە منیشەوە سفر بکرێتەوە و مانگانە ئـابوونەیەکیش بدەین بە وەزارەتی دارایی، ئامـاژە بە بـڕگەی (٤) لە مـاددەی (٧) پـرۆژە یاسـایەکە دا هـاتووە کە حوکمەکانی ئەم ماددەیە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە بـڕگەی یەکەمـی سـەرەوەی ئەم مـاددەیە ئاماژەیـان پێـدراوە، لە پـێش بەرکـار بـوونی ئەم یاسـایە خانەنشـین بـوون و پێویسـتە

خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم یاسایە، بۆ ئەوانەشیان کە خزمەتی خانەنشینیان نەگەیشتووەتە (١٥) ساڵ ئەوا تاوەکو سێ ساڵ دەخرێتە سەر خزمەتەکەیان، بۆ ئەوەی بگەنە تەمەنی خانەنشینی، بە مەرجێك بڕی خانەنشینی ئەو ماوەیە بدات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، مەبدەئێکی عامی قانونی هەیە کە دەڵێ (لاتسري القانون على الماضي)، واتا یاسا ناگەڕێتەوە بۆ رابردوو، جگە لە یەك ئیستسنا نەبێ، (اذا كان القانون اصلح للمتهم) واتا ئەگەر یاسایەکە دەرچوو لە بەرژەوەندی موتەهەم بێت، یاسا پێشتر ئەو مافەی بە پلە باڵاکان و تایبەتەکان داوە کە دەکرێت ئەو خانەنشینانەی کە پێشتر یاسا حەقی پێداون ئەسەری ماددی لەسەری کەڵەکە ببون، ناکرێت ئێستا ببورە دکتۆرە پەیامەکەم نەگەیاندووە، ناکرێت ئێستا ئێمە یاسایەك بێتو یەکسەر ئەو حەقە ببڕێت بێ ئەوەی مراعاتی زروفی ماددی و مەرکەزی و ئەسەریان بکرێت دەکرێت، باشتر وایە عەدالەتی زیاتریشی تێدایە کە بڵێین لەمەودوا خانەنشینی بوون نەما قەتعیەن، بەڵام ئەسەری رەجعی نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو مەبدەئەی جەنابت باسی دەەکەی ئەوە بۆ قانونی جینائیە لە دەستووری عیراقی دا بە وازحی هاتووە، قەوانین ئەسەری رەجعی نابێت گەر بە نەص نەبێ، نەص هەیە و ئیلا بە قانوون ئێمەش بە قانوون ئەسەری رەجعی دادەنێین، مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەمرۆ هەمووومان کە لێرەین خەڵك چاوێکی زۆری لەسەر ئەم پرۆژەی چاکسازییە هەیە کە لابردن و رەد کردنەوەی خانەنشینی پلە باڵاکانە هەم لە وەزیر و هەم پەرلەمانتار و وەکیل وەزیر سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی و ئەوانەی کە ناوی پلە تایبەتیان هەیە، ئێمە پێشنیاز دەکەین کە خانەنشینی ئەمانە نەمێنێ، جگە لەوەی کە ساڵانی خزمەت و مەرجی تەمەن وەکو بەغدا (٤٥) ساڵ و (١٥) ساڵ خزمەت هەبێ، ئەویش ڕێژەکەی کەم بکرێتەوە بەو ڕێژە زۆرە نەبێ، چونکە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان دا، بەڕێزان ئێمە دەبێ خۆمان ویژدانمان قبوڵ نەکات کە بەم شێوەیە و بەو بڕە پارە زۆرە پلە باڵا خانەنشین بکرێت، ئەو مامۆستایەی کەمنی پەروەردە کردووە، ئەو پێشمەرگەیەی کە سنگی بە گولە وەیە گوناح نییە ئەو بە بڕێکی کەم خانەنشین بکرێت یاخود ئاسایشێك و ئەوانەی هێزەکانی ناوخۆ بە (٢٢٠) هەزار کەم ئەندامێك کە توانای کارکردنی نییە، بڕە پارەیەکی کەم گوناح نییە ئەوان ئەوەندە وەربگرن و ئێمە ڕێژەیەکی زۆر، داوا دەکەم کە ئەوە نەمێنێ، بەڕێزان بەشێکی زۆری لە پەرلەمانتاران دکتۆری تێدایە، مامۆستای زانکۆی تێدایە،خاوەن کاری باشی تێدایە، وەبەرهێنی تێدایە، هەیە کۆمپانیای حەج و عومرەی هەیە، هەیە مامۆستای جامیعەیە، دەتوانن ئەمانە بچنەوە سەر کارەکانی خۆیان، بەشێکی زۆریان کە وەزیفەی حزبیان هەیە پلەی حزبیان هەیە، پێشتر مووچەخۆری حزب بوون، تکایە من ڕووم لە هیچ لایەنێك نییە، مەبەستم ئەوەیە

هەموومان دەتوانین بچینەوە سەر کارەکانی پێشوومان، من کە کاتێك ئەوە دەڵێم بۆ خـۆم هـیچ کارێکم نەبووە، من دەرچوویەکی دانەمەزراوم، هیچ کارێکم نییە، هیچ پێشینەیەکم نییە، عەفـو دوو دەقـیقەکەم تەواو نەکـردووە، ببـورە دکتـۆرە، مـن پێشـنیاز دەکەم، ئەو بـڕە پـارەیەی کە لە خانەنشینی ئێمە کە داوا دەکەین خانەنشینی پلە باڵا نەمێنێ بەدەر لە ساڵانی خـزمەت و تەمەن، بکـرێتە سـەندوقێکەوە دەرچـووی دانەمەزراوی پـێ دابـمەزرێ، فەرمـانبەری گرێبەسـتی پـێ دابمەزرێ، مووچە و ژیانی پێشمەرگە و ئەو چینە هەژارەی پێ بگۆڕدرێت، سەبارەت بەو فـۆرمە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، .......... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ فۆرمێکمان نییە مژدە خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەکەم فۆرمێك بە شێوەیەکی یاسایی و قانونی دابندرێت، ئامادەم یەکەم کەس بـم ئیمزای بکەم، بۆ ئەوەی هەموومان شکۆیەکی جوان بۆ ئەو پەرلەمانە بگێڕینەوە، بیسلەمێنین بۆ خەڵك کە ئێمە بۆ ماف و ئیمتیـازاتی خۆمـان نەهـاتووین، هـاتووین داکـۆکی کـاری سەرسـەختی مافەکانی خەڵك بین، سوپاس، ببورە پشتگیری قسەکانی د.کاظم و کاك کاوە دەکەم، هەمـوو ئەو بەڕێزانەشی کە لە مەسلەحەتی خەڵك قسـە دەکەن، یەعنـی ئەوانەی کە لەگەڵ ئەوە دابـوون کە خانەنشینی پلە باڵا نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

هەموو لە مەسلەحەت قسە دەکەن، باشە سوپاس، کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من دەست خۆشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، دوای سی ساڵ گەندەڵی ئێستا بێت چاکسازی بکات، بەڵام بەڕاستی خوشك و برایان ئەگەر ئێمە بمانەوێ ئەو چاکسازییە بکەین بە فەوزا و بە فەرتەنە نابێ، دەزانی ئەگەر ئاگاتان لێ بێ لەناو بازاڕی من تاقە ئەنـدام پەرلەمـانم کە ڕۆژانە دەچـمەوە نـاو بـازاڕی پیاسـەی لەگەڵ خەڵـك دەکەم، دەزانـی خەڵـك پـارەی بەرمـیلە نەوتێکی نییە، ........ .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

خەڵکی تریش دەچێتە بازاڕ کـاك یاسـین تکـایە، واز لە یەکتـری بێـنن بەس باسـی خۆتـان بـکەن، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پـێش ئەوەی بـێمە پەرلەمـان، پەنجـا و دوو ڕۆژ لە دژی ئەو حکـومەتە لەسـەر جـادە بـوومە، ئەگەر مەخسەد ئەوەیە، من دەڵێم ئەو پڕۆژەیە مادام هاتووە لە خزمەتی میللەت داو هەمووما

وەكو خوشك و برا با بەڕێی بكەین بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتی گەل و نیشتمانی پێ بكەین، خەڵكی كوردستان بێزار بوو لە بێ ئاوی لە بێ نانی لە بێ مەعاشی و لە شەڕی، هەر هەموومان خاوەنی شەهیدین و خاوەن پێشمەرگەین، یەعنی با برایەتی بڕوات، پێشنیاری من ئەوەیە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، یەكەم پێشنیاری من ئەوەیە ئەو كەسانەی كە بە قرار خاص خانەنشین كراون، لەلایەن هەر لایەنێكی سیاسیەك ئەو خانەنشینیە هەڵوەشێتەوە، پێشنیاری دووەمم ئەوەیە دادوەرە بەڕێزەكان بۆ لەگەڵ دانین؟ پێشنیاری سێیەمم ئەوەیە كە كەمترین مەعاش كە كەسێك خانەنشین دەكرێت لە (٥٠٠) هەزاری كەمتر نەبێ، جا حكومەت چۆن ڕێكی دەكات كەیفی خۆیەتی، پێشنیاری پێنجەمم ئەوەیە كە زۆر كەس بە جیا جیا خانەنشین كراوە كەس نازانێ هەر یەكەو بە پلەی باڵا ..... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك یاسین باسی ماددەی (٧) بكە، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە هەمووی تێدایە من ناچمە سەر ماددە بە ماددە، بەڕاستی، یەعنی ئەو هەموو ماددانە هەر كەسە و دەڵێ ئەو ماددەیە و ئەو ماددەیە، من باسی خودی پرۆژەكەی دەكەم، پێشنیاری شەشەم ئەوەیە هەر كەسێك كە خانەنشین كرا، دوایە وەزیفەیەكی دیكەی نەدرێتێ، ....... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ كاك یاسین ماددە، ماددە گفتوگۆ دەكەین، جەنابتان دەبێ پابەند بن بە ناوەڕۆكی ماددەی (٧) لەوە زیاتر نابێ هیچ شتێك بڵێین، سوپاس، تەواو فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باشە مشكلە نیە، زۆر قسەیان كرد، بەس پشتگیری ئەو برادەرانە دەكەم، كاك علی و كاك عبدالستار و كاك ئومێد خۆشناو و ئەو بەڕێزانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی (٧) بڕگەی یەكەم، هاوڕام لەگەڵ پشتیوانی ڕایەكەی كاك د.شێركۆ و كاك د. محی الدین دەكەم بۆ ئەوەی كە سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری و دادوەران و ئەوانەی بە پلەی ئەوانن داخڵ بكرێن، هەرچەندە بە پێی ئەوەی كە من دەستم كەوتووەئەو ژمارانەی لەسەر مووچەی خانەنشینی ئەوان دەوترێت بەرزترینیان كە چەند كەسێكی كەمی ئەنجومەنی دادگای تەمیزن (٩) ملیۆنە، ئەوانی تریان (٤) ملیۆن و نیوە، بەڵام بۆ بەشداری لە چاكسازی و كەم

کردنەوەی ئەو ڕێژەیەی مووچەی پلە باڵا بۆ ئەوەی ئەوانیش بەشدار بن کە من دڵنیام کە ئەوە ڕەد ناکەنەوە ئەوانیش، سەبارەت بە بڕگەی دووەم خاڵی سێیەم، منیش هاوڕام لەگەڵ هەموو ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەی کە ڕێژەکە ٧٠% تێ نەپەڕێ بێتەوە بۆ خوارەوە، بڕگەی (٤) کە دەڵێ حوکمەکانی ئەم ماددەیە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە لە بڕگەی (١) ی ماددەی (٢)، ئەم ماددەیە هاتوون، کەواتە فەرمانبەرانیش دەگرێتەوە، من وای لێ تێ گەیشتووم، ئەگەر وا نییە داوا دەکەم لە وەزیرە بەڕێزە پەیوەندارەکان وەڵامم بدەنەوە، مادام دەڵێت بڕگەی (٤) کە دەڵێ ئەم ماددەیە هەموو ئەو کەسانەش دەگرێتەوە، کەواتە خەڵکی تریش دەگرێتەوە، واتا فەرمانبەرانیش دەگرێتەوە کە سێ ساڵەکەیان پێ دەدرێ، داواکارم بڕگەیەکی تر زیاد بکرێ، بەم جۆرە پێشنیار دەکەم و بە نووسراویش دەیدەم بە لیژنە پەیوەندارەکان، بڕگەی (٥) زیاد بکرێ بنووسرێ لەبەر ڕۆشنایی ئەو بڕیارەی کە لە کەم کردنەوەی خانەنشینی پلە باڵاکان دەگەڕێتەوە خەرج دەکرێ بۆ زیاد کردنی هاوکاری کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستییەکان و دەست پێ کردنەوەی هاوکاری تۆڕی کۆمەڵایەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شێخ ظاهر فەرمووو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، لەبەرئەوەی لە مەبادئی ئەساسی ئەم یاسایە هاتووە، باسی دادپەروەری دەکات لە نێوان مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، دادپەورەیش بەوە دێتە دی کە ئەو جیاوازیەی کە هەیە لە مووچە لە نێوان پلە باڵاکان و پلە نزمەکان کەم بکرێتەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم بڕگەی دووەم لەو ماددەیە کە باس ٧٠% ی کۆی مووچە و دەرماڵەکان دەکات ئەو بڕگەیە بە تەواوی لابربدرێت، ئەمە خاڵێکیان، خاڵێکی تریشیان بڕگەی (٤) دەڵێت حوکمەکانی ئەم ماددەیە هەموو ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە لە بڕگەی یەکەمی سەرەوە ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێدراوە و لە پێش بەرکار بوونی ئەم یاسایە خانەنشین بوون، پێویستە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم یاسایە، ئایا خۆ گونجاندن مەبەست لە خۆ گونجاندن لێرە چییە؟ چۆن خۆیان بگونجێنن ئەوانە؟ بەشێکی تریش ئەوەیە ئەوانەی خزمەتی خانەنشینیان نەگەیشتووەتە (١٥) ساڵ ئەوا تاوەکو سێ ساڵ دەخرێتە سەر خزمەتەکانیان، بۆ ئەوەی بگەنە تەمەنی خانەنشینی بەمەرجێك بڕی خانەنشینی ئەو ماوەیە بدات، من لێرە پێشنیار دەکەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە بەشێکی تری ئەم بڕگەیە هاتووەو باس لەوە دەکات کە (٣) ساڵ خزمەت بخرێتە سەر خزمەتی ئەو کەسانەی کە مودەی خانەنشینیان تە واو نەبووە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ئەمە شتێکی باشە، لەبەرئەوەی کەسێك ئەگەر (٦٣) ساڵ عومری بێت، یەعنی چ تاوانێکی نییە کە نەگەیشتووەتە (١٥) ساڵ، یەعنی دوو، سێ ساڵی کەم بووە،

داوا دەکەم لێرە هەموو فەرمانبەرانی شارستانی بگرێتەوە ئەم بڕگەیە لەگەڵ پلە باڵاکانیش، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مەلا احسان فەرموو.

**بەڕێز احسان محمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناڤی خوایی مەزن و دلۆڤان، من دڤێت سەر ماددێ (٧) سێ خاڵا بەحس لێ بکەم، یەکێ/ داخازا هەمی خەڵکی کوردستانێ چاکسازی و نەهێلانا گەندەڵی بوو، ئەڤ پرۆژە پرۆژەکی نیشتمانییە، یەکەم پێنگاڤە بۆ چاکسازیی کو هەمی خەڵکی کوردستانێ د ژ ڤێ پرۆژێ وەرگرنەڤە، لەوما دڤێتن ئەم هەمی کەس و تاخ و چین ل ڤێ وڵاتی دا پاڵپشتیەکا ژ دڵ ل ڤی پرۆژی بکەین، خاڵا دوویێ/ ژ بۆ خانەنشینا کەسانێن پلە باڵا دڤێت ئەندام پەرلەمان لڤێ هۆڵا پەرلەمانی دا ل خۆ دەست پێ بکەین، لەوما دبێژم پاڵپشتیا پێشنیارەکا کاك ئومێد و کاك علی و مامۆستا عبدالستار دەکەم کو ل ڕێژا ١٥% ی دەست پێ بکات و ٥٠% ی ژی دەرباز نەبیتەڤە، خاڵا سێ/ من دڤێت ئیشارەتێ پێ بدەم، ئەو ژی ئەڤەیە نە بەس خانەنشینا پەرلەمانتار و پلە باڵا ل خانەنشینا فەرمانبەرێ عادی بەرزتر و زیاترە، بەڵکی موچێت مە ژی زیاترن، ئەز وەك مامۆستایەکی ئایینی پێشنیار دکەم وە یەکەم کەس بم ژ وی هۆڵا پەرلەمانێ دا شینا ئەم بێژین خانەنشین پشتی سێ، چارساڵا دی و دە ساڵا دی کەنگی خانەنشین بم کەرەمکەن وەرن هەر یەك ژ مە ل کیڤە هاتییە ئەز وەك مامۆستایەکی مووچەیی من ملیۆنەك و شەست هەزار بوو موستەعدم ل ڤێ هەیڤێ دەست پێ بکەم هەفتیا بێت ئەگەر موچێت مە بن کەرەمکەن وەرن پێکڤە ئەمی دبێژم ڤی خانەنشینێ ڕەد دکەین، وەرن بێژن مە موچەیێ خۆ ل کیڤ هاتینە ب تەنێ وەرگرینەڤە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارێ ماددێ ٧ من دڤێت وێ چەندێ دیار بکەم، ئەگەر ڕاستە ئەم بەحس ل چاکسازیێ دکەین، ئەگەر ڕاستە مە دڤێت چاکسازیێ بکەین و ئومێدەکی ژ بۆ خەڵکی بزەڤرین کو دەنگێ خۆ دامە ئەڤرۆکە نوێنەرایەتیا ل ناڤ هۆڵا پەرلەمانێ کور دستانێ دا ڕەنگە ژ وێ دەست پێ بکەین هەڵوەشاندنا خانەنشینیا پلەیەن باڵا بە شێوەیەکی گشتی، ژ بۆ یەکێ ئەو پارێ کو ژ ڤێ چەندی دزڤریت و ئەو کوژمەیەش ژ ئەنجامێ ڤێ چاکسازیێ دزڤری بۆ حکومەتێ بچینە سەر موچەیێ خانەنشینین مەدەنی، مووچەیێ خانەنشینێ هێزێن ئاسایش و ناوخۆ ژ بۆ یەکێ

ژیانەکا شایستە دەرباز بکەن و بشێن ئەو خانەنشینا ژ وان تێدا دابین کرن ژیانەکا شایستە دەرباز بکەن، لێ نە ئەو کوژمێ ل ئەنجامێ ڤێ چاکسازیێ ژی دهێتە دیار کرن، دیار نەبیتن چ ل وی کوژمێ هاتی و بکیڤە گەشت، کو داهاتێ ناڤخۆ وەکو داهاتێ سامانی سروشتی و وەکو داهاتێن گشتی هەرێما کوردستانێ کو هەتا نوکە ژی کەس نزانی بکیڤە دچیت و چەندە داهاتێ هەرێما کوردستانێ بەشێوەیەکی گشتی ب داهاتێ نافتێ و ب داهاتێ ناڤخۆڤە پشتگیریا گوتنێ کاوە عبدالقادر و د.کاظم دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ناوەرۆکی ماددەی (٧) زۆر بە گرنگ دەزانین لەو یاسایەی یاسای چاکسازی کە لە کابینەی نۆیەم لەبەرنامەی حکومەت دابووە چاکسازی بکات، بۆیە من لەگەڵ کەم کردنەوەی ڕێژەی مووچەی خاوەن پلە باڵاکانم هاوڕام لەگەڵ کاك ئومێد و پاڵپشتی لێ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شادی خان فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاز دەکەم لە ماددەی (٧) بڕگەی یەکەم، دادوەرانی ئەنجومەنی دادوەری و دادوەرانی گشتی و موشریف قەزائیەکانیش ئاد بکرێن، بۆ هەمان پێشنیاز پێشتگیری لە هەموو ئەو هاوکارانە بەڕێزانەم دەکەم کە پشتگیری دەکەن و داوای ئەو خاڵەیان کردبوو کە دادوەرانیش بگرێتەوە، هەروەها شارەزایانیش لە خاڵی یەکەمدا زیاد بکرێ، تاوەکو شارەزایانیش لە هەرێمی کور دستان بە هەمان یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ماددەی (٧) ئەو ماددەیەیە کە باس لە بابەتێکی زۆر گرنگ و چارەنوسساز دەکات کە مەسەلەی خانەنشینی فەرمانبەر و پلەی وەزیفیە، جا چ فەرمانبەری یاسایی بێ و چ پلە تایبەت و پلە باڵاکان بێ دەیانگرێتەوە بەڕاستی، من نیەتێکی باش دەبینم لە دڵسۆزی بۆ نەهێشتن و کەم کردنەوەی ئەو جیاوازییە زۆرەی کە لە ڕێژەی خانەنشینی دا هەیە، بۆیە من کێشەیەکی زیاتری خانەنشینی لەوەدا دەبینم کە ئەسڵەنە پلە باڵاکان موچەشیان زۆرە بۆیە لە خانەنشینیش

دا کێشە دروست دەکات، ئەم یاسایە و ئەو ماددەیە بە دەستپێکی گرنگی دەبینم بەسەرەتایەك کە ببێ بەڕاستی بە بنەمایەکی زۆر گرنگ لە نەهێشتنی ئەو جیاوازیە زۆرەی کە لە مووچەی خانەنشینی دا هەیە، بۆیە بەڕاستی من دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی بەڕێز مامۆستا عبدالستار و کاك ئومێد و کاك جمال، ئومێد دەکەم ئەم یاسایە و ئەو ماددیە و لەمەودوا لە دەرچوونی ئەو یاسایە ببێتە بنەمایەك بۆ بەرقەرار کردنی دادگەری لە نەمانی ئەو جیاوازیە زۆرەی کە لەموچەی خانەنشینی دا هەیە، هەر بۆیە داوا دەکەم لە ڕێگەی ئەم یاسایەوە دوای نەهێشتنی ئەو جیاوازیە زۆرە لە خانەنشینی ئەو داهاتەی لێوەی دەگەرێتەوە دەست دەکەوێ بخرێتە سەر مووچەی کەم خانەنشینیەکان تا لە نەهێشتنی ئەو جیاوازیە و ئێمەش دڵسۆزیەکەمان بگاتە شوێنی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، نابێ ئەمەش بیدعەیەکی ترە نابێ، دەرفەتی یەکێکتان بدەم ئیستسنا بۆ یەکێکتان بکەم دەبێ بۆ ئەوی تریشتانی بکەم، لەبەرئەوە نییە، لەوانەیە قسەکەت زۆر زۆر موهیمیش بێ، بەڵام ناتوانم ڕێگەت بەم، خاتوون گیان بۆ ئەندامی لیژنەی قانونی تۆ مافی قسە کردنت هەیە ئەگەر ناوت نووسی بێ، یەعنی با واز لەم ئسلوبە بێنین کەوا دەکرێ ئێمە ناهێڵین جەنابتان قسە بکەن، ئەمە قائیمەکەیە، ناوی جەنابتی تیا نییە، ناتوانی دواتر بە نامە ناوم بۆ بنێری، فەرموون کاك زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، لەڕاستی دا من دەمەوێ ڕوونکردنەوەیەك بدەم، لەبەر ئەهمیەتی ئەم ماددیە کە هەموو دەزانین لە کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هاتۆتە خولی پێشووی پەرلەمان، ئەو پرۆژە قانونە لە پەرلەمان ماوەیەکی زۆر مایەوە و مشومڕێکی لەسەرە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و لەسەر ڕای گشتی هەرێمی کوردستان زۆر دروست کرد، بەداخەوە ئەم یاسایە تێ نەپەڕی، ئەمە لە دڵی یان لە زهنی هەموو هاووڵاتییەکی هەرێمی کوردستان مایەوە، تا خولی پێنجی پەرلەمانی کوردستان و دەست بەکاربوونی کابینەی نوێی حکومەت، دیسانەوە دەیڵێمەوە لەبەر ئەهمیەتی ئەم پرۆژە یاسایە ئەو هێزە سیاسیانەی کە ئێستا لە حکومەت بەشدارن بە تایبەت سێ هێزە سەرەکیەکە پارتی و یەکێتی و گۆڕان، هەموو لە ئیتفاقیەکان دا باسی پرۆژە یاسای چاکسازی کراوە، بەشێوەیەك کە هەموو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان چاوەڕێ بوون ئەم پرۆژەیە بێتە پەرلەمان بە دڵێکەوە کە ئەمە دەتوانێ خزمەت پێشکەش بە خەڵکی کوردستان بکات، ئێمەش لە هەموو فراکسیۆنە جیا جیاکانی پەرلەمانی کوردستان بە پەرۆشەوە چاوەڕێ بووین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم پرۆژەیە بنێرێتە پەرلەمان، بۆیە هەر لەبەر ئەهمیەتی ئەم پرۆژەیە بۆ ماوەیەکی زۆر حکومەتی هەرێمی کوردستان خەریکی وردەکاری و دیراسەکردنی ئەم پرۆژەیە بوون، لەبەرئەوە ئێمە بە

پێویستمان که ئەم پرۆژەیە ئەهمیەتێکی زۆر زۆر بەم پرۆژەیە بەین، بتوانین بەشێوەیەك بێ که ببێتە دەستکەوتێك بۆ ئەم خولەی پەرلەمان و بتوانین ئەم پرۆژەیە تێ بپەڕێنین و بتوانین هەنگاوی یەکەم بێ بۆ چاکسازی و کە ئومێدی زۆرمان هەیە لە کۆبوونەوەکان لەگەڵ حکومەت و لەگەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرە بەڕێزەکان باسمان کرد کە چاوەڕێی ئەوەیان لێ دەکەین هەنگاوەکانی دیکەی بەدواوە بێ تاوەکو ئەوەی لە مەسەلەی داهاتیش چاکسازی بکرێت، لەناوئەم پرۆژەیەش دا یەکێك لە خاڵە یان لە مادده ئەساسیەکانی کە مشتومڕێکی زۆر زۆری لەسەر بوو کەچاوەڕێی ئەوە بووین کە بە ئاسانی تێ نەپەڕێ هەمووومان ترسێکی زۆرمان لێی هەبوو کە ئەم ماددەیەی کە ئێستا لەم راپۆرتەی لیژنەی دارایی و لیژنەی هاوبەش کراوەتە ماددەی ٧ ئەمە ئێمە کاتێك لە لیژنەی دارایی هاتینە سەر گفتوگۆ کردنی ئەمە برادەران حەز دەکەم بە وردی گوێتان لەمە بێ تا ئەم دەقەیەی کە ئێستا ئێمە دانیشتووین تیایدا شەست و هەشت سەعات و نیو لیژنەی دارایی ئێمە لە کۆبوونەوە بووین، مشتومڕێکی زۆر زۆر لەسەر ئەم ماددەیە کرا، ئەگەر بهاتایە سەر ڕەئی لیژنە بەڕێزەکە کە بریتیە لە (١١) ئەندام پیشەییانە و ویژدانیانە قسەمان لەسەر بکردایە ئەوەی کە تەسبیت کراوە، ئەوەمان تەسبیت نەدەکرد، بەڵام بە موافەقەتی تەبعەن هەر سێ فراکسیۆنی کە بەشدارن لە حکومەت ویستمان بە شێوازێك ئەمە ڕێك بخەینەوە کە دەرچەیەك و دەرفەتێك بهێڵینەوە بۆ ئەوەی لەناو هۆڵی پەرلەمان دا بۆ ئەوەی لێرە گفتوگۆی تێروتەسەلی لەسەر بکەین کە هەمووومان قەناعەتمان بەوە هەبووە کە ئەم پێشنیارەی کە حکومەت ناردوویەتی پێویستە کەم بکرێتەوە، بەڵام بۆیە ئێمە بە تەواوەتی ئەوەمان تەسبیت نەکرد، بۆ ئەوەی دەرچەیەك هەبێ بۆ ئەوەی لێرە گفتوگۆی لەسەر بکە ین بە تایبەتی لە نێوان فراکسیۆنەکان دا بە تایبەتی ئەو فراکسیۆنانەیکە لە حکومەت بەشدارن، فراکسیۆنەکانی معارەزەش پێکەوە بتوانین بە هەمووومان ڕایەکی ئیجماعی بۆ بکەین بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەك بێ کە ئەم یاسایە تێ پەڕێنین، هەم ڕوو سوور بین لەبەردەم میللەتەکەمان، هەم بتوانین خزمەتێکی زۆریش بکەین، من ویستم ئەو ڕوونکردنەوەیەتان بدەمێ کە ئەوەی کە تەسبیت ببوو لە ناو ڕاپۆرتەکە ئەوە بە ڕایەکی پیشەییانە و ویژدانیانەی لیژنەی دارایی نەبووە تەنها ئەوە بووە کە ئەو درەچەیە بهێڵینەوە لێرە گفتوگۆی لەسەر بکرێ، پێکەوە بین، بتوانین ئەو مووچەیەی کە هەمووومان قەناعەتمان پێیەتی لێرە دابەزێنرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك هیڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لەسەر ئەوەی پەیوەندی بەم بابەتە هەیە، لەگەڵ بەڕێز وەزارەتی دارایی قسەمان کرد، کە هەموو ئەوانەی لە پلە باڵان ئێستا ئەوانەی لە کارکردنن و ئەوانەی کە تەقاعد بوونە، مانگانە لە کۆی ( ٨٩٥ ملیار/هەشت سەد و نوەد و پێنج ملیار دینار) کە حکومەت مووچە دە داتە خەڵکی

هەرێمـی کوردسـتان دە ملیـاری ئەوانە، واتـا ئەگەر ٥٠% کەم دەکەیـنەوە، (٥) ملیـار دینـار بـۆ خەزێـنەی هەرێمـی کوردسـتان دەگەڕێـتەوە، ڕەنـگە ئەم ڕەقەمە کەم بـێ یـان زیـاد بـێ، مـن پێنشیارێکم هەیە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان لە ڕێگەی ئەو ماددەیە وە دەتـوانم بـۆ ئاییـندەی کوردسـتان زۆر سـوودی لـێ وەربگـرین، لە جیـاتی ئەوەی بیکەیـنە مـووچەیەکی کەم بدرێـتە ئەوانە، مـن لەسـەر ئەم قـانونە بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان سـێ کتێـبم خوێنـدووەتەوە لەسـەر عەدالەت و لەسـەر کە چاکسـازی دەکەی چـی لەو پـارەیە دەکەی، پێشـنیار دەکەم بەم شـێوەیە بەڕێـز سـەر ۆکـی پەرلەمـان، لە کـاتی گەڕانەوەی پـارەی هـی پـلە باڵاکـان تەنیـا، ئـێمە هەرێمـی کوردستان پێوەری زانستی لە هەموو دنیا سێ پێوەری سەرەکی هەن، (ئـای تـی، زانسـت سـاینز، بیرکاری) و فرۆکەوانـی و ئیسـلاحی ئیـداریش دەتـوانین لێـی زیـاد بکەیـن لەگەڵ دوو و سـێ لە باشترین زانکۆکانی دنیا ڕێککەوتـن بکەیـن باشـترین قوتابیەکـانی ئێـرە کە پێـوەر دابنـدرێت بـۆ هەڵبژاردن بچنە ئەوێ علم بۆ هەرێمی کرودستان بێنن، خۆمان پێش بخەین، ئەمانە لایەنـی کەم دە ساڵ خزمەت بکەن بۆ هەرێمی کوردستان دەتوانن هەم خەڵکی کوردستانیش پێی سوودمەند دەبێ هەم ئاییندەیەکی باشتریش دەبێت لە داهـاتی ئەو مـووچەی پـلە باڵاکـان، ئەم پێشـنیارەم هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ وەزیرە بەڕێزەکان، کاك ئاوات فەرموو.

**بەڕێز ئاوات شێخ جەناب/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، من سەرەتا دەمەوێ بەوە دەسـت پـێ بـکەم، مـن بە شـعورێکی زۆر خۆشەوە ئەم چەنـد وەخـتەی کە ئێسـتا لەگەڵ ئێـوە بەڕێـوەی دەبەم، بـۆ یەکەم جـار تەقـریبەن ئیجماعێـك هەبـێ لە نـاو پەرلەمـانی کوردسـتان دا لەسـەر بەرژەوەنـدیەکی گشـتی کە جێـی ئیهتمامی هەموو لایەکە، ئەو ڕادەیەی بەرخورد و هەڵویست دەربرینە دەبینم کە حەدێـك ڕەنـگە لە لەگەڵ ئسلوبەکە نەبم، بەڵا م لەگەڵ ناوەرۆکەکەی دا دەسـت خۆشـی لە هەمـوو لایەك دەکەم بە ئیتجاهە جیاوازەکانیشەوە، زۆریشم لا گرنگە ئەو شـعورە لەگەڵ حکومەت دا موشـتەرەك کە هەر دوولامان لەسەر مەسەلەیەکی زۆر گرنگ چاکسازیە بە پێی ئەم پرۆژە یاسایە تـا ڕادەیەکـی زۆر چوو وەك یەکی یان چوونیەکی یان لێك تێ گەیشتنی موشتەرەکمان هەیە بـۆ قەزیەیەك کە قەزیەی هەموو مـیللەتەکەی ئـێمەیە، ئـێمە حەز دەکەم بە ڕاشکاوی عەرزی هەمووتـان بـکەم لە ئەنجـومەنی وەزیـران ئـێمە ئەم ماددەیەمـان بەم سـیاغەیە بەجـێ هێشـت بـۆ بەڕێزتـان حەدی ئەعلاکەمان دانا، بەلامانەوە گرنگ بوو حەدی ئەعلا تێ نەپەڕێ، بەڵام لە ناواخنی ئەو پرۆژەیە و ئەم ماددەیە هەرچی کەم کردنەوەیەك جەنابتان بەلاتانەوە گرنگ بێ ئێمە پشتیوانی لێ دەکەین و بەلامانەوە شتێکە چونکە ئەوە ئامانجی ئێمە کەم کردنەوەکە بووکە ویسـتمان لەم هەڵوێسـتە

لەم بەرخوردە هەردوولامان هاوڕاو هاو هەڵوێست بین، بەخۆشحاڵیەوە پێتـان ڕادەگەیەنم ئەو ئومێدەی ئێمە هاتە دی ئێستا ئێمە لەگەڵ جەنابتـان هـاوڕاو هەڵوێسـتین لەسـەر چـۆنیەتی موراجەعە کردن بەو ئیمتیازات و مووچە و ئەو مینحەیەی کەلەم بڕگە ماددەیە هـاتووە، ئەوەی کە بەلای ئـێمەوە گـرنگە جەنابتـان بیـزانن، ئـێمە لە مـاددەی (١٥) لەم یاسـایە دەسـت نیشـانی ئەوەمان کردووە دەرئەنجامەکانی جێ بەجێ کردنی ئەم قـانونە بـۆ کـوێ ئەچـێ؟ کـاك هیڤیـدار ئێستا بە ڕاگوزار ڕەقەمێکی عەرزی ئێوە کرد کە گوایە ڕەنگی دە ملیارێك بێ، ئەوەی مەعلوماتی لای ئێمەیە لە دە ملیار کەمترە، ئەو ٥٠% یەش بە زەرورەت ناکـاتە (٥) جەنابتـان بیـزانن، چـونکە خۆتـان ژمـارەی ئەو بەڕێـزانە بە پێـی خـزمەت مووچەکانیـان دەگـۆڕێ، لەبەر ئەوە تەوزیـع کردنەکەی ئێمە لە ڕێگەی مـاددەیەکەوە کە مـاددەی (١٥) یە حکومەتمـان پـێ ئیلـزام کـردووە کە چۆن بەکاری دەهێنێ و وەکو جەنابت پرسیارت کرد، شتێکی دیکەش کە لەنـاو مـاددەکە لەسـەر (٣٠٠) هـاتووە وەکـو مـن لە پێشـەوە جـارێ سـێ سـاڵەکە بە نیسـبەتی ئـێمەوە بە نیسـبەت حکومەتەوە هەموو نەوعێك دەگرێتەوە، پـلە تـایبەت و مووچەخـۆری فەرمـانبەری ئیعتیـادیش دەگرێتەوە، ئەگەر دەستکاریەکیشی بکەین ئێمە ئیعترازمـان نیـیە بـۆ ئاگاداریتـان، زیـاد کـردن و کەم کردن لە ناواخنی ئەم قانونە ئێمە لە بیدایەتەوە پێمان وتن بـۆ خۆتانمـان بەجـێ هێشـتووە، بەڵام لە مەبدەئـدا ئـێمە لەگەڵ کەم کـردنەوەین بە هەمـوو شـێوەیەك، دەسـت خۆشـیش لەوە دەکەم کە هەمووومان بە یەك ئیتجاە دەڕۆین، هەندێك مولاحەزات کە ڕەنگە بۆ زیاتر بـۆ زانیـاری بێ، مەسەلەن پرسیارێك کراوە کە هەندێ کەس کە ئایا ئەگەر یەکێك خانەنشین بوو دوایـی ئەو چەندە ساڵەی کە خانەنشین بووە بۆی حساب دەکـرێ، تەبـعەن بـۆی حسـاب نـاکرێ، چـونکە ئەو فەترەیە هیچ کارێکی نەکردووە تا بە ئینجاز و بە هین بۆی حساب بکرێ، وابزانم یەك مەعلومەی بەسـیتیش ڕاسـت بـکەمەوە، ئـێمە هـاوڕاین کە تەقاعـدی هێزەکـانی ئاسایشـی نـاوخۆ و ئەمـانە خانەنشـینەکانیان کەمە، بەڵام بـزانن لە حـاڵەتی تەقاعـدی دا ئەوان (١٨) مـووچە وەکـو هـین وەردەگرن، بەڵێ ئاگـاداری ئەوە بـن و وەکـو مکـافەئە (١٨) مـووچە وەردەگـرن مـن ئەمە هەر بـۆ ئەوەی زانیاریتـان هەبـێ، ئەگینـا ئـێمە لەسـەر ئەو پرەنسـیپەی کە مـووچەی خانەنشـینیەکەیان کەمە، خیلافمان نییە، ئەو خوشکە پرسیاری لە مـن کـرد ڕێـژەی مـووچەی ئەنـدام پەرلەمانەکـان چەند دەردەچێ، تەبعەن ئەمەی کە ئێستا دروست بووە، بە ئاگاداری ئێمە و بە علمی ئێمە نەبووە تا خۆمان بۆ جوابی ئەم جەنابەیە حازر بکەین، هێشتا موسـادەقەش لەسـەر ئەوە نەکـراوە بە چ ڕێـژەیەك تەواو دەبـێ کە ڕێـژەکە تەواو بـوو ئەوەی کە جەنابتـان بڕیارتـان لێـی دا هەڵـبەتە ناتیجێکی ئەبێ، ناتیجەکە بەلای هەموو لایەك حازر دەبێ، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، مـاددەی (٨)، نـوقتە نیـزام وەرنـاگرم، ئەوە دوو کەس لە لیـژنەی دارایـی قسـەیان کـردووە کـاك بەڵـێن، بـا مـاددەی هەشـت دەسـت پـێ بکەیـن، ئەزانـم ئەتەوێ قسـە بـکەی، لە

دەرفەتێکی تردا دەتوانی عەینەن قسە بکەی، ئیزافەیە بۆ ئەوەی کە هیڤیدار و کاك زیاد گوتیان، ئیزافە نەبێ یەکستەر دەیبڕم، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لەسەرەتا قسەکانمان کە لەسەر ئەم ماددەیە قسەمان کرد باسی ئەوەم کرد کە یەعنی بە خۆشحاڵیەوە کۆ دەنگیەکی گەورە لە نێوان هەموو فراکسیۆنە جیاوازەکان لەسەر ئەم مەبدەئە و لەسەر مەبدەئی عەدالەت و گەڕانەوەی دادپەروەری هەیە، ئێمە لە ماوەی (٤٥) سەعات زیاتر کارکردن لە لیژنەی دارایی، دیارە بێ گومان گەیشتینە چەند سیغە و قەرارێك کە پێشتر قەرارمان لێدابوو، دوای ئەویش هەندێ ئیعتراز دەستکاری کرا کە ئەو بڕگە و خاڵانەی کە ئێمە دەنگمان لەسەر دا بە تایبەت لەسەر مووچەی پلە باڵاکان، من ئەمەوێ بە تەحدیدی ئەمە ڕوون بکەمەوە، هەموو فراکسیۆنە جیاوازەکان کە ئەندامیان هەیە لە لیژنەی دارایی بە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بە بزوتنەوەی گۆران و بە یەکگرتووی ئیسلامی و بە کۆمەڵی ئیسلامی لەسەر سیغەیەك ڕێککەوتین کە ئەبوو هەمان ئەو صیغەیە بە کەمتریش لەوەی ئێستا لێرە پێشنیاز دەکرێ، بەڵام بەداخەوە ئەمەم بەس بۆ ڕوونکردنەوەیە، بەڵام بەداخەوە یەکێك لەو ئەندامە بەڕێزانە چووە لێدوانی داوە کە گوتویەتی گوایە ئێمە کۆبوونەوەی فراکسیۆنەکانمان کردووە بە نهێنی، بۆ ئەوەی مووچەی خۆمان زیاد بکەین، بۆ ئەوەی مووچەی خۆمان بهێڵینەوە، لەکاتێکدا ئەوەی ئەوان دەنگیان پێداوە لیژنەی دارایی، ئەوەی ئێستا لێرە پێشنیار دەکرێ، ئەوەی ئێرە زۆر کەمترە لەوەی وێ، یانی حەقە لیژنەی دارایی بە ڕەسمی وەڵام بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی هەشت فەرموو.

**بەڕێز محسن حسین مصطفی:**

**بەناوی یەزدانی مەزن.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشت:

یەکەم: فەرمانبەر بە پێناسەی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی بەرکارە لە هەرێم هاتووە بەوانەشەوە کە لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٧) ئەم یاسایە ئاماژەی پێدراوە، شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن، ئەگەر خزمەتی وەزیفیان لە (١٥) ساڵ کەمتر نەبێت و (٤٥) ساڵی تەمەنیان تەواو کردبێت، لێرە نووسرایە تەواو نەکردبێ، ئەو (نە) لابرێ و کردبێت، جگە لە حاڵەتەکانی مردن یان شەهید بوون یان خانەنشین بوون، بە هاوکاری تەندروستی و ئەو حاڵەتەکانی دیکە بەدەر لە یاسای خانەنشینی بەرکارادا هاتووە.

دووەم: ئەوانەی بە خزمەتی گشتی راسپێردراون لە بڕگەی یەکی مادده (٧) ئاماژەیان پێکراوە، مەرجی یەکەم ئەم ماددەیە نایانگرێتەوە بە رێژەی ٤٠% کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە خانەنشین دەکرێن تاکو خۆ گونجاندن لەگەڵ بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان هەر کەسێك دەیەوێ قسە بکات لەسەر ئەم ماددەیە، ئەوەی ئێستا ناوی نووسرابێ دەتوانێ قسە بکات، دوایی کەس ناتوانێ قسە بکات (د. کازم، د. اسماعیل، سەرچنار خان، کاك مەم، هلز خان، کاك بەڵێن، کاك جلال، شایان خان، کاك کاروان، کاك عوسمان سێدەری، کاك یاسین، مامۆستا عبدالستار، کاك محمد، کك بهمن، حسیبە خان، کاك زانا، کاك سروان، جوان خان، کاك شێخ زاهر، کاك محسن، نەجات خان، کاك علی، کاك بژار، لیزا خان، کاك مەم)، کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حوکمی ماددەی (٥٦) یەکەم، بڕگەی دووەم، ئێمە لە ماددەی (٧) کۆتاییمان بەو بڕگەیە هێناوە، ئێستا ماددەی (٨) چ حکمەتێکی دەمێنی گفتوگۆ بکەین، بۆ ئەو پێشنیارانەی خرانە ڕوو چارەسەری ماددەی (٧، ٨) بەیەکەوە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو قسانەی دەتانەوێ جەنابتان بیکەن لەسەر ئەو ماددەیە، مەیکەن، بەس ئەوانی تر حەقی ئەوەیان هەیە قسەی لەبارەوە بکەن، بەڵێ دەتوانن دووبارەی بکەنەوە، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی (٨) من پێشنیاز دەکەم، بڕگەی دووەم بەتەواوەتی بسڕێتەوە و لەو یاسایە نەمێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە لسەر ماددێ حەفتێ گفتوگۆ هاتە کرن، ئاخافتنا هاتە کرن سەرڤان حالەتێ تەقاعودێ، ئەڤێ تەمەن و خزمەتێ وا کو مەشمول بێت، موشتەرەك بوو ما بەینا حەفت و هەشتێ، ئەڤ خۆ پێویست بوو لە هەشت ئەڤ بڕگەیە هاتبا ئاماژە پێدان، بەهەر حاڵ نووکە سەر مادده هەشتن، وەکو لیژنا قانوونی من پێشنیارەکا هەی، کو نابێت یاسایەك دەرکەڤێت یا پەسەند بێت، هەندەك حالەتا دیف کو خۆت چارەسەر بێت، چارەکردنا وان حالەت ئیلا پەنایی بۆ

تەعیدلا دیسا وی ویٚ قانوونا ببەین، برِگا دوو ئەڤژێ یاسایێ ئەڤژی پرۆژا عەفو یانی حالەتەکا تێدا هاتیە بەحس کرن، ئەڤە ئیستحالەتێ دا موستەحیلە ئەڤ قاعیدە وەکو خۆ بێتە تەحقیق کرن، وەکی ئەڤ ئەندام پەرلەمانێ کو تەمەنی وی بچیك بێ یان خزمەتا وی کەم بێت، لڤێ حاڵەتێ پشتی ئەندامێ پەرلەمانێ بێتە تەقاعود کرن سەروێ نسبەتا هاتیە پێشنیار کرن، یا ئەوا دی پرۆژەیا لبەردەست ویڤ دبیژت تاوەکو خۆ گونجاندنیان، تشتەکی ئیستیحالەیا تێدایە، یانی موستەحیلە، جا چۆن لپەرلەمانێ خەلاس بم ئەلکیرێ خزمەتا خۆ زێدە دەکەم، لچاوا خزمەتا خۆ زێدە دەکەم، ژبەرهەندێ ئەز حەز دەکەم وەکو لیژنا قانوونی و ژی ئەنداما پەرلەمانا ژی پرسیارەك کر دیفژی حەز دەکەن جەنابا وەزیرا هەرێمیش بۆ کاروبارا پەرلەمانێ ئەگەر تەوزیحەکا لسەر هەبێت، یان مە برگەیەك بدۆزینەوە، ئەڤ کەسە، ئەڤ ئەندام پەرلەمانە تەقاعود بێت یا پلە بالا بێت بشێت خزمەتا خۆ برەکێك بگەیەنتە (١٥) سالان، تاکو رۆژەك بگاهاتێ، ئەڤە وەکو سەرۆکا لیژنا قانوونی ئەڤ ئاخافتنا گۆت، وەکو ئەندام پەرلەمانا ئەگەر روخسەت بدەن نیو دەقە، مەژی پێ خۆشە و دەست خۆشی لە هەمی ئەنداما پەرلەمانا و هەمی فراکسیۆنا دکەم بۆ هەندێ ڤی جەلسێدا هەرچنەبێت ئەم شیاین، هزر هەندێ دا بکەین، وەکو وەزیفەی خۆدا نزیك بکەین لەگەڵ وەزیفەی خەلکی، یان ئەڤێ فەرقیا هەی کەم بکەین، ئەز قوتابی بووم لە ئیبتیدائیا لسەرەتایی نووکە و پشتی دەمەکی دی دێ باوەرِنامە وژی دکتۆرا وەرگرم، ئەو مامۆستایەی دەرسێ دانە من لە سەرەتایی هەتانوکەش مامۆستایی سەرەتاییە، بەراستی ژبەرهەندێ ژ دلخۆشم کو ئەڤ مووچە بێتە کەم کرن، سوبەی بشم چاڤێت من چاڤێ وییا بێ، مەعقول نینە بە چار سالا ئەز بەری وی مووچەیەکا گەلەك مەزن تەقاعود بم، حەز دەکەم لەگەڵ جەنابی وەزیر یا هەرێمی بۆ کاروبارا پەرلەمانیا صیغەیەکی بدۆزنەوە بۆ هەندێ ئەو کەسێ خزمەتا وێ کەم بشێ ڤان چار سالا خزمەتا بکات و بگەیەنەتە پازدە سالا و سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا عبدالستار فەرموو.

**بەرێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨) من وابزانم ئاماژەم پێکرد لەو پێشنیارەی کە ئێمە کردمان، ئەم ماددەی (٨) بە پێشنیارەکەی من ئیلغا بێتەوە، واتە پێویست ناکات بمێنێ، بۆ ئەوانەی کە بەرچاو رۆشن نەبوون بەوەی کە ئێمە باسمان کرد، لەخاڵی دووەم ئەمە ئیلغا دەبێتەوە، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەرێز: علی حمە صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە گەڵ دوو دەقەکەی خۆما تەوزیحاتێکیش ئەدەم چونکە هەقی خۆمە.

یەکەم: من لەگەڵ نهوی ئەم ماددەم لەبەر ئەوەی زەروریەتی نەماوە.

دوو: بە داخەوە هەندێ بەرێز رەئی گشتی بە لارێیا ئەبەن گوایە ئێمە مانان لەگەڵ هێشتنەوەی پارەی زۆری تەقاعودین و خەلکی تر لەگەڵ نەبێ یان کۆبوونەوەی ژێر بەژێر کرا بێت، بەرێزتان ئاگادارن هەر کۆبوونەوەیەکی سەرۆك فراکسیۆنەکان کرا بێت تەبلیغ بۆ هەمووی هاتووە، بە ئاگاداری بووە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك علی حمه صالح بە شانازییەکی گەورەوە ئێمە رێککەوتنمان کردووە دانوسانمان کردووە، مفەوەزاتمان کردووە، قەنەعەتمان دروست کردووە، لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران کارمان کردووە، بۆ ئەوەی لە ماوەی شەش مانگا قانوونێکی تەقاعودی بێت فەرمانبەر و مامۆستا و پەرلەمانتار و وەزیر، ئەمە شەرمە یان شانازییە، بەڵام سەت رێککەوتنی وا ئەکەم وە رێککەوتنەکانیشمان هەر کێیەك قسە ئاشکراکانمان بڵاو بکاتەوە و بە دڵنیاییەوە ناچار ئەبین قسە نهێنییەکان بڵاو بکەینەوە، بەڵێ کاك بەهمەن فەرموون.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان رام هەیە کە ئەو مادەیە زیادەیە لابرێت، بەڵام ئەکرێت لە ماددەی حەوت شتێکی تر ئیزافە بکەین، ئێستا بیرم هاتەوە کە لە ماددەی هەشتا بەرچاوم بینیم، تەبعەن پانزە ساڵ خزمەت و چل و پێنج ساڵ تەمەن ئەبێتە خانەنشینی ئیختیاری بۆ مۆزەفی ئیعتیادی، وایە؟ بۆیە من پێشنیار ئەکەم هەندێك لە مۆزەفی خوارەوە نەك لە پەرلەمانتار و پلە باڵا هەندێك لە ئیسمیەکەیان و تەقاعودیان زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی تموحێك بخەیتە لای هەندێك خەڵك، بۆ ئەوەی هەندێك خەڵك خۆی بێت داوای تەقاعودی بکات، بۆ ئەوەی دەرفەتی کار بۆ ئەو هەموو دەرچووەی زانکۆ کە لە کوردستانا تەخەروجیان کردووە و تەعین نەبوون دەرفەتێك بۆ ئەوان دروست بێت، بۆیە رەئی من وایە حکومەت دیراسەت لەوە بکات هەندێك لە تەقاعودییەکە زیاد بکات هی فەرمانبەرانی گشتی، بۆ ئەوەی تموحێك بخەینە بەردەم هەندێك فەرمانبەران کە چ حەزیان لە تەقاعودیە، بەڵام لەبەر ئەوەی موچەکەیان کەمە بە (٤٥) ساڵ تەمەن و (١٥) ساڵ خزمەت تەقاعود نابن، ئەگەر ئەوەیان بۆ زیاد بکەین ئیحتیماله تەقاعوود بن سوپاستانەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵی کاك محمد سعدالدین.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاورام لەگەڵ ئەو برادەرانە پێش من قسەیان کرد بەلابرنی ماددەی هەشت، چونکە لە پێشنیازەکانی ماددەی حەفت معالەجەی ئەوە کراوە، حکمەت نەماوە لەو مادەیە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڵێ دكتۆر كاظم.

**بەڕێز كاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی لەسەر مادەی هەشت و مادەی پێش ئەمەش.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

لەسەر ماددەی هەشت قسە بكە كاك دكتۆر.

**بەڕێز كاظم فاروق نامق:**

وەڵا لەسەر هەمووی قسە ئەكەم ئەگەر روخسەتم بەیت، یەعنی هێرش كراوەتە سەرمان مەجالمان بە دوو كەلیمە قسە بكەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ. ڕێگە بدەن قسە بكات.

**بەڕێز كاظم فاروق نامق:**

ئێمە لەسەر ئەوەی كە داوامان كرد خانەنشینی پلە باڵا و پەرلەمانتار و وەزیر نەمێنێت، بۆ ئەم پەرلەمانە لە ناو پەرلەمانە پەلاماری فراكسیۆنی نەوەی نوێ بدرێت، بە بە دەلیلی ئەوەی كە ئە لێرەیا شەرەكە كرا پەلاماری ئێمە درا، مەعنای وایە هێرش كراوەتە سەرمان، وە پەلامارمان دراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڵێ. دۆخەكە ئارامكراوەتەوە

**بەڕێز كاظم فاروق نامق:**

من بە ئارامی قسە ئەكەم، ئەمەوێت بە جەنابت بڵێم وە بە هەمووو خەڵكیش بڵێم، وە بە پەرلەمانتارە بەڕێزەكانیش بڵێم كە بە ویژدانەوە دیفاعیان لێ كردین سوپاسیان دەكەین، بڵێن بەم شێوازە دژایەتی كردنی گەندەڵی باجی خۆی ئەوێت، ئێمە وەكو نەوەی نوێ ئامادەی ئەو باجەین، لە خۆشمانەوە دەستمان پێكردووە، ئێستا لەم مادەی هەشتەیا كە باسی ئەوە ئەكات كە لە بڕگەی دووەما كە ئەلێت ئەوانەی كە مەرجی بڕگەی یەكەم نایان گرێتەوە واتە تەمەنیان ناگاتە (٤٥) ساڵ و خزمەتیان ناگاتە (١٥) ساڵ با لە سەتا چل خانەنشین بكرێن، ئێمە ئەلێت ئەوەی تەمەنی ناگاتە ئەو (٦٣) ساڵە و (١٥) ساڵ خزمەتی نییە با هەر خانەنشین نەكرێت، با بگەڕێتەوە سەر وەزیفەكەی خۆی من پزیشكم ئەچمەوە سەر وەزیفەكەم لە نەخۆشخانەی هیوا، بەڕێزێكی تر مۆزەفە لە دایەرەیەك بچێتەوە سەر وەزیفەكەی، بەڵام بۆ لەسەر ئەم هەقە، ئەم قسە هەقە پەلامارمان بدەی لە پەرلەمانا لێمان بدەی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

لەسەر ئەوە نییە.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

لەسەر ئەوەیە ئێمە داوامان کردووە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر کاظم ئێمە ئەمانەوێت کۆبوونەوەکە بەردەوام بێت.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزانی چی ئاگادار بوون لە دواوە دوو کەس دەستیان گرتبوین و لە پێشەوە لێیان ئەیاین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر کاظم ئەوە تەواو بووە، بەڵێ ئەوە تەواو بووە، ئەزانی چی با بچینە سەر قۆناغەکانی تر.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەربرینی بە ئاشکرایی لەم مادەیەیا باس لەوە ئەکەین وەکو فراکسیۆنی نەوەی نوێ، وەکو پەرلەمانتارە بەڕێزەکانمان، داوادەکەین مووچەی خانەنشینی پەرلەمانتار و وەزیر و ئەوەی پێی ئەوترێت پلە باڵا و ئەوانەی سەرەوە رابگیرێت و ببڕێت وە بدرێت بە خەڵکی فەقیر و هەژار و کە مووچەکەی (١٢٠) هەزار دینارە ئەمە پەیامی ئێمەیە و لەسەر ئەمە پەلامارمان دراوەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیامەکەت وازحە، لەسەر ئەوە نەبووە پەیامەکەت وازحە، کاك ئومێد ڕێگەت نادەم، ئێمە لە مووناقەشە کردنی مادەیەکی ترا بوین، کاك ئومێد، کاك دکتۆر ڕێبوار ئێمە دەمانەوێت ئەم پرۆژەیە بە ئارامی تێپەڕێت بەڵێ، ئاخر پەیرەوی نییە کاك ئومێد، بەڵێ کاك ئومێد، پەیرەوی بێت.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حوکمی مادەی (٥٧) بڕگەی یەکەم دووەم، ئێمە داواکارین لیژنەیەکی دەرخستنی راستییەکان دروست بێت کە سەرەتا ئەو رووداوە روویدا، رووداوێکی نەخوازراو بوو زۆر پێی نیگەرانین، لە کوێوە یەکەمجار پەلامار بووە تا راستییەکان بۆ رای گشتی روون ببێتەوە، هیچ پەیوەندار نییە بە گفتوگۆی ئەو بابەتە، بابەتی دیکە بووە داواکارین لە بەڕێزتان لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ دەرخستنی راستییەکان دروست بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

پشت بە پەیڕەو دەبەستین بۆ ئەو بابەتە، پشت بە پەیرەو دەبەستین، کاك دکتۆر ڕێبوار کاك ئومێد قسەی کردووە.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستم بەرز کردوەتەوە نوقتەی نیزامییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر ڕێبوار نوقتەی نیزامی وەرناگرم، بەڵێ، کاك دکتۆر کاظم تەواو بوون. کاك بەڵێن فەرموون.

**بەڕێز بەڵێن اسماعيل حاجى ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئا ئەو تایبەتە بە مادەی هەشت پشتیوانی لە پێشنیازەکەی مامۆستا عبدالستار ئەکەم کە ئەو مادەیە ئەبێت هەڵگیرێت ئەو هەدافانەی لیرەیا ئاماژەی پێدراوە بکرێت بە بڕگەیەك لە ماددەی حەوت وە ئەو ڕێژەیە دانراوە بە ڕێژەی لە ٤٠% بە ئەوانەی بە خزمەتی گشتی راسپێردراون لە مادەی حەوت بێگومان پێشنیازەکەی مامۆستا ڕێژەکەی کەم بکرێتەوە بۆ ڕێژەی لە٢٥%، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە تێبینییەکانی من لەسەر ماددەی هەشت ئەوەیە کە ئەو ماددەیە لە ئێستادا بە تایبەتی بڕگەی دووەم گرنگییەکی ئەوتۆی نەماوە، بۆیە لە پرۆژەیا بڕگەی دووەم لابرێت وە ئێمە لەگەڵ ئەوە نین کە پەرلەمانتار مەرجی تەمەن و خزمەتی کەمە خانەنشین بکرێت، ئەوەی دەبینرێت مەسەلەن جەوێکی وا دروست بووە فراکسیۆنێك یان لایەنێك لەگەڵ خانەنشینی پلە باڵا هەبێ لایەنێکی تر نەبێت، ئێمە لە فراکسیۆنی ئێمە خانەنشینی بۆ کەسێك کە مەرجی تەمەن و خزمەتی نەبێت لەگەڵ نین، من بۆ خۆم یەکێکم لەوانە دوو ڕۆژ پێش ئێستا ووتومە ئەگەڕێمەوە سەر وەزیفەکەم و شانازی پێوە ئەکەم بە هیچ شێوەیەك خۆمان خانەنشین ناکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت زۆر سوپاس، حەسیبە خان.

**بەڕێز حەسیبە سعيد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێ پشتگیری رای کاك جلال ئەکەم، منیش لەگەڵ ئەوەدا نیم ئەگەر کەسێك مەرجی تەمەنی نەبێت ساڵانی خزمەتی تەواو نەبێت خانەنشین بکرێتن، مەبەست لە یاسای چاکسازی دادپەروەریە، دادپەروەری بەرجەستە نابێتن ئەگەر ئێمە لەژێر هەر ناونیشانێك شتێك بۆ ئەو کەسانەی کە ڕێژەی تەمەنیان و خزمەتیان دروست نییە دابرێژینەوە، بۆیە پشتگیری ئێ ئ

رایەکەی کاك جلال ئەکەم ولەگەڵ ئەوەم ئەو ماددەیە بەو جۆرە ڕێك بخرێتەوە، یاخود هەر نەمێنێتن تەنها ئەو کەسانە خانەنشین بێتن تەنها ئەو کەسانە خانەنشینی بگرێتەوە کە مەرجی تەمەن و ساڵانی خزمەتی تەواوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا ملا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لای هەمووماں ئاشکرایە کە دوو ڕۆژی پڕ گفتوگۆ لەم پەرلەمانە بەڕێزەدا بەڕێوە دەچێت، هەموومان ئامانجمان ئەوەیە کە هەنگاوەکانی چاکسازی لەم کابینەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەست پێ دەکەین و کاری گەورەتری بە دواوەیە دڵنیاین وە جدیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم بارەیەوە روونە بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بۆیە پێمان وایە ئەم ماددەیە زیادە، ماددەی هەشت پشتگیری لە هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە پێیان وایە ئەم ماددەیە زیادە لە ماددەی حەفت گفتوگۆی تێر و تەسەلی لەسەر کرا، وەبە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نین کە پلە باڵاکان وەزیفە باڵاکان وە ئەوانەی کە لە تەمەنێکی گەنجان و هێشتا خەڵکە وەبەر هبێنی ئەم وڵاتەن خانەنشین بکرێن و لە تواناکانیان کەم بکرێتەوە وبگەرێنەوە سەر کار و ئیشەکانی خۆیان و بۆ ئەوەی سود بە کۆمەڵگاکەمان بگەیەنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم فەرموون جەنابت.

**بەڕێز مەم اسکندر مەم:**

**بەناوی خودای مەزنا.**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانێ.**

ئێمی دەست خۆشیا لە هەرێما کوردستانێ دەکەین کە رەوشێکا ئالوز پارتێکی گشتی تێدا دابەش دکەین، حکومەتا مە بیر چاکسازییە بکاتەو نیاز پاکیە حکومەتا راستەڤینە بۆ ئەنجامدانا چاکسازییە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە دڤێت بەحسێ پلەی بڵند و تایبەت بکەین ئەگەر خەڵك خەڵك تێدەگەیەنین کە پلە تایبەتا پەرلەمانتارا هەر جێیەك وەکالەتی خەڵکی بۆ ماوەیەکی دەست نیشانکرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بسم الرحمن الرحیم.**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانا.**

مادەی هەشتا بمێنی جگە لە بەس فەقەرە ئاخیرا جگە لە حاڵەتەکان شەهیدان یان هاوکاریە تەندروستییە، یەعنی قەوانینە تەقاعودی عەلاساس وارسە، ئەز ئەڤە بمێنی مادە هەمی بێتە لاغوە کرن بەس یی دویا ئەڤێ چوار ساڵ یان خزمەت نەبیتن چل ساڵ نەبیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، دکتۆرە شایان فەرمووو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شایان کاکە صالح، پشتگیری لە ووتەکانی کاك جلال دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ جەنابت، کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان.**

کاروان گەزنەیی بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، دووبارە وێرای دەست خۆشیم بۆ سەرجەم لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان کە جوهدێکی ئێجگار زۆریان کردووە، بۆیە تەمەنا دەکەم وە تکا دەکەم خوشك و براکانم بە بە رووحێکی خوشك و برایانە لێم وەربگرن و وەکو پێشتر ئاماژەم بەوە کردبوو کە خانەنشینی پلە باڵاکان رەت دەکەمەوە وە لیرەش ئاماژە بەوە دەکە،م مادەی هەشتیش بە هەمان شێوە لەم سنفەدایە وە پێشنیازی ئەوە دەکەم کە بڕگەیەك جێگیر بکرێت بۆ ئەو گەنجانەی نایانەوێت خانەنشین بکرێن بگەرێنەوە سەر پیشەکانی خۆیان، بۆیە دووبارە خانەنشینی پلە باڵاکان رەتدەکەمەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی هەیە ئەم ماددەیە لە ناو پرۆژەکەیا، بەڵێ کاك سەروان.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری پێشنیارەکەی کاك ئومێد دەکەم بۆ لەغو کردنەوەی ئەو ماددەیە، چونکە لە ماددەی حەفت موناقەشەی لەسەر کراوە، بەڵام ئەگەر لەغو نەکراوە هەڵنەوەشێنرایەوە، پێشنیاری ئەوە دەکەم برگەیەك لە جیاتی ئی دووەم شتێکی تر هەبێ بنووسرێت و تیایدا ئیزافە بکرێت، ئەویش ئەوەیە ئەو پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس و فەرمانبەرانەی کە ئێ پێشتر پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایش بووە لەبەر کێشەی کۆمەڵایەتی هەبووە، کێشەی کۆمەڵایەتی بۆ دروست بووە چەند ساڵێکیش خزمەتی هەبووە، بەڵام بە هۆکاری کێشە کۆمەڵایەتییەکەی لە وەزیفەکەی دورکەوتۆتەوە، لە جیاتی برگەی دووەم ئەوە بکەین کە ئەوانە ساڵانی خزمەتیان بۆ هەژمار بکرێت، ئەوانە دوور خراونەوەتەوە لە پیشەکانی خۆیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جوان خان فەرمووو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان،**

بەداخەوە کە ئەوەندەی باس لە گرفتی شەخسی کراوە، باس لە ناوەرۆکی بابەتەکە نەکراوە، زیاتر شەخسیانە قسە کرا، من لە ماددەی هەشت پێشنیار دەکەم......

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر ڕەئییەکانی خۆت بە کورتی و پوختی بڵێ فەرموو، وەخت بگرەوە.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

بەڵێ، باس لە چاکسازی دەکەین، دەبێت بە فعلی ئیش لەسەر چاکسازی بکەین، ئەگەر لە خۆمانەوە دەست پێ نەکەین ناتوانین بە هیچ شێوەیەك چاکسازی بکەین، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم کە ماددەی هەشت ئەوانەی کە خانەنشین نایانگرێتەوە لە تەمەن، ناکرێت یەکێکی وەکو من بە چوار ساڵی پەرلەمان ئەرکێکە لەسەر شانم و تەواو دەکەم خانەنشین بکرێم، مامۆستایەکیش ئەوەندە ساڵە خزمەتی هەیە بە مووچەیەکی کەم خانەنشین بکرێت، بۆیە من لەگەڵ ماددەی هەشتدا نیم، ئەو ماددەیە ڕەتدەکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشت بڕگەی یەکی لەگەل بڕگەی دوو، من لەگەڵ بڕگەی یەکەم لەبەر ئەوەی باس لە (١٥) ساڵ خزمەت و(٤٥) ساڵ تەمەن دەکات کە ئەوە ستاندارێکە بۆ خانەنشینی ئێمە لەگەڵین، سەبارەت بە بڕگەی دووەم کە ئەڵێ ئەوانەی بە خزمەتی گشتی ڕاسپێردراون، بڕگەی یەکی ماددەی حەوت ئاماژەیان پێکراوە مەرجی یەکەمی ئەم ماددەیە نایانگرێتەوە کە ئەلێت (١٥) ساڵ خزمەتەکە و (٤٥) ساڵ تەمەنەکە بە ڕێژەی لە سەدا (٤٠) کۆی گشتی مووچە و دەرماڵە خانەنشین دەکەین، بڕگەی یەکی ئەم ماددەیە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەم بڕگەیە نیم پێویست ناکات ئەو ئیستسنایەیەی بۆ بکرێت، لەبەر ئەوەی پرۆژەیە، پرۆژەی حکومەتە وە ئەم ئیستسنائەش بارگرانی بۆ حکومەت دروست دەکات پێویست ناکا، لەبەر ئەوە یاساکە وەك خۆی بڕوا ڕەتی ئەم بڕگەیە ئەکەمەوە پشتگیری دکتور ئیسماعیل و کاك مەم بورهان ئەکەم کە ئەوانیش لەگەڵ ڕەتکردنەوەی ئەم بڕگەیەن، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پاڵ پشتی لە ڕایەکانی کاك جلال و کاك زانا و جوان خان و حەسیبە خان دەکەم، بە ڕای من ئەو گەنجانەی ئێستا دەرفەتیان پێدراوە بە هاتن بۆ پەرلەمان دەبێت ئەو دەرفەتەش بە خۆیان بدەن و بە هاووڵاتیانی کوردستانیش بدەن کە لە سێکتەرەکانی تر خزمەتی خۆیان بگەیەنن بە هاووڵاتیانی تر و ئەو ئەزموونەی کە هەیانە بگوازنەوە ئەو شوێنەی کە هاتوون لێی،

بۆیە پێشنیار دەکەم ماددەی هەشت برگەی دووەم بە تەواوی لاببرێت و هەڵبوەشێتەوە هەر ئەندامی پەرلەمانتارێ کە مەرجەکانی تەمەن و مەرجەکانی خزمەت نایان گرێتەوە بگەرێتەوە سەر ئەو وەزیفەیەی لێوەی هاتووە، ئەو ئەزموونەی بگوازێتەوە ئەو سێکتەرەی لێوە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عوسمان سیدەری فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم هەیە لەسەر ئەوەی تەمەنی تەواو نەکردووە بۆ (٤٥) ساڵ، ئەگەر نا کاك بژار روونکردنەوەکەی دا و من هیچ ووتەیەکی ترم نییە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەسنیشانکرنا دوو مەرجی گەلەکل مەزنا ژی تەمەن (٤٥) سال َ خزمەت (١٥) ساڵ بۆ خانەنشین کرنا هەر فەرمانبەرێکی کوردستانێ، تایبەتی پلەی تایبەت ئەز هەبوونا ئەو خالەی دامە لادانا برگە دوو ماددەی هەشت پشتگیریا مامۆستا سەرچنار و مامۆستا مەم بورهان دکەم کو ئەڤ برگە بێت لادان، چونکە برگرانیەکا زۆرا لەسەر حکومەتا هیچ ئیستسنائێ هیچ مەرجێکی خانەنشینی تێدا نەبیتن بێتە خانەنشینکرن و زۆر مەمنونم.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ کاك شێخ زاهیر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشت برگەی یەکەم فەرمانبەر بەو پێناسەیەی خانەنشینی یەکگرتوو بەرکار لە هەرێم هاتووە بەوەشەوە کە لە بڕگەی یەکەم مادەی حەوت ئەم یاسایە ئاماژەی پێکراوە، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان یاسای خدمە مەدەنی بەرکارن دەربارەی فەرمانبەران بە تایبەتی ژمارە (٢٤) ی سالی ١٩٦٠ بەوە پێناسەی فەرمانبەر دەکات کە هەرکەسێك ئەرکێکی پێ بسپێردرێت وە لە ناو میلاکی دەولەت مقابیلی وەزیر چوار ساڵی لە پلەی لە وەزارەتەکەی خۆیەتی یان پەرلەمانتار چوار ساڵ لەوەیە، ئایا مشمولە بەو یاسایە؟ بەو پێناسەیە؟ کەواتە یان دەبێت پێناسەکە بگونجێندرێت یاخود ئەبێت ئەو مادەیە هەڵبوەشێندرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نەجات خان فەرموو.

**بەڕێز نجات شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

ژ با ئەوە برگەی دوا ماددەی حەفتا وە ژیا بڕگەی دوا ماددەی هەشتا بێتە لادان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەو پەرلەمانتارە بەرێزانەی ناویان تۆمار کردبوو بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەن تەقریبەن تەواو بووە بەس کاك یاسین؟ کاك یاسین فەرموو ببورە.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری کاك بەهمەنی دەکەم، جەنابت لێرە نەبووی بەراستی ئەگەر بێتو فەرمانبەران بزانن مەعاشی خانەنشینیان بە تایبەتی ئاسایش و پۆلیس دەگاتە (٥٠٠) هەزار ئەوا هەموویان خۆیان خانەنشین دەکەن، دەتوانم بڵێم سەتا ٥٠% یان خۆیان خانەنشین دەکەن، هەرچەندە ئەرکێکی لەسەر حکومەت دەبێتەوە، بەڵام من پێشنیار دەکەم هەر خانەنشینی نەمێنێ وە پارەکەی ئەوانەی پلە باڵانە بدرێتە ماڵە شەهید و ئەوانەی شەری داعش شەهید کراون، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس،بەڵێ روپاك خان فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشت ماددەیەکی دروستە، بەڵام بە زیاد کردنی پلە باڵاکان، واتە خانەنشین کردنی فەرمانبەر و پلە باڵاکان یەك میکانیزم بێت بە دادوەرەکانیشەوە، ئەوە یەکێکە لە داواکاری خۆپیشاندەران بوو لە پەرلەمان پشتگیری لێ دەکەین وە بڕگەی دووەم لابدرێت من لەگەڵ خانەنشینی پەرلەمانتار نیم، بە پێی خزمەت و تەمەن بە هیچ جۆرێك نابێت نە پەرلەمانتار نە وەزیر نەیان گرێتەوە خانەنشین بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێزان لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر رایەکتان هەیە؟ وەزیرە بەرێزەکان ئەگەر رایەکتان هەیە فەرموون؟

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم / وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی هەشت، ماددەی هەشت کە لە پرۆژەی حکومەتدا هاتووە، تەنها ماددەیەك بوو لە دوو برگە پێك نەهاتووە وە تەنها ماددەکەش تەئکیدی لەسەر ئەوە کردوەتەوە

که (٤٥) ساڵی تەمەن و(١٥) ساڵی خزمەتی هەبێت، بە شێوەیەکی ئیختیاری دەتوانێت داوای تەقاعودی بکات، بڕگەی دووەم بوو بە بەشێك لە ماددەی حەوت لەسەر ئەو پێشنیارەی کە بەشێك لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە لەسەر بوو، هەر بۆیە ماددەی هەشت وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام بڕگەی دووەم ئەبێت بە بەشێك لە ماددەی حەوت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان لیژنە تایبەتمەندەکان فەرموون ماددەی (٩).

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددا (٩):

ئەوانەی لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٧) ئاماژەیان پێدراوە پێشتر فەرمانبەری حکومەت بوون کە ئارەزومەندانە دەگەڕێنەوە سەر کارەکانیان دەست لە کار هەڵگرتنیان هەڵدەوەشێتەوە راژەکەیان هەژمار دەکرێت بۆ مەبەستی سەرموچە و پلە بەرزکردنەوە و خانەنشینی و لایەنی پەیوەندیدار پابەند دەبێت بۆ دابین کردنی پلەی پێویست بۆیان و سەرپشك دەبن لە وەرگرتنی خانەنشینی دیارکراو کە لە بڕگەی دووەمی ماددەی حەوت بڕگەی دوو لە ماددەی هەشت کە مووچەی وەزیفی پێشووی کە گەڕاوەتەوە بۆی، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات ئێستا ناوەکەی تۆمار دەکەین دوایی رێگا نادەین ناو ئیزافە بکرێت، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان فەرموو.

**بەڕێز منی نبی نادر / سکرتێری پەرلەمانی کوردستان:**

بدریە خان، کاك دابان، دکتۆرە شایان، دکتۆر کاظم، گلستان خان، کاك جلال، دکتۆر هەورامان، کاك اومێد، خەدیجە خان، شێخ ظاهر، دکتۆر صباح، دکتۆر زێدان، کاك رێبوار و کاك سەروان، کاك وەیسی، کاك چیا، کاك محسن

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەریزان ئێستا ناوەکان دەخوێنینەوە (بدریە خان، کاك دابان، دکتۆرە شایان، دکتۆر کاظم، گلستان خان، کاك جلال، دکتۆر هەورامان، کاك اومێد، خەدیجە خان، شێخ ظاهر، دکتۆر صباح، دکتۆر زێدان، کاك رێبوار و کاك سەروان، کاك وەیسی، کاك چیا، کاك محسن)، کەسی تر هەیە ناوی تۆمار نەکرابێت؟ کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددە نۆ ئەوانەی لە بڕگە یەکەمی ماددەی حەوت ئاماژەی پێدراوە پێشتر فەرمانبەری حکومەت بوون بە ئارەزومەندانە دەگەڕێنەوە سەر وەزیفەکانیان دەست لەکارکێشانەوەیان

هەڵدەوەشێتەوە و ڕاژەكانیان بۆ هەژمار دەكرێت بە مەبەستی سەر مووچە و بەرزكردنەوەی پلە و خانەنشینی، لایەنی پەیوەندیدار پابەند دەبێت بە بەرزكردنەوەی پلەی پێویست، ئایا پلەی پێویست چۆن و بە چ شێوەیەك پابەند دەبێت یەكێك ئەندامی پەرلەمانە بچێت .......

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو پرسیارەت بۆ كێیە؟

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

بۆ جەنابی وەزیر

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر ئەگەر لای خۆتان تۆماری بكەن. بەڵێ سوپاس، كاك دكتۆر كاظم.

**بەڕێز كاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی نۆ بۆ ئەو پەرلەمانتارانەی دەگەڕێنەوە سەر وەزیفەكانیان باسی ئەوە دەكات كە سەریشك دەبن لە وەرگرتنی خانەنشینی یا مووچەی وەزیفەكەی، ئەمە جگە لەوەی كە جۆرێك لە ناعەدالەتی تێدایە كە ئێمە لە ماددەكانی پێشوودا ڕەتمانكردۆتەوە و هاوكات كێشەی ئیداریش دروست دەكات، ئەگەر ئەو مۆزەفە یا ئەو پەرلەمانتارە یا ئەو وەزیرە كە گەڕایەوە سەر وەزیفەكەی خۆی لە ڕووی ئیدارییەوە كەم و كورتیەكی هەبوو وە بەڕێوەبەرەكەی یا وەزیرەكەی ویستی لە ڕووی ماددیەوە عقوبەی بدات چۆن بیدات؟ ئەگەر موچەكەی لە لای ئەو نەبێت یا موچەكەی لەو بەڕێوەبەرایەتییە و وەزارەتە نەبێت، ئەمە بێجگە لەوەی كە لە گەڵ ئەوەدا ناگونجێت كە بۆ نمونە پەرلەمانتارێك گەڕاوەتەوە سەر وەزیفەكەی موچەی خانەنشینی پەرلەمانتارەكەی ڕەنگە ئەگەر بگاتە چوار ملیۆن دینار، بەڵام برادەرەكەی لە تەنیشت خۆیدا لە هەمان وەزیفەیە حەوت سەد هەشت سەد هەزار دینار وەربگرێت، لە بەر ئەوە عەدالەتی تێدا نییە وە ئێمە پێمان وایە پەرلەمانتاران وە وەزیرەكان دوایی ئەوەی چوارساڵەكەیان تەواو كرد دەگەڕێنەوە سەر وەزیفەكەی خۆیان بە مووچەی وەزیفەكەی خۆیان و مووچەی خانەنشینی وەرنەگرن، واتا سەریشك نەبن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، كاك دكتۆر هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم ئەوانەی لە بڕگەی یەك ماددەی حەوت ئاماژەیان پێكراوە مەرج نییە تەنها بگەڕێتەوە سەر وەزیفەكەی خۆی لەوانەی ئیختساسێكی تری پێ خۆش بێت ئەگەر

بڕوانامەیەکی هەبێت شـەهادەیەکی بـاڵاتری هەبێـت بتوانێـت لە جێگـایەکی تـر خـزمەت بکـات ئارەزومەندانە بێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك اومێد، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایبەت بە ماددەی نۆ من پێشنیار دەکەم بەڕێزان لیژنە تایبەتمەندەکان بڕگەیەکی بۆ زیاد بـکەن، بۆ نمونە پلە بـاڵایەك خانەنشـین نابێـت دەگەڕێـتەوە سـەر وەزیـفەکەی خـۆی ئیختیـارییە، بەڵام ئیجباری بێت کە نەتوانێت بەرکەوتەی یا شەش مانگەی مووچەی کۆتایی وەربگرێت، واتا ئەگەر خانەنشـین نابێـت نابێـت ئەو پـارەیە وەربگرێـت و دەگەڕێـتەوە سـەر وەزیـفەکەی کاتێـك کە گەڕایەوە ئەو کـاتە بەو پـلەیەی کە لەو وەزیـفەی دایە خانەنشـین دەبێـت، بـۆیە ئەوەش مەبلەغێکی زۆر بە هەدەر دەدرێت بە ناچـاری بێـت کە پـلە بـاڵا کە دەگەڕێـتەوە وەزیـفەی خـۆی بەرکەوتی شەش مانگی وەرنەگریت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، گلستان خان، فەرموو.

**بەڕێز گلستان باقی سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە بڕگەیەك زیاد بکرێت بۆ ئەم ماددەیە، ئەویش ئەوە بێت کە ئەوانەی کە خانەنشـین دەبـن لە پـلە باڵاکـان ئەمە باسـی ئەوانە دەکەم کە دەگەڕێـنەوە سـەر وەزیفەکەیـان بەس ئەی ئەوانە ناگەڕێنەوە بۆ وەزیفەکانیان، زۆر کات هەوڵی ئەوە دەدەن کارێکی تر بکەن بە تـایبەتی لە سێکتەرە یاساییەکان و کەرتە تایبەتەکان کە ئەمە هەلی کار کەمتر دەکاتەوە بـۆ بـێ ئـیش و بـێ کارەکـان، لە بەر ئەوە بە بـڕوای مـن پێویسـتە ئەوانەی خانەنشـین دەبـن لە پـلە باڵاکـان مـۆڵەتی کارکردنیان پێ نەدرێت لە کەرتە تایبەتەکان و سێکتەرە یاساییەکان تا هەلـی کـار زیـاتر بێـت بـۆ بێکاران، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك چیا، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڤیا ماددا نەهێ بڕگەك بێتە زێدە کرن هەر کەسەك ئارەزومەنـدانە بزڤریـت سـەر ئەرکێ خـۆ وەکـو پاداشـتەك بێـتە کرنـێ پلەکـا ئیـداری یـا پلەکـا عەسـکەری بـۆ نمـونە ئەگەر کەسـەکێ ژ پەرلەمانتـاری یـا هەر پلەیەکـا دی بزڤـرت بـۆ سـەر وەزیفـا خـۆ یـا بەرێ پلەکـا ئیـداری لـێ بێـتە

زێدەکرن ئەگەر عەسکرەی بیت بۆ نمونە ئەگەر نەقیب بیت ببیتە رائید وەکو پلەك وەکو خۆبەخشانە ئەڤە ژی دێبیتە هاریکار هەر کەسەك بزڤریتە بۆ سەرکارێ خۆ ییێ بەرێ ئەز پشتگیاریا وێ دکەم هەر کەسەك بزڤریتە سەر کارێ خۆ یێ بەرێ وەك پاداشتەك، سوپاس

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، خەدیجە خان، فەرموو.

**بەڕێز خديجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکایە داواتان لێ دەکەم دادپەروەری هەبیت وە مافەی خۆمانە کە گفتوگۆ دەکەین لە سەر ماددەکان ناومان دەخوێندرێتەوەدیارە پەیامێکمان هەیە قسەیەکمان هەیە لە سەر ماددەکان ئەو دەرفەتە بە یەکسانی بە هەمووومان بدرێت...

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون دەرفەتەکە بە پێی ماددەی (٨٨) دوو دەقەیە هەر بۆ بەڕێزێکی پەرلەمانتار بیەوێت گفتوگۆ لە سەر ئەو ماددەیە بکات، بێ زەحمەت جەنابت بچیتە سەر ئەو ماددەیە ئەگەر رەئییێکت هەبێ لە سەر ئەو ماددەیە، فەرموو.

**بەڕێز خديجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی نۆ ئەوەی کە باسی ئەوە دەکات کە بڕگەی یەکی ماددەی حەوت ئاماژەیان پێداوە پێشتر فەرمانبەری حکومەت بوون کە دەگەڕێنەوە بە ئارەزومەندانە بۆ سەر وەزیفەکانیان دەست لە کار کێشانەوەیان هەڵدەوەشێتەوە و راژەکەیان بۆ هەژمار دەکرێت بۆ مەبەستی سەر مووچە و پلە بەرز کردنەوە و خانەنشینی تا ئەخیر، لێرە تێبینیم ئەوەیە بۆ چی لێرە دوبارەکراوە لە ماددەی حەوت بڕگەی سێیەمش ئەو بابەتە باس کراوە ئەگەر جەنابی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان رونکردنەوەیەك لە سەر ئەوەمان پێ بدات، ئایا ئەوە دووبارە کردنەوە ئەوەی لە بڕگەی سێیەم هاتووە لە ماددەی حەوتەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك محسن فەرموو.

**بەڕێز محسن حسێن مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ماددەی نۆ چونکە پەیوەندیا ب ماددێ حەفت ڤە هەی هەر ببیتە بڕگەك ژ ماددێ حەفت بۆ چی ببیتە ماددەیەکێ تایبەت د ناڤ پڕۆە یاسایێ دا، دوو ئەڤ ماددەیە تایبەتە ب وان کەسا وە ئەوێت پێشتر وەزیفەیەك هەبوو مەسەلەن ئەز مامۆستا بووم ب شانازیڤە دەما ل

پەرلەمانی تەواو بووم دێچمە وێ قوتابخانێ و جارەکا دی دێبمە مامۆستا بەڵام هەڤالەك کەسەك پێشتر ل چ جهەکێ تەعین نەبووبیتن پاشە رۆژا وی چییە ئەو دێ کیڤە چیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك دابان فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە لە مادده نـۆدا منـیش هەمـان تێبینـیم هەیە کە ئامـاژە بەوە کـراوە لایەنـی پەیوەندیـدار دەبێـت بە دابـین کردنـی پـلەی پێویسـت بـۆ ئەو کەسـانەی کە دەگەڕێـنەوە سـەر وەزیفەکانیـان، لێـرەدا ئەو مـاددەیە زەمانەتێـك دروسـت دەکـات بـۆ ئەو کەسـانەی لە پلەیەکـی تـایبەت بـوون دوای دەگەڕێـنەوە سـەر وەزیـفەی پێشـوویان ئەگەر بەوە بێـت چـوار سـاڵی پـلە باڵاکەی بۆی بخرێتەوە سەر ئەو وەزیفەی کە پێشـتر هەیبـووە زۆر کێشـە دروسـت ناکـات، بەڵام پلەی پێویست لێرە زۆر غـامزە، دووەم سـەبارەت بەو ئیختیـارەی کە داویەتـی خانەنشـینی یـان ئەوەی تریان کە لە وەزیـفەکەی دا هەیە هەڵـدەبژێرێت ئەو مـووچەیە هەڵـدەبژێرێت مـن لەگەڵ ئەوەدا نـیم کاتێـك کەسێك کە دەگەڕێـتەوە دەبـێ بـۆ نمـونە سـەرجەم سـاڵی خـزمەت و سـەرە مووچە و کۆمەڵێ شت کە لە پەرلەمان هەیبووە لە پلەی بـاڵا بـووە ئیجبـار بکرێـت کە مـووچەی وەزیفەکەی وەربگرێت، بە تایبەتی ئێمە کار بۆ ئەوە دەکەیـن ئەوەی لە سـەر پەرلەمـان تەقـاعود دەبێت هیچ وەزیفە و ئیشێکی تر نەکات، بۆ ئەوەی ئێمە دەرفەتی کار بدۆزینەوە بۆ ئەو سـەدان و هەزاران کەسە ناکرێت کەسێك لە پەرلەمان بچێت و شوێنی ئەو کەسانە پڕبکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك سروان، فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەمان پێشـنیاری مـاددەی هەشـتم هەیە بە راسـتی بـۆ ئەوەش پـێم خۆشـە بە دیـقەت هەم وەزیری کاروباری پەرلەمان ئەگەر گوێ لە پێشنیارەکەی من بگرن، بەراستی پێم خۆشـە ئەویـش ئەوەیە دیسان هەر پێشمەرگە و پۆلیس فەرمانبەری حکومەت ئاسایش ئەوانەی کە نەیانتوانیوە ئیدامە بە وەزیفەکانیان بدەن ئـو ئێسـتا حەزی گەڕانەوەیـان هەیە، ئێسـتا بـۆ هەموویـان دەرگـا واڵایە، بەڵام بۆ پێشمەرگە ئەو دەرگایە گیراوە ئەو پێشمەرگەیەی کە بەرگری کرد مرد لە پێنـاوی ئەوەی ئێمە هەبین دیسان نەیتوانی لە بەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ئیـدامە بە دەوامەکەی خـۆی و واجبی بدات دوور خرایەوە، دوورکەوتنەوەی بووە هۆی فەسلکردنی نەمـانی مـووچەی، بەڵام حەزی گەڕانەوەی هەیە ئەو پێشـمەرگەیە چەنـد سـاڵیش خزمەتـی هەیە ئەو دەرگـایەش بـۆ پێشمەرگە بکرێتەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، دکتۆرە شایان، فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەرەتا دا پشتگیری گلستان دەکەم، وەك دیارە بڕگەی سێ ماددەی حەوت باسی گەڕانەوە بۆ وەزیفە دەکات، بۆیە من پێشنیار دەکەم ماددەی نۆ لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك دکتۆر ڕێبوار، فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوەڕۆکی ئەو ماددەیە ماددەی نۆ روونە، بەڵام ئەوەی کە لای من جێی سەرنجە راستیییەکەی ئەوەیە کاتێك کە پەرلەمانتارێك یا وەزیرێك بۆ نمونە خانەنشین بکرێت پەرلەمانتارێك بە ئارەزووی خۆی بگەڕێتەوە سەر وەزیفەی خۆی، چ پێویست دەکات پلەیەکی پێ بدرێت، لە راستی دا من ئەوەم پێ زیادە ئەو پلەی پێ بدرێت لابرێت لە دەقی ئەو ماددەیە، چونکە لە ئەسڵدا وەزیفەی خۆی هەیە هیچ پێویست ناکات پلەیەکی پێ بدرێت ئەو پلەی بەو دەدرێت با کەسێك بدرێت کە تازە تەعین دەبێت وە بە پێی ساڵانی خزمەتی خۆی دەگات بەو پلە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك دکتۆر زێدان فەرموو.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی نۆ منیش بۆچوونێکم هەیە لە سەر هەمان وشەی پلەی پۆست، بەڵام ئەو بۆچوونەی من جیاوازە ئێمە هەموومان کۆکین لە سەر ئەوەی کە مەرج نییە هەموو پەرلەمانتاران خانەنشین بن وە بگەڕێنەوە سەر وەزیفە و پیشەی پێشووی خۆیان، لێرە پرسیارەکەی من بۆ بەڕێز دکتۆرە ڤاڵایە مەبەست لێرە بە دابین کردنی پلەی پێویست ئەو کەسانە دەگرێتەوە بۆ نموونە کەسێك پێشتر بەڕێوەبەری گشتی بووە هاتووە لێرە بووەتە ئەندام پەرلەمان بگەڕێتەوە شوێنی خۆی یان دابین کردنی پلەیەکی تری، پێویستە لە ئاستی خۆی بۆ ئەوەی هاندانێك بێت بۆ ئەوەی هەموو پەرلەمانتاران بگەڕێنەوە سەر شوێنی خۆیان ئەو پیشە خانەنشینیە شتێکی جیاوازتر نەمێنێت، بۆ ئەوەی هاندان بێت بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی ئێمە بچینە چەندین دام و دەزگای حکومەت بڵێین چەندین فەرمانبەرێکی لێرەیە کە پێشتر پۆستێکی باڵایان هەبووە، بەڵام ئێستا گەڕاونەتەوە سەر پیشەی خۆیان، بۆیە من پێم باشە ئەو هاندانە هەبێت وە بە

تەحدیدەنیش ئەگەر پێمان بڵێن مەبەست لەوەیە کە بگەڕێتەوە سەر پلە و پۆستی پێشووی یان پۆستی ترە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، مامۆستا وەیسی فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لە ماددەی نۆی یاسای چاکسازی منیش هەمان بیر و بۆچوونی برای بەڕێزم دکتۆر زێدانم هەیە، بەڵام لە دێری چوارەم کە بە دابین کردنی پلەی پێویست ئەوەندەی من بزانم لە سیستەمی ئیداری پلەی پێویست نییە، بەڵکو پلەی شایستە هەیە بۆ بکرێت بە پلەی شایستە، بۆیە لەرووی نووسینەوە بکرێت بە پلەی شایستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بدریە خان، فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوای روونکردنەوە لە بەڕێزان نوێنەری حکومەت دەکەم بە سەرپشك کردنی هەڵبژاردنی کە مووچە باشە و هەڵبژێردرێت، ئایا ئامانجی ئەم یاسایە پێکێت کە بنەمای دادپەروەرییە وە پرسیارێکی تر ئاراستەی نوێنەرانی حکومەت بکەم، هەرکەسێك لە ئەرك و پیشەی پەرلەمانتاری تەواو دەبێت ئەگەر ئەرکێکی وەزیفی نەبێت کە گەڕایەوە بە چی خزمەتەکەی تەواو دەکات؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك دکتۆر صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران و پاڵپشتی بۆچوونەکانی کاك ئومێد دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك جلال، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە و تەوزیحێکیشم هەیە، بێگومان دوو جەلال لە قاعە هەیە و دوو شیرین هەیە و دوو مەم هەیە و دوو رۆژان هەیە، ئێستا دکتۆرە شایان گوتی من پشتگیری ئەم جەلالە

دەکەم، ئینجا لەمەووا ناوی سیانی بنوسرێت بۆ ئەوەی کێشە بۆ دەستەی سەرۆکایەتیش دروست نەبێت..

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

با تەواو بکەم.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

وتم سوپاس بۆ تێبینیەکەت نەم وت تەواوی مەکە، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

بەڵێ سوپاس، ئێستا بە نیسبەت خۆم، من پێشتر مامۆستا بووم لە بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وەرزشی بووم دواتر بە دەنگی خەڵك بۆ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر هەڵبژێردرام ئێستا بووم بە ئەندامی پەرلەمان هەتا دەگەڕێینەوە دەزانم ئەنجومەن نامێنێت، من بۆ کوێ بچم.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرسیارەت بۆ کێی؟

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

بۆ ئێوە بۆ جەماعەتی ئەنجومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر را و سەرنجێکتان هەیە فەرمووون ئینجا وەزیرە بەڕێزەکان.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەری نوکە ژی من ئاماژە پێدا یاسایەك دەمێ دەردکەڤت قاعیدێ قانونی دەمێ تێتە دانان نابیت هندەك حاڵەتا پەیدا کەت غموز تێدا بت یانکو مەشاکیلا بخولقینیت دیڤدا جارەکا دێ مەجبور بین پەنایێ بەین بۆ تەعدیلەکا دی یان پەنایێ ببەین بۆ تەفسیر و ئیشتیهادا جیهەتێت رەسمی یێت وەکی مەجلس شۆرا بیت، ئەز داخازێ ژ نوێنەرێت حکومەتێ دکەم ب تایبەتی ئەز ڤێ پرسیارێ ژ جەنابێ دکتۆر ئومێد صەباحی دکەم ل ڤێرێ یێ بەحس کری ئەوێت تەمەنێ وان مەشمول نەبیت یان ١٥ساڵێت خزمەتێ نەبیت ئو پێشتر موەزەف نەبووە ئەڤە دێ کرێ شێت خزمەتا خۆ بگەهینیتە ١٥ ساڵا داکو ئەڤ موشکیلە حەڵ بیت ئەگەر ب وی شێوەی بیت ئەم وەکو لیژنا یاسایی نەشێین راپۆرتێ بنڤیسین چونکی مەشاکل دێ دیڤدا پەیدا بن یا دڤێت ئەم تەعدیلا هندەك بڕگا بکەین یان ئەم نەصەکێ دیار بکەین داکو ئەڤ موشکیلە موستەقبەلەن بۆ مە پەیدا نەبیت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، وەزیرە بەڕێزەکان ئەگەر را و سەرنجێکتان هەیە فەرموون.

**بەڕێز ڤالا فريد ابراهيم/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش تەئیدی ئەم رایە دەکەین کە لە رووی شکلەوە ماددەی نۆ بکرێت بە بڕگەیەك لە ماددەی حەوت، لەبەر ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی حەوت، خاڵی دووەم ئەوەی کە باس لە دابین کردنی پلەی پێویست کرا مەبەست لەوە ئیستیحداس کردنی دەرەجەی وەزیفیە، بۆ نمونە بەڕێز دکتۆر زێدان پێش ئەوەی ببێت بە ئەندامی پەرلەمان مامۆستای زانکۆ بووە کاتێك کە بووە بە ئەندامی پەرلەمان ئیستیقالەی کردووە، واتا ئەو دەرەجە وەزیفیەی نەماوە لە زانکۆ کاتێك کە بە ئارەزومەندانە دەگەڕێتەوە بۆ سەر کارەکەی خۆی وەکو مامۆستای جامیعە ئیستیحداسی دەرەجە وەزیفیەکەی بۆ دەکرێتەوە و بە شێوەیەکی ئاسایی دەوامی خۆی دەکات بە پێی ئەوەی کە لە ناو ئەو ماددەیە دا هاتووە، ئەوەشی کە پەیوەندیدارە سەرپشك دەبن لە وەرگرتنی موچەی خانەنشینی دیاری کراو لە بڕگەی دووەم ماددەی حەوت و بڕگەی دوو لە ماددەی هەشت موچەی وەزیفی پێشووی کە دووبارە گەڕاوەتەوە بۆی ئەوە بۆ پەرلەمانی بەڕێز بە جێی دەهێڵین پەرلەمان دەتوانێت نیهایەتی ئەو ماددەیە هەڵبگرێت ئەوەش بە دەنگدان یەکلایی دەکرێتەوە پێشنیارکراوم هیچ مانعێکمان نییە کە سەرپشك کردنەکە هەڵبگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لە جێی خۆتان.

**بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامەکەی من نیوەی گەیشت.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەبێ داوا بکەیت، بە پێی پەیرەو دەبێت داوا لە سەرۆکی پەرلەمان بکەیت نەك لە جێی خۆتان قسە بکەن.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

بەڵێ ببوورە.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتە نیزامە کاك رێبوار؟ تەوزیح نە نوقتە نیزام.

**بەڕێز ريبوار عبدالرحيم عبدالله:**

پێویستە تەوزیحەکە بدرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە هەندێك بە پەلە.

**بەڕێز ریبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كەواتا پێویستە ووشەی دابین كردنی پلەی پێویست بگۆڕین بۆ گێڕانەوەی پلەكە، چونكە مادام لە بنچینە دا ئەو كەسە وەكو موداخەلەی پێشتر باسم كرد خۆی وەزیفەی هەیە كەواتا گێڕانەوەی وەزیفەكەیتی بۆی نەك دابین كردنی وەزیفە دابینكردن، واتا شتێكی تازەیە ئیستحداسی پلەیەك دەكات لێرەدا پێویستی بە ئیستحداس نییە پێویستی بە گێڕانەوەی پلەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەرنجەكەت گەیشت، لیژنەی تایبەتمەند ماددەی دە فەرموون.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

ماددەی دەیەم:

هەموار كردنی ماددەی دوازدە لە یاسایی وەزارەتی دارایی و ئابووری

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

یەك دەقە سەوسەن خان، ببورە، بەڕێزان وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دیارە سەرۆكی لیژنەی یاسایی پرسیارێكی هەیە بۆ بەڕێز كاك دكتۆر ئومێد سەرۆكی دیوان، بەڵام بە پێی پەیڕەو تەنها وەزیرەكان دەتوانن قسە بكەن، بەڵام لە بەر زەرووورەتی ئەم بابەتە و بەرچاو روونی ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست پەرلەمانتارانی بەڕێز داواتان لێ دەكەین ئەگەر رەزامەند بن بەڕێز سەرۆكی دیوان وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، بۆ ئەوەی بەرچاو روونیتان هەبێت، كێ لە گەڵ ئەوەدایە؟ تەواو، با بدریە خان روونكردنەوەكەی بدات ئینجا.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینیێكم تەرح كرد بۆ بەڕێز جەنابی دكتۆرە ڤالا داوای روونكردنەوەی دەكەم لە بەڕێزیان.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، كاك دكتۆر ئومێد فەرموو دوایی بەرێز دكتۆرە ڤالاش.

**بەڕێز دكتۆر ئومێد سەباح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان خۆشحالین ئەمرۆ لە خزمەتتان داین بۆ دووەم رۆژ، ئەم بابەتە بابەتێكە لە حكومەتی هەرێم ئەوەی كە لە ئیمكان بووە ئەو پرۆژەی كە تەرحمان كردووە ئەمرۆ لە بەر دەستتان دایە، ئێوە وەك سوڵتەی تەشریعی خاوەن بڕیار دەتوانن هەر رێگە چارەیەك بۆ ئەو بابەتەی كە كاك دكتۆر بژار باسی كرد ئێمە مانعمان نابێت یەعنی ئێوە خۆتان بزانن بیر لە رێگە چارەیەك بكرێت بۆ ئەوەی ئەم بابەتە موعالەجە بكرێت، چونكە بە راستی ئەوەی كە لە پرۆژەكەی حكومەت

موعالەجە کراوە ئەوەیە کاتێك کەسێك دەبێتە ئەندام پەرلەمان پێشتر وەزیفەی هەبووبێت ئەو حاڵەتە عیلاج نەکراوە کە کەسێك هیچ وەزیفەیەکی نییە و دەبێتە ئەندام پەرلەمان، ئەو بابەتە مەتروکە بۆ پەرلەمان یەعنی ئێوە خاوەن دەسەڵاتی تەواون وە هەر بابەتێك هەر موعالەجەیەك تەرح دەکەن ئێمە لەگەڵتانین وە ئەگەر پێویستی بە مەشورەتی ئێمەش بێت ئێمە لە خزمەتانین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ئەگەر ئیزافەیەك هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم / وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، ئیتر هیچ نەماوە.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند ماددەی دە دەست بە خوێندنەوەی بکەن.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

ماددەی دەیەم:

هەموارکردنی ماددەی دوازدە لە یاسایی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٠) بەم شێوەیە دەبێت:

بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی لە سەر میکلاکی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق هاتوو دەبێت، گواستنەوەی گشت ئەو بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە و هەر یەکەیەکی دیکەی کارگێڕی و دارایی کە موچەی خانەنشینیان لێ خەرج دەکرێت شارستانی، سەربازی، هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ، یەکە رێکنەخراوەکانی هێزەکانی پێشمەرگە وە گواستنەوەی گشت میلاك و موڵك و ماڵی گواستراوەی ئەو بەڕێوەبەرایەتی و یەکە کارگێڕیانەی دۆسیە و بەراییەکانی ئەو کەسانەی ئاماژەیان پێ کراوە بۆ سەر ئەو بەڕێوەبەرایەتییە هەیکەلبەندییەکی تازە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی لە لایەن وەزارەتی داراییەوە ئامادە دەکرێت و لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران پەسەند دەکرێت، تەبعەن ئەو ماددەیە هەشت رستەیە بەڵام هیچ نوقتەیەکی تێدا نییە لە بەر ئەوە داوا دەکەم دوایی ئەوەی دارشتنەوەی بۆ دەکرێت رێزمانییەکی چاك بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەریزان ئەم پەرلەمانتارە بەرێزانە دەیانەوێ گفتوگۆ لەسەر ماددەی دە بکەن ناوەکان ئەخوێنمەوە.

کاك دکتۆر اسماعیل – کاك عوسمان سێدەری –کاك لقمان –کاك دکتۆر شێرکۆ –خاتوو رۆژان - کاك محمد –کاك دکتۆر رێبوار-کاك زانا –بەرێز دکتۆرە گەڵاوێژ- بەرێز رۆژان خانم-کەسیتر هەیە- کاك پێشەوا- کاك شێخ زاهیر-تەواو کەسی تر نییە، کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدين انور:**

**:بەريز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئامانج لەو ماددەيە يەكخستنی هەموو يەكەكان و دەزگاو ئەوبەرێوەبەراياتييانەی كە پەيوەستن بە خانەنشينی لەيەك دەستە ياخود لەيەك بەريوەبەرايەتيە گشتی ئەگەر ليرە بەردەوام بييت ووشەی گواستنەوە لەگواستنەوە ناتوانی هيچ گۆرانكاری يان ئەو يەكە ژميرياريانەی يان ئەو دائيرەو فەرمانگانەی پەيوەنديان بە تقاعد هەيە الغا بكرێن لەناو يەك بەريوەبەرايەتی گشتی بۆيە بەباشتر دەزانم لە جياتی ووشەی گواستنەوە ريكخستنی ياخود يەكخستنی گشت ئەو فەرمانگەو بەريوەبەراياتيانە بكرێتن يانی ووشەی ڤواستنەوە لەجياتی ئەوە بنووسرێتن ريكخستن يان يەكخستن.سوپاس

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عوسمان سێدەری فەرموو:

**بەڕێز عثمان كريم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ديارە لێرە ئيشارەت بەوە دراوە كە هەيكەل بەندیەكی تازە بۆ بەريوەبەرايەتی گشتی خانەنشينی لەلايەن وەزارەتی داراييەوە ئامادەدەكريت و لەلايەن ئەنجومەنی وەزيرانەوە پەسەند دەكرێت و پێم باشە ئەو بەرێوەبەرايەتييە گشتيانەی خانەنشينە بكرێت بە دەستەی خانەنشينی يەكگرتوو وە سەر بە ئەنجومەنی وەزيران بێت. سوپاس

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەلێ زۆر سوپاس، كاك دكتور شيركۆ مداخلە ئەكەی يان تەلەفۆن كاميان ئێ فەرموو.

**بەڕێز شێركۆ جودەت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دە باس لە بەرێوەبەرايەتی گشتی خانەنشينی، بۆچی بەريوەبەرايەتی گشتی بێت؟ بۆچی هەيئە نەبێت؟ تەبعەن لەوەی كە حكومەتيش ناردوويەتی هەر باس لە هەيئەيە، هەيئە بريتيە لەوەی كە كو چەند ئيشێك ئەكا بە مەعنای ئەوەی ئەو سندوقی خانەنشينيە تەنها ئەوە نييە پارەی تێدا كۆبكريتەوە، بەڵكو ئيتسماراتيش ئەتوانێ بكا_ بەڵكو ئەتوانێ ديون و قروزيش بات، لەبەر ئەوەی ئەم سێ ئيشە كۆنترۆلكردنی داهاتی خانەنشينی ئيستيسمار پێكردنی پێدانی ديون سێ بەريوەبەرايەتی ئەوێ، تەقريبەن ئەوە يەكسانە بە هەيئە، لەبەر ئەوە لەيەك بەرێوەبەرايەتييە، تەبعەن تەخەوفەكە كامە لەيەك بەريوەبەرايەتيا كەبێتەوە، تەخەوەفوەكە لەوە دابوو كە گوايە موئەسەسەيەكی دی دروست بكرێت، مەساريفی تر دروست بكرێت، بەس خۆی وانييە، هەر هەيئەيەكە لە ناو وەزارەتی دارايی كە ئەتوانێ هەمان بە سێ تەوزيعە ئيشی هەيئە بكات، كۆنترۆلی داهاتەكەش بكات وە ئيستسماراتيش بكا وە ديونيش بدا

وە هەیـئە ئەبـێ و سـەر بە وەزارەتـی دارایـی بێـت، پـێم وایە ئەوە سـەرکەوتووترە لەوەی کە بەڕێـوەبەرایەتیەکی گشـتی بێـت یەك ئـیش بکـات و داهـاتەکە کۆبکـاتەوە لەئەسـڵا سـندوق و بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی کە ئەڵێ هەیئە بێـت کە بتـوانێ لەوانەیە سبەی حکـومەتی هەرێـم قەرزی لێبکا، وەکو لە عێراق لە رابردوودا حکومەتی عیراقی قەرزی لە سندوقی خانەنشینی کرد (٥) ملیـۆن دۆلاری پێـدا بەقەرز، بـۆیە ئیسـتا وورده وورده لـێ ی وەردەگـرێتەوە، لەبەر ئەوە پاڵپشتییەکی باشە بۆ ئابووری، ئەگەر هەیئە بێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك لقمان وەردی فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مـاددەی (١٠) هـاتووە کە هەمـوارکردنی مـاددەی (١٢) لە یاسـای وەزارەتـی ئـابووری ژمارە (٥٠)یساڵی (٢٠١٠) بەم شێوەیە دەبێت، بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی لەسەر میلاکی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق هـاتوو دەبێـت، ئەم هـاتووە زیادە تەسەوور ئەکەم لابرێت باشـە، دوو مـن پشـتیوانی لەمە ئەکەم کە ئەم بەڕێـوەبەرایەتییە وەك خۆی بمینیتەوە، چونکە لە ئێستادا قسە لەسەر چاکسـازی دەکەیـن و سیاسـەتی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان لە ئێسـتادا زیـاد کردنـی داهـات و دامەزراوەی تەسـەوور دەکەم ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لە چوارچێوەی وەزارەتی دارایی و ئابووری کافی بێـت بـۆ سەرپەرشـتیکردنی خانەنشینی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامـاژە بە ئاخافتنـا جەنـابی وەزیـری لەسـەر بەریـوەبەرایەتی گشـتی بیـتن، یـان دەسـتە بیـتن جەنابیان ئاماژەیان بەمە کرد کو بارگرانی چ نابیتن بۆ دارشتنا ڤیَ ماددەیـا، پیشـنیار کـو دەکەم هەلوەشـاندنەوەی بەریـوەبەرایەتی خانەنشـینی لەسـەر میلاکـی وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری هەرێم هاتوو یان کاروباری خۆ تا ماددەی (١٢) ی یاسایی وەزارەتی ناڤبەری ژمارە (٥٠) ی ساڵی ٢٠١٠ دامەزرانـدنی دەسـتەی خانەنشـینی نیشـتیمانی هـاتوو لە یاسـای خانەنشـینی یەکگرتـووی بەرکـار لە هەرێمـی کوردسـتان، کە بە پەیڕەوێـك لەلایەن ئەنجـومەنی وەزیرانـی هەرێمـی کوردستان پێك دەهینرێت کە جێگای بەرێوەبەرایەتی گشتی هەڵوەشاوەی نـاوبراو دەگـرێتەوە، زۆر سوپاس

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم مـاددەیەدا دوێنـیش لە مـاددەی یەکەمـدا ئاماژەمـان بەو هەیـکەلەیەی بەڕێـوەبەرایەتییە گشتییە کرد، بۆ ئەوەی دژ بەیەکێك دروست نەبێت لە نێوان هەردوو ماددەدا، ئاماژە بە پەیـامی وەزیـری نـاوەخۆ کە دوێنـێ لێـرە بەشـداربوو لە جلسـەکەدا وە رای حکـومەت ئەوە بـوو کە ئەم بەڕێـوەبەرایەتییە گشـتییە بکرێـت یە دەسـتەی گشـتی خانەنشـینی، چـونکە مـوبەریرەکە مـوبەریرەکی مەعقـولە، چـونکە ئـێمە چەنـد بەڕێـوەبەرایەتییەکی گچـکە لە جیـاتی ئەوەی کە بەرێـوەبەرایەتییە گشـتییەکان بـنکەی فـراوان بکەیـن، نـاکرێ بچـووك بکـرێتەوە، بـۆیە هەمـوو بەڕێـوەبەرایەتییە گشـتییەکان بخـرێتە سـەر ئەم دەسـتەیە، بە مەرجێـك پەیـڕەوەکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دیاری بکرێـت، وبـۆ ئەوەی بـار قورسـی لەسـەر حکـومەت زیـاد نەکـات، چونکە پرۆژەکە پرۆژەکەیەکە چاکسازییە دەکرێ لە سـەر هەمـان هەیکەلیـەی بەرێـوەبەرایەتی خانەنشـینیەکە، بەڵام نـاوەکە نـاوەکەی بگۆردرێـت بـۆ دەسـتەی خانەنشـینی نیشـتیمانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز د. اسماعیل علی طە:**

**بسم الله الرحمن الرحیم**

**هیژا سەرۆکی پەرلەمانی.**

ئەز دگەلم پیم باشـە پەیقـی گواسـتنەوە ببیـتە یەکخسـتن درووسـترە، یـانی دەمـجە نقـل نیـیە، چونکە نقل نابیتە دەمج، ماددەی یەکەم مقتـرحم کـرد ببیـتە دەسـتە ئەوژی وە پاڵپشـتی برایـان دەکەم ببیتە دەستە یان مودیریەت،.سوپاس

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠) ماددەیەکی زۆر گرنگ و پێویستە، جێبەجێ َکردنی ئەو ماددەیە باسکراوە داهاتیکی زۆر بۆ حکومەتی هەرێمی دەگەرێتەوە، یانی ئەتوانم چەنـدین شـوێنی خانەنشـینی هەبـوون کە بەنایاسـایی بە شـێوازی جـۆراو جـۆر خەڵکییـان تێـدا خانەنشـین کـراوە، وەکـو بانـك گەنـدەڵی وابـوون، ئەگەر هەمـوو ئەمـانە یەکبخـرێن و لە ژێـر چـاودێری وەزارەتـی دارایـی دابـن، ئیتـر لەمەودوا خانەنشـینی راسـتەقینەو ئەوەی کە بەنـاحەق و بە ناشایسـتەیی خانەنشـین کـراوە لە یەکتری جیا ئەکرێنەوە، بـۆیە بەتەواوی پاڵپشـتی مـاددەی (١٠) ئەکەیـن هەمـوو لە چوارچێـوەی یەك بەڕێوەبەرایەتیا کۆبکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی کاك پێشەوا ئەکەم، ئەم ماددەیە گرنگە، چونکە لە هەرێمی کوردستاندا (٦) شوێنی خانەنشین کردن هەبووە، تەنها دوانیان سەر بەوەزارەتی شەهیدان و وەزارەتی دارایی بووە، ئەوە کاك هیڤیدار ئەڵێ (٧) من ( ٦) شوێنی خانەنشینم لایە، ئەمانە خەلکیان لێ خانەنشین کراوە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین لەوەزارەتی دارایی تەنها فەرمانی خانەنشین کردنەکەی بۆ چووە بۆ بەستنی مووچەکە، بۆیە ئەم ماددەی گرنگە، بەڵام من ئیزافەی برگەیەکم هەیە بۆی ئەمەش یەکێکە لە ئامانجەکانی ماددەی (١) کە تحقیق ئەبێ، بەڵام بڕگەی (٣) یەمی ئامانجەکان کارا کردن و سندوقی دارایی مەفروزە لەیەکێك لەبڕگەیەك لێرە زیاد بکرێ کە سندوقەکەش کارا ئەکرێ و پشتیوانی ئەکرێ و بۆ ئەو مەرجانەی کەلە یاسایی خانەنشینی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شیخ زاهیر فەرموو

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەشیکی ئەم ماددەیە دەست پێکەم، گواستنەوەی گشت ئەو بەرێوەبەرایەتی و فەرمانگانەو یەکەی دیکەی کارگێری دارایی کە مووچەی خانەنشینی بۆ خەرج دەکرێت، شارستانی و سەربازی هێزەکانی ئاسایش و ناوەخۆ، یەکە رێك نەخراوەکانی پێشمەرگە، گواستنەوەی گشت میلاك و موڵك و ماڵی گواستراەوەو نەگواستراوە (اموال منقولەو غیر منقولە) لێرەدا پێویستە زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا جیهاد.

**بەڕێز جیهاد حسن ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە وەکو خۆی بمێنێ، ببیتە رێڤەبەریا گشتی و، پشتگیری لە رۆژان ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك دکتور رێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە ئەم ماددەیە زۆر زۆر گرنگە، بوونی ئەم ماددەیە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەو پـرۆژە یاسایە لە چەند ڕوویەکەوە دەبێ چاکسازی لە بواری دارایی بکا، ئیعـادە هەیـکەلە بـابەتێکی زۆر زۆر گرنگە، من پیشنیار ئەکەم کە لە بـڕی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی ببێـتە دەسـتەی گشـتی، لەبەر ئەوەی کە چەندین بەڕێوەبەرایەتی کاتیَ دەگەڕێتەوە لە چوارچێوەی دەسـتەی گشـتیدا جـێ ی بۆ بکرێتەوە، دەکرێ ئەم دەستەیە گشتییە وەزیفەی تازەشی بۆ ئیزافە بکەی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دکتۆرە گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەی ماددەی (١٠) ماددەیەکی گرنگە، بەڵام من پرسیارێکم هەیە، ئایا ماددە لەناو یاسادا هەموار دەکـرێتن؟ و لە ئەسـلی مـاددەکە دا هـاتووە کە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی خانەنشـینی کە دادەمەزرێـت، لە ئەسـلی مـاددەکە دەڵـێ بەڕێـوەبەرێکی گشـتی هەبێـت، بڕوانـامەی زانکـۆی بەدەست هێنابێت، شارەزابێت، ئەوا پێم باشـە ئیـزافە بکرێـت لەگەلـی زۆر زۆر باشـە کە یەکیـك شـارەزابیت ئەو بەڕێـوەبەرایەتییە گشـتییە بەڕێـوە بـات، بەڵام ئەوە شـتێکی زۆر باشــە بـۆ یەکخستنی ئەو هەموو بەرێوەبەرایەتی خانەنشینێك و بەرێوەبەرایەتی گشتی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلی زۆر سوپاس، ئەندامانی لیژنە ئەگەر شتیکتان هەیە.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە ئەو بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی پێشنیارمان کردووە، ئامانجەکەی ئەوەبووە دیـارە لە پرۆژەکە ئیستا هاتووە، بەڵام ئێمە دوای گفتوگۆیەکی زۆر قسەمان لەسەر ئەوە کـرد تـا ئێسـتا دەسـتەکان سـەربەخۆن، کەمتـر سـەر بەوەزارەتەکـانن، مەبەسـتمان بـووە کە واش نەکەیـن کە هەیکەلیەتێکـی تـازە بـارگرانیەکی تـر بـۆ وەزارەت و بـۆ حکـومەت دروسـت دەکەیـن، ئەو بەڕێـوەبەرایەتیە گشـتییانەی کە هەیە ئەوا ئەکتیـڤ بکـرێتەوە کـارا بکـرێتەوە لەچـوار چێـوەی بەرێوەبەرایەتییەکی گشـتییدا ڕێکبخـرێتەوە، لە چوارچێـوەی ئەم بەرێـوەبەرایەتییە گشـتییەدا بێت، بە پێ ی پەیرەو تەبعەن ئەمانە بە پێ ی پەیڕەوی ئەنجومەونی وەزیران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری دارایـی بەڕێـز وەزیـری هەرێـم بـۆ کاروبـاری پەرلەمـان، پێمـان بڵێن جەنابتان بەرێوەبەرایەتی گشتیتان پێ باشە یان دەستە.

**بەڕێز ئاوات شێخ جەناب/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠) ئەتوانم بڵێم ئەگەر لەزۆری ماددەکانی تر ئەهمیەتی زیاتر نەبێت قەت کەمتر نییە، بەنسبەتی ئێمەوە لە ئەنجومەنی وەزیران ئەم خاڵە ئیجماعی لەسەر بووە، ئەچێتە خانەی تەکمیلەی تەوحیدی حسابی هێزە نارێکخراوەکانە، وەکو خۆتان ئەیزانن و ئاگاتان لێیەتی، یانی تەکمیلەی کۆمەڵێك خەتەواتی یەك بەدوای یەکا، ئەوانەی بەدوای یەك هاتوون ئەمە بەشێوەی بەڕێوەبەری گشتییدا بێت هیچ تەعاروزێك لەگەڵ اختصاصاتی وەزارەتی مالیە درووست ناکا، چونکە لەو فەقەرەیە کە دەیەوێ داهات پەیداکات کە قەزیەی سندوقە، سندوقی خانەنشینییە وەکو لە وەزارەتی دارایی چەندین مودیریەتی تری هەیە، وەکو بانکە بازرگانەکان بەشێوەیەکی گشتی، جا دڵنیایی، ئینجا هەندێ اختصاصاتی تری هەیە بە اتجاهی دەستکەوتنی روبع قازانج دروست کردن کار دەکات، مانەوەی لەناو بەڕێوەبەرە گشتییەکە بەپێ ی ئەو هەیکەلە گشتییەی دوای تعدیلەکە ئەکرێ، ئەو هەیکەلەی کە لە ئەنجومەنی وەزیران موصادەقەی لەسەر دەکرێت، ئەو اختصاصاتە تازانەی بۆی دروست دەبێت جێگەی بکاتەوە، تەنانەت رەنگە لە قۆناغێك پێویست بەوە بکا بۆ نموونە مودیریەتییەکی عامی هەبێت بۆ سندوقی خانەنشینی، یان ئەوە خۆی بۆخۆی موئەسەسەیەکی سەر بە تابعی وەزارەتی مالیە بێت، لەبەر ئەوە بەم شکلە تازەیەش هیچ شتێك مەناعەتێك ناکا، وەکو بەلامانەوە زۆر گرنگە ئەم ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەلای بەرێز سەرۆك تصدیق بکرێت و ببەسترێتەوە بە وەزارەتی مالیەوە بەپێ ی تایبەتمەندیەتی، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هیچ قسەیەکتان نییە وەزیرە بەرێزەکان. فەرموو ماددەی (١١) بخوێننەوە.

**بەڕێز رێڤینگ محمد محمد:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١): هەڵوەشاندنەوەی پلەی وەزیرو بریکاری وەزیرو راویژکارو بەرێوەبەری گشتی هەر پلەیەکی دی تایبەت بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە لە رێزی بزووتنەوە رزگاری خوازی کوردستان بوون پێش ریککەوتی ١٩٩١/٣/٥ وەك رێز لێنانێك مووچەی خانەنشینیان بەو پلانە پێدراوە، لە بری ئەوە پێویستە لەدوای دلنیابوون لە هەبوونی مەرج و پێداویستییەکان و ووردبینی کردن و پاك کردنەوەی لیستی ناوی ئەو پێشمەرگانەی لەناوی کەسانی نا شایستە ئیمتیازێکی دارایی شایستەیان بۆدابین بکرێت، لەبەر رۆشنایی یاسای ژمارە (٣٣) سالّی ٢٠٠٧ یاسای ریزلێنانی پێشمەرگە زێرەڤانی هەرێمی کوردستان– عێراق یاسای ژمارە (٣٤) ی سالی ٢٠٠٧ یاسای خانەنشینی کەم ئەندامانی پێشمەرگە زیرەڤانی هەرێمی کوردستان – عێراق یان یاسای ژمارە (٣٨) ی سالی ٢٠٠٧ یاسای راژەو خانەنشینی پێشمەرگە زێرەڤانی هەرێمی کوەردستان –عێراق بە پێ ی تایبەتمندی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هەر ئەندامێكی پەرلەمان دەیەوێ قسە لەسەر ئەم ماددەیە بكات با دەستی بەرزبكاتەوە، بەڕێزان ( كاك سۆران، كاك كاوە، كاك جمال، دكتۆر هەورامان، دكتور محی الدین، كاك علی، ئاشنا خان، كاك باڵانبو، دكتور عوسمان، كاك بەڵین، كاك رزگار، كاك دابان، كاك گۆران، شیرین محمد، كاك شاخەوان، كاك محمد سعدالدین، كاك باپیر، دكتور ڕێبوار، كاك پێشەوا، كاك زانا، مامۆستا جیهاد،، كاك ریڤینگ، كاك حكمت، كاك ادریس، كاك سەروان، كاك بهجت، دكتورە گەلاوێژ، گولیزار خان، كاك عوسمان، گولستان خان،)، كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوانەی كە ڕۆڵیان هەبوو لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان، پێش ڕاپەڕینەكەی بەهاری ١٩٩١، هەموویان چەكدار و پێشمەرگە نەبوون لە حەرەكەی سیاسی كوردستانی، چەندەها كەسایەتی هەبووە كە ڕۆڵی هەبووە، پێویستە ئەمە شمولیان دەكات و شمولیانی كردیە، بۆیە پێشنیاز دەكەم وشەی تێكۆشەر ئیزافە بكرێت، یانی بۆ ئەو پێشمەرگە و تێكۆشەرانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر كاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی (١١) باس لە هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی بە پلەی وەزیر و بریكاری وەزارەت، یان ڕاوێژكارو بەڕێوەبەر و هەر پلەیەكی تری تایبەت بۆ ئەو پێشمەرگانەی كە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان بوون، بێگومان بۆیە ئەو پلەیان پێدرا وەكو پاداشتێك بوو، وەكو ئەو هەموو خەبات و تێكۆشانەی كە هەیان بووە، بەڵام لە ئێستاكە كە تۆ دەڵێی پلەی شایستەی تایبەت لە بواری سەربازیان بدرێتێ، ئایا وەزیر پلەكەی بەرامبەر چی دەبێت، یان بریكاری وەزیر چی، یان بەڕێوەبەری گشتی، یان ڕاوێژكار، لە پلەی سەربازی كام پلەی سەربازیان پێ دەدرێ، زۆر ڕوون نییە لەبەرامبەرەكانیان تا بزانین ئایندەیان مووچەكانیان چی لێ دێ؟ دەبێت ئێمە بە هەموو شێوەیەك پارێزگاری لەوە بكەین كە مووچەكانیان كەم نەبێتەوە، لایەنی كەمی مووچەكانیان هاوتا بێ لەگەڵ مووچەی پەرلەمانتار و خانەنشین و وەزیری خانەنشین و بەڕێوەبەری گشتی خانەنشینی مەدەنی، ئەگەر زیاتریش بێت، دوو زۆربەی زۆری ئەوانەی بەشێكی زۆریان خاوەن بڕوانامە نین، بەهۆی ئەوەی كە بەشداریان كردوو لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی كوردستاندا، نەیانتوانیوە خوێندن تەواو بكەن، یاخود لەناو زانكۆكاندا بوون بە هۆی بڕیاری دەرچوونی گرتنی لەلایەن ڕژێمی فاشیەكان خوێندنیان بەجێهێشتووە، یان بەشێوەیەكی تر ئایا ساڵانی خزمەتیان لە كوێ و تا چەند ساڵانی خزمەتیان بۆ دەكرێ؟ دوای

راپەڕینیش ئەوانە بەردەوام بوون لە ئەرکی پێشمەرگایەتی، زۆربەی زۆریان تاکو ئەو یاسایە دەرچووە، یاخود خانەنشین کراون لەو کاتەن، ئەوانە خزمەتیان چۆن بۆ دەکرێ، ئەوەی ئامانجە لێرەدا دەمەوێ باسی بکەم تەنها ئەوەیە کە ماف و ئیمتیازاتەکانیان کە وەریانگرتووە وەکو پاداشتێك لێیان کەم نەکرێتەوە و پارێزراو بن، هیچی تر نییە وسوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١) هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی بە پلەی (وەزیر) و (بریکاری وەزارەت) و (راوێژکار) و (بەڕێوەبەری گشتی) و لێرە کە دەڵێ تایبەت بۆ ئەو پێشمەرگانەی، بۆ تەنها ئەوانەی کە پێشمەرگە بوون، بۆ هەر کەسێك یان ئەو پێشمەرگانەی، ئەگەر هەیە لەوانەیە بڵێن پێشمەرگە بووە و خەباتێکی کردووە، لەبەر خەباتەکەی ڕێزی لێ گیراوە بڵێین، چونکە پلەی (وەزیر)و (بریکاری وەزارەت)خانەنشین کراوە، ئەی کەسێك کە پێشمەرگە نەبوو، یانی دوایی ئەگەر ئەو ماددەیە ئاوا بڕوا بۆ ئەوانەی کە پێشمەرگە بوون دەیانگرێتەوە، بەس بۆ ئەوانەی کە پێشمەرگە نەبوون بە پلەی وەزیر و الی اخره خانەنشین کراون ئەمانە ناگرێتەوە، چونکە ئەمە دەقە، بۆیە دەبێ بۆ هەر کەسێك یان پێشمەرگەش ئەوها، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال حوێز مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١) دیارە تایبەتە بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو پلە تایبەتانەی (وەزیر) و (بریکاری وەزارەت) و (راوێژکار) کە ئەوانەی لە خەباتی رزگاریخوازی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، لەشاخ فەرماندە و سەرکردە بووینە، ئەوە وەکو ڕێز لێنانێك و پاداشتێك بووە بە خەبات و تێکۆشانیان، من پێم وایە نەدەبوو حکومەت بچێتە ژێر باری وەی، ئەو پلەیان لێ وەربگرێتەوە، ئەگەر ئەو سەردەمەی وان بە بیرە خۆمان بێنینەوە، لە بۆ کورد بۆتە مێژوویەك، مێژوویەکی پرشنگدار، نەك هەر ئێمە نەوەکانیشمان شانازی بەو ڕۆژگارە بکەن کە ئەوانەی تێدا سەرکردە و فەرماندە بوونە، من بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو پلەیە دیارە شایستە بە خۆیان بووە، وەکو مەکرەمەیەك، وەکو ڕێزلێنان شایستە بە خەبات و تێکۆشانیان بی، ئەگەر پرۆژە یاساکە چووە بواری جێبەجێ کردن جارێ مووچەی ئەوانە نەبڕدرێ و هەتاکو شوێنێکی شایستە بە خۆیان دابین دەکرێ و ئەو کاتە مووچەکانیان ببڕدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دكتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز د. محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ناوەڕۆكی ئەو ماددەیەم، ئەو ماددەیە دوو بڕگە لە خۆ دەگرێت، هەڵوەشانەوەی خانەنشینی ئەوانەی ناویان هاتووە لە ماددەكە، دووەمیان پاككردنەوەكەیەتی، من لەگەڵ هەردوو بەشەكەیدام، بەڵام دوو سەرنجم هەیە، بەشێك لەوانەی كە موستەحەقی خانەنشین بوون ئەگەر پلەكانیان بە وەزیر بێ یان زیادە لەوانە، ئەوانە بەشێك بوون لەو كەسانەی كە لەرۆژانی سەخت و شەوە زەنگی دیكتاتۆریەت كە خەڵك نەیدەوێرا لەماڵەكانی خۆی بحەوێتەوە، ئەوانە سنگیان دا بەر قەڵغانی دوژمن، سەرنجەكەی من ئەوەیە لێرە هاتووە بەناوی شایستەیەكیان و ئیمتیازێكیش شایستەیان بۆ دابین دەكرێ، مەبەست لە ئیمتیاز مینحەیە یاخود مووچەیە، ئەگەر بە گوێرەی ئەو مووچەیە لەناو ماددەكە هاتووە دەبێتە خانەنشینی، كەواتە تا نەقل دەبی لە حاڵەتی مردنی لە بۆ خێزانەكەی یاخود منداڵەكانی، لە هەمان كاتدا من تەفسیری ئەوەم لایە كە پێم وایە دەبێ ئیمتیاز نەبێ بەڵكو مووچەیەك بێ، بەڵام ئەو مووچەیە بگونجێ لەگەڵ تێكۆشان و خەباتی ئەوانە و لەگەڵ پاككردنەوەی و لیستی ئەوانەی كە بە ناموستەحەقی لە ریزی ئەوەدا خانەنشین كراون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، دكتۆر ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبەتە وەك عارەب دەڵێ (بیت قصید) من پێم وایە ئەو ماددەیە بیت و قەصیدە، هەموو ماددەكان بەلاوە ئەو ماددەیە بەتەنها زۆر زۆر گرنگە، من دوو پرسیارم هەیە لە چ بەڕێز وەزیری دارایی بێ، یان بەڕێز سكرتێری ئەنجومەنی وەزیران بێ بۆ روون كردنەوە، لەگەڵ تێبینیەكیشم هەیە لەسەر دەستەواژەی ئیمتیازاتی سیاسی، پرسیارەكە ئەوەیە، ئایا هیچ داتایان لەبەردەستە بزانین؟ ئایا رێژەی ئەو بەڕێزانە چەندە؟ و ئایا هیچ پلەیەك لەسەرووی وەزیریش هەیە؟ بۆ ئەوەی كە خانەنشین بكرێ و ئەوانەیان لێ بستێنرێتەوە، سەبارەت بە تێبینیەكەشم نووسراو ئیمتیازێكی دارایی شایستەیان پێ دەدرێ، كەمێك ناروونە، چۆن؟ ئێوە لەسەر چ بنەمایەك ئەو شایستەیان پێ دەدەن، ئەو شایستە چەندە؟ وخودی وشەی ئیمتیاز بەكوردی هەیە پێی دەڵێن جیاو، بگۆڕدرێ و بكرێ بە جیاو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

دروستە، سوپاس، كاك ادریس فەرموو.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من رستەیەك لە ماددەی (١١) دەخوێنم ئەویش ( پاککردنەوەی لیستی ناوی ئەو پێشمەرگانە لە ناوی کەسانی ناشایستە، ئیمتیازێکی دارایی شایستەیان بۆ دابین بکرێت) لێرە دیارە کەسانی شایستە کێنە، بەڵام کەسانی ناشایستە کێنە و چیان لێ دەکەن، هەڵبەت کەسانی ناشایستە ئەو کەسانەن کە بۆ رۆژەکیش پێشمەرگە نەبوونە لەسەر ناوی پیرۆزی پێشمەرگە بە پلە و مووچەیەکی زۆر بەرز خانەنشین کراون، ئێمە لەگەڵ بڕینی قووتی خەڵك نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەش نین کە کەسانێك بۆ یەك رۆژ پێشمەرگە نەبووبێت و لەسەر ناوی پیرۆزی پێشمەرگە خانەنشین کرابێت، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شاخەوان فەرموو.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە مادده (١١) باسی ئەوە دەکات کە خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی و بەشداریان کردووە، پرسیارەکە ئەوەیە پێشووتر هەندێ لەو هاوڕێیانە باسیان کرد ئەو شایستە داراییە چییە بۆیان دیاری دەکرێت، ئەمە خاڵی یەکەم، دووەم ناکرێ ئەوانەی کە بەشدار نەبوون هەروەکو ئەوانەی بەشداربوون حیسابیان بۆ بکرێ، یانی هاوشێوەی ئەوان حیسابیان بۆ بکرێت و ئەوانە، ئەمە ئەتوانم بڵێم ئەچێتە قالبی گەندەڵی، وەکو ئەوانەی وایە کە هیچیان نەکردبێ، حسابی ئەوانەیان بۆ بکرێ کە پێشوو تر پێش راپەڕین لە خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی و بەشداریان کردووە، قسەکە لەسەر ئەوەیە ئەگەر بڕیار بێ ئەوانەشی بەشدار نەبوون حسابی یان هاوشێوەی ئەوانەی کە بەشداربوونە حیسابیان بۆ بکرێ، ئیتر ئەم دەستکاری کردنە، یان ئەم یاسایە یان ئەم یان ئەم پرۆژەی کە هاتووە با بڵێین، مەبەستەکەی وەکو ئەوەی ناپیکێ، لەبەر ئەوە هەموو شتێك بە حساباتی خۆی ئەوانەی لە خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی تا راپەڕین موشارەکەیان کردووە و بەشداریان کردووە و حەقی خۆیانە، بەڵام بەراستی ئەوانەی کە وەزیفەیان نەدیوە و خانەنشین کراون بە پلەی راوێژکار یان وەزیر لە شۆرشەکانی رابردوو و لە پێش راپەرین و بەشداریان نەکردووە، ئێستا هەمان ئەوەیان پێ بدرێت و جۆرێك لە جێکردنەوەیان بۆتەرتیب بکرێت، بەرای من دەچێتە قالبی گەندەڵیەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە بە چاککردنی یەکێکە لە گرنگترین ماددەکانی و لای من بایەخێکی یەکجار گەورەی هەیە ویەکێکە لەو ماددانەی کە بەدرێژایی خولی پێشوو لەگەڵ بەرێز دکتۆر ئامانج دەیان

دۆسیەمان ناردووە کە چۆن خەڵك بە ناقانوونی تەقاعود کراوە، بابەتەکە هەر شۆڕشگێڕە و تێکۆشەرەکانی پێشوو و ڕێکی دەخەمەوە بابەتەکە چییە، هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی بە پلەی وەزیر ڕاوێژکاری وەزیر، ڕاوێژکار بەڕێوەبەری گشتی، هەر پلەیەکی دیکە خەڵك هەیە بە بەڕێوەبەری تەنفیزی کراوە، خەڵك هەیە بە خەبیر کراوە، لەساڵی خزمەتی نییە، دوو ئەم پرسیارە دەقیقە بابەتەکە هەر تێکۆشەرە دێرینەکە نییە، ڕۆژنامە نووس هەیە بە ڕائید کراوە، ڕۆژنامە نووس هەیە بە بەڕێوەبەری گشتی کراوە، موسەقەف هەیە رەخنە لە دارو دیوار هەیە بە بریکاری وەزیر کراوە، ئەبێ ئەمە هەمووی شموول بکات بە پێی خۆی، چونکە بە پێی ئەمە بەس تێکۆشەرە دێرینەکان تۆ لە تەفسیری ئەم ماددە خۆی دەڵێم موجەرەد، تێکۆشەرە دێرینەکان ئەنێرین بۆ یاسای خزمەت، ئەی ئەوەکانی تر، نووسەرە، ڕۆژنامەنووسە، کادیرێکی سیاسی و کادیرێکی حزبیە، بۆ ئەوەی یەکەم سەرجەم پلەکان بگرێتەوە کە جاری وا هەبووە بە کتابێك دووسەد وپەنجاو سێ کەس کە بەبەڵگە لامە کە خانەنشین بە بەڕێوەبەرش گشتی کراوە، یانی بە نووسراوێك دووسەدو پەنجاو سێ کەس بە بەڕێوەبەری گشتی کراوە و پێنج سەد بە خەبیر کراوە و بیست بە وەزیر کراوە و بابەتەکان هەمووی تێکەڵە، بۆیە ئەبێ سەرجەم پلەکان بگرێتەوە بە پلەی سەربازی، چونکە خەڵك هەیە بە لیوا کراوە ئەوە بەعەمید کراوە و بە عەقید کراوە و بێ ئەوەی خزمەتی سەربازی و پێشمەرگایەتیشی هەبێ یانی هەمووی تێدایە، من دڵنیات دەکەم بەس لە ٢٠١٣ بە پێی ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی (٢٥) هەزار کەس خانەنشین کراون بە پلەی سەربازی تەنیا (٤٣٧) کەسیان مەشمولن بە قانون، من پێم وایە ئەو ماددەیە وەك خۆی جێبەجێ بکرێ بە قەدەر هەموو یاساکە پارە دەگەڕێندرێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەی پەیوەندی بە تێکۆشەرە دێرینەکانەوە هەیە تەحصیل حاصلە، وچەی مووچەی شایستەیان ناوێ، چونکە تۆ لە خوارەوە نووسیوتە بەم قانونانە تەقاعود دەبن، ئەوەی کە یاسای خانەنشینی ئەوەی کە ئاماژەی پێدراوە، (٣٣ و ٣٤ و ٣٨) شمولی دەکات، تەحصیل حاصل، ئۆتۆماتیکیەن دەتوانێ خانەنیشین بێ، ئەوەی یەکەمی ئەوەی شایستەی دارایی حەقیقی نییە بە هەر پلەیەکی باڵاو نایاسایی سەربازی دەتوانێ تەحصیل حاصل خانەنشین دەبێ، ئەوەی یەکەمیشی ئەوەی شایستەی دارایی حەقیقی نییە بە هەر پلەیەکی باڵاو ئاسایی و سەربازی خانەنشین کراوە، دەگونجێدرێ لەگەڵ بارە ئاساییەکە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەمە ئیشارەت بە ووردبینی کردن دراوە، بەڵام ئیشارەت بەوە نەدراوە کە لەلایەن کێیەوە ووردبینی دەکرێ، بۆیە من پێم باشە ئەوە زیاد بکرێت ( کە لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگە و

کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان و دەزگای گوڵانەوە ووردبینیان بۆ بکرێ)، پرسیارەکەشم ئەوەیە ئەوانەی کەوا پێشمەرگە نەبوون ئێمە چارەسەرمان چییە بۆیان، یاخود خەباتگێر نەبوون، ئایا ئێمە بەرپرسین لە ژیان و گوزەرانی هەموو خەڵك، و لەلایەکی تریشەوە پرسیارەکەم بۆ وەزیری دارایی ئەوەیە کە ئایا رێژەی ئەمانە چەند کەس دەبێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەم ماددەی یازدە ببێ بە دوو بڕگە، بڕگەی یەکەم هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی بەو پلانەی کە هاتووە، بڕگەی دووەم بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە لە ریزی بزووتنەوەی رزگاریخواز بوون و بە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە خانەنشین بوون تەواوی بکەین، بۆ؟ لەبەر ئەوەی تەنها ئەو پێشمەرگە دێرینانەی خەباتی رزگاریخواز نین کە بەم پلانە خانەنشین کراون، خەڵکی دەرەوەی ئەوانەشی تێدایە، بۆ ئەوەی ئەوە تەنها بۆ ئەوانە نەبێ، بۆ هەر کەسێك بێ و ئەوان بچنەوە سەر ئەو یاسایانەی کە ئاماژەی پێکراوە و بەوە خانەنشین بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك حکمەت فەرموو.

**بەڕێز حیکمەت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

براستی بۆ من ئەڤرۆکە جیهێ دڵخۆشیا کو هەمی ئەندامێت بەریزی پەرلەمانێ کوردستانێ لسەر هەندێ کۆکن کو ئەو خزمەتا وان پێشمەرگێت بەری ١٩٩١/٣/٥ کە ئەگەر ئەو پێشمەرگانە نەبانایە ئەو قارەمانانە نەبانایە، ئیحتیمالە ئەڤرۆ ئەڤ پەرلەمانا ژی مەنوکە نەدەبوو، بەر هەندێ بۆ من جێی دڵخۆشیە، بەراستی لگەل هەندێمە کو بێنە ژی گرتن کونە موستەحەق بن هەر دەرکەن، ئەڤێت دێتریژی چ پلەت عەسکەری بێت ئان چ ئەو ناوێت گوڤێکی ئەو هاتینە تەقاعد کرن هاتینە خانەنشین کرن بمێنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە کە لای هەموان روونە، پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ بە فەرمانی و لەسەر داواکاری پێشمەرگەیەك و بە پالپشتی لایەنەکانی دیکە کە بەڕێز سەرۆك بارزانی بوو، داوای هەڵبژاردنی کرد، کە پەرلەمان دابمەزرێ، دەبێ لەو پەرلەمانە مافی پێشمەرگەکان بپارێزرێت و ئەوانەی کە لە بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا خەباتیان کردووەو شەونخونیان کردووە و ژیانی خۆیان

لەم پێناوەدا داناوە مافەکانیان پارێزراو بن، بۆیە ئێمە پاڵپشتی ئەو ماددەیە دەکەین کەوا مافی پێشـــمەرگەی شۆڕشـــگێڕ، ئەوانەی کە خەباتیـــان کـــردووە و ئەوانەی کەوا کە بە فیعلـــی لەم هەرێمەدا و لە پێناو ئەو وڵاتەدا قوربانیان داوە و هەندێکیان بریندار بوون و هەندێکیان هەمـوو تەمەنی خۆیان داناوە لە پێناویدا مووچەیەکی شایستە و ڕێز لێگیراویـان پـێ بـدرێ، بەجۆرێـك کە ژیان و گوزەرانی باشیان هەبێ بەهۆی ئەو مووچەوە بە ڕێك و پێکی بژین، بەڵام ئەوانەی کە بە جۆرێـــك جـــێ کـــراونەتەوە، بەشـــێوەیەکی نایاســـایی و یـــان ئەوانەی شایســـتە نەبـــوون و پێشمەرگەی فیعلی نەبوون، و ئیتر بە هەر جۆرێك بوو تێپەڕاندراوە ولەو لیستانەدا جێیـان بـۆ کـراوەتەوە، داوا دەکەیـن کە ئەوانە پـاك بکـرێنەوە لەوانەی کە بەراسـتی پێشـمەرگە بـوونە و بەراستی خزمەتی خەڵکی کوردستان و ئەزموونی هەرێمـی کوردسـتان و بونیاتنـانی پەرلەمـانی کوردستان و حکومەتی کوردستانیان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بالانبو فەرموو.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیـــارە لێـــرە لە ســـەرەتای مـــاددەی (١١) نووســـراوە هەڵوەشـــاندنەوە، ئەگەر لە پێشـــدا ئەمە هەڵبوەشێتەوە، کێشە دروست دەبێـت، لەبەر ئەوە ئەوە بە ئاسانی پـاك نـاکرێتەوە، بـۆیە باشـتر وایە کە لە پێشـدا بنووسـرێ پـاککردنەوە و هەڵوەشـاندنەوەی خانەنشـین بەپـلەی وەزیـر وهەتـا ئەگاتە پلەی تایبەت، بۆ ئەو کەسانەی کە پێشمەرگە بوون و پێشمەرگەش نەبوون، چـونکە وەکـو هاوڕێیانیش ئاماژەیان پێکرد خەڵکانێك هەیە کە بەهیچ ناونیشانێك نەبووە و ئێسـتا بە تـایبەت و بە پلەکانی دیکە خانەنیشن کراون، بۆیە بۆ ئەوەی ئەوانەش بگـرێتەوە پێویسـتە بەو شـێوەیە صـیاغە بکـرێتەوە، لەوێشـدا کە دەڵـێ ووردبینـی کـردن و پـاککردنەوەی لیسـتی نـاوی ئەو پێشمەرگانە لەناو کەسانی ناشایستە، دیارە لێرە نووسراوە ئیمتیازی تـایبەت خـۆی لێـرە بە پێـی ماددەی (٣٨) برگەی (٩) تەبعەن دەڵـێ (١٩٩١/٣/٥) پێشـمەرگە بـوون ئەگەر سـێ سـاڵ خزمەتیـان هەبێ، سێ ساڵەکەیان بۆ ئەکرێ بە (١٥) ساڵ و خانەنشین دەکرێن، بـۆیە مـادام لە مـاددەی (٣٨) ئاماژە بەوە دراوە کە پێشمەرگەی دێرین خانەنیشین دەکرێ، پێویستە لێرەشدا بە مووچە دیاری بکرێ، لەبەر ئەوەی نەکرێ بە شایستە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیـارە ئەوەی کە بـاس کـرا، فعـلەن زۆر دەقـیقە، لەوەی کە خەڵـك کـراوە بە وەزیـر پـێم وابـێ مەلەفەکەی وەرەقەکەی ئەوەنـدەی تێـدایە، لەبەر ئەوە پشـتیوانی لە قسـەکانی کـاك علـی حەمە صالح دەکەم، دکتۆر هەورامان و کاك سۆران عمر دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر عوسمان فەرمووو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕام جیاوازە لەگەڵ سەرجەم براو خوشکانم لە پەرلەمان، هەڵبەتە دوای ١٩٩١/٣/٥ پێشمەرگە دێرینەکان، بۆ بەوەی پێش ڕاپەرین دەڵێین پێشمەرگەی دێرینە، یانی بەراستی ئەوە ناشایستەیە لەگەڵ ئەو پێشمەرگە قارەمانەکان، بەڵام بکرێتە دوو بڕگە، بڕگەیەکیان بڵێین بە یاساکە ڕێکخستنی بە یاسا، بۆ سەرجەم ئەو خەڵکانەی کە خانەنشین کراون و هەروەها بڕینی ئەو کەسانەی کەوا بە ناشایستە خانەنشین کراون، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك کاوە فەرمووو، لێرە نییە، کاك زانا فەرمووو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیەدا دیارە تەنها ئاماژە بە پلەکانی وەزیر و بەرەو خوارەوو کراوە، ئاشکرایە لەم وولاتەدا کۆمەڵێکی دی هەن ڕەنگە لە پلەی وەزیر بەسەرەوە خانەنشین کرابن، بۆیە جێگای خۆیەتی لەم ماددەیەدا ئاماژە بەوە بکرێت و سەرجەم پلە باڵاکان و تایبەتەکان و هاوشێوەکانیان، بۆ ئەوانەی کە بەهەمان شێوە بەو پلانە مووچە وەردەگرن، بەرای من ئەو ماددەیە بکرێتە دوو بڕگە، ناکرێت پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان ئەوانەی لەم بەروارەدا ئاماژەی پێکراوە بخرێنە ناو ماددەیەك لەگەڵ خەڵکانێك کە بە نایاسایی خانەنشین کراون، ڕەنگە ڕۆژێك لە ڕۆژانیش پێشمەرگە نەبووبن، جگە لەوەی کە پێشمەرگە نەبووبن ڕەنگە لە ڕیزەکانی دوژمن بووبن، بەداخەوە ئەمڕۆکە بە ناعەدالەتی خانەنشین کرابن، گومانیش لەوەدا نییە کە هەتا ئەوانەی کە لە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستانیشدا بن، ناکرێ بڵێین دادپەروەری سەداسەد هەبووە لە خانەنشین کردنیان، ڕەنگە خەڵکانێك هەبن بەیەکەوە خەباتیان کردبێ، لەیەك سەنگەردا بووبن، بەڵام پلەکانیان یەکجار جیاوازی هەبێ، یەکێکیان بە پلەی وەزیر خانەنشین بووبێ، و یەکێکیان وەك پێشمەرگەی دێرین بی پلەیەکی ئاسایی خانەنشین بووبێ، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لەم ماددەیەدا جێگای بکرێتەوە، سەر لەنوێ سەرجەم خانەنشینەکان ڕێك بخرێنەوە، ئەوانەی لە ڕیزەکانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستاندا بوون، و لە بڕگەی دووەمیشدا سەرجەم ئەو خانەنشینیانە هەڵبوەشێنرێتەوە کە بەناوی پێشمەرگە، بۆ ئەوەی وشەی پیرۆزی پێشمەرگە لەو بڕگە ناشرین نەکرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك ڕیڤینگ فەرمووو.

**بەڕێز ریڤینگ محمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی بۆمەژیا ماددیەکی گەلەك گرنگا وەکی هەمی ماددەیە دیتن، ڤان جەلستاتێندا گەلەك بەحسا پێشمەرگا هاتە کرن، بەراستی لەسەرسایا پێشمەرگەیا هەمێت ڤێرێ پاراستینا، تایبەتە و باش دزانن کە ناڤا شۆرشا دابون و چیا دابوونە لە رۆژێ ناخۆش بوون، دەردەسەریات پێشمەرگەیا چەڤا بوون، ژبەرهەندێ ئەڤ خالا گەلەکا گرنگا ووردبینا کرنێ و پاك کردنەوە، بەراستی ئەڤا گەلەکا گرنگا دەبێت ئەڤ پێشمەرگەها هاتیت خانەنشین کردن، یان ناڤێ پێشمەرگا هاتێت خانەنیشین کردن، پاکردنەك بۆ بێتە کرن یا گەلەکا رێك وپێك، دگەل وێرێ ژی بەشەك ڤێ ژێ دەرکەون بێگومانە، ئەڤێ دەرکەون وناڤێ ژمانا مووچە بڕ بکن، بەڵێ حکومەت بەرپرسیارە ڤان چینکی گوناحا وان نینە، بەلکی گوناحا یا حکومەتا بێتن ئەو لسەر وێ پلێ هاتینە خانەنشین کرن، ناڤێت پیشمەرگاتێ نەمێنی، وەکی دی پلەیەکی بدەنێ، یان معاشەکی بدەنێ، یان تشتەکی گەلەك دروستە، بەس نەمێنێ لسەر ناوێ پێشمەرگەیا، چونکی بەراستی ناوێ پێشمەرگاتیا گەلەك پیرۆزە، دڤێ خالا تر کو ئیمتیازەك بێتە دابین کرن، ئەڤ ئیمتیازە گەلەك هەڤالا ئیشارەت پێدان کو روون نینە، لوێرێ پێشینا ئیمتیاز بیژن مووچە و ئیمتیازەکی شایستە بۆ بێتە دابینکرن گەلەکا باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١) رێکەوتی ١٩٩١/٣/٥ وەك رێزلێنانێك مووچەی خانەنشینی بەو پلەیانە، لێرە هاتووە (بەو پلانە) (بەو پلانە پێدراوە لەبەر ئەوە پێویستە لەدوای دڵنیا بوون لە هەبوونی مەرج و پێداویستیەکان و ووردبینی کردن و پاکردنەوەی لیستی ناوی پێشمەرگەکان بەناوی کەسانی ناشایستە و ئیمتیازێکی دارایی شایستەیان بۆ دابین بکرێت)، لێرەدا باسی ئیمتیاز دەکات، من پێشنیار دەکەم لە دوای دڵنیا بوونیان لە خەبات ماندووبوونیان، حەق وایە مووچەیەکی شایستەیان بۆ دابین بکرێت، پشتگیری لە قسەکانی کاك حەمە صالح دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١١) بەروونی هاتووە ئەوانەی ئەو پلانەی لەخوارەوە لە وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی، ئەوانەی کە لەریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەر لە راپەرین رۆڵیان

هەبووە، ئەمانە لە چوارچێوەی یاساکانی خانەنشینی پێشمەرگە شوێنیان دەکرێتەوە، بۆیە ئیمتیازێکی دارایی شایستە بەرای من لابرێ و بڕگەیەکی تر ئیزافە بکرێ، خەڵکانێکی تر هەن، تێکۆشەری دێرین بوون لەسەر بنەمای ولائیان بۆ شۆرشی کوردایەتی یاخود زیندانی سیاسی بوون، لە ساڵانی رابردوودا لەماوەی (٢٤، ٢٥) ساڵی رابردوودا بەم پلانە خانەنشین کراون، بۆیە ئەمانە شوێنیان بکرێتەوە، ئەکرێ بڕگەیەك زیاد بکرێ کە ئیمتیازێکی داراییان بدرێتێ بۆ نموونە لە یەك ملیۆن زیاتر نەکات، کە ئێستا رەنگە بەشێکیان زیاتر لە شەش ملیۆن دینا وەربگرێ، بەڵام ئەبێ چارەنووسی ئەمانەش لە چوارچێوەی ئەم یاسایە جێگای بکرێتەوە، خاڵێکی تر هەیە ئەمەوێ ئیزافەی پێ بکەم، دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان فعلەن لە ریزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان رۆڵێکی گەورەیان هەبووە، خوا لێخۆشبوو سەرۆك مام جلال، جەنابی کاك مسعود، خوالێخۆشبوو کاك نەوشیروان مستەفا، هەموویان رۆڵی گەورەیان هەبووە لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانی کە بڕیاری دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستانیان دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم ماددەیە یەکێکە لە مادده هەرە گرنگەکان، بۆیە زیاتریش جەخت کرایەوە سەر تێکۆشەرە دێرینەکانیان، ئەوانەی کە لە پێش ١٩٩١/٣/٥ پێشمەرگە بوون، ئەو تێبینیەی کە کاك علی حەمە صالح ئاماژەی پێکرد زۆر دەقیقە، تەنیا باسی ئەو کەسانە دەکات کە پێشمەرگە بوون، بەڵام ئێمە رۆژانە دەیان لیست و دەیان قائیمە دەبینین کە خەڵکێکن پێشمەرگە نەبوون و خەڵکێکن نووسەرن و رۆژنامەنووسن، یان لە فیئەیەکی تردان بە پلەی جیاواز جیاواز خانەنشین بوون، و پشتگیری قسەیەك دەکەم بۆ ئەوەی کە پلەی تایبەت لێرە لابدرێ و پلەی تری بۆ ئیزافە بکرێ و ئەوەی کە باس لە ئیمتیازێکی دارایی شایستەیان بۆ دابین بکرێ، لەبەر رۆشنایی لە هەندێ مادده هاتووە هەست ئەم جوملەیە مەتاتییە، ودەرفەتی ئەوە دەدا لەدەرەوەی ئەم سێ یاسایە لەدەرەوەی ئەمە ئیمتیازی زیاتریان بدرێتێ و، داوا دەکەم ئەم جوملەیە لابرێ و سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك سەروان فەرموو.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەکەم جار لە پشتگیری دەست پێدەکەم، پشتگیری کاك زانا دەکەم بۆ داخیل کردنی ئەوانەی بە پلەی وەزیر بەرزتر خانەنشین کراون کە ئەوانیش داخیل بکرێن، و پشتگیری کاك ادریس دەکەم کە ئێمە هەرگیز لەگەڵ برینی قوتی خەڵك نین، بەڵام لەگەڵ کەمکردنەوەین، پشتگیری کاك حەمە صالحیش دەکەم بۆ گرتنەوەی هەموویان نەك تەنها پێشمەرگە، پشتگیری برای بەڕێز

کاك لقمان دەکەم بۆ پیرۆز ڕاگرتنی ناو و مەکانەتی سەرکردە پیرۆزەکان، کە ئەو ناوەی ئەو هێنای هەمان ناو لای ئێمە پیرۆزن و گەورەن، وەکو خۆشیان پیرۆز و گەورە دەمێننەوە، من دەمەوێ ئەوە بڵێم بەراستی من هەست دەکەم ئێمە غەدر لە پێشمەرگە و پیرۆزی ناوی پێشمەرگە دەکەین، بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئەوانەی دوێنێ موستەشار و ئامر فەوج بوون، شەری پێشمەرگەیان دەکرد، ئێستا پێشمەرگە پارێزەری ئەوانە، پێشمەرگە پاسەوانی ئەوانە، بەراستی بەداخەوە، یانی ئەوان شەری نەمانی پێشمەرگەیان کرد، شەری نەمانی ناوی کوردو کوردستانیان کرد، ئیستا پێشمەرگە پیرۆزی کوردستانی دەویست و کوردو کوردستانی دەویست، ئەو ئەوان دەپارێزێتەوە، لەگەڵ ئەوەم ئەوانە هەرگیز نە خانەنشین بکرێن و نە پێشمەرگە پاسەوانی ئەوان بکات، لەگەڵ ئەوەش نیم بەراستی کە کەسێك پلەو پۆستێکی نەبینی بێ بەو پلەو پۆستە خانەنشین بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك بهجت کەرەم کە.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەیا ئاخافتنا مە هاتنە کرن، ئەز پشتگیریا وان ئاخافتنێ برایێ بەڕێز کاك پێشەوا کری و کاك حکمەت کری، هەروصا ئەم مادەیە شوا ماددەیە هەرا گرنگا، چونکا پێشمەرگا بویا بەردی بناغا بۆ ئەڤرۆکە، لەما پێدڤیا ئەو پلەو ئیمتیازاتانە و شایستەیا داراییا بێنە دەست نیشانکرن بەشێوەیەکا ئاکادیمین نەبیتن، چونکی ئی وەختی ئەڤانا چ پلە چ شەهدا و چ پلێت عەسکەری و چ دکتۆرا و پرۆفیسۆر نەبووینە، هیڤیدارم ئەڤ حالەتا بەرچاڤ بێتە وەرگرتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داواکارم ڕاستیەکەی جگە لە هەڵوەشانەوە پاکسازیش بکرێت، ئەو مەرتەبانەی کە ناوی هێنراوە لەم ماددەیەدا، کۆمەڵێ مەرتەبەی تر هەیە کە ئەتوانم بڵێم هەندێکیان جۆرێك سوکایەتیە بە خودی ژن، بەتایبەتی ئێمە ئەوانەی کە بەناوی ژنانی شاخەوە بە (٣٧) هەزار دینار جۆرێك خانەنشینیان بۆ کراوە، کە ئەتوانم بڵێم ئەمە ئەتوانرێت لە ناو یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی جێگەیان بکرێتەوە، و هەڵوەشێنرێتەوە بەپێی ئەم یاسایە لە ناو یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی بە بڕێکی باشتر لەوە کە شایستەی ماندوو بوون و هاوکاری ئەوان بێت لەکاتی شۆرش و خەباتی شاخدا بۆیان ڕێك بخرێت، ئەمە لەوێ ڕێك بخرێت لەگەڵ ئەوەی کە بەڕێز کاك علی و کاك دابان و کاك سەروان ئاماژەیان دا بەو پلەو مەرتەبە عەسکەرییانەی کە وەکو عەقید و عەمید بۆ هەندێ کەس کراون کە لە ئاستی شایستەیی ئەو پلانەدا نین، ئەوانە هەمووی هەڵبوەشێنرێتەوە، بۆیە پشتیوانی لەبەڕێز کاك علی و کاك دابان و کاك سەروان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاشنا خان فەرمووو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەهەمان شێوە منیش پشتگیری قسەکانی کاك دابان و کاك علی و کاك بەڵێن و خاتوو گوڵستانیش دەکەم، لەسەر بەشێکی تری ماددەی (١١) تێبینیم هەیە، لەشوێنکدا دەڵێ (لە بری ئەوە پێویستە ئەو دڵنیا بوون لە هەبوونی مەرج و پێداویستیەکان و ووردبینی کردن و پاکردنەوەی لیستی ناوی ئەو پێشمەرگانە لەناوی کەسانی ناشایستە)، روون نەکراوەتەوە لێرەدا کە چی دەکرێت، بۆیە پێویستە لە کۆتایی ئەم ماددەیە یان لە شوێنکدا جێگای بکرێتەوە، پێویستە ئەنجومەنی وەزیران بە پێی پەیڕەوێك ڕێکی بخات، ڕوونکردنەوەیەکیشم دەوێت لە بەڕێزان لە ئەنجومەنی وەزیران بیر لەوە کراوەتەوە بەچ میکانیزمێك کەسی شایستە لە کەسی ناشایستە جیا دەکەنەوە، یان جارێك هیچ بەرچاورِوونیەك نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گولیزار خان فەرمووو.

**بەڕێز گولیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنا من هاتە کرنێ، پاڵپشتیا کاك حکمت و کاك ادریس و کاك ریڤینگ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆرە گەلاوێژ فەرمووو.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١) گرنگترین ماددەیە لە بۆ چاکسازی و هەڵوەشانەوەی خانەنشینی نایاسایی، من پێم باشە ووشەی (نایاسایی) لێرە زیاد بکرێ (پێشمەرگە سومبولی ئازایەتی و شۆڕشن) نابێ ناویان لەگەڵ کەسانی ناشایستە تێکەڵ بکرێ، بەراستی لەهەر پلەیەکی تری تایبەت پێم باشە (تایبەت و سەربازی) بۆ زیاد بکرێ لێرەدا، لێرەدا ئاماژە بە سێ یاسا کراوە ئایا کامە یاسا هەڵدەبژێردرێ، یان ئەو کەسە سەرپشك دەکەن بۆ هەڵبژاردنی یان کام یاسا، لێرەدا دیار نەکراوە، بۆیە پێویستە ڕێکخستنێك هەبێ، چونکە (یان) یانی سەرپشك کردن لە هەڵبژاردنی کامە یاسا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك گۆران فەرمووو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە من ویستم باسی بکەم، کاك علی حمە صالحی بەڕێز بە جوانی ڕوونی کردەوە ئاماژەی پێکرد، بۆیە پشتگیری لەبەڕێز کاك علی حەمە صالح و کاك دکتۆر هەورامان گێچەنەیی، کاك سەروان و گوڵستان خان و کاك دابان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شیرین خان فەرمووو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیـارە لە مـاددەی (١١) ئامـاژە بەوە دەکـات کە هەڵوەشـاندنەوەی خانەنشـین بە پـلەی وەزیـر بـۆ پلەکـانی کۆتـایی، بەڵام لە بـواری خانەنشـینی پێشـمەرگەدا ئەتـوانین بڵێـین زۆر خانەنشـینی نایاسایی هەن بە پلەی پێشمەرگایەتی خانەنشین کراون، مـن لیسـتێکم لەبەردەسـتە نـاوی (٤٠٤) ژنی تێدا هاتووە لەبواری ڕاگەیاندن کار دەکەن، بە پلەی عەقید و عەمیـد خانەنشـین کـراون بـێ ئەوەی یەك دەقە پێشمەرگایەتیان کردبـێ، بـۆیە پێشـنیاز دەکەم ووردبینـی پێویسـت لە لیسـتی خانەنشینی پێشمەرگایەتی بکرێت، هەر کەسێك لە ژێـر نـاوی پێشـمەرگایەتی بەنـاوی نایاسـایی خانەنشین کراون پاکبکرێتەوە و هەڵبوەشێنرێتەوە، هەروەها پشـتگیری لە ڕای کـاك علـی و کـاك شاخەوان و کاك دابان و کاك سەروان و گوڵستان خان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کاوە فەرمووو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مـاددەی (١١) کە بـاس لە هەڵوەشـاندنەوەی خانەنشـینی بە پـلەی وەزیـر و بریکـاری وەزیر و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی دەکات، دیارە تەنها ئەو پلانە نین وەکو پێشتریش هەندێ لە هاوڕێیانم ئاماژەیان پێدا، لە پلەی نەقیب و ڕائیدەوە دەست پێبکـات تـا کۆتـایی، هەمـوو ئەو پلانە هەیە و خەڵکێکـی ناشایسـتە بەو پـلانە خانەنشـین کـراون، جـا جـگە لەوە لێـرە بـاس لەوە دەکات کە ئەوانەی کەوا پـێش ڕێکەوتـی ١٩٩١/٣/٥، دیـارە دوای ئەوەش لەو سـاڵانەش بەراسـتی خەڵکێکـی زۆر زۆر بەردەوام خانەنشـین دەکـرێن، هەتـا نەك خانەنشـین دەکـرێن، ئێسـتا ئـێمە لەسەروبەندی خوێندنەوەین بۆ یاسای چاکسازی کۆمەڵێکی زۆر لە کادیری حزبی بە پلەی جیاواز بەپێی پلەکانی کادیریان دەخرێنە ناو یەکەکان و دەخرێنە ناو مەسلەکی سـەربازی و پلەیـان پـێ دەدرێ، بەراستی من داوا لە وەزارەتی پەیوەندیدار بەتایبەتی ئەنجومەنی وەزیـران ئێسـتا ئەوە ڕاگرێ، ناکرێ کە کەسێك خزمەتی حزبی هەیە، کەسێك کادیری حزبە بەپێـی پـلەکەی لە کـادیری ئێستا پلەی پێ بدرێت لە سەربازی یاخود لە مەسـلەکی وەزارەتـی نـاوخۆ، خـاڵێکی تـری گرینـگ جگە لەمانە ئێستا بەپێی ئەو زانیارییانەی کە ئێستا ئێمە هەمانە، لە ئێستادا (٤٥٣) کەس بە پلەی وەزیر و بریکار، بەبێ ئەوەی یەك ڕۆژ وەزارەتێکیان دی بێ خانەنشین کراون، پێویستە ئەمانەش هەڵبوەشێنرێتەوە، ئینجا لە ماددەی (١٩) هەرچەندە نەگەیشـتینە سـەر مـاددەی (١٩)، بـاس لەوە دەکـات ئەنجـومەنی وەزیـران بە پێـی پەیڕەوێـك کە لە (٦٠) ڕۆژ زیـاتر نەبێـت، پەیڕەوێـك

هەڵدەستێت بە دابین کردنی پەیڕەوێك یاخود دروست کردنی پەیڕەوێك بۆ ئەوەی ئەوە یاسایە جێبەجێ بکات، داواکارین لەو پەیڕەوە بە روونی و بۆمان روونبکاتەوە ئایا ئەو خەڵکانەی کە لێرە دەڵێت ئیمتیازێکی داراییان پێدەدرێت، بە چ میکانیزمێکە و چ پێوەرێك دادەنرێ بۆ پێدانی ئەو ئیمتیازاتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە تایبەتمەندەکان قسەیەکتان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١) پەیوەندی بە نەصی بە رووحی ناونیشانەکەوە هەیە، کە مەسەلەی خانەنشینیە، ئەوانەی کە بە پلەی وەزیر و بریکاری وەزیر و وەزارەت و راوێژکارو بەڕێوەبەری گشتی (٤٦٤) کەسن، کە پرسیارمان کرد ئەمانە کێن؟ ئەمانە کە جەنابتان باستان کرد هەموو ئەو شۆڕشگێڕانە بوون، بۆ ئەوەی ئیتر ئەو تۆمەتە بۆیان دروست نەکرێتن کە یەك رۆژ پێوە وەزیر نەبوونە و وەزیرن، یەك رۆژ فلان شت نەبوونە و ئیستا پۆستیان پێ دراوە، ئینجا وەکو حکومەت بۆ لیژنەی دارایی روونی کردەوە، هەڵیان دەبژێرن بە پلەیەکی سەربازی کە خۆیان پێشمەرگە بوونە و پلەیەکی سەربازییان پێ دەدرێت، هەروەها سێ یاسایان داناوە لە ئاخیرەکەی، بەپێی ئەو سێ یاسایە مووچەیان بۆ دەبڕێتەوە دوای پاکردنەوەیان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان وەزیرەکان قسەیەکتان هەیە، فەرموو وەزیری دارایی.

**بەڕێز ئاوات شێخ جەناب/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو ماددەی (١١) بە ماددەیەکی گرینگی دەزانین، ئەتوانین بڵێین کۆتایی ئەو زنجیرەیە کە بەسەرۆکی هەرێم دەستی پێکردووە و هاتۆتە خوارەوە تا ئێستا، مانەوەی زۆر گرنگە جارێکی دی بە وەجهە نەزەری مە پێویستی بە صیاغە کردنەوە هەیە، ئەو خانەنشینانە بەتەنیا پێشمەرگەی نەگرتۆتەوە، لەم موخالەفەتانەدا مەدەنیش داخلی ئەمە بووە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەین لەکاتی صیاغە کردنیدا مەدەنیەکەشی بۆ حازر بکرێت، سەربازی و مەدەنی بۆ حازر بکرێ، لەسەر ئەو شایستانەی کە باس دەکرێ ئەم ماددەیە بە تایبەتی ئەگەر لەماددەکانی تر زیاتر داکۆکی لە پێشمەرگە و تێکۆشەرەکان نەکات کەتر نیە بە دڵنیایی زیاتریشە بۆ ئەوەشە ئەوانەی کە شایستەیی تێکۆشانیان هەیە بە فعلی تێکۆشەر بوون مافی خۆیان وەربگرن وە جیابکرێنەوەی لە خەڵکێکی کە ناشایستەن، لەبەر ئەوە مانەوەی زۆر گرینگە یەك شتی زۆر هینش کە ئێمە تەنانەت لە مفاوەزاتی عێراقیشا تووشمان بوو، ژمارەی جەنەڕاڵەکانی ئێمە یەکجار زۆرە، ڕەنگە لە مستەوای صین و ئەوانەیا بین، ژمارەی وەزیرەکانمان لە مستەوای عێراق

و ئەوانە تێپەڕیوین، ئیتر تەبعەن لەمە وەرە بۆ مدیر عام و بۆ هەموو شتەکانی کە لە مفاوەزاتیشا تا ڕادەیەك ئیحراجی بۆ ئێمە دروست کردبوو، بەم تەریقەیە بێجگە لەوەی کە دەرامەتێك بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە ئەو دەرامەتە کە ئەهمیتەی ئەم چاکسازیە ئەوەیە کە ئەو دەرامەتە کە دەگەڕێتەوە جارێکی دیکە بە شێوەیەکی عادلانە، بە شێوەیەکی یەکسان تەوزیع دەکرێتەوە بەسەر ئەم تێکۆشەرانە و هاوتاکانیان و هاوڕێکانیان، زۆر سوپاس ئومێدەوارم لە سیاغەکەش تیایا بە دەقیقی هەموو لایەنەکان بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نوقتە نیزام کاك دکتۆر ڕێبوار ئاماژە بە ماددەی، فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو پرسیارم ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی و بەڕێز سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران کرد وەڵامەکەم پێ نەگەیشتووە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، فەرموو وەزیری دارایی.

**بەڕێز ئاوات شێخ جەناب/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەلای وەزارەتی دارایی هیچ پلەیەك لە سەرووی وەزیرەوە نییە، یەعنی لەلای ئێمە شتی وا نییە، هەر بۆ بە سەریعیش بۆ مەعلوماتان لەلای ئێمە ئەوەی کە وامان پێگەیشتووە کە نا یاساین (٥٣) وەزیرمان هەیە (٥٣) بریکاری وەزیرمان هەیە (٨٧) ڕاوێژکارمان هەیە (٢٧١) مدیر عام مان هەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسیارەکەی تۆ ئاشنا خان بەڵێ وازحە، بەڕێز جەنابی وەزیر میکانزمی ئەم ماددەیە لە ماددەکانی دواوە دانراوە یان، بەڵێ دکتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

معیاری شایستە و نا شایستە بوون، لەلایەك یاسا بەرکارەکانن لە هەرێمی کوردستان هەر کەسێك لە خاریجی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان هەر شایستەیەکی دارایی و هەر پلەیەکی وەزیفی وەرگرتبێتن، ئەوە مەعیارەکە یاسا بەرکارەکانن وە بۆ تەفاصیلیشی بە پێی ئەو پەیڕەوە دەبێت کە ماددەیەك لە حکومە کۆتایەکانی ئەو یاسایە ئیشارەتی پێ دراوە، لە وێندەرێ هەموو معیارەکان ڕوون دەکرێنەوە بە ووردی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس جنابی وەزیر، فەرموو ماددەی ( ١٢).

**بەڕێز شاخەوان ڕۆوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ( ١٢) ڕاستکردنەوەی مووچەی خانەنشینی سەرجەم ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی نا یاسایی یان بە پلەی بەرز بە پلەی شایستەی خۆیان خانەنشین کراون، یا لەسەر بنەمای هەژمارکردنی نا یاسایی ساڵانی خزمەتی وەزیفی خانەنشین کراون وە ڕاستکردنەوەی مووچەی خانەنشینیان بۆ ئەو مووچەی بە پێی یاسای کارپێکراوەکان شایستە دەبن وەك لەم یاسایەدا ئاماژەی پێکراون، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت. هەر بەڕێزێك دەیەوێ لە بارەی ئەو ماددەیەوە قسە بکات؟ بەڵێ بەڕێزان ناوەکان دەخوێنینەوە (دکتۆر محي‌الدين، دکتۆر ئیسماعیل، سەرچنار خان، کاك سیروان، دکتۆر شێرکۆ، کاك جمال، کاك جلال، کاك زکری، کاك عوسمان، دکتۆرە شایان، کاك یاسین، گولستان خان، حەسیبە خان، کاك حیکمەت، کاك پێشەوا، جوان خان، دکتۆر ڕێبوار، کاك سەروان، دکتۆر زێدان، کاك بەهمەن، کاك موحسین، کاك مەم، کاك شوان، سەرکۆ، ڕۆژان، دابان، کاك شاخەوان، کاك ابوبکر)، دکتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدين حسن يوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە باس لە ڕاستکردنەوەی مووچەی خانەنشینی سێ توێژ دەکات ئەو کەسانەی کە بە نا یاسایی خانەنشین بوون یان پلەیەکی بەرزتریان لە شایستەی خۆیان وەرگرتووە یان ئەژماری ساڵانی خزمەتی نا یاساییان بۆ پلەکانیان وەرگرتووە، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا کەسێك بە نا یاسایی خانەنشین بێت چۆن مووچەکەی ڕاست دەکرێتەوە؟ کەسێك کە بە نا یاسایی کارێکی کردبێت، پێم وایە یەعنی ئەسڵ وایە خانەنشینیەکەی هەڵبووەشێتەوە، دوای کەسێکی تر ئەگەر ساڵانی خزمەتی بە نا یاسایی بۆ هەژمار کرابێت وە تەمەنی نەگەیشتوەتە پازدە ساڵ یان چل و پێنج ساڵ تەمەنی بێت و پازدە سالأ خزمەتی هەبێت، لەو پازدە ساڵەی کەمتر هەبێ و لە چل و پێنج ساڵە کەمتر بێت، لەو حاڵەتانە ئەو دوو حاڵەتە چۆنی لێ دەکرێت؟ کەواتە کەسێك بە نا یاسایی خانەنشین کرابێت چۆن ڕاست دەکرێتەوە و کەسێکیش ساڵانی خزمەتی هێنابێتەوە و تەمەنی نەگەشتبێتە ساڵانی خانەنشینی وە چل و پێنج سالأ تەمەنی تەواو نەکردبێت، چۆن معالەجە دەکرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ جەنابت، کاك زکری فەرموو.

**بەڕێز زكرى احمد اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢) ڕاست کردنەوەی مووچەی خانەنشینی سەرجەم ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی نا یاسایی یان بە پلەی بەرزتر لە پلەی شایستەی خۆی خانەنشین کراون، دیارە ئەوە حکومەت

داوای مافی خۆی لە خەڵك دەکات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەز پێشنیار دەکەم بۆ ئەو ماددەیە بڕگەیەك زیاد بکرێت، بۆ ئەو کەسانەی کە ئەوانیش مافیان لای حکومەت هەیە پلە و سەرمووچەی بۆ بگێڕیتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی سوپاس، کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دیارە ماددەی (١٢) ڕاست کردنەوەی مووچەی خانەنشینی سەرجەم ئەو کەسانەی کە بە شێوازێکی نا یاسایی لە پلەی بەرزتر بە خۆیان خانەنشین کراون، من پێم وایە ئەوانەی کە بە نا یاسایی خانەنشین کراون لە ئەساسدا نەك ڕاست کردنەوە، بەڵکوو کۆتایی پێهێنان بە خانەنشینەکەیان، ئەوانەی کە لە ئەساسا بە نایاسایی خانەنشین کراون وە ئەوانەی کە هەژماری زیادەیان بۆ کراوەتەوە، ڕاست کردنەوەیان بۆ بکرێت، بۆیە پێشنیار دەکەم ماددەکە بەم شێوازە دابڕێژرێتەوە کۆتایی هێنان بە هەموو مووچەی ئەو کەسانەی کە بە شێوازێکی نا یاسایی خانەنشین کراون وە یاخود ڕاست کردنەوەی ئەوانەی کە لە پلەی بەرزتر بە خۆیان خانەنشین کراون، سوپاس بۆ بەڕێزتان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، حەسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٢) مادام ئاماژە بەوە کراوە کە بە شێوەیەکی نا یاسایی، پێویستە هەڵوەشانەوەشی لەگەڵ بەکار بێت، بۆیە پێشنیار دەکەم کە ئەم ماددەیە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، هەڵوەشاندنەوە و ڕاست کردنەوەی مووچەی خانەنشینی سەرجەم ئەو کەسانەی کە بەشێوەیەکی نا یاسایی یان بە پلەی بەرزتر لە پلەی شایستەی خۆیان خانەنشین کراون، یان لەسەر بنەمای هەژمارکردنی نا یاسایی ساڵانی خزمەتی وەزیفی خانەنشین کراون و ڕاستکردنەوەی مووچەی خانەنشینیان بۆ ئەو مووچەیەی بە پێی یاسایی کارپێکلراو شایستە دەبن، وەك لەم یاسایە ئاماژەی پێ کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك حیکمەت فەرموو.

**بەڕێزحکمت محمد عبوزید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی حەسیبە خان دەکەم، بەلێ من پێم وایە کو ئەڤ مادەیە ببیتە بڕگەیەك لە ماددەی (١١) و ببیتە ێك، ژبەر کو ئەز وەسا تەسەوڕ دکەم کو پێکڤە گرێدانەك هەی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك محسین فەرموو.

**بەڕێز محسن حسین مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

دیارە ئەڤ خەلکی نە یاسایی هاتینە خانەنشین کرن، سەردەمێکی دابوو کە ئەڤە غەلەتییێت حکومەتێ ێك دڤ یك بوویە هەرێمێ کوردستانێ هاتینە کرن بە شێوەکی واصتە بووە، یان ب شێوەیەکی دی بووە هاتیە کرن، بەڵام دی وەختیدا ڕەنگە خەلکەك یێ زگورد بی ئەما خانەنشین بووی ئەڤرۆکە ڕەنگە خودانێ خێزانکە یان چەند کەس لە خێزانك دابن، ژبەر هندێ ئە لگەل پەیڤە هەلوشاندنێ نینم تنێ ڕاست کردنەوە بمینتن وە مووچەیەکی شایستەیەکی بۆ وێ خێزانێ بێتە دابین کرن زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

**ڕێزدار سەرۆکا پەرلەمانی.**

ئەز لگەل هەندێمە پەیڤا هەلوەشاندن بەری ڕاست کردنەوە بێتە هێدی کرن، چونکو دڤێت ئەڤە دەسپێکێ بێنە هەلوەشاندن پاشی ئەوەی مقابلی ڕاست کردنەوە بێنە ڕاست ڤەکرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال حوێز مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢) دیارە ڕاست کردنەوەی مووچەی خانەنشینی ئەو کەسانەیە کە بە حەقی خۆیان خانەنشین نەبوونە، ئێمە لەگەڵا نان بڕاوکردنیان نین، بەڵام بە عەکسەوەش هەیە خەرکەکی زۆر شایستەش، زۆر ماندوو بە پلەیەکی زۆر نزمتر خانەنشین کراوە، چونکە پشت و پەنای نەبووە و غەدری لێ کرایە، هیوادارم لەو ماددەیە جیی بکرێتەوە حەقی ئەوانیش بدرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، دکتۆرە شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکەصالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شایان کاکە ساڵح، بەڕێزان بۆ ئەوەی دەرفەتێك هەبێت بۆ کەسانی تر و خاوەن توانای تر کە بێنەی جێی ئەوانەی کە خانەنشین دەبن، بۆیە پێشنیار دەکەم ماددەی (١٢) بکرێتە دوو بڕگە و

بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە ماددەی (١٢) ئەوانەی بە نا یاسایی خانەنشین بوون یان ئەوانەی بە یاسایی خانەنشین بوون بە گرێ بەست گەڕاونەتەوە سەر ڕاژەی پێشوویان، بەم شێوەیەی خوارەوە مامەڵەیان لەگەڵا دەکرێت، بڕگەی یەکەم هەر وەکو ماددەی (١٢) هەر خۆی بی، بڕگەی دووەم بەم شێوەیە بێت فەرمانبەر دوای خانەنشین بوون بە گرێ بەست ناگەڕێتەوە سەر ڕاژەی پێشووی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە بۆ خۆی زۆر بە وازحی و بە ڕوونی ئەڵێت کە ئەوانەی کە ئەم جۆرە خانەنشینیەیان پێ دراوە، یان ئەم پلەیان پێ دراوە شتێکی نا یاساییە وە موستەحەقی ئەوە نەبوون کە پێیان دراوە، بۆیە من پاڵپشتی لە قسەکانی کاك جلال دەکەم، ئەبێت یەعنی کەسێك کە بە نا یاسایی بە ناموستەحەقی پلەیەك یان مووچەیەکی وەرگرتبێت شایەنی ئەوە نییە کە درێژە بکێشێ ئەم بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جوان خان فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە باس لە ڕاست کردنەوەی مووچە دەکەم، منیش هەمان تێبینیم هەیە مووچەیەك کە بە نایاسایی خانەنشین کرابێت، پێویستە هەڵبووەشێتەوە، بۆیە من لەگەڵا ئەوەدام ئەو مووچانەی کە بە نایاسایی کە حەقی خۆیان نەبوون خانەنشین کراون هەڵبوەشێتەوە، و پشتگیری لە هەڤاڵانم دەکەم کە هەمان ڕەییان هەبووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم اسکندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتڤانیەت کەم کە ئەڤ ماددە وەکی خۆ بمینیتن و پیڤا هەڵوەشاندنیش بێتە زێدەکردن هەڵوەشاندن بۆ کەسەکی نە شایستە بی هاتبیتە خانەنشین کرن، خانەنشینی بۆ نەمینیتن، بەس کەسکی دی بە پلەیەکی هاتبیتە خانەنشین کرد نەهێژی وێ پلێ بیتن بۆ پلا پاشتر بزڤرینەوە کو هەقێ ویە، ژبەر هەندێ هەڵڤەشاندن و ڕاست ڤەکردن هەردوو تێدا بن تا دادوەری تێدا بێتە چەسپاندن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەیری نەسی ماددەی (١٢) بکەین لە سەرەتاوە ڕاست کردنەوەی تیایە، مـن ئەڵێم ڕاست کردنەوە و هەڵوەشاندنەوە، بەس ڕاست کردنەوە بۆ کامیـان و هەڵوەشـاندنەوە بـۆ کامیـان، ئەو ڕاسـت کـردنەوەی یەکەم بکرێـت بە هەڵوەشـاندنەوەی مـووچەی خانەنشـینانی سـەرجەم ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی نایاسایی، ئەمە ئەوە ئەگرێتەوە ئەمە ببێ بە هەڵوەشاندنەوە ڕاست کردنەوەی یەکەم کە ئەڵێ، یان یەعنی ئەچێت بۆ مەوزوعێکی تر، ئەوەی بە پلەی بەرزتر لە پلەی شایستەی خۆیان خانەنشین کراون ئەوە ڕاسـت بکـرێتەوە، یـان یبەشـێوەیەکی تـر هـاتووە یـان لەسـەر بنەمـای هەژمـارکردنی نـا یاسـایی سـاڵانی خزمەتـی وەزیفـی خانەنشـین کـراوە، ئەوە هەڵبوەشێتەوە، ئەمـی تریـان بـۆ ڕاسـت کـردنەوەی مـووچەی خانەنشـینی بـۆ ئەو مـووچەی کە بەپێی یاسا کارپێکراوەکان شایستەی دەبن وەك لەم یاسایە ئاماژەی پێ کراوە بەو شێوەیەی لـێ بکرێت و، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ تۆ، کاك عوسمان سێدەری فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیـارە لەم مـاددەیە مـن پێشـنیارێکم هەیە، ئـێمە هێـزی بەرگریمـان هەبـووە لەسـەردەمای شـاخ وەهەروەهـا ژنـانی شاخیشـمان هەبـووە وەکـو بەشـێك لەو تێکۆشـەرانەی کە لێـرەن، لەوانەیە هاوسەرەکانیان ژنی شاخ بوبن، بەڵام بە داخەوە لە یاسای سی و هەشت وە لە یاسای سی و سێ شا ناویان نەهـاتووە، بـۆیە مـن پێشـنیار ئەکەم کە ئەمـانەش هێـزی بەرگـری هێزێکـی ڕەسـەن و ڕاستەقینە بوون، پاڵپشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون، لە هەموو ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستاندا ئیزافەیەك بکرێت بەدەر لە هێزی بەرگری وە لە ژنانی شاخ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی دکتۆر محـی الـدین دەکەم کە ئەگەر کەسێك بە نایاسـایی خانەنشـین کرابێت چۆن دەبێت خانەنشین بکرێت، من پشتگیری لە قسـەکانی کـاك دکتـۆر و ئەو بەڕێـزانەی کە گوتیان هەڵبوەشێتەوە، دەشمەوێ شتێکی کە بڵێم بەڕێـزان ئەو سـەرکردانەی ئەو بەڕێـزانەی ناویـان هێنـان ئـێمە هەر هەموویانمـان خـۆش دەوێـن، بەڵام بەڕاسـتی نـاکرێ ئـێمە نـاوی سـێ

کەسیان بێنین، من بۆخۆم لە ئینتیفازەی بەشدار بووم، شیعاری ئینتیفازەی ئەوە بوو بژی بەرەی کوردستانی، هەموو لایەنە سیاسیەکان نەك ئەمە سەروەری بۆ سێ حیزب بگێڕنەوە و باقیدیکە هیچ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یاسین سوپاس، دکتۆر ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت مەبەستی سەرەکی لە پڕۆژە یاسایی چاکسازی بەدیکردنی دادپەروەریە وە نەهێشتنی ئەو حاڵەتانەی کە بە ناڕەوا وە بە نایاسایی هەبووە لە ماوەی ڕابردوو، پێم وایە ماددەی (١٢) دەقی ماددەی (١٢) حاڵەتێکی زۆر نایاساییە وە موعالەجەی بڵێین لەنگەرە لەگەڵ پڕۆژە یاسای چاکسازی، چونکە ناکرێ هەر وەکو لە دەقەکە هاتووە ئەو خەڵکەی کە بە مووچەی خانەنشینی سەرجەم ئەو کەسانەی کە بەشێوەیەکی نایاسایی ڕاست کردنەوەی بۆ بکرێت، بەڵکو ئەسڵ ئەوەیە کە هەڵبوەشێنرێتەوە بە هیچ شێوەیەك نابێت ئەو خەڵکە بەڕێزە سوود لە لەو پڕۆژە یاسایە ببینێت، لەبەر ئەوەی لە بنچینەدا نایاسایی خانەنشین کراون، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەروان، فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەرگیز لەگەڵ ئەوەدانیم کە کەسێك بە نایاسایی خانەنشین بکرێت بهێڵدرێتەوە، پشتگیری لە قسەکانی کاك جلال و حەسیبە خان و کاکە مەم و سەرچنار خانیش دەکەم، هەتا بۆ ئەوەی جیاکاریەکە بکرێت لە بەینی ئەوەی کە ڕاست کردنەوەی بۆ بکرێت وە ئەوەی هەڵبوەشێنرێتەوە ئەو ڕاست کردنەوەیەش بکرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قاعیدەیەك هەیە دەڵێ (ما بني عن الباطل هو باطل) بەلایەنی کەمەوە لێرە لە ماددەی (١٢) دانپێدانانێك هەیە کە هەندێك کەس لەسەر بێ بنەمایی، لەسەر ئەساسێکی بێ بنەما خانەنشین کراون، من پێم وایە ئەو ماددەیە نەمێنێت، بەڵکو ئەگەر ماددەکە بمێنێ یا شتێکی تری بۆ زیاد بکرێ و بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێ، ئەبێ ئێمە ڕێگری بکەین لەوەی دروست بوونەوەی شتێکی وا لەو حاڵەتە نەبێ، لەبەر ئەوەی کە ئێمە هەمیشە وتومانە یاسا بۆ چەند ساڵی داهاتوو دادەنێین، من پێم وایە بڕگەیەکی تری بۆ زیاد بکرێ لایەنی پەیوەندیدار یان حکومەت و پەرلەمان زەمانەتی ئەوە بکەن کە لە داهاتوودا حاڵەتێکی وا ڕوونەداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك سەركۆ لێرە نییە، گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕام هەیە سەبارەت بە هەڵوەشانەوە و ڕاستكردنەوەی، یانی ئەوەی یەكەمیان هەڵوەشاندنەوەی مووچەی خانەنشینی سەرجەم ئەو كەسانەی بە شێوەی نایاساییین، دواتریش ڕاستكردنەوەی ئەوانەی بە پلەی بەرزتر لەخۆیان خانەنشین كراون، لەسەر بنەمای ئەژماركردنی نایاسایی، ئەمەش لابرێت، و خزمەتی وەزیفیش و ڕاستكردنەوەی مووچەی خانەنشینان بەپێی ئەو مووچەیەی بە پێی یاسا كارپێكراوەكان شایستەیان دەبێ، بۆیە پشتیوانی لە قسەكانی سەرچنار خان دەكەم و پشتیوانی لە حەسیبە خان و كاك دكتۆر محی الدین و كاك دكتۆر اسماعیل و كاك جلال ئەكەم، هەروەها پشتگیری لە دكتۆرە شایان دەكەم سەبارەت بەوەی كە جارێكی تر ئەو خانەنشینكراوانە بەگرێبەست لە دام و دەزگاكانی میریدا دانەمەزرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دكتۆر زێدان فەرموو.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەم ڕوونكردنەوەم هەیە و هەمیش تێبینیم هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، چونكە هەست پێ دەكەم ئەگەر سەیری ماددە (١١) بكەین كە پێشتر ئاماژەمان پێكرد، لێرە هەڵوەشاندنەوەی ئەو خانەنشینانەی كە بەشێوەیەكی نایاسایی بەر لە بەرواری ١٩٩١/٣/٥ بووە، بەڵام لە ماددەی (١٢) ئەگەر بەڕێزان لە حكومەتیش هاوكار بن لەسەر ئەو ڕوونكردنەوەی ئێمە، هەست بەوە دەكەم كە ئەو خانەنشینانە دەگرێتەوە كە لەدوای ١٩٩١/٣/٥ دا كراوە، بەڵام لێرە شتێك هەیە كە لە واقیعدا ڕوویداوە لە كوردستان، هەندێك لە پێشمەرگەكان و هەندێك لەو كەسانەی كە خزمەتێكی كەمیان هەبووە، لەوانەیە دوو ساڵ، چوار ساڵ، شەش ساڵ، یان هەر ساڵێك بێ كە نەگەیشتۆتە پلەی خانەنشینی، خانەنشین كراون، ئایا لێرە ئەو خانەنشینانە هەڵدەوەشێتەوە؟ یان بەشێوەیەكی تر موعالەجە دەكرێت، بۆیە پێویستیمان بە ڕوونكردنەوە هەیە و بزانین ئەو حاڵەتانە چییان بەسەردێ و كە لەدوای ڕاپەڕینەوە ڕوویداوە تاكو ئێستا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك بەهمەن فەرموو.

**بەڕێز بهمن علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستی ئەم ماددەیە دوو حاڵە، یانی دوو جۆر دەگرێتەوە، هەندێك كە فەرمانبەر بوون یان لە سلكی سەربازی بوون، لە مودەتێكی زەمەنی پلەیەكی ناشایستەیان وەرگرتووە، چونكە ساڵانی

خزمەتیان زیاد کراوە، ئەمە زانیمان کە ئەم پلەی لێ وەردەگیرێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ سلکەکەی خۆی، بەڵام نەوعێکی ترمان هەیە لە خانەنشینی کە هیچی نەکردووە، یانی نە سلکی سەربازی و نە سلکی ئیداری، بۆ هێناویانە و تەقاعودیان کردووە؟ باشە ئەمە هەڵدەوەشێتەوە چی لێ دەکەن؟ یانی چارەنووسی ئەمە چی لێ دێ؟ هیچ وەزیفەیەکی نەبووە پێشتر، یانی ئەبێ هەڵیوەشێنێتەوە و سفری بکا، بۆیە ووشەی هەڵوەشانەوە من پێم وایە لە فەقەرەی دووەمدا زیاد بکرێ و زۆر باشە، بۆ ئەوەی روونتر بێ لەلای خەڵك، چونکە ئەو وتویەتی بەپێی یاسا بەرکارەکان راستکردنەوەیان بۆ دەکرێ، یاسای بەرکار چ راستکردنەوەیەکی بۆ دەکەی؟ کابرا لە ئەسڵدا هەر لە بنەماکەدا خۆی وتی وەکو کاك سیروان وتی (مبني عن باطل هو باطل)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرای من لە بەشی حەوتەم هەر لەماددەی حەوتدا ماددەی (١١) باسی بوارەکانی خانەنشینی دەکات، هەموو فیئەکان دیاری کراوە، بەرای من ئەو ماددەیە زیادە، یان ئەگەر حکومەت روونکردنەوەیەکمان بداتێ ئایا ئەمانە کێن کە خانەنشینیان هەڵدەوەشێنرێتەوە کە لەو ماددەیە باسی دەکات؟ یان لە حاڵەتی مانەوەی، ئەگەر مایەوە ئەو ماددەیە بەم شێوەیەی لێ بکرێ (هەڵوەشاندنەوەی مووچەی خانەنشینی سەرجەم ئەو کەسانەی کە بەشێوەیەکی نایاسایی خانەنشین کراون و راستکردنەوەی خانەنشینی سەرجەم ئەو کەسانەی کە بەرزتر لەپلەی شایستەی خۆیان خانەنشین کراون...هتد) ماددەکە کۆتایی دێ، و پشتگیری هەموو ئەو رایانە دەکەم کە هەڵوەشاندنەوە و رستکردنەوەیان تەسبیت کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك دابان فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە منیش تێبینیم لەسەر ووشەی راستکردنەوە هەیە، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە بەشێوەیەکی نایاسایی بە پلەیەك خانەنشین بوون، دیارە خەڵکانێك هەیە لەگەڵ دامەزراندنیاندا بە پلەیەك خانەنشین بوون، ئەمە راستکردنەوەیان چۆن بۆ دەکرێ؟ یانی لەهەمان رۆژدا یان لەگەڵ دامەزراندنی پلەیەکیان داوەتێ کە نایاساییش بووە، چۆن ئەوە دەکرێ،؟ بۆیە داوا دەکەم بکرێ بە دوو فەقەرە، ماددەیەکی داوای هەڵوەشاندنەوەی مووچەی خانەنشینی سەرجەم ئەو کەسانەی کە بەشێوەی نایاسایی دامەزراون، ماددەی دووەمیش راستکردنەوەی پلەی بەرزتر،

هـی ئەو کەسـانەی کە پلەیـان بەرزتـرە، یـاخود ئەوانەی کە سـاڵانی خزمەتـی و وەزیفیـان زیـاتر نووسـیوە، پرسیارێکیشـم بـۆ بەڕێـزان هەیە لە ئەنجـومەنی وەزیـران لێـرە بـاس لەوە دەکـات (راسـتکردنەوەی مـووچەی خانەنشـینی یـان بـۆ ئەو مـووچەیەی بەپێـی یاسـا کارپێکراوەکـان شایستە دەبن) لەکاتێکدا ئەگەر بەدەر بوو لەمانە، خۆت دەزانی ئەمە سێ فیئەن کە هەرسـێکیان نایاساییین، چ پلە بەرزکردنەوەیان، چ دامەزرانـدنیان، چ ئەوەی بە نایاسـایی خزمەتـی وەزیفیـان هێناوە، ئەگەر بەدەر بوو لە یاسا کارپێکراوەکان ئەوکاتە ئەمانە چیان بەسەردێ؟ سوپاس؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشـتیوانی لەو بەڕێـزانە دەکەم کە داوای زیـادکردنی ووشـەی (هەڵوەشـاندنەوەیان) لە پـێش ووشەی (راستکردنەوەی) مووچەی خانەنشینیان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشتی کاك بەهمەن و دکتۆر زێدان دەکەم، قسەکانی منیان کرد، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك علی حەمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله جگە لەرای خۆم، هەندێ تەوزیحـاتی گـرنگە بەو پێـیەی کە مـاوەیەك دەسـت و پەنجەمـان لەگەڵ ئەو یاسایە ماندوو کردووە، ماددەی (١١) و (١٢) تەواوکەری یەکن، دوای ئەو گفتوگـۆیە و دوای ئەو موافەقەی بەڕێز حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیرەکان کە زۆریان پێ باش بـوو، لەماددەی (١١) هەر کێ نایاسایی بـێ هەڵدەوەشـێنرێتەوە و تەواو، چـونکە وتمـان هەر پلەیەکـی تایبەت و سەربازی کە لەدەرەوەی ئیستیحقاقی خۆیەتی هەڵدەوەشێتەوە، بۆیە لە مـاددەی (١٢) تەواوکەری ماددەی (١١)، ئەڵێ ئەوەی پلەیەکـی ناشایسـتەی خـۆی پێـدراوە ئەخـرێتە سـەر بـارە ئەسـڵیەکەی، لێـرە بەس وشـەی نایاسـایی لابـرێ ئەو مەفهـومە ئەکـا و تەواوکەرن، بۆنمـوونە یەکێك بەڕێوەبەری گشتییە بە وەزیری کراوە، ئەکرێتەوە بە بەڕێوەبەری گشتی، یەکێـك نەقیـبە بە لیـوا کـراوە ئیسـتیحقاقەکەی ئەکـرێتەوە نەقیـب، ئەوەی کە هـیچ مەرجێکـی تێـدا نیـیە، نە سەرباز بووە و نە مودیر عام بووە و نە موەزەف بووە، یان ئەوانەی کە لەیەك رۆژدا دامەزراون و

هەمان رۆژ خانەنشین کراون، ئەوە لە ماددەی (١١) حەلمان کرد نامێنێ، ئەم مادده پێ دەوترێ ماددەی تەواوکاری بۆ ئەوانەیە کە لەدەرەوەی پلەی خۆیان پلەیەکی زیاتریان وەرگرتووە، هیوادارین ئەگەر تێگەیشتنەکەمان هەڵەبوو وەزیرەکان راستی بکەنەوە، بۆ ئەوەی لە دەنگدان تەئسیر نەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس دەستت خۆشبێ، رۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز رۆژان علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیف مادا (٥٤) پێنجەم، ئاخافتنا کری خەلەتی ئیك دیف یەکی بەرامبەر بە دەزگایەکی دەستووریا هەرێمی، دیف ماددا (٥٥) خەلەتی دیفیکا، دیف ماددا (٥٥) برگا (٢) داخازیا جنابێتا کرن کو تۆمار نەبێتن و بێت لادان..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر غەلەتەکە چییە؟

**بەڕێز رۆژان علی ابراهیم:**

خەلەتی دیف ووشەی نەشیاو بەرامبەر دەزگایێت هەرێما هاتیە کرنێ، لە تۆماردا هاتووە کرن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

نابێ دەبێ خۆی قسە بکا، بەدیاری کراوی بلێ.

**بەڕێز محسن حسين مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حکومەتەکان و کابینەکانی پێشوو هەر هی ئێمە بوون شانازی پێوە ئەکەین، بەڵام ئێمە وەکو ئەندام پەرلەمان لەسەنگەری خەلکین، ئەو خەڵکەی بە نایاسایی خانەنشین کراون، خەتای خەڵك نییە، خەتای حکومەتەکانە، ئێستا خەڵکێك بە نایاسایی خانەنشین کرابێت، ئەتۆ دێی خەڵك برسی دەکەی.....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو ئەوە رای خۆتە، حکومەت بۆ خۆشی ئەڵێ ئەوانە بە نایاسایی کراون، یانی موجەرد هاتنی ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ خۆی ئیقرارە بەوەی کە هەندێك حاڵەت هەن و ئەو شتانەش ئەوەندە نابێ بە هەستیاری وەریبگرین، کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢) دەڵێ راستکردنەوەی مووچەی خانەنشینی سەرجەم ئەو کەسانەی کە بەشێوەی نایاسایی بە پلەی بەرزتر لە پلەی شایستەی خۆیان خانەنشین کراون، یانی تەنها پلەی بەرز،

جاری واهەیە لە گۆڕانکارییدا بەتایبەتی لەوەی کە لەرابردوودا دوو ئیدارە هەبووە، دوو پلەی وەزیفی هەبووە، ئایا ئەوانەی بە پلەی نزمیش خانەنشین کراوە، دەتوانرێ لەو یاسایە راستکردنەوەی بۆ بکرێ؟ داوا لە بەڕێزان ئەنجومەنی وەزیران ئەکەین کە وەڵامی ئەو پرسیارەمان بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شاخەوان فەرموو.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی لە ماددەی (١٢) دا هاتووە، باسی خانەنشینی سەربازی نایاسایی دەکات بەشی زۆری، ئەم خانەنشینانە تەقریبەن بەپێی ئەوەی کە زانیاری هەیە نزیکەی ئەوەی کە خانەنشین کراوە بە فیعلی بە ناوی خانەنشینی سەربازی تەقریبەن (١١٧) هەزار خانەنشینی سەربازی لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئەم (١١٧) هەزار کەسەی ئێستا مووچەی خانەنشینی سەربازی وەردەگرن لەسەر میلاکی وەزارەتی پێشمەرگەن، لە جوندییەوە تاییەتی تاکو دەگا بە پلەی لیوا و بە لیوا خانەنشینە، ئینجا بەبڕوای من ناعەدالیەتەکە لێرەیە، یانی ئەو ناعەدالەتیەی کە لە خانەنشینی سەربازیدا دروست بووە ئەوەیە، من دوو سێ نمونەتان بۆ دەهێنمەوە ناوی کەس ناهێنم، یانی دوو جۆر شت هەیە، خەڵك هەیە موستەشارە، ئامر سریە بووە، مەفرەزە خاصە بووە لە پێش راپەرین، ئێستا خانەنشینە بە پلەی عەمید، من ناوی سیانیم لایە، ئەزانم خەڵکی کوێیە، ئەوە یەك، لەبەرامبەر ئەمە خەڵك هەیە پێشمەرگەیە کوڕی شەهیدە، پێشمەرگە بووە و کوری شەهیدیشە هەتاکو ئێستا لە (٢٥) ساڵی رابردوودا خانەنشینی پێشمەرگایەتی بۆ نەکراوە، ناعەدالەتیەکە لەوەیە، لە ئەنفالی یەك و ئەنفالی دوو و ئەنفالی سێ بەشداری کردووە، ئێستا بە پلەی عەمید خانەنشین کراوە، جا ئەمە پێش هەموو شتێك هەندێ لەو هاوڕێیانە باسیان کرد، هەڵوەشاندنەوە و دواتر راستکردنەوە، چونکە بەراستی ناعەدالیەتێکی زۆر لە خانەنشینی سەربازی کراوە، بەشی زۆری بودجەی هەرێمی کوردستان کە بەهەدەر رۆیشتووە لە رابردوودا، بەشی زۆری لەرێگەی ئەمانەوە رۆیشتووە، خەڵك هەیە بە پلەی رائید خانەنشین کراوە، بە پلەی موقدەم خانەنشین کراوە، بەناوی سیانی لامانە و یەك رۆژ پێشمەرگە نەبووە لە پێش راپەرین خانەنشینی بۆ کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا أبوبكر، فەرموو.

**بەڕێز أبوبكر عمر عبدا لله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە هەموو ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە دەکەم حسیبە خان، کاك حکمت، د.إسماعیل، جوان خان، سەرچنار خان، کاك بەهمەن، کاك سیروان، کە دەبێ هەڵوەشاندنەوە پێش ڕاستکردنەوە بێت، چونکە مانەوە کاك شاخەوان گوتی، بەشێکی زۆری ئەوانە لە خانەنشینی

سـەربازیدان، بەڵـێ ئەو ئەزمـوونەی ئەمـڕۆ بەرهەمـی پێشـمەرگە قارەمانەکـانە لە ناویشـیان دا پـارتیزانە قارەمانەکـانە، ڕاپەریـن، کـۆڕەو، بڕیـاری (٦٨٨) پشـتیوانی کـۆمەڵگەی نێـودەوڵەتی، بە هەموو شەو شتانە ئەو ئەزموونە دروست بووە، وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ لیژنەی پێشمەرگەی ئێمە دانیشت ئەوانـیش ڕەئیـان وابـوو کە دەبـێ هەڵوەشـانەوەش هەبـێ لەو بـڕگەیەدا، چـونکە مەعقول نیە تۆ وەزیرێك و وەکیل وەزیرێك هەڵدەوەشێنییەوە بەڵام خەڵکێکـی تـر بە پلەیەکـی خـوارتر هە ڵیناوەشـێنییەوە و تەنهـا ڕێکـی دەخەیەوە کە پەیوەنـدی بە خزمەتیشـەوە هەیە، خزمەت یان خزمەتـی سـەربازی خزمەتـی پێشـمەرگایەتییە یـان خزمەتـی ڕۆژنـامەوانی یە یـان خزمەتی ڕێکخـراوە خێرخوازییەکـانە یـان دابـڕانە ئەو فەتـرەی کە لە ئاوارەییـدا بـووە، ئەوەش بەڕاستی مەحسوبیەت و مەنسوبیەتێکی زۆری تێدا کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك أرشد وەکو لیژنە دەتەوێ قسە بکەی؟ فەرموو.

**بەڕێز أرشد حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٢) بۆ هەڵوەشـاندنەوە دانەنـراوە؟ چـونکە مەفهـومی ئەوە بە نایاسـایی خانەنشـین کـردن نـیە، بەڵکـو پـلەکەی بە نایاسـایی پێـدراوە، پلەیەکـی گەورەتـر لە خـۆی پێـدراوە، یـاخود وەزیـفەی بـۆ زیـاتر کـراوە، سـاڵانی خزمەتـی زیـاتر بـۆ حیسـاب کـراوە، بـۆیە هەڵوەشـاندنەوە دانەنــراوە، ڕاســت کــردنەوە دانــدراوە، چــونکە هەڵوەشــاندنەوە هەمــوو تەقــاعودییەکە هەڵدەوەشێنێتەوە، بەلام ڕاست کردنەوەکە ئەگەر خزمەتی زۆر بێ، خزمەتـی ئەگەر زیـاد کرابـێ کەمەکەی بـۆ حیسـاب بکەیـن کە حەقـی خـۆیەتی، نەك زیـادەکەی بـۆ حیسـاب بکەیـن و هەر ئەوەندە، یەعنی بە عام نیە، تەعینەکەی خانەنشینکردنەکەی بە یاسایی نیە، لە ڕاژەی خـزمەت و ئەوانە نایاسایی هەیە، بۆ ڕوونکردنەوەی بەڕێزان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك بژار، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ژ بلی سەرۆکی لیژنە لیژنا پێشمەرگەیژی دا دووی وەختیدا کو مـا لیژنـا پێشـمەرگەی ڕاپۆرتـا ت ئامادە کرد لەسەر وان ماددێن ژ لای سەرۆکایەتیا پەرلەمانی هاتینە ئاراستە کرن، ئەڤ خۆ وەکـو ئەندام لەو لیژنە پێشنیار دکەم هەڵوەشاندنەوە زێدە بیت، یان هەڵوەشـاندنەوە زێـدە بیـت، یـان بەشێوەیەکی نایاسایی یان ئەو (یان)ە یان هەڵوەشاندنەوە پێوستە زیاد بکرێت، سەرۆکی لیژنە، ئەنـدامانی لیـژنە بە تێکـڕای دەنـگ ڕازی بـوون، دواتـر لە کۆبـوونەوەی دەسـتەی سـەرۆکایەتی لیژنەکانیش دا ئەو قسەکان کرد و بڕیاریشمان دا کە هەڵوەشاندنەوە لێرە هەبێت، بەڵام دیـارە لە

تەبع دەرنەچووە، ئێستا ئەگەر دەستووری بێت ئێستا لێرە زیاد دەکەین، چونکە پێشتر لە ڕاپۆرتیشدا لەکۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتی هەر (٦) لیژنەی تایبەتمەندیش دا ئەو بڕیارەمان دابوو، کەواتە لێرە پێشنیارێکی پێچەوانە هەیە، ئەوەی کە لەگەڵ ئەوانەن هەڵوەشاندنەوە لابرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك زیاد قسەتان هەیە ئێوە؟ فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا ئەوە من ویستم بیزەبت هەر ئەوەیە ئەو وشەیە لە دوا کۆنووس دا بڕیاری لێدرا نازانم، بەڵام ئەوەی کە لەگەڵ ماددەی (١١) دوو شتی جیاوازن، چونکە ماددەی (١١) بە دەقیقی بۆ وەزیر و بریکاری وەزیر راوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی هاتووە، لەبەر ئەوە لێرە دەبێ ئەو وشەیەی بۆ زیاد بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەشی هەشتەم (حوکمەکانی کۆتایی) فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی هەشتەم

حوکمەکانی کۆتایی

ماددەی (١٣):

یەکەم/ دەبێت وەزیری پەیوەندیدار و سەرۆکی پەیوەندیداری لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت و فەرمانبەری تایبەتمەند حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بژار، ئێمە دەبوو دەرفەت بە حکومەتیش بدەین قسە بکات، ببوورە، فەرموون وەزیرە بەڕێزەکان.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید إبراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر پێشنیاری ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ماددەکەمان بەو شێوەیە داڕشتۆتەوە کە جێگای ڕەزامەندی و هەموو ئەو پێشنیارانە بێت کە بەڕێزان تەرحیان کرد، ماددەی (١٢) هەڵوەشاندنەوەی مووچەی خانەنشینی سەرجەم ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی نایاسایی خانەنشین کراون و ڕاست کردنەوەی مووچەی خانەنشینی سەرجەم ئەو کەسانەی کە بە پلەی بەرزتر لە پلەی شایستەی خۆیان خانەنشین کراون، یان لەسەر بنەمای ئەژمار کردنی نایاسایی

سالآنی خزمەتی وەزیفی خانەنشین کراون، ڕاست کردنەوەی مووچەی خانەنشینیان بۆ ئەو مووچەیەی بە پێی یاسا کارپێکراوەکان شایستەی دەبن وەك لەم یاسایەدا ئاماژەی پێکراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری دارایی قسەتان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرەدا کە باسی ئەوە کراوە، نوقتەی نیزامیە، داوامان کرد ڕوونکردنەوەمان بداتێ لە ئەنجومەنی وەزیران ئێمە دوو سیستەمی جیاوازمان هەبووە، دوای ئەوەی کە حکومەت پێش ئەوەی کە حکومەت یەکگرتنەوە هەبێ لە ناو ئیدارەی کوردستان دا جیاوازی هەبووە لە نێوان وەزیفەکان دا، یەعنی هەبووە لە دوای خانەنشین کردن دا جیاوازی هەبووە، لێرە تەنها دەڵێ ئەوانەی کە پلەیان بەرزە خانەنشین بکرێن، ئایا ئەوانەی کە بۆ نمونە لە دوو ئیدارەی جیاوازەکەدا جیاوازی هەبووە لە پلەکانیان، نزم بووە ئەوە ڕوونکردنەوەمان بداتێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ وازحە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید إبراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم ئەوە بەڕێزان کە موختەصن لە وەزارەتی دارایی دەڵێن هیچ جیاوازییەك نییە، خاڵی دووەم موستەڵەحی (ڕاست کردنەوە) هەم ئەوەی پلەی زیاترە و هەم ئەوانەی کە پلەشیان کەمترە، بابەتی ڕاستکردنەوە هەردوولا دەگرێتەوە، ئەوەی کە موستەحەقە حەقی خۆی وەردەگرێ بە پێی ئەو ڕاستکردنەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، گوڵستان خان، فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕوونکردنەوەیەکم دەویست سەبارەت بەوەی ئەوانەی کە خاوەن عەشیرەتن بە ناوی دیوەخانانە پارەیەکیان بۆ خەرج دەکرێ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەوە پەیوەندی بەو ماددەیەوە نیە، گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

وەڵلا وتم ئەگەر لەگەڵ ئەو یاسای چاکسازیەدا ئەوەش ڕێکخەین بەڕاستی چونکە هیچ زانیارییەکی ئەوتۆمان نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

لە ماددەکانی دوایی پێشنیاری بکە، ئێستا ماددەی (١٣)، د.زیدان، فەرموو، نوقتەی نیزامی بێ.

**بەڕێز زیدان رشیدخان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز د.ڤالا باسی لەوە کرد کە ئەوانەی خانەنشین کراون هەڵدەوەشێنەوە و ئەوانەی پلەشیان پێدراوە ڕاست کردنەوەیان بۆ دەکرێ، بۆ نموونە ئەگەر کەسێك شەش ساڵ خزمەتی هەیە لە دوای ڕاپەرین، بەڵام بە هەر جۆرێك خانەنشین کراوە و کەسی دووەم هەمان شت شەش ساڵی هەیە بەڵام بە پلەیەکی زۆر بەسیت بوونە بە پێشمەرگە خانەنشین کراوە، کەسی یەکەم پلەدارە بە هەمان ساڵ، کەسی دووەم پلەدار نیە بەڵام ئەویش خانەنشین کراوە، واتا ئێوە پلەدارەکە دەیننەوە سەر پلەیەکی ئاسایی ڕاستکردنەوەی بۆ دەکەن بەڵام ئەوەی بێ پلەیە خانەنشین کراوە هەڵدەوەشێننەوە، لەو حاڵەتە چۆن تەعامول دەکرێ؟ دووبارەی بکەمەوە؟ بۆ نموونە دوو پێشمەرگە خانەنشین بووینە، هەردووکیان شەش ساڵ خزمەتی دەبێ، بەڵام کەسی یەکەم بە پلەوە خانەنشین کراوە پلەیەکی پێدراوە بە نەقیب، کەسی دووەم بە بێ پلە خانەنشین کراوە بە پێشمەرگەیەکی ئاسایی، ئێوە لە هەڵوەشاندنەوەکە پێشمەرگە ئاساییەکە هەڵدەوەشێننەوە، ئەوەی تر پلەدارەکانیش ڕاست کردنەوەی بۆ دەکەن، لەو حاڵەتەدا چۆن دەبێ کە ئەو دووانە هەردووکیان وەکو یەکن بەنایاسایی خانەنشین بوونە، پلەدارە و بێ پلەداریشە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس کاك دکتۆر، جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەلەن خانەنشینان ئەوەی بە پێی یاسای پێشمەرگە هەر سێ یاسا ئیشارەتی پێدراوە لە ناو ئەو پرۆژە یاسایەی کە لەبەر دەستتانە بە پێی یاسا خانەنشین کراوە، ئەو تەمەنە و ئەو خزمەتەی کە لەو یاسایە تەحدید کراوە پێشمەرگە ئاساییەکە بەوە خانەنشین کراوە، بە پێی یاسای بەرکار کە خانەنشین کراوە هیچ کەسێك ناتوانێت ئەو حەقەی لێ بستێنێتەوە، حقوقەکەی مەحفوزە، ئەوەیشی کە لە خاریجی یاسای بەرکار خانەنشین کراوە مەدەنی بێ یان سەربازی بێت، خانەنشینیەکەی هەڵدەوەشێتەوە، لە خاریجی یاسا بەرکارەکان جا لە هەر پلەیەك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، ماددەی (١٣).

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی هەشتەم

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیە؟ فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکم هەبوو لە جەنابی وەزیرە، یەعنی لە حکومەت، لێرە هەڵوەشاندن و ڕاستکردنەوە هەیە، بەڵام ئایا ئەگەر کەسەك حەقی بیت و تا ئێستا خانەنشین نەکرابێت و لەبەر هەر هۆیەکی هەبێت عیلاجەك لەوە دەکرێت یان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤاڵا فريد إبراهيم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قانونەکان وازحن، هەر کەسێك بە پێی یاسای بەرکار حەقی تەقاعودی هەبێ مافی خۆیەتی کە تەقاعود بکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، فەرمووو کاك بژار، فەرمووو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی هەشتەم

حوکمەکانی کۆتایی

مادده (١٣)

یەکەم/ دەبێت وەزیری پەیوەندیدار و سەرۆکی پەیوەندیداری لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت و فەرمانبەری تایبەتمەند حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

دووەم/ دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان پابەندە بە پشکنین و وردبینی کردن و بەدواداچوون و جێبەجێ کردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە ویاسا پەیوەندیدارەکانی تر و ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەبەر ڕۆشنایی یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان – عیراق ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨.

سێیەم/ دەستەی دەستپاکی و داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان – عیراق بە پێی تایبەتمەندی پابەندبوون بە وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی پێویست بوو جێبەجێ کردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆرسوپاس، بەڕێزان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێ لەسەر ماددەی (١٣) گفتوگۆ بکات، کاك شێخ ظاهر، فەرمووو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بە ناوی خوای گەورە**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاز دەکەم بڕگەی یەکەم صیاغەکەی بەم شێوەیە بێت:

لەسەر وەزیری پەیوەندیدار وسەرۆکی پەیوەندیدار ولایەنی نەبەستراو بە وەزارەت فەرمانبەری تایبەتمەند پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

بڕگەی دووەم لەجیاتی (ئەحکامەکان بکرێتە حوکمەکان)، بڕگەی سێیەمیش هەر بەهەمان شێوە حوکمەکان بێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس کاك زانا، فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣) بڕگەی یەکەم ناڕوونییەك هەیە ئەگەر بۆمان ڕوون بکرێتەوە، چونکە دەبێت وەزیری پەیوەندیدار، ئێمە دوێنێ کاك شێخ ظاهر نوقتەیەکی نیزامی وەرگرت کە باس لەوە کرا لە ماددەی یەکەم تەعریفی تێدا نیە ئەو پرۆژە یاسایە، بۆیە لێرەدا کە باس لە وەزیری پەیوەندیدار دەکات ئێمە لە ماددەی یەکەم دا تەعریفمان نەکردووە وەزیری پەیوەندیدار کێ یە؟ بۆیە بە ڕای من پێویستە وای لێ بکرێ ئەم بڕگەیە پێویستە لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێ کردن حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات، چونکە ڕەنگە فروعاتی زۆری تێدا بێت هەمووشیان ڕەبت دەبت دەبن بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، لە بڕگەی سێیەم دا ئەسڵی پرۆژەکە کە لەلایەن حکومەتەوە هاتبوو من پێشنیار دەکەم لەم بڕگەیەدا بگەڕێینەوە سەر ئەسڵی پرۆژەکە، چونکە لە دێڕی دووەم دا باس لەوە دەکات ڕێکاری یاسایی پێویست بەرامبەر هەر کارمەند و بەرپرسێك کە بەربەست و ئاستەنگ دروست بکات لەبەردەم جێبەجێ کردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە، یەعنی کەواتە بگەڕێینەوە سەر ئەسڵەکە لەگەڵ ڕێزم بۆ ماندووبوونی بەڕێزان لە لیژنە تایبەتمەندەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، شیرین خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٣) لە بڕگەی دووەم و سێیەم ئاماژە بەوە دەکات کە دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەستپاکی و فەرمانگەی داواکاری گشتی ڕابسپێردرێن بۆ وردبینی کردن و چاودێری کردن و جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە لەگەڵ ئەوەدا من پێشنیاز دەکەم کە ماوەیەك دیاری بکرێت کە لە شەش مانگ زیاتر نەبێت بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، حسیبە خان، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٣) پشتگیری ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش دەكەم تەنها وەك برای بەڕێزم د.زانا ئاماژەی پێدا لە خاڵی یەكەم لەبەر ئەوەی تەعریفەكان نەكراوە، داوا لە وەزیرە پەیوەندیدارەكان دەكەین كە لێرە ئامادەن ڕوونكردنەوەیەك بدەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری دارایی، وەزیری هەرێم، فەرموو قسە بكە، ئەگەر ناومان نەنوسیبی بیرمان چووە، فەرموو.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینی دەكەم چەند جارێكە دەست هەڵدەبڕم، بەڵام لە بیر دەچێ یان دەكەومە كۆتایی كێشە نییە من دڵم فراوانە، سوپاس، ماددەی (١٣) من پێشنیار دەكەم دەبێت بكرێت بە (پێویستە)، بڕگەی (دووەم) پێویستە دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی كوردستان پابەند بێت، لێرەش دا (پێویستە)ی بۆ زیاد بكرێت، (پابەندە) بكرێت بە (پابەند بێت) و بڕگەی سێیەمیش بە هەمان شێوە پێویستە دەستەی دەستپاكی و داواكاری گشتی لە هەرێمی كوردستانی عیراق بە هەمان شێوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، فەرموون جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید إبراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەندە وەزیری پەیوەندیدار دیارە، لەبەر ئەوەی فەصلەكان هەمووی دیارە، زۆربەی فەصلەكان تەحدید كراوە هەر فەصلێك پەیوەستە بە وەزارەتێكی دیاریكراو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەكرێت لە بڕگەی یەكەم وەزیری پەیوەندیدار و سەرۆكی پەیوەندیداری لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت هەڵبگیرێ بكرێ بە دەسەڵاتی جێبەجێ كردن، دەسەڵاتی جێبەجێ كردن حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن، هەرچەندە لە ئەحكامی خیتامی پێموایە لە كۆتاییش دا هەیە ماددەیەك زیاد كراوە، بەڵام لێرەش ئەگەر بیكەن بە دەسەڵاتی جێبەجێ كردن هیچ كێشەیەك نابێت، ئەو خاڵەش ئەوەی كە پەیوەندیدارە بەوەی كە بەڕێز كاك زانا پێشنیاری كرد ئێمەش پێمانوایە كە بگەڕێنەوە بۆ ئەو دەقە حكومییە و ڕێكاری پێویست بەرامبەر هەر كارمەند و بەرپرسێك كە ئاستەنگ و بەربەست دروست بكات بۆ جێبەجێ كردنی ئەحكامەكانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ماددەی (١٤)، فەرموو.

**بەڕێز ژیان ظاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤)

یەکەم/ دامەزراندن لە هەر وەزیفەیەکی پلە باڵا (بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکار و سەرووتر) لە هەر سێ سەرۆکایەتییەکە و وەزارەتەکان و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت ڕادەگیرێت مەگەر تەنها لەو کاتەی پلەی چۆڵ هەبێت.

دووەم/ خانەنشین کردنی فەرمانبەر بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و سەرووتر کە پێکهاتەی ئیداری لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و سەرووتر بەڕێوەنابات بە پێی ئەحکامەکانی هەردوو ماددەی حەوتەم و هەشتەمی ئەم یاسایە دەبێت یان دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تر لە کاتی هەبوونی شوێنی وەزیفی بەتاڵ کە لەگەڵ ناونیشانی وەزیفی شایستەی خۆی دەگونجێت بە ڕازیبوونی ئەو شوێنەی بۆی دەگوازرێتەوە.

سێیەم/ حوکمەکانی بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە سەرۆکی یەکەی ئیدارەکانیش (پارێزگار، قائمقام، بەڕێوەبەری ناحیە) دەگرێتەوە کە هیچ یەکەیەکی ئیداری بەڕێوەنابەن.

چوارەم/ مەرجەکانی دامەزراندن بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و بەرەو ژوور جگە لە مەرجەکانی فەرمانبەرایەتی و وەزیفەی گشتی بە پەیڕەوێك دەستنیشان دەکرێت کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت کە تیایدا ڕەچاوی بڕوانامە و پسپۆری و ساڵانی خزمەت و شارەزایی و لێهاتوویی بکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، هەر بەڕێزێك دەیەوێ لەبارەی ئەو ماددەیەوە قسە بکات، بەڕێزان بە تەرکیز گوێ بگرن هەر کەس ناوی نییە با ئیزافەی بکەین، د.محی الدین، بدریە خان، کاك مەلا ناصر، د.عثمان، کاك ڕزگار، کاك بەهجەت، د.ڕێبوار، کاك زاانا، کاك شێخ ظاهر، کاك نزار، کاك مەلا وەیس، کەسی تر هەیە؟ باش، کاك بهجت، فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٤) بڕگا (٢) خانەنشین کردنی فەرمانبەران بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی و سەرووتر کە پێکهاتەی ئیداری لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و سەرووتر بەڕێوەنابات، بە پێی ئەحکامەکانی هەردوو ماددەی حەوتەم و هەشتەمی ئەم یاسایە دەبێت، یان دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تر کە لە کاتی هەبوونی شوێنی وەزیفی بەتاڵ لەگەڵ ناونیشانی وەزیفی شایستەی

خۆی دەگونجێت، بەڕازیبوونی ئەو شوێنەی بۆی دەگوازرێتەوە ئەو (بەڕازیبـوونی ئەو شـوێنەی بۆی دەگوازرێتەوە) لابدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بۆ جەنابت، د.ڕێبوار، فەرموو.

**بەڕێز د. ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوە پێموایە جیاوازی هەیە لە نێوان پلە باڵا و پلە تایبەت، ئەوەی كە لێـرە هـاتووە بە پلە باڵا بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژكار و سەرووتر، پلە بـاڵا وەزیـر و پەرلەمانتـار و ئەوەیە، بەس پـلە تـایبەت بەڕێـوەبەری گشـتی، باشـتر وایە ئەسـڵ بكرێـت بە تـایبەت نەك پـلە بـاڵا، ئەوە یەك، هەسـت دەكەم بـڕگەی سـێیەم كە جیـاكراوەتەوە لە بـڕگەی دووەم تەواوكەری بـڕگەی دووەمە یەعنی دەكرێ ئیـزافە بكـرێ بـۆ بـڕگەی دووەم، پێویسـت ناكـات بڕگەیەكـی تـری لـێ بكـرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

(درجات خاصـە و درجـات علیـا) بەو تەصـنیفە نـیە، دەكـرێ مـودیر عـامیش سـەرووتر بـێ پێـی دەووترێ دەرەجەی علیا و دەرەجاتی خاصەش خوارترە، بەڵێ، كاك زانا، فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەو پێیەی كە لە زۆر بڕگەكان دا ئەم وشانەی ئێستا برای بەڕێز كـاك د.ڕێبـوار باسـی كـرد تیكـرار بۆتەوە، یان ئاماژەكان ڕوونتر بێ، یان بكرێنە پلە باڵا و پـلە تایبەتەكـان و لە جیـاتی ئەوەی ئـێمە بڵێـین هەر سـێ سـەرۆكایەتییەكە و دامەزراوەكـانی تـر دەكـرێ بڵێـین لە سـەرجەم دامەزراوە دەستوورییەكانی هەرێمی كوردسـتان كە سـەرجەمیان دەگرێتەوە، پێمـوایە ڕێكتـرە، لە بـڕگەی سـێیەمدا بـاس لەوە دەكـات حوكمەكـانی بـڕگەی دووەمـی ئەو مـاددەیە، سـەرۆكی یەكە ئیدارییەكانیش (پارێزگار، قائمقام، بەڕێوەبەری ناحیە) دەگرێتەوە، ئەگەر لە حاڵەتێك دا قائمقـام بگـرێتەوە، بەڕێـوەبەری نـاحیە بگـرێتەوە بـۆ جێگـری پارێزگـار نەگـرێتەوە؟ كە ئاسـتی وەزیـفە ئیـدارییەكەی سـەرووترە لە قائمقـام و بەڕێـوەبەری نـاحیە، بـۆیە پـێم باشـە لە نێـوان هەردوو كەوانەدا (پارێزگار، جێگری پارێزگار، قائمقام، بەڕێوەبەری ناحیە دەگرێتەوە) ئیزافە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك مەلا ناصر، فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٤) بڕگەی (٣) حوکمەکانی بڕگەی (٢)ی ئەم ماددەیە سەرۆکی یەکە ئیدارییەکانیش (پاریزگار، قائمقام، بەڕێوەبەری ناحیە) دەگرێتەوە، کە هیچ یەکەیەکی ئیداری بەڕێوەنابەن، ئەوە کە خزمەتێکی زۆریان هەیە من پێشنیار دەکەم لە کاتی گواستنەوەی ڕاژەکەیان بۆ وەزارەتێکی تر بە شێوەیەك بێت کە ڕازیبوونی ئەو وەزارەتەی نەوێ، یەك، دوو/ لە کاتی گواستنەوەیان ڕاژەکەیان بە هەمان پلەی وەزیفی خۆیان مووچە وەربگرن و پێویستە پرۆژە یاساکە ڕەنج و ماندووبوونی ئەو پارێزگار و بەڕێوەبەری ناحیە و قایمقامانە لەبیر نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.عثمان، فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك مەلا ناصر دەکەم، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بدریە خان، فەرموو.

**بەڕێز بدریە إسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم وسێیەم لە ماددەی (٤) سەبارەت بە خانەنشینی ئەوانەی کە پێیان دەووترێت معاون، پێویستە بەڕوونی بنووسرێت کە حوکمەکانی ماددەی (٣) بەسەر ئەوانیش دا پەیڕەو بکرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دەمەوێ ڕوونکردنەوەیەك لەسەر کۆی یاساکە بدەم، جێگەی خۆشحاڵییە کە کۆی پەرلەمانتارەکان لەم قاعەیەدا بەڕاستی دەستبەرداری قوتی خۆیان بوون بۆ خزمەتی هاووڵاتیان، دەمەوێ زامنی ئەوە بکرێت کاتێك ئەو بڕە پارەیەی لە پلە باڵاکان کەم دەکرێتەوە بۆ ئەم..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لەو ماددەیەدا نیە، دوایی دەتوانی ئیزافەی بکەی.

**بەڕێز بدریە إسماعیل محمود:**

ڕێگەت پێ نەدام تکایە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە ماددەی (٧)دا ئەو قسەیە بکەم، من پێم باشە زامنی ئەوە بکرێ بۆ چاککردنی مووچەی خاوەن پێداویستی تایبەت و گێڕانەوەی مووچەی چاودێری کۆمەڵایەتی کە (٨٠) هەزار و (٨٤) کەسن، ئەوە تایبەتە بەو ماددەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، چەسپاندنی کەمترین مووچەی خانەنشینی (٤٠٠) بۆ (٥٠٠) هەزار کەمتر نەبێ وگێڕانەوەی پاشەکەوتی مووچە کە بەگشتی بۆ فەرمانبەران بگێڕدرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك شێخ ظاهر، فەرمووو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموابی ماددەی (١٤) بڕگەی یەکەم و دووەم هەردووکیان تەواوکەری یەکترن، چونکە لە کاتێکدا کە تۆ پۆستێکی شاغیرت هەیە و لەلایەکی تریشەوە مەسەلەن بۆ نمونە مودیریە عامەکی شاغیر هەیە کە مودیر عامی نیە، لەلایەکی دیکە مودیریە عامەکت هەیە کە بێ پۆستە، کەواتە ئەو تەواوکەری یەکترە لە شوێنی ئەو دادەنرێ، لە جیاتی ئەوەی کەسێکی دیکە تەعین بکرێ بارگرانی بودجە لەسەر حکومەت دروست بکات ئەو کەسە لەجیاتی ئەوەی خانەنشین بکرێ کەسێکی تر تەعین بکرێ ئەو کەسە لەو شوێنە دادەنرێت، کەواتە هەردوو بڕگە تەواوکەری یەکترن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك نزار، فەرمووو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە حوکمەکانی کۆتایی ماددەی (١٤) (یەکەم) دامەزراندن لە هەر وەزیفەیەکی پلە باڵا (بەڕێوەبەری گشتی، ڕاوێژکار، سەرووتر لە هەر سێ سەرۆکایەتییەکە)، دەمەوێ لێرە پشتگیری خۆم بۆ برای بەڕێزم کاك د.ڕێبوار، کاك زانا، شێخ ظاهر دەربڕم، دەمەوێ ناوی پلە تایبەتییەکانیش ئەگەر شوێنی بکرێتەوە پێم باشە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك ڕزگار، فەرمووو.

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم کران، پشتگیری لە پێشنیاری کاك مەلا ناصر دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك مەلا وەیس، فەرمووو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٤) یان دەتوانین بڵێین لە کۆی گشتی ئەو پرۆژە یاسایە باسی خەبیر نەکراون، کە لە دام و دەزگاکانی حکومەت کار دەکەن، من پرسیار ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەت دەکەین داخوا خەبیریش پلەی تایبەتن؟ ئەگەر ئەوانیش بن

ئەوانـیش پێویسـت دەکـات ناویـان بنووسـرێت چـونکە وابـزانم لە ڕووی مووچەشـەوە مـادام بەڕێوەبەری ناحیە لەم ماددەیە ناوی هاتووە زەرووریشە خەبیرەکـانیش ناویـان بێـت، هەروەهـا پرسیارێکی ترم هەیە ئەگەر هاتوو کەسێك معاون بوو لە بەڕێوەبەری گشـتی، یـاخود لە قایمقـام یان یەك لە پلە تایبەتییەکان لە هیچ شوێنێکیش شـاغر نەبـوو و نەگەیشـتبووە (٤٥) سـاڵ و (١٥) ساڵی خزمەتیش چارەنووسی ئەو جۆرە کەسانە چییان بەسەر دێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.محی الدین، فەرمووو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینییەکانم لەسـەر بـڕگەی دووەم و سـێیەمی ئەو مـاددەیە بەتـایبەتی ئەوەی سـەبارەت بە سـەرۆکی یەکە کارگێڕییەکـان پارێزگـارە، قایمقـامە، بەڕێـوەبەری ناحیەکـانە ئەوانەی کە هـیچ یەکەیەکـی ئیـداری بەڕێوەنـابەن، کە پێیـان دەڵـێن (معـوم)، ئەوانە لە ئەنجـامی ڕێککەوتنێکـی سیاسی یان بە هەر هۆکارێك دەسەڵاتی تەنفیزی ئەوانەی کردبێتە (معـوم) دەیـانگوازێتەوە یـان خانەنشینی دەکرێن کە تەمەنیان گەیشـتووتە خانەنشـینی و (١٥) سـاڵ خزمەتیـان هەبـێ و یـان دەیـانگوازێتەوە بـۆ شـوێنێکی تـر، پێویسـتی بە مەرجـی ڕازیبـوونی ئەو شـوێنە هەیە، پێمـوایە مەرجـی ڕازیبـوونی شـوێنەکە لابـدرێ و ئەنجـومەنی وەزیـران خـۆی ڕاسـتەخۆ ئەو مەسـەلەیە شوێنەکانیان بۆ دابین بکات لەگەڵ ئەو پلە و پۆست و مووچەیەی کە شایستەی ئەوانن، چـونکە ڕەنگە زۆر زەحمەت بێ فەرمانگەیەك ڕازی بێ مودیر ناحیەیەك بچێ بەو پـلە و پۆسـتە، چـونکە بەشێکی زۆریان ئەوانەی یەکەی ئیداریان بەڕێـوەبەردووە و خـاوەن بڕوانـامەی بەکـالۆریۆس و ماستەر، دکتۆران، ڕەنگە شوێنەکان پێی ڕازی نەبن بۆیە پێموایە ئەو ئەرکە ئەنجومەنی وەزیران لە ئەستۆی بگرێ، شوێنەکانیان بۆ دیاری بکات کە بگونجێ لەگەڵ پلە و پۆستی ئەو بەڕێوەبەر و قایمقام و پارێزگارانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکتان هەیە، فەرمووو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر پێشنیازی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەم شێوەیە ماددەکە دادەڕێژینەوە:

یەکەم/ دامەزرانـدن لەوەزیفەکـانی (بەڕێـوەبەری گشـتی وڕاوێژکـار وسـەرووتر) لە دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان ڕادەگیرێت مەگەر تەنها لەو کاتەی پلەی چۆڵ هەبێت.

بڕگەی دووەم پێشنیازیان کرد کە بەڕازیبوونی ئەو شوێنەی بۆی دەگوازرێتەوە هەڵگیرێت، ئـێمە لە حکومەت هیچ مانعێکمان نییە کە ئەو عیبارەیە هەڵبگیرێت، هیچ کێشەمان نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی (١٥)، فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٥):

یەکەم/

١- وەزارەتی دارایی و ئابووری لە چوارچێوەی ڕێکخستنەوەی بواری بانکی لە هەرێم بە ئەلیکترۆنی کردنی خزمەتگوزارییە بانکییەکان ئەژمارێکی تایبەت دەکاتەوە بۆ هەر مووچەخۆر و سوودمەندێك لە بودجەی گشتی لە پێناو زامن کردنی پاراستنی گشت شایستە داراییەکان بە شایستە داراییەکانی خەرج نەکراوەکانیشەوە.

٢- چۆنیەتی کردنەوەی ئەو ئەژمێرە، سوود وەرگرتنی مووچەخۆر، سوودمەند لە ئەژمێرەکە بە ڕێنماییەکی دارایی ڕێك دەخرێت لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە دەردەچێت لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی یەکەمی یەکی ئەم ماددەیە.

دووەم/ لەبەر ڕۆشنایی ئەو بڕە پارەیەی کە بە فیعلی لە خەرجییەکان دەگەڕێتەوە لە دەرەنجامی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەبێت ئەنجومەنی وەزیران ئەولەویەت بدات بە پێداچوونەوە بە کەمترین مووچەی خانەنشینی لە هەرێم بە ئاراستەی زیادکردن بەڕەچاوکردنی بژێوی و گوزەرانی ئەو کەسانەی کە کەمترین مووچەی خانەنشینی وەردەگرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ هەر بەڕێزێك دەیەوێ لەبارەی ئەم ماددەیەوە قسە بکات، بەڕێزان:

کاك محسن، کاك مەم، کاك مەلا احسان، کاك ادریس، کاك بهجت، حسیبە خان، کاك حکمت، کاك پێشەوا، کاك زانا، ڕۆژان خان، د.ڕێبوار، مامۆستا جیهاد، لیزا خان، د. زێدان، کاك بژار، گوڵستان خان، گولیزار خان، د. گەلاوێژ، مامۆستا عبدالستار، کاك علی، د. هەورامان، کاك بەڵێن، کاك باڵانبو، ڕۆژان خان، ئاشنا خان، کاك جلال، روپاك خان، کاك لقمان، کاك شەمۆل، کاك هاورێ، سەلما خان، گوڵستان خان، کاك عثمان، کاك دابان، کاك گۆران، د. شایان، د. محی الدین، د. شێرکۆ، کاك سیپان، د. اسماعیل، کاك ابوبکر، بدریە خان، مژدە خان، کاك سیروان، کاك مەم، کاك کاوە، هلز خان، سەرچنار خان، شادی خان، فەرموو کاك باڵانبۆ.

**بەڕێز بالانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، دەستتان خۆش بێ، من دەمەوێ لەسەر ماددەی (١٥) بڕگەی یەکەم دەڵێ وەزارەتی دارایی و ئابووری لە چوارچیوەی ڕێکخستنەوەی بواری بانکی، دیارە بەداخەوە من دەیڵێم خەڵك سیقەی بەوە نەماوە کە پارە لە بانقەکانی حکومەت دا دابنێت، من ئەوە بە خاڵێکی زیاد

دەزانم کە ئەگەر حکومەت بێت لەم بوارە مەصروف بکات بۆ ئەوەی هەر چۆنێك بکرێ پارە لەم بانقانە داناندرێ، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە کردنەوەی ژمێرەی حیسابی یە، ڕەقەمی حیسابی یە کاك بالانبۆ، د.شێرکۆ، فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٥) یەکەم (١) کە باس لەوە دەکات (وەزارەتی دارایی و ئابووری لە چوارچێوەی ڕێکخستنەوەی بواری بانکی لە هەرێم بە ئەلیکترۆنی کردنی خزمەتگوزارییەکان) ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت لە کۆتاییدا کە (بەتایبەت پلە بەرزکردنەوە و پاشەکەوتکردنی مووچە) واتا ئەوە ڕەچاو بکات.

دووەم کە باس لەوە دەکات (لەبەر ڕۆشنایی ئەو بڕە پارەیەی کە بە فیعلی دەگەڕێتەوە) ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێ کە شێوازی (مقاصە) واتا لە بری خستن واتا حقوقی حکومەت کە لەلای فەرمانبەرە و حقوقی فەرمانبەر کە لەلای حکومەتە لە یەك دەربکرێ، ئێمە حیسابمان کردووە زیاتر لە ٦٠%ی بەوە دەڕوات، لە ٤٠%ەکەی کە دەمێنێتەوە مانگانە بڕێکی بخرێتە سەر ئەو حیسابە بانقییەی کە دەکرێتەوە، ئیزافەتەن بۆ یەعنی دووەم ببێتە خاڵێکی تر، کە کەمترین خانەنشینی لە (٤٠٠) هەزار دینار مانگانە کەمتر نەبێت، سێهەمی بۆ ئیزافە بکرێ واتا یەکەم و دووهەم سێهەمی بۆ ئیزافە بکرێ کە خانەنشینی بۆ کەمئەندامان زیاد بکرێ بۆیان بکرێت بە (٢٥٠) هەزار دینار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ڕوپاك خان، فەرموو.

**بەڕێز ڕوپاك أحمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ماددەیە باسی ئەژمێری بانکی کردووە لە ماددەی یەکەم (١) من پێشنیار دەکەم ئەو مووچە پاشەکەوت کراوانەی مووچەخۆران بخرێتە سەر ئەو ئەژمێرە بانکییە، بە سێ قۆناغ مووچەخۆر بتوانێ ئەم پارەیە سەحب بکات، واتا ڕایبکێشێت، لە مەسەلەی (مقاصە) لەبەر یەکخستن پشتگیری لە قسەکانی د.شێرکۆ دەکەم و هەروەها لە بڕگەی دووەم کەمترین مووچەی خانەنشینی کەمتر نەبێ لە (٤٠٠) هەزار هاوشێوەی بەغدای لێ بکرێ، بڕگەیەك زیاد بکرێ لە ئەنجامی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە هەر بڕە پارەیەك کە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت دەبێ بخرێتە سەر کەمترین مووچەی خانەنەنشینی وەکو لە پێشتر ئاماژەم پێکرد کە لە (٤٠٠) هەزار کەمتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، لیزا خان، فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم لەم ماددەیەدا لە ماددەی (١٥) فەقەرەیەك زیاد بکرێت سەبارەت بەو قەرزانەی کە هی کۆمەڵێك بازرگان و کۆمپانیان حکومەت لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٧ و ٢٠١١ داویەتی بەو کەسانە و ماوەی یاسایی دانەوەی ئەو قەرزانەش تێپەڕیوە، هەروەها ئەو قەرزانە بەرامبەر بە هەندێك چۆن بڵێی بەرامبەر سوودی ساڵانە دراوە بەو کەسانە، هەروەها بەرامبەر رەهن دراوە ماوەکەش بەسەرچووە نەیانداوەتەوە، پێشنیاز دەکەم کە لەم ماددەیە زیاد بکرێ، موودەیەکیان بۆ دابنرێ بۆ ئەو کەسانە کە ئەو پارەیە بگەڕێننەوە بۆ حکومەت ماوەکەش سێ مانگ بێ، هەروەها هەر بۆ بەرچاوڕوونی جەنابتان لە ئێستادا بەتایبەتی کە ١٢/٣١ی ساڵی ٢٠١٩ش تێپەڕی قەرزەکە ئێستا گەیشتووە بە زیاتر لە (٨٠٠) ملیار دینار بۆیە پێشنیاز دەکەم ئەو بڕگەیە زیاد بکرێ کە باس لە چاکسازی دەکەین با بە عەدالەتانە ئەو چاکسازیانە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا جیهاد، فەرموو.

**بەڕێز جيهاد حسن إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا و پشتگیری لیزا خانی دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك محسن، فەرموو.

**بەڕێز محسن حسين مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خالا یەکی و دووێ ڤەکرنا هەژمارەکا بانقی بۆ فەرمانبەرێن هەرێمێ کارەکێ زۆر زۆر باشە، بەڵام نە بەس خەلکی پارەی لە حوکمەتێیە بەلکو حوکمەتیش پارەی لە خەلکی هەی، یەعنی ڤ خەلکی پارەی کارەبا پارەی ئاو نەدایە، پێشنیار دەکەم حکومەتی هەرێم لەسەر ئەرکی خۆ کارتەکا بانقی بۆ فەرمانبەرێن حکومەت چێ کاتن برێکا پارە خەلکی مال حکومەتێ کرێ ئاڤێ و کرێیا هەر شتەك کو سەر ملی وان مابێتەوە، دوو ئەز پێشنیار دکەم خالا دووێ کو ئەو پارەی ڤێ حوکمەتێ کەمترین خانەنشین کو(١٢٠) هەزارن زێدە ببن، سەرەڕای هەندێ بێتە کرن کو ئەو دەرچوویت زانکۆ کو چەندین ساڵە نەهاتینە دامەزراندن رێژەیەك بە هەندەك رێنماییا رێژەیەك ژ وان بێنە دامەزراندن بۆ هەندێك گەنجی دی وەڵاتی ئومێد بە ئایندەی خۆ هەبیتن، هێدی هێدی ژی کۆچ کردنا گەنجان ڤێ وەڵاتی بێتە بنبڕ کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا عبدالستار، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (١٥) خـاڵی یەکەم هەر لە بـڕگەی یەکەم دا ئەوەی کە دەقەکەی نووسـراوە تەنها ئەو ئیـزافەی دەکەم بـووتریّ (بەشایسـتە دارایـیە خەرج نەکراوەکانیشـەوە و پاشـەکەوتی مووچەش دەخرێتە سەر ئەو ئەژمێرە تایبەتە) تەنها ئەوەندە، دووەم لە خاڵی (دووەم)دا تەبعەن ئەوە دەخەمە نێـوان ئەوەی یەعنـی کە دەڵـێ (لەبەر ڕۆشـنایی ئەو بـڕە پـارەی بە فیعلـی لە خەرجییەکـان دەگەڕێـتەوە لە دەرەنجـامی ئەم یاسـایە دەگـاتە خانەنشـین لە هەرێـم، لەوێـدا نووسیومە (بەشێوەیەك کە لە (٤٠٠) هەزار دینار کەمتر نەبێ) و بۆ ئەو مەقاصە و ئەوەی کە کـاك د.شێرکۆ جودت باسی کرد، ڕوپاك خـانیش باسـی کـرد، مـن پشـتگیریان دەکەم وێـڕای ئەوەی کە منـیش لەگەڵ ئەوەم کە کەمئەنـدامیش هەوڵ بـدەین مـووچەکەی بگەیەنـرێ بە (٢٥٠) هەزار، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، سەلما خان، فەرموو.

**بەڕێز سلمى فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومـان ئەو مـاددە یەکـێکە لەو بەشـانەی کە لە نـاو پـرۆژە یاسـاکەدا هەیە، ڕاسـتە ئەژمێـری تایبەتی یەکێکە لەو کارە باشانەی کە لە پرۆژە یاساکەدا زامنی مـووچەی مووچەخـۆران دەکـات بەتایبەتیش ئەم بڕگەیە پێموایە بۆ مووچە پاشەکەوت کراوەکانە، بەڵام ئەژمێـری تـایبەت ئەگەر ئێمە نەزانین بۆچی بەکاردەهێنرێت لە ئایندەدا؟ ئەوا بێگومان باشـترە ئەگەر بـزانین، پشـتیوانی قسەکانی کاك محسن دەکەم کە پێویست دەکات ئێمە بە یاسا دیـاری بکەیـن یەکێـك لە بڕگەکـان ئامـاژەی پـێ بکەیـن کە پێویسـت دەکـات ئەو قەرزانەی کە هـاووڵاتی لەلای حکـومەت هەیەتـی بتوانێـت پێـی بـداتەوە، وەکـو قەرزی نیشـتەجێبوون هەروەهـا سـلفەی عەقـار و سـلفەی زەواج هەروەها پارەی ئاو و کارەبا کە خەڵك ئەمەلێکی گەورەی زۆر زۆر هەیە بە پاشەکەوتەکەی تەنهـا بتوانێ لەم ڕێگەیەوە سوودی لێ وەربگرێ، لە برگەی دووەمی ماددەی (١٥)دا کە باسی کەمتـرین مـووچەی خانەنشـینی دەکـات، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان پێویسـت دەکـات ئـێمە چـۆن ژمـارە دادەنێین بۆ دابینکردنی مووچەی پلە باڵاکان لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئەگەر بمانەوێ کـارێکی بـاش بەڕێوەببەین پێویست دەکات کەمترین مووچە دیاری بکەین، پشتیوانی لە هەمـوو ئەو بەڕێـزانە دەکەم کە دیاریکردنی ئەو مووچەی (٤٠٠) هەزار کەمتر نەبێ لە (٤٠٠) هەزار دیـاری دەکەن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مژدە خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٥) بڕگەی دووەم پێشنیاز دەکەم بە حوکمی ئەوەی کە بەشێکی زۆر هاووڵاتیانی هەرێم کرێنشینن و هیچ بیمەیەکی تەندروستیشیان نیە، داوا دەکەم (٥٠٠) هەزار دینار ئەو بڕە کەمترین ڕێژەی مووچە بێت، کەمترین ڕێژە (٥٠٠) هەزار دینار دیاری بکرێت، هەروەها فەترەیەکی زەمەنیش دیاری بکرێ لەبەر ئەوەی لەم بڕگەیەدا هیچ فەترەیەك دیاری نەکراوە، خوا دەزانی ساڵێکی دیکەیە، دوو ساڵی دیکەیە، سبەینێ یە، یەعنی چ کاتێکە؟ پێویستە بەرپرسانی حکومەت وەڵامی ئەوەمان بدەنەوە ئایا ئەوە لە چ کاتێك دا دەبێت؟ دەستتان خۆش بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك بهجت، فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددەی (١٥) یەکەم خالا ئێکێ ڤە کردنا حیسابێت بانقی کارەکی زۆر باشە، ڕێکخستنا کاری بانقێ ژی، بەس داخازا ڕوونکردنەوەیەکیش وەزیرێ پەیوەندیدار بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری دکەم، بۆ مە شێوێ ئەژمار کردنا دانا کوژمێ پارە کو دێتە دان دەبی چ ڕەنگ بیتن؟ یەعنی ئەوە مەتلەبەکە لە دەڤ هەمی خەلکی، ئایا حەقی ئاڤێ پێ بدات؟ حەقی کارەبا پێ دات؟ ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکی بەڕێز جەنابی وەزیری بداتە مە، مەمنون دەبین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، گولیزار خان، فەرموو.

**بەڕێز گولیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددا (١٥) لە یەکەم فەقەرە (١) نەگەلە ڕوونە لە دەڤ من حەزم کرد د.ڤالای بۆمان ڕوونکردنەوەیەك کردبا، ئایا ئەڤ ماددەیە تەعارووز ناکات دگەل قانونا عقوباتا ماددا (٤٥٩) چونکە مومکینە ڤە تەعتیلا ماددا ڤێ بکاتن، ڕوونکردنەوەیەك بۆمە حەزێت کرد تەوزیحێك کردبا د. ڤالا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك مەم، فەرموو.

**بەڕێز مەم أسکندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جێبی کردنا ڤێ ماددا لەو پرۆژە کارێکی گەلە گرنگە ئێمە دەخاتە ژێر بەرپرسیاریەتا گەورەی یاسایی، پشتراستیەکی بۆ خەلکی پەیدابیتن کو پاشەکەوتە، مووچەیە کو لای حوکمەتە

نافەوتێت، ئاخافتنێ مە لەلایەن هەڤاڵان هاتنە کرن، پشتگیریا پێشنیارا لیزا خانیشی دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك سیپان، فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی (١٥) یەکەم دڤێت ئاماژە پێ بدەم ڤە کردنا حیسابا بانقی چ گەرەنتییەك نینە ئەگەر ئەو پارە پاشەکەوت کردیە فەرمانبەر لە ناو حیسابا بانقی نەهێتە جێگیر کرن ئەو پارەی پاشەکەوت کریە خانەنشینا لە ناڤا حیسابا بانقیێ نەییێتە جێگیر کرن، ڤە کردنا حیسابا بانقی گرنگیا خۆ نابیت و هیچ ئومێدێك بۆ فەرمانبەر و خانەنشینان هەرێما کوردستانی ناڤەگریتن ژ بۆ یەکی بشێن ئەڤ پاشکەفتی کو ژ لای حکومەتە سالانی دەربازبوو لێهاتیە دەرێ دێتە زبراندن، لەورا پێشنیار دەکەم ئەڤ خالە ڕەنگی بیت، دگەل دەرکردنا ژمارەکی تایبەت یان ئەلکترۆنیا وەرگرتن یان حیسابا بانقیا کو بۆ فەرمانبەر و خانەنشین دا دێتە دیار کرن سەرجەم پارەی پاشەکەفت کری دێتە دەستنیشان کرن هەروەسا فەرمانبەر و خانەنشین ژ وی پارە کو هەی دەستنیشان کرن کو حەقی ویە دچیە سەر حیسابا وی بشێن پارەی رسوماتا دەولەتی بەشێوەیەکی گشتی پێ بدەن، هەروەسا ڕێژەیەك کو پارە بێتە دیاری کرن ئەویش دشێن لە ڕێنمایی ئەنجومەنی وەزیران بێتە دیار کرن، ڕێژەیەك کو پارەی بێتە چاشەکەفت کری، پشتی کو پارەی رسوماتا دەولەتی پێ بێنە دان هەی بێتە وەرگرتن، لە خاڵا (٢) لە ماددا (١٥) ئەوێ چەندێ پێشنیار دەکەم کو ئەڤ پارێ چاکسازیا بە ناڤێ وێ پرۆژە دێتە گەڕاندن ژ بۆ حکومەتێ کەمترین خانەنشینیا مەدەنی ببیتە (٥٠٠) هەزار دینار، ژ بۆ یەکی خانەنشینین هەرێما کوردستانی دڵنیا بن کو ژ ئەندام بێتە چاکسازیێ ئەو ژ لە ناڤا پرۆژەی چاکسازیدا خەلك دڵنیا بیت کو پرۆژەی چاکسازیێ بۆ بەرژەوەندیا ویە بەرژەوەندیا وان فەرمانبەر دەبیت کو بهێن زێدە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك دابان، فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (١٥) ژمارە (١) پرسیارێك لە بەڕێزان ئەنجومەنی وەزیران دەکەم ڕێکخستنەوەی بواری بانکی لە هەرێم بە ئەلیکترۆنی کردنی خزمەتگوزاریەکان، لێرە هیچ سەقفێکی زەمەنی دیاری نەکراوە کە ئەوە بەشێکە لە هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کابینەی حکومەت لە ماوەی چەندێکی تردا ئەوە دەکرێ؟ مەبەست لە شایستە داراییە خەرج نەکراوەکان ئایا پاشەکەوتی

مووچەیە یان نا؟ ئەگەر ئەوە بۆ پاشەکەوتی مووچەیە لێرە لەگەڵ ڕەئـی ئەو بـرادەرانە دام کـاك د.شـێرکۆ و ئەوان کە بتـوانرێ (مەقاصـە)ی پـێ بکـرێ، سـەبارەت بە خـاڵی دووەم داواکـارم کە لێـرەش دا کەم ئەنـدامان یـان خـاوەن پێداویسـتییە تایبەتەکـان جێـی بکـرێتەوە، سـوپاس بـۆ بەڕێزان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ڕەقەمی ماددەکە بڵێ کاك ئومێد ئینجا، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی حوکمی مادده (٣٠) بڕگەی پێنجەم لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان لەسـەر ئەو پـرۆژەیە شـەش لیـژنە کۆبـوونەوەی کـردووە ڕاپـۆرتی لەبەر دەسـتمانە نزیکـی سـێ بەشـی ئەنـدامانی پەرلەمانی کوردستان لەو ڕاپۆرتە بەشداریان کردووە، کەمترین سـەرنج لەسـەر مـاددەی (١٥) کە ئێستا ئێمە گفتوگۆی لەسـەر دەکەیـن، ئەو گفتوگـۆ وئەو سـەرنج و تێبینیـانەی هەبـووە لە لیـژنە تایبەتمەندەکان کە کرایە ئێستاش سێ بەشی ئەندامانی پەرلەمان ناوی خۆیان نووسیوە دیسان جارێکی تر گفتوگۆی دەکەین، ئەوەشمان لەبەر چاو بێ ئەو ماددەیە لە دوای گەیشتنی پـرۆژەکە ئیزافە بووە بە ڕێککەوتنی لیژنەی تایبەتمەندی پەرلەمان لەگەڵ حکومەت ئەو ڕێککەوتنە کـراوە ئەو مـاددەیە بە ڕێککەوتـن بەشـدار بـووە، ئەگەر پـرۆژەکە لەگەڵ حکـومەت دا بـێ و کە لە ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، دوای پەسەند کردنەکەش جارێکی بە ڕێککەوتن ئەوە دانرایەوە بۆ بەرچاو ڕوونیتان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دروستە، بەشێکی زۆری ئەندامانی پەرلەمان واژوویـان لەسـەر ڕاپـۆرتەکە هەیە خـۆی زۆر باشترە لە لیژنە قسە بکرێ ڕەنگە ئینسان قسەکانی زیاتر لەگەڵ ڕفیقەکانی گفتوگـۆ بکـات، زیـاتر شوێن بگرێ، بەڵام ئێمە هـیچ مـاددەیەکی پەیڕەویمـان لەبەر دەسـت دا نـیە، بڵـێ ئەگەر ئیمـزای لەسەر ڕاپۆرتێك کـرد بـۆیە نـیە قسـە بکـات، بەڕاسـتی بریـا مـاددەیەکی وا لە نـاو پەیـڕەوەکەدا هەبـوایە، کـاك عثمـان سـێدەری، گرنـگ ئەوەیە پـێچەوانەی ئەوە نەووتـرێ کە ئینسـان واژووی لەسەر کردووە، فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بڕگەی یەك یەکەم بەم شێوەیە کردنەوەی ڕەقەم حیسابییەکە لەسـەر حیسـابی حکـومەت بێ، نەك لەسەر فەرمانبەران خۆیان، هەروەها فەرمانبەر بتوانێ لەو پارەی ئەو قەرزە کە بتـوانێ پارەی ئاو و کارەبا و هەروەها زەریبە قەرزە بچووکەکـانی تـریش بتـوانێ بـداتەوە، هەروەهـا بـۆ بڕگەی دووەمیش ئەوەی بۆ خانەنشینی کە باس دەکـرێ کەمتـرین بکـرێ بە (٤٠٠) هەزار دینـار و

هەروەها دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکانیش بتوانن سوودمەند بن لە بەشێکی و پشتیوانی لە قسەکانی لیزا خان و هەروەها سەلما خانیش دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەشێکی زۆری ئەو قسانە دووبارەنن بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ ئەندام نابێ قسەی ئەندامی پێش خۆی دووبارە بکاتەوە، تەنها دەتوانێ بڵێ لەو بابەتانەدا پشتگیری دەکەم بۆ گەڕانەوەی وەخت، بۆ پابەندبوون بە پەیڕەوی ناوخۆش، هەموو ئەو بەڕێزانەی باسی ئەو (٤٠٠) هەزارە دەکەن تەنها بەسە بڵێن لەو بابەتە پشتگیری دەکەین کە باسی مەقاصە دەکەن بڵێن لە بابەتی مەقاصە پشتگیری دەکەین، وەخت زیاتر دەگەڕێتەوە و بۆ جێبەجێ کردنی دروستی پەیڕەویش دا، کاك حکمت، فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی من کو دەمویست باسی بکەن حەمی هاتە گۆتن، منیش پێ باشە هەم خەلکی قەرزی لە حوکمەتێ هەی هەم حوکمەت ڤ خەلکی هەی یەعنی ئالوگۆر تێدا بێتە کرن، پشتگیریا لیزا خان و کاك محسن دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کران، پشتگیری لە بۆچوونەکانی کاك جلال محمد دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.محی الدین، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بارەی مەقاصەکە من پشتگیری د.شێرکۆ دەکەم لە بارەی (٤٠٠) هەزارەکەی کەمترین مووچەی خانەنشین، پشتگیری کاك عثمان سێدەری و د.شێرکۆ دەکەم، هەروەها لە بارەی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکانیش پشتگیری ئەوە دەکەم کە (٢٥٠) هەزار دینار بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك علی حەمە صالح، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.**

تەبعەن ئەم مادده ماددەیەکی گرنگە، من هەندێ سەرنج وتێبینی وڕێکخستنەوەم هەیە بۆ دەوڵەمەند کردنی ماددەکە، یەکەم کە دەڵێ (کۆی شایستە داراییەکانی فەرمانبەران لە

ژمێرەیەك دا دیاری دەکرێت، کەواتە ئەوە قۆناغی یەکەم لە ژمێرەیەك دا پاشەکەوتی مووچە با بەو ناوەوە بڵێین لە ژمێرەیەك دا دیاری دەکرێت، قۆناغی دووەم وەزارەتی دارایی ڕێنمایی دەردەکات بۆ شێوازی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو پارانەی لەم ژمێرەدان، واتا ئەو پارانەی لەو پاشەکەوتەدان کە ئێمە داواکارین و پێویستە ئەوەی کە فەرمانبەران بتوانێت ئەم پاشەکەوتە بەکار بهێنێ بۆ دانەوەی قەرزەکەی، خاڵی سێیەم من پێشنیازی جێگیر کردنی دەکەم بەم فۆرمە پاش باش بوونی دۆخەکە و ڕێککەوتن لەگەڵ عیراق دا بە ڕێژە، واتا ئەو دوو پێشەکی یە، پاش باشبوونی دۆخەکە و بە ڕێککەوتن لەگەڵ عیراق دا بەشێوەی ڕیژەکی پاشەکەوتی فەرمانبەران بدرێتەوە، خاڵی دیکە یەکێ لە گرفتەکانی حکومەت بەردەوام موناقەشەمان کردووە ئەوە بووە یان موناقەشە کراوە، من لەو کۆبوونەوە نەبووم کە کراوە، پارە نیە بۆ ئەوەی پاشەکەوت بدرێتەوە یان خانەنشینی زیاد بکرێت، من دوو پێشنیازم هەیە کە دەتوانین پارەیەکی ئێجگار باش پەیدا بکەین بۆ ئەوەی ئەو خانەنشینیە بدرێتەوە، یەکەم/ ژمارەی ئەو کۆمپانیا و ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی وادەی یاساییان تەواو بووە و قەرزاری حکومەتن پێویستە لە ماوەی سێ مانگ دا بە پێداچوونەوە بە ڕەهنەکانیش کە کراوە، ئەم نەصە مەبەستمە جێگیر بکرێ چونکە هەندێ خەڵك بۆ نمونە (٥٠) ملیۆن دۆلاری بە قەرز دابردووە زەوییەکی داناوە بایی دوو ملیۆن دۆلارە، ءەو رەهنانە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، ئەم قەرزانە وەربگیرێتەوە لەگەڵ ئەوەی سەدان ملیار دینار خەڵکێك هەیە قەرزاری باجە یاخود بەشێوەیەکی نایاسایی لێی وەرگیراوە ئەم دووانە وەربگیرێتەوە بە وەرگرتنەوەی ئەوانە بە دڵنیاییەوە هەم دەتوانین مووچەی خانەنشینی باش بکەین و دۆخەکەش گۆڕانکاری پێ بکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك هاوڕێ، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٥) بڕگەی (٢) لەبەر ڕۆشنایی ئەو بڕە پارەیەی کە بە فیعلی لە خەرجییەکان دەگەڕێتەوە لە دەرەنجامی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە، هەڵبەتە نامەوێ کامل بیخوێنمەوە، ئەو داهاتەی کە دەگەڕێتەوە هەندێکی لەبەر ئەو روحیەتەی کە لە ناو پەرلەمان و پەرلەمانتاران دروست بوو و کارکرا بۆ ئەوەی کە خانەنشینی پلە باڵاکان کەم بکرێتەوە و هەندێکمان کە بڕیارمان داوە ئەسڵەن خانەنشین نەبین هەڵبەتە لە سۆنگەی هەست کردن بە بەرپرسیارێتی و گەڕانەوەی داهات بۆ ئەو خەزێنەیە، لەگەڵ ئەوە من پێشنیار دەکەم لەبەر ئەوەی جەخت نەکراوەتەوە، بڕگەیەك زیاد بکرێ بۆ جەخت کردنەوە، جەخت کردنەوەکە بەم شێوازە:

خاڵی یەکەم/ لەو داهاتەی دەگەڕێتەوە خانەنشینی فەرمانبەرانی پێ زیاد بکرێ، لە بڕی (٤٠٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت، ڕاستە ئەم پێشنیارە لەلایەن هەندێك لە خوشك و برایان کرا بەڵام من ئیزافەم کردووە بۆ ئەوەی کە بکرێتە بڕگەیەکی سەربەخۆ.

خـاڵی دووەم/ گەڕانـدنەوەی ئەو قەرزانەی کە فەرمـانبەران لەلای حکـومەت دا، دواتـر خـاڵی سێیەم/ ڕاستییەکە ئێمە پرۆژە یاسایەکمان لە ماوەکـانی پێشـوو هەبـوو بـۆ هەمیشـەیی کردنـی گرێبەستەکان، حکومەت وەڵامی ئەوە بوو کە بارگرانی دارایی هەیە بـۆ حکـومەت مـن پێشـنیار دەکەم خاڵی سێیەم جێ بکرێتەوە بەو شێوازەی کە ئەو فەرمانبەرانەی گرێبەستن لە گەڕانەوەی ئەو داهاتەی کە دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت ئەو فەرمانبەرانە بکرێن بە هەمیشـەیی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە زۆر سوپاس، د.إسماعیل، فەرمو.

**بەڕێز إسماعیل علی طه:**

**بسم الله الرحمن الرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەنـد تێبینیەکیـت هەی یـا یەکـێ یـا یەکـێ خـالا یەکـێ دا دیمـا هیکـا خـالێ ئەز پێشـنیار دەکەم ئەڤە بکەویتە سەر بەتـایبەت پاشـەکەوتێ مووچەخـۆران و عەلاواتێـت فەرمـانبەران و هەڵوەشـاندنا بریارا (٦٤) لە ٢٠١٦/٢/٣ یا حوکمەتێ کو بویە سەبەبێ عەلاوات راوەسـتاندیت و بـوویە سـەبەبی مووچەخۆریەشی، دوو/ ئەز پێشنیار دەکەم فەقەر دووێ ل خالا (٢) ئەخیـری دیمـاهی کـێ ئەڤە بێتە ئیزافە کرن سەر کارکرن بنەمـایێ بە ڕێکخسـتن کـو (مقاصـە) بە ڕێکخسـتن بـۆ شایسـتێت دارایی یێت حکومەتێ پاشەکەوتا فەرمانبەران و ئەڤە دمینیت هەیڤانە رێـژەیەك بکەویـتە سـەر ئەژمارا وانا بانقی یەعنی ئالیەتا زبراندنێ، سێ/ فەقەرە سێ وەکی ئەولەویەتێ دەدەینە مووچە خۆرێ خانەنشینی ئیزافەکی ببیتە مووچەی خانەنشینی ئو خودان پێتڤیێت تایبەت و پشتگیریا وان دکەم کەمتر قاعیدەی کەمتر (٤٠٠) هەزار کەمتر نەبیت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، حسیبە خان، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری راپۆرتی هاوبەش ئەکەم بە زیاد کردنی سەرنجی خاتوو لیزا، سوپاس.

**د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئیدریس.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (١٥) بـڕگەی دووەم، پێشـنیار ئەکەم نـاوی ئاسـایش و پێشـمەرگە لێـرە زیـاد بکـرێ و ئەولەویەت بۆ ئەوان بێت و پشتگیری قسەکانی کاك موحسین و لیزا خان ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.  ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو رۆژان خان.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مووچەخۆران بەردەوام ئەو پرسیارە ئەکەن سەر پاشکەفتی و مافێ وانە، دلخۆشەکەر ڤێرە هاتە کرنێ، تێبینی من ل سەر وشا زامن کردنە، مە بەرامبەر وی وشە کوردی هەی گەرەنتی، جهێ خۆ بکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو رۆژان خان.

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ماددەیە دڵنیایەك ئەدات بە مووچە خۆرانی هەرێمی کوردستان، پێشنیارێکم هەیە لە برگەی یەکەم خاڵی دووەم کاتێك دیاری بکرێ لە شەش مانگ تێپەر نەکات بۆ دروست کردنی ئەو ئەژمێرەیە لەلایەن وەزارەتی دارایییەوە، بۆ برگەی دووەم پشتیوانی کاك دکتۆر شێرکۆ ئەکەم پشتیوانی سەلما خان ئەکەم بۆ کەمترین مووچە دیاری بکرێن سەبارەت بە زیاد کردنی برگەیەك پشتگیری لیزا خان ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بەلێن.

**بەڕێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەمانا ئەکەم ئەندامانی بەڕێز بەدیقەتەوە گوێیان لەو تێبینیانەی لیزا خان و کاك عەلی باسیان کرد، بۆ زیاد کردنی بڕگەیەك بۆ هێنانەوەی قەرزەکانی حکومەت، کاتێ سەرووی (٧٠٠) ملیۆن دۆلارە مەبلەغێکی زۆرە ئەتوانین لە دەیان پرۆژەی خەدەمی بەکاریبێنین، هەندێ خەڵك هەیە جگە لەوەی بازرگانە لە سەرووی چل میلیارەوە لایەتی، بەدەیان دەزگا ئیعلامی خستۆتە گەر بۆ مەسەلەی گەندەلی و بۆ ناشرین کردنی پەرلەمان و حکومەت لە کاتێکدا خۆی قەرزاری حکومەتەن پارەیەکی زۆری لایەن، پێویستە ئەو پارانە موڵکی گشتییە بگەرێتەوە بۆ حکومەت، پشتگیری لیزا خان و کاك عەلی ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا ئەبو بەکر.

**بەڕێز ابو بەکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ گێڕانەوەی کات پشتگیری ئەو بەرێزانە ئەکەم، کاك عوسمان بۆ مەسەلەی مەقاسە و دکتۆر شێرکۆ جەودەت و کاك موحسین لە دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان و کاك سیپان و دکتۆر اسماعیل و روپاك خان و تەنیا ئەو بڕگەیە زیاد بکرێ لە دوای شایستە داراییەکان، بە

تـايبەت پاشـەكەوتی مـووچە كە بەبريـاری ژمـارە (٦٤) لە (٣-٢-٢٠١٦) مـووچەی فەرمـانبەران پاشەكەوت كراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئامانجی پرۆژە یاساكە و تەواوی ماددەكە كەمكردنەوە یان بەربەست دانانە لەبەردەم گەنـدەلی، هەرجۆرێك كراوە و كێ كردوویەتی گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە بەنییەتی چارەسـەر بەهەموومـان هەولی چارەسەری ئەو پرسە بكەین، هەولیش ئەدەین دەرفەت نەهێلینەوە بـۆ كەسـی تـر پـێش ئێمە ئەو شتانە چارەسەر بكات، هەر كەس پێش ئێمەكردی دەستی خۆش بێ، سـێ بـابەت هەیە تێبینم هەیە لەسەری، یەكەمیـان مەسـەلەی خانەنشـینی و پاشـەكەوتی مـووچەی فەرمـانبەران، وازیح نیە چـۆن ئەدرێـتەوە، راسـتە نووسـراوە زامـین بكـرێ، بەس چـۆن بـدرێتەوە؟ بە رێـژەی مانگانە یان وادەیەك دیاری ئەكرێ، بۆ ئەوەی دڵنیایی بە فەرمانبەران بدرێ، لەبـارەی ئەوەی كـاك عەلـی باسـی كـرد بـۆ ئەوەی داهـات بەدەسـت بـێ پالپشـتی ئەكەم و لیـزا خـانیش، هەنـدێ دەوڵەمەندی قەرزار هەن پێویستە ئەو پارانە بدەنەوە لە حكومەت وەریان گرتووە و بە شـێوەی نایاسـایی لایـانە و وادەیـان بەسـەر چـووە و نـزیكەی (٨٠٠) ملیـۆن دۆلاری تێپەرانـدووە، ئەبـێ بگەرێندرێتەوە بۆ حكومەت و بەكاری نەهێنن بۆ شتی تر، مەسەلەی كەمترین رێـژەی مـووچەیە پاڵپشتی هەمـوو ئەو هاورێیـانە ئەكەم داوای بەرز كـردنەوەی مـووچەی خانەنشـینی ئەكەن زۆر پێویسـتە، هیـوادارم بە جـدی وەرگیـری لە ئەنجـومەنی وەزیـران، دەسـتكراوە بـن لەو بـابەتە، ئەوكەسانەی مووچەیان كەمە بەو پەری توانا هەوڵدەن مووچەیان بەرز بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو هەمـوو هەوڵە و بەرنـامە دارێـژیە هـی ئەوەیە ئاسـتی بژێـوی خەڵـك بەرز بێـتەوە، جێـی دڵخۆشیە ئێمە واگەیشتووینەتە نیوە شەو كەنارێك ئەزانین بودجەی هەمـوو حكومەتێـك وەكـو شوێنێك وایە، ئەو بودجەیە دیاری كراوە، ئەبێ لە شوێنێ هەڵیبگری بۆ ئەوەی شـوێنی تـری پـێ پیـنە بـكەی، هیـوادارم ئەو بڕینـی نایاسـاییە ببێـتە هۆكارێـك بـۆ ئەوەی بژێـوی خانەنشـینان كە ئەچنە تەمەنەوە زیـاتر بـێ، مـن لە رۆژ داوای ئەوەم كـرد ببـێ بە(٥٠٠) ئێسـتا بـۆتە شـەو ئاسـتی بۆچوونم ئەوەیە ببێتە (٧٠٠) هەزار ئەشزانم ئەگەر ئەو قەرزانە وەرگیـرێتەوە وەزارەتـی دارایـی هیوادارم ئەوە بكات، لە بڕگەی یەكەمیش باس لەوە ئەكات جێی دڵ خۆشـیە هەمـوو یەكـێ لەو

وڵاتە هەژماری بانکی هەبێ، ئینجا مادام باس لە هەژماری ئەلیکترۆنی ئەکات سەرنجێکم هەیە هیوادارم بەڕێزان وەڵامم بدەنەوە، ئایا بانکەکان داوای عمولەیەك ناکەن بەرامبەریان، حەقی خۆیانەن بەڵام هەنێك هەن مووچەیان لە ژێر ملیۆنێکە، ئەگەر لە مانگانە (١٠)هەزاریشیان لێ بسەنن ئەبێ بە بارگرانی لەسەریان، ئەوە لە ئێستا نا، بەڵام بە ساڵانی داهاتوو ئەبێتە بابەتێك، ئایا ئەکرێ بە ڕێنماییەك بەڕێز وەزیری دارایی دەربیکات ئەو کەسانەی مووچەکانیان کە ئەچێتە سەر ئەو بانکە و لە ملیۆنێك کەمترە ببەخشرێن لەو عمولەی بانکیەن، پشتگیری بەڕێز کاك عەلی ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر هەورامان.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە ئەتوانم بلێم ڕۆحی ئەم یاسایەیە، بەبێ ئەو ماددەیە یاساکە نوقسان ئەبێ، خۆشحالین بەو ماددەیە، هیوایەکی زۆر باش ئەگرێتەوە بۆ هاووڵاتیان و بازار ئەجولێنێ و خەڵك لە رووی نەفسیەوە مورتاح ئەبێ، بەڵام بە بۆچوونی من ئەم ماددەی (١٥) ەیە هیچ زەمانەتی تێدا نیە، برگە و رستەکانی زۆر مەتاتیە، لە برگەی یەکەم ژمارە یەك ئەبێ دەق بکرێ لەسەر پاشەکەوتی مووچە، هەرچەند پاشەکەوتی مووچە هەمووجار ئەلێم بە ناو پاشکەوتی مووچە، چونکە پێچەوانەی قانوون بوو، بەڵام بووە بە ئەمری واقیع و خەڵك بەوە ئەیناسێتەوە، ئەبێ باسی پاشەکەوتی مووچە بکرێ کە ئەو ژمارە حیسابیە پاشەکەوتی مووچەی هەر فەرمانبەرێك بخرێتە سەر، بۆ ئەوەی دڵنیابێ لە رووی قانوونیەوە زەمانەتی قانوونی لە ناو هزری دروست ببێ، ئەوەی نووسراوە لەپێناو زامن کردن لە بەینی دوو قەوس پاراستن ئەوە هەلەیە، تەفسیری زامن کردن بە پاراستن نییە، ئەگەر ژمارە بانکیەکە بەس بۆ پاراستن بێ خەڵك ئەلێ خۆم پارەی خۆم ئەپارێزم، ئەبێ بنووسرێ لە ئەستۆ گرتنی گێرانەوەی پاشەکەوتی مووچە، سەبارەت بە خاڵی دووەم لەلایەن وەزارەتی دارایی ڕێنمایی بۆ دەرچێ کەی؟ نازانین، هیچ زەمان نیە، پێویستە باسی ڕێنمایی نەکرێ لێرە، چونکە زەمانەتی وا نادات بە خەڵك، بۆیە ئەبێ بوترێ بە چوار قۆناغ ئەبێ خاوەنی ئەو پاشەکەوتی مووچەیە سوودی لێ ببینێ، دەق بکرێ لێرە، قۆناغی یەکەم ئەو قەرزانەیە لای هاوولاتیانە لە قەرزی کارەبا و ئاو و تەحویلی سەیارە و تەحویلی خانوو تا دوایی، قۆناغی دووەم و سێیەم و چوارەم لە ماوەی دوو ساڵ، واتە هەرجارێك لە ماوەی هەشت مانگ بتوانرێ لە(٣٣) ی ئەو پارەی ئەمێنێ وەریبگرێتەوە بە کاش، سەبارەت بە برگەی دووەم پشتگیری ئەوانە ئەکەم باسی (٤٠٠) کرد بۆ کەمترینی خانەنشینی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شەمۆل فەرموو.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٥) خالی یەك گرنگی خۆی ئەبێ بۆ مووچە خۆران، بە مەرجێ بتوانێ ئەو هەژمارە بانکیەی بۆی دروست ئەکرێ، ئەو قەرزانەی حکومەت لەسەریەتی پارەی ئاو و کارەبا و هی ترن، ئەگەر بەو شێوە نەبێ ئەو ماددەیە لابرێ باشترە، چونکە ئەو فەرمانبەرە نەتوانێ ئەو پارەی لەو هەژمارە بانکیەی هەیە نەتوانێ بۆنی بکات سوودی نابێ، سەبارەت بە خاڵی دووەمیش کەمترین مووچەی خانەنشینی دیاری بکرێ لە (٥٠٠) هەزار کەمتر نەبێ، پشتیوانی لە قسەکانی رۆژان خان ئەکەم ماوەی شەش مانگ دیاری بکرێ بۆ دروست کردنی ئەو هەژمارە بانکیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر زێدان.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری بەڕێزان لیزا خان و کاك محسین و کاك بەهجەت و کاك عەلی ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم، بڕی مووچەی خانەنشینی فەرمانبەران، دیارە جێگەی دەست خۆشییە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بە زیاد کردنی ئەو ماددەی بۆ پرۆژە یاساکە لەسەر داواکاری پەرلەمانی کوردستان، جێی تەقدیرە، بەڵام ئەبێ روون بێ ئایا مووچەی خانەنشینان لە چەندەوە دەست پێ ئەکات، پێمان باشە لەدەقی ئەو پرۆژە یاسایە ئاماژەی پێ بکرێ، خاڵێکی تر، داوا لە بەڕێز وەزیری دارایی ئەکەین روون کردنەوە بدات کەسێك خانەنشین ئەبێ لە کاتی وەزیفەدایە دەرماڵەی هاوسەرگیری وەرئەگرێن کە خانەنشین بوو دەرماڵەی هاوسەرگیری لێ ئەبردرێ، ئەو بەڕێزە لە فەرمانگەکە خانەنشین بووە بەڵام لە ژیان مایە لە مالەوە، بۆیە پێویست ناکات لەوێ دەرماڵەی هاوسەرگیری لێ ببرن، ئەوە پێویستی بە روون کردنەوە هەیە، خاڵی تر پشتگیری لە لیزاخانئەکەم بۆ گەڕانەوەی قەرزەکانی حکومەت لەلای خەڵك، ئەوەش داهاتێکی دیکەیە ئەگەڕێتەوە، ئامانجی ئەو یاسایە گەراندنەوەی داهات بووە بۆ خەزێنەی حکومەت، مادام ئامانج گەراندنەوەی داهاتوو دادپەروەری بووە لە بری ئەو فەرمانبەرانەی بە نایاسایی دامەزراون یان بە نایاسایی خانەنشین بوون یان ئەوانەی دوو مووچە و سێ مووچە و چوار مووچەیان هەیە، بە پرسی بایۆمەتری موعالەجە ئەکرێ، ئەو شوێنانە فەراغ ئەمێنەوە، حەقە حکومەتی هەرێم دەرفەت برەخسێنی بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە شوێنی ئەوان

دەرەجەی وەزیفیان پێ بدات و دابمەزرێن، چونکە زۆربەی فەرمانگەکانی حکومەت نەقسیان هەیە و پێویستیان بە فەرمانبەرە، بۆ بابەتی کردنەوەی هەژماری بانکی زۆر گونجاوە، بەڵام بۆ زامین کردنی بابەتەکە پشتگیری لەرای بەڕێز کاك سیپان ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، بەڵام ئەمەوێ پشتگیری لە قسەکانی مامۆستا عبدالستار ئەکەم، سەبارەت بە کەمترین مووچەی خانەنشینی (٤٠٠) هەزار بێ، کاك دکتۆر شێرکۆ، دکتۆر هەورامان، دەربارەی مەقاسەش پشتگیری هەموو ئەو خوشك و برایانە ئەکەم دەربارەی مەقاسە قسەیان کرد، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران، پشتگیری کاك عبدالستار و کاك عەلی و لیزا خان ئەکەم، گرنگە ماددەیەك ئیزافە بکرێ بۆ برگەی سێیەم بەو شێوەیە بێت، سەرجەم ئەو کۆمپانیا و بەلێندەرانەی پارەی حکومەتییان لە ئەستۆیە بە میکانیزمێك ناچار بکرێن بگەرێنەوە بۆ حکومەت لە ماوەیەك کەمتر نەبێ لە (٩٠) رۆژ لە دەرچوونی ئەم یاسایە، هەندێ بازرگان و خاوەن کۆمپانیا بە ملیۆن دینار پارەی حکومەتیان لایە و بەردەوام خەریکی ناشرین کردنی پەرلەمان و حکومەتن، پێویستە بگەرێندرێتەوە و بخرێتە خزمەتی خاوەن پداویستی تایبەت، دەرچووی دانەمزراو، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك لوقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم کردنەوەی هەژمێری بانکی کاری باشە، بەڵام هەموو هاووڵاتییەك لە هەرێمی کوردستان بەپێشکەش کردنی فۆتۆکۆپی ناسنامەی لەگەڵ (١٢) هەزار دینار ئەتوانێ هەژماری بانکی بکاتەوە بە بانکەکانی هەرێمی کوردستان، بە تەنیا کردنەوەی هەژماری بانکی کافی نییە بۆ فەرمانبەرانی کوردستان گرنگەن، بەڵام ئەبێ میکانیزمێك بگرێتە بەر، بۆ ئەوەی بتوانرێ ئەو پاشەکەوتەی لە مووچە کراوە بە چەند قۆناغێك بدرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە پشتیوانی لەو بۆچوونە ئەکەم بەریەکخستن هەبێ، حکومەتی هەرێم قەرزی لای هاووڵاتییانە، ئەوانیش

قەرزیان لای حکومەتە، ئەگەر حکومەتی هەرێم توانای دارایی نییە، بەڵام ئەتوانرێ قەرزەکان بەریەك بخات، سەبارەت بە زیاد کردنی مووچەی خانەنشینان بێگومان لە ماددەی یەکەم تا گەیشتووینە ماددەی (١٥) قسە کراوە بە چ شێوازێك داهات بۆ حکومەتی هەرێم بێت، ئێستا کاتی ئەوەیە ئەو داهاتەی گەراوەتەوە لە توێژی هەرە پێویست و زەروور کە توێژی خانەنشینی مە نییە لەگەڵ خاوەن پێداویستی تایبەت شوێنی بکرێتەوە، سەرەڕای ئەوە پشتیوانی ئەوە ئەکەم حکومەت قەرزی لای کۆمپانیا و بازرگانەکە کە منەتیان پێ نییە، پێویستە حکومەتی هەرێم سەقفی زەمەنی دابنێ بۆ وەرگرتنەوەی ئەو قەرزانە، بۆ ئەو مەبستە پشتیوانی لیزا خان و کاك عوسمان و کاك عەلی و کاك دکتۆر محی الدین و کاك هاورێ و سەلما خان و کاك شەمۆل و کاك زانا ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جەلال.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مەبەست لە شایستە دارایی پاشەکەوتی مووچەیە، پشتگیری خاتوو سەلما ئەکەم کە هەریەك لە سلفەی عەقار و زەواج و ئاو و کارەبا بگرێتەوە، سەبارەت بەوانەی ئەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆ پشتگیری کاك موحسین ئەکەم، برگەیەکیش جێگیر بکریَ بۆ ئەوەی دامەزراوانی فەرمانبەری گرێبەست پشتگیری هاورێ مەلا ستار ئەکەم بۆ گەراندنەوەی ئەو قەرزەی لەلای بەلێندەرەکانە، پشتگیری خاتو لیزا و کاك عەلی ئەکەم، بۆ ئەوەی بەرزترین مووچە دیاری بکرێ، پشتگیری کاك پێشەوا ئەکەم، بۆ دیاری کردنی کات پشتگیری رۆژان خان ئەکەم، پشتگیری ئاشنا خان و برای خۆشەویستم کاك عبدالسلام ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پشتی هەڵبژاردنا پەرلەمانی کوردستان وتەشکیل کردنی کابینەی حکومەت ئومێدەك لای مووچە خۆران پەیدا بوو بۆ هندێ پاشەکەوتێ وان بزڤریتەوە، ژ هۆکارێت ئەو زروفێت ب سەر هەرێما کوردستانی هاتی، حکومەت نەشێت پارێت وان نەقد بدات، ژ بەر هەندێ ئەڤە ئینتیزار نینە مووچە خۆر چاڤەرێت دکەن، هەر کەسەك مووچە خۆر یان نە مووچەخۆر دشێت بچیتە بانکی حیسابەك بۆ خۆی ڤەکەت، گرنگ ئەوەیە ڤێ حیسابێ بشێت تەعامولی دگەل حوکمەتێ بکات، بەری چەند رۆژا مەجموعەك موەزف هاتینە دەڤ من، شڤێت وان سەکەنی بریارەکا هاتی بێنە تاپۆ کرن، موەزەف سەنەدێ بداتە حکومەت نزیکی سێ ملیۆنا پێتدڤێ، ئەگەر ئەڤ سەنەدە تکلیف ل سەر حکومەتێ ناکات، موەزەف بشێت پارێ خۆ پێ بدات، ئەز پشتگیریا وان هەمی

هەڤالێت دکەم، پشتگیریا لیزا خـانیش دکەم بـۆ زێـدە کرنـا برگەکـێ، هەروسـا بـۆ دیـاری کردنـی وەخت پشتگیری رۆژان خان دکەم.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر رێبوار.

**بەرێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە گوێرەی مادده (٤٥٩) لە یاسای تـاوانی عێراقـی ڤەکرنـا هەژمـارەکی بـانکی بـێ رەسـید تـاوان حسێبە، ڤەکرنا ڤێ پرۆژە یاسایێ دیسان تاوانە، چونکی چ رەسـید تێـدا نیـنە، بـۆیە ئەڤ پـرۆژە یاسایە دژ نەبیت دگەل یاسایێ تاونێن عێراقی پێدڤیا برگەکە زێدەکەین ئاماژە ب هەندێ بکەین کو هەرکەس هەژمـاری بـانکی هەبیـتن بـێ رەسـید ئەو کەس نەشـێتن ڤـێ هەژمـاری بـانکی بـۆ مامەڵەی دارایی و بازرگانی بێتە بکار ئینان، یا دوێ ئەز پێشنیار ئەکەم ئەودەینێت سـەر خەلکـی لای حکومەتێ ڤێ هەژمارە حیساب بکرێ.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەم.

**بەرێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ئەو پەرلەمانتارانە ئەکەم داوایان کرد پاشەکەوتی مووچە بەنەسی سـەریح لە بـڕگەی یەکەم بهێندرێت، پشتگیری ئەوانەش باسـیان کـرد پێویسـتە ئەو هەژمـارە بـانکییە پـارەکەی بـۆ دانی قەرزی حکومەت بێ، پشتگیری بۆچوونی کاك سیروان ئەکەم کەمترین مووچە (٦٠٠) هەزار بێ.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گولستان خان.

**بەرێز گولستان سعید حمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێناو زامن کردن دوای ئەوە وشـەی گەڕانەوە زیـاد بکـرێ، لە پێنـاو زامـن کـردن و گێـرانەوەی گشت شایستە داراییەکان و شایستە خەرج نەکراوەکان و مووچە پاشەکەوت کراوەکان، لەخاڵی دووەم جۆری ئەو لەبری خستنەی دکتـۆر شـێرکۆ باسـی کـرد پشـتیوانی ئەکەم، پشـتیوانی کـاك عەلی ئەکەم، سەبارەت بە کۆکردنەوەی ئەو قەرزانەی لای کۆمپانیا و بازرگانەکانە کە سوودی لێ وەرگیرێ بۆ سەندوقی داهاتی وەزارەتی دارایی، گرنگە ئەو پارەیە بخرێتە خزمەت کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە پاڵ ئەوەی مووچە خـۆری خانەنشـینی مـووچەی مەدەنـی، لەگەڵ دامەزراندنی ئەوانەی بە گرێبەست و خۆبەخش کار ئەکەن لە چەند ساڵی قەیران بە خۆ بەخشی کار ئەکەن، هاتوونەتە پەرلەمانی کوردستان، هیوادارین هاورێیان پشتیوانی بکەیـن، بتـوانین لەو

یاسایە جێی بکەینەوەن پشتگیری کاك هاوریٚ و سەلما خان و کاك بەلێن و لیزا خان و کاك لوقمان ئەکەم بۆ کۆکردنەوەی قەرزەکانی حکومەت، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەرێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، پشتگیری کاك عەلی ئەکەم، بەتایبەت ئیلزام کردنی کۆمپانیاکان بۆ دانەوەی قەرز و ئەوانەش لێ خۆشبوونییان بۆ کراوە ئیلزام بکرێن بە دانەوەی قەرز، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بژار.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

روون کردنەوەی قانوونی، کردنەوەی حیسابی بانکی نابێتە کردنەوە دیڤ حیساباتی هەر بانکەکی ئیلا رەسیدەك بێتە دانان، نەك جواب دانەوە، وەکو زانیاری، ئەوەی لە قانوونی عقوبات زۆر جیاوازە، ئەو تاوانەکی جودایە، کەوایە پشتی ڤەکرنا حیساب دەفتەر حیساب ئەو شەخس هەلکرتیە یا ویە، سەگەکی نڤیسیە بۆ کەسێك رەسیدی ل بەنکی نەبیت ئەڤە تاوانە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە گەلاوێژ.

**بەرێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، هێشتا وەزارەتی دارایی رێنمایی دەرنەکردووە، نازانین چۆن ئەبێ و چۆن ئەکرێتەوە و چۆن سەرف ئەکرێ، وەکو پێشنیار ئەگەر رێنمایی دەرکرا ئەکرێ سوود لەو هەژمارە وەرگیرێ، وەکو پرۆژەی سەکەنی خاسەتەن بۆ مامۆستا و موەزەفن ئەگەر بێت و بدرێتە دەست خەڵکی هەلئاوسانی دارایی رووئەدات، ئەوەش باش نییە، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هەلەز خان.

**بەرێز هلز احمد محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم گەیشتینە ئەحکامێت خیتامین مادده (١٥) تا نوکە ڤێ پرۆژێت یاسایێ چ جێ نەهاتیە بۆ کرنێ کێمترین مووچێ خانەنشینێ، سەقفێ ڤەگەراندنا پاشەکەفتێ و بەحسێ پلە بەرز

کردنیش نەهاتیە، پشتگیری دکتۆر محی الدین و دکتـۆر شـێرکۆ و مامۆسـتا هەلەدنـی و بەدریە خان و کاك لوقمان و کاك بژار و کاك مەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لەو بەرێزانە ئەکەم ئەو ماددەیان ئیـزافە کـرد، بـۆ دروسـت کردنـی ئەو هەژمـارە بانکییە گرنگە، قسەکانم ئاشنا خان و گولستان خان کردیان، بۆیە پشتگیری لە بەرێزیـان ئەکەم و پشتگیری کاك عەلیش دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بەمـاددەی (١٥) بـڕگەی یەکەم بـاس لە هەژمـاری بـانکی ئەکـات، ئەو یاسـایە یاسـای چاکســازییە، یەکــێ لە خــاڵە جەوهەریەکــانی بــۆ ئەوەیە مــووچە خــۆران ئەو مــووچەی بە دانپێدانانی وەزیری دارایی و حکومەت کە (٣٤) مووچەی پاشـەکەوتی لایە و هەشـت مـووچەی تەواوی لایە، ئێستا هەژمارێکی کردۆتەوە هیچ زەمانەتی تێدا نیـیە بە نـاوی زەمـانەتیش کـراوە، هەرچەنـدە باسـی شایسـتە دارایـیە خەرج نەکراوەکـان ئەکـات بەدەقیقـی باسـی پاشـەکەوتی مـووچەی نەهێنـاوە کە بەبڕیـاری ژمـارە (٦٤) ئەنجـوومەنی وەزیـران لە (٣_٢_٢٠١٦) هـاتووە، ئێستاش ئەو یاسای چاکسازیە ئەکرێ ئەبێ زەمانەتێك بدات بە فەرمـانبەران ئەو مووچەیـان بـۆ ئەگرێتەوە نەك برەکە دابنرێ و بلـێ تـۆ هەر ئەتـوانی لە دوورەوە سـەیری بـکەی، کـاك بـژار وتـی رەسیدێکە هیچ پارەی تێدا نییە، هیچ زەمانەت بۆ مـووچە خـۆران نیـیە، لە دووەم پشـتگیری لە دکتـۆر شـێرکۆ و هەڵەز خـان و مامۆسـتا هەڵەدنـی و دکتـۆر سـگیری ئەکەم کە ئەبـێ کەمتـرین مووچەی خانە نشینی (٤٠٠) هەزار بێ کە ئێستا (٢٢٠)هەزاریان هەیە، خانەنیشن هەیە مـووچەی خوار (٤٠٠) هەزارە، پشـتگیری لە وتەکـانیش ئەکەم لەسـەر بـابەتی مەقاسـە، خـالێکی تـر ئیـزافە بکـرێ بـۆ ئەو ئەولەویەتەی حکـومەتی هەرێـم ئەیـدات لەو پـارەی ئەگەرێـتەوە لە ئەنجـامی چاکسازی بدرێ بەخاوەن پێداویستی تایبەت و کەم ئەندامان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شادی خان.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشـتگیری قسـەکانی دکتـۆر شـێرکۆ و کـاك عوسـمان ئەکەم، بـۆ خـاڵی دووەم پشـتگیری دکتـۆر شێرکۆ و سەلما خان، بۆ خانەنیشنی کەمتـرین مـووچە (٤٠٠) هەزار بـێ، کەمئەنـدام و چـاودێری

خێزانی بۆ زیاد بکرێ لەو داهاتانەی حکومەت لەو پرۆژەیە دەستی ئەکەوێ، پشتگیری لەکاك بەلێن و كاك جەلال و ئاشنا خان و كاك لوقمان و لیزا خان و گولستان خان ئەکەم، داوای زیاد کردنی ماددەیەکیان کرد بۆ وەرگرتنەوەی ئەو قەرزانەی لای کۆمپانیاکانن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فایق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو كاك مەلا ئیحسان.

**بەڕێز احسان محمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پارەی خەرجیا بزڤریتەڤە ژ بیر نەکەین ئەڤە نزیکی (١١) شەڤێیە، ژ بیر نەکەین کو ئەو کەسێت وڵاتێ کوردستانی پاراستی ژ دەستێ داعشێ و داستانێ سحیلا و پردێ و هێزێت ناڤخۆ کو شەڤ و رۆژ مە دپارێزن خانەنشینا وان کێمە، پشتگیریا كاك ادریس دکەم، پشتگیری كاك بەهجەت دکەم جەنابێ وەزیرێ دارایی روون کردنەوەك بداتە مە ل سەر ژمارا بانکی کو خەلك دشێتن چ کار پێتە ڤە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

پشوویەك وەرئەگرین، لە (١٢) دەست پێ ئەکەینەوە.

**پاش پشوو**

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست بە دانیشتنەکەمان دەکەینەوە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی دارایی روونکردنەوەیێکی هەیە با بفەرموێ، فەرموون.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە دانانی ماددەی (١٥) دەرئەنجامی ئەو کۆبوونەوەی لیژنەی دارایی لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بوو کە بەڕێز سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و ئەم وەزیرە بەڕێزانەی کە لێرەن لەوێ ئامادە بوون، ئێمە دیارە کاتێك خۆمان ئامادەکرد بۆ کۆبوونەوەکە لەسەر چوار پێشنیار رێککەوتین کە بە کۆی دەنگی لیژنەی دارایی ئەم چوار پێشنیارە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بکە، یەکێك لەوانە ئەوە بوو کە ئەو بڕە پارەیەی کە لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایەدا ئەگەڕێتەوە بۆ حکومەت خانەنشینی کەمترین پارەکانی خانەنشین ئەوەی کەمترینی هەیە لە رێگەی ئەم پارەیەوە چوار سەد هەزار دینار وە هەروەها مەسەلەی جێبەجێکردنی ئەم پرۆژانە، ناکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان قسەیێکی لەسەر مەسەلەی پاشەکەوتی مووچە نەبێت، کە هەر ئەو پێشنیارەشمان ئێمە خۆمان کرد کە ئەو ئەژمێرە بکرێتەوە بۆ هەموو مووچە خۆران وە یەکێکی تر لەو پێشنیارانەی کە سێ مانگ جارێك ئەنجومەنی وەزیران لە جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژەیە ئەم یاسایە سێ مانگ جارێك راپۆرت

بـداته پەرلەمـانی کوردسـتان وە خـاڵی چـوارەمیش وەکـو ئەوەی هەمـوو بیرمـانە کە بەسـەر مەسەلەی زیندانیانی سیاسی و مینحەکانی زیندانی سیاسی، ئێمە ئەوە بۆ دوای نیوەڕۆکەی ئەو بەڕێزانەی کە لێرە ئامادەن لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتنە ئێرە، لێرە خۆمان لەسەر سیقەی ئەم ماددەیە ریك کەوتوون لەسەریا، ئەوەی پێویست ئەکا لێرە باسی کەین لە سیغەکە من ئەمەوێت یـان بەڕێـز وەزیـری دارایـی یـان بەڕێـز (د.ئامـانج) روونکـردنەوە بـدا بە برادەرەکـان، بـۆ ئەوەی بەرچـاو روونتـر بێـت، بـۆ ئەوەی لە پرسـیارەکانا دەرکەوتـن بەتـایبەتی شایسـتەی دارایـیە بەش نەکراوەکان، ئەورۆژە قسە لەسەر پاشەکەوتی مووچە کرا چەند مووبەریرێـك هەبـوو بـۆ ئەوەی ناوی پاشەکەوتی مووچە نەهێنرێت، بەڵام لە ئەدەبیاتی وەزارەتـی داراییـا پاشـەکەوتی مـووچە نـاوێکی تـری هەیە، بڕیـار وا بـوو ئەمە لە سـیاغەکەیا دابنرێـت روونکردنەوەمـان بـدەنێ لەسـەر ئەوە، خاڵێکی دیکە بەلای منەوە زۆر گرینگە ئەو مەوزوعەی پاشەکەوتی مووچە کە لێرە دانراوە بۆتە یاسایەك دیارە پاشەکەوتی مـووچە لە هەرێمـی کوردسـتان بە یاسـا نەکـراوە بە ڕێنمـایی و تەعلیماتی حکومەت کراوە ئێستا لێرە بەم یاسایە حکومەت مولزەم دەبێت بەوەی کە ئەو خەرج نەکراوانە ئەگەر مەبەسـتەکە لێـی دوای روونکـردنەوەکە پاشـەکەوتی مـووچە بێـت، قەرارێکـی باشە کە ئیتر حکومەت مەلزەمە بەوەی کە ئەو پارانە بداتەوە، مەسەلەی ئەوەی کە ئەکاتە خـاڵی دووەمەکە بڵێین ئەوە گەڕانەوەی ئەو پارانە بۆ سەرخستنی ئەوە بەدڵنیـاییەوە ئاگـادار دەبـین کە حکومەت چۆن ئەوە ئەگەرێتەوە ئەو کاتە وەزارەت دارایی بەڕێز بەرچاویان روون دەبێت چەند پارە ئەگەرێتەوە بۆ حکومەت ئەبێت ئەمە جێبەجێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان لە ئەنجومەنی وەزیران، تەوزیحێکمان دەدەنێ لەسەر مـاددەی (١٥) ئەگەر قسەێکیان هەیە، فەرموون.

**بەرێز ئاوات شێخ جەناب/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا بەوە دەست پێدەکەم دوای ئەوە هەندێك روونکردنەوەتان هەر بـۆ زانیـاری بـۆ بـاس دەکەم هەندێ شت، ئەم ماددەیە لە دەرەنجـامی سـێ کۆبـوونەوە دروسـت بـووە لەگەڵ لیـژنەی مالیەی پەرلەمانی کوردستان، جارێکیان ئێمە وەکـو حکـومەت لەگەڵیـان دانیشـتووین بـێجگە لە سەرۆکی ئەنجومەن، جارێکیان بە حزوری سەرۆکی ئەنجومەن و جێگری سـەرۆکی ئەنجـومەن، جاری سێیەم جارێکی دیکە ئێمە هاتینەوە پەرلەمان لێرە دانیشتین و قسەمان کردوو لەسەر ئەم سیغەیە ئیتیفاقمان کرد، کە ئەمە سیغەی نیهائییە، بە نیسـبەتی حکـومەتەوە ئـو ئـێمە ئەوەمـان بردەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی رۆژی چوارشەمەی ئەنجومەنی وەزیران بڕیـاری لەسەر دا، لەبەر ئەوەی ئێمە وەك حکومەت دوای بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بەکۆی دەنگ ئێمە وەکو ئەم هەیئەتە مافی گۆڕین یان دەستکاری یان ئیزافە یان نوقسانی کردنمـان نیـیە وە بڕیـار

ئەنجومەنە و وە قەراری پێدەرچووە، هەندێ شت هەیە ئێمە لەبەر داوای پەرلەمان قبوولمان کردووە، کردنەوەی ئەو ئەژمێرە بە نمونە موبەریری داواکردنەکەی پەرلەمانی کوردستان، ئێمە لامان مخالفی قانوون و مەنتقی نەبوو، لەبەر ئەوەی قبوڵمان کرد، بەڵام بۆ تەئکیدی زیاتر لەوەی کە حکومەت مولتەزیمە بەو شایستە داراییانەی کە خەرج نەکراوە کە وا باوە لەناو کوردەواریا دایان ناوە پاشەکەوتی مووچە بۆچی، چونکە ئێمە لە خەزێنە هەموو موزەفێك لە خەزێنە چەند پارەی لەلای حکومەتە کە ئێمە شایستە داراییەکان تەسجیل کراوە (٢٠١٦)ەوە لەو رۆژەوە کە پاشەکەوتی مووچە دەستی پێکردووە ئەمە لە خەزێتە تەسجیل کراوە، هەر مۆزەفێکیش هەمـوو مانگێك لەگەڵ مووچەکەیا رەقەمی قەرزەکەی کە لەلای حکومەتیە وەری دەگرێت دەتوانێ وەر بگرێ باشە، جارێکی دیکەش لە لیستی مووچەیا ئەمە هەر دووبارە ئەبێتەوە، جاری سێیەم لە بانقەکانیش نوسخەیەك هەیە ئەو قەرزە، یەعنی بەنیسبەتی حکومەت لە گەنجینە هەیە لە لیستی مووچە هەیە لە بانقیش هەیە، ئێمە ئەمەمان پێ زیاد بوو بەڵام لەبەر ئەوەی وجە نەزەرەکە یا حکومەت نیەتێکی خۆدزینەوە و تەهەرووبی نییە لەم مەوزووعە، بەلامانەوە گرینگ بوو کە ئێمە رازی بین لەسەری، لەسەر مەوزوعی رێکخستنەوە بانکی هەرێم حکومەتی هەرێم و وەزارەتی مالیە دەستی پێکردووە، ئێستا رەنگە ئەو بانکانەی رەبت کرابێتن لە پانزە پێپەریبێت کە ئەمە بە بەردەوامی ئیشی لەسەر دەکەین، ئەو قەراره بانقی ناوەندی هەرێمی ئێرەش بگرێتەوە، بانقی ناوەندی سلێمانیش بگرێتەوە، هەردوو لاش بەیەکەوە رەبت بکرێتەوە بۆ ئەوەی رەبتەکە هەموو کوردستان بگرێتەوە، ئێمە کەوتوینەتە خطواطی عەمەلی لەسەر مەوزوعی کردنەوەی رەقەم حیسابەکە، رەقەم حیساب رەنگە ئێستا زۆربەمان رەقەم حیسابمان هەبێت، هیچ پارەشی تێدا نەبێت هیچ تاوانێکیشی لەسەر نییە، ئەو قسەیە پێم وایە دەقیق نییە کە تاوان تەحقیقی جەریمە دەکا، تەحقیقی جەریمە ناکات، لەو قسانەی جەنابتان کردتان باسی ئەوەتان کرد قەرزەکان وەرگیرێتەوە حکومەت دەستی پێکردووە ئیقدامی کردووە بۆ ئەوەی دەست بکات بە قەرزەکان ئێمە لە وەزارەتی مالیە نووسراومان کردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران ئەنجومەنی وەزیران موافەقەت و ئەمری کردووە کە ئێمە هەستین تەعلیماتێکمان پێ دەرکردووە هەر وەکو خۆتان بە سێ مانگ دەستمان پێ کردووە لە ماوەی سێ مانگدا ئەگەر نەیان داوە ئیجرائاتی تری بەدواوە بێت، خوشك و برایان یەك مەوزوع هەیە من حەز دەکەم بیزانن حکومەتی هەرێم بۆ ئەوەی وەزعی دارایی هاوڵاتیان بەشێوەیێکی گشتی بە تاقی تەنیا ئیعتیمادەی لەسەر ئەوە نییە حکومەتی هەرێم لە چوارچێوەی چاکسازی کردنا کۆکردنەوەی هەموو داهاتەکانی هەرێم و گەرانەوەی بۆ وەزارەتی مالیە یەکەم هەنگاوی جەریئی حکومەتی هەرێمە دەستی پێکردووە، بۆ ئەوەی جەنابتان بزانن مەسەلەن ئیعادەی نەزەر کراوە بە باجا نیزامی پێ دەرچووە دەست کراوە بە ئیش کردن لەگەڵ هەموو ئە ئیعفائاتانەی لەسەر زەریبە وەرگرتن هەیە، ئەو ئیعفاتانە نامێنێت لەگەڵیشیا تەریقەی تەعاموولکردن لەگەڵ گەورە

باجـدەران و ئەوانە بە تەریقەێکـی پێشـکەوتووتر و یاسـایی دەسـتی پێکـردووە لە ئێستاشـا دەستمان پێکردووە، بێجگە لەوانەی لەسەر مەوزوعی قەرز بێجگە لەو تەعلیماتە لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکـان کە حکـومەت قەرزی لایـانە لەگەڵ ئەوانەش دانیشـتین ئەخیـر کۆبـوونەوە کە ئـێمە لەگەڵ ئەو خەڵکانە کردوومانە دوێنێ بووە بۆ مەعلوماتتان، لەسەر دەروازە سـنوورییەکان ئـێمە هەیئەتێکمان نـاردووە هەیـئەتەکە هەمـوو دەروازەکـان گەڕاوە نوقـاتی ئەو تەجـاوزانەی لەسـەر دەروازەکـان هەیە هەموویمـان تەسـجیل کـردووە قەرارە ئەگەر ل کۆبوونەوەکـانی پەراەمـان نەجاتمان بێ دەسـتی پێبکەین لە ئەنجـومەنی وەزیـرانەوە دەستست بکەیـن بە کۆبـوونەوە وە ئیعادەی تەنزیم ئیجرائاتیشمان دەست پێکردووە لەسەری بەردەوامیش دەبین لەسەری، هەندێك شت لەسەر مەوزوعـی تەقـاعوودی یەکێـك لەو رەفیقـانە باسـی کـرد کە یەکێـك تەقـاعوود بـوو زەوجیەی بۆ حیساب ناکرێت ئەوە بە نیسبەتی تەقاعودی مەدەنی قـانوون هەیە ئـێمە نـاتوانین دەستکاری قانوونەکە بکەیـن صـەڵاحیەتی ئـێمە نیـیە، بەڵام بـۆ پێشـمەرگە هەم منـاڵیش و هەم خێزانیشی بۆ سـەرف دەکرێ، لەسـەر یەکێـك لە موبەرراتەیکـانی حکومەت کە بە وجە نەزەری ئێمە زۆر راسـتە لە مەوزوعـی قەرزی مـووچە و تەعـامول کـردن لەگەڵیـا سـەبەبێکی گرینـگ ئـو ئەساسی ئەوەیە کە ئێمە مەبدەئییەن لەگەڵ عیراق لەسەر مەبدەئێك رێککەوتـووین کە هەردوو لا هەیئەتێـك دروسـت بکەیـن هەیئەتێکـی موشـتەرەك موراجعـات بەو قەرزانە بکـات ئەم ئیشـە سەرکەوتوو بێت، کە زۆر ئومێدەوارین سەرکەوتوو بێت رەنگە مـوبەرری قـانوونی ئەم مـاددەیە هەر نەمێنێ، بەڵام خۆتان وەزعی عیراق دەزانن ئەگینا ئێمە وەکو مەبدەء لەگەڵ عیـراق لەسـەر ئەمە رێك کەوتووین کە هەیئەتێکی موشتەرەك بۆ ئەوە دروسـت بکەیـن، بـاقی شـتەکانی دیـکە رەنـگە باسـکردنی کـاك هـین لە حـاڵەتی تەسـجیل کردنـی ئەو ئەژمێـرە بـانقییە تەعلیماتەکـان تەریقەی تەعامول کردنی لەگەڵیا تەحدید دەکا وابزانم جەنابـت بـووی باسـت کـرد شـەش مانـگ دابنرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم قانوونە، پێم وایە دانـانی شـەش مانـگ ئـێمە لە وەزارەتـی مـالیە حکومەت ئەو شەش مانگە دبنێ هێشتا شەش مانگی دیکە یان هەشت مانگی دیکە ئەم قانوونە بچێتە نەفازەوە، ئێستا ئێمە لە ئێستاوە شەش مانگ تەحدید کەین نە شتێکی واقعـی دەبێـت نە مەتقی دەبێت، سوئالێك لای من کرا کاك (باپیر) کردی خۆشی لێرە نییە ئێمە هەر بۆ مەعلومـاتی جەنابتان لەگەڵ لیژنەی مالیە بە شەفافی قسەمان کردووە، ئەگەر ئێمە مـووچە بەس بکەیـت بە سێ سەد هەزار هەموو مانگێك لە حدودی چواردە بۆ شازدە ملیارمان دەوێ، بۆ ئەوەی جەنابتان بزانن، بۆ ئەوەی بچێـتە پێـنج سـەد ئەچێـتە حـدودە پەنجـا ملیـار دینـار، لەبەر ئەوە حەز دەکەم لەمەو دوا کە داهاتی ئەم قانوونەتان تەقسیم کرد تۆزێك دەست سووك کەن، چۆنیەتی تەعامول کردن لەگەڵ ئەژمێرە بانقییەکە ئەو رێنماییە تەحدید دەکا، خۆشتان ئەزانن هەموو رێنماییەك یـا هەموو قانوونێك ئەبێ لە دایك بووی زەمینە ماددی و مەعنەوییەکەی ئەو دەقە ئە سەقفە بێـت کە تیا دەرەچێ، یەعنی بۆ نمـونە نەفـازی ئەم قـانوون ئەگەر هەشـت مانـگ ئیتـر دەرچـوو هـیچ

مەعقـوول نیـیە ئـێمە تەعلیمـاتە لە ئیسـتاوە دەرکەیـن بـۆ چەنـد مـانگی تـر، تـا کـاتەکەی نـێ تەعلیماتەکە هەر ئێستا چۆنێك بێت قسەی بکەی دەبێتە بـابی ئیـدیعا و شـیعارات تێـپەر ناکـات، پێم وایە ئەو سوئالانەی هەندێك کەس هەیە باسـی مقاصـەی کـردووە وەکـو شـتەکانی دیـکە لە تەعلیماتەکانا، پێم وایە لەو کاتەیا ئەگەر پێویست بە قاصە و غەیری قاصە هەرچی شتێك بکرێ ئەو تەعلیماتە لە کاتی خۆیا دەردەچێت، پێم وایە شـتێکە ئەوتـۆ نەمابێـت مـن باسـی بـکەم مـن دووبـارەی ئەکەمەوە ئەمە لەدایـك بـووی ئەم پـرۆژەیە ئەم مـاددەیە لە دایـك بـووی ئیتیفـاقی ئێمەیە، ئیتیفاقێك کە سەرۆکی ئەنجەمەنی وەزیـران، جێگـری سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیـران، ئەم لیـژنەی ئـێمە ئێسـتا کە لە خزمەتدانـدایە دروسـت بـووە، سـێ کۆبـوونەوەی زۆر دوور و درێژیشی لەسـەر کـراوە، پێشـم وایە لە زمنـی ئەو زەماناتـانەی کە بـاس ئەکـرا کە حکـومەت بـۆ رێـژەی خانەنشـینییەکان چ رەقەمـێکە، پـێم وایە خۆتـان لە دەمـی کـاك (مسـرور) قسـەکانتان بیستووە کە مـن لێـرە نامەوێـت بۆتـان دووبـارە بـکەمەوە، لیـژنەی مـالی هەمـوو گـوێی لێبـووە ئەوانەی کە گرینگە من پێتان بڵێم ئەڵین ئەو شایستە مالیانە بە عەدەدی مانگەکانی کە لێی بڕاوە لە ئەسـتۆی حکـومەتە بـێجگە لەم ئەژمـارە بـانقییەی لە سـێ وەسـیقەی تـری ئەم حوکمەتەیـا تەسجیل کـراوە لە دەمـی رەئیسـی حکـومەت و نـائیبی رەئیسـی حکـومەت و وەزیـری دارایـش هەمووتان بیستووتانە کە ئەوانە قەرزە و لە ملی حکومەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نوقتەی نیزامی بێت. روونکردنەوە بێت، نابێت نوقتەی نیزامی وەرناگرم، مـاددەی دوای ئەوە، فەرموون.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦):

یەکەم:

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (ئاوات)، فەرموو.

**بەڕێز ئاوات شێخ جەناب/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زەحمەت نەبێت دکتۆرە، بەپێی ماددەکەش ئەوە تێبینـی کـاك (د.ئومیـد) بـوو ئەمە ئیلتیـزامە لە ئەسـتۆی حکـومەتی هەرێـمە وە بەپێـی لۆچـوونی ئـێمە قەرزە لەلای حکـومەتی مەرکەزی بـۆ ئاگاداریتان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (هێڤیدار)، فەرموون.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆكی حكومەتیش بە لیژنەی دارایی وتبوو هەر كاتێك پارەكە هەبوو نەماندا با خەڵك و پەرلەمان لێمان قبول نەكا.

ماددەی (١٦):

یەكەم: جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە ئاسەواری دارایی و دادوەری لێناكەوێتەوە بۆ حالەتەكانی پێش كەوتنە بواری جێبەجێكردنی یاساكە لەسەر ئەو كەسانەی كە دەیانگرێتەوە.

دووەم: ئەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە مافی ئەوەیان هەیە بەپێی حوكمەكانی یاسای بەركار تانەی یاسایی بدەن.

**بەڕێز ریواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێكە بەڕێزی پەرەامن ئەیەوێت لەبارەی ئەو ماددەیەوە گفتوگۆ بكات با دەست بەرز كاتەوە، (لەنجە) خان، كاك (شێخ ظاهر)، كاك (جەلال)، كاك (جلال)، فەرموون.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە تەنها تێبینییەكەی من لەسەر خاڵی دووەمی ماددەی (١٦) یە ئەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوەی مافی حوكمەكانی یاسای بەركار تانەی یاسایی بدرێن ئەو مەحكەمە دیاری بكرێ كە تانە یاساییەكە دەدرێ واتە ئەگەر مەحكەمەی ئیدارییان ناوی ببرێ وە ئەگەر مەحكومەیێكی ترە روون بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (جلال) ئەی ئێوە لە لیژنەی یاسایی ئەوەتان بۆ نەكرد؟

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر بۆ ئەوەش بۆت روونكەمەوە، یەكەم، من تێبینیم نووسیوە لەسەر ئەوە كە واژووم كردووە، دواتر ئەوە كاك (هێڤیدار) لە لیژنەیە ئێمە ئەو كاتە لە لیژنە ئەو قسلانەی كە كردمان گوتی ئەوە وەكو خۆی بە من وتراوە دەستكاری ناكرێ، لەبەر ئەوە بووە دەنا ئەگەر نا مەحكەمەی ئیدار تیا بكرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، (لەنجە) خان، فەرموون.

**بەڕێز لنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٦) لە برگەی دووەم، دوو سەرنجی گچكەم هەیە، یەكەكیان دیاری كردنی سەقفی زەمەنی بۆ ماوەی تانە لێدانی لە داوای دەرچوونی بڕیار، دووەمیان ئایا بۆ چەند جار مافی تانە لێدانی هەیە دیاری بكرێ، رەنگە لە یاسا بەركارەكان ئەوانە هەبن، بەڵام پێشنیارەكەی ئێمە بۆ

ئەوەیە ئەم دوو خاڵە بۆ هەموو ئەو دام و دەزگا و وەزارەتانە بۆ ئەو کەسانەی حوکمەکانی ئەو یاسایانە دەیانگرێتەوە یەك بخرێتەوە، واتە سەقفی زەمەنی لەدوای بڕیارەکە ئاییا دوو مانگە شەش مانگە چەندە دیاری بکرێ، دووەمیشیا لەبەر ئەوەی ئێمە پێشتر شارەزایم لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان هەیە لە لیژنەی سکالا دوو جار دەیان توانی سکاڵا بکەن باشی سکاڵای دووەم قەتعی دەبوو بڕیارەکە حەقی سکاڵای تریان نەبوو، لێرە ش ئەگەر ئایا پاشی تانەی یەکەم یان دووەم دیاری بکرێ بڕیارەکە قەتعی دەبی یان نا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لێرە مەبەست لەوە کە تانە لە یاساکە نییە ئەوەی لەم بڕگەیە هاتوو تانەیە لەو قەراراتانەی بەرمەبنای ئەم یاسایە دەچن، هەموو کەسێك بۆی هەیە بەگوێرەی ئەو قانوونەی کە لەم وڵاتە بۆ ئەم بوارە ئیشی پێدەکرێ، قانوونی ئەنجومەنی شورایە لە هەرێمی کوردستان شێوازەکانی تەعندان لە قەراراتی ئیداری بە وازحی هەیە، مودە تەحدید کراوە، حەقی تەزەلوم هەیە، لەبەر ئەوە دووبارە کردنەوەی ئەمانە دەلالاتی باشی نابێت لە ڕووی تەشریعییەوە بووە موشەریع لە هەرێمی کوردستان، هەموو ئەوانە بە وازحە لەناو قانوونا هەن، مودەی تەعن مودەی تەزەلوم چەند جار بۆت هەیە بە وازحی هەیە، تۆزێك ناوازحی ڕەنگە لەوەدا بێت ئیشارەت نەدراوە بە قانوونی ئەنجومەن شورا یان وا لێکدەدرێتەوە کە تەعبیرەکە وایە کە تەعن لە یاساکیە تەعن لە قانوونەکە نادرێت، تەعن دەدرێ لەو قەراراتانەی بەر مەبنای ئەو قانوونە دەردەچن، کاك (شێخ ظاهر)، فەرموون.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە پێشنیاز دەکەم یاسا و ئاسەواری دارایی دادوەرییەکە بکرێتە سزایی، خاڵی دووەمیش بەپێی کام یاسا ئەگەر یەکەك ئەوانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە مافی ئەءەیان هەیە بەپێی حوکمەکانی یاسای بەرکار تانە یاسای بدەن، کام یاسا وەلەبەر دەم کاك مەحکەمە مەحکەمەی قەزائیا یان هەر مەحکەمەیکی تر، پێشنیاز دەکەم هەم یاسا هەم مەحکەمەی موختەص دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی ڕوون بێت بۆ ئەو کەسەی کە تەزەلومی لێکراوە لەبەر چ یاسایێك و لەبەر دەم کام مەحکەمە تانە بدات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بێگومان لەبەر دەمی قەزای ئیدارییا هاوڵاتی کە قەراراتی حکومەتی بۆ دەردەچێت بە دڵی نییە تەزەلووم دەکا، ئەگەر نەتیجەکەی بەدڵ نەبوو دەچێتە بەر دەمی قەزای ئیداری، کاك (بژار) قسەتان هەیە؟ لیژنەکان قسەتان نییە؟ بەڕێزان لە ئەنجومەنی وەزیران قسەتان هەیە؟ بەڕێزان (د.ئامانج) وەڵام بداتەوە ئەگەر لەگەڵن دەست هەڵبرن، سوپاس، فەرموو کاك دکتۆر.

**بەڕێز د. ئامانج عبدالرحيم:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**
ئەو خاڵە زۆر گرینگە بۆ ئەوەی هیچ كەسێك زولمی لێنەكرێ ئەگەر لە نەتیجەی جێبەجێكردنی ئەم قانوونە، نەك قانوونەكە خۆی وە ئەو هەموو قانوونی كە ئیشارەتی پێدراوە،ئەمە هەمووی لەبەر دەم قەزای ئیداری نییە، بۆ نمونە ئەگەر باسی خانەنشینی بكەین كە باسمان كردووە لە قانوونی تەقاعودی موەحەد كە كاری پێدەكرێ لە هەرێمی كوردستان ماددەی (٢٠) ئەڵێ چی، ئەڵێ لیژنەیێك پێك ئەهێنرێ ناوی لێئەنرێ لیژنەی وردبینی كێشەی خانەنشینبوان بە سەرۆكایەتی دادوەرێك لە پۆلی دووەم كە ئەنجومەنی دادوەری ئینتیدابی دەكا و وە ئەندامیەتی دوو فەرمانبەری یاسایی كە یەكێكیان لە وەزارەتی داراییە ئەوی تریان لە وەزارەتی پێشمەرگەیە تە حدید كراوە، لێرە وە قەرارەكانی ئەمانیش دیسانەوە قابیلی ئەوەیە كە مەحكەمەی تەمیز جارێكی دیكە تەعن بێتەوە، ئەمە بە نسبەت خانەنشینان، بە نسبەت (لەنجە) خان باسی كرد ئەوەی كە موتەعەلیقە بە ماف و ئیمتیازاتی كەسوكاری شەهیدان لەناو قانونی ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٧) تەریقەی تەعن دەستنیشان كراوە، ئەوەی كە موتەعەلیقە بە پلەی مۆزەف ئێستا لە وەزیفەن كە پلەكانیان دەستكاری ئەكرێ ئەوە منازەعاتی قانوونی خدمەی مەدەنییە ئەجیهەی موختەص وەكو بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئاماژەی پێدا قەزای ئیداریی پێویست بەوە ناكا ئێمە بێین ئەو نصوصانە هەمووی بخەینەوە ناو ئەم قانوونە، چونكە هەر بابەتێك لەو بابەتانە بە قانوونێكی تایبەت رێكخراوە، بۆیە ئەگەر نەصەكە سەیر بكەی ئەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە مافی ئەوەیان هەیە بەپێی حوكمە یاسای بەركار، یەعنی هەر حاڵەتێك دەگەرێتەوە بۆ ئەو یاسایەی كە تایبەتمەندە ئەتوانن چی بكەن تانەی یاسایی بدەن، كە ئێمە باسی مووچی ئەكەین باسی خانەنشینی ئەكەین باسی دەرماڵە ئەكەین باسی ئیمتیازاتەكان ئەكەین تەحدیدمان كردووە لە تایتڵەكە بۆ هەر یەكێك لە مانە قانوونە موختەصەكەی خۆی جیهەی تەعنی دەستنیشان كردووە، هەر حەزم كرد ئەو تەوزیحە بدەم خەڵكیش بزانێ بۆ ئەوەی زوڵمی لێ نەكرێ سبەینێ، جیهەتێك هەیە لەسەروو ئەو لیژنەیەی بەپێی پەیرەوەكە دروست دەكرێ كە بچێ تەعنی لێبكا و تانە بدا لە قەراری ئەو لیژنەیەی كە ئەم یاسایە جێبەجێ بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، یەعنی كاك دكتۆر لەبەر ئەوەی هیچ قەراراتێك مەحصون نییە ئیلا ئەگەر تروقی تەعنی خاص هەبوو ئەگەر لە قانوونەكەی خۆی تەریقەی تەعن هەبوو دەشێ بۆ ئەوێ، ئەگەر نەبوو دێتە مەحكەمەی ئیدری وازحە؟

**بەڕێز د. ئامانج عبدالرحيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت دەزانی هیچ قەرارێکی ئیداری لە مەحکەمەی ئیداری تەعنی لێناکرێت، ئەگەر تەروقی تەعنی خاصی هەبێت لە قانوونی تایبەتی خۆی دەستنیشان کرابوو ئەوانە بوو بە قەواعیدی عامە رێکخراوە، پێم وانیە شوێنی ئەم قانوونە بێت کە بیخەینەوە ناو ئەم قانوونە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بێگومان دەستتان خۆش بێت، ماددەی (١٧)، فەرموون.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧):

نمتابێت هیچ کەسێك خانەنشین بکرێت یان هەر ئیمتیازاتێکی دیکەی دارایی لە ژێر هیچ پاسا و ناونیشانێك دا پێ بدرێت ئەگەر پێشتر بە شایستە بوونی یاسایی دا تۆمارەکانی داتا بەپیی سیستەمی بایۆمەتری پەیرەوکراو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمار نەکرا بێ وە بەرایی نەبێت و مووچەی خانەنشینی بۆ میراتگری یاسایی (المستحق) خەرج ناکرێ تا وەکو تۆمار نەکرێت داتا بەپیی سیستەمی بایۆمەتری.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت لەبارەی ئەو ماددەیەوە قسە بکات، کاك (سۆران)، کاك (مەم)، کاك (سیروان)، کاك (بەڵێن)، مامۆستا (عبدالستار)، (سلمی) خان، کاك (کاوە)، کاك (سوران)، فەرموون.

**بەڕێز سوران عمر سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ئەم ماددەیە من داوا ئەکەم وەزیرە بەڕێزەکان روونکردنەوەیەکمان بدەنێ لە وەزارەتی شەهیدان، چوارده هەزار لە میراتگری شەهید و ئەنفال و ئەوە لە بایۆمەتری تۆمار نەکراوە، تا ئێستا بەڕێز وەزیری شەهیدان پێی وتین کە ئەمە روویداوە وە دوای ئەوەی بایۆمەتری تەواو بووەنەهاتوون بایۆمەتری بکات، ئێستا مووچەکەش وەرئەگرن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەوە ئەکرێ کە چوارده هەزار لە شەهیدان لە میراتگری شەهیدان داخلی داتا بەپیسیش نەبووە، ئایا ئەمە جێبەجێ بێ یەکسەر ئەیبڕێ؟ یان چۆن ئەمە حەل ئەکەین؟ وتمان بۆ ئەمە روویداوە بەڕێز وەزیری شەهیدان وتی دیارە مووچەی تریان هەیە فەرمانبەرن یا ترساون لەوەی بێن ببڕدرێ وەلحاڵ نەکراوە، ئێستا چوارده هەزار وارسی شەهید هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

(سلمە) خان، فەرموون.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مووچە خۆرانی هەرێمی کوردستان، مووچەخۆری حکومەتی هەرێمی کوردستانن وە مووچە لە حکومەت وەردەگرن نەك لە حکومەتی ناوەند و عیراق، لەبەر ئەوە پێویست دەکات شایستە داراییەکانیان لەلایەن حکومەتەوە پارێزراو بێ، هەروەها پێدانەوەی پاشەکەوتەکەش ئەرکێکە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان نەك حکومەتی عیراقی لەبەر ئەوە، ئەوە لەو ماددەیە نییە داوای لێبوردن دەکەم لە هیچ فەقەرێکی ترا نەبوو قسەی لەسەر بکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (مم)، فەرموون.

**بەڕێز مم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەکەمجار داوای ڕوونکردنەوە لە بەڕێز وەزیری هەرێم ب کاروباری پەرلەمان ئەکەم ئەو ڕوونرکردنەوەمان بداتێ دەربارەی ئەوەی کە هاتووە نابێ هیچ کەسێك خانەنشین بکرێ یان ئیمتیازاتێکی دیکەی دارایی هەبێت ئایا ئەو ئیمتیازاتە داراییەی کە لە ماددەی (١١)ی ئێمە بۆ ئەو کەسانەی سەرف ئەکرێ ئەوەش ئەگرێتەوە یان نا؟ بۆ میراتگرەکانی کە ناتبێت ئەوە یەك ئەوەی لە ماددەی (١١) هاتووە، دووەمیان دارشتنەوەی ئەم ماددە، من پێشنیاز ئەکەم بۆ ئەندامانی بەڕێزی لیژنەی یاسایی بەم شێوەیە بێت نابێ هیچ کەسێك خانەنشین بکرێت یان ئیمتیازاتێکی دیکەی دارایی لەژێر هیچ پاساو و ناونیشانێك پێبدرێ، ئەگەر پێشتر بە شایستە بوونی یاسایی لە تۆمارەکانی داتا بەیسی سیستەمی بایۆمەتری پەیرەوکراو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمار نەکرابێت و بەرایی نەبێت، دەبێ کەسی خانەنشینکراو ناوی لە داتابەیسی سیستمی بایۆمەتری تۆمار کرابێت و خانەنشینیەکەشی بۆ میراتگرە یاساییەکەشی خەرج دەکرێ واتە لە پێشا ناوەکە تۆمار کراو ئینجا باسی خانەنشین کراو نەك خانەنشین دەکرێ ئینجا ناوی تۆمار کرابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، مامۆستا (عبدالستار)، فەرموون.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم سەبارەت بە خانەنشینی پلە باڵاکان، بۆ ئەوەی کە دەرفەت بدەین بە خەڵکێکی دیکەمان پسپۆر لە بوارە جیاجیاکان ئەوانەی کە پلە باڵان خانەنشین دەبن، تەبعەن لە ماددەی (٣) لە بڕگەی چوارەم باس کراوە کە یا خانەنشینیەکەیان یان ئەو وەزیفەی کە بۆی

دەگەرێتەوە هەڵیبژێرێ، بەڵام باسی ئەوە نەکراوە کە ئەگەر ئەم کەسە خانەنشین بوو وە کەرتی گشتی ویستی گرێبەستی لەگەڵ بکا، ئایا ئەمە چۆن تەعامولی لەگەڵ دەکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (عبدالستار) ئەمە پەیوەندی بەو ماددەیەوە چییە؟ من ئەمەوێت ئیزافەی ماددەیەك بکەم، یان شتێك لێرە هیچ رەبتێکی نییە، با مناقەشەی ئەو ماددە تەواو بێت، دوای ئەوە ئەتوانی قبوڵکردنەکەش بەدەست من نییە، مامۆستا نابێ.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە با خەڵك نەڵێن پابەند نەبوو، با خەڵکیتریش بابەند بێت باشە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (بەڵێن) فەرموون.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لە لیژنەی دارایی بۆ موناقەشەی ئەوە کرا ئەو تێبینیەی کە کاك (سۆران) باسی کرد، وەزیری شەهیدان ئیعلانی کرد لەبەردەم چواردە هەزار لە خانەوادەی کەسوکاری شەهیدان، هێشتا تۆمار نەکراون لە تەسجیلی بایۆمەترییەوە، کە ئەڵێ مووچەی خانەنشینی بۆ میراتگری یاسای خەرج ناکرێ، تاوەکو تۆمار نەکرێ لە داتا بەپێی سیستمی بایۆمەتری، پرسەکە لەوەیە ئەو قانوونە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە هێشتا ئەوانە تۆمار نەکرابن، یان تاوەکو تۆمار دەکرێن مووەدەیێکی زەمەنی پێ بچێ بۆ چوار مانگە، بۆ پێنج مانگە، ترسمان لەوەیە ئەو خانەوادەی کەسوکاری شەهیدان ببڕدرێت، داوا ئەکەم لێرە سیغەك دابڕێژینەوە کە ئیستیحقاقی ئەو چواردە کەسە لە کەسوکاری شەهیدان پارێزراوبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (کاوە)، فەرموون..

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لێرە باس لە سیستەمی بایۆمەتری و تۆمار کردنی لە تۆمارەکانی داتا بەپێی سیستەمی بایۆمەتری دەکا، بەڵام تا ئێستاش گرفتێك هەیە بەشێك لە فەرمانبەران کە ناوی خۆشیان لە سیستەمی بایۆمەتری تۆمار کردووە مووچە وەردەگرن لە هەرێمی کوردستان، لە هەمان کاتیش لەسەر حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا مووچە وەردەگرن، واتە تا ئێستا دوو مووچەیان هەیە، ئایا چی کراوە بۆ ئەوەی ئەم سیستەمە یەك بخرێ؟ یاخود ئەو خەڵکانەی کەوا مووچە لە بەغدا وەردەگرن وە لە هەرێمیش وەردەگرن ئاشکرا بکرێت و نەهێڵدرێت و بنبڕبکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، کاك (سیروان)، فەرموون.
**بەڕێز سیروان فرج محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
قسەکانی من لەلایەن کاك (سۆران) کرا، پرسیارەکە منیش دووپاتی ئەکەمەوە هەر بە هەمان شێوە ماددەی (١٧) ئەگەر خروقاتە کرا چی، یەعنی چی ڕێکارێك هەیە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، بەڕێزان لە ئەنجومەنی وەزیران، فەرموون.
**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەو پرسیارەی کە ئاراستە کرا ئایا ماددەی (١٧)ش ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە ماددەی (١١)دا هاتوون، بەڵێ ئەو کەسانەش دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی مووچەی خانەنشینی وەردەگرن، ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە لە ماددە (١١)دا هاتووە، ئەوەش کە پەیوەندی بە پرسیارەکەی بەڕێز کاك (سۆران) هەیە ئەوەیە کە سیستەمی بایۆمەتری قفل نەکراوە، یەکەم وە دووەم سیستەمی بایۆمەتری تێرمی دووەمی هەیە وە بەردەوامە وە جگە لەو چواردە هەزار کەسەی کە خۆی تۆمار نەکردووە، مووچە خۆرێکی خەڵکێکی دیکەش هەیە کە مووچە خۆرە خۆی تۆمار نەکردووە، بۆیە ئەو بابەنە قفل نەکراوە و بەردەوام دەبێت، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، ماددەی (١٨) فەرموون.
**بەڕێز ریڤینگ محمد محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (١٨):
یەکەم: مەحکەمەکانی ئەم یاسایە هەمـوو حالەتەکانی پێش بەرکار بوونی ئەم یاسایەش دەگرێتەوە پێویستە خۆیان لەگەڵ ئەم یاسایە.
دووەم: کار بە هیچ دەقێکی تری یاسای یان بڕیار کە ناکۆك لەگەل حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت یاسای خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکانی هەرێمی کوردستان- عیراق ژمارە (٣٦)ی ساڵی (٢٠٠٤) هەڵدەوەشێتەوە.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ دەیەوێت لەبارەی ئەو ماددەیەوە گفتوگۆ بکات؟
کاك (د.شیرکو)، فەرموون.
**بەڕێز شیرکو جودت مصطفى:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە رووی شکلییەوە ماددەی (١٨) بڕگەی دووەم تاوەکو ئەوێ بخاێنێ کار بە هیچ دەقێکی یاسایی، یان بڕیارێکە ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت، دوای ئەوە ئەوە بکرێت بە

سێیەم یاسای خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکانی لە هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە (٣٦)ی ساڵی (٢٠٠٤) هەڵدەوەشێتەوە، یەعنی سێیەمی هەر هەبێت پێم وایە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بەڵێ دروستە، (بدریە) خان، فەرموون.

**بەڕێز بدریە اسماعیل مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٨) بڕگەی (٢) کار بە هیچ دەقێکە یاسای،ی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێ، یاسای خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە (٣٦)ی ساڵی (٢٠٠٤) هەڵدەوەشێتەوە، بەڵکو دەبێت ئەم یاسایانەش هەڵبوەشێتەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان یاسای خانەنشینی سەرۆکی هەرێم، یاسای خانەنشینی ئەنجومەنی وەزیران، یاسای خانەنشینی پەرلەمانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەمانە نابێت هەڵوەشێنەوە، چونکە نابێت لە ئیستیحقاقی خانەنشینی شتی تریشیان تێدایە مافی تریشیان تێدایە، (د.اسماعیل)، فەرموون.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیریا (د. شێرکۆ) دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.زیدان)، فەرموون.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ماددەیە ئەوەیە کە لە خاڵی دووەم باس لە هەڵوەشانەوەی ئەوە دەکا، بۆیە لێرە هەڵوەشاندنەوە و ڕێکخستن لەو یاسایە گشتی هاتووە لە هەموو ماددەکان، لێرە ڕوونکردنەوەك ئاراستەی حکومەت دەکەم، ئایا ئەگەر لە حاڵەتێك دوو نمونە بینینە بەرچاوی خۆمان، یەکەکیان کەسێك لە دوای دەرچوونی ئەم یاسایە پلە وەزیفیەکەی هەڵدەوەشێتەوە؟ ئایا چۆن تەعاموڵ لەگەڵ پاشەکەوتەکەی دەکەین؟ کە چوار ساڵ بەشێك لە مووچەکەی پاشەکەوت کراوە؟ دوو کەسێکی تر کە پلەێکی وەزیفی پێدراوە کە موستەحەق نییە، لەکاتی پاشەکەوتکردن پاشەکەوتەکەی زیاتریشە، لەهەمان کات لە پاشەکەوتکردن ئەحکامەکانی ئەو یاسایە لەوێش لێی دەگێردرێتەوە یان بەردەوام دەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (عبدالستار)، فەرموون.

**بەرێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە بەشێکیم وت، ئەوەی کە من مەبەستمە ئەوەیە کە یەکێك کە بە پلەی باڵا خانەنشین بە تایبەتی لە صلفی یەکەم کە بە (١٥%) وە چل و پێنج ساڵ تەمەنی بێ و چازدە ساڵ خزمەتی هەبێ و بەو پێوەرانەی کە باسمان کرد، بەراستی من رەئیم وایە بۆ کەرتی گشتی رێگە بەوانە نەدرێ گرێبەستیان لەگەڵ بکرێ، یانیش خانەنشینی وەرگرن، ئێمە هەمانە حەز دەکەم بیزانن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزیرمان هەیە ئێستا خانەنشین وەردەگرێ لەوێش گرێبەستی هەیە و راوێژکارە، بەڕێوەبەری گشتیمان هەیە نزیکەی چوار ملیۆن وەردەگرێ لەوێش چوار ملیۆن وەردەگرێ گرێبەستی بۆ کراوە، بەراستی ئێمە بۆ ئەوەی کە دەرفەت بدەین بۆ کەسێك کە بۆ نمونە دکتۆرای هەیە لە کشتوکاڵ با ئەنجومەنی وەزیران یان هەر سێکتەرێکی دیکەی حکومەت، بابێ گرێبەست لەگەڵ ئەو کەسە بکا، ئەو خانەنشینە مەسەلەن لەولای چوار ملیۆن وەردەگرێ، لەولاش بە چوار ملیۆنی دیکە گرێبەست بێ، رەئیم وایە لەوێ یان بە بڕگەیێکی تایبەت بنوسرێ ئەوانەی لە پلە باڵاکان خانەنشین بوون بۆیان نییە بە گرێبەستی لە کەرتی گشتی کار بکەن، لە کاتی کارکردن بە گرێبەست لە کەرتی گشتی ئەوا یان گرێبەستیەکەیان بۆ ناکرێت یان خانەنشینیەکەیان هەڵدەوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەگەر لیژنە تایبەتمەندەکان قسەێکتان هەیە؟ نیتانە، کاك (بژار)، فەرموون.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو لیژنەی یاسایی پێشنیار دەکەم بۆ ئەوەی راپۆرتی داهاتووی لیژنەی تایبەتمەند زۆر ئاڵۆز و تێکەڵاو نەبێت، پێشترش قسەمان کردبوو، نازانم دیارە لە گبع وادەرچووە هەندێ بڕگە و ماددەکان دروست کراوە، هەندێك ماون لە جیاتی هەموو ئەحکامەکان بکرێتە حوکمەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان وەزیری دارایی وەزیری هەرێم هەر بەڕێزێکتان بتانەوێ قسە بکەن، فەرموون.

**بەرێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەو پێشنیارەی کە بەڕێز کاك (عبدالستار) کردی لە بڕگەی چوارەم لە ماددەی (٣)ە دەتوانین لەوێ جێگای بکەینەوە بڕگەی چوارەم، ئەگەر لەگەڵم بن لە کاتی گەرانەوەی فەرمانبەری خانەنشینکراو بوو بۆ وەزیفە ئیزافە بکرێ بە هەمیشەیی یان بە گرێبەست

سەرپشك دەكرێ لە وەرگرتنی مووچەی خانەنشینییەكەی، یان مووچەی ئەو وەزیفەیەی كە پێی دامەزراوەتەوە، لە هیچ حاڵەتێكدا نابێت سوودمەند بێت لە دوو مووچە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس دروست، بۆ ئەو پێشنیارەی كاك (د. شیركو) وەلەو شكلییە زۆر، فەرموون.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ پێشنیارەكەی (د. شیركو) ئێمە لەگەڵین كە بڕگەیەك زیاد بكرێ وە بكرێتن بە بڕگەی سێیەم، لە رووی شكلییەوە سیغەی تەشریعی راستە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان لە كاتی نووسینی راپۆرتی لیژنەكان مادەم لەسەر مەبدەئەكە هیچ كێشەیەك نییە، دیراسەی ئەوە بكرێت كە چۆن سیاغە دەكرێتەوە ماددەی دوای ئەوە، ماددەی (١٩) لیژنە تایبەتمەندەكان، فەرموون.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٩):

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەو دەربكات بۆ ئاسانكاری جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە لە ماوەیەك كە لە (٦٠) رۆژ تێپەر نەكات لە رۆژی دەرچواندنی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، هەر بەڕێزێك قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ كەس نییە. كاك (د.زیدان)، فەرموون.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وەلامەكەی خۆم لە حكومەت وەرنەگرت ئەوەی رابردوو، بۆیە داوا دەكەم روونكردنەوەیكم بدەنێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

وەلەو نابێ ئێمە چووینە سەر ماددەیێكی تر دوایی لێیان بپرسە، ماددەی (٢٠) فەرموون.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٠):

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان كێ لەسەر ئەم ماددەیە قسەی هەیە؟ نییە. ماددەی دوای ئەوە، فەرموون.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٢١):

ئەم یاسا لە رۆژی دەرچواندنی لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی كوردستان بڵاودەكرێتەوە و لەدوای تێپەربوونی (٩٠) رۆژ لە رێكەوتی دەرچوونی پەیڕەوی پەیڕەویدا پەیڕەو هاتوو لە ماددەی (١٩)ی ئەم یاسایەدا دەكرێتە بواری جێبەجێكردن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لەسەر ئەو ماددەیە بەڕێز كاك (علی)، فەرموون.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵا هەندێ بابەتی جدی و پرسیاری جدی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، لەسەرەتادا ئێمە لە ماددەی (١٩) دەڵێین پەیڕەوێك دەربكە بۆ ئاسان جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە لە ماوەی (٦٠) رۆژ لە رۆژی دەرچواندنی، واتە لە دوای دەنگدان لە (٦٠) رۆژدا تۆ پێرەوەكە دەردەكەی بۆ جێبەجێكردنی، واتە ئۆتۆماتیكی تر كە پەیڕەوەكە دەركرد ئیشی پێئەكەی جێبەجێ ئەكرێ بۆ (٩٠) رۆژ لە داوی دەرچوونی وەقایعا بكەوێتە بواری جێبەجێكردن، لەوە كە تۆ پێرەوەكەت دەركرد ئۆتۆماتیكی دەست دەكەی بە پرۆسەی جیبەجێكردنی پێڕەوەكە (٦٠) رۆژە، خاڵێكی دیكە كە ئەڵێی (٣) مانگ لە سێ مانگا پرۆسەی چاكسازییەكە تەواو نەبووە، دەست كراوە بە جێبەجێكردنی هەنگاوی وا هەیە مانگێكی ئەوێ، بیست رۆژی ئەوێ، ئەو هەموو فایلەی وتمان رەنگە ساڵێكی بوێ، من پێشنیاز ئەكەم دوو مانگ جارێك، یان سی مانگ جارێك بە راپۆرتێك حكومەتی هەرێمی كوردستان، پەرلەمانی كوردستان لە ئاستەكانی جێبەجێ بوونی یاساكە ئاگادار كاتەوە وە بۆ ئەوەش پێشنیار دەكەم لە دوای دەرچواندنی لە رۆژنامەی وەقایعی كوردستانەوە بكەوێتەوە بواری جێبەجێكردنەوە، چونكە تۆ هەنگاو هەنگاو ئەرۆی ئەو (٩٠) رۆژە بۆ بوەستین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (هێڤیدار)، فەرموون.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەل حكومەت رێك كەوتین كە هەر سێ مانگ جارێك راپۆرتێك بۆ پەرلەمان دەنیرێت، كاك (علی) زۆر سوپاس وە ئەوەی (٩٠) رۆژەكەش ئەوەی كە ئێمە لە حكومەت حالی بووین دوای پەیرەوەكە دەچێتە وەزارەتەكان، وەزارەتەكان رێنمایی دەردەكات لە ماوەی (٩٠) رۆژ حكومەت لێرە دەتوانێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

حکومەت با بۆخۆی وەڵام بداتەوە، بەڕێزان، کاك (د. ئومید) جواب دەداتەوە، فەرموون.

**بەڕێز د. ئومێد صباح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برایان خوشکان تەبعەن لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ برای بەڕێزم کاك (علی) تەقریبەن موتەفقین لەسەر ئەوەی کە حکومەت هیچ مانعێکی نییە، کە وەجبی رەقابی خۆتانیشە ئەتوانن بەبێ ئەوەی بنوسرێتیش داوای راپۆرت لە حکومەت داوا بکەن، بەڵام ئێمە وەکو حکومەت هیچ مانعێکمان نییە سێ مانگ جارێك خۆشە زوتریش بێت، پێمان خۆشە شەریکمان بن لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە، هیچ مانعێك نییە، ئەمە نوقتەی یەکەم، ئەوەی تریش ئێمە کە ئەو مەوزوعە کە دەردەچێت لە وەقایع (٦٠) رۆژمان پێویستە، بۆ ئەوەی پەیڕەوەکان دەربکەین یەك پەیرەو نییە لە داوی (٦٠) رۆژەکە ئێمە وەکو حکومەت ئێوە ئەتوانن داوی (٦٠) رۆژەکە جێبەجێی بکەین ئێمەش بە پەلەین، یەعنی ئەوە نییە بڵێین هیچ مشکیلەێکمان لەوە نییە کە لەو رۆژەی کە پەیرەوەکە حازر بوو، تەبعەن پەیرەوەکە کەی حازر دەبێ کە تۆ پەیرەوەکەت حازر کرد لیجانیشی لەگەڵ ئەکەین کە حازر بوون، ئێمە ئەتوانی بکەونە سەر بواری جێبەجێکردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (د. ئامانج)، فەرموون.

**بەڕێز د. ئامانج عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێوە کە مناقەشەتان کرد، پەیرەوێك دەردەچێ بۆ پاسەوانی، پەیڕەوێك دەردەچێ بۆ دەستنیشان کردنی مەرجەکانی مودیر عام و راوێژکار و وەکیل وەزیر، کە تا ئێستا ئەم مەرجانە کۆ نەکراوەتەوە، پەیرەوێکی تر دەرئەچێت بۆ مەسەلەی ئەوەی کە داواتان کردووە لە وەزارەتەکان موراجعەی چۆنیەتی سوودمەند بوون بۆ مەسەلەی کەسوکاری شەهیدان کە ئەو لیستانە پاك بکرێتەوە بۆ پەیرەوێك، ئەو وەزارەتانەتان تەکلیف کردووە کە جارێکی تر تەنزیمی ئیمتیازات کا، چونکە یەعنی من سەیرم کردووە پێنج پەیرەو ئەبێ دەربچێ، ئامادەکردنی ئەم پەیرەوانەش پەیرەو تەشریعە، یەعنی ئێمەی قانوونی کە باسی نیزام و تەعلیمات ئەکەین وەکو قانوونی ئیعتیادییە پێی ئەوترێت تەشریعاتی فەرعی مەوادی قانوونییە، عەینەن شت نصوصی عام و موجەرەدد ئەنووسینەوە وەکو قەراری ئیداری نییە، یەکجار بێت ئەو پەیرەوانە مەسەلەن کە تۆ بۆ حیمایە دەری دەکەی ئەمە تەتبیقاتی غەیر متەناوی هەیە، وەکو قانوون تەعامولی لەگەڵ دەکرێ، بۆیە تەحدیدیش کراوە کە لەو مودەیە دەرچێ ئیحتیماله لە (٣٠) رۆژا دەرچێ ئیحتیماله لە (٢٥) رۆژا خۆشتان ئەزانن ئێمە تەجروبەێکی خراپمان هەیە لەگەڵ مەسەلەی

دەستنیشــان کردنــی مــوودە لەنــاو قانوونەکــان، یەعنــی کەمــن ئەو مــوودانەی کە بە کەمــی دەسنیشان کراوە ئیلتیزامی پێکراوە، نوقتەی تەنفیزی دەستنیشان کردنی ئەو مووودەیە، بۆیە وا دانراوە کە بتوانرێ ئەو پەیڕەوانە لابدری، دواتریش ئێمە موراجەعەی مەلەفی نزیکەی ملیۆنێـك و دوو سەد و پەنجا هەزار کەس ئەکەین، ئەمە ئەبێـت وەزارەتەکـان هەر وەزیـرە خـۆت ئەزانـی مەلەفەکانی خۆی کۆ بکاتەوە، لیجان دروست بکـا مـوراجعەی کـا، بـۆیە ئەوانە کە دانـراوە، پـێم وایە ئەو مـوودانە هەم لەگەڵ لیـژنەی مـالی ئـێمە زۆر موناقەشـەمان کـرد موودەکـان پـێم وایە واقیعییە ئەگەر سەیری ئەو مەهامە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (اومید) دەتویست قسەیەك بکەی، فەرموون.

**بەڕێز ئومید صباح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی ئێمە ئەو مودەیەمـان بـۆ ئیحتیـات دانـاوە، پێمـان وایە لەوانەیە بتـوانین زووتـریش هەر کاتێك زووتر تەواو بوو ئێمە زووتر دەست پێئەکەین، ئێمە بە پەلەین بۆ ئەو مەوزوعە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هۆیەکانی دەرچواندن، فەرموون.

**بەڕێز ژیان ظاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچواندن:

لەپێناوی ڕێکخستنەوەی بواری وەزیفەی گشتی و خانەنشینی لەسەرجەم بوارەکانی شارسـتانی و پێشــمەرگایەتی و هێزەکــانی ئاسایشــی نــاوخۆ وە هەروەهــا تەرخــان کراوەکــانی چــاودێری کۆمەڵایەتی بەرکار کردنی دادپەروەری یەکسانی لە خەرج کردنی مووچە و دەرمـاڵە و بەخشـین و ئیمتیازاتە داراییە گشتییەکان ڕێگرتن لە سوودوەرگرتنی نارەوا نایاسایی لە تەرخانکراوەکـانی بووجەی گشتی وە لەپێناوی زامن کردنـی مـووچەی مـووچە خـۆر و خانەنشـین و سـوودمەندی چاودێری کۆمەڵایەتی شایستە ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەر بەڕێزێك لەبارەی هۆکارەکانی دەرچواندن قسەی هەیە، (د.محی الدین)، (د.کاظم)، کاك (اومید) کاك (یاسین)، (مژدە) خان، کاك (پێشەوا)، کاك (سیپان)، کاك (اومید)، فەرموون.

**بەڕێز ئومید عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایبەت بە هۆکارەکانی دەرچوون، من پـێم وایە دێـری کۆتـایی هۆکارەکـانی دەرچـوون لە پێنـاو زامنکردنی مووچەی مووچەخۆر خانەنشین و سوودمەندانی چاودێری کۆمەڵایەتی شایستە ئەو

هۆکارە پێشووە، ئێستا ئێمە الحمد للە پاشەکەوت نەمایە مووچە دەدرێتن، ئەو نەبوونی ئەو یاسایە هۆکار نییە کە مووچە نەدرێ لە پێشتر لەپێناو زامن کردنی ئەو پاشەکەوتەی کە هەبوو حکومەت رای وابوو لەگەرانەوەی ئەو برەی ئەو پرۆژەیە دەگەرێتەوە بۆ زامنی مووچەی مووچەخۆرانی پێبکرێتن، هۆکاری ئێستا پەیوەستە بە پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی اتحادی و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەویش کار باش بووە، من پێم وایە ئەو دێرە زیادە پێویست ناکات بمینێ لە هۆکارەکانی دەرچوون، چونکە ئەو هۆکارەی کاتی خۆی بوو، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د. محی الدین)، فەرموون.

**بەرێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە سەرەتای دەستەواژەکە ئیزافەیێك زیادەیێك دەمەوێ بکەم کە لە سەرەتاکە بنوسرێ بە مەبەستی کەم کردنەوەی خەرجی بەکار بردن و زیاد کردنی داهات بۆ بوارەکانی گەشە پێدان و تەواو کردنی لە پێناوی خستنەوەی بوارەکانی تری تا کۆتایی، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، (د. کاظم)، فەرموون.

**بەرێز کاظم فاروق نامق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی هۆیەکانی دەرچواندن یەك بیێتەوە لەگەڵ ئەو پێشنیازانەی کە فراکسیۆنەکەمان و هەندێك لە پەرلەمانتارە بەرێزەکانی فراکسیۆنەکانی تر کردوویانە، ئێمە پێشنیاز دەکەین کە ئەوەندەی بۆ زیاد بکرێ پێش ئەوەی کە دەڵێت ئەم یاسایە دەرچوێنرا، پێش ئەوە ئەمەی بۆ ئیزافە بکرێ وە لە پێناو کۆتایی هێنان بە خانەنشینی پلە باڵاکان و پلە تایبەتەکان وە زامنکردنی پاشەکەوتی مووچەی مووچەخۆران و گەراندنەوە بۆیان ئەم یاسایە دەرچوێنرا، سوپاس

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (مژدە) خان، فەرموون.

**بەرێز مژدە محمود محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وتەکانی من لەلایەن (د.کاڤم) باسکرا پشتیوانی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (یاسین)، فەرموون.

**بەرێز یاسین خضر طە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وتەکانی منیش لەلایەن (د.محی الدین)ەوە کرا پشتگیری دەکەم، بەڵام عیبرەت لە جێبەجێکردندایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (پێشەوا)، فەرموون.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کاتی قسەکردن لەسەر ئامانجەکانیش هەمان شتم وت، هەم هۆیەکانی دەرچواندن، هەم ئامانجەکانی پرۆژەکە لەیەك چوونێك لە نێوانیان هەیە، یان ئایا تێهەڵکێش ئەکرێ ئەوەی کە لە شوێنێکیان نەقص ئەهێنرێ هەتا ئەخیر شتێکی ئاوا بکرێت، هەروەها پاڵپشتی لە قسەکانی کاك (ئومید) دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك (سیپان)، فەرموون.

**بەڕێز سیپان سالح حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گوتەیا من لە لایەن (د.کاڤم) هاتنە گوتن پشتگیری ئەو گوتنێت وی دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ماندوو نەبن دەستتان خۆش بێ، بەیانی لیژنە هاوبەشەکان مەوعیدێك دائەنێن، هەوڵ بدەن سەعات (١١) بێ لەگەڵ بەڕێزان سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ڕۆژی (پێنج شەمە) موقەدەر نەبێ سەعات (١١) کۆبوونەوە دەکەین بۆ دەنگدان لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە، دانیشتنەکەمان هەڵگرت زۆر سوپاس.

| د. ڕێواز فائق حسێن | هێمن هەورامی | منى نبى قهوچى |
|---|---|---|
| سەرۆکی پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سکرتێری پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥)ی

پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠٢٠\١١\١٦

خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥)
# پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٦

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٦ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٥)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٠) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١/١٦) بەم شێوەیە بێت:

١- دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرماڵە و بەخشینی ئیمتیازاتەکانی تر بەپێی حوکمی ماددەکانی (٩٠ و ٩١ و ٩٢ و ٩٦ و ٩٧) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (١٥)ی ئاسایی خولی پاییزە، ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکەین، سەرەتا و پێش دەست پێکردنی دانیشتنەکە بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی کەسوکاری ئەو گەنجانە دەکەین کە لە دەریای ئیجە بوون بە قوربانی، خوای گەورە سەبووری کەسوکاریان بدات و ڕۆحی ئەوانیش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات، بەڕێزان ئێستاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان دەکەین کە پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو و بەرنامەی کاری ئەم کۆبوونەوەیە و مۆڵەتی ئەندامانی ئامادەنەبووی کۆبوونەوەی پەرلەمان و لیژنەکان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت بخاتەڕوو، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەکانی یەکەم و دووەم لە ماددەی (١٦) و بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٨) بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێ یەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠) ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق دەستەی

سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١٥)ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی یەكەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان كاتژمێر (١١) ی پێشنیوەڕۆ ڕۆژی پێنج شەممە ڕێككەوتی ٢٠٢٠/١/١٦ بەم شێوەیە بێت:

٢- دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای چاكسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرماڵە و بەخشینی ئیمتیازاتەكانی تر بەپێی حوكمی ماددەكانی (٩٠ و ٩١ و ٩٢ و ٩٦ و ٩٧) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی، ڕۆژی دووشەممە ڕێككەوتی ٢٠٢٠/١/١٣ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- دەستپێكردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان.

٢- خوێندنەوەی بەرنامەی كار و پوختەی دانیشتن ناوی ئامادەنەبوونی ئەندامانی دانیشتنی پێشووی بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت، ناوی ئامادەنەبوونی ئەندامانی كۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەكان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سكرتێری پەرلەمان.

٣- دەست پێكردنی بڕگەكانی بەرنامەی كار لەلایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

٤- خوێندنەوەی دووەم، گفتوگۆكردنی پرۆژە یاسای چاكسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرماڵە و بەخشینی ئیمتیازاتەكانی تر لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق.

٥- كۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بەبێ مۆڵەت ئامادەنەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (٤١)ی ئاسایی خولی پاییزە لەبەرواری ٢٠١٠/١/١٣:

١- دیاری انور حمه رحیم/ مۆڵەت

٢- رۆمیۆ حزیران نیسان/ مۆڵەت

٣- عباس فتاح صالح/ مۆڵەت

٤- فیصل عباس عولا/ مۆڵەت

٥- هێرش حسن حمه امین/ مۆڵەت

ناوی ئەندامانەی كە مۆڵەت پێدراون یان بەبێ مۆڵەت لە كۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمانی كوردستان ئامادنەبوون:

ناوی لیژنە:

لیژنەی دەستپاكی لە ٢٠٢٠/١/١٤:

بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن/ مۆڵەت/ بۆ كاری تایبەت

دابان محمد حسن حسین/ مۆڵەت/ بۆ كاری تایبەت

هیڤیدار احمد سلمان/ مۆڵەت/ لەلیژنەی تر كۆبوونەوەی هەبوو

لیژنەی رۆشنبیری و كۆمەڵگای مەدەنی و وەرزش و لاوان لە ٢٠٢٠/١/١٥:

فیصل عباس عولا/ مۆڵەت
روپاك احمد رحمان/ مۆڵەت/ باری تەندروستی باش نەبوو
لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان لە ٢٠٢٠/١/١٥:
باڵانبۆ محمد علی/ مۆڵەت/ بۆ کاری تایبەت
ارشد حسین محمد/ مۆڵەت/ بۆ کاری تایبەت
رزگار عیسی سوار/ مۆڵەت/ بۆ کاری تایبەت
هاورێ بنأ محمد/ مۆڵەت/ بۆکاری تایبەت
عوسمان کریم سوارە/ مۆڵەت/ بەکاری لیژنە
لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە ٢٠٢٠/١/١٥ :
سیپان سالم حسن/ مۆڵەت/ بەکاری لیژنە
عوسمان کریم سوارە/ مۆڵەت/ بەکاری لیژنە
زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێستا دەست بە بەرنامەی کار دەکەین کە بریتییە لە دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر بە پێی حوکمی ماددەکانی (٩٠ و ٩١ و ٩٢ و ٩٦ و ٩٧) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە لیژنە تایبەتمەندەکان دەکەین بفەرموون بێن بۆ شوێنی خۆیان، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی ئەم دانیشتنە پاڵپشتە بە ماددەکانی (٩٠ و ٩٢ و ٩٦ و ٩٧) بەڵام بەپێی ماددەی (٩١) ی ئەم پەیڕەوەی کە لەبەردەستم دایە بڕگەی (٣) هەر پێشنیازێك لەلایەن سێ ئەندامەوە پشتگیری بکرێ، یان ئەو دوو ئەندامەی لە کۆتایی دا بۆ ئاخاوتن دەکەونە کۆتایی ڕیزبەندەکەوە دەبێت لەناو راپۆرتی هاوبەش دا جێگیر بکرێ، لەناو ئەم ڕاپۆرتی هاوبەشەدا کە لەبەردەستمان دایە، لەبەردەست بەشێك لە پەرلەمانتارانیش هەیە، سێ پێشنیازی زۆر گرنگ کە پەیوەندییان بەژیانی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، یەکەمیان/ مەسەلەی ئەوەی نابێ کەمترین مووچە .......... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کە گەیشتینە سەر ماددەکە بەڕێز کاك مەم . دەتوانی ڕوون کردنەوە بدەی کە گەیشتینە سەر ئەو ماددەیە بەسەرچاو، تکات لێ دەکەم.......... کاك مەم جەنابت حەقت هەیە خاڵی پەیڕەوی بگری لەو شوێنەی کە پێویستە، لەو شوێنەی کە پێویستە ....... کەگەیشتینە ئەو ماددەیە ئەو پێشنیارەی تیا کراوە قسە بکە، لە لیژنەکان دەپرسین دەبێ وەڵامتان بدەنەوە، بێگومان، بەڕێز

سەیری ناو پەیڕەو بکە، لیژنەکان تەواوی سەڵاحیەتیان هەیە بۆ ئامادەکردنی راپۆرت، هیچ دەسەڵاتێك نەدراوە بە سەرۆکی پەرلەمان تەدەخول بکات لە کاری لیژنەکان، بەڵام ئەوان پابەند بن بەوەڵام دانەوەی هەر داواکاریەکی ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر خاڵێکی نا پەیڕەویان کردبوو، کە گەیشتینە سەر ئەو شوێنە ئەم لیژنە بەڕێزانە پابەند بن بە وەڵامدانەوەتان ئەگەر پێتان وابوو خاڵێکی پەیڕەو پێشێل کراوە، فەرموون لیژنە تایبەتمەندەکان بە ناونیشان دەست پێ بکەن، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە دەقی ڕاپۆرتی هەر شەش لیژنەی تایبەتمەندە لەسەر پرۆژەی چاکسازی.

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ ڕاپۆرتی هاوبەش

لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا و لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنی خۆجێیەکان و لیژنەی کاروباری شەهیدان جینۆساید و زیندانیانی سیاسی، رۆژی سێ شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/١/١٤ کاتژمێر ١٢:٣٠، چوار شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/١/١٢ کاتژمێر (٢) دوو کۆبوونەوەی هاوبەشی ئەنجامدا، بە مەبەستی نووسینی ڕاپۆرتی هاوبەش بۆ تاوتوێ کردنی داڕشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کەلەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراون تایبەت بە پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشینی ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق، لە خوێندنەوەی دووەم دا دوای گفتوگۆ کردن و تاوتوێ کردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

سەبارەت بە ناونیشانی پرۆژەکە، دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم/ وەك خۆی (پرۆژە یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشینی ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

پێشنیاری دووەم/ ڕێکخستنەوەی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشینی ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بۆ ناونیشانی پرۆژە یاسایەکە دوو پێشنیار هەیە، یەکەمیان/ وەکو خۆی وەك ئەوەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ناونیشانەکە وەك خۆی بێ وەك ئەوەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خستیەڕوو، با بفەرموێ دەنگ بدا؟ بەڵێ زۆر سوپاس (٨٦) دەنگ، پێشنیاری دووەم وەك ئەوەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ

پێشنیاری دووەمە با بفەرموێ دەنگ بدات؟ بەڵێ (١٣) پێشنیاری یەکەم وەك خۆی پەسەند کرا، ماددەی یەکەم کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١) حەوت پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم/ وەك خۆی، پێویست دەکات بیخوێنم؟

بەشی یەکەم

ئامانجەکانی یاسایەکە

ماددەی/١

١- بەرجەستەکردنی بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەری و شایستەبوون لە خەرج کردنی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان و نەهێشتنی سوودمەندبوونی ناشایستەیی و ڕێ گرتن لە بەهەدەردانی بودجەی گشتی.

٢- بەدامەزراوەیی کردنی یەکخستنی بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگە و یەکە جیاجیاکان و خانەنشینی لەبوارەکانی شارستانی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و لە یەك بەڕێوبەرایەتی گشتی خانەنشینی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان.

٣- کاراکردنی پشتیوانی کردنی سەندوقی خانەنشینی و ڕێ گرتن لەهەر خەرجیەك لەسەر سەندوقەکە جگە لەو مەبەستانەی لەیاسای خانەنشینی کارپێکراو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ لەهەرێم دا ئاماژەیان پێکراوە.

٤- ڕێکخستنەوەی خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکان و پلە تایبەتەکان.

پێشنیاری دووەم/ پێشنیاری لیژنەی هاوبەش:

١-بەرجەستەکردنی بنەماکانی دادپەروەری و شایستە بوون لە خەرج کردنی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دی کە لە هەرێمی کوردستان و نەهێشتنی سودمەند بوونی ناشایستەیی و ڕێگردن لە بەهەدەردانی بووجەی گشتی.

٢- بە دامەزراوەیی کردن و یەکخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە و یەکە جیا جیاکانی خانەنشینی لە بوارەکانی شارستانی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و لە یەك بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان-عیراق.

٣- کاراکردن و پشتیوانی کردنی دارایی و سندوقی خانەنشینی و ڕێگرتن لە هەر خەرجییەك لەسەر سندوقەکە جگە لەو مەبەستانەی لە یاسایی خانەنشینی کارپێکراو ژمارە (٢٧)ی ساڵی (٢٠٠٦) لە هەرێمدا ئاماژەیان پێکراوە.

٤- ڕێکخستنەوەی خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکان پلە تایبەتەکان لەسەر بنەمای تەمەن و ساڵانی خزمەت و بڕوانامە.
پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی تەنیا یەك برگە بۆ ئەم ماددەیە زیاد بکرێ بەم شێوەیە:
یەکخستنەوەی هەموو بەڕێوەبەرایەتی کارگێری سەربازیەکان ئەوانەی هەتا وەك ئێستا لە هەرێمی کوردستان یەك نین.
پێشنیاری چوارەم:
بڕگەی دووەم دەستکاری بکرێ و بەم شێوەیە بێ:
دووەم: بەدامەزراوەیی کردن و یەکخستنی بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی یەکە جیا جیاکانی خانەنشینی لە بورەکانی شارستانی سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و لە یەك بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان.
پێشنیاری پێنجەم:
لەبڕگەی دووەمدا وەك خۆی تەنیا لە بڕگەی دووەمدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی بگۆردرێت یان بکرێت بە دەستەی خانەنشینی.
پێشنیاری شەشەم:
وەك خۆی تەنیا بڕگەی چوارەم بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:
ڕێکخستنەوەی خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکان پلە تایبەتەکان لەسەر بنەمایی تەمەن و بڕوانامە و ساڵانی خزمەت.
پێشنیاری حەوتەم:
هەڵوەشاندنەوەی خاوەن وەزیفە و پلە باڵاکان و پلە تایبەتەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە سەبارەت بە ماددەی (١) لەبەر دەم حەوت پێشنیازین یەك یەك ئەیانخەینە دەنگدان، پێشنیازی یەکەم وەك خۆی هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە وەك خۆی پەسەند بکرێت با بفەرموێت دەنگی پێبدا؟ کەس لەگەڵی نییە. پێشنیازی دووەم ڕای لیژنەی هاوبەش وەك ئەوەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندییەوە، زۆر سوپاس، (٩٩) دەنگ. پێشنیاری سێیەم، بەڵێ.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی حوکمی مادده (٩١) بڕگە دوو لە کاتی زیاتر بوون لە یەك پێشنیار زیاتر بوو، هەموو پێشنیازەکان دەخەینە دەنگدان کامیان زۆرینەی دەنگی هێنا بە پەسەند کراو حیساب دەبێ، ئێستا ئێمە لەو ماددەیە (٩٩) دەنگمان هێنایە، کەواتە ئەو پێشنیارانەی کە تەحصیل حاصلە پەسەند کرا هیچ ئیجاب ناکا ئەوانی تر بدرێتە دەنگدان دەکرێ دژەکە وەربگیرێ، بەڵام ئەگەر

(٥٦) بەرەو خوارێ بی دەکرێ لە ماددەی دیکە ئەندامی پەرلەمان ناتونێ لە یەك مادده دوو جار دەنگ بدا کەواتە لە (٥٦) بەسەرەوەی هینا ناکرێ ئەوانی دیکە بخرێنە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

نا ئەوە بۆ پاراستنی مافی هەموو ئەوانەیە، رەنگە یەك کەسیش دەنگ بە پێشنیارێك بدا ئیحتیفاز بە حەقی خۆی دەکا، سوپاس بۆ جەنابت، پێشنیاری سێیەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵە، کەسی لەگەڵ نیـیە. پێشنیاری چوارەم، کەسی لەگەڵ نیـیە. پێشنیاری پێنجەم، کەسی لەگەڵ نییە. پێشنیاری شەشەم، کەسی لەگەڵ نیـیە. پێشنیاری حەوتەم، (٥) بەڕێز، کەواتە پێشنیاری لیژنەی هاوبەش پەسەند کرا بە (٩٩) دەنگ. ماددەی دووەم، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی دووەم: ڕێکخستنەوەی ماف و ئیمتیازاتەکانی میراتگرانی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیکرا و گیراوانی سیاسی.

ماددەی (٢):

١-راگرتن و کۆکردنەوە لەنێوان ئیمتیازاتی هەر دوو یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی هەموارکراو تایبەت بە ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١١)ی هەموارکراو تایبەت بە ئیمتیازاتی زیندانیکرا و گیراوانی سیاسی کوردستان بەدەر لە کەس و کاری پلەیەکی شایستە کە زیاتر لە یەك شەهید یان ئەنفالیان هەیە بە رەچاوکردنی شایستە بوونیان بە گوێرەی یاسای خانەنشینی بەرکار.

٢- یەکخستنی ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیکرا و گیراوی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەبەر رۆشنایی یاسای بەرکار.

٣- لەکاتی مردن یان بڕینی مافی دارایی سەرجەم میراتگرانی شەهیدان و ئەنفالکراوان و قوربانیانی جینۆساید کە بۆ لەمەودوا بەگوێرەی یاسای خانەنشینی بەرکار ئەو میراتگرانەی دەستنیشان دەکرێن و ئەوانەی ئەو مافە داراییانە کۆتایی پێدێت ناگوازرێتەوە بۆ کەسانی دیکە جگە لە سوودمەندان بەپێی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠١٥)ی یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان- عیراق.

٤-بڕگەی سێیەمی ئەم ماددەیە بەسەر میراتگرانی زیندانیکرا و گیراوی سیاسی جێبەجێ دەکرێ بەپێی پیادە کردنی یاسایی خانەنشینی بەرکار لە هەرێمی کوردستان.

٥- پێویستە لەسەر وەزارەتەکانی دارایی و ئابووری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و پەروەردە و تەندروستی بە ئامانجە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ڕێنمایی دەربکەن بە مەبەستی ڕێکخستنەوە و لە ئەستۆ گرتنی حکومەت بۆ خەرج کردنی چارەسەری تەندروستی خوێندنی کوڕ و کچی شەهید وە هاوسەری شەهید کە هاوسەرگیری نەکردۆتەوە لە

قوتابخانه و پەیمانگا و زانکۆ حکومی و ئەهلییەکان لەناو هەرێمدا و وە دەستنیشان کردنی مەرجەکانی شایستە بوون لەبەر رۆشنایی برگەی دووەم لە ماددەی (٧) ژمارەی (٩)ی ساڵی (٢٠٠٧).

٦- پاککردنەوە و هەڵوەشانەوەی ماف و ئیمتیازاتی میراتگری ئەو کەسانەی کە بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی هەموارکراو یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان سوودمەندبووان لەلایەن لیژنەیێکەوە بە سەرپەرشتی وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان ئەنجام دەدرێ.

٧- پاککردنەوە و هەڵوەشانەوە و ئیمتیازاتی زیندانی و گیراوانی سیاسی کە بەناوی زیندانی کرا و گیراوی سیاسی بە پێچەوانەی حوکمەکانی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١١)ی هەموارکرا و سوودمەند بوو لەلایەن لیژنەیێکەوە بەسەرپەرشتی وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان ئەنجام دەدرێت.

ماددەی (٢):

پێشنیارەکان:

پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی.

پێشنیاری دووەم:

رای لیژنەی هاوبەش:

١- یەکخستنی ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیان و گیراوی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەبەر رۆشنایی یاسا بەرکارەکان.

٢- پاککردنەوە و هەڵوەشانەوەی ماف و ئیمتیازاتی میراتگرانی ئەو کەسانەی کە بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی هەموارکراو یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان سوودمەندبوون.

٣- پاککردنەوە و هەڵوەشانەوە و ئیمتیازاتی زیندانی و گیراوانی سیاسی کە بەناوی زیندان و گیراوی سیاسی بە پێچەوانەی حوکمەکانی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١١)ی هەموارکرا و سوودمەند بوو.

٤- لەکاتی مردن زیندانیکراو و گیراوی سیاسی بە یاسای خانەنشینی بەرکار لە هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ میراتگرانیان دەکرێت.

٥- پێویستە لەسەر وەزارەتەکانی دارایی و ئابووری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و پەروەردە و تەندروستی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان رێنمایی دەربکەن بە مەبەستی رێکخستنەوە و لە ئەستۆ گرتنی حکومەت بۆ خەرجی چارەسەری تەندروستی خوێندنی کوڕ و کچی شەهید وە هاوسەری شەهید کە هاوسەرگیری نەکردۆتەوە لە قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆ حکومی و ئەهلییەکان لەناو هەرێمدا و وە

دەستنیشان کردنی مەرجەکانی شایستە بوون لەبەر رۆشنایی بڕگەی دوو لە ماددەی (٧) یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٧).
پێشنیاری سێیەم: وەك خۆی تەنها لە کۆتایە بڕگەی دووەمدا ئەمەی بۆ زیاد بکرێ (پەیوەستکردنیان بە سیستمی بەخشینی عیراقی و تایبەتمەندەکانەوە).
پێشنیاری چوارەم: ماددەی (٢) وەك خۆی تەنها بڕگەی سێ هەڵبگیرێ.
پێشنیاری پێنجەم: وەك خۆی، تەنها بڕگەی سێ و چوار لابدرێت.
پێشنیاری شەشەم: تەنها بڕگەی یەکەم و سێیەم و چوارەم لابدرێ.
پێشنیاری حەوتەم: بڕگەی پێنج وەك خۆی تەنها وشەی (نەخۆشخانەی ئەهلی) زیاد بکرێ.
پێشنیاری هەشتەم: وەك خۆی تەنها بڕگەی شەشەم وشەی (پاککردنەوە) لابدرێت.
پێشنیاری نۆیەم: وەك خۆی تەنها لە خاڵی شەشەم و حەوتەم دوو لیژنەی دروست بکرێ لە ماوەی (١٢٠) رۆژ پاکتاوی لیستی شەهیدان ئەنفال و زیندانیانی سیاسی بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی (٢) نۆ پێشنیار هەیە یەك یەك دەیانخەینە دەنگدان، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەی دووەم وەك خۆی بێ با دەنگ بدا؟ کەسی لەگەڵ نییە.
پێشنیاری دووەم رای لیژنەی هاوبەش ئەوەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی دارایی خوێندییەوە،:
پێشنیاری یەکەم (٩١). پێشنیاری سێیەم هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە، (١٠) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە. پێشنیاری چوارەم: کەسی لەگەڵ نییە. پێشنیاری پێنجەم، کەسی لەگەڵ نییە. پێشنیاری شەشەم، کەسی لەگەڵ نییە. پێشنیاری حەوتەم، کەسی لەگەڵ نییە.
پێشنیاری هەشتەم، کەسی لەگەڵ نییە.
پێشنیاری نۆیەم، کەسی لەگەڵ نییە.
پێشنیاری دووەم بە (٩١) دەنگ پەسەند کرا. ماددەی (٣)، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی سێیەم: نەهێشتنی سوودمەند بوون لە جارێ زیاتر لە بووجەی گشتی.
ماددەی (٣):
١-هەڵوەشانەوەی سەرجەم ئەو بەخشین و ئیمتیازاتە داراییانەی کە خەرج دەکرێن بۆ ئەو کەسانەی کە بەناوی سوودمەندی تەرخان کراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و خاوەن پێداویستییە تایبەت و کەم ئەندامان خۆیان تۆمار کردووە بەدەر لە یاسا و رێنمایی کارپێکراوەکان وە راستکردنەوە و سوود وەرگرتن لەو بەخشین و ئیمتیازاتانەی کە لە ناویشیاندا رێژەی پەکەوتەیی بەپێی راپۆرتی لیژنەی پزیشکی راسپێدراوە.

٢- کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە کەسانی فەرمانبەر لە جیاتی ئەو بەخشینەی لە تەرخانکراوی چاودێری کۆمەڵایەتی و دەرماڵە و لەبرینی پەکەوتەییان پێ ئەدرێت و بە ڕێژەیەك لە مووچەی بنەرەتییان پێ ئەدرێت و بە ڕێژەیەك لە مووچەی بنەرەتیان کە ئەو ڕێژەیە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەستنیشان ئەکرێ بە ڕەچاو کردنی ڕێژەی پەکەوتن لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕەوە.

٢- کار بە ئەو یاسا و بریار و پەیرەو و ڕێنماییانە ناکرێ کە ڕێگە ئەدەن بە سوودمەند بوون لە وەرگرتنی زیاتر لە یەك مووچە و بەخشینی هەر ئیمتیازاتێکی دارایی تر لە بوودجەی گشتی لە ناو هەرێم و دەستەڵاتی فیدرالی بۆ سەرجەم سوودمەندان لە بوارەکانی شارستانی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، سوودمەندانی تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوانی سیاسی و خانەنیشنی بە هەموو جۆرەکانی جگە لەو ئیمتیازاتە داراییەکانی میراتگرانی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوەن بە ڕەچاو کردنی حوکمەکانی یاسای خانەنیشنی بەرکار.

٣- سەرپشك کردنی ئەو کەسانەی لە برگەی دووی ئەو ماددەیە ئایانگرێتەوە بە پێی یاسا ڕێنماییەکان سەرەرای مووچەی سوودمەند لە وەرگرتنی مینحە و ئیمتیازاتی دارایی لە بوودجەی گشتی لە ناو هەرێم و لە دەستەلاتی ئیتیحادی کە ئەبێ تەنیا لەو مووچە و مینحە و ئیمتیازاتانە سوودمەند بن.

٤- لە کاتی گەڕانەوەی فەرمانبەری خانەنشین کراو بۆ وەزیفە سەرپشك ئەکرێ لە وەرگرتنی مووچەی خانەنشینیەکەی یان مووچەی ئەو وەزیفەی کە پێی دامەزراوەتەوە، لە هیچ کاتێ نابێ سوودمەند بێ لە دوو مووچە.

پێشنیاری یەکەم: وەکو خۆی.

پێشنیاری دووەم: ڕای لیژنەی هاوبەش بەو شێوەیە:

یەکەم:

١ هەڵوەشانەوەی سەرجەم ئەو بەخشین و ئیمتیازاتە داراییانەی کە خەرج ئەکرێن بۆ ئەو کەسانەی کە بە ناوی سوودمەندی تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان خۆیان تۆمار کردووە بەدەر لە یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان، ڕاست کردنەوەی ئەو سوودمەندییە بەپێی پێوەرکانی سوود وەرگرتن لەو بەخشین و ئیمتیازاتانە کە لە ناویانشیان ڕێژەی پەکەوتەیی بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی ڕاسپێنراو.

٢- کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە کەسانی فەرمانبەر لە جیاتی ئەو بەخشینە تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و دەرماڵە لە بری پەکەوتەییان پێ ئەدرێ بە ڕێژەیەك لە مووچەی بنەرەتیان کە ئەو ڕێژەیە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەستنیشان ئەکرێ و ڕەچاو کردنی ڕێژەی پەکەوتن لەلایەن لیژنەی پزیشکی پسپۆڕەوە.

دووەم:
کار بە سەرجەم ئەو یاسا و بریار و پەیرەو و ڕێنماییانە ناکرێ کە ڕێگە ئەدەن بە سوودمەند بوون لە وەرگرتنی زیاتر لە یەك مووچە و بەخشینی هەر ئیمتیازاتێکی دارایی تر لە بوودجەی گشتی لە ناو هەرێم و دەستەڵاتی فیدرالی بۆ سەرجەم سوودمەندان لە بوارەکانی شارستانی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، سوودمەندانی تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی زیندانی کراو و خانەنیشنی بە هەموو جۆرەکانی جگە لەو ئیمتیازاتە داراییەکانی میراتگرانی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوەن و زیندانیان و گیراوانی سیاسی سودمەند بە پێی یاسای ژمارە (٩) ی ساڵی (٢٠١٥) ی یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان-عێراق.
٣- سەرپشك کردنی ئەو کەسانەی کە برگەی دووی ئەو ماددەیە ئایانگرێتەوە بە پێی یاسا ڕێنماییەکان سەرەرای مووچەی سوودمەند لە وەرگرتنی مینحە و ئیمتیازاتی دارایی تر لە بوودجەی گشتی لە ناو هەرێم و لە دەستەلاتی ئیتیحادی کە ئەبێ تەنیا لە یەك لەو مووچە و ئیمتیازاتانە سوودمەند بن.
٤- لە کاتی گەرانەوەی فەرمانبەری خانەنشین کراو بۆ وەزیفەی گشتی بە هەمیشەیی یان بە گرێبەست سەرپشك ئەکرێ لە وەرگرتنی مووچەی خانەنشینیەکەی یان مووچەی ئەو وەزیفەی کە پێی دامەزراوەتەوە، لە هیچ حاڵەتێك نابێ سوودمەند بێ لە دوو مووچە.
پێشنیاری سێیەم:
وەکو خۆی تەنیا لە کۆتایی برگەی دووەم ئەمەی بۆ زیاد بکرێ (جگە لەو خاوەن پێداویستیە تایبەتانەی کە ڕێژەی کەمئەندامیان لە سەرووی لە (٧٠%) بن دوو برگەی دیکە بۆ ئەو ماددەی زیاد بکرێ بە زنجیرەی (٥، ٦) بەو شێوەیە:
٥- پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوە بە لیستی کەمئەندامان و زیاد کردنی ناوی ئەو کەسانەی بە هیچ یاسایەك سوودمەند نەبوون لە راژەی گشتی.
٦- حوکمەکانی ئەو یاسایە ئەو کەمئەندامانە ناگرێتەوە کە ڕێژەی کەمئەندامیان لە سەرووی (٧٠%) یە.
پێنشیاری چوارەم:
وەکو خۆی تەنیا برگەی دووەمی یاسای خانەنشینی بەرکار لابرێ لە بری ئەوە یاسای ژمارە (٩) ی ساڵی (٢٠٠٧) ی هەموار کراو دابنرێ.
پێشنیاری پێنجەم:
وەکو خۆی تەنیا برگەیەك زیاد بکرێ بۆ ئەو ماددەی بە زنجیرەی پێنجەم بەو شێوەیە:

٥- (ئەنجومەنی وەزیران بەپێی پەیرەوێك دەریئەكات بۆ پێداچوونەوە و دیاری كردن بری هاوكاری چاودێری خێزانی و خاوەن پێداویستی تایبەت و كەمئەندام بە شێوەیەك لەگەل باری دارایی هەرێمی كوردستان - عێراق بگونجێ بە رەچاو كردنی بژێوی ژیانیان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو.

**بەریز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەریز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم رای لیژنەی هاوبەش برگەی دووەم كار بە سەرجەم ئەو یاسا و بریار و پەیرەو لە ئیملایی نەنووسراوە تكایە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێزان سەبارەت بە ماددەی سێ (٥) پێشنیار هەیە، یەك، یەك ئەخەینە دەنگدان، پێشنیاری یەكەم وەكو خۆی، كێ لەگەڵە؟ (كەس نییە)، پێشنیاری دووەم رای لیژنەی هاوبەش كێ لەگەڵە؟ (٩٤) كەس، پێشنیاری سێیەم (١) كەس، چوارەم (كەس نییە)، پێنجەم، (كەس نییە)، پێشنیاری دووەم پەسند كرا بە (٩٤) دەنگ، ماددەی چوارەم فەرموو.

**بەریز بژار خالد عبدالله:**

**بەریز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشی چوارەم

بواری پێشمەرگە و هێزەكانی ئاسایش و پۆلیس و ناوخۆ

ماددەی چوارەم:

١ یەكخستن و یەكخستنی یەكەكانی ژمێریاری لە گشت یەكەكانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان رێكخراو و رێكنەخراو لە چوارچێوەی هەیلكەلیەتی وەزارەتی كاروباری پێشمەرگە لە یەك یەكەی ژمێریاری كە بەرێوەبەرایەتی گشتی بوودجە و بەرنامەكانی ژمێریاری سەربازی سەر بە وەزارەتی كاروباری پێشمەرگەی هەرێمی كوردستان.

٢- یەكەكانی ژمێریاری پێویستە لە ژێر وردبینی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی كوردستان و فەرمانگەی چاودێری دارایی هاتووە لە ماددەی سێی یاسای ژمارە (١٩) ی (٢٠٠٧) ی یاسای وەزارەتی كاروباری پێشمەرگە لە هەرێمی كوردستان هاوشێوەی هێزە رێكخراوەكانی سەر بە وەزارەتی ناوبراو بێ.

٣- پێویستە وەزیری كاروباری پێشمەرگە دەستەلاتی تەواوی بەپێی یاسا بەركارەكان بدات بە فەرمانگەی چاودێری دارایی سەر بەوەزارەتی كاروباری پێشمەرگە بۆ وردبینی كردنی لیستی پێشمەگەر و دروست كردنی دۆسیەی كەسی كە بە پێداویستیە یاساییەكان و پێداچوونەوە بە خزمەتی پێشمەرگە لە گشت یەكەكانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان رێكخراو و رێكنەخراو لە

چوارچێوەی هەیکەلیەتی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی میلاکی سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی بوودجە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری.
٤- پێویستە دەست نیشان کردنی ژمارەی پاسەوانان بۆ بارەگا و دامەزراوە حیزبیەکان و پاسەوانی پارێزگاری لە خاوەن وەزیفە باڵاکان و وەزیفی سەربازی و ئاسایش و ناوخۆ بە هەماهەنگی و بەپێی پەیرەوێك رێكبخرێ کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرئەچێ، ئەوانەی زیاد ئەبن لەو ژمارە دیاری کراوە لە چوارچێوەی میلاکی سەربازی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەپێی شایستە بوونی خۆیان راژەیان رێك ئەخرێتەوە.
٥- گواستنەوەی گشت پاسەوانەکان بۆ سەر میلاکی هێزەکانی یەکەی پاسەوانی لە وەزارەتی ناوخۆ، بە هیچ جۆرێك نابێ پاسەوان لەسەر میلاکی هیچ یەکەیەکی تری سەربازی یان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێ جگە لە یەکەی پاسەوانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، خەرج کردنی مووچەی پاسەوانی تەنیا لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ژمێریاری وەزارەتی ناوخۆ ئەبێ، دوای هاوتا کردن و یەکخستنیان.
٦- پێداچوونەوە و رێکخستنەوەی لیستی سوودمەندانی خانەنشینی کەمئەندامانی پێشمەرگە لەبەر رۆشنایی یاسای ژمارە (٣٤) ی ساڵی (٢٠٠٧) و هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی ئەو کەسانەی کە بە پێچەوانەی یاسای ناوبراو خانەنشین کراون.
پێشنیاری یەکەم: وەکو خۆی.
پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی تەنیا ناونیشانی بەو شێوەیە لێ بکرێ:
رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆ و یەکەی پاسەوانی، ئەوەی خوارەوە بەپێی پەیرەوێك ئەنجومەنی وەزیران دەریئەکات لە کۆتایی برگەی یەکەمی ئەو ماددەیە زیاد بکرێ.
پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی بەڵام برگەیەك زیاد ئەکرێ بە زنجیرەی حەوتەم بەو شێوەیەی خوارەوە:
٧- جگە لە دەزگا و کەسانەی کە لە بڕگەی چوارەمی ئەم ماددەیە داهاتوە هیچ کەسێکی دیکە بۆی نییە پاسەوانی بۆ دابنرێت.
پێشنیاری چوارەم: وەك خۆی بەڵام بڕگەیەك زیادبکرێ بە زنجیرەی حەوتەم بەم شێوەیەی خوارەوە، حەوتەم سەقفێکی زەمەنی دابنرێ بۆ هێزە رێکنەخراوەکان تاوەکو رێك بخرێنەوە.
پێشنیاری پێنجەم: وەك خۆی، بەڵام بڕگەیەك زیاد بکرێ لە بە زنجیرەی حەوتەم بەم شێوەیە بێت، حەوتەم پێویستە وەزیری پێشمەرگە رێنمایی دەر بکات بۆ ئاسان جێبە جێکردنی ماددەی (٤).
پێشنیاری شەشەم: وەك خۆی، بەڵام بڕگەی چوارەم دەبێتە دوو خاڵ بەو شێوەیەی لێ دێت
خاڵی یەکەم: وەك خۆی.

خاڵی دووەم: زیادەی ئەوانەی لە خاڵی یەکەمی ئەم بڕگەی ڕێك دەخرێنەوە ئەرکی کۆمپانیای ئەمنییەکان پێ دەسپێرێت و جێگەی ئەوان دەگرێتەوە.
پێشنیاری حەوتەم: وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە ڕێنمایی دەردەکات بۆ جێبەجێکردنی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە، هەروەها بڕگەیەك زیاد دەکرێت لە چوارچێوەی هێزی پێشمەرگە وەزارەتی پێشمەرگە مولزەم دەبێ بە جێبەجێکردنی پلەو بەرزکردنەوەی ئەفسەران و کارمەندانی میلاکی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە لە کاتی خۆیاندا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ زۆر سوپاس، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بە ماددەی (٤) حەوت پێشنیار هەیە، لیژنەی هاوبەش هیچ پێشنیارێکیان نییە یەك یەك دەیانخەینە دەنگدان.
پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە وەك خۆی پەسەند بکرێ با دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس پێشنیاری یەکەم (٨٥) دەنگ.
پێشنیاری دووەم: وەك ئەوەی بەرێز سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە خوێندیەوە هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمان لەگەڵە؟ کەسی لەگەڵ نییە.
پێشنیاری سێیەم: هەر بەرێزێکتانی لەگەڵە با بفەرموێ دەنگ بدات؟ کەسی لەگەڵ نییە.
پێشنیاری چوارەم: هەر بەرێزێکتانی لەگەڵە با بفەرموێ دەنگ بدات؟ کەسی لەگەڵ نییە.
پێشنیاری پێنجەم: هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمانی لەگەڵە با بفەرموێت دەنگ بدات؟ کەسی لەگەڵ نییە.
پێشنیاری شەشەم: هەر بەرێزێك لەگەڵ پێشنیاری شەشەمە با بفەرموێ دەنگ بدات؟ کەسی لەگەڵ نییە.
پێشنیاری حەوتەم: هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمانی لەگەڵە با بفەرموێ دەنگ بدات؟ بەلێ (٤) کەس زۆر سوپاس، بەرێزان ئەم ماددەیە پێشنیاری یەکەم پەسەندکرا بە (٨٥) دەنگ، بەلێ فەرموو موژدە خان.

**بەرێز مژدە محمود محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیازمان کردبوو کە هەر پێشمەرگەیەك بەشداری شەری داعشی کردبێت، یا هەر ئەوانەی کە بەشداری شەری داعشیان کردبێ هەر ساڵێکی خزمەتیان بۆ بە دوو ساڵ هەژمار بکرێ، پشتگیریشمان بە دەست هێناوە، بۆچی لە پێشنیازەکەدا جێگەی نەکراوەتەوە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ ئێستا لە لیژنەکان دەپرسین، فەرموون لیژنەی یاسایی ئێستا با خۆیان حازر بکەن، فەرموون با وەڵامی مژدە خان بدەنەوە، نا ئێستا وەڵامی ئەو بدەنەوە فەرموون.

**بەرێز مژدە محمود محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوانەی پێش راپەرین هەر ساڵێکی خزمەتیان بۆ بە دوو ساڵ هەژمارکراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵام دەدەنەوە دەرفەتیان بدە بزانین بۆچی نەیانکردوە.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی لەو پێشنیارانەی کە سێ رەئی بەدەست هێنابوو، بەڵام دواتر وەکو لیژنەی یاسایی، لەبەر ئەوەی کە ساڵێ خزمەتی کرد دوو ساڵ بۆ تەرفیعیش دەوری هەیە، تەرفیعیش دیارە بارگرانی دارایی هەیە، بۆ بارگرانی دارایی، دواتر ئێمە لەگەڵ تیمی حکومەت قسەمانکرد، ئەوان قسەی خۆیان هەبوو کە گرفت دروست دەکات، بۆیە دواتر وەکو لیژنەی یاسایی لە بارەی بارگرانی دارایی رونکردنەوەیەکی شامل و کاملمان دەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر عەینەن شتە کاك جلال؟

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لەو ماددەیە پێشنیارمان کرد کە باسی لە هێزی رێکخراوە، رێك نەخراو ئەکرێ، راستەوخۆ بە کەوانەیەك بکرێتەوە ناوی یەکەکانی (٧٠ و ٨٠)ی تێدا بهێندرێت، بۆیە بە دیاریکراوی ئەو هێزانە مولزەم بکرێن بە رێکخستن و، بەراستی وەك ئەندامێکی لیژنەی یاسایی ئەوەی کاك جلال دیلێ، ئەوەی لیژنەی یاسایی کردوویانە نا یاسایی، چونکە ناکرێ تۆ پێشنیارێك کە پاڵپشتی سێ ئەندام پەرلەمانی هەبێ بە بیانوی جیاواز دەریخەی و نەیخەیتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بشتگیریەکا، هەر پێشنیارێك سێ پشتگیری هەبن، ماددەی پەیڕەوی ئەمە راپۆرتەك نینە لیژنەی یاسایی، چونکە تایبەتمەندێ سەر هەر پێشنیارێك ناوی نوسی لەسەر، یان دژی یاسای دەستوری بێت یان بارگرانی دارایی دروست بکات و بێ ئاگایی حکومەتێ بۆ ماددەی (٧٩) بڕگەی (٢) خاڵی دوو خالی ئەو پێشنیارە بارگرانی دارایی تێدا نینە، ئەگەر جوابێ ویشی دەم ئەو پێشنیارە وەزیری پێشمەرگە لێرە بوو، وەزیری پێشمەرگە لەو دانیشتنە لێرەبوو وەڵامی داو بەحسی یەکەکانی (٧٠ و ٨٠ ) هاتە کردن، کەواتە وەختێ حکومەت لێرە بێت، لایەنی مەعنی دەسەڵاتە تەنفیزیەن ئەوەی جوابێ وە پێشنیارێ نەنوسیە لە راپۆرتێ خۆدا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر ئەو ماددەی دەنگمان داوە، تەواو فەرمـوو مـاددەی پێـنج بخـوێنەوە، ئەگەر لەسـەر ئەو ماددەیە بێ دەنگمان داوە کاك مەم ماددەی پێنج فەرموون.

**بەڕێز ژیان ظاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنج دەرماڵەکان، ماددەی پێنج ئەنجومەنی وەزیران گشت دەرماڵەکان لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە ڕێك بخاتەوە ماددەی پێنجەم حەوت پێشنیاری هەیە،

پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی.

پێشنیاری دووەم: ڕەئـی لیـژنەی هـاوبەش، پێویسـتە لەسـەر ئەنجـومەنی وەزیـران گشـت دەرماڵەکان لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ڕێك بخاتەوە.

پێشنیاری سێیەم: وەك خۆی تەنیا وشەی پاکسازی بۆ زیاد بکرێ.

پێشنیاری چوارەم: ئەنجومەنی وەزیران گشت دەرماڵەکان لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە ڕێك بخاتەوە و بەرچاوگرتنی ئابووری کوردستان دۆخی ژیانی فەرمانبەرانی دەوڵەت.

پێشنیاری پێنجەم: ئەنجومەنی وەزیران دەرماڵەکان لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ڕێك بخاتەوە بە جۆرێك ئەو دەرماڵانە کە یاساییێن دەستکاری نەکرێن وە پاك سازی بکرێ لە دەرماڵە نا یاساییەکان.

پێشنیاری شەشەم: ئەم ماددەیە لا بدرێت.

پێشنیاری حەوتەم: وەك خۆی بەو مەرجانەی خوارەوە:

١.دەرماڵە زیاتر نەبێ لە مووچەی بنەڕەتی.

٢. دەرماڵەی تایبەت بریتیە لە یەك جۆر هاوکاری یان پاداشتکردنی فەرمانبەر لە بەرانبەر کارێك کە ئەنجامی داوە سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بە ماددەی پێنج، ئێمە حەوت پێشنیارمان هەیە، بە دوای یەکا دەیانخەینە دەنگدان.

پێشنیاری یەکەم وەك خۆی کێ لەگەڵە؟ بەڵێ (١) دەنگ سوپاس.

پێشنیاری دووەم ڕای لیژنەی هاوبەش کێ لەگەڵە؟ (٨٤) دەنگ.

پێشنیاری سێیەم بەڕێزان کێ لەگەڵە؟ کەسی لەگەڵ نییە.

پێشنیاری چوارەم کێ لەگەڵە؟ (١) کەس.

پێشنیاری پێنجەم کێ لەگەڵە؟ (١٣) کەس.

پێشنیاری شەشەم کێ لەگەڵە؟ (٢)کەس.
پێشنیاری حەوتەم کێ لەگەڵە؟ کەسی لەگەڵ نییە، پێشنیاری دووەم پەسەندکرا بە (٨٤) دەنگ، فەرموون بەڕێزان ماددەی شەشەم بخوێنەوە.

**بەڕێز شاخەوان ڕؤوف مصطفى میران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم ڕێکخستنەوەی هەژمارکردنی خزمەت.
ماددەی شەشەم:
١.پێداچوونەوەی ڕێکخستنەوەی پلەو ناونیشانی مووچەی وەزیفی سەرجەم مووچەخۆرانی هەرێم لە بوارەکانی خزمەتی شارستانی پێشمەرگایەتی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ بە پێی یاسا و پەیڕەوی ڕێنما کارپێکراوەکان و ڕێکخستنەوەیان لە چوارچێوەی وەزیفەی گشتیدا لەسەر بنەمای بڕوانامەو سالانی خزمەتی فیعلی، خزمەتی هەژمارکراوی ئاسایی بە پێی ئەژمارکردنی ئەو خزمەتەی کە بە شێوەیەکی نا یاسایی بۆ موچەخۆر ئەژمارکراون.
٢. یەکخستن و ناونیشانی پلەی وەزیفی لەگەڵ مووچەی وەزیفی بە پێی حوکمەکانی یاسای میلاکی ژمارە (٢٥)ی ساڵی (١٩٦٠)ی هەموارکراوی کارپێکراو لە هەرێمدا یان هەر یاسایەکی تر کە جێگەی ئەم یاسایە دەگرێتەوە، هەڵوەشاندنەوەی ئەو ناونیشان و پلە وەزیفیانەی کە هاو دژن لەگەڵ یاسای ناو براو.
٣. هەڵوەشاندنەوەی گشت پلەو مەرتەبەی زێدەکی کە بەدەر لە یاسا کارپێکراوەکان دراوە بە مووچە خۆران چ لە رۆژی یەکەم دامەزراندنیان یا لە دوای دامەزراندنیان.
٤. هەڵوەشاندنەوەی سالانی خزمەتی هەژمارکراو بۆ خزمەتی وەزیفی شارستانی یا پێشمەرگایەتی یان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو بۆ ئەو ماوانەی کە لەگەڵ ماوەی خوێندنی مووچەخۆر یەك دەگرێتەوە، جگە لە حاڵەتەکانی مۆڵەتی خوێندن یا خوێندنی ئێواران یا تەمەنی ئەو کاتەدا لە خوار شانزە ساڵی بێت، جگە لە زیندانی راگیرانی سیاسی.
٥. یەکەم: هەر پێگەیەکی یاسایی بواری راژەی گشتی پشست بەستن بە بڕیاری کارگێری هاتونەتە دی لەسەر بودجەی گشتی موچەیان وەرگرتوە، ئەوا ئەو پێگانە پارێزراو دەبن بە مەرجێك لە بڕینی خانەنشین بدەن پشت بەستن بە بڕیاری کارگێری دامەزراندنیان و پێویستە پلەو ناونیشانی وەزیفی مووچەو پلەو ناونیشانی داراییان لە چوارچێوەی یاساو پەیرەو ڕێنمایە بەرکارەکانی ڕێك بخرێتەوە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم یاسایە.
دووەم: حوکمی خاڵی یەکەم بڕگەی پێنجەمی ئەم ماددەیە تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە تا پەسەندکردنی ئەم یاسایە مووچەیان وەرگرتووە ماددەی شەش پێشنیاری یەکەم وەك خۆی پێشنیاری لیژنەی هاوبەش.
پێشنیاری دووەم:

وەك خۆی تەنیا بڕگەی پێنجەم لا بدرێ.
پێشنیاری سێیەم:
بڕگەی یەکەم بم شێوەیەی لێ بکرێ پێداچوونەوەو ڕێکخستنەوەی پلەو ناونیشانی مووچەی وەزیفی سەرجەم مووچەخۆرانی هەرێم لە بوارەکانی خزمەتی شارستانی پێشمەرگایەتی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ بە پێی یاساو پەیرەو ڕێنما کارپێکراوەکان ڕێکخستنەوەی لە چوارچێوەی وەزیفەی گشتییدا و لە دوای پێداچوونەوەو وردبینی دۆسیەی کەسی فەرمانبەران، هەر فەرمانبەرێك پلەو ناونیشانی وەزیفەیەکەی بەرزتر بێت لە مافی خۆی، ئەوا سەرجەم مووچەو پلە بەرزکردنەوەکەی ڕابگیرێت تا ساڵی خزمەتی دەگاتە ئاستی ئەو پلەیەی ئێستای بەو مەرجەی بروانامەی ڕێگەی پێبدات سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی شەش، سێ پێشنیارمان هەیە، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی لیژنەی هاوبەش دەخەینە دەنگدان فەرمووو کێ لەگەڵە ؟ (٨٣) دەنگ، فەرموو کاك مەم.
**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
هیوادارم بە جێبەجێ کردنی ئەم یاسای چاکسازییە زۆرترین پەیڕەو پێشێل نەکرێت، ماددەی (٩١) دیسانەوە بڕگەی سێیەم هەر پێشنیازێك دوو ئەندام پشتیوانی کرد، هیچ شەرعییەتێك لە لای پەیڕەو چ ماددەیەك، چ بڕگەیەك، چ خاڵێکی پەیڕەوی هەیە ماددەی (٩١) بڕگەی سێ هەڵبوەشێنێتەوە وە شەرعیەت بەوە بدات پێشنیازێك نەخرێتە دەنگدان لە پرۆتۆکۆڵ هەیە لە دانیشتنی ڕابردوو خاڵێك بڕگەیەك ئیزافە کراوە لە ٢٠١٥ ەوە پلە بەرز کردن نەکراوە، داوامان کرد پلە بەرز کردنەوە لە بڕگەی (٦) بکرێتەوە ئەم پلە بەرزکردنەوەیە پشتیوانی زۆری لێکراوە، ئەمە ماددەیەکی پەیڕەوەییە، تکایە بە ماددەی پەیڕەوی جوابمان بدەنەوە بە قانون، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ سوپاس، دەنگدانەکە تەواو دەکەین ئینجا وەڵامتان دەدەینەوە، پێشنیاری دووەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵە بەلێ (١٨) دەنگی لەگەڵە، پێشنیاری سێیەم کەسی لەگەڵ نییە، دکتۆرە شایان، فەرموو.
**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ ماددەی (٩١) بڕگەی سێیەم پێشنیارێکم هەبوو ئەوەی کە دەبێت ساڵانی خزمەت (اپر رجعی) نەبێت، چونکە ئەوەی شەهادەی نەبوو ئێستا شەهادەی هێناوە ساڵانی خزمەت لەمەودوا بۆ هەژمار بکرێت، من پێشنیارم کرد و پشتگیریشم هەبوو هیوادارم لیژنەی تایبەتمەند وەڵاممان بدەنەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

دواتر سەبارەت بە دانەنانی ئەو پێشنیارانەی کە سێ کەس پشتیوانی کردووە، لیژنەی یاسایی وەڵام دەدەنەوە، ماددەی حەوت بواری خانەنشینی فەرمووون بیخوێننەوە.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بواری خانەنشینی ماددەی حەوت پێشنیاری یەکەم وەك خۆی، پێشنیاری دووەم رای لیژنەی هاوبەشە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دیارە رای لیژنەی هاوبەش پشتیوانیشی هەبوو ماددەی هەشت و ماددەی نۆ کردمانە دوو بڕگە سەر بە ماددەی حەوت، بۆ ئەوەی لەرووی شکلیی و تەنزیمیەوە باشتر بە رای لیژنەی هاوبەش بۆ ئاگاداری بەڕێزتان.

پێشنیاری دووەم رای لیژنەی هاوبەشە یەکەم یەکخستی خانەنشینی ئەوانەی لە خوارەوە ئاماژەیان پێدراوە لە رووی پێداویستیەکانی خانەنشین بوون بە هەمان مەرج و پێوەرەکانی خانەنشینی فەرمانبەران وە پلە گشتییەکان وەزیفە لە سەر میلاکی شارستانی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکانیان، ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکان ئەوانەی بە پلەی ئەوانن و بریکاری وەزارەت وئەوانەی بە پلەی ئەوانن، ئەوانەی مووچەی بریکاری وەزارەت وەردەگرن و خاوەن پلە تایبەتەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ئەوانەی بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و ئەوانەی مووچەی بەڕێوەبەری گشتی وەردەگرن و سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای هەرێم و گشت ئەو کەسانەی کە بە پێی خشتە کارپێکراوەکان مووچە لە هەرێمی کوردستان وەردەگرن، دەرماڵەی هەردوو پلەی باڵا ئەلف و ب وەردەگرن لە سەر میلاکی شارستانی و سربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، دووەم مووچەی خانەنشینی هەژمار دەکرێت بۆ ئاماژە پێدراوان بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بەم شێوەی خوارەوە، یەك ڕێژەی (١٥%) لە کۆی مووچە و دەرماڵەی ئەوەی لە کاتی خزمەت وەریدەگرێت، دوو ڕێژەی (١/٥%) لە کۆی گشتی دوا مووچەی دەرماڵە و ئەوەی لە کاتی خزمەتدا وەریدەگرێت و دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی بۆ هەر ساڵێکی خزمەت، سێ دەرماڵەی ئەم بڕوانامەی خوارەوە هاوشێوەیەیان بەم ڕێژەیە دەبێت:

أ-دەرماڵەی بڕوانامەی ئامادەیی بەڕێژەی (١%) لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە و ئەوەی لە کاتی خزمەت وەردەگرێت و دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی.

ب- ب- دەرماڵەی بڕوانامەی دبلۆم بە ڕێژەی (٢%) لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە و ئەوەی لە کاتی خزمەت وەردەگرێت دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی، ج- دەرماڵەی بڕانامەی بەکالۆریۆس بەڕێژەی (٤%) لە کۆی گشتی مووچە و دەرماڵە و ئەوەی لە کاتی خزمەت وەردەگرێت دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی، د- دەرماڵەی بڕوانامەی دبلۆمی باڵا و ماستەر بە ڕێژەی (٦%) لە کۆی گشتی مووچە و دەرماڵە و ئەوەی لە کاتی خزمەت وەری دەگرێت

دەخـرێتە سـەر مـووچەی خانەنشـینی، ٥- دەرمـاڵەی بڕوانـامەی دکتـۆرا بەرێـژەی (٨%) لە کـۆی گشـتی مـووچە و دەرمـاڵە و ئەوەی لە کـاتی خـزمەت وەردەگرێـت دەخـرێتە سـەر مـووچەی خانەنشینی، چوارەم شایستەی مووچەی خانەنشینی نابێت بە ڕێژەی (٥٠%) تێپەڕ بکات لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە و ئەوەی لە کاتی خزمەت وەری دەگرێت.

سێیەم: ١- فەرمانبەربی پێناسەی لە یاسای خانەنشـینی یەکگرتـوو بەرکـار لە هەرێـم هـاتووە بە وانەشەوە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە ئاماژەیـان پێـدراوە شایسـتەی مـووچەی خانەنشـینی دەبن ئەگەر خزمەتـی خانەنشـینیان لە (١٥) سـاڵ کەمتـر نەبێـت و (٤٥) سـاڵ لە تەمەنیـان تەواو کردبێت، جگە لە حاڵەتەکانی مردن و شەهید بوون یان خانەنشین بوون بە هۆکاری تەندروسـتی و ئەو حاڵەتانەی دیکە بە دەرکردن لە یاسایی خانەنشینی بەرکاردا هاتوون.

٢-ئەوانەی راسـپێردراون بە خزمەتـی گشـتی لە بـڕگەی یەکەمـی ئەم مـاددەیە ئاماژەپێـدراون و مەرجەکـانی هـاتوو لە بـڕگەی سـێیەم یەکەمـی ئەم مـاددەیە نایـانگرێتەوە ئەوە شایسـتەی موچەیەکی خانەنشینی دەبن بە ڕەچاوکردنی هەمان پێوەرەکانی هاتوو لە بـڕگەی دووەمـی ئەم ماددەیە بە مەرجێك نابێت لە ڕێژەی (٢٥%)تێپەڕ کـات لە کـۆی گشـتی دوا مـووچە و دەرمـاڵە و ئەوەی لە کـاتی خـزمەت دا وەری دەگرێـت و دەخـرێتە سـەر مـووچەی خانەنشـینی تـاوەکو حاڵەتەکانی دەگونجێت لە گەڵ مەرجەکانی هاتوو لە خاڵی یەکەمی ئەم بڕگەیە.

٣-حوکمەکانی خاڵی دوو لەم بڕگەیە ئەو کەسـانە نـاگرێتەوە کە دوای بەرکـاربوونی ئەم یاسـایە وەکو راسپاردراو بە خزمەتی گشتی رادەسپێرن.

٤-ئەنـــدام پەرلەمـــان بە ئارەزومەنـــدانە مـــافی دەســـت بەرداربـــوونی لە مـــاف و شایســـتە خانەنشینییەکانی وەك راسپێردراو هەیە بە مەرجێك لە ماوەیەك کە لە سی ڕۆژ تێپەڕ نەکـات لە ڕێکەوتی بەرکار بـوونی ئەم یاسـایە داواکـارییەك پێشـکەش بە دیـوانی پەرلەمـانی کوردسـتانی عێراق بکات بە مەبەستی وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی پێویست.

٥- هەژمـارکردنی مـاوەی خزمەتـی خـولی پەرلەمـانی بـۆ هەمـوو مەبەسـتەکانی سـەرە مــووچە و بەرزکــردنەوەی پــلە و خانەنشــینی بــۆ ئەو پەرلەمانتــارانەی بە ئارەزوومەنــدانە دەگەڕێنەوە سەر وەزیفەکانیان.

٦- حوکمەکـانی ئەم مـاددەیە هەمـوو ئەو کەسـانەش دەگـرێتەوە کە لە بـڕگەی یەکەمـی سەرەوەی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێدراوە لە پێش بەرکاربوونی ئەم یاسـایە خانەنشـین بـوون و پێویســتە خۆیــان بگــونجێنن لەگەڵ حوکمەکــانی ئەم یاســایە بــۆ ئەوانەشــیان کە خزمەتــی خانەنشـینیان نەگەیشـتۆتە (١٥) سـاڵ ئەوە تـاوەکو سـێ سـاڵ دەخـرێتە سـەر خزمەتەکەیـان هاوشێوەی پلە وەزیفییە گشتییەکان بۆ ئەوەی بگەنە تەمەنی خانەنشینی ئیجبـاری بە مەرجێـك بڕی خانەنشینی بەو ماوەیە بگات.

٧- ئەوانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێدراوە پێشتر فەرمانبەری حکومەت بوون دەگەڕێنەوە بە ئارەزوومەندانە بۆ سەر وەزیفەکانیان دەست لە کار کێشانەوەیان هەڵدەوەشێت و راژەکەیان بۆ هەژمار دەکرێت بە مەبەستی سەرە مووچە و پلە بەرزکردنەوە و خانەنشینی وە لایەنی پەیوەندیدار پابەند دەبێت بە دابین کردنی پلەی وەزیفی پێویست وە تەرخانکراوی دارایی پێویست، بۆ ئەوەی سەرپشك دەبن لە وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی یا مووچەی وەزیفی کە بۆی دەگەڕێنەوە.

٨- جگە لە راسپێردراوان بە خزمەتی گشتی هەموو ئەوانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە ناویان هاتووە شایستەی موچەی خانەنشینی دەبن بە هەموو پێوەر و مەرجەکانی هاتوو لە بڕگەی دووەم و سێیەمی هاتوو لەم مادديە بە رێژەی کە نابێت لە (٦٠%) تێپەڕ بکات لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە لە کاتی خزمەت دا وەری دەگرێت.

٩- مووچەی خانەنشینی سەرجەم دادوەر و داواکاری گشتی نابێت لە رێژەی (٧٠%) تێپەڕ نەکات لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە لە کاتی خزمەت بە پێی یاسا بەرکارەکان دا وەریدەگرێت.

پێشنیاری سێیەم: خانەنشینی پلە باڵا نەمێنێت.

پێشنیاری چوارەم: خانەنشینی پلە باڵاکان بە مەرجێك بێت بە رەچاوەکانی تەمەن و ساڵانی خزمەت و بڕوانامە بکرێت بە مەرجێك لە رێژەی (٥٠%) تێپەڕ نەکات لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە و ئەوەی لە کاتی خزمەتی وەزیفی وەریدەگرێت.

پێشنیاری پێنجەم: خانەنشینی پلە باڵاکان دادوەرەکان و داواکاری گشتی بە مەرجێك بێت، بەڵام بە مەرجێك رەچاوی تەمەن و ساڵانی خزمەت و بڕوانامە بکرێت بە مەرجێك لە رێژەی (٥٠%) کۆی گشتی مووچە و دەرماڵە و ئەوەی لە کاتی خزمەتی وەزیفی وەریدەگرێت.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی کاك دکتۆر شێرکۆ، فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوەکەی ئێمەی تێدا نییە کە داوامانکرد خانەنشینی هاوتای سیستەمی عێراقی بکرێت وە بە یەك پێوەر بێت لە نێوان فەرمانبەری ئاسایی و پلە تایبەت و باڵا یەك پێوەر بەکاربێت وە جیاکاری لە نێوان پێوەرەکاندا نەبێت کە بە پێی ساڵانی خزمەت و (٤٥) ساڵ تەمەن بێت.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لە لە لیژنەکان دەپرسین بۆ داتان نەناوە، بەڕێزان لە لیژنەکان؟

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو ئەو پێشنیارانەی کە بابەتی بارگرانی دارایی لە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە دوای راوێژ کردن لە گەڵ حکومەت و ستافی حکومەت کە لێرەش دانیشتبوون دواتریش لە

نووسینەوەی راپۆرتی هاوبەش هی کۆتایی بۆ ئامادەکردنی ئەمە، ئەو بابەتانە بە پشت بەستن بە ماددەی (٧٩) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە دەقێکی قانونی بوو لە دەستمان نەمانتوانی داخلی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆر شێرکۆ پێشنیارەکەی ئێوە بەس بۆ پلە باڵاکان بە گوێرەی سیستەمی عێراق بێت، مەبەستتان ئەوە بوو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر، هەموو پلەکان بە یەك پێوەر بێت لە فەرمانبەری ئاسایی تا پلە باڵاکان.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو روونکردنەوە کە بۆ ئەمەش درا کە قسەمان لە سەر کردووە، چونکە ئەمە تەنیا بۆ پلە باڵا نییە، لە چوارچێوەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و سەربازیش دەگرێتەوە، پارەیەکی ئێجگار زۆر سەد و شەست ملیارد دینار لە سەر حکومەت تەکلیف دەکرد، ئەم بەڕێزانەش هەموویان پێکەوە لە گەڵ حکومەت قسەیان کردووە ئەو لیژنانە هەموویان لە گەڵ حکومەت قسەیان کردووە و حکومەت ئامادە بوو لە هەموو لیژنەکان لە حکومەت ئەو قسەیان نەکردووە، لێرەش کە قسەیان کرد بەڕێز ئەندامانی حکومەت کە لێرە بوون جوابی هەموویەکیان داوەتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سۆران عمر، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم لە ماددەی (٧) بڕگەی دووەم، خاڵی سێیەم بە چ پێوەرێك جارێکی تر بڕوانامە کراوە بە پێوەر دەخرێتەوە سەر کۆی دوا مووچە و دەرماڵە کە پلەی تایبەت هەر هەموویان دەرماڵەی بڕوانامەیان لە کۆی مووچە و دەرماڵەدایە، ئەمە دەبێت بە دوو ئیمتیاز ئەمە پێچەوانەی یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر پێچەوانەی یاسا بێت نابێت جێبەجێ بکرێت.

**بەڕێز سۆران عمر سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چونکە کە پلە تایبەت دەرماڵەی زانکۆیی لە ناو کۆی مووچەی دەرماڵەی دایە، تۆ دێیت جارێکی تریش ئیمتیازی دەدەیتەوە بە بڕوانامە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئێمە دەست دەکەین بە دەنگدان، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی هەر بەڕێزێکی لەگەڵدایە؟ پێشنیاری دووەم رای لیژنەی هاوبەش هەر بەڕێزێکی لەگەڵدایە؟ با بفەرمووێت؟ پێشنیاری دووەم (٨٤) کەس لەگەڵدایە، پێشنیاری سێیەم هەربەڕێزێکی لەگەڵە؟ (٨) کەسی لەگەڵدایە، پێشنیاری چوارەم کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لە گەڵدا نییە، پێشنیاری پێنجەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵدایە؟ بەڵێ پێشنیاری دووەم پەسەند کرا ماددەی هەشت، بەڕێز کاك بژار ماددەی هەشت بخوێنەوە.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموارکردنی ماددەی دوازدە، شارستانی هێزەکانی ناوخۆ و یەکە رێکنەخراوەکانی هێزی پێشمەرگە و گواستنەوەی گشت میلاکاتی و موڵك وماڵی ئەو گواستراوانەی بەڕێوەبەرایەتی و یەکەکانی کارگێڕیانەو دۆسیە بەراییەکانی ئەو کەسانە ئاماژەی پێکرا، بۆ سەرجەم ئەو بەڕێوەبەرایەتیە کە لە هەیکەل بەندی تازەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی لەلایەن وەزارەتی دارایی ئامادە دەکرێت لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران پەسەند دەکرێت.

تەبعەن پێشنیاری یەکەم وەك خۆی، پێشنیاری دووەم لیژنە هاوبەشەکان لە گواستنەوەی گشت ئەو بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە وهەر یەکەیەکی دیکەی کارگێڕی ودارایی کە مووچەی خانەنشینیان لێ خەرج دەکرێت و... هەمووی بخوێنمەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بەهەمان میکانیزم ماددەکە بخوێنەوە و پێشنیارەکان بخوێننەوە و گوێتان لێ دەگرین و بەڕێزان هێمنی هۆڵەکە بپارێزن، بۆ ئەوەی کاك جلال بزانێ چی دەڵێ.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

پێشنیاری دووەم: پێشنیاری لیژنەی هاوبەش گواستنەوەی گشت ئەو بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە وهەر یەکەیەکی دیکەی کارگێڕی ودارایی کە مووچەی خانەنشینیان لێ خەرج دەکرێت، شارستانی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و یەکە رێکنەخراوەکانی هێزەکانی پێشمەرگە و گواستنەوەی گشت میلاك و موڵك وماڵی ئەو گواستراوانەی بەڕێوەبەرایەتی و یەکەکانی کارگێڕیانەو دۆسیە بەراییەکانی ئەو کەسانە ئاماژەی پێکرا، بۆ سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق، هەیکەلبەندیەکی تازە بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیانە ئامادە دەکرێت و لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسند دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ماددەی/٨ چەند پێشنیارێك هەیە، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی لەگەڵ پێشنیاری دووەم هی لیژنەی هاوبەش، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی دەخەینە دەنگدان،

کەسی لەگەڵ نییە، پێشنیاری دووەم پێشنیاری لیژنەی هاوبەش دەخەینە دەنگدان، پێشنیاری دووەم پێشنیاری لیژنەی هاوبەش بە (٨٤) دەنگ پەسەند کران، ماددەی/٩ سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٩: هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی بەپلەی وەزیر و بریکاری وەزارەت و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی و هەر پلەیەکی تری تایبەت بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە لە ڕیزی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان بوون، پێش ڕێککەوتی ١٩٩١/٣/٥ وە وەك ڕێزلێنانێك مووچەی خانەنشینیان بەو پلانە پێدراوە لەبری ئەوە پێویستە لەدوای دڵنیا بوون لە هەبوونی مەرج و پێداویستیەکان و وردبینی کردن و پاککردنەوەی لیستی ناوی ئەو پێشمەرگانە لەناوی کەسانی ناشایستە ئیمتیازێکی دارایی شایستەیان بۆ دابین بکرێت، لەبەر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە، زێرەڤانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق، یان یاسای ژمارە (٣٤)ی ساڵی (٢٠٠٧) یاسای خانەنشینی کەم ئەندامانی پێشمەرگە، زێرەڤانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق، یان یاسای ژمارە (٣٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای ڕاژە و خانەنشینی پێشمەرگە، زێرەڤانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق بەپێی تایبەتمەندی، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی، پێشنیاری دووەم ئەمە زیاد بکرێ کە لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە و کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان و دەزگای ئەیلول و دەزگای گوڵان وردبینیان بۆ بکرێت، پێشنیاری سێیەم ماددەی/ ٩ ببێ بە دوو بڕگە و بەم شێوەیە بێ:

یەکەم/ هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی بەپلەی وەزیر و بریکاری وەزارەت، ڕاوێژکار، بەڕێوەبەری گشتی و هەر پلەیەکی دیکە کەلەو پۆستانەدا نەبوون.

دووەم/ ئەو پێشمەرگانەی کەلە ڕیزی بزوتنەوەی رزگاری خواز بوون پێش ڕێککەوتی ١٩٩١/٣/٥ بە خاڵی یەکی ئەم ماددەیە خانەنشین کراون، لەبری ئەوە پێویستە لە دوای دڵنیا بوون لە هەبوونی مەرج و پێداویستیەکان وردبینی کردن و پاککردنەوەی لیستی ناوی ئەو پێشمەرگانە لەناوی کەسانی ناشایستە، ئیمتیازێکی دارایی شایستەیان بۆ دابین بکرێت، لەبەر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە، زێرەڤانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق،ی یان یاسای ژمارە (٣٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای خانەنشینی کەم ئەندامانی پێشمەرگە، زێرەڤانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق یان یاسای ژمارە (٣٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای ڕاژە و خانەنشینی پێشمەرگە، زێرەڤانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق بەپێی تایبەتمەندی.

پێشنیاری چوارەم:

١/ هەڵوەشاندنەوە هەڵوەشاندنەوەی بە پلەی وەزیر و بریکاری وەزارەت و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی و هەر پلەیەکی دیکەی مەدەنی و سەربازی.

٢/ ئەو کەسانەی پێشمەرگەی شۆرشگێڕی دێرینن (٣٣) ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە، زێڕەڤانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق یان یاسای ژمارە (٣٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای خانەنشینی کەم ئەندامانی پێشمەرگە، زێڕەڤانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق، یان یاسای ژمارە (٣٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای ڕاژە و خانەنشینی پێشمەرگە، زێرەڤانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق بەپێی تایبەتمەندی و ئیمتیازێکی داراییان بۆ ببڕێتەوە.

پێشنیاری/٥ لیژنەیەك پێك بهێندرێت بۆ جیاکردنەوەی ئەوانەی شۆرشگێڕانە و ئەوانەی بە ناشایستە ئەو پۆست و پلانانەیان وەرگرتووە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزن سەبارەت بەماددەی/ ٩ پێنج پێشنیار هەیە، ئیمتیازی دارایی کە باس دەکرێ بە گوێرەی قانونی (٣٣ و ٣٤ و ٣٨) مەبەست لەوەیە لەناو ئەو یاسایانە بەچی هات بێت بەوە وەری دەگرن، قەلەقیەك هەیە لەسەر ئیمتیازی دارایی چەند نووسینێکمان بۆ هاتووە، ئێستا پێشنیاری یەکەم وەك خۆی دەخەینە دەنگدان، (٨٠) دەنگ، پێشنیاری دووەم هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە؟ بورن یەك کەس، پێشنیاری سێیەم هەر کەسێك لەگەڵ پێشنیار سێیەمە؟ یەکە کەس، پێشنیاری چوارەم؟ کەسی لەگەڵ نییە، پێشنیاری پێنجەم؟ کەسی لەگەڵ نییە، وەك خۆی بە (٨٠) دەنگ پەسەند کرا، ماددەی/ ١٠ کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناڤێ یەزدانێ مەزن، ..... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سۆران قسەیەکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەپێی ماددەی/١٨ لەپەیڕەوی ناوخۆ بڕگەی/٤ بەرزەفەتکردنی گفتوگۆکان و پارێزگاری کردن لە ڕێکارییەکان و پارێزگاری کردن لە شکۆی پەرلەمان لە ئەرك و دەسەڵاتەی بەڕێزتانە ئەو چەپڵەلێدانەی لە پاش تێپەڕاندنی ماددەی پێشوو ڕۆشت، پەیوەندی بە خوێندنەوەکەی کاك جلالەوە هەبوو نەك بە پەیوەندی بە تێپەڕبوونی ماددەکەوە هەبوو، هیوادارم ئەو ئەرك و دەسەڵاتەی خۆت لەبەرزەفت کردنی گفتوگۆ و پاراستنی شکۆی پەرلەمان جێ بەجێ بکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ جارێکی تر بەهیچ شێوەیەك چەپڵە لێ نادرێ، بۆ دەنگی بەرزی کاك جلال ئەو چەپڵەیە لێدراوە، جارێکی تر چەپڵە بۆ ئەو جۆرە بابەتانە دووبارە نابێتەوە، دروستە نوقتە پەیڕەوییەکە، ماددەی/ ١٠ فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی/ ١٠:

ڕاستکردنەوەی مووچە خانەنشینی سەرجەم ئەو کەسانەی کە بەشێوەیەکی نایاسایی یان بەپلەی بەرزتر لە پلەی شایستەی خۆیان خانەنشین کراون یان لەسەر بنەمای هەژمارکردنی نایاسایی ساڵانی خزمەتی وەزیفی خانەنشین کراون ڕاستکردنەوەی مووچەی خانەنشینان بەو مووچەیەی بە پێی یاسا کارپێکراوەکان شایستە دەبن، وەك لەم یاسایەدا ئاماژەیان پێکراوە، بۆ ئەو ماددەیە دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی،

پێشنیاری دووەم:

ڕای لیژنەی هاوبەشە/ هەڵوەشاندنەوەی مووچەی خانەنشینی سەرجەم ئەو کەسانەی کە بەشێوەیەکی نایاسایی خانەنشین کراون و ڕاستکردنەوەی مووچەی خانەنشینی سەرجەم ئەو کەسانەی کەبە پلەی بەرز تر لە پلەی شایستەی خۆیان خانەنشین کراون یان لەسەر بنەمای هەژمارکردنی نایاسایی ساڵانی خزمەتی وەزیفی خانەنشین کراون، ڕاستکردنەوەی مووچەی خانەنشینان بەو مووچەیەی بەپێی یاسا کارپێکراوەکان شایستە دەبن وەك لەم یاسایەدا ئاماژەیان پێکراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی/ ١٠ دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە؟ (١) کەس، پێشنیاری دووەم ڕای لیژنەی هاوبەش هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە با بفەرمووێ دەنگ بدات؟ بەڵێ بە (٧٦) دەنگ پەسەندکرا، حوکمەکانی کۆتایی ماددەی/ ١١ فەرموون.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشی هەشتەم

حوکمەکانی کۆتایی

ماددەی/ ١١:

یەکەم/ دەبێت وەزیری پەیوەندار و سەرۆکی پەیوەنداری لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت و فەرمانبەری تایبەتمەند حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

دووەم/ دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان پابەندە بە پشکنین و وردبینی کردن و بەدواداچوونی جێ بەجێ کردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە و یاسا پەیوەندارەکانی تر، ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەبەر ڕۆشنایی یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان ـ عیراق ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨.

سێیەم/ دەستەی دەستپاکی و داواکاری گشتی لەهەرێمی کوردستان ـ عیراق بەپێی تایبەتمەندی پابەندن بە وەرگرتنی ڕێکاری پێویست یاسایی پێویست بۆ جێ بەجێ کردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە.

پێشنیارەکانی ماددەی/ ١١

پێشنیاری یەکەم/ وەکو خۆی.

پێشنیاری دووەم/ ڕای لیژنەی هاوبەش:

١/ دەبێت دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

٢/ وەك خۆی.

٣/ دەستەی دەستپاکی و داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق بەپێی تایبەتمەندی پابەندن بەوەرگرتنی ڕێکاری یاسایی پێویست بەرامبەر هەر کارمەند و بەرپرسێك کە بەربەست و ئاستەنگ بۆ جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی/ ١١ پێشنیارەکان دەخەینە دەنگدان، پێشنیاری یەکەم/ وەك خۆی، ....... . بەڵێ غەڵەتی ئیملائی لە کوێیە؟.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای لیژنەی هاوبەش بڕگەی سێیەم لە کۆتاییەکەی دا دەڵێ (بەوەرگرتنی ڕێکاری یاسایی پێویست بەرامبەر هەر کارمەند و بەرپرسێك کەبەربەست و ئاستەنگ بۆ جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دروست دەکەن، دەبێ زیاد بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دروستە، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی دەخەینە دەنگدان؟ کەسی لەگەڵ نییە؟ پێشنیاری دووەم ڕای لیژنەی هاوبەش دەخەینە دەنگدان، بەو تەعدیلەی کاك زانا وتی کە دروستیشە؟ بە دەنگی (٨٨) پەرلەمانتار پەسەند کرا، ماددەی/ ١٢ کەرەمکەن، دەفەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامی پرسیارەکەم وەرنەگرتەوە بەڕێز لیژنە هاوبەشەکان؟.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ پێشنیارێکی هەبووە دانەنراوە، کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەڕێز د.شایان پێشنیارێکی هەبووە و سێ پشتیوانیشی هەبوو، دەبوو تەسبیت بکرێ، بەڵام لەبەرئەوەی لە لیژنە هاوبەشەکان چۆن بڵێی ڕایەکمان گەڵاڵە کرد ئەوەی کە ئەو ئەیویست لەڕای لیژنە هاوبەشەکە تەسبیت بووە، یەعنی مەبدەئەکەی جێگیر بووە، بۆیە پێویستی نەدەکرد جارێکی تر دووبارەی بکەینەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەردەوام بن ماددەی/ ١٢ کاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/١٢

یەکەم/ دامەزراندن لەهەر وەزیفەیەکی پلە باڵا، بەڕێوبەری گشتی و ڕاوێژکار و سەرووتر لەهەر سێ سەرۆکایەتیەکە و وەزارەتەکان و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت ڕادەگیرێ، مەگەر تەنها لەو کاتەی پلەی چۆڵ هەبێ.

دووەم/ خانەنشین کردنی فەرمانبەر بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و سەرووتر کە پێکهاتەی ئیداری لە ئاستی بەڕێوەبرایەتی گشتی و سەرووتر بەڕێوە نابات بەپێی ئەحکامەکانی هەردوو ماددەی حەوتەم و هەشتەمی ئەم یاسایە دەبێت، یان دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تر لە کاتی هەبوونی شوێنی وەزیفی بەتاڵ کە لەگەڵ ناونیشانی وەزیفی شایستەی خۆی دەگونجێت، بەڕازی بوونی ئەو شوێنەی بۆی دەگوازرێتەوە.

سێیەم/ حوکمەکانی بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە سەرۆکی یەکە ئیداریەکانیش پارێزگار و قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە دەگرێتەوە کە هیچ یەکەیەکی ئیداری بەڕێوە نابەن.

چوارەم/ مەرجەکانی دامەزراندن بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و بەرەوژوور جگە لە مەرجەکانی فەرمانبەرایەتی وەزیفەی گشتی بەپەیڕەوێك دەستنیشان دەکرێت کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت کەتێیدا ڕەچاوی بڕوانامە و پسپۆری و ساڵانی خزمەت و شارەزایی و لێهاتووی بکرێت.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پێشنیارەکانی ماددەی/ ١٢

پێشنیاری یەکەم/

وەکو خۆی.

پێشنیاری دووەم/

ڕای لیژنەی هاوبەش.

یەکەم/ دامەزارنـدن لە وەزیفەیەکـانی بەڕێـوبەری گشـتی و ڕاوێژکـار و سـەرووتر لە دامەزراوە دەسـتووریەکانی هەر ێمـی کوردسـتان ـ عیـراق ڕادەگیـرێ مەگەر تەنهـا لەو کـاتەی پـلەی چـۆڵ هەبێ.

دووەم/ خانەنشین کردنی فەرمانبەر بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و سەرووتر کە پێکهاتەی ئیداری لە ئاسـتی بەڕێـوبەرایەتی گشـتی و سـەرووتر بەڕێـوە نابـات بە بـێ حوکمەکـانی بـڕگەی/٨ لە ماددەی/٧ ی ئەم یاسایە دەبێت، یان دەگوازرێتەوە بـۆ شـوێنێکی تـر لە کـاتی هەبـوونی شـوێنی وەزیفی بەتاڵ کە لەگەڵ ناونیشانی وەزیفی شایستەی خۆی دا دەگونجێت.

سێیەم/ وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئێمە بـۆ مـاددەی/١٢ دوو پێشـنیارمان هەیە یەکێکیـان وەکـو خـۆی، یەکێکیـان ڕای لیـژنەی هاوبەش، یەکەم جار وەك خۆی دەخەینە دەنگدان، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـانی لەگەڵە؟ ڕای لیـژنەی هاوبەشـتان لابـردووە یـان غەڵەتـی تەبـعە؟ بەڵـێ بەڕێـزان بـاس لە مەرجەکـانی دامەزراندن بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و بەرەوژوور دەکات کە ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەوێك بە مەرجەکانی دەردەکات لاتان داوە یان هەڵەی تەبعە؟ تیـایەتی لیـژنە هاوبەشـەکان؟ دەتـانەوێ بمێنێتەوە ئەو سیغەیەی ئێستا داتان ناوە، ئەو بڕگەیە نامێنێتەوە بەڕێزان، بەڵێ بەڕێزان کەواتە بـڕگەی چـوارەم لە ڕای لیـژنە هاوبەشـەکان وەکـو خـۆی دەمێنێـتەوە، وەك خـۆی هەر بەڕێزێـك لەگەڵیەتـی مـاددەکە؟ (٣) کەس، پێشـنیاری لیـژنەی هـاوبەش هەر بەڕێزێـك لەگەڵیەتـی؟ بە چوارەمەوە بێگومان، بەڵێ بە (٨٢) دەنگ پەسەند کرا، بەڵێ ماددەی/ ١٣ فەرموون.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/١٣

یەکەم/

١- وەزارەتی دارایی و ئابووری لە چوارچێوەی ڕێکخستنەوەی بواری بانکی لە هەرێم بە ئەلیکترۆنـی کردنـی خزمەتگـوزاریە بانکیەکـان ئەژمێرێکـی تـایبەت دەکـاتەوە بـۆ هەمـوو مووچەخـۆر و سوودمەندێك لە بوجەی گشتی لە پێنـاوی زامـن کردنـی پاراسـتنی گشـت شایسـتە داراییەکـان بە شایستە داراییە خەرج نەکراوەکانیشەوە.

٢- چـۆنیەتی کـردنەوەی ئەم ئەژمێـرە و سـوود وەرگرتنـی مووچەخـۆر و سـوودمەند لە ئەژمێـرەکە بەڕێنمـایی دارایـی ڕێـك دەخرێـت کە لایەن وەزارەتـی دارایـی و ئـابووریەوە دەردەچێـت، لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی/١ ـ ١ ی ئەم ماددەیە.

دووەم/ لەبەر ڕۆشــنایی ئەو بــڕە پــارەیەی کە بە فیعلــی لە خەرجیەکــان دەگەڕێــتەوە لە دەرئەنجامی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە دەبێت ئەنجومەنی وەزیران ئەولەویەت بدات بە پێداچوونەوە بە کەمترین مووچەی خانەنشینی لە هەرێم بە ئاراستەی زیادکردن و بەرەچاو کردنی بژێوی و گوزەرانی ئەو کەسانەی کە کەمترین مووچەی خانەنشینی وەردەگرن.

پێشنیاری یەکەم/ وەك خۆی.

پێشنیاری دووەم/ ڕای لیژنە بەم شێوەیەیە:

یەکەم/

١- وەزارەتی دارایی و ئابووری لە چوارچێوەی ڕێکخستنەوەی بواری بانکی لە هەرێم و بە ئەلیکترۆنی کردنی خزمەتگوزاریە بانکیەکان و ئەژمێرێکی تایبەت دەکاتەوە بۆ هەموو مووچەخۆر و سوودمەندێك لە بودجەی گشتی لە پێناوی زامن کردنی پاراستنی گشت شایستە داراییەکان، بە شایستە داراییە خەرج نەکراوەکانیشەوە.

٢- چۆنیەتی کردنەوەی ئەم ئەژمێرە سوود وەرگرتنی مووچەخۆر و سوودمەند لە ئەژمێرەکە بەرێنمایی دارایی ڕێك دەخرێت کەلەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووریەوە دەردەچێت.

لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی یەکەم ـ ١ ی ئەم ماددەیە.

دووەم/ لەبەر ڕۆشــنایی ئەو بــڕە پــارەیەی کە بە فعلــی لە خەرجیەکــان دەگەڕێــتەوە و لە دەرئەنجامی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە دەبێت ئەنجومەنی وەزیران ئەولەویەت بدات بەپێداچوونەوە بە کەمترین مووچەی خانەنشینی لە هەرێم و بە ئاراستەی زیاد کردن و بەرەچاوکردنی بژێوی و گوزەرانی ئەو کەسانەی کە کەمترین مووچەی خانەنشینی وەردەگرن.

سێیەم/ پێویستە لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق ڕێکاری یاسایی پێویست بۆ وەرگرتنەوەی قەرزە بازرگانیەکان بگرێتە بەر و پێداچوونەوە بەو موڵك و ماڵانەدا بکرێت وەك گەرەنتی بۆ دانەوەی ئەم قەرزانە دانراون.

پێشنیاری سێیەم/ وەك خۆی، بەڵام بڕگەی یەکەم خاڵی دووەمی حکومەت لە ماوەی شەش مانگ تێپەڕ نەکات لە دوای بەرکاربوونی ئەم یاسایە ئەژمێری بانکی دروست بکات.

پێشنیاری چوارەم/ ئەو ئەژمێرە بانکیەی کە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەیکاتەوە بۆ پێدانەوەی شایستە داراییەکانی مووچەخۆران لەماوەی سێ قۆناغ بدرێت. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بە ماددەی/١٣ چوار پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی دەخەینە دەنگدان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە؟ .... فەرموو کاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو فراکسیۆنەکان بە بێ جیاوازی داواکراوە کەمترین ڕێژەی خانەنشینی کە حکومەت لێرە چەسپاندویەتی لە مەردوداتی ئەم جێ بەجێ کردنی یاسایە بەرزی دەکاتەوە، واتا حکومەت

ئیستعدادی ئەوەی هەیە مەردوداتی ئەمە سەرف بکاتەوە بۆ کەمترین مووچەی خانەنشینی، زیاتر لە (٢٥) پەرلەمانتار پێشنیاری کردووە، لەنێوانی هەموو پێشنیارەکاندا (٤٠٠) هەزار کەمترین مووچەی خانەنشینی بێ و پاشەکەوتەکەش ڕێکاری دانەوەی دیار بێت، تەنها حساب بانکی نەبێ، بۆ ئەمە داخل نەکراوە کە حکومەت نەیوتووە بارگرانییە، وتویەتی بەرزی دەکەمەوە، ئێمەش داوا دەکەین (٤٠٠) هەزار بێ، ئەمە بۆ داخل نەکراوە؟.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دروستە فەرموون لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەکاتی نووسینەوەی ئەم دەقە قانوونییە کەلەگەڵ حکومەت ڕێککەوتین لیژنەی دارایی بەڕێز کاك سۆرانیش لەگەڵمان بووە و ئەندامی لیژنە بووین، پێش ئەوەی لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و ستافی حکومەت دابنیشین ڕێککەوتنی هاوبەش هەبووە و ئەو داواکاریانەی کە پێشکەشی دەکەین لەوانە کەمترین مووچە بکرێت بە (٣٠٠) هەزار، سێ خاڵمان هەبوون، هەر سێ خاڵەکە پێکەوە بەکۆی ئەندامانی لیژنەی دارایی چووین و لەگەڵ حکومەت دانیشتین بەڕێز سەرۆکی حکومەت و بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت و بەڕێزان ستافی حکومەت ئەوانەی کەپەیوەندیدارن بە نووسینەوەی ئەم ڕاپۆرتە پێکەوە داواکاریەکەمان پێشکەش کرد و لەسەر ئەو دەقە ڕێککەوتن، دواتر ستافی حکومەت هاتنە پەرلەمانی کوردستان و لەلیژنەی پرۆتۆکۆڵ، یەعنی لە هۆڵی پرۆتۆکۆڵ لەگەڵیان دانیشتینەوە، گەیشتینە ئەو سیغەی کۆتایی ئەمە ڕێککەوتنی لیژنەی داراییە بەناوی هەموو پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ حکومەت کراوە هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان، هەموو ئەندامان بەدەستەی سەرۆکایەتییەوە لەمن باشتر و لە هەموو ئەو برادەرانە باشتر دەزانن کە هەر بابەتێکی پارەی لەگەڵ بێ و تەبیعاتی مالی حکومەت بڵێ ناتوانم جێ بەجێ ی بکەم بۆ پەرلەمانی کوردستان بەباشمان نەزانی قانوونێك دەربچێت حکومەت جێ بەجێی نەکات، ڕێز و ئیحترام.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ مامۆستا عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بەپێی ماددەی/٩١ برگەی/٣ من پێموایە بەڕاستی لە کۆی ئەم پرۆژەیەدا پارەیەکی باش بۆ خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، من پێموایە داهاتی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەوەی بەڕێز سەرۆکی حکومەت کە باسی کردووە زیادی کردووە، بەشە بودجە لە عیراقەوە دێت، ئێمە داوامان کردووە و کاتی خۆی باسمان کرد، یەعنی ژمارەیەکی زۆر لە پەرلەمانتاران هەمو بۆ قەزیەی پاشەکەوتی مووچە کە زۆر بەڕوونی و بەڕاشکاوی بوترێ

حکومەت گرەنتی دانەوەی دەکات، بە قۆناغیش بێ زۆر ئاساییە، کەسیش نەیوتووە بەیانی پاشەکەوتی مووچەکەم بدەنەوە.

دووەم/ ئەوەی تریش بەڕاستی خانەنشینی کە ئێمە لەگەڵ ئەوەین ئەو پلە باڵاکان بەم شێوەیە کەم بکرێتەوە و تەواو کەم بکرێتەوە، بەڵام نەك یەعنی ئەوە ئەو خەرجیەی کە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت با بخرێتە سەر ئەوەی کە خانەنشینی هەرێمی کوردستان لە (٤٠٠) هەزار کەمتر نەبێ، من بەڕاستی بەشتێکی نایاسایی دەبینم، دەبوو تێیدا بووایە ئەگەر حکومەت لەم قۆناغەش نەتوانێ ئەمە جێ بەجێ بکات بەهۆی بارگرانی داراییەوە کە دەبێ بۆ خەڵکی بسەلمێنێ بۆ پێی جێ بەجێ ناکرێ، با تێیدابایە بەڕاستی، یەعنی زۆربەی هەرە زۆری ئەوەی کە لێرەش دانیشتووە و ماوەتەوە پێموایە لەگەڵ ئەوەیە حەقیقەتەن، بۆیە من بە خاڵێکی پەیڕەوی پێموایە پێشێل کردنی یاسایە داوای لێ بوردن دەکەم، بۆیە بەڕاستی من ئەم هۆڵە بەجێ دەهێڵم ئەگەر ئەمەی تێ نەخرێ، ئەم دوو داواکارییەی تێ نەخرێ بەجێی دەهێڵم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك د.ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لە دەستپێکی پەسەند کردنی ئەم یاسایە و دەنگدان لەسەری لەڕاستی دا پێشێلکردنێکی زۆر ڕوون و واژح هەبوو بۆ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، لە ماددەی/٩ نۆهەد هەردوو برگەی دووەم و سێیەم سەبارەت بە برگەی سێ ئاماژە بەوەکرا لە کاتی پەسەند کردنی پرۆژە یاسایەکان دەرگا بۆ هیچ گفتوگۆیەك ناکرێتەوە، هیچ گفتوگۆیەك وەرناگرین، برگەی دوو ئاماژە بەوەکرا کە ئەگەر هەر پێشنیارێك پێشتر هەبووبێ لەلایەن چەند پەرلەمانتارێکەوە کە پەسەندیش کرابێ لە ماوەی خوێندنەوەی دووەم و خوێندنەوەی سێیەم ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزە دەتوانێ سەردانی سکرتێر بکات یان لیژنە تایبەتمەندەکان بزانێ کە ئایا پێشنیارەکەی جێگیر کراوە یان نا، خاڵێکی تر کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم، بەڕێز وەزیری دارایی لە خوێندنەوەی دووەم دا لێرە ئامادەبوو ئەو بەڕێزانە پرسیاریان کرد لەبارەی ئەوەی کە ئایا حکومەت دەتوانێ ئەم تەبیعاتانە هەڵگرێ بە زیادکردنی ئەو مووچەیە وەزیری دارایی وتی نەخێر لە توانامان دانییە کە ئەمە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك هاورێ فەرموو.

**بەڕێز هاورێ بنا محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، لە پەیڕەوی ناوخۆ ماددەی(٩١) و برگە سێ داخل دەبم، ڕاستی ماددەی (١٣) لەپێشتر ماددەی (١٥) بوو، ئێمە کۆمەڵێك پێنشیارمان کردووە زۆر لە پەرلەمانتاران

پشـتیوانیان کـرد و پشـتگیریان کـرد، بەهەمیشـەیی کردنـی گرێبەسـتەکان لەو داهـاتەی کە دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت و ئەو پێشـنیارە کـراو پشتگیریشـی هەبـوو، بەڵام بەداخەوە ئێستا نەمـاوە، وە گەڕانەوەی پاشـەکەوتی مـووچە بە هەمـان شـێوە لەگەڵ ئەوەی کە کەمتـرین خانەنشینی فەرمانبەران چوار سەد هەزار کەمتـر نەبـێ داوای ڕوونکـردنەوە لە لیـژنەی یاسـایی دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سەرۆکی لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەی خۆتان بدەن دوایی دەیخەینە دەنگـدان، فەرمـوو کاك زیاد.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك لە پێشتووتریش دا هاوکارم باسی کرد کە ئێمە لەدوای ئەوەی کە لەلیژنەی دارایی هەمـووە وەزیرە بەڕێزەکان هاتنە لیژنە بەرچاو ڕوونیەکی تەواومان دا، لەدوا جاردا ئێمە لەگەڵ سـەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرە تایبەتمەندەکان کە زۆربەیان لەوێ بوون، ئـێمە چوار پێشنیارمان برد کە پێشنیاری هەر (١١) ئەندامەکەی لیـژنەی دارایـی بـوو، چـووین هەر (١١) شـمان بەیەکەوە چـووینە ئەوێ و لەوێ دانیشـتین وردەکـاریەکی زۆرمـان کـرد و پێشـنیاری ئەوەمان کرد کە ئەو پارەیەی کە دەگەڕێتەوە (٤٠٠) هەزار دینار مـن پێشـنیارم کـرد کە کەمتـرین مووچە (٤٠٠) هەزار بێت و لەم پارەیەوە بگەڕێـتەوە، دوای گفتوگۆ و موناقەشـەیەکی زۆر ئەوە بوو کە هیچ لایەکمان نە وەزارەتـی دارایـی و نەئـێمە لە لیـژنەی دارایـی و نە حکـومەت بەرچـاو ڕوونیمان نەبووە کە لە جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە چەند پارە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت، بـۆیە ئەو بڕگەیەی دووەممان داناوە لەناو ماددەی/١٣، لەبەرئەوە کەهاتینە ئێرە دیارە ئـێمە هەمـوو و لیژنەی داراییش بەنوێنەرایەتی هەموو لایەك ڕۆیشتووین ئێمە ئەم ڕوونکردنەوەیەمـان داوە بە لیژنەی یاسایی، لەبەر ڕۆشـنایی ئەم ڕوونکـردنەوەیەی ئـێمە ئەوان لەڕووی قـانونیەوە ئەوەیـان کــرد کە نــابێ تیــای بێــت، تەبــعەن لەڕووی قــانونییەکەوە ئەوان بڕیــاردەدەن، بەڵام ئــێمە ڕوونکردنەوەکەمان دانێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵــێ ئەو بــڕگەیەی کە داتــان نــاوە زەمــانەتی ئەوە دەکــات کە ئەگەر پــارەی زیــاتر مــایەوە بەکاربهێندرێ بۆ زیاد کردنی کەمترین خانەنشینی؟

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەبێ لەم وڵاتە هەموومان بڕوامان بە یاساکان هەبێ، ئەمە یاسایە و پەرلەمانی کوردستان دەری دەکات، من بڕوام بەوە نەبێ بڕگەیەك لەناو ماددەیەکی یاسایەکە جێی بۆتەوە دەنگی لەسەر دەدرێ ببێتە یاسا کەواتە بڕوام بەهیچ شتێك نییە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان دەیخەینە دەنگدان، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی؟ کەس لەگەڵی نییە، پێشنیاری دووەم/ ڕای لیژنەی هاوبەش؟ بە دەنگی (٧٦) ئەندامی پەرلەمان پێشنیاری دووەم پەسەند کرا، پێشنیاری سێیەم کێ ی لەگەڵە؟ کەسی لەگەڵ نییە، پێشنیاری چوارەم؟ کێی لەگەڵە؟ کەسی لەگەڵ نییە، بەڕێزان ماددەکە بە دەنگی (٧٦) ئەندامی پەرلەمان بەپێشنیارەکەی لیژنەی هاوبەش پەسەند کرا، ماددەی/١٤ فەرموون.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/١٤

یەکەم/ جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئاسەواری دارایی و دادوەری لێ ناکەوێتەوە بۆ حاڵەتەکانی پێش کەوتنە بواری جێ بەجێ کردنی یاساکە لەسەر ئەو کەسانەی کە دەیانگرێتەوە.

دووەم/ ئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە مافی ئەوەیان هەیە بەپێی حوکمەکانی یاسای بەرکار تانەی یاسایی بدەن.

ماددەی/١٤ چەند پێشنیارێکی هەیە، وەك خۆی هیچ پێشنیارێك نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ پێشنیارێك نییە، بەڕێزان بۆ ماددەی/١٤ هیچ پێشنیارێك نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە بابفەرمووێ دەنگ بدات؟ بەڵێ بە دەنگی (٨٦) پەرلەمانتار پەسەند کرا، ماددەی دوای ئەوە فەرموو کاك زیاد.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/ ١٥

نابێ هیچ کەسێ خانەنشین بکرێ یان هەر ئیمتیازێکی دیکەی دارایی لەژێر هیچ پاساو و ناونیشانێك دا پێ بدرێت، ئەگەر پێشتر بە شایستەی بوونی یاسایی لە تۆمارەکانی داتابەیسی

سیستمی بایۆمەتری پەیڕەو کراو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمار نەکرابێت و بەرایی نەبێت، مووچەی خانەنشینی بۆ میراتگرانی یاسایی و موستەحەق خەرج ناکرێت تاوەکو تۆمار نەکرێ لە داتا بەیسی سیستمی بایۆمەتری.

ماددەی/ ١٥ وەك خۆی و هیچ پێشنیارێك نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان وەك خۆی ماددەی/ ١٥ دەخەینە دەنگدان هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ زۆر سوپاس بە دەنگی (٨٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی دوای ئەوە فەرموو کاك زیاد.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/١٦

یەکەم/ ئەحکامەکانی ئەم یاسایە هەموو حاڵەتەکانی پێش بەرکاربوونی ئەم یاسایەش دەگرێتەوە و پێویستە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەم یاسایە.

دووەم/ کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم یاسایە ناکرێت یاسای خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ هەڵدەوەشێتەوە.

ماددەی/١٦

پێشنیاری یەکەم/ وەك خۆی.

پێشنیاری دووەم/ ڕای لیژنە هاوبەشەکان:

١- حوکمەکانی ئەم یاسایە هەموو حاڵەتەکانی پێش بەرکار بوونی ئەم یاسایە دەگرێتەوە، پێویستە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەم یاسایە.

٢- کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێت.

٣- یاسای خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ هەڵدەوەشێتەوە.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان سوپاس بۆ جەنابت، ماددەی/١٦ تەنها دوو پێشنیار هەیە، یەکەم وەك خۆی هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە وەك خۆی بێت؟ کەسی لەگەڵ نییە، دووەم ڕای لیژنەی هاوبەش؟ بەڵێ سوپاس بە دەنگی (٨٦) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی دوای ئەوە فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/١٧

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەو دەربکات بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە ماوەیەك کەلە (٦٠) ڕۆژ تێ پەڕ نەکات لەڕۆژی دەرچوواندنی ئەم یاسایە.

ماددەی/١٧ وەك خۆی هیچ پێشنیارێك نییە.

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەو دەربکات بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە ماوەیەك کەلە (٦٠) ڕۆژ تێ پەڕ نەکات لەڕۆژی دەرچوواندنی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بەڕێزان، سەبارەت بە ماددەی/١٧ هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی هەر بەڕێزێك لەگەڵیەتی؟ بەڵێ زۆر سوپاس بە دەنگی (٨٩) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی دوای ئەوە فەرموون.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/١٨

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

ماددەی/١٨ وەك خۆی هیچ پێشنیارێك نییە.

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ماددەی/ ١٨ وەك خۆی هیچ پێشنیارێك نییە؟ بەڵێ زۆر سوپاس بە دەنگی (٨٧) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی/١٩ فەرموون.

**بەڕێز ژیان ظاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە و لەدوای تێپەڕبوونی (٩٠) رۆژ لەرێککەوتی دەرچوونی پەیڕەوی هاتوو لە ماددەی/١٩ ی ئەم یاسایە دەکەوێتە بواری جێ بەجێ کردن.

بۆ ماددەی/١٩ هیچ پێشنیارێك نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان بۆ ماددەی/١٩ هیچ پێشنیارێك نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵیەتی وەك خۆی؟ زۆر سوپاس بە دەنگی (٨٩) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، هۆیەکانی دەرچوواندن بەڕێزان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن

لەپێناوی ڕێکخستنەوەی بواری وەزیفەی گشتی و خانەنشینی لەسەرجەم بوارەکانی شارستانی و پێشمەرگایەتی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، هەروەها تەرخان کراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و بەرپاکردنی دادوەری و یەکسانی لە خەرج کردنی مووچەو دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتە داراییە گشتیەکان وە ڕێگرتن لە سوود وەرگرتنی ناڕەواو و نایاسایی لە تەرخان کراوەکانی بودجەی گشتی و لە پێناوی زامنکردنی مووچەی مووچەخۆر و خانەنشین و سوودمەندی چاودێری کۆمەڵایەتی شایستە ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

هۆیەکانی دەرچواندن

لەپێناوی ڕێکخستنەوەی بواری وەزیفەی گشتی و خانەنشینی لەسەرجەم بوارەکانی شارستانی و پێشمەرگایەتی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، هەروەها تەرخان کراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و بەرپاکردنی دادوەری و یەکسانی لە خەرج کردنی مووچەو دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتە داراییە گشتیەکان وە ڕێگرتن لە سوود وەرگرتنی ناڕەواو و نایاسایی لە تەرخان کراوەکانی بودجەی گشتی ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئێمە وەك خۆیمان هەیە لەگەڵ ڕای لیژنەی هاوبەش، یەکەم جار وەك خۆی دەخەینە دەنگدان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هۆیەکانی دەرچوواندن وەکو ئەوەی لیژنەی هاوبەش دایانڕشتۆتەوە؟ بەڵێ زۆر سوپاس بە (٨٩) دەنگ

هۆیەکانی دەرچوواندن پەسەند کرا، ئێستاش کۆی یاساکە دەخەینە دەنگدان بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە با بفەرمووێ؟ بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئەم پرۆژە یاسایە بە کۆی دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادەبووی ئەم هۆڵە پەسەند کرا، (٨٩) کەسە، پیرۆزبایی لە خۆمان و لە گەلی کوردستان دەکەین، ئێستاش بەم شێوەیە دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ریوواز فائق حسێن** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦)ی

پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٣\١\٢٠٢٠

خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦)

## پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٣

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٣ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، ئامادە بوونی بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٠) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی برگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی (٢٠٢٠/١/٢٣) بەم شێوەیە بێت:

١-ئامادەبوونی شاندی دانوستانکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی خستنەڕووی دەرئەنجامی کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی سەبارەت بە پرۆژە بودجەی ساڵی (٢٠٢٠) و کەیسی نەوت.

٢-خستنەڕووی بیرۆکەی بەڕێز (د.گەلاوێژ عبید عثمان) پەیوەست بە دامەزراندنی سەنتەری راوێژکاری بۆ ماوەی نیشتمانی لەبەر زۆربوونی رێژەی منداڵانی ناکام و نەخۆشییە بۆ ماوەییەکان، بەپێی حوکمی خاڵی دووەمی برگەی (یەکەم) لە ماددەی (٤٩)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەین، دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی وەرزی پایزەی ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ئێستاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان دەکەین پوختەیەك لە دانیشتنی پێشووتر لەگەڵ ناوی ئامادەنەبووان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان و کۆبوونەوەی لیژنەکان بخوێنێتەوە.

**بەڕێز منی نبی نادر (قەهوەچی)/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەرنامەی کار**

بەپێی حوکمی مادده (٥) و برگەکانی یەکەم و دووەم لە ماددەی (١٦) و برگەی سێیەم لە ماددەی (١٨) برگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠) ماددەکانی (٤٧) و

(٤٨) و (٥٢) و (٥٤) و (٥٥) و (٥٦) و (٥٧) له پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عیراق دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی پێنجشەممە ڕێککەوتی (٢٠٢٠/١/٢٣) بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

١-ئامادەبوونی شاندی دانوستانکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی خستنەڕووی دەرئەنجامی کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی سەبارەت بە پرۆژە بودجەی ساڵی (٢٠٢٠) و کەیسی نەوت.

٢-خستنەڕووی بیرۆکەی بەڕێز (د.گەلاوێژ عبید عثمان) پەیوەست بە دامەزراندنی سەنتەری ڕاوێژکاری بۆ ماوەی نیشتمانی لەبەر زۆربوونی ڕێژەی منداڵانی ناکام و نەخۆشییە بۆ ماوەییەکان، بەپێی حوکمی خاڵی دووەمی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٤٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٥)ی ئاسایی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێککەوتی (٢٠٢٠/١/١٦) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١-دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

٢-خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئامادەنەبوونی ئەندامانی دانیشتنی پێشووی بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت و ناوی ئامادەنەبوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

٣-دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٤-دەنگدان و پەسەندکردنی پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشین و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر بە دەنگی (٨٩) پەرلەمانتار.

٥-کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بە بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون لە دانیشتنی ژمارە (١٥)ی ئاسایی خولی پاییزە لە بەرواری (٢٠٢٠/١/١٦):

١- دیاری أنور حەمە رحیم مۆڵەت

٢- عباس فتاح صالح مۆڵەت

٣- فیصل عباس عولا مۆڵەت

ناوی ئەو ئەندامانەی کە بە مۆڵەت یان بە بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون لە کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان:

ناوی لیژنەکان:

- لیژنەی کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی ئافرەت لە (٢٠٢٠/١/١٩):

١- گوڵستان سعید محمد   مۆڵەت
٢- بدریە إسماعیل محمود مۆڵەت
٣-شادی نوزاد وهاب   مۆڵەت
- لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە (٢٠٢٠/١/١٩):
١- فرید یعقوب ئیلیا   مۆڵەت
٢- هلز أحمد محمد   مۆڵەت
- لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە (٢٠٢٠/١/١٩):
١- موسلیم عبدالله رسول مۆڵەت
٢- شنۆ ئەشقی عبدالله   مۆڵەت
٣- جلال محمد أمین   مۆڵەت
- لیژنەی پەیوەندییەکانی ڕەوەندی کوردستانی:
١- چیا حمد شریف   مۆڵەت
- لیژنەی کاروباری پێشمەرگە (٢٠٢٠/١/١٩):
١- حکمت محمد عبوزید   مۆڵەت
٢- باڵانبۆ محمد علی   مۆڵەت
٣- بژار خالد عبدالله   مۆڵەت لە لیژنی تر کۆبوونەوەی هەبوو
٤-باپیر کامەلا سلیمان   مۆڵەت
٥-گوڵستان سعید محمد   مۆڵەت
-لیژنەی کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی ئافرەت:
١-بدریە إسماعیل محمود  مۆڵەت
زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نوقتە نیزامە؟ فەرموو.

**بەڕێز بدریە إسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە داوای لێبووردنەوە من لە لیژنەی کارووباری کۆمەڵایەتی، سەرۆکی لیژنە ئاگادارە کە بە ئیشی لیژنە چوومەتە سلێمانی بۆ مانگرتووەکانی چاکسازی گەورانی سلێمانی، سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دوایی چاك دەكرێ، سوپاس، بەڕێزان زۆر بە گەرمی بە خێرهاتنی ئەندامانی شاندی دانووستانکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ گفتوگۆکانیان لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی لە بەغدا، زۆر بە گەرمی بە خێربێن، پێش ئەوەی دەست بە جێبەجێ کردنی خاڵەکانی

بەرنـامەی کـار بکەیـن بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـانی کوردسـتان وەك ئاگـادارن دوێنـێ (٢)ی ڕێبەندان یادی پڕ شکۆی (٧٤) سـاڵەی دامەزرانـدنی کۆمـاری کوردسـتان بـوو لە مهابـاد، بە نـاوی پەرلەمانی کوردستانەوە وێڕای بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی ئەم یادە پڕ شـکۆیە سـڵاو و ڕێـز و سـەری ڕێز و نەوازشی خۆشمان دائەنەوێنین بۆ گیانی پێشەوا قازی محمد و بارزانی نەمر و تێکڕای ئەو تێکۆشەرانەی کە لە دروست کردنی کۆماری کوردستان و پاراستن و بەرگری لێکردنی و هەروەها ئەو شۆڕشگێرانەی کە گیانی خۆیان بەخت کرد لە پێناوی کورد و کوردستان، ئێسـتاش بەڕێـزان دەست بە جێبەجێ کردنی خاڵەکانی بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمـان دەکەیـن، هەروەك لای بەڕێزتـان مەعلـومە کە یەکەم خـاڵ ئامـادەبوونی شـاندی دانوسـتانکاری حکـومەتی هەرێمـی کوردستان بە مەبەستی خستنەڕووی دەرەنجامی کۆبوونەوەکانیـان لەگەڵ حکـومەتی فیـدراڵی سـەبارەت بە پـرۆژە بـوودجەی سـاڵی (٢٠٢٠) و کەیسـی نەوت، ئەوەش دوابەدوای نووسـراوی پەرلەمـانی کوردسـتان کە لەلایەن ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمـانی کوردسـتان بە پێـی حـوکمی مـاددەی (٦٦) بـڕگەی (یەکەم) لە پەیـڕەوی نـاوخۆ لەلایەن ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمانەوە داوا کرابوو، کە ئەندامانی شـاندی دانووسـتانکاری حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بەشـداری دانیشـتنێکی پەرلەمـانی کوردسـتان بـکەن بـۆ خسـتنەڕووی بـابەتێکی گشـتی و کە پەیوەنـدی بە بەرژەوەنـدی هەرێمـی کوردسـتانەوە هەیە، بەڕێـزان لای هەمووتـان مەعلـومە کە دانووستاندن تا ئەو حاڵەتەی کە دەگاتە کـاتی ڕێککەوتـن و بکرێـت ڕێککەوتـنەوە بڵاوبکـرێتەوە پێویست بەوە دەکات ئەم دانووستانە بە شێوەیەکی تایبەتی بمێننەوە لە نێوان شـاندی ئەو دوو لایەنەی یـان ئەو چەنـد لایەنەی کە گفتوگۆکـان دەکەن، لەبەر ئەوەی هێشـتا نەگەیشـتوونەتە ڕێکەوتنی کۆتایی، بۆیە بەڕێزان بە پێی حوکمی ماددەی (٩) بڕگەی دووەم داواتـان لـێ دەکەیـن کە ئەم دانیشتنە، ئەم بڕگەی دانیشتنی ئەمڕۆمان سەبارەت بە دانووستانەکان بە نهێنـی بەڕێـوە بچێت، بۆیە وەکو سەرۆکی پەرلەمان داواتان لێ دەکەیـن بەڕێـزان هەر بەڕێزێـك لەگەڵ ئەوەیە ئەم بڕگەی دانیشتنە کە بە نهێنی بەڕێوە بچێت دەسـت بەرز بکـاتەوە، سـوپاس، بە دەنگـی (٧٣) ئەندامی پەرلەمان ئەم بڕگەیەی دانیشتنەکەمان کە تایبەتە بە خستنەڕووی بابەتی دانووستان لە نێوان حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان و حکـومەتی ئیتیحـادی بە نهێنـی بەڕێـوە دەچێـت، بـۆیە ئێستا داوا لە بەڕێزان دەکەیـن لە ڕاگەیانـدنی پەرلەمـان، لەو بەڕێـزانەی کە لێـرەن وەکـو میـوان ئامـادەن هـۆڵی دانیشـتنەکە بەجـێ بهێڵن، بە هـیچ شـێوەیەك لە میـدیکان بـڵاو نـاکرێتەوە و لە پرۆتۆکۆڵیش تۆمار ناکرێ، بەڵێ کاك سۆران نوقتەی نیزامی، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پـێش ئەوەی کە ئەو بـابەتە بخەیـتە دەنگـدان مـن داوای نـوقتە نیـزامیم کـرد، بەڵام خسـتتە دەنگدان، ئەگەر نا من لەگەڵ ئەوە نەبووم نهێنـی بـێ، چـونکە وەفـدی دانووسـتانکار ئەو ڕۆژەی

دوا جەولەی هاتنەوەیەتی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی بەستووە، هەموو شتی بۆ ڕاگەیاندن باس کردووە یەعنی چی ماوە نهێنی نەبێ؟.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاک سۆران کۆتاییمان هێنا ئەو بابەتە خرایە دەنگدان، ئەو بابەتەی کە دەنگی لەسەر درا قسەی لەسەر ناکرێ، کاک أبوبکر، فەرموو ئەگەر نوقتە نیزامە.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە (١/١٦) بە واژووی (٢٢) پەرلەمانتار داوای دانیشتنێکمان کردبوو بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کۆچی گەنجان بەرەو هەندەران، تاوەکو ئێستا ئەوە هەفتەیەکە بێ وەڵامە، هیوادارین لەو حەفتەیە کە ماومانە ئەو دانیشتنە ئەنجام بدرێت.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێز کاک أبوبکر ئەم نووسراوە گەیشتووە و ئێمەش وەکو دەستەی سەرۆکایەتی ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانمان کردووە لە کۆبوونەوەیەك دا بڕیاری لەسەر دەدەین، بە نووسراو ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێ، د.شایان، فەرموو.

**بەڕێز د.شایان کاکە صالح محمد:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

کاك هێمن وەڵلا من ڕام وایە لە پرۆتۆکۆڵ تەسجیل بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نا ئەو بابەتە دەنگی لەسەر درا بەڕێزان، دانیشتنی نهێنی پەرلەمان وازحە، بۆیە دەست بەجێبەجێ کردنی ئەم خاڵە دەکەین و بە دەنگی (٧٣) ئەندامی پەرلەمان ئەم دانیشتنە بە نهێنی بەڕێوە دەچێت، بۆیە داوا لە هەموو ئەندامانی بەڕێز دەکەین پابەندی ئەم بڕیارەی پەرلەمانی کوردستان بن کە دەنگی (٧٣) ئەندامی پەرلەمانی لەسەر دراوە، بۆیە ڕێگە نادرێت هیچ پەرلەمانتارێکی بەڕێز بە مۆبایل دەنگ تەسجیل بکات یان مۆبایلەکەی لەلای مایکرۆفۆنەکەی دانێ، بۆیە داواتان لێ دەکەم هەمووتان مۆبایلەکانتان بکوژێننەوە، چونکە وەفدی دانووستانکار بۆیە لێرەن، بۆ ئەوەی ئەو بابەتانە لەگەڵ ئێوە قسە بکەن، نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن، بگەنە ڕێککەوتن دەبێ ڕێککەوتنەکە ئاشکرا بکەن و بێنن لەبەردەم میدیاکان و پەرلەمانی کوردستانیش قسەی لەسەر بکەن، بەڵێ دەست بە جێبەجێ کردنی دەکەین، ئێستاش داوا لە بەڕێزان ئەندامانی شاندی دانووستانکار دەکەین، بفەرمن بۆ خستنەڕووی بابەتەکانیان.

# بەشی ٢ نهێنی بوو

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان دەسـت بە جێبەجـێ کردنـی بـڕگەی دووەمـی بەرنـامەی کـاری ئەمڕۆمـان دەکەیـن، کە بـریتییە لە خسـتنەڕووی بیـرۆکەی بەڕێـز د.گەلاوێـژ عبیـد عثمـان پەیوەسـت بە دامەزرانـدنی سـەنتەری ڕاوێژکـاری بـۆ مـاوەیی نیشـتیمانی لەبەر زۆربـوونی منـداڵانی ناکـام و نەخۆشـییە بۆماوەییەکان بە پێـی حـوکمی خـاڵی (٢)ی بـڕگەی یەکەم لە مـاددەی (٤٩)ی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ئێستاش داوا لە بەڕێزیان دەکەین بفەرمـوونە شـوێنی دیـاریکراو بە پێـی پەیڕەو لە مـاوەی (١٠) دەقـیقەدا بـابەتەکە و بیـرۆکەکەی خـۆی بخـاتەڕوو، پابەنـدی ئەو بیـرۆکە نووسراوە بێ کە پێشکەشی کردووە، فەرمووو.

**بەڕێز د.گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەڕێز دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەمڕۆ ئەم بیرۆکەیەمان دەخەینەڕوو، بیرۆکەی دامەزرانـدنی سـەنتەری ڕاوێژکاری بۆماوەیی نیشتیمانی لەبەر زۆربوونی منداڵانی ناکام و نەخۆشـییە بـۆ ماوەییەکـان، بەڕێزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، ئـێمە ئەمـڕۆ لەبەردەم کێشـەیەکی گشـتیداین کە کێشـەی گشـتی هەمـوو هاووڵاتیـانی هەرێمـی کوردسـتانە، پیشـەکی زۆرجـار گوێمـان لـێ دەبێـت کە خێزانێـك منداڵێکی ناکامیان دەبـێ و ڕاوێـژ بە پزیشـکەکەی دەکـات دەڵـێ لەوانەیە منـداڵی داهاتووشـتان ناکام دەربچێ، ئەوە و چەندین پرسیاری تر لامـان گەڵاڵە دەبـێ، بۆچوونمـان بـۆ ئەوە دەچـێ کە ئەو دوو هاوسەرە خزمی یەك بن، ئایا ئەم نەخۆشییە چـۆن دەگـوازرێتەوە؟ ئایـا نەخۆشـییە بـۆ ماوەییەکان چیە؟ چۆنن؟ چ بەرپرسە لە گواستنەوەی ئەم نەخۆشییە بۆماوەییانە؟ بـۆ جەواب دانەوەی ئەوانە وزانینـی نەخۆشـییە بۆماوەییەکـان پێویسـتە پێناسـەیەکی نەخۆشـییە بـۆ ماوەییەکان بکەین.

نەخۆشییە بۆماوەییەکان بریتی یە لە گواستنەوەی چەنـد نەخۆشـییەکی بۆمـاوەیی کە بریتـی یە لە ڕوودانی خەلەلێك لە ڕێکخستنی بـۆ هێڵەکـان، ئەو بـۆهێڵانە واتـا جینەکـان دەکەونە سـەر کرۆمۆسـۆمەکان لە نـاوکی خـانە، زۆربەی ئەو ناکامییـانە بەرپرسـیارێتی نـاگەڕێتەوە سـەر بـۆ بۆهێلەکـان، واتـا هەموویـان بۆمـاوەیی نـین، چەنـدین جـار لەوانەیە دایـکەکە لە کـاتی سـکپڕی

هۆکـارێکی تـر هەبـێ یـان نەخـۆش بکەوێـت، یـان بەر تیشـکی (x) واتـا (x-ray) بـکەوێ، یـان مـاددەیەکی کیمیـاوی بەکـاربهێنێ، ئەوە هەمـوو کـاریگەری دەبێـت لەسـەر نـاتەواوی و ناکـامی جەسـتەی کـۆرپەلەکەی، بـۆیە ئەو بـۆهێلانە بەشـێوەیەکی زۆر ئـاڵۆز بەرپرسـن لە گواسـتنەوەی سـیفەتەکان لە نەوەیەکەوە بـۆ نەوەیەکـی تـر، بەڵـگەی زیندووشـمان زۆرن بـۆ ئەوانە، چەنـدین توێژینەوەمـان کـردووە لە سـاڵانی (٢٠٠٤) و (٢٠٠٥) لە توێژینەوەکانمـان دەرکەوت کە لە شـاری هەولێـــر لە نەخۆشـــخانەی لەدایکبـــوون کردوومـــانە، زۆربەی ڕێـــژەی منـــداڵە ناکامەکـــان کە توێژینەوەیەکمان کردووە لە ماوەی ساڵێك تەقریبەن ڕێژەی منداڵە ناکامەکان (٦٩) منـداڵ بـووە لە (٢٢٤٨٧) منداڵی لە دایکبـوو، زۆرترینیـان ڕێـژەی ناکامییەکەیـان لە دڕکە پەتـك بـووە، ئەوەش ئەگەر بێـین لێکـدانەوەیەکی بـۆ بکەیـن دەبینـین کەمـی فۆلیـك ئەسـید کە دەچێـتە پێکهـاتەی (DNA) کاریگەری دەبێت لەسەر پێکهاتەی دڕکە پەتك، بۆیە ئەگەر هاتو دایکەکە هۆشـیارییەکی هەبوایە یان ئەو فۆلیك ئەسیدەی لە سـێ مـانگی یەکەمـی سـکپڕی بەکـار بهێنـایە لەوانەیە ئەو حاڵەتە ڕووینەدابـا، هەروەهـا لە تـوێژینەوەیەکی تـر کە لە سـاڵی (٢٠١١) بڵاوبـۆتەوە، لە (٢٠١٠) تـا سـاڵی (٢٠١١) داتـای سـاڵێکمان خـڕ کـردۆتەوە، ئەو سـاڵە دەرکەوتـووە کە زۆرتـرین ڕێـژەی کەم ئەندامی لە (hydrocephalic) بـووە، واتـا سـەری منـداڵەکە گەورە بـووە و کەمێـك ئـاو لە سـەری منداڵەکە کۆبۆتەوە، چەندین داتای تریشمان هەیە، بەڵام ئەوەی کە لێـرە کـاریگەری هەیە لەسـەر دروستبوونی ئەو ناکامییە بە پێی توێژینەکـان بۆمـان دەرکەوتـووە تەمەنـی دایـك و ڕەگەزیـش کاریگەری هەیە لەسەر ناکامی منداڵەکە، تەمەنی دایك بەتایبەتی بۆ ڕێـژەی زۆربـوونی منـداڵانی مۆنگـۆلیزم کە (down syndrome)ی پـێ دەڵـێن ئەگەر هـاتوو دایـکەکە لە تەمەنـی (٣٥) سـاڵی گەورەتر بوو ڕێژەی لە دایکبوونی منداڵانی مۆنگۆلیزم زیاتر دەبێ، چەند نمونەیەکی زینـدوومان هەیە بـۆ ئەو منـداڵە ناکامـانە کە ئەو کـاتی کە تـوێژینەوەکە ئەوانە هەمـوو منـداڵی ناکـامن لە نەخۆشخانەی هەولێر بۆ خۆم وێنەیانم گرتـووە، ئەگەر بێـین تەماشـایان بکەیـن دەبینـین ئەوانە چەند منداڵێکی ناکامن، بەڕێزان بـۆ چارەسـەرکردنی ئەو کێشـەیە ئێسـتا پرسـیار دەکەیـن، کـێن ئەوانەی پێویسـتە ڕاوێـژی بۆمـاوەیی بـکەن؟ ڕاوێـژی بۆمـاوەیی ئەو ڕاوێـژەیە کە پـرس لە دکتۆرێکی شارەزای بۆ ماوە ماددە دەکرێت، ئایا بۆ ئەو کوڕ و کچـانەی کە دەچـنە هاوسـەرگیری یەکێکیان یان لە خێزانی هەردووکیان منداڵی ناکام هەبێ یان جینێکی بۆماوەیی ناتەواو هەبێ، یان ئەو خێزانانەی کە خزمی یەکن و لە ڕەچەڵەکی بۆماوە ماددەیان جینێکی ناکام هەبـێ وەکـو تەلاسـیمیا، یـان ئەوانەی کە زۆربەی ئەو ئافرەتـانەی کە چەنـدین جـار ڕووبەڕووی لەبـارچوون

دەبنەوە لە جارێك زیاتر پرسیار دەکەن، ئایا هۆکارەکە بۆماوەیە لە پشت ئەوە؟ یان نا؟ ئەوە ئەو سەنتەرە جوابی ئەو هەموو پرسیارە دەداتەوە ئەگەر بێین ئێمە ئامانجەکانی بخەینە ڕوو.

ئامانجەکانی ئەم سەنتەرە چیە؟

یەکەم/ پشکنینی پێش وەختە بۆ کۆرپەلە بۆ ئەوەی بزانین ئایا هەڵگری جینێکی ناتەواوە؟ ئایا جەستەی تەواوە؟ ئایا جەستەی تەواو نیە؟

دووەم/ لەم ساڵانەی دوایی ڕێژەی شێرپەنجە زۆر بووە، دەتوانین لە ڕێگای ئەم سەنتەرەوە تۆڕێکی نیشتیمانی ڕابگەیەنین، هەڵمەتێکی نیشتیمانی ڕابگەیەنین بۆ پشکنینی پێش وەختەی شێرپەنجەی مەمك،

سێیەم/ پرۆگرامی نیشتیمانی تێر و تەسەل دابنێین بۆ خۆپاراستن بۆ نەخۆشییە بۆماوەییەکان بە هاوکاری وەزارەتی تەندروستی بۆ پشکنینی پزیشکی ناچاری پێش هاوسەرگیری، ئەوانەی دەچنە هاوسەرگیریئێستا خۆشبەختانە سەنتەرمان هەیە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پشکنینی پێش هاوسەرگیری، بەڵام بەو پێویستییە نییە کە ئێمە دەمانەوێ بۆ پشکنینی ئەو نەخۆشییانە و ڕێگیرییەك دابنێ بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشی تەلاسیمیا، ئینشاڵلا لە ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەلی تردا هەموو داتای تەلاسیمیای هەرێمی کوردستان دەخەینەڕوو، دەزانین ساڵانە ڕێژەکانیان چەند دەبێت.

چوارەم/ هەرچەندە هەتا ئێستا کاتێك گوێمان لە نەخۆشییە بۆماوەییەکان دەبێت یان ناکامی جەستە یەکسەر بیرمان بۆ هاوسەرگیری خزمان دەچێت (زواج الأقارب) کە ڕێژەی ڕوودانی تێکچوونی ماددە بۆماوەییەکان دوو هێندەیە ئەگەر بێت و بەراورد بکرێت بە هاوسەرگیرییەك کە خزمی یەکتر نەبن، بە پشت بەستن بە پشکنین بۆ نەخۆش و خێزانەکەی دەکرێت باری بۆماوە ماددەی بزانرێت و لە فایلێك تۆمار بکرێت، ئەگەر بێت و پلان دابنرێت بۆ سکپڕی نوێ سوود لەم داتایە وەربگیرێت، هەروەها کە گرنگترین بەش ئامانج بۆ دامەزراندنی ئەو سەنتەرە بۆ ناسینەوەی تەرمی گۆڕە بە کۆمەڵەکان بە پشکنینی (DNA) و ناسینەوەی منداڵە ونبووەکان ئەویش بە پشکنینی (DNA) لەگەڵ خێزانەکانیان.

بەڕێزان ئەم سەنتەرە لە چەند بەشێکی گرنگ پێك دێت:

یەکەمیان/تاقیگەی پشکنینی کرۆمۆسۆمی و نۆڕینگەی بۆماوەیی و ڕاوێژکاری.

دووەمیان/ بەشی بۆماوەیی گەردی کە لەم بەشەدا (DNA) و ئەو بازدانانەی کە لە (DNA) ڕوودەداتپشکنینی بۆ دەکرێت، بەشی بۆماوەی کیمیای گیانی واتا (biochemistry) لەم بەشەدا چەند نەخۆشییەکمان هەیە بە فەسلەجەی ئینسانەوە وەکو (phenylketonuria) (بول)ی ڕەش

(بول الأسود) ئەگەر هاتو لە سەرەتای کۆرپەلە تەشخیص کرا ئەوا کۆپەلەکە تووشی (تخلف عقلی) نابێت دەتوانین ئەو پرۆتینەی پێ نەدرێتن کە لەو کاتەدا دەیخواتن منداڵەکە لە شیرە پێکهاتەکەی دەبیتن.
تاقیگەی بۆماوەی خانە و پشکنین: لێرەشدا پشکنین بۆ خانە دەکرێت و باری بۆماوە ماددەی دەزانرێت.
بەڕێزان بۆ ئەم کێشە گەورەیەی کە خێزانانی کوردستان پێوەی دەناڵێنن و منداڵی ناکامیان هەیە، ئەو خێزانەی کە منداڵێکی ناکام...

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە ئەگەر چڕی بکەیتەوە، یەك دەقەت ماوە.

**بەڕێزد.گەلاوێژ عبید عثمان:**

چارەسەرەکان:

بۆ ئەوەی بتوانین چارەسەرێك بۆ ئەو کێشانە دابنێین پێویستمان بە دامەزراندنی سەنتەرێکی بۆماوەیی نیشتیمانی دەبێت بۆ دامەزراندنی ئەم سەنتەرە دەبێ بتوانین سوود لە ئەزموونی وڵاتان وەربگرین و دوای دامەزراندنی سەنتەرێکی لەم شێوەیە دەتوانرێت خولی ڕاهێنان بکرێتەوە، کۆمەڵێك لە ستافی زۆر باش پێ بگەیەنین بۆ کۆمەڵگا، ئەم خێزانانەی نەخۆشی بۆماوەییان هەیە لە ڕێگای ئەم سەنتەرە شارەزا دەبن، زانیاری وەردەگرن سەبارەت بە نەخۆشی یە بۆماوەییەکان و چۆنییەتی ڕێگەگرتن لەم نەخۆشییانە و کەمکردنەوەی ڕێژەی جینە بەزێوەکان، هەروەها لە ڕێگای ئەم سەنتەرەوە دەتوانین هۆشیارکردنەوەی تاك و خێزان، ئەوانەی لە مەترسیدان بۆ گواستنەوەی بۆهێلە ناتەواوەکان بیخەینەڕوو، بۆیە دامەزراندنی ئەم سەنتەرە زۆر گرنگە دەبێتە یەکەم سەنتەر لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عیراق، هەروەها لە داهاتوو ئێمە ئەوە وەکو پێشنیازی یاسا پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، هیوادارم هەموو پەرلەمانتاران پاڵپشتبن و هاوکار بن بۆ ئەوەی ئەو پرۆژە پێشنیازی یاسایە جێبەجێ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، زۆر سوپاس بۆ بەڕێز د.گەلاوێژ، بەڕێزان بەر لەوەی کۆتایی بە دانیشتنەکە بێنین، لێرەوە جارێکی تر پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی سەرجەم ئەو قوربانییانە دەکەین کە لە دەریای ئیجە گیانیان لە دەستداوە، ئێستاش کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین، دانیشتنی

ژماره (١٦)ی ئاسایی وەرزی دووەمی ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، سەرکەوتوو بن.

<table>
<tr><td>منی نبی قهوچی<br>سکرتێری پەرلەمانی<br>کوردستان – عێراق</td><td>هێمن هەورامی<br>جێگری سەرۆکی پەرلەمانی<br>کوردستان – عێراق</td><td>د. ریّواز فائق حسێن<br>سەرۆکی پەرلەمانی<br>کوردستان – عێراق</td></tr>
</table>

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧)ی

پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠\١١\٣٠

خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٧)
# پێنج شەممە رێكەوتی ٢٠٢٠/١/٣٠

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی ٢٠٢٠/١/٣٠ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. رێواز فائق حسێن سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٧)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٠) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی بڕگەی (یەكەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی ساڵی یەكەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی (٢٠٢٠/١/٣٠) بەم شێوەیە بێت:

١- خستنەڕووی گفتوگۆ كردنی شایستە داراییەكانی جوتیارانی هەرێمی كوردستان.

٢- قەبوڵ كردنی دەست لەكاركێشانەوەی بەڕێز پەرلەمانتار ئاشنا عبدالله قادر لە لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەت بەپێی حوكمی ماددەی (٢٨) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ـ عیراق.

٣- ڕاگەیاندنی كۆتایی هاتنی خولی پاییزەی ساڵی یەكەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لەلایەن رێزدار سەرۆكی پەرلەمانەوە بەپێی بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٨) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ـ عیراق.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ژمارە (١٧)ی ئاسایی، خولی پاییزەی ساڵی یەكەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان دەست پێ دەكەین، بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان دەكەین كە پوختەی كۆنووسی كۆبوونەوەی پێشوو و بەرنامەی كار و ناوی ئامادەنەبووان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی ماددەی (٥) و بڕگەكانی یەكەم و دووەم لە ماددەی (١٦) بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٨) بڕگەكانی یەكەم و دووەم و سێ یەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠) ی ماددەكانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ـ عیراق، دەستەی

سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٧) ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان کاتژمێر (١١) ی پێشنیوەڕۆ ڕۆژی پێنج شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/١/٣٠ بەم شێوەیە بێت:

٤- خستنەڕووی گفتوگۆ کردنی شایستە داراییەکانی جوتیارانی هەرێمی کوردستان.

٥- قەبوڵ کردنی دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز پەرلەمانتار ئاشنا عبداللە قادر لە لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت بەپێی حوکمی ماددەی (٢٨) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق.

٦- ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی خولی پاییزەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لەلایەن ڕێزدار سەرۆکی پەرلەمانەوە بەپێی برگەی (٣) لە ماددەی (١٨) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/١/٢٣ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتی ناوی ئامادەنەبوونی ئەندامانی دانیشتنی پێشوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت و ناوی ئامادەنەبوونی ئەندامان لە کۆ بوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

٣- بە نهێنی کردنی دانیشتنی پەرلەمان تەنیا بۆ برگەی (١) بەرنامەی کار بە دەنگی (٧٣) ئەندامی پەرلەمان.

٤- دەستپێکردنی برگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.

٥- خستنەڕووی دەرئەنجامی کۆبوونەوەی شاندی دانووستانکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عیراق سەبارەت بە پرۆژەی بوودجەی ساڵی ٢٠٢٠ و کەیسی نەوت.

٦- خستنەڕووی بیرۆکەی بەڕێز د.گلاوێژ عبید عوسمان پەیوەست بەدامەزراندنی سەنتەری ڕاوێژکاری بۆ ماوەی نیشتمانی لەبەر زۆربوونی ڕێژەی منداڵی ناکام نەخۆشییە بۆ ماوەییەکان.

٧- کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.

ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بەبێ مۆڵەت ئامادەنەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە ١٦ ی ئاسایی خولی پاییزە لەبەرواری ٢٠٢٠/١/٢٣ :

١- ادریس سمایل عبوش/ مۆڵەت/ کاری تایبەت

٢- باڵانبۆ محمد علی/ ئامادەنەبوو

٣- فیصل عباس عولا/ مۆڵەت/ باری تەندروستی

٤- دیاری انور حمه رحیم/ مۆڵەت/ کاری تایبەت
٥- رۆژان محمد کریم/ مۆڵەت/ کاری تایبەت
٦- سلمه فاتح توفیق/ مۆڵەت/ کاری تایبەت
٧- سەرکۆ ئازاد حسین/ مۆڵەت/ کاری تایبەت
٨- شێرکۆ جودت مستەفا/ مۆڵەت/ کاری تایبەت
٩- عباس فتاح صالح/ مۆڵەت/ کاری تایبەت
١٠- عبدالناصر احمد علی/ مۆڵەت/ کاری تایبەت
١١- کاروان عبدالرحمن عبدالله/ مۆڵەت
١٢- مسلم عبدالله رسول/ مۆڵەت
١٣- هاوڕێ بنا محمد/ مۆڵەت

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ناوی ئەو ئەندامانەی کە مۆڵەت یان بەبێ مۆڵەت لە کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان ئامادەنەبوو:

لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا لە ٢٠٢٠/١/٢٢ :

سەروان محمد علی/ ئامادەنەبوو

فرید یعقوب ئیلیا/ ئامادەنەبوو

لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ٢٠٢٠/١/٢٢:

ئاشنا عبدالله قادر/ ئامادەنەبوو

لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە ٢٠٢٠/١/٢٣:

فیصل عباس عولا / مۆڵەت

لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە ٢٠٢٠/١/٢٧:

ادریس اسماعیل عبوش/ مۆڵەت/ لە دەرەوەی وڵات

شاخەوان رووف مستەفا/ مۆڵەت/ وۆرکشۆپی هەبوو

دیاری انور حمەرحیم/ مۆڵەت/ کاری تایبەت

فاهیك کمال صوغومون/ مۆڵەت/ کاری تایبەت

لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت لە ٢٠٢٠/١/٢٧:

زانا خالد سمایل/ مۆڵەت/ کاری تایبەت

مم اسکندر مم/ مۆڵەت/ کاری تایبەت

هیمداد صباح بلال/ مۆڵەت/ کاری تایبەت

لیژنەی پەیوەندیەکانی رەوەندی کوردستانی ٢٠٢٠/١/٢٧:

ادریس اسماعیل عبوش/ مۆڵەت/ لە دەرەوەی وڵات

شیرین یونس عبدالله/ مۆڵەت/ کاری تایبەت

سیروان فرج محمد/ مۆڵەت/ کاری تایبەت

لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت لە ٢٠٢٠/١/٢٧:

جوان یونس محمد/ مۆڵەت

قسلمە فاتح توفیق/ مۆڵەت

لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان ٢٠٢٠/١/٢٨:

شوان کریم محمد/ مۆڵەت

شمۆل اشین صابر/ مۆڵەت

لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان لە ٢٠٢٠/١/٢٩:

باڵانبۆ محمد علی/ مۆڵەت

یاسین خدر تەها/ مۆڵەت

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان بە پێی پەیڕەو ئەو ڕۆژەش باسمان کرد هەر کەسێك لە لیژنەیەك دا بەکاری لیژنە یان بەکاری پەرلەمانتاری لە دەرەوەی لیژنەکە بێ، مۆڵەتی کاری تایبەت نییە، ببورە حەز دەکەم بیرتان خەمەوە، ئەمە بۆ ڕای گشتییە. ...... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە خۆمان بڕیارمان لەبارەوە دا کە مەرج نییە هەموو جارێك بخوێنرێتەوە لەبەرچی، بەڵێ سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەرەتا زۆر بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان و وەزیری بازرگانی و پیشەسازی دەکەین بەخێر بێن سەرچاو بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئێستا دەست بەجێ بەجێ کردنی بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکەمان دەکەین کە بڕگەی یەکەمی بریتییە لە خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی شایستە داراییەکانی جوتیارانی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە داوا لەبەڕێزان سەرۆك و جێگر و بڕیاردەر و ئەندامانی لیژنەی کشتوکاڵ دەکەین بفەرموون بێنە شوێنی خۆیان، فەرموون، بەڵێ فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٦٦) بڕگەی یەکەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ئێمە (٢٢) پەرلەمانتار لە ٢٠٢٠/١/١٦ ەوە یاداشتێکمان داوە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بۆ ئەوەی کە دانیشتنێکی پەرلەمان تایبەت بێ بە دیاردەی کۆچی گەنجان کە ڕۆژ بەرۆژ بەرەو زیادبوونە بەرەو هەندەران و

قوربانیەکان زیاتر دەکات، هەر بەپێی بڕگەی سێیەم لە ماددەی (٦٦) سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەبێ لە ماوەی لە (١٤) ڕۆژ زیاتر نەبێ وەڵامی یاداشتەکە بداتەوە و دانیشتن ساز بکات، بەڵام هەتا ئێستا ئەو مەوعیدە دانەنراوەو بەپێی ئەوە ئەمڕۆش کۆتا وەرزی خولی یاسادانانە داواکارین کە ڕوونکردنەوەی پێویستمان بدەنێ لەسەر ئەو بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێمە یاداشتەکەی جەنابتانمان بینی، بەڵام بۆ ئەوەی بزانین چی بکەین لەڕاستی لەو دانیشتنەدا، یاداشتەکەمان بەفەرمی ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیەکان و ڕەوەندی کوردستانی کردووە، بۆیە ڕەئی خۆیانمان پێ بڵێن لەسەر ئەوەی ئالیەتی دانیشتنەکە چۆن بێ، ئێمە دەتوانین لەو دانیشتنە چی بکەین، هەر کاتێك ئەوان وەڵامیان داینەوە بەرەسمی کۆبوونەوەی خۆیانیان کرد دڵنیابن لەوەی ئەو دانیشتنە دەکەین، کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەهەمان شێوە و بەهەمان ماددەی پەیڕەوی دوو یاداشتمان بە ژمارەی یاسایی ئەندامان پێشکەش کردووە، سەبارەت بە بانگهێشتی ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز، بەڕێزتان فەرمووتان ئاراستەی حکومەت کراوە تا ئێستا نەتیجەی نییە، هاوکات لەگەڵ داوای کێشەی کارەبا یاداشتێکی ترمان لە هەمان ڕۆژ لە مەسەلەی دەروازە سروشتیەکان پێشکەش کردووە کە ئەمرۆ کۆتایی وەرزی خولی گرێدانەیە، هیچ ئەنجامێکی نەبووە هیواردارم وەڵاممان بدەنەوە؟.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەسەرچاو، کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی خاتوو سەرچنار دەکەم، ئەو یاداشتەی جەنابت کە فەرمووتان ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیەکان و ڕەوەندی کوردستانی کراوە، من بڕیاردەری ئەو لیژنەیەم ئەو یاداشتە ئاراستەی ئێمە نەکراوە، کە ئێمە دوا کۆبوونەوەمان ڕۆژی دووشەممە کردووە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاراستەمان کردووە و من بەدەستی خۆم نووسیومە، لەوانەیە تا ئێستا نەگەیشت بێ، کاك هێمنیش دەڵێ ئاراستەمان کردووە، کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەك سەر ماددا (٥٥) ی هەبوو نیسبەت ئاخافتنێت پەرلەمانتارا د پرۆتۆکۆڵێ دا، ئەوەی من تێبینی کریە د ماوەی بووریێ د ئاخافتنێت هەڤاڵێت پەرلەمانتار تایبەت ئەو ئەندام

پەرلەمانێ کە بە کرمانجی ئاخافتینە ب شاشی هاتینە تەرجومە کرن، بە شاشی هاتینە نڤیسین، من تێ بینی کر ئەز داخاز دکەم د نڤیسینا پرۆتۆکۆلی دا ئەگەر مومکین بەت کەسەك ب زمانێ کرمانجی ل نڤیسینا پرۆتۆکۆلی دا بیت، سوپاس، چونکە د پرۆتۆکۆلێت هەیڤا بووری دا مەخابن ئاخافتنێت مە ب شاشی هاتینە نڤیسین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

دروستە لە جێی خۆیەتی، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شرين امين عبدالعزيز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٨) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دوو پرسیارم ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، نووسراوی یەکەم بە ژمارە (١٧/٢٨) لە ٢٠١٩/١٠/١٦ ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانم کردووە، سەبارەت بە خاڵی سنووری نێودەوڵەتی باشماغ، نووسراوی دووەم بە ژمارە (٩٣/٣٣) لە ٢٠١٩/١١/٢٧ ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کردووە سەبارەت بە زانکۆی گەرمیان، هەر لە هەمان کاتدا بە پێی ماددەی (٦٠) بڕگەی (٣) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، فەترەیەکی زەمەنی دیاری کراوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان کە لە (٢١) ڕۆژ تێ نەپەڕێ، بەڵام هیچ نووسراوێکی ئێمە بەپێی ئەو کاتەی کە لەپەیڕەو دا هاتووە ناگاتەوە بەدەستمان یاخود وەڵام نادرێتەوە، داوای ڕوونکردنەوە دەکەین؟.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پەرلەمانە بەڕێزە موئەسەسەیەکی باڵای یاسادانانە، هیوادارم دوور بێ لە هەموو حوقد و بوغزێکی شەخسی و حزبی، ئەمەم بۆ ئەوە وت بەڕێز د.یوسف کە خولی چوارەم دا سەرۆکی پەرلەمان بوو بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان بوو بە سەرۆکی ئەم پەرلەمانە، بەڕێزیان بەشێکن لە مێژووی ئەم پەرلەمانە، پێویست بوو وێنەکەی بەڕێزیشیان ...... هیوادارم ئەمە تەنها هەڵەیەکی هونەری بووبێ و هیچ حوقد و بوغزێکی شەخسی نەبووبێ بەرامبەری، چونکە بەڕاستی بەڕێزیان بەشێکن لە مێژووی ئەم پەرلەمانە، پێویستە هەر کەسێك کە دێتە ئەم پەرلەمانە وێنەی سەرۆکەکانی پەرلەمان ببینێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە بە ڕەسمی داوامان لە برای بەڕێزمان کاك د.یوسف کردووە، کە وێنەیەکی خۆی بنێرێ بۆ ئەوەی هەڵی بواسین، هەر کاتێك جەنابیان وێنەکەی نارد هی کاك د.یوسفیش هەڵدەواسرێ و هی د.ڤالاش هەڵدەواسرێ، هەردووکیشیان بەفەرمی داوایان لێ کراوە ماوەیەك پێش ئێستا،

هەر کاتێـك وێنەکەیـان گەیشـت ئـێمە وێنەکەیـان هەڵدەواسـین، هـیچ شـتێکی شەخسیشـمان بێگومـان لەگەڵ رەفیقەکانمـان نیـیە، دڵنیـابە ئـێمە خۆمـان داوامـان لـێ کـردوون بەڕەسـمی نووسـینگەی ئـێمە داوای لـێ کـردوون کە رەسـممان بـۆ بنێـرن بەو شـێوەیەی کە خۆیـان پێیـان خۆشە، رەسمەکانیان هەڵدەواسرێ، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشت بە ماددەکانی (٥٨ و ٥٩ و ٦٠) لە پەیـڕەوی نـاوخۆ هیـواردام ئەم کێشـە کە پەیوەنـدی بە پرسـیار و بە نووسـراوەکانی ئـێمەی پەرلەمانتـارانەوە هەیە بـۆ وەزیرەکـان و سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران چارەسەری ریشەیی بکرێ، مـن بەشـبەحاڵی خـۆم لەمـاوەی چەنـد مـانگی رابـردوودا هەر لەم وەرزەدا کە ئەمـرۆ کۆتـایی پـێ دێـت، زیـاد لە (٣٠) نووسـراو و پرسـیارم ئاراستەی وەزیرە جیاجیاکان کردووە، لە کۆی ئەو پرسیارانەی کە کردوومە تەنیا دوو وەڵامم بـۆ هاتۆتەوە، هیـوادارم ئەم کێشـەیە چارەسـەر بکرێ، چەنـد وەزیرێکـی بەڕێـز لێـرەیە یەعنـی ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکانیش بکـرێتەوە نەبـێ بە دیـاردە بەڕاستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی دارایی بە ئیمزای من کە ئەو کات جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی بووم، وەختـی خـۆی کە پـارە لە کوردسـتان زۆر بـووە و حکـومەت سـولفەی زەواج و سـولفەی خـانووبەرە بە خەڵکیـان بەخشـی، بـۆ مـاوەیەك کە دەبـێ ئەو پـارەیە بگەڕێـتەوە، کاتێـك قەیرانـی دارایـی لە کوردستان دروسـت بـوو، حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان، قەراری دا لە ٢٠١٦ بڕیـاری حکـومەتی هەرێمی کوردستان هەیە بە فەرمی کە حکومەت لەمانە پارەیـان لـێ وەرنەگـرێتەوە هەتـا وەکـو قەرارەکە بەم شـێوەیەیە هەتـا وەکـو تەواوی شایسـتە و مـووچەی فەرمـانبەرانی هەرێمـی کوردستان بدرێتەوە، کە مووچەکە هاتوو پارەکە دراو ئێستا مووچەی مووچەخۆران مانگانە پێ دەدرێــت پاشــەکەوت نەمــاوە، دەســتیان کــردووە بە وەرگرتنــی قەرز ئەوانەی کە پێشــنینەی خانووبەرە و پێشینەی زەواجن، ئێستا کە داوا ئەکەن ئەڵێن کـاکە دەبـێ لە مـانگی ٢٠١٦ و ٢٠١٧ و ٢٠١٨ پارەی ئەوکاتەش بدرێ، ئەگەر نەیدەی خەڵك ملینۆێك و دوو سـەد هەزار، ملینۆێـك و سـەد هەزار، حەوت سـەد و پەنجـا هەزار، هەشـت سـەد هەزار عقوبەیـان بـۆ چـووە، ئـێمە نووسـراوی فەرمیمان لە ٢٠١٩/٩/١٨ بۆ حکومەتمان ناردووە، بـۆ وەزارەتـی داراییمـان نـاردووە تـاوەکو ئێسـتا جـوابی ئـێمە نەهـاتووە، جـوابی ئەوە نەهـاتووە ئەو خەڵـکەش بەردەوامە لە عقـوبەدان، خەڵـك

ناچارە پارەکە بدات، چونکە خەڵکی تر بووەتە کەفیلیان، تکا و رجاتان لێ دەکەین لەو پەرلەمانە بەڕێزە بەدواداچوونی ئەو بابەتە بکەن، ئەو خەڵکە قەراری حکومەت خۆی هەیە با ئەو خەڵکە عقوبە نەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئومێد فەرمو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو خاڵی پەیڕەویم هەیە، خاڵی یەکەم/ ماددەی (٥٥) بڕگەی (٢) داواکارم بەشێك لە قسەکانی بەڕێز مژدە خان بسڕێتەوە باسی بوغزی کرد، باسی کاری کەسی کرد، پەرلەمان دامەزراوەیەکی دەستووری ئەو وڵاتەیە و کاری کەسی نییە و کەسیش بوغزی لە کەس نییە و پەرلەمان جێگای بوغز نییە، دوو/ ماددەی (٦٦) بڕگەی یەکەم کە دە ئەندام دەتوانن پێشنیارێك بابەتێك بخەنەڕوو، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێ، ماددەی (٦٧) بڕگەی (٣) دەکرێ لە ئەنجامی خستنەڕووی بابەتێکی گشتی بۆ گفتوگۆ دەستەی سەرۆکایەتی بابەتەکە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکات، بۆ ئەوەی راپۆرتی تایبەت ئامادە بکات، ئێستا ئێمە گفتوگۆ لەسەر بابەتێکی زۆر گرنگ دەکەین کە پرسێکی زۆر گرنگە و چینێکی زۆر گرنگی وڵاتی ئێمە موستەحەقاتی داراییان هەیە و چەندینساڵیشە دەبینین لە موعاناتێکن، دوو وەزیری بەڕێزی حکومەت بەخێر بێن، بەڵام هیچ ڕاپۆرتێك لە بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان نییە گفتوگۆی لەسەر بکەن، لێرە نە لیژنەی تایبەتمەند نە لەلایەن حکومەتیشەوە شتێك ئاراستەی پەرلەمان نەکراوە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە کوێوە دەست پێ بکەن، کێشەکانیشیان زۆرە، چەندین ساڵە ئەو بابەتە گرفتی هەیە، خاڵێکی دیاری کراو نییە، لە نوقتەیەکەوە دەستی پێ بکەین و لەگەڵ حکومەتیش گفتوگۆی دەربارە بکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ جەنابتان، نوقتە نیزامیە کاك دکتۆر؟ ئەگەر نوقتە نیزامی نییە نابێ، با وەڵامی هەندێ لە بەڕێزان بدەمەوە، سەبارەت بەو پرسیارانەی کە ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراون یان ئەو یاداشتانەی بۆ بانگهێشت کردنی وەزیرێك ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و بەڕێزان سکرتێری پەرلەمان و جێگری سەرۆکی پەرلەمان کە ئەو ئەرکەیان لە ئەستۆیە بە دڵنیایی هەموو یاداشت و پرسیارەکانی ئێوەیان ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، ئەمە حاڵەتێکە زۆر دووبارە دەبێتەوە لە کاتی خۆیدا پرسیارەکان وەڵام نادرێتەوە، بەڵام بەڕێزتان دەتوانن بە گوێرەی پەیڕەو ئەگەر پرسیارەکانتان وەڵام نەدرایەوە بڕۆن بۆ پرۆسەیەکی تر کە پرۆسەی پرساندنە، یان دەتوانن بە ئالیەتێکی تر داوای جەخت کردنەوە بکەن، ئێمە داوا لەبەڕێز سکرتێری

پەرلەمان دەکەین هەموو ئەو پرسیارانەی کە بەڕێزتان لەم دانیشتنە ناوتان هێنان بەرەقەم و بە بەروار جارێکی تر جەخت کردنەوە بکا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی ئێمە وەڵامەکانیان لە کاتی خۆیا وەربگرینەوە، سەبارەت بە هەردوو نوقتە نیزامیەکەی برای بەڕێز کاك ئومێد خۆشناو، ڕاستی بڕیاردان لەو کۆبوونەوەیەی ئەمڕۆ بە تایبەتی دانانی بابەتی شایستە داراییەکانی جوتیارانی هەرێمی کوردستان لەناو بەرنامەی کاری ئەم کۆبوونەوەیە لەسەر داوای ئەو جوتیارە بەڕێزانە بوو کە بە نوێنەرایەتی دەیان هەزار جوتیاری هەرێمی کوردستان هات بوونە بەردەمی پەرلەمانی کوردستان، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی بینیمانن، قسەمان لەگەڵ کردن و ڕەئی خۆمانمان پێ وتن، بەڵام ئەوان پێداگریان کرد لەسەر ئەوەی کە دەیانەوێ پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێك بکات تایبەتی بکات بە بابەتی شایستە داراییەکانی جوتیارانی هەرێمی کوردستان، پێش ئەو بەروارە و پێش هاتنی بەڕێزان نوێنەری جوتیارانی هەرێمی کوردستان لیژنەی تایبەتمەند کە لیژنەی کشتوکاڵە لە پەرلەمانی کوردستان بە نووسراوێکیان کە واژووی هەموویانی لەسەرە دیسان داوایان کردووە کە دەستەی سەرۆکایەتی دانیشتنێکی تایبەت بکات بە بابەتی شایستە داراییەکانی جوتیارانی کوردستان کە ئەمە حەقی خۆیانە، لەو ڕوانگەیەوە ئێمە بڕیارمان دا کە ئەم کۆبوونەوەیە ڕێك بخەین هەر ئەو ڕۆژەش بە حزوری جەنابی کاك مامۆستا عبدالستار کە کاك حاجی سفین لەوێ حزوریان هەبوو کاك شوان و کاك هێرش حزوریان هەبوو کاك عوسمان لەوێ دانیشت بوون جەنابیان کە ئێمە وتمان کۆبوونەوەیەك دەکەین ڕۆژی پێنج شەممە و ئاگادارمان کردنەوە کە کۆبوونەوەیەك دەکەین ئەوان کۆبوونەوەی خۆیانیان کردووە و شتێکیان حازر کردووە، ئێستا لەبەردەم جەنابتان دا عەرزی دەکەن دواتریش درەفەت دەدەین هەم بە جەنابتان و هەم بە وەزیرە بەڕێزەکان، بۆ ئەوەی لەو بارەیەوە قسەی خۆیان بکەن، ئێستاش بۆ ئەم بابەت دەرفەت بە بەڕێز مامۆستا عبدالستار دەدەین بۆ ئەوەی دەست بە خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەی لیژنەی تایبەتمەند بکات، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، سەرەتا زۆر سوپاس بۆ بەڕێزتان بۆ دانانی ئەم کۆبوونەوەیە کە کۆبوونەوەیەکی گرنگە پەیوەنداره بە دەیەها هەزار هاووڵاتی هەرێمی کوردستان، بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەین، یاخوا بەخێر بێن، دیارە کێشەی شایستەی جوتیاران کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ کە بڕەکەی (٥٧٥) ملیار دیناری عیراقیە، هی ساڵی ٢٠١٤ کەمێکی ماوە، بەڵام ئەوەی تر ٥٠%ی ماوەو نەدراوە تا ئێستا، ئەمەش بە کۆمەڵێك بیانوو لەلایەن حکومەتی عیراقیەوە، بەڕای من یەکەمیان ئەوە بووە کە لە ساڵی ٢٠١٤ پەیوەندیەکانی نێوان عیراق و هەرێمی کوردستان بەرەو ئاڵۆزی و بەرەو تێکچوون چوو،

ئەمەش شایستە دارایـی جوتیـارانیش بەر ئەو پەیوەنـدییە ئـاڵۆز و خـراپە کەوت کە لە نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و عیـراق هەبـوو، دووەم/ بەڕاسـتی هەنـدێ لە پەرلەمانتارەکـانی ئەو کـات باسی ئەوەیان کرد کە گەنمی دەرەوە تێکەڵ بەو گەنمەی جوتیارانی هەرێمـی کوردسـتان کـراوە لە سایلۆکان، بەڵام ئەوە ئەگەر بووشبێت بڕێکی ئێجگار کەم بووە، نەدەبـوو هەمـوو جوتیـارانی هەرێمی کوردستان لەسەر موخالفەی هەندێك کە دوایی سزاش دران و دەستیشی بەسـەرداگیرا سزابدرێن، ئێمە وەکو لیژنەی کشتوکاڵ و ئـاودێری ئەم داواکارییانەمـان هەیە، یەکەمیـان/ داوا دەکەین کە کار بکرێت لەسـەر پێـوەر یەکسـانی بـۆ هەمـوو شـارەکانی عیـراق واتـا ئەو بـڕەی کە دیـاری کـراوە بـۆ هەرێمـی کوردسـتان لە گەنـم هەلبوەشـێنرێتەوە، چـونکە سـەبەتەی خـۆراك لە عیراق هەمووی یەك سەبەتەیە، مەعقـولیش نیـیە جوتیارەکـانی ناوەراسـت و خـوارووی عیـراق هەموو گەنمەکەیان بە بێ ڕێژە لێ وەربگیرێ، بەڵام هەرێمی کوردستان ڕیژەی بۆ دیاری بکرێ بە ڕێژەیەکی زۆر کەمیش، دوو/ گەڕانەوەی پارەی چەند ساڵە (دعم البژور) کە ٢% لە جوتیارەکانی ئێمە گێڕدراوەتەوە تا ئێستا، کە نزیکەی (٢٠) ملیار دینارە ئەویش، تەنها ئەم ساڵ کە بڕێکیان لەم پارە خەرج کردووە دەنا ئەوەی تر تا ئێسـتا نەدراوە، سـێ یەم/ ئـێمە پێمـان وایە سـتەمێکی زۆر کراوە لە شایستە داراییەکانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ ئەوەش بە بڕیارێکی سیاسی بـووە، ئەو کـاتەی بەڕێز سەرۆکی وەزیرانی عیراق بڕیاری دا بە ڕاگرتنی ئەو بڕە پـارەیەی کە مـاوە، لەسـەر پشـکی هەرێـم کە بە حسـاب گوتیـان ١٧% یـان بەر دەکەوێ و تەنهـا ئەم ١٧% بـۆ جوتیـارانی هەرێمـی کوردستان خەرج بکرێ، ئەوەی تر بەو بڕیارە ڕاگیراوە کە ئێمە پێمانوایە دیسانەوە ئەمە کارێکی نایاسایی بووە، چونکە ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ ئەو گەنمەی کە وەرگیراوە بە بـێ دیـاری کردنـی ڕیـژە بووە کە من زۆر ئاگاداری قەزیەکەم، هیچ ڕێژەیەك نەبـووە لەڕاسـتی دا وەرگیـراوە بە بـێ ڕێـژە بەبێ دیاری کردنی بڕەکەی، چـوارەم/ کۆمپانیـای بە بـازاڕکردنی دانەوێـڵە لە عیـراق کـاتی خـۆی ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەر وەرگرتنی ئەو بڕە گەنمەی کە لە جوتیاران وەرگیـراوە، لە کـۆنترۆڵی جۆری بەغدا گەنمەکە دەرچووە، لە لیژنەی پشکنینی بەغدا ڕەزامەندی لەسەر هەموو ئەو گەنـمە وەرگیراوە کە ئێمە لەڕێگەی سایلۆکانی سەر بە وەزارەتی بازرگانی تەسلیمی سـایلۆکانی عیـراق کـراوە، بـۆیە ئێسـتا دیسـان ڕاگرتنـی ئەو پـارەیە بە هەر بیـانویەك بـێ نایاسـاییە، چـونکە ئەوان خۆیان لەم ڕێگا یاسـاییانەوە پەسـەندیان کـردووە و قەبوڵیشـیان کـردووە، لە هەمـووی گرنگتـر بەڕای ئــێمە دەبــێ هەوڵ بــدرێ ئەو بڕیــارەی ســەرۆکی ئەنجــومەنی وەزیرانــی عیــراق هەڵبوەشێتەوە کە داوا دەکات شایستە داراییەکانی ساڵانی ڕابردوو بەپێـی نرخـی بازرگـانی بـێ واتا (غیر مدعوم) کە گەنم لە هەرێمی کوردسـتان لە عیـراق بە دەعـم وەرگیـراوە نـزیکەی (٧٩٠) یان (٨٥٠) هەزار بۆ هەر تەنێك بێ، بەڵام لێرە داوا دەکات بە غیر مدعوم، واتـا ئەوەی کە لە بـازار بەچەنـدە ئەمە بـدرێ بە جوتیارەکـانی هەرێمـی کوردسـتان کەئەمەش دیسـانەوە سـتەمێکە لە

هەرێمـی کوردسـتان دەکـرێ، بـۆیە ئـێمە لە کۆتـایی دا داوا لە پەرلەمـانی بەڕێـز دەکەیـن و لەسەرۆکایەتی پەرلەمان:

١-بڕیارێك بدات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتی گفتوگۆکردنی وەفدی دانوسـتانکاری هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەند پـارەی وەرنەگیـرا و ڕاگیـراوی جوتیـارانی هەرێمـی کوردستان بکات بە یەکێك لە بڕگەکانی دانوستان لەگەڵ حکومەتی عیراقی.

٢-داوا لە پەرلەمانتـار و بەرپرسـانی بەڕێـزی هەرێمـی کوردسـتان لە بەغـدا بکـرێ کە ئەوانـیش هاوکار بن و ئێمە سوپاسیان دەکەین هەندێکیان هەوڵیشـیان داوە، بەڵام داوایـان لـێ بکەیـن کە هەوڵەکانی خۆیان زیاتر بکەن و چڕتری بکەنەوە.

٣-ئێمە داوا دەکەین لە کاتی ئەم گفتوگۆیانەدا تەنها بۆ ئەم بـابەتە یەکێـك لە ئەنـدامانی لیـژنەی کشتوکاڵ بەشدار بێ لە وەفدی دانوستانکاری هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا بۆ زیاتر جەخـت کردنەوە و وەك نوێنەرایەتێکیش بۆ جوتیارانی هەرێمی کوردستان و بـۆ دابـین کردنـی شایسـتە داراییەکانیان.

سوپاس، دەستتان خۆش بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ هەر بەڕێزێکی ترتان قسەتان هەیە، کاك حاجی قسەت هەیە جەنابت؟ فەرموو.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێزان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم، ئەگەر دەرفەتم پێ بدەن لە بـارەی ڕەوشـی جووتیـاران و کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان ئەم ڕاپۆرتە دەخەمە بەردەمتان، لای هەمووومـان ئاشـکرا و ڕوونە کە قەیرانێکی گەورەی کەمی خـۆراك لە جیهـان دا لە ئـارادایە، ئەم قەیـرانە ڕووبەڕووی زۆربەی وڵاتان بۆتەوە، یەکێك لەم وڵاتانە کوردستانی خۆمانە، بە پێی سەرنج و ڕای پسپۆران و قەیـران و نەبوونی خۆراك کاریگەری لە هەموو قەیرانێك زیاترە بۆ سـەر ژیـانی مـرۆڤ کە دەبێـتە هـۆی برسـێتی و قـات و قـوری و مەرگەسـات، هەروەهـا ئەوەشـمان بەلاوە ڕوونە کە تێکـرای حکومەتەکانی وڵاتەکانی جیهان بۆ بەدیهێنانی تەواوسازی لە خۆراك دا پشت بە چەندین ڕێگا و شێوازی جۆراو جۆر دەبەستن، تەنانەت لە هەندێ وڵاتـانی جیهـان دەوڵەمەنـد بە نەوت پەنایـان بردۆتە بەر وەبەرهێنانی کشتوکاڵ لە وڵاتـانی دیـکەدا، تەنهـا بـۆ ئەوەی تەواوسـازی لە خـۆراك و دابین کردنی بۆ گەل و هاووڵاتیانیان بکەن، تاوەکو پەنا نەبەن بۆ هاوردەکردنی بابەتە کشتوکاڵی و خـۆراکە سـەرەکییەکانی وەك گەنـم و جـۆ و هتـد، چـونکە هـاوردەکردنی ئەو خۆراکـانە سەرەکییانەی ژیان کاریگەری زۆری هەیە لەسەر بـودجە و بـاری دارایـی وڵات لاواز و بـێ هێـز و مادوو دەکات، ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە بارودۆخی کەرتی کشتوکاڵ لە کوردستان دەبینـین

بە ڕەوشێکی یەکجار نالەبار و ترسناك تێدەپەڕێت، پێویستە حکومەت ئاگاداری ئەم ڕەوشە نالەبار و ترسناکە بێت و پەلە بکات لە لێکۆڵینەوە و بەشێوەیەکی زانستی هۆکارەکانی ئەم ڕەوشە نالەبارە دەستنیشان بکات و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە، بەڕێزان کشتوکاڵ لەو ڕێگا سەرەکییانەی کە خەمیشە پەرە بە بواری ئابووری وڵات دەدات، بەڵام بەداخەوە لە کوردستان ئەم ڕێگا گرنگ و پڕ بایەخە پشت گوێ خراوە، بایەخی پێ نەدراوە، بەڵکو تەنیا پشتمان بە بەرهەمی نەوت بەستووە، کشتوکاڵمان هەرگیز نەکردووە بە پشتیوانێکی بەهێز بۆ گەشانەوەی باری ئابووری، بەڵکو بە هۆی تێپەڕبوونی چەندین تەگەژە و قەیران و کۆسپ و تەگەرەی نەخوازراو بەسەر هەرێمەکەمان دا کشتوکاڵ لە گۆشەیەکی تاریك فڕێدراوە وپشتگوێ خراوە، بۆیە لە هەرێمێکی بەرهەم هێنەر بۆ هەموو بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بە هەردوو لایەنی ئاژەڵی و ڕووەکییەوە دەبینین ئێستا بووینەتە هەرێمێکی هاوردەکار بۆ هەموو بەرهەمێکی کشتوکاڵی میوە و سەوزە و دانەوێڵە و بەرهەمەکانی تری گۆشتی سوور و گۆشتی سپی و هتد، ئەوەی لێرە مەبەستە و گرنگە بووترێت ئەوەیە پێویستە لەمەودوا هەرچەندە کات درەنگە زوو نیە، حوکمەت چاو بەو کەرتە گرنگە بخشێنێتەوە و بایەخی پێ بدات لە دەستپێکی ئەم بایەخدان و گرنگی پێدانەش پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێن تاوەکو جووتیاران و کرێکارانی بواری کشتوکاڵ بدرێن بەو پشتیوانیان لێ بکرێت، تا بتوانن بەروبومی نایاب و پوخت بەرهەم بێنن:

یەکەم/ هەروەکو مامۆستا باسی شایستەی دارایی جووتیارانی هەرێمی کرد بۆ بەرهەمی گەنمی ساڵانی ٢٠١٥ و ٢٠١٦ کە تا ئێستا نەدراوە بە جووتیاران لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ جووتیاران خەرج بکرێت، ڕاستە هەموو سایلۆکانی هەرێمی کوردستان کاروباریان لە ڕووی کارگێڕی و ڕێنماییەوە سەر بە وەزارەتی بازرگانی حکومەتی ناوەندن، بەڵام ئەم بڕە گەنمە وەری دەگرن بە پێی ڕەزامەندی حکومەتی هەرێم ڕادەستیان دەکرێت، سەرەڕای ئەوەش گەنمەکە لە ناو هەرێم دەکرێتەوە ئارد و بەسەر هاووڵاتیانی عیراق دا دابەش دەکرێت کەچی بۆ خەرج کردنی شایستە داراییەکان پێویست دەکات حکومەتی ناوەند خەرجی بکات، بەڵام پێمانوایە دەبێ حکومەتی هەرێم بەم کارە هەڵبستێت و شایستەکە بۆ جووتیاران خەرج بکات ئەگەر بە قەرزیش بێت، چونکە جووتیاران گەنمەکەی خۆیان ڕادەستی حکومەتی هەرێم کردووە، هەر کاتێك حکومەتی ناوەند شایستەکەی خەرج کرد حکومەتی هەرێم لە بڕی قەرزەکەی خۆی بیگێڕێتەوە بۆ وەزارەتی مالیەی حکومەتی هەرێم.

خاڵی دووەم/ ئەو کۆسپ و ئاستەنگە بووە هۆکاری خەرج نەکردنی شایستە داراییەکانی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو بۆ ئەوەی دەگەڕێتەوە چەند کەسێکی مشەخۆر دوور لە پیشەی کشتوکاڵ و جووتیاری گەنمیان لە وڵاتانی دراوسێ هاوردە کردووە، پێش هەموو جووتیاران گەنمەکەیان ڕادەستی سایلۆکان کردبوو، وەزارەتی بازرگانی ناوەندیش بەم کارەی زانیوە و کە گەنمی

هاورەکراویان بۆ هاتووە، ئیدی بۆیە بە بڕیارێك خەرج کردنی شایستەکەی ڕاگرت، بەڵام دوای ئەوەی بڕێکی لە شایستەکە هەناردەی سایلۆی هەرێم کردبوو جا لەبەر ئەوەی بازرگانە مشەخۆرەکانی ئەم کۆسپەیان نایەوە ناویان لە دەسپێکی لیستەکە هاتبوو، ئەوان زوو وەریان گرت و جووتیارە ڕاستەقینەکان کەوتنە بەر گورزی گرانی ئەم بڕیارەی وەزارەتی بازرگانی ناوەند و تا ئێستاش بێ ئەنجام ماوەتەوە.

خاڵی سێیەم/ نەمانزانیوە لە ماوەی ئەو پێنج شەش ساڵەی ڕابردوو هیچ بەرپرسێکی حکومەتی هەرێم لە میانەی سەردانیان بۆ شاری بەغدا کێشەی شایستەی دارایی گەنمی جوتیارانی هەرێمیان لەگەڵ بەرپرسانی بەغدا وروژاندبێت و...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر چڕی بکەیتەوە زۆر باش دەبێ کاك حاجی.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

بەرگرییەکی بە پرۆشیان لە جووتیارانی سەرچاوەی دابینانی نانی هەرێم کردبێت، بۆیە پێویستە حکومەت نوێنەرێکی تایبەت بەم کێشەیە ڕەوانەی بەغدا بکات و خۆی بە خاوەنی ئەم کێشەیە بزانێت و بە ئەنجامێکی کۆتایی بۆ جووتیاران ڕابگەیەنێت.

چـوارەم/ وەرگرتنـی بەرهەمـی دانەوێـڵەی گەنـم و جـۆی جووتیـارانی کوردسـتان لەلایەن سایلۆکانەوە ڕێژەکەی یەکسان بکرێت لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عیـراق و جێبەجـێ کردنـی ئەم ئەرکەش بەو نوێنەری خاڵی (٣)ی ڕابردوو بسپێردرێت.

پێـنجەم/ دابـین کردنـی پەینـی کیمیـاوی و دەرمـانە جۆراوجۆرەکـان و قـڕکەری مێـروو و زیـان بەخشـەکان و نەخۆشـییە کشـتوکاڵییەکان و نەخۆشـییەکانی ئـاژەڵ و پەلەوەر و هەنـگ هتـد، لەلایەن لایەنە پەیوەندیـــدارەکانی حکـــومەتەوە نەك لەلایەن کەرتـــی تـــایبەتەوە کە هـــیچ چـاودێرییەکی ئەوتۆیـان لەسـەر ناکرێـت و ئەوەی دەرفەتـی بـازاڕی ڕەش زۆر بەرهەمهێـنە لە هەرێم دا.

شەش/ زانکۆکان و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان توێژینەوەی بەردەوام و هەمیشەیان هەبێت لە بـواری کشـتوکاڵ و هەماهەنگییـان هەبێـت لەگەڵ جووتیـاران دا، نـاوە نـاوە خـول بـکەنەوە بـۆ جووتیاران دواترین و نوێترین زانست و زانیاری سەبارەت بە کشتوکاڵ و هـاوچەرخی بگەیەنـن بە جووتیـاران ئەگەر هەر نەبێـت لە ڕێگـای تەلەفزیۆنەکـان دەتـوانن چەنـدین کێشـە و گرفتـی کشتوکاڵ بۆ جووتیاران شی بکەنەوە.

خـاڵی حەوتەم/ جـێ خـۆیەتی پەرلەمـانی کوردسـتان بـڕگەی (١)ی ڕابـردوو بکـاتە بڕیـار بـۆ ئەمڕۆمان، چونکە جووتیاران لە نائومێدی و نیگەرانی دا دەژین دەربارەی شایسـتە داراییەکـانی ئاماژە بۆ لە بڕگەی (١) ڕابردوو وەکو کوردەواری دەڵێن: بوونەتە ماڵداریکەری ڕەنج بە خەسار.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عثمان، هەوڵ بدەن هەندێ چڕتر قسە بکەن.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەین، دیارە برادەرەکانمان بەشێکی باشی خاڵەکانی ئێمەیان گوت، بەڵام ئەوەی کە ماوە گرنگە بیڵێین ئەوەیە پێشنیاری ئێمە بۆ حکومەت یاخود بۆ پەرلەمان ئەوەیە بۆ جەنابی وەزیری کشتوکاڵ گرنگیدانی زیاتر بە گوندەکان و کۆنکرێت کردنی ئەو جۆگانەی کەوا ئێستا وێران بوون لەلایەن ڕژێمەوە و تا ئێستا بە وێرانکراوی ماون پێویستە نۆژەن بکرێنەوە، بۆ ئەوەی کە بتواندرێت بەرهەمی باشتر بدەن، دەست پێکردنەوەی سلفەی کشتوکاڵی کە ئەوەش کارێکی زۆر زەرووره، بەخۆشحاڵییەوە چەند ساڵی ڕابردوو سوودێکی زۆری لێ وەرگیرا بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە ماوەیەکە وەستێندراوە، هەروەها دەستپێکردنەوەی تەملیکی زەوی کشتوکاڵی کە ماوەیەکی زۆرە وەستێندراوە و بەشێك لە گوندەکانی کوردستان ئەم کارەیان بۆ کرا، کە کارێکی زۆر زۆر باش بوو، یەکلاکردنەوەی شوێنە گەشتیاریەکان کە لەسەر زەوی کشتوکاڵی کراون، کە تا ئێستاش ئەوە کێشەیەکە ماوەتەوە پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت و وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ئەم بابەتە یەکلا بکرێتەوە، هەروەها فراوان کردنی سنووری گوندەکان و چاککردنی ڕێگا و بانەکان بۆ ناو باخەکان کە ئەوەش پێموایە کاریگەری زۆری دەبێت........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عثمان، لەسەر شایستە داراییەکان قسە بکە.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

شایستە داراییەکان من زۆر تەفاصیلم لەسەر نەدا، لەبەر ئەوەی جەنابی کاك عبدالستار باسی کرد، ئەوەی کە ئەو نووسی ئەوە هی هەموومان بوو، تەنانەت من یەك خاڵم ماوە ئەویش دروستکردنی سایلۆی زیاتر و مەعاملی زیاتر، بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە ئەو بەرهەمانەی کە هەمانە بە فیڕۆ نەچێت، گرنگیدانی زیاتر بە وەزارەتی کشتوکاڵ هاوشانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند، کێی تر قسەی هەیە؟ کاك سیپان، فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەت دەستنیشان کرنا ڤی بابەتێش بۆ بەرنامەی کار بابەتەکی گەلەك گرنگ دەبینم، چونکە گرێدای ژیانا هەزارەها جووتیارێن هەرێما کوردستانێ یە، جووتیارێن هەرێما کوردستانێت

ماوەی حەفت ساڵێن دەربازبووی گەلێ گوتن بوون گەلەك لێدوان هاتن دا گەلەك گفتوگۆ هاتن کرن لەسەر شایستەیێن دارایێن جووتیاران، لێ بەداخەوە لە ماوەی ئەو حەفت ساڵەدا هیچ دەرئەنجامەك نەبوو، لەورا ئومێدەوارم دەست پێشخەریا جووتیاران و لیژنا کشتوکاڵێ پەرلەمانا کوردستانێ بە هاڤکاری لەگەڵ وەزارەتا کشتوکاڵی بشێت بیێتە ئومێد بەخشێك ژ بۆ وان جووتیاران کو حەوفت ساڵە چاوەڕێی دەرماڵەی خۆیا تایبەت دەکەن چاڤەڕێ ڤێ پارە دکەن کو دەما تەسلیم کرنا گەنمێ خۆ حەفت ساڵە چاوەڕێ دەکەن، لەورا ئەز وی چ وی ڕەنگی دبینم ئەز بە کورتی بێژم پتر ئەڤە بابەتەك سیاسیە بەڕاستی، لەورا گرنگە نوێنەرایەتیا حکومەتا هەرێما کوردستانێ لوێر و هەروەسا لیژنەیێن پەیوەندیدارێن کو گفتوگۆیێ ما بەینا هەرێم و بەغدا ڕۆڵەکی باشتر و کاراتر ببینن دڤی بابەتیدا، چونکی نابینم حەتا نوکا ب شێوەیەکی گشتی ئەڤ بابەتە کردبیتا خاڵەکا سەرەکیا دانووستاندن دەما ببیتە خاڵەکا سەرەکی بەڵکو هەردەم خاڵەکا لاوەکی بویە، لەورا داواکارم پشتی ئەنجام دانا ڤێ پاڵپشتیەکا مەزنە ژ بۆ ئەڤان پارە و پارەی جووتیاران ببێتە هاندەرێکی سەرەکی کو لیژنەیەکا باڵا بهێتە پێکهینان، هەمیش وەزارەتا کشتوکاڵ، وەزارەتا بازرگانی دگەل نوێنەرایەتیا لیژنا کشتوکاڵی پەرلەمانی کوردستانی کو نوێنەر تێدا هەبێ دگەل جووتیارەکی کو خودانکار بێت و چەندی لیژنەیەکا باڵا سەردانا بەغدا بکات و لایەنی پەیوەندیدار ژ بۆ ئێکێ دەرئەنجام بەخۆوە ببینیت، چونکە ئەمە بەڕاستی بابەتەکا سیاسی یە پێتڤی جارەکیدی واژوویا سەرۆك وەزیرانە ڤ بۆ ئەوەی ئەڤ پارە بێتە دابین کرن، چونکی وەکو دیارە ئەڤ پارە هەر لە ساڵا (٢٠١٤) ئەڤ پارەیە حازرە لەبەر بڕیارەکا سەرۆك وەزیرانێ لەو دەمی هاتیە ڕاگرتن، لەورا گرنگە جارەکا دی بڕیارەکا سەرۆك وەزیران پێتڤی بڕیارا سەرۆك وەزیرانە بهێتە زبڕاندن، لەورا داخاز دەکەم ئەو لیژنە بهێتە پێکهینان و هەرچەند زووتر بێت ژ بۆ یەکی ئەڤ کەسە بگەنەمافی خۆیێن ڕەوا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند کەسی ترتان قسە دەکەن، کاك هێرش، فەرموو.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زۆربەی هەڤاڵانم لە لیژنەی کشتوکاڵ زۆربەی خاڵەکانیان خستەڕوو، بەڵام ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت بە نیسبەت شایستە داراییەکانی ساڵانی (٢٠١٤) و (٢٠١٥) و (٢٠١٦) کە تاوەکو ئێستا بەداخەوە ڕێژەیەکی زۆری ئەم پارەیە وەرنەگیراوە، جا بە هەر هۆکارێك بێ لایەنی سیاسی بێ یاخود پەیوەندی بەو خیانەتەوە هەبێ کە لە سایلۆکان دا کراوە، پێویستە چارەسەی جیددی بۆ بدۆزرێتەوە، من پێشنیار دەکەم کە پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە چەند هەنگاوێك بنێ:

یەکەم/ پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی کفتوگۆکانی لەگەڵ بەغدادا لە ڕێگەی شاندی دانوستانکارەوە پرسی گەنمی جووتیاران و شایستە داراییەکان یەکلایی بکاتەوە، خەرج کردنی ئەم پارەیە لەلایەن بەغداوە بە خاڵی ئەساسی گفتوگۆکان لەگەڵ بەغدا دابنرێ، هەروەها حکومەتی هەرێم بە زووترین کات کۆبوونەوەیەك ڕێك بخات لە ڕێگەی شاندی دانوستانەوە لەگەڵ ناوەند، تایبەت بکرێ بە چارەسەر کردنی ئەم پرسە، یەکێك لە ئەندامانی لیژنەی کشتوکاڵ بەشدار بێ لەم کۆبوونەوەیەدا، هەروەها بەردەوامیان هەبێ تاوەکو دەگەنە ئەنجای کۆتایی و شایستەکان و مافەکانیان وەردەگرنەوە، پێویستە بۆ ساڵانی داهاتوو کێشەی وەرگرتنی گەنمی جووتیاران چارەسەر بکرێت، کە لە ئێستادا ڕێژەیەکی زۆر کەم لە هەرێمی کوردستان وەردەگیرێ بە بەراورد بە ناوچەکانی تری عیراق، کە ئەوەش پەیوەندی بە موازەنەی عیراقەوە هەیە کە لە ساڵانی (٢٠١٨) و (٢٠١٩) تەنها (١٩٢) ملیار دینار دیاری کراوە بۆ کڕینی گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان، کە ئەوەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە، ئێمە بۆ ئینتاجی هەرێمی کوردستان کە ساڵانە نزیکەی یەك ملیۆنن تەن بەرهەمدەهێنرێت لە هەرێمی کوردستان، بۆیە پێویستە ئیش لەسەر ئەوە بکرێ کە ئەم ڕێژەیەی لە بودجەدا دیاری کراوە بەرز بکرێتەوە لە (١٩٢) ملیارەوە بۆ نزیکەی لە (٤٠٠) بۆ (٤٥٠) ملیار کەمتر نەبێ، ئەگەر لەو ڕێژەیە کەمتر بێ ناتوانرێ گەنمی هەرێمی کوردستان وەکو پێویست وەربگیرێ لەلایەن سایلۆکانەوە، هەروەها پێویستە حکومەتی هەرێم و بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و وەزیری بازرگانیش لایەنە پەیوەندیدارەکان پلانیان هەبێ بۆ ئەوەی گەنمی بەرهەم دەهێنرێ لە ناوخۆ سوودی لێ وەربگیرێ بە دامەزراندنی کارگەی تایبەت و هەروەها سوود وەرگرتن لەو موشتەقاتانەی کە لە گەنم بەرهەم دەهێنرێ، دوای ئەوەی کە ڕێژەکە زیاد بوو لە پێویستی ناوخۆ بدرێ بە سایلۆکانی عیراق، هەروەها پێویستە ناوچەکانی سنووری گەرمیان کە زووتر لە کاتی هەرێم گەنمەکانیان ڕادەستی سایلۆکان دەکەن، لەبەر ئەوەی ئەوان ساڵانە لە (٥/١٥)ەوە دەست بە دروێنە دەکەن، کە ئەوەش وا دەکات گەنمەکانیان تێك بچێت و سەنگیشی سووك بێ لە کاتی وەرگرتنی لە سایلۆکان، لەبەر ئەوەی لە (٦/١٥)ەوە گەنم وەردەگیرێ لە سایلۆکانی کوردستان، بۆیە پێویستە ناوچەکانی گەرمیان جیابکرێتەوە لەبەرواری وەرگرتنی گەنم، هەروەها پرسیارێکم بۆ بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ ئایا هیچ پلانیان هەیە بۆ دابەشکردنی زەوی بەسەر دەرچووانی کۆلێژی کشتوکاڵ و سوود وەرگرتنیان لە ئەزموونی چەند ساڵی خوێندنیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، بەڕێزان وەزیری کشتوکاڵ و وەزیری بازرگانی، ئەگەر قسەیەکتان هەیە بفەرموون، دواتر دەرفەت دەدەین بە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، فەرموو بەڕیز وەزیری کشتوکاڵ.

**بەڕێز بێگەرد دلشاد تاڵەبانی/ وەزیری کشتوکاڵ:**
**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.**

بەیانیتان باش، زۆر سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە، ئەم کۆبوونەوەی ئەمڕۆ کۆبوونەوەیەکی گرنگە، لەبەر ئەوەی کە ئێمە باس لە شایستە داراییەکانی جووتیارانی هەرێمی کوردستان دەکەین، کە ئێمە وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پێمانوایە کە جووتیارانی هەرێمی کوردستان حەقێکی یاسایی و مەشروعی خۆیان لەسەر حکومەتی عیراقی فیدراڵە، لە ڕاستی دا من گوێم لە ڕاپۆرتەکانی سەرۆکی لیژنە و ڕاپۆرتی ئەندامانی لیژنەش گرت کە دەمەوێت لەسەرەتادا قسە لەسەر بەشێك لەو ڕاپۆرتانە بکەم، دوای ئەوە سەرنج و تێبینیەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ لەهەمبەر ئەم پرسە بخەمەڕوو، هەروەك هەمووتان دەزانن ئەم بابەتە بابەتێکی بەیەکەوە گرێدراوە لە نێوان وەزارەتی کشتوکاڵ لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی هەرێمی کوردستان، ئێمە وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ خۆمان بە بەرپرس دەزانین ئەو ئەرکەی کە لەسەر شانمانە بەرامبەر بە جووتیارەکانمان لە هەرێمی کوردستان لە بەرهەم هێنانی یەکێك لە دانەوێڵە هەرە گرنگەکان کە دەکرێ بڵێین ئاسایشی خۆراکی هەرێمی کوردستان و یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی سەلەی خۆراکی لە هەرێمی کوردستان و تەنانەت لە عیراقیش کە ئەویش دانەوێڵەی گەنمە، ئەم دانەوێڵەیە، یاخود ئەم بەرهەمەی جووتیارانی هەرێمی کوردستان تا ئەو کاتە لە زیمنی صەلاحیەتی وەزارەتی کشتوکاڵە تا دەگاتە سایلۆکان لە دوای ئەوەی کە گەیشتە سایلۆکان دەکەوێتە زیمنی صەلاحیەتی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە وەزارەتی کشتوکاڵ خۆی بە مەسئول نەزانێ لەبەردەم ئەم پرسەدا، چونکە وەکو وتمان ئەوە حەقێکی یاسایی و مەشروعی جووتیارانی ئێمەیە لەبەر ئەوە وەزارەتی کشتوکاڵ لەم نێوەندەدا خۆی بە مەسئول دەزانێ، هەر بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە لە سەرەتای دەست بەکاربوونمان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەرەتاکانی کارکردنمان کە ئێمە لە ناوەڕاستی مانگی حەوت لە ساڵی (٢٠١٩) دەست بەکاربووینە، لە (٢٠١٩/٨/٨) ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەلمان لەسەر ئەم بابەتە داوەتە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی کە لە چوارچێوەی دانووستانەکانمان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عیراق کۆمەڵێك بابەتی گرنگ کە پەیوەندیدارن بە دۆخی جووتیارانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتمەندییەکان و خصوصیەتەکانی هەرێمی کوردستان، کە بەداخەوە نەك تەنها بۆ بابەتی وەرگرتنی گەنم، بەڵکو لە کۆمەڵێك بواری تردا ئەك کێشە و گرفتانە کە کەڵەکەبووی ساڵانی ڕابردوون ماونەتەوە، ئێمە لە ئێستادا هەنگاوی جیددی و عەمەلیمان دەست پێکردووە بۆ ئەوەی قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی دەست بە چارەسەر کردنیان بکەین، بەڵام دانیشتنی

ئەمڕۆ لەسەر شایستە داراییەکانی جووتیارانە بۆ ئەو سێ ساڵەی کە مافی خۆیانە ئەو پارەی کە ماویانە وەریان بگرن، بە تەئکید لە زیمنی دانووستانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەفدی دانووستانکار یەکێك لە خاڵە گرنگەکان کە وەکو وەزارەتی خۆمان تەئکیدمان لەسەر کردۆتەوە و ئاراستەی وەفدی دانووستانکارمان کردووە و لە ناو کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دا وەکو وەزارەتی زراعە جەختمان لێ کردۆتەوە، بریتی بووە لە شایستە داراییەکانی جووتیاران بۆ ساڵەکانی (٢٠١٤-٢٠١٥-٢٠١٦)، من ناچمە ناو تەفاصیل و ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیدارن بەوەی کە هۆکاری دابەزاندنی ئاستی وەرگرتنی گەنمی جووتیاران لەسەر چ بنەمایەك بووە، چونکە لەوانەیە ئەوە کۆمەڵێك گرفت و کێشە و مەشاکیل دروست بکات، ئەگەر بە پێویستیش زاندرا دواتر دەتوانین ڕوونکردنەوەی تایبەتی بدەین، بەڵام من تەنها ئەوەندە دەڵێم لە ڕاستیدا حەق نییە پەرلەمانتارانی بەڕێزی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هیچ کەسێك لە هەرێمی کوردستان بچێتە ژێر باری ئەوەی کە باس لەوە دەکرێت کە گەنمێکی هاوردەکراو بە تەزویر داخیلی سایلۆکانی هەرێمی کوردستان کراوە، لەوانەیە حاڵەت هەبووبێ، بەڵام من ناچمە ژێر باری ئەوە وەکو وەزیری کشتوکاڵ لە ڕاستی دا موبەریراتی زۆرمان هەیە کە دەکرێت ئێمە لەسەر ئەم بابەتە بۆ دیفاع کردن لە جووتیارانی خۆمان و لە حقوقی جووتیارانی خۆمان بە شێوازێکی یاسایی بیخەینە بەردەمی وەزارەتی زراعەی عیراق و وەزارەتی دارایی عیراق، بۆ ئەوەی کە بیسەلمێنین جوتیارانی ئێمە بە هەمان شێوەی جووتیارانی ناوەڕاست و خوارووی عیراق مافی ئەوەیان هەیە بە بێ هیچ جۆرە سانسۆرێك گەنمەکانیان بەشێوازێکی سەربەخۆ و بە فری بخەنە ناو سایلۆکانی حکومەتی عیراق و گەنمەکەیان لێ وەرگیرێ، من دەمەوێ چەند نمونەیەکتان بۆ بهێنمەوە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، یەعنی بەداخەوە زۆر جار ئێمە صیرع و ململانێ سیاسیە ناوخۆییەکانی خۆمان هۆکارێم بووە بۆ ئەوەی کە لە ڕاستی دا زەرە بە ڕەوتی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵایەتی خۆشمان بگەیەنین، کە من ئومێد دەکەم ئەم دانیشتنەی ئەمڕۆ دوور لە هەر جۆرە صیراعێك، چونکە ئێمە کە دانیشتووین دڵنیام هەموومان بە هەموو جیاوازییەکانمانەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی جووتیارانی کوردستان و خەڵکی کوردستان لێرە دانیشتووین، بۆیە دەمەوێ ئەوە بڵێم لە ڕابردوودا بە هۆکاری ئەوەی کە لەوانەیە بەشێك لە زانیاری هەڵە یاخود جۆرێك لە مەعلومات گەیەندرابێتە حکومەتی فیدراڵی و لەو نێوەندەدا لەوانەیە کەسانێك بۆ شەخصی خۆیان توانیبیان ڕۆڵی خۆیان پێ ئیبراز بکەن، بەڵام لە حەقیقەت دا ئەوەی کە ئێمە دەیبینین جیاوازییەکان ئەوەندەی کە پەیوەندیدارن بە ئەو جۆرە صیراعە سیاسیەی کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکرێ لە ڕووی نەتەوەیی و لە ڕووی سیاسییەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکرێ، ئەوەندە تایبەتمەند نین بەڕاستی لە ناوەڕۆکی ئەو زانیارییانەی کە گەیەندراونەتە وەزارەتی زراعەی عیراق و وەزارەتی بازرگانی، چونکە جەنابی سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵ هەر بۆ خۆی

یەعنی من لە بەشێك لە قسەكانی جۆرێك لە جیاوازیم بینی، ئومێد دەكەم ئەوە ڕاست بكرێتەوە و ئەویش ئەوەیە كە جەنابتان ئاماژەتان بەوە دا لەوانەیە حاڵەتی داخیل كردنی گەنمی هاوردە هەبووبێ بۆ سایلۆكان، بەڵام لە هەمان كاتیش دا بەڕێزتان بەڕاشكاوی جەختتان لەوە كردەوە كە ئەوە قسەی ئێمەشە وەكو وەزارەتی كشتوكاڵ، ئەو گەنمە پێش وەرگرتنی لەلایەن سایلۆكانەوە فەحص كراوە و موافەقەتی وەزارەتی بازرگانی عیراق و كۆمپانیای گشتی بە بازار كردنی گەنمی عیراق لەسەر وەرگرتنی ئەم گەنمە لە سایلۆكانی هەرێمی كوردستان وەرگیراوە، كەواتە بەشێوازێكی یاسایی حكومەتی عیراق چۆتە ژێر باری وەرگرتنی ئەو بڕەی كە لە سایلۆكان پەسند كراوە و چۆتە ناو خەزێنەی حكومەتی عیراقی فیدراڵی و بەشێك لە پارەكەش نێردراوە، كەواتە هیچ موبەریرێك نییە بۆ ئەوەی بوترێ لە ئێستادا بووترێت: وەڵلا بەشێك لەو گەنمەی كە لە سایلۆكان داخیل كراوە، ئەو گەنمە گەنمی هاوردەكراو بووە، یاخود تەزویری تێدا كراوە، ئەگەر وایە چۆن وەزارەتی بازرگانی عیراق و كۆمپانیای گشتی بە بازاڕكردنی گەنمی عیراق لە هەمان كاتیشدا دوای فەحص كردن ئەو بڕە وەرگیراوە و لە هەمان كاتیش دا بەشێك لە پارەكەی صەرف كراوە، كەواتە ئەوە من پێموایە تۆمەتێكی بێ بنەمایە، ئەوە دەكەوێتەوە چوارچێوەی ئەوەی كە بەهۆی بوونی ئەو صیراعە سیاسییەی كە لە نێوان هەرێم و حكومەتی فیدراڵی دا هەبووە لە ڕابردوودا و ناشیشارینەوە لەوانەیە هەندێ خەلەلی تەكنیكیش هەبووبێ كە من لە ئێستادا ناچمە سەر تەفاصیلەكەی، بەڵام ئیحتیماله ئەوانە بەشێك بووبن بۆ ئەوەی كە ئێمە بەرە بەرە هەنگاو بۆ ئەوە نراوە كە صیراعە سیاسییەكە هۆكارێك بووە بۆ ئەوەی كە بەڕاستی حەقی جووتیارەكانی ئێمە وەكو پێویست نەدرێ، بۆیە مەفرووزە ئێمە پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان بەیەكەوە لەم بابەتەدا بەڕاستی هاوكار بین و هاوڕا بین لەسەر ئەوەی كە بەدڵنیاییەوە ئێمەش وەكو وەزارەتی كشتوكاڵ لە حكومەتی هەرێمی كوردستان هەموو جوهدەكانمان خستۆتە گەر بۆ ئەوەی بتوانین لەم نێوەندەدا بتوانین بۆ گەڕاندنەوەی شایستە داراییانە كاری خۆمان ئەنجام بدەین، ئەوە سەرەڕای ئەوەی كە وەفدی ئێمە كە وەفدی دانووستانكاری حكومەتی هەرێمی كوردستانە یەكێك لە خاڵە هەرە گرنگەكانی دانووستانی بریتی بووە لە شایستە داراییەكانی جووتیاران، سەرەڕای ئەوە وەكو وەزارەتیش و هەروەها سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستانیش بە فەرمی نووسراومان ئاراستەی وەزارەتی زراعەی عیراق، وەزارەتی تیجارەی عیراقی كردووە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو شایستە داراییانە، من دەمەوێ لێرەشەوە بیڵێم كە ئێمە وەكو وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو لە دوو حەفتەی ئایندە بڕیارمان داوە كە سەردانی وەزارەتی زراعەی عیراق و سەرچاوەكانی ئاویان بكەین، لە هەمان كاتیش دا باسمان كردووە لەگەڵ وەزارەتی تیجارە حەتمەن نوێنەری ئەوانیشمان لەگەڵ بێ، سەردانی وەزارەتی تیجارەش دەكەین، وەكو ئەركێكی فەرمی خۆمان بۆ ئەوەی كە بەڕەسمی داوا لە حكومەتی عیراقی فیدراڵ بكەین كە ئەم مافە بۆ جووتیارانی هەرێمی كوردستان لە

چوارچێوەی هەموو ئەو بڕیارە سیاسییانەی دەربهێنێ کە لە ڕابردوودا خرابوونە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوە حەقێکی مەشروعی ئێمەیە وەکو هەرێمی کوردستان، لە کۆمەڵێك ڕووی ترەوە کە من دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم، بەشێك لە ڕاپۆرتەکان باس لەوە کرا کە ئەم مافە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسیارێتییەکەی هەڵبگرێ، بەڕێزان، من پێموانیە حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی لە بەرپرسیارێتی بدزێتەوە، بەدڵنیاییەوە خۆی نادزێتەوە، ئێمە وەکو ئەرکی سەرەمی خۆمان وەکو وەزارەتێکی مەعنی لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان کە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوین پرۆژەیەکی تایبەتمەندمان داوەتە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە کڕینەوەی گەنمی جووتیاران لە هەرێمی کوردستان دا، ئەم پرۆژەیە سێ مانگ بەر لە ئێستا ئێمە وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ کارمان لەسەر کردووە و ئاراستەی حکومەتمان کردووە، بەسوپاسەوە بۆ یەکە بە یەکەی وەزیرانی کابینەی نوێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەکەی ئێمە پەسند کراوە و لیژنەیەك تەشکیل کراوە لە نێوان وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئێمە کۆبوونەوەکان ئەنجام داوە، سێ (option)مان خستۆتە بەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەموومان ئاشناین بە دۆخی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەو قەیرانەی کە لە ڕابردوودا بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و میللەتەکەمان دا هاتووە، کە بە نیگەرانییەوە لێی دەڕوانین، لە هەمان کاتیش دا بەڕاستی ئێمە ئێستا وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پلانی خۆمان بۆ ئەوەی کە پرۆژەکەمان بکەوێتە سەر سکەی خۆی و لە بواری قسەی شەفەهییەوە بکەوێتە بواری جێبەجێ کردن، سێ (option)مان لەناو پرۆژەکەمان دا داوەتە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە (option)ەکان بەو جۆرەن:

- یەکێکیان ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بچێتە ژێر باری کڕینەوە ئەو گەنمەی کە دەمێنێتەوە لە دوای وەرگرتنی ئەو بەشەی کە عیراق ناتوانێ وەری بگرێ، یان وەری ناگرێ لە جووتیارانی هەرێمی کوردستان حکومەت بچێتەوە ژێر باری کڕینەوە، لە چەند قۆناغێك دا حکومەت وردە وردە کاری لەسەر بکات دوای ئەوە دەتوانێ تەسلیمی کەرتی تایبەتی بکات.

- (option)ی دووەممان ئەوەیە کە حکومەت بە نیزامێکی تایبەت ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خۆی هەم لە ئەنجومەنی باڵای ئابووری هەرێمی کوردستان، هەم لە ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان، هەم لە ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان کردوویەتە یەکێك لە میکانیزمە سەرەکییەکانی کارکردن، ئەویش هەماهەنگی تەواوە لە نێوان کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی، بۆ ئەوەی بتوانین ئەوەی کە حکومەت ناتوانێ لە ڕووی دابین کردنی بودجەوە بۆی، کەرتی تایبەت ببێتە بەشێك لە پلانەکە بۆ جێبەجێ کردنی، کە ئەوە خواستی ئێمەش بووە لە وەزارەتی کشتوکاڵ، چونکە پێمانوایە بە تێبینی کردنمان لە سەرجەم ئەو سەردانانەی کە کردوومانە، ئەو وەفدانەی کە بینیومانە، بەسەرنجدانمان لە ڕووی زانستی و لە ڕووی یاساییەوە لە زۆربەی زۆری وڵاتە پێشکەوتووەکان کەرتی تایبەت بۆتە بەشێکی سەرەکی

لەگەڵ حکومەت بۆ ئەوەی ئەو پرۆژانەی کە حکومەت ناتوانێ تەمویلی بکات، کەرتی تایبەت بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت دەیکات، بۆیە ئەوە (option)ی دووەممان بووە خستوومانەتە بەردەم حکومەت کە یەعنی هەم حکومەت، هەم کەرتی تایبەت بەیەکەوە بۆ دەعمی ئینتاجی دانەوێڵەکەش کە دوای ئەوەی وەردەگیرێتەوە، چ لە ئاردی سفرە، چ لە مەنتوجاتەکانی دیکەیەتی، بخرێتەوە بازاڕ و بۆ ئەوەی کە حکومەت بچێتە ژێر باری دەعم کردنی ئەوە (option)ی دووەممان بووە.

خاڵی سێهەممان ئەوەیە کە بدرێتە کەرتی تایبەت، بەڵام ئەو کەرتە بەو مانایە نا کە تەنها کەرتی تایبەت لێی مەسئول بێ، بەڵکو لە ژێر ئیشرافی حکومەت بێ، بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێ دەعمی بکات، بۆ نمونە باج خستنە سەر ئەو بەرهەمە هاوردانەی کە دێنە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستانەوە، کە بەداخەوە زۆر جار قسە لەسەر کوالێتی ئەو بەرهەمە هاوردانە دەکرێت، ئەوە پەیوەندیداریشە بە ئاسایشی خۆراك لە هەرێمی کوردستانەوە، ئێمەش وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ خۆمان لەم بابەتە بە مەسئول دەزانین، بۆیە داوامان کردووە ئەگەر بدرێتە کەرتی تایبەتیش بە تەنها دەبێ لە ژێر ئیشراف و چاودێری حکومەتی هەرێمی کوردستان دا بێ، کە من پێموایە لە ئێستادا و لە حەفتەی ئایندە دووبارە لیژنەکەمان کۆ دەبێتەوە بۆ ئەوەی میکانیزمی جێبەجێ کردنەکە لە دوو (option)ی سەرەکی کە پەسند کراوە لە کۆبوونەوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو دووبارە بخرێتەوە بەردەمی لیژنەکە بۆ ئەوەی میکانیزمی جێبەجێ کردنەکەی دابندرێ، کە من پێموایە ئەوە هەنگاوێکی گرنگ دەبێ لە هەرێمی کوردستان کە ئاراستە بۆ ئەوەی دەهاوێ کە ببێتە خاوەنی ئابوورییەکی بەهێزی خۆی لە بواری کەرتی کشتوکاڵ دا، من دڵنیام ئیرادە هەیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان هەماهەنگی تەواوەتی هەیە، ئومێد دەکەم حەفتەی داهاتوو ئێمە بتوانین لەسەر میکانیزمی جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژەیە کە خۆی دەبینێتەوە لە کرینەوەی گەنمی جوتیاران بەو میکانیزمانەی کە باسمان کرد بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و، لە ئایندەدا ئێمە بتوانین لە ئایندەیێکی نزیکدا ئەم دەرگایە بەرووی جوتیارانی خۆمان وەڵا کەین، کە من لێرەوە دەمەوێ بەخێرهاتنی نوێنەرەکانیان بکەم، وابزانم لە بەشی سەرەوەی هۆڵەکە حزوریان هەیە، خاڵێکی دیکە کە من دەمەوێ وەکو وەزیری کشتوکاڵ تەئکیدی لێبکەمەوە لەبەر دەمی هەمووتانەو وەکو پەرلەمانی کوردستان، ئێمە لە سەرەتای دەست بەکاربوونی ئەم کابینەیەدا لەراستیدا پلانی وەبەرهێنانی خۆمان داوەتە حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە پێمان وایە یەکێك لە گرفتە هەرە گەورەکانی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان دا راستە لە هەندێ لە مەوسمەکانی ساڵدا ئێمە ئینتاجی بەروبوومە نێوخۆییەکانمان زۆرە، بەڵام یەکێك لە گرفتە گەورەکانمان لەسەر مەسەلەی بەبازار کردنی ئەو بەرهەمە نێوخۆییانەیە، بۆ ئەو مەبەستە ئێمە دەمانەوێ لە راستیدا دووبارە لە پلانی وەبەرهێنانی خۆمان گرینگی بدەین بە پیشەسازی و کشتوکاڵی و خۆراکی لە هەرێمی کوردستان بەپێی جیاوازی بەپێی خصوصیەتی ناوچەکان و، بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە داوای

نەخشەی زراعی هەرێمی کوردستانمان لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی خۆمان کردووە وە ئێستا کە بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان لێرە لەگەڵم حزوری هەیە، ئێستا ئێمە سەرقاڵی ئامادەکردنی نەخشەی زراعی ناوچەکانی هەرێمی کوردستانین دەمانەوێ تایبەتمەندی خصوصیەتی زراعی لەناوچەکانی هەرێمی کوردستان بخەینە بەردەمی خەڵکی کوردستان لەبەر دەمی موستەسمرین و وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی بیانی، بۆ ئەوەی بەرچاویان روون بێ کە هەرێمی کوردستان خاوەنی خاکێکی زۆر بە پیتە وە کەش و هەوایێکی زۆر لەباری هەیە وە سەرچاوەی ئاوی زۆر باشمان هەیە وە لەهەمان کاتیشدا دەستی کاری ناوخۆیی زۆر باشمان هەیە کە دەتوانین ئێمە لە هەرێمی کوردستان دا سوودی لێببینین و، لەو نێوەندەشدا ئەوەی دەمەوێ لەبەر دەمی پەرلەمانی بەڕێز رای بگەێنم بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستانیش لە نزیکەوە بزانن کە کارەکانی ئێمە لە رابردوودا چۆن بووە لە ماوەی چەند مانگی رابردوو کە تەنها شەش مانگێکە، ئەویش ئەوەیە ئێمە کۆمەڵێك پرۆژەی زۆر گرینگمان داوەتە ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان لەسەر رەخساندنی دەرفەتی کار وە هەلی کار بۆ دەرچوانی کۆلێژی کشتوکاڵ پەیمانگاکان و ئامادەییەکان وە لەهەمان کاتیشدا ڤێرتەرنەری کۆلێژ و پەیمانگا و ئامادەییەکان، بۆ ئەوەی بتوانین هەلی کاریان بۆ بدۆزینەوە، کۆمەڵێك میکانیزممان داناوە کە دەمەوێت لەبەر دەمی جەنابتاندا ئاشکرای بکەم ئەویش ئەوەیە یەکێك لە پرۆژەکانمان کە لە ئایندەیێکی نزیکدا دێتە بەردەمی پەرلەمانی بەڕێزی کوردستان، ئومێد دەکەم کە لێرەدا هەردوو لامان بە هاوکاری یەکتری پەسندی بکەین ئەویش ئەوەیە کە هەموو ئەو دەرچوانە پێویستە لە کەرتی تایبەت لە ئەوانەی کە لە کەرتی گشتیدان نەیانتوانیوە چانسی کارکردنیان بۆ برەخسێ لەکاتی تایبەتدا، ئێمە لە پرۆژە کشتوکاڵییەکان دەرفەتی کارکردنیان بۆ دەرەخسێنین وە هەر کەسێك کە لە دوو شوێن کار دەکا، بۆ نمونە کەسێك فەرمانبەرە لە حکومەت، بەڵام لە کەرتی تایبەتیش مووچەی هەیە، یاخود کارێکی تر دەکا، ئێمە بە یاسا دەمانەوێ ئەمە رێکخەینەوە هەر کەسێك بۆی هەیە یەك جار موستەفید بێ وە لە سندوقێکی خانەنشینیدا کە تایبەت دەبێ بە دەرچوانی کۆلێژی کشتوکاڵ و ڤێرتەرنەری و ئامادەیی و پەیمانگاکان ئەم سندوقە تەرخان دەکرێ لە ژێر ئیشرافی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گەرانەوەی بەشێك لەو مووچەی کە وەری دەگرن هەر وەکو فەرمانبەرانی حکومەت، بۆ ئەوەی حقوقی ئایندەیان مەحفوز بێ وە بتوانین ئێمە لەو سۆنگەیەوە هانی خەڵك بدەین بۆ ئەوەی کە رێژەی وەرگرتن لە کۆلێژەکانی کشتوکاڵ و ڤێرتەرنەری زیاتر بێ وە لە هەمان کاتیشدا دەرفەتی کارمان کە رەخساند خواستی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ بە هەموو سێکتەرەکانیەوە زیاتر دەبێ، بۆیە ئومێد دەکەم پەرلەمانی کوردستان لەم سۆنگەیەوە لەگەڵ ئێمەدا هاوکار بێ وە سەبارەت بە شایستە داراییەکان منیش لە کۆتایی قسەکانمدا وە دواتر دەرفەت جێدێڵم ئەگەر پرسیارێك رووبەرومان کراوە لەو زمە جواب بدەینەوە، من دەمەوێ ئەوە بڵێم بە تەئکید وەزراەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە ئێمە دەبێت پشکی هەرێمی کوردستان ئەو بووجەیەی کە

تەرخـان کـراوە بـۆ هەرێمـی کوردسـتان بـۆ کـڕینەوەی کەرتـی جوتیـاران، جەخـت دەکەیـنەوە لەسەردانەکەشمان لەگەڵ وەزارەتـی دارایـی وە لەگەڵ وەزارەتـی زراعە وە لەگەڵ سـەرۆکایەتی کۆمـار وە لەگەڵ فراکسـیۆنە کوردسـتانییەکان، مـن لێـرەوە دەمەوێ سوپاسـی ئەوانـیش بـکەم چـونکە ئـێمە گروپێکـی هەماهەنگیمـان دروسـت کـردووە لەگەڵ فراکسـیۆنە کوردسـتانییەکانی عیـراق، بـۆ ئەوەی بە بەردەوامـی ئاگامـان لەیەکتـر بـێ چ لەو پـڕۆژە یاسـایانەی دەچێـتەوە پەرلەمـانی عیـراق بـۆ ئەوەی کە خصوصـیەتی هەرێمـی کوردسـتان لەبەر چـاو بگیـرێ، کە بە داخەوە لە رابردوودا ئەمە نەبووە وە لە هەمان کاتیشدا لەو پڕۆژە یاسایانەی کە ئێستا پەسـەند دەکرێن لەناو پەرلەمانی عیراقدا، چـونکە ئـێمە دواتـر لە بەشـێك لەم پـڕۆژە یاسـایانە مەحکوم دەبین بە جێبەجێکردنی تەعلیماتەکانی یان بەهـۆی ئەوەی کە ئـێمە منـافزی حـدوودیمان ئێسـتا یەکە، جـگە لەوە ئـێمە ئەگەر لەبـواری دیـاریکردنی رێـژەی یـان بەرز کـردنەوەی رێـژەی ئەو بووجەیەی دیاربیکراوە نەمان توانی هەدەفی خۆمان بپێکـین لە راسـتیدا ئـێمە داوا دەکەیـن کە کەشفی سایلۆکان بکرێت بۆ رێژەی وەرگرتن مـن لێـرە دەمەوێ ئامـاژە بە شـتێك بـدەم بەڕێـزان ئێستا بـۆ نمـونە هەر چەنـدە لە اختصاصـی بـرای بەڕێـزم کـاك (کمـال)ە، بەڵام وەکـو مەعلومـان دەیـخەمە بەردەمـی جەنابتـان ئەویـش ئەوەیە ئـێمە تەخمینـاتی وەزارەتـی زراعە لە بەشـێك لە ساڵەکان بەجۆرێك چۆتە حکومەتی عیراق، بەڵام رێـژەی وەرگـرتنەکە لە زمنـی ئەو تەخمینـانەی کە وەزارەتـی زراعە نـاردوویەتی کەمتـر بـووە، بەڵام لەبەشـێك لە سـایلۆکانی عیـراق بـۆ نمـونە رێژەی ئاسـتی وەرگرتنـی تـاقە سـایلۆکە دیـارکراو بـووە لەسـەرووی ئەو تـاقەوە وەری گرتـووە، هۆکـار چیـیە حکـومەتی عیراقـی لەرابـردوودا لەم سـایلۆیە کە دەکەوێـتە ناوەراسـتی عیـراق نەیوتووە ئەو رێژە زیادە بۆ دێتە نـاو سـایلۆکەتانەوە، بەڵام لە هەرێمـی کوردسـتان لە رێژەیێکـی کەمتر لەو تەخمینەی کە دراوە وەرگیراوە، بەڵام لە ئێستادا گرفت بۆ جوتیارانی خۆمان دروست دەکا، بۆیە ئێمە داوامان کردووە کە کەشفێکی راستگۆیانە بکرێ بۆ رێـژەی وەرگرتنـی سـایلۆکان لە سەرجەم سایلۆکانی عیـراق وە لە هەمـان کاتیشـدا سـەراحەت ئـێمە دەمـانەوێ بـۆ ئەوەی کە حەقی جووتیارەکانی ئێمە پارێزراو بـێ مەسـحی جەوی بکـرێ بـۆ رووبەر داچێنـراو لەسـەر ئەو بنەمـایە هەرێمـی کوردسـتان دەتـوانێ رێـژەی ئەو گەنـمە بە وازحـی داخلـی سـایلۆکان بکـا بە شێوازێکی سەربەخۆ، بۆ ئەوەی کە جوتیارانی ئێمەش وەکو جوتیارانی ناوچەکـانی تـری عیـراق بتـــوانن موســـتەفید بـــن لە هەمـــوو ئەو شـــتانەی پەیوەندیـــدارە بە مانـــدووبوونیان وە بە بەرهەمەکانیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ دەستت خۆش بێ، فەرموون بەڕێز وەزیری بازرگانی.

**بەڕێز کمال مسلم سعید قرنی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، ئەم بەڕێزانەی کە خوشکی بەڕێزم (بێگەر) خان، ئەو بەڕێزانەی تر کە قسەیان کرد دەربارەی هەموو ئەو پرسیارانەی کە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ورووژاندیان، تەقریبەن زۆربەی بابەتەکەیان باس کرد، ئێمە پێمان وایە ئەو بابەتە هیچ بابەتێکی قانوونی نییە بابەتێکی یاساییە وە بڕیارێکی خراپ سیاسی و بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان بە تایبەتیش بە جوتیارە بەڕێزەکان بڕیار دراوە کە هیچ سەنەدێکی قانوونی لەسەر نییە، لەبەر ئەوە ئەو هەنجەتەی کە ئەوان باسی دەکەن گوایە بڕی گەنمی زیاتر لەوە تەسلیم کراوە یان گەنمەکە خراپ بووە ئەوانەش دوورن لە راستییەوە، بۆ ئەم بابەتەش پێش ئەوەی بێمە سەر ئەوەی کە بڵێین ئەو داتایانەی باس لە راستی یان ناراستی هەنجەتەکانی ئەوان دەکا، پێم باشە ئەوە بڵێم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لایەنە پەیوەندیدارەکان بە هیچ شێوەیێك بڵێین درێخیان نەکردووە لەو بابەتە، بەڕێزان سەرۆکی هەرێم سەرۆکی حکومەتی هەرێم وەزارەتە پەیوەندیدارەکان پەرلەمانتارە بەڕێزەکان وە هەندیك خەڵکی لەسەر ئاستی شەخصی وەك ئەو فەلاحە بەڕێزانەی کە چوون لەوێ داوایان تەقدیم کردبوو بە بەردەوام لەسەر ئەو کەیسە ئیشیان کردووە وە وەفدی دانووسکاری هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ بەغدا ئەوانەیان بە بەردەوام ورووژاندووە داوایان کردووە لە بەڕێز (عادل عبدل مهدی) کە ئەو بڕیارەی بەڕێز(عبادی) کە پێشتر داویەتی هەڵیبوەشێنێتەوە، چونکە بڕیارێکی ناقانوونی (مجحف)ە و بەرامبەر خەڵکی کوردستان، ئێمە لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە (٧/١٥) دەست بەکار بووین لە (٧/٢٥) نووسراوێکمان کردووە ئەو بابەتەمان بە تەواوی تێدا روون کردۆتەوە لەسەر ئەوەی ناحەقی ئەو بڕیارەی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان دراوە، بەتایبەتی بەرامبەر بە جوتیارەکان وە لەوێدا ئەوەمان روون کردۆتەوە کە وەرگرتنی ئەو بڕە گەنمە بڕەکەی هەر چەندێك بێ موەزەفینی هەرێمی کوردستان نیین کە وەری دەگرن نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە بازارکردنی دانەوێڵەی حکومەتی عیراق تێدایە، بە بڕیاری ئەوان و بە ئاگاداری ئەوان وەردەگیرێ ئەوان لێوەی مەسئولن کە ئەو گەنمە وەربگرن چ لە رووی کەمیەتەوە چ لە رووی نەوعیەتی ئەو گەنمەش لە رووی خراپی و ئەوانەیەوە، ئەوە بەپێی خوطەکی تەسویقی دەکرێ ساڵانە دەدرێ وەکو باسم کرد ئەگەر بەغدا نارازی بێ لەسەر بڕەکەی لەسەر جۆرەکەی لەسەر ئەوەی کە گەنمەکە خراپە ئەوە ئەوان لێی مەسئولن، نەك هەرێمی کوردستان وە نەك جوتیارانی کوردستان کە ئەگەر باس لەسەر ئەوە بکەین وەکو لە بڕیارەکەیان دا هاتووە ئەو بڕە گەنمەی لە هەرێمی کوردستان وەرگیراوە زیاترە لەو بڕەی بۆی دیاری کراوە، بە تایبەتی ئەو ساڵانەی (٢٠١٤، ٢٠١٥، ٢٠١٦) باسی دەکا ئەوەشیان هەر زۆر دوورە لە راستییەوە، چونکە بەپێی ئەو داتا راست و دروستانەی کە لەلای ئێمەیە تەسلیم بە بەغدا کراوە، هەر بە نمونە چەند مهیمیەکی شاری هەولێرتان پێ دەڵێین لە (٢٠١٤) بڕی تەخمین کراوی گەنم بەپێی ئەوەی کە بەغدا موافەقەی لەسەر کردووە لە هەولێر تەسلیم بکرێ وەری بگرن سایلۆکان لە هەولێر حەفت سەد و پەنجا و شەش هەزار تەن بووە کەچی دوو سەد و هەشتاو چوار هەزار

تەنی تەسلیم کراوە، لە (٢٠١٥) هەشت سەد و حەفت هەزار تەن بووە کەچی دوو سەد و حەفتا و دوو هەزار تەن تەسلیم کراوە، لە (٢٠١٦) شەش سەد و یەك هەزار ئەوەندە تەنە بووە، کەچی دوو سەد و حەفتا و چوار هەزار تەن تەسلیم کراوە، یەعنی بە هیچ شێوەیێك ئەو بابەتە راست نییە کە بڵێین زیاتر لە حەدی خۆیان تەسلیم کردووە وەك ئەوەی ئەوان دەڵێن ئەو بڕەی زیاتر پێیان دراوە تەسلیمیان کردووە دەبێ بە سعری تیجاری غەیر مەدعون حیساب بکرێ، ئەوە بڕیارێکە پێویستە ئێمە وە حکومەتی هەرێم بە گشتی هەموو ئەوانە وە ئەوەمان لەبەر دەستە و ئەوانەشمان تەقدیم کردووە کە بە هیچ شێوەیێك ئەو بڕیارە راست نییە، بڕیارێکی سیاسیە بۆیە داواش لە بەڕێز (عادل عبدل هدی) بکەین ئەو بڕیارەی بەرێز (حیدر عبادی) دەری کردووە دەبێت هەوڵوەشێتەوە هیچ سەنەدێکی قانوونی نییە، هەندێك بەڕێز باسیان لەوە کرد کە تەجاوزات لە سایلۆکان هەبووە، لەبەر ئەوە ئەو کێشەیە روویداوە، من پێم وایە ئەوەشیان حەدمەت تەجاوزات لە هیچ شوێنێك نییە بڵێین هیچ تەجاوزی تێدا نەبی تەجاوزات هەبووە، بەڵام کێ تەجاوزی کردووە خۆ دەبێ فەلاحی قوربەسەر چی بکا لەوێ چ دەسەڵاتێکی هەیە، ئەگەر تەجاوزی تێدا کرابێ ئەو ناتوانێ زیاتر لە پێویستی خۆی تەسلیم بکا، ئەوەی کە ئێمە مەبەستمانە بە هیچ شێوەیێك ئێمە وەکو وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لەسەر ئەو بابەتە کەمتەرخەم نین وە لەسەر ئەو بابەتە بەبەردەوام لەگەڵ حکومەتی عیراقی وە لە رێگای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەو بابەتەمان باس کردووە وە من خۆم شەخصیش هەم بە تەلەفۆن وە لە موناسەبەیێکیش کە هەندێك بەڕێزیش لەگەڵدا بوون بەڕێز وەزیری تجاری عیراق ئەو بابەتەم لەگەڵ باس کردووە خەڵکێکیشمان راسپاردووە بۆ ئەوەی جارێکی تر بەو بڕیارەدا دابچنەوە بەپێی ئەو بەڵگانەی لەبەر دەسی ئێمەدا، بۆ ئەوەی جوتیارانی ئێمە حەقەکانی خۆیان وەرگرتووە شایستە داراییەکانی خۆیان وەرگرتووە، بەگشتیش ئەوەی (بێگەرد) خان باسی کرد وەرگرتنی گەنم لە هەرێمی کوردستان بەوەی کە بڕەکەی بۆ دیاری بکرێ، ئەوەشیان هەر کاریکی نارەوایە ئەگەر بکرێ، چونکە لە بەشەکانی تری عیراق لە محافەظەکانی تری عیراق ئەو بڕە دیاری ناکرێ سایلۆیەکان هەرچەندی گەنم لەو محافظەیە هەیە لێیان وەردەگرن، بۆیە ئێمە دەبێ کار لەسەر ئەوە بکەین لەگەڵ خوشکە بەڕێزم، چونکە بابەتی دیاری کردنی بڕی گەنمەکە زیاتر پەیوەستە بە وەزارەتی کشتوکاڵی ئێمە لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و تەخگیگی بەغدا دەبێ ئێمە پێ لەسەر ئەوە دابگرین هەمان مامەڵەی شارەکانی تری عیراق لەگەڵ کوردستاندا بکرێ بڕی گەنمەکە هەر چەندێك بێ دەبێ ئەوان وەری بگرن یان ئەوەتا هی وانیش دەبێ تەحدید بکرێ، بەڕێزێك باسی ئەوەی کرد کە ئەو بابەتە بکرێتە یەکێك لە بڕگەکانی دانوساندن وەکو باسم کرد لە پێشتر وەفدی مفاوزی ئێمە ئەوەی باس کردووە وە بابەتێکە هیچ کەسێك کە سەردانی بەغدا بکات، یەکێك لە بڕگەکانی ئەگەر شتێکی تریشی تێدا بێ ئەو بڕگەیە لە یاد نەچووە کردوویەتییە بەشێك لە گفتوگۆکانی خۆی لەگەڵ بەغدا، باس لە دروستکردنی سایلۆ کرا بەڕێز پەرلەمانتار کاك (عثمان سێدەری) باسە ئەوەی کرد کە سایلۆ زیاتر

دروست بکرێ ئێمە ئێستا لە هەرێمی کوردستان سێ سایلۆی نوێمان لە ژێر دروستکردندایە، پێم وایە هەموویان لەو هاوینە تەواو دەبن وە لە پلانی چوار ساڵەی خۆشماندا داوامان کردووە پێنج سایلۆی تر دروست بکرێ وە خۆشبەختانە ئەوانیش موافەقەیان لەسەر کراوە ئەو پێنج سایلۆیەش لە چوار ساڵی داهاتوو دروست دەکرێ ئەو رێژەیە ئەگەر هەموو ئەو سایلۆیانەی دامان ناوە دروست بکرێ وە ئەوانەی کە هەشن دەگەینە حالەتێك کە لە هەرێمی کوردستان دەتوانین زیاتر لە هەشت سەد هەزار تەن گەنم خەزن بکەین وە بتوانین ئەمنی غیزائی خۆمان لە رووی گەنمەوە دابین بکەین، بابەتی ئەوەش کە شتێك هەیە لێرەش بە خوشکی بەڕێز (بێگەر) خان دەڵێم کە گەنم لە هەرێمی کوردستان بەڵێ زۆر زیادە، من پێم وایە باشە خوگهێك دابنێین بۆ ئەوەی فەلاحەکان هان بدەن تەنها روو لە چاندنی گەنم نەکەن بەروبومەکانی تر کە لە هەرێمی کوردستاندا پێویستیمان پێیە جۆراوجۆر کردنی بەرهەمەکانی زراعیش ئەوە کارێکی زۆر زەرورییە، چونکە ئێمە ئەوەی هەموو لایەك دەیزانن ئەوەی کە ئێستا ئێمە لە کوردستاندا لێمان زیادە لە بەشی خۆمان زیادە تەنها گەنم و جۆ و ئەوانەیە بابەتەکانی تری خۆراکی هەموویان نەقصمان هەیە، لەبەر ئەوەی پێویستە بۆ ئەوەی توشی ئەو حالەتەش نەبن کە زیادیان هەبێ و بازاری سەرف کردنیشی نەبێ ئەوەش شێوازی لە جۆراو جۆر کردنی بەرهەمی دانەوێلە دەتوانین لەوەشیان بەشێوەیەك چارەسەری بۆ ببینینەوە، ئێمە لە وەزارەتی بازرگانی هەر وەفدێك هەر قونصولیەێك قابیلیەتە لای ئێمە وەفدی بازرگانی ئێمە تەئکیدمان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە بەرووبومی هەرێمی کوردستان بەروبوومی چاکن لە رووی نەوعیەتەوە وامان کردووە کە بەشێوەێك بازاری ساغ کردنەوەی ئەم بەروبوومانەی هەرێمی کوردستانیان پێ رابگەێنین وە هانیان بدەین، بۆ ئەوەی بەروبومی هەرێمی کوردستان ببەن بۆ وڵاتەکانی خۆیان، ئێمە جگە لەوەش داوامان کردووە وە بەرنامەمان هەیە بۆ مەسەلەی سناعەی غیزائی پیشەسازی خۆراکی داوامان لە هەموو ئەو کۆمپانیایانە کردووە کی زۆر جار دێن لە ئێمە دەپرسن لەگەڵ ئێمە دادەنیشن کۆمپانیا عالەمییەکان وە قونصولەکان دێن لای ئێمە دادەنیشن دەڵێن ئێوە چ شتێکتان، پێویستە من بە دەرەجەی یەکەم پێش هەموو شتێك پێیان دەڵێن کارگە و کارخانەی دروستکردنی مەوادی پیشەسازی خۆراکی بێننە هەرێمی کوردستان لەوە نەقصمان زۆرە وە لە کاتێکدا ماددەی سەرەتایی ئەماددەی خامی ئەوانەمان لە هەموو کوردستان زۆرە دەتوانین ئەگەر ئەو کارخانانە بێنینە کوردستان دایمەزرێنین چیتر پێویستمان بەوە نابێ ئەو بەروبوومانە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بێنین، من سوپاستان دەکەم ئەگەر پرسیارێکیش هەبێ پێویستی بە جواب دانەوە هەبێ ئێمە حازرین، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری بازرگانی، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستا لە چوارچێوەی تەوەری باسەکە خستنە روو گفتوگۆ کردنی شایستە داراییەکانی جوتیارانی هەرێمی کوردستان

هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێ لەو چوارچێوەیە قسە بکا با بفەرموێ ناوی خۆی بنوسێ، کاك (چیا)، تۆ فەرموو تا ناوەکان دەنوسرێ.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددا (٥٤) بەڕێز وەزیرا کاك (کمال) وەزیری بازرگانێ ئیشارەت پێدا کە جوتیار بە قوربەسەر ناڤبرد، ئەز بێژم ئەڤ قوربەسەرە بۆ بازرگانا کەمەك نا شرینە، هیڤی دارم لە ناڤ پرۆتۆکۆلا بێتە لابردن، هەروەصا کە جوتیار رێزەکا تایبەت لە ناڤ مە هەنە، جهێی ئابوری گرنگا بۆ هەرێمی کوردستانی و نە قوربەسەرن، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ناوەکان ئەخوێنمەوە هەر بەڕێزێکمان بیر چوو بوو (د.محی الدین)، (د.شیرکۆ)، کاك (ابوبکر)، کاك (سیروان)، کاك (مم)، (هلز) خان، (سەرچنار) خان، کاك (عباس)، (د.عثمان) کاك (شاخەوان)، کاك (رزگار)، (شیرین) خان، (گلستان) خان، کاك (مەلا ناصر)، کاك (شێخ ظاهر)، کاك (مەلا جیهاد)، (د.زیدان)، (لنجە) خان، کاك (زانا)، (گولستان) خان، (د.گلاویژ)، کاك (پێشەوا)، (گولیزار) خان، کاك (اومید)، کاك (بەڵێن)، (سوسن) خان، کاك (باپیر)، کاك (مەلا ویس) کاك (کاوە). (د.محی الدین)، فەرموون.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە شایستە داراییەکانی جوتیارانی هەرێمی کوردستان، ئەو کاتەش ئەندامی لیژنەش بووم سەردانی بەغدامان کرد، بەڕیز بەڕێوەبەری گشتی پلان دانانیش لەگەڵمان بوو سەردانی کۆمەڵێك شوێنمان کرد، پارەکە لە وەزارەتی دارایی عیراقی خەرج کراوە لە لای وەزارەتی بازرگانی عیراقە وە ئەو پارەیە بە بڕیارێکی سیاسی بەشێکە لەو شەرە دەرەنی و سیاسی و ئابوورییەی دەرحەق بە گەلی کوردستان دەکرێ، دەبێ ئێمە ئەو حەقیقەتە بزانین کێشەی ئێمە کێشەی نیشتمانێکە کە پێی دەڵێین کوردستان وە کێشەێکمان هەیە کێشەیێکی سیاسییە، پێم وایە بۆ شایستە داراییەکانی جوتیارانی هەرێمی کوردستان ئەو ململانێیەی لەنێوان هەرێم و ناوەندا هەیە چۆن ئێمە وەفدی دانووسکاری هەرێمی کوردستان وە حیزبە سیاسیەکانی کوردستان داکۆکی لە کوردستانییەتی ناوچە دابڕێنراوەکان دەکەن، پێم وایە داکۆکیکردن لە مافی جوتیاران کەمتر نییە لەو کێشانەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوە هەرێمن وە ئەمە بەشێکە لەو پلانەو عەقلیەت حوکمرانیەی دەوڵەتی عیراقی بەرامبەر بە گەلی کوردستان، لەسەرتای دروست بوونی دەوڵەتی عیراقییەوە تا ئێستا ئەو شەرە ئابوورییە سیاسیە دەرونییە لەگەڵ گەلی کوردستان بەردەوامە، بەپێی ئاماریك کە لای وەزارەتی پلان دانانی کوردستاندا کراوە (٨٢%) هاوڵاتیان لە کوردستان شارنشینن لە (١٨%) لە دێهاتەکان نیشتەجێن، بۆیە پێم

وایە یەكێك لە ئەركەكانی وەزارەتی كشتوكاڵ و وە حكومەتی هەرێمی كوردستان چۆنیەتی ڕێگا خۆشكردنە بۆ گەڕانەوەی جوتیاران بۆ ئەو دێهاتانە وە سەر لە نوێ بنیات نانەوەی ژێرخانی ئابووری، بۆیە پێم وایە ئەوەی كە بڕیاریشە كە ئەو بڕیارە بە بڕیارێكی سیاسی ڕاگیراوە كە (عبادی) لە كات و ساتی داعش ڕایگرتووە وە ئێستا بەو ناوەی (عادل عبدالمهدی) دۆستی ئێمەیە نێوانی لەگەڵ كوردستان باشە، پێم وایە بە بڕیارێك ئەنجومەنی وەزیران ئەوەش خودی قسەكەی بەڕێز وەزیری بازرگانی عیراقییە تەنها پێویستی بە بڕیارێكە لەلایەن سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقی ئەو بڕیارە هەڵوەشێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (بەڵێن)، فەرموون.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە پێویست بوو بەڕێزان لە لیژنەی كشتوكاڵ و وەزیرە بەڕێزەكان ڕوونكردنەوەیان لەسەر دا بوو، لەبەر ئەوەی من خاڵەكان كورت دەكەمەوە ئەو پارەیەی كە موستەحەقاتی جوتیارانی بەڕێز لە ساڵی (٢٠١٤)، (٢٠١٥)، (٢٠١٦) خۆ ئەدا لە نزیكەی ترلیۆنێك و نزیكی سەد و بیست ملیار كە لەمە بەشێكی پارەكە سەرف كراوە نزیكەی پێنج و سەد و شەست ملیارێكی سەرف كراوە باقی تری ماوە، هەندێ جار ئەوەی كە جەنابی وەزیری بازرگانی باسی كرد حكومەتی عیراقی بڕێك پارەی ناردووە، بەڵام بە سعری تیجاری نەك بە سعری مەدعوم، جوتیارانی هەرێمی كوردستان زۆر تیایا زەرەرمەند دەبوون لە كاتێكا تەنێك گەنم بە سعری مەدعوم لە شەش سەد و نەوەت هەزار بۆ حەوت سەد و نەوەت هەزار بووە، بەڵام بە سیعری تیجارییەكان زۆر دابەزیوە كە هاتووە نزیكەی سێ سەد و چل هەزار كێشەكە ئەوەی كە باس كرا لە ڕاستیا دوو خاڵی جەوهەرییە خاڵی یەكەمیان ئەو كێشەیە بوعدێكی سیاسی وەرگرتووە وە بەشێكە لەو ململانێ و دژایەتییەی كە حكومەتی عیراق لە ماوەكانی ڕابردووا لەگەڵ هەرێمی كوردستان كردوویەتی جوتیارانی هەرێمی كوردستانیشی گرتۆتەوە، لەبەر ئەوە من پشتیوانی لەو فكرەیە دەكەم كە فیعلەن ئەمە دەبێ وەكو ئەوەی كە وەزیرە بەڕێزەكان باسیان كرد كە وەفدی دانوستانكاری ئێمە ئەمە بكاتە خاڵێكی ئەساسی گفتوگۆ ئەمە تەسبیت بكەی وەكو یەكێك لە ڕاسپاردەكانی ئەم پەرلەمانە بەڕێزە ئەوە تەسبیت بكا، دوو لەماوەی ڕابردووا هەرچەند بەو داتایانەی كە ئێستا جەنابی وەزیری بازرگانی خستییە ڕوو بێگومان هەموو ئەم هینانە بەدرۆ دەخاتەوە كە حاڵەت هەبووبێ، بۆ ئەوەی كە ئێمە بازرگانەكانی ئێمە یان خوا نەخواستە جوتیارەكانی ئێمە گەنمیان لە دەرەوە هاوردە كردووە بە بەرهەمی ناوخۆیدا بە حكومەتی عیراقیان فرۆشتبێ وە حكومەتی عیراقی بەرمەبنای ئەوە ڕای گرتبێ، لەبەر ئەوە ئەم جۆرە ئەوەی كە جەنابی (بێگەرد) خان باسی كرد هەندێك جار بەداخەو كە پەرلەمانتارێكی بەڕێز لە پێناو ئەوەی كە ئێستا بووە بە

شتێکی به داخەوە ئەبێ بە پاڵەوانێکی فەیك لە فەیس بووك بۆ چوار لایك و کۆمێنت زانیارێکی هەڵە ئەدا بەر مەبنای ئەو زانیارییە هەڵە کاردانەوەی قورسی لێ دەکەوێتەوە، یەعنی حەقە ئێمە بۆ لەمەودوا لەوە نەترسین ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە کە بەداخەوە لە فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا لێدوانێکی وایان دابی وە بەراستی حەقە ناوەکانیان بۆ خەڵکی کوردستان بڵاو بکرێتەوە، کە بەر مەبنای لێدوانی نا گهبیعی نادروستی ئەوان هەندێ جار بیانوو ئەدەینە دەست حکومەتی عیراقی، بۆ ئەوەی ئەو نیەتانەی هەیەتی بۆدژایەتی کردنی خەڵکی کوردستان جێبەجێی بکا، بۆیە من تەئکید دەکەمەوە لەسەر ئەوەی کە یەك ئەمە ببێت بە بابەتێکی گفتوگۆ و بۆ وەفدی دانووستانکاری ئێمە وە حکومەتی هەرێم پێداگر بێ لەوەی کە ئێستا هەندێ شکات و شکاتکاری هەیە ئەوەی جەنابی وەزیر باسی کرد لەسەر ئاستی شەخصی هەندێك لە فەلاحەکانی ئێمە شکاتیان کردووە هەندێ جار بە بیانووی ئەوەی کە گوایە مودیری سایلۆی هەولێر باسی ئەوەی کردووە پارەی نەقدمان لەبەر دەستدا نەبووە، بۆیە نەمان توانیووە شایستە داراییەکان بدەین بەمە لە داداگای تەمیز ئەو گومانە دروست بووە کە مادەم سایلۆی هەولێر خۆی وەکو نموزەجێك دانی بەمەیا ناوە کە لەبەر نەبوونی پارە مەستەحەقاتی جوتیارانیان نەداوە کەواتە پارەکە لای حکومەتی هەرێمە لە کاتێکدا ئێمە تەئکید بکەینەوە کە ئەو پارەیە لای حکومەتی عیراقەوە هەموو هەولەکانیان بۆ ئەم مەبەستە بخەینە گەر ئەگەر هەر نەبوو، من پێشنیاز دەکەم ئەگەر گونجاو بێ نازانم یەعنی ئیشەکە گونجاوە یان نا، بەڵام ئەوەی گونجاو بوو ئێمە بە سعری لە نەتیجەئەگەر هەر نەبوو لەو هەوڵانە هیچی سەرکەوتوو نەبوو سهری تیجارییەکە لە حکومەتی عیراق وەرگرین باقی ئەو بەرپرسیاریەتە مێژووییەی کە وەکو (بێگەر) خان باسی کرد حکومەتی هەرێم بتوانێ دەوری بانقیاتەکەی بکا بۆ جوتیارانی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەم جۆرە دانیشتنە ئەندامی پەرلەمان دەتوانێ سێ دەقە قسە بکا جیاوازە لەگەڵ ئەو دانیشتنەی کە ماددەیێکی قانوونی تیا مناقەشە دەکەین، بەڵام کە سێ دەقەکە تەواو بوو قسەکەی تەواو بووبێ یان تەواو نەبووبێ ئێمە لێرە کۆتایی پێدەهێنین، کاك (عباس)، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەخێرهاتنی نوێنەرانی جوتیاران دەکەم وە بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم کە هەردوو لایان روونکردنەوەیاندا، هەرچەندە ئێمە دانیشتنەکەمان تایبەت بۆ بابەتێکی دیاریکراو کە پەیوەندی بەو شایستە داراییانە هەبووە کە چەندین ساڵە جوتیارانی هەرێمی کوردستان قسەی لەسەر دەکەن، بەڵام تۆزێ لەمە فراوانتر قسە کرا، بەراستی دەشبوو لیژنەی

کشتوکاڵی بە یەك راپۆرتی ئامادەکراوی کورت و پوخت وە چارەسەر کردنی کێشەکان وە هۆی کێشەکە وەچ بکەین باشە وە پێشکەشی بکردایە، بەداخەوە هەستم کرد هەر کەسەو راپۆرتی خۆی هەبوو، وەزیرە بەڕێزەکانیش زۆر لەو بابەتە فراوانتر قسەیان کرد ئێمە کێشەکەمان ئەوەیە ئەو شایستە داراییانەی کە سێ ساڵە لەلایەن حکومەتی عیراقییەوە، ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان هەرچەندە بەراستی وەك پەرلەمانی کوردستان قسەمان لەسەر ئەو بابەتە نەکردووە تازە دێین قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکەین وە لێدوانی جیا جیاش دەدرێ، بۆیە گیرو گرفت دروست بووە لە هەرێمی کوردستان هەندێ جار گومان لەوە دەکرێ کە حکومەتی هەرێمی کوردستان خواردوویەتی هەموو ئەو پارەیە پێنج سەد و پەنجا و پێنج ملیۆن دۆلارە ماوەی سێ ساڵە ئەگەر مانگێ تەنها یەك ملیۆن نیو دۆلار بدرابایە جوتیاران ئێستا دەتوانرا ئەم پارەیە وەربگیراباوە، لە سایلۆکانی هەرێم کوردستان ئەو گەنمە کردراوە، یەعنی ئەمە گەنمێك نییە هۆکارەکەی چی بێ مەعامەلە حکومەت کردبێتی فەلاح تەسلیمی کردووە چەکی وەرگرتووە کردراوە، ئێستا حەقی گەنمەکە نادرێ خۆ ئەگەر گەنمەکە نەبردرابا بدرابایەوە جوتیارەکان ئێستا لە سایلۆکان مابوو، ئەوکات حەقی ئەوە نەبوو داوای پارە بکەن، بەڵام بۆ گەنم ئەبەی و مافی نادەیت؟ لێرەوە نامەوێ بچمە ناو تەفاسیل، ئێستا چی بکەین؟ لەسەر چەند خاڵێ: قسە ئەکەین بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەین، لەبەر ئەوەی حەقن، ئەرکی ئێمە چییە؟ ئەرکی حکومەت چییە لەگەڵ عێراق قسە بکات، بۆ ئەوەی وەڵامێکی روون بدەینە جوتیاران، ناکرێ مافی جوتیار لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق بخورێ، ئەرکە لەسەر حکومەتی هەرێم بە هەر نرخێك بێ ئەگەر بیکات بە پاشەکەوتی مووچە وەکو خەڵکی هەرێم پێویستە ئەگەر حکومەتی عێراق نایدات ئەبێ حکومەتی هەرێم مولتەزم بێ بەوەی نەیەڵێ مافیان بخورێ بەرگری لێ بکات، ئەبێ هەرێم چی بکات؟ ئەو وەفدانەی ئەچین لەسەر هەندێ کورسی و پلە زۆر گفتوگۆ ئەکەین، ئەو مافە و کۆمەڵێ مافی تر هی خەڵکی کوردستانە خوراوە پێویستە برگەی گفتوگۆکان بن، لەسەر حکومەتی هەرێم ئیلتیزام ئەکەین یان لە پەرلەمانی کوردستان ئەگەر باشترە بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی هەرێم وەفدێکی بە پەلە بۆ ئەو بابەتە پێك بێ، نوێنەرەکان لە بەغدا و بەشی هەرە ئەساسی ئیشەکانیان ئەو کێشانەیە لەگەڵ بەغدا دروست ئەبێ، وەزیری پەیوەندیدارمان هەیە لەن پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا ئەو کارانە پێویستە لە پەرلەمانی کوردستان بە راسپاردەیەکی چەند خالی دوور لە کێشەی کشتوکال و بەرنامەمان چییە، ئایا بیکەین یان نا، ئەو بابەتە کۆتایی پێ بێ، چونکە مافی سێ ساڵیان خوراوە لە هەر ساڵێك سێ ساڵی بەسەر تێپەر بووە، ئەیا ئەدرێ یان نا؟ هیودارام قسەکانمان کورت بکەینەوە بۆ ئەوەی لیژنەیەك پێکبێنین و لەسەر چەند خاڵێك رێکبکەوین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێـرای بەخێرهـاتنی بەڕێـزان وەزیـری کشـتوکال و وەزیـری بازرگـانی و بەڕێـوەبەری پلانـدانان بەخێرهاتنی نوێنەرانی جوتیارانیش ئەکەین، روونە جوتیاران هێزکاری گرنگی وڵاتن، بەداخەوە ماوەی چەند سـاڵێکە بە تـایبەت دوای (٢٠١٤) گرفتییـان بـۆ دروسـت بـووە، ئەو بریـارەی دراشـە دەرهەق بەوان موعلومە بریارێکی سیاسـی و پەیوەسـتە بە پەیوەنـدی هەولێـر و بەغـدا، درێـژە پێدەری هەمان ئەو سیاسەتەیە حکومەتی عێراق بۆ هەرێمی کوردستانی دورسـت ئەکـات، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەگەر تا ئێستا ئەو هەموو گفتوگـۆیە و شـاندەی چـووە، ئەو پرسـیارە ئاراسـتەی وەزیـری کشـتوکال ئەکەم کە گەیشـتوونەتە چ ئەنجامێـك؟ ئەگەر حکـومەتی عێـراق بە هـیچ جۆرێك حەقی جوتیـارانی نەدا پلانـی حکـومەتی هەرێـم وەزارەتـی کشتوکال چیـیە لە تەئمـین کردنـــی مـــافی جوتیـــار و قەرەبـــوو کردنەوەیـــان؟ خـــالی تـــر ئەگەر پەیوەســـتیش نەبـــێ بە موستەحەقاتی ئەوان هەمیشە نوێنەرانی جوتیاران کە سـەردانی پەرلەمـانی کوردسـتان ئەکەن، جگە لە پێداگیری لەسەر مافی یاسایی خۆیان باسـی ئەوەش ئەکەن هەرێمـی کوردسـتان لەگەل بەغدا و ناوچەکانی دیکەی عێراق مافێکی دیکەشیان پێشێل کراوە لە دابین کردنـی ئامێرەکـانی پێداویسـتی جوتیـاران یـان نرخـی پێداویسـتیەکە هەولێـر و سـلێمانی و دهـۆك و پارێزگاکـانی هەرێـم نرخـی جیـاوازە، ئەو پرسـیارەش ئەکەیـن هۆکـاری چیـیە کە ئەوەش بەشـێکی گـرنگە، پشـتیوانیش لە قسـەکانی بەڕێـز دکتـۆر محـی الـدین ئەکەم هەم بـۆ ئەو قسـانەی کـردی و هەم ئەوەی نەکردووە لە پشتیوانی لە جوتیاران و چینی چەوساوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

چوزانی ئەوەی نەیکردووە چیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهـاتنی میـوانە بەڕێزەکـان ئەکەم، چەنـد پرسـیارێکم هەیە لە بەڕێـز وەزیـری کشـتوکال، یەکەم، ئایا راستە پارەی گەنمی جوتیاران تەخسیس کـراوە لەلایەن وەزارەتـی بازرگـانی عێـراق تەنیا ئەمر سەرفی ماوە، واتە لەلایەن سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیرانـی عێراقـی، ئەگەر وایە بـۆ سەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیرانـی عێراقـی ئەمـر ناکـات بە سـەرف کردنـی شایسـتە داراییەکـانی جوتیاران، دووەم، ئایا حکومەتی هەرێم چ پلانی هەیە بۆ ئەوەی گرفتـی جوتیـاران لە ئاینـدە لە هەموو روێکەوە چارەسەر بکات هەر لە کاتی چانـدن تـا بە بـازار کردنـی، ئایـا حکـومەتی هەرێـم توانای کڕینەوەی بەروبوومی دانەوێلەی جوتیـارانی هەیە لە هەرێمـی کوردسـتان، ئەگەر توانـای نیـیە ئەبـێ بازارێـك بـدۆزیتەوە بـۆ ئەوەی جوتیـاران بتـوانن بەرهەمـی خۆیـان سـاغ بـکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك مەلا وەیس.

**بەڕێز وەیسی سعید وەیسی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چەند خاڵێكم هەیە، كۆبوونەوەی ئەمڕۆ زۆر گرنگە، پەیوەستە بە هەموو خەڵكی كوردستان، چونكە بەشی هەرە زۆری خەڵك سەرقاڵی كشتوكاڵە، پێشنیار ئەكەم لیژنەیەكی هاوبەش لە لیژنەی كشتوكاڵی پەرلەمان لەگەڵ وەزیرە پەیوەندیدارەكان هەوڵ بدەن لە ڕێگەی ئەندامانی ئەنجومەنی عێراقی ئەوانەی كوردستانی بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە بكەن، بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن شایستە داراییەكانی جوتیارانی كوردستان بەدەست بێنن، پرسیاری ترم ئایا پرسی شایستە داراییەكانی جوتیارانی كوردستان چۆتە دادگا لە بەغدا؟ ئەگەر چووە چ بڕیارێك دەرچووە؟ پێشنیاریشم ئەوەیە چۆن لەسەر شایستە داراییەكانی كوردستان گفتوگۆمان كردووە لە ئاییندەیەكی نزیكیش تایبەت بە ڕەوشی كشتوكاڵ لە كوردستان دانیشتنی تایبەت بكرێ، چونكە گلەیی هەیە، لە ماوەی ڕابردوو لەگەڵ بەشێ لە برادەران بەداواداچوونێك هەبوو لەسەر ڕەوشی كشتوكاڵ لە دەڤەری چۆمان و مێرگەسۆر و باڵەكایەتی، هەستمان كرد وەكو پێویست بایەخی پێ نادرێ، چونكە لە هەرێم سێ رووكنی ئەساسی هەیە، هەم خاكی بە پیت و هەم هەوای گونجا و هەم جوتیاری باش و لێهاتوو هەیە، پێویستە حكومەت لە ئایندە بەرنامەی هەبێ بۆ ئەوەی زیاتر بایەخ بە ڕەوتی كشتوكاڵ بدات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆر شێركۆ.

**بەڕێز د.شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەكان ئەكەین، دیارە باسی ئەو كێشەیە كەمتر نییە لە باسی بڕینی مووچەی هەرێمی كوردستان كە بەغدا كردی، بەهەمان شێوە تاوانە بەرامبەر هەرێم، چونكە مافێكی جوتیارانە، ئەمەوێ باس لەو ئیدیعایەی بەغدا بكەم كە دیارە جەولەی یەكەم و دووەمی دۆڕاندووە بەرامبەر بە جوتیارێكی هەرێمی كوردستان كە كەیسی یاسایی تەقدیم كردووە لەسەر ئەو مەوزوعە، بەڵام لە جەولەی سێیەم حكومەتی هەرێمی تۆمەتبار كردووە بەوەی موقەسیرە، ئەو ئیدیعایەی بەغدا باسی قاچاغچەیتی گەنم ئەكات لە هەرێمی كوردستان، وەنەبێ عێراق پارێزراو بێ لەو مەوزوعە، بەڵام وەكو وەزارەتی كشتوكاڵ و وەزارەتی بازرگانی كێ ئەتوانێ وەڵام بداتەوە ئەوە كراوە یان نا؟ كێ ئەتوانێ زەمانەت بدات ئەوە ناكرێ؟ ئەگەر حدود دیاری نەكرێ ئەم بیانووە لای بەغدا هەر ئەمێنێ بۆ ساڵانی داهاتووش ئەتوانێ بە هەمان شێوە زوڵم بكاتەوە لە كوردستان، بۆیە ئەو پرسیارە جدیە هیوادارم وەڵامان دەست كەوێ لەو

بەڕێزانە، پێتان وا نییە پێویستە یاسایەکی یەکگرتووی کشتوکاڵی لە عێراق وەکو یاسای نەوت و گاز پێویست بێ؟ تەنزیمی ئەو حاڵەتە بکات، ئایا لە یاسای عێراقی ئێوە بەوەتان نەزانیووە تەنزیمی ئەوە لە بواری کشتوکالی بە یاسا ڕێکبخرێ، خالی ئەخیر ئەوەیە ئەو کێشەیە بە بڕوای ئێمە ناکرێ بکرێ بە خالی دانووستان، نابێ تەنازولی لێ بکەین، ئەوە مافە، ئەبێ فشار بکەین ئەو مافە بدات نەك دانووستانی لەگەل بکەین، هیوادارین ئەو بەڕێزانە ئەو پرسیارە لەسەر زەمانەتی داهاتوو بۆ پاراستنی مافی جوتیارانی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دکتۆر عسمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی شاندی حکومەت ئەکەم، هەروا نوێنەرانی جوتیاران، ڕوونە لە ساڵی ڕابردوو بەندە لە (٢٢-٥-٢٠١٩) نوێنەری پەرلەمانی کوردستان بووم بە سەرۆکایەتی لیژنەی کشتوکال و ئاودێری و ئەو برایانەی ئێستا لێرە ماون، بە نوێنەرایەتی پەرلەمانی کوردستان چووین بۆ پەرلەمانی بەغدا بۆ ئەو گفتوگۆیەی ئێستا کردوومانە، بەڵام بەداخەوە هەرچی ئامادەکاری هەبوو بەغدا نەیکرد و جوابێکی موقنیعی نەدا، بەڵام ئێمە وەڵامی خۆمان دایەوە، زانیمان ئەوان تەنیا شەری بودجە و مووچە و سیاسەت و قەوممان لەگەڵ ئەکەن، بۆیە ئەو بوختانانەی ئێستا ئەیکەن کە ئەلێن گەنمەکە ئۆکرانی بووە، ئەلێین ئەگەر نابینایەك بۆنی گەنمی کوردستان بکات ئەزانێ وەکو ڕەیحانە بۆنی هەیە گەنمی کوردستان، پاشان ئەو هەموو موختەبەراتە هەیە بۆ قەبولیان کرد، کاکە بماندەنەوە گەنمەکە، قەبوڵمانە، هیچ قسەیان پێ نەبوو تەنیا شەرێکە، لێرە داوا ئەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئێستا گفتوگۆ بکرێ و دەنگ بدرێ بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتمەند بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو بابەتە، ئەو کۆبوونەوە ئەکرێ ئەخیر کۆبوونەوەی پەرلەمان بێ، درەنگە ئەو باسە، زۆر جاری وا هەیە بەرامبەر جوتیاران هیچ هەواڵێك نەبووە قەناعەتیان پێ بێ، پێمان وایە ئەو شاندانەی سەردانی بەغدایان کردووە باسی مووچە و بودجە کراوە باسی ئەوانە نەکراوە، بۆیە داوا ئەکەین شتێکی یەکلاکەرەوە بکرێ بۆ ئەوەی چیتر مافیان نەخورێ، چەندین کێشەی تری دیکەش باس کراوە، داوا ئەکەین ئەو شایستە داراییانە لەگەل بەغدا یەکسان بکرێن، برایانی جوتیار کیشەی تریشیان هەیە، هەر پارەی گەنم نیە، ئەو دەرمانە ئێکسپایەرانەی دێن بەداخەوە تا ئێستا شوێنی نییە بۆ لەناو بردنی ئەو دەرمانانە کە هەر هەمووی هۆکاری ئەو ڤایرۆس و نەخشیانەیە کە خەڵك بە دەستیەوە ئەناڵێنێ، ئەیخەیە ئاو هەر ژەهرە، ئەسووتێنی هەر ژەهرە، داوا ئەکەم ئەوەش بخرێتە گفتوگۆ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شاخەوان.

**بەرێز شاخوان رووف مصطفى:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانە بەرێزەکان ئەکەم، ئەو بابەتەی ئەمڕۆ دوو بەشە، بەشێکی پەیوەندی هەیە بە وەزارەتی کشتوکاڵ، ئەوەی تر پەیوەندی بە وەزارەتی بازرگانیەوە، بەشێکی زۆر لە هاورێیانم باسی شایستە داراییەکانی جوتیارانیان کرد، من ئەگەڕێمەوە بۆ سەرەتای کێشە و گرفتەکانی پەیوەندی هەیە بە جوتیار و کشتوکاڵەوە، لە ساڵانی رابردوو بەداخەوە رێژەیەکی باش پارەی وەرگرتنی گەنم دیاری ئەکرا، بە ملیۆنان گەنمی دەرەجە یەك تا ساڵی (٢٠١٤) بۆ هەر تەنێك (٧٩٠) هەزار دینار دیاری ئەکرا، ئێستا گەنمی دەرەجە یەك لە دوای ساڵی (٢٠١٤) ەوە کراوە بە (٥٩٠) هەزار، بۆ گەنمی دەرەجە دوو (٦٨٠) هەزار بوو، ئێستا (٤٦٠) هەزارە، بە بڕوای من ئەو مەسروفەی تێیدا ئەکرێ لە دەغڵ و دان لە کاتی حاسیلات بە ئەندازەی ئەو برە پارەی دیاری کراوە زۆر کەمە، چونکە کابرای جوتیار ئەبێ سەرەتا مەوزوعی بنەتۆی، دواتر کێلان و گاز و دەرمان و لە ئەخیر دورینەوە، ئەو مەبلەغەی ئێستا دیاری کراوە جگە لە ساڵانی رابردوو لە مەسلەحتی جوتیار نیە، داوا ئەکەین لە حکومەتی هەرێم بۆ دیاری کردنی ریزبەندی گەنم بگەرێنەوە بۆ ساڵانی رابردوو، ئەکرێ دەرجە یەك بکرێتەوە بە (٧٩٠) هەزار، دەرجە دوو بەو مەبلەغەی لە ساڵانی رابردوو دیاری کراوە، ئەوەی پەیوەندی بە پارەی ساڵانی (٢٠١٤، ٢٠١٥، ٢٠١٦) بەشێکی زۆر باسیان کرد ئەوە گرفتێکی گەورەیە بۆ جوتیاران، لەبەر ئەوەی ئەو برەی ساڵانە دیاری ئەکرێ بۆ وەرگتنی گەنم لە سایلۆکان رێژەیەکی زۆر کەمە، بۆ هەر جوتیارێك تەحدید کراوە ساڵانە چەند تەن گەنم تەسلیم بکات لە سایلۆکانی هەرێمی کوردستان، ئەو مەبلەغە کەمە، داوا ئەکەین زیاتر بکرێ بۆ ئەوەی بتوانن بەرهەمەکانیان زیاتر تەسلیم بکەن، جاران جوتیاران گازیان پێ ئەدرا بۆ مەسەلەی کێلان ئێستا گازیش نەماوە، ئێستا بۆ (٤٠) دۆنم پێنج فەردە سەما ئەدرێ، لەبەر ئەوە پێشنیار ئەکەم ئەگەر حکومەتی ناوەند ئامادەیی تێدا نییە ئەم برە پارە تەسلیم بکات و شایستە دارایی جوتیارانە، پێشنیار ئەکەم حکومەتی هەرێم مانگانە لە بودجەی حکومەتی هەرێم شتێکی دیاری بکات بۆ جوتیاران، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەلا جیهاد.

**بەرێز جیهاد حسن ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بخێرهاتنا هەردوو وەزیر و نوێنەرێت جوتیارا دکەم، ئەم دزانین کەرتێ کوشتوکالێ ئەڤرۆکە ل هەمی عالەمێ چ کەمتر نینە لە زێرێ و نەفتی، ژ بەر هەندێ کو ئابووریا هەر وڵاتەکی بیەوێ پێشکەڤیتن دبی سەردانە ب ناڤ جوتیارا بکەت، هەرە پرسیارێکی بکەی و گلەی و گازندێت وان یەکمینجار بێژت ئەگەر حدوودا بگرن ئیستیفادەکا باش دکەن، ئەڤە هردوو وەزیر ڤێرەن و کار ل

سەر ئەڤە بکەن، ئاخافتنێ جوان هاتنە کرن، ئەم هیڤیدارین ئەڤە ببنە کردار و جیهێ خـۆ بگـرن، مەسەلا مەعمەل تەعلیب لازما ل دهۆکێ هەبیت، بازرگـان هەی و بـا ئاسـانکاری بکەیـن، مە گەلە بەحسی مافی جوتیارا کری چ پێناڤێت ئەڤە ئەرکە، چونکە هەردوو وەزیـر پـێ مەسـئولن، ئەگەر بێـین بەرێ خـۆ بـدەینێ ڤـێ مریشـکێت نهـێ ڤـان ئاژەلێـت هەنـێ ڤـان ماسـییت دێـتە خـارن، کوردسـتان ئاخــاك و ئاڤەکـا پــاقژ هەی، بەس بەرومبومێـت خەلـك بــاش نیــنە، ســەبەب ئەڤ دەرمانێت کیمیاینە، ئەڤە کێشەکا گەلەك مەترسیدارە، پرسیارا دوماهی ئەڤەیە بۆ هەردوو وەزیر ئایا راستە سالانە بایی ملیۆنا دۆلارە ئارد ل ئیرانێ و تورکیایێ دێت بۆمە؟ سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك باپیر.

**بەرێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهـاتنی میوانەکـان ئەکەم، هەروەهـا نـوێنەرانی جوتیـارانیش، ئەو گرفتـانەی بـاس ئەکـرێ بەتایبەتی شایستە داراییەکان، ئەوە لە ئێستا لە داهاتوو هەمانە، ئەو گرفتەی ئێستا شـکی تێـدا نییە بریارێکی سیاسیە بۆ سـزادانی خەڵکی کوردسـتان لە چوارچێـوەی ئەو سـزادانە گشـتییەی هەبووە، بۆ ئەوەی نارەزایەتی خەڵك لە کوردسـتان و بتـوانن جموجـۆل و چـالاکی ئـابووری کەم بـکەنەوە لە هەرێـم، ئەگەرنـا بە بەراورد کـردن یەکجـار جیـاوازی زۆر ئەبینـی لە شـارەکانی تـری عێراق لەگەل هەرێمی کوردستان، بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە یـان ئەو پـارەی کەوتـۆتە لای حکـومەتی عێـراق، پێویسـتە وەفـدێکی تـایبەتی پێـك بـێ و سـەردانی بەغـدا بکـات و بگـاتە ئەنجامێکی کۆتایی لەگەڵ حکومەتی عێراق بـۆ گێـرانەوەی ئەو مـافە، ئەو گەنـمەی وەرگرتـووە، مـولزەمە بەوەی هـیچ رێگەیەکـی تـر نیـیە، ئەو بریـارە سیاسـیە، گومـان لە نـوێنەرانی خۆمـان نەکەین، لە ئێمە دلسۆزتر نەبن کەمتر نین، بەڵام بۆ ئایندە کێشـەکان دووبـارە نەبێـتەوە پێشـنیار ئەکەم حکومەتی هەرێم لیژنەیەکی تایبەتمەند پێك بێنی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و لە فەرمانگەی دەرەوەی هەرێمــی کوردســتان و لە وەزارەتــی بازرگــانی بــۆ بەبــازار کردنــی بەروبــوومە کشتوکالیەکان لە رێگەی پەیوەندیەکانیانەوە، چونکە کێشەی جوتیار ئەوە نـیە پاڵپشـتی نـاکرێ، کێشـە ئەوەیە بەروبوومەکـانی نافرۆشـرێ، نمـوونە بەروبـوومی ئـاژەڵی، خـووری خەڵـك فرێـی ئەدات، کار لەسەر ئەوە ببکرێ بە پیشەسازی کردنی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان، سـێیەم، لە کـاتی بەروبوومی ناوخۆیی یاسایەکمان هەیە یاسـای پاراسـتنی بەروبـوومە ناوخۆیەکـان ئەو یاسـایە کەموکووری هەیە با بێت هەموار بکەین، ئەگەر نیە کاری زیاتری پێ بکەین و بتـوانین جوتیـاران بە مافی خۆیان بـگەن، بە بـازاری ئەکـرێ و بە پیشەسـازیش ئەکـرێ، رێـگەی تـر نیـیە، چـونکە لە ئایندەش پێتان ئەلێم بەردەوام ئەبێ، لەو عەقلیەتە وازیان نەهێناوە، بۆیە ئەبێ پشت بە خۆمان ببەستین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو دکتۆر زێدان.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەکان ئەکەم، وێرای پشتگیری لە سەرجەم ئەو بەڕێزانە پشتگیریان خستەروو بۆ خستنەروو و گفتوگۆی شایستە داراییەکانی سەرجەم جوتیاران، بەڵام لێرە تێبینیم بۆ بابەتێکی ترە، هەر لەو بڕگەیە، چونکە شایستە داراییەکان تەحدید نەکراوە لەگەڵ بەغدا، بەڵکو کێشەیەکی تری جوتیارانیش پێویستە قەرەبوو بکرێتەوە و ئاماژەی پێ بکرێ ئەویش ئەوەیە لە ساڵانی رابردوو تا پار ساڵیش لە سنووری هەرێمی کوردستان زاخۆ و ئامێدی و دەڤەری بارزان و برادۆست و باڵەکایەتی تا ئەگاتە پێنجوێن و خانەقین جوتیاران تووشی کێشەیەکی زۆر بوونەوە لە تۆباران و بۆمباباران کردن لەلایەن وڵاتانی دراوسێ، لە هەمان کات سەرەرای زیانی دارایی زیانی گیانیشی تێدا بوو، بەڵام بە داخەوە نە وەزارەتی کشتوکاڵ ئەو دەرخستانەی بۆ قەرەبوو کردن ئاماژەی پێکراوە نەکراینەوە، نە وەزارەتی شەهیدان و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بە شەهید هەژمار نەکراون، نە بریندداریش بە کەمئەندام هەژمار نەکراون، بۆیە پێویستە داوای یەکەم لە وەزارەتی کشتوکال کە قەرەبووی ئەو جوتیارانە بکرێتەوە کە زەرەرمەندی بوون، لە وەزارەتەکانی تریش رێکاری یاسایی بگرنە بەر بەرامبەر بەو جوتیارەکان و خانەوادەیان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك ئەبو بەکر.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە تەنیا کێشەی دەیان هەزار جوتیار نییە کە ئیستیحقاقی ئەو ساڵانەیە وەرنەگرتووە، ئەو دەیان هەزار جوتیارە قەرزاری دەیان هەزار کەسی ترن، چونکە تۆیەکان بە قەرز کریووە لە دووکاندار، تەنانەت کێڵان و درونە و ئەمانە قەرزاری خەڵکن، لەبەر ئەوە کێشەی سەدان هەزار کەسە، بۆیە عەرەب وتەنی (الجائع و لا يرى الحقيقه الا على شكلى رغيف)، برسی ئەبێ کۆلێرەی بدەیتە دەست، بە دانووستان و سەردان نابێ، ئەبێ حکومەتی هەرێم بەشێ لەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، چونکە جوتیار وەکو توێژی تر نییە، هیچ سەرچاوەیەکی تری داهاتی نییە، ئەگەر هەندێ بەهەدەردان لەولا و ئەولا کەم بکاتەوە ئەتوانێ ئەو برە پارەیە بدات بە جوتیاران، ئەو موافەوەزاتە حکومەت خۆی بیکات نەك جوتیار روبەرووی حکومەتی ناوەندی بکاتەوە، ئەرکی حکومەتی هەرێمە لە ئەستۆی بگرێ، ئەبێ ئەو دۆسیەیە لای وەزارەتی بازرگانی کراوە بێ و دەعم بکرێ، پارێزەریان هەبێ بۆ ئەوەی بەردەوام ئیشی لەسەر بکرێ، هەموو نوێنەرانی کورد لە

بەغدا بە سەرۆك كۆمار و وەزیرەكان و فراكسیۆنە كوردستانییەكانیشەوە ئەبێ لە پێشینە بێ، ئەو بابەتە نابێ بە سیاسی بكرێ، ئەگەر ماددەی (١٤٠) ئەمانە و پێشمەرگەش سیاسی بێ ئەم بابەتە پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە، بۆیە ئەبێ لە ئەولەویەتی كاركردنی هەموو لایەك بێ لە بەغدا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك رزگار.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەكان ئەكەم، سەبارەت بە وەرگرتنی گەنمی جوتیاران ناكرێ حكومەتی هەرێم و وەزارەتی كشتوكال باوەر بەو بەهانەیە بكات كە ئەلێ گەنمی هاوردەی وڵاتی بیانی تێكەل بە گەنمی جوتیاران كراوە، ئەو گەنمەی وەرگیراوە بە ئامادە بوونی لیژنەكانی عێراق خۆی بووە، بۆچی ئەلێن ئەو گەنمە بیانیە؟ خۆ ئەكرا ئەو لیژنانە لێرە ئەو گەنمەیان رەفز كردابایەوە، پارەی گەنمی جوتیاران تەنیا یەك ساڵ نییە، ئەگەر لە ساڵێك گەنمی هاوردە هێنراوە ئەی ساڵانی تر بۆ ئەو شایستە داراییانەی جوتیاران نادرێ؟ دیارە بە مەبەست حكومەتی عێراق ئەو پارەیە خەرج ناكات، زەرووره حكومەتی هەرێم و وەزارەتی كشتوكال ئەكید بكاتەوە لەوە و داكۆكیكاری باش بێ، بۆ ئەوەی ماف و ئیمتیازاتی جوتیاران لە حكومەتی عێراقی وەرگیرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ناسر.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەكان ئەكەین، سەبارەت بە شایستە داراییەكانی جوتیاران بەراستی حكومەتی عێراق غەدرێكی زۆر گەورە بە جوتیارانی كوردستان ئەكات لە پای ئەوەی هاوكاری بكرێن نزیكی یەك ملیۆن تەن گەنم بەرهەم دێنن، كەچی (٣٥٠) هەزار تەن گەنم لە جوتیارانی كوردستان وەرئەگرن، كەچی پارەكەی نادەن، دووەم، غەدرێكی تریشیان لێ ئەكرێ كە چەندین ساڵە لە (٢%) گەنمی جوتیاران بۆ بنە تۆ وەرئەگرن كەچی لە سەدا هیچی جوتیارانی كوردستان وەرناگرن، غەدرێكی گەورەیە لە كوردستان ئەكرێ باس نەكراوە، ئەو گەنمە ئەروا و كەس نازانی بۆ كوێ ئەروا، سەرەرای پارەكەشی، لە كاتی وەرگرتنی گەنمی جوتیاران چەند مانگێ دوای ئەخەن بۆ ئەوەی سەرمایەدارەكان لە خوارووی عێراق بێن گەنمی كوردستان بكرن بە نیوە قیمەت، ئەوەش سوودی تەنیا بۆ ئەو سەرمایەدارانە ئەبێ كە لە خوارووی عێراقەوەن، ئەوەش زەرەری زۆری جوتیارانی كوردستانە، ئەو لیژنانەش دێن بۆ وەرگرتنی گەنم لە حكومەتی

عێراقەوە دێن، سەرجەمیان کورد نین، هەموویان بە ئارەزووی خۆیان ئەو گەنمە دەست نیشان ئەکەن، ئەوە دەرجە یەکە، دووە، سێیە، شێوەی گەنم وەرگرتنیش هیچ پاوانێکی جوتیارانی تێدا نیە تەنیا ئەو لیژنانەیە کە لە عێراقەوە هاتوون و خۆشیان بەرپرسیارن، حەقە سکاڵا لەسەر ئەوانە تۆمار بکرێ کە فەحسی ئەو گەنمانەیان کردووە، ئێمە لە سنووری گەرمیان ناوچەیەکی زۆر کەوتۆتە سنووری ماددەی (١٤٠)، حکومەتی عێراق ئەوانەش وەرناگرێ، بەڵام حکومەتی هەرێم رێژەیەکی داناوە بۆ ئەو سنوورە هەرچەند ئەو سنوورە بە بەرهەمی کشتوکالی و گەنم زۆر بەرهەم دێنن، بەڵام بەداخەوە گەنمەکانیان بە نیوە قیمەت ئەفرۆشن، لەبەر ئەوەی ئەو رێژەی لە هەرێم دائەنرێ زۆر کەمە، پشتیوانی لە هەڤاڵانم ئەکەم دەربارەی شایستە داراییەکانی هەرێم، پشتیوانی لە داواکاری جوتیارانیش ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لەنجە خان.

**بەڕێز لەنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو لە پرسیارەکانم یەکێکیان لە لایەن بەڕێز کاك ئومید کرا، سەبارەت بە پلان (ب)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەی تریان لەلایەن بەڕێز دکتۆر شێرکۆ کە ئەوە ماف و دەبێ فشار بۆ وەرگرتنەوەی بکرێ، بەڕێزان زۆر لە جووتیارانی هەرێمی کوردستان پێش ئەوەی قەیران بەرۆکی هەرێمی کوردستان بگرێ، قەرزی جووتیاری قەرزی کشتوکاڵیان وەرگرت بۆ پرۆژەکانیان و پاش ئەوەی کەوا بەداخەوە حکومەتی عێراقی فیدراڵ ئەو قەزیەی بە سیاسی کرد ماف و شایستە دارایەکانی نەدانێ، تەبعەن ئەو قەرزانە غەرامەی هاتە سەرێ، پێشنیار دەکەین ئەو غەرامانە بۆ ئەو ساڵانەی کەوا پارەکەیان وەرنەگرتیە لێیان خۆشبن یان دوا کەوتینە و بخرێتە سەر ئەستۆی حکومەتی عێراقی فیدراڵ کە بە هۆی ئەوانەوە بووە، ئەوە روویدایە ئەوە خاڵێکیان، خاڵەکەی تر لە هەندێك لە سایلۆکانی سەر بە حکومەتی عێراقی فیدراڵ کە جووتیارانی خۆمان تەسمیلیان دەکەین لە هەندێك ناوجەکان نا عەدالەتیەك هەیە لە تەقیمی بەرووبومەکان، ئایا وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان تا جەند دەتوانێ تەداخولی ئەو مەوزوعەی بکاو رێکی بخاتەوە، بەڕێزان وەزیری بازرگانی ئاماژەی بە خاڵێك کرد کە زۆر گرنگ بوو پرسیارەکەی ئاراستەی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە هانی جووتیاران بدەین، بێجگە لە گەنم و جۆ بەرووبومی دی بجێنن، ئایا بۆ ئەو بابەتە پلانمان هەیە بە پێی پێداویستییەکانی جۆری زەوی و شیاویان، بۆ ئەوەی ج بەرووبومێك غێری وانە بجێنن، لەبەر ئەوەی بۆ نمونە ماوەیەك با بڵێین بەرووبومێك وەکو درا خەڵکێکی زۆر رووی تێکرد، سەرەتا قازانجی هەبوو زۆر باش بوو کە خەڵکەکە بە بێ پلان هەمووی چاندی ئەو قازانجەی نەما، بۆیە پلان بۆ ئەو بابەتانە زۆر گرنگە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت گولستان خان فەرموو تۆ ناوت نە نووسیوە ببورە گلیزار خان فەرمووو.

**بەڕێز کلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك پرسیارم هەیە ئاراستەی وەزیری بازرگانی دەکەم، جەنابێ باسی سێ سایلۆ کر هاتنە ئاڤا کرن و هاڤینی دێتە تەمام کرن ژ یەك موافەقەتێ هاتیە سەر کرنێ، ئایا ئەڤ سایلۆیێ هەنێ جەند تەنێ گەنمێ خەزن دکەتن و، هەروەها پێش سایلۆ موافەقەتێ ئەڤ سایلۆیێ ل کیڤە بن؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس کاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا لە بەڕێز وەزیری کشتوکاڵم پرسی ساڵانە بە موعەدەلی یەك ملیۆن تەن گەنمان هەیە، کەچی ئاردی بازاری کوردستان هەمووی تورکییە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان یەك ملیۆن تەن گەنمامان هەیە، بەرهەمی ساوارو بەرهەمەکانی گەنم هەمووی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتیە، تەنانەت کۆمپانیاکانی ئەو دەوڵەتانە کێبڕکێیانە لەسەر بازاری ئێمە، بەرهەمی کامەیان باشترە، پلانی ئێمە نازانم بەرهەمی خۆماڵی چی لێبکەین لە ساڵێکدا کە یەك ملیۆن تەن گەنمامان هەبێ، چەند کارگەمان دروستکردووە ئەو بەرهەمانەی گەنم دروست بکەین چەند خەڵکی بێکار بە کار دەکەوێت، بۆ چاومان لە دەستی عێراق بێ، تەنێکی گەنم لە ئێمە بکڕێ حکومەتی عێراق ئەو خەڵکەی سزا بدات، کە ئەم کارگە دروستکرا، بەرهەمی گەنم دروستکرا بازاری ناوەراست و باشوری عیراق خۆی بە بێ منەتی پارەی بەرهەمی گەنم دەبێتە پارەو دێتە دەستی جوتیاری ئێمە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پەرتوکێکم خوێندۆتەوە بە ناوی سلوکی ئیقتسادی کە چۆن بە بێ قانوون ئەتوانین زۆرترین داهاتی دەوڵەت هەبێ، زۆرترین خەڵکی تۆ بەکار بکەوێت، بۆ نمونە ئەتو دەعمی گەنم بکەی یان بەرهەمی زەیتون بکەی یان هەر بەرهەمێکی تر حکومەت لەسەر مەتعەمەکان فەرزبکات، لەسەر خانووەکان فەرز بکات، تۆ بەرهەمی خۆماڵی بەکار بێنە، ئەوەندە باجت لێ خۆش دەبم ئەوەندە لە حەقی کارەبا بۆتۆ هەرزان دەفرۆشم دەیدەمە تۆ خەڵك دەیکڕێت، خەڵك سیقەی بە بەرهەمی خۆماڵی هەیە، لە هەموو دنیا تەجروبەی لەسەر ئەوە بووە کە خەڵك بەرهەمی ناوخۆی کڕی جووتیار زیاتر بە ئیش دەکەون، خەڵك زیاتر بە ئیش دەکەون، کارگەی زیاتر دروست دەبن و خەڵکی ئێمە تێدا ئیش دەکا و ئەوکاتە حکومەت لە سەرێ کە لە باج و کارەبا خۆش بووە کە کارگە دانرا باجەکە لەوێ دەردێنێتن، کە کرێکار بە ئیش کەوت لە پارەکەی ئەودا داهاتی بۆ حکومەت دەگەرێتەوە، بە بێ ئەوەی پارەی لێ خەرج بکەی تەنها

پێویستی بە عەقڵێکە باشتر لەم بابەتە ئیش بکەن و زەربەی دونیا دوای مەسەلەن کە سامانی سروشتیان نییە بە کەرتی کشتوکاڵ ئیش دەکەن بە بێ ئەوەی قانوونێك بۆ دەربچێ لە پەرلەمان، بەڵام بە عەقڵی ئیقتسادی کار بکەن، ئەو کتێبانە هەموی تەجروبەنە هیوادارم خۆمان وەزارەتی کشتوکاڵ و هەموو کەس ئیستفادەی لێ بکرێتن چاومان لە دەستی عیراق نەبێت، ئەو خەڵکە سزا بدرێت، فەرموون کارگە دروست بکەن خەڵکی بێکار بەکار دەکەوێ، ساواری خۆماڵی با بەرهەممان بێت، پرنجی خۆماڵیمان با هەبێت، ئەوەی کفتەی پێ دروست دەکرێ هی خۆماڵی هەبێت، دکتۆرە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە بیرمە وەزعی ئابووری کوردستان زۆر خراپ بوو، دایکم گەنمی ئەکڕی ئەیکوڵاند ئەیکردە ساوار، ئەیکردە بروێش، دایکم ئەیتوانی ئەرزاقی ئێمەساڵێك دابین بکات، چۆن حکومەت ناتوانێت ئەمە بیکات لە عەقلی کەس ناڕوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بابەتی ئەمڕۆ لەسەر شایستە دارایەکانی جوتیاران بوو، وەکو دەزانن لە دووشەمەی ڕابردوو خۆپیشاندانێك لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان کرا، من نزیکەی کاتژمێرێك لەگەڵ ئەو جووتیارە بەڕێزانە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان بووم و بە ووردی گوێم لە معانات و داواکاریەکانی ئەوان گرت، دیارە ئەوان کۆمەڵێك کێشەیان هەیە، تەنها پارەکە نییە بەهۆی دواکەوتنی پارەی جووتیاران، جووتیاران لە بارودۆخێکی دارایی و کۆمەڵایەتی سایکۆلۆژی زۆر خراپدان تەنانەت هەندێکیان کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانیشیان بۆ دروست بووە و، بەشێك لەوانە تیجارەت بە چەکەکانیان دەکرێ چەکەکانیان بە نرخێکی ڕەمزی دەفرۆشێتەوە و بەشێك لە بازرگانەکان ئەمە بە فرسەت دەقۆزنەوەو بۆخۆیان بەکاری دێنن، ئینجا یەکێك لە داواکارییەکانی تر ئەو ڕێژە گەنمەی کەوا جووتیاران تەسلیمی دەکەن، ڕێژەیەکی کەمە و یەکێك لە داواکارییەکان ئەوان ئەوە بووە کە پێویستە لەم ساڵ و ساڵانی داهاتوو ڕێژەی وەرگرتنی گەنمی جووتیاران زیاد بکرێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دیارە وەکو کورد دەڵێ هەزار قسە یەك کردار ناهێنێ، ئێستا ئێمە ئەوەندەی قسە بکەین لە پەرلەمانی کوردستان پێشتریش چەندین ساڵە قسە دەکەین، بەڵام خەڵك کرداری لە ئێمە دەوێ، خەڵك دەیەوێت ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەی بدەینەوە ئاخۆ کەی پارەکە دەگاتە دەستیان؟ کەی کێشەکەیان بۆ چارەسەر دەبێ؟ هاووڵاتیان و جووتیارانی هەرێمی کوردستان گەنمەکانیان لە ڕێی سایلۆکانی هەرێمی کوردستانەوە تەسلیم کردووە، ئەوان حەقی خۆیان لە هەرێمی کوردستان دەوێ و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەرپرسیار دەزانن کە خەمێکیان لێ بخوا و بە دوای شایستە داراییەکانیان بڕوات، دیارە بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ لێرە جگە لە خستنەرووی هۆکاری نەدانی

شایستە داراییەکان، پێم وایە پلانی چوار ساڵەی خۆشی خستەروو کە وەزارەتی کشتوکاڵ چی دەکات، بۆیە من لێرە بە فرسەتی دەزانم باسی ئەوە بکەم کە یەکێك لەو خاڵانەی کە باسی نەکرد تەلبەندکردنی ئەو سەدان هەزار زەویەیە کە کشتوکاڵیەیە کە بەشێکە کراوەتە مەزرەعە، بەڵام تا ئێستا نەگەڕێندراوەتەوە، هەرچەندە لە پلانی چەندین چاکسازیش راگەیەندرا، بەڵام نەگەڕاوەتەوە تا ئێستا، ئایا وەزارەتی کشتوکاڵ پلانی چییە بۆ گێڕانەوەی ئەو زەوییانەی کەوا تەلبەندکراون مەزرەعەکانییان لەسەر دروستکراوە بە نایاسایی، خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە بەرێز سەرۆکی پەرلەمان فرۆکەخانەی هەریر شارۆچکەی هەریر کە زیاتر لە پێنج هەزار زەوی، جووتیارانی شارۆچکەی هەریر، باسرمە زیاتر لە پێنج هەزار دۆنم زەوی ئەوان بە بەر فرۆکەخانەکە کەوتووە تەلبەندکراوە، زیاتر لە پێنج ساڵە ئەوان چاوەڕێ دەکەن کەوا قەرەبوو بکرێنەوە، هەرچەندە زۆرجار باس لەوە دەکرێ قەرەبووەکەش وەرگیراوە، چونکە فرۆکەخانەکە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە بەکار دەهێندرێ، فرۆکەخانەیەکی سەربازییە، پێمخۆشە وەزیری کشتوکاڵ وەڵام بداتەوە، ئایا چی کردووە بۆ ئەو جووتیارانەی کە پێنج ساڵە داوای مافەکانیان دەکەن؟

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شیرین خان.

**بەرێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە شایستە داراییەکانی جووتیارانی هەرێمی کوردستان بۆ سالانی (٢٠١٤) و (٢٠١٥) و (٢٠١٦) کە نزیکەی (٥٦٠) ملیار دیناری عێراقی دەکا، کە رێژەی سەدا پەنجای گەنمی تەسلیم کراو دەبێ، دیارە لە رابردوودا بەغدا بە سێ چەك، با بلێین نیوەی شایستەداراییەکانی جووتیارانی هەرێمی بۆ هەرێمی کوردستان ناردووە، بەڵام لەلایەن وەزارەتی بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو سێ چەکەیان گەڕاندۆتەوە، بۆیە بەبۆچوونی من حکومەتی هەرێم ئەو بڕە پارەیەی وەرگرتبا بەسەر جووتیارانا دابەشی بکردبایە، تا ئەو کاتەی ئەو کێسەیە لە لایەن دادگایەکانی باڵای ئیتحادی و دادگای هەرێمی کوردستان یەکلا دەبۆوە، پێویستە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان هاوکار بن و پشتگیری لە هەوڵ و ماندووبونی رێکخراوی جووتیارانی سەردەم کە سکاڵایان تۆمارکردووە لە بەغدا بەمەبەستی گێڕانەوەی شایستە داراییەکانی جووتیارانی هەرێمی کوردستان و، لەم پەرلەمانەشەوە بڕیاری دروست و لە بەرژەوەندی جووتیاران بدرێت، وبەدیدی من وەزیرە بەرێزەکان وەکو پێویست پلان و رێکاری چارەسەریان نەخستۆتە روو بۆ گێراندنەوەی بەرژەوەندییە داراییەکانی جوتیارانی هەرێمی کوردستان، بۆیە من دەپرسم ئایا پلانی حکومەتی هەرێم بۆ گێڕانەوەی قەرزی جووتیاران چی دەبێت؟ ئایا

حکـومەتی هەرێـم ئامـادە دەبێـت سـکاڵا دژی بەغـدا تۆمـار بکـات، بـۆ پابەنـدبونی عێـراق بە گێڕانەوەی حەقی جووتیارانی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گولستان خان فەرموو.

**بەرێز گلوستان سعید حمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بە خێرهاتنی جەنـابی وەزیـری کشـتوکاڵ و وەزیـری بازرگـانی دەکەم، مـن ئەمەوێ ئەوە بڵـێم بەراسـتی زۆری تواناکـانی کـاری جووتیـاری کشـتوکاڵی پێویسـتە پەیـرەوی لە بیـرۆکەیەك بکەین کە ڕێگە بدرێ با کار بکەن لە پێنـاو بـووژانەوەی کەرتـی کشـتوکاڵی، خسـتنەگەڕی توانـای جووتیاران بە هاندان و بەخشـینی پشـتیوانی لێکردنیـان لە پێنـاوی بەرهەمـی زیـاتر، لە پێنـاوی ئەوەی کە کوردسـتان خـاکێکی بە پیـت و پـڕ بەرەکەت و بەرهەمەکەشـی پـڕ تـام و چێـژو سروشتییە کە بە دەیان قات بەرامبەر بەرهەمـی دەرەوەی کوردسـتان تـام و جێـژی هەیە، بـۆیە پێویستە پشتیوانی لە جووتیاران بکرێ، ئەگەر ئەو گەنمە کە ئێستا گفتوگۆیەکەمان زیاتر لەسەر گەنـمەکەی سـاڵی (٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ )یە چـۆتە سـایلۆکانی عێـراق بـۆچی وەزارەتـی بازرگـانی عێـراق نـاچێتە ژێـر بـاری خەرج کردنـی ئەو شایسـتە دارایـیە؟ بە پێویسـتی دەزانـم حکـومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بە خاوەنی ئەو دۆسیەیە بزانێ و داوا قەید بکـا لەبەرامـبەر وەزارەتـی بازرگانی عێراقیدا، پێویستە پشتیوانی جووتیارێ بکرێ کە سـکاڵای نووسـیوە لەسـەر وەزارەتـی بازرگانی وبەرێوەبەرایەتی گشـتی دانەوێـڵەی عێراقـی بـۆ سـەرف کردنـی پارەکانیـان و دادگـای بەرایی ڕەسافە دواتر دادگای ئیسـتئنافی ڕەسـافە بڕیـاری داوە کە پارەکەیـان بـۆ سـەرف بکـرێ، سەرەتا بە سعری مەدعوم، بەڵام پاشان ئەو پارەیە لە زومنی نەفەقاتی حاکمەیـا بێـت کە عێـراق بیـدات و دواتـر وەزارەتـی بازرگـانی عێـراق تەمیـزی کـردۆتەوە کە خۆشـیان دڵنیـان ئەو پـارەیە عایدی خۆیانە، بەڵام نەك هەرێم کەچی تەمیزیان دوور کردۆتەوە، تەمیزەکەش زۆر تەئخیر بووە دوایـی بڕیاریـان داوە کە ئەو پـارەیە دەبـێ هەرێـم بیـدات کە ئیسـتیناکراوەتە سـەر کتـابێکی بەرێوەبەرایەتی سایلۆی هەولێر، کە وەڵامی وەزارەتی بازرگانی عێراقـی داوەتەوە کە وەزارەتـی بازرگـانی عێـراق داوای ڕوونکـردنەوەی کـردوە لەوەی کە بـۆچی ئەو پـارەیە تـا ئێسـتا تەسـلیم نەکـراوە، ئەوان وتوویـانە ئـێمە سیولەی نەقـدیمان نیـیە، واتـا سـایلۆی هەولێـر جـوابی ئەوەی داوەتەوە کە سویلەی نەقدی نیـیە کە ئەمە کـاریگەری دروسـتکردووە جۆرێـك لە وەی دانـان کە ئەو پارەیە ئەبێ هەرێم بیدات، کە ئەوان لە کاتێکـا وەزارەتـی بازرگـانی عێراقـی زۆر متمانەیـان بەوە هەیە کە دڵنیان کە ئەبێ ئەو پارەیە عێـراق بیـدات، بـۆیە ئەم پـارەیە راسـتی لێـرەدا، بـۆتە گرفتێکی گەورە هەرێم پێویستی ئەو بڕ پارەیە کە وەری گرتووە لە بەغدا بیدات بە جوتیارەکـان ئەوەی کە بە نرخی تیجاری ئێستا عێراق حساب دەکـات و لە دادگاکـانی هەرێـم دادگـای هەرێـم،

پێویستە ڕووبەڕووی دادگای ئیتیحادی بێتەوە تا یەکلا ئەبێتەوە و ئەو بڕە پارەی کە دەمێنێ هەرێم خۆی بیدات لە مەحکەمەی باڵای ئیتیحادیش سکاڵا تۆمار بکات لە دژی وەزارەتی تیجارەی عیراقی لەسەر باقیبەکەی تری پارەکەو کێشەکە چارەسەر بکرێ و سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

محکەمەی ئیتحادی ئێستا نەماوە، ئیشەکانی ڕاگیراون بەڕێزت دەزانی ئەندامی پەرلەمانی و بەڕێزیشت دەزانی ئەو دەعوایەی لە مەحکەمەی ئیختساس بردمانەوە وەکو هەرێمی کوردستان لە مەحکەمەی تەمییز دۆڕاندمان، بەڕێزان ئێستا دکتۆرە گەلاوێژ با بفەرموێ.

**بەڕێز د.گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی میوانانی بەڕێز دەکەم، بەراستی ئەگەر بێین باسی شایستە داراییەکانی جووتیاران بکەین، هیچ ڕەوا نییە جوتیاران کە گەنمیان تەسلیم کردووە و بەغدا گەنمەکەی بەکار هێناوە و ئەوان پارەیان وەرنەگرتوە، چونکە جووتیاران بە قەرز گەنمیان نەداوەتە سایلۆکان، بۆیە ئەوان لەوانەیە دەتوانن داوای قەرەبووکردنەوەی ئەو مودەیەش بکەن کە پارەکانیان وەك بلۆك هەڵگیراوە، نەیان توانیوە کار بە پارەکانیان بکەن، سوود و قازانجیان بکەن، بۆیە من پێم وایە دەتوانین داوای قەرەبوش بکەینەوە بە پێی یاسا و دەبێت بەڵێن وەربگیرێت، دڵنیایی وەربگیرێت کە ئەم بابەتە دووبارە نەبێتەوە، وەکو وەزیری بازرگانی وتی کە ساڵانە ساڵانی (٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦) کەمتر گەنم تەسلیم کراوە لە پلان تەبعەن زۆربەی جووتیاران بەهۆی بوونی شەری داعش خاسەتەن لە ناوچەی مەخموورو قەراج زەوییەکانیان بە بەتاڵی ماوەتەوە، تۆیان نەکردووە کە ئەمەش پێویستە کار بکرێت لەسەر ئەوەی ئەو جووتیارانە قەرەبوو بکرێنەوە کە ئەو ماوەیە زەوییەکانیان بە بەتاڵی ماوەتەوە و، بەنسبەت ئەو گرنگییانەی کە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ کە بێگەرد خان ئیشارەتی بە چەند خاڵێکی گرنگدا، بەڵام چەند خاڵێکی گرنگی تر هەیە کە پێویستە کاری لەسەر بکەین، گشت ئەو پرۆژە کشتوکاڵییانەی کە دەدرێتن بە مۆڵەتی پێدەدرێت، پێویستە ئەندازیاری کشتوکاڵی پسپۆر سەرپەرشتیار بکات کاتی پێدانی مۆڵەتەکە و دەعمێکی ماددیی و مەعنەوی بکرێتن، چونکە بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ زۆر گرنگە، ئێمە ساڵانە ئەگەر بێین تەماشای کۆلێژی کشتوکاڵ بکەین دەبینین خواستی وەرگرتنی قوتابیان لەسەری کەم بۆتەوە، تەنانەت ئەم ساڵە گەیشتۆتە ئەوەی کە بەشێك تەنیا دوو قوتابی وەربگرێت، ئەمەش هۆکاری چییە؟ هۆکاری نەبوونی دەعمی کشتوکاڵییە و کە قوتابیان تەخەروج دەکەن نازانن چ بکەن، وەزیفەکانی لە بواری کشتوکاڵی، بۆیە پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ پلانی هەبێت ساڵانە پێویستی بە چەند گەنم هەیەو پێویستی بە چەند شەرت نییە، هەمووی گەنم و جۆ بێت، پێویستە مەوادی تریش بچێندرێت و، هەروەها لە رووی تەندروستییەوە، پێم باشە جوتیاران کاتێك کەپەینی کیمیایی و ماددە قەرەکانی ماددەکانی دژە

نەخۆشی رووەکەکان بە کار دەهێنن زانیاری و هۆشیاری تەواویان هەبێت، چونکە هەر هەڵەیەك لە بەکار هێنانی برِو جۆری مـادده قرکەرەکـان کـاریگەری لەسـەر بـرِی بەرووبـومی کشـتوکاڵی و تەندروستی دەبێتن و، هەروەهـا کـار دەکـاتە سـەر بـۆ مـاوە مـاددەی مرۆڤەکـان کە تەندروسـتی مرۆڤەکان کار دەکاتە سـەر وەجە خسـتنەوەیەکیان وەکـو بـێگەرد خـانیش دەزانـێ کە لە بـواری بایلۆجیـا، ئەوا کـاریگەرییەکی زۆری هەیە، بـۆیە چـاودێری کردنـی بەکارهێنـانی ئەو مـاددانەو کاریگەری لەسەر گشتوکاڵ و تەندروستی هاووڵاتیـان شـتێکی گـرنگە، بـۆیە ئـێمە داوا دەکەیـن، هەروەها خاڵێکی تریش کە گرنگە هاووڵاتیـانی جووتیـارانی کە زەرەرمەنـد بـوونە لە سـەردەمی رژێمی بەعس چەندین پرۆژەیان هەبووە لەسەر ئەو خاکانە، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك پێشەوا.

**بەرێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان وەزیرانی بەرێز بەخێـر بـێن، هەروەهـا جوتیـارانی بەرێـز کە نوێنەریـان لێـرەیە هەمـوو لایەك بەخێربێن، بەووردی قسـە لەسـەر ئەوەکـرا کە لایەنـی عیراقـی خەتابـارەو، بـابەتی ئەوەی کەوا پرسێکی سیاسیە کە پارەی گەنمی جوتیـارانی هەرێمـی کوردسـتان نـادەن، بەڵام مـن قسـە لەسـەر خۆمـان دەکەم، چـونکە هەرێمـی کوردسـتانیش لەم بـابەتە ئەبـوو خێـرا چارەسـەرێك بدۆزێتەوە، لەبەر ئەوەی کە ئەگەر لە ساڵی (٢٠١٤ )و ئەو کێشەیە بە جدی وەر بگیرابایە.

پێم وایە ئێستا چارەسـەری دەبـوو، لەبەر ئەوەی کە ئەگەر ئەو گەنـمەی کە جوتیـاران بەرهەمـی دێنن بکرێتە ئارد و هەروەها بتوانرایە لە ساڵی (٢٠١٤)و سوودێکی وای لێوەربگیرێـت کە گەنمـی ورد بە تـایبەت بـدرێتە خەڵـك لە رێـگەی گەنمـی وردەوە ئـارد دابـین ئەکرێـت، ئێسـتا جوتیـاران دەیانتوانی هەر بەو گەنمەی بەرهەمی دەهێنن، بەرهەمی ئاردی ناوخۆ پر بکەنەوە، بۆ ئەوەی کە ساڵانە زیاتر لە (٢٥٠)هەزار تۆن ئارد لە دەرەوە نەکردرێت، ئـاردی سـپی کە ئەو (٢٥٠) هەزار تـۆنە ئەکرا لە هەرێمی کوردستانەوە بەرهەم بێت، نەك لە وڵاتـانی دراوسـێوە بهێنـدرێتە نـاو هەرێمـی کوردستان، هەر تاکێك لە هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە برێکی زۆر هەیە.

لەبەر ئەوەی کە لە هەرێمـی کوردسـتان نـان بە رێژەیەکـی بەرز ئەخورێـت، یەعنـی هەر تاکێـك پێویستی بە (١٥٠) کیلۆ هەیە کە (٥٠) کیلۆ بۆ ساوەر بەکار دێت و، هەروەهـا بـۆ بـروێش و شـتی دیـکەش ئەم (٥٠) کیلـۆیە بـرِی زۆری لە تورکیـاو ئێـرانەوە دێـتە نـاو هەرێمـی کوردسـتانەوە کە دیسان سوود لەوە وەرنەگیرا، یەعنی دەکرا بە بێ ئەوەی ئێمە چاو لە دەستی حکـومەتی عیـراق بـین دیسـان چـاوەرێی ئەوان بـین پـارەی گەنمـی جوتیـارانی ئـێمە بـدەن خۆمـان چارەسـەرێك بدۆزینەوە، ئەم کێشەیە هیچ نەبێت کەم بێتەوە، نەگ ئەوەی کە هەر چاوەرێ بین بڵێین نارديان

نەیان نارد، ئەیدەن نایدەن، چونکە بەم جۆرە چارەسەر ئەم بابەتە لەماوەی (١٠) ساڵ نزیکەی (٧) ملیار دۆلار لە هەرێمی کوردستان بەرەو سەرتر بۆ سەوزەو میوەو ئاردوو هەندێك شتی دیکە لە هەرێمی کوردستان چۆتە دەرەوە، ئایا ئەو (٧) ملیۆن دۆلارە لە رێگەی نەوتەوە دەست هەرێمی کوردستان دەکەوێت، کە لە رێگەی کشتوکاڵەوە لە دەستی داوە؟ ئەمە پرسیارێ ئەبێ هەم وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمووتان وەڵامی بدەنەوە.
بەرێز وەزیری کشتوکاڵ و هەروەها بەرێزانی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەسئولیەتێکی زۆر گەورە لەسەر شانی ئەوە، ئەگەر بێت و جوتیارێکی پێنجوێن ئەمجارە بگریات و تەماتەکانی پێشێڵ بکات و بە لەقە بچێتە سەریان، جەنابتان لێی مەسئولی خەیارو شوتی پێنجوێن و ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کە باشترین بەرهەمیان تیایە پێشێڵ بکرێن و فرێ بدرێن و بە سەیارە بجێت بەسەریا بڵت ئەوە بەرهەمی ئەمساڵم بوو ئێوە لێی مەسئولن، لەبەر ئەوەی کە ئێستا وەخت لە پێشتانە فەرموون چارەسەرێك بدۆزنەوەو جارێکی دیکە جووتیاری ئێمە بە کزی نەبینەدرێن و هەموو رۆژێك بە دوای رێگەیەك نەگەرێن بۆ ئەوەی کە چۆن وەکو خێرو سەدەقەیەك لە کاتێکا کە کشتوکاڵ دەکرێت سەرچاوەیەکی بەهێز بێ، بۆ ئەوەی کە تۆ دەوڵەتی تیا بنیات بنێی نەك هەر بەتەنیا بەتەمای نەوت بی سەرچاوەیەکی زۆر گرنگی داهاتە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرنامەی کارەکەیدا بەرێز سەرۆك وەزیران باسی ئەوەی کردکە گرنگی بە کشتوکاڵ دەدات تاکو ئێستاش ئەوەمان بە دیکردوە چەند سایلۆیەك کاریان تێدا دەکرێت لە بەردەرەش و کەلار، هەروەها ئاگاشمان لەوە هەیە کە بەرنامەیەك هەیە بۆ ئەوەی کە من باسی دەکەم جی تر ئارد لەدەرەوە نەهێندرێت، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتت تەواو بوو سێ دەقە قسەت کرد فەرموو کاك سیروان.

**بەرێز سیروان فرج محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تۆزێ بە هێواشی قسە دەکەم و لەبەر ئەوەی لە دەقەیەك کەمترم پێ ئەجێت، ئەوەی کە وەزیرە بەرێزەکان ئەوەی دەیزانین کە ساڵانە بڕی یەك ملیار دۆلار بۆ هێنانی ئارد لە دەرەوەی وڵات دەهێنینە ئێرە، ئەو هەموە گەنمە جوانەی بە پیتوو بە بەرەکەتەمان هەیە کە وەریشی ئەگرین، ئایا بۆ بیر نەکراوەتەوە بەرنامەیەك دا بندرێت ئەو ئاشانەی هەمانە بە کاری بخەین و ئاشی تر مەعلومی جەنابتانە ئەو ئاردانەی دێنە ناو کوردستان هەموو دەرمانی تیایە، مەوادی سامی تیایەو، بەکار نایەت ئەمە لە لایەك بەشی دووەمم بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ئەم نامەیەم ئێستا بۆ هاتووە سەعاتێ لەمەو پێش پەیتا پەیتا جوتیارێك تەلەفۆنم بۆ دەکات بۆتان دەخوێنمەوە یەك سانیەم پێ دەچێ، ئەوە نامەکەیە ئەمە نامەی جوتیارێکە بۆتان دەخوێنمەوە،

سڵاو بۆ ئێوەی وەزیران پرسیارەکەم سادەیەو چاوەڕێی وەڵامم چەند ساڵە گەنممان بە حکومەتی هەرێم فرۆشتوە، تا ئێستا چاوەڕێی وەرگرتنی پارەکەمانین، من جووتیار و گەنمم داوە بە حکومەت حەقم چییە سیاسەتەو یاسایەو شتە ئێستا پارەی گەنمەکەمان کوا؟ ئەماندەنێ یان نا ئەمە؟ جوتیارەکە دەلێ نەشتەرگەریم پێویست، پارەم نییە کورم دەیەوێت ژن بێنێ پارەم نییە، مەشروعی زۆرمان هەیەو پارەم نییە، جووتیارەکە دەڵێ ئەرێ کاکە پارەکەم لای بەغدایە؟ یا حکومەتی هەرێمە؟ تەلەفزیۆنەکە ناکوژێنمەوە بەدیارتانەوە دا ئەنیشم ناشچم بۆ مزگەوت بۆ نوێژ، وڵامەکەم دەوێتەوە ئەوە پرسیارەکەیەتی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی من هەندێ پێشنیارم هەبوو، قسەکانم وترا، لەسەر ئەوەی کە حکومەتی هەرێم وەزارەتی بازرگانی وەزارەتی پلان دانان مەفروزە بە بەردەوامی تیمیان هەبێ لەگەڵ حکومەتی عیراقی فیدراڵ و بەردەوام بەدواداچوون بکەن، تا گەیشتن بە ئەنجام لەسەر ئەم گرفتە و چارەسەری ئەم گرفتە، بەڵام ئەوەی لێرەیا ئیزافەی ئەکا کە ئەتوانی ئێمە لەبەردەم کێشەیەکاین، هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین کە حکومەت بە وتەی وەزیرە بەڕێزەکانیش کە بەدواداچوونی بۆ ئەو کێسەیە کردووە و ئێستاش بەردەوامە، بەڵام ئێستا ئێمە لە کاتی ئێستا باسی ئەو مەوزوعە دەکەین و جووتیاران چاوەڕێی وەرگرتنی شایستە داراییەکانن حەلێکی با بلێین چارەسەرێکی بە پەلە.

ئەگەر بکرێ بەڕای من حکومەتی هەرێم لەبەر ئەوەی لە ساڵی (٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦) نزیکەی لە سەدا پەنجای شایستە داراییەکانی جووتیاران وەرگیراوە لە سەدا پەنجای ماوە، یەعنی پارەکە کەم بۆتەوە ئەتوانێ من ئەو خاڵەیەم هەیە حکومەتی هەرێم کۆی ئەو پارەیە لە ئەستۆ بگرێت و بە قەرز بیدا بە جوتیارەکان و هەر کاتێك پارەکە خەرج کرا قەرزەکە هەڵبگرێتەوە، چونکە عیراق ئەو گەنمەی بە نرخی پاڵپشتیکراو کڕیوەو پارەی نەوتی پێداوە و لەو ساڵانەش حکومەتی هەرێم نەوتی خۆی بۆخۆی فرۆشتوە و، ئێستاش ئەگەر جاران قەیرانی دارایی بووبێ ئێستاش ئەو قەیرانە نەماوە، پێم وایە حەلێکی سەریع و ئانیە، ئێمە چارەسەرێکی بە پەلەی بۆ بکەین، پاشان ئەو پارەیە وەرگیراوە لە حکومەتی عیراق بەهۆی دواداچوونەکانی وەزیرەکانی هەرێم و لینکی بەینی هەرێم بەغدا پارەکە هەڵبگیرێتەوە بۆ خەزێنەی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من لەلایەن هەندێك لەلایەن پەرلەمانتارە بەڕێزەکانەوە کاك ئومید و شیرین خان و گلوستان خان کرا، دکتۆرە گەلاوێژ کران، بەڵام ئێمە لە ڕاستیدا پشتیوانی برا جووتیارەکانمانین کە بە هەموو شێوازێك پێویستە داکۆکیان لێ بکرێ، بەڵام هەندێك پێشنیارم هەیە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ ئەوەی کە ئەم کێشەیە دووبارە نەبێتەوە، لە ڕاستیدا جووتیارانی ئازیزی ئێمە هان بدرێن کە ڕوو لە بەرووبومی تر بکەن، بە پێی ئەوەی کە هەرێمی کوردستان بە ملیۆنان تەن سێ و پرتەقاڵ میوەی تر لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دا هاوردەی کوردستان دەکرێ، بۆ ئەوەی وەزارەتی کشتوکاڵ پلانی هەبێ، بۆ ئەوەی ئەم بەرووبومانەش لە هەرێمی کوردستاندا بچێندرێن بەم هۆیەوە کۆمەڵێك لە هاووڵاتیانی کوردستان هەلی کاریان بۆ دەرەخسێ و و دەرفەت دەرەخسێ و، هەمیش ئەوە خەڵکی کوردستان هاندەدات و هەروەها بۆ ئەوەی نموونەیەکیش بگێڕمەوە ئەو کاتەی کە ئێمە ئاوارەی ئێران بووین، لە ڕاستیدا کۆمەڵێکی زۆر لە ئاوارەکانی ئێران لەسەر بەرهەمی سێو چنین خۆیان بەخێو دەکرد، بۆیە ئەمە پێشنیاری منە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ بەو هۆیەوە لە ڕاستیدا بەم شێوەیە هەم ڕزگارمان دەبێت لە هێنانی بەرهەمی دەرەکی و هەمیش هەلی کار بۆ کۆمەڵێکی زۆر لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەرەخسێت و هەمیش ژینگەیەکی پاکمان بۆ دروست دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا بەخێرهاتنی نوێنەری جوتیاران و جوتیارە بەڕێزەکان دەکەم، بە پێچەوانەی برادەرەکانی تر، چونکە ئەمە لەخەم و دەردە دڵی ئەوان لێرەین، ئەو دانیشتنەش لەبەر خاتری وان کراوە، ئینجا بە خێرهاتنی گەرمی ڕێزداران وەزیری کشتوکاڵ و وەزیری بازرگانی و بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی پلان دانانی کشتوکاڵی لە وەزارەت دەکەین، بەخێر بێن، من ئەو ڕۆژەش ئەو پرسیارەم ئاراستەی برادەرانی لیژنەی دانوسانکاران کرد، دەڵێن پارەکە لە ئەنجومەنی وەزیرانی ئیتلاق کراوە لە وەزارەتی زراعەش ئیتلاق کراوە، بەڵام بە ئەمری عەبادی و وەزیری تیجارە ڕاگیراوە، نە عەبادی ماوە، نە وەزیری تیجارە ئەوە یەك، دوو ئەگەر حکومەتی عیراق من هەست دەکەم دەستی دەستییە، بەخودای ئەو پارە نەهاتۆتە حکومەتی کوردستان و ناش یەت دڵنیاشم دە جەلسەی تر بکرێ ئەو پارە لەوێ نایەت، ئەوە قەزیەکە سیاسیە، لۆیە دەکرێ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕاستی ئەوە الحمدالله پرۆژەی چاکسازیمان کردووە، ڕۆی خۆش بەختانە دەڵێن پارەیەکی باش دەگەڕێتەوە لەو پارەیە پارەی شایستە جووتیارەکان بدرێ، بەڕاستی

ئەوەنـدە چـاوەروان نەکەن، جووتیـار چـۆن زەوقـی دەبـێ بەرهەم بێنـێ کشـتوکاڵی بکـا، کـاری کشتوکاڵی بکاتن، ئەگەر هیچی لە دەست نەبێتن، یەعنی کە وەبی قازانج سەری مـایە دەخـوات، دوو، سـەبارەت بەوەی بەراسـتی غەرامە باسـکرا ئەو غەرامەی کەوتە سـەریان ئەوان هیچیـان نییە، باشە داهاتێکیان نیـیە، پارەیـان وەرنەگرتـۆتەوە حکـومەت قەرزاریـانە، ئـێ باشـە تـۆ دێـی داوای قەرزی فایدە، ئەوجا فایدەیە، بەراستی بێگومان ئەوە ریبایە، ئەوجا حکـومەت بیکـاو تـاك بیکا، بەخـوای ریبـاش مـاڵ وێـرانییە، کـێ بیکـا مـاڵی وێـران دەبـێ، ئەوجە پـێم خۆشـە قەزیەی غەرامە لەسەریان نەمینێ بەراستی، چونکە ئەو وەزعە بەراستی دیسان دەیلێمەوە باش نییە بۆ هەمووماں، بەراسـتی ئەوی تـریش سـەبارەت دیسـان دەیلـێمەوە ئەو بەرهەمـانەی ئینتـاج دەکـا جوتیـارانی ئـێمە ئەمە بـۆ نمـونە وەختـی خـۆی هەولێـر ماسـتی هەولێـر لە بـۆ هەمـو سـەرۆك وەزیرانی دەوڵەتەکـان دەرۆی، ئەوەی بە عـومرە بە بیـری دێ ئێسـتا ئـێمە ماسـتی لە ئێـران و لە تورکیـاو ماسـت لە یۆنـان دێنـین، بـرادەران کـورە واللە کارەسـاتە یەعنـی ئەو ماسـتە نـازدارە لایەزالـیش مـایە بەراسـتی، جـا ئەوە نمـوونەکە دەیـنم داوای لێبـوردنیش دەکەم دووبـارە، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس فەرموو کاك مەم لێرە نییە، هەلەز خان فەرموو.

**بەرێز هلز احمد محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت (٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ ) گەڵێك ساڵ بورین ئەڤ جووتیاری بەریز چارەسەریەك بیتە کرنێ ژ بەر هندێ ڤێرێ من دوو داخازێت روونکردنەوەیـت هەیـن لایەنـێ پەیوەندیـدارێ مـن ئەڤەیە، ئایا بیانۆ حکومەتا عێراقێ چییە بلۆك کردنا پارا ڤان جووتیارا بوو نانـدەن؟ یەعنـی فـیعلەن ئەم بیانوە نووکە تەرحێت کەن بیانووکە مەعقولە، ئەو مەقبـولە لای حکومەتـا کوردسـتانێ یـان نـا؟ دوو: ئایا ئەڤ جووتیارێ ڤی وەختێ دا وەزع نەیا ئـارام بـوو ئەڤ جووتیـارێ بـووینە بەشـەکێ ململانێ ناڤ بەینا بازرگانێت قاچاخ چی وی دەمێدا یان نا؟ سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێزت، بەرێزەکان وەزیرەکان فەرموون ئەگەر قسەیەکتان هەیە، بەس هەوڵ بدەن چری بکەنەوە بەرێزان فەرموون.

**بەرێز بێگەرد دڵشاد شکرالله / وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستی دا پرسیاری زۆر کرا وە پرسیارەکان لە نزیك بوو لە یەکتـر بە بـێ ناوهێنـان، بـۆ ئەوەی کـاتەکەش بگەرێـتەوە، بـۆیە بە شـێوەیەکی گشـتی ئامـاژە بە وەڵامەکـان دەدەیـن، مـن لە چوارچێوەی قسەکانم قسەم لە سەر شایستە داراییەکانی جووتیاران کرد، وە لە هەمـان کـاتیش

دا روونکردنەوەیەك بوو سەبارەت بەو راپۆرتانەی کە بەشێك لە بەڕێزان لە لیژنەی کشتوکاڵ پێشکەشیان کرد کە رایی جیاواز و سەرنج و تێبینی و پێشنیاری جیاوازی بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ تێدا بوو، ئەگینا وەکو بەڕێز کاك کاوە ئاماژەی پێدا من بەو جۆرە پلانی خۆمانم لێرە نەخستۆتە روو، بۆ زانیاری جەنابتان تەنها وەڵامێك بوو بۆ بەڕێزانی لیژنەی کشتوکاڵ کە پرسیاریان ئاراستە کردم، سەبارەت بە رۆڵی ئێمە وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ من لە چوارچێوەی قسەکانیشم ئاماژەم پێدا، بە تەئکید ئێمە کەموکوڕی لە سەر ئەوەی کە ئەم شایستە داراییانە جوتیارانی هەرێمی کوردستان دەبێت لە چوارچێوەی پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە وەفدی دانوستانکارمان هەیە، وە جگە لەوەش ئێمە وەکو وەزارەتی مەعنی کە ساڵانە وە ئێمە رۆژانە کۆنتاکتمان هەیە لە گەڵ وەزارەتی زراعەی عێراق دەبێت وە بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین کە ئەوەی کە لە دستمان دێت بۆ وەرگرتنەوەی ئەو شایستە داراییانە لەگەڵ حکومەتی عێراق ئەنجامی بدەین، وە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان چ وەزارەتی زراعە وەزارەتی تیجارە وە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق وە سەرۆکایەتی کۆمار وە فراکسیۆنە کوردستانییەکانمان، بەڕێزان من لە چوارچێوە قسەکانم دووبارە ئاماژەم بەوە دا کە ئێمە پرۆژەیەکمان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە ئەمە وەکو وەڵامێك بۆ ئەو بەڕێزانە کە قسەیان کرد، کاك هیڤیدار پرسیارێکی لە من کرد لە سەر موعەدەلی عامی بەرهەمی گەنم لە هەرێمی کوردستان، بەڵێ ئێمە ئەو موعەدەلە عامەمان کە بە جەنابت گووت، بەڵام وابزانم جەنابیشت دەبێت تەرکیزی ئەوەت هەبووبێت لە زمنی قسەکانم ئەوەی کە جەنابت ئاماژەت پێدا من گووتم ئێمە لەو پرۆژەیەدا دامانەتە ئەنجومەنی وەزیران خۆ کڕینەوەی گەنمی جوتیاران تەنها بۆ ئەوە نییە خەزن بکرێت لە سایلۆکانی هەرێمی کوردستان، ئێمە بۆ ئەوەمانە کە بە دامەزراندن ئاشی گەورە لە کەرتی تایبەتەوە بۆیان یان حکومەت خۆی بیکات وە هەموو مەنتوجاتەکانی بەرهەمی دانەوێڵە بخرێتەوە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان، وە باسیشمان لەوە کرد حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بچێتە ژێر باری ئەوەی کە مەرجەکانمان تۆکە و توند و تۆڵ بکەین وە نەهێڵین بەرهەمی هاوردەکراو کە ئەو دەرئەنجامی مەنتوجاتەی کە وەرگرتنەوەی گەنم دەخرێتە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بێتە ناو هەرێمی کوردستان، من دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە بەشێك لە پرسیارەکانتان ئاراستەی وەزارەتی کشتوکاڵ بوو، بۆ ئەوەی کە پلانی ئێمە چییە بۆ ئەوەی کە گرنگی بە بەروبوومی ناوخۆیی بدەین؟ بەڕێزان ئێمە لە سەرەتایی دەست بەکار بوونمان لەو کابینەیە، وەزارەتمان دەستمان بەوە کرد کە بە پێی خسوسیەتی ناوچەکان من ئاماژەم پێدا لە زمنی قسەکانم ئێمە ئێستا خەریکین خەریتەی هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگاکانی کوردستان دابڕێژین، بۆ ئەوەی کە فرەچەشنی لە بەرهەم بێنینە ناو بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان ئێمە نزیکەی (١٨٠٠٠) هەژدە هەزار خانەی پلاستیکیمان هەیە لە هەرێمی کوردستان، تاوەکو ئێستا ئەو خانووە پلاستیکیانە مۆڵەتیان پێ

نەدراوە ئێمە لە کۆبوونەوەی چەند ڕۆژی ڕابردووی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری بڕیارمان دا مۆڵەت بدەینە خانووە پلاستیکیەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین مامەڵەیەکی فەرمی لەگەڵ ئەو خانووە پلاستیکیانە بکەین وە لەو چوارچێوەیش دا ئێستا پڕۆژەیەکمان حازرە، بۆ ئەوەی کە لە گەڵیان کۆببینەوە وە سەرنج و پێشنیاری خۆیان بە هەند وەرگیراوە، وە بۆ ئەوەی بتوانین فرەچەشنیەك لە بەرهەم بخەینە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان هەم خەریتەی زراعی هەرێمی کوردستان دادەڕێژین هەم فرەچەشنی بەروبووم دەخەینە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی کە جوتیارەکانمان زەرەرمەند نەبن، کاك پێشەوا هەورامانی باسی ئەوەی کرد کە جوتیارانی پێنجوێن دەگریێن وە ناراحەت دەبن بەوەی کە بەرهەمەکانیان لە بازاڕەکانی ناوخۆ ساغ ناکرێتەوە، پێم خۆشە ئەوتان پێ بڵێم لە ئێستا دا کە لەگەڵ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی یەکەم ختوە لە گەڵ پارێزگاری هەولێر دەستمان بە ختوەیەکی ڕەئیسی کردووە، لەوانەیە لە ڕابردوو ئەمە کاری لە سەر نەکرا بێت، ئەویش دامەزراندنی بازاڕی میللی یە بۆ ساغ کردنەوەی بەرهەمی جوتیاران کە جوتیار ڕاستەوخۆ بەرهەمەکەی خۆی بگەیەنێتە دەستی کڕیار، نەك ئەوەی کە دوو دەست و سێ دەست جوتیار تێیدا زەرەرمەندی یەکەم بێت، ئەم بازاڕانە لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان دەکەینەوە وە تەشجیعی جوتیارەکانی خۆمان دەکەین کە خۆیان ببن بە فرۆشیاری سەرەکی لەو بازاڕانە بۆ ئەوەی کە بەرهەمێکی کوالێتی باش وە بەرهەمێك بە نەوعیەتێکی باشەوە بگاتە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و لە ڕێگەی خۆیانەوە بتوانن ئەو بەرهەمانە ساغ بکەنەوە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ڕاستە وەزارەتی کشتوکاڵ مەعنییە وە بەرپرسیارە بەوەی کە ڕێنمایی بداتە جوتیاران، بەڵام لە هەمان کاتیش دا جوتیارانی بەڕێزی کوردستان لە کۆنتاکت و پەیوەندی بەردەوام دا بن لە گەڵ وەزارەتەکەمان، بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین لە زمنی ئەو ڕێنماییانەی پێشکەشی جوتیارانی دەکەین وەکو گووتم هەنگاو بەرەو ساغ کردنەوەی بەرهەمەکانیشان بنێین، حەتمەن ئەمە تەنها بەوە ناکرێت کە بازاڕی میللییان بۆ دابمەزرێنین یاخود فرەچەشنی لە بەرهەم بێنینە ئاراوە، بەڵکو کارێکی تری ئەساسیمان هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بە تایبەتی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان ئێستا ئێمە بە یەکەوە لە سەر خەتین لە هەموارکردنەوەی یاسایی وەبەرهێنان ئەو پەڕی تەسهیلات بکرێت بۆ وەبەرهێن چ لە هەرێمی کوردستان چ وەبەرهێنەرە بیانیەکان، بۆ ئەوەی کە پیشەسازی خۆراك و پیشەسازی کشتوکاڵی بکەینە بنەمایەکی گرنگ، چونکە ئەمە هاوکارییەکی ئەساسی دەبێت لە ساغ کردنەوەی بەرهەمەکانمان چ بۆ بازاڕەکانی ناوخۆیی و چ بۆ بازاڕەکانی عێراقیش، لە ڕاستی دا بۆ هەناردە کردنی بۆ دەرەوەش کە ئەمە کۆمەڵێك ئیشکالاتی قانوونی هەیە کە دەکرێت وردە وردە کاری لە سەر بکەین، بۆ ئەوەی ئەو ئیشکالانەش نەهێلین و هەنگاوی جدیمان بۆ ناوە، سەبارەت بەوەی کە ئەگەر حکومەتی عێراق نەهاتە ژێر بار حکومەتی هەرێم چی دەکات؟ بەڕێزان ئەمە مافێکی جوتیارانی ئێمەیە بە

شێوازێکی قانوونی لە ئەستۆی حکومەتی عێراقی فیدراڵە، لە راستی دا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت پێداگیری لە سەر ئەم مافە بکات کە دەبێت حکەمەتی عێراق بێتە ژێر باری پێدانی ئەم مافە، وە ئێمە وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەنجومەنی وەزیرانیش کە جەخت کراوەتەوە حکومەت پێداگیری دەکات لە سەر گێڕانەوەی ئەم شایستە داراییانە، وە جگە لەوەش خاتوونێك پێشنیازی ئەوەی کرد کە حەقی ئەوە هەیە کە دەبێت قەرەبووی ئەوەندە ساڵەش بکرێنەوە کە بە دڵنیاییەوە ئێمە لە زمنی وەڤدەکەی خۆمان ئەمە یەکێك دەبێت لەو خاڵانەی کە بە تەئکید دەیخەینە بەرنامەی کاری خۆمان، وە جەخت لەوەش دەکەینەوە کە جوتیارانی ئێمە چەندین ساڵە زەرەمەند بوونە مەفروزە حسابی ئەو چەندین ساڵەش وەربگرنەوە کە لە ئەنجامی پێنەدانی ئەم شایستە داراییانەی خۆیان نەیانتوانیوە کار بکەن، گلەیی و گازندە بەڵێ لە سەر کەرتی کشتوکاڵ هەیە، بە تەئکید ئێمەش ئەو گلەیی و گازندانە دەزانین، بەڕێزان ئەوەی من دەمەوێت لە حزوری هەمووتان ئاماژەی پێ بدەم ئەوەیە ئێمە لە رابردوو دا بە عام سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر پەرەپێدانی کەرتی نەوت بووە، وە نەوت یەکێك بووە لە بنەما گرنگەکانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان وە خۆشتان دەزانن شەڕی نەوت شەڕێکی گەورەیە وە ئێمەش وەکو هەرێمی کوردستان دەبێت لە بواری وەبەرهێنان لە بواری نەوت و دەرهێنانی نەوت و بە بازاڕ کردنی سەرەڕای ئەو گلەیی و گازندانەی کە هەیە، بەڵام ئەمە دەکرێت خاڵێکی گرنگی وەچەرخان بووە لە مێژوویی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکانمان نەوتە وە بەو بۆنەیەوە کۆمەڵێك کۆمپانیای گەورەی بیانی هاتوونەتە هەرێمی کوردستان لە کۆمەڵێك وڵاتی زلهێزەوە کە وەبەرهێنان دەکەن، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت کە کەرتەکانی دیکە فەرامۆش بکرێت، چونکە دەرکەوت کە بە هۆی ئەو ئاستەنگانەی کە لە رابردوو چ ئاستەنگە سیاسیەکان بووبێت یا خود قەیرانی دارایی بووبێت کە بە سەرمان دا هاتووە هەمیشە یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی کە دەستی ئێمەی پێ گیراوە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان چ بە بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان چ بە داخستنی بۆڕیە نەوتیەکانمان، ئێمە دەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە وردە وردە سەرچاوەی تری داهات زیاد بکەین، کابینەی نۆیەم لە بەرنامەی کارەکەی خۆیدا ئەوەی ئیعلان کرد کە یەکێك لە بنەما گرنگەکانی ئابووری هەرێمی کوردستان دەبێت کەرتی کشتوکاڵی و کەرتی گەشتیاری بێت وە گرینگی دان بێت بە مەسەلەی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان، ئەوەی کە ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە ئێمە وەکو ئاماژەم پێدا لە قسەکانم دا بە تەئکید ئێمە لە کەرتی کشتوکاڵ پلان و ستراتیژی خۆمان داوەتە ئەنجومەنی وەزیران داومانەتە دەستەی وەبەرهێنان وە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە گەڵمان، وە ئێستا نوێنەرایەتی وڵاتان لە سەر خەتین بۆ ئەوەی بتوانین دەرگایەکی گەورە لەو بوارە بکەینەوە وە کەرتی کشتوکاڵیش بە هەماهەنگی لە گەڵ کەرتی نەوت بکەینە کۆڵەکەیەکی گرنگی ئابووری هەرێمی کوردستان، ئێمە

له وەزارەتــی کشــتوکاڵ پێویســتیمان به بەخــۆدا چــوونەوە هەیە وە پێویســتیمان بەوەیە کە سیاسەتێکی تاوەتر بۆ کارەکانمان لە وەزارەتی کشتوکاڵ دابڕێژینەوە، بەڕێزان ئێمە لە وەزارەتی کشتوکاڵ تاوەکو ئێستا کار لە سەر بەشێکی زۆری ئەو یاسایانە دەکەیـن کە لە لایەن پەرلەمـانی عێــراقەوە وە بەشــێك لە یاســاکانیش هــی ســاڵەکانی پەنجــا و شەســتەکانن وە بەشــێك لەو تەعلیماتــانەی کە ئــێمە مەحکــومین بە جێبەجــێ کردنــی، لە بەر ئەوەی کە قانوونمــان نیــیە لە هەرێمی کوردستان بۆ خۆمان لە کاتێك دا بەشێك لەو یاسایانە لە پەرلەمـانی کوردسـتان ئینفـاز نەکـراون، بەڵام ئـێمە لە دەرئەنجـام دا مەحکـومین بە جێبەجـێ کردنـی ئەو تەعلیماتـانەی کە وەزارەتی زراعەی عێراق پیادەی دەکات وە ئێمەش لە هەرێمی کوردستان ناچارین کە بچینە ژێر باری جێبەجێ کردنی لە بەر نەبوونی یاسا، ئـێمە کۆمەڵێـك پـڕۆژە یاسـامان داوەتە ئەنجـومەنی شوورای هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی کە بتوانین لە ئایندەیەکی نزیکدا وە نوێنەری خۆمانمـان دیـاری کـردووە لەگەڵ ئەنجـومەنی شـوورا بـۆ ئەوەی کە ئەوی کە بە زووتـرین کـات ئەو پـڕۆژە یاسایانە بگاتە پەرلەمانی کوردستان، وە دڵنیام ئێوە هاوکارمان دەبن، بـۆ ئەوە کە ئـێمە بتـوانین بە سیاسەتێکی تازە وە لەبەر رۆشـنایی ئەو قانوونـانەی کە خسوسـیەتی هەرێمـی کوردسـتان لە بەر چاودەگرێت لە پەرلەمان ئەگەر دەرچووێنرا بە دڵنیاییەوە من پێموایە هەنگاوێکی گەورە لە هەموو سێکتەرەکانی بواری کشتوکاڵ کە من ناچمە ناو تەفاسیلەوە دەبێت، لە هەمان کـاتیش دا من دەمەوێت بڵێم لە رابردوو دا بەڵێ گلەیی و گازندە لە وەزارەتـی کشـتوکاڵ هەبـووە ئەوە بەو مانایە نایەت کە خوا نەخواستە من بڵێم کە کابینەکانی رابردوو یان وەزیرەکانی پێش من، بەڵام واقیعی حاڵی هەرێمی کوردسـتان لە بەر نەبـوونی کۆمەڵێـك قـانوون و تەعلیمـات رۆیشـتووە و ئێســتا ئــێمە لیژنەیەکــی تایبەتمەنــدمان دانــاوە لە وەزارەت دوێنــێ بە خۆشــحاڵییەوە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی راوێژکاری هەموو ئەو تەعلیماتانەی کە لە رابردوو کاریان پێ کـراوە لە وەزارەتی کشتوکاڵ هەموار کراوەتەوە وە هەفـتەی داهـاتوو وەزارەتـی کشـتوکاڵ بە تەعلیمـاتی نـوێ مـامەڵە لە گەڵ جوتیـاران و لە گەڵ وەبەرهێـنەران و لە گەڵ هەمـوو ئەو خـاوەن پـڕۆژە کشتوکاڵیانە دەکات کە لە هەرێمـی کوردسـتان رێیـان دەکەوێـتە وەزارەتـی کشـتوکاڵ و کاریـان دەکەوێتە لای ئێمە، وە من پێشم خۆشە ئەوە بڵێم ئێمە لە رەخساندنی هەلـی کـار بە دڵنیـاییەوە هـیچ کەم تەرخەمییەکمـان نەکـردووە ئومێـد دەکەم لە ئاینـدەیەکی نزیـك ئـێمە بتـوانین وەکـو وەزارەتی کشتوکاڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان پڕۆژەیەکی گەورەی هەلی کـار رابگەیەنـین بۆ دەرچووانی کۆلێژی کشتوکاڵ و ڤێتەرنەری و پەیمانگاکان و ئامادەییەکـانی کشـتوکاڵی وە بە دڵنیاییەوە هەموو ئەو پڕۆژە کشتوکاڵیانەی لە هەرێمـی کوردسـتان هەن پـڕۆژە پەلەوەرییەکـان کە لە هەرێمــی کوردســتان هەن ئەوانە چــانس دەدرێــتە دەرچــووانی کــۆلێژی کشــتوکاڵ و ڤێتەرنەری، لە هەمان کاتیش دا ئێمە لە پڕۆژە یاساکە سندوقی خانەنشینی مان داناوە بۆ ئەوەی حقوقی فەرمانبەرانی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پارێزراو بێت، سـەبارەت بە کێشـەی

زەوی و زار کە ئەخیر تەوەری قسەکانمە دەمەوێت وەڵامێـك بـدەمەوە، بەڕێـزان کێشـەی زۆر لە زەوی و زار هەیە لە هەرێمــی کوردســتان وە ئــێمە کۆمەڵێــك هەنگــاوی جــدیمان نــاوە چ ئەو زەویانەی بە تەجاوز باخ ڤێلایان لە سەر دروست کراوە لە ئێستادا ئێمە لە کۆبوونەوەی هەفتەی رابــردووی ئەنجــومەنی بــاڵای ئــابووری هەرێمــی کوردســتان راپۆرتێکمــان خســتە بەردەم ئەم کۆبوونەوەیە کە ئەمە دەقی راپۆرتەکەیە کە لە بەر دەستمە کە کۆمەڵێك خاڵی زۆر زۆر گرنگ کە زۆری کێشــەکانی زەوی و زار لە هەرێمــی کوردســتان چارەســەر دەکــات چ ئەو کێشــانەی کە بە زیادەڕۆیی کرابنە سەر زەوی و زاری کشتوکاڵی چ لە تەحویلی عقـودی زراعـی کە ئێسـتا خۆتـان دەزانن جوتیارانی ئـێمە بەشـێك لەو گرێبەسـتانەی کە بە ناویـانەوەیە گرێبەسـتەکان فرۆشـراوە ئاڵوگۆڕی پێکراوە وە لە کسـێکەوە بـۆ کەسـێکی تـر گـوازراوەتەوە، بەڵام بە شـێوازێکی یاسـایی تاوەکو ئێستا رێك نەخراوە ئێمە لە هەموو ئەو کێشانەی کە پەیوەندی بە زەوی و زارەوە هەبێت ئێمە لیجانی تایبەتمان تەشکیل کردووە وە لە سەر ئاستی ئەنجـومەنی وەزیـرانیش دوو لیـژنەی سەرەکی دوایی ئەو راپۆرتەی ئـێمە بردمـانە ئەنجـومەنی بـاڵای ئـابووری دوو لیـژنەی سـەرەکی تەشکیل کـراوە کە ئەو دوو لیـژنەیە کـار دەکـات بـۆ چارەسـەر کردنـی هەمـوو ئەو کێشـانەی کە پەیوەندیدارن بە زەوی و زار وە پاراسـتنی زەوی کشـتوکاڵی، بەڕێزێـك لێـرە نـامەی جوتیـارێکی خوێنـدەوە کـاك سـیروان لە راسـتی دا جوتیـارانی هەرێمـی کوردسـتان حەقـی خۆیـانە رووی قسەکانیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وە لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بێت، چونکە ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە دیفاعیان لێ بکەین و ئەو مافەیـان بـۆ بگێـڕینەوە، بەڵام ئـێمە لە چوارچێـوەی قسەکانمان کە تەئکید لەوە دەکەینەوە ئەو مافە لە لای عێراقە بەو مانـایە نیـیە کە ئـێمە دەسـت بەرداری ئەو مافەیان دەبین وەکو لە سەرەتاش گووتم ئێمە خۆمانبە مەسئوول دەزانین بەرامبەر بەو مافە و شایستە داراییانەی جوتیارانی خۆمان لە هەرێمی کوردستان، بە دڵنیـاییەوە ئـێمە لە رەوشی ئەو جوتیارە بەڕێزەش تێ دەگەین وە لە خواستی ئەم جوتیارە بەڕێزەش تێ دەگەین بە دڵنیاییەوە قسە کردن لەوانەیە قەناعەت بە دڵی ئەو نەهێنێت وەهـیچ لە دۆخـی ئەو نەگۆڕێـت، بەڵام ئێمە دڵنیای دەکەینەوە هەنگاوی عەمەلیمان دەبێـت لە چارەسـەر کردنـی ئەو کێشـانەی کە پەیوەستە بە دۆخی جوتیاران و بەرەو پێش بردنـی کەرتـی کشـتوکاڵ لە هەرێمـی کوردسـتان و زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ، بەڕێز وەزیری بازرگانی فەرموون.

**بەڕێز کمال مسلم سعید قرنی / وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی ئەندامانی بەڕێـزی پەرلەمـان کە قسـەیان کـرد، وەتەفەهـومی ئەوەیـان کـردووە کە ئەو بابەتە رەهەندێکی سیاسی وەرگرتووە و هیچ پەیوەندی بە قانوونەوە نیـیە، وە ئەوەی قوربـانی

ئەو بابەتەشە بە دەرەجە یەکەم جوتیارە بەڕێزەکانن کە بە هیچ شێوەیەك ئەوان گوناحیان نییە لەو بابەتە و دەستیان نییە لەو بابەتە، لە بەر ئەوە دیسان دەڵێین ئەو بابەتە بابەتێکی سیاسییە وە هەمووو ئەو بیانۆیانەی کە حکومەتی عێراقی هەیتی وە زۆریش لەو بەڕێزانە ئیشارەتیان پێ کرد لە سەر ئەوەی کە ئەندام پەرلەمانێکی بەڕێز لە بەغدا قسەیەکی کردووە کە قاچاخچییەتی پێوە کراوە یا ئەوتا گەنمی خراپ وەرگیراوە یان ئەوە زیاد وەرگیراوە هەمووو ئەوانە بیانۆی نادروستن، ئێمە پێشتر باسمان کرد کە ئەم بڕە گەنمە لە سەر چ ئەساسێك وەرگیراوە، لە رووی کەمیەتەوە باسمان کرد وە لە رووی ئەوانی تر نەوعییەت و هەرچییەك بێت قاچاخچیەتی بێت هەر چییەك بێت خودی وەزارەتی بازرگانی عێراقی مۆزەفەکانی ئەوانن لێرە سەرپەرشتیاریان کردووە لە وەرگرتنی ئەو گەنمە، ئەوان دەیانتوانی لەو کاتە هەر کەم و کوڕییەك هەبێت ئەوان نەیاهێشتبا یا رێگریان لەو بابەتە بکردبا، بۆیە ئەو بڕ و بیانۆیانە هیچ ئەسل و ئەساسیان نییە وە ناشکرێت ئەو بابەتە و هەر بابەتێکی تر لە قانوونی لیژنەی مەحاکمیش ناکرێت ئیستناد بکرێتە سەر قسەیەك کەسێك کە لە سەر بابەتێك ئەگەر قسەیەکی کردبێت مەعلەماتەکەی ئەگەر غەڵەت بێت ئەگەر راست بێت، چونکە ئەوە پێویستی بە سەلماندنی ئەو قسەیە هەیە، لە هیچ شوێنێك ئیستناد ناکرێتە سەر قسەیەك کە بە بێ سەنەد باس بکرێت، بەڕێزێك باسی ئەوەی کرد کە نوسراوی سایلۆی هەولێر دەڵێت کە سویلە نییە، من پێموایە ئەوەش وەك هەنجەتەکانی تر وایە ناکرێت ئیستناد لە سەر ئەوە بکرێت، چونکە هەر بۆ ئێوەی بەڕێزیش بخوێنمەوە لە سەر ئەوکەلیمەیە کە لە ساڵی (٢٠١٨) نوسراوە نەسەکە ناخوێنمەوە ئەوەی کە پەیوەندی بەو بابەتە هەیە دەخوێنمە بە عەرەبی نوسراوە (كما نؤكد علي ان هناك الاف من الفلاحين بقيت تكمل مستحقاته المالية لاعمال ٢٠١٤،٢٠١٥، ٢٠١٦ و لم تسدد لحد الان بسبب العدم وجود سيول النقدية الازمة لذالك) ئەو نوسراوە ئەو بابەتە من پێم وانییە بکرێتە بنمایەکی ئەوها پتەو کە حکومەتی عێراقی بڵێت وەڵا من لەبەر ئەو بابەتە ئەو هەمووو بڕە پارەیەم نەداوە، ئەوە هەنجەت و بیانۆیەکە وەکو باسمان کرد زیاتر سیاسیە لەوەی کە قانوونی بێت پشتی پێ ببەستن، باسی ئەوە کرا کە ئایا حکومەتی هەرێم هیچ پلانێکی هەیە بۆ داهاتوو بۆ ئەو کەم و کوڕیانە و دووبارە نەبوونەوەیان؟ بەڵێ بەڕێزان ئێمە لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە ئێستا وە پێشی ئێستا باسمان لەو بابەتە کردووە وە کۆبوونەوەمان لە گەڵ سەرجەم سایلۆکان کردووە بۆ ئەوەی لە ئێستاوە پلانی ئیدارەدانی وەرگرتنی گەنم ئەم ساڵ بە شێوەیەك بکەین کە هەم کەم و کوڕی تێدا نەبێت، بۆ ئەوەی غەدر لە خەڵك نەکرێت لە سڕە گرتنەکە وە خوانەکات هیچ شتێکی خراپ وە واستە و واستەکاری و ئەوانەی تێدا روو نەدات، لە ئێستاوە ئێمە دەستمان بەوە کردووە خۆمان حازر بکەین بۆ وەرزی وەرگرتنی گەنم لە بەغدا، بەڕێزێك باسی ئەوەی کرد کە ئەم بابەتە نابێت بکرێتە خاڵی دانوستاندن، فیعلەن وایە چونکە ئەوە حەقە، بەڵام دەبێت بەردەوام بین لە سەری و کۆڵ نەدەین لە لایەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو باسکرا

لیـژنەی دانوسـتاندکار لە بەغـدا یەکێـك لە خاڵەکـانی ئەوە بێـت کە پێـداگیری بکـات لە سـەر گەڕانەوەی ئەو شایسـتە داراییـانەی کە هـی ئێـوەی جوتیـارانی هەرێمـی کوردسـتانە، بەڕێزێـك باسی ئەوەی کرد کە ئەو هەموو گەنمەی لە هەرێمـی کوردسـتان هەیە بـۆچی سـاڵانە بە سـەدان هەزار تەن ئارد دێت؟ بەڵێ ئەمە یەکێك لە کەم و کوڕیەکـانە نەك هەر لە بـابەتی گەنـم و بـابەتی ماددەی زراعیییەوە، ئێمە لە زۆر بواری تر زۆر شتی ترمـان هەیە کە بە داخەوە تـا ئێسـتاش کە لە دەرەوە هــاوردە دەکرێـــت، بەڵام حکـــومەتی هەرێمـــی کوردســـتان بە گشـــتی و وەزارەتە پەیوەندیـدارەکان هەر یەکە و پلانـی خـۆی هەیە بـۆ ئەوەی بەرهەمـی نـاوخۆ زیـاد بکـات بە شێوەیەك چی تر ئەوەندە پێویستی بە هێنان و هاوردە کردنی کـاڵا و بەرهەم نەبێـت لە دەرەوە، بۆ نمـونە لە وەزارەتـی کشـتوکاڵ و ئـێمەش لە وەزارەتـی پیشەسـازی هەر لە مەسـەلەی سـناعی غەزایـیش گرنگیمـان پێـداوە وە لە بابەتەکـانی تـری سـناعەش گرنگیمـان پێـداوە کە بەرهەمـی خۆماڵیمان هەبێت ئەوەندە پشت بە بەرهەمی دەرەکی نەبەستین بە دڵنیاییەوە ئەو دۆسیەیە لە وەزارەتی بازرگانی لای ئێمە دۆسیەیەکی کراوەیە و داخراو نیـیە و بەردەوامـین لە سـەری وە لە سەر ئەو هەموو تێبینیانەی ئێوەی بەڕێز خسـتانە روو ئـێمە بە شـێوەیەکی باشـتر دەچیـنە سـەر خەت لە گەڵ لایەنە پەیوەندیـدارەکان بە فیعلـی بچـین داوای تـر تەسـجیل بکەیـن لە سـەر حکومەتی عێراقی، بۆ ئەوەی کە ئەو بڕیارەی کە دایان نایە هەڵـی بوەشـێننەوە و پشـت بەسـتن بەو بەڵگانەی کە ئێمە هەمـانە بڕیارەکەیـان نایاسـاییە، گـولیزار خـان باسـی ئەوەی کـرد کە سێ سایلۆ دروست دەکرێت چەند خەزن دەکەن؟ هەر سایلۆ چـل هەزار تەن دەگرێـت لەو شـوێنانەی کە ئێستا یەکێکیان لە روڤیایە، یەکێك لە قوشـتەپەیە وە یەکێـك لە کەلار دروسـت دەکرێـت، وە پرسـیاری ئەوەی کـرد سـایلۆکانی تـر کە لە بەرنامەمـان دایە لە کـوێیە؟ ئەوانـیش لە دهـۆکە، لە زاخـۆیە، لە هەریـرە، لە هەڵەبـجەیە، لە کەلارە، ئەوانەش لەو شـوێنانە تەوزیـع کـراوە بە پێـی پێویستی شوێنەکان و ئەو شوێنانەی کە زۆرترین گەنمـی لـێ وەردەگیرێـت، باسـی ئەوە کـرا کە بەغدا بە سێ چەك پارەی ناردووە، بەڵام وەزارەت وەری نەگرتـووە کە پێویسـت بـوو وەریبگـرن ئەو بابەتەش هەر نەسی کتابەکەتان بۆ دەخوێنمەوە کە چۆن بووە ئەوەش هەر لە سـاڵی (٢٠١٨) کراوە کتابێك کراوە بۆ (الی شرکة العامة لتجارة الحبوب) باسی ئەوە دەکرێت (نود اعلامکم بأن تمیة ابلاغ من قبل دیوان لوزارة الصناعة فـي اقلـیم بعـدم اسـتلام سکوك الخاصـة بمسـتحقات الفلاحین لمواسن التسوقیة لسنوات (٢٠١٤، ٢٠١٥، ٢٠١٦) الي اذا کان متضمین کامل مبالغـة متبقیـة من مستحقات الفلاحین علیه نعیـد الیکم سـکوك رقمـة) هەنجەتیـان ئەوە بـوو دەڵـێن ئـێمە ئەو پارەیە وەرناگرین ئیلا ئەگەر هەمووومان بۆ نەنێرن بە پێی ئەو بەدواداچـوونەی مـن کـردم ئەگەر ئەو بڕە پارەیە وەربگیرایە ئێستا دەمانتوانی ئەوەی کە حکومەتی عێـراق بە دوایـی ئەو بڕیـارە قانوونییەی کە لە مەحکەمەی داوە نەخێرا ئەوەش هەر لە زمنی ئەو بڕەیە دەبوو، یەعنی ئەگەر وەریشگیرا بووایە ئێسـتا ئەوەنـدە ئیسـتیفادەمان لـێ نەدەکـرد حکـومەتی عێـراق هەر لە زمنـی

بڕیاری ئەو بڕەی کە داوەتی زیاد لە پێویست لە هەرێمی کوردستان تەسلیم کراوە، باسی ئەوە کرا کە ساڵانە زیاتر لە یەك ملیۆن دۆلار لە هێنانی ئارد سەرف دەکرێت، هەر چەندە بەشێکی جواب دراوە، بەڵام ئەو بابەتە لە دەستی حکومەتی عێراقییە مەسەلەی تەسلیم کردنی گەنم بە ئاشەکان و مەسەلەی ئارد و ئەوانە خۆتان دەزانن لە سەلەی غەزائیە دایە کە دەدرێتە هاووڵاتیانی کوردستان، بەڵام ئێمە لە گەڵ وەزارەتی تیجارەی عێراقی پێشنیارمان کردووە وە ئەگەر بۆ خۆشمان دیراسەی ئەوەمان کردووە بزانین چۆن دەتوانین جۆری ئاردەکە بگۆڕین بۆ ئەوەی کە ئاردی سفریشی تێدا بێت ئەوانە دیکەشی تێدا بێت دەرەجە یەك و ئاردی سفر و ئەو نەوعانە بۆ ئەوەی پێویستمان نەبێت لە دەرەوە بیهێنین، ئاخیر پرسیار کە کراوە بیانۆیی حکومەتی عێراق چییە کە پارەکە نادات، ئەوەمان باس کرد گێچەڵ پێ کردنە و هەنجەتە و هیچ بیانۆیەکی قانوونی لە دەست نییە و سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری بازرگانی، یەك پرسیار بە دیاریکراوی هیچ بڕە پارەیەك هەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەریگرتبێت و ئێستا لای حکومەت بێت و نایداتە جوتیاران؟

**بەڕێز کمال مسلم سعید قرنی/ وەزیری بازرگانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر هیچ پارەیەك لەو شێوەیە نییە لە بەغداوە هاتبێتە هەرێمی کوردستان و نەیدا بێت، تەنها ئەو بڕە پارەیە کە باسم کرد چەکەکانی گەڕاندۆتەوە بە بیانۆی ئەوەی کە دەیانەوێت هەر هەمووی بێت ئەوەندە بە نوقستانی وەری ناگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە ئەم بابەتە گرنگەمان لە سەر داوای بەڕێزان نوێنەری جوتیاران خستە گفتوگۆیەکی کراوە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لیژنە تایبەتمەندەکان وەزیرە تایبەتمەندەکان بەر مەبنای بڕگەی سێیەم لە ماددەی (٦٧) ی پەیڕەوی ناوخۆ لیژنەی تایبەتمەند رادەسپێرین بۆ ئەوەی پێشنیار و قسە و بۆچوونی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان وە بە لە بەر چاوگرتنی وەڵامی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیرە تایبەتمەندەکان کۆ بکاتەوە وەکو راسپاردەی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بەم بابەتە ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی بکات لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، وە بەدواداچوونیش بکات بۆ پرۆسەی وەرگرتنەوەی شایستە داراییەکانی جووتیارانی هەرێمی کوردستان لە لایەن وەزیرە تایبەمەندەکان وە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەر قسەیەکتان هەیە، بەڕێز مامۆستا عبدالستار، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە دیارە تەنها باسی شایستەی دارایی گەنمی جوتیاران هی ساڵی (٢٠١٤) کە کەمێك ماوە (٢٠١٥ و ٢٠١٦) بوو، بە راستی من دەمەوێت بێمە سەر ئەوەی کە تەنها ئەمە بابەتی

کۆبوونەوەکەمان بوو لە بەر ئەو لق و کۆمپانیای تر کە ئێمە نەکەین ئەم بابەتە گرنگە کە بە راستی گرنگی خۆی هەیە گرنگی تایبەتی هەیە لە بیری بکەین، چونکە ئێمە هەر دێینە سەر ئەم بابەتە، چونکە باسی سێکتەری کشتوکاڵ بکرێت باسی سێکتەری بازرگانی بکرێت ئەوە رەنگە چەند کۆبوونەوەیەکی پێویست بێت وە ئەو کاتەش هەموومان قسەمان دەبێت روونکردنەوەمان دەبێت رەخنە و پێشنیارمان دەبێت ئەوەی کە بەرێز سەرۆکی پەرلەمان فەرمووی ئێمە ئەوە دەکەین بە ئەساس وە انشاالله وەکو لیژنەی کشتوکاڵ جێبەجێی دەکەین، وە هەڵبەت ئێمە پرۆژەی خۆمانمان حازر و ئامادە کردووە، بەڵام لە دوایی ئەو گفتوگۆیەی کە لە لایەن بەڕێزتانەوە کراوە و دەوڵەمەند کراوە وە شتێکی رێك و پێکی لێ دروست دەبێت وە ئاراستەی بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی دەکەین، وە یەك روونکردنەوە ئەویش ئەوەیە بەڕێزان خۆشەویستان کە باسی رابردوو دەکرێت کە ئێمە ئێستا جیاین ئێستا (٢٠٢٠)ە کە باسی رابردوو دەکرێت دەبێت هەموو ئەو بارودۆخانەی کە لە رابردوو پێیدا تێپەڕین بۆ ئەوەی بێننە بەر چاوی خۆتان ئێمە ئەو کاتە لە چ بارودۆخێك دا بووین...

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا وەکو وەزیری زراعەی پێشوو قسە دەکەیت؟

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نە وەکو ئەوەی کە تەوزیحێك بێت وە شاهدین لە سەر وەزعەکە داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام هەر بۆ بیرهێنانەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، چونکە هەندێك جار کە قسە دەکەم هەست دەکەم وەك ئێستا بووبێت لە سەر مەوزوعە کە قسە بکرێت، ئەو کاتەی تەنها ئامانج ئەوە بوو وەکو حکومەتی هەرێم کابینەی هەشتەم تەنها بمێننەوە دەزانن؟ وەبیرتانە؟ نە شایستەی دارایی زۆر مەتلەب بوو، نە حقوقی پێشمەرگە زۆر کێشە بوو، نە بودجە بەراستی کێشە بوو، ئێستا سوپاس بۆ خوا سەرۆکی ووڵاتان و وەزیری خارجی ووڵاتان دێن بۆ هەرێمی کوردستان، ئەو کاتەجوابیان نەدایەوە حەز دەکەم بیزانن جار وا بوو لە کابینەی هەشتەم سێ وەزیر تەدیمی ڤیزەیان کردهەر سێکی رەفزی دراوەتێ، بەڵام ئایا ئێستا بارودۆخ بەم شێوەیە؟ خۆشە ئینسان لە بارودۆخێکی ئاسان و ئاسایی ئاوا هەموو قسەیەك بکات، بەڵام کاتێك بارودۆخ ناخۆش دەبێت هەموو کەس خۆی تێدا رادەگرێت وە هەموو کەسیش بێ ئینساف دەبێت، وەکو کەسێکی موعارەزە خۆ ئەوە قسەیە هی من نییە بیکەم، بەڵام وەکو ئینساف من پێم خۆشە هەموو هاووڵاتیان و هەموو بەرپرسان کاتێك قسە دەکەن دەربارەی بارودۆخێك کە تێپەڕیوە ئەو بارودۆخە بێننە بەر چاوی خۆیان کە لە چ قۆناغێك دا بووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بە ناوی هەمووتانەوە زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی ئەم بەڕێزانە دەکەین هیوادارین بتوانین بۆ ئایندە بە هەماهەنگی لە گەڵ وەزیرە تایبەتمەندەکان لە گەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کارێکی زۆر باش بکەین بۆ ئەوەی کە شایستە داراییەکانیان بۆ بگەڕێتەوە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەچینە سەر بڕگەی دووەمی بەرنامەی کارەکەمان بریتییە لە قبوڵ کردنی دەست لە کار کێشانەوەی بەڕێز (ئاشنا عبدالله قادر) لە لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت بە پێی حوکمی ماددەی ()لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لە بەر ئەوەی بەڕێزان بەدەنگدان بووە بە ئەندام ئێستا بە دەنگدان دەیەوێت لە ئەندامەتی نەمێنێت، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لە گەڵ ئەوەیە ئاشنا خان لە لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت نەمێنێت با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لە گەڵ دایە؟ وەزیرە بەڕێزەکان زۆر زۆر بە خێر بێن دەست خۆش بۆ ڕوونکردنەوەکانتان، بەڕێزان بە دەنگی (٥٧) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان ئاشنا خان لە لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت نامێنێت، کی دژە؟ (٧) کەس دژە، سوپاس، بڕگەی سێیەم و کۆتایی ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی خولی پایزە لە خولی یەکەم لە ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەم شێوەیە ئێمە دێینە کۆتایی خولی پاییزەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە (٢/١) هەتا (٣/١) ئەگەر دۆخێکی نایاسایی نەیێتە پێش داوای دانیشتنی نایاسایی ناکەین و دانیشتنەکانی پەرلەمان ناکرێن، بەڵام لەو ماوەیە دا هەموو لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە سەر کار و دەوامی خۆیان بەردەوام دەبن وە هەرلیژنەیەکی پەرلەمانی بە هەمان شێوەی کە لە کاتی وەرزی تەشریعی کۆبوونەوەکانی ئەنجام داوە پابەندە بە ئەنجام دانی کۆبوونەوەکان، دەمانەوێت یەك شتی ئیزافەتان بۆ باس بکەین ئەوپرسیارانەی کە لە دوای جەختکردنەوەی پێشوومان کە ژمارەیان(١٥٥) پرسیار بوو وەڵامیان نەهاتبوو دوایی ئیحسایی کاروباری پەرلەمان بۆیان هێناوین (٣٩) پرسیارە جارێکی تر هەر ئەمڕۆ بە واژووی سکرتێری پەرلەمانی کوردستان جەختکردنەوە کراوە لە سەر (١٥٥) پرسیار کە (٣٩) پرسیاریان ماوە کە وەڵام نەدراوەتەوە ئومێدەوارین وەڵام بدرێتەوە، بەڕێزان ماوەی زیاتر لە ساڵێکە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستانین دانیشتنەکانی پەرلەمان (٣٦) دانیشتنی تەواو بوو ئەم داتایەی لە بەر دەستمانە بریتییە لە ئامادە بوونی بەڕێزتان لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لە هەر دوو وەرزی تەشریعی کە ڕاستەوخۆ لە دوایی ئەو کۆبوونەوە جگە لە سایتی پەرلەمان دادەنرێت بە هەمان شێوە ئەگەر دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش داوامان لێ بکەن دەیاندەینی، بەڵام گرنگە بۆمان ناوی ئەو بەڕێزانە بخوێنینەوە کە توانیویانە لە سەرجەم دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان ئامادە بن وە زۆر زۆر سوپاسیان دەکەین ئەمەش ناوەکانیانە، (اومێد عبدالرحمن حسن، پێشەوا طاهر مصطفی، ڕۆژان ابراهیم علی، خدیجە عمر طە، حکمت محمد عبو زید، حسیبە سعید، ژیان

طاهر، سفين اغا عمر، سوسن محمد میرخان، ظاهر محمد، گلیزار رشید، گلاویژ عبید، گلستان سعید، گۆران عمر، ویسی سعید، یاسین خچر، سارا دلشاد بكر)، زۆر زۆر سوپاسیان دەكەین، ئەو پەرلەمانتارانەی زۆرترین مۆڵەتیان هەیە لە دانیشتنەكانی پەرلەمان لە وەرزی یەكەم (سۆران عمر) شەش دانیشتن ئەو پەرلەمانتارانەی زۆرترین غیاباتیان هەیە لە دانیشتنەكانی پەرلەمان لە وەرزی یەكەم (جمال حویز مصطفى) چوار دانیشتن، ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەی زۆرترین زۆرترین مۆڵەتیان هەیە لە دانیشتنەكانی پەرلەمان لە وەرزی دووەم (زیاد جبار) شەش دانیشتن (هیمداد صباح) شەش دانیشتن، (عباس فتاح) شەش دانیشتن، بەڕێزان ئەمە راستەوخۆ دەدرێتە دەزگاكانی راگەیاندن، سەبارەت بە كۆبوونەوەی ئامادە بوونی بەڕێزتان كۆبوونەوەكانی لیژنەكانی پەرلەمان بە هەمان شێوە ئامادە كراوە، ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەی كە تا ئێستا هیچ مۆڵەتێكیان وەرنەگرتووە یان غیاب نەبوون لە كۆبوونەوەی لیژنەكان و لە دانیشتنەكانی پەرلەمان بریتین لە (حسیبە سعید، سوسن محمد، ظاهر محمد)، بەڕێزان ئەمەی لە بەر دەستمانە لە پێناو شەفافییەت بۆ رای گشتی بڵاو دەكرێتەوە لە وەرزی داهاتووی دانیشتنەكانی پەرلەمانی كوردستان تەقیمی لیژنەكانی پەرلەمانی كوردستان و دەستەی سەرۆكایەتیش بە هەمان شێوە بڵاو دەكرێتەوە، بەم شێوەیە دانیشتنەكەمان هەڵ دەگرین.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. رێواز فائق حسێن** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** |